د. مەحمود یوسف ئەلسەماسیری
وەرگێڕان: د. دانا عەلی سالّح بەرزنجی

فەلسەفە هاوچەرخەکانی

ڕاگەیاندن

لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

(١٢٥)

فەلسەفە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن

لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە

فەلسەفە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن
لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە

د. مەحمود یوسف ئەلسەماسیری
وەرگێڕان: د. دانا عەلی سالّح بەرزنجی

فەلسەفە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن
لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (١٢٥)

- نووسینی: د. مەحمود یوسف ئەلسەماسیری
- وەرگێڕانی: د. دانا عەلی سالح بەرزنجی
- بابەت: ـ فەلسەفەی ڕاگەیاندن
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٢.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٣٦٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی - نزیک پردی خەسرەوخان
07702422171

ناوەرۆک

بەر لە سەرەتا ٧
پێشەکی ١١
بەشی ڕێخۆشکەر: ڕێبازی تاووتوێکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە ٢٧
پاری یەکەم: پۆلێنەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن ٢٨
پاری دووەم: ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن کە ئەم توێژینەوەیە تاووتوێیان دەکات ٣٣
پاری سێیەم: میتۆدی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنن لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە ٥٦

دەروازەی یەکەم: پێشەکییە بنچینەییەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و پێشەکییە هاوتا ئیسلامییەکانیان ٥٩
بەشی یەکەم: ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە بۆ دروستبوونی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و هەژموونە جیهانییەکەی سەریان کێشا ٩٨
پاری یەکەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی ٩٩
پاری دووەم: ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە بەشداربیان لە لەناوبردنی هەژموونی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی و بونیادنانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا کردووە ١٠٧
پاری سێیەم: ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە بەشداربیان لە دروستکردنی هزری کۆمەڵایەتیی عەلمانی و هەژموونە جیهانییەکەیدا کردووە ١٣٢

بەشی دووەم: ئەو وتانەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی کە بە پێشەکیی بنچینەیی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن هەژمار دەکرێن و وتەزا ئیسلامییە هاوتاکانیان ١٥٥
پاری یەکەم: ئەو بەڵگەنەویستە کۆزمۆلۆژییانەی کە دەبنە سۆنگەی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن ١٥٧
پاری دووەم: ئەو مەبەستە کۆزمۆلۆژییانەی کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی بەشداریکردن لە بەدیهێنانیاندا دەکەن ١٩٧

دەروازەی دووەم: پێشەکییە ڕاستەوخۆکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و پێشەکییە هاوتا ئیسلامییەکانیان ٢٣٧
بەشی یەکەم: وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ ٢٤١
پاری یەکەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا ٢٤٣
پاری دووەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەراییدا ٢٥٨
پاری سێیەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا ٢٧٦

بەشی دووەم: وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی لەمەڕ سروشتی ڕاستی (حەقیقەت) ٢٨٧
پاری یەکەم: سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا ٢٨٨
پاری دووەم: سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەراییدا ٢٩٧

بەشی سێیەم: وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی لە بارەی سروشتی دەوڵەتەوە ٣١٥
پاری یەکەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا ٣١٦
پاری دووەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەسەندنگەراییدا ٣٢١
پاری سێیەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا ٣٢٩

بەشی چوارەم: وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی لە بارەی سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت ٣٣٤
پاری یەکەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا ٣٣٤
پاری دووەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەرایی ٣٥١
پاری سێیەم: پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا ٣٦٣

دەروازەی سێیەم: وتەزاکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و وتەزا هاوتاکانیان لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا ٣٧٧
بەشی یەکەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن ٣٨٠
پاری یەکەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاددا ٣٨١
پاری دووەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراودا ٤٠٧
پاری سێیەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ئیسلامیدا ٤٢١

بەشی دووەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ٤٣٧
پاری یەکەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاددا ٤٣٨
پاری دووەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراودا ٤٥٦
پاری سێیەم: خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا ٤٦٧

بەشی سێیەم: ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ٤٧٧
پاری یەکەم: ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاددا ٤٧٧
پاری دووەم: وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراودا ٤٩٤
پاری سێیەم: وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا ٥٠٩

لیستی سەرچاوەکان ٥٣١

بەر لە سەرەتا[1]

سوپاس و ستاییشی بێپایان بۆ خودای مەزن و دلۆڤان، دروود و سەلامی نەبڕاوە بۆ سەر گیانی سەرداری مرۆڤایەتی و یار و یاوەران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی پەسڵان.

ئەمڕۆ ڕاگەیاندن –بە هەموو جۆرەکانییەوە- پانتاییەکی گەورەی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەکاندا داگیر کردووە؛ هەر چەندە پێویستە ڕاگەیاندن دیدی ڕوون و فەلسەفەی تایبەت بە خۆی هەبێت و مەبەستی باڵا و ستراتیژیی تۆکمە لەپشت هەنگاوەکانیەوە بن، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و پێداچوونەوە و مشتومڕە، ئەوەیە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هێندەی خزمەتکاری ئەجێندای تایبەتن و هەوڵی تێرکردنی خواست و سەرگەرمی و حەزە چێژگەرا و کاتییەکان دەدەن، هێندە کار لەسەر پلانێک ناکەن کە خزمەت بە مرۆڤ و ژینگەکەی و خواست و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و پەروەردەییەکانی... بکات، ئەمەش یان دەرئەنجامی وردنەبوونەوەیە لە فەلسەفە و پەیام و ئەرک و گرنگیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، یاخود مەبەستێکی تایبەتیی پووچ و بێئەرزشی لە پشتەوەیە، کە دواجار ناتوانێت خزمەت بە بەها باڵا مرۆییەکان بکات.

لە هەردوو بارەکەشدا ئەو ئامرازانە ناتوانن هەوڵەکانیان بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ چڕ بکەنەوە و ناتوانن ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت، ئەمە لە ڕوویەکەوە، لە ڕوویەکی ترەوە ئەو ئامرازانە دەبنە بڵندگۆی دروستکردنی پووچێتی و هیچگەرایی و هەڵپەکردنی مرۆڤ بۆ چێژ و حەزە کاتییەکانی و فەرامۆشکردنی بەها باڵاکان و کرۆکی ئەرکی مرۆڤبوون، دواجار هەموو ئەمانەش دەڕژێنەوە خزمەتی چینێکی باڵای کۆمەڵگە و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ڕاگەیاندن و ئابووری و ئەجێندای سیاسییە هەلپەرست و کورسیخواز و پۆپۆلیستەکان.

نووسەر لەم کتێبەدا بە شێوازێکی ورد و بابەتییانە شیکاری فەلسەفە

---

(١) وەرگێڕ

هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن دەکات و بە دیدێکی ڕەخنەییانە بە هەوڵەکانی بیرمەند و فەیلەسووف و پسپۆڕان لەو بارەیەوە ئاشنامان دەکات و بە تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بەراوردیان دەکات و لەو ڕووەوە هەوڵی داڕشتنی بناغەیەکی باش دەدات.

لە هەمان کاتدا وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە دەداتەوە کە ئایا دەکرێت هیچ کامێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، یان بەشێکیان، لەو زەمینە مەعریفییەوەی کە بەرهەمی هێناون، بۆ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامی بگوێزرێنەوە.

ئەو لە میانەی توێژینەوەکەدا ئەوە دەسەلمێنێت کە «ناتوانرێت هیچ یەکێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، یان بەشی تەواو لێیان لەو زەمینە مەعریفییەوەی کە بەرهەمی هێناون، بۆ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامی بگوێزرێنەوە، هەروەها ئەوپەڕی ئەوەی کە دەکرێت ڕێگەی پێ بدرێت کە لەو فەلسەفانە سوودی لێ وەربگیرێت، لە هەندێک شێواز و ڕێگە و میکانیزم تێناپەڕێت کە ئەو فەلسەفانە بۆ زیادکردنی کارایی ئەدائی ڕاگەیاندن دایانهێناوە و کارایی خۆیان لە کەتوار (واقیع)دا سەلماندووە و لەگەڵ هیچ تێزێک لە تێزەکانی زەمینەی مەعریفیی ئیسلامیدا دژ ناوەستنەوە.»

ئەوەی بایەخی ئەم باسە زیاد دەکات، ئەوەیە کە بە زمانی کوردی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و ئەم کتێبە –هەر چەندە بابەتەکانی بە دیدێکی قوولّی فەلسەفییانە ئاخاوتنیان لە بارەوە کراوە– دەبێتە توێشوویەکی گرنگ لەو بوارەدا بۆ هەموو هەڵسوڕاوان و توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە ئەوانەی خاوەن و هەڵسوڕێنەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنن، لێی بەهرەمەند دەبن.

بۆ پاراستنی ئەمانەتی زانستی و ئەخلاقی، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا، لە هەندێک شوێنی کەمدا، بە پێی پێویست، یان کورتکردنەوەیەکی کەمم ئەنجام داوە، یاخود هەندێک بڕگەی کەمم لا بردووە، کە هەستم کردبێت لابردنی هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، یان جۆرێک لە دووبارەیی تێدایە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش لە «تەفسیری ئاسان»ی مامۆستا «بورهان محەمەد ئەمین» وەرگیراون.

هیوادارم خوای گەورە سەرکەوتووی کردبم لەم کارەدا و توانیبێتم وەرگێڕانەکە بەجوانی و بێخەوش و بێگرێوگۆڵ بخەمە بەر دیدەی خوێنەری کوردی ئازیز.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم کە لەم کارەدا هاوکارم بوون، سپاسی تایبەتم بۆ نووسەری کتێبەکە، بەڕێز «دکتۆر مەحمود یوسف ئەلسەماسیری» کە وێڕای هاوکاری و هەماهەنگیی بەردەوامی، خۆشحاڵی خۆی بۆ وەرگێڕانی کتیبەکە بۆ زمانی کوردی دەربڕی، سوپاس و پێزانینی زۆریشم بۆ «سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری» و ستافە جوانەکەی، بەتایبەت هەریەک لە بەڕێزان «دکتۆر حسێن محەمەد» و «دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم»، هەروەها سوپاسی بێپایانم بۆ خێزانی خۆشەویستم، «مامۆستا کەژاڵ»، کە هەمیشە هاوکار و دڵسۆزم بووە، سوپاسی زۆریشم بە هەموو ئەو ئەزیزانەی کە لە یەکلاییکردنەوەی هەندێک زاراوەدا هاوکارم بوون، هەروەها سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونی «گرووپی ماهان» دەکەم، کە ئەرکی هەڵەگریی ئەم کتێبەیان لەئەستۆ گرت و لەو بارەیەوە هاوکارێکی باشم بوون، ناشکرێت ئاماژە بە دڵسۆزی و دەسترەنگینیی هاوڕێ و برای بەڕێزم، «کاک ڕەوشت محەمەد» نەکەم، کە هەمیشە بە دەستوپەنجە ڕەنگینەکەی و نەخشاندنی بەرگ و ناوەرۆکی کتێبەکان سەرسامم دەکات، خوای گەورە پاداشتی ئەوان و هەموو ئەو بەڕێزانەش بداتەوە کە هاوکارم بوون و لێرەدا ناوم نەهێناون.

د. دانا بەرزنجی

سلێمانی - گەڕەکی چیا

٢٠٢٢/١/١٨

پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، دروود و سەلام بۆ سەر باشترینی ئەفرێنراوەکانی و بۆ سەر خانەوادە و یاوەران و شوێنکەوتووانی بە چاکە تا ڕۆژی پەسڵان.

شتێکی سروشتییە کە تیۆری ڕاگەیاندن زادەی هزری سەردەمەکەی بێت، هزری هەر سەردەمێکیش لەو دیدە گەردوونییەوە سەرچاوە دەگرێت کە باڵی بەسەر چینی ڕۆشنبیرانی هەر کۆمەڵگەیەکدا کێشاوە[1].

هەر ژیارێکیش دیدێکی گەردوونیی خۆی بۆ جیهان هەیە، کە تایبەتمەندییەکانی ئەو ژیارە دیاری دەکات و هەماهەنگی لەنێوان ڕەگەزەکانیدا دروست دەکات، هەر ئەو دیدەش دەبێتە چوارچێوەی سۆنگەی مەعریفە و ئەو پێودانگانەی کە دیدەکەی پێ دەپێورێت[2].

ئەگەر بڕوانینە دیدی گەردوونیی «کۆزمۆلۆژیا»[3]ی باو لە جیهانی ئەمڕۆدا،

---

(1) F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm. Four Theories of the Press (Urbana: University of Illinois Press, 1956) P. 81.

(٢) روبرت م. أغروس، جورج ن. ستانسيو، العلم فی منظوره الجديد ترجمة: كمال خلايلی، سلسلة عالم المعرفة، عدد ١٣٤، جمادی الأخر ١٤٠٩، فبراير ١٩٨٩ (الكويت: المجلس الوطنی للثقافة والفنون والآداب، جمادی الآخر ١٤٠٩، فبراير ١٩٨٩)، ص١٥.
– هەروەها بڕوانە: محمد المبارک، نظام الإسلام العقائدی فی العصر الحديث، سلسلة رسائل إسلامية المعرفة (٢) (فيرجينيا: المعهد العالمی للفكر الإسلامي، ١٩٨٩)، ص١٤.

(٣) کۆزمۆلۆژیا (الكوزمولوجيا – Cosmology) لە بنەڕەتدا واتە زانستی گەردوونناسی (علم الكونيات)، کە زانستێکە لە بنەڕەتی گەردوون و پێکهاتە و ڕەگەز و تایبەتمەندی و ڕێساکانی دەکۆڵێتەوە، کە باسێکی فەلسەفییە و لقێکە لە لقەکانی زانستی گەردووننناسی، لە ئەنجامی هەوڵی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی پێگەی خۆی لە گەردووندا، هەر لە کۆنەوە سەری هەڵداوە. ئەم باسە لە کۆندا پشتی بە تێڕامانی تیۆریی ئەبستراکت و نووسراوە غەیبییەکان بەستووە، بەڵام لە چەرخی نوێدا دیدی گشتیی فەلسەفی بۆ گەردوون وای لێ هات پشت بە ئەو پێدراوانە ببەستێت کە مرۆڤ لە ڕێگەی تویژینەوەی زانستییەوە پێیان دەگات. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عبد المنعم الحفنی، المعجم الفلسفی، (القاهرة: الدار الشرقية، ١٩٩٠)، ص٢٨١. و: مراد وهبة، المعجم الفلسفي، ط٣ (القاهرة: دار الثقافة الجديدة، ١٩٧٩)، ص٣٤٧. ئەگەر ئەمە واتای گشتیی «کۆزمۆلۆژیا» بێت، ئەوا لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا بۆ گوزارشتکردن لەو دیدە بەکاردێت کە ژیارێک بۆ

که دیدێکی گەردوونیی پەیڕەوکراوە لەلایەن ژیاری باوی جیهانی ئەمڕۆوە، کە ژیاری ڕۆژئاوایی هەژموونکارە -بە حوکمی زاڵبوون و باوبوونیەوە- بەسەر هزری جیهانیدا[1]، وای دەبینین کە دیدێکە هەموو شتێکی پەنهان (غیبی) ڕەت دەکاتەوە و تەنها ئەو شتانە وەردەگرێت کە لەبەردەم سەرنجی زانستی و وردا

ژیانی مرۆڤ لەم گەروونەدا تەبەنی دەکات؛ هۆکاری بوونی، ئامانجی باڵای، کە لەو گەروونەدا هەوڵی بۆ دەدات، هەروەها چارەنووسەکەی؛ ئەمەش لە سایەی تێگەیشتنی ئەو ژیارە بۆ حەقیقەتی گەردوون: بنەچەکەی، پێکهاتە گشتییەکەی، ڕەگەزەکانی، ڕێساکانی (النوامس). مێژوونووسی هزریی ئەمەریکی، کوین برنتۆن ئەم زاراوەیەی بەو واتایە بەکارهێناوە بەدرێژایی لاپەڕەکانی کتێبە بەناوبانگەکەی (أفكار ورجال)، کە بەشێکی لە زنجیرەی «عالم المعرفة»دا بە ناونیشانی «تشكيل العقل الحديث»، لە ژمارە ٨٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٤یش باڵاو بووەتەوە.

زاراوەیەکی تریش هەیە گوزارشت لەو واتایە دەکات (دیدی گشتگیر بۆ بوون)، ئەویش «ئایدیۆلۆژیا»یە، کە وشەیەکە لە بنەڕەتە ئەڵمانییەکەیدا (WELTANSCHAUUNG) لە دوو برگەی «WELT» بە واتای جیهان (WORLD) و برگەی «ANSCHAUUNG» بە واتای دید (View andout look) پێک دێت. بەو پێیە ئایدۆلۆژیا لە بنەڕەتە ئەڵمانییەکەیدا دەبێتە هاوواتای دیدی جیهانی (world view)، واتە ئەو پەیوەندییە گشتی و گشتگیرەی کە تاک سەبارەت بە چیەتیی جیهان هەیەتی، بەتایبەت جیهانی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی و شێوازی پیادەکردنی. بڕوانە: حمدی عبد الرحمن حسن، الأيديولوجيا والتنمية في أفريقيا: دراسة مقارنة لتجربتي كينيا وتنزانيا، رسالة دكتوراه (غير منشورة) (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٩٠م)، ص٢١. لەم بارەیەوە ئەحمەد زەکی بەدەوی لە «معجم المصطلحات العلوم الإجتماعية»دا وای بۆ دەچێت کە ئایدیۆلۆژیا زادەی پرۆسەیەکی پێکهاتەی ڕشتەیی هزریی گشتییە، شرۆڤەی سروشت و کۆمەڵگە و تاک دەکات و بە شێوەیەکی بەردەوام بەسەریدا جێبەجێ دەبێت. أحمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية (بيروت: مكتبه لبنان ١٩٨٢)، ص٢٠٦. هەروەها عادل حسێن زاراوەی «ئایدیۆلۆژیای گشتی» بۆ گوزارشتکردن لە هەمان ئەو واتایە بەکار هێناوە کە «كرين برنتون» بە زاراوەی کۆزمۆلۆژیا» گوزارشتی لێ کردووە. بڕوانە: عادل حسين، النظريات الاجتماعية قاصرة ومعادية، فى ندوة إشكالية العلوم الاجتماعية فى الوطن العربي، المركز القومي للبحوث الاجتماعية والجنائية، ١٩٨٤، ص٢٥٠. لەژێر ڕۆشنایی ئەم خستنەڕووە خێرایە بۆ واتای هەردوو زاراوەی کۆزمۆلۆژیا و ئایدیۆلۆژیا، نووسەر زاراوەی کۆزمۆلۆژیا بە شێوەیەکی بنچینەیی بەکار دەهێنێت، دواتر زاراوەی ئایدیۆلۆژیای گشتی بۆ دەلالەتکردن لە هەمان واتا لە هەندێک شوێندا بەکار دەهێنم، زیادکردنی وشەی «گشتی»یش بۆ ئەوەیە تێکەڵییەک دروست نەبێت کاتێک زاراوەی ئایدۆلۆژیا بەتەنها بەکار دەهێنرێت، چونکە ئەم زاراوەیە بەزۆری بۆ ئاماژەدان بە ماركسيزم يان ليبراليزم يان هيى تر بەکار دێت، کە دواجار دەگەڕێتەوە سەر یەک ڕیشە، کە ئێمە بە «یەک کۆزمۆلۆژیا» یان «یەک ئایدۆلۆژیای گشتی» ناوزەندی دەکەین، ئەویش «ئایدۆلۆژیای عەلمانی»یە.

(١) سەبارەت بە ئینتیمای ئەو تیۆرانە بۆ یەک بنەچە، بڕوانە:

- محمد عمارة، أزمة الفكر الإسلامي، سلسلة الإسلام دين الحياة، الكتاب الخامس (القاهرة: دار الشرق الأوسط للنشر، ١٩٩٠)، ص٣٨.

- منى أبو الفضل، مقدمة مطولة لكتاب نصر محمد عارف، نظريات التنمية السياسية: دراسة نقدية مقارنة فى ضوء المنظور الحضارى الإسلامي، سلسلة الرسائل الجامعية (٦)، (فيرجنيا، المعهد العالمى للفكر الإسلامي، ١٩٩٣)، ص٣٠.

هەروەها بڕوانە: حسن حنفى، «المنهج الفلسفي» فى يوسف زيدان (محرر) قضايا العلوم الإنسانية: إشكالية المنهج، سلسلة الفلسفة والعلم (١)، (القاهرة: الهيئة العامة لقصور الثقافة، ١٩٩٦م)، ص٤١.

- أسامة أمين الخولى، «نحو نظام عالمى جديد» مجلة العربى، عدد (٣٠٧)، يونيو ١٩٨٤، ص٢٢.

خۆیان دەگرن و دەسەلمێنرێن. هەر بۆیە دیدی ڕۆژئاوایی نوێ بۆ گەردوون، یان "کۆزمۆلۆژیای ڕۆژئاوایی» لەسەر بەڵگەنەویست (مسلمة)یکی گەورە وەستاوە، کە بریتییە لە نەبوونی هەر دەستتێوەردانێک لە ژیانی مرۆڤدا لەلایەن ئەو هێزەی کە گەردوونی ئەفراندووە، ئەمە ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا هێزێکی وا هەبێت.

لەم بەراییەوە دوو دەرئەنجاممان دەست دەکەوێت:

ئ. نەبوونی ڕێبازێکی باڵا کە مرۆڤ لە ڕێڕەوی ژیانیدا ڕێنمایی لێ وەربگرێت، بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆشی پێ فەراهەم بکات.

ب. نەبوونی ژیانی دواڕۆژ کە تێیدا مرۆڤی چاکەکار بە بەهەشت و خراپەکار بە دۆزەخ پاداشت و سزا وەربگرن، پاشان ئەم دیدە بوونی مرۆیی لەم دنیایەدا کورت هەڵدەهێنێت و ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت کە پشت بە زیرەکیی سنووردارى خۆی ببەستێت، لە دۆزینەوەی باشترین ڕێگا کە یارمەتی بدات بۆ بەرپاکردنی ژیانێکی خۆش لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کە لەسەر ئەم هەسارەیە بەسەری دەبات.

ئا ئەمانە سیما گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی (دنیایی)[1] لە جیهانی

(١) زاراوەی دنیایی وەک جێگرەوەیکی ڕوونتر بۆ زاراوەی عەلمانیەت بەکار دێت، چونکە ئەم زاراوەیە دوو جۆر لە تێکەڵی لا دەبات، کە لە بەکارهێنانی زاراوەی عەلمانیەتدا دروست دەبن:
ئ. کەسانێک هەن زاراوەی «عەلمانیەت» بۆ گوزارشتکردن لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت بەکار دەهێنن، بۆ وێنە، بڕوانە: أحمد زكي بدوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩. لە کاتێکدا کە ئەو بەکارهێنانە بەکارهێنانی واتا بەشەکییەکەی زاراوەی «عەلمانیەت»ە. عبد الوهاب المسيرى: «العلمانية الجزئية والعلمانية الشاملة»، جريدة الشعب، عدد ٩٦/٦/٢٦، ص٩. هەر چی واتا گشتگیر و دەلالەتدارترەکەیەتی، بریتییە لە «جیاکردنەوەی دین لە دنیا». بڕوانە: محمد سيد محمد، الغزو الثقافى والمجتمع العربي المعاصر، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٩٤)، ص١٣٦-١٣٧. خۆ ئەگەر عەلمانیەت لە سەرەتای دەرکەوتنیدا واتای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بوو، ئەوا دواتر فراوان بوو و لە زانستی سیاسەتەوە بۆ زانستی ئەخلاق و فەلسەفە و ئاداب و پاشان بۆ جیهانی خەون و خەیاڵ و ڕەفتاری تاکەکەسی گواستراییەوە. عبد الوهاب المسيرى، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

ب. تێکەڵیی دووەم کە بەکارهێنانی «عەلمانیەت» دەیوروژێنێت، ئەوەیە کە هەندێک وا گومان دەبەن زاراوەی عەلمانیەت لە زانست «العلم»ەوە داتاشراوبێت، لە کاتێکدا کە ئەو زاراوەیە لە وشەی «العالم» بە فەتحەی عەینەکە (واتە جیهان) داتاشراوە، هەروەک لە «المعجم الوجيز»دا هاتووە: «عەلمانی: واتە ئەو کەسەی گرنگی بە دنیا دەدات، بە گەڕانەوە بۆ «العلم»، بە واتای «العالم»»، کە پێچەوانەی کەهەنووتییە». مجمع اللغة العربية، المعجم الوجيز، (القاهرة: طبعة خاصة بوزارة التربية والتعليم، ١٤١٣، ١٩٩٢)، ص٤٣٢. هەروەها: ذكى نجيب محمود، عين فتحة... عا، جريدة الأهرام، عدد ١٩٨٤/١٢/١٧، ص١٣. هەر لەبەر ئەم دوو هۆکارەی پێشەوە هەندێک نووسەر و توێژەری عەرەب «زاراوەی دنیاییان لەبریی عەلمانی بەکار هێناوە»، بۆ وێنە: عباس العقاد، الإسلام فى القرن العشرين، كتاب الهلال، عدد ١٠٨، ص١٥٨. فهمي هويدي، «العنف ليس إسلاميا» جريدة الأهرام، عدد ١٩٨٧/٥/٢٦، ص٧. محمد سيد محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦-١٣٧. سيف الدين عبد الفتاح، «التجديد السياسى والخبرة الإسلامية: نظرة فى الواقع العربى المعاصر»،

ئەمڕۆدا باون، لەبەر ئەوەشی کە ئەم کۆزمۆلۆژیایە بوونی ژیانێکی تر بۆ مرۆڤ، کە ئامانجە خوازراوەکانی لە بەختەوەریی هەمیشەیی بەدی بهێنێت، بەدوور دەزانێت، پێویستە بەوپەڕی توانای خۆی هەوڵی بەدیهێنانی بەختەوەریی خۆی لە ژیانی دنیادا بدات، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم کۆزمۆلۆژیایە بوونی هەر دەستتێوەردانێک لەلایەن هەر هێزێکی دەرەکییەوە بەدوور دەزانێت، هێزێک کە ڕێبازێکی ڕێنموونییەکەر بۆ بەدیهاتنی بەختەوەریی خوازراو بە مرۆڤ ببەخشێت، هەر بۆیە مرۆڤ تەنها ئەوەی لە بەردەمدایە کە ڕێگاکانی بەختەوەری لە ڕێگەی ئەو زیرەکییەوە بدۆزێتەوە کە پێی بەخشراوە.

بیرمەندانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لە شێوازی تێگەیشتنیان بۆ تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی ناکۆکن، لەم ڕووەوە لە بارەی شێوازی ئەو کۆمەڵگە مرۆییە نموونەییەی کە ژیانێکی دنیایی ئاسوودانە بۆ تاکەکانی فەراهەم دەکات، بوون بە دوو کۆمەڵەوە:

کۆمەڵی یەکەم: پشتبەست بە تێگەیشتنیان بۆ تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی، بڕوایان وایە کە شێوازی نموونەیی کۆمەڵگەی مرۆیی لەگەڵ ئەو سروشتەدا گونجاو بێت، بریتییە لە کۆمەڵگەیەک کە ئازادیی تەواو لە بواردە جیاوازەکانی ژیاندا بە تاکەکانی دەبەخشێت، بەو شێوەیەی کە لای وایە کە بەختەوەری بۆ

رسالة دكتوراه غير منشورة، (جامعة القاهرة كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٨٧)، ص٣١-٣٣. عادل حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦. لە کەتواردا هەر کەسێک لە بنەڕەتی بیانیی وشەی «Secularism» ڕابمێنێت، دەبێت کە لە زاراوەی دنیاگەرییەوە نزیکترە، چونکە عەلمانیەت وەرگێڕانی وشک و ناسازی ئەو وشەیەیە کە هەندێک لە بیرمەندانی شام بەبێ وردبوونەوە بەکاریان هێناوە، ڕەنگیشە بەمەبەست بۆ قسەڕازاندنەوە بەکاریان هێنابێت، هەروەک وشەی ئاوەدانکردنەوە (الاستعمار). سيف الدين عبد الفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١. نوێترین بەکارهێنانی عەلمانی و عەلمانیەتیش لە فەرهەنگی «وێبستەر»دا بەم شێوەیە بوو: «عەلمانی (Secular) دنیایی (Worldly) یان نادینی. لە واتاکانی: ئەو شتەی کە یەک جار لە سەردەمەکەیدا ڕوو دەدات، دیارترین واتاکانیشی بریتییە لە کاروبارە دنیاییەکان، کە لە شتە ڕۆحییەکان جیاوازن. هەروەها لە «قاموس المورد»دا (Secular) واتە دنیایی، نائایینی، شارستانی. «Secularize» واتە بەدنیاییکردن، «Secularism» دنیاگەرایی، یان «گرنگینەدان بە ئایین» یان بە بابەتە ئایینییەکان. Webester's Third New International Dictionary (U. S. A.: 1981) P. 2053

منير البعلبكي، المورد، ط٢٣ (بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٨٩)، ص٨٢٧.

سەرباری ئەو دەلالەتانەی کە واتای زمانەوانیی زاراوەی عەلمانیەت ئاماژەی بۆ دەکەن، هەر شیکارێکی قوول بۆ پێکهاتەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە کۆزمۆلۆژیایەکی دنیایی پەتییە، ئەمەش وا دەکات گۆڕینی وشەی عەلمانی بە دنیایی ئاڵوگۆڕێکی دروست بێت، هیچ گەردێکی لەسەر نەبێت. بەو شێوەیە پشتبەست بەوەی باس کرا، دەلالەتی ڕاستەقینەی مەبەستی تۆژەر لەم تۆژینەوەیەدا لە زاراوەی عەلمانی یان دنیایی ڕوون دەبێتەوە.

بەدی دەهێنێت، بە مەرجێک سنووورشکێنی بۆ سەر بەختەوەریی ئەوانی تر نەکات، هزری ئەم کۆمەڵە بە «هزری لیبرالی» یان هزری تاکەکەسی ناوزەند کراوە.

هەر چی کۆمەڵی دووەمیشە، لە دەرئەنجامی تێگەیشتنیان بۆ سروشتی مرۆیی، بیرمەندەکانی، بە هۆی دەرکەوتنی لایەنی نەرێنیی زۆری دیدی کۆمەڵی یەکەم لە کاتی جێبەجێکردنی لە کەتوار (واقیع)دا، بڕوایان وایە کۆمەڵگەی بەرجەستەکراو لە دەوڵەتدا باشترین میکانیزمی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیی تاک و بەختەوەرییەتی، ئەم هزرەش بە «هزری سۆشیالیستی» یان هزری دەستەجەمعی ناو دەبرێت[1].

سەرەتاکانی جێبەجێکردنی هزری لیبرالی لە ئینگلتەرا بوو، لە سایەی شۆڕشی ئینگلیزی (١٦٨٨)، پاشان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوای جەنگی سەربەخۆیی لە ١٧٧٦، دواتر لە فەرەنسا لە دوای شۆڕشی ١٧٨٩. ئێستاش هزری لیبرالی لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا باوە، بەتایبەت دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن، هەروەک چۆن هزری لیبرالی لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان (سیاسی، ئابووری، کولتووری و... هتد)دا ڕەنگی داوەتەوە، بە هەمان شێوەش لە سیستمی میدیایی باودا لەو دەوڵەتانەدا ڕەنگی داوەتەوە و لە شێوەی هزری میدیایی یان فەلسەفەی میدیایی ئازاددا ئەو سیستمانە بەڕێوە دەبات.

هەر چی هزری سۆشیالیستییشە، بە هاتنی بەلشەفییەکان بۆ لوتکەی دەسەڵات لە ڕووسیا لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان لە ١٩١٧دا، لە کەتواردا جێبەجێ کرا، پاشان لە چین و دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و چەند دەوڵەتێکی تری وەکوو کوبا و کۆریای باکوور جێبەجێ کرا.

بەو پێیەی کە تیۆری سۆشیالیستی جڵەوی سەرکردایەتیی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە هەموو لایەنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا دەبەخشێت بە دەوڵەت یان پارتی نوێنەری چینی پڕۆلیتار، شتێکی سروشتییە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببنە میکانیزمێکی گرنگ لە دەستی چینی دەسەڵاتداردا بۆ چەسپاندنی پایەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، ئەو فەلسەفەیەش کە هزری سۆشیالیستی لە بواری ڕاگەیاندندا هەیە، پێی دەوترێت «تیۆری سۆشیالیستی».

---

(١) بڕوانە: عبد الفتاح العدوی، الديمقراطية وفكرة الدولة، الألف كتاب عدد ٥٣٢ (القاهرة: مؤسسة سجل العرب، ١٩٦٤)، ص١٣١-١٣٥. هەروەها: إبراهيم درويش، الدولة نظريتها وتنظيمها: دراسة فلسفية تحليلية (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦٩)، ص٢١١-٢٢٩.

هەر چی وڵاتانی تریشە، کە بە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم یان جیهانی دواکەوتوو یان تازەگەشەسەندوو ناو دەبرێن، لە ناویشیاندا وڵاتانی ئیسلامی، دەستەبژێری فەرمانڕەوا و دەستەبژێری کۆمەڵایەتی و زۆرینەی دەستەبژێری ڕۆشنبیر تێیاندا شوێن تیۆری گەشەپێدان و مۆدێرنە کەوتبوون، «کە لە ڕۆژئاوا داڕێژراون و دەرهاویشتەی ژینگەی هزریی ڕۆژئاواشن.» [١]

ئەوەی پەیوەستە بە هزری ڕاگەیاندنییەوە، ئەم دەوڵەتانە –لەگەڵ بوونی چەند ڕیزپەڕێکی دەگمەن– ئەوەیان تەبەنی کردووە کە ڕۆژئاوا تیۆریزەی کردووە، کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێک لە پرۆسەی گەشەپێداندا بگێڕن، کە بریتییە لە بەشداریکردن لە «گواستنەوەی گەلانی دواکەوتوو بۆ جۆری ژیانی مۆدێرن هاوشێوەی ژیانی ڕۆژئاوایی، ئەمەش لە ڕێگەی هاندانیان بۆ وازهێنان لە شێوازە کلاسیکییەکان و پاڵپێوەنانیان بۆ ئەو جۆرە بەکاربەرییانەی کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا باوە» [٢]، بەڵام ئەم هزرەی گەشەپێدان، جا لیبراڵییەکەی یان سۆشیالیستییەکەی، یاخود تێکەڵەی هەردووکیان بێت [٣]، کاتێک بڕەوی پێ درا و جێبەجێ کرا، شکستی خۆی سەلماند و ئەو بەرهەمەی نەبوو کە لە زێدی خۆیدا هەیبووە [٤]، هەروەها ئەو دەوڵەتانە نەیانتوانی کەتواری دواکەوتووی خۆیان تێبپەڕێنن و بگەن بە کاروانی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی ئەمان کردوویانن بە پێشەنگی خۆیان، بەڵکوو ئەو تیۆرانە پاشکۆیەتیی ئەو دەوڵەتانەیان بۆ ڕۆژئاوا قوواڵ کردەوە و وایان کرد کە لە بواری سیاسی و کولتووری و ئابووری و ڕاگەیاندنییە جیاوازەکاندا لە بازنەی ڕۆژئاوادا بسوڕێنەوە.

لە هەمبەر ئەو دەرئەنجامانەدا ئاڕاستەیەکی هزری دەرکەوت، هەوڵی تێپەڕاندنی کەموکووڕییەکانی ئەو تیۆرە باوانەی لە بواری گەشەپێدانی دا، جا گەشەپێدان بە شێوە گشتییەکەی یان گەشەپێدانی ڕاگەیاندن بێت، داڕێژەرانی ئەم ئاڕاستەیە هەوڵی

---

(١) منى أبو الفضل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٢) عواطف عبد الرحمن، قضايا التبعية الإعلامية والثقافية فى العالم الثالث، سلسلة عالم المعرفة، عدد ٧٨، (الكويت، المجلس القومى للثقافة والفنون والآداب، رمضان ١٤٠٤، يونيو ١٩٨٤)، ص٥٠.
– H. Shiler,Communication and cultural Domination, (New York: M. E Sharpe, 1979) P3,7.

(٣) بڕوانە: نصر مهنا، النظرية السياسية والعالم الثالث (الإسكندرية: المكتب الجامعى الحديث، ١٩٨٧)، ص١٨٣.

(٤). بڕوانە: منى أبو الفضل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢. هەروەها بڕوانە: أسامة أمين الخولى، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

پێشکەشکردنی جێگرەوەیەکیان دا کە لەگەڵ کەتواری کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا گونجاوتر بێت، ئەم ئاڕاستەیە ناوی لێ نرا «قوتابخانەی پاشکۆیەتی»[1].

هەروەک چۆن پاشکۆیەتی بەگشتی تیۆریزە کرا، بە هەمان شێوە پاشکۆیەتیی ڕاگەیاندنیش بە شێوەیەکی تایبەت تیۆریزە کرا، کە بە هەوڵی تیۆریی بیرمەندانی جیهانی سێیەم لەقەڵەم دەدرێت، «بەڵام ئەم تیۆریزەکردنە هەوڵی وەلانانی تیۆرە ئەوروواپییەکان و پاشان پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤی نەدا[2]، بە شێوەیەک کە ئەو کەموکوڕییانە تێپەڕێنێت کە تێیاندا ڕەگیان داکوتیوە، بەڵکوو سەرەتای لە هەمان ئەو بەڵگەنەویستانەوە بوو کە هزری ڕۆژئاواییان لەسەر بونیاد نراوە و هەوڵی بەدیهێنانی هەمان ئەو مەبەستانەی دا کە هزری ڕۆژئاوا هەیبوو، تەنها لە ئامرازەکان و ڕێبازەکەیدا جیاواز بوو.»[3]

گرفتی تۆێژینەوەکە

بە چاوخشاندنێکی خێرا بە بەرئەنجامی جێبەجێکردنی لایەنی ڕاگەیاندن لە تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان –بەتایبەت عەرەبییەکان– دا، دەبینین ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن، کە لە سایەی ئەو تیۆرانەدا –جگە لە چەند ڕیزپەڕێکی دەگمەن– کار دەکەن، ئازادیی ڕەخنەگرتنیان لە ڕژێمە فەرمانڕەواکان نییە، بەڵام بە دیوەکەی تردا ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن ئازادییەکی فراوانیان لە پەخشکردنی هەر بابەتێکدا هەیە کە ویستیان بێت، کە زۆرینەیان زەمینە بۆ چەسپاندنی کۆمەڵێک بەهاو خوونەریت و پێودانگگەلێکی ئاکاری و ڕەفتاری خۆش دەکەن، کە ڕەنگە بەتەواوی پێچەوانەی ئەوە بێت کە ئایینی فەرمیی ئەو وڵاتانە بانگەشەی بۆ دەکات. ئەو بابەتانەش یان پەیامگەلێکن کە هەر لە بنەڕەتدا لە ڕۆژئاوا بەرهەم هێنراون و هەڵگری بەها و ئاکار و دیدی ڕۆژئاوان بۆ گەروون و ژیان، یاخود هەر لەو دەوڵەتانە بەرهەم هێنراون کە ئەمانەش زۆریان لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکیشەوە لەسەر شێوەی پەیامە ڕۆژئاواییە ڕاگەیاندنییەکان بەرهەم دەهێنرێن، ئەمەش پاشکۆیەتیی ئومەتی ئیسلامیی بۆ ژیاری ڕۆژئاوایی قوولتر کردووەتەوە و لە سەپاندنی هەژموونی نیمچەتەواوی کولتووری ماددەگەرایی

---

(١) نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

(٢) عثمان یاسین الرواف، «مدرستا التنمیة والتبعیة: أوجه التباین بین الطرح النظری والواقع التطبیقی»، مجلة العلوم الاجتماعیة، المجلد السابع عشر، العدد الثانی، (الکویت: جامعة الکویت، صیف ١٩٨٩)، ص٥٨.

(٣) نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠-٤١.

بەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشدار بووە.

لەبەردەم ئەم کەتواره میدیاییە خراپەدا دوو چارەسەری ڕەخنەگرانە بۆ هزری ڕاگەیاندن (فەلسەفەی ڕاگەیاندن) دەرکەوت، کە تەبەنیکردنیان بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەشداریی لە دروستکردنی ئەو کەتوارەدا هەبووە:

جۆری یەکەمی ئەو چارەسەرانە –کە بانگەشەکارانی بە ڕاشکاوی یان بە ناڕاستەوخۆ تەبەنی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن دەکەن– لە باسکردنی ڕەخنەییانەی ئەو فەلسەفانەدا تەنها بەوەوە وەستاوە کە هەندێک لایەنی کەموکووڕییانی ڕاست کردووەتەوە و لە باشترین باریشدا داوای گۆڕینی فەلسەفەیەکی بە یەکێکی دی کردووە.

ئەم جۆرە تێزە، کە لە بازنەی هزری پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندندا دەخولێتەوە، بە زانین یان بە نەزانی بێت، دوو ڕاستیی گرنگی فەرامۆش کردووە:

یەکەم: ئەوەیە کە وتەزاکان (مقولات)ی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن وتەزاگەلێکن بە شێوەیەک داڕێژراون کە لەگەڵ ئەو زەمینە هزری و کۆمەڵگەییەدا بگونجێن، کە بەرهەمی هێناون، هەر بۆیە گونجانیان بۆ ژینگەکەی خۆی هەرگیز واتای ئەوە نییە کە پێویستە لە ژینگەی تری جیاوازیشدا گونجاو بن.

ڕاستیی دووەم: ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییانەی بڕیارە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندنیان بۆ بگوێزرێتەوە، بیروباوەڕێکی هەیە کە بنەما هزرییەکانی بەڕوونی جیاوازن لەو بنچینە هزرییانەی کە تایبەتمەندیی زەمینەی هزریی پۆزەتیڤیزم دەنەخشێنن، هەر بۆیە بڕیاردان لە تەبەنیکردنی هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن، کە دەرهاویشتەی زەمینەی هزریی پۆزەتیڤیزم بێت و هەوڵ بدرێت لە زەمینەی ئیسلامیدا بچێندرێت، بەبێ ڕەچاوکردن و ڕوونکرنەوەی ئەوەی ئایا ئەندازەیەک لە لێکچوون لەنێوان ئەو دوو زەمینەیەدا هەیە کە ڕێگە بەو گواستنەوەیە بدات، ئەوە بڕیارێکە پاڵپشتی لۆژیکیی دروستی نییە.

هەر چی جۆری دووەمە لە چارەسەرەکان، بانگەشەکارانی کاریان بۆ پێشکەشکردنی دیدێکی ڕەخنەییانە بۆ هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم کردووە –ئەو هزرەی کە بەشدار بووە لە بەرهەمهێنانی ئەو کەتوارە میدیاییە خراپە–، ئەویش لە سونگەی زەمینەیەکی هزریی جیاواز لەو زەمینە هزرییەی کە ئەو هزرەی ڕاگەیاندنی بەرهەم هێناوە، ئەویش زەمینەی ئیسلامییە. لە هەمان کاتدا کاریان بۆ

پێشکەشکردنی تێزێکی جێگرەوە کرد کە لەگەڵ زەمینە ئیسلامییەکەدا بگونجێت.

لە ڕاستیدا ئەم نووسینانە سەرکەوتنی ڕاستەقینەیان لە پێشکەشکردنی ڕەخنەی ڕیشەییانە لە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندندا بەدەست نەهێنا، ئەمەش لە ئەنجامی تاووتوێنەکردنی ئەو فەلسەفانە بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە لە سایەی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە بەرهەمی هێناون، کە بریتین لەو وتانەی کە سەرتاپای تایبەتمەندییەکانی ڕشتەی هزریی عەلمانی (کۆزمۆلۆژیای عەلمانی) دەنەخشێنن، بەڵکوو ئەم نووسینانە –لە باشترین بارياندا- تەنها تاووتوێیەکی ڕەخنەییانەیان پێشکەش کردووە، لە سایەی وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتیی تایبەت بە هەر یەکێک لەو فەلسەفانە. هەر بۆیە شتێکی سروشتییە کە هەر بڕیارێک لەسەر نەگونجانی گواستنەوەی هەر یەکێک لەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانەی ڕاگەیاندن، یان بەشێکیان لەو زەمینەیەوەی کە بۆ زەمینەی ئیسلامی بەرهەمی هێناون، نابێتە بڕیارێکی خاوەن بنچینەی لۆژیکیی ڕەگداکوتاو.

هەر چی ئەو جێگرەوەیەشە کە هەندێک نووسین هەوڵیان داوە پێشکەشی بکەن، نەگەیشتووەتە ئاستی پێشکەشکردنی فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنی تەواوکار، کە بەسەر فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکاندا لە تەواوی پێکهاتەکەیدا زاڵ بێت، چونکە ئەم نووسینانە ئاوڕیان لە گرنگیی ئەو پێشەکییە هزرییانە نەداوەتەوە کە ئەو فەلسەفەیە دروست دەکەن، وەک خواستێکی پێویست بۆ بونیادنانی فەلسەفەیەکی ئیسلامیی ڕاگەیاندن، لەسەر بنچینەگەلێکی لۆژیکیی ڕەسەن.

لێرەوە گرفتێکی ڕوونمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە خۆی لە نەبوونی حوکمێکدا دەبینێتەوە کە لەسەر بنچینەیەکی لۆژیکیی ڕەگداکوتاو بێت، ئاستی گونجانی گواستنەوەی هەر کامێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن –یان بەشێکیان–ی لەو زەمینە مەعریفییەوەی کە بەرهەمی هێناوە، بۆ زەمینەیەکی مەعریفی ئیسلامی دیاری بکات، ئا ئەمە ئەو گرفتەیە کە ئەم توێژینەوەیە لێی دەکۆڵێتەوە.

بێگومان بەشداریکردن لە پێشکەشکردنی چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتە تەنها بەوە نابێت کە بەدواداچوون و شیکردنەوە بۆ فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بکەین و لە سۆنگەی پێشەکییە هزرییەکانیانەوە ڕەخنەیان لێ بگرین، بەڵکوو پێویستە ئەوە تێبینەڕێنین و بەراوردێکی قوواڵ بکەین لەنێوان ئەو پێشەکییە هزرییانەی ئەو فەلسەفانەیان لە زەمینەی مەعریفیی پۆزەتیڤیزمدا هێناوەتە بوون،

لەگەڵ ئەو پێشەکییە فەلسەفییانەی لە زەمینەی مەعریفیی ئیسلامیدا هەن، بۆ گەیشتن بە خاڵە هاوبەش و ناکۆکەکانی ئەو پێشەکییانە و ئەوەی کە دەکرێت لەسەری بونیاد بنرێت، لە هاوشێوەیی یان جیاوازی لە دەرئەنجامەکانیان لە بواری هزری ڕاگەیاندندا، ئەمەش وەک پێویستییەک بۆ بڕیاردان لە گونجاوی و باشی یان نەگونجاویی گواستنەوەی هەر یەکێک لەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانە، یان بەشێکیان، لەو زەمینە مەعریفییەوەی کە لێی لەدایکبوون بۆ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامی، لەسەر بنەماگەلێکی لۆژیکیی دروست.

ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەیشتن بە بڕیارێکی دروست، کە لەسەر بنچینەگەلێکی لۆژیکیی ڕەگداکوتاو بونیاد نرابێت، سەبارەت بە ئاستی گونجانی گواستنەوەی هەر یەکێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی میدیا، یان هەندێک لە تێزەکانیان، لەو زەمینە مەعریفییەوەی کە بەرهەمی هێناون بۆ زەمینەیەکی مەعریفیی جیاواز، کە زەمینەی ئیسلامییە، بەدیهاتنی ئەم ئامانجە سەرەکییە وا دەخوازێت چەند ئامانجێکی لاوەکیی تر بەدی بێن:

١. تاووتوێکردنی ڕەخنەییانە بۆ فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لەسەر سێ ئاست:

ئـ. ئاستی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە بوونەتە هۆی لەدایکبوونی ئەو فەلسەفانە، کە بریتین لەو وتانەی کە پەیکەری کۆزمۆلۆژیای عەلمانیەت پێک دەهێنن.

ب. ئاستی ئەو پێشەکییە ڕاستەوخۆیانەی کە پێکهاتەی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندنیان لەسەر بونیاد نراوە، کە بریتین لە وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتیی تایبەت بە هەر یەکێک لەو فەلسەفانە.

پ. ئاستی وتەزای خودی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن.

لە سایەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی هەرسێ ئاستەکە، دروستی و نادروستیی وتەزای ئەو فەلسەفانە ڕوون دەبێتەوە.

٢. تاووتوێکردنی بەراوردکارییانەی ئەو پێشەکییانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانیان هێناوەتە بوون، لەگەڵ هاوشێوەکانیان لەو زەمینە مەعریفییەی کە دەویستریت ئەو فەلسەفانەیان بۆ بگوازرێتەوە، کە زەمینەی مەعریفیی ئیسلامییە.

٣. بەشداریکردن لە دۆزینەوەی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە پێویستە لە

سۆنگەیانەوە فەلسەفەی ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا، لەسەر بنچینەگەلێکی لۆژیکیی دروست، دروست ببێت.

پرسیاری توێژینەوەکە:

دەکرێت چەند پرسیارێک بخەینە ڕوو کە وەڵامدانەوەیان بەشداری لە چارەسەری گرفتی توێژینەوەکەدا دەکەن، دیارترینیان:

- ئەو وتەزا گشتییانە چین کە تایبەتمەندییەکانی زەمینەی مەعریفیی پۆزەتیڤیزم دیاری دەکەن؟ هەروەها ڕەنگدانەوەیان لەسەر هزری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم چییە؟

- ئەو وتانە چین کە هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم پێشکەشی کردوون و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداربیان لە دروستکردنی تایبەتمەندییە وردەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندندا کردووە.

- ئەو خاڵانە چین کە ڕووەکانی ناهاوسەنگی و نارێکی و کەموکوڕیی هەر یەکێک لەو وتەزایانەی پێشوو دەسەلمێنن؟ هەروەها ڕەنگدانەوەیان لەسەر وتەزاکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندن چییە؟

- گرنگترین خاڵی هاوبەش و جیاوازی لەنێوان ئەو وتانەی پێشوو و وتەزا هاوتاکانی لە زەمینەی مەعریفیی ئیسلامیدا چین؟ ئایا ڕێککەوتن و هاوشێوەییەک لە نێوانیاندا هەیە کە ڕێگە بە گواستنەوەی هەر یەکێک لەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن بدات بۆ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامی یان نا؟

- ئەگەر وەڵامەکە نەرێنی بوو، ئایا تایبەتمەندییەکانی ئەو فەلسەفە جێگرەوەیەی ڕاگەیاندن چییە کە لەگەڵ وتەزاکانی زەمینەی هزریی ئیسلامیدا گونجاو بێت؟ ئایا بەتەواوی لە هەموو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکان جیاوازە؟ یاخود لە هەندێک وتەزای لاوەکییاندا لە یەک دەچن؟

گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕۆڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕاگەیاندن لەم سەردەمەدا، بە باش و خراپ، لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگەکانیش دەیگێڕێت.

گومانیش لەوەدا نییە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان هزری ڕاگەیاندن و بیروباوەڕی کۆمەڵگەدا هەیە. بەو پێیەشی کەتواری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ڕەنگدانەوەی کردەیی ئەو بیروباوەڕە نییە کە زۆرینەی زۆری

ئەو کۆمەڵگانە هەیانە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو هزرەی ڕاگەیاندن کە لەپشت ئەو کەتوارەوەیە، زۆربەی هزرێکە کە زەمینەیەکی مەعریفیی جیاواز لە زەمینەی ئیسلامی هێناویەتە بوون، کەواتە ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی هزری پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی ئاشنابوون بەو بنچینە هزرییانەی لەسەری دامەزراوە و ڕوونکردنەوەی ئاستی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ بنچینە هزرییە ئیسلامییە هاوتاکانی، کارێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی دروست لە بارەی ئەوەی ئایا دەکرێت ئەو فەلسەفانە وەربگیرێن یان ڕەت بکرێنەوە، هەروەک چۆن پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن، کە لەگەڵ بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامیدا گونجاو بێت.

ئەمەش بەشداری دەکات لە:

– ڕێنموویکردنی بزاڤی کەتواری ڕاگەیاندن لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی ناڕێکی و کەموکوورییەکانی ئەو هزرەی کە لەپشت ئەو کەتوارەی ڕاگەیاندنەوە هەیە.

– پێشکەشکردنی تێزێکی جێگرەوە، کە ئەو ناڕێکی و کەموکوورییانە تێبینەڕێنێت، جێگرەوەیەکی هەڵقوڵاو لە کانیاوی بیروباوەڕی بنچینەیی، ئەویش لە ڕێگەی بەشداریکردن لە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییە گشتییانەی کە پەیکەری فەلسەفەی ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا پێک دەهێنن. ئەمەش سەرەتایەکی پێویستە بۆ بونیادنانی فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لەسەر بنچینەگەلێکی هزریی ڕەگداکوتاو.

– هەروەها ئەم توێژینەوەیە کتێبخانە لە بواری ڕاگەیاندندا، بە توێژینەوەیەکی تەواوکاری ڕەخنەییانەی بەراوردکاری لە دیدی ئیسلامییەوە، دەوڵەمەند دەکات.

میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەر میتۆدی شیکار و پێکهێنان (منهج التحليل والتركيب) و میتۆدی بەراوردکاری بە شێوەیەکی بنەڕەتی و میتۆدی خستنەپاڵ (العزو)ی بە شێوەیەکی لاوەکی، لە هەندێک شوێندا کە پێویستی کردووە، بەکار هێناوە. لێرەدا بەخێرایی باسێکی چۆنێتیی سوودوەرگرتنمان لەو میتۆدانە دەخەینە ڕوو:

١. هەردوو میتۆدی شیکار و پێکهێنان

ئ. میتۆدی شیکار: بۆ بەدواداچوون و شیکردنەوەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەو زەمینە هزرییەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان هێناوەتە بوون، بە مەبەستی

گەڕان بە شوێن ئەو بنچینە هزرییانەی کە بوونەتە هۆی دروستبوونی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن لەو بنچینانە.

ب. میتۆدی پێکهێنان: هەر توێژەرێک بیەوێت هەنگاو بۆ شیکردنەوە بنێت، پێویستە هەڵوێستیکی دیاریکراوی بۆ داڕشتنی ڕێبازی خۆی هەبێت، باشترین ئامرازیش بۆ ئەوە میتۆدی پێکهێنانە، کە تەواوکەری میتۆدی شیکردنەوەیە، چونکە هەر کەسێک هەڵوێستێک بۆ ڕەگەزەکانی شیتەڵ بکات بە مەبەستی لەناوبردنی، تەنها لە قۆناغی شیتەڵکاری و شیکردنەوەدا ناوەستێت، بەڵکوو هەوڵ دەدات لەو ڕەگەزانەی کە پێی گەیشتووە، شتێکی نوێ یان پۆلێنێکی نوێ پێک بهێنێت. ئا ئەمە پێکهێنانە، کە بریتییە لە گەیاندنی هەڵوێستە کۆنەکە بە پێکهاتەیەکی نوێ. توێژەر بۆ ئەوەی بگات بە هەڵوێستە نوێیەکە، پێویستە پرنسیپێکی ئاڕاستەکەری هەبێت، کە لە سایەیدا هەڵوێستی خۆی لەبەرانبەر ئەو گرفت و پێدراوانەی لە بەردەمیدان وەردەگرێت[1]، ئەو پرنسیپە ئاڕاستەکەرەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لە پرۆسەی پێکهێناندا پشتی پێ دەبەستێت، بریتییە لە دیدی ئیسلامی، کە لە ڕێگەیەوە هەوڵ دەدات تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەیەکی جێگرەوەی ڕاگەیاندن بدۆزێتەوە کە لەگەڵ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامیدا ساز و گونجاو بێت.

٢. میتۆدی بەراوردکاری

بە مەبەستی دۆزینەوەی خاڵی لێکچوون و جیاوازی لەنێوان تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕشتەی هزریی عەلمانی و ڕشتەی ئیسلامی، هەروەها لەنێوان وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم و هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا، ئەمە وێڕای دۆزینەوەی خاڵی لێکچوون و جیاوازی لەنێوان وتەزاکانی هزری پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن و وتەزاکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی هاوتای، کە لەگەڵ سروشتی زەمینەی هزریی ڕاگەیاندنا ساز و گونجاو بێت.

٣. میتۆدی دانەپاڵ (العزو)

مەبەست لەم میتۆدە گێڕانەوەی شتە بۆ بنەچەکەی، واتە پێویستە بەدوای کاریگەریی گۆڕانکارییە هزرییەکاندا بچین لە پەیوەندییان بە هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە و چۆنێتیی کاریگەرییان لەسەر ڕەوتە هزرییەکان و گەڵاڵەبوونیان[2]، هەروەها

---

(١) محمود زیدان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢-١٢٤.

(٢) عاطف أحمد، «سوسیولوجیا المعرفة: الماهیة والمنهج»، مجلة العلوم الاجتماعیة، العدد (٤)، السنة الرابعة (الکویت: جامعة الکویت، ینایر ١٩٧٧)، ص١٢-١٥.

ئەم میتۆدە یارمەتیی تۆژەر دەدات بۆ بەدواداچوونی ئەو پێداواوە کۆمەڵایەتی و مێژووییانەی کە بەشدار بوون لە داڕشتنی تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕشتەی هزریی عەلمانی و دەرهاویشتە هزرییەکانی لە بواری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندندا، کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی ئەو هزرانە و تاووتوێکردنی ڕەخنەگرانە بۆیان لەسەر بنچینەگەلێکی مەعریفیی دروست.

زاراوەکانی تۆژینەوەکە

١. فەلسەفەی ڕاگەیاندن: بریتییە لە «تۆژینەوەی پەیوەندیی دیالیکتیکی، واتە شیکردنەوەی کارلێکی نێوان بنچینەکانی ڕاگەیاندن وەک زانست و جێبەجێکردنەکانی لە کەتواری کۆمەڵایەتیدا، بە هەموو ڕەگەزەکانی ئەو کەتوارە و ناوەرۆک و بزاوتەکەشیەوە.»[١]

بەو پێیەی ئەم پێناسەیە تاووتوێی چۆنێتیی بونیادنانی فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن دەکات، پتر لەوەی پێناسە بۆ فەلسەفەی ڕاگەیاندن بێت، دەکرێت ئەم پێناسەیە پێشنیار بکرێت: فەلسەفەی ڕاگەیاندن «بریتییە لەو چوارچێوە هزرییەی کە لە سۆنگەیەوە خاڵی سەرەتای کردەیی ڕاگەیاندن و مەبەستەکانی دیاری دەکرێت، هەروەها میتۆدەکەیەتی لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا، کە دەبێتەوە بەو پێودانگەی لە سایەیەوە بڕیار لەسەر ئاستی سەرکەوتن و شکستی پرۆسەی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا دەدات.»

٢. پۆزەتیڤیزم (الوضعية): وشەیەکە گوزارشت لە دیدێکی فەلسەفیی تەواوکار بۆ گەردوون و مرۆڤ و ژیان دەکات، هەروەها تۆژینەوە لە سروشت و مرۆڤ و کۆمەڵگە بە شێوازێکی «زانستی»ی دوور لە تێڕوانین و تێگەیشتنە ئایینییەکان دەکات. میتۆدەکەی لە زانستە مرۆییەکاندا لە مۆدێلی سروشتیی ئەزموونی وەرگرتووە، بەو پێیەی ئەوە تاکە ئامرازە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی زانستی، جا لە بوارە سروشتییەکانی بێت یان مرۆییەکان، هەروەها بۆ ڕزگاربوون لە لایەنە نەرێنییەکانی هزری ئایینیی میتافیزیکی، بەو پێیە پۆزەتیڤیزم چوارچێوەیەکی مەعریفی پێک دەهێنێت، کە هەموو بوارە مرۆیی و کولتوورییەکان لەخۆ دەگرێت [٢].

---

(١) محمد سيد محمد، المسئولية الإعلامية فى الإسلام، (القاهرة: مكتبة الخانجى، ١٩٨٣)، ص٢٣٥-٢٣٦.
هەریەک لەمانە ئەو پێناسەیەیان تەبەنی کردووە: - على جريشة، نحو إعلام إسلامى: إعلامنا إلى أين، (القاهرة: مكتبة وهبة، ١٩٨٩)، ص٢٩،
- حسن على محمد، الإعلام الإسلامي، هدية مجلة الأزهر، عدد شعبان ١٤١٨هـ ص١٧.

(٢) محمد محمد أمزيان، مناهج البحث بين الوضعية والمعيارية، سلسلة الرسائل الجامعية، (فيرجينيا: المعهد

٣. تیۆری ڕاگەیاندن: بریتییە لەو «گریمانانەی کە سروشتی کارلێکی نێوان لایەنەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری و ئەو هێزە کۆمەڵگەییانە ڕوون دەکەنەوە کە تەحەکوم بەو پەیوەندییەوە دەکەن، هەروەها ئەو ڕۆڵە ڕوون دەکەنەوە کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو پرۆسەیەدا بیگێڕن.»[١]

٤. سیاسەتی ڕاگەیاندن و سیاسەتی گەیاندن: ئەم زاراوەیە دەلالەت لەو ڕێگایانە دەکات کە لە میانەیانەوە ئەو «فەلسەفەی ڕاگەیاندن»ە جێبەجێ دەکرێت کە کۆمەڵگەیەک لە کەتواردا تەبەنیی دەکات، بۆیە سیاسەتی ڕاگەیاندن یان گەیاندن بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە «کۆی کارە هۆشیارانە و دیراسەکراوەکان و ڕەفتارە گەیاندنکارییەکان لە کۆمەڵگەیەکدا بە ئامانجی پڕکردنەوەی پێویستییە کردارییەکانی گەیاندن لە ڕێگەی باشترین بەکارهێنان بۆ ئەو توانا یان سەرچاوە مرۆیی و سروشتییانەی لە کۆمەڵگەدا لە بەردەستدان.»[٢]

٥. سیستمی ڕاگەیاندن یان سیستمی پەیوەندی: «بریتییە لەو سیستم و شێوازانەی کە شێوازی گەیاندنی زانیاری بە جەماوەر دیاری دەکەن، هەروەها ئەو ئامرازانەی لەو پرۆسەیەدا بەکار دێن، هەروەها ئەو ڕێسا و یاسایانەی ئەو پرۆسەیە بەڕێوە دەبەن، ئەمە وێڕای ئەو دیسپلین یان کۆتوبەندانەی بەسەر ئەو ئامرازانەدا دەسەپێنرێن.»[٣]

پلانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، وێڕای ئەم پێشەکییە، لە بەشێکی ڕێخۆشکەر و سێ دەروازە و کۆتایی پێک دێت. کە لە پێڕستدا بەوردی خراونەتە ڕوو.

العالمی للفکر الإسلامي، ١٩٩٢)، ص١٨.

(١) محمود کرم سلیمان، التخطیط الإعلامی فی ضوء الإسلام، (القاهرة: دار الوفاء، ١٩٨٨)، ص٨٧.

(٢) لیلی عبد المجید، سیاسات الاتصال فی العالم الثالث، سلسلة سیاسات الاتصال وتشریعاته (١)، (القاهرة: الطباعی العربی للطبع والنشر والتوزیع، ١٩٨٦)، ص٣.

- بۆ زیاتر سەبارەت بە سیاسەتی ڕاگەیاندن، بڕوانە: - محمد مصالحة، السیاسة الإعلامیة والاتصالیة فی الوطن العربی، (بیروت، القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٦)، ص٣٥،

- اللجنة العربیة لدراسة قضایا الإعلام والاتصال فی الوطن العربی، نحو نظام عربی جدید للإعلام والاتصال: مشروع التقریر النهائی، (تونس: المنظمة العربیة للتربیة والثقافة والعلوم، ١٩٨٥)، ص٧٨.

(٣) کرم شلبی، معجم المصطلحات الإعلامیة، (القاهرة، بیروت: دار الشروق، ١٩٨٥)، ص١٢٢.

بەشی ڕێخۆشکەر

ڕێبازی تاووتوێکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە

پاری یەکەم: پۆلێنەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن

لە سایەی ئەو کۆزمۆلۆژیا پۆزەتیڤیزمەی کە پشتبەستن بە هەر ڕێبازێکی نامرۆیی لە دارشتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ئایدیاڵیی شادیهێن بۆ گشت تاکەکانی ڕەت دەکاتەوە و[1] ئەنجامدانی ئەو کارە دەکاتە ئەرکی هزری مرۆیی، لەو میانەیەدا ئەو بیرمەندانەی کە بە پێی تێگەیشتنی خۆیان بۆ سروشتی مرۆیی ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکەن، بوون بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەمیان بڕوای وایە کە باشترین کۆمەڵگە ئەو کۆمەڵگەیەیە کە لەسەر بنەمای تاکگەرایی (الفردية - Individualism) بونیاد نرابێت[2].

هەر چی کۆمەڵی دووەمیشە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە باشترین کۆمەڵگەی مرۆیی ئەوەیە کە لەسەر کۆمەڵگەرایی (الجماعية - Collectivism) بونیاد نرابێت.

لە سایەی ئەم دابەشکارییەدا هزری ڕاگەیاندنیش بەو پێیەی بەشێکی دانەبڕاوە لە هزری کۆمەڵایەتیی گشتی، بۆ دوو تیۆری گەورەی ڕاگەیاندن دابەش بوو.

لە ئامێزی تیۆری کۆمەڵایەتیی تاکگەرادا تیۆرێکی ڕاگەیاندن دروست بوو، -وەک دەستەخوشکەکانی لە تیۆرە سیاسی و ئابووری و... هتددا- بانگەشەی بەخشینی ئازادیی تەواوی بۆ ڕاگەیاندن دەکرد و سەرپەرشتی دەوڵەت یان هەر دەستەیەکی تری کۆمەڵگەی بەسەر ئەو ئازادییانەدا ڕەت دەکردەوە، بۆیە دەتوانین ئەم تیۆر یان فەلسەفەیە بە «فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئازاد» ناوزەند بکەین.

لە بەرانبەردا و لە سایەی ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییەی هزری دەستەجەمعی تەبەنیی کردبوو و مافی سەرکردایەتیی کۆمەڵگەی لە بواره جیاوازەکانی ژیان (سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و... هتد) بە دەوڵەت بەخشی، تێزێکی ڕاگەیاندن

(١) بڕوانە: حسن حنفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

(٢) تێگەیشتنێکی پێچەوانەش بۆ تاکگەرایی هەیە، کە لە فەلسەفەی «کارلیل» و «نیچە»دا دەرکەوت، کە باوەڕی بە تاکە زۆر باشەکان (الأفراد الممتازين) هەیە، کە دواجار بۆ خراپترین جۆری دیکتاتۆریەت سەر دەکێشێت. بڕوانە: عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩-١٢٤.

لێوەی سەرچاوەی گرت، کە مافی تەحەکومکردنی بەسەر دەزگای ڕاگەیاندن و ئاڕاستەکردنی بە دەوڵەت بەخشی، بۆ خزمەتی کۆمەڵگە و بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی. دەتوانین ئەم تیۆر یان فەلسەفەیە بە «فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو» ناوزەند بکەین.

بەگشتی ئەو پۆلێنانەی تۆێژەران بۆ فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن کردوویانە، لەو دوو پۆلێنە گەورەیە تێنەپەڕیون: «فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئازاد و فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو»[1]، لەگەڵ جیاوازیی ناو و لقەکانیان و ئاستی دەستتێوەردانی دەوڵەت.

قوتابخانەکانی تیۆریزەی ڕاگەیاندن

لە گۆڕەپانی تیۆریزەی ڕاگەیاندندا دوو قوتابخانەی جیاواز هەیە، یەکێکیان گرنگی بە توێژینەوە لە سیستمی ئەو ڕاگەیاندنانە دەدات کە بەکرداری هەن، ئەوی تریشیان گرنگی بە فەلسەفەی ڕاگەیاندن دەدات، کە ئەمەیان کرۆکی توێژینەوەکەی ئێمەیە، بۆیە لێرەدا بەخێرایی ئاماژەیەکی خێرا بە قوتابخانەی یەکەم دەدەین، پاشان تاووتوێی قوتابخانەی فەلسەفەکان دەکەین.

یەکەم: ئەو قوتابخانەیەی کە گرنگی بە توێژینەوە لە سیستمی ڕاگەیاندن دەدات

ئەم قوتابخانەیە لەدوای قوتابخانەی فەلسەفەکان دەرکەوت، گرنگیی بە دانانی چەند پێوەرێک دەدات بۆ کاری ڕاگەیاندن لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییش، ئەم قوتابخانەیە دوو ئاڕاستەی هەیە، هەوڵ دەدەین بەکورتی تایبەتمەندییەکانیان بخەینە ڕوو:

ئاڕاستەی یەکەم: ئامانجی بەراوردی وەسفییانەی سیستمەکانی ڕاگەیاندنە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، جا لە ڕێگەی بەراوردی لایەنە جیاوازەکانی کاری ڕاگەیاندن لەو سیستمانەدا بێت، یاخود تەنها بە دانانی کۆمەڵە پێوەرێک بێت بۆ بەراوردکردنی ئاستی ئەو ئازادییەی لە سیستمە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا بەخشراوە[2].

---

(1) See: F. S. Siebert, T. Peterson and W Schramm op. cit., p. 2. And: J. Merril and R. L. Lowenstein, Media, Message and Men, (New York: Longman, 1979), p 154.

(٢) عثمان بن محمد الأخضر، النظريات الإعلامية المعيارية: ماذا بعد نظريات الصحافة الأربع؟!، حوليات كلية الآداب، الحولية السادسة عشر، الرسالة الثانية عشرة بعد المائة، (الكويت: مجلس النشر العلمى بالكويت، ١٤١٦-١٤١٧، ١٩٩٥-١٩٩٦)، ص٨٩.

ئاڕاستەی دووەم: ئامانجی ئەم ئاڕاستەیە دانانی پێوەر نییە بۆ بەراورد لەنێوان ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پتر لە سیستمێکی ڕاگەیاندندا، بەڵکوو ئامانجی دانانی کۆمەڵە پێوەرێکە کە لە ڕێگەیانەوە ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بپێورێت، لە چوارچێوەی یەک کۆمەڵگە و کولتووردا، لە ڕێگەی تێگەیشتن لەو ڕۆڵەی کە پێویستە ئەو ئامرازانە لەو چوارچێوەیەدا بیکەن، هەر لە ڕێگەی ئەو پێوەرانەوە خاڵی لاواز و کەموکوڕیی کەتواریی هەنووکەیی ڕاگەیاندن دیاری دەکات، بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە بە پێی ئەو پێوەرانە بیبینێت، پاشان هەنگاوەکانی تێپەڕاندنی ئەو کەموکوڕییانە پێشنیار دەکات[1].

دووەم: ئەو قوتابخانەیەی کە گرنگی بە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن دەدات

ئەویش لە ڕێگەی پوختکردنەوەی ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن کە سیستمی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بەڕێوە دەبەن، یان لە ڕێگەی پۆلێنکردنی سیستمە هاوشێوەکانی ڕاگەیاندن لەژێر یەک تیۆری ڕاگەیاندندا.

پرۆسەی تیۆریزەکردن لەم قوتابخانەیەدا تا ئێستا بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە، بریتین لە قۆناغی لەدایکبوونی چوار تیۆرەکەی ڕاگەیاندن و قۆناغی گۆڕانکاریکردن لەو تیۆرانەدا.

قۆناغی یەکەم: لەدایکبوونی چوار تیۆرەکە

یەکەم پۆلێن بۆ ئەو فەلسەفانەی باس لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەن، لە ساڵی ١٩٥٦ لەسەر دەستی سێ پرۆفیسۆری ئەمەریکیی ڕاگەیاندن، کە سیبرت و شرام و پیتەرسۆن بوون، دەرکەوت[2].

لەو سونگەیەوەی کە «سیستمی سیاسی چوارچێوەیە بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی»[3]، ئەمان فەلسەفە یان تیۆرەکانی ڕاگەیاندنیان بۆ دوو فەلسەفەی

---

1. D. McQuail, Mass Communication Theory, (London: Sage Publications. 1983) p. 216-221.

(٢) هەروەها لە میانەی دانراوە بەناوبانگەکەیانەوە (نظريات الصحافة الأربع)
F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm. Four Theories of the Press (Urbana: University of Ilinios Press, 1956).

(٣) محمد عصفور، الحرية فى الفكرين الديموقراطى والاشتراكى، بدون ناشر، ١٩٦١، ص١٦٩.

بنچینەیی دابەش کرد، ئەوانیش فەلسەفەی دەسەڵات و فەلسەفەی ئازاد بوو. هەر چی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییشە، بە بڕوای ئەوان وێنەیەکی فەلسەفەی ئازادی پەرەسەندووە، بەڵام فەلسەفەی سۆشیالیستیی ڕاگەیاندن شێوازێکی نوێی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتە[١].

چەندین ڕەخنە لەم پۆلێنە چوارینەیە گیراوە، کە بوونەتە هۆی دەستکاریکردنیان، دیارترین ڕەخنەکانیش، یەکەم: ئەم پۆلێنە چوارینەیە هەموو ئەو جۆرانە لەخۆ ناگرێت کە لە کەتواردا هەن. دووەم: ئەم پۆلێنە لەسەر حسابی لایەنە ئابووری و کولتوورییەکان و لایەنەکانی تر، بە شێوەیەکی گەورە جەخت لەسەر لایەنی سیاسی دەکاتەوە[٢].

قۆناغی دووەم: ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە پۆلێنە چوارینەییەکەدا

لە سۆنگەی ئەو ڕەخنانەی لە پۆلێنە چوارینەییەکە گیران، چەند توێژەرێک گۆڕانکارییان تێیدا ئەنجام دا، بە ئامانجی سەربارکردنی فەلسەفەی نوێ، یان لابردنی فەلسەفەیەک کە هەیە، یاخود هەموارکردنی چەند فەلسەفەیەک کە ئێستا هەیە. دیارترینی ئەو پۆلێنە نوێیانە لەلایەن «ڕالف لوینشتین، ولیەم هاکتن، دنیس ماکویل، هیربرت ئەلتشول، جەیمس بیکارد»ەوە ئەنجام دراون.

ئەگەر ورد ببینەوە، دەبینین ئەو پۆلێنانەی کە قوتابخانەی فەلسەفەکان کردوویانە، خۆیان لە دوو جۆردا دەبیننەوە، یەکەمیان «فەلسەفەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد»ە، کە بریتین لە لیبرالیزم، لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی، مەرکەزیەتی کۆمەڵایەتی، بەشداریی دیموکراسییانە و بازاڕ. جۆری دووەمیشیان بریتییە لە «فەلسەفەکانی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو»، کە هەریەک لە دەسەڵاتگەرایی، گەشەپێدانگەرایی، سۆشیالیزم، دەسەڵاتگەرایی کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنگەرایی و شۆڕشگێڕانە.

چونکە سیستمی سیاسی گوزارشتە لە بونیادی ڕێکخراوانەی کۆمەڵگە، هەروەها گوزارشتە لە سەرکردایەتی یان دەسەڵاتێک کە خاوەنی هێزێک بێت کە کارلێکی ناوخۆیی ناو کۆمەڵگە ڕێک دەخات.
– زینب رضوان، النظرية الاجتماعية فى الفكر الإسلامي، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٨٠)، ص١٧.

(١) بڕوانە: F. S. Sibert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., P. 2.

(٢) بڕوانە: عثمان بن محمد الأخضر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

هەریەک لەم فەلسەفانەش ڕەنگدانەوەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکانیان لە سایەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیەتدا بوون، کە لە دوو شێوەی سەرەکی بەدەر نین: سیستمی کۆمەڵایەتیی بونیادنراو لەسەر هزری تاکەکەسی، کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئازاد تەبەنیی دەکات. هەر چی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراویشە، زۆربەی جێبەجێکردنەکانی لە سایەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییانەدا بەدی دەکرێن کە هزری دەستەجەمعییان هەیە[1].

(١) هەندێک لە جێبەجێکردنەکانی فەلسەفەی گەشەپێدانگەرایی لەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو ڕیزپەڕ دەکرێن کە لە ئامێزی هزری دەستەجەمعیدا بەرپا بوون، چونکە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەو دەوڵەتە تازەگەشەسەندووانەی کە لە بواری گەشەپێداندا بەرەو لیبرالیزم هەنگاو دەنێن، دەکەونە بازنەی ئەو دەوڵەتانەی هزری دەستەجەمعی پەیڕەو دەکەن، بەڵام لە پرۆسەی ڕاگەیاندنداحوکمیان دەکات، بەو پێیەی کە بارودۆخێکی کاتییە، کە پێویستیی گەشەپێدان دەیسەپێنێت. سەبارەت بە فەلسەفەی دەسەڵاتگەراییش، ئەو جێبەجێکردنانەی کە دەکەونە ژێر چەتری هزری دەستەجەمعییەوە، ئەوانەن کە لە هەردوو سیستمی نازی و فاشیدا جیبەجێ کراوە، کە لەسەر هزرێک بونیاد نراون کە بەرژەوەندیی دەوڵەت دەخاتە پێش هەر بەرژەوەندییەکی تاکەکەسییەوە و دەسەڵاتێکی ڕەهای واش بە دەوڵەت دەدات کە بتوانێت ئامانجە نەوەییە باڵاکان بەدی بهێنێت. جێبەجێکردنەکانی فەلسەفەی دەسەڵاتگەراییش لە سیستمە دکتاتۆرییەکاندا بە هەمان شێوە، ئەو سیستمانەی کە ئامرازی ڕاگەیاندن تەنها بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەستەی فەرمانڕەوا بەکار دەهێنن، بە بەهانەی ئەوەی کە ڕاستی تەنها لای ئەوانە و بۆ گەیاندنی ئەو ڕاستییە بە جەماوەر، هەر دەبێت ئەوان کۆنترۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بکەن، ئەمە و چەندین بەهانەی تر کە هیچ پاڵپشتێکیان لە ڕشتە هزرییە دەستەجەمعییەکاندا نییە. هەروەها ناتوانین بڵێین تیۆری شۆڕشگەرایی ڕەنگدانەوەی هزری دەستەجەمعییە، چونکە ئەو تیۆرە هەروەک چۆن دەکرێت لەو سیستمانەدا جێبەجێ بکرێت کە لەسەر هزری دەستەجەمعی بەرپا کراون، بە هەمان شێوە دەتوانرێت لەو سیستمانەشدا جێبەجێ بکرێت کە لەسەر هزری تاکەکەسی بونیاد نراون.

پاری دووەم: ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن
کە ئەم تۆڕەینەوەیە تاووتوێیان دەکات

داخوازی یەکەم: دوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاد

یەکەم: فەلسەفەی لیبرالیزم

بەو پێیەی فەلسەفەی لیبرالیزم سروشتی مرۆیی بە سروشتێکی ئاشتیخواز دادەنێت و حەقیقەتیش دەرگای بۆ هەموو کەس والآیە و دەتوانێت پێی بگات، بۆیە بانگەشەی ئەوەی کرد کە پێویستە ئازادی بۆ هەموو کەسێک فەراهەم بکرێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لەو شتە بکات کە بەڕاستی دەیبینێت و خاوەندرێتیی ئەو ئامرازانە بکات کە بەپێویستی دەزانێت بۆ گەیاندنی تێڕوانینی خۆی بۆ حەقیقەت بە خەڵکی، تا بتوانرێت سوودی لێ ببینرێت.

چەند پەرەسەندنێک بۆ لەدایکبوونی فەلسەفەی لیبرالیزم لە ڕەحمی فەلسەفەی دەسەڵاتگەرایی ڕاگەیاندن سەریان کێشا، ئەو فەلسەفەیەی تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم لە زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپیدا باو بوو، هەر بۆیە ئەو کۆزمۆلۆژیا عەلمانییەی کە لە سایەیدا فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی لیبرالیزم دروست بوو، تایبەتمەندییەکانی تا نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە تەواو نەبوون، چونکە هەر لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمەوە تا ئەو کاتە بە سەدە ڕاگوزەرەکان هەژمار دەکرێن، لەبەر ئەوەی بزاڤە مرۆیی و پرۆتستانتی و عەقڵگەراییەکان لەو ماوە ڕاگوزەرەدا کاریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی دیدی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ جیهان و ڕەگەزەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی دیدی مۆدێرن جێگەی بگرێتەوە[1].

داڕێژەرانی تیۆری کۆمەڵایەتیی لیبرالیزم؛ جۆن لۆک، مۆنتسکیۆ، ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر دیدرۆ... هتد، ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆیان لە بونیادنانی فەلسەفەی لیبرالیزم بۆ ڕاگەیاندن گێڕاوە، ئەمە لە کاتێکدا کە هەندێک لە نووسەر و بیرمەندان ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان تێیدا هەبووە، دیارترینیان: بیرمەند و شاعیری بەریتانی، جۆن ملتۆن، هەردوو دادوەر مانسفیلد و بلاکستۆن، کامدن تۆماس ئیرسکین، تۆماس جیفەرسۆن و فەیلەسووف جۆن ستیوارت میل.

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

ئەو بنچینەیەی کە ئازادیی ڕادەربڕین پشتی پێ بەستووە –کە پایەی بنەڕەتیی فەلسەفەی لیبرالیزمە بۆ ڕاگەیاندن– بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە. لە قۆناغی یەکەمدا پاڵپشتێکی ئایینیی هەبوو، لە قۆناغی دووەمدا بنچینەیەکی سروشتی و دواجاریش بوو بە بنچینەی سوودگەرایی.

١. بنچینەی ئایینی: ئازادیی ڕادەربڕین لای ملتۆن و هاوسەردەمەکانی بنچینەیەکی ئایینیی هەبوو، ئەو، کە کتێبێکی بە ناوی «ئەرەوپاجیتکا»[١] لە ساڵی ١٦٤٤ نووسی، بەرگری لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری کرد، چونکە پێی وا بوو خواوەند پاکە و دەیەوێت خەڵکی ڕۆژنامەی ئازادیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن ڕاستی بدۆزنەوە[٢].

٢. بنچینەی سروشتی: لە ئەنجامی وازهێنان لە هزری ئایینی و جێگرتنەوەی بە دیدی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و پشتبەست بەو بنەمایە، ئازادیی ڕادەربڕین، وەک هەموو ئەو مافە سروشتییانەی تر کە بە سروشتی مرۆڤەوە بەستراون، بە یەکێک لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤ دانرا.

لەگەڵ ئەوەشدا لیبرالییەکان چەمکی ئازادییان فراوان کرد، پێشتر ملتۆن بڕوای وا بوو کە تەنها بریتییە لە ڕزگاربوون لە مۆڵەتی حکومی، بەڵام لیبرالییەکان بڕوایان وا بوو کە ئازادی بریتییە لە ڕێگریکردن لە دەستتێوەردانی حکومی بە هەموو جۆرەکانیەوە و ڕادەربڕین جیاوازی لە هەموو پرسە سەرەکییەکان و تەنانەت شێوازی فەرمانڕەواییش دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتیش بکەوێتە مەترسییەوە. هەروەها ملتۆن لەگەڵ ئەوە بوو کە کۆتوبەند لەسەر هەندێک بابەتی وەکوو ئیلحاد و سووکایەتیکردن بە خودا و پیرۆزییەکانی دابنرێت، بەڵام لیبرالییەکان بەنزیکەیی ڕێگەیان بە بڵاوکردنەوەی هەموو شتێک دا، لەگەڵ ئەوەی بڕیاریان لە هەندێک یاسای تایبەت بە ئاژاوە و توندوتیژی و سووکایەتی دابوو.

لە لایەکی ترەوە دیدیان بۆ حەقیقەت لە ملتۆن جیاواز بوو، حەقیقەت لای ملتۆن ئیرادەی خوای خاوێن بوو، بەڵام لای ئەوان بریتی بوو لە دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی کە ئەم گەردوونە پێکەوە هەماهەنگە بەڕێوە دەبەن[٣].

---

(1) J Milton,Areopagitica, Edited by G. H. Sabine (New York: Appleton –Century – Crofts, 1951).

(٢) بڕوانە: F.S. Siebert, T. Peterson and W.Schramm, op. cit., p. 44-45.
– ولیام ل. ریفرز وآخرون، وسائل الإعلام والمجتمع الحدیث، ترجمة: إبراهیم إمام، (القاهرة: دار المعرفة، ١٩٧٥)، ص٩٤-٩٧.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢-١٠٣.

بنچینەی سوودگەرایی

پەرەسەندنی سێیەمی پایەی ئازادیی ڕادەربڕین لەسەر دەستی سوودگەراکان و لە سەروویانەوە «جۆن ستیوارت میل» بوو[1]، کە بڕوای وا بوو بنچینەی ئازادیی ڕادەربڕین ئەوەیە کە شتێکی بەسوودە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە.

- بۆ ئەمەش چوار بەڵگەی گەورەی هەبوو:

یەکەم: کپکردنی ڕایەک شاردنەوەی ڕاستییەکە. دووەم: ڕەنگە ڕای هەڵە لە ناوەڕۆکیدا بەشێکی لە ڕاستی لەخۆ بگرێت، هەر چەندە بچووکیش بێت، بۆیە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی تەواو پێویستە بزانرێت. سێیەم: تەنانەت ئەگەر ڕای وەرگیراو هەموو ڕاستییەکە بێت، خەڵکی لەسەر بنەمای ئاوەزی پێوەی پابەند نابن، بەڵکوو وەکوو لایەنداری، ئەمە ئەگەر ناچار نەکرێن بەرگریی لێ بکەن. چوارەم: ئەگەر ڕاوبۆچوونە باوەکان ماوە ماوە نەخرێنە بەرباس و گفتوگۆ، زیندوویەتی و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و ئاکار لەدەست دەدەن[2].

لە ڕاستیدا جێبەجێکردنی ئەم فەلسەفەیە زۆر کێشە و گرفتی بەدوای خۆیدا هێنا و نارێکی و کەموکورتییەکانی دەرخست، بۆ نموونە زۆر ڕۆژنامە –لە سایەی ئەم فەلسەفەیەدا– بوون بە مەترسی لەسەر ئاکاری گشتی و زیادبوونی فرۆش و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی تایبەتیی سەرمایەدارەکان نەک بەرژەوەندیی گشتی، بوون بەپێوەر بۆ بڕەوپێدانی.

دووەم: فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بەهیزترین پاڵنەر بۆ پووکانەوەی هەندێک وتەزای فەلسەفەی لیبرالیزم بۆ ڕاگەیاندن، ئەو گۆڕانکارییە بوو کە بەسەر فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی لیبرالیزمدا هات، کە دواتر باڵیشی بەسەر فەلسەفەی ڕاگەیاندندا وەک بەشێکی سەرەکی کێشا. هۆکاری سەرەکییش بۆ ئەم گۆڕانکارییە بریتی بوو لە دەرکەوتنی تیۆرگەلێکی زانستیی نوێ کە بنچینەکانی ئەو فەلسەفەیەی لەرزاند. ئەوەتا بیرۆکەکانی پەرەسەندن و فیزیای نوێ و دیدی نیوتن بۆ گەردوون، وەک سیستمێکی هەمیشەیی

---

(١) ئەوە دەرئەنجامی هێرشکرن بوو بۆ سەر یاسای سروشتی و ئەو مافە سروشتییانەی کە لەسەریان بونیاد نرابوو لەلایەن هەندێک فەیلەسووفەوە، بەتایبەت «دەیڤد هیۆم»، کاتێکیش «بنتام»ی مامۆستای «میل» وتی سوود بنچینەی هەموو مافە مرۆییەکانە، «میل» ئەو بنچینەیەی وەک پایەی سەرەکیی ئازادیی ڕا بەکار هێنا.

(٢) بڕوانە: جون ستیوارت مل، فی الحریة، ترجمة: طه السباعی، ط١، (القاهرة: مطبعة الأدب، ١٩٢٢)، ص١٣٤-١٣٥.

نەگۆڕ، کاریگەرییان دروست کرد، هەروەک چۆن دەروونزانیی نوێ، بەتیۆریەکەی فرۆید و قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی، ئاوەزگەرایی (العقلانية)یان گەمارۆ دا، ئەو ئاوەزگەراییەی یەکێک بوو لە گرنگترین بنەماکانی لیبرالیزم. لە لایەکی ترەوە زانستە سیاسییە هاوچەرخەکان هێرشیان کردە سەر نەریتەکانی یاسای سروشتی و ئەو مافە سروشتییانەشی سەرچاوەیان لێوە دەگرن، هەروەها ئابووریناس و کۆمەڵناسانیش کاتێک پێداچوونەوەیان بە تاکگەراییدا لە هزری لیبرالیزمدا کرد، گومانیان لە بارەی بوونی بازاڕی ئازادی کراوە (بۆ شمەک و هزر) وروژاند[1]، هەروەها بنەمای بازاڕی کلاسیکی (لێی گەڕێ کار بکات، لێی گەڕێ بڕوات)، لەلایەن زۆرینەی ئابووریناسە هاوچەرخەکانەوە ڕەت کرایەوە، بەڵکوو لە بواری جێبەجێکردنیشدا بەنزیکەیی زۆرینەی نەتەوە پیشەسازییەکان ڕەتیان کردەوە[2].

دەتوانین بڵێین ئەو بیرە نوێیانە وایان کرد فەلسەفەی لیبرالیی کلاسیکی چاو بە گریمانە بنچینەییەکانی، لەمەڕ دیدی بۆ سروشتی مرۆڤ، بخشێنێتەوە، پاشان چاو بەو شتانەدا بگێڕێتەوەکە پەیوەستن بە سروشتی دەوڵەتەوە، کە لەگەڵ سروشتی مرۆییدا هاوتایە، هەروەها باشترین شێوەی پەیوەندی لە نێوانیاندا لە سایەی تێگەیشتنی نوێ بۆ ئەو سروشتە. دواجاریش چاوگێڕانەوەی لیبرالیزم بە سروشتی مەعریفە یان حەقیقەتدا و ئاستی پاکی و بێگەردی تاک لە بەدواداچوونیدا و ئەو هۆکارانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەیشتن بەو مەعریفەیە.

شانبەشانی ئەو گۆڕانکارییانە لە گریمانە سەرەکییەکانی فەلسەفەی لیبرالیزمدا –کە بێگومان دواتر گواستراندەوە بۆ فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیزم– چەندین هۆکاری تر هەبوون، کە پێکەوە وایان کرد گۆڕانکاری لە فەلسەفەی ڕاگەیاندندا ببێت بە کارێکی پێویست، دیارترینی ئەو فاکتەرانە بریتی بوون لە:

– زیادبوونی هێزی کاریگەریی ڕۆژنامەگەری، لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاوە،

– دەرکەوتنی ئامرازی ڕاگەیاندنی نوێ، وەک ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما، کە پێویستیان بە دیسپلینی زیاتر هەبوو[3]،

---

(١) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠–١١١.

(2) J. W. Jensen “Toward a Solution of the Problem of Freedom of the Press “Journalism Quarterly, 27 (fall 1950) p. 405–406.

(3) F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 77.

– پەرەسەندنی گەورە لە شێوازی ڕیکلامدا، کە توانای خراپبەکارهێنانی جەماوەر و تەحەکومپێوەکردنی ئاسانتر کرد.

– دەرکەوتنی شێوازی نووسینی نوێ و گۆڕانی کاریگەریی ڕۆژنامەگەری لە «ڕا»وە بۆ هەواڵ.

ئەم پەرەسەندنانە کاریگەریی لادانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیان زیاتر کرد، تا وای لێ هات دانانی دیسپلین و ڕێساگەلێک بۆ سنووربەندیی کارەکەیان ببێت بە پێویستی. بۆیە یەکەمین دەستپێشخەرییەکان لەو بارەیەوە لە ناوخۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بوو لە ڕێگەی دروستکردنی یەکێتییە پیشەییەکان و دانانی دیسپلین بۆ کاری ڕۆژنامەگەری لە ڕێگەی کارنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەری و پێڕەوی کاری ئێزگەی سینەماییەوە. ئەوە وێڕای نووسینی ڕۆژنامەنووسان و بەستنی چەندین کۆنفرانسی جیاوازی تایبەت بەو بوارە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە کاریگەرییان هەبوو بۆ گەیشتن بە هزرێکی نوێی ڕاگەیاندن، ئەم هزرە تا ساڵی ١٩٤٧ لە فۆرمی فەلسەفەیەکی نوێ و تەواوکاری ڕۆژنامەگەریدا ڕێک نەخرا، کە تێیدا ڕاپۆرتی «لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری» بە سەرۆکایەتیی «ڕۆبەرت هتشنز» دەرکرا، هەروەها تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کتێبێکدا، بە ناونیشانی «ڕۆژنامەیەکی ئازاد و بەرپرسیار»، داڕێژرا[1]، ئەمە وێڕای توێژینەوەیەکی تری «ولیەم هۆکینگ» بە ناونیشانی «ئازادیی ڕۆژنامەگەری: چوارچێوەی پرەنسیپ»[2].

لە ڕاستیدا ڕاپۆرتی لیژنەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن زۆرینەی زۆری ڕۆژنامەکانەوە هێرشی کرایە سەر و سەرکۆنە کرا، بەڵکوو هەندێک نووسەر و بڵاوکار سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە وتیان نووسراوێکی فەرمیی کۆتوبەندەکانی حکومەتە لەسەر ڕۆژنامەگەری[3].

ئینگلیزەکانیش دەستیان بە دامەزراندنی فەلسەفەیەکی نوێ کرد، ئەویش

(1) Commission on Freedom of the Press, A Free and Responsible Press, (Chicago: University of Chicago Press, 1947).

(2) W. E. Hoking,Freedom of the Press: A Framework of Principle, (Chicago: University of Chicago, 1947).

(٣) أيلى بيل، العودة إلى هتشستر: خمسة وثلاثون عاما على نظرية المسئولية الاجتماعية، فى، روبرت شمول (محرر) مسئوليات الصحافة، ترجمة: ألفرد عصفور، (عمان: مركز الكتب الأردنى، ١٩٩٠)، ص٤٩–٥٠.

لە ڕێگەی چەند ڕاپۆرتێکەوە کە «لیژنەی شاهانەی بەریتانی بۆ کاروباری ڕۆژنامەگەری» ئامادەی کردبوون، هەر ئەم بەشداریانەش وایان کردووە تۆڕی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەریکی و ئینگلیزەکان بەشداریان لە دارشتنی وتەزاکانیدا کردووە، بە «تیۆری ئەنگلۆئەمەریکی» ناوزەند بکرێت[1].

ئەم فەلسەفەیە لەلایەن زۆرینەی ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندندا کاریان دەکرد، ڕەت کرایەوە، بەڵام لەلایەن ئەکادیمییە ڕۆژئاوایی و عەرەبەکانیشەوە پێشوازیی گەورەی لێ کرا. لەبەر ئەوەی ئەم فەلسەفەیە نوێترین بەرهەمی هزری ڕۆژئاوایی پۆزەتیڤیزمە لە بواری فەلسەفەی ڕاگەیاندندا، شتێکی ئاساییە کە ببێتە قەبوولکراوترین فەلسەفە لەلایەن هەندێک لەو توێژەرە عەرەبانەی بەدوای هەر شتێکی نوێی ڕۆژئاوادا وێڵن و هەڵپەی بۆ دەکەن، تەنانەت هەندێکیان کە لە نووسینەکانیاندا تەبەنیکردنی هزری ئیسلامی دیارە، داوای ئەوە دەکەن کە ئەو فەلسەفەیە وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوا جێبەجێ کراوە لە وڵاتانی موسوڵمانانیش جێبەجێ بکرێت.

(١) عبد اللطيف حمزة، الإعلام له تأريخه ومذاهبه، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٦٥)، ص١٣٥.
- F. S. Siebert, T. Peterson and, W. Schramm, op. cit., p. 75.

داخوازی دووەم: دوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو

یەکەم: فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی

زۆر ڕەوتی هزری سۆشیالیستی هەیە[١]، بەڵام گرنگترین ڕەوتە هاوچەرخەکانی خۆیان لە دوو ڕەوتی سەرەکیدا دەنوێنن، ئەوانیش سۆشیالیزمی زانستی و سۆشیالیزمی دیموکراسین[٢].

ڕەوتی یەکەم: سۆشیالیزمی زانستی، کە بریتییە لە سۆشیالیزمی مارکس و ئەنگلس.

ڕەوتی دووەم: سۆشیالیزمی دیموکراسی، بە سۆشیالیزمی چاکسازیخوازیش ناو دەبرێت، چونکە بانگەشەی چاکسازی لە کۆمەڵگە هەنگاونان لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەسەندنەکانیدا بە ئامرازی ئاشتییانە دەکات، هەروەها بە سۆشیالیزمی مرۆیی و سۆشیالیزمی دیموکراسییش ناوزەند دەکرێت[٣].

لەبەر ئەوەی سۆشیالیزمی دیموکراسی لە کاتی جێبەجێکردنیدا لە دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤی پرەنسیپەکانی سۆشیالیزمی زانستی (مارکسی) فەرامۆش کرد و ئایدیۆلۆژیەت و فەلسەفەکەی جیاواز بوو لەو پرەنسیپانەی مارکس بانگەشەی بۆ دەکرد[٤]، بیرمەندە سۆشیالیستەکان لە بازنەی سۆشیالیزم دەریاندەکرد و دەیانخستە بازنەی سەرمایەدارییەوە، هەر چەندە شێوەی سووکە سەرمایەدارییەکی

---

(١) ئەوەتا سۆشیالیزمی خەیاڵی و سۆشیالیزمی هاریکارییانە و سۆشیالیزمی مەسیحی و سۆشیالیزمی بۆرژوازیی بچووک و سۆشیالیزمی پارێزگاری بۆرژوازی و سۆشیالیزمی دەوڵەت و سۆشیالیزمی دیموکراسی و سۆشیالیزمی مارکسی، یان زانستی، یان شیوعی هەیە. بڕوانە: رفعت المحجوب، الاشتراكية، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦٨)، ص١٧٨-١٨٠.

(٢) صبحی عبده سعید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دیموکراسیی سۆشیالیستی، بڕوانە:
- سەرچاوەی پێشوو، ل١١-١٢.
- هالة أبو بكر سعودی، «الحرية فی فكر الاشتراكية الديمقراطية» فی بطرس غالی (محرر)، دراسات مقارنة فی الاشتراكية الديمقراطية، (القاهرة: مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية بالأهرام، ١٩٨٠)، ص٩٥ وما بعدها.

(٤) بڕوانە: فايزة حسن شمس، النمو الاشتراكی والاشتراكية العربية، بدون ناشر، ١٩٦٤، ص٢٥-٢٦.
- گرنگترین ڕووەکانی جیاوازیی نێوان سۆشیالیزمی دیموکراسی و سۆشیالیزمی مارکسی خۆیان لەم سێ خاڵەدا دەبینێتەوە:
- سروشتی چینگەرایی دەوڵەت،
- بەکارهێنانی توندوتیژی لە هێنانەکایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا،
- دیدی سۆشیالیزمی دیموکراسی بۆ هۆکارە واتاییەکان و گەشەی هۆشیاریی ئەخلاقی و بڵاوبوونەوەی وەک ڕێگەیەک بۆ قەبوولکردنی ژیانی سیاسی لە سایەی سەرمایەداریدا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: هالة أبو بكر سعودی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

وەرگرتبوو[1]، هەر ئەمە بەسە بۆ ئەوەی پاڵ بە توێژەرەوە بنێت بۆ دوورخستنەوەی سۆشیالیزمی دیموکراسی لە بواری توێژینەوەکە و کورتهەڵهێنانی لە جۆری دووەمی سۆشیالیزمە هاوچەرخەکاندا، کە «سۆشیالیستی زانستی»یە[2]، کە توێژەر پێی وایە ئەو جۆرەیان شیاوی نوێنەرایەتیکردنی هزری سۆشیالیزمی هاوچەرخە، کە توێژەر هەوڵ دەدات توێژینەوە لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی بکات، ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارە تیۆری و کردارییانەی خوارەوە:

یەکەم: هۆکارە تیۆرییەکان

سۆشیالیزمی زانستی، لە بابەتە هزرییە سەرەکییەکاندا، لەگەڵ هەموو هزرە سۆشیالیستییەکاندا یەک دەگرێتەوە، بەڵام بە چەند تایبەتمەندییەک لە هزرە سۆشیالیستییەکانی تر جیا دەکرێتەوە:

- جیاوازیی نێوان سۆشیالیزمی زانستی و جۆرەکانی تری سۆشیالیزم، جگە لە سۆشیالیزمی دیموکراسی، جیاوازییە لە ئامرازەکاندا، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا جێبەجێ دەکرێت بگونجێت، بەڵام ناوەرۆکەکەی کە لەسەر زاڵێتیی کەرتی بەرهەمهێنان بەسەر هەموو سیستمە

(١) بۆ نموونە وێناکردنی «عیزەدین فۆدە» بۆ ئەو سیستمانەی کە لە دەوڵەتە ئەسکەندەناڤییەکان هەیە، بەوەی سیستمگەلێکی سەرمایەدارین، ئەندازەیەک لە خاوەندارێتیی هاریکاریمەندییان تێدایە، کە لە کێڵگەگەلێکی سەرمایەداری یان ڕێکخراوگەلێکی ئابووریی سەرمایەداری تێناپەڕێت، کە هەر لە بنەڕەتەوە کار بە بازرگانی دەکەن، کە کاریگەریی لەسەر سروشتی خاوەندارێتیی تایبەت بۆ زەوی دروست ناکات، مادام ڕۆڵە بنچینەییەکەی بریتییە پاڵپشتیکردنی پەرەدان بە ئابووریی دەوڵەمەندی جووتیار. هەروەها لەبەر ئەوەی بەگشتی چەقی قورسایی لە چالاکیی کشوکاڵی و ئابووریدا لەو وڵاتانە بریتییە لە جووتیار و ئەو پڕۆژانەی کە خاوەندارێتیی تایبەتیان هەیە.
- عز الدين فودة، خلاصة الفكر الاشتراكي، (القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٦٩)، ص٢٤٥-٢٤٦.

(٢) سۆشیالیستی زانستی: ئەو گوزارشتەیە کە مارکس بۆ دەلالەتکردن لە قۆناغی یەکەمی قۆناغەکانی کۆمەڵگەی شیوعی بەکاری هێناوە، هەر لە مارکسیشەوە مارکسییەکان وشەی سۆشیالیستیان بەو واتایە بەکار هێناوە، دواتر «لینین»یش هەر ئەو گوزارەیەی لە نووسینەکانیدا بەکار هێنا. لەگەڵ بڵاویی بەکارهێنانیدا جیاوازی لەنێوان سۆشیالیزم و شیوعیەتدا دەرکەوت، هەرچەند جیاوازیی نێوانیان –لە هزری مارکسیدا– لە جیاوازیی نێوان دوو قۆناغ لە قۆناغەکانی یەک کۆمەڵگە زیاتر شتێکی تر نییە، کە کۆمەڵگەی شیوعییە، واتە جیاوازییەکە تەنها لە پلەدایە، ئەمەش ڕێگە دەدات کە هەردوو گوزارەکە لە ئەدەبی مارکسیدا بە یەک واتا بەکار بێن. بڕوانە: رفعت المحجوب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.
- مەبەست لە وشەی «زانستی» ئەوەیە کە سۆشیالیزمێکی خەیاڵی یان یۆتۆپی (utopian) نییە، لەسەر شێوەی سۆشیالیزمەکەی نووسەری ئینگلیزی، «ڕۆبەرت ئۆوین» (١٧٧١–١٨٥٨)، کە هێڵە گشتییەکانی بە خەیاڵ چنرابوون، بەڵکوو سۆشیالیزمێکە ئەنجامەکانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی توێژینەوەی زانستیی ڕێکخراوەوە بەرهەم هاتوون، بۆیە لە دیدی شوێنکەوتووانیەوە زانستییە و هیچ ڕێگەیەک بۆ گومانلێکردنی نییە. بڕوانە: عبد الفتاح العدوى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

سیاسی و یاساییەکانی تردا وەستاوە و هەر ئەویش ئاڕاستەی دەکات و ڕەنگی پێ دەبەخشێت، ئا ئەو ناوەرۆکە هەموو سۆشیالیستەکان لەسەری کۆکن.

– هەروەها لە کۆی هەموو جێبەجێکردنانەی بۆ سۆشیالیزم هەن، سۆشیالیستێک لەم سەردەمەدا نابینیت دڵسۆز نەبێت بۆ باوکی سۆشیالیزمی زانستیی «مارکس» و «ئەنگلس»ی هاوڕێی[1].

– هەر چی ئەو هۆکارانەشن کە لە هزرە سۆشیالیستییەکانی پێش خۆی جیای دەکەنەوە، لەوەدا خۆیان دەبیننەوە کە ئەو جۆرە سۆشیالیزمە لەسەر دەستی مارکس کۆتایی بەو نەخەملێوییە هێنا کە لە هزری سۆشیالیزمدا هەبوو[2]، چونکە لە ڕێگەی دۆزینەوەی ئەو یاسایانەوەی کە بڕیار لە پەرەسەندن دەدەن، سۆشیالیزمی کرد بە زانستێکی خاوەن بنچینە و ڕێبازی تۆژینەوە، هەروەها کردی بە سیستمێک کە لە پێکهاتەکەی خۆیدا ملکەچی شیکاری زانستی ببێت نەک تەنها وێناکردن[3] –ئەمە لە دیدی سۆشیالیستەکاندا– بەمەش ئەو جۆرە سۆشیالیزمە بە باشترین تیۆر دادەنرێت لە ڕوونکردنەوەی زاڵێتیی سیستمی کۆمەڵایەتی بەسەر کۆی سیستمەکانی دەوڵەتدا و بەسەر ئازادییەکاندا[4]، هەروەها –لە دیدی ئەوانەوە– گشتگیرترین و تەواوکارترین و زانستیترینی تیۆرە سۆشیالیستییەکانە[5].

دووەم: هۆکارە کردارییەکان

لەگەڵ ئەوەی سۆشیالیزمی زانستی لە ناوجەرگەی ماڵی خۆیدا (یەکێتیی سۆڤیەت) و لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات هەرەسی هێنا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم هزرە هیچ بوونێکی جێبەجێکاریی نەماوە، یاخود ئیدی هیچ بیرمەندێک نەماوە هەڵگری بێت و بانگەشەی بۆ بکات، بەڵکوو تا ئێستاش چەند حاڵەتکی هەیە لە بواری جێبەجێکردندا، هەر چەندە لە هەندێک ڕووەوە لە ئەزموونی سۆڤیەتی جیاوازن، بەڵام لەچوارچێوە گشتییەکەیدا هزری مارکسی–لینینییان هەڵبژاردووە، دیاترینیان لە چین و کۆریای باکوور و کوبادا بەرجەستە دەبن، هەروەها تا

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

(٢) بڕوانە: جوزیف شومپیتر، الرأسمالیة والاشتراکیة والدیمقراطیة، (ترجمة) خیری حماد، سلسلة اخترنا لک، عدد ١٨١، الجزء الثانی، (القاهرة: الدار القومیة للطباعة والنشر، ب ت)، ص١٠٥–١١٣.

(٣) رفعت المحجوب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(٤) محمد عصفور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٥) هالة أبو بکر سعودی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

ئێستاش چەندین پارتی شیوعیی بەهێز لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا هەن، گرنگترینیان: پارتی شیوعیی سۆڤیەتی، پارتی شیوعیی ئیتاڵی، پارتی شیوعیی فەرەنسی و... هتد.

ئەوە پەیوەندیی بە ئاستی ئامادەیی سۆشیالیزمی زانستییەوە لە کەتواردا هەبوو، بۆ ئەوەشی کە پەیوەستە بە تەبەنیکردنی تیۆرییانەی مارکسیەتەوە، تا ئێستاش هزرمەندە سۆشیالیستییەکان وای دەبینن کە تا ئێستاش شیاوی جێبەجێکردنە و شکستهێنانی جێبەجێکردنیشی لە یەکێتیی سۆڤیەتیی جاران و ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بە هۆی کەموکووڕییەوە بوو لە جێبەجێکردندا، نەک ناڕێکی لە هزردا[1]. بەڵکوو هەندێک لە هزرمەندە سۆشیالیستەکان ئەزموونی سۆڤیەتیشیان و مۆدێلێکی تەواوی سۆشیالیزم قەبوڵ نەبوو، تەنانەت لەو لوتکەی گەشەسەندنیشیدا[2].

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە: بحوث الندوة العالمية التى نظمتها جامعة السوربون حول الماركسية ومصيرها بعد زوال الأنظمة الشيوعية بشرق أوروبا فى الفترة من ١٧ إلى ١٩ مايو ١٩٩٠، وترجمها وائل غالى وجمعها فى كتاب تحت عنوانه نهاية الشيوعية – حالية الماركسية، نشرته الهيئة المصرية العامة للكتاب عام ١٩٩٤.
لەم کۆڕبەندەدا بڕوانە ئەم تۆێژینەوانە:
– جاک تیکسیە (بعض المواعيد العاجلة مع طائر الليل): کە پێی وایە ئەو مۆدێلە کۆمەڵایەتییەی لە یەکێتیی سۆڤیەتیدا بەدی هات و بۆ دیموکراسییە میللییەکان هەنارد کرا و لە چین پەیڕەو کرا، بە پێی واتای مارکسییانەی وشەکە ناکرێت بە کۆمەڵگە شیوعییەکان ناوزەند بکرێن. ل٧٢.
– لوسیان سیف (مشكلة الأفق): بڕوای وایە ئەو گەردەلوولەی کە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی گرتەوە، نەیتوانی ئەو شیوعییەتە لەناو ببات کە بە کرداری جێبەجێ کرابوو، ل١٤٢.
– فولف جانج هاوج (العودة إلى الماركسية البسيطة): بڕوای وایە کە ڕووخانی دیواری بەرلین واتە «ڕزگاربوونی مارکسیزم» و سەرلەنوێ ئامادەبوونەوەی هزری مارکس بۆ کۆمەڵگە، هەر ئەمەش توانای ئەم ساتەوەختە لە مێژوو دیاری دەکات، ص٢٢١.
هەروەها بڕوانە: – روبن بلا كيورن (ماذا بعد الأنهيار)، ل١٦٩–١٧٠.
هەروەها بڕوانە:
– جاک جولیار، – على ضوء الثقافة المفقودة، ل١٣٢،
– نيقولا بداتونى، كارثة أم نهاية ثورة تأريخية، ل١٠٢.
– هەروەها بڕوانە ئەوەی کە ئیسماعیل سەبری عەبدوڵڵا باسی کردووە، کە دەڵێت ئەو هەرەسەی لە یەکێتیی سۆڤیەتی و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا ڕووی دا، واتای ڕووخانی مۆدێلی سۆشیالیزم نییە، چونکە ئەوەی کەوت، بەدیاریکراوی ئەوە بوو کە لە یەکێتیی سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕووی دا.
– إسماعيل صبرى عبد الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

(٢) جوزيف شومبيتر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەم، ل٢٩٣.

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی

بنچینەی تیۆریی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی لە کەلەپووری مارکسی-لینینییەوە سەرچاوەی گرتووە[١]، هەر چەندە مارکس لە نووسینەکانیدا بەکەمی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری داوە، بەڵام ئەو سەربارانەی کە لینین لە میانەی ئەزموونی سۆڤیەتییەوە پێشکەشی کردوون، هاوکار بوون بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی تیۆریی گشتی بۆ ڕۆژنامەگەریی سۆشیالیستی[٢]. بەگشتی دەتوانرێت بوترێت ئەو بنچینانەی کە لینین بۆ سیستمی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی داینا، بەو مۆدێلە دادەنرێت کە کۆی سیستمە سۆشیالیستییەکانی ڕاگەیاندنیان لەسەر بونیاد نرا[٣]، لە هەمان کاتدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە جیهانی سۆشیالیستیی ناسۆڤیەتیدا بە جۆرێک لە جۆرەکان دڵسۆز بوون بۆ ئەو مۆدێلە لینینییە لە ڕووی تیۆرییەوە، جا با لە هەندێک ڕووەوە، لە ڕووی پراکتیکییەوە لە مۆدێلە سۆڤیەتییەکە لاشیان دابێت[٤]، ئەویش بە هۆی جیاوازیی جێبەجێکردنی هزری سۆشیالیستی بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دی، وەک دەرئەنجامێکی سروشتی جیاوازی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵگەیی نێوان وڵاتان.

لەمانەی پێشووەوە ڕوون دەبێتەوە کە سۆشیالیزمی زانستی باشترین نوێنەرە بۆ هزری دەستەجەمعی لەناو گشت سۆشیالیزمە هاوچەرخەکاندا، کە بە باڵی بەرانبەری هزری تاکگەرایی دادەنرێت، کە هەردووکیشیان لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانییەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەمەش ئاستی گرنگیی تاووتوێکردنی تێژەر بۆ فەلسەفەی ڕاگەیاندن لە تیۆری سۆشیالیستیدا دەردەخات، بەو پێیەی ئەو تاووتوێکردنە ئەو دیدە گشتگیرە تەواو دەکات، کە تێژەر هەوڵی بەرجەستەکردنی

---

(١) لەو بارەیەوە بڕوانە: - D. McQuail, op. cit., p. 92.

- حمدی حسن، الوظیفة الإخباریة لوسائل الإعلام، (القاهرة: دار الفکر العربی، ١٩٨٩)، ص١٥٥.

- سلیمان جازع الشمری، الصحافة والقانون فی الوطن العربی، (القاهرة: الدار الدولیة للنشر والتوزیع، ١٩٩٣)، ص٧٠.

- عمارة نجیب، الإعلام فی ضوء الإسلام، (الریاض: مکتبة المعارف، ١٩٨٠)، ص٩٢.

(٢) عواطف عبد الرحمن، المدرسة الاشتراکیة فی الصحافة: الحقبة اللینینیة، ١٨٩٦-١٩٢٣، ط ٢، (القاهرة: مرکز البحوث العربیة، ١٩٨٨)، ص٧-١٠.

(٣) ریلا دین میلز، «التعلیم و الإقناع و تشکیل الرأی العام فی العالم الشیوعي» فی ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری (محرران)، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٥.

تایبەتمەندییەکانی دەدات، لەوەی کە پەیوەستە بەو وتانەی ڕاگەیاندنەوە، کە لە سایەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا پێشکەش دەکرێن.

تۆڕێڤر هزری مارکس و ئەنگلسی هاوڕێی دەکاتە سەرەتا بۆ تێگەیشتن لە بنچینەی هزریی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی، ئەمە وێڕای بیرۆکەکانی لینین لەوەی کە پەیوەستە بە وتەکانی ئەو فەلسەفەیە لەمەڕ ئازادیی ڕاگەیاندن و خاوەندرێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندان لە بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی سۆشیالیزم.

هەروەها تۆڕێڤر هەوڵ دەدات سوود لە ئەزموونی ڕاگەیاندنی سۆڤیەتی ببینێت، بۆ گەیشتنی زیاتر لە لێکەوتەکانی جێبەجێکردنی فەلسەفەی سۆشیالیزم لە بواری ڕاگەیاندنا لەو دەوڵەتانەدا، ئەمەش دەبێتە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی دروستی و نادروستیی ئەو فەلسەفەیە و گونجاویی جێبەجێکردنی لە کەتواردا.

دووەم: فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدان

لە پێشدا ئاماژەمان بەوەدا کە ئەو تێورە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمانەی کە وڵاتانی جیهانی سێ تەبەنییان کردووە[1]، بە زۆرینەی وڵاتە ئیسلامییەکانیشەوە –جیاوازییشی نییە ئایا تێورگەلێک بن کە مەیلیان بەلای لیبرالیزم، یان سۆشیالیزم، یان تێکەڵەی هەردووکیاندا بێت، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەیی و مێژوویی هەر وڵاتێکیاندا دەگونجێت–[2]، تێورگەلێکن لە بازنەی کۆزمۆلۆژیای

---

(١) لەگەڵ ئەوەی ئەو دەوڵەتانەی سەر بەر جیهانی سێیەمن، بەگشتی بارودۆخێکی ژیاریی جیاوازیان هەیە، کە ڕەنگدانەوەی جیاوازییانە لە ئاستی پەرەسەندنی سیاسی و تایبەتمەندییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ئابووریییەکانە، بەڵام ئەو دەوڵەتانە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی گشتیدا هاوبەشن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ پۆلێنکردنیان بۆ یەک گرووپ لەژێر ناوی «جیهانی سێیەم» یان «دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو»، لە دیارترینی ئەو تایبەتمەندییانە: دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پاشماوەی داگیرکاری، نەبوونی دابونەریتی ڕەگداکوتاو بۆ کاری سیاسی. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
– وحید عبد المجید، «الدیمقراطیة والأحزاب السیاسیة فی فکر الدیمقراطیة الاشتراکیة» فی بطرس غالی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠–١٣١.
– هەروەها بەوە بەراوردی بکە کە محەمەد سەید محەمەد، لەمەڕ ئەو تایبەتمەندییانەی جیهانی سێیەم تێیدا هاوبەشن، باسی کردووە:
– محمد سید محمد، المسئولیة الإعلامیة فی الإسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠–٢٣١.

(٢) سەبارەت بە کاریگەربوونی ئەو ئایدۆلۆژییە سیاسییانەی کە دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو پەیڕەویان کردووە بە بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵگەیی و کولتوورە لۆکاڵییەکان، بڕوانە:
– أحمد أبو زید، الدولة فی العالم الثالث: الرؤیة السوسیولوجیة، (القاهرة: دار الثقافة للنشر والتوزیع، ١٩٨٥)، ص١٨٣–١٩٠.

عەلمانیەتدا دەسووڕێنەوە[1]، هەریەکەشیان سەرەتایان لە بەڵگەنەویستەکانی خۆیانەوەیە و هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەدەن.

لەبەر ئەوەشی کە ئەو بارودۆخە کۆمەڵگەیی و مێژوویییەی کە ئەو وڵاتانە پێیدا تێدەپەڕن، ڕێگەیان پێ نادەن خەونی گەیشتنیان بەو ئامانجە بااڵیەنە هەبێت کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی ئێستا مژدەی پێ دەدات[2]، ئەو وڵاتانە هەنووکە ئامانجگەلێکیان هەیە کە تایبەتە بە قۆناغی ئێستایان، بەو ئومێدەی لە ئەگەری بەدیهاتنی ئەم ئامانجانەیاندا، هەنگاو بەرەو ئەو ئامانجە بااڵیانە بنێن کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مژدەی پێ دەدات. ئەو ئامانجەشی ئێستا دەوڵەتە تازەگەشەسەندووەکان (الدول النامية) بە ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانیانەوە هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن[3]، خۆی لە بەدیهێنانی بەرزترین ڕێژەی گەشەسەندن لە بواری ئابووری و کۆمەاڵیەتی و سیاسییەکاندا دەبینێتەوە، بەو شێوەیەی یارمەتییان بدات بگەن بە کاروانی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان. دەوڵەتە تازەگەشەسەندووەکان ئەوەش دەزانن کە ئەم خەونەیان

– هەروەها بەراوردی بکە لەگەڵ: محمد الإدريسی «الإعلام الذی نريده: مفهوما وفلسفة ودورا ومعاييرا» مجلة الإعلام العربی، عدد ٢ سنة (٣)، ديسمبر ١٩٨٣، ص٩١.

(١) دواتر تۆڕێڕەر بەدرێژی تاووتوێی ئەو باسە، لە پاری یەکەمی بەشی یەکەمدا، دەکات.

(٢) سەبارەت بەو واتایە محەمەد سابیر دەڵێت: «دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو لە سایەی ئەو بارودۆخەی کە هەیانە، ناتوانن قۆناغەکان بۆ گەیشتنەوە بە کاروانی ژیار هەڵگرووزێنن».

– محمد صابر، مقدمة لكتاب فرنسيس بال، وسائل الإعلام والدول النامية، (ترجمة) حسين العويدات، (تونس: المنظمة العربية للتربية والعلوم والثقافة، ١٩٨٢)، ص٥.

(٣) لەگەڵ جیاوازیی سۆنگە ئایدۆلۆژییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەاڵم –لەگەڵ جیاوازیی سۆنگەکانیان– دروشمی گەشەپێدانیان بەرز کردووەتەوە، ئەو پایە سەرەکییەشی کە زۆرینەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لە بااڵوکردنەوەی بیروباوەڕە ئایدۆلۆژییەکانیاندا وێناکردنیان بوو بۆ ئەو ئایدۆلۆژیەتەی کە پەیڕەویان دەکرد بەوەی کە «ئایدۆلۆژیەتی گەشەپێدان»ە، لەگەڵ بەڵێنی بەردەوام بە بەدیهێنانی پێشکەوتن و هەوڵی گەیشتنەوە بە کاروانی دەوڵەتانی پیشەسازیی ڕۆژئاوایی.

بڕوانە: أحمد زايد، هەمان سەرچاوە، ص١٨٧–١٨٨.

– هەروەها ئەو دەوڵەتانەی پەیڕەوی ئایدۆلۆژیەتی لیبراليزم دەکەن و ئاڕاستەیەکی سیاسی و ئابووریی نزیکتریان لە دەوڵەتانی سەرمایەدارییەوە گرتووەتە بەر، وێڕای دژایەتیکردنیان لە ڕووی هزری و سیاسییەوە بۆ سۆشیالیزم، پەنایان بۆ دروستکردنی کەرتی گشتی بردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت لە بەدیهێنانی گەشەپێدان لە جیهانی سێیەمدا. لەو بارەیەوە بڕوانە:

– إبراهيم سعد الدين عبد الله، دور الدولة فی النشاط الاقتصادی فی الوطن العربی: قضايا عامة ونظرة مستقبلية، مجلة المستقبل العربی عدد ٩، (بيروت: مركز دراسات الوحدة، ١٩٨٩)، ص٣١. هەروەها لەو بارەیەوە بڕوانە:

– حمدی عبد الرحمن حسن، «الأيديولوجية والتنمية فی أفريقيا، دراسة مقارنة لتجربتی كينيا وتنزانيا»، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٩٠)، ص٩١،

– إسماعيل صبری عبد الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

تەنها بەوە دێتە دی کە بە باشترین شێوە هەموو توانا و ئامرازەکانی بەردەستیان بخەنە گەڕ. بەو پێیەشی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو ئامرازانەن کە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان دەگێڕن، دەوڵەتە تازەگەشەسەندووەکان هەوڵیان داوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە سوودیان لێ وەربگرن. بۆیە ئەو ڕۆڵەی کە ئەو دەوڵەتانە خستیانە ئەستۆی ئەو ئامرازانە بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدان، بوو بەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەی کە لە سایەیدا ئەو فەلسەفەیە دروست بوو، کە بوو بە ڕێنیشاندەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو دەوڵەتانەدا.

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین «ئەگەر خاڵی سەرەتا و خەمی گەورەی تیۆریزەکردنی بواری ڕاگەیاندن لای ڕۆژئاوا بریتی بێت لە کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاک و ئازادییەکانیان و خەمەکانی دیموکراسی بەگشتی، ئەوا لای دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو بریتییە لەو ڕۆڵەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە باشکردنی ئاستی گوزەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاوڵاتییاندا دەتوانن بیگێڕن، واتە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی گشتگیردا[1].

ئەم ڕۆڵە مۆرکێکی تایبەتی بە فەلسەفەی ڕاگەیاندن لە دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوودا بەخشی، بە شێوەیەک کە لە فەلسەفەکانی تری ڕاگەیاندن جیاواز بێت. ئەمەش وای کرد تۆێژەرانی ڕاگەیاندن بە «فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەسەندن» یان «تیۆری ڕاگەیاندنی گەشەسەندن» ناوزەندی بکەن.

هەروەها ئەو تۆێژەرانەی بواری ڕاگەیاندن کە گرنگی بە جیهانی سێیەم دەدەن، هەوڵی دانانی دیدێکیان دا بۆ ئەو ڕۆڵەی کە دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانی پرۆسەی گەشەپێداندا بیگێڕن، ئەمەش لە سۆنگەی تێگەیشتنیان بۆ ئەو بارودۆخە کۆمەڵگەییەی ئەو دەوڵەتانە، کە تا ڕادەیەک لێکچوون، هەروەها لە سۆنگەی تایبەتمەندیی جەماوەر لەو وڵاتانە و سنووری ئەو ڕۆڵەی حکومەت لەو وڵاتانەدا لە بەدیهێنانی گەشەپێداندا دەیکات، ئەمە وێڕای ئاستی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە لە پەیوەندیی حکومەت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.

لێرەدا گرنگترینی ئاڕاستە تیۆریزەییەکانی پەیوەست بەو ڕۆڵەی کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی گەشەپێداندا بیگێڕن، دەخەینە ڕوو:

---

(١) عثمان بن محمد الأخضر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

- سەبارەت بە چەمکی گەشەپێدانی گشتگیر و ڕەهەندەکانی، بڕوانە:

- محمد منير حجاب، الإعلام والتنمية الشاملة، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ١٩٩٨)، ص٥٣-٨٠.

ئاڕاستە تیۆریزەییەکانی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەپێداندا

لەگەڵ دەستپێکردنی هەوڵە تیۆرییەکانی ڕۆژئاوا بە گرنگیدان بە گەشەپێدانی جیهانی سێیەم لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەو بۆچوون و تیۆرانەشی کە باسیان لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەسپێدانی کۆمەڵگە دەکرد، هاتنە مەیدان[١].

«لیرنەر» لەو کتێبەیدا کە لە ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە، باسی کردووە و[٢] بە دامەزرێنەری ئەو ئاڕاستەیە دادەنرێت. دواتر چەندین کتێبی تری گرنگی هەریەک لە «پای»[٣]، «شرام»[٤]، «ڕاو»[٥]، «ڕۆجەرز»[٦]و «شرام و لیرنەر»[٧]، لێرەدا دووان لە گرنگترین ئاڕاستەکانی تیۆرزەکردنی ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی گەشەپێداندا دەخەینە ڕوو، کە بریتین لە ئاڕاستەی قوتابخانەی نوێگەری (مدرسة التحديث) و قوتابخانەی پاشکۆیەتی (مدرسة التبعية).

ئاڕاستەی یەکەم: ئاڕاستەی قوتابخانەی نوێگەری

نووسینەکانی ئەم ئاڕاستەیە لە بازنەی تیۆری نوێگەریدا دەسووڕێنەوە[٨]، کە بڕوایان وایە گەشەپێدان لە جیهانی سێیەمدا دەکرێت لە ڕێگەی گواستنەوەی هزر و بەها ڕۆژئاواییەکان و لابردنی لەمپەرە کولتووریی کلاسیکییەکانی ئەو وڵاتانەوە ئەنجام بدرێت، ئەمەش وا دەکات ئەم جیهانە تازەگەشەسەندووە ببێتە

---

(١) أسكندر الديک، محمد مصطفى الأسعد، دور وسائل الاتصال والإعلام فى التنمية الشاملة، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٣)، ص٦٩.

(2) D. Lerner, The Passing of the Traditional Society: Modernizing the Middle East (New York: Macmillan, 1958).

(3) L.Pye, Communication and Political Development (Princeton: Princeton Press, 1963).

(4) W. Schramm, Mass Media and National Development (Stanford: Stanford University Press, 196).

(5) Y. V. Rao, Communication and Development: A. Study of TwoIndian Villages, (Minneo-polis: University of Minnesota Press, 1966).

(6) E. M. Rogerss and F. Shoemaker, Communication and Innovation (New York, Macmillan, 1969).

(7) D. Lerner, and W. Schramm, Communication and change in the Developing Countries (Honolulu: University of Hawii Press, 1967).

(٨) نوێگەری واتە «گواستنەوەی کولتووری ڕۆژئاوایی بۆ کۆمەڵگە دواکەوتوو یان کلاسیکییەکان، لە ڕێگەی پرۆسەی پیشەسازی و بەشارستانیکردن و لاساییکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری، هەروەها چەندین ئاڕاستە لەخۆ دەگرێت کە بەگشتی بە تیۆرەکانی بونیادگەرایی پۆزەتیڤیزمەوە پەیوەستن. بڕوانە: عبد الهادى محمد والى، التنمية الاجتماعية: مدخل لدراسة المفهومات الأساسية، (الأسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ب ت)، ص٧٢. هەروەها لە بارەی ئاڕاستەکانی تیۆری گەشەپێدان (نوێگەری)، بڕوانە: محمد منير حجاب، الإعلام والتنمية الشاملة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٤٣.

جیهانێکی نوێ، هەروەها لە سروشتیدا ببێتە ڕۆژئاوایی[١].

ئەو نووسینانەی کە بیردۆزیان بۆ ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی نوێگەریدا دادەڕشت، لە سەرەتادا گرنگییان بە لایەنە سایکۆلۆژییەکانی گەشەپێدان و ئەو ڕۆڵە دەدا کە دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی کەسایەتییەکی نوێدا بیکات، کە بتوانێت ڕۆڵی هاوسۆزیی وێژدانی (التقمص الوجدانی) لەو دەوڵەتانەدا بگێڕێت، بەو پێیەی دروستکردنی کەسایەتییەک کە هەڵگری تایبەتمەندیی نوێگەری بێت، بە کلیلی پرۆسەی گۆڕانکاری و نوێگەری هەژمار دەکرێت، ئەم گرنگییێدانە تا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو باو بوو، بەڵام دواتر گرنگی بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی گەشەپێدان درا. بۆیە تۆێژەران ئاماژەیان بەوە کرد کە پێویستە تەوەری ڕاستەقینەی گرنگییێدان بریتی بێت لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان یان بارودۆخی گشتیی کۆمەڵایەتی، کە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان بارودۆخێکی چەقبەستووە و ڕێگری لە تاکەکان دەکات کە هەڵی گونجاو بەدی بهێنن و توانای خۆیان لە بەرجەستەکردنی وێژدانییانەدا بسەلمێنن، هەروەها ڕێگری لە بەرجەستەبوونی ئەو تایبەتمەندییە کەسییە نوێگەرییانە دەکات کە تاکەکان بەدەستیان هێناوە[٢].

بەپوختی دەتوانین بڵێین هەموو ئەو نووسینانەی لە بازنەی تیۆری نوێگەریدا دەسوڕێنەوە، هەوڵیان داوە جەخت لەسەر ئەو ڕۆڵە بکەنەوە کە دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆشنبیرکردنی گەلانی تازەگەشەسەندوودا بیگێڕن، هەروەها بۆ شوێنپێکەوتنی هەمان ڕێگەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو هانیان بدەن، بەمەش ئەو دەوڵەتانە دەبنە نموونەگەلێکی باڵای جێی هیوا و خەونی دەوڵەتە هەژارەکان، هەروەها ڕۆڵی ڕاگەیاندن دەبێتە گواستنەوەی ئەو گەلانە لە شێوازێکی کلاسیکییەوە بۆ «نوێگەری»، واتە ژیان لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی لە ڕێگەی هاندانیان بۆ دووركەوتنەوە لە شێوازە کلاسیکییەکان و هەڵنانیان بۆ پیادەکردنی ئەو شێوازی بەکاربەرگەراییەی کە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە پێشکەوتووەکاندا باوە[٣].

---

(١) أندرو ويبستر، مدخل لسوسيولوجية التنمية، ترجمة: حمدى حميد يوسف (بغداد: دار الشئون الثقافية العامة، ١٩٨٦)، ص٦٨.

- لەو ڕووەوە هەریەک لە «لێرنەر» و «شرام» داوا لە دەوڵەتانی دواکەوتوو دەکەن کە پەیرەوی مۆدێلی ڕۆژئاوایی بکەن، لە پێناوی فێربوونی شارستانیبوون و ژیار و بۆ دوورخستنەوەی ئەو هەڕەشە مەترسیدار و بەئازارانەی کە ڕەنگە لە میانەی پەرەسەندیاندا دووچاری ببن. بڕوانە:
- D. Lerrner and W. Schramm, op. cit., p. 115 and p. 120.

(٢) جيهان أحمد رشتى، الإعلام الدولى،(القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٨٦)، ص٣٢٢-٣٢٥.

(٣) عواطف عبد الرحمن، قضايا التبعية الإعلامية والثقافية فى العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

ئاڕاستەی دووەم: قوتابخانەی پاشکۆیەتی

لە ئەنجامی نەبوونی سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی ئەو ڕۆڵەی کە لە ئەستۆیاندایە لە پرۆسەی گەشەپێدان و نوێگەریدا، ئەم ئاڕاستەیە گرنگیی بە تیۆریزەکردن دا لەمەڕ ئەو لەمپەرە دەرەکییەکانەی کاریگەرییان لەسەر شێوازی کار و ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بواری گەشەپێداندا هەیە، بۆیە ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە «هەر تێگەیشتنێک بۆ ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی گەشەپێدان و نوێگەریدا ناتەواو و نابەجێیە، ئەگەر لە چوارچێوەی سیستمی ئابووری و سیاسیی نێودەوڵەتیدا حساب بۆ پەیوەندیی پاشکۆیەتی بواری ڕاگەیاندنی نێوان وڵاتان نەکات.»[١]

بەم ئاڕاستەیە دەوترێت «قوتابخانەی پاشکۆیەتی»، نووسینەکانی ئەم قوتابخانەیە لە بازنەی لاساییکردنەوەیەکی فراوانی ڕەخنەگرتنی مارکسییانە لە سەرمایەداری دەسووڕێتەوە[٢]، بە شوێنکەوتووانی ئەم قوتابخانەیە دەوترێت «مارکسییە نوێیەکان»[٣].

وتەزاکانی ئەم قوتابخانەیە لە وتەزاکانی مارکس و لینین لەمەڕ سەرمایەداری و دیاردەی لیبرالیزم بەدەر نین و ڕاڤەی هەڵچنراو لەسەر چینایەتی بۆ سیستمی نێودەوڵەتی دەکەن، هەروەها بڕوایان وایە کە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لە چوارچێوەی سیستمێکی جیهانیدان، کە سەرمایەداریی جیهانی بەسەریدا زاڵە و[٤] ئەو دەوڵەتانە تەنها ئەو ڕێگەیەیان لە بەردەمدایە کە بچنە ناو ئەو سیستمەوە، یاخود لێی یاخی ببن و بە شێوەیەکی گشتی شوێن سیستمی سۆشیالیستی بکەون، کە ئەوان بڕوایان وایە سیستمێکە هاوڕێی جیهانی سێیەمە و لە پەیوەندیی

---

(١) جیهان رشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥-٣٢٦.

(٢) قوتابخانەی پاشکۆیەتی و ڕەگوڕیشەکەی بۆ هەریەک لە مارکس و لینین دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ناوەکەی بە ناوی پاول پاران (Paul Paran)ەوە بەستراوە، کە لە ساڵی ١٩٥٧ کتێبی «ئابووریی سیاسیی گەشە»ی بڵاو کردەوە.

- Paul Paran,The Political Economy of Growth (New York: Monthly Review Press, 1957).

- بڕوانە: حمدی عبد الرحمن حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

(٣) نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

(٤) لەو بارەیەوە بڕوانە: سمیر أمین وآخرون، التبعیة فی عالم متغیر، سلسلة (جدل) عدد ٣ (قبرص: مؤسسة عیبال للدراسات والنشر، ١٩٩٢)، ص٢٥٧.

لەگەڵیاندا خراپ سوودلێوەرگرتن نییە، وەک ئەوەی لە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی سەرمایەداریدا ڕوو دەدات[١]، هەندێکیش بڕوایان وایە کە جێگرەوەی پاشکۆیەتی نە سەربەخۆییە، نە ڕێککەوتن، بەڵکوو کەمکردنەوەی پاشکۆیەتییە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین نووسینەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی دریژکراوەی قوتابخانە ئەوروپییەکانن و لە بازنەی بەڵگەنەویستەکانیاندا دەسووڕێنەوە و هەوڵی بەدیهێنانی مەبەستەکانیان دەدەن[٢].

ئەگەر قوتابخانەی پاشکۆیەتی بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی هزرمەندانی جیهانی سێیەم بێت، بەتایبەت هزرمەندانی ئەمەریکای لاتینی[٣]، ئەوا نووسینەکانی سەرەتای قوتابخانەی پاشکۆیەتیی کولتووری و میدیایی لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەی ئەمەریکییەوە لەدایک بوون، بەتایبەت لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا[٤]، ئەمەش لە کتێبەکەی چیلەر (ڕاگەیاندن و ئیمپڕاتۆریەتی ئەمەریکی)دا خۆی نواند[٥]، کە تێیدا هەژموونی بواری پەیوەندی و ئەلیکترۆنییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەرئەنجامەکانی لە بواری هەژموونی کولتووری ڕوون کردەوە، پاشان هەردوو توێژەر نۆرد نسترنجو فارس لە ساڵی ١٩٧٤دا توێژینەوەیەکیان لەسەر داوای ڕێکخراوی «یۆنسکۆ» تەواو کرد، کە تایبەت بوو بە بڵاوبوونەوەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییە نێودەوڵەتییەکان، ئەم توێژینەوەیە بووە جێی بایەخی توێژەران بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی پاشکۆیەتیی بواری ڕاگەیاندن[٦]، دوای ئەوە چەندین توێژینەوەی تر لە بارەی ڕەهەندە جیاوازەکانی گرفتی پاشکۆیەتیی ڕاگەیاندنەوە

---

(١) بڕوانە: حامد عبد الماجد، «الوظيفة العقيدية للدولة الإسلامية»، رسالة ماجستير غير منشورة (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٨٩)، ص١٢٢.

- لەو چوارچێوەیەدا ئەحمەد زاید بڕوای وایە کە «گەشەپێدانی پشتبەخۆبەستوو لە سایەی بارودۆخی پاشکۆیەتیدا شتێکی بێمانا و پڕوپووچە، بەبێ شۆڕشێکی سۆشیالیستیی ڕاستەقینە بەدی نایەت».
- أحمد زايد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

(٢) بڕوانە: نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

- حامد عبد الماجد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.
- عثمان ياسين الرواف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

(٣) عثمان بن محمد الأخضر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

(٤) عواطف عبد الرحمن، قضايا التبعية الإعلامية والثقافية فى العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

(5) H. I. Schiller, Mass Communication and American Empire (New York: Kelly, 1969).

(6) N. Nordensteng and T. Vavis, "Television Traffic: A One Way Street", Reports and Papers on Mass Communication No. 20, (Paris: Unesco Press, 1974).

نووسران[١]، وەک تۆژینەوەکانی بۆیدباریت[٢] و ماتێلارد[٣] و چەند نووسینێکی تری چیلەر خۆی[٤].

بەگشتی نووسینەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی سەرباڕێکی زانستی گرنگن، چونکە تۆژەرانیان لە ڕۆڵی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هۆکارە میژوویییەکان لە دواکەوتوویی و گەشەسەندنی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بەئاگا هێنا. بەمەش دیدێکی تەواوکەریان بۆ ئەو دیدە پێشکەش کرد کە تیۆری لیبرالیزم (تیۆری نوێگەری) پێشکەشی کردبوو، کە تەنها گرنگی بە تۆژینەوە لە هۆکارە ناوخۆییە کاریگەرەکان لە دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوودا دەدا[٥]. لەگەڵ هەموو ئەوەی کە پێشکەشی کردووە، ئەم قوتابخانەیە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بووەتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

- ئەم قوتابخانەیە ڕۆڵی هۆکارە ناوخۆییەکانی لە دیاریکردنی کاروبار و ڕێکخستنی ڕاگەیاندن و سوودلێوەرگرتنی فەرامۆش کردبوو. بەو شێوەیە ئەم تیۆرە ئەو ڕاستییەی فەرامۆش کردبوو کە سیاسەتی ڕاگەیاندنی نیشتمانی لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کارتێکەرە دەرەکییەکانەوە، بەڵام پێش هەموو شتێک بڕیارێکی نیشتمانییە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناوخۆیی وڵاتانە[٦].

- زیادەڕەوی لەوەی کە هۆکارە میژوویییەکان هۆکاری دواکەوتووبین[٧].

- بەڵام گرنگترینی ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی کرا، فەرامۆشکردنی تێزی

---

(١) جيهان أحمد رشتي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٦.

(2) B. Barrette, "Media Imperialism: Towards An International Framework For the Analysis of Media Systems" in J. Curran, M. Gurevitch and J. Woollacotte (eds), Mass Communications and Society. (London: Arnold, 1977).

(3) A. Mattelart, Multinational Corporations and the Control of Culture, (New Jersy: Humanities Press, 1979).

(4) H. Schiller, Communication and Cultural Domination, op. cit.

(٥) محمد بن عثمان الأخضر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٨٥، هەروەها سەبارەت بە هەمان واتا، بڕوانە:
- عواطف عبد الرحمن، قضايا التبعية الإعلامية والثقافية فى العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

(٧) بڕوانە: محمد سيد محمد، «ليست التبعية هى النظرية الإعلامية للوطن العربى»، مجلة شئون عربية، عدد (٣٨)، (تونس: الأمانة العامة للجامعة العربية، يونيو ١٩٨٤)، ص١٥٦-١٦١.

چارەسەری تەواو بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکە، چارەسەرێک سروشتی سیستمی نێودەوڵەتی و ئەو پەیوەندییانەی کە دروستی دەکات، بەهەند وەربگرێت، چونکە سروشتی ئەو پەیوەندییانە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن. هەروەها ئەم قوتابخانەیە هۆکارەکانی پاشکۆیەتی دەخاتە ئەستۆی بارودۆخی دەرەکی، بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی قوڵ جەخت لە هۆکارە ناوخۆییەکان و کاریگەرییە کارلێککراوەکانیان لە هێنانەکایەی گرفت و دواتر چارەسەری پێویست بۆیان بکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە پێویست بوو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان وەکوو یەک بەهەند وەربگرێت و جیاکاری نەکات لەو هۆکارانەی بۆ دروستبوونی دیاردەکە و هۆکارەکانی چارەسەر سەریان کێشاوە، کە پێویستە لە شکاندنی کۆتی هەژموونەوە لەلایەن دەوڵەتە پاشکۆکانەوە دەست پێ بکات[1].

دەشتوانین بڵێین باشترین ڕێگە بۆ نەهێشتنی شوێنەوارەکانی پاشکۆیەتی، لە تێڕوانینی تیۆریستانی پاشکۆیەتییەوە، بریتییە لە دەرچوون لە سیستمی سەرمایەداری و کولتوورە هەژموونداڕەکەی، دەکرێت ئەمە لە گوزارشتی «ڕزگاربوون لە پاشکۆیەتی»دا کورت بکەینەوە، ئەم چەمکەش ڕەنگە واتای هەر شتێک بدات، هەر لە دروستکردنی کارتیل بۆ فرۆشتنی ماددەی خاوەوە تا دەگاتە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی. بۆیە لە کاتێکدا تیۆرەکانی پێشوو لەمەڕ شارستانیبوون پێشنیاری بوونی ئاڵوگۆڕ و هاوبەشیکردنیان لە بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتانی پێشکەوتوو و تازەگەشەسەندوو دەکرد و بەمەش وێنەیەکی گەشبینانەیان لەسەر ئەوەی کە دەکرێت ڕوو بدات، پێشکەش کرد، ئەم تیۆرە نوێیە کە جێگرەوەی گەشەپێدانە، تێڕوانینێکی ڕەشبینانەی وێنا کرد، کە لەسەر مۆدێلەکانی ململانێ لە سیستمی نێودەوڵەتیدا بونیاد نرابوو[2].

لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی ئەو تیۆر و مۆدێلانە کران کە باسیان لە ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێداندا کردبوو، چ لەوانەی کە لە بازنەی تیۆری نوێگەریدا دەسووڕێنەوە، چ ئەوانەش کە لە بازنەی تیۆری پاشکۆیەتیدا بوون، چەند مۆدێلێکی تر دەرکەوتن، پێشنیاری چەند شێوازێکی نوێیان بۆ ئەو

---

(١) السيد بخيت، «قيم الأخبار فى الصحافة المصرية فى إطار السياسات التنموية: دراسة تطبيقية فى الصحافة القومية والحزبية خلال الفترة من ١٩٨٧ إلى ١٩٩٠»، رسالة دكتوراه، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٩٦)، ص١٣٨-١٣٩.

(٢) جيهان أحمد رشتى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩.

ڕۆڵە کرد کە دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێداندا بیگێڕن. لەوانە مۆدێلی بڵاوبوونەوە (الانتشار) کە لە ئەنجامی ئەو مشتومڕەی لەنێوان ئەو و مۆدێلی پاشکۆیەتیدا وەک پەرەسەندنی مۆدێلی نوێگەری دەرکەوت[1]، وا دەردەکەوێت ئەم مۆدێلە لە دیاریکردنی ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییانەدا نەرمتر بێت کە دەبنە هۆی سەرەکی دروستبوونی هەژموون، بەڵام زیاتر جەختی لە هۆکارە ناوخۆییەکان دەکردەوە.

هەروەها مۆدێلی پەیوەندیی گەشەسەندنی هاوبەش (الاتصال التنموی المشارک) دەرکەوت، کە داوای ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم هەمووانا دەکات، بۆ گوزارشتکردن لە هەست و شارەزاییان، ئامرازەکانیشی بریتین لە ئامرازە کلاسیکییەکانی گەیاندنی وەک ڕۆژنامەی لۆکاڵی و شانۆی گەڕۆکی بووک و زاوا، هەروەها پێی وایە پێویستە ئەو ئامرازانە لەلایەن خودی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکانەوە بەکار بهێنرێن، تەوەری سەرەکیشی بریتییە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گوزارشتلەخۆکردن لەبەردەم جەماوەردا.

هەروەها لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، وەک پەرچەکردارێک بۆ ئەو مشتومڕەی لەنێوان هەردوو قوتابخانەی گەشەپێدان و نوێگەری و قوتابخانەی پاشکۆیەتیدا سەبارەت بە ڕۆڵی گەیاندن لە گەشەپێداندا دروست بوو، ڕەوتێکی نوێ دەرکەوت کە بڕوای وا بوو کلیلی گەشەسەندن لە جیهانی سێیەمدا لە کولتووری کلاسیکییەکانی ئەو دەوڵەتانەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە توێژەرانی ئەم ڕەوتە بۆ گرنتیکردنی سەرکەوتنی زیاتری پەیامەکانی گەشەسەندن، داوای ئەنجامدانی تەواوکارییان لەنێوان جۆرە کلاسیکی و نوێیەکاندا کرد[2].

لەگەڵ فرەیی ئەو مۆدێل و ئاڕاستانەی پەیوەستن بە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێداندا، دەبینین –لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی کراون– تا ئێستاش

---

(١) بڕوانە: نجيب الصرايرة، «الهيمنة الإتصالية: المفهوم والمظاهر»، مجلة العلوم الاجتماعية، (الكويت: جامعة الكويت، صيف ١٩٩٠)، ص١٢٩-١٥٥.

(٢) السيد بخيت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧-١٣٩.

توێژەرانی ڕاگەیاندن[1] و حکومەت[2] و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و... هتد، پیادەی مۆدێلی نوێگەری دەکەن و بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکوو تا هەنووکە گەیشتن بە دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان خەونی گەورەی زۆرینەی حکومەتەکانە[3]، ئەمەش وا لە توێژەر دەکات کە لە سۆنگەی ئەم مۆدێلەوە تاووتوێی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی (فلسفة الإعلام التنموي) بکات.

پاش ئەم ئاخاوتنە کورتە لەسەر گرنگترین ئەو مۆدێلانەی سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی ببینن، کردمان، زۆر بەکورتی گرنگترین تایبەتمەندییە گشتییەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی دەخەینە ڕوو، ئەمە وێڕای تاووتوێکردنی ئاستی کاریگەربوونی پێکهاتەکەی بەو ڕۆڵەی کە لە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندایە، لە هێنانەکایەی گەشەپێداندا.

تایبەتمەندییە گشتییەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی، لەپاڵ تیۆریزەکردن بۆ ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەسەندنداا، تیۆریزەی دوو لایەنی تریش لەخۆ دەگرێت: خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سنووردانان بۆ کاری ڕاگەیاندن، بەڵام ئەوەی پاڵی پێوە نابن کە لەم چەند لاپەڕەیەی پێشوودا، جەخت لەسەر ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هێنانەکایەی گەشەپێدان بێت، ئەوە بوو کە ئەو لایەنەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی زیاتر حوکمی وتەزاکانی ئەو فەلسەفەیە دەکات، لەوەی کە پەیوەستە بە دوو لایەنەکەی تر، ئەمە لەبەر ئەوەی ئەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵگەییانەی کە ئەو وڵاتانە گوزەراندوویانە و سروشتی تاکەکانیان و ئەو ئامانجانەشی کە ئەو وڵاتانە هەوڵی بەدیهاتنیان

---

(١) چونکە زۆرینەی ئەو توێژینەوانەی لە وڵاتانی باشوور دەکرێن، سەر بە دیدێکن کە مۆدێلی نوێگەری دەکات بە پێوەر. بڕوانە عواطف عبد الرحمن، «بحوث الصحافة والإعلام بين العالمية والخصوصية: رؤية نقدية»، ورقة بحث مقدمة إلى الحلقة النقاشية الثانية لمشكلات المنهج فى بحوث الصحافة والإعلام المنعقدة فى كلية الإعلام جامعة القاهرة، فى الفترة من ١٣ – ١٦ مايو ١٩٩٦، ص١٠.

(٢) حکومەتی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو، بۆ نموونە، ٤٠٪ بۆ ٦٠٪ی بەرنامە ئیزگەیی و تەلەڤزیۆنییەکانیان لە دەوڵەتانی پێشکەوتووەوە دەهێنن، ئەمەش لەسەر هەوڵی ئەو حکومەتانە بۆ بڕەودان بە مۆدێلی نوێگەری بەڵگەیە، بە ئامانجی گواستنەوەی مۆدێلە کولتوورییەکانی ژیانی ڕۆژئاوایی. بڕوانە:
– فاروق أبو زيد، انهيار النظام الإعلامى الدولى، (القاهرة: مؤسسة أخبار اليوم، ١٩٩١)، ص١٦٩.

(٣) السيد بخيت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

دەدەن –کە بریتییە لە هێنانەدی گەشەپێدان لە بوارە جیاوازەکاندا لە کەمترین کاتدا بۆ گەیشتن بە کاروانی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان- قورساییەکی گەورە لە سەرشانی دەوڵەت دروست دەکەن لە سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدان و نوێگەری لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەت لە سایەی ئەو نەزانی و نەخوێندەواری و خێڵگەرێتییەی کە لەو وڵاتانەدا هەیە.

لەو سۆنگەیەوە دەوڵەت ڕۆڵێکی گەورە دەخاتە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ گۆڕینی ئەو کەتوارە شێواوەی گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدان و ئامادەکردنی زەینی تاکەکان بۆ وەرگرتنی و بەشداریی پۆزەتیڤانە تێیدا و ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی تر کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن.

بۆ ئەوەی دەوڵەت زامنی ئەوە بکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەو ڕۆڵە بنوێنن، هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی ڕێگەی پێ دەدات –لە سنووری بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا- کۆنترۆڵی پرۆسەی ڕاگەیاندن بکات، جا لە ڕێگەی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بێت، یان داڕشتنی هەر دیسپلینێک کە بە گونجاوی دەزانێت بۆ خاوەندارێتیکردنیان، بەڵکوو دانانی هەر دیسپلینێکی تر بۆ پیادەکردنی کاری ڕاگەیاندن بەگشتی.

پاری سێیەم

میتۆدی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکاریانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنن لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە

کاتێک توێژەر هەوڵ دەدات ڕێگەیەک بۆ تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە بدۆزێتەوە، پێویستە کار لەسەر ئاشناکردنی ئەو ڕێبازانە بکات کە نووسینە عەرەبییەکانی پێشوو لە تاووتوێکردنی ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندندا بەکاریان هێناوە، وەک پێشەکییەکی پێویست بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایەی کە پێویستە لە تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارانەی ئەو فەلسەفانەدا بیگرینە بەر.

لەبەر ئەوەشی کە ئەو گۆشەنیگا ئیسلامییەی کە توێژەر لە سۆنگەیەوە تاووتوێی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن دەکات بە شێوازێکی ڕەخنەییانەی بەراوردکارانە، خاوەنی میتۆدێکی جیاوازە لەو میتۆدە پۆزەتیڤیزمەی کە ئەو فەلسەفانەی هێناوەتە بوون، ئەوا بێگومان وامان لێ دەکات تایبەتمەندییەکانی ئەو میتۆدە ڕوون بکەینەوە، ئەمە وێڕای تێشکخستنەسەر ڕەنگدانەوەی ئەو میتۆدە لەسەر ئەو شێوازەی کە لە میانەیەوە تاووتوێی ڕەخنەییانەی بەراوردکارانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنی پێ ئەنجام دەدرێت.

بەو شێوەیە دەکرێت ئەم پارە بۆ دوو داخواز دابەش بکەین، هەر یەکێکیان بۆ تاووتوێکردنی یەکێک لە تەوەرەکان:

داخوازی یەکەم: لە میانەیدا توێژەر تاووتوێی ئەو نووسینە عەرەبییانە دەکات کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە تاووتوێی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان کردووە.

لە میانەی داخوازی دووەمیشدا هەوڵی ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو میتۆدە دەدەین کە لە تاووتوێکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندندا بە شێوەیەکی ڕەخنەییانەی بەراوردکارانە پشتی پێ دەبەستین.

داخوازی یەکەم: تاووتوێکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن نووسینە عەرەبییەکانەوە (دیدێکی ڕەخنەییانە)

لە ڕاستیدا زۆر نووسینی عەرەبی هەن کە تاووتوێی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان کردووە، جا بەدانپێدانان یان بە ڕەخنەگرتن، یاخود بە وەسفکردن و شتی تر بێت، بەڵام لێرەدا تۆژەر چەند نووسینێک لە ئاڕاستە جیاوازەکان هەڵدەبژێرێت و ئاماژە بە چەند مۆدێلێک دەکات کە دەبنە بەڵگە و نوێنەر بۆ هەر یەکێک لەو ئاڕاستانە، پاشان دیدێکی ڕەخنەییانەی گشتگیر دەخاتە ڕوو، بۆ دۆزینەوەی ئەو کەموکورتی و نارێکییانەیان کە شێواندوونی و ئەم تۆژینەوەیە هەوڵی دۆزینەوە و پەیێبردنیان دەدات.

پێش خستنەڕووی ئەو مۆدێلانە جێی خۆیەتی ئاماژە بە چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە تاووتوێکردنی نووسینە عەرەبییەکان بۆ ئەو چوار فەلسەفەیە بکەین کە تەوەری تۆژینەوەکەمانە، چونکە بۆ زیاتر چوارچێوەڕێژیی تاووتوێی ڕەخنەییانەی ئەو نووسینانە پێویستن، ئەو پرسانەش بریتین لە:

ئـ فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی (کلاسیکی) کە خاوەنەکانی نکوولّی لەو لایەنە خراپانەی دەکەن کە بە هۆی جێبەجێکردنیەوە کەوتوونەتەوە، ئێستا هیچ یەکێک لە نووسینە عەرەبییەکان و ئەوانی تریش بانگەشە بۆ بیروڕاکانی و تەبەنیکردنی ناکەن، ئەمەش وامان لێ دەکات کە گرنگی بەو نووسینانە نەدەین کە لە بارەیەوە نووسراون[1].

ب. لە ڕابردوو و لە ئایندەشدا کەس بانگەشەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستیی نەکردووە و ناکات، مەگەر یەکێک تەبەنیی تەواوی فەلسەفەی سۆشیالیستیی کردبێت، یاخود لانی کەم کەسێک کە لە نووسینەکانیدا لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژییەتەدا بڕوات، بەتایبەت ئەگەر ئەو ئایدۆلۆژیەتە لە ولاتەکەیدا جێبەجێکراو بێت. شتێکی ئاساییشە کە ئەو دیدەی کە تەبەنی دەکات، یان بڕەوی پێ دەدات بۆ ئەو فەلسەفەیەی ڕاگەیاندن هاوئاوازی ئەو جۆرە بێت کە هزری جێبەجێکراو لە ولاتەکەیدا پێوەی پابەند دەبێت[2]، ئەمە وامان لێ دەکات کە بتوانین باسی

(١) سەبارەت بە گرنگترین ئەو ڕەخنانەی کە لەلایەن خاوەنەکانییەوە ئاڕاستەی ئەم فەلسەفەیە کراوە، بڕوانە:
F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p 78-79.

(٢) بۆ نموونە بڕوانە:
- مختار التهامی، الإعلام والتحول الاشتراکی، سلسلة المکتبة الإعلامیة (القاهرة: دار المعارف، ١٩٦٩).

ئەو نووسینانە نەکەین کە تەبەنیی ئەو فەلسەفەیەی ڕاگەیاندن دەکەن، چونکە تەبەنیکردنەکەی لە سۆنگەیەکی ئایدۆلۆژییەوەیە، نەک لە سۆنگەیەکەوە کە بە تایبەتمەندییەکانی لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی تر جیای بکاتەوە.

پ. کۆدەنگییەک لەسەر گرنگیی ڕۆڵی گەشەپێدەرانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەیە.ت. کۆدەنگییەک لەسەر گرنگیی ڕۆڵی گەشەپێدەرانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە نووسینە عەرەبییەکاندا هەیە –ئەمەش دیارترینی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی جیا دەکاتەوە–[1]، ئەمەش شتێکی ئاساییە و سروشتییە و ئەو وڵاتانە دەیسەپێنێت کە ئەو نووسەرانەیان تێدا دەرکەوتووە، ئەم تۆڕینەوەیە لەگەڵ ئەو نووسینانەدا لەسەر گرنگیی ئەو ڕۆڵە کۆکە، بەڵام لەو چەمکەدا لەگەڵیاندا ناکۆکە کە بۆ گەشەپێدان پێشکەشیان کردووە، هەروەها ئەو ئاڕاستانەی بۆ چۆنێتیی بەدیهێنانی هەیانە، کە زۆربەیان لە بازنەی تێزەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا دەسووڕێنەوە.

پاش ئەم ڕوونکردنەوە پێویستانە، کە یارمەتیدەرن بۆ چوارچێوەبەندکردنی تاووتوێی ڕەخنەییانە، بۆ ئەو نووسینە عەرەبییانەی کە باسیان لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن کردووە، دەکرێت ئەم نووسینانە بۆ دوو بەشی گەورە دابەش بکەین: یەکێکیان بریتییە لەو نووسینانەی کە لە بازنەی ئەو زەمینە هزرییەی پۆزەتیڤیزمدا دەسووڕێنەوە کە ئەو فەلسەفانەیان خۆڵقاندووە. دووەمیشیان: خۆی لەو نووسینانەدا دەبینێتەوە کە لە تاووتوێکردنی ئەو فەلسەفانەدا لە سۆنگەیەکی

– حميد جاعد محسن، التنمية والتخطيط الإعلامى فى العراق، سلسلة دراسات (١٧٩) (بغداد: دار الرشيد للنشر، منشورات وزارة الثقافة والفنون، ١٩٧٩).

– أحمد كامل، نظريات الإعلام وقضية فلسطين، السلسلة الإعلامية (١٠)، (بغداد: مديرية الإعلام العامة بوزارة الثقافة والإعلام، ١٩٧٠)، ص٦٧–٧٧.

– إبراهيم الداقوقى، «الإعلام والتنمية الحضارية فى الوطن العربى»، مجلة التوثيق الإعلامى، السنة الخامسة، العدد (١)، ١٩٨٦، ص٣٣–٦٠.

– جمال العطيفى، آراء فى الشرعية والحرية، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٠)، ص٥١٠ وما بعدها.

(١) بڕوانە «بۆ وێنە»:

– أسكندر الديک، محمد مصطفى الأسعد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥–١٠٢،

– محمد عبد القادر أحمد، دور الإعلام فى التنمية، سلسلة دراسات (٣١٤)، (بغداد: منشورات وزارة الثقافة، ١٩٨٢)،

– محمد مصالحة، «تنمية الإعلام كشرط للتنمية العربية الشاملة»، مجلة شئون عربية، العدد ٣٨، (تونس: الأمانة العامة لجامعة الدول العربية، يونيو ١٩٨٤)، ص١١٦–١٣٨،

– عواطف عبد الرحمن، دراسات فى الصحافة العربية المعاصرة، (بيروت: دار الفارابى، ١٩٨٩)، ص٩٥–١١٠،

– شاكر إبراهيم، الإعلام ووسائله ودوره فى التنمية الاقتصادية والاجتماعية، (مالطة: مؤسسة أدمر للنشر والتوزيع، ب ت)، ص١٧٣–٢١٧.

تەواو جیاواز لەو زەمینەیەی خولّقاندوویەتی کار دەکات، ئەویش زەمینەی ئیسلامییە. لێرەدا ئەو دوو جۆرە نووسینە بەکورتی دەخەینە ڕوو:

یەکەم: ئەو نووسینانەی لە بازنەی ئەو زەمینە هزرییەدا دەسووڕێنەوە کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندیان خوّلّقاندووە

لە ڕاستیدا ئەو نووسینانە زیاتر لە ئاڕاستەیەک لەخۆ دەگرن، ئاڕاستەیەکیان بەڕوونی و ڕاشکاوی بانگەشەی تەبەنیکردنی یەکێک لەو فەلسەفانە دەکات، هەشیانە تەنها لە ڕوویەک لە ڕووەکانی پرۆسەی ڕاگەیاندنەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەبەنیی یەکێک لەو فەلسەفانە دەکات و هەوڵی وێناکردنی کەتواری ڕاگەیاندن لە سایەی ئەو فەلسەفەیەدا دەدات، دەکرێت ئەم ئاڕاستەیە ناو بنێین ئاڕاستەی وێناکاری (توجه توصيفي)، هەروەها ئاڕاستەیەکی ڕەخنەگریش هەیە، کە ڕەخنە لەو فەلسەفانە یان لە هەندێک لە تێزەکانیان دەگرێت، ئەو ڕەخنانەش ڕەنگە ئامانجیان ڕاستکردنەوەی هەندێک تێزی فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنە، بەبێ دەرچوون لە چوارچێوەی گشتی ئەو زەمینە هزرییەی کە کۆی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنی خولّقاندووە. بەو شێوەیە ئێمە لەبەردەم سێ ئاڕاستەداین: وێناکاری، بانگەشەکار بۆ تەبەنیکردنی یەکێکیان، ڕەخنەگر. لێرەدا تایبەتمەندییەکانی ئەو ئاڕاستانە بەکورتی دەخەینە ڕوو:

ئ. ئاڕاستەی وێناکاری

مەبەست لەم ئاڕاستەیە ئەو نووسینانەیە کە گرنگی بە وێناکردنی کەتواری ڕاگەیاندن لە ولّاتەکانیان یان لە ولّاتانی عەرەبی بەگشتی دەدەن، لە سایەی هزری باوی ڕاگەیاندن لەو ولّاتانەدا یان لە سایەی تیۆری نموونەیی ڕاگەیاندن لە دیدی خاوەنی ئەم نووسینانەوە. لە ڕاستیدا ئەم ئاڕاستەیە لە وێناکردنی کەتواری ڕاگەیاندندا پتر لە شێوەیەکی وێناکردن لەخۆ دەگرێت، دیارترین شێوەکانی تاووتوێکردنی وێناکارانە ئەمانەن:

- تاووتوێیەک ئامانجی وێناکردنی کەتواری ڕاگەیاندن یان یەکێک لە لایەنەکانیەتی لە کۆمەڵگەی تویژینەوەدا، ئەم ئاڕاستەیە یان بە قۆناغی وێناکردنەوە دەوەستێت، بەبێ ئەوەی بگاتە قۆناغی هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە[1]، یاخود ئەو

(١) بۆ نموونە بڕوانە:
- أسماء حسين حافظ، قانون الصحافة بين أصول النظرية ومنهج التطبيق، (القاهرة: مطابع سجل العرب، ١٩٩٠).

قۆناغە بۆ قۆناغی ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن تێدەپەڕێنێت، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو چەمکە باوانەی کە پەیوەستن بە ئازادیی ڕا و مافی مرۆڤ، بەتایبەت مافی پەیوەندیکردن و ئەو چەمکانەی تر کە زیاتر لەو چەمکانەوە نزیکن کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیزم لەخۆیان دەگرن[١].

– تاووتوێکردنێک، کە ئامانجی وێناکردنی لایەنە پراکتیکییەکانی ڕاگەیاندن یان هەندێکیانە، لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا و هەڵسەنگاندنی بە پێی پێوەرەکانی ئەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەی کە لای توێژەران زیاتر قەبوولکراوە، ئەویش فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە[٢].

– تاووتوێکردنێک کە هەوڵی وێناکردنی کەتواری ڕاگەیاندن دەدات، بە شێوەیەک کە پشتیوانیی بانگەشەکەی بکات کە گوایە ئەو کەتوارەی ڕاگەیاندن باشترین فەلسەفەی ڕاگەیاندن جێبەجێ دەکات، کە بریتییە لە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی[٣].

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە:
– سعيد عبده نجيدة، «حرية الصحافة فى مصر بين النظرية والتطبيق منذ صدور دستور ١٩٢٣ حتى مارس ١٩٥٤»، رسالة دكتوراه غير منشورة، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام،١٩٩١)،
– فاروق أبو زيد، النظم الصحفية فى الوطن العربى، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٨٦)،
– حماد إبراهيم حامد، «الصحافة والسلطة السياسية فى الوطن العربى: دراسة حالة لمشكلة العلاقة بين الصحافة والسلطة السياسية وتأثيراتها على السياسية التحررية فى الصحافة المصرية من ١٩٦٠ إلى ١٩٨١»، رسالة دكتوراة غير منشورة، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٩٤)،
– سليمان صالح، أزمة حرية الصحافة فى مصر، (القاهرة: دار النشر للجامعات المصرية، ١٩٩٥)،
– حازم النعيمى، حرية الصحافة فى لبنان، (القاهرة: العربى للنشر والتوزيع، ١٩٨٩)،
– ليلى عبد المجيد، الصحافة فى الوطن العربى، (القاهرة: العربى للنشر والتوزيع، ب ت).

(٢) بۆ وێنە بڕوانە:
– عزة عبد العزيز، «المسئولية الاجتماعية للصحافة المصرية: دراسة تحليلية لوظائف الصحافة، مع التطبيق على صحيفتى الأهرام والأهالى، خلال الفترة من ١٩٧٨ إلى ١٩٨٧»، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة أسيوط، كلية الآداب بسوهاج، ١٩٩٢)،
– محمد حسام الدين محمد أبو العلا، المسئولية الاجتماعية للصحافة المصرية: دراسة مقارنة للمضمون والقائم بالاتصال فى الصحف القومية والحزبية، فى الفترة من ١٩٩١ إلى ١٩٩٤، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٩٦).

(٣) بۆ نموونە بڕوانە:
– ئەوەی کە عەبدوللەتیف حەمزە لە وێناکردنی کەتواری ڕۆژنامەگەریی میسری، لە سەرەتای شۆڕشی یۆلیۆوە، باسی کردووە، بە شێوەیەک کە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بە پێی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پیادە کراوە.
– عبد اللطيف حمزة، الإعلام له تاريخه ومذاهبه، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٦٥)، ص١٤٣–١٦٧.
– هەروەها بڕوانە وێناکردنی محەمەد عەلی ئەلعوەینی بۆ ڕاگەیاندنی کەنداو بەوەی کە سەر بە فەلسەفەی

ب. ئەو ئاڕاستەیەی بانگەشەی گرتنەبەری هەندێک لەو فەلسەفانە دەکات.

لێرەدا ئەو نووسینانەی سەر بەم ئاڕاستەیەن داوای گرتنەبەری هەندێک لەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانەی ڕاگەیاندن دەکەن، کە بە بڕوای ئەوان باشترین مۆدێلن بۆ پەیڕەوکردن.

– نموونەی دیار لەم ڕووەوە داوای پەیڕەوکردنی فەلسەفەی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتییە بە شێوەی ڕاشکاوانە و بەدیاریکراوی[1]، یان بە شێوەیەک کە کەمتر ڕاشکاوی و ڕوونیی پێوە دیارە[2].

– هەندێکی تر داوای پەیڕەوکردنی باشترینی ئەو بەرئەنجامانە دەکەن کە لە ئەزموونە بیانییەکان کەوتوونەتەوە، هەر چەندە دانیش بەوەدا دەنێن کە تایبەتمەندیی وڵاتانی عەرەبی بە شێوەیەکی سروشتی بۆ جیاوازی لە جێبەجێکردندا سەر دەکێشێت، لەوەی کە لە ژینگە بنەڕەتییەکەیدا کراوە[3].

سەرباری ئەمانە هەموو ئەوانەی هەڵگری ئایدۆلۆژیای سۆشیالیستین، بە شێوەیەکی سروشتی داوای پەیڕەوکردنی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی دەکەن، هەروەها تۆێژەرانی ڕاگەیاندن لەسەر ئەو ڕۆڵە کۆکن کە پێویستە ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانی گەشەپێداندا بیگێڕێت، هەر چەندە ئەو تۆێژەرانە لە جۆری ئەو گەشەپێدانەدا کۆک نین ئایا سۆشیالیستی یان لیبرالی بێت[4].

بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتییە،

– محمد علی العوینی، الإعلام الخلیجی، (القاهرة: مکتبة الأنجلو المصریة، ١٩٨٤)، ص٣٤٤.

(١) بۆ نموونە بەسیونی حەمادە دەڵێت: «تیۆری بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی لە هەموو تیۆرەکانی تر کەتواریتر و گونجاوترە بۆ جێبەجێکردن لە نیشتمانی عەرەبی و دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو بەگشتی». بڕوانە کتێبەکەی: دور وسائل الاتصال فی صنع القرارات فی الوطن العربی، سلسلة أطروحات الدکتوراه، (٢١) (بیروت: مرکز دراسات الوحدة العربیة، ١٩٩٣)، ص١٧٢.

(٢) بۆ نموونە محەمەد حیسامەدین محەمەد دەڵێت: «ئایندە بۆ تیۆری بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی و میکانیزمەکانی تیۆریزەکردنی خودیی پیشەیە، چونکە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم بەرەو ئابووریی ئازاد دەچێت، ئەم ئاڕاستەیە، زوو بێت یان درەنگ، ڕاگەیاندنیش دەگرێتەوە، بەرزکردنەوەی ڕێکخستنی خودیی پیشە و زیادکردنی هۆشیاریی جەماوەریش لەسەر ئەو شتانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن، بەوەوە پەیوەستن، بە شێوەیەک کە چالاکیی سالانەیان بۆ هەموو ئەو چالاکییانە هەبێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن».

– محمد حسام الدین محمد أبو العلا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

(٣) بۆ نموونە بڕوانە:

– محمد الإدریسی العلمی، «الإعلام الذی نریده: مفهوما وفلسفة ودورا ومعاییرا» مجلة الإعلام العربی، السنة الثالثة، العدد الثانی، (تونس: المنظمة العربیة للتربیة والثقافة والعلوم، صفر ١٤٠٤هـ دیسمبر ١٩٨٣م)، ص٩١–٩٢.

(٤) بگەڕێرەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی و ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن.

پ. ئاڕاستەی ڕەخنەگر

نووسینەکانی ئەم ئاڕاستەیە هەوڵی ڕەخنەگرتن لە هەندێک لایەنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن دەدەن بە ئامانجی هەڵسەنگاندنیان و ڕاستکردنەوەیان، بە شێوەیەک کە شیاوتر و گونجاوتر بن بۆ بارودۆخی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بیخەینەڕوو، گرنگترین ئەو ڕەخنانەن کە ئاڕاستەی فەلسەفەی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی کراون. شتێکی ئاساییشە کە لەلایەن بانگەشەکەرانی ڕاگەیاندنی لیبراڵییەوە ڕەخنە لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بگیرێت، بۆیە لێرەدا پێویست ناکات ئاماژە بەو ڕەخنانە بکەین.

دەکرێت گرنگترین ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی فەلسەفەی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی کراون، لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١. فەلسەفەی بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی تەنها کۆمەڵێک کارنامەی ئەخلاقیی بۆ ڕێگرتن لە لادانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن داناوە و لەو سنوورەدا وەستاوە، بەتەنها ئەمە بەس نییە بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە جیهانی سێیەمدا، بەڵکوو پێویستە ئەو ئامرازانە پابەندییەکی خودییان بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە و بەرەوپێشبردنی هەبێت، پێویستە ئەو پابەندییەش لە ئیرادەی ئازادانەی نیشتمانیی ئەو ئامرازانەوە سەرچاوەی گرتبێت، نەک بە جۆرێک لەجۆرەکانی پابەندکردنی دەسەڵاتدارانە بسەپێنرێت[١].

٢. جەختکردنەوەی لە تەنها ڕوویەکی بەرپرسیاریێتی کە بەرپرسیاریێتیی ڕاگەیاندنکارە لەپێش ئەو کۆمەڵگەیەی کە پەیامە ڕاگەیاندنییەکانی ئاڕاستە دەکات، لە هەمان کاتدا فەرامۆشکردنی ئەو بەرپرسیاریێتییانەی کە پێویستە پێش گرووپە پیشەییەکەی بخرێتە ئەستۆی[٢].

٣. سەرباری ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی ئەم فەلسەفەیە کران، سەبارەت بەو بیرۆکانەی کە بانگەشەی بۆ کردوون لەمەڕ پابەندنەبوونی ڕاستەقینە پێیانەوە لە

---

(١) لەو بارەیەوە بڕوانە:
- فاروق أبو زيد، انهيار النظام الإعلامى الدولى، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥-٢١٦.
- ليلى عبد المجيد، «السياسات الاتصالية والإعلامية وأثرها فى الثقافة والتربية»، مجلة عالم الفكر، المجلد الثالث والعشرون، العددان الأول والثانى، يوليو – سبتمبر – أكتوبر – ديسمبر ١٩٩٤، ص٧١.

(٢) بڕوانە، محمد حسام الدين محمد أبو العلا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠-١١٤.

کەتواردا و ئەوەی کە ئەو بیرۆکانە تەنها بوون بە وتەگەلێکی ئەخلاقی (صروح أخلاقية) و پابەندبوونی ڕاستەقینەیان بەخۆیانەوە نەبینیوە، دەبینین سروشتی قۆرخکارییانەی بازرگانییانە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتییش بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا زاڵە[1].

دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ئەو ڕەخنانە پوخت بکەینەوە، کە لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی گیراون:

١. ئەو فەلسەفەیە بەشدار بووە لە قوواڵکردنەوەی پاشکۆیەتیی کولتووری و ڕاگەیاندن بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، چونکە ئەو ڕۆڵەی کە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سپێردرابوو بۆ ئەوەی بەشداری لە گەشەپێداندا بکەن، کە بریتی بوو لە پرۆسەی گواستنەوەی گەلانی تازەگەشەسەندوو لە شێوازە کلاسیکییەکەوە بۆ نوێگەری، واتە بۆ ژیان لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی، لە ڕێگەی هاندانی بۆ وازهێنان لە شێوازە کلاسیکییەکان و شیرینکردنی ئەو شێوازە بەکاربەرییە لەلای، کە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە پێشکەوتووەکاندا باوە[2]، ئەمە بۆ هاتنەناوەوەی شێوازی «کۆمەڵگەی بەکاربەر»ی ڕۆژئاوایی بەگشتی و ئەمەریکی بەتایبەتی سەری کێشا، لە ئاوەزی خەڵکانی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو وەک نەخۆشییەک، چونکە زۆرینەیان سەرنجیان لەسەر تۆپکڵ و ڕووکاری دەرەوەی گەشەپێدانە و سەرنج لە ناوەڕۆک و جەوهەرەکەی نادەن و فەرامۆشی دەکەن.

لەو بوارەدا ئامرازە بیانییەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی و خراپ دەبینن، چونکە کار دەکەن بۆ هاندانی خەڵکی لەسەر حەزی بەکاربردن لای دانیشتووانی وڵاتانی دواکەوتوو، لە ڕێگەی دانانی کۆمەڵێک پێوەر بۆ پێشکەوتن و شارستانیبوون، واتە بۆ «گەشەپێدان»، گوایە بەوە دەپێوریت کە ئایا تاک تا چ ئەندازەیەک شمەک

---

(١) بڕوانە: فاروق أبو زيد، انهيار النظام الإعلامى الدولى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.
- سەبارەت بە ئاستی جێبەجێکردنی وتەکانی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە کەتواردا، بۆ وێنە بڕوانە ئەم توێژینەوانە:
- محمد محمد أحمد البادى، «مشكلة الاحتكار الصحفى فى المجتمع الرأسمالى»، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٦٨)،
- سليمان صالح، أزمة حرية الصحافة فى النظم الرأسمالية، سەرچاوەی پێشوو،
- محمد بن سعود البشر، المسئولية الاجتماعية فى الإعلام: النظرية وواقع التطبيق، (الرياض: دار عالم الكتب، ١٩٩٦).

(٢) عواطف عبد الرحمن، قضايا التبعية الإعلامية والثقافية فى العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

و خزمەتگوزارییە پێویست و خۆشگوزەرانییەکانی دەست کەوتووە، نەک لەسەر ئەو پێوەرەی کە ئایا تا چ ئەندازەیەک تاک بەشداری لە بەرهەمهێنان و پرۆسەی گەشەپێداندا دەکات[1].

٢. تیۆری گەشەپێدان پاشکۆیەتیی ڕاگەیاندنی بۆ دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان قوواڵ کردەوە، چونکە دەستەبژێری سیاسی بە بەهانەی ئەنجامدانی گەشەپێدان ڕۆڵێکی دەسەڵاتگەرایانەی بۆ ڕاگەیاندن داڕشتووە و ئازادیی ڕاگەیاندن و گەشەپێدانی کردووە بە دوو بەهای دژیەک، کە نەتوانرێت یەکێکیان دەست بخرێت تا قوربانی بەوەی تریان نەدرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە لۆژیک و کەتوار دەڵێن دەتوانرێت هەردووکیان پێکەوە کۆ بکرێنەوە و دەست بخرێن، هەروەک چۆن ئەزموونی دەوڵەتە پیشەسازییەکان سەلماندوویەتی[2].

دەکرێت ئەو جێگرەوە پێشکەشکراوانەی کە بۆ وەڵامی ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی کراون، لە دوو خاڵی گرنگدا کورت بکەینەوە، کە بریتین لە: کارکردن بۆ ڕزگاربوون لە پاشکۆیەتی بۆ دەرەوە و[3] ڕزگارکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پاشکۆیەتی بۆ دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان، بەو مەرجەی ئەو ئامرازانە پابەندییەکی خۆییان بە ئامانجەکانی گەشەپێدانەوە هەبێت[4].

هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینە عەرەبییانەی لە بازنەی زەمینەی مەعریفیی ڕۆژئاواییدا دەسووڕێنەوە.

---

(١) أسكندر الديک، محمد مصطفى الأسعد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢، ٩٣.
هەروەها بڕوانە:
- محمد منير حجاب، الإعلام والتنمية الشاملة، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١،
- راسم الجمال، الاتصال والإعلام فى الوطن العربى، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩١)، ص٢٠١-٢٠٢،
- محمد السماک، تبعية الإعلام الحر، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩١)، ص٣٩، ٤٠.

(٢) بڕوانە:
- عثمان بن محمد الأخضر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤،
- راسم الجمال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦-١٩٧،

(٣) جيهان أحمد رشتى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١.

(٤) بڕوانە: - عواطف عبد الرحمن، دراسات فى الصحافة العربية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢،
- فاروق أبو زيد، «التحديات الإعلامية العربية، مقارنة بين عقدى الخمسينات والثمانينات»، مجلة المستقبل العرب، العدد ١٢٨، ١٩٨٩، ص٧٩-٨٠.
- إسكندر الديک، محمد مصطفى الأسعد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠-١٠٢.

پاش ئەم خستنەڕووە کورتە بۆ گرنگترین ئاڕاستەکانی ئەو نووسینە عەرەبییانەی کە لە بازنەی ئەو زەمینە مەعریفییەدا دەسووڕێنەوە کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان بەرهەم هێناوە، جا بە هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەیان بێت بۆ کەتوار، لە سایەی ئەو فەلسەفانەدا یان بە هەڵسەنگاندنی ئەو فەلسەفانە لە هەندێک ڕووەوە، بەو شێوەیەی وایان لێ بکات گونجاو و بەتواناتر و کاراتر بن، پاش ئەو کارە لەم چەند دێڕەی کە دێن، هەوڵ دەدەین شیکاری هۆکارە شاراوەکانی پشت وابەستەبوونی ئەو پەیوەندییانە بە زەمینەی مەعریفیی ڕۆژئاواییەوە و لێدەرنەچوونیان بکەین.

دەتوانرێت بوترێت گرنگترین ئەو هۆکارانە خۆیان لەمانەی خوارەوەدا دەبینێنەوە

– بەو پێیەی زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی بەگشتی شوێن چەند ئایدۆلۆژیەتێکی گواستراوە کەوتوون –لەگەڵ هەندێک ڕیزپەڕی لاوەکی لە هەندێک دەوڵەتیاندا–[1]، شتێکی سروشتییە کە فەلسەفە باوەکانی ڕاگەیاندن تێیاندا فەلسەفەگەلێک بن کە لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژیەتانەدا هاوئاهەنگ و گونجاو بن، ئەو ئایدۆلۆژیەتانەی کە دواجار دەرهاویشتەی زەمینەی مەعریفیی ڕۆژئاوایین.

– هەروەها بەو پێیەی کەتواری ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەدا لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بەڕێوە دەچن، ئەمە بە شێوەیەکی سروشتی سەری کێشاوە بۆ ئەوەی وەسفکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو کەتوارەش هەر لە سایەی ئەو فەلسەفانەوە بێت، هەندێک جاریش هەڵسەنگاندنی هەندێک لایەنی ئەو فەلسەفانە بە شێوەیەک دەکرێت کە وایان لێ بکات کە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەیی ئەو وڵاتانەدا گونجاوتر بن.

– لە سایەی سووڕانەوەی نووسینە عەرەبییەکان لە بازنەی زەمینەی مەعریفیی ڕۆژئاوایی و بەرهەمە هزرییەکانی لە بواری ڕاگەیاندن و گەیاندنداً، شتێکی سروشتی بوو کە هزری عەرەبی بەشداریی دیاری لە تاووتوێکردنی ئازادیی گەیاندندا لە لایەنە جیاوازەکانیەوە نەبێت، کە کرۆکی فەلسەفەی ڕاگەیاندنە، بەڵکوو هەموو ئەوەی کە ئەو نووسینانە لەخۆیان گرتبوو، بریتی بوو دووبارەکردنەوەی بیروبۆچوون و تاووتوێکردنە باوەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی، یان ئەو کارنامە و

(١) راسم الجمال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی باسی ئەو بابەتەیان کردبوو[1].

- ناتوانین بڵێین سووڕانەوەی ئەو نووسینە عەرەبییانە -کە باس کران- لە بازنەی مەعریفیی پۆزەتیڤیزمدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە خاوەنەکانیان ویستوویانە لەگەڵ هزری کۆمەڵایەتیی باوی وڵاتەکانیاندا بڕۆن، ئەو هزرەی کە هەژموونێکی جیهانی هەیە، بەبێ ئەوەی بڕوایەکی ڕاستەقینەیان بەوە هەبێت کە ئەوەی عەقڵی مرۆیی پۆزەتیڤیزم لە بواری هزری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندندا بەرهەمی هێناوە، شتێکی هاوبەشی مرۆیی جیهانییە و گواستنەوەی لە خاکێکەوە بۆ خاکێکی تر هیچ گرفت و زیانێکی نییە، بە مەرجی ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاریی کەم کە وای لێ بکات بۆ ئەو خاکەی بۆی دەگوێزرێتەوە، گونجاوتر بێت.

لە ڕاستیدا ئەو نووسینانەی بواری ڕاگەیاندن کە لە بازنەی زەمینەی مەعریفیی ڕۆژئاواییدا دەسووڕێنەوە، جا لەلایەن خاوەنەکانیانەوە بە بڕوابوونەوە بە هزری پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندنەوە نووسرابن، یان مەبەستیان لێی خۆگونجاندن بووبێت لەگەڵ هزری باوی ڕاگەیاندن لە وڵاتەکانیاندا، بە ئاگایی و هۆشیاری یان بەنائاگایی بووبێت، دوو ڕاستیی گرنگیان فەرامۆش کردووە: یەکێکیان پەیوەستە بە سروشتی ئەو هزرە پۆزەتیڤیزمییەی ڕاگەیاندن کە تەبەنیی کردووە و سروشتی ئەو زەمینە هزرییەی بەرهەمی هێناوە، دووەمیشیان پەیوەستە بە سروشتی ئەو کۆمەڵگانەی کە ئەو نووسینانە پشتگیریی جێبەجێکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنی تێدا دەکەن.

- هەر چی ئەو ڕاستییەشە کە ئەو نووسینانە فەرامۆشیان کردووە، کە پەیوەستە بەو هزرەی ڕاگەیاندنەوە کە تەبەنییان کردووە، بریتییە لەوەی کە بونیادی ئەو هزرە پۆزەتیڤیزمەی ڕاگەیاندن، جگە لە هەوڵێکی تیۆریزەکردن زیاتر نییە، کە لە سۆنگەی ئەو بەڵگەنەویستانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پەیکەری ڕشتەی هزری پۆزەتیڤیزم (کۆزمۆلۆژیای عەلمانی) پێک دەهێنێت، وەک هەوڵێک بۆ بەشداریکردن لە گەیشتن بەو مەبەستانەی ئەو ڕشتە عەلمانییە تەبەنیی کردوون. پاشان هانابۆبردنی بۆ بەدیهێنانی مەبەستگەلێکی جیاواز لەو مەبەستانەی کە لە پێناویدا دروست بووە، یان دەبێتە هانابۆبردنێکی شکستخواردوو، یاخود لەگەڵ

---

(١) بڕوانە:

- حسن عماد مكاوى، أخلاقيات العمل الإعلامى: دراسة مقارنة، (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٤)، ص٨٧.
- راسم الجمال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣-٢٤.

خۆیدا کۆی ئەو ڕشتە هزرییەی بەرهەمی هێناوە، لە بەڵگەنەویستەکانیەوە بۆ مەبەست و ئامانجەکانی ڕادەکێشێت.

– هەر چی ئەو ڕاستییەشە کە پەیوەستن بە سروشتی ئەو کۆمەڵگانەی کە دەویستریێت ئەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانەی ڕاگەیاندنیان بۆ بگوێزرێتەوە و ئەو نووسینانە فەرامۆشیان کردووە، خۆی لەو سروشتەدا دەبینێتەوە کە بیروباوەڕی گەلانی ئەو کۆمەڵگانە هەیانە کە باوەڕبوونیان بە چەند پێشەکییەک بەسەردا دەسەپێنێت، کە تەواو جیاوازن لەو پێشەکییانەی کە کۆی پەیکەری ڕشتەی عەلمانی پێک دەهێنن و هەروەها ئەو بیروباوەڕە مەبەستگەلێک دەخاتە بەردەمی گەلان و کۆمەڵگەکانی، کە جیاوازن لەو مەبەستانەی ڕشتەی عەلمانی پێشکەشیان دەکات، ئەمەش بەڵگەنەویستانە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئامرازی پێویست بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی دوو ڕشتەی هزریی جیاواز پێویستە جیاواز بن.

بەو شێوەیە ئەو هەڵە دیارەی کە هەندێک لەو نووسینە عەرەبییانە تێیکەوتوون، کە تەبەنیی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم –بە شێوەی ڕاشکاوانە یان ناڕاستەوخۆ– دەکەن، یاخود بەگشتی لە بازنەیدا دەسووڕێنەوە، بریتییە لە فەرامۆشکردنی ئەو دوو ڕاستییەی باس کران، ئەمەش وای کرد کە لە زۆربەی ڕووەکانیەوە تەبەنیکردنیان بۆ ئەو فەلسەفانە لەسەر بنچینەیەکی نالۆژیکی بێت.

ئەمە واتای ڕەتکردنەوەی تەواوەتی نییە بۆ هەموو ئەوانەی ئاوەزی پۆزەتیڤیزم لە هزری ڕاگەیاندن بەرهەمی هێناون، ڕەنگە ئەندازەیەک لێکچوون لەنێوان هەندێک لە وتەزا لاوەکییە هاوتاکانی هەردوو ڕشتەی ئیسلامی و عەلمانیدا هەبێت، کە ڕەنگە ڕێگە بە سوودوەرگرتن لە هەندێک لەو وتانە بدات کە هزری پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن پێشکەشیان دەکات، ئا ئەمە ئەوە بوو کە پێویست بوو ئەو نووسینانە بەدوایاندا بچن و بیدۆزنەوە، پێش ئەوەی دەست بکەن بە تەبەنیکردنی ئەو فەلسەفانە و بانگەشەبۆکردنیان، تا بیانتوانیایە بڕیاری تەبەنیکردن و نەکردنی لەسەر بنچینەیەکی لۆژیکیی دروست بدەن.

دووەم: ئەو نووسینانەی ئاڕاستەیەکی ئیسلامییان هەیە

هەر کەسێک لەو نووسینە عەرەبییانە ڕامێنێت کە ئاڕاستەیەکی ئیسلامییان هەیە و هەوڵیان داوە لە دەروازەیەکی ڕەخنەییەوە باس لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بکەن، دەبینێت کە لە تاووتوێکردنی ئەو فەلسەفانەدا پشتیان بە پتر

لە سۆنگەیەکی ڕەخنەیی بەستووە. هەروەها ئەو نووسینە ئیسلامییانە تەنها تاووتوێی ڕەخنەیان بۆ ئەو فەلسەفانە نەبووە، هەندێکیان هەوڵیشیان داوە باسی ئەو بنچینانە بکەن کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنیان لە ئیسلامدا لەسەر بونیاد دەنرێت، هەندێکی تریشیان هەوڵێکی باشیان داوە لە بەدواداچوون و دەرخستنی زۆرێک لەو لایەنانەی کە بونیادی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی پێک دەهێنن، بەڵام ئەم هەوڵانە نەبوونە هۆی لەدایکبوونی فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنی تەواوکار کە بەسەر فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندندا سەر بکەوێت.

لێرەدا زۆر بەکورتی باس لە گرنگترین ئەو سۆنگانە دەکەین کە ئەو نووسینانە لە مشتومڕی ڕەخنەییانەیان بۆ ئەو فەلسەفانە هەیانبووە، پاشان هەندێک لەو مۆدێلانە دەخەینە ڕوو کە هەوڵیان بۆ دۆزینەوەی بنچینەکانی ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا داوە، یان بەدووردرێژی تاووتوێی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانیان کردووە، دوای ئەمانەش دیدێکی ڕەخنەییانە لەسەر ئەو نووسینانە دەخەینە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی کەموکوڕیی ئەو نووسینانە –لە دیدی ئەم تۆێژینەوەیەوە– کە ئەم تۆێژینەوەیە هەوڵی تێپەڕاندنیان دەدات.

ئـ. نووسینە ڕەخنەییەکان

دەکرێت گرنگترین ئەو سۆنگە ڕەخنەییانەی کە نووسینە عەرەبییە ئاڕاستە ئیسلامییەکان لە میانەیانەوە تاووتوێی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندیان کردووە، لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

ئـ. چەند نووسینێک هەن کە لە تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەیان بۆ ئەو فەلسەفانە لە سۆنگەی دەرخستنی ڕاستیی ئەو هزرەی لەپشت ئەو فەلسەفانەوە وەستاوە، کاری کردووە، ئەو هزرەی کە بەشداریی لە دروستکردنیاندا کردووە، بەو شێوەیەی کە مەبەستەکانی خۆی بێتە دی.

خاوەنی ئەم سۆنگە ڕەخنەییە پێیان وایە جوولەکە ڕۆڵێکی گەورە لە دروستکردن ئەم فەلسەفانە و پشتیوانیکردنی جێبەجێکردنیاندا دەگێڕن[1].

---

(١) لەو بارەیەوە بڕوانە:

- عمارة نجيب، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠-٨٠.

- فؤاد توفيق العانی، الصحافة الإسلامية ودورها فی الدعوة، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٩٣)، ص٣٦٥-٣٦٦. عيمارە نەجیب دیدی ڕەخنەگرانەی ئەوانەی خاوەنی ئەو سۆنگەیەن، بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە: «ئازادی و دەسەڵاتگەری و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پابەندبوون، چەمکگەلێکن کە مشتومڕ و ناکۆکیی زۆریان

لە ڕاستیدا سەلماندنی ڕەخنە لە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن لەم سۆنگەیەوە کارێکی گرانە، تەنانەت ئەگەر بشکرێت، ئەمە بێپێویستیمان ناکات لە ڕەخنەگرتن لە بونیادی هزریی ئەو فەلسەفانە بە شێوازێکی زانستی و بابەتییانە.

ب. چەند نووسینێک هەن کە لە ڕەخنەگرتنیاندا لەو فەلسەفانە ئەو ڕەخنانەیان تێنەپەڕاندووە کە نووسەرانێکی تر گرتوویانە، کە خۆیان لەناو بازنەی ئەو زەمینە مەعریفییەدان کە ئەو فەلسەفەیەی هێناوەتە بوون، هێندە نەبێت کە ڕەنگە لە باسی سەلماندنی شکستی ئەو فەلسەفانە لە کەتواری کرداریدا هەندێک بەڵگەی زیاتریان هێنابێت[1].

پ. نووسینگەلێک هەن پێیان وایە کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن یان تیۆرەکانی تیۆر نین، بەڵکوو تەنها سیاسەتن، جا هیی سیستمگەلێکی دەسەڵاتگەری لە ڕاگەیاندندا بێت، یان هیی شوناسی ڕزگاریخوازی بێت، یاخود بۆ بانگەشەی شیوعیەت بێت، هەروەها پێیان وایە کە ئەو ڕێبازە هزرییانەی کە ئەو تیۆرانەیان هێناوەتە بوون، جگە لە ڕێبازگەلێکی سیاسی هیچی تر نین، ڕێبازگەلێک کە ئامانجی بونیادێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریيە و شوێن و پێگەیەکی بۆ ڕاگەیاندن تێدا نییە، مەگەر بۆ بانگەشە و بەرەودان بە ئەم ڕێباز و ئەو ڕێباز، دوور لە بابەتیبوونی زانستییانەی بێلایەنانە[2]، هەندێکی تریش بڕوایان وایە کە ئەم تیۆرانە تەنها گریمانەگەلێکن کە پاڵپشت و متمانەی ئەوەیان نییە بگەنە پلەی حەقیقەتی یەقینی، هەروەها بڕوایان وایە کە نەتوانایی زانایانی نوێ لە گەیشتن بە تیۆرێکی یەکگرتوو بۆ ڕاگەیاندن بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر نەتوانایی مرۆڤ لە تێگەیشتن لە مرۆڤ، گەورەترین بەڵگەشە بۆ پێویستیی گەڕانەوە بۆ لای ئەفرێنەری شکۆمەند و بەرز و بالا[3].

لەسەرە، دەگاتە ئاستی ئەوەی کە تێڕوانین بۆیان لای لایەنێک پێچەوانەی تێڕوانینی لایەنێکی تر بێت بۆیان. ئەمەش وامان لێ دەکات کە جەخت لە دەستتێوەردانی جوولەکە بکەینەوە، ئەگەر بیانەوێت بەو دەستتێوەردانەکەیان بە یەک بەرد لە چەند چۆلەکەیەک بدەن».

- عمارة نجيب، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

(١) بۆ نموونە بڕوانە:

- سليمان درويش عامر، نظرات فى الإعلام، الجزء الأول، مبادئ ونظريات الإعلام العام، ب ت، ص٨٧-١٥٨.
- محمد بن سعود البشر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨، ٣٥.

(٢) أمين ساعاتى، السياسة الإعلامية فى المملكة العربية السعودية، (الرياض: المركز السعودى للدراسات الاستراتيجية، ١٩٩٢)، ص٦٥-٢٦.

(٣) بڕوانە: محمود كرم سليمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە نووسینانەی کە ڕەخنەی ئەوە لە تیۆرەکانی ڕاگەیاندن دەگرن کە بەستراونەتەوە بە ڕێبازە سیاسییەکانەوە و بانگەشەیان بۆ دەکەن، یان ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرن کە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و ناتوانرێت تاکە تیۆرێک بەرپا بکرێت، ئەوەیان فەرامۆش کردووە کە ئەو تیۆرانە بە شێوەیەک دروست بوون کە خزمەت بەو ڕێبازە بکەن کە لە سایەیدا کار دەکەن، هەر بۆیە سووڕانەوەی لە بازنەی ئەو ڕێبازەی کە خولقاندوویەتی، یاخود جیاوازبوونی بە هۆی جیاوازیی ڕێبازەکەیەوە شتێکی ئاسایی و لۆژیکییە و بواری تانەلێدانی نییە.

ت. چەند نووسینێکی تر هەن، بە ئەندازەی دووری و نزیکیی ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن لەوەی کە ئیسلام لەمەڕ فەلسەفەی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشی دەکات، تاووتوێی ڕەخنەییانەیان دەکەن[1]، هەندێکیش بڕوایان وایە کە تەبەنیکردنی هەر یەکێک لەو بنچینەکانی ئەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانە لە کەتواری کرداریدا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دژ بە ئیسلام و ئاکارەکانیەتی[2]، چونکە ئەو فەلسەفانە لەسەر بیروباوەڕ و جۆرە ڕەفتارێک و دیدێک بۆ ژیان و گەردوون بونیاد نراوە، کە تەواو جیاوازن لەوەی ئیسلام هێناویەتی[3].

لە ڕاستیدا بڕیاردان لەسەر نەشیاوی و نادروستیی پەیڕەوکردنی هەر یەکێک لە بنچینەکانی ئەو فەلسەفانە، بەبێ پشتبەستن بە بەراوردێکی زانستی لەنێوان بنچینەکانی ئەو فەلسەفانە و ئەو بنچینانەی کە ئیسلام پێشکەشیان دەکات، بڕیارێکی ورد نابێت.

ب. ئەو نووسینانەی کاریان لەسەر پێشکەشکردنی جێگرەوەیەکی ئیسلامی کردووە

ئەو نووسینە عەرەبییانەی ئاڕاستەیەکی ئیسلامییان هەیە و هەوڵی دۆزینەوە و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنیان لە ئیسلامدا داوە، نەیانتوانیوە بونیادێکی تەواوکار بۆ ئەو فەلسەفەیە بەرپا بکەن، چونکە بەر لە

---

(١) بڕوانە: على جريشة، نحو إعلام إسلامى: إعلامنا إلى أين؟، (القاهرة: مكتبة وهبة، ١٩٨٩)، ص٢٩-٣٤.

(٢) سيد محمد ساداتى الشنقيطى، مدخل إلى الإعلام، سلسلة دراسات فى الإعلام الإسلامي والرأى العام، (الرياض: عالم الكتب للنشر والتوزيع، ١٩٩١)، ص٢٨.

(٣) سيد محمد ساداتى الشنقيطى، أصول الإعلام الإسلامي وأسسه: دراسة تحليلية لنصوص الأخبار فى سورة الأنعام (١)، الجزء الأول لسلسلة دراسات فى الإعلام الإسلامي والرأى العام، (الرياض: عالم الكتب للنشر والتوزيع، ١٩٨٦)، ص٩.

تاووتوێکردنی ئەو پرسە بە چەندین ڕێبازی جیاوازدا ڕۆیشتوون.

– هەندێکیان بڕوایان وایە هەر هەوڵێک بۆ تێۆریزەکردنی ڕاگەیاندنی ئیسلامی تاوانە بەرانبەر ڕاگەیاندنی ئیسلامی و بەرتەسککردنەوەی ئاسۆکانیەتی، چونکە ڕاگەیاندنی ئیسلامی، هەر چەندە هەوڵ و لێتوێژینەوە و توێژینەوەی لەسەر بکرێت، لە تێۆرێکدا کورت ناکرێتەوە و جێی نابێتەوە[١].

– هەندێکی تریش ڕەخنەیان لە وشەی تێۆر و تێۆریزەکردن و پۆلێنکردن هەیە، ئەگەر مەبەست لێی بۆچوونی مرۆیی بێت، یان مەبەست لێی بوونی فەلسەفەی مرۆڤ بێت بۆی، یاخود بە ئیجتیهادی ئەوان دابڕێژرێت، بەڵام گرفتێک نابینن لە بەکارهێنانی زاراوەی «تیۆر»، ئەگەر مەبەست لێی تەنها ئەو پۆلێنکردنە بێت کە بریتییە لە پێوانە و بەراوردکاری و ناونان و دیاریکردن (القیاس والمقارنة والتسمیة)[٢].

– هەندێکی تریان سنووری گرنگیدان بە ناونراوەکە تێدەپەڕێنن بۆ گرنگیدان بە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی دیدی ئیسلامی بۆ فەلسەفەی کاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام تەنها بەوەندە واز دەهێنن کە ئەو دیدە زیاتر پشت بەوە دەبەستێت کە ئەو شتانە ڕەت دەکاتەوە کە پێچەوانەی بیروباوەڕن، یان زیان بە کۆمەڵگەی ئیسلامی دەگەیەنن، وەک لەوەی پشت بە سەلماندن و دیاریکردنی هەموو ئەو شتانەی کە باش و دروستن، ببەستن[٣].

– هەندێکی تر کاریان لەسەر پێشکەشکردنی دیدێک کردووە بۆ بونیادنانی تێۆرێکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی، بەتەنها قسەکردن لەسەر ڕەگەزەکانی پرۆسەی ڕاگەیاندن و ئەو دیسپلینانەی ئیسلام بۆ هەر ڕەگەزێک داینناوە، هەروەها ئەو دیسپلینانەی کە بۆ پرۆسەی کارلێکی ئەو ڕەگەزان داینناون، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەو پێشەکییە بنچینەییانە بدەنەوە کە ئەو دیسپلینانە خۆیان لە خۆیاندا دەرئەنجامی سروشتیی پێشەکییەکانن[٤].

---

(١) بڕوانە: حامد عبد الواحد، الإعلام فی المجتمع الإسلامي، سلسلة دعوة الحق، السنة الثالثة، العدد (٣٣)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامي، ذو الحجة ١٤٠٤هـ سبتمبر ١٩٨٤م)، ص٤٧-٤٨.

(٢) – عمارة نجیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.
– فؤاد توفیق العانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٧.

(٣) حمدی حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

(٤) بڕوانە: محمود كرم سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠-١٥١.

– کەسانێکی تر هەوڵیان داوە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ تیۆری ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا دابڕێژن، لە میانەی دیاریکردنی ئەو بنەمایانەی کە لەسەری دەوەستێت، ئەمە بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە گرنگیی دیاریکردنی چوارچێوەی گشتیی تیۆری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی بدەنەوە، کە تیۆری ڕاگەیاندن بەشێکی ڕەسەن و دانەبڕاوە لێی، هەروەها بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە گرنگیی دیاریکردنی ئەو چوارچێوە کۆزمۆلۆژییە بدەنەوە کە تیۆری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی و دواتر تیۆری ڕاگەیاندنی ئیسلامیی خولّقاندووە، وەک دوو پێشەکیی پێویست بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی گشتیی فەلسەفەی ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا[1].

– سەرباری ئەمانەی باس کران، ژمارەیەکی گەورە نووسین هەیە کە زۆربەی لایەنەکانی دیدی ئیسلامی بۆ ڕاگەیاندن تاووتوێ دەکەن، بەڵام دیدێکی تەواوکاری وایان بۆ فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی نییە کە بتوانیت لە سایەیدا تاووتوێی بەشێکی دیاریکراوی لە دیدی ئیسلامی بۆ ڕاگەیاندن پێ بکەیت[2].

هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانەی ئاڕاستەی ئیسلامییانەیان هەیە

ئەگەر ڕەخنەیەک کە لەسەر زۆرێک لەو نووسینە عەرەبییانە تۆمار بکرێن کە شوێن فەلسەفەیەکی پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن دەکەون، یان بانگەشەی شوێنکەوتنی یەکێکیان دەکەن، بریتی بێت لەوەی کە ئەو نووسینانە بڕیاری وەرگرتن و شوێنکەوتنی ئەو فەلسەفانەیان داوە، بەبێ ئەوەی ئاستی گونجاوی و جیاوازیی نێوان زەمینەی لەدایکبوونی ئەو فەلسەفانە و ئەو زەمینە ئیسلامییەی کە بۆی دەگوێزرێتەوە، بدۆزنەوە، وەک پێویستییەکی خوازراو بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارە لەسەر بنەمایەکی زانستی و لۆژیکیی دروست، ئەوا ئەو ڕەخنەیەی کە دەکرێت لەسەر ئەو نووسینانە تۆمار بکرێت، کە ئاڕاستەیەکی ئیسلامییان هەیە –جا ئەوانەیان بن کە بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە تاووتوێی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی

---

(١) بڕوانە: محمد سيد محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦-٢٦٤.

(٢) بۆ نموونە، بڕوانە:

– محمد كمال الدين إمام، النظرة الإسلامية للإعلام: محاولة منهجية، ط٢، (الكويت: دار البحوث العلمية، ١٩٨٣).

– سعيد بن ثابت، الحرية الإعلامية فى ضوء الإسلام، ط٢، (الرياض: دار عالم الكتب، ١٩٩٣).

– أيمن محمد النبوى غبور، «النظريات الوضعية لعلوم الاتصال الجماهيرى والمجتمع الإسلامي المعاصر: دراسة تطبيقية على كل من مصر والسعودية فى الفترة من ١٩٧٥ إلى ١٩٩٢»، رسالة دكتوراه غير منشورة، (جامعة الزقازيق، كلية الآداب، ١٩٩٦).

ڕاگەیاندنیان کردووە، یاخود ئەوانەیان کە کاریان بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنیان لە ئیسلامدا کردووە- نزیکە لەو ڕەخنەیەی کە لەسەر ئەوانی دی تۆمار کراون.

هەر چی پەیوەستە بەو نووسینانەوەی کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانەی جددی تاووتوێی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان کردووە، تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ئەو نووسینانە ئەوەیان فەرامۆش کردووە کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە ئەو فەلسەفانەیان خوڵقاندووە، ڕەخنەیان لێ بگرن، کە بریتین لەو بەڵگەنەویستانەی کە تایبەتمەندییەکانی ڕشتەی هزریی عەلمانی (کۆزمۆلۆژیای عەلمانی) پێک دەهێن، لەبریی ئەوە تەنها لە سایەی هەندێک وتەزای ڕاستەخۆدا کە بەرهەمی هێناون و بریتین لە وتەزاکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی کە هەر یەکێک لەو تیۆرانەی تێدا لەدایک بوون، تاووتوێی ڕەخنەییان بۆ ئەو فەلسەفانە کردووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو وتانە پێشەکیی بنچینەیی نین و لەوە تێناپەڕن کە دەرئەنجامی ئەو وتانە بن کە تایبەتمەندییەکانی کۆی ڕشتەی عەلمانییان پێک هێناوە، کە ڕەخنەی لۆژیکیی دروست وا دەخوازێت کە ڕەخنە بەوە دەست پێ بکرێت، چونکە دەرئەنجامەکان لە خودی خۆیاندا ڕەخنەیان لێ ناگیرێت، بەڵکوو لە سایەی ئەو پێشەکییانەوە کە بەرهەمیان هێناون، بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئەوەی هەوڵی ئەم تاووتوێ ڕەخنەییە دەدات، هەڵگری ڕشتەیەکی هزریی تەواو جیاواز بێت لەو ڕشتە هزرییەی کە ئەو فەلسەفانەیان بەرهەم هێناوە.

هەر چی ئەو نووسینانەشن کە بە ئاڕاستەی بەشداریکردن لە پرۆسەی بونیادنانی فەلسەفەیەکی ئیسلامیی ڕاگەیاندن کاریان کردووە، لەگەڵ ئەوەی بەشداریەکی گرنگیان لەو ڕووەوە پێشکەش کردووە، بەڵام وەکوو پێویست گرنگییان بە گەڕانەوە بۆ بنەچەی ئەو پێشەکییانە نەداوە کە ئەو فەلسەفانەیان لەسەر دامەزراوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ یەکێک لەم تۆێژینەوانە دانانی دیدێکی تەواوکاریی بۆ ئەو فەلسەفەیە نەکردووە بە خەمی خۆی، بەڵکوو تێبینیی ئەوە دەکرێت کە یان زۆرینەی گرنگییدانەکانیان لە تاووتوێکردنی بەشێکی دیاریکراوی ئەو فەلسەفەیەدا چڕ بووەتەوە، یاخود لە چوارچێوەی باسگەلێکی زۆری تردا تاووتوێی ئەو فەلسەفەیەیان کردووە. هەر بۆیە ئاسان نییە بوترێت ئەو نووسینانە دیدێکی تەواوکارییان بۆ فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی پێشکەش کردووە، کە لەسەر بنچینەگەلێکی لۆژیکیی ڕەگداکوتاو بونیاد

نرابێت و بتوانێت بەسەر فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندندا سەر بکەوێت[1].

پاش ئەم خستنەڕووە خێرایەی گرنگترین ئەو نووسینە عەرەبییانەی تاووتوێی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندیان کردووە، جا ئەوانەیان بن کە لە بازنەی ئەو زەمینەیەدا دەسوڕێنەوە کە بەرهەمی هێناون، یاخود ئەوانەی کە لە زەمینەی ئیسلامییەوە تاووتوێیان کردوون و هەوڵیان داوە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنی جێگرەوە بدۆزنەوە، دیارترین ئەو کەموکووڕییانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو نووسینانە هەیانە، کە ئەم تێڕوانینەوەیە –بە پشتیوانیی خودا– هەوڵی بەشداریکردن دەدات لە لابردن و پڕکردنەوەی ئەو کەموکووڕییانە، ئەگەر بە ئەندازەیەکی کەمیش بێت، لە میانەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانە بۆ ئەو فەلسەفانە لە دیدی ئیسلامییەوە.

(١) ئەمەش وا دەکات دیدی ئیسلامی بۆ ڕاگەیاندن ببێتە جێی ڕەخنە لەلایەن هەندێک لە تێڕوانەوە، ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەمە، وێناکردنی یەکێک لە تێڕوانە بۆ دیدی ئیسلامی بۆ ڕاگەیاندن، کە دەڵێت: «ئەو دیدە خاڵی لاوازی زۆرە؛ دیارترینیان پشتبەستنی زۆرینەی بیریارەکانی ڕاگەیاندنی «ئیسلامی» و بەرپرسیارێتییەکانی بە پایەگەلێکی تیۆری کە زیاتر «بانگەشەگەری»ن وەک لەوەی «زانستی» بن، هەر ئەمەش تۆندوتۆڵییە لۆژیکییەکەی دووچاری لەرزۆکی و سۆنگەکانیشی تووشی ڕەخنە و پێداچوونەوە دەکات».

– محمد حسام الدين محمد أبو العلا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

داخوازی دووەم: میتۆدی تاووتوێکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە

ئەگەر توێژەر میتۆدی شیکاری بکات بە ئامرازی بنچینەیی لە لێتوێژینەوەی ڕەخنەییانەی خۆی بۆ فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، ئەوا دیدی ئیسلامی دەکات بە بنەمای ئاڕاستەکار و ڕێنوێنیکاری خۆی لەو پرۆسەی پێکهێنانەوەیەی کە لەسەر پەردوو و ئەو وتەزا فەلسەفییانە پێکی دەنێت، کە لە میانەی پرۆسەی شیکارەکەدا وەڵام دراونەتەوە و هەڵتەکێنراون.

لە ڕاستیدا ئەو ڕوانگە ئیسلامییەی کە لە پرۆسەی کاری پێکهێنانەکەماندا دەیکەینە خاڵی سەرەتا، دوو میتۆدی تایبەتی هەیە، کە ئۆرگانییانە پێوەی پەیوەستن، بە شێوەیەک کە ناتوانین ئەو میتۆدەی لێ جیا بکەینەوە بۆ ئەوەی لە ڕشتەیەکی هزریی جیاوازدا بەکاری بهێنین، ئەو میتۆدەش سەر بەو پۆلەی میتۆدە کە پەیوەستن بەو ڕێباز و ڕشتە هزرییەی بەرهەمیان هێناوە –کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد– نموونەی ئەمە لەوەدا وەکوو ئەو میتۆدە پۆزەتیڤیزمەیە کە هەر کەسێک پشت بە ڕشتەی هزریی پۆزەتیڤیزم ببەستێت، بەناچاری لە سایەی ڕێنماییەکانیدا هەنگاو دەنێت، لە تاووتوێکردنی هەر پرسێک کە گرنگیی پێ بدات.

پێش ئەوەی باس لە چۆنێتیی باسکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بە تاووتوێکردنێکی ڕەخنەیی بەراوردکارییانە لە دیدی ئیسلامییەوە بکەین، پێویستە تیشک بخەینە سەر گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو میتۆدە ئیسلامییە، کە ئەو ڕوانگەیە پەیڕەوی دەکات[1]، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی ئەو میتۆدەی

---

(١) ئەو میتۆدە (المنهجية) لەژێر بەیداخی خۆیدا دوو ڕێباز (منهج)ی گەورە کۆ دەکاتەوە، کە بریتین لە ڕێبازی ئوسوڵی (المنهج الأصولي)، کە تایبەتە بە وەزیفەی بنەچەدۆزیی (تأصيل) مەنهەجی و تیۆریزەیی، کە لە ڕێبازی ئیجتیهاددا بەرجەستە دەبێت، کە لە بنچینەدا پەیوەستە بە فیقهی حوکمەوە، کە لە هەمان کاتدا فیقهی کەتوار فەرامۆش ناکات، ڕێبازی دووەمیش بریتییە لە ڕێبازی ژیاری، کە پەیوەستە بە فیقهی بزاڤ و فیقهی کەتوار و گۆڕان و جێنشینی. سەبارەت بە سیماکانی ڕێبازی ئوسوڵی، بڕوانە:
- محمد أمزيان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٩-٤٠٦.
- سيف الدين عبد الفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١-٢٢٢.
سەبارەت بە گرنگترین سیماکانی ڕێباز یان ڕوانگەی ژیاری، بڕوانە:
- نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨-١٠٤.
- سيف الدين عبد الفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦.

لە بەرانبەر میتۆدی پۆزەتیڤیزمدا پێ جیا دەکرێتەوە، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چوارچێوەیەی ئەو میتۆدە بۆ تاووتوێکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بە تاووتوێکردنێکی بەراوردکارییانە لە میانەیەوە دەڕەخسێنێت. بەمەش ئەم داخوازە بۆ دوو لق دابەش دەبێت، کە بریتین لە تایبەتمەندییەکانی ڕوانگەی ئیسلامی و چوارچێوەی تاووتوێکردنی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە.

لقی یەکەم: تایبەتمەندییەکانی ڕوانگەی ئیسلامی

دەکرێت تاووتوێی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕوانگەی ئیسلامی یان میتۆدی ئیسلامی لە میانەی باسکردن لەو چوارچێوەیەی جوولّەی تێدا دەکات، هەروەها لە میانەی ئەو سەرچاوانەی کە لە وەرگرتنی ڕاستی و زانیارییەکاندا پشتیان پێ دەبەستێت و ڕەنگدانەوەی ئەوە لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە میتۆدی پۆزەتیڤیزم جیای دەکەنەوە، ئەنجام بدەین.

یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی ئیسلامی

بازنەی جوولّەی میتۆدی ئیسلامی و چوارچێوەکەی لە تەواوکاریی هەردوو چەمکی پەنهان (الغيب) و دیار (الشهادة)ەوە سەرچاوە دەگرێت[1] و تەنها گرنگی بە دنیای ئاشکرا نادات، وەک ئەوەی میتۆدی پۆزەتیڤیزم دەیکات.

گرنگترین پێداوەکانی جیهانی پەنهانیش بەڕەهایی –کە خۆڕادەستکردنی واتە خۆڕادەستکردن بە هەموو ئەو زانیارییە غەیبییانەی لێی دەکەوێتەوە– بریتییە لە بوونی خودا (الله) –بێگەردی و بالّایی بۆ ئەو زاتە– کە ئەفرێنەر و تاک و تەنها و زاڵدەستە بەسەر هەموو کارێکی گەورە و بچووکی ئەم گەردوونەدا. خۆڕادەستکردنیش بۆ ئەم پێشەکییە دەرئەنجامێکی سروشتیی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەیە کە ئەم ئەفرێنەرە تاک و تەنها و زاڵدەستە، کارایە لە ژیانی ئەفرێنراوەکانیدا، ئەفرێنەری هەردوو جیهانی پەنهان و دیاریشە، هەر ئەویش تاکە زانایە پێیان، هیچ سەرچاوەیەکی

---

(١) سەبارەت بە تەواوکاریی هەردوو چەمکی پەنهان و دیار (الغيب والشهادة) و ڕەنگدانەوەکانیان لەسەر میتۆدی ئیسلامی، بڕوانە:
– عبد الحميد أحمد أبو سليمان، أزمة العقل المسلم، سلسلة إسلامية المعرفة (٩)، (فرجينيا: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ١٩٩١)، ص١٠٩–١١٦.

تریش بۆ ناسینیان نییە جگە لەو، ﴿وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾[1]، واتە: «کلیلی هەموو نهێنییەکان هەر لای خوایە، کەس نایانزانێت جگە لە ‹خوا› و ‹خوا› دەزانێت چی لە وشکانی و دەریادا هەیە و هەر گەڵایەک بکەوێتە خوارەوە، خوا پێی دەزانێت و هەر دانەوێڵەیەک لە تاریکییەکانی زەویدا بێت و هەر تەڕ و وشکێک هەبێت، هەر هەموویان لە کتێبی ئاشکرا لە ‹اللوح المحفوظ›دان.»

هەر خوای گەورەی پاک و بێگەرد هەواڵی لەسەر ئەو ڕاستییانەی جیهانی پەنهان پێ داوین کە جێی بایەخمانە، وەک هەواڵدانی لەمەڕ چۆنێتیی ئەفراندنمان و هۆکارەکەی و سەرئەنجاممان و ئەوەی لە جیهانی دواییدا چاوەڕێمان دەکات لە لێپرسینەوە و ئەو پاداشت یان سزایەی بە دوایدا دێت، هەروەها هەواڵدانی سەبارەت بەو ئەفرێنراوانەی دەوروبەرمان کە ڕاستەوخۆ بە بوونی ئێمەوە بەستراون، جا لەم جیهانەدا یان لە جیهانەکەی تردا بێت، کە بریتین لە جنۆکە و فریشتە، ئەمە وێڕای ئەو شتانەی تری پەنهان کە پێویستە هەندێک زانیاریمان لەسەریان هەبێت.

بەو شێوەیە و لە سایەی ئەو زانیارییانەی کە خوای گەورە سەبارەت بە جیهانی پەنهان پێمانی بەخشیوە و ئەو زانیارییانەی جیهانی دیار و ئاشکرا کە دەتوانین پەیان پێ ببەین، میتۆدی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتگیر تاووتوێی هەموو پرسەکانی دەکات، بە پێچەوانەی میتۆدی پۆزەتیڤیزمەوە کە تاووتوێی هەموو پرسەکانی تەنها لە چوارچێوەی جیهانی دیاردا تاووتوێ دەکات.

دووەم: تەواوکاریی سەرچاوەکانی بیردۆزکاری لە میتۆدی ئیسلامیدا

سروشتی ئەو چوارچێوەیەی کە میتۆدی ئیسلامی جووڵەی تێدا دەکات، ئەوە دەسەپێنێت کە توێژەری موسوڵمان ڕاستییەکانی جیهانی پەنهان لە زانای جیهانی پەنهان وەربگرێت، ﴿عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِ أَحَدًا إِلَّا مَنِ ارْتَضَىٰ مِنْ رَسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا﴾[2]، واتە: «هەر خوایە زانا بە نهێنییەکان و کەس ئاگادار ناکات بەسەر نهێنیی خۆیدا، مەگەر بۆ

(١) (الأنعام: ٥٩).

(٢) (الجن: ٢٦، ٢٧).

پێغەمبەرێک کە خۆی ڕازیبێت، جا بێگومان خوا لەبەردەمی و پشتیەوە پاسەوان (لە فریشتە) دەنێرێت.»

هەروەها زانست و زانیارییەکانی پەیوەست بە جیهانی دیار، لە میانەی دۆزینەوەی کەتواری هەستییەوە بەدەست بهێنێت، لەوەشدا هەستەکانی بۆ پەیێبردنیان یارمەتیی دەدەن. لە میانەی ئاوێتەکردنی ئەو دوو جۆرە لە جۆرەکانی مەعریفە و لە میانەی ئەو توانایانەی کە لە خودی ئاوەزدا داڕێژراون، کە یارمەتیی دەدەن بۆ پەیبردن بە پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان و دەرهێنانی دەرئەنجام لە پێشەکییەکان، پرۆسەی بونیادنانی بونیادی تیۆری لە سایەی ئەو میتۆدەدا لەسەر بنچینەگەلێکی ڕەگداکوتاو لە حەقیقەتی تەواوکاریی گشتگیر دامەزراوە[1].

لێرەدا کەمێک بە دووردرێژی ئەو سەرچاوانە دەخەینە ڕوو کە میتۆدی ئیسلامی زانیاری و مەعریفەی خۆی لێیانەوە وەردەگرێت و لەبەر ڕۆشناییاندا بونیادی تیۆریی خۆی دادەمەزرێنێت:

١. سروش

سروش وەک سەرچاوەیەک بۆ مەعریفە و ئاڕاستەکردن لە ژیانی مرۆڤدا بەگشتی مەبەست لێی وتەی ڕاست و هەقە، کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی ناردووە (الأنبياء والرسل)، واتە ئەوانەی خاوەنی پەیام بوون و ئەوانەشی خاوەنی کتێب بوون، بۆ گەیاندنی ئەوەی کە خودا فەرمانی پێ کردوون بە ئومەتان. هەروەها سروش وەک سەرچاوەیەک بۆ مەعریفە و ئاڕاستەکردنی ئیسلامی، مەبەست لێی وتەی خودا و ویستی ئەو ڕاستییەیە کە خودا بۆ محەمەد (دروودی خوای لەسەر) ناردووە، کە هەم نەبی بووە، هەم ڕەسوولّ، بۆ ئەوەی وەک کۆتا پەیامی تەواوکار و گشتگیر بە هەموو خەڵکی بگەیەنێت، بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنموویکار بۆ خەڵکی و ڕێنیشاندەر بۆ ئاشنابوون بە واتای بوونیان و مەبەست لەو بوونە و ڕوونکردنەوەیەکیش بێت بۆ ئەو مەبەست و بنەما و بەها و ئەحکامانەی کە بۆ بەدیهێنانی مەبەستی بوونیان و گەیشتن بە مەبەستی کار و پەیوەندییەکانیان پێویستە پێیانەوە پابەند بن. گەوهەری ئەوەی کە سروش پێشکەشی خەڵکی دەکات، بریتییە لە ڕوونکردنەوەی سروشتیی پەیوەندیی مرۆڤ بە خوای گەورەی

(١) سەبارەت بە دوالیزمەیی بواری مەعریفە (پەنهان و دیار) لە میتۆدی ئیسلامیدا، بڕوانە:
- راجح عبد الحميد الكردی، نظرية المعرفة بين القرآن والفلسفة، سلسلة الرسائل الجامعية (٨)، (فيرجينيا: المعهد العالمی للفكر الإسلامي، ١٩٩٢)، ص٤٨٠-٤٨٢.

پاک و بێگەرد و بااڵوە، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی مەبەستی بوونی مرۆڤ لە گەردووندا و ڕێبەریکردنی جوواڵەی مرۆڤ لەم ژیانەدا و سەرئەنجامی لەدوای ژیانی دنیا[1]. بەو شێوەیە میتۆدی ئیسلامی بەوە لە میتۆدی پۆزەتیڤیزم جیا دەکرێتەوە کە پشت بە سەرچاوەیەکی باڵا دەبەستێت، کە هەموو ڕاستییەکانی جیهانی پەنهانی لێوە وەردەگرێت، هەروەک چۆن هێڵە گشتییەکانی بوون و ئامانج و مەبەستەکانیشی لەوەوە وەردەگرێت، لە داڕشتنی هەر بونیادێکی تیۆرییشدا هەر ئەو دەکات بە ڕێنموونییکار و ئاڕاستەکاری خۆی[2].

٢. کەتواری هەستپێکراو

سەرچاوەی دووەمی میتۆدی ئیسلامی کە مەعریفەی خۆی لێ وەردەگرێت و لەبەر ڕۆشناییدا بونیادی تیۆریی خۆی دادەڕێژێت، بریتییە لە کەتواری هەستپێکراو، چونکە میتۆدێکە کار لەسەر خوێندنەوەدۆزیی کەتوار دەکات بەو میکانیزمە زانستییانەی کە بۆی گونجاون، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو سوننەت و ڕێسایانەی کە شێوازی کارلێکی نێوان بەشەکانی دیاریی دەکەن، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێسا جێگیرانەی کە سرووش بۆی فەراهەم کردووە.

بەمەش میتۆدی ئیسلامی بەوە لە میتۆدی پۆزەتیڤیزم جیا دەکرێتەوە کە پشت بە سرووش دەبەستێت وەک پرنسیپێکی ڕێنموویکار، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێسا گشتییانە (الکلیات)ەی کە بۆی فەراهەم کردووە، ئەو مەعریفە بەشەکییانە دیسپلین دەکات کە لە کەتواری هەستپێکراوەوە وەریاندەگرێت[3].

پشتبەستنی میتۆدی ئیسلامی بە سرووش وەک پێوەرێکی جێگیر کە ببێتە خاڵی سەرەتا بۆ دیسپلینکردنی ئەو مەعریفە بەشەکییانەی کە لە کەتواری هەستپێکراوەوە دەست دەخرێت، دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی دوو لایەنی کەموکووڕی کە لە میتۆدی

---

(١) عبد الحميد أحمد أبو سليمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.
هەروەها: عبد الحميد أبو سليمان، قضية المنهجية فى الفكر الإسلامي، سلسلة رسائل إسلامية المعرفة (٤)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامي، ١٩٨٩)، ص١٥-١٦.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ئاستی پشتبەستن بە سروش لە میتۆدی ئیسلامیدا، بڕوانە:
- طه جابر العلوانى، الأزمة الفكرية المعاصرة: تشخيص ومقترحات علاج، سلسلة المحاضرات (١)، ط٢، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامي، ١٩٩٢)، ص٢٩-٣٠.

(٣) عبد الحميد أحمد أبو سليمان، «معارف الوحى: المنهجية والأداء»، مجلة إسلامية المعرفة، السنة الأولى، العدد الثالث، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامي، رمضان ١٤١٦هـ يناير ١٩٩٦م)، ص١٠٠-١٠١.

پۆزەتیڤیزمدا هەن[1]، ئەو میتۆدەی کە کۆی بونیادە تیۆرییەکانی لەسەر پێدراوە بەشەکییەکانی کەتواری هەستپێکراو هەڵدەچنێت، ئەو دوو لایەنەش بریتین لە:

- پشتبەستنی تەواوەتی بەو گۆڕاو و هۆکارانەی کە دەتوانین لە کەتواری هەستپێکراودا دیارییان بکەین، وەک پێشەکیگەلێک بۆ بونیادنانی بونیادە تیۆرییەکانی. بەو شێوەیە دەرکەوتنی هەر گۆڕاوێکی نوێ بە گۆڕانی سەردەم و شوێن، بەسە بۆ ئەوەی ئەو بونیادە تیۆرییە دووچاری ناڕێکی و کەموکووڕی ببێت.

- فەرامۆشکردنی تەواوەتیی لایەنە پەنهانییەکان، کە ڕەنگە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەو دیاردانە هەبێت کە لە کەتواری هەستپێکراودا دیاری دەکرێن، ئەمەش وا دەکات کە تێگەیشتن لەو دیاردانە لەسەر چەند پێدراوێکی کەموکورت بونیاد بنرێت.

میتۆدی ئیسلامی ئەو دوو لایەنە کەموکووڕییەی تێدا نییە، بە پشتبەستنی بە مەعریفەی سرووش، کە دیدێکی گشتگیر بۆ ئەو هۆکارابە هەیە کە کاریگەرییان لەسەر دیاردە مرۆییەکان هەیە، چونکە ئەو مەعریفانە بە گۆڕانی سەردەم و شوێن ناگۆڕێن، چونکە خاوەنەکەیان ئەفرێنەری سەردەم و شوێنەکانیشە، هەروەک چۆن شیکاریکردنی بۆ پێدراوەکانی هەستی مرۆڤ فەرامۆش ناکات، کە ڕەنگە بکەونە ژێر کاریگەریی شتە پەنهانەکانەوە.

٣. ئاوەز (عەقڵ)

لە میتۆدی ئیسلامیدا ئاوەز ئامرازی بەدەستهێنانی مەعریفە و ئامرازی داڕشتنی بونیادی تیۆرییە، بە پشتبەستن بەو مەعریفانەی کە بەدەستی دەهێنێت، جا لە کتێبی خوێنراوی خودا (سرووش)ەوە بێت، یان لە کتێبی والای خودا (گەردوون)ەوە بێت. هەروەها ئاوەزی پەیوەست بە میتۆدی ئیسلامییەوە، لە خوێندنەوەی بۆ کتێبی نووسراوی خوای گەورە، هەوڵی گەیشتن بە یەکتاپەرستیی خوداوەندی (توحید الألوهیة) دەدات، کە لە چالاکیی دیاردەکان و بزاوت و بوون و کارلێکیان و لەو سوننەت و یاسانەی کە بەڕێوەیان دەبات، دیار و ئاشکران –کە هەمووشیان دروستکراوی خودان، ئەو خودایەی هەموو شتێکی بە جوانترین شێوە دروست کردووە–، ئەمە وێڕای هەنگاونان بۆ پاراستنی ئەمانەت و ئەنجامدانی ئەرکی جێنشینی و بەکارهێنانی

---

(١) سەبارەت بە کەموکورتی و لایەنە نەرێنییەکانی میتۆدی پۆزەتیڤیزم، بڕوانە:
- محمد أمزیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٨٦.

یاساکانی ڕامکردن بۆ بەدیهێنانی حاڵەتی «ئامادەیی ژیاری» و «دروستکردنی ئومەتی باڵا و میانگیر (الوسط) و بونیادنانی «باشترین ئومەت».

هەروەک چۆن لە خوێندنەوەیدا بۆ گەردوون –کتێبی والای خودا- هەوڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی دروستکراوان و پەیوەندیی بوونەوەران و شێوە و تایبەتمەندی و سوننەتەکانی دیاردەکان دەدات، ئەمە وێڕای پەیبردن بە دەسەڵاتی خودای کارزان لە ڕێکخستنی ئەو سوننەتانە، بۆ گەیشتن بە یەکتاپەرستیی پەروەردگاری (ربوبية) و یەکتاپەرستیی سیفەتەکان، کە ویژدانی مرۆیی لە هەموو فشارێک ڕزگار دەکەن و تواناکانی ئاوەزی مرۆڤ سەبارەت بە بوون والا دەکەن و ڕێگەی سوودوەرگرتنی لە ڕێساکانی ڕامکردن و جێنشینی بۆ خۆش دەکەن[1].

هەروەها ئاوەزی پابەند بە میتۆدی ئیسلامییەوە ئەوە دەزانێت کە هەر ناکۆکی یان دژیەکییەک لەنێوان هەردوو سەرچاوەکەی مەعریفەدا (سرووش و گەردوون) دەربکەوێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە کەموکووڕی و نەتوانایییەک لە ئامرازەکاندا هەیە، جا ئامرازەکانی تێگەیشتن بێت لە مەعریفەی سرووش و هەڵهێنجان لێی، یاخود لە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی مەعریفەی گەردوون و سروشت و مرۆڤدا بێت[2]، چونکە ناکرێت دژیەکی لەنێوان ئەو دوو سەرچاوەیەدا هەبێت، لەبەر ئەوەی تەنها یەک ئەفرێنەر و دروستکەریان هەیە، هەر بۆیە ڕاستی یەکێکە و بەش بەش ناکرێت[3].

سێیەم: تایبەتمەندییەکانی میتۆدی ئیسلامی

لەبەر ڕۆشنایی ئەو خستنەڕووە کورتەی چوارچێوەی میتۆدی ئیسلامی و سەرچاوەکانی تیۆریزەکردن تێیدا بەراورد بە میتۆی پۆزەتیڤیزم، دەتوانین بەدرێژی باسی گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە بکەین کە میتۆدی ئیسلامیی بەرانبەر میتۆدی پۆزەتیڤیزم جیا دەکەنەوە:

---

(١) طه جابر العلوانی، «العقل وموقعه فی المنهجية الإسلامية»، مجلة إسلامية المعرفة، السنة الثانية، العدد (٦)، (فيرجينيا: المعهد العالمی للفكر الإسلامي، ربيع الآخر ١٤١٧هـ سبتمبر ١٩٩٦م)، ص٨٠.

(٢) بڕوانە: عبد الحميد أحمد أبو سليمان، معارف الوحی: المنهجية والأداء، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨-٩٩.

(٣) بڕوانە: إسماعيل راجی الفاروقی، صياغة العلوم الاجتماعية صياغة إسلامية، سلسلة رسائل إسلامية المعرفة (٥)، (فيرجينيا: المعهد العالمی للفكر الإسلامي، ١٩٨٩)، ص١٦-١٧.
- محسن عبد الحميد، المذهبية الإسلامية والتغير الحضاری، كتاب الأمة، عدد ٦، (قطر: وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، ١٤٠٤هـ ١٩٨٤م)، ص٤.

١. خوداییبوون (الربانية): چونکه میتۆدی ئیسلامی له بنەڕەتدا پشت به بنچینەیەکی خودایی بەهێز و پتەو دەبەستێت، کە «سروش»ە، واتە مانەوە و نەمانی و واتا و مەبنا و هزر و بزاوتی بەستراوەتەوە بە ئاییندا نانێن وەک بنچینە و سەرچاوەی بزاوت لە ژیاندا، تا دەگاتە ئەوەی هەڵوێستی دوژمنانەشیان لە بەرانبەر ئاییندا هەبێت، لە باشترین باردا ڕۆڵێکی لاوەکی لە دۆزینەوە و شیکار و ئاڕاستەکردنی دیاردە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێ دەدەن[١].

خوداییبوونی سروش کە بە سەرچاوەی باڵای میتۆدی ئیسلامی دادەنرێت، وا دەکات ئەم میتۆدە دوو تایبەتمەندیی گرنگ لە میتۆدی پۆزەتیڤیزم جیای بکەنەوە:

– جێگیری (الثبات): چونکە سروش پێوەرە جێگیر و مەعسوومەکانی ڕێڕەوی ئاوەزی مرۆیی و کردەی مرۆیی دادەڕێژێت، بەو پێیەی سروش بەهاگەلێکی پێوەرییە کە مرۆڤ داینەڕشتوون و لایەنگر و بەهانەهێنەرەوە نییە بۆ کردەوەی مرۆڤ و بە پێکهاتە و بارودۆخەکەشی کاریگەر نابێت[٢]، هەر ئەم پێوەرە جێگیرانەش ئامرازەکانی ڕاستاندن (التصويب) و نوێگەری و ئامرازە هەڵسەنگاندنی کەتوار و دۆزینەوەی ناڕێکییەکان و دیاریکردنی کەموکووڕییەکان و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی کەمتەرخەمی دادەڕێژن[٣].

بەمەش میتۆدی ئیسلامیی پاڕێزراو لە هەڵە و کەموکورتی بە پشتیوانی جێگیرە خوداییەکان، خۆی لە پشێوی و گۆڕانی بەردەوام لە باریکەوە بۆ باریکی دی بەدوور دەگرێت، نەک وەکوو ئەوەی لە میتۆدی پۆزەتیڤیزمدا تێبینی دەکەین، کە کەناریک نادۆزێتەوە لەنگەری لێ بگرێت[٤]، ئەمەش بەڕوونی لە بواری جیاوازەکانی هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم (سیاسی، ئابووری، ڕاگەیاندن... هتد) هەستی پێ دەکەین.

---

(١) سيف الدين عبد الفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

(٢) عمر عبيد حسنة، مقدمة مطولة لكتاب أكرم ضياء العمرى، قيم المجتمع الإسلامي من منظور تاريخى، الجزء الأول، سلسلة كتاب الأمة، العدد ٣٩ (قطر: وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، رمضان ١٤١٤هـ مارس ١٩٩٤م)، ص١٥-١٦.

– هەروەها بڕوانە: حسين عبد اللطيف الشافعى «تجديد الفكر الإسلامي: المفهوم والدواعى والخطوات» فى لجنة الفكر الإسلامي بالمجلس الأعلى للشئون الإسلامية، الفكر الإسلامي وعطاؤه للحياة المعاصرة، سلسلة قضايا إسلامية، عدد (٩)، (القاهرة: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، ١٤١٦هـ ١٩٩٦م)، ص٣٠-٣٢.

(٣) عمر عبيد حسنة، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

(٤) عادل حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦.

- گۆڕان لە چوارچێوەیەکی جێگیردا: چونکە میتۆدی ئیسلامی مافی ئیجتیهاد بە ئاوەزی موسوڵمان بۆ داڕشتنی ڕێسای گونجاو و دروست بۆ پێشهات و شتە نوێیەکان دەبەخشێت، بەبێ ئەوەی ئەو نوێیەی کە لەلایەن ئاوەزی مرۆیی پێشەنگ و باڵا و داهێنەرەوە دادەڕێژرێت، ببێتە سەرباریک بۆ بنچینە جێگیرەکان (الأصول الثابتة)، بەڵکوو دەبێتە لقێک کە سەرچاوەکەی ئەو جێگیرانەیە و هەر بەوانیشەوە لکاوە، بەو شێوەیە میتۆدی ئیسلامی دەروازە بۆ هەموو نوێیەک والا دەکات بۆ ئەوەی شەریعەتی ئیسلام لەو ڕێگەیەوە هەمیشە نوێ و زیندوو بێت و لەگەڵ هەموو کات و شوێنێکدا گونجاو بێت[1].

بەو شێوەیە میتۆدی ئیسلامی پشت بە چوارچێوەیەکی خودایی جێگیر دەبەستێت، کە ئاوەزی مرۆیی –کە خۆی بە سروشتی خۆی وایە ناتوانێت پەی بە پەنهان و ڕێسا گشتییەکان (الغیبیات والکلیات) ببات- لە پشێوی و پەرشوبڵاوی ببپارێزت لە تێگەیشتنی ڕەهەندەکانی دیاردە مرۆییەکان، کە هەر خۆیان بە سروشت ئاڵۆزن و بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی شوێن دەگۆڕێن، ئەمەش وا دەکات تێگەیشتنیان بەبێ پشتبەستن بە چوارچێوە خوداییە جێگیرەکە، تێگەیشتنێکی کەموکوڕ و ڕێژەیی بێت، خۆ ئەگەر بەسەر شوێن و کاتێکی دیاریکراویشدا جێبەجێ ببێت، ڕەنگە بۆ شوێن و کاتێکی دی گونجاو نەبێت، ئا ئەمەش کرۆکی ئەو گرفتەیە کە ئێمە لە هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزمدا دەیبینین.

---

(١) بڕوانە:

- أحمد عبد الغفور عطار، أصلح الأديان للإنسانية عقيدة وشريعة، سلسلة دعوة الحق، العدد (٦٦)، (مكة المكرمة، إدارة الصحافة والنشر برابطة العالم الإسلامي، رمضان ١٤٠٧هـ مايو ١٩٨٧م)، ص٩٥-٩٦.

- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە جێگیر و گۆڕاو لە میتۆدی ئیسلامیدا بە بەراورد بە میتۆدی پۆزەتیڤیزم، بڕوانە:

- محمد أمزيان، «تلازم الموضوعية والمعيارية فى الميثودولوجيا الإسلامية» فى ندوة الإسلام ومناهج العلوم التى عقدها المعهد العالمى للفكر الإسلامي بالاشتراك مع جامعة قسطنطينية بالجزائر فى الفترة من ٦ - ٨ سبتمبر ١٩٨٩م، ص٢٠٩-٢١١.

- محمد شوقى الفنجرى، جدلية الإسلام: دراسة مقارنة مختصرة للكشف عن المنهج المعرفى الإسلامي وطبيعة التوازن بين المتناقضات والتغير المستمر، (الرياض: دار ثقيف للنشر والتأليف، ١٩٨٩)، ص٥٧-٥٨.

- على أحمد مدكور، مفهوم المنهاج التربوى فى التصور الإسلامي: ورقة مقدمة إلى مؤتمر نحو بناء نظرية تربوية إسلامية معاصرة المنعقد فى عمان بالمملكة الأردنية الهاشمية فى الفترة من ٢-٥ محرم ١٤١١هـ من ٢٧ إلى ٣٠ يوليو ١٩٩٠م، الجزء الثانى، (عمان: الشركة الجديدة للطباعة والنشر)، ص٧٦-٧٧.

٢. گشتگیری

لە میانەی ئەو خستنەڕووەی بۆ چوارچێوەی میتۆدی ئیسلامی و سەرچاوەکانی مەعریفە تێیدا و کۆکردنەوەی لەنێوان جێگیر و گۆڕاودا ئەنجاممان دا، ئاستی ئەو گشتگیرییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە میتۆدی ئیسلامی هەیەتی و لە میتۆدی پۆزەتیڤیزم پێی جیا دەکرێتەوە، ئەمەش بێگومان ئەم ڕێبازە دەکاتە ڕێبازێکی زانستی بە واتای وشە، چونکە ئەگەر میتۆدی زانستی لە بیرکردنەوەدا و ڕێگەی بابەتییانە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و بەدەستهێنانی مەعریفە و هۆشیاری بە بوون، هەروەها شێوازی ورد بۆ وێناکردنی شتە دۆزراوەکان و گوزارشتلێکردنیان. هەموو ئەمانە بەسترابنەوە بە بینینی دیاردە تۆێژینەوەلێکراوەکە لە هەموو ڕووەکانییەوە و بەستنەوەی زیندووانەی نێوان هەموو تایبەتمەندی و بەش و هۆکار و کاریگەری و ڕواڵەت و گۆڕاوەکانی، ئەوا میتۆدی ئیسلامی کە سەبارەت بە جیهان تەنها بە جیهانی بینراو (عالم الشهادة)ەوە ناوەستێت، سەبارەت بە مرۆڤیش تەنها بە «پێداویستییە ئابووریيەکان»ەوە ناوەستێت، لەمەڕ کۆمەڵگەش تەنها لەسەر هۆکارە «ماددی» یان «هزرییەکان» ناوەستێت، هەروەها سەبارەت بە ڕێگەکانی هۆشیاری و مەعریفەش تەنها پشت بە «هەستەکان» نابەستێت، بەڵکوو میتۆدی ئیسلامیی کۆکەرەوەی گشتگیر و تاکە میتۆدی زانستییە، ڕێبازەکەشی لە دۆزینەوەی ڕاستیدا ڕێبازێکی بابەتییە، ئەو شێوازەشی وردترین شێوازە لە وێناکردندا[١].

ڕێسای گشتگیری لە میتۆدی ئیسلامیدا تەنها نەبەستراوەتەوە بە بواری تۆێژینەوەوە، بەڵکوو درێژ بووەتەوە بۆ بواری جێبەجێکردنیش، جێبەجێکردنی بەشێکیش لە دیدی ئیسلامی بەبێ بەشەکانی تری، لە بازنەی ئەو کۆمەڵگانەدا کە ئیسلام فەرمانڕەوا نییە، ڕێبازێکی تەندروست دروست ناکات، چونکە گونجاوی و دروستی ئەو بەشە بەستراوەتەوە بە چوارچێوە گشتییەکەی ڕێبازە ئیسلامییەکە و تەنها لەو بەشەوە سەرچاوە ناگرێت[٢].

لە میانەی چاوخشاندنێکی گشتگیر و تەواوەتی بە تێڕوانینی ئیسلامیدا (لە ڕووی تۆێژینەوە و جێبەجێکردنیشەوە) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تێڕوانینی ئیسلام لە هاوتا پۆزەتیڤیزمەکەی جیاوازە.

(١) محمد عمارة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(٢) منير شفيق، الإسلام فى معركة الحضارة، (الكويت: دار القلم، ١٩٨٩)، ص١٠٣.

دەتوانین ئەو دەرئەنجامانەی کە لە گشتگیریی تاووتوێکردنی دیاردەی توێژینەوەلێکراو لە تێڕوانینی ئیسلامی دەکەوێتەوە، لە دوو دەرئەنجامی گرنگدا کورت بکەینەوە:

ئ. گرنگیدان و گرتنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی دیاردە توێژینەوەلێکراوەکە و پاشان تێگەیشتن لە دیاردەکە لەسەر حەقیقەتی خۆی، ئەمەش مامەڵەکرن لەگەڵیدا و خستنەوەمیانەی سروشتی خۆی ئاسان دەکات، بەبێ فەرامۆشکردنی هیچ یەکێک لە ڕەگەزەکانی، چونکە بێئاگابوون لە تەنها ڕەگەزێکیشی بۆ کەموکووڕی لە تێگەیشتنیدا سەر دەکێشێت.

ب. هاوسەنگی لە تاووتوێکردندا: بە شێوەیەک کە یەکێک لە ڕەهەندەکان بەسەر ڕەهەندەکانی تردا زاڵ نەبێت و بەبێ لایەنگیری بێت بۆ لایەنێک لەسەر حسابی ئەوانی دی و زەقکردنەوەی ڕۆڵەکەی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی لایەنەکانی تری دیاردەکە و بەپاشکۆکردنیان بۆ ئەو لایەنە، ئەمە واتای ئەوە نییە کە هەموو لایەنەکانی دیاردەکە لە ڕووی ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەرییەوە یەک ئەندازە و قەبارەیان پێ بدرێت، بەڵکوو هەر لایەنێک بۆ هەر باریک لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە کەتواردا هەیە، نەک لە سایەی بڕیاری پێشوەختە پێگەی پێ بدرێت[1].

پاش ئەم چاوخشاندنە خێرایە بە تایبەتمەندی و وانەکانی میتۆدی ئیسلامیدا بە بەراورد بە میتۆدی پۆزەتیڤیزم ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جیاوازی لە نێوانیاندا جیاوازی لە شێواز و ئامرازەکاندا نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا جیاوازییە لە سەرچاوە و سۆنگە و مەبەستەکاندا، یان پتر لەوە جیاوازییە لە خودی فەلسەفەی زانست و بنچینە و مەبەست و تیۆرەکانیدا[2].

هەروەها لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی هەر توێژینەوەیەک و ئەو بونیادە هزرییەی دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی و ڕێنموویی ئەو توێژینەوەیدا بەرپا بکرێت، پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵی بەو میتۆدەوە هەیە کە لە گەیشتن بەو دەرئەنجامانەدا

(١) نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣-٩٤.
- سەبارەت بە هاوسەنگی و میانگەرایی (الوسطية)ش لە میتۆدی ئیسلامیدا، بڕوانە:
- محمد عمارة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.
- سەبارەت بە هاوسەنگی و تایبەتمەندییەکانی تری میتۆدەکە، بڕوانە:
- محسن عبد الحميد، الإسلام والتنمية الاجتماعية، (جدة: دار المنار للنشر والتوزيع، ب ت)، ص٢٨-٣١.

(٢) طه جابر العلوانی، مقدمة لكتاب إبراهيم أحمد عمر، فلسفة التنمية: رؤية إسلامية، سلسلة أبحاث علمية (٤)، (فيرجينيا: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ١٩٩٢)، ص٣-٤.

پەیڕەو کراوە، ئەمەش واتە ئەو دەرئەنجامانە یان ئەو مەعریفەیە و هەموو ئەو بونیادە هزرییەی لەبەر ڕۆشناییاندا بەرپا دەکرێن، بە پێی جیاوازیی ئەو میتۆدەی بەکار هێنراوە، جیاواز دەبن.

بەو پێیەشی جیاوازی لەنێوان میتۆدی ئیسلامی و میتۆدی پۆزەتیڤیزمدا زۆر گەورەیە —وەک ئەوەی بینیمان— ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەر بونیادێکی هزریی ڕاگەیاندن کە لەبەر ڕۆشنایی هەر یەکێک لەو دوو میتۆدەوە بەرپا بکرێت، زۆر لەوی تر جیاواز دەبێت.

بەو شێوەیە لەم چەند لاپەڕەیەی پێشوودا گرنگترین تایبەتمەندییەکانی میتۆدی ڕوانگەی ئیسلامیمان ڕوون کردەوە، کە دەیکەینە سۆنگەی ڕێبازی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانە بۆ فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، هەر ئەوەش دەکەینە سۆنگە و سەرەتا بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو جێگرەوەیەی کە ئیسلام پێشکەشی دەکات، بۆ ڕەخنەگرتن و بەتاڵکردنەوەی هەر یەکێک لەو وتانەی کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن، یاخود ئەو وتانەی کە پایەی سەرەکیی ئەو فەلسەفانەن. لێرەدا ئەو چوارچێوەیە دەخەینە ڕوو کە لە میانەیەوە ڕێبازێکی ڕەخنەییانەی بەراوردکاری بۆ فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن پێک دێت.

لقی دووەم: چوارچێوەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکاریی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە

سروشتییە کە جیاوازیی نێوان هەردوو میتۆدی ئیسلامی و پۆزەتیڤیزم بۆ بەرپابوونی دوو ڕێباز یان دوو ڕشتەی هزریی جیاواز سەر بکێشێت، شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە بونیادی هزریی ناوخۆیی لە هەر ڕێبازێکیاندا گونجاو و هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ سروشتی ئەو ڕێبازەی کە ئینتیمای بۆی هەیە، لێرەدا هیچ بواریک بۆ بڕینی هیچ کامێک لە بونیادە لاوەکییەکانی یەکێک لەو ڕشتەیە و چاندنی لەوەی تریاندا نییە، مەگەر ئەندازەیەک لە لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت کە ڕێگە بەو گواستنەوەیە بدات. خۆ ئەگەر ئەندازەیەک لە لێکچوون نەبێت، یان ئەو بونیادە لاوەکییە بە شێوەیەک ڕێک نەخرێت کە وای لێ بکات لەگەڵ سروشتی ئەو ڕشتەیەدا بگونجێت کە بۆی دەگوێزرێتەوە، ئەوا بێگومان گواستنەوەیەکە

دەرئەنجامەکەی بە شکست کۆتایی دێت[1].

ئەگەر تەماشایەکی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیش بکەین، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم لۆژیکەدا بەشێکی ڕەسەنی ڕشتەی هزریی پۆزەتیڤیزم (کۆزمۆلۆژیای عەلمانی)ن، دەبینین کە دروستیی گواستنەوەیان بۆ ڕشتەی هزریی ئیسلامی (کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی)، بەستراوەتەوە بە ئەندازەی لێکچوونی هەردوو ڕشتەکەوە. ئەمەش واتە ناتوانرێت حوکم لەسەر دروستیی گواستنەوەی ئەو فەلسەفانە یان یەکێکیان بدرێت، بەبێ خوێندنەوەیان لەو چوارچێوە گشتییەی کە تێیدا دروست بوون.

بەو پێیەی ئامانجی ئەم لێتوێژینەوەیە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی تا چەند گواستنەوەی هەر کام لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەو کۆمەڵگانە گونجاوە کە خۆیان پەیڕەوی ڕشتەیەکی هزریی پێچەوانەی ئەو ڕشتەیە دەکەن کە ئەو فەلسەفانەی خولّقاندووە، بۆیە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پێویستە بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە و بەراوردکارانە لە چوارچێوەی ئەو ڕشتە هزرییەی کە خولّقاندوونی، تاووتوێ بکرێن، بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستی ڕەنگدانەوەی لەسەریان و ئاستی لێکچوون لەنێوان ئەو ڕشتە هزرییە و ئەو ڕشتە ئیسلامییەی کە دەویستریێت ئەو فەلسەفانەی بۆ بگوێزرێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەو چوارچێوەیەی کە توێژەر بۆ تاووتوێکردنەکە دیاریی کردووە، ئامانجی توێژینەوەکە نایسەپێنێت، بە ئەندازەی ئەوەی کە سروشتی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن دەیسەپێنێت، کە فەلسەفەگەلێکن سەر بە ڕشتەیەکی هزریی تەواو جیاوازن لەو ڕشتە هزرییەی کە توێژەر لە سۆنگەیەوە تاووتوێی ڕەخنەییانە و بەراوردکارییانەی ئەو فەلسەفانە دەکات.

بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر لەو هۆکارانە تێبگەین کە تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی بونیاتی گشتیی ئەو ڕشتە هزرییەی خولّقاندوونی، دەسەپێنن، لێرەدا سروشتی پەیوەندیی نێوان بونیادی گشتیی ڕشتەکە –هەر ڕشتەیەک بێت– و بەشەکانی دەخەینە ڕوو،

(١) وتەکەی دکتۆر عیزەت قەڕەنی لەوەوە نزیکە کە دەڵێت: «پاداشتی گواستنەوەی شتی پێچەوانە بە سروشتی پێکهاتەی کولتووری، تەنها شکستە».
– عزت قرنی، إشکالیة الحریة، مجلة عالم الفکر، المجلد الثانی والعشرون، العدد الثانی، (الکویت: وزارة الإعلام، أکتوبر – نوفمبر – دیسمبر ١٩٩٣)، ص١٩٨.

بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا پێگەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی بونیادی گشتیی ڕشتەی هزریی پۆزەتیڤیزمدا بخەینە ڕوو، پاشان لەبەر ڕۆشنایی ئەوەشدا ئەوە بخەینە ڕوو کە بە چ شێوازێک تاووتوێی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە ئەنجام دەدەین.

بونیادی ڕشتەی هزری

هەر ڕشتە یان ڕێبازێکی هزری لە پێشەکییەکی سەرەکی یان زیاتر پێک دێت[1]، لەو پێشەکییانەوە دەرئەنجامگەلێک دەردەچن، ئەو دەرئەنجامانەش خۆیان بە کۆمەڵە پێشەکییەک هەژمار دەکرێن کە دەکرێت چەندین دەرئەنجامی تریان لێ بکەوێتەوە، بەو شێوەیە دەڕوات تا بونیادی ڕشتە هزرییەکە تەواو دەبێت. لەناو ڕشتەکەدا هەر کۆمەڵێک لە پێشەکی و دەرئەنجامەکان شێوەی تێۆرگەلێک وەردەگرن کە وەک زنجیرە پێکەوە بەستراون، کە هەرچەندێک پەل بهاون و فراوان ببن، هەر بە پێشەکییە بنچینەییەکانی ڕشتەکەوە مەحکوم دەبن، ڕاستێتیی (صدق) ئەو تێۆرانە یان قەبوولکردنیان لەسەر ڕاستێتیی ئەو پێشەکییە بنچینەییانە وەستاوە کە لێوەی هاتوونەتە بوون یان لە قەبوولکردنیانەوە، چونکە ئەو تێۆرانە جگە لەوەی دەرئەنجامێکی پێویستی ئەو پێشەکییانە شتێکی دی نین[2].

بەو شێوەیە هەر کەسێک دان بە دروستیی پێشەکییە بنچینەییەکانی هەر ڕشتەیەکدا بنێت، یان قەبوولی بکات، پێویستە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی قەبوول بێت کە لێیان دەکەوێتەوە، مادام بەڵگەهێنانەوەکە دروست بێت(٣).

ڕێگاکانی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی تێۆرەکانی ڕشتەی هزری

تاووتوێکردنی ڕەخنەییانە بۆ هەر یەکێک لەو تێۆرانەی کە لە ڕشتەیەکی هزرییەوە هاتوون، بە یەکێک لە دوو ڕێگا دەبێت، کە بەستراونەتەوە بە ئاستی

---

(١) بڕوانە: محمود زیدان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

(٢) بڕوانە: محمد أبو حمدان، طرق الفكر، (ب) الاستنباط، سلسلة من الأبحاث (٣)، (بيروت، القاهرة: دار الكتاب اللبنانی، دار الكتاب العربی، ١٩٧٨)، ص٣١.

– هەر چەندە لە پرۆسەی گواستنەوە لە پێشەکییەوە بۆ دەرئەنجام ڕێسا توند و یەکلاییکەرەوەکان پەیڕەو ناکرێت، وەک ئەوەی لە بواری بیرکاریدا هەیە.

(٣) بڕوانە: زکی نجیب محمود، المنطق الوضعی، الجزء الأول، ط٥، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٧٣)، ص٢٧٦-٢٧٧.

قەبوولکردنی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی ئەو ڕشتە هزرییەی کە ئەو تیۆرەی خولقاندووە، لەلایەن ئەو کەسەی هەوڵی ڕەخنەگرتن لە هەر یەکێک لەو تیۆرانە دەدات، چونکە ڕاستێتیی ئەو تیۆرە یان قەبوولکردنی بەستراوەتەوە بە ڕاستێتیی ئەو پێشەکییانەوە یان قەبوولکردنیان لەلایەن ئەوەوە[1].

– ئەگەر ڕەخنەگرەکە پێشەکییە بنچینەییەکانی ئەو ڕشتە هزرییە قەبوول بکات کە ئەو تیۆرەی خولقاندووە، کە ڕەخنەی لێ دەگرێت، ئەوە لەو تاووتوێکردنەدا تەنها ئەوەی لەبەردەمدایە کە گومان بخاتە سەر پرۆسەی ئەو بەڵگەهێنانەوە لۆژیکییەی کە لە ڕێگەیەوە ئەو دەرئەنجامانە هەڵهێنجراوە کە لە تیۆرەکەدا دەبنە جێی ڕەخنەی ئەم. ئەوەشی کە دەتوانێت ئەنجامی بدات، ئەوەیە کە هەمواری هەندێک لایەنی ئەو تیۆرە بەو شێوەیە بکات کە وای لێ بکات کە ساز و گونجاوتر بێت لەگەڵ پێشەکییە بنچینەییەکانی ڕشتەکەدا، ئەو پێشەکییانەی کە پێش ئەنجامدانی کارە ڕەخنەییەکەی قەبوولی کردوون.

– ڕێگەی دووەم بۆ تاووتوێی ڕەخنەییانەی هەر یەکێک لە تیۆرەکانی ڕشتەی هزری ئەوەیە کە کەسی ڕەخنەگر لە میانەیەوە ڕشتەیەکی هزریی تەواو جیاواز لەو ڕشتە هزرییە تەبەنی بکات کە تیۆرەکە ئینتیمای بۆی هەیە و ئەم دەیەوێت ڕەخنەییانە تاووتوێی بکات، بەو پێیەشی کە ئەو تیۆرە هەر چەندە دوور بێت لە پێشەکییە بنچینەییەکانی ئەو ڕشتەیەی ئینتیمای بۆی هەیە، دواجار دەرئەنجامی ئەو پێشەکییانەیە و ڕاستێتییەکەی یان قەبوولکردنی بەستراوەتەوە بە ڕاستێتیی ئەو پێشەکییانە، یان قەبوولکردنیانەوە[2]، بۆیە تەنها ئەو ڕێگەیەی لە بەردەمدایە کە لە پێشەکییە بنچینەییەکانی ئەو ڕشتەیەوە دەست بە کارە ڕەخنەییەکەی بکات، خۆ ئەگەر توانیی شکست و لەبەریەکهەڵوەشانی (تهاوي) ئەو پێشەکییانە بسەلمێنێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەتوانێت لەبەریەکهەڵوەشانی ئەو تیۆرە یان ئەو تیۆرانە بسەلمێنێت کە تۆڕێنەوەی ڕەخنەییان لەسەر دەکات.

باشترین ڕێگەش بۆ بەڵگەهێنانەوەی بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی پێشەکییە

---

(١) ئەو پێوەرەی دەکرێت بۆ حوکمدان لەسەر ڕاستێتی و ناڕاستێتی پێشەکیدا پەنای بۆ ببرێت، بریتییە لە گونجانی ئەو پێشەکییە لەگەڵ کەتوار، ئەو گونجانەش کاتێک دەبێت کە ئەو پێشەکییە لەسەر جێگیرییەکی ئاوەزیی پشتبەستوو بە کەتوار، نەک ئەحکامی گریمانەیی بەڕپا کرابێت.

– لەم بارەیەوە بڕوانە: محمد أبو حمدان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧-٣٢.

(٢) بڕوانە: محمود زيدان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

بنچینەییەکانی ڕشتەکە و نەبوونی ڕاستێتی، بریتییە لە سەلماندنی نەگونجانیان لەگەڵ ڕاستییەکانی کەتوار، یان ئەوەی کە ئەو پێشەکییانە لەسەر چەند حوکمێکی گریمانەیی بونیاد نراون[1].

تۆژەر لەم تۆژینەوەیەدا ئەم ڕێگەیەی دووەم دەگرێتە بەر، لەبەر ئەوەی لە تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بۆ فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە سۆنگەیەکی هزریی تەواو جیاواز لەو ڕشتەیەوە، کە ڕشتەی ئیسلامییە، کارەکەی ئەنجام دەدات. لێرەدا پێگەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە ڕشتەی هزریی عەلمانیدا دەخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی باشترین شێوازی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانە لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە ڕوون ببێتەوە.

پێگەی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن لە ڕشتەی هزریی پۆزەتیڤیزمدا

بێگومان فەلسەفەی ڕاگەیاندن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەرهاویشتەی سروشتیی ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییەیە کە کۆمەڵگەکە پەیڕەوی دەکات[2]، بە زمانی لۆژیک بریتییە

(١) بڕوانە: محمد أبو حمدان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١-٣٢.

(٢) لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەی باسی تیۆرەکانی ڕاگەیاندن یان فەلسەفەکانیان کردووە، جەت لەسەر ئەو واتایە دەکەنەوە، بۆ نموونە بڕوانە:

- F. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p 2,
- J. H. Altschall, op. cit., p 298,
- W. L. Rivers, W. Schramm, op. cit., p 29,
- D. McQuail, op. cit., p 84 - 85,
- J. Merrill and R. L. Lowenstein, op. cit., p 153,
- عواطف عبد الرحمن، «الصحافة المصرية المعاصرة: أداة تغير أم آلية استقرار فى إطار النظام السياسى لثورة يوليو ٥٢»، ورقة قدمت إلى المؤتمر السنوى الأول للبحوث السياسية فى مصر الذى نظمه مركز البحوث والدراسات السياسية بكلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة، فى الفترة من ٥-٩ ديسمبر ١٩٨٧، ص١،
- عبد الوهاب كحيل، الرأى العام والسياسات الإعلامية، ط٢، (القاهرة: مكتبة المدينة، ١٩٨٧)، ص١١٤،
- إجلال خليفة، الوسائل الصحفية وتحديات المجتمع المعاصر، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٨٠)، ص١٤٦.
- أحمد بدر، الاتصال بالجماهير بين الإعلام والدعاية والتنمية، (الكويت: وكالة المطبوعات، ١٩٨٢)، ص٣٢٠.
- أحمد كامل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.
- نبيل عارف الجردى، مدخل لعلم الاتصال، ط ٣، (العين: مكتبة الإمارات، ١٩٨٤)، ص٧٩.
- بسيونى حمادة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١،
- عبد اللطيف حمزة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧-٨٥.
- فؤاد توفيق العانى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٠.
- يوسف مرزوق، مدخل إلى علم الاتصال، (إسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ب ت)، ص١٧٥-١٧٦،
- فاروق أبو زيد، مدخل إلى علم الصحافة، ط ٣ (القاهرة: عالم الكتب: ١٩٩٥)، ص٧.

لە دەرئەنجامی سروشتیی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە لایەنە جیاوازەکانی هزری کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگەیەدا پێک دەهێنن، لە ڕاستیدا ئەو پێشەکییانەی کە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندن لەو کۆمەڵگەیەدا پێک دەهێنن –هەروەک چۆن تایبەتمەندییەکانی لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن- پێشەکیی ڕەسەن نین، بەڵکوو لە ڕاستیدا دەرئەنجامن بۆ ئەو پێشەکییە جەوهەرییانەی کە پەیکەری ئەو ڕشتە هزرییە گشتییە (دیدی گەردوونی یان کۆزمۆلۆژیا) پێک دەهێنن کە ئینتیمایان بۆی هەیە[1]. بۆیە حوکمدان لەسەر ڕاستێتیی هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن یان قەبوولکردنی بەستراوەتەوە بە ڕاستێتی یان قەبوولکردنی وتەزا بنچینەییەکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا لەدایک بوون، لەبەر ئەوەشی کە ڕاستێتی یان قەبوولکردنی ئەو وتەزایانە بەستراوەتەوە بە ڕاستێتی یان قەبوولکردنی ئەو وتەزا بنچینەییانەی کە پەیکەری گشتیی ئەو ڕشتە هزرییە پێک دەهێن کە ئینتیمایان بۆی هەیە، ئەوا واتای ئەوەیە کە ڕاستێتی یان قەبوولکردنی هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن لە بنچینەدا بەستراوەتەوە بە ڕاستێتی یان قەبوولکردنی ئەو وتەزا یان پێشەکییە بنچینەییانەی کە پەیکەری ئەو ڕشتە هزرییە پێک دەهێنن کە ئینتیمای بۆی هەیە.

خۆ ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا تەماشای فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بکەین –کە تەوەری سەرەکیی ئەم لێتوێژینەوەیەیە- دەبینین هەریەکێکیان دەرئەنجامی تیۆرێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە، ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانەش –بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە- دەرئەنجامی وتەزاکانی یەک ڕشتەی هزرین، کە ئێمە بە «کۆزمۆلۆژیای عەلمانی» ناوزەندی دەکەین.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێگەیەی کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن لە ڕشتەی هزریی پۆزەتیڤیزمدا هەیانە، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی سروشتی ئەو تێڕوانینەی کە لە

---

(١) سەبارەت بەو واتایە بڕوانە:

- F. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p 81،

- ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٨-٣٧٩.

- محمد سید ساداتی الشنقیطی، مفاهیم إعلامیة من القرآن الکریم، سلسلة دراسات فی الإعلام الإسلامي والرأی العام، (الریاض: دار عالم الکتب، ١٩٨٦)، ص٧،

- محمود سفر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

- عادل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٩-٣٨٠،

- محمد المبارک، سەرچاوەی پیشوو، ل٩٤.

- محمد أمزیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢.

میانەیدا تاووتوێیەکی ڕەخنەیانەی بەراوردکارییانەی ئەو فەلسەفانە دەکەین، پێویستیی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانە لە تێڕوانینی ئیسلامییەوە لەسەر سێ ئاست سەر هەڵدەدات: ئاستی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە پەیکەری ئەو ڕشتە هزرییە پێک دەهێنن، کە ئەو فەلسەفانەیان هێناوەتە بوون، کە بریتییە لە «ئاستی وتەزا کۆزمۆلۆژییەکان»، هەروەها ئاستی ئەو پێشەکییە ڕاستەوخۆیانەی کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان هێناوەتە بوون، کە بریتییە لە «ئاستی وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی»، ئاستی سێیەمیش بریتییە لەوەی کە تۆێژەر لە میانەیەوە بونیادی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن (وتەزاکانی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن) تاووتوێ دەکات.

لەوەی کە دێت، هەندێک وردەکاریی پەیوەست بە چۆنێتیی تاووتوێکردنی هەریەکێک لەو ئاستانە و ئامانج لێیان دەخەینە ڕوو.

یەکەم: ئاستی وتەزا کۆزمۆلۆژییەکان (پێشەکییە بنچینەییەکانی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن)

لێرەدا تۆێژەر هەوڵی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانەی ئەو وتەزا بنچینەییانە دەدات کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێک دەهێنن، کە بە پێشەکیگەلێکی بنچینەیی هەژمار دەکرێن، کە وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی –کە بونیادی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن پێک دەهێنن– بە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆیان دانانرێن.

گومانیش لەوەدا نییە کە سەلماندنی ئاستی دروستیی ئەو پێشەکییانە یان نادروستییان لە میانەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەوە، تا ڕادەیەکی زۆر بەشداری دەکات لە حوکمدان لەسەر دروستی و نادروستیی وتەزاکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی کە بونیادی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن پێک دەهێنن، هەروەک چۆن ڕوونکردنەوەی ئاستی گونجان و ناکۆکیی نێوان ئەو پێشەکییە کۆزمۆلۆژییانە و پێشەکییە هاوتاکانیان لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا بە شێوەیەکی گەورەتر دیاری دەکرێن، کە ئایا دەتوانرێت هەر کامێک لەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانەی ڕاگەیاندن بۆ کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی بگوێزرێتەوە، یان ناتوانرێت.

دووەم: ئاستی وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی (پێشەکییە ڕاستەوخۆکانی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن)

لێرەشدا تاووتوێیەکی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانە بۆ وتەزاکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییە ئەنجام دەدرێت کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان خوڵقاندووە، لە سایەی ئەو دەرئەنجامانەی کە لە میانەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانەی وتەزاکانی ئاستی پێشوو پێیان دەگەین. هەروەها لە میانەی ئەو دەرئەنجامانەی کە لە تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانەی وتەزاکانی ئەم ئاستەدا پێیان دەگەین، هەروەها لە میانەی ئەو دەرئەنجامانەی کە بە هۆی پرۆسەی بەراوردکردن لەنێوان وتەزاکانی ئەم ئاستە و وتەزا هاوتاکانی لە ڕشتەی ئیسلامیدا پێیان دەگەین، دەتوانین بگەینە حوکمێکی نیمچەکۆتایی لەمەڕ ئاستی گونجان و دروستیی گواستنەوەی هەر یەکێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لەو ژینگە هزرییەوەی کە تێیدا لەدایک بوون بۆ ژینگەی ئیسلامی.

سێیەم: ئاستی وتەزاکانی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن (بونیادی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن)

لە میانەی ئەو دەرئەنجامانەی لە ڕێگەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانە بۆ هەردوو ئاستەکەی پێشوو پێیان دەگەین، هەروەها لە میانەی تاووتوێیکردنی ڕەخنەییانەی وتەزاکانی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن لەم ئاستەدا و لە میانەی بەراوردکردنی ئەو وتانە بەو وتانەی ڕاگەیاندن کە لەگەڵ وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی و ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی لە ئامێزیدا لەدایک دەبێت، دەگونجێن. دەتوانرێت بە شێوەیەکی کۆتایی حوکم لەسەر ئاستی گونجان و دروستیی گواستنەوەی هەر کامێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن یان گواستنەوەی بەشێکیان بۆ ژینگەی ئیسلامی بدرێت، لەسەر بنچینەیەکی زانستی و لۆژیکیی ڕەگداکوتاو، بەمەش دەکرێت ئامانجی ئەو توێژینەوەیە بەدی بهێنرێت.

دەروازەی یەکەم

پێشەکییە بنچینەییەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و پێشەکییە هاوتا ئیسلامییەکانیان

ڕێخۆشکردن

ئەگەر وا گریمانە بکەین کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی هەر کۆمەڵگەیەک وەک بازنەیەک وایە، دەبینین ئەو دوو بازنەیە دەکەوێتە نێوان دوو بازنەی گەورەترەوە، ئەو بازنەیەی کە ڕاستەوخۆ بەدوایدا دێت، بریتییە لەو تێورە گشتییە کۆمەڵایەتییەی لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیەوە تەبەنی کراوە، هەر چی بازنەی دووەمیشە -کە هەژموون بەسەر هەدوو بازنەکەی تردا دەکات-، بریتییە لە کۆزمۆلۆژیا یان ئەو دید و تێڕوانینەی کۆمەڵگە لەمەڕ گەردوون و ئەوەی تێیدایە هەیەتی و پەیوەندیی مرۆڤ بەو گەردوونەوە بە هەموو ئەو شتانەی تێیدان، هەروەها مەبەستی مرۆڤ لە ژیان لە سایەی ئەو دیدە گەردوونییەدا.



پێگەی فەلسەفەی ڕاگەیاندن لە ڕشتەی هزری کۆمەڵگەدا

بەو شێوەیە ئەو وتانەی وێنای دیدی کۆمەڵگە بۆ گەردوون و ژیان دەکەن، هەژموونیان بەسەر وتەزاکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەوە دەبێت کە ئەو کۆمەڵگەیە هەیەتی، بەمەش ئەو هزرە کۆمەڵاییەتییە بەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو دیدە گشتییەیە کە بەڵگەنەویستانە دەتوانین بڵێین هەژموونی بەسەر فەلسەفەی ڕاگەیاندنەوە دەبێت، ئەگەر وەک دەرئەنجامی ناڕاستەوخۆش بێت.

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن –کە تەوەری ئەم توێژینەوەیەیە– سەر بە ڕشتەیەکی هزری یان کۆزمۆلۆژیایەکە کە «کۆزمۆلۆژیای عەلمانیەت»ە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو وتەزا گشتییانەی کە سیماکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێک دەهێنن، وەک ئەو وتەزا یان بە زمانی لۆژیک وەک ئەو پێشەکییە بنچینەییانە سەیر بکرێن کە وتەزاکانی هەموو ئەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانەیان لەسەر بونیاد دەنرێت، کە لەم توێژینەوەیەدا دەیانخەینە بەر باس.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئامانجی سەرەکیی ئەم دەروازەیە بریتییە لە تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردییانەی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە بوونەتە هۆی لەدایکبوونی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی باسکردنی ڕەخنەییانە و بەراوردییانەی ئەو وتانەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێک دەهێنن، ئەو ئامانجە بەدی دەهێنێت کە دەمانەوێت.

تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی بەراوردکارییانەی ئەو وتانە پێش هەموو شتێک ئەوەمان لەسەر پێویست دەکات کە ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانە بخەینە ڕوو کە بۆ دروستبوونی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و هەژموونە جیهانییەکەی سەریان کێشاوە، هەر بۆیە ئەم پارە دەکەینە تەوەری بایەخپێدانی بەشی یەکەمی ئەم دەروازەیە، پاشان لە بەشی دووەمیدا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانەی بەراوردکارانە وتەزاکانی ئەم کۆزمۆلۆژیایە لەگەڵ وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیی هاوتایان دەخەینە ڕوو.

بەشی یەکەم:
ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە بۆ دروستبوونی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و هەژموونە جیهانییەکەی سەریان کێشا

ڕێخۆشکردن

بێگومان باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە هزر و بیروباوەڕ زۆر جار بریتییە لە ئاشنابوون بەو هۆکارە سەرەکییانەی کە بوونەتە هۆی دروستبوونی[1]، لەبەر ئەوەی هەر بەرهەمێکی هزری و هەر پرۆسەیەکی تیۆریزەکردن وەک کردەیەکی ژیاری وایە و بەشێکیشیەتی، پرۆسەیەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کات و شوێنەوە، هەروەها پەیوەستە بە میانەی مەبەست و ئامانجە بالاکانی، کە دابڕاو نین لە کۆمەڵێک هۆکار و پاڵنەر، هەروەک چۆن ڕەنگدانەوەیە و کاریگەریشی لەسەر بژاردە و میکانیزمەکانی بەردەستی هەڵگرانی دەبێت، هەموو ئەمانەش لە هزری نوێدا بەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت کە لە لایەکەوە ئەو شتە کاریگەرانەن کە دەکەونە بازنەی کۆمەڵایەتیبوونی مەعریفە و مێژوونووسیبوونی، لە لایەکی تریشەوە لەگەڵیدا تێکەڵ و هاوبەش دەبێت، ئەمەش دەکرێت بە ڕەهەندی ئایینداریتیی مەعریفە (تدين المعرفة) ناوزەندی بکەین، واتە مەعریفە لە هەندێک کاتدا نوێنەرایەتیی کۆمەڵێک بەها و وەلاء دەکا کە گوزارشتی لێ دەکەن، یان هەندێک کاتی تر بریتییە لە نوێنەرایەتیکردنی مەعریفە و وابەستەیی بە تایبەتمەندیی بەرژەوەندییە عەقیدەیی و مەعنەوییەکان، کە بە «بەئایدۆلۆژیکردنی مەعریفە» ئاماژەی بۆ دەکرێت[2].

لە سایەی ئەمەوە دەتوانین بڵێین تێگەیشتن لەو هۆکار و پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی بۆ دروستبوونی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنیانەی دروستبوو سەریان کێشاوە، دوو شتی پێویست سەپاندوونی:

١. لۆژیکی کۆمەڵایەتیبونی مەعریفە، کە پێی وایە هەر مەعریفەیەک بەرئەنجامێکی سروشتی ئەو ژینگە هزری و کۆمەڵایەتییەیە کە خولقاندوویەتی، بۆیە بەبێ وردبوونەوە لەو بارودۆخە کۆمەڵگەیی و مێژوونووسیی دروستی کردووە، هەرگیز ناتوانین تێگەیشتنێکی دروستمان بۆ ئەو بەرهەمە هزرییە هەبێت.

(١) جون هرمان راندال، تكوين العقل الحديث، ترجمة: جورج طعمة، الجزء الثاني، (بيروت: دار الثقافة، ب ت)، ص٤٧.
(٢) منى أبو الفضل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

٢. زانینی ئەوەی کە ئایا ئەو هۆکارە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە خۆیان ڕێگەیان بۆ ئاوەزی ڕۆژئاوایی خۆش کرد کە واز لە هزری ئایینی کەهەنووتی بهێنن، ڕێگەمان دەدەن و دەبنە بەهانەی وازهێنان لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی و دواتر وازهێنان لە هەموو بەرهەمەکانی لە هزری کۆمەڵایەتی و بواری ڕاگەیاندن و گۆڕینیان بە جێگرەوەیەکی دانراوی پۆزەتیڤیزم، یاخود ڕەوایەتی بەو کارە نادات.

ئەم بەشە بەکورتی تاووتوێی سێ پرس دەکات، هەریەکێکیان لە پارێکی سەربەخۆدا. ئەو پرسانە بریتین لە:

- تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی.

- گرنگترین ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی بەشدار بوون لە کۆتاییهێنان بە کۆزمۆلۆژیای مەسیحی و بونیادنانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لەسەر پەردووی ئەو.

- گرنگترین ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی بەشدار بوون لە دروستکردنی هزری کۆمەڵایەتیی عەلمانی و هەژموونە جیهانییەکەی.

پاری یەکەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی

ئایینی مەسیحی لەسەر دەستی کڵێسای ڕۆمانی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە سایەی ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی جیهانی ڕۆژئاوا لەو سەردەمەدا بەخۆیەوە بینی، وردەوردە وازی لە ڕێسا و ڕێنماییەکانی هێنا، تا وای لێ هات بە شێوەی نیمچەتەواو لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هزریدا لە جیهانی ڕۆژئاوادا کەنار خرا و لە چوارچێوەی کاروبارە تاکەکەسییەکاندا کورت هەڵهێنرا، ئەو کاروبارانەی کە تاک مافی هەیە دەستبەرداریان نەبێت، هەروەک چۆن مافی تەواوی هەیە لە وازلێهێنانیان. بەو شێوەیە لە هزری ئایینی لە هەر خاڵێک پاشەکشەی بکردایە، هزری عەلمانی جێگەی دەگرتەوە، تا وای لێ هات هەژموونی خۆی بەسەر لایەنە جیاوازەکانی هزری کۆمەڵایەتی (سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد)دا بسەپێنێت، پاشان هەژموونی خۆی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ڕۆژئاوادا سەپاند و لەم سەدەیەدا بووە بە هزری هەژموونکار لەسەر ئاستی هەموو جیهان.

خۆ ئەگەر هۆگەلێک هەبن کە ببنە پاساو بۆ دەرچوونی ئاوەزی ڕۆژئاوایی لە وتەزاکانی ئایینی مەسیحی -کە زۆرێکی شێوێنراون-، هەروەها بۆ دەرچوون لە هەژموونی دەسەڵاتی ئیکلیریکی، ئەوا ئەو پاساوانە نە لەسەر ئاستی هزری و

نە لەسەر ئاستی جێبەجێکردن لەسەر ئایینی ئیسلام و کۆی وتەزا هزرییەکانی جێبەجێ نابن، جا ئەو وتەزایانە بن کەبۆ ژیانی خودیی تاک دیدن، یاخود ئەوانە بن کە بە کۆی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانەوە (سیاسی و ڕاگەیاندن و... هتد) تایبەتن، کە دەبنە پاساوی تەبەنیکردنی جێگرەوەی عەلمانی لەلای زۆرێک لەو بیرمەندانەی کە ئینتیمایان بۆ ئەم ئایینە هەیە، بە شێوەیەک کە خەریکە هەژموون بەسەر لایەنە جیاوازەکانی هزری کۆمەڵایەتیدا بکات، بەتایبەت لە بواری ڕاگەیاندندا. بۆیە تۆێژەر لەم پارەدا هەوڵ دەدات پوختەیەکی خێرای گرنگترین سیماکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی و ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی کە لە سایەیدا دروست بووە، بخاتە ڕوو، وەک پێشەکییەکی پێویست بۆ تێگەیشتن لەو ڕەوتە هزری و کەتواریییەی کە ئاوەزی ڕۆژئاوایی شۆڕشی بەسەردا کرد و بونیادێکی هزری پۆزەتیڤیزمی دارشت. هەروەها ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە ئایا ئەو پاساوانەی ڕەوایەتییان بە ئاوەزی ڕۆژئاوایی دا، کە لە ئایینی مەسیحی و بەڵکوو لە هەموو ئایینێک دەربچێت، ڕەوایەتی دەدەن بەو کارە بۆ کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی -کە لە بەشەکانی ئەم تۆێژینەوەیەدا بەدرێژی باسی وتەزاکانی دەکەین- بەو شێوەیەی کە هەیە و ئایا تەبەنیی جێگرەوەی عەلمانی بۆی لە کۆی بوارەکانی هزردا (سیاسی و ڕاگەیاندن و... هتد) دروستە یان نا؟

یەکەم: سیماکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی

دەکرێت تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی بەکورتی ڕوون بکەینەوە، لە میانەی ئاشنابوون بەو بەڵگەنەویستانەی لێیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەروەها لە میانەی ئەو مەبەستانەی مژدەی پێ داون و ئەو ئامرازانەی کە لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا پێشکەشی کردوون، کە بە ئامرازی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێن -کە جێبایەخی ئەم تۆێژینەوەیەمانە-، گرنگترینیشیان ئەمانەن:

ئ. بەڵگەنەویستەکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی

کۆزمۆلۆژیای مەسیحی پشت بە بەڵگەنەویستێکی گەورە دەبەستێت، کە بریتییە لەوەی ئەم گەردوونە[1] ئەفرێنەرێکی هەژموونکاری هەیە، بزوێنەری

(١) کۆزمۆلۆژیای مەسیحی بەو شێوەیە سەیری گەردوون دەکات کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بووە و پێی وایە کە گەردوون دیاری کراوە و پێکهاتەکەی لە هەموو بەشەکانیدا هەماهەنگ و گونجاوە، زەوییش دەکەوێتە ناوەندییەوە، قودسیش دەکەوێتە ناوەندی ئەم زەوییەوە، بەهەشتی عەدن

ڕووداوەکانیەتی، زانایە بە هەموو شتێک کە تێیدایە[1]. خوای گەورە ئەم گەردوونەی بۆیە خوڵقاندووە، ببێت بە بنچینەی شانۆی سەرفرازی مرۆیی، کە شانۆیەکە بەوردی دیاری کراوە، کاتێک قۆناغەکانی بەدی دێن و بەکۆتا دەگەن، کە فووی کۆتایی بە کەڕەنادا دەکرێت[2].

ئەم بەڵگەنەویستە سەرەکییە دوو دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، کە وەک دوو بەڵگەنەویستی لاوەکی وان بۆی:

(عدن)یش دەکەوێتە پارچەیەکی ئەوتۆوە لە ڕۆژهەڵات، ئەو شوێنەی کە پیاوەکە تێیدا کەوتە هەڵەوە. دانتی ئەو شوێنەی بە قودس دیاری کردووە، بەڵام هەندێکی تر دوورگەی ئیسلان، یان دوورگەیەکی تری دوور، یان چیایەکی دووریان دیاری کردووە، ئیدی هەر شوێنێک بووبێت، بەزۆری قەشەکان سەردانیان کردووە، جەهەننەمیش لە یەکێک لە لاکانەوە لەژێر زەویدایە، لەوسەریش لە ناوەڕاستی گەردوون بەتەواوی و لە مەودایەکی زۆر دوور لە خودا، لە ئاسمانی ئاسمانەکاندا خودی شەیتان دادەنیشێت.

– بەو شێوەیە گەروون دیاریکراو و هەماهەنگ بوو، هەروەها هەروەک چۆن جیهانی ماددە لەم گەردوونەدا بڵقێکی بچووک بووە لە جیهانی بێکۆتای ڕۆحدا، کە کردەی خودایە، بە هەمان شێوە ماوەی مانەوەشی خولەکێک زیاتر نییە لە چاو ئەبەدیەتدا، ئەمە ئەو شتەیە کە پێویستە لەیادی نەکەین. مەسیحیش بە پێی هەژماری دانتی، لە ساڵی ٥٢٠٠ی دوای دروستبوون لەدایک بووە و بە پێی هەژماری کەسانی تریش لە ٤٠٠٤ی دوای دروستبووندا بووە، بەو پێیەشی ژیانی زەوی بەتەواوی لە حەوت هەزار ساڵدا کۆتایی دێت، ئەوا دوای ساڵی ١٣٠٠ی زایینی، بە پێی هەژماری دانتی، تەنها پێنج سەد ساڵی ماوە، بەڵام بە پێی هەژماری کەسانی دی کۆتایی گەردوون دوای سالی ٤٠٠٤ی دوای زایین دەبێت، ئەمەش بۆ پاراستنی هاوئاهەنگی. بڕوانە: جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١–٧٢.

(١) پێویستە ئەوە بەهەند وەربگرین کە وێنەی خودا لە مەسیحیەتدا تەواو لە وێنەکەی لە ئیسلامدا جیاوازە.

(٢) شانۆی سەرفرازیی مرۆیی بۆ چوار بەش دابەش دەبێت:

– بەشی یەکەم: باسی پرسی «کەوتنی ئادەم» و ئەوەشی کە بەدوایدا هات لە بەردەوامیی هەڵە، کە نەوەکانی ئادەم لە خودا دوور دەخاتەوە.

– بەشی دووەم: تاووتوێی پرسی هاتنەناوەوەی خودا بۆ مێژوو بە بەرجەستەیی لە وێنەیەکی مرۆییدا کە «یەسوعی مەسیح»ە و ئەمانەی لەخۆ گرت:

ئ. دامەزراندنی کڵێسای مەسیحی بە کۆکردنەوەی خوێندکارەکانی بە کاریگەریی کەسیی خۆی و شێوازی ژیان و ڕێنماییەکانە،

ب. ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بە وەفاتکردنی لەسەر خاچ،

پ. نێردرانی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان و بەخشینی دڵنیایی بە مرۆڤایەتی لەسەر مانەوەی هەتاهەتاییان.

– بەشی سێیەم: تاووتوێی مژدەدانە بە جیهان بە ئینجیل، مژدەدانێک کە لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی کڵێسای مەسیحی بەڕێوە چوو.

– بەشی چوارەم و کۆتایی: گفتوگۆی گەڕانەوەی مەسیح بۆ جاری دووەم بۆ جیهان دەکات، کە لەگەڵیدا «ڕۆژی لێپرسینەوە» دەهێنێت و مەملەکەتی ئاسمان دەکاتەوە، کە بە کاملّی و بەرەکەتی تەواو وێنا کراوە.

–بڕوانە: رأفت غنيمى الشيخ، فلسفة التاريخ، (القاهرة: دار الثقافة للنشر والتوزيع، ١٩٩١)، ص٧٤.

– بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو شانۆیە، بڕوانە:

– کارل بیکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧–٥٨،

– جوزیف هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧–٥٨.

١. ئەو ئەفرێنەرە هەژموونکارەی گەردوونی بۆ ئەوە خوڵقاندووە کە ببێتە شانۆیەک بۆ سەرفرازیی مرۆیی، بێگومان پێویستە ژیانێکی تری جگە لەم ژیانەی دنیا دروست کردبێت تێیدا پاداشتی چاکەکاران بە بەهەشت بداتەوە و هەر چی «ئەو خراپەکارانەشە کە فەرامۆشکارییان کردووە و لەگەڵ نیعمەتەکاندا خراپ بوون و گرنگییان بەو سەرفرازییە نەداوە کە پێشکەشیان کراوە، بەڵکوو بە گاڵتەپێکردن و خەمساردییەوە ڕەتیان کردووەتەوە، ئەوا بەرەو سزای هەمیشەیی دەچن.»[1]

٢. ئەو فۆرمەی کە لە میانەیەوە دەکرێت ژیانی مرۆیی لەقاڵب بدرێت، بەو شێوازەی کە لەگەڵ ویستی خودادا دێتەوە، کە مرۆڤ لە میانەیەوە سەرفرازی یان سەرکەوتن لە ژیانی دواڕۆژدا بەدەست دەهێنێت، جگە لە خاوەنی ئەو ویستە هیچ سەرچاوەیەک نەبووە بۆ پێئاشنابوونی، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو سرووشەوەی کە بۆ پەیامبەرانی ناردووە و لە کتێبەکانیدا نووسیویەتی.

ب. مەبەست و ئامرازەکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی

بەو پێیەی مەبەست و ئامرازەکان وەک کۆمەڵە دەرئەنجامێک وان کە لەو بەڵگەنەویستانەوە وەردەگیرێن کە پێشتر باسمان کرد و بە پێشەکیی ئەو دەرئەنجامانە دادەنرێن، دەتوانین لە سایەی ئەو پێشەکییانە بڵێین لوتکەی ئەو مەبەستانەی کە کۆزمۆلۆژیای مەسیحی هانی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی دەدات، بریتییە لە بەدیهاتنی سەرفرازی و ڕزگاری لەم ژیانی دنیایەدا، کە وای لێ دەکات لە دواڕۆژدا ببێت بە شیاوی بەهەشتی نەبڕاوە. هەر چی ئامرازەکانیشە، بریتین لە شوێنکەوتنی ڕێنماییەکانی سرووشی خودایی، کە خودا لە کتێبەکانیدا و لەسەر زاری پەیامبەرانیەوە ڕوونی کردوونەتەوە، هەروەها بونیادنانی ژیانێکی مرۆیی لەسەر هەردوو ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵی لە سۆنگەی ئەو ڕێنماییانەوە.

ئەم کۆزمۆلۆژیا ئایینییە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆنترۆڵی تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کرد و مۆرکێکی تایبەتی لەسەر هەردوو ئاستی هزری و پراکتیکی پێ دا. لێرەدا بەکورتی تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییە دەخەینە ڕوو کە لە باوەشی ئەم کۆزمۆلۆژیایەدا سەری هەڵداوە، پاشان باسی سیماکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەین کە کڵێسا توانیی لە سایەی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەدا دروستی بکات.

---

(١) بطرس عبد الملک، جون الکسان طمسن، إبراهیم مطر (محررون)، قاموس الکتاب المقدس، ط٩ (القاهرة: دار الثقافة، ١٩٩٤)، ص٣٤٤-٣٤٥.

دووەم: سیماکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی کە زادەی کۆزمۆلۆژیای مەسیحییە و سیماکانی هەژموونی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

ئ. سەرچاوەکانی هزری کۆمەڵایەتیی کڵێسایی

شتێکی سروشتی بوو کە بەڵگەنەویستی لاوەکیی دووەمی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی، کە پێی وایە سرووش سەرچاوەی یەکەمی ڕاستییە، هەژموون بەسەر ژیانی هزری لە چاخەکانی ناوەڕاستدا بکات، هەروەها بەو بنچینەیە هەژمار بکرێت کە بووەتە سەرچاوەی ئەو وتانەی لێی وەرگیراون و هزری کۆمەڵایەتیی باویان دیاری کردووە.

قەشە ئۆگەستین بنچینەی بنەڕەتیی بۆ گەیشتن بە ڕاستی دانا، کە پێی وا بوو «دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز لە هەموو هێزێکی ئاوەزی مرۆیی گەورەترە.» واتە کاتێک دژیەکییەک لەنێوان کتێبی پیرۆز و سەرنجێکی زانستیدا ڕوو دەدات، پێویستە سەرنجەکە فەرامۆش بکرێت. پاش کتێبی پیرۆزیش دەسەڵاتی ئەرستۆ دێت، کە لە هەموو بارەکاندا وەرگیراو بوو، جگە لەو بارانەی کە پێچەوانەی بیروباوەڕی مەسیحی بووایە. دواتر ئاوەزی سروشتی دێت، کە هەستە گشتییەکەیە و بڕیارەکانی بە دروست وەردەگیرێن، بەتایبەت کاتێک ڕای پێشینان پشتیان بگرێت[1]، بەو شێوەیە سرووش دەڵالەت و پێوەری ڕاستی بوو، کڵێساش متمانەپێبەخشراو و تاکە شوێنی ئەو ڕاستییە بوو[2].

ب. تایبەتمەندییە گشتییەکانی هزری کۆمەڵایەتیی کڵێسایی

ئەگەر سەیری گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی هزری کۆمەڵایەتی بکەین کە پشتیان بە سرووش بەستووە و دیدی هزری مەسیحییان بۆ سروشتی مرۆیی کردووە بە خاڵێکی سەرەتای سروشتی بۆ دروستکردنی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی کە بەشداری لە بەدیهێنانی ئامانجە مەسیحییەکان دەکات، دەبینین کە مرۆڤ لەو دیدیەدا هەر بە سروشتی خۆی بێئەرزش و کەمبەهایە[3]، چونکە ئەو هەر کە لەدایک دەبێت، لە ناخیدا شتێک هەیە کە بەرەو شەڕ و خراپەکاری پاڵی دەنێت، تاکە دەرچەیەکیش هەیە کە بریتییە لە توانای سەرفرازبوون، کە یەسوعی مەسیح

---

(١) جوزیف هرمان ڕاندال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١١٨.

(٣) کارل بیکر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.

دەیبەشێت. بۆ ئەوەشی مرۆڤ بتوانێت شێوازی کاری خۆی لەم دنیایەدا باش بکات و ئەو سەرفرازییە بەدەست بهێنێت کە ئامانجی بالایەتی، ئەوا باشترین ڕێگە بۆ ئەمە بریتییە لە بەرپاکردنی بونیادێکی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا دوو دەسەڵاتی ملکەچ بۆ خوا نەرمیی دڵی مرۆڤی تێدا بەڕێوە ببەن، ئەو دوو دەسەڵاتەش کڵێسە و دەوڵەتن، کە دەسەڵاتی ڕەوایان لە ویستی خواوە بەسەر بەندەکانیدا وەرگرتووە و ملکەچیان دەکەن و پابەندیان دەکەن بەو کارەی کە هاوکار دەبێت بۆ گەیشتنیان بە سەرفرازی. نهێنیی دروستبوونی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەش کە لەسەر دوو پایەی کڵێسە و دەوڵەت بونیاد نراوە، بریتییە لە سەرفرازبوون[1]، بەو شێوەیە دەتوانرێت بوترێت کە ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی کۆزمۆلۆژیای مەسیحیی هێنایە بوون، ئامانجی بەرپاکردنی دەوڵەتێکی مەسیحیی گشتگیر و هەڵگیڕانەوەی ژیانی مرۆیی بوو لە هەموو ڕووەکانییەوە بە پێی دیدی مەسیحی[2]، بە شێوەیەک کە سەرفرازی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی مەسیحی بەدی بهێنێت.

کڵێساش بە پێی ڕێنمایی پاپا، لەسەر ڕۆشنایی بنەمای مەسیحی، هەوڵی دا هەموو هەوڵێکی مرۆیی ئاڕاستە بکات، چونکە زانست و پەروەردە و کار و خۆشەویستی و ئاشتی هەموویان لە خولگەی خۆیاندا دەسوڕێنەوە، بە جێبەجێکردنی بنەمای مەسیحییش توانەوەیەکی گەورە لە ژیانی مرۆییدا بەدی دێت و یاسای مەسیح دەبێتە یاسای زیندوو لە زەویدا[3].

---

(١) ڕوانگەی مەسیحی بۆ سروشتی مرۆیی دەڵێت پاش ئەوەی خوای گەورە مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی ئەفراند و شەریعەتی بۆ دانا بۆ ئەوەی لەسەری بڕوات، ئیدی ڕێگەکەی لێ تێک چوو و بەو هۆیەشەوە هەموو خەون و ئاواتەکانی لەدەست دا، هەر لەو ساتەشەوە سروشتی تووشی لادان بوو لەو فیترەتە بێگەردەی کە هەیبووە و لە ویستی خودایی دوور کەوتووەتەوە، بۆیە ئیدی وای لێ هاتووە مەیلی بە لای شەڕ و خراپە و گەندەڵیدا بووە و خراپەکاری باڵی بەسەردا کێشاوە، تا وای لێ هاتووە خراپە بووە بە خوو لەلایان و بۆ نەوەکانیان گواستووەتەوە، ئیدی مرۆڤ لەو ساتەوە هەر بە سروشتی خۆی لاواز بووە و زیاتر مەیلی بە لای تاوان و خراپەکاریدایە.
– بطرس عبد الملک، جون الکسان طمسن، إبراهیم مطر (محررون)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

(٢) بڕوانە: جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

(٣) هەمان سەرچاوە. هەروەها بڕوانە: جان جاک شافالییە، تاریخ الفکر السیاسی: من المدینة الدولة إلی الدولة القومیة، ترجمة: محمد عزب صاصیلا، (بیروت: المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، ١٩٨٥)، ص١٧٤-١٧٥.

پ. سیماکانی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییەی کە کڵێسا کاری بۆ بەدیهێنانی کرد

کڵێسا لە سەردەمی پاپا «ئەنۆسنتی سێیەم» توانیی دەوڵەتی مەسیحیی گشتگیر بەدی بهێنێت و[1] دەسەڵاتی خۆی بەسەر میرنشینەکانی ئەوروپا و دامەزراوەکانیدا سەپاند و هەموو چینەکانی لەژێر بەیداخی خۆیدا کۆ کردەوە و توانیی هەموو کۆمەڵگە بە چەمکی هێزێکی ڕۆحیی ڕێکخراوەوە وابەستە بکات کە هەموو خەڵکی لە کۆی بواردە جیاوازەکانی ژیاندا ئەرکی گەورەی بۆ ئەنجام بدەن، بەمەش نموونە بااڵکەی خۆی بەدی هێنا[2].

ئەو کۆمەڵگەیەی کە کڵێسا کاری بۆ بەرپاکردنی کرد، لەسەر بنەمای گونجاوێتیی تەواوی نێوان تاک و کۆمەڵگە وەستابوو، ئەمەش لە میانەی پلەبەندیی ئاستەکانەوە[3]؛ کە پاپا لە پلەی یەکەمدا دەهات، دواتر پادشا، پاشان خانەدان (النبیل) و دوای ئەویش لە پلەیەکی نزمتر لەو مرۆڤی ئاسایی و پاشان ئافرەت و ئینجا ئاژەڵان و دوای ئەوانیش ڕووەک و دواجاریش شتە بێگیانەکان (الجماد) دەهات[4]، هەر مرۆڤێکیش لەو کۆمەڵگەیەدا فرمانێکی هەبوو کە خوا بۆی دیاری کردبوو، هەروەها چەند ئەرکێکی لەئەستۆ بوو، لە هەمان کاتدا ماف و جیاوکی خۆی هەبوو. هەر تاکێک لە دەرەبەگایەتییەک (إقطاعیة - فیودالی) یان کۆمەڵێکدا ئەندام بوو، هەر دەرەبەگایەتییەکیش ئەندامێکی بنچینەیی بوو لە کۆمەڵگەدا، کە تێیدا فرمانێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە بۆ ژیانی جیهانی مەسیحی بەگشتی پێویست بوو. تاکیش بەبێ بەشداریکردن لەو ژیانە کۆمەڵییەدا نەیدەتوانی بە ئامانجە تایبەتەکانی بگات و[5] «ئازادییەکەشی بریتی بوو لە ملکەچیی تەواو بۆ یاسا و یاسای گشتییش وردەکارییەکەی زانراوە کە گریمانەی حوکمێکی ستەمگەرانە دەکات، کە دەکرێت باوکانەی لێبووردەزەدە بێت یان بەپێچەوانەوە.

---

(١) کڵێسا هەوڵی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە مەسیحییە گشتگیرەی دا، سەرەتا لە پاپا گریگۆری حەوتەمەوە، تا ئەوەی لەسەر دەستی پاپا ئەنۆسنتی سێیەم بۆی بەدی هات. بڕوانە: ول. دیورانت، قصة الحضارة، ترجمة: محمد بدران، الجزء الثالث من المجلد الرابع، عصر الإیمان، (القاهرة: لجنة التألیف والترجمة بجامعة الدول العربیة، ١٩٧٥)، ص٣٨٩-٤٠٠.

(٢) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩-٢٧٢.

(٣) ئەو پلەبەندییە لە پلە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرئەنجامی سەیرکردنی کۆمەڵگەیە بەو پێیەی کە وێنەیەکی بچووککراوەی گەردوونە، کە لەسەر زنجیرەیەکی پلەبەندی وەستاوە لەنێوان ئەفرێندراوەکاندا لە نزمەوە بۆ باڵا.

(٤) جیمس کون، عندما تغیر العالم، ترجمة: لیلی الجبالی، سلسلة عالم المعرفة، عدد ١٨٥، (الکویت: المجلس الوطنی للثقافة والفنون والآداب، مایو ١٩٩٥)، ص٨٠.

(٥) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

هەروەها تەنها یەک ڕێگە هەیە کە لە ژیاندا ڕێگەپێدراو بێت، هەر کەسێکیش لەو ڕێگەیە لا بدات و گومڕا ببێت، پێویستە بۆ سنووری خۆی بگێڕدرێتەوە، ئەوەش لە پێناوی سەرفرازیی خۆی و سەلامەتیی ئەوانی تردا.»[1]

ئا ئەمانە گرنگترین سیماکانی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی و ئەو هزرە کۆمەڵایەتییە بوون کە لە ئامێزیدا لەدایک بوو، کە ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی ئاوەزی ڕۆژئاوایی لێوە دەربچێت و هەنگاو بەرەو بەرپاکردنی جێگرەوەیەکی دانراو بنێت، کە لەگەڵ ئەو ڕاستییانەدا بگونجێت کە لە میانەی گەڕانی ئازاد لە هەر سەرچاوەیەکی دەرەکییەوە، گەڕان بەدوای حەقیقەتی ئەو شتانەی لە دەوری هەن، بۆیە بەڕوونی و بەڵگەنەویستانە دیارە کە وتەزاکانی ئەو کۆزمۆلۆژیایە جیاوازە لە وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی، ئەمەش کاتێک لێی دڵنیا دەبینەوە کە دواتر ئەو وتانە دەخەینە ڕوو.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٣٢.

- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چاخەکانی ناوەڕاست و سروشتی پێکهاتەکەی، بڕوانە:

- كافين رايلى، الغرب والعالم: تاريخ الحضارة من خلال موضوعات، ترجمة: عبد الوهاب المسيرى، هدى عبد السميع حجازى، القسم الثانى، سلسلة عالم المعرفة، عدد ٩٧، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، يناير ١٩٨٦)، ص٢٦٦-٢٦٧.

پاری دووەم

ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە بەشداربیان لە لەناوبردنی هەژموونی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی و بونیادنانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا کردووە

کرین برنتون[1] دەڵێت: «ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەمڕۆ باوەڕمان پێیەتی، ئەو ڕێبازە دەگرینە بەر کە ئێستا گرتوومانەتە بەر، ئەمەش بە هۆی ئەو وتە و کردارانەی کە لە چەند سەدەیەکی ڕابردوودا کەسانێک ئەنجامیان داوە، ئەوانەی کە بە بانگخوازانی بزاڤی مرۆیی یان پرۆستانتیەت یان ئاوەزگەرایی ناوزەندیان دەکەین»، ئەم وتەیەی برنتون ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانین تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەمان بۆ فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن هەبێت لەوەی کە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم باوەڕی پێیەتی، بەبێ تێگەیشتن لە بیروباوەڕی ئەوانەی کە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی زەمینەی هزریی پۆزەتیڤیزمیان داڕشتووە، کە لە سایەیدا هزری پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن لەدایک بووە.

بێگومان پرۆسەی بونیادنانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لەدایکبووی شەو و ڕۆژێک نییە، بەڵکوو بەرهەمی چەند سەدەیەکە لە ململانێ لەنێوان هزری پۆزەتیڤیزم و هزری کڵێسادا، هەروەها بەرهەمی چەندین پەرەسەندنی میژوویی و کۆمەڵگەییە کە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان بەخۆیانەوە بینیویانە، دەرئەنجامی هەموو ئەمانەش ئاوابوونی هزری و کردەیی هەژموونی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی بوو لە جیهانی ڕۆژئاوادا و سپێدەی هەژموونی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بوو لە بواره جیاوازەکانی ژیان (سیاسی و ڕاگەیاندن و... هتد) لە زۆربەی ناوچەکانی زەویدا.

دەکرێت قۆناغەکانی بونیادنانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لە دوو قۆناغی گەورەدا کورت هەڵبهێنین، کە بریتین لە:

- قۆناغی گەشە و پەرەسەندنی هزری عەلمانی.

- قۆناغی بونیادنانی کۆزمۆلۆژیای تەواوکار لەلایەن هزری عەلمانییەوە.

بەر لە قسەکردن لەسەر ئەو دوو قۆناغە بەکورتی ئەو سەرەتایانە دەخەینە ڕوو کە هزری عەلمانی لە میانەیەوە توانیی دزە بکاتە ناو قەڵای هزری کڵێساوە تا وەکوو سەرچاوەی دووەمی مەعریفە لەدوای هزری لاهووتی دانی پێدا نرا، هەروەها ئەوە دەخەینە ڕوو کە چۆن دواتر توانیی باز بەسەر پێگەی هزری لاهووتیدا بدات و لە بەرتەسکترین سنووردا گەمارۆی بدات.

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

سەرەتاکانی دانان بە بیرکردنەوەی ئاوەزمەندانە (عەقڵانی)دا

دەتوانین بەدواداچوون بۆ کاریگەربوونی هزری کڵێسایی بە کەلەپووری گریکی لە سەدەی چوارەمی زایینییەوە بکەین، سەرەتاش لە قەشە ئۆگەستینەوە کە ئایینە مەسیحییەکەی ئاوێتەی هەندێک بیروبۆچوونی ئەفلاتوونی و چەند وتەیەکی ڕۆشنکاری کرد، کە نووسەرانی لاتین دایاننابوو و لە میانەی ڕێنسانسی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، کە سەدەی دوانزە بەخۆیەوە بینیی -کە بەریەککەوتنی ئەوروپا بە کولتووری ئیسلامی لە میانەی جەنگی خاچپەرستاندا هۆکارێکی سەرەکی بوو تێیدا-، هەندێک بیروبۆچوونی ئەرستۆ و بەشێک لە ئەدەبی مرۆیی گریکی دزەیان کردبوو، هەروەک چۆن لەو سەدەیەدا ئەوروپا بەشێک لە زانستەکانی گریکەکانیان دۆزییەوە، سەدەی سیانزەش لەگەڵ خۆیدا هەموو دانراوەکانی ئەرستۆ ئەو ئاوەزە گریکییە فەرهەنگییەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، دواجار سەردەمی ڕێنسانسی ئیتاڵی لە سەدەکانی چواردە و پانزەدا، لێوانلێو بوو بە بەرهەمەکانی گریک و لەبەردەم تینوویەتیی ئەوروپادا کانیاوی ژیاری کلاسیکیی تەقاند[1].

ئەو بابەتە سەرەکییەی کە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست هزری سەرقاڵ کردبوو بە هەوڵدانی بێوچان بۆ سازاندنی هەردوو شێوازی دانایی (مەعریفە)ی مەسیحی و کلاسیکیی بتپەرستی، ئۆگەستینیش کاری لەسەر کەمکردنەوەی تووندیی ئەو دڵەڕاوکێیە کرد کە پێی وا بوو ئەو مۆدێلیدانایییەی کە فەیلەسووفە گریکییەکان هەیانبوو، کە پشتی بە شیکاریی ئاوەزمەندانە دەبەست، مۆدێلێکی باش و پۆزەتیڤ بوو، بەڵام دانایییەکی لەوە باڵاتر هەیە، دانایییەکە کە پێویستە مرۆڤی دانا، بەڕاستی دوای ئەوەی مەعریفەی بە دانایی بتپەرستی تەواو دەکات، هەنگاوی بۆ بنێت، ئا ئەوە ئەو دانایییەیە کە لە مەسیحیەتەوە سەرچاوەی گرتووە[2].

پەرەسەندنی بوێرانە لە مێژووی هزری ئەوروپپیدا لەسەر دەستی تۆما ئەکوینی ڕووی دا، کە دەروازەی فەلسەفەی سروشتیی ئەرستۆی بە ڕووی مەسیحییەکاندا کردەوە و سەرکێشیی بە پێگە و ئایندەی خۆیەوە کرد، کاتێک چووە ناو جەنگێکی قورسەوە بە مەبەستی بڕواهێنان بە مەسیحییەکان کە هیچ شتێک نییە وا بکات ترس لە ئەرستۆ و لە ئاوەز هەبێت و ئاوەز و نەقڵیش تەواو هاوئاهەنگن یان

(١) رونالد سترومبرج، تاريخ الفكر الأوروبى الحديث ١٦٠١-١٩٧٧، ترجمة: أحمد الشيبانى، جـ١، (جدة: مؤسسة عكاظ للصحافة والنشر، ١٩٨٢)، ص٢٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٧-٢٨.

تەواو ساز و ڕێکن[1]، هەروەها ئەو بڕوای وا بوو ئەگەر وا ڕێکەوت ئەو دوو سەرچاوەیە، کە لە کانیاوەکانی حەقیقەتەوە هەڵدەقوڵێن، بەیەکدا بدەن، ئەوا هیچ خاڵی هاوبەشیان هەیە کە بۆ سازانیان بەس بێت[2].

وەلێ ئەو هاوسەرگیرییەی نێوان ئاوەز و ئیمان کە سەدەی سیانزە بەخۆیەوە بینیی، لە سەدەی چواردەدا لەسەر دەستی مەزنترین بیریارانی ئەو سەدەیە (ولیەم ئۆکهام) شکستی هێنا. ئیدی وای لێ هات ڕاستییەکانی ئایین هەر لە بوونی خوداوە بابەتگەلێک نەبن بۆ بەڵگەی زانستی، بەڵکوو بوون بە شتانێک کە تەنها باوەڕ قەبووڵیان دەکات، ئەو بڕوای وا بوو کە تەنها ئەو شتانە دەچنە ناو بازنەی شارەزاییەوە کە ئاوەز دەتوانێت مەعریفەی پێیان هەبێت و تەنها تایبەتمەندیی ئەو شتانەی کە تاقی کراونەتەوە و دیارن ڕاستی و کەتوارن، بۆیە ئۆکهام بە خاڵی وەرچەرخانی یەکلاییکەرەوە دادەنرێت لە میتافیزیکەوە بۆ زانست و لە ئەبستراکت و گشتییەوە بۆ هەستپێکراو و تایبەت. بە کۆچی دوایی ئۆکهام (١٣٥٠) ڕشتەی هزرێکی کۆن هەپرووین بوو و ڕوانگە فەلسەفییە کۆنەکەش وردەوردە بەرەو نەمان چوو[3].

سەدەکانی دوای ئەوەش، پانزە و شانزە و حەڤدە، سەدەی ڕاگوزەر بوون، لە میانەیاندا ڕوانگەی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ جیهان و ڕەگەزەکانی هەڵوەشانەوە و ڕوانگەی سەدەی هەژدە بۆ ژیان جێی گرتەوە، کە لەگەڵ ئەوەی چەند گۆڕانکارییەی

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠-٣١.
بۆ زانیاریی زیاتر:
- محمد جلال شرف، مذكرات فى الفلسفة المسيحية ومشكلة التوفيق بين العقل والنقل، (الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٤)، ص١٦٧-٦٨.
- میخائیل ضومط، توما الاكوينى، سلسلة قادة الفكر (١)، ط٣ (بيروت: دار المشرق ش م م، ١٩٩٢)، ص٤٣.

(٢) تۆما ئەکوینی هاوئاهەنگی و سازانی لەنێوان ئەو دوو ڕێبازەدا دروست کرد، بە داننان بە بوونی ئاستێکی دووانەیی بیرکردنەوە؛ واتە لۆژیکی ڕاستی، کە پەیوەستە بە سفری ڕوئیا (العهد الجديد)، مەیدانی زانستە ئیلاهییەکانە، هەر چی سروشتیشە، لۆژیک تایبەتمەند دەبێت بە مامەڵەکردن لەگەڵیدا... بەو شێوەیە دواجار فەلسەفە توانیی سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت.

(٣) جیمس بیرک، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.
هەروەها بڕوانە: رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٢-٣٣،
- برتراند راسل، حكمة الغرب، ترجمة: فؤاد زكريا، الجزء الثانى، سلسلة عالم المعرفة، عدد ٧٢، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، ديسمبر ١٩٨٣)، ص؟؟،
- سان سیمۆن دان بەوەدا دەنێت کە: «دارمانی سیستمی لاهووتی لە بیرکردنەوەدا، لە ئەنجامی هاتنەناوەوەی زانستە پۆزەتیڤیزمەکان بۆ ئەوروپا لە ڕێی عەرەبەوە هاتووەتە کایەوە، ئەوەش بۆ دروستبوونی شۆڕشە گرنگەکە سەری کێشا، کە ئەمڕۆ بەیەکجاری تەواو بووە». بڕوانە: محمد أمزيان، منهج البحث الاجتماعى بين الوضعية والمعيارية، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

لە دوو سەدەی دواتردا بەسەردا هێنرا، بەڵام تا هەنووکە لە جەوهەردا نمایندەی ڕوانگەی ڕۆژئاوای هاوچەرخ بۆ ژیان ئەو کۆزمۆلۆژیایەش دەکات کە پەیڕەوی دەکات، کە لە سەردەمی ئێستاماندا بووە بە کۆزمۆلۆژیای هەژموونکاری جیهانی[1].

یەکەم: قۆناغی گەشە و پەرەسەندنی هزری عەلمانی

ئەم قۆناغە ڕاگوزەرە –هەر لە هەژموونی ڕوانگەی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ جیهان تا بونیادنانی ڕشتەیەکی هزریی تەواوکار، کە دیدی عەلمانییە بۆ گەردوون لە سەدەی هەژدەدا– لە ساڵی ١٤٥٣ تا ساڵی ١٦٩٠ سێ بزووتنەوەی گەورەی بەخۆیەوە بینی[2]، کە بریتیبوون لە بزووتنەوەی مرۆییگەرا، بزووتنەوەی پرۆستانتی و بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی.

١. بزووتنەوەی مرۆڤگەرا

کاتێک گرووپە کەلامییەکان دابەش بوون بۆ چەند تاقمێکی ململانێکار لەمەڕ فەلسەفەی نوێی ئۆکهام و فەلسەفەکانی پێش ئەو، مرۆڤگەراکانی چاخی ڕێنسانس بە یەکگرتوویی ڕێساکانی لۆژیک و میتافیزیکیان خستە ڕوو[3]، هەروەها ڕقیان لە هونەر و وێژە و فەلسەفەی چاخی ناوەند بوو. لەناو ئەو مرۆڤگەرایانەدا هەموو ئەوانە هەبوو کە ڕوانگەیان بۆ جیهان نە لە بنەڕەتدا لاهووتی بوو، نە لە پلەی یەکەمیشدا ئاوەزگەرانە بوو. بزووتنەوەی ئەو مرۆڤگەرایانە حەزیان بە وازهێنان لە نەریتەکانی هزری ناوەند و نموونە بااڵکانی ئەو چاخە بوو، بەتایبەت ئەو نەریتانەیان کە لەسەر ئەو شێوەیە بوون کە فەلسەفەی قوتابخانەیی (الفلسفة المدرسية) دەیویستن[4]، بەڵام نە پرۆستانتیەت و نە ڕوانگەی ئاوەزییان بۆ

---

(١) بڕوانە: کرین برتنون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

(٢) ساڵی ١٤٥٣ بە سەرەتای سەردەمی ڕێنسانس دادەنرێت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو ساڵە ساڵی فەتحکردنی قوستەنتینیەیە، کۆتاییەکەشی بە ساڵی ١٦٩٠ دیاری کراوە؛ ئەو ساڵەی کە کتێبی «مقال فی الفهم البشري»ی جۆن لۆکی تێدا دەرچوو، کە بە دەروازەی چاخی ڕۆشنگەری هەژمار دەکرێت.
– محمد يحيى فراج، الفلسفة الحديثة من عصر النهضة إلى عصر التنوير، (القاهرة: بدون ناشر، ١٩٩٣)، ص١٣.

(٣) ڕونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٢.

(٤) پێی دەوترێت فەلسەفەی قوتابخانەیی یان سکۆلائی، لەبەر ئەوەی فێربوون و فێرکردنی ئەو فەلسەفەیە لە قوتابخانەکاندا بوو، ئەو قوتابخانانەش لەژێر دەسەلاتی کڵێسایەکدا بوو کە باوەڕی بە فەلسەفەی ئەرستۆ هەبوو. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم فەلسەفەیەش ڕێبازەکەی بووە، کە گرنگیی بە پێناسە و بونیادە لۆژیکییەکان داوە تا ئاستی ململانێ، هەروەها ئەو ڕەوتە فەلسەفییە هەر لە ناوەڕاستی سەدەی سیازدەوە، پشتی بە دەسەلاتی فەلسەفیی ئەرستۆ بەستووە، پاش ئەوەی کە نووسینەکانی قەشە تۆما ئەکوینی ئەو فەلسەفەیەی بە شێوەیەکی مەعقوول لەگەڵ ڕێنماییەکانی کڵێسای کاسۆلیکیدا سازاند.

گەردوون قەبوولْ بوو، وەک ڕشتەیەکی ڕێکوپێک کە بە پێی سیستمێکی ورد کار بکات، هەروەها بانگخواز بۆ مرۆڤگەرایی وەک یاخی لە دژی ڕوانگەی چاخەکانی ناوەڕاست بۆ گەردوون دادەنرا، بەبێ ئەوەی دیدێکی نوێی جێگرەوەی بۆ ئەو دیدە هەبێت، هەروەها لە هەمان کاتدا سەرخەرێکی گرنگ بوو بۆ تاکگەرایی، بەڵام بەتەواوی ڕوون نەبوو کە دەیەوێت چی بکات و چۆن دایبڕێژێت[1].

سەرخەرانی ئەم بزووتنەوەیە گرنگییەکی زۆریان بە هێزی کار لەناو سروشتی مرۆییدا دا –ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیرییە ناوەکەشی هەر لەو ڕاستییەوە وەرگرت کە مرۆڤگەراییە–، بەڵام تەنها گرنگییەکی کەمیان بە بیروباوەڕی مرۆڤ لەو شتانەدا دا کە لە بارودۆخی ژیانی فراوانترن، بەڵکوو چەقی گرنگییێدانەکانیان زیاتر لەمەڕ مرۆڤدا چڕ ببووەوە، پتر لەوەی کە لە سەدەی سیانزەدا هەبوو لە گرنگیدانی سەرەکی بە خودا، یان لەوەی سەدەی هەژدە کە گرفتەکەی لە سروشتدا بوو[2]، کە گرنگییێدانەکانی لەو ژیانە مرۆییەدا کورت هەڵهێنابوو، وەک ئەوەی کە دەکرێت مرۆڤ لە چوارچێوەی سنووری کات و شوێندا بیگوزەرێنێت، بەبێ هیچ پەیوەستبوونێک بە جیهانی دووەم یان دواڕۆژەوە[3].

ئەوانەشی کە هەستیان بە بانگەوازی ئەزموونی مرۆیی کرد، خەرمانێکی گەورەی نووسینیان لە بەردەستدا بوو کە دەتوانن ئاوڕی لێ بدەنەوە، کە کەسانێک نووسیبوویان هاوشێوەی ئەمان بەدوای ژیانێکی مرۆیی ئازادانەدا لە ژینگە سروشتییەکەیدا وێڵ بوون، ئەویش ئەدەبیاتی گریک و ڕۆمان بوو. گرنگترین شتێکیش کە مرۆڤگەراکان لەوانەوە وەریگرتووە، بریتییە لە چێژوەرگرتنی بەختەوەرانەی سروشتی لە خۆشییەکانی ژیان، هەروەها ئەوەیان لێ بینی کە چێژە بێزیان و حەزە سروشتییەکان ئامرازگەلێکن کە ئاوەز لە ڕێگەیانەوە ژیانێکی باش ڕێک دەخات، ئەو چێژ و حەزانە لە شەیتانەوە نین، بۆیە پێویست ناکات بە شتی نزم سەیر بکرێن، کە بە پشتیوانیی خودایی ڕاپێچ بکرێن، یاخود تەنها بە شەرمەندەیی و هەستێکی پڕ لە بێئابڕوویی سوودیان لێ ببینرێت[4].

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠-٣١.

(٢) جون هرمان ڕاندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

(٣) بەو شێوەیە دەبینین کە بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی چەمکی دنیاگەرایی هێنایە کایەوە و بەردی بناغەی چۆنێتیی بەدیهێنانی ژیانێکی دنیایی بەختەوەری دانا، بەبێ ئەوەی هیچ پێگەیەک بۆ ژیانی دواڕۆژ دابنێت، ئەمەش لە لایەکەوە سروشتی ئەو پەیامە سەرگەرمییانەمان بۆ شرۆڤە دەکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندندا پەخشی دەکەن.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

دیارە کە هەموو ئەمانە بۆ شۆڕشێک بەسەر ئاکاری مەسیحیەتدا سەریان کێشا[1]، بەو شێوەیە خۆشی -بە بەکارهێنانی ئەو هێزەی خوا پێی بەخشیبوو- جێی خۆشەویستیی گرتەوە، ئازادیی بەرپرسیارانەش بە ڕێنمایی ئاوەز جێی ملکەچبوونی بۆ ویستی خودای گرتەوە، تۆڕێنەوەی هزریی بوێرانەش وردەوردە جێی بە باوەڕ لێژ کرد[2].

مرۆڤگەراکان هەروەک چۆن شۆڕشیان بەسەر ئاکاری مەسیحیەتدا کرد، بە هەمان شێوە شۆڕشیان بەسەر چەمکی مەسیحیەت بۆ سروشتی مرۆیی کرد، کە بە بێتوانا و لاواز و نزم دەیبینی، لە بەرانبەردا ئەمان جەختیان لە بەها هزری و ئاکارییەکانی مرۆڤ کردەوە[3].

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە باشەی کە بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی لە ڕماندنی جیهانی چاخەکانی ناوەڕاست و بونیادنانی جیهانی نوێدا گێڕای، ئەو ڕەخنەیە لە بانگەشەکارانی دەگیرێت کە بە چاوی سووک سەیری سروشتیان کردووە و تەنها گرنگییان بە مرۆڤ داوە، بە شێوەیەک کە ئەمە بووەتە لەمپەر لەبەردەم پەرەسەندنی زانستی سروشتیدا[4]، کە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو ئامرازانە هەژمار دەکرێت کە بەشداریان لە بونیادنانی جیهانی نوێدا کردووە.

بەگشتی مرۆڤگەراکان ڕۆڵێکی دیاریان لە لەناوبردنی ئاڕاستەکانی چاخەکانی ناوەڕاستدا گێڕا، هەروەها ڕۆڵێکی باشیان لە بونیادنانی ئەو کۆمەڵگە نوێیەدا گێڕا کە شێوەی دەوڵەتی نەوەیی وەرگرت[5]، بەڵام ئەوان بە ئەندازەی پڕۆتستانتی و ئاوەزگەراکان و زانایان بەشداریان لە بەرپاکردنی جیهانی نوێدا نەکرد.

٢. بزووتنەوەی پرۆتستانتی

- هەروەها بڕوانە: کارل بیکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠-٢١١.

(١) چونکە ڕوانگەی بنچینەیی مرۆڤگەرا باوەڕی بە هێزی سروشتی مرۆیی و تواناکانی هەیە بۆ هێنانەکایەی ژیانێکی ئەخلاقی، بەبێ کۆمەکی ئاسمانی.

- بڕوانە: جیمس بیرک، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

(٢) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٤١٤.

(٤) توفیق الطویل، أسس الفلسفة، ط٧، (القاهرة: دار النهضة العربیة، ١٩٧٩)، ص١٨٦-١٨٧.

- هەروەها بڕوانە: رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٥٥.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕۆڵی بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی لە بونیادنانی جیهانی نوێدا، بڕوانە:

- جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو ل١٧٩-٢١٣.

- رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٤-٣٩.

پێویست بوو گرنگیپێدانی نوێ لە ژیانی سروشتیی مرۆڤ و ژینگەکەیدا ڕوو بدات، ئەمەش لەسەر دەستی مرۆڤگەراکان و ئەو جیهانە نوێیە سەرسوڕهێنەرەدا گەشەی کرد کە بە هۆی دۆزینەوە جوگرافییەکان و گەشەی ئابووریی کۆمەڵگەی ئەوروپی و دەرکەوتنی چینی ناوەندەوە هاتە ئاراوە، هەموو ئەمانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئەو ڕێکخراوە ئایینییە کرد بە پێویستی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەقوولّی دەستی خستبووە ناو هەموو کایەکانی ژیانەوە، تا ئەوەی کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو سروشی بۆ دێت و هەموو کردەوەیەکی تاک ڕێک دەخات[1].

لەپاڵ هەموو ئەو هۆکارە دەرەکییانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕێکخراوی ئایینی دروست کردبوو، ئەو دۆخە خراپەی کە ئەو ڕێکخراوە (کڵێسە) تێی کەوتبوو و ڕۆچوونی پیاوانی کڵێسە لە دنیا و جوانییەکانیدا و قوولّبوونەوەی مامۆستا و فێرکەرەکانیان لە وروژاندنی پرسگەلێکی مشتومڕئامێزی ناوبۆش و پووچ و هەڵئاوسانی سامانی ڕاهیبی پەرستگاکان و زیادبوونی ژمارەی ئەو قەشانەی کە خۆپارێزییان لە تاوان کەمبوو[2]، هەموو ئەمانە پاڵیان بە مارتن لۆسەرەوە نا بۆ ئەوەی شۆڕشی پرۆستانتی لە چارەکی یەکەمی سەدەی شانزەدا بەرپا بکات، کە لە سەردەمی خۆیدا بەهێزترین هۆکاری پوکانەوەی دەسەڵاتی چاخەکان ناوەڕاست بوو[3].

گرنگترین بیروبۆچوونەکانی مارتن لۆسەر

بەگشتی بیروبۆچوونە شۆڕشگێڕانەکانی مارتن لۆسەر لە بیروبۆچوونەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەرنەچوو، بەتایبەت درامای خودایی (الدراما الإلهية) و هەستکردن بە پێویستیی سەرفرازی، ئەوەندە نەبێت کە ئەو بڕوای وا بوو کە سەرفرازیی تاکەکەسی لە پەیوەندییەکی سۆفییانەی نێوان خودا و مرۆڤەوە دێتە بەرهەم، بەبێ ناوەندگیریی هیچ کڵێسەیەکی دەرەکی یان ڕاهیبێک یان هەر سروتێکی (طقوس) تر، کاتێکیش مرۆڤ باوەڕی خۆی بە خۆشەویستیی خودای لێبوورده دەڕازێنێتەوە، سەرفراز دەبێت، ئیدی هیچ پێویستییەک نامێنێت بۆ ئەوەی کارێکی لەوە زیاتر بکات، یان بە شتێکی تری دەزگای گەڕانەوە و تۆبە و

(١) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤.

(٢) كرين برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٦٢.

سکهەڵگوشینی ڕاهیبانەوە و زوهد و نکووڵیکردن لە جیهان لە پێناوی سەرفرازیی ئایندە، خۆی سەرقاڵ بکات.

بەو شێوەیە بە یەک لێدان ئەو وتەیەی بەتاڵ کردەوە کە گوایە ئەو ژیانە مەسیحییانەیەی کە قەشە و ڕاهیبەکان دەیانگوزەراند، شتێکی پێویستە بۆ بەدیهاتنی ئاشتیی ئاوەز لە ئێستادا، یان خۆزگەخواستنی گەیشتن بەوەی خەڵک هەیەتی (الغبطة) لە ئایندەدا، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە ڕەگی ئاکار پچڕاوە، بەڵکوو زیاتر واتای ئەوەیە کە پێکهەڵپژانی ژیانی ئاکاری بە بڕواگەلێکی باڵاوە لەگەڵ سروشت و ڕاهێنانە جادوویییەکان و ترسان لە دۆزەخ و قوربانیکردنی پیرۆز هەمووی ڕەوینەوە[1].

بەمەش لۆسەر ڕێگەی لەبەردەم داڕشتنی بەهاگەلێکی باڵای سروشتیی گشتگیر لەم جیهانەدا خۆش کرد. بەو شێوەیە پرۆتستانتییەکان پاش ئەوەی بڕوایان وا بوو کە پەیوەندی لەنێوان سەرفرازی و ئەخلاقدا نییە و سەرفرازی شتێکی ئایینیی پەتییە و بە هیچ شێوەیەک پەیوەست نییە بە تەواومەندیی ئەخلاقییەوە لە مرۆڤدا، یان بە گوزارشتێکی دی سەرفرازی دەرئەنجامی باوەڕە نەک کاری چاکە، پاش ئەمە بینییان کە بەهای باڵای دووانەیی زوهدیی مەسیحیی کۆن دیار نەما و بواری بۆ بیروباوەڕ کردەوە، بەتایبەت کاتێک وا دانرا کە بۆ ژیانی مرۆیی گونجاوترە.

لە ڕاستیدا وای لێ هات پرۆتستانتییەکان ئازادییەکیان هەبێت بۆ ئەوەی بەتەواوەتی خۆیان ڕادەستی بەها باڵا نوێیەکە بکەن لە ژیانێکی مرۆڤدۆستانەی بەخشندانەی بەئەرزش لە میانەی چوارچێوەیەکی سروشتیدا، وەک ئەوەی تەواوی بیروباوەڕیان بە خودا و جیهانی دوایی لەدەست دابێت و ئایین بووبێت بە شتێکی تایبەتی کەنارخراو، نەک گیانێک بێت کە تەواوی ژیان پڕ بکات، بۆیە وای لێ هات کە زۆرێک لە خەڵکی تەنها لە نوێژی یەکشەممانداو یادیان دەکردەوە، پاش ئەوەی هەموو ڕۆژەکانی هەفتە بەدوای سەرکەوتن و ساماندا دەگەڕان[2].

ئا ئەمە ئەو دەرئەنجامە بوو کە لە ئەنجامی بزووتنەوەی پرۆتستانتی هاتە ئاراوە- بەتایبەت پاش هەڵوەشانەوەی- چەند دەرئەنجامێکی گرنگی تریش لە

---

(١) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥-٢١٦.

- بەو شێوەیە خەریک بوو پرۆتستانیەت وا لە پەیرەوانی بکات بگاتە حاڵەتێک کە وەکوو ئەوانە وا بێت کە هەر لە بنچینەوە نکووڵیی ئایین دەکەن و جگە لە ژیانی ئەم دنیایەیان هیچ کارێکیان نییە، هەروەک چۆن پرۆتستانیەت بۆ وەلانانی ئایین و بێبڕۆڵکردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بە هەموو لقە سیاسی و میدیایی و لقەکانی تریەوە سەری کێشا، بەمەش گۆڕەپانەکەی بۆ هزری پۆزەتیڤیزم بەچۆڵی جێ هێشت.

ئەنجامی دروستبوونی ئەو بزووتنەوەیە کەوتنەوە و بەشداریيەکی گەورەی لە تێکشکاندنی جیهانی چاخەکانی ناوەنددا کرد، دەتوانین گرنگترینیان لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

ئ. پەرتەوازەکردنی یەکێتیی ئایینی لەلایەن بزووتنەوەی پرۆتستانتی و بەشبەشکردنی بۆ چەندین تیرە و تایەفە بووە هۆی نەمانی ئەو یەکێتییە ڕووکەشییەی کە هەزار و پێنج سەد ساڵ مەسیحیەتی ڕۆژئاوایی هەیبوو، بەمەش دەیان گرووپ و تایەفەی گەورە و سەدان کۆمەڵ و تایەفەی بچووک دروست بوون، کە هەر یەکێکیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خۆی خاوەنی سەروەریی ئایینیی تەواوە لە بوارەکەیدا، شتێکی سروشتییش بوو کە ئەمە ڕێگە بۆ دروستبوونی مەیلی گومانی ئایینی خۆش بکات، چونکە کاتێک دەبینرا لە هەر بابەتێکدا کە دەهاتە پێش، چەندین بیروباوەڕی دژیەک و پێچەوانەی یەک هەبوو، کە هەر یەکێکیان بانگەشەی قۆرخکردنی حەقیقەتی دەکرد، ئەمەش بێگومان دەبووە بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی کە تاکە حەقیقەتێک نییە کە ئەمانە قۆرخیان کردبێت[1].

ب. ئەو دووبەرەکییە ئایینییەی کە پرۆتستانتیەت هێنایە کایەوە، بە تێپەڕبوونی کات بۆ زاڵبوونی بیرۆکەی لێبوردەیی سەری کێشا، ئەمە لەبەر ئەوەی جێگرەوەکەی تری کە لەناوبردن و داپڵۆسینی بەکۆمەڵ بوو، ئەزموون کرابوو و سەلمابوو کە لە کۆتاییدا هیچ سوودێکی نییە[2]، لە سایەی ئەو دۆخە لە لێبوردەیی ڕێبازێکی گومانگەرایی لەدایک بوو کە بە هۆی بێزاریی بیرمەند و ئەدەبدۆستەکان (الأدباء) لە دەمارگیریی لاهووتییانە گەشەی کرد، بەڵام ئەم ڕێبازە گومانگەرایی بۆ ئەوەی وای لێ بێت کە وەک بنچینەی سیستمی سیاسی قەبووڵکراو بێت، پێویستی بە کاتێکی زۆر بوو[3].

پ. بزووتنەوەی پرۆتستانتی پاڵپشتیی هەستی نیشتمانیی هاوڵاتییانی دەوڵەتە نەتەوەییە هەرێمییە نوێیەکانی دەکرد، ئەویش بە لەناوبردنی هەر نەریتێک کە دەسەڵاتی پادشایی سنووردار بکردایە، هەروەها پشتیوانیی گیانی نەتەوەپەروەریی

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢-١٦٣.

- هەروەها بڕوانە: فرانکلین. ل-باومر، الفکر الأوروبی الحدیث فی القرن السابع عشر، ترجمة: أحمد حمدی محمود، الألف کتاب الثانی «٤٨»، (القاهرة: الهیئة المصریة العامة للکتاب، ١٩٨٧)، ص٧٧.

(٢) برتراند راسل، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٤٠.

- ئەوانە بە هۆکارە سەرەتایی و سەرەکییەکانی سەرەتای چەمکی ئازادیی ڕادەربڕین هەژمار دەکرێن، کە بە پایەی بنچینەیی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی دادەنرێت.

(٣) رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، جـ١، ل٤١-٤٢.

دەکرد بە ڕزگارکردنی لە دووەولائی، بەتایبەت خۆشەویستی و وەلاء بۆ کڵێسەی کاسۆلیکیی جیهانی[١].

ت. فەلسەفەی قوتابخانەیی سەدەکانی ناوەڕاست لە دەوڵەتە کاسۆلیکی و پڕۆتستانتییەکانیشدا کەنار کەوت و کەوتە دواوە، هەروەک چۆن زانستی سەدەکانی ناوەڕاست متمانە و پشتپێبەستنی خەڵکیان لەدەست دا، هەروەها سەرکۆنەکردنی چاکخوازان بەگشتی بۆ ئەو زانستەی کە پێشتر هەبوو، هۆکارێک بوو بۆ کردنەوەی ڕێگا لەبەردەم زانستێکی نوێ کە پێگەی خۆی بگرێت و بەرەو پێشەوە بەجێگیری هەنگاو بنێت[٢].

ج. بەشداریی لە دەرکەوتنی سەرمایەداریدا کرد، ئەوەش لە دەرئەنجامی بڵاوکردنەوەی ئەو بەهایانەی کە ئەوە دەگەیەنن کە سەرکەوتن لە کاردا فەزڵێکی خوداییە بۆ تاک لەم ژیانی دنیایە و لە دواڕۆژیشدا ئەو دەرفەتەش بۆ هەمووان ڕەخساوە، هەر بەربەرەکانیکردنێکی یەکسانی لەم بوارەدا، واتە بەربەرەکانیکردنی ویستی خودایی[٣].

پاش ئەم خستنەڕووە کورتەی ڕۆڵی بزووتنەوەی پڕۆتستانتی و پێش ئەویش بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی لە تێکشکاندنی جیهانی چاخەکانی ناوەڕاست، پێویستە دان بە ڕاستییەکدا بنێین، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤی نوێ سەبارەت بەو جیهانە هزرییەی کە ئێستا تێیدا دەژیت، ڕاستەوخۆ قەرزداری بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی (ڕێنسانس) یان پڕۆتستانتیەت (چاکسازیی ئایینی) نییە، وێڕای ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە هەر یەکێکیان گێڕاویەتی، بەڵکوو لە بنەڕەتدا قەرزاری بزووتنەوەی ئاوەزگەراییە، کە لایەنی زانستی دیارترین تایبەتمەندییەکانیەتی، کە لە سەدەی شانزەوە دەستی پێ کرد و لە سەدەی حەڤدەدا بەهێز بوو، لە سەدەی هەژدەشدا (چاخی ڕۆشنگەری) هەموو تایبەتمەندییەکانی هزری جیهانیی نوێش لەسەر دەستی ئەو تەواو بوون. لەوەی کە دێت، تاووتوێی گرنگترین بەشداریەکانی بزوتنەوەی ئاوەزگەرایی لە بونیادنانی جیهانی نوێدا دەکەین.

٣. بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی

(١) هەمان سەرچاوە، ل٤١، هەروەها بڕوانە: کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

(٢) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤.

(٣) سویم العزبی، الدیکتاتوریة والاستبدادیة والدیمقراطیة والعالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١. هەروەها بڕوانە: کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی هەر کەسێک دەگرێتەوە کە مەبەستی لەناوبردنی هەر بیروباوەڕێکە کە سروشت ببەزێنێت یان غەیبی و پەنهان بێت لە گەردوون، لە بەرانبەردا تەنها بڕوای بە هەر شتێک هەیە کە سروشتییە، کە ئەو پێی وایە کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی زانستییەوە شیاوی لێتێگەیشتنە.

لێرەدا زۆر بەکورتی گرنگترین کارەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە بواری زانستە سروشتییەکان و هزری ئایینیدا دەخەینە ڕوو.

ئ. بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی و زانستە سروشتییەکان

چوونەناوەوەی توێژینەوەی ئەزموونکاری لە جیهانی ئیسلامییەوە بۆ جیهانی ئەورووپیی نوێ گەورەترین ڕووداو بوو کە ڕێڕەوی ئەو شێوازە بیرکردنەوە لاهووتییانەیەی گۆڕی کە لە بیرکردنەوەی تیۆری و ئەبستراکتی میتافیزیکییانەدا نقووم ببوو[1]، ئەو قۆناغە مێژوویییە قۆناغێکی وەرچەرخانی یەکلاییکەرەوە بوو، کە کاریگەرییەکانی بۆ هەموو بەشەکانی ئەورووپا دەڕژ بووەوە و بوو بە ناوکی شۆڕشی زانستیی ڕۆژئاوایی و ئاوەزەکانی بەرەو مەعریفەی زانستی ئاڕاستە کرد[2]، ئەمەش لە ڕێگەی گواستنەوەی کتێبی بیرمەندە ئەزموونکارە موسوڵمانەکانەوە بۆ لاتینی ئەنجام درا، کە ژمارەیەکی زۆر بیرمەند کەوتنە ژێر کاریگەرییانەوە، دیارترینیشیان «ڕۆجەر بیکۆن» بوو، کە بە میری ڕاستەقینەی بیری ئەورووپیی سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاست ناو دەبرێت[3]. ماوەی دوای بیکۆن، کە لە ١٢٩٢ کۆچی دوایی کردووە، کە ماوەی چاخی ڕێنسانسە، هیچ پەرەسەندنێکی ڕاستەقینە ڕووی نەدا، چونکە مرۆڤگەراکانی ئەو سەردەمە لەبریی زانست، گرنگییان بە هونەر و وێژە دا، تا لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا فرانسیس بیکۆن هات، کە بنچینەی میتۆدی ئەزموونگەرایی دارشت و لە کتێبەکەیدا (ئۆرگانونی نوێ – Novum Organun) بەدرێژی باسی هەنگاو و قۆناغەکانی کرد[4].

بەو شێوەیە لە پەرچەکردارێکی پێویستی دژی ڕۆچوون لە میتافیزیکدا زانست

---

(١) سەبارەت بە ڕۆڵی موسوڵمانان لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر هزری ئەورووپی، بڕوانە:
– أحمد سليم سعيدان، مقدمة لتاريخ الفكر العلمي في الإسلام، سلسلة عالم المعرفة، عدد ١٣١ (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، نوفمبر ١٩٨٨)، ص١٢٠–١٣٨.

(٢) محمد محمد أمزيان، منهج البحث بين الوضعية والمعيارية، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

(٣) سەبارەت بە ڕێبازی بیکۆن و ڕۆڵی لە پێشخستنی زانستە سروشتییەکاندا، بڕوانە:
محمد يحى فراج، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠–١٣٠.

(٤) توفيق الطويل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥.

لەبریی ئەو غەیبیات و خەواریقەی کە لەسەر دەستی فەیلەسووفە قوتابخانەییەکان تێیکەوتبوو، بۆ شتە بەرجەستەکان گەڕایەوە، پاشان وەک ڕاستکردنەوەیەک بۆ خراپبەکارهێنانی قوتابخانەییەکان بەتایبەت بۆ دەسەڵاتی ئەرستۆ پێویست بوو ئەم مۆدێلە نوێیەی زانست لەسەر سرووش یان لەسەر دەسەڵاتی مرۆڤ بونیاد نەنرێت، بەڵکوو دارشتنی زانستی سروشتی بوو تەنها لەسەر ئەزموون و ئاوەز[1].

لە ئەنجامی گرنگیدانی زۆر بە سروشت و هێنانەناوەوەی زانستی ئیسلامی و پابەندبوون بە تویژینەوە و ماتماتیک و میتۆدی زانستییەوە، سەدەی پانزەیەم و سەرەتای سەدەی شانزەیەم دروستبوونی جیهانێکی نوێی بەخۆوە بینی، چونکە دوو شۆڕش لە هزردا ڕوویان دا، میژووی هزریش دوای ئەو دوو شۆڕشە بە پلەی یەکەم تەنها بە تۆمارێک هەژمار دەکرێت بۆ نووسینەوەی کاریگەربوونی بیروباوەڕی خەڵکی بە دەرئەنجامەکانی ئەو دوو شۆڕشە، چونکە ئەو دوو شۆڕشە کۆتوبەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەو پۆلێنە پلەبەندکراوەیان تێکشکاند، کە بە شێوەیەک بەسەر کیانە جیاوازەکاندا سەپێندرابوو، کە بە دەسەڵاتێکی بااڵ کۆتایی دەهات، بەڵکوو ئەو جۆرە ڕێکخستنەیان سەبارەت بە ئاوەزی مرۆیی ڕزگاریخواز بە مەحاڵ دانا. ئەو دوو شۆڕشە بریتی بوون لە شۆڕشی کۆپەر نیکۆس و شۆڕشی دیکارت.

هەر چی شۆڕشی یەکەمە، ڕوانگەی چاخەکانی ناوەڕاستی بۆ سیستمی گەردوون تێکشکاند[2]، کە وا لە گەردوونی دەڕوانی کە گەردوونێکی داخراوی کۆتاهاتوو و ڕێکخراوە لە زنجیرەیەکی قوچەکیدا[3]، کە ناوەندەکەی ئەو زەوییەیە کە مرۆڤی لەسەر دەژیت. ئەو شۆڕشەی کۆپەر نیکۆس، کە دوای خۆی کبلەر و گالیلۆ تەواویان کرد و دواجار نیوتن جێدەستی خۆی لەسەر نەخشاند، مرۆڤی لەو شوێنە فڕێدا کە بەفیزەوە دەستی پێوە گرتبوو و خۆی بە ناوەند و مەبەستی کۆتایی گەردوون هەژمار دەکرد و وەک پارچەیەکی بچووکی سەر هەسارەیەک لە پلەی سێیەم هەژمار کرد، کە بەدەوری خۆردا لە پلەی دەیەم دەسووڕێتەوە، هەموانیش لە گەردوونێکدا، کە بێکۆتایە، پاکوبێگەردانە بۆ خوا دەکەن[4].

---

(١) روبرت م. اغروس، جورج ن. ستانسیو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠-١٤١.
- هەروەها بڕوانە رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٣٧.

(٢) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧.

(٣) رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٧٢.

(٤) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧.

هەر چی شۆڕشی دووەمیشە، شۆڕشەکەی دیکارتە، کە کاریگەرییەکەی زۆر گەورەتر بوو، چونکە کۆتایی بە زاڵێتیی ئەرستۆ و میتۆدە هەڵێنجانییەکەی (الاستنباطي) هێنا و هەموو دانراوەکانی ئەوی خستە لاوە، بەو ئیعتیبارەی کە دروست نین و گرنگییان نییە، هەر ئەم شۆڕشە بوو زانستی فیزیای نوێی ئەفراند، ئەویش بە ڕوانین لە سروشت وەک ئامرازێکی ماتماتیکییانەی گەورە و هەماهەنگ و گونجاو لەبریی ئەو ڕێبازەی ئەرستۆ سەبارەت بە سروشت، کە دەڵێت زنجیرەیەکی پلەبەندکراو بۆ جۆری شتەکان هەیە، کە هەر یەکێکیان هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکەی بۆ گەیشتن بە کامڵبوون بە پێی ڕێبازی تایبەت بە خۆی دەدات[1].

دەتوانین بڵێین شۆڕشەکەی دیکارت –بە سوودوەرگرتن لە شۆڕشەکەی کۆپەر نیکۆس–[2] بنچینەی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی نوێی دانا. گرنگترین بنەماکانی ئەم فەلسەفەیە لەم وتانەدا کورت دەبێتەوە:

ئـ. ئاڕاستەی میکانیکی (الاتجاه الميكانيكي): کە جیهان بە ئامرازێک دەچووێنێت کە خۆی بەتەنها و بەبێ دەستتێوەردانی ئاوەزێک یان ڕێنموونییەک بەڕێوە دەچێت[3]، هەروەها ئەم ئاڕاستەیە بڕوای وایە کە ڕووداوەکانی جیهان جگە لە پەیوەستیی هۆکاربەندی (السببية)، هیچ وابەستەییەکیان لە نێواندا نییە، جوولەش دیاردەیەکی گشتییە لە سروشتدا و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، هەر ئەمەش

– دکتۆر جەمال ئەلفەندی لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی ئیسلام و ژیاری نوێ (الإسلام والحضارة الحديثة)، دەڵێت: «زانای عەرەبی، ئیبنولشاتیر سەدە و نیوێک پێش کۆپەر نیکۆس وتوویەتی خۆر ناوەندی کۆمەڵەی خۆرە نەک زەوی، دواتر ئەم دۆزینەوەیەی بۆ پۆڵەندا گواستراوەتەوە و لەسەر دەستی کۆپەر نیکۆس دەرکەوتووە».

– جمال الفندى، الإسلام والحضارة الحديثة، سلسلة دراسات إسلامية عدد (١٠) (القاهرة: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، جمادى الأولى ١٤١٧، سبتمبر ١٩٩٦)، ص١٨ و ص٤٩.

(١) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧–٣٣٨.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو دوو شۆڕشە و شوێنەوارەکانیان، بڕوانە:

– جیمس بیرک، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٨–٣٨٧.

– جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧، ٣٦٥.

– توماس کون، بنية الثورات العلمية، ترجمة: شوقى جلال، سلسلة علم المعرفة، عدد (١٦٨) (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، ديسمبر ١٩٩٢)، ص١٤٣–١٥٨.

(٣) ڕێبازی میکانیکی پێی وایە جیهان ئامرازێکە کە ڕێساکانی یەک جار و بۆ هەتاهەتایە داڕێژراون، هەروەها کۆمەڵە پارچە (التروس)ێکی زۆرە کە هیچیان لەدەست نادات، بەڵام هیچیشیان لێ نائەفرێندرێت.

– أ. م. بوشنسكى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

– دیکارت، کە ڕێسا سەرەتاییەکانی ئاڕاستەی میکانیکی داڕشتووە، بڕوای وایە کە ئەفرێنەری گەردوون، جگە لەوەی کە بزوێنەری یەکەمی گەردوونە، هیچ کارێکی نییە.

خۆی بۆ وتنی بوونی حەتمیەتگەرایی (الحتمية) سەر دەکێشێت[1]، بەم شێوەیە ئەم ئاڕاستە میکانیکییە ئەو تێڕوانینە ئۆرگانی و پلەبەندییەی بۆ بوون بەدوور زانی کە فەلسەفەی قوتابخانەیی وەک شوێنکەوتنێک بۆ ئەرستۆ بانگەشەی بۆ دەکرد.

ب. ئاڕاستەی خودی (الاتجاه الذاتي): ئەو بنەمایەیە کە مرۆڤ لە خودا سەربەخۆ دەکات و گرنگیدانەکانی بەرەو خود دەگۆڕێت.

پ. ئاڕاستەی ناوی (الاتجاه الاسمي): ئەزموونگەرا ئینگلیزەکان لەم بنەمایەدا پەڕگیرییان کردووە، ئەم بنەمایەش دەڵێت بە هیچ جۆرێک هیچ شتێکی ڕەها نییە، بەڵکوو هەمو شتەکان لە ئاوەزدا تەنها کۆمەڵە ناوێکن کە بوون بە زاراوە و بەکار دێن[2].

لەبەر ئەوەشی کە ئەو شێوازانەی کە ئەم فەلسەفە بەنوێکراوە هەر لە گالیلۆ و دیکارتەوە پەیڕەوی کردووە، تەنها جیهانێکی ماددەیی بزواوی ملکەچی بۆ یاساگەلێکی ماتماتیکی دۆزیوەتەوە، شتێکی ئاسایی بوو کە نەتوانرێت ڕاڤەی بوونی ڕەگەزگەلێکی ڕۆحیی وەک ئاوەز و هزر لەم بونەوەرەدا بکرێت[3]، بەو شێوەیە ئەم فەلسەفە بەنوێکراوە جیاواز بوو لەو نەریتە گریکی و مەسیحییە دێرینەی دەڵێت لە جەستەی مرۆڤدا بوونێکی خودیی تەواو هەیە، کە بە شێوەیەکی کارتێکراو چاودێریی ڕووداوەکانی جیهان دەکات، هەروەک چۆن تەماشاکەرێک چاودێریی وێنەیەکی سینەمایی جوولاو دەکات[4].

شتێکی ئاساییش بوو کە پەرەسەندنی زانستە سروشتییەکان لەسەر ئەو شێوازە بۆ لەدایکبوونی دیدێکی ماددی بۆ گەردوون سەر بکێشێت، کە جگە لە ماددە دان بە بوونی هیچ شتێکی تردا نانێت، هەروەها ئەم دیدە پەرەی سەند و فراوان بوو، چونکە هیچ فەلسەفەیەکی دژ نەبوو کە بتوانێت لە بەرانبەریدا بەرگری بکات[5].

بەو شێوەیە بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی پایەکانی ماددەگەرایی چەسپاند، کە

---

(١) حەتمیەتگەرایی: واتە گشتگیریی یاساکانی سروشت و جێگیریان؛ بۆیە نە دواکەوتن و نە ڕێکەوت هەیە، هەروەها لەسەر کۆمەڵە مەرجێکی پێویست بۆ دیاریکردنی هەر دیاردەیەک وەستاوە، چونکە هەموو شتێک لە بووندا بۆ هۆکار و بەهۆکارکراو (العلة والمعلول) دەگەڕێتەوە (ئەمەش مەبەست لێی هۆکاربەندییە (العلية أو السببية))، جێگیرییش لە زانستە سروشتییەکاندا هەر پشت بەم بنەمایە دەبەستێت، ئەم حەتمیەتگەراییە لە سەدەی بیستەمدا هەژا، وەک دواتر دەیبینین.

– بڕوانە: أ. م. بوشنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

(٤) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٢.

(٥) أ. م. بوشنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

-ئەگەر بە شێوەیەکی تازەگەشەسەندووش بێت لە هەردوو بواری زانست و فەلسەفە- بوو بە بیروباوەڕێکی ڕاوەستاو لەسەر پێی خۆی، بە شێوەیەک کە بتوانێت وا لە دەروونەکان بکات کە حەزیان لێ بێت بە زمانی ماددە ڕاڤەی هەموو شتەکان بکەن[1].

بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی و ئایین

لە باسی بزووتنەوەی مرۆڤگەراییدا بینیمان چۆن بانگەشەکارانیان توانییان کەلێنێک لە نەریتی مەسیحیدا دروست بکەن و چۆن بۆ یەکەم جار بیروباوەڕگەلێکی ئایینی دەرکەوتن کە بەئاشکرا لە ئایینی مەسیحی دەرچووبوون، ئەوەتا هەڵگرانی ئەم ڕەوتە دیدی مەسیحییان بۆ سروشتی مرۆیی ڕەت کردەوە کە پێی وا بوو سروشتێکی داکەوتوو و نزمە، لە بەرانبەردا جەختیان لە بەها ئاکاری و هزرییەکانی مرۆڤ کردەوە. شتێکی سروشتییش بوو کە بانگەشەکارانی بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی هەڵوێستێکی ئەوتۆیان لەمەڕ ئایین هەبێت، دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەو هەڵوێستەش بریتییە لە ملپێکەچکردنی هەموو بیروباوەڕ و نەریتە ئایینییەکان بۆ پێوەرەکانی ئاوەز و سوود لە ژیاندا، هەر بۆیە لەسەر دەستی ئەوان بە پێی ئەو پێوەرە نەریتی ئایینی زۆر بەتوندی ڕەخنەباران کرا.

ئاوەزگەراییەکان کاریان لەسەر هێنانەکایەی جێگرەوەیەکی ئایینی کردووە کە لەبەردەم پشکنینی ئاوەگەرایانەدا خۆی ڕابگرێت، لەو بارەیەوە لە ئینگلتەرا بۆ یەکەم جار ئایینێکی ئاوەزگەرایانە بە شێوەیەکی تۆندوتۆڵ دانرا، کاتێک لۆرد هێربەرت ئۆف شەربوری لە ساڵی (١٦٤٢)ەوە بەشوێن چەند بنەمایەکی مەسیحیدا گەڕا کە هەموو تاکەکان جا شوناسیان هەر چییەک بێت، پشتیان پێ ببەستن.

بە چوونەپێشەوەی مشتومڕی ئایینی ئەم هەوڵە زیاتر و زیاتر لای گەل خۆشەویست بوو، تەنانەت کاتێک کۆتایی سەدەی حەڤدە نزیک بووەوە، زۆرینەی بیرمەندەکان لە سەرکردە ئایینییەکان بۆ دوو گرووپ دابەش ببوون، خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوانیان ئەوە بوو کە ناوەرۆکی ئایین بریتییە لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ کە دەکرێت تەنها بە ئاوەزی سروشتی و بەبێ هەر هاوکاری و پشتیوانییەک بسەلمێنرێن. هەر چی خاڵی ڕاجیاییش بوو لە نێوانیاندا، بریتی بوو لەوەی کە گرووپێکیان جەختی زۆریان لە گرنگیی سرووش دەکردەوە، لە کاتێکدا کە گرووپی دووەمیان لەگەڵ ئەوەی بانگەشەکارانی دانیان بە بوونی خودادا دەنا، ئەوان

(١) روبرت م. اغروس، جورج ن. ستانسیو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

نکوولّییان له سرووش دەکرد و جەختیان له تەواویی ئایینێکی سروشتیی ئاوەزیی دەکردەوە. پاشان چەند ڕەخنەگرێک دەرکەوتن کە پتر بە گومان بوون و تەنانەت پرسیاریان لە دروستیی ئەو پێشەکییانە دەکرد کە خودی ئایینە سروشتییەکەش پشتیان پێ دەبەستێت و هێشتا سەدەی هەژدە نەچووبووە نیوەی، ڕێبازێکی تەواو گومانگەرا دەرکەوت و لە فەرەنسا بڵاو بووەوە و تێیدا بۆ بێباوەڕ (إلحاد)ێکی تەواو گۆڕا[1]. ئەمە لە باسی قۆناغی تەواوبوونی بونیادی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا کەمێک بەدرێژی تاووتوێی دەکەین.

بەو شێوەیە لەگەڵ هەموو ئەو پەرەسەندنانەی لەسەر دەستی بانگەشەکارانی بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی و ئەوانەی پێشوویان هاتنە کایەوە، ئەوان تا سەدەی هەژدە (سەدەی ڕۆشنگەری)[2] نەیانتوانی کۆزمۆلۆژیایەکی تەواو لە بەرانبەر ئەو کۆزمۆلۆژیا ئایینییەدا بەرپا بکەن کە کاریان بۆ لەناوبردنی کردبوو، بە شێوەیەک کە بتوانن ئەو کۆزمۆلۆژیایە بکەن بە ئایینێکی[3] جێگرەوە بۆ ئایینی مەسیحی.

هەروەها لە سەدەی ڕۆشنگەریدا تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی داڕێژرا، کە ڕاستەوخۆ بوونە هۆی لەدایکبوونی تیۆرە ئازادەکانی ڕاگەیاندن،

---

(١) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٧، ٤١٨.

(٢) مەبەست لە ڕۆشنگەری (التنویر) پشتبەستنی تەواوەتییە بە ئاوەز و هیچی تر، ئەو ئەرکەشی لەسەر ئاوەزە، بڵاوکردنەوەی ڕووناکییە لە هەر شوێنێکدا کە تاریکی زاڵ ببێت. زاراوەی «چاخی ڕۆشنگەری» وەک پێناسەیەک بۆ سەدەی هەژدە بەکار دێت، یان وردتر بڵێین بەو سەدەیە دەوترێت کە لەنێوان نیوتن و لۆک و لەنێوان شۆڕشی فەڕەنسیدا درێژ دەبێتەوە، واتە نێوان ساڵانی ١٦٨٩-١٧٨٩، دەشتوانین درێژی بکەینەوە بۆ ئەوەی سەدەی حەڤدەش بەتەواوەتی بگرێتەوە، ئەو سەدەیەی کە هەردوو شۆڕشە زانستی و سیاسییەکەی بەخۆیەوە بینی، لە ڕاستیدا ئاسان نییە دیکارت و هۆبز و سپینۆزا ڕیزبەڕ بکەین و لە چوارچێوەی چاخی ڕۆشنگەری دەریانبهێنین، چونکە ئەگەر ئیمە بە شێوازێکی بەرتەسک ئەو سەردەمە دیاری بکەین، ئەو کاتە دەڵێین ئەو چاخە سەردەمی ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ و فەرهەنگییەکان و فیزۆکراسییەکانیش وەکوو پاشکۆی ئەوان دەگرێتەوە، ئەمەش واتە ئەو چاخە بەنزیکەیی ساڵەکانی نێوان ١٧٢٠-١٧٧٨ دەگرێتەوە.

- ڕونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، جـ٢، ل١٤٦.

- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چاخی ڕۆشنگەری، بڕوانە:

- The New Encyclopaedia Britannica, vol. 6(London: William Benton, Publishers, 1973), p. 878-894.

(٣) لێرەدا مەبەست لە گوزارەی ئایین، هەر ڕشتەیەکە لە بیروباوەڕ کە تاووتوێی پرسە مرۆییە گەورەکانی وەک هەڵە و ڕاستی و بەختەوەریی هەمیشەیی و هەروەها سیستمی گەردوون... هتد، دەکات، کە بۆ بڕوادارانی، لایەنی کەم، دوو شت بەدی دەهێنێت: ئاڕاستەیەکی هزریی لەم جیهانەدا پێ دەبەخشێت (واتە وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە)، هەروەها بەشدارییەکی کاردانەوەئامێزانەی پێ دەبەخشێت لە چوارچێوەی کۆمەڵێکدا، لە میانەی چەند سروتتێکی دیاریکراو و چەندین کاری هاوبەشی تر.

- کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

به ناڕاستەوخۆش بوونە هۆی لەدایکبوونی تیۆرە ئاڕاستەکراوەکانی ڕاگەیاندن لە میانەی دەرکەوتنی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییە دەستەجەمعییەی کە بۆ نەهێشتنی ئەو شکستانە دەرکەوتن کە لەسەر دەستی هزری لیبرالیی ئازاد هاتبوونە کایەوە. ئەمەش لە لاپەڕەکانی دواتری ئەو باسەدا دەیخەینە ڕوو.

دووەم: قۆناغی تەواوکردنی تەلاری کۆزمۆلۆژیای عەلمانی

بە کۆتاییهاتنی سەدەی حەڤدە بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی توانیی دیدی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ سیستمی گەردوون تێکبشکێنێت و ئایینی سروشتی بکاتە جێگرەوەی ئایینی مەسیحی و ئەو ئایینە نوێیەی لەسەر سێ بیرۆکەی بنچینەیی بەرپا کرد، کە بریتین لە:

بیرۆکەی یەکەم: خودایەکی خاوەن دەسەڵاتی تەواو هەیە، کە داوا لە مرۆڤ دەکات ژیانێکی بەرز و شکۆمەندانە بژیت، بەوەی گوێڕایەڵیی ویستی خودایی ئەو بێت.

بیرۆکەی دووەم: ژیانێکی تر هەیە کە تێیدا چاکەکاران پاداشت وەردەگرن و خراپەکارانیش سزا دەدرێن.

بیرۆکەی سێیەم: ئەگەر مرۆڤ توانای ئاوەزیی خۆی لە هەڵهێنجانی دەرئەنجام لەو پێشەکییانەوەی پێی دراوە، بەکار هێنا، دەتوانێت ڕێساکانی ژیانی بەرز و شکۆمەندانە بدۆزێتەوە و ژیانی خۆی لەسەر بنچینەیەکی ئاوەزی ڕێک بخات، بۆ ئەوەی لە ئاسمانەوە پاداشتی دەست بکەوێت[1].

ناکۆکی لەنێوان شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە دروست بوو لەمەڕ توانای قەبوولکردنی سروش یان ڕەتکردنەوەی وەکوو سەرچاوەی حەقیقەت لەپاڵ ئاوەزدا. لە کۆتاییدا ئەوانە سەرکەوتن کە تەنها باوەڕیان بە خودا هەیە و نکوولی لە سروش دەکەن[2]. ئەوەی لەم پایە بنچینەییانەی ئایینە نوێیەکە ڕابمێنێت –ئایینی ئاوەز یان ئایینی سروشتی–، دەبینێت کە ئایینێکە هەروەکوو ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر بەڵگەنەویستێکی گەورە بونیادنراوە، کە بریتییە لە بوونی پەرستراوێکی ئەفرێنەری گەردوون و ژیان، کە داوا لە ئەفرێنراوەکانی دەکات ژیانێکی ئەخلاقیی شکۆمەندانە بەرپا بکەن، لە دەرئەنجامی ئەمەشدا ئەو پەرستراوە پاداشتی گوێڕایەڵان بە نازونیعمەت و سزای یاخییانیش بە دۆزەخ دەداتەوە. ئەمە واتای

---

(١) بڕوانە: جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٢٩.

– بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پەرەسەندنی ئایینی سروشتی، بڕوانە: جاکلین لاغریە، الدین الطبیعی، ترجمة منصور القاضی (بیروت: المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، ١٩٩٣)، ص٥–٧.

ئەوەیە کە ئایینە سروشتییەکەش هەروەکوو ئایینە ئاسمانییەکان نازونیعمەتی دواڕۆژی کردووە بە مەبەستێکی باڵای خۆی، بەڵام خاڵی ناکۆکی لەنێوان ئەو ئایینە و ئایینە ئاسمانییەکاندا ئەوەیە کە ئایینە سروشتییەکە سرووش ڕەت دەکاتەوە، وەک سەرچاوەیەک کە خەڵکی لەبەر ڕۆشناییدا ڕێنموویی وەربگرن بۆ بەرپاکردنی ئەو ژیانە ئەخلاقییەی کە پێویستە لەسەریان بونیادی بنێن، لەم بارەیەوە تەنها پشت بە ڕۆشنایی ئاوەز دەبەستێت.

لە ڕاستیدا ئایینی سروشتی بەو وێنەیەی تەنها بریتی بوو لە قۆناغێکی ڕاگوزەری لەنێوان ئایینی مەسیحی و ئایینی عەلمانی یان پۆزەتیڤیزمانە، چونکە ئەو ئاوەزەی باسی لە ئاینی کەهەنوتی دەکرد، هەر ئەو ئاوەزە بوو کە پاش ماوەیەک و بەکۆتاییهاتنی سەدەی هەژدە باسی لە خودی ئایینی سروشتی کرد، ئەمەش لەسەر دەستی دوو کۆمەڵ کە بریتی بوون لە گومانگەراکان و ماددیگەراکان لە لایەک و سەلەفییەکان لە لایەکی ترەوە[1]. هەر چی ماددیگەراکانە، بڕوایان وایە گەردوون خواوەندێکی ئەزەلییە کە خۆی خۆی بەڕێوە دەبات، بۆیە بۆ بەگەڕخستنی هیچ پێویستی بە هۆکارێکی سەرووسروشتی نییە، بەو پێیەشی گەردوون ئەزەلییە و سەرەتا و کۆتایی نییە، وا دەرناکەوێت پێویستییەک بۆ ئەفرێنەر هەبێت. بەو شێوەیە گومانگەراکان و ماددیگەراکان پێیان وایە ئەوان بەمە لەگەڵ ئەو دیدە زانستییە گونجاوترن کە تازەکی لەو کاتەدا لەسەر دەستی نیوتن تەواو کرابوو، ئەمە وێڕای ئەوەی کە نیوتن لەو سیستمە میکانیکییەی کە تایبەت بە ئاسمان دانابوو، شوێنێکی بۆ خواوەند دانابوو، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان بەو دیدە هەبوو، ئامادە بوون خودا لەو سیستمە دوور بخەنەوە[2].

بەو شێوەیە ئایینی سروشتی بە لەدەستدانی ئەو پایە بنچینەییەی کە لەسەری بونیاد نرابوو، کە بریتی بوو لە بوونی خوایەکی کارا بۆ ئەم بوونەوەرە، تەلاری خۆی بەتەواوی لەدەست دا.

– بەڵام سەلەفییەکان کاریان لەسەر سەلماندنی دژیەکییەکانی ئایینی سروشتی کرد بۆ ئەوەی قەناعەت بە خەڵکی بهێنن، کە ئایینێکی لاواز و لەرزۆکە و هەروەکوو سروشی مەسیحی ئەویش خۆی لەبەردەم ئاوەزدا ناگرێت، سەلەفییەکان ئەو کارەیان ئەنجام دا، بەڵام دواجار کەس کاری بەو دەرئەنجامەیان نەکرد کە پێی

---

(١) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤.

(٢) روبرت م. أغروس، جورج ن. ستانسيو، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧–٥٩.

گەیشتبوون، کە پێویستە ئایینی مەسیحی و ئایینی سروشتی پێکەوە لەسەر بنچینەی باوەڕ قەبوولّ بکرێن. پاش ئەوەی سەلەفییەکان نکوولّییان کرد لەوەی کە ئاوەز توانای سەلماندنی هەر ڕاستییەکی ئایینیی هەبێت، شتێکی سروشتی بوو کە یەکێک لەم دوو بژاردەیە هەلّبژێرێت: یان فەرامۆشکردنی ئەو ئاوەزەی لەگەلّ ئایینداا نایەتەوە و دژ دەبێت، یاخود ئەو ئایینە فەرامۆش بکات کە لەگەلّ ئاوەزدا نایەتەوە[1]، شتێکی سروشتییش بوو کە ئاوەزگەراکانی سەدەی هەژدەیەم ڕێگەی دووەم هەلّبژێرن (بەتایبەت پاش هێرشی گومانگەرا و ماددیگەراکان بۆ سەر هەموو بیروباوەڕێکی ئایینی)، ئاڕاستەی خەلّکییش بەگشتی بەرەو ئەو ڕێگەیە زیادی کرد، بەتایبەت لە فەرەنسای وڵاتی ڕۆشنگەری، کە تێیدا کلّێسەی کاسۆلیکی بە سیاسەتە کۆمەلّایەتییەکانی و هاوپەیمانێتیی لەگەلّ سیستمی ستەمگەریی فەرمانڕەوا و خراپەکانی پاڵی بە هەموو کەسێکی ئاوەزمەندەوە نا بۆ دژایەتیکردنی بەهێز، بەتەنها دژایەتیی سیستمی ڕەهبانیەت نا، بەلّکوو دژایەتیی هەموو ئەو شتانەشی پێیەوە پەیوەستن و دژایەتیی خودی ئایینەکەش.

بە هاتنی سالّی ١٧٧٠ سەردەمی ڕۆشنگەری گەیشتە ئیلحاد و ماددیگەرایی گشتگیر و تەواو[2]، بەو شێوەیە فەلسەفەی ڕۆشنگەریی، کە بۆ دژایەتیکردنی باوەڕی ئایینی بەرپا ببوو، لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناا[3].

وەک دەرئەنجامێکی سروشتییش پێویست بوو فەلسەفەی ڕۆشنگەری پاش

---

(١) ناڕێکی و دژوەستانەکانی ئایینی مەسیحی لەگەلّ ئاوەزدا وایان کرد پێش ئەوەی ئەوروپا شۆڕشی بەسەردا بکات، ئیسلام شۆڕشی بەسەردا بکات، بۆیە ئەقڵیەتی ئەوروپی بە سەرخەری دەنگی ئیسلام هەژمار دەکرێت، چونکە پێی وا بوو مەسیحیەت ئایینێکە لە زۆر ڕووەوە لەگەلّ ئاوەزدا نایەتەوە و لە ڕووی کۆمەلّایەتییەوە شیاوی جێبەجێکردن نییە، بەلّام ئیسلام سوننەتی ژیانسازیی خۆی لەسەر ئاوەزێک بونیاد نابوو کە هەلّەش دەکات و دەشپێکێت، نەک ئاوەزێکی پارێزراو لە هەلّە و تاوان، وەک ئەوەی مەسیحیەت و هەندێک ئایینی تر دەلّێن، بەلّام لە ئیسلامدا هیچ ناوەندێک یان چین و توێژێک نییە کە دەسەلّاتی ملپێکەچکردنی هەبێت.

– بڕوانە: محمد إبراهيم الفيومى، الإسلام وإشكالية الفكر الحضارى، مجلة العربى، عدد ٣٥٧، أغسطس ١٩٨٨، ص٥٠–٥١.

– فەیلەسووفی دانیمارکی، «کیرکجار» (١٨١٣–١٨٥٥) نموونەی شوێنکەوتووانی ئەو ڕێبازە بوو، ئەو تا دوا ئاست دژی ئاوەز بوو، پێی وا بوو ناتوانرێت بە ئامرازی ڕێگەی هزر بگەیت بە خودا، چونکە بیروباوەڕی مەسیحی پڕیەتی لە دژیەکی، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ بەئەقڵانیکردنی، گاڵتەجاڕی و بێباوەڕییە بە وتەی خودا. بڕوانە: أ. م. يوشنسكى، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥.

(٢) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٣–٤٤٤.

(٣) زكريا إبراهيم، هيجل... أو المثالية المطلقة، سلسلة عبقريات فلسفية، (القاهرة: مكتبة مصر، ب ت)، ص٢٥٢.

ئەوەی تێڕوانینی ئایینیی بۆ گەردوون و ژیان وێران کرد، تێڕوانینێکی گەردوونیی جێگرەوە بەڕپا بکات، بۆ ئەمەش بەدڵنیاییەوە تێڕوانینێکی جێگرەوەی لەسەر بنەماگەلێکی دنیایی ڕووت بونیاد نا.

دۆزینەوەی مەبەست و تەواوکردنی تەلاری کۆزمۆلۆژیای عەلمانیەت:

ئەگەر چاوێکی خێرا بەو بنچینە نوێیانەدا بخشێنین کە هزری ئاوەزگەرایی توانیی بۆ دیدە ماددییەکەی بۆ گەردوون و ژیان بونیادیان بنێت، دەبینین کاری لەسەر تێکشکاندنی ئەو بەڵگەنەویستە سەرەکییە کردووە کە کۆزمۆلۆژیای ئایینیی لەسەر وەستاوە و هەموو بەڵگەنەویستەکانی تری پێکهێنەری بونیادی کۆزمۆلۆژیای ئایینی دەرئەنجامی پێویستن بۆی. ئەو بەڵگەنەویستەش کە هزری ئاوەزگەرایی دانی بە خۆی و بەو دەرئەنجامانەشدا نەنا کە لێی دەکەونەوە و پێچەوانەکەی ئەو و پێچەوانەی دەرئەنجامەکانیشی بونیاد نا، بریتی بوو لە «بوونی خوایەکی ئەفرێنەر بۆ ئەم گەردوونە و دەستتێوەردەر لە کاروباری ئەفرێنراوەکانی»، هەروەها بەڵگەنەویستێکی پێچەوانەی ئەم بەڵگەنەویستەیان داڕشت، ئەویش بریتییە لەوەی کە «خوایەکی کارا و دەستتێوەردەر لە کاروباری مرۆڤدا نییە»، ئەگەر ئەو ماددیگەرایانە ڕیزپەڕ بکەین کە هەر لە بنەڕەتەوە نکوولّی لە بوونی خودایەک بۆ ئەم گەردوونە دەکەن و ڕای ئەوانەمان وەرگرت کە دان بە بوونی خواداد دەنێن، بەڵام جەخت لە ناکارایی دەکەنەوە.

نکوولّیکردن لەو بەڵگەنەویستە سەرەکییەی کە کۆزمۆلۆژیای ئایینیی لەسەر وەستاوە –وەک ئەوەی پێشتر باسمان کرد–، واتە بەتاڵکردنەوەی ئەو دەرئەنجام و بەڵگەنەویستانەی کە لەسەری بونیاد نراون، بۆیە پێویست بوو ئاوەزی پۆزەتیڤیزم جێگرەوەیەکی قەناعەتپێکەر بهێنێت.

ئەو دەرئەنجامانەی کە بە بەتاڵبوونەوەی پێشەکییەکانیان باتڵ بوونەتەوە، بریتین لە:

– ئەوەی کە دەوترێت گرنگترین دیاردەکانی کارایی خودا (پەرستراو) بریتییە لە ناردنی باشترین ڕێباز –لە ڕێگەی سرووشەوە– تا لەبەر ڕۆشناییدا ڕێنموویی بۆ بەدیهێنانی ئەوەی کە دەیانەوێت، وەربگرن.

هەروەها لایەنگرانی ئایینی سروشتی –وەک پێشتر باسمان کرد– بە نکوولّیکردنیان بۆ سرووش ڕێگەیان لەبەردەم پۆزەتیڤیزمەکان خۆش کرد، شتێکی سروشتییش بوو کە ئاوەز ئەو جێگرەوەیە بێت کە پۆزەتیڤیزمەکان وەک ڕێنموویکاری گەیشتن بە باشترین ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی دنیایی ئاسوودە

پەنای بۆ ببەن.

خۆ ئەگەر پۆزەتیڤیزمەکان جێگرەوەیەکیان دۆزییەوە بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەی ڕاست پەنای بۆ ببەن، بە شێوەیەک کە لە سروش بێنیازیان بکات، ئەوا ئەو جێگرەوەیەی کە پێویست بوو لەسەریان بیهێنن –بە هۆی نکوولێکرنیان لە دەرئەنجام یان بەڵگەنەویستی دووەمی کۆزمۆلۆژیای ئایینی–، کارێکی سانا یان ئاسان نەبوو. ئەو بەڵگەنەویستەشی کە نکوولێیان لێ کرد، بریتی بوو لەوەی:

– پێویستە خودای پەرستراو ژیانێکی تر بەرپا بکات کە تێیدا ئەوانەی پابەندبوون بە ڕێبازەکەیەوە بە نازونیعمەت پاداشت بدرێنەوە و ئەوانەشی پشتیان تێ کردووە، بە دۆزەخ سزا بدرێن. ئەمە لەبەر ئەوەی نکوولێکردنیان بۆ ئەو بەڵگەنەویستە[1] واتە دەرئەنجامێکی تەواو مەترسیدار، ئەویش لەناوبردنی بەهەشتی ئاسمانەکانە کە بۆ زۆرینەی خەڵکی وەک مەبەستی باڵا وایە لەم ژیانەدا، هەروەها دڵنەواییەک بووە بۆ بەرگەگرتنی ناڕەحەتی و خەمەکانی دنیا، بەو هیوایەی کە لەوێ، لە بەهەشتی ئاسمانەکاندا قەرەبوو دەکرێنەوە. هەر بۆیە جگە لە گەڕان بەدوای جێگرەوەیەکی قەناعەتپێکەر و گونجاو بۆ ئەو بەهەشتەی ئاسمانەکان کە لەناویان برد، چارەیەک لەبەردەم بیرمەندە پۆزەتیڤیزمەکاندا نەبوو، چونکە «ئەگەر جێگرەوەی قەناعەتپێکەریان نەبێت، ئایینەکەیان بانگەوازی خەڵک دەکات و هیچ وەڵامدەرەوەیەکی نابێت.»[2]

لە کۆتاییدا و لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا ئەو بیرۆکە بنچینەییە دەرکەوت کە بە تەوەری سەرەکیی عەلمانیەت هەژمار دەکرێت، بیرۆکەیەک کە عەلمانیەتی کرد بە ئایینێکی مرۆیی نوێی هاوتای ئەو ئایینەی کە وەلایان نا، ئەو بیرۆکەیەش بریتی بوو لەوەی کە ئەو بەهەشتەی کە هەر مرۆڤێک ئاوات دەخوازێت لە سایەیدا بحەسێتەوە، هەر لەسەر ئەم زەوییە و هەر لە دنیادا و بەزووییی و بەپەلە بەدی دێت، لەمەشدا پشتیان بەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتییە زۆرە بەستبوو کە بەخێرایی و لە میانەی نەوەیەک یان دووانداو خەڵکی بەرەو دۆخێک دەبات کە ناخۆشیی تێدا هەڵدەگیرێت و ئاسوودەیی باڵ بەسەر مرۆڤایەتیدا دەکێشێت.

بەو شێوەیە «خاڵی وەرچەرخانی بنچینەیی لە دیدی مرۆڤی ڕۆژئاواییەوە

---

(١) چونکە نکوولێکردنی پەنهانییەکان و ژیانی دوایی، بە ڕەگەزێکی گرنگی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی هەژمار دەکرێن. بڕوانە: کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٤.

(٢) کارل بیکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

بۆ گەردوون بریتی بوو لە گۆڕان لە نازونیعمەتێکی ڕۆحیی مەسیحیی غەیبیی لە ئاسمان دوای مردن بۆ نازونیعمەتێکی عەقڵانیی سروشتی لەسەر زەوی، هەنووکەیی یان زۆر بەزوویی»[١]، بەو شێوەیە ئەو بیروباوەڕی پێشکەوتنەی کە لە داهاتوودا مرۆڤ لە ڕێگەیەوە نازونیعمەتی سەرزەوی بەدەست دەهێنێت، وێنەیەکی نوێی بۆ شتەکانی ڕۆژی دوایی پێشکەش کرد.

ئاوەز ئامرازی بەدیهاتنی پێشکەوتن

گومان لەوەدا نییە کە ئاوەز ئامرازێکی تەواوە بۆ بەدیهێنانی ئەو پێشکەوتنە و ڕێنموونییکردنی مرۆڤایەتی بۆ بەدیهاتنی بەهەشت هەر لە دنیادا، بە کارەکانی دووان لە زانا و فەیلەسووفەکان کە «نیوتن و لۆک»ن، بانگەشەکارانی هزری عەلمانی زیاتر دڵنیا بوون لە توانای عەقڵ بۆ ئەو کارە[٢]، ئەو دوو فەیلەسووفەی کە زانستەکەیان هەڵە کۆنەکانی لە ڕێگەی خۆیدا تەنانەت لە بواری کاروبارە مرۆییەکانیشدا ڕامالّی و ئەوروپای خستە قۆناغێکی نوێوە کە بە بوونی گیانی باڵایەتی و بەڵگە لە سەردەمانی پێش خۆی جیا دەکرێتەوە[٣]. ئەوەتا نیوتن بە پەرەدانی بە جیاکاری و تەواوکاری (التفاضل والتکامل) و پێشکەشکردنی یاسا بیرکارییانە گرنگەکەی لەمەڕ پەیوەندیی نێوان ئەستێرەکان و یاساکانی کێشکردن توانیی بگاتە پلەیەکی باڵا[٤]، هەر لە ڕێگەی نیوتنیشەوە خەڵک گەیشتە شیکارێکی ئامرازییانەی تێروتەسەل بۆ جیهان لە ڕێگەی گوزارشتگەلێکی بیرکارییانەی دەرئەنجامگیرییانەی وردەوە[٥]، بەو شێوەیە دەستکەوتە نیوتنییەکان بۆ هاوسەردەمەکانی وەک ئامرازێکی تێروتەسەل بۆ شیکردنەوەی هەموو دیاردەکان بە ڕەفتاری مرۆییشەوە دەهاتنە پێش چاو[٦].

«لۆک»یش بەیداخی بانگەوازی بۆ زانستی سروشتی مرۆیی هەڵگرتبوو[٧]، کە توانیی ڕێبازی بەڵگەهێنانەوە (مناهج الاستدلال)ی ڕوون و ئاسان لە ئاڵۆزییە گومڕاکارەکانی میتافیزیک دەربهێنێت و کردی بە درێژکراوەی هەستی دروست

---

(١) بڕوانە: کرین برتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧–١٧٨.

(٢) هەمان سەرچاوەی، ل١٦٩.

(٣) رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، بەشی٢، ل٧٥.

(٤) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

(٥) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٩.

(٦) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

(٧) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٥.

(الحس السليم) و وای دەزانی کە ئەو خەڵکی ڕێنموویی کردووە بۆ ئەو ڕێگەیەی کە یارمەتییان دەدات لە جێبەجێکردنی سەرکەوتنە مەزنەکانی نیوتن بەسەر لێکۆڵینەوە لە کاروبارەکانی مرۆڤدا[1].

بەو شێوەیە نیوتن و لۆک پێکەوە توانییان هەردوو بیرۆکەی گرنگی «سروشت و ئاوەز» بچێنن و جەختی لێ بکەنەوە؛ ئەو سروشتەی کە لە دیدی مەسیحیەتدا جێی گومان و دڵەڕاوکێ بوو، لای ئەوان بوو بە چەمکێکی تەواو هۆگرمەندانە و خۆشەویست و لە دیدی ئەواندا «سروشتی» هەموو ئەوانە بوو کە ئاوەزی و گونجاو بوون لەسەر بنەمای یاسای ڕوون و دروست بونیاد نراون، وەکوو ئەو یاسایانەی کە نیوتن پێیان گەیشت[2].

هەر ئاوەزیش بوو توانیی یاساکانی سروشت بدۆزێتەوە، ئەمەش واتە هەر ئەو ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستیی شاراوەی پشت دیاردەکان، چونکە بەبێ ئاوەز، تەنانەت بە ئاوەز بە واتا هەڵەکەی، ئەوە بەڕاست دەزانین کە خۆر بە کردار هەڵدێت و ئاوا دەبێت، بەڵام بە ئاوەز پەی بە پەیوەندیی خۆر بە زەوییەوە بە شێوازە دروستەکەی دەبەین. بە هەمان شێوە ئەگەر ئاوەزمان لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا بەکار هێنا، ئەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە پادشاکان باوکی گەلەکانیان نین، بەو شێوەیە ئاوەز دەبێتە ئامرازی ڕێنیشاندەرمان بۆ ئەو دامەزراوانە یان ئەو پەیوەندییانە، تا لەگەڵیاندا هەڵبکەین و پێیان ئاسوودە بین[3].

بەو شێوەیە ڕێبازی ئاوەزگەرایی پێداگریی لەوە کرد کە ئاوەزی مرۆیی شایستەی تێگەیشتنی گەردوونە، هەروەها ڕێگەی بە خەڵکی دا خۆیان لەگەڵ سروشتدا بگونجێنن و وەبەرهێنان لە ژینگەی سروشتیدا بکەن بۆ بەدیهێنانی بەختەوەریی زیاتر. بەو شێوەیە مرۆڤ دەتوانێت لە یاساکانی سروشت تێبگات و بۆ هێنانەدیی خۆشگوزەرانیی خۆی بەکاری بهێنێت و ئاوەزی مرۆڤیش دەتوانێت

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩-١٧٠.

- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کاریگەریی جۆن لۆک لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری و هزری مرۆییدا بەگشتی، بڕوانە: عزمی إسلام، جون لوک، سلسلة إعلام الفلاسفة (١) (القاهرة: دار الثقافة للطباعة والنشر، ب ت)، ص١٥-٣٠.

(٢) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

- لێرەدا مەبەست لە سروشت، جیهانی ئەو شتە بێگیانانە ناگرێتەوە کە لە مرۆڤ جیان، وەک ئەوەی ئەمرۆ زۆر جار وا لێک دەدرێتەوە، بەڵکوو تەواوی سیستمی ئاوەزی بۆ شتەکان دەگرێتەوە، بە خودی مرۆڤیشەوە، کە گرنگترین بەشیەتی.

-جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٩.

(٣) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

لە یاساکانی سروشت و مرۆڤایەتییش پێکەوە تێبگات، ئا ئەم گریمانانە بنچینەی باوەڕبوونیان بە بیری پێشکەوتن (عقيدة التقدم) دامەزراند[١].

ئەو بەڵگەنەویستەی کە چەمکی ئاوەزگەرایی بۆ پێشکەوتن پێداگریی لێ دەکات تێگەیشتنی ئاوەزیی پێشکەوتن پێداگری لە بەڵگەنەویستێک دەکات کە دەڵێت یاساکانی سروشت جێگیر و ڕێکوپێکن و بەردەوام بەدوای یەکدا دێن، دەتوانرێت بە زانستی ئەزموونی و بە ئاوەزی تەندروست بدۆزرێنەوە، بەمەش بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت و مێژووی سروشتی سوود لەم دووانە (زانستی ئەزموونی و ئاوەزیی تەندروست) وەردەگرین، وتراویشە سروشتی مرۆیی یەک جار و بۆ هەمیشە دیاری کراوە.

بانگەشەکارانی پێشکەوتن وای بۆ دەچن کە دینامیکیەتی پێشکەوتن دەگۆڕێت و بەردەوام ئەزموون دەبەخشێت بە ئاڕاستەی تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی و کۆمەڵگە و گەردوونەکەشی، هەروەها وای بۆ دەچن کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە سروشت و دۆزینەوەی یاساکانی هۆکاربەندی (قوانين العلية) تێیدا مەعریفەی مرۆڤ لەسەر سروشتی مرۆیی گەشە دەکات. لەگەڵ زیادبوونی ئەو جۆرە مەعریفەیەش توانای مرۆڤ بۆ داڕشتنی شێوازە ئەخلاقی و سیاسییەکان زیاد دەکات، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەو سیستمەدا گونجاو بێت کە لە سروشتدا دۆزیویەتیەوە. نەزانی و نەریتی کۆنی بەسەرچوو و ئەو دامەزراوە کۆنانەی کە پێداگری لە پایەگەلێکی نائاوەزمەندانە و ناسروشتی دەکەن، بەربەستن لەبەردەم گەیشتنی مرۆڤ بە پلەی کەماڵ، مێژووش بریتییە لە چیرۆکی دۆزینەوەی هەنگاو بە هەنگاوی یاساکانی سروشت لەلایەن مرۆڤەوە، پێشکەوتنیش بریتییە لە وەرگێڕانی ئەو دۆزینەوەیە بۆ ڕێکخستنێکی ساز و گونجاو بۆ ژیانی مرۆیی[٢].

* * *

بەو شێوەیە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم توانیی دیدێکی نوێ بۆ گەردوون دابڕێژێت کە تەواو پێچەوانەی دیدە ئایینییەکە بوو، کە هەروەکوو دیدە ئایینییەکە ئەویش بەڵگەنەویستی تایبەت بە خۆی هەبوو، مەبەستگەلێکی هەبوو کە مژدەی پێ دەدان، هەروەها ئامرازگەلێکی هەبوو کە پێی وا بوو پشتپێبەستنیان باشترین ڕێگەیە بۆ

(١) دافيد و. مارسيل، فلسفة التقدم، ترجمة: هالة المنصوری (القاهرة: مكتبة الأنجلو، ب ت)، ص٤٠.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

گەیشتنی کۆمەڵگەی مرۆیی بەو مەبەستانە.

لەو بارەیەوە هەموو فەلسەفە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمە جیاوازەکان، بە کۆی لقەکانیانەوە (سیاسی، ڕاگەیاندن... هتد) جگە لە ئامرازگەلێکی هزریی گۆڕاو بۆ ڕامان لە باشترین شێوازی کارکردن بۆ ئەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان بگەیەنێت بەو مەبەستانەی کە کۆزمۆلۆژیا دنیاییەکە مژدەی پێ دابوون، شتێکی تر نەبوون.

بەو پێیەشی کە بەبێ تێگەیشتن لەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکانیان دروست کردووە، کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن –تەوەری توێژینەوەکەمان- بەشێکی دانەبڕاون لێیان، ناتوانین تێگەیشتنی ڕاستەقینەمان بۆیان هەبێت، -ئەمەش وەک داننانێک بە کۆمەڵایەتیبوونی مەعریفە و میژوونووسی- توێژەر لە پاری داهاتوودا هەوڵ دەدات گرنگترینی ئەو سۆنگە هزرییانە بخاتە ڕوو کە ئەو فەلسەفانە لە سایەیاندا لەدایک بوون، ئەمە وێڕای باسی گرنگترین ئەو پێداواە میژووییانەی بەشداریان لە دروستکردنی بونیادەکەیاندا کردووە. ئەمە وەک پێشەکییەکی پێویست بۆ تێگەیشتن لەو ژینگە هزری و کۆمەڵگەییەی کە وتەزاکانی ئەو فەلسەفانەیان داڕشتووە، کە وەکوو ئەو پێشەکییە ڕاستەوخۆیانە هەژمار دەکرێن کە وتەزاکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان لەسەر بونیاد دەنرێت. هەروەها توێژەر باس لە چۆنێتیی هەژموونکردنی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییە و دەرهاویشتەکانی لە هزری ڕاگەیاندن بەسەر هزر و کەتواری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی لە وڵاتانی جیهانی سێدا و لە ناویشیاندا زۆرینەی وڵاتە ئیسلامییەکان، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕاستییەکی گرنگ، ئەویش ئەوەیە کە هزری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی باو لەو وڵاتانەدا بە بەرهەمێکی سروشتیی ئەو وتانەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیەت دادەنرێت کە ئاوەزی ڕۆژئاوایی دایهێناون.

پاری سێیەم: ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە بەشدارییان لە دروستکردنی هزری کۆمەڵایەتیی عەلمانی و هەژموونە جیهانییەکەیدا کردووە

داخوازی یەکەم: ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە تێڕە کۆمەڵایەتییە عەلمانییەکانیان دروست کردووە

لە پاری پێشوودا بینیمان چۆن بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە لەسەر دەستی ئەو کۆزمۆلۆژیای ئایینی تێک بشکێندرێت و بۆ کۆزمۆلۆژیایەکی عەلمانی بگۆڕدرێت، شتێکی سروشتییش بوو کە لە چەند بەڵگەنەویستێکەوە دەست پێ بکات مژدەی مەبەستگەلێکی جیاواز لە مژدەکانی کۆزمۆلۆژیای ئایینی بدات. بۆیە پێویست بوو لەسەر بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی کار لەسەر هێنانەکایەی ئامرازگەلێکی پێویست بکات بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە نوێیانەی کە مژدەی پێ دابوون، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی پلانێک بۆ کۆمەڵگەیەکی نموونەیی کە تاکەکان بتوانن لە سایەیدا ئەو مەبەستانە بەدی بهێنن کە کۆزمۆلۆژیا نوێیەکە مژدەی پێ داون.

لەبەر ئەوەشی ئەو چەمکانەی زانستی سروشتی -کە تێڕوانینی نیوتنی بۆ جیهان لە ترۆپکیاندا بوو- ئەو بنچینەیە بوون کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێشەکیی تەواوی وتەزاکانی خۆی لێیانەوە وەرگرت، شتێکی سروشتی بوو کە پێدراوەکانی ئەو زانستە هەمان ئەو بنچینەیە بێت کە بزووتنەوەی ئاوەزگەرایی پشتی پێ دەبەستێت لە دۆزینەوەی ئامرازی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە هەوڵیان بۆ دەدات، لە سایەی ئەمەشدا تێڕوانینی نیوتنی بۆ جیهان بوو بە گریمانەی بنچینەیی پێشوەختە بۆ هەموو هزرێکی ئەوروپی تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم[1] کە قەیرانی زانستی فیزیایی بەخۆوە بینی، کە بەڕوونی دەرکەوت ناکرێت چەمک و بابەت و پرسەکانی زانستی فیزیایی بەبێ شیکاریی فەلسەفی وەربگیرێن، هەروەها ناکرێت لە دیدی فەلسەفییەوە تێڕە سروشتییەکان پێشوەختە بە ڕاست دابنرێن[2].

---

(١) لەو بارەیەوە بڕوانە:
- جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٣.
- أ. م. بوشنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.
- روبرت م. أغروس، جورج ن. ستانسیو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.
- محمد الأسعد، سقوط الموروثات، مجلة العربی، العدد ٤٢٩، أغسطس ١٩٩٤، ص٢٠٤.

(٢) قەیرانەکە خۆی لە دەرکەوتنی هەردوو تیۆری ڕێژەیی و کوانتەمدا خۆی نواند، کە سەریان بۆ چەند کاردانەوەیەکی دووسەرە لە فەلسەفەدا کێشا، چونکە ئیدی خودی زانایانی فیزیاش هاوڕا نەبوون، نە لەسەر دروستیی ئاڕاستەی میکانیکی و نە لەسەر ڕێبازی حەتمیەتگەرایی و نە لەسەر ئاستی ڕاستێتییان.

لە سایەی نموونەی بالای زانستی فیزیاییدا و بۆ بەرپاکردنی فیزیایەکی کۆمەڵایەتی لە میانەی دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی کە بزاڤی کۆمەڵگەی مرۆیی بەڕێوە دەبەن، هزرمەندە ئاوەزگەراکان -لە میانەی لاساییکردنەوەی ئەو ڕێگەیەی لە زانستی فیزیادا بەکار دەهێنرا- لە دوو قۆناغدا کاریان بۆ گەیشتن بەو یاسا کۆمەڵایەتییانە کرد:

قۆناغی یەکەم بریتی بوو لە شیکردنەوەی سروشتی تاک بۆ ناسینی ڕەگەزەکانی ئەو سروشتە و تایبەتمەندییەکانی.

قۆناغی دووەم پاش ئەوەی سروشتی مرۆیی بۆ ڕەگەزە ڕەسەنەکانی خۆی شی دەکرێتەوە -هەروەک چۆن گالیلۆ سروشتی جوولەی شی کردەوە-، کار لەسەر داڕشتنی دیدێکی گونجاو بۆ کۆمەڵگە دەکات کە سروشتی بونیادی مرۆیی بەو شێوەیە دەیخوازێت کە ئەو ئامانجە دونیاییانە بەدی بهێنێت کە هەوڵیان بۆ دەدات.

لێرەدا تاووتوێی گرنگترین ئەو تێۆرە کۆمەڵایەتییانە دەکەین کە بیرمەندە پۆزەتیڤیزمەکان لەو بارەیەوە دایانهێناوە.

یەکەم: سەرەتا، هزرێکی دەسەڵاتگەرانە (فكر سلطوي)

فەیلەسووفی ماددی، تۆماس هۆبز باوکی ئەم جۆرەیە لە شیکاری دەروونی، کە وەک هەنگاوی یەکەم تێۆرەکەی لەمەڕ کۆمەڵگەی مرۆیی لەسەر بونیاد نا. ئەو جەختی لەوە کردەوە کە دەکرێت هیوامان هەبێت بۆ بەرپاکردنی زانستێکی تایبەت بە سروشتی مرۆیی بە هەمان ئەو واتایەی کە بۆ فیزیا بەکار دێت[1]، وەکوو دەرئەنجامێک بۆ تێگەیشتنی ئەو بۆ سروشتی مرۆیی بەوەی کە خۆپەرست و شەڕانگێزە، ئەو لە تێۆرەکەیدا لەمەڕ گرێبەستی کۆمەڵایەتی وای دەبینێت کە ئەو کۆمەڵگەیەی کە فەرمانڕەوایەتیی ڕەها بەڕێوەی دەبات، شیاوترین شێوازەکانی فەرمانڕەوایەتییە کە لەگەڵ ئەو سروشتە مرۆییەدا دێتەوە. پێش ئەویش ماکیاڤیلی

بەو پێیەشی ئەوان هەوڵی دیراسەکردنێکی زانستییانەی ماددەیان دەدا، کە سەرلەنوێ ئاڵۆز دەردەکەوت، تا وایان لێ هات ناچار بوون جارێ ڕێژەییبوونی تێۆرەکانیان بدەن، ئیدی سەرئەنجامی ئەمانە ئاڕاستەی میکانیکی و ڕێبازی حەتمیەتگەرایی نەیانتوانی پشت بە دەسەڵاتی زانستی سروشتی ببەستن و شرۆڤەکردنی بوونیش بە مادده بوو بە شتێکی گومانئامێز، کە نەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.

- بڕوانە، أ. م. بوشنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

(١) بڕوانە: جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٤.

- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی پەیوەندیی تێڕوانینی هۆبز بە فیزیاوە، بڕوانە:

- فرانسوا تشاتل، أوليفر ديهمل، تاريخ الأفكار السياسية، ترجمة: خليل أحمد خليل، كتاب الفكر العربى (٨)، سلسلة الدراسات التاريخية والأيدلوجية (٢)، (بيروت: معهد الإنماء العربى، ١٩٨٤)، ص٧٣-٧٤.

هەمان ڕای هەبوو، زۆرێک لە بیرمەندانی تریش هەر لەسەر ئەو ڕەوتە ڕۆیشتن.

شتێکی سروشتی بوو کە لە سایەی ئەو دیدەدا، کە بانگەشەی فەرمانڕەوایەتیی ڕەهای دەکرد، فەلسەفەیەکی دەسەڵاتگەرایی بۆ ڕاگەیاندن دروست ببێت، کە مافی تەواوەتی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا بە فەرمانڕەوا ببەخشێت، ئەمەش لەبەر هۆکارێکی لۆژیکیی ڕوون، ئەویش ئەوەیە مادام سیستمی فەرمانڕەوایەتیی ڕەها باشترین و شیاوترین و گونجاوترین بێت بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی، ئەوا شتێکی سروشتییە کە زاڵدەستیی فەرمانڕەوا دریژ ببێتەوە و دەست بخاتە یەکێک لە گرنگترین ئەو ئامرازانەوەی کە بەشداری لە جێگیریی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەدا دەکات، ئەو ئامرازەش میکانیزمەکانی ڕاگەیاندنە.

دووەم: تیۆری کۆمەڵایەتیی لیبرالی و ئەو هزرە ڕاگەیاندنییەی بەرپای کردووە

جۆن لۆک بە دامەزرێنەری ئاڕاستەی لیبرالی لە فەلسەفەی سیاسیدا و[1] دامەزرێنەری ئاڕاستەی ئەزموونگەرایی لە سیاسەتدا هەژمار دەکرێت، ئەو ئاڕاستەیەی کە پەیوەست بوو بە بانگەشەکردن بۆ ئازادیی ڕادەربڕین[2].

لۆک دژایەتیی هۆبزی کرد لە تێگەیشتنی بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی سروشتی مرۆیی کە لە باری سروشتیدا پێش دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆیی باو بوون. لە کاتێکدا هۆبز وای دەبینی کە ئەوە جەنگی هەموان دژی هەمووانە، لۆک پێی وا بوو خەڵکی لە باری سروشتیدا لە سایەی ئازادی و یەکسانی ڕەهادا دەژیان، جگە لە یاسای فیتریی گونجاو لەگەڵ ئەو بارەدا، کە یاسای سروشتییە، هیچ شتێکی تر حوکمی نەدەکردن. ئازادیی سروشتیی مرۆڤیش لە دیدی ئەودا پێویستە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی بەرزتر لە مرۆڤ نەبێت –چونکە لەو بارەدا لە سایەی یاسای فیترەت یان سروشت چێژ لە ئازادییەکەی وەردەگرێت–، هەموو مرۆڤێکیش بەئازادی لەدایک دەبێت، هیچ دەسەڵاتێکیش لەسەر ڕووی زەوی نابێت ئازادییەکەی سنووردار بکات، مەگەر پاش ڕەزامەندیی خۆی[3]، بێگومان ئەو یاسایە هیچ سوودێکی نابێت ئەگەر کەسێک نەبێت توانای جێبەجێکردنی هەبێت، تا مافی سروشتیی تاکەکان بپارێزێت، بۆیە پێویستە کەسێک، یان چەند کەسێک لە ڕێگەی دروستکردنی گرێبەستێکەوە بۆ پاراستنی ئەو مافانە ڕابسپێردرێن،

(1) F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., P. 43, – W. L. Rivers and W. Schramm, op. cit., p. 37.

(٢) أميرة حلمى مطر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(٣) عزمى إسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧

بە پێی گرێبەستەکە تاکەکان سازش لە دەسەڵاتەکانیان دەکەن بۆ ئەو کەسە یان ئەو کەسانە، بە ئەندازەیەک کە بتوانن ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن. بە دەق لە گرێبەستەکەدا هاتووە کە فەرمانڕەواش وەکوو ئەوانەی فەرمانڕەوایەتییان دەکات، لایەنێکی گرێبەستەکەیە، خۆ ئەگەر لایەکیان لە جێبەجێکردنی گرێبەستەکەدا کەموکوورپیی هەبوو، لایەنی دووەم پابەندیی بە بەڵێنەکانیەوە نامێنێت. پشت بەوە گەل مافی گۆڕینی فەمانڕەوای هەیە، ئەگەر بە گرێبەستەکەوە پابەند نەبوو و ستەمکاریی کرد[1].

بەو شێوەیە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە بیرۆکەی بنەڕەتی لای لۆک بریتییە لەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی کۆتداراە و هەر کاتێک ئەو چوارچێوەیەی بەزاند کە یاساکانی سروشت بۆیان دیاری کردووە، ئەوا ڕەوایەتی و هۆکار و بەهانەی بوونی لەدەست دەدات[2]، ڕوونیشە لای لۆک تاک و پاراستنی مافە سروشتییەکانی تەوەری سەرەکی و ئامانجی باڵایە، دەوڵەتیش بە هەموو دەسەڵاتەکانیەوە، تەنها ئامرازێکە بۆ فەراهەمکردنی سیستم و جێگیری و ئارامییەک کە بوار بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بڕەخسێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانج و خواستەکانیان، گرنگترینی ئەو مافە سروشتییانەش کە پێویستە لەسەر دەوڵەت بیپارێزێت، بریتییە لە مافی خاوەندارێتی بۆ تاکەکان[3].

بەو شێوەیە لۆک لایەنە ئابووورییەکەی هزری لیبرالیی دارشت، هەروەک چۆن گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هزری سیاسیی لێوە دارشت، دوای خۆیشی زۆرێک لە بیرمەندان پاڵپشتیی هزری لیبراڵییان کرد، وەک: ژان ژاک ڕۆسۆ، جۆن ستیوارت مل، ئیمانویل کانت و جێرمی بتنام... هتد.

ئەگەر ئەمانە گرنگترینی ئەو تایبەتمەندییانە بن کە هزری لیبراڵییان پێ جیا دەکرێتەوە کە جۆن لۆک دایڕشتوون، ئەوا بەکارهێنانی ڕێبازی ئەزموونی لەلایەن هزری لیبراڵییەوە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ڕاستی دەرئەنجامێکی سروشتیی

---

(١) أميرة حلمى مطر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥-١٠١.

- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی مافە سروشتییەکان وەک سنووورێک بەسەر هەڵسوکەوتی فەرمانڕەواوە لای لۆک، بڕوانە:

- W. Y. Elliott and N. A. McDonald, Western Political Heritage (Englewood Cliffis: N. J. Prentice - Hall, INC. 1963) P. 566 – 599.

(٢) أميرة حلمى مطر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

- بڕوانە: عزمى إسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨-٢١١.

(٣) بڕوانە: محمد الأسعد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣-٢٠٤.

لێ کەوتەوە، کە بریتی بوو لەوەی کە ڕاستی بە پێی سەرنجی زانستی شیاوی گۆڕانە، هەر ئەم بیرۆکەیەش بوو کە ببووە بنچینەی سەرەکیی ڕوانگەی هزری لیبرالی بۆ ئازادیی ڕا و گوزارشتکردن و دواتریش بووە بنچینەیەک بۆ فەلسەفەی ڕاگەیاندنی هزری لیبرالی، کە بەتوندی بەرگریی لە ئازادیی ڕا دەکرد، لەو سۆنگەیەوەی کە مادام –بە پێی ڕێبازی ئەزموونی- ڕاستی هەمیشە بە پێی ئەو ئەزموونانەی مرۆڤ پێیاندا تێپەڕ دەبێت، دەگۆڕێت، ئەوا ڕەنگە ڕای پێچەوانەش بەها و بەهانەی خۆی هەبێت، مادام هەر تاکێک گوزارشت لە ڕای خۆی بە پێی ئەو ئەزموونەی دەکات کە پێی گەیشتووە.

بەو پێیەشی لیبرالیزم وەک بوونەوەرێکی ئاوەزمەند لە مرۆڤ دەڕوانێت – کە دواتر دەتوانێت بە ڕاستی بگات- هەروەها وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقی لێی دەڕوانێت –کەواتە بەپاکی و بێ فڕوفێڵ و بەئەبستراکتی ئەو شتانە دەخاتە ڕوو کە پێیان گەیشتووە-، بۆیە شتێکی سروشتییە ئەم بوونەوەرە ڕووبەرێکی گەورەتر لە ئازادیی گوزارشتکردن لە ڕای خۆی پێ بدرێت، هەروەها مافی خاوەندارێتیی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندنی پێ بدرێت کە ئەو پێی وایە بە هۆیانەوە دەتوانێت ڕای خۆی بەوانی دی بگەیەنێت. هەر ئەمەش گرنتیی گەیشتن بە نزیکترین شێوەکانی ڕاستی و دیسپلینی جوولّەی کۆمەڵگە بە هەموو دامەزراوەکانیەوە لەژێر سایەی خۆیدا دەکات، بەمەش مەبەستەکانی کۆمەڵگە بە ئاسانترین ڕێگە دێنە دی.

ئەو هۆکارە کۆمەڵگەییانەی بەشداریان لە زاڵبوونی تیۆری لیبرالیزمدا کردووە لە کەتواردا بونیادی هزریی لیبرالی نەدەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەگەر وابەستەی بەرژەوەندیی ئەو چینە کۆمەڵایەتییە نەبووایە کە وردەوردە لەسەر پەردووی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی پێشوو پێک هات، کە لە سەردەمی سەروەریی کڵێسە و دەرەبەگایەتیدا باو بوو. ئەو چینە نوێیە بازرگانە دەوڵەمەندەکانی لەخۆ گرت و چینی ناوەند (بۆرژوازی)ی لێ پێک هات، چینێک کە بەو هۆکارە سەرەکییە هەژمار دەکرێت، کە ئەوروپای لە چاخەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی ڕێنسانس گواستەوە، هەروەها ئەو چینە لە ڕێگەی میانەی گەشەکردنیدا کاری بۆ لابردنی هەموو ئەو لەمپەرانە کرد کە دەبوونە ڕێگر لەبەردەم گەشەیدا، وەک دەرەبەگەکان و پیاوانی کڵێسا، کە ئەو چینە بە بەربەستێکی سەرسەختی دەبینین لەبەردەم گەشەکردنی خۆیدا، ئەمەشی لە میانەی داڕشتنی بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەنجام دا، کە بەفراوانی قوولّیی بەرژەوەندییەکانیان پێ دەبەخشێت تا دوا ئاست کە دەوڵەت پێی دەگات، ئەوەش لە میانەی پشتیوانیکردنی سامانی نەتەوەیی لە

ململانێی لەگەڵ پاپا و پیاوماقوڵ و دەرەبەگەکاندا.

پاش ئەوەی کە ئەم چینە پادشاشی بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمنەکانیدا بەکار هێنا، گەڕایەوە و پشتیوانیی گرووپە پرۆستانتییەکانی کرد و یەکەم شت داوای مافگەلێکی جێگیری لە پادشا کرد، پاشان داوای هاوبەشیی ڕاستەوخۆی لە فەرمانڕەوایەتیدا کرد و ئەوەی داوای کرد بەدەستی هێنا، لە هەمان کاتدا ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی بۆ پادشا جێ هێشت کە بەدەستی هێنابوو، ئەم خەباتە دەرکەوتنی چەند تیۆر و چەمکێکی بەئامانج گرتبوو، کە بەم پلەبەندییەی خوارەوە بوو:

یەکەم: لە سەرەتادا پشتیوانیی دەسەڵاتی پادشای لە دژی دەسەڵاتی خودایی پاپا کرد.

دووەم: پادشای لە پێگەیەکی باڵاتر لە دەرەبەگایەتی و ئەو هێز و شکۆیەوە دانا کە بۆی مابووەوە[1]، ئەمەش لە میانەی داهێنانی تیۆرێک کە دەڵێت پادشا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر خاکەکەیدا هەیە. ئەمە بیرمەندانی بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی بەشداریان پێ کرد.

سێیەم: پاش ئەوەی دەسەڵاتی ئیکلیریکی ڕەوییەوە، هیچ پێویستییەک بەوە نەما کە فەرمانڕەوایەتیی ڕەوا بدرێتە پاڵ سەرچاوەیەکی خودایی و وای لێ هات سیستمی پادشایەتی پشتی بە بنەمای ئاوەزگەرایی عەلمانییانە دەبەست، بەو شێوەیە ئەو بنچینە پوختە عەلمانییە سەرکەوت کە ماکیاڤیلی هێنای و هۆبزیش لە سەدەی حەڤدەدا فۆرمێکی سیستماتیکی پێ بەخشی[2]، بەڵام چینی بۆرژوازی بەتایبەت دوای بەهێزبوونی بە هۆی زیادبوونی چالاکیی پیشەسازییەوە پێویست بوو کار بۆ سنووردارکردنی ئەو ستەمگەرییە حکومییە بکات کە لە سایەی فەرمانڕەوایەتیی پادشایەتیی ڕەهادا بەسەریدا سەپێنرابوو[3] —هەر چەندە دەسەڵاتە ستەمگەرە نوێیەکە بە بەراورد بەو فەرمانڕەوایەتییەی پێشتر هەبوو، خراپەی کەمتر بوو—، بۆیە چینی بۆرژوازی کاری بۆ ئەوە کرد کە ئەو ڕێکخستنە

---

(١) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

هەروەها بڕوانە:

– إمام عبد الفتاح، سيرة الديمقراطية: رؤية فلسفية، مجلة عالم الفكر، المجلد الثانى والعشرون، العدد الثانى، أكتوبر نوفمبر ديسمبر ١٩٩٣، ص٣١-٣٢.

– محمد شلبى، مبادئ العلوم السياسية، بدون ناشر، ١٩٩٠، ص٤٥.

(٢) جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٥.

(٣) مجموعة باحثين، تطور الفكر السياسى، ط٢ (طرابلس: المركز العالمى لدراسات الكتاب الأخضر، ١٩٩٠)، ص١٩٢.

سیاسییەی بۆی گونجاوە، پێویستە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە ئابووریيە نوێیە بێت کە لەو کاتەدا هاتبووە کایەوە، بۆیە داوای گرەنتیکردنی ئەو ئازادییانەی کرد کە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پێویست بوون، ئەو ئاڕاستەیە لە بونیادی ئابووریی لیبرالی و ڕەوتی سیاسیی لیبرالیدا گەلاڵە بوو.

بەو شێوەیە چینی بۆرژوازی «جۆن لۆک»ی بیرمەندی بە باشترین گوزارشتکەر لە خواستەکانی زانی لە بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکدا کە ئازادیی فراوان بۆ تاکەکانی فەراهەم بکات، بەبێ کۆتوبەندکردن لەلایەن دەسەڵاتی پادشایەکی ستەمگەر یان دەسەڵاتی پیاوێکی ئایینییەوە. هەر ئەمەش پاڵی پێوە نا کە پشت بە ئاوەز ببەستێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئایین و پاڵپشتیکردنی ئەو فەلسەفە ماددییەی کە ڕاڤەیەکی ماددییانە بۆ بوون دەکات، بە شێوەیەک کە دەسەڵاتی پادشایەتی لە پایە ئایینییەکەی دادەماڵێت و کڵێسەش لە بەهانەی زاڵدەستییە ئایینییەکەی دادەڕێت و کۆمەڵگە لەسەر بنچینە سروشتییەکانی خۆی دادەمەزرێنێت[1]، بەو پێیەی بەرپاکردنی کۆمەڵگە لەسەر ئەو بنچینانە باشترین ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو تاکەکانی.

سێیەم: هزری کۆمەڵایەتیی ڕەخنەیی (سۆشیالیزم)[2]

کاتێک هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی لە کەتواردا جێبەجێ کرا، نەیتوانی ئەو ئامانجانە بهێنێتە دی کە مژدەی پێ دابوون، چونکە شێوەکانی ستەم و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئەنجامی ئەو ڕکابەرییە ئازادەی ئەو بە باشی زانیبوو، زیادی کرد. هەروەها ئەو ئازادییە سیاسییەی کە بانگەشەی بۆ دەکرد، تەنها تاکەکانی ئەو چینە سوودیان لێ وەرگرت کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بوون، ئەوانەی کە توانای خاوەندارێکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندیان هەبوو، کە لە ڕێگەیانەوە گوزارشتیان لە ڕای خۆیان دەکرد، هەر چی ئەوانەش بوون کە توانای ئەوەیان نەبوو، ئازادیی ڕاگەیاندنیان دەبووە مافێکی لەکارخراو تا کاتێکی نادیار.

لە سایەی ئەو کەتوارەدا کە زادەی جێبەجێکردنی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بوو، سروشتی بوو کە هەندێک لە ڕۆڵەکانی ئەو کۆمەڵگانە کار بۆ تێۆریزەکردنی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٩٥.

(٢) سەبارەت بە وێناکردنی هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی بە هزری کۆمەڵایەتیی ڕەخنەیی، بڕوانە:
– علی لیلة فی مقدمة مطولة لکتاب: زولتان تار، النظریة الاجتماعیة ونقد المجتمع، ترجمة: علی لیلة، بدون ناشر ١٩٩٢، ص١٧.

بونیادێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بکەن، کە ئەو خاڵە لاوازانە نەهێڵێت کە لیبرالیزم هێنابوونیە ئاراوە. هەروەها شتێکی سروشتی بوو کە ئەو هەوڵە تیۆریزەکارییە کار بۆ ئەوە بکات کە لەسەر بنچینەگەلێکی جیاواز لەو بنچینانەی هزری لیبرالی بەرپا ببێت، کە جێبەجێکردنیان ئەو خاڵە نەرێنییانەی هێنایە ئاراوە.

لەو سۆنگەیەوە ئەو ڕەوتە هزرییە جیاوازە هەوڵی دا هزرێک بونیاد بنێت کە لەسەر کۆمەڵگەرایی (الجماعية) –نەک ئەو تاکگەراییەی هزری لیبرالیزمی لەسەر بونیاد نرابوو–بونیاد بنێت، بەڵام ئەم هزرەی کە هەڵگرانی ئەم ڕەوتە کۆمەڵی یان سۆشیالیستییە پێشکەشیان کرد، بەوە دەناسرایەوە کە جۆرێکە لە یۆتۆپیا (المثالية) و تەنها وەکوو ناڕەزایەتیدەربڕینێک دژی ئەو ستەمە کۆمەڵایەتییە دەهاتە بەرچاو، کە چەندین چین و تووێژی گەل بەدەستیەوە نالاندبوویان. ئەو سۆشیالیزمە یۆتۆپیاییە گوتاری خۆی ئاڕاستەی ئەو گیانی دادپەروەرییە کرد کە لە ناخی تاکەکاندا بوو، بۆ ئەوەی بە ئاڕاستەی نەهێشتنی ئەو ستەمە بینبزوێنێت، ئەمەش لە چوارچێوەیەکی تیۆریی ئەبستراکتدا کە نە خۆی لە تووێژینەوەی زانستییانەی بارودۆخی کۆمەڵ دابوو، نە شیکاری بونیادی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کردبوو. بەمەش سۆشیالیزمی یۆتۆپیایی تەنها بۆچوونێکی ئاوەزی بوو کە بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕا بۆ گرفتێکی کۆمەڵایەتی لە خەیاڵدانی تاکەکاندا نەک لەمیانەی پەرەدان بە کۆمەڵەکانەوە[1]، بەڵام ئەم کۆمەڵگەراییە گوزارشتی دروست و پڕبەپێستی خۆی تەنها لە هزری مارکسیدا دۆزییەوە، کە ڕێبازێکی کۆمەڵایەتیی تەواوکاری بەرپا کرد، کە بە هەمان شێوەی ڕێبازی لیبرالیزم –هەر چەندە تەواو جیاواز بوو لێی–، لەو دیدە ماددەگەرایی و ئاوەزگەراییەوە دەستی پێ کرد کە فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەری بۆ گەردوون هەیانبوو[2].

پارتی شیوعیی بەلشەفی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە بەرپاکردنی یەکێتیی سۆڤیەت هزری مارکسیی لە مەیدانی هزری تیۆریی ئەبستراکتەوە بۆ کەتواری جێبەجێکردنی کرداری گواستەوە. بەدوای ئەمەشدا چەندین سیستمی مارکسی لە چەندین شوێنی جیاوازی جیهان بەتایبەت لە ماوەی دوای جەنگی

---

(١) مجموعة باحثين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.
هەروەها بڕوانە:
– لينين، المختارات، الجزء الأول، (موسكو: دار التقدم، ١٩٦٨)، ص٦٨،
– عبد الفتاح حسنين العدوى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.
(٢) بڕوانە: كارل بيكر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤–٢٥٥.

دووەمی جیهانی هاتنە ئاراوە.

شتێکی ئاسایی بوو کە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی فەلسەفەیەکی جیاوازی ڕاگەیاندن بونیاد بنێت، کە لەسەر بنچینەگەلێک بوەستێت کە تەواو جیاواز بێت لەو بنچینانەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی لەسەریان وەستابوو، کە بە شێوەیەک بوو لەگەڵ سروشتی هزری سۆشیالیستیدا گونجاو بێت و خزمەت بە ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بکات کە هەوڵی بەرپاکردنی دەدات.

بەو شێوەیە، هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم لە سایەی سەروەریی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا هزرێکی کۆمەڵایەتیی ڕەخنەگەرای بۆ هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بەرهەم هێنا، کە کەتواری جێبەجێکردن زۆرێک لە لایەنەکانی کەموکووڕیی سەلماند، کە شتێکی سروشتی بوو بۆ شکستی ئەو کۆمەڵگانە سەر بکێشێت کە کاریان لەسەر دەکرد لە گەیشتنیان بەو ئامانجانەی کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مژدەی پێ دابوون، بۆیە هیچ چارەیەک لەبەردەم بانگەشەکارانی هزری لیبرالیدا نەما –لەبەردەم دەرکەوتنی هزری سۆشیالیستیی دژدا و لەبەردەم ئەو کەموکورتییانەی کە لە کەتواردا دەبینران– جگە لە کارکردن بۆ دەستکاریکردن و هەموارکردنی هزرەکەیان، بە شێوەیەک لە لایەک ڕێگە لەو هزرە دژە بگرێت، لە لایەکی تریشەوە ئەو کەموکووڕییانە نەهێڵێت کە لە جێبەجێکردنی کرداریدا هاتوونەتە کایەوە. لێرەدا بەکورتی گرنگترین ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو کە لە هێنانەکایەی ئەو هەموارانە لە هزری لیبرالیی کلاسیکی و هینانەکایەی لیبرالیزمی نوێدا بەشدارییان کردووە.

چوارەم: دەرکەوتنی لیبرالیزمی نوێ یان نوێکراوە (الليبرالية المحدثة)

هزری لیبرالیزمی کلاسیکی –وەک پێشتر باسمان کرد– لەلایەن هزری سۆشیالیستییەوە دووچاری ئاڵنگارییەکی گەورە بووەوە، بۆیە شتێکی سروشتی بوو کە هزرمەندانی لیبرالیزم کار بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ڕەخنانە بکەن کە هزری سۆشیالیزم ئاڕاستەی کردبوون، یان لایەنی کەم سنووریکیان بۆ دابنێن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی لیبرالی دووچاری داڕمان نەبێت.

بەو شێوەیە دەتوانرێت بوترێت یەکێک لەو دەرئەنجامە گرنگانەی لە هزری سۆشیالیستی و بەتایبەت مارکسیزم کەوتەوە، بریتی بوو لە هۆشیارکردنەوەی لیبرالیزم لە مەترسیی دەستوەرنەدانی دەوڵەت لە ئاڕاستەکرنی پرۆسەی ئابووری لە بەرتەسکترین سنووردا نەبێت، هەروەها ئاگارکردنەوەی لە پێویستیی زیادکردنی

ڕووبەری ئەو دەستوەردانە نەک تەنها لە بواری ئابووریدا، بەڵکوو لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتییشدا. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو سیستمە لیبراڵییانەی کاریان بۆ بەدیهێنانی ئەو دەوڵەتی خۆشگوزەرانییە کربوو کە مارکس بانگەشەی بۆ کردبوو، بەڵام بە شێوازێکی ناشۆڕشییانە واتە لە ڕێگەی چاکسازی لە خودی سیستمی سەرمایەداریدا، لەبریی لەناوبردنی بەتەواوەتی[1].

سەرباری ئەو ڕۆڵەی کە سۆشیالیزم وەک پاڵنەرێک بۆ ئەنجامدانی هەموار لە لیبراڵیزمی کلاسیکیدا گێڕای، چەند دەرئەنجامێکیش هەبوون کە بە هۆی جێبەجێکردنی کرداریی هزری لیبراڵی بەتایبەت لە ڕووە ئابووریییەکەیەوە، هاتبوونە کایەوە –کە پێشتر هەندێکیمان باس کرد–، کە بریتی بوون لە کوشتنی گیانی ڕکابەری و دەرکەوتنی قۆرخکاری، هەروەها هەستکردنی چینی کرێکار بە کیانی خۆی لە سایەی پەرەسەندنە ئابووری و هزرییەکان و فشارکردنیان بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی کۆمەڵایەتی.

سەرباری ئەو هۆکارانەی باس کران، دوو فاکتەری گرنگی تر پاڵنەر بوون بۆ هەموارکردنی هزری لیبراڵیی کلاسیکی، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێن:

ئ. ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم: هەر چەندە دەوڵەتە لیبراڵییەکان هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە هەستیان بە پێویستبوونی گۆڕانکاری لە چەمکی ئازادیدا کردبوو، بەڵام لەگەڵ ڕووداوەکانی سەدەی بیستەمدا هەستەکە بوو بە دوو هێندە، ڕووداوەکانیش بریتی بوون لە جەنگی یەکەمی جیهانی و[2] قەیرانی ئابووری لە سییەکاندا و جەنگی دووەمی جیهانی و لێکەوتەکانی ئەم سێ ڕووداوە لە هەژاندنی هزریی توند لە بەرئەنجامی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووریییە سەختەی لەو ڕووداوانە کەوتەوە.

ب. پەرەسەندنە زانستی و هزرییەکان: سەدەی بیستەم چەندین پەرەسەندنی زانستی و هزریی بەخۆیەوە بینی کە بوونە پاڵنەر بۆ جۆرێک لە پێداچوونەوە بە هزری کۆمەڵایەتیی لیبراڵیدا، گرنگترینی ئەو پەرەسەندنانەش بریتی بوون لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر تێڕوانینی سروشتی بۆ جیهاندا هات، ئەو تێڕوانینەی

---

(١) حورية مجاهد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣-١٥٥.

(٢) جەنگی یەکەمی جیهانی وەک دووڕیانێک وا بوو سەبارەت بە لیبراڵیزم، چونکە دوای جەنگەکە پارتەکان لە بەریتانیا و وڵاتانی تری لیبراڵی، ڕێی خۆیان بەرەو دەستە دیموکراسییە کۆمەڵایەتییەکان دۆزییەوە. بڕوانە:

- C. Forcey,The Crossroads of Liberalism (New York: Oxford University Press 1961) p. 306-307.

که تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەو پێشەکییە پێشینەییە هەژمار دەکرا کە ببووە سۆنگەی هەموو زانستەکان، بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە.

گرنگترینی ئەو پەرەسەندنانەش بریتی بوون لەوەی کە تیۆری ڕێژەیی ئاماژەی بۆ دەکرد، کە دەڵێت بینینی شتەکان بە پێی جیاوازیی ئەوانەی لە شوێنی جیاواز و کاتی جیاوازدا چاودێری دەکەن، دەگۆڕێت، ڕاستییش (الصدق) بارمتەیەکە دیدی تۆێژەر لە بارەی حەقیقەتەوە ئاڕاستە دەکات. ئەو مرۆڤەشی کە بە تێکڕایەکی خێرایی دیاریکراو دەجوڵێت، شتەکان لە کەسێکی تر جیاواز دەبینێت کە بە تێکڕایەکی خێرایی جیاواز دەجوڵێت، شتێک نییە ناوی حەقیقەتی ڕەها بێت، بەڵکوو تەنها چەند حەقیقەتێکی ڕێژەیی هەیە[1].

ئەمە واتە گومانکردن لە توانای گەیشتنی ئاوەز بە حەقیقەتی ئەو یاسایانەی کە سروشتی شتەکانی دەوروبەری بەڕێوە دەبەن، بەو یاسا سروشتییانەشەوە کە بوونی مرۆیی ڕێک دەخەن، بەو شێوەیە ئەو کەلەپوورەی ئەنشتاین بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی جێ هێشت، دەکرێت لەم ڕستەیەدا کورت بکرێتەوە: «هەموو شتێک ڕێژەییە»[2].

سەرباری ئەو پەرەسەندنە گرنگە لە زانستە فیزیاییەکاندا، زانستی دەروونناسیی نوێ پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینی، کە خۆی لە کارەکانی فرۆید و پاڤلۆڤدا نمایش کرد، کە ئەویش بە هەمان شێوە کاری لەسەر گەمارۆدانی یەکێک لە ڕەگەزەکانی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی کرد، کە ئاوەزگەراییە.

لە بەرانبەر هەموو ئەمانەدا پێویست بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی دووچاری لیبرالیزمی کلاسیکیی ببووەوە، چەند هەموارێک بکرێت. گرنگترینی ئەو هەمواراناەش بریتی بوو لە ئاوێتەکردنی تاکگەرایی ڕووت بە گیانی پەرەنسیپە کۆمەڵگەراییەکان لەلایەن لیبرالیزمەوە لە بەرگە نوێیەکەیدا –(لیبرالیزمی نوێ). بەو شێوەیە بۆشاییەکە لەوەدا کورت هەڵهات کە لەنێوان شتە تایبەت و گشتییەکان و بەرژەوەندییە جیاوازەکانی هەر یەکێکیاندایە. بۆیە نزیککردنەوەیەک لە نێوانیاندا ئەنجام درا، هێنانە ناوەوەی بیرۆکەی کۆمەڵیبوون و بەرژەوەندیی گشتی وێنایەکی گیانی کۆمەڵگەیی بە لیبرالیزمی نوێ بەخشی، کە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی یان لانی کەم کەمکردنەوەی توندیی نادادپەروەری لەئەستۆ بگرێت.

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢.

(٢) ملحم قربان، القوة، سلسلة قضايا الفكر السياسى، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٣)، ص٢٩١.

ئەمەش لە میانەی دەستوەردانی دەوڵەت لە کۆنترۆڵکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و کورتهەڵهێنانی تواناکانیان لە بواری ئابووریدا. هەر چەندە ئەمە ئامانجێکی ئاسان نەبوو، چونکە زۆربەی کات هێزی کۆمەڵایەتی بۆ هێزی سیاسی دەگۆڕێت[1].

شتێکی ئاسایی بوو کە پەرەسەندنەکانی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بەگشتی ڕەنگدانەوەیان لەسەر هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی هەبێت. ئەمەش خۆی لە چەند شتێکدا بینییەوە، لەوانە بانگەوازکردن بۆ پێویستیی دانانی دیسپلینی زیاتر لەسەر ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی لەلایەن ئەوانەوەی کە ئەو ئازادییانە پیادە دەکەن پێش کۆمەڵگەکەنیان، هەروەها ڕێگەدان بە حکومەت بە دەستوەردانی ڕێژەیی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا، بەتایبەت لە خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەت یاساگەلێک کە سنوور بۆ قۆرخکردنی ڕاگەیاندن دابنێت، ئەمە وێڕای بانگەشە بۆ بەرپاکردنی دەستەگەلێکی کۆمەڵایەتی بۆ چاودێریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و لێپێچینەوەیان.

ئەم هەموارانەی کە لە تیۆرە کلاسیکییەکەدا کرا، بۆ داڕشتنی ناوێکی نوێ بۆی سەریان کێشا کە لەگەڵ هەمواڕەکاندا بگونجێت، ئەویش بریتی بوو لە «بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی» یان «لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی» وەک ئەوەی لاونشتین ناوی لێ ناوە[2].

داخوازی دووەم: هەژموونی هزری عەلمانی بەسەر هزر و کەتواری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهانی سێدا

یەکەم: هۆکارەکانی سەروەریی هزری عەلمانی لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا

لە ڕاستیدا پتر لە هۆکارێک هەیە کە بەشدار بووبێت لە داگیرکردنی هزر و کەتواری کۆمەڵایەتیی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو لەلایەن هزری کۆمەڵایەتیی عەلمانییەوە، لەبەر ئەوەشی کە تا ڕادەیەکی زۆر شێوازی هەژموونکردنی هزری پۆزەتیڤیزم بەسەر هزری کۆمەڵایەتیدا لە وڵاتانی جیهانی سێ هاوشێوەیە، بۆیە قسەکردنمان لە چۆنێتیی ئەنجامدانی ئەو جۆرە داگیرکارییە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بێنیازمان دەکات لە باسکردنی باقی وڵاتای تازەگەشەسەندووی تر، هەر چەندە داگیرکارییەکە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕێکخراوتر و توندتر و زیانمەندتر بوو لە باقی

---

(١) مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤.

(2) J. Merril and R. L. Lowenstein, op. cit., P. 164.

ولاتانی تازەگەشەسەندوو.

ئەو داگیرکاری و زاڵێتییە هزرییە ڕۆژئاواییە هەر لە سەرەتای داگیرکاریی ڕۆژئاواوە بۆ زۆرینەی ووڵاتانی ئیسلامی دەستی پێ کرد[1]، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە داگیرکاریی ئەوروپی بەمەبەست دەستوەردانی ڕاستەوخۆی بۆ سەپاندنی کولتووری خۆی و وەلانانی کولتووری باوی ئەو ووڵاتانەی دەکرد، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە کاری بۆ وەرگرتن و گرتنەخۆی ئەو کەسانەی لەو ووڵاتانەدا دەکرد کە بە ژیار و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکەی سەرسامن و دەیکردن بە ئامرازێکی گرنگی زاڵدەستیی هزری و کولتووری بەسەر ئەو کۆمەڵگانەوە، نەک تەنها لە کاتی داگیرکردنی سەربازی ئەو ووڵاتانەدا، بەڵکوو دوای جێهێشتنی سەربازییانەی ئەو ووڵاتانەش هەر بەردەوام بوو، تا وای لێ دەهات ئەو کۆمەڵگانە دەبوونە پاشکۆی و لە بازنەی ئەودا دەخولانەوە و دەبوونە ڕووگە و سەرکردە بۆیان[2].

لێرەدا زۆر بەکورتی باس لەو دوو هۆکارە دەکەین کە بەشداریان لە سەپاندنی هەژموونی هزری عەلمانی بەسەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە کردووە، کە بریتین لە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە سەپاندنی کولتووری عەلمانی لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکارەوە و وەرگرتنی کولتووری داگیرکەری عەلمانی لەلایەن هەندێک لە ڕۆڵەکانی ئەو ووڵاتانە.

١. دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکارەوە بۆ سەپاندنی کولتووری عەلمانی

بەو پێیەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە تایبەتمەندییەکانی و لە مێژوو و تێڕوانینی بۆ گەردوون و ژیانیشدا لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان جیاواز بوو، دەسەڵاتە داگیرکارەکان کاریان لەسەر دابڕینی تەواوەتیی ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییانە لە مێژووییان و لە کەلەپووری ئاوەزی و ڕۆحی و ڕێنمایی و ڕەفتارییان کرد، چونکە ئەوانە دەیانزانی کە ئەگەر ئەو کۆمەڵگانە لە هەموو ئەوانە دابببڕێنرێت، ئەوا سەرکردایەتیکردنی بۆیان ئاسان دەبێت، بەتایبەت ئەو نەوانەی کە لە سایەی

---

(١) مصطفى هدارة، «المجتمعات الإسلامية فى مواجهة التغريب» فى بحوث ندوة العالم الإسلامي والتحدى الحضارى المنعقدة بجامعة عين شمس فى الفترة من ١٥-١٧ جمادى الأولى ١٤١٧، ٢٨-٣٠ سبتمبر ١٩٩٦، ص٤.

(٢) ئەو ئامانجەش بەکردەیی بۆ ئەو دەوڵەتانە هاتە دی، چونکە پاشکۆیەتی بۆ ڕۆژئاوا، تەنانەت دوای نەمانی داگیرکارییش لە ڕووی سەربازییەوە، بەردەوام بوو و ئێستاش ئەو پاشکۆیەتییە درێژەی هەیە. بڕوانە: عواطف عبد الرحمن، دراسات فى الصحافة العربية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

ئەو دابڕان و کەنارخستنەدا گەشە دەکەن[١]، بەڕاستی داگیرکەر دەیزانی کە هەر کاتێک تاک لە ئایین و ڕابردووەکەی دابڕێنرێت، دەبێتە شتێکی پووچ لە بۆشاییدا کە دوای ئەوەی گەمارۆدانی لە کولتووری داگیرکەردا ئاسان دەبێت و هەر لەو بازنەیەشدا دەمێنێتەوە[٢]، لەو پێناوەدا داگیرکاری ڕۆژئاوایی لەگەڵ پێخستنە ناو خاکی ئیسلامەوە دەستی کرد بە گۆڕینی یاساکان و فێرکردن و پەروەردە و نەریتەکان[٣]، هەروەها دەستێکی بالای لە کتێب و ڕۆژنامەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا هەبوو[٤]، هەر لە میانەی ئەو ئامرازانەشەوە داگیرکەر تەواوی کولتووری خۆی، کە دژی ئایینەکان بوو، هێنایە خاکی موسوڵمانانەوە و ئەو ئەدەب و فەلسەفەیەی هێنا کە دژایەتیی بیروباوەڕە ئایینییەکانی لە ئەورووپا کردبوو و شوێنیشی گرتبوونەوە[٥]، بۆ ئەوەی لەم دەوڵەتانەشدا هەمان ڕۆڵ بگێڕن. هەروەها کاری بۆ ئەوە کرد کە موسوڵمانان لە ڕابردووی خۆیان ڕابکەن و وا هەست بکەن کە هۆکاری ئەو دۆخە دواکەوتووەی تێیدان[٦]، بە بەراورد بەو پێشکەوتنەی ئەوان کە لە بەرچاویاندایە، هۆکارەکەی قورسایی ڕابردوویانە، بۆیە ئەگەر بیانەوێت پێشکەوتنێکی هاوشێوەی ئەوان بەخۆیانەوە ببینن، هیچ چارەیەکیان نییە جگە لەوەی یەکەم شت خۆیان لەو بارە قورسەی سەرشانیان ڕزگار بکەن، پاشان شوێنپێی ولاتانی داگیرکەر بکەون بۆ ئەوەی پێش بکەون.

٢. وەرگرتنی کولتووری ولاتانی داگیرکەر لەلایەن هەندێک لە ڕۆڵەکانی ولاتانی داگیرکراوەوە

---

(١) أحمد عبد الرحيم السايح، فى الغزو الفكرى، كتاب الأمة، عدد ٣٨ (قطر: وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، شعبان ١٤١٤، يناير ١٩٩٤)، ص٥٥.

(٢) سامية مصطفى الخشاب، علم الاجتماع الإسلامي، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٨١)، ص٢١.

(٣) محمد الغزالى، «الحق المر»، جريدة المسلمون، عدد ٤٤٧، ١٠ ربيع الأول ١٤١٤، ١٧ أغسطس ١٩٩٣، ص٨.

(٤) بڕوانە:

- محمد أمزيان، منهج البحث الاجتماعى بين الوضعية والمعيارية، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.
- منير شفيق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

(٥) بەراورد بکە: على شريعتى، العودة إلى الذات، ترجمة: إبراهيم الدسوقى شتا، ط ٢، (القاهرة: الزهراء للإعلام الغربى، ١٩٩٣)، ص٢٧٤.

- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕۆڵی داگیرکەر لە سرینەوەی شوناسی دەوڵەتە داگیرکراوەکانەوە، بڕوانە:
- فؤاد عبد السلام الفاسى، الإعلام والتحديات المعاصرة، الكتاب العربى السعودى (١٢٢) (تهامة: تهامة للنشر، ١٩٩٤)، ص٢٧٢-٢٧٧.
- عبد العزيز عزت، «الاستعمار والتبشير والاستشراق»، مجلة الحضارة، العدد السادس عشر أغسطس، ١٩٨٤.

(٦) محمد أمزيان، منهج البحث الاجتماعى بين الوضعية والمعيارية، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

لە ڕووی مێژوویییەوە ئاشکرایە کە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی کە دووچاری شکستێک دەبێت، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر ئایدۆلۆژیەت و بیروباوەڕەکەی دەبێت، ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ گوماندروستکردن لە شیاویی ئەو بیروباوەڕەی[1]، ئەمەش ئیبن خەلدوون لە پێشەکییەکەیدا بەم شێوەیە گوزارشتی لێ کردووە: «دۆڕاو هەمیشە حەزی بە لاساییکردنەوەی لایەنی زاڵ و سەرکەوتوو و شوێنکەوتنی هەیە، چونکە بڕوای وایە سەرکەوتنی لایەنی بەرانبەر بۆ دروستیی ڕێبازەکەی و بەرهەمەکەی دەگەڕێتەوە.»[2]

بەو پێیەشی ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەی کە داگیرکەر بەدەستی هێنابوو، بەهێز و سەرسوڕهێنەر بوو، بە شێوەیەک کە خەڵکیی سەرسام دەکرد و هۆشی دەبردن، بۆیە گەلانی داگیرکراو بە سەنگ و ڕێزەوە لە ڕێبازە هزرییەکانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو و سیستمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەڕوانی[3]. بۆیە ڕۆشنبیرانێک کە لەم وڵاتە داگیرکراوانەدا بە هۆی ئاستی پێشکەوتنی داگیرکەر و کولتوورەکەیەوە تووشی ئەم بەڵا و تاقیکردنەوەیە هاتبوون، بزاڤی خەباتکردنیان لە دژی کولتووری باوی وڵاتەکانیان و دژی ئایین و شتە کۆنەکان و مێژوو و خوونەریت و شێوازی ژیان دەست پێ کرد، سەرئەنجامی ئەو خەباتەشیان هەر ئەوە بوو کە داگیرکەر چاوەڕوانی بوو. لەبریی ئەو پێشکەوتنەی ئەوان ئامانجیان بوو، بینیمان ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییەمان کە خاوەنی کەسایەتیی تایبەتی خۆی و هاوخەسڵەتی بوو، بوو بە جەستەیەکی پێکهاتوو لە چەندین ڕەگەزی دژیەک[4].

بەو شێوەیە داگیرکەر سەرکەوتوو بوو لە ڕاکێشانی ئەوانەی سەرسام بوون بە کولتوورەکەی، بەوەی توانیی وایان لێ بکات ببنە هەڵگری ئەو کولتوورە و حاشا لە ڕابردوو و پیرۆزییەکانی خۆیان بکەن، بەمەش داگیرکەر سەرکەوتوو بوو لە دابڕینیان لە ڕابردوویان و وێنەی ڕابردوو لە چاویاندا بوو بە شتێکی بێزراو و تەنها کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و خورافەت و وەهمیان تێدا دەبینی[5]. هەروەها داگیرکەر کاری لەسەر پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی ئەم کەسانە دەکرد

---

(١) برهان غليون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

(٢) عبد الرحمن بن خلدون، المقدمة، المجلد الأول، ط٣ (بيروت: مكتبة المدرسة ودار الكتاب اللبنانى للطبع والنشر، ١٩٦٧)، ص٢٥٨.

(٣) أحمد عبد الرحيم السايح، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥-٥٦.

(٤) على شريعتى، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤.

(٥) محمد أمزيان، منهج البحث الاجتماعى بين الوضعية والمعيارية، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

بەوەی پێگەی پێشەنگێتی و سەرکردایەتیان پێ دەبەخشرا، پاش ئەوەی زۆرینەیان وابەستەی هزر و کولتووری پۆزەتیڤیزم کران بە هۆی خوێندنیان لە پەیمانگا و زانکۆکانی ڕۆژئاوا، بە شێوەیەک کە بوون بە بارمتەی مامۆستا و ڕۆژگرام و کتێب و سەرچاوە و جیبەجێکردن، لەگەڵ خەیاڵکردن بەوەی کە ئەو شتانەی فێری بوون پێوەرێکی گشتییە بۆ هەموو پێشکەوتن و بەرهەمێکی شارستانی و بۆ هەموو ئومەتێک گونجاوە، جا هەر بیروباوەڕێکی هەبێت[1].

بەمەش ئەو زاڵێتییەی کە داگیرکار بە زەبری توندوتیژی و هێز بەدی هاتبوو، بۆ زاڵبوون بەسەر مەیدانی کولتووری و هزری و سیاسی لەلایەن ئەوانەوە سەری کێشا کە ئاڕاستەی نوێگەریی ڕۆژئاواییان بە شێوازە جیاوازەکانیەوە گرتبووە بەر، بەڵکوو تەنانەت جیاوازی و دژیەکی لەنێوان قوتابخانەکانی شوێنکەوتووانی ئەم ئاڕاستەیە ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەو جیاوازی و دژیەکییە بوو کە لە ڕۆژئاوا لەنێوان ئەو قوتابخانانەدا هەبوو[2].

بەو شێوەیە و تا ڕۆیشتنی داگیرکەر لە ڕووی سەربازییەوە لەو وڵاتانە زۆرینەیان لە ڕووی کولتووری و هزرییەوە هەر بە پاشکۆیەتیی داگیرکەر مانەوە، هۆکارێکی ئەمەش ئەوە بوو کە ئەو ڕۆڵانەیان کە لە ڕووی کولتووری و هزرییەوە ئینتیمایان بۆ ڕۆژئاوا هەیە، هەژموونیان بەسەر جڵەوی کاروبارەکاندا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هزری ڕۆژئاوایی تەنانەت دوای جێهێشتنی داگیرکەریش هەر هزری هەژموونکارە، کە ئەو وڵاتانە ڕێبازی خۆیانی لێوە وەردەگرن، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەو پێشکەوتنەی کە ڕۆژئاوا بەدەستی هێناوە –لە ڕێگەی شوێنکەوتنی ئەو ڕێبازەوە–، هەروەک چۆن ئامرازی تریش هەیە کە هەنووکە لە پاڵپشتیکردنی ئەو هەژموونەدا بەشداری دەکات، کە بریتییە لە هەوڵی بێوچانی ژیاری ڕۆژئاوایی بۆ سەپاندنی خۆی وەک ژیارێکی جیهانی و سەرکردەی پرۆسەی نوێکردنەوەی

---

(١) عمر عبيد حسنة، مقدمة مطولة لكتاب: أحمد القديدى، الإسلام وصراع الحضارات، كتاب الأمة، عدد ٤٤ (قطر: وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، ذى الحجة ١٤١٥، مايو ١٩٩٥)، ص٢٥.
هەروەها بڕوانە: عطية صقر: الإسلام فى مواجهة التحديات، سلسلة قضايا إسلامية، عدد (١٦) (القاهرة: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، جمادى الأخر ١٤١٧، أكتوبر ١٩٩٦)، ص٥٥.

(٢) منير شفيق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.
– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هۆکارەکانی گواستنەوەی هزری عەلمانی بۆ جیهانی ئیسلامی، بڕوانە:
– محمد بن عبد العزيز السديس، «أثر العلمانية فى التربية والتعليم فى العالم الإسلامي»، رسالة ماجستير غير منشورة، (مكة المكرمة: كلية التربية بجامعة أم القرى، ١٤٠٠ هـ)، ص١٥٢–٢٩١.
– إنصاف أكرم مندورة، «أزمة الثقافة فى المجتمع الإسلامي المعاصر ودور التربية فى حلها»، رسالة ماجستير غير منشورة، (مكة المكرمة: كلية التربية بجامعة أم القرى، ١٤٠٦ هـ)، ص١١٦–١٣١.

بەرهەمهێنانی مرۆڤایەتی و کارکردن لەسەر داڕشتنەوەی، لەو پرۆسەیەشدا و لە میانەی ناچارکردنی کولتووری نەتەوەییەکان بە پاشەکشە و داکشان و پاشان بە جیابوونەوە و دابڕانی کۆتایی لەگەڵ کەتواری لۆکاڵی[1].

دووەم: سیماکانی هەژموونی هزری عەلمانی بەسەر وڵاتانی تازەگەشەسەندووەوە

لەپاش باسکردنی ئەو ڕێگانەی کە ڕۆژئاوا لە کاتی داگیرکاریدا و دواتریش[2] بۆ سەپاندنی هەژموونی کولتووری بەسەر وڵاتانی جیهانی تازەگەشەسەندوودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شتێکی سروشتی دەبێت کە ئەو وڵاتانە لە فەلەکی ڕۆژئاوادا بسوڕێنەوە و لە هەموو بواڕە هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و ڕاگەیاندنییەوە ببنە پاشکۆی. لێرەدا گرنگترین سیماکانی هەژموونی هزری ڕۆژئاوایی بەسەر هزری کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا دەخەینە ڕوو، پاشان گرنگترین سیماکانی ئەو هەژموونە لە بواری ڕاگەیاندندا دەخەینە بەر باس.

١. هەژموونی هزری عەلمانی بەسەر هزری کۆمەڵایەتیی باو لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا

شتێکی سروشتی بوو کە دەستەبژێری فەرمانڕەوا لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو هەوڵی ئەوە بدات کە دەستەبژێری ڕۆشنبیری شوێن نوێترین ئەو دوو تیۆرە کۆمەڵایەتییە بکەوێت کە ئاوەزی ڕۆژئاوایی دایهێناون، ئەمە وەکوو هەوڵێک بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگەکانیان، لەو میانەیەشدا وڵاتانی تازەگەشەسەندوو –لە ناویشیاندا وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ چەند ڕیزپەڕێکی دەگمەن– دوای سەربەخۆییان بوون بە دوو بەشەوە، هەندێکیان پەیڕەوی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی دەکەن، ئەوانی تریش هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی پەیڕەو دەکەن، هەر چەندە ئەو دەوڵەتانەی کە لە دەیەکانی ڕابردوودا پەیڕەوی سۆشیالیزمیان دەکرد، لەوانە زیاتر بوون کە پەیڕەوی لیبرالیزمیان کردووە، «ئەمەش دەرئەنجامێکی سروشتیی ئەو تاڵاوە بوو کە ئەو دەوڵەتانە بە هۆی ڕشتەی سەرمایەدارییەوە لە ماوەی داگیرکاریدا دووچاری هاتبوون و دوای ململانێیەکی توند و تاڵ سەربەخۆییان وەرگرتبوو.»[3]

---

(١) بەراود بکە لەگەڵ: برهان غليون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨-١٣٣.

(٢) عواطف عبد الرحمن، دراسات فی الصحافة العربية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(٣) بڕوانە: إبراهيم سعد الدين عبد الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

لە وڵاتانی ڕۆژئاواش ڕشتەیەک داڕێژرابوو کە پوختەی ئەزموون و تێڕە ڕۆژئاواییەکانی لەخۆ گرتبوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە وڵاتانی جیهانی سێیەم گەشەسەندنێکی سەرکەوتوو بەدی بهێنن[١]، ئەو ڕشتە تێۆرییانەش لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئاوەزگەلێکن کە سەر بە ژینگەی هزریی ڕۆژئاوایین، شتێکی سروشتییە کە ئەو تێۆرانەی کە بۆ جیهانی تازەگەشەسەندووی پێشکەش کردووە، بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدان و پەرەسەندن و بەرزبوونەوە لە فەلەکی پرۆژەی ژیاری ئەوروپیدا بن، کە پشت بە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی دەبەستێت.

ئەو دەستەبژێرە عەلمانییەش کە جڵەوی کاروباری وڵاتانی تازەگەشەسەندووی بەدەستەوە بوو[٢]، خۆی لەگەڵ ئەو تێۆرانەدا دۆزییەوە و کردنی بە ئایینێکی تایبەت و مەرجەعیەتی دەسەڵاتەکەی[٣]، هەروەک چۆن ئەو دەستەبژێرە ڕۆشنبیرەی کە کاری تێۆریزەکردنی بۆ بزاڤی کۆمەڵگەی تازەگەشەسەندوو لەئەستۆ گرتبوو، ئەویش هزری ڕۆژئاوایی بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتنی ژیاری وەرگرت، بۆ نموونە دەبینین بەشی گەورەی ڕۆشنبیرانی عەرەب، بە هۆشیاری بێت یان بەبێ هۆشیاری، وابەستەی کولتووری ڕۆژئاوا و ژیارەکەی بووە و کردوویەتی بە پێوەری پێشکەوتن و شارستانییوون[٤].

ئەوەشی بەسەر دەستەبژێری ڕۆشنبیریی عەرەبیدا جێبەجێ دەبێت، بە هەمان شێوە بەسەر ئەو دەستەبژێرە ئیسلامییەشدا جێبەجێ دەبێت کە زۆربەیان ستایلی ژیاری پۆزەتیڤیزمیان لە پەیوەندیی ئایین بە دەوڵەت و کۆمەڵگەری و ئاوەدانکارییەوە تەبەنی کردووە و وای دەبینن کە مەرجەعیەت لە پرۆژەی هەستانەوەدا بۆ بژاردەی ژیاری ڕۆژئاواییە نەک بۆ ئیسلام[٥].

---

(١) عادل حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣.

(٢) ئەو سیاسەتانەی لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا پەیڕەو دەکرێن، سیاسەتێکی عەلمانییە، دەستەبژێرێکی عەلمانیی پاشکۆ پیادەی دەکەن، کە بوونەتە پەراوێز بۆ ناوەندی ئەوروپی. بڕوانە: نصر عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

(٣) برهان غليون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤-١٣٥، هەروەها: أبو الفضل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٤) خالد الناصر، «أزمة الديمقراطية فى الوطن العربى» فى (مجموعة باحثين)، الديمقراطية وحقوق الإنسان في الوطن العربى، سلسلة كتب المستقبل العربى، ط٣ (بيروت: مركز دراسات الوحدة، ١٩٨٦)، ص٥٠.

(٥) محمد عمارة، أزمة الفكر الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧-٤٨.

٢. هەژموونی هزری عەلمانی بەسەر هزر و کەتواری ڕاگەیاندندا لە وڵاتانی داواکەوتوو

بەو پێیەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم –لە ناوێشیاندا دەوڵەتانی ئیسلامی- بەگشتی شوێن چەند ئایدۆلۆژیەتێکی گواستراوە کەوتوون –وەک پێشتر باسمان کرد-، بۆیە شتێکی سروشتی بوو کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنەکانیشیان بە هەمان شێوە گواستراوە بن[١].

سەرباری شوێنکەوتنی خودیی ئەو ئایدۆلۆژیەتانە و هەموو ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن کە لە ئامێزیدا دروست دەبن، هۆکارێکی تر هەیە کە یارمەتیدەرە بۆ هەژموونی هزری ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی بەسەر ئەو دەوڵەتانەوە لە ڕووی تیۆری و جێبەجێکردنیشەوە، ئەو هۆکارەش بریتییە لە هەوڵەکانی بەجیهانیکردنی کولتووری و ڕاگەیاندن[٢]، لە چوارچێوەی زاڵدەستیی یەکلاییکەرەوەی دەوڵەتانی باکوور لە بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاریدا، ئەمەش بەشداریی کردووە لەوەی کە ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتانە تایبەتمەندی و جیاوازیی خۆیان لەدەست بدەن، واتە وای لێ هات کە پیادەکردن و تاووتوێکردن و پێشکەشکردنی ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەدا لە بنەڕەتدا بە پێوەرگەلێکی جیهانیی ڕۆژئاوایی پیادە بکرێت، تەنانەت خوێندنەکەشی بە پڕۆگرامی ڕۆژئاوایی بێت، ئەمەش ڕێڕەوە مەعریفییەکەی پەک خست[٣].

هەموو ئەمانە سەری کێشا بۆ پاشکۆیەتییەکی نیمچەتەواو بۆ تیۆرە ڕۆژئاواییەکان لە بواری ڕاگەیاندنا[٤].

نموونەیەک لەسەر ئەوە ئەوەیە کە زۆرینەی پەیمانگا عەرەبییەکانی ڕاگەیاندن پشتیان بە ڕێساکانی یەکێک لەم دوو قوتابخانەیەی ڕاگەیاندن دەبەست:

قوتابخانەی فەرەنسی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا (مەغریب)ی عەرەبی و قوتابخانەی ئەمەریکی لە ڕۆژهەڵات (مشرق)ی عەرەبی، بەتایبەت میسڕ و لوبنان، ئەمەش واتە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە بیانییەکان وەک بنچینەیەک بۆ

---

(١) قارن راسم الجمال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(٢) فاروق ئەبوزەید ئەو بەجیهانیکردنە بە «داگیرکاریی کولتووری، یان داگیرکاری ڕاگەیاندنی» ناو دەبات. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕوانگەتەکانی داگیرکاریی ڕاگەیاندنییەوە، بڕوانە: فاروق أبو زید، انهیار النظام الإعلامی الدولی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨-١٧٦.

(٣) عواطف عبد الرحمن، «الإعلام وتحدیات العصر»، مجلة علم الفکر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.
- هەروەها بڕوانە: حمدی حسن «نظریة الاتصال وإستراتیجیات البحث فی الدراسات الإعلامیة»، ورقة مقدمة للحلقة النقاشیة الثانیة لمشکلات المنهج فی بحوث الصحافة والإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٤) عواطف عبد الرحمن، دراسات فی الصحافة العربیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

خوێندنی بواری ڕاگەیاندن[1].

خۆ ئەگەر لە بواری هەژموونی تیۆرییەوە بگوێزینەوە بۆ بواری جێبەجێکردن، دەبینین شێوازی ڕۆژئاوایی لە گوزارشتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوودا باوە، لە ناویشیاندا دەوڵەتانی ئیسلامی[2]، ئەمەش لە دەرئەنجامی هەژموونی ئەو دەستەبژێرەی کە هزری ڕۆژئاوایی بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا جێبەجێ دەکات[3]، هەر چەندە هەر کاتێک مەترسی لەسەر جێپێی خۆیان دروست بووبێت، لەو شێوازە ڕۆژئاواییە ئازادە دەرچوون و کۆتوبەندی دەمکوتکردنیان بە شێوەیەک جێبەجێ کردووە کە خۆیان بە پارێزراوی و ئاسایشەوە بمێننەوە. ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کۆتوبەندانە هەر هەمان ئەو کوتوبەندانەن کە لە سەردەمی داگیرکەردا ڕێگرییان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکرد کە ڕەخنە لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بگیرێت، چونکە زۆربەی حکومەتەکانی وڵاتانی

---

(١) محمد السماک، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

(٢) لەو بارەیەوە جەعفەر ئەلعەلەوی لە تویژینەوەیەکیدا، کە لە ڕۆژنامەی «المسلمون» بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: ڕاگەیاندن لە جیهانی ئیسلامیدا بەدەست پاشکۆیەتی بۆ مۆدێلی ڕۆژئاوا دەنالێنێت؛ لەگەڵ ئەوەی سەرەتا و کۆتایی بەرنامەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراویش هەر بە قورئانی پیرۆزە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی هەندێک بەرنامەی پەرتەوازە لێرە و لەوێ زۆر جار تاووتوێی پرسگەلێکی فیقهیی دووبارەی دۆخزەدە دەکەن، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە ڕاگەیاندنی چاپکراو زۆربەی بە زمانی عەرەبی –زمانی قورئانی پیرۆز– دەردەچێت و لاپەڕەیەکی تایبەتە بە بواری ئایینی، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە لاپەڕەکانی تر بە دڵسۆزانە ڕێنماییەکانی وتەی نەسڕانیەت (ئەوەی هیی خوایە بۆ خوا و ئەوەیشی هیی قەیسەرە بۆ قەیسەر) جێبەجێ دەکەن، هەروەها وێڕای بوونی منارەی ڕۆشن لە هەموو گۆشەیەکی جیهانی ئیسلامیدا، کە چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنی تێدایە کە خۆی بۆ وتنی وتەی جوان و باش تەرخان کردووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڕاگەیاندن لە دەوڵەتانی ئیسلامیدا –چەند ڕیزپەڕێکی کەم نەبێت– لە بێئیرادەیی و دابڕان و نامۆیی و پاشکۆیەتی بۆ مۆدێلی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی دەنالێنێت، نەک تەنها لەسەر ئاستی تەکنەلۆژیا، بەڵکوو لەسەر ئاستی پێڕست و ناوەرۆکیش».

– جعفر العلوی، الإعلام فی العالم الإسلامي والبحث عن الذات والهوية المهدرة، جريدة المسلمون، عدد ٤٢٥، ٤ شوال ١٤١٣، ٢٦ مارس ١٩٩٣، ص١٤.

بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

– عايد الشعراوی، التلويث الفكری والإعلامی فی العالم الإسلامي، ط٢ (بيروت: دار النهضة الإسلامية، ١٩٩٢)، ص٣٩، ٤٣.

– عبد الله ناصح علوان، حكم الإسلام فی وسائل الإعلام، سلسلة بحوث إسلامية هامة (٦) ط٢ (الرياض: دار السلام للطباعة والنشر، ١٩٨٣)، ص٦ و ص٢٤–٢٥.

– عبد العزيز شرف، «وسائل الإعلام والغزو الفكری»، مجلة الحضارة، عدد (١٦) أغسطس ١٩٨٤، ص٢٠–٣٥.

– حسن علی العنيبسی، الدوائر المعادية للإسلام بين عهدين، سلسة إسلاميات عدد (١٥)، (القاهرة: المؤسسة العربية الحديثة للطبع والنشر والتوزيع، ١٩٨٨)، ص٨–٩.

(٣) بڕوانە: مصطفی هدارة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢. و: محمد توفيق الغلاييني، وسائل الإعلام وأثرها فی وحدة الأمة (جدة: دار المنار، ١٩٨٥)، ص٢٥٧–٢٥٨.

تازەگەشەسەندوو هەوڵی لابردن یان هەموارکردنی ئەو سیستمەی ڕاگەیاندن بدات کە داگیرکەر دروستی کردبوو[1]، بەڵکوو تەنانەت هەندێک یاسای ناوخۆیی هەبوون کە ئازادیی ڕاگەیاندنیان لەو وڵاتانەدا ڕێک دەخست، چەند دەقێکیان لەخۆ گرتبوو کە خراپتر و تووندتر بوون لەو بنچینە خراپەی کە لێی کەوتبوونەوە.

بەو شێوەیە بەم تاووتوێ خێرایەی سروشتی هزری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی هەژموونکار لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا –لە ناوێشیاندا وڵاتانی ئیسلامی– جگە لە چەند ڕیزپەڕێکی دەگمەن، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هزرێکە ئینتیمای بۆ کۆزمۆلۆژیای دنیایی هەیە و لە بازنەیدا دەسوڕێتەوە، بەڵگەنەویستەکانی دەکات بە سەرەتا و هەوڵی بەدیهێنانی مەبەستەکانی دەدات، لەمەشدا یەکێک لەم دوو ڕێبازەی گرتووەتە بەر: «لیبرالیزم یان سۆشیالیزم»، یان تێکەڵەیەک لە هەردووکیان کە لەگەڵ بارودۆخی میژوویی و کۆمەڵگەیی هەندێک لەو وڵاتانەدا گونجاو بێت. ئەمە واتای ئەوەیە کە تاووتوێکردنی ڕەخنەگرانەی وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بە تاووتوێکردنی ڕەخنەگرانەی ئەو ڕەگوڕیشە هزرییانە دادەنرێت کە هەموو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن –بەبێ ڕیزپەڕ– ئینتیمایان بۆیان هەیە، جا هەر کامیان بێت (لیبرالیزم، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، سۆشیالیزم، گەشەپێدان). ئەمە ئەو خاڵەیە کە تۆێژەر لە پاری دواتردا هەوڵی خستنەڕووی دەدات.

---

(١) بڕوانە: – عواطف عبد الرحمن، قضايا التبعية الإعلامية والثقافية فى العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥، ٢٦،
– ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنی عەرەبییش –بۆ وێنە– بکەین، دەبینین هەر لە دروستبوونیەوە ملکەچی ئەو حوکمانە بووە کە لە بنەماکانی یاسای عوسمانی، یان فەڕەنسی، یان ئینگلیزی، یان ئیتاڵییەوە وەرگیراون».
هەروەها بڕوانە:
– سجاد الغازی، «حرية الرأى والصحافة فى الوطن العربى»، مجلة الدراسات الإعلامية، عدد ٨٥، يناير، مارس ١٩٩٠، ص٢٠.
– هەروەها: إبراهيم بسيونى حمادة، العلاقة بين الإعلاميين والسياسيين فى الوطن العربى، مجلة عالم الفكر، العددان الأول والثانى، يوليو، سبتمبر، أكتوبر، ديسمبر، ١٩٩٤، ص١٦٩.
هەروەها ئەو ئاڕاستەیەی کە حکومەتی دەوڵەتە ئەفریقییەکان پاش سەربەخۆیی پەیڕەوی کرد، لە پاڵپشتیکردنی ئەو یاسایانەی کە داگیرکەر بۆ بێدەنگکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری دابنابوو، وێڕای بانگەشەکردنی سووربوونیان لەسەر پاراستنی ئەو ئازادییانە، بڕوانە:
– G. Mytton, op. cit., p.58.
– بۆ بینینی چەند نموونەیەک لەو تێکستانە، بڕوانە:
– سجاد الغازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

پوختە

لە میانەی خستنەڕووی شێوازی زاڵبوون بەسەر کۆزمۆلۆژیای مەسیحی و بونیادنانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و ئەو هزرە کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنییەی کە لە ئامێزیدا بەرپا بوو، دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو وتەزا بنچینەییانەی کە پەیکەری کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێک دەهێنێت، لە وتەزایەکی بنچینەییدا خۆی دەنوێنێت کە بە پێشەکی و سەرەتای سەرەکی دادەنرێت، کە وتەزاکانی تری پێکهێنەری پەیکەری کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و وتەزاکانیشیان بە دەرئەنجامی ئەو وتەزایە دادەنرێن، ئەو وتەزایەش کە بە بەڵگەنەویست یان پێشەکی و سەرەتای سەرەکی ناوزەندمان کرد، خۆی لە گوزارەیەکی کورتدا دەنوێنێت، دەتوانین لەم وتەزایەدا کورتی بکەینەوە: «نەبوونی خوایەکی کارا بۆ ئەم گەردوونە (عدم وجود إله فاعل لهذا الكون)»، لەم وتەزایەشەوە دوو بەڵگەنەویست یان دەرئەنجامی لاوەکی دێنە کایەوە، کە بریتین لە ناڕاستیی وتەزای بوونی حەقیقەتێکی باڵا (بطلان القول بوجود حقيقة علوية) و ناڕاستیی وتەزای بوونی ژیانێکی تر (بطلان القول بوجود حياة أخرى). ئەم سێ وتەزایە ئەوانەن کە بە هەموویان دەڵێین بەڵگەنەویستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی، هەر لەسەر ئەم بەڵگەنەویستانەش – بەتایبەت دوو بەڵگەنەویستە لاوەکییەکە– ئەو وتانە دروست بوون کە بیردۆزە بۆ ئەو ئامانجانە دادەنێن کە ئەو کۆزمۆلۆژیایە بۆ هەڵگرانی مژدەی پێ دەدات، ئەوەی لەسەر ئەو بەڵگەنەویستە بونیاد نراوە کە بوونی ژیانێکی تر بە ڕاست نازانێت، پێی وایە پێویستە مەبەستێکی جێگرەوە پێشکەش بکرێت بۆ ئەو بەهەشتەی کە کۆزمۆلۆژیای ئایینی بۆ هەڵگرانی لە ڕۆژی دواییدا بەڵێنی پێ داوە، بەو پێیەشی کە بەڵگەنەویستی لاوەکیی دووەم جگە لە ئاوەزی مرۆیی بوونی هەر سەرچاوەیەکی تر بەدوور دەزانێت کە ئەو مەبەستەی لێوە وەربگیرێت، ئەمە پاڵی بە ئاوەزەوە نا بۆ ئیجتیهادکردن بۆ داهێنانی مەبەستێکی باڵای جێگرەوە بۆ بوونی مرۆیی کە قەرەبووی بەهەشتی دواڕۆژی بۆ بکاتەوە، لێرەوە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم دیدی خۆی لەمەڕ مەبەستی باڵای مرۆڤ لەم دنیایەدا پێشکەش کرد، کە بەدرێژی لە داخوازی دووەمدا خستمانە ڕوو.

بە دۆزینەوەی مەبەستی باڵا لەم ژیانەدا لەلایەن ئاوەزی پۆزەتیڤیزمەوە، کە لەگەڵ ئەو بەڵگەنەویستانەدا بگونجێت کە باوەڕی پێیانە، بونیادی پەیکەری گشتیی

کۆزمۆلۆژیای عەلمانی تەواو بوو. ئەو وتانەشی کە ڕوالّەتە گشتییەکانی ئەم کۆزمۆلۆژیایە پێک دەهێنن، «چ ئەوانەیان کە پەیوەستن بە بەڵگەنەویستەکانەوە، یان ئەوانەی کە پەیوەستن بە مەبەستەکانەوە»، لە جێی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەن کە لەبەر ڕۆشناییاندا هەموو لایەنەکانی هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم (سیاسی، ڕاگەیاندن... هتد) دروست بوون، ئەویش لە سۆنگەی ئەو وتانەوەی کە تایبەتن بە بەڵگەنەویستەکانەوە، بە ئامانجی بەدیهێنانی ئەو وتانەی کە پەیوەستن بەو مەبەستە باڵایانەوەی کە ئەو کۆزمۆلۆژیایە مژدەی پێ داون –ئەمەمان بەکورتی لە پاری کۆتایی ئەم بەشەدا خستەڕوو–، لە بەشی داهاتوودا کەمێک بەدرێژی تاووتوێیەکی ڕەخنەگرانەی بەراوردکارانە لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە بۆ ئەو وتەزایانە دەکەین کە ڕوالّەتە گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێک دەهێنن، کە بە پێشەکیی بنچینەیی تەوەری توێژینەوەکەمان (فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن) دادەنرێت.

بەشی دووەم:

ئەو وتانەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی کە بە پێشەکیی بنچینەیی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن هەژمار دەکرێن و وتەزا ئیسلامییە هاوتاکانیان

سەرەتا

ئەو وتانەی کە سیما گشتییەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێک دەهێنن و بە پێشەکیی بنچینەیی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن هەژمار دەکرێت، دابەش دەبن بۆ وتەزاگەلێک کە پەیوەستن بە بەڵگەنەویستەکانی ئەو کۆزمۆلۆژیایە و وتەزاگەلێکی پەیوەست بە مەبەستەکانیەوە.

بەو پێیەشی کە یەکێک لەو وتانە –کە بریتییە لە بەڵگەنەویستی سەرەکی لە بەڵگەنەویستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی- بە پێشەکییەکی سەرەکی هەژمار دەکرێت، کە پەیکەری کۆزمۆلۆژیای عەلمانیی لەسەر بونیاد دەنرێت، هەر چی ئەو وتانەی تریشە کە پەیوەستن بە بەڵگەنەویستە لاوەکییەکانەوە یان بە مەبەستەکانی ئەو کۆزمۆلۆژیایەوە، هیچی تر نین جگە لە دەرئەنجامێکی حەتمی کە لێی دەکەونەوە، وەک پێشتر باسمان کرد. بەو پێیەشی ڕاستێتیی (صدق) هەر دەرئەنجامێک یان قەبوولکردنی بەستراوەتەوە بە ڕاستێتیی پێشەکییەکانی یان قەبوولکردنیان، کەواتە ئەگەر توانای بەهەڵەدانان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێدراوە بنچینەییانەمان هەبێت کە ئەو پێشەکییە سەرەکییانە پشتیان پێ دەبەستن و بتوانین نەگونجانیان لەگەڵ کەتواردا بسەلمێنین، ئەمە وا بێ سێودوو واتە ناساغیی (عدم سلامة) هەموو ئەو دەرئەنجامانەی کە لەسەریان بەرپا بوون، هەر لە بەڵگەنەویستە لاوەکییەکانەوە تا دەگاتە مەبەستەکان، تا وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی و تا وتەزاکانی هزری ڕاگەیاندن.

خۆ ئەگەر ئەمان بۆ بەدی هات، ئەوا تاووتوێکردنی ڕەخنەگرانەمان بۆ ئەو دەرئەنجامانە یان بۆ «وتەزاکان» مەبەست لێی ڕوونکردنەوەی ساغی و ناساغییان نییە، بەڵکوو مەبەست لێی دۆزینەوەی ئەو لایەنە کەموکوڕانەیە کە ناشرینیان کردووە. وەک دەرئەنجامێکی سروشتی بۆ بەرپابوونی لەسەر چەند پێشەکییەکی کەموکورت و ڕەنگدانەوەی ئەو کەموکورتییە لەسەر ئەو هزرەی ڕاگەیاندن کە زادەی ئەو وتانەن.

لێرەدا لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە بە دیدی ڕەخنەیی و بەراوردکاریی ئەو وتەزا بنچینەییانەی کە سیما گشتییەکانی پەیکەری کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێک دەهێنن، دەخەینە ڕوو، ئەو وتانەی کە لە هەمان کاتدا بەو پێشەکییە بنچینەییە هەژمار دەکرێن کە هەموو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیان لەسەر بونیاد دەنرێت.

بەو پێیەی وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بۆ دوو جۆر دابەش دەبن: وتەزاگەلێکی پەیوەست بە بەڵگەنەویستەکانی ئەو کۆزمۆلۆژیایەوە و وتەزاگەلێکی تری پەیوەست بە مەبەستەکانییەوە، هەر بۆیە دەتوانین ئەم بەشە بۆ دوو پار دابەش بکەین:

پاری یەکەم: کە بە ڕەخنە و بەراوردکاری تاووتوێی ئەو بەڵگەنەویستانەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی دەکات کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی دەیکەن بە سۆنگە و سەرەتا.

پاری دووەم: کە بە ڕەخنە و بەراوردکاری تاووتوێی ئەو مەبەستانە دەکات کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بۆ هەڵگرانی دەکاتە مژدە و فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن و لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی بە ئامرازگەلێکی هزری هەژمار دەکرێن، کە تیۆریزە بۆ باشترین ڕێگەی گەیشتن بەو مەبەستانە دەکەن.

پاری یەکەم: ئەو بەڵگەنەویستە کۆزمۆلۆژییانەی کە دەبنە سۆنگەی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لەسەر بەڵگەنەویستێکی سەرەکی بونیاد نراوە، هەر چی بەڵگەنەویستەکاتی تر و ئەو مەبەستانەیە کە پەیکەری ئەو کۆزمۆلۆژیایە پێک دەهێنن و ئەو ئامرازانەی کە بۆ بەدیهاتنی ئەو مەبەستانە پێشکەشی دەکەن، جگە لە دەرئەنجامی سروشتیی ئەو بەڵگەنەویستە هیچی تر نین. ئەو بەڵگەنەویستەش ئەوەیە کە باس لە «نەبوونی خوایەکی کارا» لەم گەردوونەدا دەکات، ئەمەش لە ئەنجامی دوو باوەڕەوە:

١. باوەڕبوون بەوەی هەر لە بنەڕەتدا خودایەک نییە.

٢. باوەڕبوون بە ئەگەری بوونی خودا، بەڵام ئەو بوونە –لای ئەوانەی ئەم بیروباوەڕەیان هەیە– بوونێکی بااڵ (متعالي)یە و هەر لەو کاتەوەی کە ئەفراندوویەتی یان جوولّەی پێ بەخشیوە، پەیوەندیی پێوەی نییە.

بەو شێوەیە هەردوو باوەڕەکە بۆ هەمان ئەنجام سەر دەکێشن، کە بریتییە لە نەبوونی هێزێکی بااڵی کارا لە ژیانی مرۆڤدا کە دەست بخاتە کاروباریانەوە، لەمەشەوە دوو دەرئەنجام بەناچاری دروست دەبن، کە بریتین لە دوو بەڵگەنەویستی لاوەکی، کە –لەپاڵ بەڵگەنەویستە سەرەکییەکەدا– پایە بنچینەییەکانی عەلمانیەت پێک دەهێنن، ئەو دوو بەڵگەنەویستە لاوەکییەش بریتین لە:

یەکەم: نەبوونی ڕێباز یان حەقیقەتێکی بااڵ (سرووشی خودایی) کە ببێتە ڕێنیشاندەری مرۆڤ لە بەڕێوەبردنی کاروبارە خودی و کۆمەاڵیەتییەکانیدا. ئەمەش واتە هیچ چارەیەک لەبەردەم مرۆڤدا نییە بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی، جگە لە پشتبەستن بە توانای ئاوەزیی خۆی.

بەڵگەنەویستی لاوەکیی دووەم: ناڕاستیی (بطلان) بوونی ژیانی دواڕۆژ کە مرۆڤ بتوانێت، ئەگەر کاری چاکە لەم دنیایەدا ئەنجام بدات، ژیانێکی پڕ چێژ و خۆشی خوازراوی خۆی تێدا بەسەر بەرێت. ئەمەش واتە مرۆڤ لەسەریەتی تا چەند دەتوانێت هەوڵی بەدەستهێنانی ژیانی خۆش لەم دنیایەدا بدات، مادام بوونی ژیانی دواڕۆژ بوو بە شتێکی پڕوپووچ و بێمانا. لێرەدا کەمێک بەکورتی بەڵگەنەویستی یەکەم دەخەینە ڕوو و ئەو ڕەخنانەی کە دووچاری بوون و سیماکانی بەڵگەنەویستی سەرەکیی هاوتای لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا، پاشان ئەو دوو بەڵگەنەویستە لاوەکییە دەخەینە ڕوو کە لێوەی هاتوون و ڕەنگدانەوەیان لەسەر هزری کۆمەاڵیەتی و ڕاگەیاندنی عەلمانی هەبووە و ئەوەی کە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی لە بەرانبەردا پێشکەشی دەکات.

داخوازی یەکەم: بەڵگەنەویستیی «نەبوونی خودایەکی کارا»

هەر ئێستا باسی ئەوەمان کرد کە ئەو بەڵگەنەویستە سەرەکییە لەسەر دوو باوەڕی جیاواز دەوەستێت، بەڵام هەدووکیان بۆ هەمان دەرئەنجام یان بەڵگەنەویست سەر دەکێشن، کە بریتییە لە «نەبوونی خودایەکی کارا»، لێرەدا بەکورتی گفتوگۆی ئەو پایانە دەکەین کە هەر یەکێک لەو دوو باوەڕە پشتی پێ دەبەستن.

ئـ. نکوولێکردنی بوونی خودا

لە خستنەڕووی کورتەیەک لەسەر ئەو پەرەسەندنانەی کە بۆ دەرکەوتنی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و هەژموونەکەی سەریان کێشا، بینیمان کە ئەو بزاڤی ئاوەزگەراییەی کە لەسەر دەستی کۆزمۆلۆژیای مەسیحی وەلا نرا و لەسەر پەردووەکەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بونیاد نرا، بزاڤێکە هەر شتێک کە سروشتییەزێن (خارق للطبيعة) یان نادیار (غيبي) بێت، لە گەردوون وەلای دەنێت و تەنها باوەڕی بەو شتانە هەیە کە سروشتین و لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستییەوە قابیلی تێگەیشتنن، لە میانەی ئەو پێداواناەی کە بۆ ئاوەزی مرۆیی ڕەخساون.

پێشوەختە لەلایەن فەیلەسووف و بیرمەندە پۆزەتیڤیزمەکانەوە چەند پرسێک (قضية)ی دروست دیاری کراوە، لێرەوە و لەسەر ئەم بنچینەیە سۆنگەیەکیان بۆ خۆیان لەسەر ئەو پێداواناە وەک پێشەکی بنچینەیی بۆ تێڕوانینی خۆیان بۆ گەردوون و ژیان دیاری کردووە، ئەمەش لە ئەنجامی «باوەڕیان بەوەی کە بنەماکانی زانستی سروشت و بەڵکوو تیۆرەکانیشی بە هەمان شێوە بەڕەهایی ڕاستن.»[1]

بەڕاستی ئەو شێوازەی فەلسەفەی زانستیی نوێ لە گالیلۆ و دیکارتەوە پەیڕەوی کردووە، تەنها جیهانێکی ماددەی بزاوی دۆزییەوە و ملکەچە بۆ یاساگەلێکی ماتماتیکیی پەتی. بۆیە سروشتی بوو کە نەتوانرێت بوونی ڕەگەزگەلێکی ڕۆحی یان سەروومادديیی وەک ئاوەز یان ڕۆح یان هاوشێوەکانیان، لەم گەردوونەدا بە بەکارهێنانی هەمان ئەو ئامرازە پەتییانە، شرۆڤە بکرێت. بۆیە مەترسیدارترینی ئەو دەرئەنجامانەی لەمە کەوتەوە، بریتی بوو لە «نکوولێکردنی بوونی خودا»، یان هەر زاتێکی نامادی باڵا بەسەر ئەو بوونە ماددییەدا.

دەتوانین گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەی ماددییانە لە گەردووندا

---

(١) أ. م. یوشنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

پێی گەیشتووە، کە دیدی ماددییانە لە نکووڵیکردنی بوونی خودایەک بۆ ئەم بوونەوەرە پشتی پێ دەبەستێت، لەم چەند خاڵەدا کورت هەڵبهێنین:

– لەم گەردوونەدا جگە لە ماددە هیچ شتێک نییە، بوونی ماددەش ئەزەلییە و هەر هەبووە، بۆیە ئەو تیاناچێت و لە نەبوونیشەوە ناهێنرێتە بوون، هەر بۆیە هیچ پێویست نییە بوترێت خودایەکی ئەفرێنەر بۆ گەردوونێکی ئەزەلی هەیە[1].

– ئەم گەردوونە ماددییە ئامرازێکی ئەزەلییە کە خۆی خۆی بەڕێوە دەبات، ئیدی پێویست ناکات بوترێت خودایەک هەیە کە ئەو ئامرازە دەبزوێنێت[2]، چونکە ئەو بە پێی یاساگەلێکی میکانیکی دەجوڵێت، ئەو یاسایانەش جێگیرن و دووچاری دواکەوتن و ڕێکەوت نابنەوە، چونکە ئەو ڕووداوانی یاسایانە حەتمییە، ئەمەش واتە بۆ شیکاری ئەو دیاردانە پێویست ناکات پەنا بۆ هیچ هێزێک لە دەرەوەی خودی ماددە ببرێت.

– بەو پێیەی گەردوون تەنها بوونێکی ماددیی هەیە، ناتوانین ئامانجێک لە جووڵەی شتە سروشتییەکان بدۆزینەوە، چونکە ماددە ناتوانێت ئامانجێکی هەبێت، یان پلانێک دابنێت، بەڵکوو تەنها بە پێی پێویستییەکی میکانیکیی ناوخۆیی کار دەکات، هەر بۆیە ئەمە ئەوە دەسەپێنێت کە پێویستە شیکارە زانستییەکان تەنها لە جەخت لە هۆکارە ماددییە میکانیکییەکان بکاتەوە[3].

شتێکی سروشتییش بوو بەرمەبنای ئەو وتانەی کە زانستی سروشتی پێشکەشی کردن –کە شیکارێکی ماددییانە بۆ هەموو ئەو شتانە دەکات کە لە بووندا هەن، بە دیاردە ئاوەزییەکانی ژیانیشەوە، بەو پێیەی کە بەرئەنجامی چالاکیی ماددەن[4]–، فەلسەفەی ماددیی پەتی بەرهەم بێت، کە نکووڵیی بوونی خودایەک بکات کە ئەفرێنەری گەردوون و بزوێنەری ڕووداوەکانی و داهێنەری یاساکانی بێت.

بە دەرکەوتنی ڕێبازی پۆزەتیڤیزم لەسەر دەستی ئۆگەست کۆنت (١٧٩٨–١٨٥٧) و ئەوانەی شوێنی کەوتبوون، وەک جۆن ستیوارت مل (١٨٠٦–١٨٧٣)

---

(١) بڕوانە: عبد الوهاب المسيرى، «المادية وموت الإنسان»، مجلة المسلم المعاصر، العدد (٧٩)، السنة العشرون، رجب، شعبان، رمضان ١٤١٦هـ فبراير، مارس، أبريل ١٩٩٦م، ص٨١–٩٧.

(٢) ناپلیۆن پرسیاری لە زانای ماتماتیکی و فەلەکناسی بەناوبانگ «سیمۆن لاپلاس» لە بارەی شوێنی خوداوە کرد، لەو سیستمە میکانیکییەیدا کە تایبەت بوو لە هەسارەکانی ئاسمان، لە وەڵامدا وتی: «گەورەم! پێویستت بە گریمانەیەکی لەو شێوەیە نییە».

– روبرت م. أغروس، جورج ن. ستانسيو، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(٤) توفيق الطويل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

لە ئینگلتەرا و ئۆرنەست لاس (١٨٣٧-١٨٨٥) و یودل (١٨٤٨-١٩١٤) لە ئەڵمانیا، فەلسەفەی ماددی بەهێز بوو.

ئەمانە هەموویان بڕوایان وا بوو کە فەلسەفە جگە لە کۆکراوەی ئەو دەرئەنجامانەی زانست کە بە واتا میکانیکییەکەی بەرهەم هاتوون، شتێکی تر نییە، ئەو دوو ئاڕاستەیەش –ماددی و پۆزەتیڤیزم- بە هۆی ڕێبازی داروین (١٨٠٩-١٨٨٢)ەوە زۆر بەهێز بوون، کە پەرەسەندنی جۆرەکانی زیندەوەرانی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (بنەچەی پۆلەکان - أصل الأنواع -The Origin of Species)[١].

دەتوانین بڵێین بە هاتنی سەدەی نۆزدەیەم زۆرێک بڕوایان وا بوو کە خوا نە بە ئاوەز و نە بە چاو دەبینرێت[٢]، فەیلەسووفەکانی سەدەی نۆزدەیەم –وەک هنری ئەیکن باسی دەکات[٣]، سنووری پێشینە گومانکارەکانیان تێپەڕاندبوو- ئەوانەی کە گومانیان لە بوونی هۆکاری یەکەمی شتەکان هەبوو و باوەڕیان وا بوو کە خودا لە سەردەمی زانست و دامەزراوە زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا مرد.

هزری فەلسەفیی ماددی بەو شێوەیە بەهێزترین بیروباوەڕی خۆی پێشکەش کرد، کە بەڵگەنەویستە سەرەکییەکەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیی لەسەر وەستاوە، ئەویش بریتییە لە ڕەتکردنەوەی بوونی خودایەکی کارا لەم گەردوونەدا لەبەر هۆیەکی ڕوون کە بریتییە لەوەی کە شێوازە ماددییەکانی توێژینەوەی زانستی هێشتا نەیتوانیوە خودایەکی لەو شێوەیە بدۆزێتەوە.

ب. باوەڕبوون بە بوونی خودایەک، بەڵام ناکارا

زۆرێک لەو فەیلەسووفە ئاوەزگەرایانەی نەگەیشتبوونە ڕادەی نکوولێکردنی بوونی خودا، ئەم بۆچوونەیان هەبوو، چونکە ئەو وتەزایە واتە گەردوونێکی بێسیستم کە وێنا ناکرێت، بۆیە باشتر وایە گەردوون پەروەردگار یان شتێکی وای هەبێت کە جێی بگرێتەوە کە وێنەی گەردوون بە شێوەیەک تەواو بکات پەیبردنی فیتریی ساغ دڵنیارام بکات، بەڵام گەردوونێک بەو شێوەیەی –کە زانستی نوێ سیماکانی دیاریی کردووە- پێویستی ناکات لەسەر پەروەردگارەکەی کە هەڵگری ئەو سیفەتە گەورە و بەرزانە بێت کە خەلکی چاخەکانی پێشوو داویانەتە پاڵ خودای باوک، کە ئەو لای ئەوان دەستپێکەری یەکەمی گەردوون یان یەکەم

(١) أ. م. بوشنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٢) روبرت م. أغروس، جورج ن. ستانسیو، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

(٣) هنری أیکن، عصر الأیدلوجیا، ترجمة: محیی الدین صبحی، (دمشق: منشورات وزارة الثقافة، ١٩٧١)، ص٢٣.

بزوێنەری بووە، مادام ئەو دەستپێکەرە یەکەمە یان ئەو یەکەم بزوێنەرە ئەو کارەی کە پێویست بووە بیکات، ئەنجامی داوە و دەستپێکی شتەکانی خەملاندووە، یان بزواندوونی، بۆیە ئیدی دوای ئەوە بۆی نییە پەیوەندیی پێیانەوە هەبێت، بەڵکوو تەنها ئەوەندەی بەسە کە پاڵ بداتە بوونی ڕەها. کەواتە هیچ کاروبارێکی خەڵک ڕێک ناخات و ماندوویان ناکات و هیچ پێویستی بە قوربانی و خۆنزیکخستنەوەی ئەوانە نییە[1]، بۆیە وا دیارە نوێژکردنیش بۆ خودایەک کە ئەوە سیفەتەکانی بێت، کارێکی بێهوودەیە و هیچ کاریگەرییەکی نییە[2].

بەو شێوەیە تێڕوانینی ئەو فەیلەسووفانە بۆ زاتی خودا بەوەی کە زاتێکی باڵایە و لاقەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ ناکات[3]،بۆ هەمان ئەو دەرئەنجامە سەر دەکێشێت کە ڕەتکردنەوەی بوونی ئەو زاتە خوداییە هەر لە بنەڕەتەوە سەری بۆ دەکێشێت، ئەو دەرئەنجامەش بریتییە لە «نەبوونی خودایەکی دەستتێوەدەر لە ژیانی مرۆڤ»، ئەم جۆرە وێناکردنەی زاتی خوداش ئیلحادە بە جۆرێکی دی، بە پێی دابەشکردنەکەی «ئەفلاتوون» بۆ ئیلحاد بۆ دوو جۆر، کە یەکێکیان نکوولێکردنی خودایەتییە و دووەمیشیان داننانە بە خوداوەندێکدا کە گرنگی بە کاروباری خەڵکی نادات[4].

تێڕوانینی سێیەمیش هەیە، کە بەڵگەنەویستی «نەبوونی خودایەکی کارا»ی لەسەر وەستاوە، کە بە پایەی عەلمانیەت دادەنرێت، کە هەر چەندە تا ڕادەیەک ئەو گشتگیرییەی لەدەست داوە کە لە دوو تێڕوانینی پێشوودا هەبوو، ئەویش ئەو تێڕوانینەیە کە دەڵێت خودا دەست وەرناداتە لایەنی کۆمەڵایەتیی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندیی نێوان ئەو و بەندەکانی لە بواری کەسیدا کورت هەڵدێت. هەر چەندە ئەم تێڕوانینە لە بنەڕەتدا لە بیری پۆزەتیڤیزمدا دانی پێدا نانرێت و تەنها ئەوانە باوەڕیان پێی هەیە کە هێشتا پاشماوەی باوەڕی مەسیحییان لا ماوە، بەڵام لە ڕووپەکی زۆر گرنگەوە لەگەڵ هزری پۆزەتیڤیزمدا یەک دەگرێتەوە لەو بەڵگەنەویستە سەرەکییەدا کە کۆزمۆلۆژیای دنیایی پشتی پێ دەبەستێت، ئەو ڕووەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەڵگرانی ئەم تێڕوانینە دان بەوەدا دەنێن کە خودای ئەفرێنەر دەست وەرناداتە

---

(١) کارل بیکر، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢-١١٣.

(٢) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

هەروەها بڕوانە: محمد عبد الله دراز، الدين، بحوث ممهدة لدراسة تاريخ الأديان، ب ن، ١٩٦٩، ص٤١.

(٣) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

(٤) محمد عبد الله دراز، الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

ژیانی کۆمەڵایەتیی بەندەکانی، بە سەپاندنی ڕێبازێکی دیاریکراو پێویست بێت ژیانی کۆمەڵاتییان بە پێی ئەو ڕێبازە دابڕێژن، جا لە ڕووی سیاسی یان ڕاگەیاندن یان هەر ڕوویەکی ترەوە بێت، ئەمەش واتای سپاردنی ئەو ئەرکە بەتەنها بە ئاوەزی مرۆیی[1]، ئەمە واتای ئەوەیە کە –تەنانەت ئەگەر ئەم تێڕوانینەش وەربگرین– بەڵگەنەویستی «نەبوونی خودایەکی کارا» دروست دەردەچێت لەوەی کە پەیوەندیی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە تەوەری گرنگیپێدانی ئێمەیە لەم توێژینەوەیەدا، بەو پێیەی لایەنی ڕاگەیاندن بەشێکی دانەبڕاویەتی[2].

---

(١) بەراورد بکە لەگەڵ: عادل حسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

(٢) لە کەتواردا ئەو بنچینەیەی کە ئەو جۆرە تێڕوانینە پشتی پێ بەستووە، خۆی لەبەردەم ئاوەزدا ناگرێت، چونکە دوورخستنەوەی زاتی خودا لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و کورتهەڵهێنانی لە پەیوەندیی نێوان بەندە و خوداکەی شتێکی نالۆژیکییە، چونکە ڕوونە کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خوداکەی، لە هەموو بارێکدا، لە دوو شێوە تێناپەڕێت:
یەکەمیان: ئەوەیە کە خودا ئەفرێنەری مرۆڤە و ئەفرێنەری گەردوونیشە و سەروەر و فەرمانڕەواشیەتی. دووەمیشیان: ئەوەیە کە خودا –پاکی و بێگەردی بۆ ئەو– وا نییە.
خۆ ئەگەر گریمانەی خەملاندنی دووەم بکەین، کە خودا تەنها ئەفرێنەر بێت و سەروەر و فەرمانڕەوا نەبێت، ئیدی پێویست بە دروستکردنی پەیوەندیی تایبەت لەگەڵیدا ناکات، چونکە گیلێتییە کەسێک بوونەوەرێک بپەرستێت کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیدا نەبێت و لە پێناویدا هیچ کارێک نەکات، ئەمەش ئەو ڕایەیە کە کەسانی خاوەن تێڕوانینی دووەم هەیانە. بەڵام ئەگەر خودا ئەفرێنەری خاوەن سەروەری و فەرمانڕەوایەتی بێت بەسەر مرۆڤ و ئەو گەردوونەشەوە کە تێیدا دەژییت، ئەوا مەعقوول نییە فەرمانڕەوایەتی و شەریعەتەکانی تەنها لە ژیانی تایبەتیی تاکدا کورت هەڵبێت و لە پەیوەندیی تاک بە غەیری خۆیەوە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەسەڵاتەکەی کۆتایی بێت.
– خۆ ئەگەر مرۆیەک بانگەشەی ئەوە بکات کە خودا خۆی دەسەڵاتەکەی و پەیوەندییەکەی بە ئەفرێنراوەکانییەوە کورت هەڵهێناوە لە ژیانی تایبەتیی تاکدا، ئەوا بانگەشەیەکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ خۆی ئەو سەربەخۆییەی لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا داهێنابێت و سەپاندبێتی و دەسەڵاتی خودایی لە ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەموو کاروبارەکاندا دوورخستبێتەوە، ئەوە بەو کارەی جارێ یاخیبوون و لادانی لە خوداکەی داوە، کە ئەفرێنەر و سەروەر و فەرمانڕەواشیەتی.
چی لەوە بێنرخترە لای ئاوەزمەندان کە هەر مرۆڤێک بەتەنها بانگەشەی ئەوە بکات کە بەندەی خوایە و گوێڕایەڵی ئایینەکەشیەتی، تا ئەو کاتەی کە لەگەڵ کەسانی تردا کۆ دەبێتەوە و کۆمەڵگەیەک پێک دەهێنن و دەوڵەت دروست دەکەن، ئیدی نکووڵی لە بەندایەتیکردنیان بۆ خودا دەکەن و ئایینەکەی لە ژیانیان دوور دەخەنەوە. ئەمە لەبەر ئەوەی مەعقول نییە هەر بەشێک لە بەشەکانی کۆمەڵگە بەتەنها بانگەشەی بەندایەتیی خۆی بۆ خودا بدات، بەڵام کاتێک لەو بەشانە گشتێک و یەکەیەکی گەورە دروست دەبێت، ئیدی پشت لەو بەندایەتییە هەڵبکەن، کەس بانگەشەی ئەوە ناکات، مەگەر کەسێک جنۆکە دەستی لێ وەشاندبێت.
– بڕوانە: أبو الأعلى المودودي، الإسلام والمدنية الحديثة (القاهرة: المختار الإسلامي،ب ت)، ص١٠–١١.

ڕواڵەتەکانی هەژموونی بەڵگەنەویستە سەرەکییەکە لەسەر ژیاری ڕۆژئاوا

شتێکی سروشتی بوو کە ژیاری ڕۆژئاوایی –لە سایەی ئەوەی ئەو بەڵگەنەویستەی کردووە بە سۆنگە- کە شێوازێکی ماددیی پەتی وەربگرێت، بە جۆرێک کە هەموو لایەنە ڕۆحییەکان لە گرنگیپێدانەکانی خۆی دوور بخاتەوە و بیانکات بە بابەتێکی کەسی –بۆ ئەوەی کە بیەوێت-، بۆیە ئەو ژیارە –هەروەک ڕۆنااڵد سترۆمیرج وێنای دەکات- «ژیارێکە لەگەڵ چەمکە میتافیزیکی و ئاینییەکاندا ناتەبایە و ناگونجێت –ئەو قسەیەش زیاتر بەسەر کەسی ئاساییدا جێبەجێ دەبێت وەک لە ڕۆشنبیر یان هونەرمەند-، چونکە ژیانی ڕۆژانە بە ئامرازە تەکنەلۆژی و تیۆرە زانستییەکان دەورە دراوە و لە شیکردنەوەشیدا بەچڕی ئاوەزێنراوە و بە شێوە میکانیکییەکان کۆتدار کراوە. تا ئاستێک کە ژیانی هۆشیارانەی وا لێ کردووە کە بە پێی خشتەگەلێک بڕوات کە مرۆڤ تەنها دەتوانێت بە پۆزەتیڤیزم وێنای بکات، واتە هەم کردەیی هەم ئاوەزمەندانەیە و میتافیزیکییش نییە و ڕقی لە هەر حەقیقەتێکە کە نەتوانین ڕاستەوخۆ بە هۆی ئەزموون و بەڵگەوە لێی دڵنیا ببینەوە، ئا ئەمە کەتواری شارستانیەتەکەمانە، جا خێر بێت یان شەڕ.»[1]

هەژموونی ئەم بەڵگەنەویستە زۆر بە ڕوونتر لەوەدا دەرکەوت کە بیرجنسکی باسی کردووە و دەڵێت: «گەورەترین سەرکەوتن بۆ دروشمی ‹خوا مرد› –پاکی و بێگەردی بۆ خوا- لەو دەوڵەتانەدا ڕووی نەدا کە مارکسیزم تێیدا زاڵدەستە و لە ڕووی سیاسییەوە بڕەو بە ئیلحاد دەدەن، بەڵکوو لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە لیبراڵییە دیموکراسییەکاندا ڕووی دا کە پاڵپشتیی ئاسانکاریی ئەخلاقییان لە ڕووی کولتوورییەوە دەکرد، چونکە لەو کۆمەڵگە دیموکراسییانەدا ئایین لەوە وەستاوە کە ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتیی بنچینەیی، بەڵام ئەو حاڵەتە لە بڕەودان بە ئیلحادەوە سەرچاوەی نەگرتووە تا بەسەر ئایینداا زاڵ ببێت، بەڵکوو بە هۆی کاریگەریی هەنگاوێکی مەترسیدارەوە ڕووی داوە، کە بریتییە لە فەرامۆشکردنی کولتوورییانەی هەموو شتێک، جگە لەو ڕەهەندانەی تایبەتن بە تێرکردنی ماددییانەی ڕاستەوخۆ لە ژیاندا.»[2]

هەر ئەمەش شرۆڤەی ئەو ماددەگەراییە ڕەگداکوتاوەمان بۆ دەکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پەیامەکانیدا وەک ڕەنگدانەوەیەکی سروشتیی ماددەگەرایی ڕیشەداری ناو ژیاری کۆی عەلمانیەت پەخشی دەکات[3].

---

(١) رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، بەشی سێیەم، ل١٦٦.

(٢) ز. بيرجنسكى، الانفلات: فوضى عالمية فى مطلع القرن الواحد والعشرين، إعداد: خالد محمد بهاء، سلسلة قراءات حضارية فى أفكار عالمية، (القاهرة: مركز الدراسات الحضارية، ١٩٩٤)، ص٧٩.

(٣) لەو بارەیەوە بڕوانە: وليام ل. ريفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٨-٣٧٩.

دۆزینەوە زانستییەکانی سەدەی بیستەم و سەلماندنی بوونی خودا

تێڕوانینی ماددییانە بۆ گەردوون کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لەوێوە وێناکردنی خۆی بۆ گەردوون و ژیان خستووەتە ڕوو و بە شێوازێکی بنچینەیی پشتی پێ بەستووە لە بەڵگەهێنانەوەی بۆ سەلامەتیی ئەو بەڵگەنەویستە سەرەکییەی کە پشتی پێ دەبەستێت، کە بوونی خودایەکی ئەفرێنەر بۆ ئەم بوونەوەرە ڕەت دەکاتەوە، لە باشترین باریشدا پێی وایە کە بوونی خودا –هەر لە بنەڕەتدا هەبێت– مادام هەموو شتەکان بە پێی یاساگەلێکی جێگیر و ئەزەلی کار دەکەن و تەنها بە زمانی ماددە دەتوانرێت شیکارییان بۆ بکرێت، هیچ سوودێکی نییە.

ئەو تێڕوانینە لەلایەن شۆڕشی زانستییەوە کە سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینیی، دووچاری ئاڵنگاری بووەوە، ئێمە پێشتر ئاماژەیەکمان بە هەندێک لایەنی ئەو شۆڕشە زانستییە و کاریگەرییەکانی لەسەر هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی کرد، لێرەشدا زۆر بەکورتی گرنگترینی ئەو شتانە دەخەینە ڕوو کە ئەم جۆرە تێڕوانینە لەمەڕ پرسی بوون و نەبوونی خودایەک بۆ ئەم گەردوونە هەیەتی.

تێڕوانینی زانستیی نوێ و پرسی بوونی خودا

ئەگەر تێڕوانینی زانستیی کۆن، پشتبەست بە چەند بەڵگەیەک، بوونی خودایەک لەم گەردوونەدا ڕەت دەکاتەوە، دیارترین بەڵگەکانیشی ئەوەیە کە ئەم گەردوونە جگە لە ماددە هیچی تری تیدا نییە و ئەو ئامرازێکی ئەزەلییە و خۆی خودی خۆی بەڕێوە دەبات، مادامیش گەردوون ئەزەلییە، ئیدی پێویستمان بە گریمانەکرنی بوونی خودایەک نییە. هەروەها مادام ئەو گەردوونە بە ڕێساگەلێکی میکانیکی دەجوولێت، کەواتە ئیتر پێویست ناکات بڵێین پێویستە بزوێنەرێک هەبێت. ئەگەر ئا ئەمانە گرنگترینی پاڵپشتییەکانی تێڕوانینی زانستیی کۆن بووبن لە نکوولێکردنی بوونی خودایەک بۆ گەردوون، ئەوا دیدی زانستیی نوێ جەخت لە پێویستیی بوونی ئەفرێنەرێک بۆ ئەم بوونەوەرە دەکاتەوە.

سەبارەت بەو گریمانەیەی کە دەڵێت بوونی گەردوون ئەزەلییە و سەرەتا و کۆتایی نییە، گەردوونناس، ولیام دی سیتەر (Willem de Sitter) و زانای ماتماتیک، ئەلیکساندەر فریدمان –هەریەکەیان بەجیا– ئەوەیان لە تیۆری ڕێژەیی گشتیی ئەنشتاین هەڵهێنجاوە کە گەردوون لە فراوانبووندایە. هەر خێرا ئەمە بە بینین سەلما، ئەوەتا گەردوونناس ئیدوین هەبل (Edwin Hubble) لە میانەی شیکردنەوەی بۆ ئەو تیشکەی کە لە کۆمەڵە (مجرة) دوورەکانەوە دەردەچن، ئەوەی دۆزییەوە کە

هەموو ئەو کۆمەڵانەی کە دەتوانرێت ببینرێن، لە یەکتری دوور دەکەونەوە.

ئا ئەمە یەکەم کلیلی تێگەیشتن بوو بۆ تێگەیشتن لە نهێنییەکانی مێژووی گەردوون. خۆ ئەگەر کۆمەڵەکان هەنووکە لە یەکتری دوور بکەونەوە، کەواتە دەبێت لە ڕابردووی دووردا یەک پارچە بووبێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گەردوون سەرەتایەکی هەیە و ئەزەلی نییە. ئیدی ئەو دۆزینەوانەی کە ئەم ڕاستییەیان دەسەلماند بە دوای یەکدا هاتن، ئەوەتا فیزیای ئەتۆمی ئەوەی سەلماند کە هەموو ڕەگەزە قورسەکان لە گەردووندا لە هایدرۆجین پێکهاتووە لەناو هەسارەکاندا، ئەمەش واتە گەردوون –هەمووی بەنزیکەیی– لە سەرەتادا لە هایدرۆجین پێک هاتووە، ئەمەشیان هەر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گەردوون سەرەتایەکی هەیە.

لە ساڵی ١٩٤٨یشدا زانای فیزیایی، جۆرج گامۆف (George Gamov) دەڵێت خودی گەردوون لە کشانێکی سەرەتایی ماددەوە دروست بووە، کە ناوی ناوە تەقینەوە گەورەکە، ئەو پێشبینییەی گامۆف بە هەڵپەسێرراوی مایەوە تا کۆمەڵێک بەڵگەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا دۆزییەوە کە جەخت لە تیۆری تەقینەوە گەورەکە دەکاتەوە، بەمەش زانایان پشتبەست بە خێرایی فراوانبوون لە گەردووندا تەمەنی گەردوون لە ١٢ بۆ ٢٠ ملیار ساڵ دیاری بکەن[١].

هەروەک چۆن دۆزینەوەی یاسای دووەمی دینامیکیی گەرمی بە شێوەیەکی گومانبڕ ئەوەی سەلماند کە جیهانی ماددی ئەزەلی نییە، بەڵکوو جیهانێکی دروستکراوە[٢].

هەروەها یەکێکی تر لە بەڵگەکانی تری ئەزەلیبوونی گەردوون کە دەڵێت ماددە لەناو ناچێت، گرنگیی خۆی لەدەست دا، پاش ئەوەی زانستی نوێ لەناوچوونی زۆرێک لە ماددەکانی سەلماند، بەتایبەت ئەو مادانەی کە وزەیەکی تیشکدەرەوەیان هەیە، وەک ڕادیۆم و یۆرانیۆم، چونکە سەلماوە کە گەردیلەی ئەو دوو ماددەیە بە شێوازێکی سروشتی تیادەچێت[٣].

بەو شێوەیە ئەگەر ماددە نائەزەلی بێت، پێویستە شتێکی ئەوتۆ بەردەوام هەبووبێت، چونکە ئەگەر بەڕەهایی شتێک لە پێشتردا نەبووبێت، ئەوا ناکرێت

---

(١) روبرت م. أغروس، جورج ن. ستانسیو، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١–٦٣.

(٢) سعدالدین السید صالح، العقیدة الإسلامیة فی ضوء العلم الحدیث، الجزء الأول، ط٢، (القاهرة: دار الصفا للطباعة والنشر ١٩٩١)، ص٩٤–٩٥.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

ئێستاش هەبێت، چونکە نەبوون تەنها نەبوون بەرهەم دەهێنێت، هەروەک چۆن سفر ناتوانێت یەک بەرهەم بهێنێت.

بەو پێیەشی ناکرێت گەردوونی ماددی ئەو شتە بێت کە بەردەوام هەبووە، چونکە ماددە سەرەتایەکی هەیە کە بۆ پێشتر لە ١٢ بۆ ١٤ ملیار ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەوە واتای ئەوەیە کە ئەو شتەی کە بەردەوام هەبووە، شتێکی نامادییە. وا دیارە تاکە حەقیقەتی نامادییش بریتییە لە ئاوەز، خۆ ئەگەر ئاوەز تاکە شتێک بێت کە بەردەوام هەبووبێت، ئەوا پێویستە ماددە ئەفرێنراوی ئاوەزێکی ئەزەلی بێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی بوونەوەرێکی ئاوەزمەند و ئەزەلی کە هەموو شتەکانی دروست کردووە. ئەو بوونەوەرە خودا (الله)یە[1] –پاک و بێگەردی بۆ ئەو–.

لەپاڵ دارمانی بەهێزترینی گریمانەکانی تێڕوانینی ماددی، کە بریتییە لە بانگەشەکردنی ئەوەی ماددە ئەزەلییە، گریمانەکانی تریشی لە زۆر شتی تردا لێدانی هاوشێوەی بەر کەوتووە، ئەمەش وای کردووە کە ئاوابوون و بەسەرچوونی بەدوور نەزانرێت[2].

---

(١) روبرت م. أغروس، جورج ن. ستانسیو، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢–٦٥.

(٢) گریمانەی تێڕوانینی ماددیی کۆن، کە دەڵێت هیچ شتێکی نامادی لە گەردووندا نییە، لەبەردەم بەڵگەکانی هەردوو تیۆری ڕێژەیی و میکانیکیەتی ڕێژە (quantum) شکستی هێنا، لەسەر تەوەریبوونی ئاوەز تەنانەت لە بواری فیزیاشدا، هەروەک چۆن گەورەزانایان لە باسی دەمارەکاندا پەردەیان لەسەر ئەو بەڵگانە لادا کە سەربەخۆیی ئاوەز و ئەستەمبوونی گێڕانەوەی بۆ ماددە –وەک ئەوەی لە دیدی کۆندا هەبوو– دەسەلمێنن، لە دەروونزانییشدا جوولەیەک هەیە کە هەمان دەرئەنجامی هەیە، کە بریتییە لەوەی کە ئاوەز لەپێش ماددەوەیە.

– بڕوانە: روبرت م. أغروس، جورج ن. ستانسیو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥–٩٣.

– هەروەک چۆن وێناکردنی شتەکان بەوەی کە لە چەند تەنێکی ماددی پێک هاتوون، هاوشێوەی تۆپی بچووکی بلیارد و ئەو تەنانەش لە مەیدانێکی بۆشایی (شوێنێک) و لە جیهانێکی زەمانیدا چالاک دەبن و هەموو تەنەکانیش ملکەچی هەمان یاساگەلی زانستین، وەک یاسای نیوتن بۆ جوولە و یاسای پاراستنی وزە، گەردوونیش جگە لە ئامرازێکی زەبەلاحی پێکهاتوو لە چەندین تەنی فیزیایی، کە بەشەکانی پەیوەندییەکی میکانیکی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، هیچی تر نییە. هەموو ئەو بیروباوەڕانەی باس کران، لەلایەن خودی زانایانی سروشتەوە دووچاری ڕەتکردنەوە بوون. ماددە وەک دەرکەوتووە، لە چەند یەکەیەکی نەبینراو، یان ڕەنگە تەنها گریمانەکراو پێکدێت، کە بە ئەلیکترۆنەکان ناو دەبرێن، کە لەناو زەرەدا ملکەچی یاساکانی نیوتن نابن، ئەمەش وەک یاخیبوونێکی بێپێشینە دەرکەوت. هەروەها وای لێ هات ئەستەم بێت ماددە لەسەر وێنەیەک وێنا بکرێت کە لەگەڵ هەر شتێکی ناو شارەزایی مرۆییدا بێت، جا لەسەر ئاستی خوار زەرە بێت، یان شتێک بێت کە مرۆڤ بتوانێت ناوی لێ بنێت «ماددە». هەروەها وای لێ هاتووە زانایان بتوانن بڵێن تەنانەت حەقیقەتیش بۆ بیرۆکە دەگۆڕێت، ئەگەر مرۆڤ بەوپەڕی توانای خۆیەوە بەدوایدا بچێت. برتراند ڕاسڵیش تێبینیی ئەوەی کردبوو کە ماددە بووە بە شێوەیەک بۆ وێناکردنی ئەوەی کە ڕوو دەدات. هەروەک چۆن کات و شوێن و ماددە بوون بە وەهمێک کە ئاوەزی مرۆیی وێنای دەکات، پاش ئەوەی تیۆری ڕێژەیی ئەوەی سەلماند کە کات و شوێن ڕێژەیین، ڕەگە ئەو وەهمانەش دوور نەبوون لە

بەگشتی ئەو تێڕوانینە زانستییە نوێیە –کە لە ڕێگەدایە بۆ جێگرتنەوەی تێڕوانینە ماددییەکە– مژدەی گەڕانەوە بۆ باوەڕبوون بە خوای تاکانە لە ئایندەدا دەدات، ئەمە وێڕای دووبارە جەختکردنەوە لە لایەنی ڕۆحیی سروشتی مرۆڤ. ئەمەش کاتێک دەبێت کە ئەو تێڕوانینەی کە ئایندەیەکی پرشنگدار چاوەڕێیەتی، دەتوانێت جێی ئەو تێڕوانینە ماددییە بگرێتەوە کە پلەبەپلە لە پاشەکشەدایە، چاوەڕوانیش دەکرێت هەموو کێڵگەکانی مەعریفەی مرۆڤ، هاوشێوەی فیزیای کۆن، کە بۆ ئەوەی دواجار خۆی لەگەڵ فیزیای نوێدا بگونجێنێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە خۆیدا کردووە، ئەوانیش هەمان ڕێگە بگرن و قایل ببن بە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی کە لەو خۆگونجاندنە دەکەونەوە، چونکە یەکەمایەتیی ئاوەز تێڕوانین و ڕۆشناییەکی نوێ بە هەموو زانستەکان دەبەخشێت، تێڕوانینە نوێیەکەش مژدەی ڕزگارکردن و ڕۆشنکردنەوەی هەموو کێڵگەکانی مەعریفە[1] لە کۆتوبەند و تاریکییەکانی ماددەگەرایی دەدات.

دووەم: بەڵگەنەویستی سەرەکی لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا بریتییە لە خودای تاکانەی هەژموونکار

ئەگەر کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لەسەر بەڵگەنەویستی «نەبوونی خودایەکی کارا لە گەردووندا» وەستاوە، ئەوا کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی بەڵگەنەویستێکی تەواو پێچەوانەوەی ئەوە دەکاتە سۆنگەی خۆی، ئەویش ئەوەیە کە «ئەم گەردوونە تاکە

تەجریدە گونجاوەکان، نەک حەقیقییەکان، تەجریدی مەعریفەی زانستی.

– بڕوانە: ڕونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب٤، ل١٠٤–١٢٠.

– خۆ ئەگەر تێڕوانینی ماددیی کۆن پێی وا بووبێت کە ناتوانرێت ئامانجی جوولەی سروشتیی شتەکان بدۆزرێتەوە، چونکە ماددە ناتوانێت ئامانجێکی هەبێت، ئەوا تێڕوانینی نوێ بەڵگە لەسەر ئەوە دەهێنێت کە ژیان بەڕێکەوت نەهاتووە، بەڵام بارودۆخێکی دیاریکراو هەیە کە ژیان دەیخوازێت، کە لەم گەردوونەدا هەیە و ساتی بوونەکەی تێدا پێک هێناوە. کەواتە تایبەتمەندییەکانی ماددە لەسەر بچووکترین ئاست و لەسەر ئاستی هەموو گەردوون زۆر بەباشی بۆ ژیان گونجاون و لەسەر ئەمە نەک بەڵگەی زۆر هەیە، بەڵکوو ڕوودانی کەمترین زیاکردن یان کەمکردن لە ڕێژەیەکی جێگیردا وا لە ژیان دەکات لە هەموو بارێکدا شتێکی ئەستەم بێت، هەر بۆیە تێڕوانینی نوێ جارێکی تر بۆ باوەڕبوون بە بوونی ئاوەزێک سەر دەکێشێت کە هەموو گەردوون و یاسا سروشتییەکانی و هەموو تایبەتمەندییەکانی ماددە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئاڕاستە دەکات.

– ڕوبرت م. أغروس، جورج ن.ستانسیو، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

– بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی شکستهێنانی وتەکانی تێڕوانینی ماددییەوە، بڕوانە:

– جعفر شیخ إدریس، «الأسس الفلسفیة للمذهب المادی»، مجلة المسلم المعاصر، العدد الثامن، شوال– ذو القعدة – ذو الحجة ١٣٩٦، أکتوبر نوفمبر – دیسمبر ١٩٧٦، ص١١–٢٦.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

ئەفرێنەرێکی هەیە، کە بااڵدەستیی بەسەر هەموو شتەکانیدا هەیە.» بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەوەی کە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی ئەم بەڵگەنەویستە دەکات بە سۆنگەی خۆی، ئەوە بەسە کە ئاماژە بەوە بکەین کە وشەی «ئیسلام» لە ڕووی زمانەوانییەوە واتە «خۆڕادەستکردن و ملکەچبوون[1] بۆ خوای ئەفرێنەری بەرز و بااڵ، ﴿أَفَغَيۡرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبۡغُونَ وَلَهُۥٓ أَسۡلَمَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ طَوۡعٗا وَكَرۡهٗا وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ﴾[2]، واتە: «ئایا ئەوانە بێجگە لە ئایینی خوا ئایینێکی تریان دەوێت! لە کاتێکدا کە هەر چی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بە ڕەزامەندی بێت یان بەناچاریی تەسلیم و ملکەچی پەروەردگارن، هەموانیش هەر بۆ الی ئەو دەگەڕێنەوە.» لەبەر ئەوەشی کە خوای گەورە هەر خۆی ئەفرێنەر و دروستکەرە لە نەبوونەوە، شتێکی بەڵگەنەویستە کە هەر ئەویش فەرمان و هەڵسوکەوتی بۆ هەبێت لەمەڕ ئەفرێنراوەکانی، ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾[3]، واتە: «ئاگادار بن و بزانن و تێفکرن کە هەر چی دروستکردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە«، هەروەها هیچ شتێک بەسەر کوڵک و دەسەاڵتەکەیدا ڕوو نادات بە ویستی خۆی نەبێت، کە هیچ ویستێک لە سەرووبەوە نییە، بە هەموو بچووک و گەورەیەکی پەیوەست بە کاروباری ئەفرێنراوەکانیەوە لە نەوەی ئادەم، چونکە هەر ئەو ئەندازەگیریی بوونیانی لەم دونیایەدا کێشاوە و هەموو پایەکانی ئەو بوونەشی بۆ ڕەخساندوون، ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ﴾[4]، واتە: «ئایا سەرنجتان نەداوە کە بەڕاستی هەر چی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەر هەمووی خوا بۆ خزمەتی ئێوەی دروست کردووە و ملکەچی کردووە، هەروەها بەفراوانی نازونیعمەتی ئاشکرا و پەنهانی بەسەردا ڕژاندوون.»

بەو پێیەشی کە هەموو شتێک لە بوونداً حیکمەتێکی تێدایە کە وای کردووە بهێنرێتە دی، هەروەک چۆن لە زۆر دیاردەی گەردوونیی دەوروبەرمان دەبینین، ﴿إِنَّا كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٖ﴾[5]، واتە: «بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازە و نەخشەی دیاریکراو دروست کردووە«، ئەوا ئەو ئەفرێنەرەی بە جوانترین شێوە هەموو شتێکی دروست کردووە و ئەفراندوویەتی، خۆی دەیزانێت، ﴿رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ

(١) مجمع اللغة العربية، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

(٢) (آل عمران: ٨٣).

(٣) (الأعراف: ٥٤).

(٤) (لقمان: ٢٠).

(٥) (القمر: ٤٩).

هَٰذَا بَٰطِلٗاسُبۡحَٰنَكَ﴾[1]، واتە: «پەروەردگارا، تۆ ئەم هەموو دروستکراوانەت بێهووده و بێئامانج دروست نەکردووە، پاکی و بێگەردی شایستەی تۆیە»، ناچێت بە ئاوەزدا کە ئەو خودایە مرۆڤی ئەفراندبێت و هەموو ئەوەی لەسەر زەوییە بۆی ڕام کردبێت، بەبێ ئەوەی هۆکارێک لەپشتی ئەمەوە هەبێت، ﴿أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ. فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ﴾[2]، واتە: «ئایا گومانتان وا دەبرد کە بەڕاستی ئێمە ئێوەمان بەبێ مەبەست دروست کردووە و ئێوە بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە! بەرزی و بڵندی بۆ خوا، پاشای ڕەوای حەق، هیچ خوایەک نییە جگە لەو زاتە خاوەنی عەرشی شکۆدار و بەڕێزە.»

خۆ ئەگەر دان بە پێویستیی بوونی هۆکارێک بۆ ئەفراندنی مرۆڤ لەلایەن خودای بەرز و بااڵوە لەم ژیانەدا بنێین، ئەوا دانایی و بەزەیی ئەو ئەوەی لێ دەخوازێت کە مرۆڤ بە هۆکاری ئەو ئەفراندنەی ئاشنا بکات. هەر بەکردەییش خوای پاک و بێگەرد لە کتێبەکانیدا و لەسەر زاری پێغەمبەرانی ئەوەی ڕوون کردووەتەوە،﴿وَمَا خَلَقۡتُ الۡجِنَّ وَالإِنسَ إِلا لِيَعۡبُدُونِ﴾[3]، واتە: «بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەرم بن.» هەروەک چۆن دانایی ئەو زاتە بێگەردە ئەوەی خواستووە کە هۆکاری دروستبوونیان ڕوون بکاتەوە، کە پەرستشە، هەر ئەو داناییە ئەوەش دەخوازێت کە باشترین شێوازی جێبەجێکردنی ئەو عیبادەتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، بۆیە خوای گەورە ئەوەی لە کتێبەکانیدا باس کردووە و لە ڕێگەی پەیامبەرانیەوە فێری مرۆڤی کردووە.

بەو پێشەشی مرۆڤ بەو فیترەتەی خۆی، کە خوا لەسەری گۆشی کردووە، بە بوونەوەرێکی کۆمەاڵیەتی ئەفراندوویەتی، بۆیە گرنگیدانی خوای پاک و بێگەرد بە بەندەکانی ئەوەی لێ دەخوازێت کە باشترین ڕێبازیان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە یارمەتیدەریان بێت بۆ بوونێکی کۆمەاڵیەتیی یارمەتیدەر بۆ تاکەکانی و ڕێگرییان نەکات لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستەی لە پێناویدا هاتوونەتە بوون، کە پەرستشە، ﴿لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا﴾[4]، واتە: «بۆ هەر الیەکتان (موسوڵمانان و خاوەنانی کتێب) بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەتمان بڕیار داوە.»

ئەمەش بۆ پاراستنی ئاوەز لە الدان و هەڵە، ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسۡتَقِيمٗا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا

(١) (آل عمران: ١٩١).

(٢) (المؤمنون: ١١٥، ١١٦).

(٣) (الذاريات: ٥٦).

(٤) (المائدة: ٤٨).

تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾[1]، واتە: «بێگومان ئەمەی کە باس کرا، ڕێبازی منە کە ڕاستە، دە ئێوەش شوێنی بکەون، (دەهەم) شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون، چونکە جیاتان دەکاتەوە لە ڕێبازی خوا، ئەوەش پەروەردگارتان فەرمانی پێ کردوون، بۆ ئەوەی خواناس و پارێزکار بن.»

بەو پێیەشی خەڵکی –هەروەک چۆن لە دنیادا دەیبینین– بەشبەشن، هەیانە ئیماندار و هەیانە بێباوەڕ و هەیانە یاخی و هەیانە ستەملێکراو و هەشیانە ستەمکار... هتد، بۆیە هەموو ئەمانە ئەوە دەخوازن کە ژیانێکی تر هەبێت کە تێیدا خودای ئەفرێنەر پاداشتی ئەو چاکەکارە بداتەوە کە پابەند بووە بەو مەبەستەوەی کە لە پێناویدا هاتووەتە بوون، کە «پەرستشی پوخت و بێخەوشە بۆ خودا»، هەروەها سزای هەموو ئەوانە بدات کە پابەند نەبوون بە ملکەچی و گوێڕایەڵییەوە و کاروباری خۆیان ڕادەستی پەروەردێن و ئەفرێنەری خۆیان نەکردووە و گوێیان بە هۆکاری بوونی خۆیان لەم دنیایەدا نەداوە.

ئا ئەمانە هەندێک سیمای خێرای بەڵگەنەویستی سەرەکیی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی بوون، کە دوو دەرئەنجامی لۆژیکییان لێ دەکەوێتەوە، کە وەک دوو بەڵگەنەویستی لاوەکی وان، یەکەمیان: ئەوەیە کە چاودێری و گرنگیدانی خوای بەرز و بێهاوتا بە ئەفرێنراوەکانی، هەروەها ئەو هۆکارەی لە پێناویدا دروستی کردوون، ئەوەی خواستووە کە پێغەمبەران بنێرێت و ئەو کتێبانە دابەزێنێت کە چۆنێتیی پەرستش و شێوازی بەرپاکردنی ژیانێکی مرۆییان فێر بکات، کە لە هەموو ڕێبازەکانیدا خزمەتی ئەو مەبەستە بکات.

ئەمەش واتای ئەوەیە کە پێویستە کۆمەڵگەی بە هەموو دامەزراوە سیاسی و ڕاگەیاندنی و جۆرەکانی تریەوە لە سایەی ئەو مەبەستە بالاێدا پێک بێت، تا تاکەکانی بتوانن بە باشترین شێوە بەدیی بهێنن.

دەرئەنجامی پێویستیی دووەم بریتییە لە بەرپاکردنی ژیانێکی تر، کە تێیدا گوێڕایەڵ پاداشت بکرێت و یاخییش سزا بدرێت، ئەمەش واتە پێویستە مەبەستی مرۆڤی موسوڵمان لەم دنیایەدا بریتی بێت لە گوێڕایەڵیی خوای بەرز و بێگەرد بەو شێوەیەی کە ڕازیی بکات. ئەو ڕەزامەندییەش بریتییە لە کلیلی بەختەوەریی هەمیشەیی لەو بەهەشتە نەبڕاوەیەدا کە خوادا بۆ بەندە باشەکانی ئامادەی کردووە.

قورئانی پیرۆزیش، بەڵگەنەویستە سەرەکییەکەی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی و ئەوەی

---

(١) (الأنعام: ١٥٣).

لێی دەکەوێتەوە، بەم شێوەیە کورت کردووەتەوە، ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُدَبِّرُ الأَمْرَ مَا مِنْ شَفِيعٍ إِلا مِنْ بَعْدِ إِذْنِهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ أَفَلا تَذَكَّرُونَ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا وَعْدَ اللَّهِ حَقًّا إِنَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ بِالْقِسْطِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ شَرَابٌ مِنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ﴾[1]، واتە: «بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە ئەڵڵایە، ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە، لەوەودوا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستا (هەڵبەتە چۆنێتیی وەستان و تەختی فەرمانڕەوایەتی و گەلێک شتی لەو بابەتانە لە ڕادەی بۆچوونی ئێمە بەدەرە، تەفسیری ئەم ئایەتەیان لە پێشەوا مالیک و ئەحمەد پرسیوە، لە وەڵامدا وتوویانە وەستانەکە حەقیقەتی هەیە، چۆنیەتییەکەی شاراوەیە، پرسیارکردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕبوون پێی واجبە)، هەر خۆیشی پلانی هەموو شتێک دادەنێت و هەموو شتێک ڕێک دەخات، هیچ کەس نییە شەفاعەتخواز و تکاکار بێت، مەگەر دوای مۆڵەتی ئەو زاتە، ئەو خوایە پەروەردگارتانە، کەوابوو بیپەرستن، جا ئایا بۆچی یادەوەری وەرناگرن و بیر ناکەنەوە! گەڕانەوەی هەر هەمووتان بۆ لای ئەو زاتەیە، بەڵێنی خوا هەمیشە ڕاستە و دروستە و نەگۆڕە، بەڕاستی خۆی سەرەتا دروستکراوان بەدی دەهێنێت و دواییش وەک خۆیان لێ دەکاتەوە (تا لە قیامەتدا) ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە بە دادپەروەری پاداشتیان بداتەوە، ئەوانەش کە بێباوەڕ بوون خواردنەوەی لە کوڵ و سزای بەئێش و ئازاریان بۆ ئامادەیە بە هۆی ئەوەی کە باوەڕیان پێ نەدەکرد.»

لە کۆتایی تاووتوێی ڕەخنەییانەی پایەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی، کە تەواو دژ دەوەستنەوە لەگەڵ بەڵگەنەویستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی، دەگەینە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

ئـ. شێوازی حوکمدان بە نەبوونی خودا، کە پایەی بنەڕەتییە لە بەڵگەنەویستی سەرەکیی «نەبوونی خودایەکی کارا»، پشتبەست بەو پێدراوانەی کە توێژینەوەی زانستیی ماددی خستوویەتیە ڕوو –کە خودی توێژینەوەی زانستی ماددی لەم سەدەیەدا پووچەڵبوونی سەلماندووە–، لە جەوهەردا لە دوو ڕووەوە لەسەر لۆژیکێکی هەڵە بونیاد نراوە:

– گەڕان بەشوێن خودادا لە ڕێگەی توێژینەوەی ماددییانەوە، کە دیارە هەر چەندە تەکنەلۆژیا ئامرازی پێشکەوتوو بخاتە بەردەستمان و چەندین ملیۆن ساڵ

(١) (یونس: ٣، ٤).

لە گەڕان بەشوێن خودایەکی نامادیدا بە شێوازی ماددییانە سەرف بکەین، هیچ سوودێکی نابێت.

– دەرچوون لە لۆژیکێکی پووچ و بێبنەماوە بۆ حوکمدان بە نەبوونی خودا، کە بریتییە لە «نکوولێکردنی شتێک کە ناتوانین بیسەلمێنین»، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە سادەترین ڕێساکانی لۆژیکیی دروست وا دەخوازێت کە بڕیاردان لەسەر بوونی هەر شتێک هەڵپەسێردرێت، تا بە بەڵگەی دژنیاکەرەوە، بوون و نەبوونی ئەو شتە یەکلایی دەکەنەوە.

بەو شێوەیە پووچی و داڕووخانی ئەو پایانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لە نکوولێکردنی بوونی خودایەک بۆ ئەم گەردوونەدا پشتیان پێ بەستووە، هەروەک چۆن، ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت، پووچی و داڕمانی ئەو بانگەشەیەمان بۆ ڕوون بووەوە، کە دەڵێت دەکرێت خودایەک هەبێت، بەڵام ناکارا بێت، کاتێک باسی بەڵگەکانی کارایی ئەفرێنەر دەکەین لە خستنەڕوومان بۆ بەڵگەنەویستی سەرەکی لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا، هەروەک چۆن ناماقوڵیەتیی قسەی ئەوانەمان بۆ ڕوون بووەوە کە هەندێک باوەڕی ئایینییان مابوو، کە بانگەشەی دەستوەرنەدانی ئەفرێنەر دەکەن لە کاروباری کۆمەڵایەتیی بەندەکانیدا و تەنها پەیوەندیی بە پەیوەندییە کەسییەکانییان بەوەوە هەیە. کەواتە هەموو ئەم وتانە لەسەر بنەمایەکی هەڵە دامەزرێنراون و لەگەڵ ئەو بنچینەیەدا دژ دەوەستنەوە کە گشت وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیی لەسەر هەڵچنراوە.

لە سۆنگەی ئەوەی باس کرا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێویستمان بەوە نییە تاووتوێی ڕەخنەییانەی وتەزاکانی تری کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و ئەو وتەزا کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنییانەش بکەین کە لەسەریان دامەزراون بۆ سەلماندنی دروستی و نادروستییان، چونکە هەر شتێک لەسەر بنەمایەکی ناساغ و نادروست یان لانی کەم قەبوولنەکراو هەڵبچنرێت، بە شێوەیەکی بەڵگەنەویستانە نادروست یان لانی کەم قەبوولنەکراوە.

هەر چی ئەوەیە کە ئەم تۆێژینەوەیە هەوڵی دۆزینەوەی دەدات لە تاووتوێکردنی ئەو وتانەدا، جا ئەوانەیان بێت کە بە بەڵگەنەویستە لاوەکییەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی یان مەبەستەکانیەوە پەیوەستن، یاخود ئەوانەی پەیوەست بن بەوانەی سیما گشتییەکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییە پێک دەهێنن کە ئەو کۆزمۆلۆژیایە هێناویەتە بەرهەم، بۆیە لە بنەڕەتدا بریتی دەبێت لە ڕوونکردنەوەی ڕووەکانی ئەو ناڕێکی و کەموکوڕتییەی کە ئەو وتانە هەیانە، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو ناڕێکی و کەموکوڕییانە لەسەر ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن کە لە سایەیاندا دروست بوون.

داخوازی دووەم: بەڵگەنەویستی «نەبوونی حەقیقەتێکی بااڵی ڕەها»

بەبەڵگەبوونی ئەو سەرچاوەیەی کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن – ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەشی لێی کەوتووەتەوە- وتەزاکانیانی لێ وەردەگرن، بە شێوەیەکی خۆکردی بەبەڵگەبوونی خودی ئەو فەلسەفانەی لەسەر وەستاوە، چونکە بە ئەندازەی شایستەیی ئەو سەرچاوەیەی بە گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان و بە ئەندازەی پەیبردنی بە سروشتی پەیوەندیی نێوانیان بە شێوەیەک کە هیچ کەموکوڕییەکی نەبێت، بە هەمان ئەندازە دەتوانێت بونیادێکی هزریی وا بەرپا بکات کە متمانە بە ساغێتی و گونجاندنی بۆ جێبەجێکردنی بکرێت.

لێرەدا گفتوگۆی سروشتی ئەو سەرچاوەیە دەکەین کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییانەی هێناویانەتە بوون، هەموو وتەزاکانی خۆیان لێوە وەرگرتووە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستی گونجاوی و ساغیی ئەو بنچینەیەی کە ئەو فەلسەفانە بونیادی خۆیانی لەسەر هەڵدەچنن.

بێگومان گرنگترین دەرئەنجام کە لەو بەڵگەنەویستە سەرەکییە بکەوێتەوە کە بە پێشەکیی بنچینەیی کۆی ڕشتەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی دادەنرێت، خۆی لەو بەڵگەنەویست یان پێشەکییە لاوەکییەدا دەبینێتەوە کە دەڵێت «بانگەشەی بوونی سەرچاوەیەکی مەعریفیی سەربەخۆ لە سەرچاوەی مەعریفیی مرۆڤ ڕاست نییە.»

هەر چی ئەوەشە کە گوایە خودا داوای کردووە کە بە شێوازێک مامەڵە بکەن کە لە کتێبە دابەزێنراوەکانیدا هاتووە و لە ڕێگەی کڵێساکانیەوە، ئەوە درۆ و هەڵبەستراوە، یان –ئەگەر گومانی باش ببرێت- خەیاڵێکە کە سەرچاوەکەی نەزانییە، کە قەشەکان خەڵکیان پێ ترساندووە، یان -لانی کەم- بۆیان ڕازاندوونەتەوە، بۆ ئەوەی بیانترسێنن و دواتر دەسەڵاتیان بەسەریانەوە بمێنێت[1]، هەر بۆیە مرۆڤ جگە لە پشتبەستن بە توانا ئاوەزییەکانی لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا وەک باشترین بژاردەیەک کە بۆی دیاریکراوە، هیچ بژاردەیەکی تری لە بەردەمدا نییە.

هەروەک چۆن ئاوەزی پۆزەتیڤیزم باوەڕهێنانی بەوەی کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە، وەک سەرچاوەیەکی بااڵی حەقیقەت، ڕەت کردەوە، بە هەمان شێوە متمانەکردنیشی بەو مەعریفانە ڕەت کردەوە کە لەسەر بیرکردنەوەی میتافیزیکی یان تەئەمولی بونیاد نرابوون، کە فەیلەسووفە مەدرەسییەکان تێیدا قاڵ ببوونەوە. هەروەها ئاوەزی ڕۆژئاوایی، جگە لە کەتواری هەستپێکراو، متمانەی بە هیچ

(١) کارل بیکر، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

سەرچاوەیەک بۆ دەستخستنی حەقیقەت نەبوو، جا لە دۆخی ئێستایدا بێت، یان هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتەوە کە دەبینرێن، جا سروشتی بن یان مرۆیی، یاخود ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە ئەو کەتواڕە لە ڕابردوودا وەریگرتووە، واتە کەتواری مێژوویی، کە وا دەکات تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەک کە دیراسە بکرێت، تێگەیشتنێکی قوواڵتر بێت و یارمەتیدەریش بێت بۆ پێشکەشکردنی تێگەیشتنێک بۆ ئەو دیاردانەی کە هەن، یان لە داهاتوودا دێنە پێش.

بەکورتی دەتوانین بڵێین دوو سەرچاوە ڕاستەکەی مەعریفە –لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا- بریتین لە «سروشت و مێژوو»[1]. ئاوەزیش ئامرازی دۆزینەوەی مەعریفەیە لێیان، بۆیە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە هەوڵی تێگەیشتنیان لە سروشت دەدا –بە سروشتی مرۆییشەوە، بەو پێیەی بەشێکە لە گەردوونی سروشتی–، جێگەی بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی تەئەمولییانەی گرتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوە لە مێژوو لە هەوڵدانی بۆ فەراهەمکردنی زانستێکی گشتگیر و فەراهەمکردنی دڵنیایی (الیقین)، جێگەی لاهووتی گرتەوە، ئەو لاهووتەی پێشتر لێکۆڵینەوەی تەواوی بۆ مێژووی مرۆیی و سروشتی پێشکەش دەکرد[2].

لە سایەی پشتبەستن بە ئاوەز، وەک تاکە ئامرازی گەیشتن بە حەقیقەت و لە سایەی کورتهەڵهێنانی سەرچاوەکانیدا لە سروشت و مێژوودا[3]، هەروەها لە سایەی ڕەتکردنەوەی بوونی ژیانێکی تر، وەک مەبەستێک کە مرۆڤ هەوڵی بەدیهێنانی بدات، بە بەرپاکردنی ژیانێکی خودی و کۆمەڵایەتی کە یارمەتیدەری بێت بۆ گەیشتن بەو مەبەستە. لە سایەی هەموو ئەمانەوە بونیادی هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم داڕێژراوە، کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن بەشێکی دانەبڕاون لێیان.

لێرەدا هەموو ڕەخنە و کەموکووڕییانە دەخەینە ڕوو کە ڕووبەڕووی ئەو دوو سەرچاوەیە (سروشت و مێژوو) دەبنەوە،کە هەروەها دووچاری ئاوەز دەبنەوە،

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤. هەروەها: كارل يسبرز، نهج الفلسفة، ترجمة عادل العوا، (القاهرة: دار الفكر العربى، ب ت)، ص٥٢.

(٢) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

(٣) ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر چەمکی «مەعریفە» دەبێت، کە لای یۆنسکۆ و هەموو دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان دانی پێدا نراوە، کە دەڵێت: «مەعریفە هەموو ئەو شتە زانراوانەیە کە هەستپێکراو و ئەزموونکراون»، بەو پێیە هەر شتێک کە پەیوەست بێت بە خودا و ڕۆژی دوایی و پێغەمبەرانەوە، هیچیان بە زانست دانانرێن، بۆیە کاتێک باشی ئەو شتانە دەکەن، دەیانخەنە ڕیزی شتی پڕوپووچ (الخرافة)، یان ئەفسانەوە و بە زانستی دانانێن.
- طه جابر العلوانى، الأزمة الفكرية المعاصرة: تشخيص ومقترحات علاج، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١-٣٣.

که ئامرازی بەدەستهێنانی حەقیقەتە لەو دوو سەرچاوەیەوە، بە شێوەیەک کە وا دەکات هەر بونیادێکی هزری کە تەنها پشت بە سێکوچکەی «ئاوەز، سروشت و مێژوو» ببەستێت، دووچاری ناڕێکی و کەموکورتی ببێتەوە.

١. سروشت (کەتواری هەستپێکراو)

چەمکی «سروشت» یان کەتواری هەستپێکراو بەو ڕوونی و سادەییە نەما کە لە سەردەمی سەروەریی زانستی نیوتندا لێی دەڕوانرا، بەڵکوو ئەو کەموکورتییە لەسەر دەستی خودی زانستی سروشت لە سەدەی بیستەمدا، بە هۆی تیۆری ڕێژەیی و تیۆری چەندێتییەوە (نظرية الكم)، ڕەوایەوە، چونکە وای لێ هات کە هەر شتێک لە میانەی توێژینەوە لە سروشت پێی بگەیت، جۆرێک بێت لە مەعریفەی ڕێژەیی نەک ڕەها.

ئەم ئاڕاستە نوێیەی زانستی سروشتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردە سروشتییەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر زانستە مرۆییەکان هەبوو و وای لێ هات کە پێویست بکات هەر زانایەک لە هەر بواریکدا بێت، ئەوە بزانێت کە گریمانە تیۆرییەکانی ڕەها نین، واتە حەقیقەت نین، بە پێی ئایین یان زۆرینەی فەلسەفە ڕۆژئاواییەکان[1]، واتە بەکورتی شتێک نەما ناوی حەقیقەتی ڕەها بێت، بەڵکوو حەقیقەتگەلێکی ڕێژەیی هەیە و بیرۆکەی زاناکان و تیۆرەکانیان –هەروەک چۆن شیکارە وردەکارییەکان و توێژینەوە مێژوییەکان دەریانخستووە- زۆربەیان سروشتێکی خودییان هەیە، چونکە هەر زانایەک تەنها کەتوار بە شێوازەکەی خۆی شی ناکاتەوە –کە بژاردە و دڵخوازەکانی خۆی تێدا جێ بکاتەوە-، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە بە بیرۆکەگەلێکەوە دەست بە کارەکەی دەکات کە لە زەینی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە[2].

لە کەتواردا پێش دۆزینەوەکانی سەدەی بیستەم چەندین فەیلەسووف و بیرمەند هەن کە هێرشیان کردووەتە سەر ئەو قسەیەی کە دەڵێت بونیادێکی سروشتیی جێگیر هەیە و دەتوانرێت بدۆزرێتەوە و بە پێی ئەو بونیادە هەنگاو بنرێت. دیارترینی ئەو فەیلەسووفانە: دەڤد هیوم، ئیمانوێل کانت کە لە کتێبەکەیدا

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣.

بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی کۆتایی حەقیقەتی ڕەهاوە لە زانستدا، بڕوانە:

– عبد السلام محمد بنعبد العالی، محمد سبیلا (إعداد وترجمة) الحقيقة، سلسلة نصوص فلسفية مختارة (٤)، (الدار البيضاء: دار توبقال للنشر، ١٩٩٣)، ص٧٨–٧٩.

(٢) أ. م. بوشنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

(نقد العقل الأصيل) دەڵێت ئەو بونیادەی کە ناگۆڕێت و خەڵکی بڕوایان وایە کە ئەوان لە سروشتدا دۆزیویانەتەوە، ئەوە ئاوەز سەپاندوویەتی بەسەر ئەو زانیارییە هەستییانەی کە لە حەقیقەتەوە وەریگرتوون و خودی سروشتیان پێ جیا ناکرێتەوە. هەروەها هنری برجسون ئەوەی بەڕاست نەزانی کە حەقیقەت سیستمێکی سروشتیی جێگیر بێت، بەو پێیەی حەقیقەت سیستمێکی سروشتیی جێگیرە، ئەو بڕوای وایە کە گۆڕان نەک هەر حەقیقەتە، بەڵکوو کرۆکی خودی حەقیقەتە[1].

بەو شێوەیە، ناتوانین بە پشتبەستن بە دیراسەکردنی سروشت «کەتواری هەستپێکراو» بە بنەماگەلێکی ڕەها بگەین، لێرەوە هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن، کە بە پشتبەستن بە حەقیقەتی ڕێژەیی و گۆڕاوی وەرگیراو لە کەتواری هەستپێکراوەوە بونیاد نرابێت، تەنها دەتوانین وەک هزرێک سەیری بکەین کە بەڕێژەیی ڕاستە، نەک بە شێوەیەکی ڕەها، چونکە ئەگەر بۆ کەتوار و کاتێکی دیاریکراو ڕاست بێت، ڕەنگە بۆ کەتوار و کاتێکی جیاواز ڕاست دەرنەچێت.

٢. میژووی مرۆیی

پشتبەستن بە میژوو –وەک سەرچاوەیەک کە بە هەڵگۆزین لێی، ئەو یاسایانە هەڵبهێنجرێت کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن و کۆمەڵکاریی مرۆیی پەرە پێ دەدەن–دووچاری چەندین ڕەخنەی توند بووەتەوە. دەتوانین گرنگترینیان لێرەدا کورت بکەینەوە:

– ڕابردوو لە چەند ئەزموونێکی مرۆیی دروست بووە، کە چاودێرێکی دەرەکی ناتوانێت پێی بگات، بە هۆی ئەو قوواڵایی و پێچوپەنا زۆرانەی ئەو ئەزموونە هەیەتی و لە ژماردن نایەن. هەروەک چۆن ئێمە ناتوانین، هاوشێوەی قسەکردنمان لە پێکهاتەی ئاو، یان کەوتنەخوارەوەی تەنە سروشتییەکان، قسە لەسەر میژوو بکەین[2].

– ڕەوتی میژووی مرۆیی مەحکوومە بە چەندین گۆڕاوی زۆر، ئەمەش وا دەکات نەتوانین هاوشێوەی زانایەک، کە چەماوە یان نەخشەی زانستەکەی دەکێشێت، ئێمەش چەماوە یان نەخشەیەک بۆ ڕابردوو بکێشین، بەڵکوو تەنها ئەوەندە بەسە کە خەملاندن بکەین و هێڵکارییەکی نزیککراوەی ناورد (غیر دقیق)،

(١) جلین تیندر، الفکر السیاسی: الأسئلة الأبدیة، ترجمة: محمد مصطفی غنیم، (القاهرة: الجمعیة المصریة لنشر المعرفة والثقافة العالمیة، ١٩٩٣)، ص٢٨٦–٢٨٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٣.

که ڕەنگە خاڵی نەبێت لە هەڵە و لادان و پەلەپەل، دابنێین[1].

– هەمیشە ئەگەر دەرکەوتنی گۆڕاوی نوێ هەیە، کە جێی بایەخی بنەڕەتین، ئەمەش وا دەکات نەتوانین پێشبینیکردنی پێشوەختە لەمەڕ شتێکی ئەوتۆ بخەینە ڕوو.

– هەر لە بنەڕەتەوە زانیاریی تێروتەسەلمان لەسەر مێژووی کۆمەڵگە مرۆییەکان نییە، تا وامان لێ بکات بتوانین پێشبینیی ئایندە بکەین. بۆیە لێکۆڵینەوە لە مێژوو، ئەگەر زانیاریی تەواو و وردەکاریی هەموو سەردەم و کۆمەڵگەیەکی بچووک یان گەورە تەواو نەکات، ناتوانێت دەرئەنجامی کۆتاییمان پێ بدات ئەمەش وا دەکات بڕیاردان لەسەر هەر یاسایەک بەوەی کە یاسایەکی حەتمییە –وەک حەتمیەتی ئەو ململانێ چینایەتییەی مارکس باسی کردووە– بڕیاردانێکی نازانستی بێت[2].

بەو شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پشتبەستن بە مێژوو وەک سەرچاوەیەک بۆ مەعریفە بڕیاری کۆتایی یان پێوەری دڵنیاکەرەوەمان پێ نابەخشێت، کە بتوانین لە بەرپاکردنی بونیادی هزریدا بە شێوەیەک پشتی پێ ببەستین کە لە دروستێتییەکەی دڵنیا بین، چونکە مێژوو –کە چاوگی دووەمی ئاوەزی پۆزەتیڤیزمە کە لە هەڵگۆزینی مەعریفەکانیدا پشتی پێ دەبەستێت– بەو ئاسانی و ڕوونییە نییە کە وا لە ئاوەز بکات بتوانێت لەو یاسا جێگیرانە تێبگات کە ڕەوت و بزاوتەکەی دیاری دەکەن، بەڵکوو هەموو ئەوەی کە ئاوەز لە ڕێگەی هەڵهێنجانی ڕووداوەکانییەوە دەتوانێت پێی بگات، لە گریمانە تێناپەڕێت و ناگاتە ئاستی حەقیقەت.

٣. ئاوەز

لە ڕاستیدا پێشتر ئاوەز وەک ئامرازێکی پەیبردن بە حەقیقەتەکان هەر لە فەیلەسووفە کۆنەکانی یۆنانەوە جێی گومان بووە. لە نموونەی «بیرۆن» (کە لە ٢٧٥ پ.ز. کۆچی کردووە)، و «ئەرکسیلادس» (کە لە ٢٤١ پ.ز. کۆچی کردووە)، ئەمانە نکوولّیی ئەوەیان دەکرد کە مرۆڤ بتوانێت بگات بە حەقیقەتی شتەکان، چونکە مرۆڤ ئامرازی دروستی پەیبردنی بەدەستەوە نییە، چونکە ئەمان متمانەیان بە ئامرازەکانی هەستکردن، لە شێوەی ئاوەز و غەیری ئەویش، نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوان بڕوایان وا بوو کە ئاوەز پەی بە ڕووکەشی شتەکان دەبات

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

(٢) رأفت غنيمي الشيخ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

– بۆ زانیاریی زایاتر لە بارەی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی پشتبەستن بە مێژوو دەبنەوە، وەک سەرچاوەی زانینی یاسا کۆمەڵایەتییە دووەمینەکان، بڕوانە: أحمد رشاد موسى: الأسس النظرية للفلسفة الماركسية: دراسة نقدية، مجلة القانون والاقتصاد، العدد الرابع، السنة الثالثة والأربعون، ١٩٧٣، ص١١٦–١١٨.

و حەقیقەتیان ناناسێت. لە بەناوبانگترین ئەو فەیلەسووفە نوێیانەش، کە نکوولّیی توانای ئاوەز بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان دەکەن، هیۆم، بارکلی، نیچە و شۆپنهاوەرن[1].

خۆ ئەگەر هەڵوێستی پەرگیرانەی ئەم فەیلەسووفانە، لەمەڕ ئاوەز تێپەڕێنین و تێڕوانینی گشتیی فەلسەفییانە بۆ ئاوەز، وەربگرین، دەتوانین بە جۆرێک لە دڵنیاییشەوە بڵێین فەیلەسووف یەکەم کەسە کە کەموکورتی و کورتهەڵهاتوویی ئاوەزی مرۆیی دەزانێت، هەروەها ئەوە دەزانێت کە هەر شتێک لەلای مرۆڤەوە بێت، کەموکورتە و ناگاتە پلەی کەماڵ، هەر بۆیە لێبوردەیی و گونجانی زانستی لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی فەیلەسووفانە، ئەوەتا سوقرات جوانترین نموونە لەو بارەیەوە دەهێنێتەوە، کاتێک دەڵێت ئەو شتەی کە بەردەوام بەباشی دەیزانم، ئەوەیە کە من هیچ نازانم.»[2] هەروەک چۆن خودی هزری فەلسەفی بەڵگەیە لەسەر کەموکورتیی ئاوەزی مرۆیی لە گەیشتن بە حەقیقەتە جێگیرەکان، چونکە هزری فەلسەفی هەر سەرەتایەوە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک گرفتدا دەکات کە گۆڕانێکی بنچینەییان بەسەردا نایەت، ئەویش ئەو کارەی کە دەیکات، بریتییە لە دروستکردنی چەندین ڕێباز کە تەنها چارەسەرەکان دەگۆڕن و چارەسەری کەڵەکەبوو بۆ ئەو کێشانە ناخەنە ڕوو[3].

تۆڕینەوە زانستییە نوێیەکانیش لەپاڵ ئەوانەدا وەستاون کە گومان لە توانای ئاوەز لە گەیشتن بە ڕاستییە یەقینییەکان دەکەن، دیارترین نموونەی ئەو تۆڕینەوە زانستییانەش تۆڕینەوەکەی پاڤلۆف[4] و فرۆیدە[5]. ئەمەش وای کرد کە زۆرێک باوەڕیان وا بێت کە هزری بەڵگەهێنانەوەی کەتواری لای تاک –بە بەراورد بە

---

(١) بڕوانە: توفيق الطويل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٥-٣١٢.

– فەیلەسووفەکانی وەک شۆپنهاوەر و نیچە و بجسۆن گاڵتەیان بە بیرۆکەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ کردووە و بڕوایان وا بووە کە مرۆڤ تەنها کۆمەڵێک پاڵنەری ئاژەڵییە، ئەوەی مرۆڤ دەجوواڵێنێت ویست و ئارەزوو و وزە و پاڵنەرەکانن، مرۆڤایەتییش هێندەی بە دەسەاڵت و ئەفسانە و درۆ کارتێکراو بووە، هێندە بە ئاوەز و بەڵگە نا.

– كافين رايلي، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل٣٦٦.

(٢) محمد عبد الله دراز، الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

(٣) فؤاد زكريا، نظرية المعرفة، (القاهرة: مكتبة مصر، ب ت)، ص١٨٢.

(٤) بڕوانە: ملحم قربان، القوة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠.

(٥) چونکە ئەوەی سەلماندووە کە کردەی مرۆیی تەنها بۆ ئاوەز ناگەڕێتەوە، بەڵکوو چەندین پاڵنەری هەستی و نەستی (الشعورية واللاشعورية) و ئارەزوو و خوونەریتی کۆمەاڵیەتی هەن، کە هاوشێوەی ئاوەز کار لەسەر کۆنترۆڵکردنی کارەکانی مرۆڤ دەکەن.

باقییەکەی تری لە ژیانی- خەریکە وای لێ بێت کەمتر بێت لەو بەشە بچووکەی شاخی سەهۆڵی بیلەنگەری سەر ئاو کە دەبینرێت. هەروەک چۆن زانستی واتاکان (سیمانتیک) ئەوەی دۆزیوەتەوە کە مەدلوول و واتای وشەکان لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی تر، بە پێی ئەو وزە و پاڵنەری کاردانەوە و وێنە زەینییەی کە تاک بەو واتایانەی دەبەخشێت، دەگۆڕێن[1].

شتێکی سروشتییشە کە زانایانی کۆمەڵناسی –جگە لە ئایدیاڵییەکانیان- لە سایەی دۆزینەوە زانستییە نوێیەکان و لە سایەی ئەوەی کە تیۆری ڕێژەیی دۆزییەوە کە ئەستەمە ئاوەز بگات بە حەقیقەتی ڕەها، کە پاشەکشە لەو متمانە زۆرەیان بە ئاوەز و تواناکانی بۆ پەیبردن بکەن[2]. کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەوەی ئاوەز پێی دەگات، حەقیقەتی ڕێژەیی و گریمانەییە و ئاوەز ئەو توانایەی نییە کە بە حەقیقەتی ڕەها شتەکان یەکلایی بکاتەوە.

ئەمەش وای لەو فەیلەسووفە نوێیانە کرد، کە نمایندەی فەلسەفەی ئەکادیمی لە جیهانی ئەنگلۆسەکسۆنیدا دەکەن، بڕوایان وا بێت کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لە دروستیی بەهایەک لە بەهاکان بکرێت، بەمەش ئەوە ڕادەگەیەنن کە هیچ بەهایەک

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢-٣٤٦.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٥٨.

بڕوانە:

- حسين مؤنس، الحضارة، سلسلة عالم المعرفة، العدد الأول، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، يناير ١٩٧٨)، ص٣٤٦-٣٤٧.

- فهمى جدعان، «وعود نهايات القرن: من نقد العقل إلى نقد الفعل»، مجلة العربى، العدد ٤٢٦ مايو ١٩٩٤، ص٣٠-٣١.

- محمد عبده، الأعمال الكاملة، دراسة وتحقيق: محمد عمارة، الجزء الثانى، (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧٢)، ص١٦-١٧.

- سامية جابر، النظريات السياسية، (الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ١٩٩١)، ص١٥٣-١٥٤.

- سيجموند فرويد، الحب والحرب والحضارة والموت، ترجمة: عبد المنعم الخفنى، (القاهرة: دار الرشاد، ١٩٩٢)، ص١٦-١٧.

- محمد جابر الأنصارى، «قرننا المرتحل بين بداية ونهاية: نظرة طائر على قضايا الفكر»، مجلة العربى، العدد ٤٤٦ يناير ١٩٩٦، ص٩٣.

- راجح عبد الحميد الكروى، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥٠-٦٥١.

- J. Marritain, Scholasticism and Politics – Translated and Edited by M. J. Adler (London: Geoffrey Blos 1940), p. 6-8.

- ئیمامی غەزالییش لە کتێبەکەیدا (تهافت الفلاسفة) کەموکوڕیی ئاوەزی لە گەیشتن بە حەقیقەتی کامڵ و دڵنیایی تەواو سەلماندووە. بڕوانە:

- الإمام أبو حامد الغزالى، تهافت الفلاسفة، تحقيق وتقديم: سليمان دنيا، ط٧ (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ص٧٣-٣١٢.

نییە کە شیاوی ئەوە بێت مرۆڤ پێوەی پابەند بێت، یان باوەڕی پێی هەبێت، مادام هیچ بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوە لەسەر دروستییەکەی نەبێت، لەسەرووی ئەو فەیلەسووفە نوێیانەوە فەیلەسووفە پۆزەتیڤیزمە لۆژیکییەکانن، کە بڕوایان وایە هیچ بیروباوەڕێکی ئەخلاقی نییە کە مرۆڤ بتوانێت بەرگرییەکی مەعقوولی لێ بکات. بەمەش هەموو بیروباوەڕەکان لە ڕووی چاکییەوە یەکسانن، بەڵکوو ڕەنگە هیچ بیروباوەڕێک نەبێت کە بە چاکترین و باشترین دابنرێت[1].

ئەمەش بەوە جەختی لێ دەکرێتەوە کە بانگەشەکارانی ڕەوتی پۆستمۆدێرنە دەڵێن هەردوو چەمکی «چاک و خراپ» بەتەواوەتی بەسەر چوون، بە هۆی سیستمێکی کۆمەڵایەتییەوە کە پێویست نییە نە جێگیر بکرێت نە سەرکۆنە بکرێت، بەڵکوو تەنها قەبوولّ بکرێت. لە کوێوە لە جیهانێکی تەواو بەکالاکراودا ئەو پێوەرانە وەردەگریت کە لەسەر بنەمایان بڕیاری جێگیرکردن و سەرکۆنەکردن بونیاد بنێیت[2]!

ڕەنگدانەوەی نەبوونی سەرچاوەیەک بۆ حەقیقەتی ڕەها لەسەر بونیادی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن:

لە سایەی باوەڕبوون بە بەڵگەنەویستی «نەبوونی سەرچاوەیەکی بالّا بۆ حەقیقەت»، کە بتوانرێت حەقیقەتە ڕەهاکانی لێ وەربگیرێت، توانای دۆرزینەوەی پێوەرگەلێکی جێگیر نەماوە، کە بتوانین لە هەڵسەنگاندنی دروستی و نادروستیی شتێکدا بۆیان بگەڕێینەوە، نەک تەنها لە بواری بەها و حوکمە پێوەرییەکاندا، بەڵکوو لە هەموو ئەو بوارانەی هزری مرۆیی کە شیاوی ئەوەن ڕاجیاییان لەسەر بێت. ئەمە واتای ئەوەیە هەر بونیادێکی هزریی پۆزەتیڤیزمانە دواجار بونیادێکە کە ڕاستێتییەکی ڕێژەیی هەیە (صدق نسبی)، ئەمەش دەرئەنجامێکی سروشتیی ڕێژەییبوونی ئەو زانین و حەقیقەتانەیە کە لەسەریان وەستاوە، پاشان ڕێژەییبوونی ئەو بڕیارانەی کە دەکرێت ئاوەزی مرۆیی پەیوەست بەو بونیادە هزرییە پێی بگات.

بێگومان ئەم بەسەر فەلسەفەکانی ڕاگەیاندنا جێبەجێ دەبێت –هەروەک چۆن بەسەر لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزمیشدا جێبەجێ دەبێت–، لێرەدا

---

(١) ڕونالد ستومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب٥، ل٩٢.

(٢) تیری ایجلتون، الرأسمالیة والحداثة وما بعد الحداثة، فی أحمد حسان (إعداد وترجمة) مدخل إلی ما بعد الحداثة، سلسلة کتابات نقدیة (٢٦)، (القاهرة: الهیئة العامة لقصور الثقافة، مارس ١٩٩٤)، ص٦٢.

– بڕوانە: عبد الوهاب المسیری، الإبادة والتفکیک کإمکانیة کامنة فی الحضارة الحدیثة، جریدة الشعب، عدد ١٤ فبرایر ١٩٩٧، ص٩.

هیچ بواریکیش بۆ بانگەشەکردن بۆ ڕاستیەتی یان دروستیەتیی ڕەهای فەلسەفەیەک لەو فەلسەفانە نییە، ئەمە وەک دەرئەنجامێکی سروشتیی سنووردارییی تواناکانی ئەو ئاوەزەی کە خۆی بەتەنها ئەو فەلسەفانە بونیاد دەنێت، ناشتوانرێت بوترێت ئەو ئاوەزە دەتوانێت پەی بە هەموو شتێکی گەورە و بچووک ببات و زانیارییی پێیان هەبێت لەوانەی پەیوەستن بەو گۆڕاوانەوەی کە لە دروستکردنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەدا کارلێک دەکەن کە جێی لێکۆڵینەوەیەتی، کە لە لایەکەوە بەوە جیا دەکرێنەوە کە ئاڵۆزن، لە لایەکی تریشەوە بە گۆڕانی بەردەوام و ناجێگیری دەناسرێنەوە.

تەنانەت ئەگەر بۆ مشتومڕ گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو ئاوەزە بیردۆزە زانیارییی تەواوی بە هەموو ئەو گۆڕاوانە هەیە کە لە دروستکردنی دیاردەی تۆڕینەوەکەدا کارلێک دەکەن، هیچ زامنێک نییە کە ئاوەز پەی بە سەنگی ڕاستەقینەی هەر یەکێک لەو گۆڕاوانە و پلەی کارایییان لە دروستکردنی دیاردەکەدا و سروشتی کارلێکی نێوان ئەو گۆڕاوانە بەو شێوەیە ببات کە یارمەتیی بدات کە لە حەقیقەتی ئەو دیاردەیە تێبگات کە دیراسەی دەکات، پاشان ئەو دیدە یان تیۆرەی خۆی پێشکەش بکات کە حەقیقەتی ئەو دیاردانە پیشان دەدات و لەژێر ڕێنموویی ئەو تیۆرەدا بتوانێت گۆڕانکاریی تێدا بکات.

هەروەها تەنانەت ئەگەر هەر بۆ مشتومڕ گریمانەی ئەوەش بکەین کە هەموو ئەوەی باس کرا، دەکرێت جێبەجێ بکرێت، ئەوا ئەوە هەر تایبەتمەندیی جێگیری و گشتگیری (الثبات والعمومية) بەو تیۆرە نابەخشێت، چونکە ئەو مەعریفانەی کە ئاوەزی بیردۆزدانەر لە تاووتوێکردنی ئەو دیاردەیە و تێگەیشتنیدا پشتی پێ بەستوون، بەشێکی زۆریان دەرئەنجامی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و هزرییەیە کە ئەو ئاوەزە کاری تێدا دەکات، ئەمە بە پێی لۆژیکی کۆمەڵایەتیبوونی مەعریفە. ئەمەش بێگومان واتە ئەگەر ئەو هەوڵە بیردۆزەییە گونجاو و شیاو بێت، ئەوا تەنها بۆ کەتواری ئەو ژینگەیە گونجاوە کە بەرهەمی هێناوە و ناتوانرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت کە بۆ ژینگەیەکی تر شیاوە کە بارودۆخێکی هزری و کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەیە، بەڵکوو ڕەنگە تەنانەت بە تێپەڕبوونی بۆ هەمان ئەو ژینگەیەش شیاو نەبێت کە بەرهەمی هێناوە، چونکە کات، بە تێپەڕبوونی، هیچ شتێک لە باری خۆیدا ناهێڵێتەوە.

تەنانەت ئەگەر گریمانەی دروستیەتیی ڕەهای ئەو جۆرە تیۆریزەکردنە پۆزەتیڤیزمەی ڕاگەیاندن بکەین، بە شێوەیەک کە وای لێ بکات کە بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک گونجاو و شیاو بێت کە هەڵگری هزری پۆزەتیڤیزم بێت، هەر چەندە کات و زەمانیش بگۆڕێت، ئەوا ئەمە بە هیچ جۆرێک بەهانە بۆ وەرگرتنی هیچ

یەکێک لە وتەزاکانی ئەو هزرەی ڕاگەیاندن لەلایەن کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە قەبووڵ ناکات، چونکە ئەو هزرەی ڕاگەیاندن تەنها ئامرازێکە کە بیرۆزەی ئەوە دەکات کە باشترین ئەو ڕێگانە بدۆزێتەوە کە لە ڕێگەیانەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشداری لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دونیاییانەدا بکەن کە ئەو کۆمەڵگانە بۆ خۆیان داناوە، لێرەوە بڕیاردان لەسەر سەلامەتیی وەرگرتن و بەکارهێنانی هەر وتەزایەک لە وتەزاکانی هزری پۆزەتیڤیزمی ڕاگەیاندن بەستراوەتەوە بە ئەندازەی وێکچوون لەنێوان ئەو مەبەستانەی کە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی مژدەیان پێ دەدات، لەگەڵ ئەو مەبەستە دونیاییانەی کە ئەو وتانەیان پێک هێناوە، بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانیاندا، ئەمە بەو بەراوردەی کە لە پاری داهاتوودا، لەنێوان مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا پێشکەشی دەکەین، زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا سرووش بەسەر سەرچاوەکانی حەقیقەتدا بالادەستە

ئەگەر حەقیقەت لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا –وەک ئەوەی بینیمان– بەوە جیا بکرێتەوە کە ڕێژەییە، لەبەر ئەوەی پێوەرێکی جێگیری نییە کە بۆ بڕیاردان لە سەلامەتی و ناسەلامەتیی حەقیقەتێکی ئەوتۆدا بۆی بگەڕێینەوە، پاش ئەوەی ڕەتی کردەوە دان بە هیچ سەرچاوەیەکی بالادا بنێت بۆ حەقیقەت و بەڕەهایی پشتی بە ئاوەز –ئاوەزی کورتهەڵهاتوو بە سروشت– بەست وەک تاکە سەرچاوەی گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان، لە میانەی میتۆدگەلێکی دیاریکراو بۆ توێژینەوە لەو ڕاستییانە، میتۆدێک کە خۆی دایهێناوە. ئەگەر ئەمە دۆخی حەقیقەت بێت لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا، ئەوا کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی، وێڕای داننانی بە ئاوەزدا وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ گەیشتن بە زۆرێک لە ڕاستییەکان، بە بەکارهێنانی میتۆدگەلێک کە لەو میتۆدانە جیاواز نییە، کە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم، بۆ تێگەیشتن لە دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی ئێستا و ڕابردوو، بەکاریان دەهێنێت[1]، بەڵام لە بنەڕەتدا پشت بە سەرچاوەیەکی بالا دەبەستێت، کە حەقیقەتە ڕەهاکانی لێوە وەردەگرێت، ئەویش بریتییە لەو «سرووشە خودایییە»ی لەو پرس و بابەتانەی کە ئاوەزی مرۆیی –کورتهەڵهاتوو بە سروشتی خۆی– توانای یەکلاییکردنەوەیانی نییە، وتەی یەکلاییکەرەوە پێشکەش دەکات، وەک حەقیقەتی بوون و چارەنووسەکەی،

(١) لە بارەی بواری ئاوەز و پێگەی لە شەرعدا، بڕوانە:
– سید محمد یوسف منصور اللبان، العقل ومکانه فی القرآن الکریم، رسالة ماجستیر غیر منشورة، (جامعة الأزهر: کلیة أصول الدین بالقاهرة ١٤٠٥، ١٩٨٤)، ص١٣٢–١٤٣.

نهێنیی بوونی مرۆڤ و چارەنووسەکەی و هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بەو شتانەوەی کە لەسەرووی کەتواری هەستپێکراوەوەن لە بابەتە خوداییەکان و لە بوونەوەرە نامادییەکان، هەروەها هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە پەرستش و ئەخلاقیاتەکان و ئەو جۆرە بابەتانەوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە، سرووشی خودایی پێوەرگەلێکی جێگیر پێشکەشی ئاوەز دەکات، کە بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی ئێستا و ڕابردوو یارمەتیی دەدات، بە شێوەیەک کە یارمەتیی بدات بۆ بەدیهێنانی باشترین تێگەیشتن بۆ ئەو حەقیقەتانەی دەیانگرێتەوە، هەروەها بۆ بەدیهێنانی باشترین شێوەی کارلێکی کرداری لەگەڵ ئەو حەقیقەتانە. لێرەدا کەمێک بەدرێژی باسی ئەو خاڵانە دەکەین:

حوججیەتی سرووش و گشتگیرییەکەی (حجية الوحي وشموله)

ئ. حوججیەتی سرووش

ئەو حەقیقەتانەی کە سرووش هێناونی، حوججیەتی ڕاستێتیی ڕەهایان و شیاوی و گونجاوییان بۆ هەموو کات و شوێنێک لەوەوە وەرگرتووە کە سەرچاوەکەیان ئەفرێنەری خودی حەقیقەتەکانە[1]. پاشان ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾[2]، واتە: «مەگەر خوا نازانێت کێی دروست کردووە و چۆنی دروست کردووە، لە کاتێکدا ئەو زاتە وردەکار و بەسۆز و بەئاگایە.» کەواتە گومانیش لەوەدا نییە کە هەر شتێک خودای ئەفرێنەری پاک و بێگەرد بە سرووش بۆ بەندەکانی بینێرێت، ئەوە حەقیقەتی باڵای ڕەهایە، کە نە لە بەردەمیەوە، نە لە پشتیەوە کەموکورتی و ناڕێکی و باتڵ قەرەی دەکەوێت، ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ﴾[3]، واتە: «ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بڵێ ئەی خەڵکینە، بەڕاستی حەق و ڕاستیتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە.»

ئیدی هیچ بواریک لەبەردەم ئەو ئاوەزەدا نامێنێت کە باوەڕی بە خودای تاکانە و خاوەنی زانست و دانایی ڕەها هێنابێت، تەنها ئەوە نەبێت کە دان بەوەدا بنێت کە هەر شتێک لە زاتی بێگەردی ئەوەوە دەربچێت، ئەوە ڕاستیی ڕەهایە و هەر دژیەکی یان هەر کەموکورتییەکیش هەبێت، ئەوە بێگومان «کەموکورتی لە ئامرازدا هەیە، جا لە ئامرازەکانی تێگەیشتن بێت لە زانستەکانی سرووش و

---

(١) بڕوانە: مجدی محمد إبراهيم شفيق، «مصادر المعرفة عند المسلمين الأصل. الذات. الواقع»، فی ندوة العالم الإسلامي والتحدی الحضاری، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٢) (الملک: ١٤).

(٣) (یونس: ١٠٨).

هەڵهێنجان لێیان، یاخود لە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زانستەکانی گەردوون و سروشت و مرۆڤدا.»[1]

ب. گشتگیریی سروش

سروشی خودایی بە پەیامی محەمەدی کۆتایی پێغەمبەران پڕ کرایەوە و بەپایان گەیشت، ئەویش لە ڕێگەی کتێبە مەزنەکە (قورئانی پیرۆز) و سوننەتی پێغەمبەری ڕێزلێگیراو، محەمەدوە (درووەدی خوای لەسەر). سروش هەموو ئەو شتانەی لەخۆ گرتووە کە زانینیان بۆ مرۆڤ گرنگە، لەو حەقیقەتانەی کە پەیوەستن بە بوونی مرۆڤ و بوونی گەردوون لە دەوروبەری و هەموو ئەو دیاردە و دروستکراوانەی تر کە تێیدان، هەروەها ئەوەشی کە پەیوەستە بە شێوازی کارلێککردنی لەگەڵ ئەو بوون و بوونەوەرانەدا، لە پێش هەموو ئەمانەشەوە پەیوەندیی خۆی بە ئەفرێنەرەکەی و ئەفرێنەری ئەم بوونەوە و ئەو مەبەستە باڵایەی کە لە پێناویدا دروست کراوە، هەروەها باشترین ڕێگەی بەدیهێنانی ئەو مەبەستە، نەک تەنها لەسەر ئاستی بوونی خودیی، بەڵکوو لەسەر ئاستی مرۆییش بەگشتی، لە میانەی بەرپاکردنی بوونێکی کۆمەڵایەتی، کە هەموو دامەزراوە سیاسی و ڕاگەیاندنییەکانی و... هتد، جگە لە ئەنجامدانی کارێک کە مەبەست لێی ڕەزامەندیی خودای ئەفرێنەرە، لە خەمی هیچ شتێکی تردا نەبێت، بە شێوەیەک کە بتوانێت بوونێکی دنیایی خۆشگوزەران بۆ هەموو تاکێک لەو کۆمەڵگە موسوڵمانەدا فەراهەم بکات، لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە پشتیوان بێت بۆ هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە کە بتوانێت بەندایەتیی پوخت و بێخەوش بۆ خوای پەروەردگاری ئەنجام بدات.

ناتوانین بڵێین سروش بەو دەقانەی کە هێناویەتی، باسی هەموو شتێکی ورد و درشتی کردووە لەو شتانەی کە لەم ژیانی دنیایەدا پەیوەستن بە مرۆڤەوە، بەڵکوو چەند ڕاستییەکی هێناوە، کە لە کوێدا پێویست بووبێت بەکورتی بێت بەکورتی هێناویەتی و لە کوێشدا پێویست بووبێت بەدرێژی باسی کردبێت، کردوویەتی، بەمەش سروش بە گشتگیرییەکەی خۆی باسی لە هەموو ئەو حەقیقەتانە کردووە

(١) عبد الحميد أبو سليمان، معارف الوحي: المنهجية والأداء، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.
– هەروەها بڕوانە: عبد الفتاح محمد عبد الكريم عزب، منهج القرآن الكريم فى تحرير العقل والفكر الإنسانى، رسالة ماجستير غير منشوره، (جامعة الأزهر: كلية أصول الدين بالقاهرة، ١٩٧٨)، ص٢–٣٠.
– لە بارەی لەمپەرەکانی ئاوەزەوە لە تێگەیشتنی حەقیقەتدا، بڕوانە:
– فاطمة إسماعيل محمد، القرآن والنظر العقلى، سلسة الرسائل الجامعية (فرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامي، ١٩٩٣)، ص١٠٤–١٠٨.

که بۆ مرۆڤ گرنگن و جێگیرن و ناگۆڕێن و زانیاریی وردی لە بارەیانەوە پێ داون، هەر چی ئەو لایەنانەشە کە شیاوی گۆڕانن و لە ژیانی مرۆڤدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەوا سرووش لە بارەیانەوە چەند پێوەر و چوارچێوەیەکی گشتیی جێگیری بۆ داناون، کە دەبنە ڕێڕۆشنکەرەوە بۆ تێگەیشتنیان و کارلێککردن لەگەڵیان.

سرووشی خودایی و ئاوەز

ئاوەز لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا پێگەیەکی بڵندی هەیە، چونکە ئەو سرووشەی کە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی بونیادی خۆی لێوە وەردەگرێت، هەر لە بنچینەدا لە باوەڕپێهێنانیدا پشت بە ئاوەز دەبەستێت، چونکە حوججیەتی نەقڵ (سرووش) لەسەر حوججیەتی ئەو پێعەمبەرە وەستاوە کە پەیامەکەی هێناوە، حوججیەتی پێغەمبەریشی لەسەر باوەڕهێنان بەو خودایە هێناوە کە پێغەمبەرەکەی بە سرووشی نەقڵکراو ناردووە. ڕێگەی ئەو باوەڕهێنانەش بریتییە لە ڕامان و لێوردبوونەوەی ئاوەزی لە کتێبی گەردوونی دروستکراو لەسەر شێوەیەکی کۆتانەهاتوو لە داهێنان و بەهێزی و جوانئەفراندن و ئەندازەگیری و ڕەچاوکردن و ڕێکوپێکی، وەک ئەوەی بە ڕاستدانان و باوەڕهێنان بەو ئاوەزە –سرووش– ئاوەزێک بێت بۆ ڕامان و وربوونەوە لە کتێبی گەردوون، لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوە بەو دروستکراوە داهێنراوە ناوازەیەوە لەسەر دروستکەرە داهێنەر و ئەفرێنەرەکەی، «ئەمە وای کردووە هاوتایی و هاوڕێیەتی و هاوشانی شتێکی حەتمی بێت و هاوبەشییش لەنێوان «کتێبی سرووش» و «کتێبی گەردوون» و لەنێوان ئاوەزدا، وەک ئامرازی ڕامان لە هەردووکیان پێکەوە، شتێکی پێویست بێت[1].

خۆ ئەگەر ئاوەز بڕوایەکی تەواو بە بوونی خودای ئەفرێنەر و داناییەکەی لە ئەفراندنا و قەیومیەت و بالادەستییەکەی بهێنێت، ئەوا پێویستە دوای ئەوە هەر سرووشێک کە لەلای ئەو خودایەوە بێت، قەبوولّی بکات، جا حیکمەت و دانایی پشت ئەو کارەی بۆ دەربکەوێت یاخود نا، چونکە ئیدی لەو کاتەدا وەستان لە بەرانبەر یاساکانی خودا و هەڵسەنگاندنیان بە دژیەکییەکی ئاوەزی هەژمار

(١) محمد عمارة، أزمة الفكر الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.
– بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی سنووری پەیبردنی ئاوەزی لە پرسە عەقیدەییەکاندا، بڕوانە:
– عبد الرحمن بن زيد الذبيدى، مصادر المعرفة فى الفكر الدينى والفلسفى، سلسلة الرسائل الجامعية، (فرجينيا: المعهد العالى للفكر الإسلامي، ١٩٩٢)، ص٤٠٥–٤١٥.

دەکرێت لەگەڵ پرسی یەکەمدا[1].

ئەمەش بەدڵنیاییەوە پەیوەستە بەوەی کە دەقی لە بارەوە هاتووە، هەر چی ئەوەشە کە دەقێکی جێگیر لە بارەیەوە نەهاتووە –وەک دەربڕینجامێکی سروشتیی کۆتاییهاتنی دەقەکانی سرووش و ناکۆتایی ڕووداوەکانی ژیان–، پێویستە ئاوەز لەم بارەدا کارلێک لەگەڵ ئەو شتە نوێیانەدا، لە چوارچێوەی مەبەستەکانی دەقە جێگیرەکان و بنەماکانیان و خوێندنەوەی دۆخ و ژیاردا، بکات، تا لە سایەیاندا ئەو دۆخە نوێیە بخوێنێتەوە، چونکە ئەو شتە نوێیەی کە ڕەوایەتی و تایبەتمەندیی خۆی لە دەقە جێگیرەکانەوە وەرنەگرێت[2]، بە شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزوو و دەرچوون لە سنووری خودی ئاوەز و فەرمانەکانی هەژمار دەکرێت، چونکە سرووش بنچینە و بناغەیە و ئاوەز شوێنکەوتەیە و پێویستە بە پێی سرووش دیسپلین بکرێت، بە شێوەیەک ببێت بە نەقڵێکی باوەڕدارانە و ڕێنموونییکراو و جیاکراوە لەو هەوا و ئارەزووەی کە زۆر جار سنوور لەنێوان ئەو و ئاوەزدا ناهێڵێت[3].

بەکورتی دەتوانین بڵێین ئاوەزی موسوڵمان تەنها لەو شتانەدا مافی ئیجتیهادی هەیە کە دەقی لە بارەوە نەهاتووە، هەروەها بە مەرجێک لە سنووری چوارچێوەی گشتیی ئەو میتۆدە ئیسلامییەدا بێت کە بۆ ئیجتیهاد دیاری کراوە، هەروەها لە بازنەی قیاس یان ئیستیحسان یان بەرژەوەندیی ئومەتدا بێت[4].

سرووشی خودایی و سەرچاوە هەستپێکراوەکانی مەعریفە

لەگەڵ ئەوەی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی کەتواری هەستپێکراوی (بە ئێستا و ڕابردوویەوە) کردووە بە بواریکی فراوانی کارکردنی ئاوەزی مرۆیی، بۆ ئەوەی ڕێساکانی بدۆزێتەوە و سوودیان لێ وەربگرێت، بەڵام بەتەنها لەبەردەم ئەو کەتوارە هەستپێکراوە گۆڕاوەدا جێی نەهێشتووە، جا لەوەی کە پەیوەستە بە دیاردە سروشتییەکان یان مرۆییەکانەوە، کە ئاسان نییە ئاوەز بەتەنها بتوانێت تێگەیشتنی تەواوەتی بۆیان هەبێت، بەبێ ئەوەی بیانگێڕێتەوە بۆ ئەو سوننەت و

---

(١) زينب رضوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢.

– سەبارەت بەو بنچینانەی کە پێویستە ئاوەز بۆ تێگەیشتن لە سروش پێیانەوە پابەند بێت، بڕوانە:

– عبد المجيد النجار، خلافة الانسان بين الوحى والعقل، بحث فى جدلية النص والعقل والواقع، سلسلة المنهجية الإسلامية (٥) ط٢، (فرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامي، ١٩٩٣)، ص٩٢-١١٣.

(٢) محمد عمارة، أزمة العقل المسلم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

(٣) سيف الدين عبد الفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(٤) أبو اليزيد العجمى، حقيقة الإنسان بين المسئولية والتكريم، سلسة إسلاميات (٣٥)، (القاهرة: المؤسسة العربية الحديثة للطبع والنشر والتوزيع، ١٩٩٢)، ص٧٠.

ڕێسا جێگیرانەی کە لەسەری دەڕۆن، هەروەها بەبێ ڕێنموونییکردنی بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە باشترین شێوە.

لێرەدا گرنگترین ئەو چوارچێوانە دەخەینە ڕوو کە سروشی خودایی بۆ ئاوەزی داناوە لە چۆنێتیی کارلێککردنی لەگەڵ دیاردە سروشتی و مرۆییەکاندا، یان لەگەڵ ڕووداوە مرۆیی یان سروشتییەکان (مێژوو)، بە شێوەیەک کە بۆ تێگەیشتنی ئاوەزییانەی دروست بۆ حەقیقەتەکان سەر بکێشێت.

ئ. سروشت وەک سەرچاوەیەکی مەعریفە لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا

کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی وا لە سروشتی بوونەوەران دەڕوانێت –بە سروشتی مرۆڤ و سروشتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە- کە بواریکی گرنگە و پێویستە ئاوەز لێتوێژینەوە و ڕامانی بۆ هەبێت بۆ گەیشتن بە ڕاستیی ئەو هۆکارانەی کە بەشدار دەبن لە دروستکردنی ئەو دیاردە تێبینیکراوانەدا، بە شێوەیەک کە چۆنێتیی مامەڵەی دروستی لەگەڵ ئەو دیاردە و ڕووداوانەدا بۆ ڕوون ببێتەوە.

یەکێک لەو سنوورانەی کە ئیسلام هانی ئاوەزی بۆ دەدات، کە لە کاتی هەوڵدانی بۆ تێگەیشتن لەو دیاردانە بە تێگەیشتنێکی کرداری، ئاگاداری بێت، ئەوەیە کە ئیسلام جەختی لێ کردووەتەوە کە پێویستە ئەو هۆکارانەی کە کار لەو دیاردانە دەکەن تەنها نەخزێنرێنە ناو لایەنە هەستپێکراوەکەیەوە. بۆ نموونە لەوەی کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆییەوە، نابێت تەنها لە ڕووە ئۆرگانییە فیزیاییەکەیەوە بۆی بڕوانێت، بەڵکوو پێویستە هەمیشە لە زەینی خۆیدا حساب بۆ کارایی لایەنی ڕۆحییش لەسەر ئەو سروشتە و ڕەفتارەکانیشی بکات. هەروەها لە پەیوەست بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش بە هەمان شێوە پێویستە بەتەنها نەیخزێنێتە لایەنە کەتواریی‌یەکەی و ئەو ڕەگەزە غەیبییانەی وەلا بنێت، کە لە ڕاستیدا بەشێکی جەوهەرییان پێک دەهێنێت[1].

بە هەمان شێوە، پێویستە حسابی ئەوە بکات کە هۆکاری شاراوەی ڕاستەقینەی پشت ئەو هۆکارە ڕووکەشییانەی کە دەدۆزرێنەوە، بریتییە لە ویستی خودای ئەفرێنەر و بەدیهێنەر، بێمانایە بوترێت کە ئەو شتانە لەخۆوە ڕوو دەدەن، هەروەها پێویستە مەبەستی لە تێگەیشتنی لە سروشتی شتەکان بریتی بێت لە سوودلێوەرگرتنی بەو شێوەیەی کە لە خزمەت بوونیدایە بەو شێوەیەی کە ئەفرێنەرەکەی ڕازی بکات[2].

---

(١) بڕوانە: محمد أمزيان، مناهج البحث الاجتماعی بين الوضعية والمعيارية، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩-٦٣.

(٢) لە بارەی ڕێگاکانی تێگەیشتن لە دیاردە سروشتییەکان و سوودلێوەرگرتنیانەوە، بڕوانە:
- محمد عمارة، «إسلامية المعرفة البديل الفكرى للمعرفة المادية»، مجلة المسلم المعاصر، العدد (٦٣) السنة السادسة عشر. رجب شعبان رمضان ١٤١٢هـ فبراير مارس أبريل ١٩٩٢م، ص١٧-٢٢.

ب. میژوو (ڕابردوو) وەک سەرچاوەی تێگەیشتن لە ئێستا و خوێندنەوەی ئایندە

ئیسلام نکوولّیی گرنگی دیراسەکردنی میژووی دیاردە سروشتی و مرۆییەکان ناکات، وەک ئامرازێکی پێویست کە یارمەتیی ئاوەز دەدات بۆ دۆزینەوەی ڕێسا و سوننەتەکانی پەرەسەندنی ئەو دیاردانە، بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات بۆ ڕاستکردنەوەی ئێستای ئەو دیاردانە و دیاریکردنی باشترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لە ئایندەدا، بەڵام سروشی خودایی چوارچێوەیەک پێشکەشی ئاوەز دەکات کە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ میژووی ئەو دیاردانەدا یارمەتیی دەدات بۆ ئەوەی بەباشی لێیان تێبگات و حەقیقەتەکەیان بدۆزێتەوە.

خۆ ئەگەر -بۆ وێنە- لە دیاردەی کۆمەڵکاریی مرۆیی بڕوانین، دەبینین کە سروش بانگەواز بۆ بیرکردنەوە لەو قۆناغە میژووییانە دەکات کە پێیدا تێپەڕیوە، بۆ دۆزینەوەی دەلالەتە کۆمەڵایەتییەکانیان و پەیبردن بە واتا میژووییەکانیان و پەندلێوەرگرتنیان، ئەوەتا خوای گەورە ئەمانەی بەم شێوەیە بۆ تۆمار کردووین: ﴿سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَقْدُورًا﴾[1]، واتە: «(ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە) بەرنامەی خوایە و لە پێغەمبەران و قەومە پێشووەکانیشدا ڕووی داوە (کە بیروباوەڕیان ڕاست کردووەتەوە، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەکانیشیان بە گوێرەی بەرنامەی خوا ساز دراوە)، بەردەوامیش فەرمانەکانی خوا بەوردی و ڕێکوپێکی دەبێت جێبەجێ بکرێت.» ﴿قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانْظُروا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾[2]، واتە: «بەڕاستی پێش ئێوە چەندان یاسا و بەرنامە تێپەڕیوە (لەلایەن خواوە کە سەرئەنجام ئیماندارانی سەر خستووە و کافرانی لەناو بردووە)، دە ئێوەش بە زەویدا بگەڕێن و تەماشا بکەن و ئینجا سەرنج بدەن و وردببنەوە: بزانن سەرئەنجامی ئەوانە چۆن بووە کە بەرنامەی پێغەمبەرانی خوایان بە درۆ زانیوە.» سروشیش تەنها لەوەدا کورت هەڵنایەت کە ئاوەز بانگ بکات بۆ دیراسەکردنی میژووی مرۆیی و پەندوەرگرتن لێیەوە، بەڵکوو داوای دۆزینەوەی ئەو یاسا گشتییانە دەکات کە ڕەوتی میژووی مرۆیی دیاریی دەکەن، کە ئاوەز ناتوانێت بەتەنها بەئاسانی بیاندۆزێتەوە، ئەویش بە هۆی فرەڕەهەندی و فرەبەشی و قووڵیی دیاردەی میژووییی مرۆییەوە. هەر بۆیە سروش گرنگترین ئەو یاسا گشتییانە پێشکەشی ئاوەز دەکات کە ڕەوتی

---

(١) (الأحزاب: ٣٨).

(٢) (آل عمران: ١٣٧).

ژیانی کۆمەڵگە مرۆییەکان و شێوازی گۆڕانکارییان لە باریٚکەوە بۆ باریٚکی دی دیاری دەکەن، جا ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانە بەرەو باش یان بەرەو خراپ بن. نموونەی ئەمە یاسای پێکەوەگرێدراوییە لەنێوان گوێڕایەڵی و سەرکەوتن و یاخیبوون و شکست، هەروەها یاسای پێکەوەگرێدراویی فەسادی ئەخلاقی و داڕمانی کۆمەڵگەکان، هەروەها یاسای پێکەوەگرێدراویی نێوان ستەم و لەناوچوون و یاسای پێکەوەگرێدراویی نێوان بڵاوبوونەوەی خراپە و تیاچوونی ئومەتان[1].

بەو شێوەیە ئەوەی سروشی باسی کردووە، پێویستە ببێتە ئەو پێوەرەی کە لە هەڵسەنگاندنی ئەو دەرئەنجامانەی توێژەری موسوڵمان پێیان دەکات، بۆی دەگەڕێینەوە، جا لە میانەی دیراسەکردنی بێت بۆ دیاردە مرۆییە هەنووکەییەکان، یاخود ئەوانەی کە سەردەمێک بەسەریاندا تێپەڕیوە، لێرەوە توێژەری موسوڵمان لە کاتی هەوڵی بۆ بەرپاکردنی بونیادێکی تیۆریدا، وەک هاوتا پۆزەتیڤیستەکەی، پشت بە پێدراوەکانی کەتوار دەبەستێت، بەڵام ئەم لەوەدا سەروو ئەمی داوە کە پشت بە سەرچاوەیەک دەبەستێت کە ئەو حەقیقەتە جێگیرانەی پێ نیشان دەدات کە دەبنە ئەو پەیکەرە گشتییەی کە ئەو توێژەرە موسوڵمانە لەسەر پایەکانی بونیادی خۆی هەڵدەچنێت، ئەمەش وا دەکات کە چوارچێوەی گشتیی ئەو بونیادە بە شێوەیەک جێگیر بێت کە بە گۆڕانی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا نەیەت، هەر چی وردەکارییە بەشەکییەکانی پەیوەستە بەو بونیادەوە، ئەوە شیاوی گونجاندنە لەگەڵ ئەو پێدراوە نوێیانەی کە لەگەڵ گۆڕانی کات و شوێندا نوێ دەبنەوە، بە مەرجێک ئەو گۆڕانە ئەو شتە جێگیرانە هەڵنەوەشێنێتەوە کە سروش هێناویەتی. هەر ئەمەش بەسەر ئەو بونیادەدا جێبەجێ دەبێت کە بیردۆزە بۆ سیستمی ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا (فەلسەفەی ڕاگەیاندن) دادەڕێژێت، هەروەک چۆن بەسەر بونیادە هزرییەکانی تریشدا جێبەجێ دەبێت.

***

لێرەوە دەگەینە ئەم چەند دەرئەنجامەی خوارەوە

– بەرپابوونی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو وتەزاکانیەوە بە پشتبەستن بە پێدراوەکانی کەتواریٚکی گۆڕاو و ئاوەزێک کە توانایەکی ڕێژەیی لە وەرگرتن و لێکدانەوەی پێدراوەکانی ئەو کەتوارە هەیە، بە شێوەیەکی ڕوون ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بنچینەیەی کە گشت وتەزاکانی ئەو فەلسەفانەی لەسەر بونیاد

(١) محمد أمزيان، مناهج البحث الاجتماعى بين الوضعية والمعيارية، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠-٢٩٢.

نراوە، کەموکورتیی هەیە، هەر ئەمەش بەسە بۆ گومانکردن لە سەلامەتیی کۆی ئەو فەلسەفانە و گونجاوییان، تەنانەت بۆ ئەو کۆمەڵگانەشی کە بەرهەمیان هێناوە.

– دوورخستنەوەی خواستەکانی جیهانی ڕۆح و جیهانی غەیب و ژیانی دوایی لەلایەن ئەو ئاوەزەوەی کە تیۆری فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنی دارشتووە و تەنها جەختکردنەوەی لە پێدراوەکانی جیهانی مادده و جیهانی بینراو و ژیانی دونیا بەڵگەیەکی تڕە کە کەموکوڕیی بونیادی ئەو فەلسەفانە دەردەخات کە سروشیان دوور خستووەتەوە، کە سەرچاوەیەکە بۆ ئەو ڕاستییانەی کە بەو بابەتانەوە پەیوەستن.

– سەرباری ڕەنگدانەوەی ئەو بەڵگەنەویستە بنچینەییە لەسەر تایبەتمەندییەکانی بونیادی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، ئەم بەڵگەنەویستە ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی هەیە کە لە پرسێکی جەوهەریدا دەردەکەوێت، ئەویش بریتییە لە پرسی «ئازادیی ڕا»، لە ڕاستیدا لە سایەی ئەو بەڵگەنەویستەدا ئازادیی ڕادەبڕبڕین لەمەڕ هەر پرسێک و ڕایەکەش هەر چەندە نامۆ بێت، شتێکی ئاسایی و پێویستیشە لەو کۆمەڵگانەدا کە نکوولّیی بوونی سەرچاوەیەکی جێگیری حەقیقەت دەکەن. بۆیە لێرەدا بوار نییە بۆ وەستان لەسەر هیچ یەکێک لە حەقیقەتەکان و دەستپێوەگرتنی و بەرگریلێکردنی بەوەی کە یەکێکە لەو شتە جێگیرانەی کە نابێت کەس بە ڕای خۆی تانەی لێ بدات. مادام حەقیقەتەکانیش ڕێژەیین، ئەوە بوونی ناکۆکی لەسەریان شتێکی بەڵگەنەویستە و پێویستیشە ئازادی بۆ هەموو تاکێک بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی ڕای خۆی لە بارەیانەوە بخاتە ڕوو.

خۆ ئەگەر ئەو بەڵگەنەویستە بنچینەییە لە بەڵگەنەویستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی داوا لەوانە دەکات کە باوەڕیان پێیەتی، کە تا دوا سنوور ئازادیی ڕادەربڕین پیادە بکەن، ئەوا بەڵگەنەویستە هاوتاکەی لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا باوەڕپێهێنەرانی بەوە پابەند دەکات کە ڕەخنە و تانە لە ڕاستێتی و سەلامەتیی ئەو ڕێسا جێگیرانە نەدەن کە سروش هێناونی، چونکە ئەوە بە پێی ئاوەز و لۆژیکیش لەگەڵ باوەڕبوونی ئەو کەسەدا دژ دەوەستێتەوە کە ڕەخنە لە یەکێک لە شتە جێگیرەکانی سروش لەژێر ناوی «ئازادیی ڕا»دا دەگرێت، چونکە ئەو لە میانەی باوەڕهێنانی بە کارایی خودای تاکانە و دانی ناوە بە دەستوەردانی خودا لە ژیانی بەندەکانیدا بە ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان، کە لە دووتوێیاندا ڕاستیی شتەکان هاتووە لەلایەن خودای حەقیقەتەکانەوە. بۆیە ئەو کەسە لێرەدا، بۆ ئەوەی دووربکەوێتەوە لە دژیەکی لۆژیکی، یان دەبێت بەتەواوی بە هەموو

جێگیرەکانی سرووشتەوە پابەند بێت، یاخود بەڕاشکاوی ڕای دەگەیەنێت کە ئەو باوەڕی بە بەڵگەنەویستە بنچینەییەکەی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی نییە، ئیدی ئەو لەو بارەدا بۆی هەیە چی دەڵێت بڵێت و چی دەکات بیکات، مادام کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیی بەتەواوی ڕەت کردووەتەوە.

هەر چەندە ڕەنگە ئەوە بیخاتە ژێر ئەو یاسایەی کە دەرچوون لە جێگیرەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی بە تاوان هەژمار دەکات، ئەمەش کارێکە کە یاسا، لە هەر یەکێک لە کۆمەڵگەکاندا، بە مەبەستی پاراستنی کیانی خۆی لە داڕمان، بە تاوانی دادەنێت.

داخوازی سێیەم: بەڵگەنەویستی «نەبوونی ژیانی دواڕۆژ»

هزری ڕاگەیاندن و لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم –بە شێوەیەکی سروشتی- گرنگی بە تیۆریزەکردنی باشترین شێوازی بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دنیاییانە دەدەن کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مژدەی پێ داون، ئەمە بەبێ ئاوڕدانەوە لە بوونی مەبەستگەلێکی مرۆیی کە لەو مەبەستە دنیاییانە باڵاترن و پێویستە چۆنێتیی بەدیهێنانیان تیۆریزە بکرێت.

لە کەتواردا کورتهەڵهێنانی گرنگیپێدانی هزری ڕاگەیاندن و تەواوی لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم لە بەدیهێنانی مەبەستە دنیاییە پەتییەکاندا، دەرئەنجامێکی سروشتیی نکوولێکردنی کۆزمۆلۆژیای عەلمانییە –کە ئەو هزرەی ڕاگەیاندنی بەرهەم هێناوە- بۆ بوونی ژیانی دواڕۆژ، ئەمەش دەرئەنجامێکی سروشتییە بۆ تێڕوانینی بۆ بوون بەوەی کە بوونێکی ماددیی ڕووتە، بە هەموو واتایەکییەوە لە دوورخستنەوەی خودایەک بۆ ئەم گەردوونە لە سروشتێکی نامادیی. پاشان نکوولێکردنی بوونی خودایەک بۆ گەردوون و لەناوچوون و کۆتاییهاتنی مرۆڤ بە لەناوچوونی جەستە ماددییەکەی بە شێوەیەکی خۆکردی، هەر بانگەشەیەکی بوونی ژیانی دواڕۆژ ڕەت دەکاتەوە. ئەگەر ئەمە دۆخی کەسێک بێت کە نکوولێیی بوونی هەر شتێک لە بووندا بکات جگە لە ماددە، ئەوا نکوولێکردنی ژیانێکی تریش دەرئەنجامێکی سروشتییە بۆ باوەڕبوون بە خودایەکی نامادیی لەم گەردوونەدا، بەڵام جیایە لێی و پاش ئەفراندنی گرنگیی پێ نادات، ئا ئەمە دۆخی هەندێک بیرمەند و فەیلەسووفی عەلمانییە.

ڕەنگدانەوەی بەڵگەنەویستی «نەبوونی ژیانی دواڕۆژ» لەسەر هزری ڕاگەیاندن:

وەلانانی ژیانی دواڕۆژ و حسابێنەکردنی لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا دوو دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، کە کاریگەرییەکی بێوێنەیان لەسەر هزری ڕاگەیاندن و تەواوی لایەنەکانی هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم دەبێت، ئەو دوو دەرئەنجامەش بریتین لە:

ئـ. ناڕاستیی ئەو وتەزایەی کە دەڵێت نازونیعمەتێکی ئەزەلی هەیە، کە دەکرێت مرۆڤ تێیدا ئەو بەختەوەرییەی کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، یاخود لانی کەم نەهێشتی گرنگیی ئەو وتەزایە.

ب. ناڕاستیی ئەو وتەزایەی کە باسی بوونی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی سزای خودایی بۆ ئەو کەسانە دەکات کە خراپەکاری دەکەن، کە لوتکەکەی بریتییە لە دۆزەخی هەمیشەیی یان لانی کەم گوێنەدانە ئەو سزایە.

ئەو دوو دەرئەنجامەش لە دوو شێوەدا ڕەنگدانەوەیان لەسەر هزری ڕاگەیاندن و تەواوی لایەنەکانی هزری کۆمەڵایەتی دەبێت:

ئـ. تاکە ئەرک کە بە هزری ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی سپێردراوە، بریتییە لە تیۆریزەکردن بۆ باشترین شێوازی بەشداریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەواوی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دنیاییانەی کە ئەو کۆمەڵگەیەی لە چوارچێوەیدا کار دەکەن، هەوڵی بۆ دەدات. ئەمەش ئەنجامێکی سروشتیی کورتهەڵهێنانی مەبەستەکانی بوونی مرۆییە لەم ژیانی دنیایەدا[1].

ب. ئەو ئامانجە دنیاییانەی کە هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم و تەواوی لایەنەکانی هزری کۆمەڵایەتی تیۆریزەی شێوازی بەدیهێنیان دەکەن، گرنگترین زامنیان تێدا نییە بۆ پابەندبونی شوێنکەوتووانی بۆ جێبەجێکردنی بە هەوڵدانی بێوچان و دڵسۆزانە لە پێناوی بەدیهێنانیاندا، ئەو زامنەش بریتییە لە هەستکردنی ئەو کەسەی کە کاری ڕاگەیاندن یان کاری کۆمەڵایەتی دەکات، بەوەی کە ئەگەر ئەو بتوانێت، لە کاتی کەمتەرخەمییەکیدا، یان لە کاتی باش جێبەجێنەکردنی ئەرکێکی سەرشانیدا، لە سزای یاسایی یان کۆمەڵایەتی دەرباز ببێت پێش کۆمەڵگە، ئەوا ناتوانێت لە ڕۆژی دواییدا لە سزای خودایی قوتاری ببێت.

ئەمەش شرۆڤەی یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و تەواوی لایەنەکانی هزری کۆمەڵایەتی، لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە هەیەتی، لە بەرپاکردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی ئایدیاڵی دەکات[2].

---

(١) بڕوانە: جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.

(٢) ئەو عەلمانییانەی کە باوەڕیان وایە کە ژیانێکی تر هەیە، تێیدا پاداشت و سزا وەردەگیرێت، هەر چەندە پێیان وایە کە ئەوە بەستراوەتەوە بە پەیوەندیی مرۆڤ بە پەروەردگاریەوە و ئەو پەیوەندییە بۆ بواری ژیانی کۆمەڵایەتیی تاک درێژ نابێتەوە، ئەو عەلمانییانە ڕەنگە مشتومڕی ئەوە بکەن کە خودا لە دواڕۆژدا کاتێک لێپرسینەوە لەو کەسانە دەکات کە بە بنەما و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە پابەند نابن، کە ئەو لێپرسینەوەیە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی ئەو کەسانە بهێنێتە دی... لە ڕاستیدا ئەگەر عەلمانییەک مشتومڕ و بانگەشەی ئەوە بکات، ئەوە لێرەدا دژی سروشتی باوەڕەکەی خۆی دەوەستێتەوە، چونکە ئەو چۆن ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە خودا ئەو بەها و ئەخلاقیات و ئامانجە کۆمەڵایەتییانەی دانابێت، پاشان داوای پاراستنی لێ دەکات! لە ڕاستیدا پێویستیی بوونی ژیانی ڕۆژی دوایی بۆ دڵنیاییدان لە پابەندی ئەخلاقی، پاڵی بە «کانت»ەوە نا بڵێت: «بەڕاستی نکوڵیکردنی زیندووبوونەوە، لە ڕووی گریمانەکردنی بەردەوامی ئەبەدیی بوونی مرۆیی، وەک مەرجێکی پێویست بۆ بەدیهاتنی ئەوپەڕی خێر، لەگەڵ ڕێسای خەلقیدا نایەتەوە».
بڕوانە: أحمد محمود صبحی، الفلسفة الأخلاقية فی الفكر الإسلامي، ط ٢ (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ص٩٤.

باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی بەڵگەنەویستێکی جەوهەرییە لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا

سیفەتەکانی دادگەری و دانایی و توانای ڕەها، کە خودای ئەفرێنەری هەڵسوڕێنەری ورد و درشتی کاروباری ئەفرێندراوەکانی پێ وێنا دەکرێت، وای لێ دەخوازن کە ژیانێکی تر بەرپا بکات، کە تێیدا پاداشتی ئەوانە بداتەوە کە بە دڵسۆزانە بەندایەتییان بۆ کردووە و لە هەموو کاروبارەکانی ژیاندا پابەندی شەرعەکەی بوون و لە دنیادا تاکە خەمیان ڕەزامەندیی ئەو بووە، هەروەک چۆن لێی خوازراوە –پاکی و بااڵیی بۆ ئەو- سزای هەر کەسێک بدات کە هیچ ئەرزشێکی بۆ بوونی ئەو لەم دنیایەدا دانەناوە، بە پەرستنی خودای ئەفرێنەری تاکانە و فەرمان و ڕێگریکردنیشی هەر بە پێی ویست و ئارەزووەکانی بووە، ژیانی دنیای تەنها وەکوو ئەوە سەیرکردووە کە ﴿إِنْ هِيَ إِلا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ﴾[1]، واتە: «ژیان تەنها ژیانی ئەم دنیایەمانە و هیچی تر نییە، دەژین و دەمرین و ئێمە زیندوو ناکرێینەوە!»

خۆ ئەگەر دادگەری و دانایی خودا وا بخوازن کە ژیانێکی تر هەبێت کە تێیدا پاداشتی چاکەکار بە بەهەشت و سزای خراپەکار بە دۆزەخ بدرێتەوە، ئەوا ئەو زاتە پاک و بێگەردە توانای ڕەهای بۆ زیندووکرنەوەی ئەفرێندراوەکانی پاش لەناوچوونیان هەیە، چونکە دووبارەهێنانەوەیان قورستر نییە لە ئەفراندن و هێنانەبوونیان[2]، ﴿وَهُوَ الِّذَی يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾[3]، واتە: «هەر ئەو زاتە لە سەرەتاوە بەدیهێنراوەکان بەدی دەهێنێت، پاشان بە جۆرێکی تر دروستیان دەکاتەوە، ئەو کارەش بۆ خوا ئاسانە.»

ڕەنگدانەوەی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی لەسەر ژیانی تاکی موسوڵمان

بێگومان باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی وا لە موسوڵمانی تێگەیشتوو دەخوازێت کە مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی لە هەموو هەڵسوکەوتەکانیدا گوێڕایەڵیکردن و بەندایەتیکردنی بێخەوش و دڵسۆزانە بێت بۆ خودا، کە وای لێ دەکات ڕەزامەندی و پاداشتی هەمیشەیی لە بەهەشتەکانیدا بەدەست بهێنێت. هەروەک چۆن لە هەمان کاتدا وای لێ دەخوازێت لە هەر شتێک دوور بکەوێتەوە کە ئەفرێنەرەکەی پێی ڕازی نییە و دووچاری سزاشی دەکاتەوە.

(١) (المؤمنون: ٣٧).

(٢) أبو بكر جابر الجزائری، منهاج المسلم، ط٨، (حلب دار الوعی، ١٩٩١)، ص٣٩.

(٣) (الروم: ٢٧).

ئەگەر ئەمە ئەو دەرئەنجامە بێت کە لە باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی لەسەر ڕەفتاری تاکەکەس دروستی دەکات، ئەوە بە هەمان شێوە مەبەستی بنچینەیی کۆمەڵگەی موسوڵمانیش، بە هەموو دامەزراوە سیاسی و ڕاگەیاندنکاری و بوارەکانی تریشەوە، دەبێتە هاوکاریکردنی هەموو تاکەکانی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، ئەمەش وا دەخوازێت کە هەموو لایەنەکانی هزری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە خزمەتی ئەو مەبەستانە بکات.

جێکەوتەی باوەڕبوون بە ژیانی دوایی لەسەر هزری ڕاگەیاندن

باوەڕبوون بەم بەڵگەنەویستە لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا لە دوو شتدا ڕەنگدانەوەی لەسەر هزری ڕاگەیاندن و تەواوی لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی دەبێت:

ئ. لە بنچینەدا ئەو ئەرکەی کە بە هزری ڕاگەیاندن و لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی سپێردراوە، بریتییە لە تێوریزەکردن بۆ باشترین شێوازێک کە لە میانەیەوە دامەزراوەی ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە بتوانن کۆمەڵگەیەک بهێننە کایەوە کە تاکە خەمی تاکەکانی گوێرایەڵیی خودا بێت، بە پابەندبوون بە فەرمانەکانیەوە لەم دنیایەدا، بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە باڵایەی کە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی مژدەی پێ داوە، ئەویش ئەو ڕەزامەندییەی خوای گەورەیە کە بۆ مانەوەی هەمیشەیی لە بەهەشتەکانیدا لە ڕۆژی دواییدا سەر دەکێشێت.

ب. ئەوەی کە ئەو کەسەی کە لە کاری ڕاگەیاندندا –یان لە هەر کارێکی کۆمەڵایەتیی تردا– لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا کار دەکات، دەزانێت کە خوای پاک و بێگەرد و باڵا ئاگای لە کارەکەی هەیە و لەسەر بچووکترین کەموکورتی یان کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، لێپێچینەوەی لێ دەکات –ئەگەر تەنانەت توانیشی لەم ژیانی دنیایەدا لە سزای یاسایی یان کۆمەڵایەتیش خۆی قوتار بکات–، هەر ئەوە زامنێکی تەواوە بۆ پابەندبوونی ئەو کەسەی کە لە کاری ڕاگەیاندنی موسوڵماناندا کار دەکات، ئاکار و پەرەنسیپ و ئامانجەکانی کاری ڕاگەیاندنی ئیسلامی بە باشترین شێوە و بەبێ ئەوەی پێویست بکات سانسۆرێکی بۆ دابنرێت بۆ پابەندبوون بەوەوە، جگە لەوەی کە ئەو «دەزانێت کە لەژێر چاودێری و دەسەڵات و سانسۆری خودادایە و لە تەواوی وردەکارییەکانیشدا کۆمەکی دەکات.»[1]

(١) محمد عبد الله دراز، دستور الأخلاق فی القران الكريم (بيروت: مؤسسة الرسالة: ١٩٧٣)، ص١٣٤.

بەو شێوەیە و لە میانەی خستنەڕووی خێرای گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی ئەو بەڵگەنەویستە کۆزمۆلۆژییە لەسەر بونیادی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی، دەتوانین لە هۆکاری کورتهێنانی ئەو مەبەستانەی کە ئەو فەلەسەفانە هەوڵی بەشداریکردن لە بەدیهێنانیاندا دەدەن لە تێرکردنی پێویستییە دنیاییە ڕووتەکان بۆ جەماوەرەکەی، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە، دەتوانین لە یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانە تێبگەین کە لەپشت شکستی ئەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانەوە وەستاون، لە پابەندکردنی شوێنکەوتووانیان لە جێبەجێکردنی کردەیی بە پێی ئەو ڕێسا و پرەنسیپ و ئامانجانەی دایانناوە، بەو شێوەیەی کە بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستە کۆمەڵایەتییە دنیایەکاندا بە باشترین شێوە بکات.

لە لایەکی ترەوە، دەبینین کە بڕوابوون بە ژیانێکی تر لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا و کردنی بە مەبەستێکی باڵا، بە شێوەیەک کە مۆرکێکی تایبەت بە هزری ڕاگەیاندن ببەخشێت، بە جۆرێک کە لەگەڵ ئەو مەبەستەدا گونجاو بێت و بیکات بە ئامرازێکی گرنگ و تیۆریزەی باشترین شێوازی بەشداریکردنی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانی مەبەستە دنیایی و قیامەتییەکانی کۆمەڵگەی موسوڵماندا بکات، لە گۆشەیەکی تریشەوە زامنی پابەندبوونی ئەوانە بکات کە لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا کار دەکەن بە پابەندبوونێکی ورد بە لانەدان لە بنەما و ئاکار و مەبەستەکانیدا[1].

هەروەها بڕوانە:

- محمود شلتوت، منهج القران الكريم فى بناء المجتمع، سلسة دراسات إسلامية عدد (٩)، (القاهرة: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، ربيع الآخر ١٤١٧، سبتمبر ١٩٩٢)، ص٣٥.

- تەفسیری قورتوبیبۆ ئایەتی: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنْسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ (ئایەتی ١٦، سورەتی قاف)، دەڵێت: «مەبەست لەمە ئەو شتانەیە کە لە نهێنیدا و لە دڵ و ویژدانیدا دێت و دەچێت، لەمەشدا ڕاچڵەکاندنێک هەیە بۆ دووركەوتنەوە لەو تاوانانەی کە دەویستریت بشاردرێنەوە.» ابو عبد الله محمد الأنصارى القرطبى، تفسير القرطبى الجامع لأحكام القران، الجزء السادس (القاهرة: دار الشعب، ب ت)، ص١٣٤.

- هەروەها محمد عبد الله دراز، الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(١) لە بارەی کاریگەریی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی، لە پابەندکردنی ڕاگەیاندنکاری موسوڵمان بە ڕێبازی ئیسلامەوە لە کاری ڕاگەیاندنا، بڕوانە:

محمد خير رمضان يوسف، من خصائص الإعلام الإسلامي، سلسة دعوة الحق السنة التاسعة، عدد (٩٧)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامي ١٤١٠هـ ١٩٩٠م)، ص١٤٥-١٥٤.

پاری دووەم: ئەو مەبەستە کۆزمۆلۆژییانەی کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی بەشداریکردن لە بەدیهێنانیاندا دەکەن

«بونیادی هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن بە شێوەیەک دادەڕێژرێت کە وای لێ بکات بتوانێت بەکارایی بەشداری لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا بکات کە پێوەی پەیوەستن»، ئەمەش دوو واتای هەیە:

یەکەم: بەبێ تێگەیشتن لەو مەبەستانەی کە بونیادی ئەو فەلسەفانەی لە پێناودا دروست بووە، ناتوانین لەو بونیادە تێبگەین.

دووەم: ئەو فەلسەفانە ئەگەر یەکێکیان یان تەنانەت -بەگریمانە- هەموویان بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە عەلمانییانە گونجاو بن کە لە پێناویدا دروست بوون، ئەوا بێگومان بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی مەبەستگەلێکی جیاواز لەو مەبەستانەی کە بۆ بەدیهێنانی دروست بوون، ناگونجێن.

لێرەدا ئەو مەبەستانە دەخەینە ڕوو کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مژدەی پێ داون، هەروەها باس لەو تێۆرە کۆمەڵایەتییانە دەکەین کە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم وەک دەروازەگەلێکی جیاواز بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دایهێناون، ئەمە وێڕای تاووتوێکردنی ئاستی ڕەنگدانەوەی ناکۆکی لەنێوان ئەو تێۆرانە لەسەر بونیادی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، پاشان ئەو ئامانجانە هەڵدەسەنگێنین و جێکەوتەکانیان لە کەتواردا دەخەینە ڕوو. دواتریش پوختەی مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی و ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی ڕاگەیاندن دەکەین کە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستانە گونجاون، هەر یەکێک لەم خاڵانە لە داخوازێکی سەربەخۆدا دەخەینە ڕوو.

داخوازی یەکەم: مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر هزری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم

دەتوانرێت بوترێت ئەو وتەزایانەی کە بە مەبەستەکانی بوونی مرۆیی لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا پەیوەستن، دەرئەنجامێکی سروشتین کە بە هۆی ئەو دوو بەڵگەنەویستی لاوەکییەوە دروست بوون کە بەڵگەنەویستە سەرەکییەکە هێناونی. ئەوەتا بەڵگەنەویستی (نەبوونی ژیانی دوایی)، پوچێتی و ناڕاستیی بوونی مەبەستێکی لێ کەوتەوە کە دەکرێت مرۆڤ بۆ دوای ژیانی ئەم دنیایە هەوڵی بۆ بدات. لەبەر ئەوەشی مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی مەبەستگەرایە، بۆیە بیرمەندانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی ناچار بوون بەدوای مەبەستێکی بااڵدا

بگەڕێن کە مرۆڤ ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات، وەک جێگرەوەیەک بۆ ئەو مەبەستەی کە بە نکوولێکردنیان بۆ بوونی ژیانی دوایی، لەناویان برد.

بەو پێیەشی کە بیرمەندانی عەلمانیەت نکوولێی بوونی هەر سەرچاوەیەکی بالا بۆ مەعریفە یان حەقیقەت دەکەن –ئەمەش دووەم بەڵگەنەویستی لاوەکیی کۆزمۆلۆژیای عەلمانییە–، لەسەر ئەم بەڵگەنەویستەوە، بەناچاری، دەرئەنجامێک دروست دەبێت، پوختەکەی ئەوەیە کە جگە لە ئاوەزی مرۆیی هیچ سەرچاوەیەک نییە کە مرۆڤ بتوانێت ئەو مەبەستەی لێوە وەربگرێت کە هەوڵی بۆ دەدات، هەروەها باشترین ڕێگەی گەیشتن بەو مەبەستە[1].

بوونی بەختەوەرانە لوتکەی مەبەستی مرۆڤە

بێگومان بەختەوەری، یان بوونی بەختەوەرانە، ئەو مەبەستە بالایەیە کە هەر مرۆڤێک هەوڵی بەدیهێنانی دەدات[2]، بێگومان ئەمەش بەسەر ئەوانەدا دەچەسپێت کە باوەڕیان بە ژیانی ڕۆژی دوایی هەیەو ئەوانەشی کە باوەڕیان پێی نییە، هەر چەندە ئامانجی بەختەوەری لەم دنیایەدا لای ئەوانەی باوەڕیان بە ژیانی ڕۆژی دوایی هەیە، لەگەڵ ئامانجە بالاکەیدا دژ ناوەستێتەوە، کە بریتییە لە بەدەستهێنانی بەختەوەریی هەمیشەیی لە بەهەشتی نازونیعمەتەکاندا. هەر ئەم ئامانجەی کۆتاییش ئەو مەبەستە بالایەیە کە هەوڵی بۆ دەدات، تەنانەت ئەگەر نرخەکەی قوربانیدان بێت بە کیان و بوونی خۆی لە دنیادا بەتەواوەتی، بەڵام ئەو کەسەی باوەڕی بە بوونی ژیانێکی تر نییە، ئەوا جگە تەنها کورتهەڵهێنانی مەبەست و ئاواتەکانی لە بەدیهێنانی بەختەوەری لە دنیادا هیچ چارەیەکی تری نییە.

لەبەردەم ئەم دەرئەنجامە سروشتییەشدا کە بریتییە لەوەی کە بەدیهێنانی ژیانێکی بەختەوەرانە لە دنیادا مەبەستی بالای هەموو مرۆڤێکی نکوولێکەری ژیانی دوایی یان گوێپێنەدەریەتی، کە هەموو هەوڵ و وزەیەکی خۆی بۆ تەرخان دەکات، بیرمەندان هەوڵیان داوە نەخشەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی بەدیهێنانی

---

(١) بڕوانە: محمود زیدان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(٢) بڕوانە: توفیق الطویل، فلسفة الأخلاق: نشأتها وتطورها، ط٣، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧٦)، ص١٩٤.
– هـ رجریفر، أسس النظرية السياسية، ترجمة: عبد الكريم أحمد، الألف كتاب (٣٦١)، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٦١)، ص٥٠–٦٥.
– لە بارەی مەبەست لە بەختەوەری، بڕوانە:
– مایکل ارجایل، سیکولوجیة السعادة، ترجمة: فیصل عبد القادر، سلسلة عالم المعرفة، عدد (١٧٥)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب محرم ١٤١٤ هـ يوليو ١٩٩٣)، ص٩–٢٦.

بەختەوەریی مرۆڤ (وەک تاک) و[1] چۆنێتیی بەدیهێنانی پایەکانی ئەو بەختەوەرییە دنیاییە لەلایەن کۆمەڵگەوە دابڕێژن.

چۆنێتیی دۆزینەوەی مەبەستێکی باڵای جێگرەوەی ڕۆژی دوای لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا

لەبەر ئەوەی کەتواری کۆمەڵایەتی لە سەردەمی بونیادنانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا کەتواریک نەبوو کە بانگەشەی ئەوەی بکرێت کە دەتوانێت دەرفەتی بوونی پایەکانی بوونێکی دنیایی بەختەوەرانە دەرەخسێنێت، بۆیە بیرمەندانی عەلمانی هیچ چارەیەکیان نەما جگە لە بەڵێندان بەوەی کە ئەو کۆمەڵگە فیردەوسییەی کە قەرەبووی فیردەوسی دوارۆژ بۆ تاکەکانی دەکاتەوە، لە ئایندەدا و ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەدی بێت. هەروەها بەباشی ئەوەیان دەزانی کە ئەگەر ئەو کارە نەکەن، ئەوا ئەو ئایینەی کە مژدەی پێ دەدەن، دەبێتە بانگەوازکەرێک کە خەڵکی وەڵامی نادەنەوە. پاش ئەوەی کە مەسیحیەت فێری کردوون و باش فێری کردوون کە چاویان لە ژیانێکی باشتر بێت[2].

بیرمەندانی عەلمانی لەو بەڵێنەیاندا پشتیان بە بیرۆکەی پێشکەوتن بەستبوو، کە بریتییە لەو بیرۆکە بنچینەییەی کە لە ڕێگەیەوە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مەبەستەکانی خۆی دیاری کرد، چونکە لە ڕێگەی ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەوەی کە کۆمەڵگە مرۆییەکان لە بواڕە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستییەکان و بواڕەکانی تردەوە بەدییان هێناوە، دەکرێت کۆمەڵگەی فیردەوسی بەدی بێت، بەتایبەت کە مرۆڤ ئامادەیی و شیاویی ئەوەیان هەیە بۆ ئەو تەواوی و کەمالّەی کە وا بکات بەرپاکردنی ئەو کۆمەڵگە فیردەوسییە شیاوی بەدیهاتن بێت[3].

هەروەها بیرمەندانی عەلمانی بە ڕوالّەتەکانی ئەو پێشکەوتنە زانستییە بەڵگەیان بۆ بیرۆکەی پێشکەوتن دەهێنایەوە، کە مرۆڤایەتی لە سەردەمی ئەواندا بەخۆیەوە بینیوە، کە لە تڕۆپکیدا دۆزینەوەکانی نیوتن و پەرەسەندنەکانی زانستە مرۆییەکان لەسەر دەستی جۆن لۆک دەبینرێن[4].

---

(١) سەرەتای ئەم ئاڕاستەیە لە چاخی نوێدا خۆی لەو کارانەدا دەبینێتەوە کە بیرمەندانی بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی و ئەدیبەکانیان کردوویانە. لە بارەی بەشداریەکانی بیرمەندانی ئەم ئاڕاستەیە لەو بارەیەوە، بڕوانە: جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥-٢١٩.

(٢) کارل بیکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

(٣) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧-١٨٣.

(٤) بڕوانە، هەمان سەرچاوە، ل١٦٩-١٧١.

هەروەها بڕوایان وا بوو کە لە میانەی تێگەیشتن لەو یاسایانەی کە سروشت بەڕێوە دەبەن و لە میانەی تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆییدا، دەتوانرێت ئەو کۆمەڵگەیە بەرپا بکرێت کە لە لایەکەوە لەگەڵ سروشتی تاکەکانیدا گونجاو بێت، لە لایەکی تریشەوە ڕێگەی کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر دیاردە سروشتییەکاندا بۆ ئاسان بکات، بە شێوەیەک کە وایان لێ بکات کە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو بەرپاکردنی کۆمەڵگەی فیردەوسی هەنگاو بنێن. بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین مەبەستی باڵا لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بریتییە لە «بەدیهێنانی بوونێکی دنیایی بەختەوەرانە بۆ شوێنکەوتووانی»، بەو پێیەشی مەبەستەکان پلەپلەن، هەندێکیان ئامرازی مەبەستێکن و هەندێکیشیان بۆ مەبەستێکی دوورترن[1]، چەند مەبەستێک هەن، کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی دەیانکاتە بەڵێن بۆ شوێنکەوتووانی، لەو جۆرەن کە ئامرازی مەبەستێکی دوورترن، ئەو مەبەستانەش بریتین لە بەدیهێنانی پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و کولتووری و زانستی و... هتد.

بێگومان سەرکەوتنیش لە بەدیهێنانی ئەو ئامانج یان مەبەستانە لە کۆتاییدا خزمەتی بەدیهاتنی مەبەستە باڵاکە لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا دەکەن، ئەویش گەیشتنە بە فیردەوسی سەر زەوی، کە مرۆڤ تێیدا ئەو ژیانە بەختەوەرانەیە بەدی دەهێنێت کە ئامانجیەتی و هەوڵی بۆ دەدات.

تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەک دەروازەی بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی

بیرمەندانی عەلمانیەت لە پێناوی تیۆریزەکردنی باشترین شێوازی بەدیهێنانی پەرەسەندنی بەردەوامی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا کۆشاون، بە شێوەیەک بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە باڵایانە سەر بکێشێت کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مژدەی پێ داون. بەرئەنجامی ئەو تێکۆشانە چەند تیۆرێکی کۆمەڵایەتی بوو، کە بوونەتە دەروازەگەلێکی جیاواز بۆ بەدیهێنانی ئەو فیردەوسەی سەر زەوی کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مژدەی پێ داوە[2]. ئەو ناکۆکییەشی لە نێوانیاندا هەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر بونیادی ئەو تیۆرانە هەبووە، پاشان ڕەنگدانەوەی لەسەر بونیادی ئەو تیۆرانەی ڕاگەیاندن هەبووە کە لەگەڵ ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانەدا گونجاو بوون.

لێرەدا بەکورتی وێناکردنی هەر یەکێک لەو تیۆرانە بۆ باشترین شێوازی بەدیهاتنی ئەو مەبەستانەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی دەخەینە ڕوو کە بەڵێنی بەدیهێنانیانی

(١) محمود زیدان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(٢) عادل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧.

پێ داون، ئەمە وێڕای ئەو ئەرکانەی کە هەر یەکێک لەو تیۆرانە خستوویەتیە سەرشانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی مەبەستەکانیدا، هەروەها ئاستی ڕەنگدانەوی ئەو ئەرکانە لەسەر بونیادی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن.

١. تیۆری لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی (النظرية الاجتماعية الليبرالية) و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانی مەبەستەکانیدا

پێشتر ئەو دوو قۆناغەمان خستە ڕوو کە هزری لیبرالی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوانیش قۆناغی «لیبرالیزمی کلاسیکی» و قۆناغی «لیبرالیزمی نوێ» بوو، هەروەها ئاماژەمان بە هۆکارەکانی دەرکەوتنی لیبرالیزمی نوێ کرد و ئەوەی کە چۆن ئەمە ڕەنگدانەوی لەسەر هزری لیبرالیزم بۆ ڕاگەیاندن هەبووە. لێرەشدا ئەوە دەخەینە ڕوو کە چۆن هەر یەکێک لەو قۆناغانە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیان داوە کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مژدەی پێ داون و ئەو ڕۆڵی کە هەر یەکێکیان خستوویانەتە سەرشانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستانە.

ئـ. لیبرالیزمی کلاسیکی

بیرمەندانی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی دید تێڕوانینی خۆیان، بۆ ئەو کۆمەڵگە نموونەییەی کە پایەکانی ژیانێکی دنیایی بەختەوەرانە بۆ تاکەکانی بەدی بهێنێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەو گریمانانەیان هەڵچنیوە کە پەیوەستن بە سروشتی مرۆییەوە، کە پێیان وایە لە بنچینەدا سروشتێکی ئاوەزمەندانەیە و ئەگەر خەڵکی ئاوەزیان بە شێوازی ڕاست بەکار بهێنن، دەتوانن یاسا هەمیشەییەکانی سروشت بدۆزنەوە، خۆ ئەگەر لە ڕەفتاریشاندا بەو یاسایانەوە پابەند بن و گوێڕایەڵیی بکەن، ئەوا بە ئاشتی و بەختەوەری دەژین[١]. بەو پێیەشی هەر دەستوەردانێک لە کاری سروشت، ڕەنگە تێکی بدات، ئەوا ئەو حکومەتەی لەگەڵ ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا دەگونجێت، پێویستە هەڵوێستی «دەستوەرنەدانە کاری ئەو یاسایانەی هەبێت، بۆ خۆلادان لە ئەگەری کاری هەستیاری سروشت»[٢]، بۆیە دواتر نابێت ئەو حکومەت دەست وەربداتە ڕەوتی سروشتیی کۆمەڵگە بەڕەو بەدیهێنانی مەبەستەکانی، تەنها بۆ پاراستنی ماف و ئازادیی سروشتیی تاکەکانی نەبێت[٣].

---

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.
- هەروەها بڕوانە:
- ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٣) بڕوانە: فاروق یوسف، مبادئ علم السياسة: دراسة للظاهرة السياسية فى حالة الاستقرار والتغير، (القاهرة: مكتبة عين شمس، ١٩٨٦)، ص١٦٢.

ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردن لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەدا

ئەو ڕۆڵەی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی دەیخاتە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەو شتانەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەتوانێت تێیاندا هاوکار بن لە گەیشتن بە حەقیقەت و ڕۆشنکردنەوەی کۆمەڵگە لە سایەیاندا، هەروەها خزمەتکردنی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی باو لە کۆمەڵگەدا دەخاتە ئەستۆیان، هەروەها بەشداریکردن لە پاریزگاریکردن لە ئازادییە مەدەنییەکانی تاکەکان، ئەمە وێڕای هەر ڕۆڵێکی تر کە دەکرێت لە بواری سەرگەرمیدا بیگێڕێت، کە خۆشی و شادی بخەنە دڵی جەماوەرەکەیانەوە[1].

لە سایەی ئەو ئەرک و فرمانانەدا کە کۆمەڵگەی لیبرالی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی چاوەڕێ دەکات جێبەجێی بکەن، باشترین شێوازی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن تیۆریزە کراوە. هەر لەو چوارچێوەیەشدا فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بونیاد نراوە.

ب. لیبرالیزمی نوێ (المحدثة)

کاتێک لیبرالیزمی کلاسیکی لە کەتواردا جێبەجێ کرا، چەندین لایەنی نەرێنیی دەرکەوت و گرنگترین بیرۆکەشی کە لە ئاراستە فکرییەکەیدا پشتی پێ بەستبوو –کە بریتی بوو لە بیرۆکەی ئاوەزگەرایی مرۆڤ–، لەلایەن دەروونزانیی نوێوە دووچاری هێرشکردن بووەوە[2]، جگە لەمانە ئەو ئاڵنگارییانەی کە لەلایەن هزری سۆشیالیزم و ڕووداوە تۆقێنەرەکانی جیهانی لیبرالیزمەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی یستەمدا (دوو جەنگی جیهانی و بێبازاڕی (کساد)ی ئابووری) دووچاری هاتن، هەموویان بۆ دەستکاریکردنی هزری لیبرالی لە هەموو لایەنەکانیدا (سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن) سەریان کێشا، بە شێوەیەک کە وای لێ کرا کەمتر تاکگەرا بێت و زیاتر کۆمەڵگەرا بێت، تەنانەت وای لێ هات دوای ئەو هەموار و گۆڕانکارییانە بە «لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی» ناوزەند کرا.

لە کەتواردا کاریگەریی ئەو پەرەسەندنانەی باس کران، تەنها لە هێنانەکایەی هەمواکردن لە ئامرازدا (تیۆری کۆمەڵایەتی) کورت هەڵنەبێت، بەڵکوو ئەوەی تێپەڕاند

---

(١) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥–١٠٨.

(٢) لە بارەی ئەو هێرشەی دووچاری بیرۆکەی ئاوەزگەرایی بووەوە، بڕوانە:
– رفیق بوشلاكة، «مأزق الحداثة: الخطاب الفلسفی لما بعد الحداثة، مجلة إسلامية المعرفة، السنة الثانية، العدد السادس، ربيع الآخر ١٤١٧ هـ سبتمبر ١٩٩٦، ص١١٣–١١٤.

بەرەو ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاری لەو مەبەستانەدا کە خودی کۆمەڵگەی لیبرالی هەوڵی بۆ دەدات. ئیدی هەمان ئەو گەشبینییە نەما کە لە هزری لیبرالیی کلاسیکیدا باو بوو، کە دەکرێت پێشکەوتنی بەردەوام و بەدواییەکداهاتوو لە هەموو بوارەکاندا بەدی بهێنرێت، بە شێوەیەک بۆ هێنانەکایەی فیردەوسی سەرزەمین سەر بکێشێت، فیردەوسێک کە هەموو مرۆڤێک ئەو بەختەوەرییەی تێدا بەدی بهێنێت کە دەیخوازێت، بەڵکوو ئەو هیوا و ئاواتانە کاڵ بوونەوە و[1] وای لێ هات مەبەستی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بوو بە بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانی، کە تێربوونی ئابووری (بەکاربەرانە،خزمەتگوزارییانە) و چێژوەرگرتنی ڕاستەقینە لە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنییەکان بۆ تاکەکانی –یان لایەنی کەم زۆرینەیان– بەدی بهێنێت.

هەموارکردنی ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سۆنگەی کەتواره نوێیەکەوە

شتێکی سروشتی بوو کە ئەو هەموارانەی دووچاری هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی هاتن و وایان لێ کرد کەمتر تاکگەرا بێت و زیاتر کۆمەڵگەرا بێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی هەبێت، ئیدی ئازادیی ڕاگەیاندن وەک مافێکی تاکەکەسیی ڕەها نەما، بەڵکوو وای لێ هات بەستراوەتەوە بە بەرپرسیارێتیی تاک بەرانبەر کۆمەڵگەکەی لە پیادەکردنی ئەو ئازادییەدا[2].

بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی ئەو ڕەوتە نوێیەی هزری لیبرالی بوو کە دەستی کرد بە دروستکردنی هاوسەنگییەک –تا ڕادەیەک– لەنێوان گرنگیدانی بە تاک و گرنگیدانی بە کۆمەڵ، بۆ دوورکەوتنەوە لەو کەموکوورییانەی کە بە هۆی گرنگیدانی زیاتر بە تاک وەک لە کۆمەڵ دووچاری لیبرالیزمی کلاسیکی هاتبوو و ببووە لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم بەدیهاتنی ئەو مەبەستانەی کە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی هەوڵی بۆ دەدان.

بۆ ئەوەی بتوانرێت زامنی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی ئەم ئاڕاستە نوێیەی لیبرالیزمدا بکرێت، لە پێناوی خزمەتکردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی و لە پێناوی نەهێشتنی ئەو لایەنە نەرێنییانەی کە لە جێبەجێکردنی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیزمی کلاسیکی کەوتبوونەوە[3]، چەند

---

(١) بڕوانە: کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٠-٣٨٧.

– هەروەها رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١٤٨.

(2) F.S. Siebert, F. Peterson and W. Schramim, op. cit., p.74.

(٣) لە بارەی دیارترین ئەو خاڵە نەرێنییانەی لە جێبەجێکردنی فەلسەفەی لیبرالیزمی ڕاگەیاندن کەوتنەوە،

هەموارێکی گرنگ لە هزری ڕاگەیاندندا کرا، تا ئەو تێڕوانینە نوێیە لەگەڵ ئەو ڕۆڵەدا بگونجێت کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بیگێڕن، هەروەها تیۆریزەی چۆنێتیی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا بکرێت.

ئەو هەمواکردنانەش بۆ گۆڕینی ناوی «فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی» بۆ «فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی» یان «لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی» سەریان کێشا.

٢. تیۆری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و ڕۆڵی لە بەدیهێنانی مەبەستەکانیدا

شکستەکانی لیبرالیزم لە هێنانەکایەی ئەو کۆمەڵگە خوازراوەی کە بتوانێت ئەو مەبەستانە بهێنێتە دی کە عەلمانیەت بەڵێنی هاتنەکایەی بە شوێنکەوتووانی دابوو، پاڵنەرێک بوو بۆ دەرکەوتنی هزرێکی کۆمەڵایەتیی ڕەخنەیی کە بریتی بوو لە هزری سۆشیالیستی، پراوپڕترین وێنەی ئەم هزرە لە سۆشیالیزمی زانستیدا دەرکەوت، کە مارکس و هاوڕێکەی (ئەنگلس) دایانهێنا و لەسەر دەستی لینین چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

مارکس ئەم تیۆرە نوێیەی لەسەر بنچینەی تێگەیشتنی تایبەتی خۆی بۆ ئەو یاسایانە بونیاد نا کە شێوازی پەرەسەندنی کۆمەڵگە مرۆییەکان بەڕێوە دەبەن. ئەو پێی وا بوو کە هۆکاری ئابووری یەکەم بزوێنەری ژیانی کۆمەڵایەتی و پاشان مێژووی مرۆڤایەتییشە، هەروەها بڕوای وا بوو کە پەرەسەندنێکی بەردەوام مێژووی مرۆیی بەڕێوە دەبات –هەر چەندە پەرەسەندنێکێک بێت کە پێچاوپێچ بێت و لەسەر ڕاستەهێڵێک نەبێت–[1]، دواتریش ئەو ململانێ مێژوورییەی کە لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەیە، کە خۆی لە ململانێی چینە خاوەندارەکانی ئەو ئامرازانەدا دەنوێنێت، بە شێوەیەکی حەتمی بۆ سەرکەوتنی چینی پرۆلیتار سەر دەکێشێت، کە نوێنەرایەتیی زۆرینە دەکات، ئەمەش کاتێک کە ئەو چینە بەتەواوی ڕێکخراو و خاوەن هۆشیاری دەبێت، لەو ساتەدا شۆڕش بەسەر دۆخە ناسروشتییەکەدا دەکات و دەست بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەگرێت و دەست دەکات بە پاکتاوکردنی چینە دەوڵەمەندەکە، بۆ ئەوەی تەنها یەک چین لە کۆمەڵگەدا بمێنێت، ئەویش چینی پرۆلیتارە، لێرەدا ململانێی چینایەتی کۆتایی دێت و دادگەریی کۆمەڵایەتی لە جوانترین شێوەیدا دێتە دی و ئازادیی ڕاستەقینەش

بڕوانە:

- Ibid, p. 78,79.

(١) جلین تیندر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

دێتە کایەوە و کۆتایی بە چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ برا مرۆڤەکەی دێت و بە پێی پرەنسیپی «هەر یەکە بە پێی وزە و توانای خۆی، بۆ هەر کەسێکیش بە پێی پێداویستییەکانی» تێربوونی ئابووریی تەواو دێتە کایەوە، بەو شێوەیە کۆمەڵگەی شیوعی یان فیردەوسی لەسەر ئەم زەوییە دێتە کایەوە[1].

ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەیشتن بە مەبەستەکانی تیۆری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی

بێگومان ئەو مەبەستە باڵایەی کە سۆشیالیزم هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، کە بریتییە لە بەدیهێنانی فیردەوسی شیوعی، وا دەخوازێت هەموو ئامراز و تواناکانی کۆمەڵگەی بۆ بخرێتە گەڕ. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بە یەکێک لە گرنگترینی ئەو ئامرازانە دادەنرێن کە بەشداری لە گەیشتن بەو ئامانجەدا دەکەن. ئەمەش لە ڕێگەی ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و خشتنەڕووی شرۆڤەی سادە بۆ تیۆری مارکسی و ڕێنموونییکردنیان بۆ چۆنێتیی جێبەجێکردنی ئەو ڕێبازە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و بەشداریکردن لە چاودێریکردنێکی چاوکراوانەی ئەو جێبەجێکردنە و بەرگریکردن لە چینی پڕۆلیتار و بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی بانگەواز بۆ ڕێبازی مارکسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و... هتد[2].

وتەیەکی لینین هەیە کە تا هەنووکەش وەک جەوهەری پاڵفتەی تیۆری ڕۆژنامەگەریی شیوعیەت هەژمار دەکرێت، کە تێیدا ڕۆڵی ڕۆژنامە بە شێوەیەک دیاری دەکات کە پێویستە «تەنها ئامرازێکی بانگەشەکاری هاندەری کۆمەڵی نەبێت، بەڵکوو ڕێکخەرێکی کۆمەڵییش بێت. هەر بە هاوکاریی ڕۆژنامەش و هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە هەر ڕێکخستنێک ئەو فۆرمە وەردەگرێت کە بەشداریی پێ دەکات لە هەموو چالاکییە لۆکاڵییەکان و کاری نیزامیشدا بەگشتی و ڕاهێنان بە ئەندامەکانیشی دەکات بۆ بەدواداچوونی وردی ڕووداوە سیاسییەکان و هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکەکەیان و کاریگەرییان لەسەر چینە جیاوازەکانی دانیشتووان

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستییەوە، بڕوانە:
- کوتافین، معلومات أساسية عن الدولة والقانون السوفيتيتين، (موسکو: دار التقدم، ١٩٨٨)، ص٤٧.
- راشد البراوی، مفاهيم جديدة فی الاشتراكية، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٦٣)، ص١٠-١١.
- نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤، ٢٦٧.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا، بڕوانە:
- D. McQuail, op. cit., p. 92-94,
- W.L. Rivers and W. Schramm, op. cit., p. 42-44 .

و پەرەدان بە ئامرازگەلێکی کاریگەر، کە پارتی شۆڕشگێڕ لە ڕێگەیانەوە کاریگەری لەسەر ئەو ڕووداوانە دروست دەکات.»[1]

بەو شێوەیە ئەرکی سەرشانی ئامرازەکان ڕاگەیاندن لە هزری کۆمەڵایەتی سۆشیالیستیدا دیاری دەکرێت، بە پێی بەشداریکردنیان لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا. سروشتییشە کە سیماکانی بونیادی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بتوانن ئەو ئەرکانە بەجێ بگەیەنن کە لەلایەن کۆمەڵگەی سۆشیالیستییەوە دەخرێتە ئەستۆیان.

٣. هزری کۆمەڵایەتیی گەشەسەندنگەرایی (تنموي) و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی گەشەسەندندا

ئەگەر بۆمان هەبێت وێنای هزری کۆمەڵایەتیی باو لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بکەین –کە هزرێکە یان نزیکە لە لیبرالیزم یان لە سۆشیالیزم، یاخود ئاوێتەیەکی نێوان هەردووکیان– بەوەی کە هزرێکی کۆمەڵایەتیی گەشەسەندنگەرایە، ئەوا دەتوانین بڵێین مەبەستەکانی ئەم هزرە گەشەسەندنگەرایە، لە مەودای دووردا، لە مەبەستەکانی هزری لیبرالیزم جیاواز نییە، بۆ ئەوانەی کە مەیلیان بەلای شوێنکەوتنی ڕەوتی لیبرالی لە گەشەسەندندا هەیە، هەروەها لە مەبەستەکانی هزری سۆشیالیزمیش جیاواز نییە، بۆ ئەوانەی کە مەیلیان بەلای شوێنکەوتنی هێڵی سۆشیالیزم لە گەشەسەندندا هەیە.

ئەمەش وا دەکات کە ئەو مەبەستە باڵایانەی کە کۆمەڵگە تازەگەشەسەندووەکان هەوڵی هێنانەکایەی دەدەن، هەمان ئەو مەبەستانە بن کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مژدەی پێ داون، بەڵام ئەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵگەییەی کە ئەو وڵاتانە پێیدا تێدەپەڕن، وای لێ کردوون کە هەنووکە مەبەستگەلێکی قۆناغزەدەی وا دابڕێژن کە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێت، ئەو مەبەستانەش خۆیان لە گەیشتن بە کاروانی دەوڵەتانی پێشکەوتوودا دەبینەوە. ئەمەش لە ڕێگەی شوێنپێهەڵگرتنی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە نوێیەکان لەسەر بنچینەی ئەوەی کە ئەوان باشترین نموونەی باڵان بۆ بزاڤی کۆمەڵگە[2].

---

(١) ریلادین میلز، التعلیم والإقناع وتشکیل الرأی فی العالم الشیوعی، فی ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥-٢٣٦.

(٢) بڕوانە: نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٦.

ئەمەش دەکرێت بە دوو شت بەدی بێت:

یەکەم: شۆڕشێکی ماددی، کە خۆی لە زیادکردنی خێرا و بەردەوامی بەرهەمهێندا دەبینێتەوە، بۆ زامنکردنی دادگەری دابەشکردن و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هەموان و زیادکردنی داهاتی نیشتمانی.

دووەم: شۆڕشێکی هزری، کە بوارەکەی خودی هاوڵاتییە و خۆی لە وەرچەرخانی هزری لە جەماوەردا دەبینێتەوە لە نۆرم و بەها و نەریت و شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتارەوە بۆ ئەو نۆرم و بەها و نەریت و شێوازە ڕەفتارانەی کە لەگەڵ پرۆسەی گەشەسەندندا دەگونجێن[1].

لە سایەی ئەم ئامانجە گەشەسەندنکارییانەدا ئەو ئەرکانە دیاری دەکرێن کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن، کە بریتین لە بەشداریکردن لە هێنانەکایەی وەرچەرخانی هزری لای جەماوەر و گۆڕینی نەریت و بەها و نۆرمەکانیان بەو شێوازەی کە لەگەڵ ئامانجە گەشەسەندنکارییەکاندا بگونجێت، ئەمە سەرباری پاڵپشتیی سیستمی سیاسی و بەشداریکردن لە بەدیهێنانی کۆدەنگیی جەماوەری لەسەریان و پاڵپشتیکردنی گۆڕانکارییە ئابووریییەکان و بانگکردنی خەڵکی بۆ هەوڵدانی زیاتر لە پێناوی بەرزکردنەوەی توانای پرۆسەی بەرهەمهێنان، هەروەها بەشداریکردن لە یەکخستنی گەل لە ناوخۆ و بەهێزکردنی نفوزی دەوڵەت لە دەرەوەو... هتد[2].

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت ڕۆڵی بنچینەیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە جێبەجێکردنی فەرمانانەی کە یارمەتیدەریان دەبن بۆ بەشداریکردن لە ئەرک یان مەبەستە نیشتمانییە باڵاکەدا، کە بریتییە لە نوێگەری (التحديث)[3].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەرکەدا فرمانەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوودا دادەڕێژرێن، هەروەها لایەنەکانی تری فەلسەفەی ڕاگەیاندنیش بە شێوەیەک دیاری دەکرێن کە یارمەتیدەر بن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە بە جوانترین شێوە.

---

(١) بڕوانە: مختار التهامی، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە هێنانەکایەی گەشەسەندندا، بڕوانە:
١. جيهان أحمد رشتی، نظم الاتصال، الجزء الأول، الإعلام فی الدول النامية، (القاهرة: دار الفكر العربی، ب ت)، ص١٠٣.
٢. إبراهيم إمام، الإعلام والاتصال بالجماهير، (القاهرة: الأنجلو المصرية، ١٩٦٩)، ص٢١١.

(٣) بڕوانە: امدی. مایکل هایت، دور وسائل الإعلام فی العالم الثالث، فی ل. جون مارتن، أنجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧-١٤٨.

داخوازی دووەم: هەڵسەنگاندنی مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی

پاش خستنەڕووی کورتەی ئەو مەبەستە عەلمانییانەی کە هەموو فەلسەفە ڕاگەیاندن و لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی تیۆریزەی شێوازی بەدیهێنانی دەکەن. تۆێژەر هەوڵ دەدات ئەو مەبەستانە لە میانەی خستنەڕووی سێ خاڵدا هەڵبسەنگێنێت:

ئ. وەکوو مەبەستگەلێکی کۆتایی تا چەند شیاو و گونجاون؟

ب. ڕەنگدانەوەی باوەڕپێهێنانی لەسەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگە.

پ. هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەوە لەسەر کەتواری ڕاگەیاندن.

ئ. وەکوو مەبەستگەلێکی کۆتایی تا چەند شیاو و گونجاون؟

کۆزمۆلۆژیای عەلمانی کە نکوولیی بوونی ژیانێکی تر دەکات –یان لایەنی کەم گوێی پێ نادات–، هیچ چارەیەکی لە بەردەمدا نەما جگە کورتهەڵهێنانی ئەو مەبەستانەی کە باوەڕپێهێنەرانی بتوانن هەوڵی بۆ بدەن، لە بەدیهێنانی پایەکانی ژیانێکی بەختەوەرانە لەم دنیایەدا لە لایەک، هەروەها کورتهەڵهێنانی ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە پێویستە کۆمەڵگەی عەلمانی هەوڵی بەدیهێنانیان بدات، لە بەرپاکردنی ئەو بونیادەی کە هەموو ڕەگەزەکانی ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ هەموو تاکەکانی بڕەخسێنێت، لە ڕێگەی هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنی بەردەوام لە هەموو ئاستەکاندا، کە دواتر، بە شێوەیەکی سروشتی، بۆ فەراهەمکردنی ڕەگەزەکانی ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ تاکەکانی سەر دەکێشێت، لە لایەکی ترەوە.

لەو دیڕانەی کە دێن، گفتوگۆی ئاستی گونجان و شیاوی ئەو مەبەستانە دەکەین و ئەوەی کە ئایا بەڵگە و بەهانەیەکی تەواو و بڕواپێهێنەر دەبەخشنە تاک لەمەڕ هۆکاری بوونی لەم ژیانەدا و ئایا واتایەک بە مێژووی کۆمەڵایەتیی مرۆیی و بەرخودانی بەردەوامی دەبەخشن لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو پەرەسەندنە بەردەوامەی کە بۆ ئەو فیردەوسە زەمینییە سەر بکێشێت کە ئەم کۆزمۆلۆژیایە بەڵێنی پێ داوە!

ئاستی شیاویی بەختەوەری یان «بوونی بەختەوەرانە» وەک مەبەستێکی باڵای مرۆڤ

لە کەتواردا ئەو وتەیەی کە دەڵێت مەبەستی مرۆڤ لەم ژیانەدا بەتەوەری یان بوونیکی دنیایی بەختەوەرانەیە، وەڵامێکی تەواومان پێشکەش ناکات کە هۆی بوونی مرۆڤ لەم ژیانەدا شی بکاتەوە، بۆیە تاکە چاوگێک کە بتوانین وەڵامێکی تەواو و

تێروتەسەلی لێ وەربگرین، ئایینە[1]، یەکێکیش لە سەرگەورەکانی ماددەگەرایی لە چاخی نوێدا –کە فرۆیدە– گوزارشتی لەم ڕاستییە کردووە، کە دەڵێت: «خەڵکی هەزاران جار پرسیاریان کردووە ئامانج لە ژیان چییە؟ هیچ کەسێکیش وەڵامێکی تێروتەسەلی وەرنەگرتووە، ڕەنگە پرسیارەکەیان لە شوێنی خۆیدا نەبووبێت. زۆرێکیش ڕایان گەیاندووە کە ئەگەر ئەوان ئەوە بدۆزنەوە کە ژیان بێئامانج و بێمەبەستە، دوای ئەوە هیچ بەهایەک بۆ ژیان نامێنێت، خۆ ڕەنگە تەواو هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین بیرۆکەی بوونی ئامانج و مەبەستی ژیان تەنها تایبەتە بە دین. لێ من پرسیارێکی خاکییانەتر لەوەی پێشوو دەخەمە ڕوو و هەرگیز پرسیار لە مەبەستی ژیان ناکەم، بەڵکوو پرسیار لە بارەی ئەو شتانە دەکەم کە ئێمە لە هەڵسوکەوتی خەڵکەوە هەڵمانهێنجاوە و تێگەیشتووین کە ئەو شتانە ئامانج و مەبەستی ژیانیانە و لە ژیانیاندا هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن و ئاواتیانە پێیان بگەن. ئیدی وەڵامی ئەو پرسیارەم هەرگیز جێی گومان نابێت، ئەگەر بڵێم خەڵکی مەبەستی بەختەوەرییە. دەیەوێت بەختەوەر بێت و بەبەختەوەری بمێنێتەوە.»[2]

بەو شێوەیە «بەختەوەری» بۆ ئەوە ناشێت کە ببێتە ئەو مەبەستە باڵایەی کە هۆی بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا ڕوون بکاتەوە و واتا بەو بوونە ببەخشێت. گەڕان بەشوێن بەختەوەری و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پایەکانی ژیانێکی بەختەوەرانەش تەنها مەبەستێکی جێگرەوەی ناچارانەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە بوونی ژیانێکی تر نییە، یاخود گرنگیی پێ نادەن.

لە کەتواردا پایەکانی بوونی دنیایی ناگاتە ئاستی ئەوەی ببێتە مەبەستێکی ڕاستەقینەی بوونی مرۆیی، بەڵکوو لە ڕاستیدا تەنها ئامرازێکە فووی تێکراوە بۆ ئەوەی ببێت بە مەبەستگەلێک کە مرۆڤ بۆ ئەوەی واتایەک بە ژیانی ببەخشێت پەنای بۆ دەبات، مادام واتایەکی تری نییە[3].

---

(١) ڕونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب٥، ل٨٩.

(٢) سیجموند فروید، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤–٤٥.

(٣) هەر ئەمەش پاڵی بە «گارودی»یەوە نا کە لە گوزارشتکردنی لە چێژە سێکسییەکان لە جیهانی ڕۆژئاوادا بڵێت: «وەک بڵێیت گەمەی سێکسی، وەک ماددە هۆشبەرەکان، بەنجکردنی نائومێدی بێت، بۆ لەبیربردنەوەی بێواتایی ڕۆژانەی ژیان». جارودی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

ئاستی شیاویی «بەدیهێنانی فیردەوسی زەمینی» وەک مەبەستێکی بااڵای کۆمەڵگەی مرۆیی

بە دەستپێکردنی پێشکەوتنی بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگەی فیردەوسی لەسەر ئەم زەوییە، وەک ئامانجێکی باڵای بوونی کۆمەڵایەتی مرۆیی، کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی داینناوە، لەبەر دوو هۆکار شیاو نییە، کە وەک ئامانجێکی کۆمەڵگەی مرۆیی لێی بڕوانرێت، کە ئەمانەن:

١. لەبەر ئەوەی تەنانەت ئەگەر هەر بۆ مشتومڕیش گریمانەی ئەوەمان کرد کە کۆمەڵگە عەلمانییەکان توانییان لە ڕێگەی پێشکەوتنی بەردەوامەوە پایەکانی کۆمەڵگەیەکی فیردەوسی بەدی بهێنن، ئەوا هەموو ئەمە ڕووبەڕووی پرسیارێکی بچووکی سەرنجئامێز و تەنزئامێز دەبێتەوە، کە بریتییە لەوەی دوای ئەوە چی؟ ئەو وەڵامەی کە ناتوانین لێی ڕابکەین ئەوەیە کە «هەر کۆمەڵگەیەکی فیردەوسی کە مرۆڤ بەشداری لە دروستکردنیدا بکات، دواتر بۆ نەوەکانی ئایندەی جێ دەهێڵێت، دواجاریش ئەو جۆرە فیردەوسە دەڕمێت و خودی خۆیشی دیار نامێنێت، لە کۆتاییشدا خودی زەوییش وای لێ دێت کە بۆ ژیانی مرۆڤ گونجاو نەبێت.»[١]

بەو شێوەیە ئەگەر چارەنووسی بڕاوەی هەموو هەوڵ و ماندووبوونێکی نەوەکان و هەوڵ و بەرخودان و زانایی و داهێنانی درەوشاوەی مرۆڤ تیاچوون و نەمان بێت[٢]، ئەوا بێگومان هیچ واتایەک بۆ مێژووی مرۆیی ناهێڵێتەوە. ئیدی ناتوانین واتایەک بۆ تەواوی مێژووی مرۆیی بەدی بکەین، مەگەر لە ڕێگەی باوەڕهێنان بە ژیانی هەمیشەیی دوای مەرگ و ئەو مانەوە هەمیشەییەی (الخلود) کە ئایینەکان باسی دەکەن[٣].

٢. ئەو هەوڵەی کە کۆمەڵگە عەلمانییەکان بۆ تاکەکانیانی دەدەن، لە پێناوی ڕەخساندنەی پایەکانی بوونی دنیایی بەختەوەرانە، وەک ئازادیی تەواو و بەدیهێنانی بەرزترین ئاستی بژێوی لە ڕێگەی تێرکردنی تەواوی خواستەکانی تاکەکانەوە و هەموو پایەکانی تر، دەتوانرێت چەند پرسیارێکی پێویستی ڕووبەڕوو بکرێتەوە، وەک: بەدیهێنانی ئازادی لە پێناوی چیدا؟ بەدیهێنانی ئاستێکی باڵای بژێوی بۆ چ مەبەستێک؟ ئایا دەکرێت خودی ئەم شتانە خۆیان مەبەست بن؟ یاخود ئامرازگەلێکن کە وا لە مرۆڤ دەکەن بتوانێت بە هەندێک لە ئامانج و بەهاکانی ژیان بگات؟ ئەگەر ئەمە بارەکە بێت، ئایا بەدیهێنانی ئەو شتانە بەبێ گەیشتن بە ئامانج و بەهاکانی

---

(١) جلین تیندر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.

(٢) بڕوانە: کارل بیکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

(٣) بڕوانە: جلین تیندر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢-٢٩٥.

ژیان بۆ ماددەگەراییەکی بێئەرزش و بێترخ و کەموکوڕ سەر ناکێشێت، کە چەند کۆمەڵگەیەکی زۆر دەوڵەمەند و خۆشگوزەران بونیاد دەنێت، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا دەبنە کۆمەڵگەیەکی بازاڕگەرای ئاڕاستەکراو و بیابانێکی ڕۆحی لەو شار و دەوروبەرەی، وەک ئەوەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیبینین[1].

لەوەی باس کرا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کۆی ئەوەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بۆ باوەڕدارانی پێشکەش دەکات (چ تاک بن یان کۆمەڵگە)، بۆ ئەوە ناشێن ببنە مەبەستی باڵای بوونی مرۆیی، چونکە ئەو کۆزمۆلۆژیایە هۆکارێکی تێر و تەواو لەمەڕ واتای بوونی مرۆیی لەم ژیانەدا پێشکەش بە باوەڕدارانی ناکات و تەواوی مێژووی مرۆییش لە هەموو واتایەک دادەماڵێت. هەروەها ئەو مەبەستە باڵایانەی کە پێشکەشی دەکات، تەنها ئامرازگەلێکن کە بەناچاری گەورە کراون و فوویان تێکراوە، بۆ ئەوەی ببنە مەبەستگەلێکی باڵای جێگرەوە بۆ ئەو بەهەشتەی ئاسمانەکان کە ئەم وێرانی کرد.

شتێکی سروشتییش بوو کە مرۆڤی هاوچەرخ، لە سایەی نەتوانایی هزری عەلمانی بۆ پێشکەشکردنی لێکدانەوەیەکی واتادار بۆ هۆکاری بوونی مرۆیی و مەبەستەکانی، بە تەنگژەیەکی سەرەکییەوە بنالێنێت، کە بریتییە لە هەستکردنی بە پێویستیی زۆری بە بەهاگەلێک کە چەمک و واتا بە ژیانی ببەخشن. گومانیشی تێدا نییە تاکە چاوێک کە مرۆڤ بتوانێت بەهایەکی لێوە وەربگرێت، بڕوای ئایینییە بە فراوانترین واتاکانیەوە، بەڵام ئەو گومان و گومانگەراییەی کە مرۆڤی ڕۆژئاوایی ماوەتەوە، بووە بە لەمپەرێک لەنێوان ئەو و باوەڕهێنانێکی لەو جۆرە[2].

لە سایەی ئەم کەتوارەدا –شکستهێنانی عەلمانیەت لە پێشکەشکردنی جێگرەوەیەک بۆ باوەڕی ئایینی و ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە بۆ باوەشی باوەڕ– شتێکی سروشتی بوو هزری بێمانایی و عەبەسیەتی ژیان و ناماقوڵیەتی، هەردوو مەیدانی فەلسەفە و ئەدەب لە سەردەمی ئێستاماندا دابپۆشێت[3].

---

(١) ڕونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب٥، ل٨٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

(٣) لەو بارەیەوە بڕوانە:

– عبد الوهاب المسيرى، «المادية وموت الإنسان»، مجلة المسلم المعاصر، عدد (٧٩) السنة العشرون، رجب، شعبان، رمضان ١٤١٦ هـ فبراير، مارس، أبريل ١٩٩٦م، ص٨١–٩٨.

– رفيق بوشلاكه، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١–١٢٦.

–ڕونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، ب٥، ل٤٢–٤٧، هەروەها ل٧٦–٧٧ و ل٩٦–٩٧.

– تيرى ايجلتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

ب. ڕەنگدانەوەی باوەڕبوون بە مەبەستە دنیاییەکان لەسەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگەکان و ڕەنگدانەوەی ئەوە لەسەر کەتواری ڕاگەیاندن

مەحەکی دووەم، کە دەکرێت لە سایەیدا مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی هەڵبسەنگێنین، بریتییە لە گەڵاڵەکردنی هەندێک دەرئەنجام کە بە هۆی کورتهەڵهێنانی ئەو ئامانجانە لە بواری دنیادا کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگەکان لەم دنیایەدا دروست دەکەن و دواتریش ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبێت.

یەکەم: ڕەنگدانەوەی باوەڕبوون بە مەبەستە دنیاییەکان لەسەر ڕەفتاری تاک

دەتوانین لە میانەی ئاشنابوون بەو پایە و ئامرازانەی کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بۆ بەختەوەریی دنیایی پێشکەش بە تاکی دەکات، هەروەها لە میانەی ئاشنابوون بەو ڕێگایانەی کە ئەو کۆزمۆلۆژیایە بۆ تاکەکانی دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بۆ گەیشتن بەو پایانە بیگرێتەبەر، گفتوگۆی ڕەنگدانەوەی کورتهەڵهێنانی مەبەستەکانی بوون لە بواری دنیادا لەسەر ڕەفتاری تاک بکەین.

پایەکانی بوونی دنیایی بەختەوەرانە

سروشتییە کە پایەکانی بوونێکی دنیایی بەختەوەرانە سەبارەت بە تاک، بە پێی تەرازووی دنیاییانەی پۆزەتیڤیزم –کە ڕۆح لە بازنەی گرنگییێدانەکانی دوور دەخاتەوە– تەنها ئەو شتانە بگرێتەوە کە پەیوەندییان بە لایەنە ماددییەکەی بوونی مرۆییەوە هەیە[1]، بەتایبەت کە دیدی پۆزەتیڤیزم وا لە مرۆڤ دەڕوانێت کە لە بنچینەدا ئاژەڵە و جگە لە بەرهەمێکی ئاڵۆزی ماددە شتێکی دی نییە[2]. ئەو پایە ماددییانەش کە دەکرێت مرۆڤ تێیاندا ئەو خۆشییانە بدۆزێتەوە کە بەدواياندا وێڵە، تا بەختەوەریی ژیانیان پێ بەدی بهێنێت، هەموویان پەروەردگاری ئەفرێنەری مرۆڤ لە یەک ئایەتی قورئانی پیرۆزدا باسی فەرمووە: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ

---

(١) بڕوانە: ناهد عمروس، المؤسسية فی النظام السياسی الإسلامي، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٩٣)، ص٤١٤.

– ئەمە واتای ئەوە نییە کە لایەنە لیبراڵییەکەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی پێی وایە هەوڵدان بۆ تێرکردنی لایەنی ڕۆحیی پەیوەست بە ڕۆژی دوایی کارێکی ناڕەوایە، چونکە ئەو ڕێژەییبوونی ئاکارییەی فەلسەفەی لیبراڵی کاری لەسەر دەکات، هەوڵدان بۆ بەرژەوەندیی قیامەتی بە شتێکی ڕەوا دادەنێت. تشارلز فرانکل، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣–١٩٦.

مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ﴾[1]، واتە: «جوان کراوە و ڕازێنراوەتەوە بۆ خەڵکی، خۆشی و ئارەزووەکانی نەفس لە ئافرەتان و کوڕوکاڵی زۆر و دارایی زۆری کەڵەکەکراو لە ئاڵتون و زێڕ و زیو و ئەسپ و ماینانی نیشانەدار (بە سپێتیی ناوچەوان و هەر چوار پەلی) هەروەها ئاژەڵ و چوارپێ و کشتوکاڵ، ئەمانە بەهرە و کەلوپەلی ژیانی دنیان و لای خوا خۆشترین جێگا و پاشەڕۆژ هەیە.»

بەو شێوەیە خۆشییەکانی ژیانی دنیا لەو پایە ماددییانە بەدەر نین کە خۆشی و کەسایەتی و پایە و دەسەڵات بۆ مرۆڤ بەرجەستە دەکەن.

بەڵگەیەکی دیاری کورتهەڵهێنانی پایەکانی ژیانی بەختەوەرانە لە بەدەستهێنانی ئەو خۆشییانەدا وتەکەی «برجنسکی»یە، کە هەنووکە پێناسەی باوی ژیانی خۆش لە ئەمەریکا –کە ئەو کولتوورە جەماوەرییەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەت تەلەڤزیۆن، پێشکەشی دەکەن، بوونەتە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی– بریتییە لەو ژیانەی کە بوار بۆ خاوەنەکەی دەڕەخسێنێت کە خاوەنی کەلوپەل بێت و بتوانێت ڕاستەوخۆ ئارەزوو و حەزە تاکەکەسییەکان بە شێوەیەکی گشتی تێر بکات[2].

دیسپلینەکانی بوون و بەکارهێنانی ئەو پایانە

سروشتییە کە هەر ڕێباز و ڕەفتارێک کە تاک دەیگرێتە بەر، کە لای وایە بەرژەوەندییە دنییاییەکانی بۆ دەهێنێتە دی و ئەو خۆشییانەی بۆ فەراهەم دەکات کە ئەو پێی وایە ئەو بەختەوەرییەی بۆ بەدی دەهێنێت کە دڵخوازی خۆیەتی، ئەو ڕێباز و ڕەفتارێکی ڕێگەپێدراو و ئەخلاقییە، بە مەرجێک لە چوارچێوەی سیستمی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتنی مافی ئەوانی دیدا ئەنجام بدرێت[3]. ئا ئەمە ئەو چوارچێوە گشتییەیە کە لە بازنەییدا دیسپلینی ڕەفتاری تاکەکان لە هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە پایەکانی بەختەوەری و شێوازی چێژلێوەرگرتنیان دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی ئەمە چوارچێوەیەکی زۆر بەربڵاو و فشەڵە و کەمترین دیسپلینی گونجاو بۆ ڕەفتاری تاک دادەنێت، جێبەجێکردنیشی کەموکورتیی گەورەی تێدا دروست دەبێت، ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە میکانیزمێکی نییە کە تاک وا لێ بکات پابەندیی خودیی هەبێت، چونکە دەبێت چ شتێک بێت تاک بە ڕێسایەکی ئەخلاقی یان یاساییەوە بە شێوەیەک پابەند بکات کە ببێتە ڕێگر لەنێوان ئەو و بەرژەوەندییەکی دنیاییدا، لە

(١) (آل عمران: ١٤).

(٢) ز. برجنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(٣) بەراورد بکە: محمد علی عز العرب السماحی، الضمیر والإلزام الخلقی بین المذاهب الفکریة والإسلامیة: دراسة مقارنة، (القاهرة: بدون ناشر، ١٩٨٥)، ص١١٥.

باریکدا که بتوانێت خۆی له سەرزەنشت و سزا قوتار بکات[1].

ڕەنگدانەوەی مەبەستە دنیاییەکانی تاک لەسەر کارلێکی لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

ئامانجەکانی تاک و مەبەستەکانی (مقاصده) لەم دنیایەدا –جا نێرەر یان وەرگر بێت– ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا دەگێڕن، چونکە ئەو پەیامەی ڕاگەیاندن کە بەرئەنجامی کۆتایی پرۆسەی کاری ڕاگەیاندنە، بە شێوەیەکی بنچینەیی لە سایەی ئامانجەکانی نێرەر و وەرگرەکانیدا دادەڕێژرێن. لە سۆنگەی سروشتی مەبەستەکانی تاکی عەلمانی و شێوازی بەدیهاتنیان، کە پێشتر خستمانە ڕوو، دەتوانین گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی ئەو مەبەستانە ڕوون بکەینەوە کە پێشبینی دەکرێت بەسەر پەیامی ڕاگەیاندنەوە هەیانبێت.

ئ. ڕەنگدانەوەی مەبەستەکانی تاک «وەک نێرەر» لەسەر ناوەرۆکی پەیامی ڕاگەیاندن

شتێکی سروشتییە کە مەبەستەکانی تاک «وەک نێرەر» ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەو پەیامە ڕاگەیاندنکارییە هەبێت کە پێشکەشی جەماوەرەکەی دەکات، چونکە ئەو بوونەوەرێکە بوونی خۆی لەم دنیایەدا کورت هەڵدەهێنێت و لە سۆنگەی باوەڕبوونیشی بە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی، جگە لەم دنیا کورتە، هیچی تری لە بەردەمدا نییە بۆ ئەوەی مەبەستەکانی خۆی تێدا بەدی بهێنێت، بۆیە سروشتییە کە ئەو مەبەستانە لە هەموو ڕەفتارێکیدا و لە هەر شوێنێک بێت بەشاراوەیی حزووری هەبێت، چونکە ئەو وەک دروستکەر و هەڵسوڕێنەری پەیامە ڕاگەیاندنکارییەکە، جا وەک جێبەجێکاری پەیوەندییەکە یان وەک خاوەنداری ئامرازەکە یان وەک هەڵسوڕێنەری بێت (فەرمانڕەوا یان سەرکردەی پارت)، دەکرێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو مەبەست و بەرژەوەندییە خودییانەی لە دارشتنی ئەو پەیامانە و ئاڕاستەکردنیاندا دایدەنێت.

ئەو وەک کەسێک کە پەیوەندییەکە جێبەجێ دەکات –ئەگەر ئەو کەسە نەبێت کە خاوەن، یان هەڵسوڕێنەری ئامرازی ڕاگەیاندنەکەیە–، پێشبینی دەکرێت هەوڵی پێشکەشکردنی پەیامێک بدات کە لەگەڵ سیاسەتی خاوەندار یان هەڵسوڕێنەری ئامرازە میدیاییەکەدا بگونجێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا پەیامێکی بەسوودە بۆ وەرگرەکەی یان بێسوود، مادام ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی کارەکەی

(١) مناع القطان، تاريخ التشريع الإسلامي، (القاهرة: مكتبة وهبة، ب ت)، ص٢١.

و ڕێگەی بۆ خۆش دەکات بۆ وەرگرتنی پۆستی بەرزتر لەو دەزگا ڕاگەیاندنییەی کە کاری تێدا دەکات[١].

هەروەها ئەو وەک خاوەنی دەزگا ڕاگەیاندنییەکە، هەوڵی چەند ئامانجێکی دیاریکراو لە خاوەندارێتیکردنیدا دەدات، کە ڕەنگە ئەو ئامانجانە بچنە خانەی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتییەوە، کە ئەمە تا ڕادەیەک ئەگەری هەیە ڕوو بدات، بەڵام ئەگەری بەهێز، کە کەتوار یەکلایی دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئامانجی بنچینەیی بریتییە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیی خودی[٢]، کە ڕەنگە قازانج بێت، کە زۆربەی کات ئەمەیە[٣]، یان ڕەنگە دەستڕۆشتوویی یاخود بانگەشە بێت بۆ ئاڕاستەیەکی هزری کە خاوەنەکە هەیەتی، یان ئامانجی تری خودیی.

ئەمەش بە شێوەیەکی خۆبەخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو پەیامە ڕاگەیاندنییانە دەبێت کە ئەو دەزگای ڕاگەیاندنە پێشکەشی دەکات کە ئەو کەسە خاوەندارێتیی دەکات.

بۆ نموونە ئەگەر مەبەستی ئەو کەسە لە قازانجدا بێت، دەبینین قازانج دەبێتە پێوەری یەکەم لە هەڵبژاردنی ئەو پەیامانەی کە ئەو دەزگایە بڵاویان دەکاتەوە. بەو پێیەشی کە قازانجی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە داهاتی ڕیکلامەوەیە، لەبەر ئەوەشی کە ڕیکلامەکان تەنها بۆ ئەو دەزگایانە دەچن کە جەماوەریان زیاترە، ئەمە پاڵ بە خاوەنی دەزگاکەوە دەنێت بۆ بڵاوکردنەوەی هەر شتێک کە جەماوەر بۆ دەزگاکەی ڕابکێشێت، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی سێکس و تاوان و ئابڕووبەری و هاوشێوەکانیشانەوە بێت[٤]. هەروەک چۆن ڕەنگە پاڵی پێوە بنێت بۆ بەرپاکردنی

(١) بڕوانە:
- جيهان أحمد رشتى، الأسس العلمية لنظريات الإعلام، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٧٨)، ص٣٣٣-٣٤٨.

(٢) بڕوانە:
– The Commission on Freedom of the Press, op. cit., p. 60.

(٣) لە بارەی ئەوەی کە قازانج ئامانجی ئامرازە ڕاگەیاندنییە تایبەتەکانە، بڕوانە:
- R. E. Hiebert and C. Reuss, Impact of Mass Media, New York: Longman Inc. 1988), p. 161,
- J. Curran and J. Seaton, Power without responsibility: The press and Broadcasting in Britian, (London: Methuen, 1985), p. 258.

(٤) بەڵگەی ئەمە ئەوەیە کە ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە وەک پرۆژەی تایبەت لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا کار دەکەن، ٩٠٪ی بەرنامەکانیان بۆ سەرگەرمی و کاتبەسەربردن تەرخان دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە بەرنامەکانی ووروژاندن و سێکس و تۆندوتیژی ڕێژەی زۆر گەورەی ئەو بەرنامانە پێک دەهێنن و لە بەرانبەردا تەنها ١٠٪ی بۆ بەرنامەی تایبەت بە خزمەتی گشتی تەرخان دەکەن. بڕوانە:
- عماد حسن مكاوى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤١.
- J. Curran and J. Seaton, op. cit., p. 272,

مۆنۆپۆڵکارییەک کە هەموو ڕکابەرییەک لەناو ببات و ئیدی فرەیی و هەمەچەشنیش نەمێنێت.

هەروەها ئەو وەکوو کەسێک کە بڕیار لەو شتانە دەدات کە لە دەزگا ڕاگەیاندنییەکەوە بڵاو دەبنەوە –لە باریکدا کە ئەو ڕاستەوخۆ خاوەندارێتیی ناکات–، وەکوو بڕیاربەدەست یان سەرۆکی پارتێک (وەک ئەوەی لە سیستمە تۆتالیتارییەکاندا هەیە) ڕەنگە ئەو دەزگایە بە شێوەیەک بەکار بهێنێت کە خزمەت بە شکۆی کەسێتیی خۆی و شێواندنی نەیارەکانی بکات و بەڕاست و ناڕاست باوەڕ بە جەماوەر بهێنێت کە هەر ئەو ڕزگارکەر و سەرکردەی ئیلهامبەخشە. لێرەوە ئیدی لەم بارەدا ئەو دەزگا ڕاگەیاندنییە، لەبریی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی، دەبێتە ئامرازێک بۆ خزمەتی کەسیی سەرۆک. لێرەوە دەتوانین لە بەشێکی گەورەی هۆکارەکانی لادانی ئەداکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، لەو ڕۆڵەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندن بۆی دارشتووە، تێبگەین.

ب. ڕەنگدانەوەکانی مەبەستەکانی تاک «وەک وەرگر» لەسەر ناوەرۆکی پەیامی ڕاگەیاندن

مەبەستەکانی تاک بە شێوەیەکی خۆکرد ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوەرۆکی ئەو پەیامە دەبێت کە ئامرازی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکات، چونکە سروشتییە کە تاک، وەک وەرگری پەیامەکانی ڕاگەیاندن، ئەو پەیامانە وەربگرێت کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکات کە مەبەست و پێشبینییەکانی بەدی دەهێنێت، ئەمەش بێگومان کار دەکاتە ئەو کەسەی کە پەیوەندییەکە دەکات لە دارشتنی پەیامەکەیدا و شێوە پەیامێک دادەڕێژێت کە پێشبینیی وەرگرتن و پێشوازییەکی فراوانی جەماوەریی لێ دەکرێت[1].

بەو پێیەشی کە مەبەستەکانی ئەو تاکەی کە باوەڕی بە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی هەیە، تەنها لە بواری ئەم دنیایەدا کورت هەڵدێت، ئەمە بێگومان وا دەکات کە ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بنچینەدا ببێتە بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی کە ئەو مەبەستە بەدی دەهێنن، جا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پەیامگەلێکەوە بێت کە سوودی ئایندەییان هەیە (وەک پەیامە ڕۆشنبیری و فێرخوازی و زانستییەکان و...

– فانس بكارد، إنهم يصنعون البشر، ترجمة: زينات الصباغ، الجزء الأول، الألف كتاب الثانى (١٤٥)، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٤)، ص١٥٥–١٦١.

(١) جيهان أحمد رشتى، الأسس العلمية لنظريات الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٦–٥١٧.

هتد)، یاخود ئەو پەیامانەی کە سوودی خێرایان هەیە، ئەوانیش ئەو پەیامانەن کە یارمەتیی وەرگرەکانیان بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش دەدەن. ئەم جۆرە پەیامەیان کەمەندکێشترە -بەتایبەت بۆ جەماوەرە گشتییەکە- ئیدی ئامرازی ڕاگەیاندن لە پێناوی بەدیهێنانی حەز و خواستەکانی جەماوەرەکەی خۆی لە پێشکەشکردنی بابەتی سێکسییش ناپارێزیت -کە هەندێک جار دەگاتە ئاستی لەشفرۆشی- و بێئابڕوویی و تاوان و هەر شتێکی تر کە حەزەکانی جەماوەرەکەی تێر بکات[1]، مادام ئەو شتانە پێچەوانەی شێوازی باوی ژیانی کۆمەڵایەتی نەبن، یان لایەنی کەم یاسا ڕاشکاوانە بەتاوانی دانەنابن، چونکە ئەوە لە هەمان کاتدا خزمەت بە بەرژەوەندیی ئەو کەسانەش دەکات کە دەزگا ڕاگەیاندنییەکە بەڕێوە دەبەن[2].

بەو شێوەیە و لە سۆنگەی کورتهێنانی مەبەستەکانی مرۆڤ لە بواری دنیادا و کورتهێنانی ئەو پایانەی کە ئەو مەبەستانە لە چێژە بەرجەستەکاندا بە شێوەیەکی بنچینەیی بەدی دەهێنن، شتێکی سروشتی بوو کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەدا بەشدار بن لە پێشکەشکردنی زیاتری ئەو سەرگەرمی و چێژانەدا، مادام لەگەڵ خواست و حەزی جەماوەرەکەیاندا بگونجێت و لە هەمان کاتیشدا ئامانجی بەڕێوەبەران و خاوەنی ئەو ئامرازانە بەدی بهێنێت.

دەتوانرێت بوترێت ئەو پەیامانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن، ڕەنگدانەوەن بۆ بارودۆخی بواره جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو ئامرازانە کاریان تێدا دەکەن. ئەمەش وا دەکات کە هەر سەرکۆنەکردنێکی ئەو شتانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن، سەرکۆنەکردنێکی نابابەتییانە بێت، ئەگەر ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگە لەسەر ئەو ئامرازانە بەهەند وەرنەگرێت.

لەم بارەیەوە دانەرانی کتێبی «وسائل الإعلام والمجتمع الحديث» دەڵێن: «هەر لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە ڕەخنەگرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە جیهانی ڕۆژئاوادا مەبەستیان بووە ڕەخنەکانیان لە زۆرێک لە کەموکوڕییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکەرەوە یان پەخشکەری تاکەوە بۆ سیستم بگوێزنەوە. ڕای بڵاویش ئەمڕۆ ئەوەیە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەونە ژێر

---

(١) چونکە خاوەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەهانەیان بۆ پێشکەشکردنی ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی کە، بۆ نموونە، تاوانی کوشتن بڵاو دەکەنەوە، ئەوەیە کە دەڵێن شتێک پێشکەش دەکەین کە خەڵک حەزی لێیە.
- هربرت شیلر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.
- J. D. Brown, “Sex in the Media “, in R. E. Hiebert and C. Reuss, op. cit., p. 167-171.

(٢) ز. برجنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧-٧٨.

کاریگەریی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەوەتا هێزە کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکان و سیستمی بەهاکان و کۆی ژیارەکەمان لە کەتواردا، بە لایەنی کەمەوە گرنگییەکی هاوتای کەسەکانی هەیە لە دروستکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کارتێکردن لە کارەکانی. خۆ ئەگەر بمانەوێت لە کاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنمان بگۆڕین، پێویستە لەسەرمان گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەو سیستمەدا بکەین کە کاری تێدا دەکەین. هەستێکیش هەیە کە زۆرێک لەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکرێنەوە، لە بنچینەدا ڕەخنەگەلێکی ڕاستەقینەن لە کۆمەڵگەکانمان و لە سیستمی بەهاکانمان، چونکە ڕەخنەگران خەڵک لە کۆی ئەو ماددەگەراییە دوور دەخەنەوە لە ژیارەکەماندا ڕێشەی هەیە بەگشتی، نەک تەنها لەناو ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.»[1]

دووەم: مەبەستەکانی کۆمەڵگەی عەلمانی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

مەبەستەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی عەلمانی لە بەدیهێنانی پایەکانی بوونیکی بەختەوەرانە بۆ تاکەکانی کورت هەڵدێت. ئەمەش لە ڕێگەی هێنانەکایەی پەرەسەندنێکی کەڵەکەبووی بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەت لە بواری ئابووریدا. بەو پێیەشی خواستی هەر کۆمەڵگەیەک بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنی ماددی خواستێکی زۆر گەورەترە لەوەی کە سامانە سروشتییەکان دەتوانن پێشکەشی کۆی کۆمەڵگە مرۆییەکانی بکەن، ئەوا دەکرێت ئەمە بە شێوەیەکی خۆکرد بۆ دروستکردنی ململانێ لەنێوان کۆمەڵگەکاندا لەسەر ئەو سەرچاوانە سەر بکێشێت، بە شێوەیەک کە ڕەنگە پەرەسەندنێکی ئابووری لە کۆمەڵگەیەکدا لەسەر دواکەوتنی ئابووریی کۆمەڵگەیەکی تر یان چەند کۆمەڵگەیەکی تر بونیاد نرابێت[2]. نەبوونی سیستمێکی نێودەوڵەتییش کە لاوازەکان لە چەپۆک و هەژموونی بەهێزەکان بپارێزێت، هەروەها نەبوونی پابەندیی ئەخلاقیی کۆمەڵگەی

---

(١) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨-٣٧٩.

(2) W. Galston, Liberal Purpose, (London: Cambridge University Press, 1991), p. 73.

- والتر رودنی، أوروبا والتخلف فی أفریقیا، ترجمة: أحمد القصیر، سلسلة عالم المعرفة، عدد ١٣٢، (الکویت: المجلس الوطنی للثقافة والفنون والآداب، ربیع الآخر ١٤٠٩، دیسمبر ١٩٨٨)، ص١٣٧-٢١٠.

- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی گیانی داگیرکاریی ڕۆژئاواوە، بڕوانە:

- عبد الوهاب المسیری، تحول الامکانیة الابادیة إلی حقیقة تاریخیة، جریدة الشعب، عدد ١٩٩٧/٤/٤، ص١١.

بەهێز بە مامەڵەی دادگەرانەوە لەگەڵ کۆمەڵگە لاوازەکان، یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی ئەو ململانێیە، «چونکە هەر کۆمەڵگەیەک چەمکی بەرژەوەندی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی شرۆڤە دەکات و دەیگونجێنێت.[١] ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە بواری بزاڤی سیاسیی دەوڵەتاندا جێبەجێکردنی بنەما ئەخلاقییەکان بە شێوە ئەبستراکتەکەیان کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەوڵەتان، لە میانەی جێبەجێکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیاندا، بە پێی کۆمەڵە بنەمایەکی ئەخلاقی کار دەکەن، کە جیاوازن لە ئەخلاقی تاکەکەسی[٢].

ئەمەش ڕووی داوە کە سروشتی ئەو بەرژەوەندییانەی کە کۆمەڵگە عەلمانییەکان هەوڵی بەدیهێنانیان داوە و نەبوونی میکانیزمیک بۆ پابەندکردنی ئەو کۆمەڵگانە بە مامەڵەی ئەخلاقییانەوە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تردا ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر پەیوەندیی ئەو کۆمەڵگە عەلمانییە پێشکەوتووانە لەگەڵ گەلە چەوساوەکان لە ئەفەریقا و ئاسیا و هەردوو ئەمەریکاکە، ئەمەش لە تاڵانکردنی سامان و خێروبێریان و ڕێگریکردنیان لە پێشکەوتن لە پێناوی پێشکەوتنی خۆیاندا بەرجەستە بووە[٣]. ئەگەر زاڵدەستیی گەلانی ڕۆژئاوا بەسەر گەلانی وڵاتانی هەژاردا، تا سەردەمێکی نزیکیش، شێوەی داگیرکردنی سەربازیی وەرگرتووە، ئەوا ئێستا تەنها زاڵدەستیی ئابووری و پیشەیی و کولتووری و ڕاگەیاندنی بەسە[٤]، کە دواجار هەمان ئەو دەستکەوتانەی دەبێت کە داگیرکاریی سەربازی هەیبووە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسانتر.

---

(١) احمد فؤاد رسلان، نظرية الصراع الدولى: دراسة فى تطور الأسرة الدولية المعاصرة، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥)، ص١٢٤.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

(٣) لەو بارەیەوە بڕوانە: حسين مؤنس، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣، هەروەها ل ٣٥٩–٣٦٠.
– منير شفيق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢–٦٣.

(4) J. Curran, et al, (eds), Mass Communication and Society, (New York: Edward Arnold, 1977), p. 117-134.

ڕەنگدانەوەی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی عەلمانی لەسەر بەکارهێنانی بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

شتێکی سروشتییە کە کورتهەڵهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی عەلمانی، لە بەدیهێنانی پەرەسەندن بۆ فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی تاکەکانی، ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیەوە بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا هەبێت.

بەو پێیەشی دەکرێت سروشتی ئەو مەبەستانە بۆ ململانێ لەنێوان کۆمەڵگەکاندا بەتایبەت لە بواری ئابووریدا سەر بکێشێت، ئەوا ئەمە بە شێوەیەکی سروشتی بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن هەر کۆمەڵگەیەکی عەلمانییەوە وەک ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی بردنەوەی ئەو ململانێیە لەگەڵ لایەنەکەی تردا سەر دەکێشێت، لێرەدا و لە ئەنجامی سەروەریی بەرژەوەندییەرستی لە بواری نێودەوڵەتیدا دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەموو شێوازێکی پڕوپاگەندە بۆ ئاوەژووکردنی ڕاستییەکان و شێواندنی وێنەی نەیارەکانیان بە ڕاست و ناڕاست بەکار بهێنن، جا لە بەرچاوی جەماوەری گەلی خۆیاندا بێت یان جەماوەری گەلانی تر، ئەمەش بۆ ئامادەکردنی ڕای گشتیی ناوخۆیی و ڕەنگە نێودەوڵەتییش بێت بۆ هەر کارێک کە بوێستریێت لە بەرانبەر نەیاردا بۆ پێدانی جۆرێک لە بەهانە بۆ ڕەوایەتیدان بەو کارە و شێوازی ململانێکە ئەنجام بدرێت.

ئەگەر ئەو ڕۆڵەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە خزمەتکردنی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی عەلمانیدا دەیگێڕن، ڕۆڵێکی سروشتی بێت کە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەکەی بەسەریدا دەسەپێنێت، تەنانەت ئەو چالاکییە ئاڕاستەی کۆمەڵگەیەکی عەلمانیی تریش کرابێت لەناو ڕشتەی کۆمەڵگەی هەژموونکارەکاندا، ئەوا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگە عەلمانییە ڕۆژئاواییە هەژموونکارەکانیشدا بە شێوەیەکی نیمچە تەواو هەوڵی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لەسەر هەژماری کۆمەڵگە چەوساوەکان دەدەن، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو داگیرکارییە کولتووری و هەژموونە ڕاگەیاندنییەی بەسەر ئەو کۆمەڵگانەدا دەیسەپێنن، ئەمە وێڕای بەڵگەهێنانەوە و ڕەوایەتیدان بەو داگیرکاری و هەژموونکارییەی بەسەر ئەو کۆمەڵگانەدا بە دەرخستنی دواکەوتنیان و تەنانەت داکەوتنیان و سەرەتاییبوونی

گەلەکانیان[1].

هەروەک چۆن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگە عەلمانییەکاندا –لە میانەی هەوڵدانی بۆ بەشداریکردنی لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی و مەبەستەکانی کۆمەڵگەکانی و دژایەتیکردنی هەر کەسێک کە ببێتە کۆسپ لە ڕێگەی ئەو بەرژەوەندییانەدا- خۆیان لە شێواندنی بیروباوەڕی گەلانی تر نابوێرن، کە ئەمان پێیان وایە ئەو بیروباوەڕانە لەمپەرن لەبەردەم پاشکۆبوونی ئەو گەلانە بۆ کۆمەڵگەکانیان، ئەوەی کە لە ئامرازە ڕۆژئاواییەکانی ڕاگەیاندنەوە لە بەرانبەر بیروباوەڕی ئیسلامی دەکرێت، باشترین نموونەیە[2].

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە:

- محمد الرميحى، لماذا الدعوة لنظام إعلامى جديد، مقدمة لكتاب مصطفى المصمودى، النظام الإعلامى الجديد، سلسلة عالم المعرفة، عدد (٩٤)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، أكتوبر ١٩٨٥)، ص٧-٨.

هەروەها بڕوانە:

– سليمان صالح، ظاهرة التحيز فى وسائل الإعلام الغربية دراسة تطبيقية على الصحافة البريطانية، مجلة الدراسات الإعلامية العدد ٧٥ (القاهرة: المركز العربى الإقليمى للدراسات الإعلامية للسكان والتنمية والبيئة، أبريل، - يونيو ١٩٩٤)، ص٨٨-٩٨.

- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوەزی خەڵک و گومڕاکردن و بەلاڕێدابردنی گەلانەوە، بڕوانە:

- مختار التهامى، الصحافة والسلام العالمى، ط ٢ (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ص٢٤٥.

- هەروەها بۆ نموونە لە بارەی ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە قەیرانی ئەمەریکی-لیبیدا، بڕوانە:

- جريجورى فوتس، ليبيا قصة حكومة، فى سيمون سرفانى (محرر)، وسائل الإعلام والسياسة والخارجية، ترجمة: محمد مصطفى غنيم، (القاهرة: الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، ١٩٩٥)، ص٦٧-٨٠.

(٢) بڕوانە: محمد على العوينى، الإعلام الإسلامي الدولى بين النظرية والتطبيق، ط٢، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٨٧)، ص٥٤-٧٢.

داخوازی سێیەم: مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی و ڕەنگدانەوەی لەسەر هزری عەلمانی

ئەگەر کۆزمۆلۆژیای عەلمانی مەبەستەکانی، کە مژدەی بەختەوەرکردنی باوەڕدارانی پێ دەدات، لەم دنیایەدا کورت هەڵهێنابێت و تیۆریزەی چۆنێتیی گەیشتن بەو مەبەستانە بۆ تاک و کۆمەڵگەکان بکات، ئەوا کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی تەنها بەڵێنی بەختەوەریی ئەم دنیایە بە باوەڕدارانی نادات، بەڵکوو مژدەی مانەوەی هەتاهەتاییان لە بەهەشتدا پێ دەدات، خانەی بەختەوەریی هەمیشەیی. هەروەک چۆن پایەکانی بەختەوەری لە چێژە هەستییەکاندا کورت هەڵناهێنێت –وەک کۆزمۆلۆژیای عەلمانی– بەڵکوو پێگەی شیاو بە لایەنی ڕۆحی دەبەخشێت و[1] دەیکاتە پایەیەکی سەرەکیی بەختەوەرکردنی تاک لەم دنیایەدا، سەرباری ئەوەی کە بە دەروازەیەکی بنچینەیی بەختەوەریی هەمیشەیی ڕۆژی دوایی دادەنێت.

هەر چی ڕێگاکانی گەیشتنی مرۆڤی موسوڵمانیشە بەو مەبەستانە، خودای ئەفرێنەر و ئەفرێنەری هەموو بوون بە شێوەیەک بۆی دیاری کردووە کە لەگەڵ ئەو سروشتەیدا گونجاو بێت کە خودای پاک و بێگەرد بەدەستی خۆی دروستی کردووە، هەروەها بە جۆرێک کە لەگەڵ حیکمەتی ئەفراندنەکەیدا گونجاو بێت.

خودای ئەفرێنەری پاک و بێگەرد هەر لە یەکەم ساتی دابەزینی ئادەم لەسەر ئەم زەوییەوە ڕای گەیاندووە کە هەر یەکێک لە ڕۆڵەکانی ئادەم شوێن ڕێنموویی و بەرنامەکەی بکەوێت، ئەوا هەوڵی بەزایە ناچێت و بەدبەخت نابێت، هەر کەسێکیش لە ڕێنموویی و ڕێگەی ڕاست پشت هەڵبکات، ئەوا ژیان و گوزەرانێکی ترش و تاڵ و ناخۆشی دەبێت و هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکات و دڵی خۆش نابێت، بەڵکوو بە هۆی گومڕاییەکەیەوە دڵتەنگ و ناڕەحەت دەبێت، هەر چەندە لە ڕووکەشدا لە نازونیعمەتیشدا بژیت و چیی پێ جوان بوو بیپۆشێت و ئەوەی حەزی لێی بوو بیخوات و کوێی حەز لێ بوو لێی نیشتەجێ بێت، ئەوا مادەم دڵی بۆ دڵنیایی و هیدایەت یەکلایی نەبووبێتەوە، هەر لە دوودڵی و دۆشدامان و گوماندا دەبێت، ئیدی بەردەوام لە گومانەکانیدا دەتلێتەوە و بەڕاڕایی دەمێنێتەوە، ئەوە لە ترش و تاڵی و ناخۆشی گوزەرانیەتی»[2]، ئەمە وێڕای مانەوەی هەتاهەتایی لە سزای هەمیشەییدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ ٱهۡبِطَا مِنۡهَا جَمِيعَۢاۖ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ فَإِمَّا

---

(١) لە بارەی ڕەهەندەکانی دەروونی مرۆڤەوە لە ئیسلامدا، بڕوانە:
– عبد المنعم محمد خلاف، المادية الإسلامية وأبعادها، ط٢، (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ص١١٤-١٢١.

(٢) أبو الفداء إسماعيل ابن كثير، تفسير القرآن العظيم، الجزء الثالث، (الإسكندرية: مكتبة الحرية، ب ت)، ص١٦٤.

يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ. وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ﴾[1]، واته: «(ئەوسا خوای گەورە فەرمانی دا)، وتی: ئیتر هەردووکتان لە بەهەشت دابەزن بەگشتی، هەندێکتان دەبنە دوژمنی هەندێکتان، جا ئەگەر هیدایەت و ڕێنموویی من بۆ ئێوە هات، ئەوەی شوێنی بەرنامەکەم بکەوێت، نە گومڕا دەبێت، نە ناخۆشی و ناڕەحەتی و ناسۆر دێتە ڕێی. ئەوەیش ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من، پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێری حەشری دەکەین.»

هەروەها خوای ئەفرێنەری بەرز و باڵا بە پەیامێکی هەژموندار کۆتایی بەو بەرنامەیەی هێنا کە بۆ بەندەکانی پێی خۆشە، ئەویش پەیامی محەمەدە (دروودی خوای لەسەر)، کە تێیدا ئەوەی ڕاگەیاندووە: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾[2]، واته: «(فەرمانی داوە کە) بێگومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە کە ڕاست و دروستە، کەواتە شوێنی بکەون و شوێنی کوێرەڕێگا و ڕێچکەکانی تر مەکەون، چونکە دوورتان دەخەنەوە و لە ڕێگەی خوا لاتان دەدەن، خوا ئەو شتانەی بە ئێوە سپاردووە بۆ ئەوەی پارێزکار و لەخواترس بن.»

هەروەها مژدەی بەختەوەریی دنیا و دواڕۆژی بە شوێنکەوتووانی ئەو ڕێگە ڕاستە داوە، ﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾[3]، واته: «هەر کەسێک، لە نێر یان لە مێ، کردەوەی چاکی کردبێت و بیکات و بڕواداریش بووبێت، ئەوە سوێند بە خوا بە ژیانێکی خۆش دەیانژیەنین و سوێند بێت پاداشتیان بدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد.»

بەو پێیەشی کە مەبەستەکان –وەک پێشتر باسمان کرد– پلەپلەن، هەیانە ئامرازی مەبەستێکە و هەشیانە ئامرازی مەبەستێکی دوورترە، بۆیە ئامرازی موسوڵمان بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی هەردوو لانەکە (دنیا و دواڕۆژ)، کە لە هەمان کاتدا ئامرازیشە، بریتییە لە جێنشینیی خودا لە زەوییەکەیدا و[4]

---

(١) (طه: ١٢٣، ١٢٤).

(٢) (الأنعام: ١٥٣).

(٣) (النحل: ٩٧).

(٤) بڕوانە: (البقرة: ٣٠، الأنعام: ١٦٥، الأعراف: ٦٩، ٧٤، يونس: ١٤، النمل: ٦٢، فاطر: ٣٩،).

بەندایەتیی پاک و دڵسۆزانە بۆی[1]. خۆ ئەگەر بەندە توانیی ئەوە بەدی بهێنێت، ئەوا بەختەوەری دنیا و دواڕۆژی بەدی هێناوە. هەر چەندە پێویستە باوەڕداری ڕاست مەبەستێکی باڵاتری لە بەختەوەریی دنیا و دواڕۆژ هەبێت –چونکە ئەوە ئەنجامێکی سروشتییە کە خوای گەورە بەڵێنی پێ داوە بۆ ئەوانە کە پەیڕەوی لە بەرنامەکەی دەکەن–، ئەو مەبەستە باڵایە بریتییە لە ڕەزامەندیی خوای پاک و بێگەرد، تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەوە هەموو گەردوون و ئەوەشی تێیدایە لێی تووڕە و ناڕازی بن. هەروەها ئەگەر باوەڕدار توانیی ڕەزامەندیی خوای پاک و بێگەرد بەدەست بهێنێت، ئەوا بەرزترین مەبەستی لە بوونەوەردا بەدەست هێناوە، ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾[2]، واتە: «خوا بەڵێنی بە پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار بە بەهەشتانێک داوە کە ڕووبارەکان بە ژێریاندا دەڕۆن و تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی و بەڵێنی پێ داون بە چەند کۆشکی چاک و ڕازاوە لە بەهەشتانێکی هەمیشەییدا و ڕەزامەندییش لەلایەن خواوە کە لە هەموو شتێک گەورەترە، هەر ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە.»

هەروەها هەروەک چۆن ئیسلام ئەو بەرنامەیەی ڕوون کردووەتەوە کە پێویستە باوەڕدار لەسەری بڕوات، ئەو ڕێگەیەشی ڕوون کردووەتەوە کە پێویستە کیانی کۆمەڵایەتیی موسوڵمان لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەی جێنشینی (مجتمع الاستخلاف) و بەندایەتیی ڕەها بۆ مەزنترین ڕێنموویی لێ وەربگرێت.

لێرەدا ئەو ئەرکانە دەخەینە ڕوو کە پێویستە کۆمەڵگەی موسوڵمان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەی جێنشینی جێبەجێیان بکات، هەروەها ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئەو ئەرکانەدا دەخەینە ڕوو. پاشان تیشک دەخەینە سەر ڕەنگدانەوەی مەبەستەکانی تاکی موسوڵمان لەسەر کارلێککردنی لە پرۆسەی ڕاگەیاندن.

ڕێگەکانی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی جێنشینی و ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تێیدا

ئەگەر کۆمەڵگەی عەلمانی هەوڵی بەدیهێنانی پەرەسەندنێکی خێرا و بەردەوامی وا دەدات کە بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگەی فیردەوسی سەر بکێشێت، ئەوا کۆمەڵگەی موسوڵمان بونیادنانی کۆمەڵگەی جێنشین دەکات بە مەبەستی باڵای خۆی، کۆمەڵگەیەک کە بۆ بەختەوەریی دنیا و دواڕۆژ سەر بکێشێت. هەروەها کۆمەڵگەی

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە: (یوسف: ٤٠، یونس: ٣، مریم: ٣٦، یس: ٦١، الزخرف: ٦٤، الذاریات: ٥٦).

(٢) (التوبة: ٧٢).

موسوڵمان له پێناوی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی جێنشینی، بە هەموو دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنییەکانی و ئەوانی تریشیەوە و لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی خوداییدا هەوڵی بەدیهێنانی سێ ئەرکی مەزن دەدات، کە بریتین لە:

١. ئاوەدانکردنەوەی گەردوون: ئەویش لە ڕێگەی ڕامکردنی گەردوون و بوونەوەرەکان بۆ بۆ ئەو شتانەی سوودی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دەوروبەری تێدایە[١]، ئەمەش لە میانەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و ئەو یاسا زانستییانەی کە کاروباری شتە سروشتییەکان بەڕێوە دەبەن، هەروەها لە میانەی دۆزینەوەی گەنجینە و سامانەکانی زەوی، بە شێوەیەک کە پێشکەوتنی ماددی و گەشە و پەرەسەندنی لایەنی ماددیی ژیانی ئەندامەکانی فەراهەم بکات[٢].

٢. بەرزکردنەوەی وتەی خودا لەنێوان تاکەکانداو بەرپاکردنی شەریعەتەکەی لە نێویانداو ڕەخساندنی دۆخێک کە بتوانن تێیدا شایستەترین پەرستش بۆ خودا بکەن و بەرزی و بالایی ماددی و ڕۆحی بەدەستبهێنن، کە دەبنە تەواوکەری بەختەوەری و ئاسوودەییان[٣].

بەرزکردنەوەی وتەی خودا لەسەر زەوی، بە بانگەوازکردن بۆ ئایینەکەی، بە هەموو شێوە و ڕێگەیەکی بەردەست و هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەک کە ببێتە باشترین ئومەت کە بۆ خەڵکی هاتبێت، ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾[٤]، واتە: «ئێوە (موسوڵمانان) باشترین گەلێک بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی، فەرمان بە چاکە دەدەن و جڵەوگیری لە خراپە دەکەن و بڕوا بە خوا دەهێنن»، هەروەها بەدیهێنانی ئەرکی ئومەت لە گەواهیدان لەسەر ئومەتانی دی.

---

(١) بڕوانە: عبد الحميد أحمد أبو سليمان، أزمة العقل المسلم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥-١٣٦.

(٢) بڕوانە: عمر التومی الشيبانی، مفهوم الإنسان فی الفكر الإسلامي، الكتاب الإسلامي (١٩)، (طرابلس: الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع و الإعلان، يوليو ١٩٨٧)، ص٢٦٣-٢٦٩.

(٣) بڕوانە: راشد الغنوشی، الحريات العامة فی الدولة الإسلامية، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٣)، ص٣٢٦-٣٢٧.

- عبد الحميد أحمد أبو سليمان، أزمة العقل المسلم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣، ٢٤، هەروەها ل١٧٦-١٧٩.

- محمد ياسين عريبی، تأملات فی بناء المجتمع المسلم، ط٢، (طرابلس: منشورات جمعية الدعوة الإسلامية العالمية، ١٩٩٠)، ص٢٩.

(٤) (آل عمران: ١١٠).

- لە بارەی ڕێگاکانی ئەنجامدانی ئەرکی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە لەلایەن ئومەتی موسوڵمانەوە، بڕوانە:

- حامد العالم، المقاصد العامة للشريعة الإسلامية، سلسلة الرسائل الجامعية (٥) ط٢ (فرجينا، المعهد العالمی للفكر الإسلامي ١٩٩٤)، ص٢٤٨-٢٥٠.

ئەم ئەرکانە، ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا دیاری دەکەن، کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:

– بەشداریکردن لە ئەرکی ئاوەدانکاریدا، بە هاندان بۆ کارو بونیادنان و[١] ڕووبەڕووبونەوەی ئەو بەها ئیسلامییانەی کە ئەرکی ئاوەدانکاری دیاری دەکەن و بەڕێوەی دەبەن، ئەمە وێڕای چاودێریکردنی کەموکورتی و خەمساردی و ئاشکراکردنی هەموو جۆرە خراپەکاری و گەندەڵییەک، جا لەلایەن تاک یان کۆمەڵ یان دەزگاکانەوە ئەنجام درابێت. ئەمەش لە چوارچێوەی پابەندبوون بە بەها ئیسلامییەکانەوە لە کاری ڕاگەیاندندا.

– بەشداریکردن لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەی بەندایەتیی پوخت و بێگەرد بۆ خوای پاک و بااڵ، بە چەسپاندنی باوەڕبوون بە خودای تاک و تەنها لە دەروونی خەڵکیدا و[٢] چەسپاندنی سەروەریی شەرعەکەی و[٣] ئاشکراکردن و ئابڕووبردنی هەر لادانێک لێی و بانگەوازکردن بۆ ڕاستکردنەوەی[٤].

– بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی وتەی خودا لە زەویدا بە بانگەوازکردن بۆ ئیسلام لە هەموو شوێنێکی زەویدا و بەو ئامراز و ڕێگانەی لە بەردەستدان[٥]، بەمەش ڕاگەیاندن بەشداری لە ئەرکی سێیەمی کۆمەڵگەی جێنشینیدا دەکات.

ئەگەر سەیرێکی ئەو چوارچێوەیەش بکەین کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵگەی موسوڵمان لێی دەرنەچێت و لەسەر ڕێنماییەکانی بڕوات، لە هەوڵدانیدا بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی کۆمەڵگەکەی، دەبینین چوارچێوەیەکە کۆمەڵگەی موسوڵمان بە باڵاترین و دادوەرانەترین شێوەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی پابەند دەکات، چونکە لە سایەیدا بە پێی پێوەر و ئەخلاقی بەرژەوەندی هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگەکەی نادات، بەڵکوو بەو ڕێسا ئەخلاقییە باڵایانەوە پابەند دەبێت کە شەریعەتی ئیسلام بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگە مرۆییەکانی تری غەیری خۆیدا داینواوە، جا لە سەردەمی ئاشتیدا یان لە

---

(١) محمود سفر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

– هەروەها محمد على العوينى، الإعلام الإسلامي الدولى بين النظرية والتطبيق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(٢) سعيد بن على بن ثابت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

(٣) محمد سيد ساداتى الشنقيطى، الإعلام الإسلامي، الأهداف والوظائف، سلسلة دراسات فى الإعلام والرأى العام، (الرياض: دار عالم الكتب، ١٩٩١)، ص٧.

(٤) بڕوانە: محمد كمال الدين أمام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣–٢٠٠.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٢١٤–٢١٦.

کاتی جەنگدا بێت[1].

بەو شێوەیە، هەروەک چۆن ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی ئەو مەبەستە باڵایانە دیاری دەکرێن کە ئیسلام بۆ کۆمەڵگەی موسوڵمانی دیاریکردووە، جووڵە و بزاوتیشی لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا هەر بە پێی شەریعەتەکەی دەبێت[2].

ڕەنگدانەوەکانی مەبەستەکانی تاکی موسوڵمان لەسەر پرۆسەی ڕاگەیاندن

ئەگەر مەبەستەکانی تاک لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا، وەک باسمان کرد، بە مەبەستگەلێکی قەناعەتپێکەر هەژمار ناکرێت، بەڵکوو ئامرازگەلێکن کە لە سایەی وەلانانی ژیانی دواڕۆژدا –کە هەر ئەوەش مەبەستی ڕاستەقینەیە- فوویان تێکراوە و گەورە کراون و پاشان فەرامۆشکردنی لایەنی ڕۆحی، بە شێوەیەک کە مەبەستە دنیاییەکان بوون بە مەبەستگەلێکی باڵا، کە مرۆڤ هەموو ژیانی لە پێناویدا خەرج بکات. ئەگەر ئەمە باری مەبەستەکانی ئەو کەسانە بێت کە باوەڕیان بە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی هەیە، ئەوا کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی مەبەستە ڕاستەقینەکان دەخاتە بەردەمی مرۆڤ، کە پێویستە هەوڵی بەدیهێنانی بدرێت، کە بەرزترین پلەی بریتییە لە گوێڕایەڵیی پەروەردگاری و هەوڵدانی بێوچان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو. بەدیهاتنی ئەو مەبەستە باڵایانەش سەرئەنجامی سروشتیی دەبێت، ئەوانیش ژیانی خۆش و بێگەرد لە دنیادا و مانەوەی هەمیشەییە لە نازونیعمەتی فیردەوسیی دواڕۆژدا.

بەو پێیەشی کە ژیانی هیچ تاکێک خۆش و بێخەوش نابێت، ئەگەر یەکێک لەو دوو لایەنەی بوونی ماددی و ڕۆحیی خۆی فەرامۆش بکات، ئەوا ئیسلام شوێنکەوتووانی خۆی لە چێژوەرگرتن لە خۆشییەکانی دنیا بێبەش نەکردووە، ﴿قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ﴾[3]، واتە: «(ئەی محەمەد دروودی خوای لەسەر) بڵێ کێ ڕازاندنەوە و جوانی و نازونیعمەتە خواییەکانی حەرام کردووە، کە خوا بۆ بەندەکانی دروستی کردوون، هەروەها ڕۆزی و

---

(١) لە بارەی ڕێساکانی یاسادانانی نێودەوڵەتی لە ئیسلامدا لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا، بڕوانە:
- محمد الصادق عفيفى، الإسلام والعلاقات الدولية، سلسلة دعوة الحق: عدد (٣٦)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامي، ربيع الأول ١٤٠٥ هـ ديسمبر ١٩٨٤م)، ص٣١-٣٨.

(٢) لە بارەی ئاکارەکانی ڕاگەیاندنی ئیسلامی نێودەوڵەتییەوە، بڕوانە:
- أمنية الصاوى، عبد العزيز شرف، نظرية الإعلام فى الدعوة الإسلامية، (القاهرة: مكتبة مصر، ب ت)، ص١٨٩-١٩٤.

(٣) (الأعراف: ٣٢).

خۆراکە پاک و خۆشەکان کێ حەرامی کردوون.»

تاکی موسوڵمانیش هیچ جیاوازییەکی لە هاوتا عەلمانییەکەی نییە، تەنها لە دوورکەوتنەوە نەبێت لە زیادەڕەوی (الإسراف) یان بەفیڕۆدان (التبذیر) و لە پابەندبوونی بەو ڕێسایانەی شەریعەت کە پەیوەستن بە شێوازی چێژوەرگرتن لەو خۆشی و شتە حەڵاڵکراوانە، بەڵکوو ئەوەی هەیە بەسەریاندا کە لایەنی ڕۆحیشی تێر دەکات، ئا ئاوا ژیان خۆش دەبێت.

لە کاتێکدا ئەو دیسپلینانەی کە کۆمەڵگەی عەلمانی بۆ ڕەفتاری تاکەکانی داینـاوە، لە هەوڵدانیان بۆ بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجەکانیان، لەگەڵ کەمی و ناجێگیرییان، میکانیزمێکیشان نییە کە تاکەکانی بە شێوەی خودی پابەند بکات، دەبینین شەریعەت چەندین دیسپلینی ئەخلاقیی جێگیر و گشتگیری بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی موسوڵمان دیاری کردووە، هەروەها یاسادانەری گەورەی ڕاسپاردووە بۆ چاودێریکردنی پابەندبوونی هەر تاکێکی موسوڵمان بەو ئەخلاقانەوە لە کۆمەڵگەدا و لێپێچینەوەی لەسەر هەر لادانێک لە حاڵەتی قوتاربوونی لە لێپرسینەوەی کۆمەڵگە[1]، بێگومان زانستی تاکی موسوڵمان بەوەی کە هەر جووڵە و وەستانێکی لەژێر چاودێریی خودا و دەسەڵات و چاودێریی ئەودایە، وای لێ دەکات کە «لە هەموو وردەکارییەکاندا داوای کۆمەک و بەرچاوڕوونی لە خودا بکات وەک هەڵسوڕێنەری هەموو بزاوتێکی»[2]، هەروەک چۆن ئەم زانستەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ پابەندبوونی تەواو بە هەموو ئەو شتانەی کە فەرمانی پێ کراوە، تەنانەت ئەگەر بشزانێت کە ڕزگاری دەبێت لە لێپرسینەوە لە کاتی خەمساردی و کەموکووڕی و سەرپێچییشدا لە دنیادا، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە خۆی بەدوور دەگرێت لە هەر شتێک کە نەهیی لێ کراوە، تەنانەت ئەگەر بەدڵنیاییەوە بزانێت کە لە کەمترین سزا یان سەرزەنشت لەم دنیایەدا قوتاری دەبێت، ئەگەر شتێک ئەنجام بدات کە خودا نەهیی لێ کردووە.

---

(١) لە بارەی پاڵنەرەکانی پابەندی ئەخلاقییەوە لە ئیسلامدا، بڕوانە:
- محمد عز العرب السماحی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧-١٩٢.
- محمود شلتوت، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥-٣٦.
- محمد ممدوح العربی، الأخلاق والسیاسة فی الفکر الإسلامي والليبرالی والماركسی، (القاهرة: الهیئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٢)، ص٢٠٨-٢٢٩.
- محمد الرخیلی، وظیفة الدین فی الحیاة وحاجة الناس إلیه، (طرابلس: منشورات جمعیة الدعوة الإسلامیة العالمیة، ١٩٩١)، ص٩٠-٩٣.

(٢) محمد عبد الله دراز، دستور الأخلاق فی القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

ئەو مەبەستانەی کە لە ناخی تاکی موسوڵماندا جێگیر دەبن، ڕەنگدانەوەیان لەسەر ڕۆڵی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا دەبێت، جا تاک وەک «نێرەر» یان «وەرگر» بێت، لێرەدا گرنگترینیان دەخەینە ڕوو.

ئ. ڕەنگدانەوەی مەبەستەکانی تاکی موسوڵمان «وەک نێرەر» لەسەر ڕۆڵی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا

بێگومان باوەڕداری ڕاستەقینە کە ڕەزامەندیی پەروەردگاری دەکاتە مەبەستی باڵای خۆی، لە هەر پەیامێکدا کە دایدەڕێژێت، یان ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنیدا –(جا وەک ئەو کەسە بیکات کە پەیوەندییەکە دەکات، یان خاوەنی ئامرازە ڕاگەیاندنکارییەکەیە، یاخود هەڵیدەسوڕێنێت)–، پابەند دەبێت بەو شێوەیەی کە خزمەت بە مەبەستە باڵاکان بکات، ئیدی دەرئەنجامەکە هەر چییەک بێت، چونکە:

– ئەو وەکوو کەسێک کە پەیوەندییەکە ڕێک دەخات، هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو شتانە دەدات کە ئایینەکەی دەیخوازێت و سوود و بەرژەوەندیی ڕاستەقینە بۆ وەرگرانی دێنێتە کایەوە و ئەفرێنەرەکەی ڕازی دەکات، ئیدی هەر چەندە لەو پێناوەشدا ڕووبەڕوی لەمپەر و ڕێگری ببێتەوە.

– ئەو نە لە تووڕەیی خاوەنی ئەو ئامرازەی ڕاگەیاندن دەترسێت کە کاری تێدا دەکات، نە لە تووڕەیی هەڵسوڕێنەرەکەی، تەنانەت ئەگەر ئەمە ببێتە هۆی لەدەستدانی کارەکەی لەو دەزگایەدا، ﴿فَلَا تَخْشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُواْ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا﴾[1]، واتە: «(ئەی ئیمانداران) لە خەڵکی مەترسن، بەڵکوو تەنها لە من بترسن، ئایەت و فەرمانەکانی من بە نرخێکی کەم مەفرۆشن (ئەگەر نرخەکە هەموو دنیاش بێت، هەر کەمە)»، چونکە ئەو دڵنیایە کە ڕۆزی تەنها لەلایەن خوداوەیە و هەر ئەویش فەراهەمی دەکات و نائومێدی ناکات، ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾[2]، واتە: «هیچ زیندەوەرێک نییە لەم زەوییەدا ڕسق و ڕۆزییەکەی لەسەر خوا نەبێت و ئاگادارە بە شوێنی حەوانەوە و شوێنی دەرچوونیان، هەموو شتێک تۆمارە لە دۆسیەی ئاشکرادا لە ‹اللوح المحفوظ›دا.» هەروەها ئەو لە لەدەستدانی پلەوپایەکەی لەو دەزگایەدا ناترسێت، چونکە ئەو دڵنیایە لەوەی کە تەنها خودا سەربەرزکەر و سەرشۆڕکەرە، ﴿قُلْ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ

---

(١) (المائدة: ٤٤).

(٢) (هود: ٦).

مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[1]، واتە: «(ئەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەی ئیماندار) بڵێ خوایە تۆ خاوەنی هەموو شتێکیت، دەسەڵات دەبەخشیت بە هەر کەسێک بتەوێت و دەسەڵات وەردەگرێتەوە لە هەر کەسێک بتەوێت، هەر کەس بتەوێت بااڵدەستی دەکەیت، هەر کەسێکیش بتەوێت زەلیل و بێدەسەاڵت و ژێردەستی دەکەیت، هەر چی خێر هەیە هەر بەدەست تۆیە، بێگومان تۆ دەسەاڵتداری بەسەر هەموو شتێکدا.»

- هەروەک چۆن ئەو لە پێناوی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەفرێنەرەکەی ڕاستی ڕا دەگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر ئەمە ببێتە هۆی هەڕەشە لەسەر ژیانی لەلایەن فەرمانڕەواوە، چونکە ئەو دڵنیایە لەوەی کە مەرگ و ژیان بەدەستی خودایە، ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلا﴾[2]، واتە: «هیچ کەسێکیش نامرێت مەگەر بە ویستی خوا نەبێت، لە کات و وەختی دیاریکراودا (ئەمەش خۆی هاندەرێکە بۆ ئیماندار کە لە مەرگ نەترسێت)»، تەنانەت ئەگەر خودا ویستی لەسەر بێت کە ژیانی خۆی لەدەست بدات لە پێناوی بانگەواز بۆ ڕاستی، ئەوا ئەو دڵنیایە کە لەلایەن خوای گەورەوە پاداشتێکی مەزنی بۆ هەیە، ﴿وَلا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾[3]، واتە: «هەرگیز وا مەزانن و وا دامەنێن ئەوانەی لە پێناوی خوادا شەهید بوون و کوژران، مردوون، نەخێر وا نییە، بەڵکوو ئەوانە زیندوون، لای پەروەردگاریان لە ڕسق و ڕۆزیی هەمەجۆر و تایبەت بەهرەوەرن.»

بەو شێوەیە، مادەم هەموو شتێک هەر بەدەست خودایە، ئیدی بواریک بۆ ترسان لە هیچ شتێک نییە، بەم دڵنیاییە خوداییەش تاک تۆیشوویەکی بۆ فەراهەم دێت و هیچ شتێکی بەاوە قورس نەبێت و هەمیشە گیانفیدا بێت و ڕای خۆی بەئاشکرا بڵێت و گوێ بەو ناڕەحەتییانە نەدات کە چاوەڕێی دەکەن، تەنانەت ئەگەر باجەکە لەدەستدانی خودی ژیانیش بێت[4].

- تاکی باوەڕداریش وەک خاوەنداری ئامرازە ڕاگەیاندنکارییەکە ڕەزامەندیی خودا دەخاتە پێش هەر قازانجێکی ماددیەوە، کە لە خاوەندارێتیکردنی ئەو دەزگایەوە دەستی دەکەوێت، ئیدی بڕەکەی هەر چەندێک بێت. دواتر ئەو لە ڕێی

(١) (آل عمران: ٢٦).

(٢) (آل عمران: ١٤٥).

(٣) (آل عمران: ١٦٩).

(٤) محمود يوسف مصطفى، حرية الرأى فى الإسلام، (القاهرة: مكتبة غريب، ب ت)، ص٤٦.

ئەو دەزگایەوە تەنها ئەو پەیامانە بڵاو دەکاتەوە کە شەریعەتی ئەفرێنەرەکەی پێی ڕازییە، نەک ئەوانەی کە حەز و خواست و ئارەزووی جەماوەرەکەی ڕازی دەکات.

– هەروەک چۆن تاکی باوەڕدار، ئەگەر هەڵسووڕێنەری ئەو ئامرازە بێت، یان ئەندازەیەک دەسەڵاتی بەسەر ئەو شتانەدا هەبێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەکەیدا بڵاوی دەکەنەوە، بە شێوەیەک ئەو ئامرازانە بەکار دەهێنێت کە مەبەستە باڵاکە بهێنێتە دی، کە ڕەزامەندیی خودای گەورەیە، نەک بە شێوەیەک کە شکۆیەکی بۆ بەدەست بهێنێت کە بۆ کەس نامێنێتەوە، یان ناوبانگێکی ساختە، یان هەر شتێکی تری خۆشییەکانی دنیا.

بەو شێوەیە پابەندیی تاکی موسوڵمان بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانیەوە، کە بریتین لە بەدیهێنانی باڵاترین مەبەستەکانییەوە، کە ڕەزامەندیی خودای پاک و بێگەردە، بە شێوەیەکی خۆبەخۆ بۆ پابەندبوونی بە شەریعەتی خودا و بەرنامەکەیەوە سەر دەکێشێت، کە بەختەوەریی دنیا و دواڕۆژ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بەدی دەهێنێت.

ب. ڕەنگدانەوەی مەبەستەکانی تاکی موسوڵمان «وەک وەرگر» لە ڕۆڵی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا

بێگومان تاکی موسوڵمان «وەک وەرگر» هەوڵ دەدات ئەو پەیامانەی ڕاگەیاندن وەربگرێت کە شەریعەتی ئەفرێنەرەکەی دانی پێدا دەنێت و لە هەر شتێکی تر دوور دەکەوێتەوە کە خوای گەورەی لێ تووڕە بکات، هەر چەندە وەرگرتنی ئەو پەیامانە چێژی کاتی و تێپەڕیان تێدا بێت، کە حەزەکانی دەیخوازن و ئارەزووەکانی دەوروژێنن.

بێگومان داڕێژەری پەیامی ڕاگەیاندن، کاتێک سروشتی ئەو پەیامە ڕەچاو دەکات کە جەماوەرە موسوڵمانەکەی حەزیان لێیەتی و پەسەندی دەکەن، ئەوە بەدڵنیاییەوە پاڵی پێوە دەنێت بۆ داڕشتنی پەیامگەلێکی ئەخلاقیی باڵا، ئەمە وێڕای ئەوەی کە جگە لە پەیامی بەسوود هەرگیر هیچ پەیامێکی تر پەخش ناکات[1].

***

(١) سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی تاکی موسوڵمان «وەک وەرگر» لەسەر داڕشتنی پەیامی ڕاگەیاندن لەلایەن نێرەرەوە، بڕوانە:
– محمد منير حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامي، ب ن، ١٩٨٢، ص٢٦–٣٠.

بەگشتی لە میانەی ئەوەی باسمان کرد، ڕاستییەکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بریتییە لەوەی

– ئەو مەبەستانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا هەوڵی بەشداریکردن لە بەدیهێنانیدا دەکەن –جا بۆ تاک یان کۆمەڵگە بێت–، بەڕوونی لەو مەبەستانە جیاوازن کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا هەوڵی بۆ دەدەن. لە کاتێکدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن –بە پێی کۆزمۆلۆژیای دنیایی– تەواوی هەوڵەکانی لە بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئامانجە دنیاییە پەتییەکاندا کورت هەڵدەهێنێت و بە هیچ شێوەیەک گوێ بە چارەنووسی مرۆڤ لە دوای ئەم ژیانە نادات، هەروەها لە کاتێکدا کە ڕۆڵەکەی تەنها لە بەشداریکردن لە تێرکردنی ئامانج و مەبەستە هەستی و ماددییەکانی تاکدا کورت هەڵدێت، بەبێ گوێدانە خواستەکانی ڕۆح، دەبینین ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە پابەندن بە بەشدریکردن لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا، پێویستە بەشدار بن لە هاوکاریکردنی تاک لە بەدیهێنانی مەبەستە دنیایی و دواڕۆژییەکانی و هەوڵ بدەن بەشداری لە وەڵامدانەوەی پێویستییە ماددی و ڕۆحییەکانیدا بکەن.

هەروەها لە کاتێکدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندندا هەوڵی بەشداریکردن لە بەدیهێنانی مەبەستە دنیاییە پەتییەکانی کۆمەڵگەکانیان دەدەن، کە زیاتر لەدەوری بەدیهێنانی پێشکەوتن لە بواڕە جیاوازەکان و سەرکەوتنیان بەسەر کۆمەڵگەکانی تردا دەخولێتەوە. هەروەها ئەو شتانەی تری هاوشێوە کە کۆمەڵگە عەلمانییەکان لە کەتواردا هەوڵی بۆ دەدەن بە هەموو ڕێگە ڕەوا و ناڕەواکانەوە، ئەوا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی ئەو فەلسەفە ڕاگەیاندنییەی کە لەگەڵ مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا دەگونجێت، پێویستە خەمی ڕاستەقینەی، لە میانەی بەشداریکردنی لە هێنانەدی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان، چڕ ببێتەوە لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەی جێنشین و بەشداریکردن لە گێڕانی ئومەتی موسوڵمان بە ڕۆڵی خۆی لە گەواهیدان لەسەر ئومەتەکانی تری سەر زەوی و بەرزکردنەوەی وتەی خودا و گەیاندنی بە هەموو کەسێک، ئەمە سەرباری بەشداریکردنی لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕەگەزەکانی هێز و باڵادەستیی کۆمەڵگەی موسوڵمان بەسەر دوژمنانیدا دەهێنێتە کایەوە، بە پابەندبوونی بەردەوام بە ئاکارە بەرزەکانی ئیسلام.

لێرەوە بەو بەراوردانە، بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئەو فەلسەفە ڕاگەیاندنییەی کە تیۆریزەی کاری ڕاگەیاندن لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا دەکات، پێویستە جیاواز

بێت له هاوتاکەی له کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا، خۆ ئەگەر بواریش بۆ بەیەککگەیشتنیان هەبێت، ئەوا ڕەنگە لە سوودی فەلسەفەی ئیسلامی ڕاگەیاندندا بێت لە ڕووی هەندێک شێواز و میکانیزمەوە، کە ئەو فەلسەفانە وەک باشترین ڕێگەی بەدیهێنانی بەرزترین کارایی پەنای بۆ دەبەن، بۆ بەشداریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە مەبەستەکانی کۆمەڵگەدا، بەو مەرجەی ئەو شێواز و میکانیزمانە هیچ ناوەرۆکێکی دژ بە ئامانج و مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیی هەڵنەگرتبێت.

پوختـــه

لەم دەروازەیەدا لە میانەی خستنەڕووی ڕوالەتەکانی ئەو کۆزمۆلۆژیایەی کە پێش ئەوەی ئاوەزی ڕۆژئاوایی شۆڕشی بەسەردا بکات، ئیسلام شۆڕشی بەسەردا کرد، هەروەها لە میانەی خستنەڕووی ئەو شێوازەی کە ئاوەزی ڕۆژئاوایی توانیی لە ڕێگەیەوە هەژموونی ئەو کۆزمۆلۆژیایە لەناو ببات و کۆزمۆلۆژیایەکی جێگرەوە بونیاد بنێت، هەروەها لە میانەی تیشکخستنەسەر ئەو شێوازەی کە لە میانەیەوە تیۆریزە بۆ هزری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم بە شێوەیەک کرا کە لە ڕێگەیەوە مەبەستەکانی ئەو کۆزمۆلۆژیایە بێتە دی، هەروەها لە میانەی گفتوگۆکردنی ڕەخنەگرانە بۆ بەڵگەنەویستی سەرەکی لەو کۆزمۆلۆژیایەدا و خستنەڕووی لایەنەکانی ئەو ناڕێکی و کەموکوورییەی کە دروستی کردبوو لە بەڵگەنەویستە لاوەکییەکانی و مەبەستەکانیدا و لەو هزرە کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنییەی کە لە سایەیدا بەرپا بوون، هەروەها بەراوردکردنی هەموو ئەمانە بە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی و مەبەستەکانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو هزرە کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنییەی کە لەگەڵیدا گونجاوە، لە میانەی هەموو ئەمانەوە دەتوانین بگەینە چەند دەرئەنجامێک، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- بانگەوازی ئاوەزی ڕۆژئاوایی بۆ دەرچوون لە کۆزمۆلۆژیای مەسیحی و داهێنانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و ئەو هزرە کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنییەشی کە لە سایەیدا بەرپای کرد، بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر ئەو کۆزمۆلۆژیا ئیسلامییە نییە کە شکۆ و بڵندی بە ئاوەز دەبەخشێت.

- ئەو بەڵگەنەویست یان پێشەکییە سەرەکییەی کە کۆی بونیادی عەلمانیی لەسەر بونیاد نراوە، هەر لە بنچینەدا لەسەر لۆژیکێکی هەڵە وەستاوە، ئەمە سەرباری داڕمان و بەدواییەکداکەوتنی پێدراوەکانی زانستی ماددی، کە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی بوون لە سەدەی بیستەمدا، دواتر ئەمە وای لێ دەکات کە تەنانەت لەسەر خودی بنچینەی زانستی ماددییش نەوەستابێت، ئەمەش وا دەکات کە لۆژیکی ساغ و دروست باوەڕی پێی نەبێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تردەوە، ئەو جیاوازییە تەواوەی کە لە میانەی بەراوردکردنی ئەو بەڵگەنەویستە و هاوتاکەی لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا دەریخستووە، بێگومان ڕەتکردنەوەی

ئەو بەڵگەنەویستە لەلایەن هەموو باوەڕدارێک بە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی دەکاتە شتێکی حەتمی، هەروەک چۆن –بە شێوەیەکی حەتمی– هاندەریش دەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی هەر بونیادێکی هزریی کۆمەڵایەتی یان ڕاگەیاندن، مادام ئێمە ئەو بنچینەیە ڕەت دەکەینەوە کە لەسەری وەستاوە.

– ئەو میتۆدەی کە لەبەر ڕۆشناییدا زانستە کۆمەڵایەتییەکان بونیاد نراوە، بە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیشەوە، کە پەنابردن بۆ هەر سەرچاوەیەکی سەروو مرۆیی، وەک سەرچاوە بالا بۆ حەقیقەتە جێگیرەکان، بەدوور دەگرێت و تەنها باوەڕی بەو شتانە هەیە کە هەستپێکراون و بەتەواوی پشت بە ئاوەز دەبەستێت، کە خۆی هەر بە سروشت کەموکورتیی هەیە لە تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی ئەم کەتواوە و بیردۆزەکردن بۆ ڕێگاکانی باشترین کارلێککردن لەگەڵ پێدراوەکانی ئەو کەتواوەدا، شتێکی سروشتییە کە بونیادگەلێکی هزری بەرهەم بهێنێت، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی ڕاستییان تێدا بێت و بە پێی دەرکەوتنی گۆڕاوی نوێ دووچاری گۆڕان دەبنەوە. ئیدی ئەمە هەر لە بنچینەدا گومان لە دروستی و شیاویی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن دروست دەکات، جا بۆ کۆمەڵگەکانی خۆی یان بۆ غەیری ئەوان بێت.

– ئەو میتۆدەی لەبەر ڕۆشناییدا هەر بونیادێکی تیۆری لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا بەرپا دەکرێت، تەواو لە هاوتا پۆزەتیڤیزمەکەی جیاوازە، هەر ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی بڵێین وەرگرتنی هەر بونیادێکی تیۆری پۆزەتیڤیزم و چاندنی لە زەمینەیەکی ئیسلامیدا شتێکی بێبنچینەیە و بێگومان هەر ئەمەش بەڕوونی بەسەر ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندنا جێبەجێ دەبێت کە میتۆدی پۆزەتیڤیزم بەرهەمی هێناون، هەروەک چۆن جێبەجێ دەبێت بەسەر هەر بونیادێکی هزریی پۆزەتیڤیزم، کە هەندێک هەوڵی چاندنی لە زەمینەی ئیسلامیدا دەدەن.

– نکوولێکردنی ژیانی دواڕۆژ یان لایەنی کەم فەرامۆشکردنی و گرنگپێنەدانی لەلایەن کۆزمۆلۆژیای عەلمانییەوە و کورتهەڵهێنانی گرنگپێدانەکانی لە بواری ئەم دنیایەدا و بونیادنانی تیۆرگەلێکی کۆمەڵایەتی بۆ تیۆریزەکردنی لایەنە جیاوازەکانی باشترین شێوازی جێبەجێکردنی ئەو مەبەستانە بۆ تاک و کۆمەڵگەکانیش، شتێکی سروشتی بوو کە هزرێکی ڕاگەیاندن بەرهەم بهێنێت کە هەموو گرنگپێدانێکی چڕ ببێتەوە لە داڕشتنی باشترین شێوازی بەشداریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا. سروشتییشە کە نموونەی ئەو جۆرە هزرەی ڕاگەیاندن و ئەو فەلسەفە جیاوازانەشی کە بەرهەمی هێناون، نەشیاو بن بۆ

بەدیهێنانی مەبەستگەلێکی جیاوازی وەک مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی.

لە میانەی ئەم دەرئەنجامەی کۆتاییەوە و لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی پێشووی، کە لە ڕێگەیانەوە و لەم توێژینەوە ڕەخنەییەمان بۆ فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، چەند شتێکمان پێ دەڵێن لەسەر ئاستی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە بەرهەمیان هێناون.

هەروەها لە میانەی بەراوردکردنی ئەو پێشەکییانە بە پێشەکییە هاوتاکانیان لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گواستنەوەی تەواوەتیی هەر فەلسەفەیەک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بۆ زەمینەی ئیسلامی شیاو نییە، چونکە ئەو فەلسەفانە هەر لە بنچینەوە بە شێوەیەک داڕێژراون کە وای لێ بکات بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستگەلێکدا بکات کە هیی کۆزمۆلۆژیایەکی تر بن کە لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی جیاوازە. ئەمە واتای ئەوە نییە کە بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدەین لەسەر ئەوەی کە ناتوانرێت سوود لە هەندێک تێزی ئەو فەلسەفانە وەربگیرێت، ئەمە ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیەمان بەدوایدا دەگەڕێت بە دۆزینەوەی ئەو پێشەکییە ڕاستەوخۆیانەی کە ڕوانگەتی وردی ئەو فەلسەفانە و وتەزاکانیشیانی پێک هێناوە.

دەروازەی دووەم

پێشەکییە ڕاستەوخۆکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و پێشەکییە هاوتا ئیسلامییەکانیان

ڕێخۆشکردن

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکان بە هەموو لقەکانیەوە (سیاسی و ڕاگەیاندن و... هتد) جگە لە ئامرازگەلێکی هزری شتێکی تر نین، کە لە میانەی بەڵگەنەویستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانییەوە دەرچوون و هەوڵ دەدەن بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستەکانیدا بکەن. لەگەڵ ئەوەی ئەو تیۆرانە لە سەرەتا و مەبەستەکانیاندا کۆکن، دەبینین لە بارەی باشترین چۆنێتیی بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا ناکۆکن، ئەو ناکۆکییەش بە شێوەیەکی بنچینەیی بۆ یەکەم بەڵگەنەویستی لاوەکی لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا دەگەڕێتەوە، ئەو بەڵگەنەویستەی کە ئەو تیۆرانە دەیکەنە سەرەتای خۆیان، ئەویش بریتییە لە بەڵگەنەویستی «نەبوونی سەرچاوەیەکی باڵا بۆ حەقیقەت»، کە بە شێوەیەکی سروشتی ئەوەی لەسەر هەڵدەچنرێت کە ئەرکی تیۆریزەکردنی باشترین بوونی کۆمەڵایەتی بەتەواوی دەکەوێتە ئەستۆی ئاوەزی مرۆیی بەو توانا سنووردارییەوە، کە وا دەکەن پەیبردنی بۆ دیاردەکانی دەوروبەری –بەتایبەت دیاردە مرۆییەکان، کە هەر بە سروشت ئاڵۆزن– پەیبردنێکی بەشەکی بێت، ئەمەش وا دەکات ئەو بڕیارانەی کە لە بارەیانەوە دەریدەکات، ڕێژەیی بن و بە گۆڕانی کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردا بێت و دەروازەیەکی گەورە لەبەردەم ناکۆکی لەنێوان ئەو دیدانە بکاتەوە کە تاووتوێی یەک پرس دەکەن، لە دەرئەنجامی بوونی ئەگەری ئەوەی کە هەر دیدێکیان جەخت لە لایەنێکی جیاواز دەکاتەوە لەوەی کە دیدەکانی تر گرنگیی پێ دەدەن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا، ئاساییە جیاوازی هەبێت لەنێوان تێزەکانی بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکان لەمەڕ ئەو باشترین شێوازەی کە لە میانەیەوە دەکرێت بوونێکی بەختەوەرانە بۆ مرۆڤ لەم دنیایەدا بهێنرێتە کایەوە، لەگەڵ ئەوەشی مرۆڤ لە هەموو تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکاندا –تەوەری ئەم توێژینەوەیەمان– هەم سەرەتایە و هەم مەبەست، بەڵام جیاوازیی ئەو گۆشەیەی کە بانگخوازانی هەر یەکێک لەو تیۆرانە بۆ مرۆڤ لە هەوڵدانیان بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتەکەی و ئاشنابوون بە تایبەتمەندی و شێوازی هەڵسوکەوت و سروشتی، هۆکاری سەرەکیی شاراوەی پشت جیاوازیی تێڕوانینی ئەو تیۆرانە بوو بۆ باشترین شێوە لە شێوەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، کە لەگەڵیدا گونجاون و ئەو جیاوایانەی کە لە تێزەکانی ئەو تیۆرانەدا لەسەری هەڵچنراون لەمەڕ ئەو ڕوالەتانەی کە پێویستە لە کیانی کۆمەڵایەتی یان دەوڵەتدا هەبن، هەروەها باشترین شێوەی پەیوەندی

که پێویستە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەت و لەنێوان مرۆڤ و هاوشێوەکانیدا هەبێت. هەروەک چۆن ئەو جیاوازییە لەمەڕ سروشتی مرۆڤ، لەنێوان تیۆریستەکاندا، بۆ ناکۆکییان لەسەر سروشتی حەقیقەت و ئەوە درێژەی کێشاوە کە ئایا دەکرێت لەلایەن هەموو تاکێکەوە پەی پێ ببرێت، یاخود تەنها دەستەیەکی دیاریکراو دەتوانن پەی پێ ببەن.

لە هەر یەکێک لەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانەدا، لەبەر ڕۆشنایی بیرمەندانی هەر تیۆرێک لە مەڕ سروشتی مرۆڤ و سروشتی حەقیقەت و ئاستی توانای هەر تاکێک بۆ گەیشتن پێیان و سروشتی کیانی سیاسی، یان ئەو «دەوڵەت»ەی کە بۆی گونجاوەو ئەو پەیوەندییە نموونەییەی کە پێویستە لەنێوان ئەو و دەوڵەتدا هەبێت، تیۆریزەی بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (سیاسی، ئابووری، ڕاگەیاندن... هتد) کراوە[1].

بەو شێوەیە و بە زمانی لۆژیک دەتوانین بڵێین ئەو وتەزایانەی هەر یەکێک لەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانە لەمەڕ ئەو خاڵانەی باسمان کردن هەیانە، بە پێشەکیی بنچینەیی دادەنرێن، وتەزاکانی هزری ڕاگەیاندنیش لە هەر یەکێک لەو تیۆرانەدا –هەروەک تەواوی بوارەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی- دەرئەنجامێکی حەتمین بۆی.

هەروەک چۆن بەشی پێشوو بە ڕەخنە و بەراوردکردن تاووتوێی ئەو پێشەکییە بنچینەییانەی کرد کە سیما گشتیەکانی گشت فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنی پێک دەهێنا و بۆمان ڕوون بووەوە کە چەند ڕووی ناتەواوی و کەموکووڕییان هەیە و چەند جیاوازی لەنێوان ئەوان و پێشەکییە هاوتاکانیان لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەمانە لەسەر وێنەی گشتیی هەموو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن هەیە، لەم دەروازەیەدا هەوڵ دەدەین تاووتوێی وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە بۆ دەرخستنی ڕووەکانی ناتەواوی و کەموکورتییان بکەین، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەنگدانەوەی ئەمە لەسەر بونیادی ئەو فەلسەفەی ڕاگەیاندنەی کە ئەو وتەزایانە لە هەر یەکێک لەو

---

(١) کە بریتین لە تیۆری لیبرالی بە هەردوو قۆناغەکەیەوە (کلاسیکی و نوێ) و تیۆری سۆشیالیستی، سەرباری «هزری کۆمەڵایەتی گەشەپێدانگەرایی»؛ کە تویژەر مەبەستی لێی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەیە کە لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا هەیە و دەستەبژێری فەرمانڕەوا لەو وڵاتانەدا جێبەجێی دەکەن و بڕەوی پێ دەدەن، تیۆرەکانی ئەو هزرەش لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا لە لۆژیک و مەبەستیشدا هاوشێوەن، لەگەڵ بوونی هەندێک جیاوازی لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دی. محمد نصر مهنا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

تیۆرە کۆمەڵایەتییانە بەرهەمیان هێناوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە هەوڵ دەدەین خاڵی هاوبەش و ناکۆکی نێوان ئەو وتەزایانە و هاوتاکانیان لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا ڕوون بکەینەوە، وەک هەنگاوێکی نیمچەکۆتایی بۆ بڕیاردان لە دروستبوون یان دروستنەبوونی گواستنەوە لە تێزەکانی ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندنەوە کە هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم بۆ هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی بەرهەمی هێناون.

بەو پێیەشی ئامانجی ئەم تۆێژینەوەیە تەنها تاووتوێکردنی لایەنی ڕاگەیاندنە لە تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکاندا، ئیدی ئەوەی کە بۆ تۆێژەر گرنگە تاووتوێی بکات لەو وتەزا بنچینەییانەی کە هەر تیۆرێک لەو تیۆرانە لەمەڕ سروشتی مرۆڤ، سروشتی دەوڵەت، سروشتی حەقیقەت و سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت هەیەتی، واتە ئەو وتەزایانەن کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لە دروستکردنی هزری ڕاگەیاندندا هەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا ئەم دەروازەیە بۆ چوار بەش دابەش دەبێت:

بەشی یەکەم: سروشتی مرۆڤ

بەشی دووەم: سروشتی حەقیقەت

بەشی سێیەم: سروشتی دەوڵەت

بەشی چوارەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت

بەشی یەکەم

ئەو وتەزایانەی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی کە بە پێشەکیی بنچینەیی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن دەژمێردرێن و وتەزا ئیسلامییە هاوتاکانیان

ڕێخۆشکردن

لەگەڵ ئەو ناکۆکییەی لەنێوان تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا –تەوەری توێژینەوەکەمان– لە بارەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە سروشتی مرۆیی جیا دەکەنەوە، هەیانە، دەبینین ئەو تیۆرانە بە دیاریکردنی چیەتیی ئەو بوونەوەرە (مرۆڤ) لەوێوە دەست پێ دەکەن کە ئاژەڵ یان زیندەوەر (حیوان)ە، ئیدی جارێک زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی و جارێکی دی سیاسی، یان ئابووری، یان ئەخلاقی... دەبێت[1].

ئەو پێناسانە –لە شێوە نوێیەکەیاندا– لە ناساندنیان بۆ بوونی مرۆیی لە پشت چەمکی تیۆری پەرەسەندنەوە دەست پێ دەکەن، کە پێی وایە مرۆڤ بالاترین جۆرەکانی زیندەوەرانە، کە لە ئاژەڵ یان زیندەوەری تاکەخانەوە دەستی پێ کردووە، پاشان بۆ مەیموون پەرەی سەندووە، دواتر بۆ مرۆڤ، کە ڕاستەوخۆ لە مەیموونەوە پەرەی سەندووە[2].

لەگەڵ ئەوەشی کە بیرمەندە پۆزەتیڤیزمەکان، پێش دەرکەوتنی تیۆری پەرەسەندنیش بە ماوەیەکی زۆر، وەک ئاژەڵ سەیری مرۆڤیان دەکرد و ڕایان وا بوو کە جیاوازیی نێوان ئەو و ئاژەڵەکانی تر لە پلە (الدرجة)دایە نەک لە جۆر (النوع)دا[3]، بەڵام دەرکەوتنی ئەم تیۆرە جۆرێک لە ڕەوایەتیی زانستیی پێ بەخشین کە بەدوایدا وێڵ بوون، هەر چەندە چەندین ڕەخنەی توندی ئاڕاستە کراوە[4].

---

(١) نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣

هەروەها بڕوانە:

– عمر التومی الشیبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩–٣١

– أبو الیزید العجمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(٢) نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٩٤.

(٤) لە بارەی ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی تیۆری پەرەسەندن کراوە، بڕوانە:

– محفوظ علی عزام، نظریة التطور عند مفکری الإسلام: دراسة مقارنة، (القاهرة: دار الهدایة، ١٩٨٦)، ل٢٢٥–٢٤١.

– شمس الدین آق بلوت، دارون ونظریة التطور، ترجمة: آورخان محمد علی، (القاهرة: دار الصحوة، ١٩٨٦)، ص١٤–١١٤.

– عبد العلیم عبد الرحمن خضر، الإنسان والکون فی القرآن والعلم، (جدة: عالم المعرفة للنشر والتوزیع،

هەروەک چۆن ئەو تیۆرە جۆرێک لە دڵنیایی بە بیرۆکەی پەرەسەندنی مرۆیی لەسەر هێڵێکی پەرەسەندن بەرەو لوتکە بەخشی، کاتێکیش مرۆڤی ئەوروپی لە لوتکەی ئەو پەرەسەندنەدا دەبێت، ئیدی مرۆڤی کۆمەڵگەکانی دی –ئەگەر بیانەوێت بە پلەکانی پەرەسەندندا سەر بکەون– هیچ چارەسەکی تریان نییە، جگە لە گرتنەبەری ئەو ڕێچکەیەی کە مرۆڤی ئەوروپی گرتوویەتیە بەر.

لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنە نوێیەی کە لەنێوان بیرمەندە پۆزەتیڤیزمەکاندا هەیە لە بارەی بنەچەی بوونەوەری مرۆیی و لە بارەی ئاڕاستەکەی بەوەی کە پلەبەپلە بەرەو لوتکە و کەماڵ سەر دەکەوێت، دەبینین لە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە سروشتی ئەو بوونەوەرە جیا دەکەنەوە و لە دیاریکردنی چۆنێتیی گەیشتنی بە کەماڵێک کە لەم دنیایەدا ئاواتێتی، جیاوازن، جیاوازییەکەشیان لەسەر ئەو دوو خاڵە، بۆ جیاوازیی ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانە دەگەڕێتەوە کە هەر یەکێک لەو کۆمەڵە بیرمەندانە پێشکەشیان کردووە.

ئەم بەشە بۆ سێ پار دابەش دەبێت:

پاری یەکەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا

پاری دووەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەراییدا

پاری سێیەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری ئیسلامیدا

تۆێژەر لە خستنەڕووی وتەزاکانی تری تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکانیشدا، لە بەشەکانی تریشدا، هەر لەسەر ئەم جۆرە پۆلێنکارییە دەڕوات.

١٩٨٣)، ص٤٧–٨٥.

پاری یەکەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا

لەگەڵ بوونی چەند جیاوازییەک لەنێوان ڕوانگەی دوو قۆناغەکەی تیۆری کۆمەڵایەتیی لیبرالی (کلاسیکی و نوێ) بۆ سروشتی مرۆڤ، ئەوان کۆلکەیەکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش بریتییە لە تەرخانکردنی پەرەنسیپەکانیان بۆ شکۆی مرۆڤ[1]، لە هەردووکیشیاندا جەختکردنەوە لە گرنگیی زۆری تاکگەرایی مرۆیی، وەک یەکێک لە سیما چەسپاوەکانیان دەبینین.

ئەگەر سەیرێکی گرنگترین ئەو گریمانانەش بکەین کە تیۆری لیبرالیزم بە هەردوو قۆناغە کلاسیکی و نوێیەکەیەوە لەمەڕ سروشتی مرۆیی پێشکەشیان کردووە، دەبینین دوو گریمانەی بنچینەیی هەیە، کە بوونەتە پێشەکیی ڕاستەوخۆ بۆ لایەنی ڕاگەیاندن لە هزری لیبرالیدا، لە هەمان کاتیشدا لە گرنگترین ئەو گریمانانەن کە سیماکانی تیۆری لیبرالیزم بەگشتی پێک دەهێنن، ئەو دوو گریمانەیەش بریتین لە گریمانەی ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاوەزمەندە، هەروەها گریمانەی ئەوەی کە بوونەوەریکی ئەخلاقییە.

بەر لەوەی قسە لەسەر سیماکانی ئەو دوو گریمانەیە لە دوو قۆناغەکەی لیبرالیدا بکەین، باشتر وایە هەندێک خاڵی پەیوەست بە تێڕوانینی لیبرالیزم بۆ سروشتی مرۆڤ بخەینە ڕوو، کە تاووتوێکردنیان پێویستە بۆ تێگەیشتن لە تێزەکانی فەلسەفەی لیبرالیزم –بە هەردوو قۆناغەکەیەوە– لەمەڕ سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت، بەو پەیوەندییەشیانەوە کە تایبەتە بە لایەنی ڕاگەیاندنەوە.

تاک یەکەیەکی سەربەخۆیە و لەپێش کۆمەڵگەوە هەیە

دامەزرێنەرانی لیبرالیزم بڕوایان وایە تاک یەکەیەکی سەربەخۆیە، لەپێش کۆمەڵگەوە هەیە، بڕواشیان وایە ئەم بانگەشەیەیان تەنها گریمانە نییە، بەڵکوو شتێکە کە دەرئەنجامە زانستییەکان جەختی لێ دەکەنەوە، بەهێزترینی ئەو دەرئەنجامانەش ئەوەیە کە زانایانی سروشت جەختیان لێ کردووەتەوە، کە تایبەتمەندیی هەموو ماددەکان سروشتی گەردیلە سەربەخۆکان دیاری دەکەن، کە خۆیان یەکەیەی سەربەخۆن و سروشتی خۆشیان لە خودی خۆیانەوە وەردەگرن نەک لە پەیوەندییان بە یەکترییەوە.

ئیدی هزری سیاسی سوودی لەو وێناکردنە وەرگرت لە دیاریکردنی باری

---

(١) بڕوانە: مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا و جۆری پەیوەندییەکەی پێوەی، ئەویش بە گواستنەوەی ئەو وێناکردنە لە چوارچێوەی زانستە سروشتییەکانەوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئیدی –هەروەک چۆن زانستە سروشتییەکان سەیری گەردیلە دەکەن- ئەویش وەک یەکەیەکی سەربەخۆ، کە شیاوی دابەشکردن نییە، سەیری تاکی کرد، هەروەها ئەوەی کە سروشتە ڕاستەقینەکەی دیاری دەکات، جەوهەر (essence) یان باشتر بڵێین ئەو ڕەگەزانەیە کە دابەشبوون قەبووڵ ناکەن نەک وەزیفە (Function)[1].

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینە بۆ هەر تاکێک، کە خۆی یەکەیەکی ئەدەبیی سەربەخۆیە، بانگەشەکارانی لیبرالیزم بڕوایان وایە، بەو وێنایە بێت، تاک مافگەلێکی بنچینەیی هەیە کە لە مرۆڤبوونییەوە سەرچاوەیان گرتووە[2]، ئەمەش لەو وتەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤ ئەو مافانەی بەو وەسفە هەیە کە مافگەلێکی ڕەگداکوتاون لە سروشتە مرۆییەکەیدا و بە هۆی مرۆڤبوونیانەوە لە ناخی مرۆڤەکاندان و لە سروشتی شتەکانەوە هەڵهێنجێنراون، کە شکۆی بوونی سروشتی و گەردوونیان پێ بەخشراوە، پاش ئەوەشی کە پلەبەپلە باوەڕبوون بە بیرۆکەی سروشت (فكرة الطبيعة) جێی باوەڕبوونی بە خودای پاک و بێگەردی گرتەوە، ئیدی ئەو مافە نەمرانە بە «مافە سروشتییەکان» ناوزەند کران، ئیتر لەوێوە مافە سروشتییەکان لە یاسای سروشتی[3] و ئەوانەشی کە پاڵپشتیی هەردووکیان دەکات، بینران[4]، وێڕای ئەوەی بیرۆکەی یاسای سروشتی دێرینە و بۆ گریک دەگەڕێتەوە[5]، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە لە پاڵپشتیکردنی مافەکانی مرۆڤدا

---

(١) بڕوانە:

- محمد عصفور، سەرچاوەی پێشوو، ل٩-١٠.

- مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤-٢٧٥.

(٢) ملحم قربان، الحقوق الطبيعية، سلسلة قضايا الفكر السياسى (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٣)، ص١٣٢.

(٣) یاسای سروشتی بە یاسای ئاوەزی و یاسای ئایدیاڵی و یاسای فیتریی ناسراوە، کە بەگشتی ئەو کۆمەڵە بنەما و ڕێسایەیە کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن، هەروەها هیچ پەیوەندییەکیان بە خوونەریت یان دەقەکانی یاساوە نییە، بەڵکوو سەرچاوەکەیان ئیلهامی فیتریی دروست (سلیم) و پەیبردنی ئاوەزیی ڕاست و دروست (صائب)ە.

- بڕوانە: عبد السميع الهراوى، القانون الطبيعى وقواعد العدالة، سلسلة كتابک (١٠٩)، (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ص٨.

(٤) محمد عصفور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

(٥) سەبارەت بە مێژووی دەرکەوتنی بیرۆکەی یاسای سروشتی و پەرەسەندنی، بڕوانە:

گێرای، هێز و چالاکیی لە چاخی نوێدا پێ بەخشی، تەنانەت وای لێ هات بتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە کاتێک باسی یاسای سروشتی دەکرێت، هەرگیز مەبەست لێی یاسای سروشتی نییە، بەڵکوو ئەو مافەیە کە مرۆڤ بە هۆی ئەو یاسایەوە هەیەتی[١].

لەسەر بنچینەی تێڕوانینی بیرمەندە لیبراڵییەکان بۆ مرۆڤ –مرۆڤ بەڕەهایی– ئەو مافە سروشتییانەی هەیە کە لە مرۆڤبوونیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، شتێکی سروشتی بوو کە وای ببینن کە ئەو کیانە کۆمەڵایەتییەی کە بۆ ئەو بوونەوەرە گونجاوە، ئەو کیانەیە کە ئەو مافانەی دەپارێزێت و چێژلێوەرگرتنیانی لە کەشێکی ئاسایش و ئارامدا بۆ فەراهەم دەکات[٢]، لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا ئەو بیرمەندانە دەستیان کرد بە دانانی تێڕوانینێک بۆ شێوەی ئەو کیانە کۆمەڵایەتیی (دەوڵەت)ەی کە بۆ ئەو بوونەوەرە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو کیانەدا گونجاو بێت، بەکورتی واتە دەستیان بە دارشتنی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەیان کرد.

لێ بە تێپەڕبوونی کات چەندین ڕەخنەی توند ئاڕاستەی مافە سروشتییەکان کرا، گرنگترینیان ئەو ڕەخنانە بوو کە لەسەر دەستی هیۆم ئاڕاستەی بیرۆکەی یاسای سروشتی کران، لە ئەنجامی ئەمەشدا بیرمەندە دیارەکانی لیبراڵیزم لە سەدەی نۆزدەدا، کاریان کرد بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ سەلماندنی ئەو مافانە لەسەر بنچینەی سوود (المنفعة) و ئەوەی کە ئەو مافانە کەتواڕێکی مێژوویین.

لەم سەردەمەشدا ئیدی پێی ناوترێت مافی سروشتی، بەڵکوو ناوی مەفە مرۆییەکانی لێ نراوە، هزری لیبراڵیی نوێش بڕوای وایە کە ماف و ئەرکەکانی تاک دوو ڕووی یەک دراون و بە ئەندازەی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دەخرێتە ئەستۆی تاک، بە هەمان ئەندازە بۆی هەیە چێژ لەو مافانە وەربگرێت[٣].

– عبد السميع سالم الهراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢–١٣.

– ملحم قربان، القانون الطبيعی، سلسلة قضايا الفكر السياسی (بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٢)، ل٢٣–٦٤.

(١) ملحم قربان، المنهجية والسياسة، سلسلة قضايا الفكر السياسی (بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٦)، ص٣٢١–٣٢٢.

(٢) بەراورد بکە لەگەڵ:

– بطرس غالی، محمود خيری عيسى، المدخل إلى علم السياسة، ط٤، (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٤)، ص١٢٠.

(٣) بڕوانە: جورج هـ سباين، سەرچاوەی پێشوو، کتێبی چوارەم، ل٩٦٥–٩٦٦.

گریمانەکانی تیۆری کۆمەڵایەتیی لیبرالیزم –بە هەردوو قۆناغەکەیەوە- لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی

لێرەدا دوو گریمانەی گرنگی هزری لیبرالی لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی دەخەینە ڕوو، بەو پێیەی ئەو دوو گریمانەیە بە گرنگترینی ئەو پێشەکییە ڕاستەوخۆیانە هەژمار دەکرێن کە کۆی بونیادی هزری ڕاگەیاندنی لیبرالیزمی لەسەر بونیاد نراوە، ئەو دوو گریمانەیەش گریمانەی ئاوەزمەندیی (عقلانية) مرۆڤ و ئەخلاقیبوونیەتی. لێرەدا بەکورتی سیماکانی ئەو دوو گریمانەیەی لیبرالیزمی کلاسیکی و ڕەگدانەوەکانیان لەسەر ئەو تیۆری ڕاگەیاندنە دەخەینە ڕوو کە بەرهەمیان هێناوە، پاشان ئەو ڕەخنانە باس دەکەین کە ئاڕاستەیان کراون، هەروەها تیشک دەخەینە سەر ئەو وێنەیەی کە لیبرالیزمی نوێ پێی گەیشتووە.

یەکەم: گریمانەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ

گریمانەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ بە گریمانەیەکی سەرەکی لە کۆی فەلسەفەی لیبرالیزمدا دادەنرێت[1]، هەر چەندە ئەو هیوایانەی کە لیبرالیزمی کلاسیکی لەسەر ئاوەزمەندیی مرۆڤ و ڕەنگدانەوەکانی لە چالاکیی کۆمەڵایەتیدا هەڵیچنیبوون، زۆر لە هیی لیبرالیزمی نوێ زیاتر بوون، ئێمە لێرەدا بەکورتی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو گریمانەیە لە هەردوو قۆناغەکەدا دەخەینە ڕوو.

ئ. لیبرالیزمی کلاسیکی

لیبرالیزمی کلاسیکی بیروباوەڕێکی هەبوو کە پوختەکەی ئەوەیە ئاوەزی مرۆڤ هەر کاتێک توانیی خۆی لە تاریکییەکانی نەزانی و پوچێتی (الخرافة) دابماڵێت، دەتوانێت جیهان بە شێوەیەک دابڕێژێتەوە کە لەگەڵیدا کۆژان و ستەم و کار و شتە پڕوپووچەکان وردەوردە کەم ببنەوە[2]. ڕۆچوونی لیبرالیزمی کلاسیکیش لەم بیروباوەڕەیدا بۆ ئەو سەرکەوتنە مەزنانە دەگەڕێتەوە کە ئاوەز لە بواری زانستە سروشتییەکاندا، بەتایبەت لەسەردەستی نیوتن، بەدەستی هێنابوو، بە شێوەیەک وای کرد بانگەشەکارانی ئاوەزمەندی –بە بەراوردکردن و پێوانە بەوە- بڕوایان بە توانای ئاوەز بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی گەردوون و ڕاستییەکانی بوون هەبێت[3].

لە باوەڕبوونی لیبرالیزمی کلاسیکی بە عەقڵگەرابوونی مرۆڤ چەندین دەلالەت

---

(١) بڕوانە:

-W. L Rivers and W. Schramm, op. cit., p.36.

(٢) مجموعة باحثين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

(٣) عبد الفتاح حسنين العدوى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠.

هەیە، دەتوانین لە دوو دەلالەتی گرنگدا کورتی هەڵبهێنین:

١. توانای تاک –ئەگەر ئاوەزی بە شێوازێکی دروست بەکار هێنا- لە گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان و تێگەیشتن لە یاسا تۆکمە و ڕێکوپێک و تۆندوتۆڵەکانی سروشت.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە

- ئاوەز –لە ڕێگەی توانای تێگەیشتن لە حەقیقەتی شتەکان بە دروستی- دەتوانێت ڕێنموویی خەڵک بۆ ئەو ڕێگەیە بکات کە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژینگەکەی و خودی خۆی یارمەتییان دەدات[١]، بێگومان ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی وایان لێ بکات لە ئاشتی و بەختەوەریدا بژین.

- مرۆڤ لە میانەی بەکارهێنانی دروستی توانا ئاوەزییەکانییەوە، خۆی بە باشترین داوەر لە بڕیاردانی لە بەرژەوەندییەکانی دادەنرێت، بۆیە پێویستە لە بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانیدا بەبێ هیچ دەستتێوەردانێک لە دەوڵەت یان کەسانی ترەوە لە کاروبارەکانیدا ئازاد بکرێت[٢].

٢. توانای ئاوەز بۆ جڵەوگیریی ڕەگەزە بەهێزەکان لە مرۆڤدا، کە بریتین لە ئارەزوو، سۆز، لادان و هەڵپە و بەرزونزمی و هەڵچوونە ناعەقڵانییەکان[٣].

ئەم لایەنەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ بە بنچینەی گریمانەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێت، کە پاش کەمێکی تر باسی دەکەین.

ئا ئەمانە گرنگترین ئەو دەلالەتانە بوون کە گریمانەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ ئاماژەی بۆ کردوون. بۆ وێژدان پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لیبرالیزمی کلاسیکی زۆرێک لەو دیاردە نائاوەزییانەشی فەرامۆش نەکردووە کە لە ڕەفتاری مرۆڤدا هەن، بەڵام ئەو پێی وایە کە هەر بەکارهێنانێکی هەڵەی ئاوەز لە بنچینەدا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە کە پەیوەستن بەو ژینگەیەوەی کە ئەو ئاوەزە گەشەی تێدا کردووە، بۆیە پێی وایە لە میانەی کۆنترۆڵکردنی ئەو ژینگەیە و چاککردنی»[٤]، هەروەها لە ڕێگەی پەروەردەکردنی دروستی تاکەوە دەتوانرێت

---

(١) بڕوانە:

- کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢،

- F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p. 40.

(٢) مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.

(٣) ملحم قربان، القوة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠.

(٤) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

چارەسەری ئەو دیاردانە بکرێت کە لەگەڵ ئاوەزگەرایی مرۆڤدا نایەنەوە، ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ ئەمە، ئەوەیە کە ئاوەز هەمیشە دەتوانێت تواناکانی باشتر بکات. هەمیشە ملکەچ دەمێنێتەوە و شیاوی ئەوەیە لە دەرگای بدرێت[1].

ڕەنگدانەوەکانی گریمانەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ لەسەر هزری ڕاگەیاندن

گریمانەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ لە هزری لیبرالیدا بە یەکێک لە گرنگترین ئەو گریمانانە دادەنرێت کە بونیادی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیزمی پێک هێناوە. ئەو گرنگییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم گریمانەیە وا پێویست دەکات کە مرۆڤ –ئەو بوونەوەرە ئاوەزمەندەی کە توانای دۆزینەوەی ڕاستییەکان و خستنەڕوویانی بە ئەبستراکتیانە و بابەتییانە هەیە- ئازادیی تەواوی ڕادەربڕینی لە هەموو ئەو پرسانەدا پێ بدرێت کە بۆی گرنگن. لەو پێناوەشدا پێویستە سنوور بۆ گوزارشتکردنی لەو ڕایانەی دانەنرێت، مەگەر چەند کۆتوبەندێکی زۆر کەم و گونجاو نەبێت، هەروەها نابێت هیچ شتێک لەبەردەم گەیاندنی ڕاکانی بە خەڵکی ڕێگر بێت، ئەمەش واتە پێویستە ئازادی لە خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازی ڕاگەیاندنە هەبێت کە بۆ ئەو کارە بە گونجاوی دەزانێت[2].

لە لایەکی ترەوە گریمانەی ئاوەزگەرایی مرۆڤ ئەوە لەخۆ دەگرێت کە پێویستە تاک «وەکوو وەرگر» ئازادی گەیشتنی بە هەر زانیاری و بیرۆکەیەکی پێ بدرێت کە بەلایەوە گرنگە و پێویستیەتی، چونکە بە بەکارهێنانی ئاوەزی دەتوانێت ڕاست و درۆ، دروست و ساختەی ئەو زانیاری و ڕایانە جیا بکاتەوە کە پێی دەکات[3].

گرنگترین ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی گریمانەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ کراون

تێڕوانینی هزری لیبرالی کلاسیکی بۆ عەقڵگەرابوونی مرۆڤ و ئەو هیوا زۆرانەی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی فیردەوسی لەسەر ئەم زەوییە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بووەوە، لەسەروو هەموشیانەوە ئەو پێدراوانە بوون کە لە کەتوارەوە وەرگیرابوون، کە بەڕوونی دوودڵییان لەسەر ناساغیی زۆرێک لەو بانگەشانەی لیبرالیزم دروست دەکرد کە سەبارەت بە ئاوەزمەندیی مرۆڤ بوون و زێدەڕۆییان تێدا دەکرا، جا ئەوانەیان بن کە بە توانای ئاوەز بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی شتەکان و گەیشتن بە بڕیاری دروست لە بارەیانەوە پەیوەست بوون،

---

(١) بڕوانە: رونالد سترومبرج، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل١٣١-١٣٢.

(٢) لە بارەی گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی گریمانەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ لەسەر هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی، بڕوانە:
- F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 40: 50.

(٣)- ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣-١٠٣.

یاخود ئەوانەیان کە بە متمانەبوون بە توانای ئاوەز بۆ جڵەوگیریی حەزو مەیل و ئارەزووەکانی خاوەنەکەیەوە پەیوەستن.

دەتوانین گرنگترینی ئەو ڕەخنانە لەم چەند خاڵەدا کورت هەڵبهێنین

- زانستە مرۆییە نوێیەکان ئەوەمان لێ ناشارنەوە کە پێکهاتەی مرۆییمان بە چەند ڕەگەزێکی ئەنترۆپۆلۆژی سەرپێ دەکەوێت، هێزی پەیبردنیش تەنها یەکێکە لەوانە، ئاتاجبوونیش بۆ مەعریفەی ئاوەزی تەنها یەکێکە لە پێویستییەکان. ئەوەتا لەپاڵ هێزی ئاوەزیدا پێکهاتەی کولتووریی بۆماوە و پێکهاتەی ویست (الإرادة) و پێکهاتەی سایکۆلۆژی «بە هەر سێ جۆرەکەیەوە: هەستی و سۆزداری و ویژدانی» و پێکهاتەی نائاوەزی (ناهەستی) بە هەموو ئەو حەز و پاڵنەر و چالاکییە دروست و نادروستانەوەی لەخۆی دەگرێت، هەیە، ئەمە وێڕای هەموو ئەو پێکهاتانەی تر کە نکوولّی لە کاریگەرییان لەسەر ئەو بڕیارە ناکرێت کە تاک لە بارەی شتێکەوە پێی دەگات[1].

- ڕەنگە ئاوەزی تاک حەقیقەت بۆ خزمەتی پێویستییە ناوخۆییەکانی خۆی بشێوێنێت، پاشان هەر لەسەر بنەمای ئەو شێواندنە پێش دەکەوێت بۆ ئەوەی ژیانی ڕێک بخات[2]. لەو بارەشدا ئاوەز تەنها دەبێت بە مەلەکەیەک بۆ تاووتوێکردنی پەیوەندیی ئامراز و مەبەستەکان، مەلەکەیەکی ئاوەزی، کە هیچ پەیوەندییەکی بە بنەما ئەخلاقییەکانەوە نییە. ڕەنگە ئاوەزمەندەکە تەنها لە داهێنانی ڕێگاکانی بەدیهێنان و مەیسەرکردنی بەرژەوەندییە خودییەکانیدا کارامە بێت[3]. ئەزموونی هەموو ڕۆژێکیش ئەوەمان پیشان دەدات کە تا چ ڕادەیەک جوولّەی کەسی و کۆمەڵایەتیی هەر تاکێکمان لەژێر کۆنترۆلّی حەز و بەرژەوەندییەکانماندایە[4].

- ئاوەز –لەوەی کە پەیوەستە بە باوەڕبوون بە توانای ئاوەز لە کۆنترۆلّکردنی

---

(١) فهمی جدعان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠-٣١.

هەروەها لە بارەی کارتێکەرە نائاوەزمەندییەکانەوە لە هزری تاک، بڕوانە:

- جوزیف شومبیتر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل٣٧-٣٩،

- محمد منیر حجاب، الإنسان بین نظریات الإعلام المعاصر والنظریة الإسلامیة فی الإعلام، مجلة کلیة اللغة العربیة بجامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامیة، العددان ١٣، ١٤، سنة ١٤٠٣، ١٤٠٤هـ ص٧٠٩،

- سامیة محمد جابر، النظریات السیاسیة، (الإسکندریة: دار المعرفة الجامعیة، ١٩٩١)، ص١٥٣-١٥٤،

- هنتر مید، الفلسفة: أنواعها ومشکلاتها، ترجمة: فؤاد زکریا، (القاهرة: دار نهضة مصر للطباعة والنشر، ١٩٦٩)، ص٦٠،

(٢) ملحم قربان، القوة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

(٣) جلین تیندر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

(٤) فهمی جدعان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

حەز و مەیل و ئارەزووەکان- نەک تەنها لەبەردەم ئەو حەزو ویستەنەدا لاواز دەبێت، بەڵکوو زۆر جار بۆ خزمەتکردنیشیان بەکار دەهێنرێت، هەر ئەمەش وای کردووە هیۆم بڵێت: «ئاوەز کۆیلەی سۆزەکانە و پێویستیشە وا بێت، ناشکرێت، جگە لە خزمەتکردنی و ملکەچبوونی بۆ سۆزەکان، هیچ وەزیفەیەکی تری هەبێت.»[1]

ب. لیبرالیزمی نوێ و ئاوەزمەندیی مرۆڤ

شتێکی سروشتی بوو کە ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی تێڕوانینی لیبرالیزمی کلاسیکی لەمەڕ ئاوەزمەندبوونی مرۆڤ کرا، بۆ ئەنجامدانی هەموار و گۆڕانکاری بەسەر ئەو تێڕوانینەدا لای هزرمەندانی لیبرالیزمی نوێ سەر بکێشێت.

لەگەڵ ئەوەی لیبرالیزمی نوێ نکوولّیی لە ئاوەزگەرایی مرۆڤ نەدەکرد، بەڵام کەمتر لە لیبرالیزمی دایک پشتی پێ دەبەست و وای لێ هات لیبرالیزمی نوێ سەرنج بداتە لایەنە نائاوەزی و دژە ئاوەزییەکان لە ڕەفتاری مرۆییدا، کە بریتین لەو لایەنانەی کە دەروونناسیی نوێ بەڵگەی زۆری بۆ کۆ دەکاتەوە[2].

بانگەشەکارانی لیبرالیزمی نوێ -بە پێی دەربڕینەکەی هۆبهاوس- سوورن لەسەر ئەوەی کە ئێمە «ئەگەر زۆرلێکردنی وەحشییانە و پاڵنەرە زیندەییەکان و پێویستییە بنچینەییەکان بەهەند وەرنەگرین و ئەگەر لە ڕۆڵی هۆکارە دژە ئاوەزییەکانی وەک خوونەریت و بیروباوەڕ لە ڕەفتاردا، هەروەها ئەگەر پەی بەو ڕۆڵە نەبەین کە ئەفسانە و پەند و ئایدۆلۆژیا و ئەو ئامرازانەی تر دەیبینن، کە جەماوەر دەجووڵێنن و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە ڕووی ئاوەزییەوە نییە، لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ویست و هەڵچوونەکان هەیە، ئەگەر هەموو ئەمانە بەهەند وەرنەگرین، ئەوا لە مامەڵەکردنی کەتواریانە لەگەڵ ڕەفتاری مرۆڤدا شکست دەهێنین.»[3]

شتێکی سروستییش بوو کە ئەمە لەوەدا ڕەنگ بداتەوە کە گومان لەسەر ئەو گریمانەیە دروست بکات، کە دەڵێت: «تاک -هەمیشە- بەرژەوەندیی خۆی دەزانێت و لە هەر کەسێکی دی زیاتر سوورە لە بەدیهێنانی»، چونکە

(١) جورج هـ سباین، سەرچاوەی پێشوو، کتێبی چوارەم، ل٨٠٨.
هەروەها بڕوانە:
- جون باول، الفكر السياسى الغربى، ترجمة: محمد رشاد خميس، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥)، ص٤٣٧-٤٣٩.

(٢) مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

(3) L. T. Hobhouse, Liberalism (New York: Galaxy Book, 1964), P. 18.
- وەرگیراوە لە مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

تاک هەمیشە داوەرێکی دادگەر نییە لەمەڕ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، جا لە بارەی کاروبارە ئابووریییەکانیەوە بێت، بۆ نموونە وەک بەکاربەر، یان تەنانەت بۆ کاروبارە تایبەتەکانی خۆی بێت، وەک تەندروستیی گشتی و ئەمان و هاوشێوەکانیان. بێگومان ئەمەش دەستتێوەردان لە سنووورێکی مەعقوولدا لەو بوارانەدا بەسەر دەوڵەتدا دەسەپێنێت، ئەمەش بۆ پاراستنی تاک و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی[1].

هەروەک چۆن ئەو گومانانەی کە لەمەڕ توانای ئاوەز بەسەر جڵەوگیرکردنی حەز و ئارەزووەکانی خاوەنەکەی وروژێنران، ڕەنگدانەوەیان لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی لیبرالیزمی نوێی پەیوەست بە گریمانەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ هەبوو، ئەمە کەمێک بەدرێژی لە میانەی قسەکردنمان لەسەر ئەو گریمانەیە دەیخەینە ڕوو.

ڕەنگدانەوەی دیدی لیبرالیزمی نوێ بۆ ئاوەزمەندیی مرۆڤ لەسەر هزری ڕاگەیاندن

شتێکی سروشتی بوو کە گۆڕانکاری لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بۆ ئاوەزمەندیی مرۆڤ، بۆ گۆڕانکاری لە هزری ڕاگەیاندنی لیبرالیدا سەر بکێشێت، ئیدی ئەو فەلسەفەی ڕاگەیاندنەی لیبرالیزمی نوێ بەرهەمی هێنا، کە بریتییە لە «فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی» –وەک دەرئەنجامێک بۆ ئەو گومانانەی کە زانستە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان و هزری هاوچەرخ خستیانە ڕوو–، متمانەی بە هەمان ئەو وێنەیە نەما کە «فەلسەفەی ئازادی» لەمەڕ ئاوەزمەندبوونی مرۆڤ لەسەری بوو، جا نێرەر یان وەرگر بێت، ئەو دیدە خەریک بوو وای لێ دەهات نکوولّی لەوە بکات کە مرۆڤ پاڵنەری فیتریی بۆ گەڕان بەشوێن حەقیقەتدا هەبێت، یاخود هەموو کاتێک ئەو پاڵنەرە بکاتە ڕێنموونییکاری خۆی[2].

هەروەها نکوولّی لەوە نەکرد کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاوەزمەندە، بەڵام بڕوای وا بوو کە مرۆڤ هەندێک جار دەتوانێت ئاوەزی بەکار بهێنێت، بەڵام ڕەنگە حەزیشی بەوە نەبێت، ئەمەش بە هۆی تەمبەڵییە ئاوەزییەکەیەوە، ئەمەش وای

---

(١) على أحمد عبد القادر، دراسات فى المذاهب السياسية، القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦٤)، ص٣١.

(٢) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 40.

هەروەها وای لێ هاتووە دەروونناسیی نوێ گومان لە توانای مرۆڤ دەکات لە جیاکاریکردن لەنێوان حەقیقەت و پڕوپاگەندەی تۆکمەدا.

- W. Rivers and W. Schramm, op. cit., p. 46.

لێ دەکات ببێتە نێچیرێکی ئاسان بۆ ئەوانەی بانگەشەی فریودەرانەیان هەیە و ئەوانەشی بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان هەوڵی بەکارهێنانی دەدەن[١].

ئەمەش جۆرێک لە بەرپرسیارێتی بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا لە بەرانبەر جەماوەرەکەیان دەسەپێنێت[٢].

دووەم: گریمانەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ

گریمانەی هزری لیبرالی بەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەخلاقییە، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە گریمانەی ئاوەزمەندبوونی مرۆڤەوە هەیە، ئەمەش وای کردووە کە ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی گریمانەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ کراونەتەوە، لە بەشێکیاندا بۆ گومانکردن لە گریمانەی ئەخلاقیبوونیشی سەر بکێشێت.

لێرەدا بەکورتی گرنگترین سیماکانی ئەم گریمانەیە لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا دەخەینە ڕوو، لەگەڵ ئەو ڕەنگدانەوانەی کە ئەم گریمانەیە لەسەر ئەو فەلسەفەیەی ڕاگەیاندن هەیبووە، کە بەرهەمی هێناوە، ئەمە وێڕای ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی کراون، پاشان ئەو شێوازەی وێنا دەکەین کە لە لیبرالیزمی نوێدا پێی گەیشت، لەگەڵ ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ئەو فەلسەفە ڕاگەیاندنییەی کە بۆ خۆی دیاریی کرد و کاری لەسەر کرد.

ئ. لیبرالیزمی کلاسیکی

لیبرالیزمی کلاسیکی لەوەدا کە گریمانەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەخلاقییە –وەک باسمان کرد–، پشت بەو گریمانەیەی دەبەستێت کە مرۆڤ هەر لە بنچینەوە بوونەوەرێکی ئاوەزمەندە، ئەمە بەو پێیەی کە زۆرێک لە پەیڕەوانی وای دەبینن کە پێویستە ئاوەزمەندیی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بیگەیەنێتە دەرئەنجامی دروست لە ڕووی ئەخلاقییەوە[٣].

هەروەها ئەم گریمانەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤ هەر لە بنچینەدا بوونەوەرێکە بەوە جیا دەکرێتەوە کە ئەرزش و ڕێز بۆ مافی ئەوانی دی دادەنێت و توانای هاوسەنگیکردنی لەنێوان خواستەکانی کۆمەڵگە و حەزو ئارەزووە تایبەتییەکانیدا هەیە[٤]. خۆ ئەگەر دیاردەیەکی نائەخلاقییانەش لە ڕەفتاردا هەبێت،

---

(1) F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 100.

(٢) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

(٣) بڕوانە: سامیة محمد جابر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٥٥.

ئەوە لە بنچینەدا بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتیی خراپ دەگەڕێتەوە[١]. بۆیە چاککردنی ژینگە و سیستمی پەروەردە زامنی زاڵبوون بەسەر ڕەفتارە نائەخلاقییەکانی تاکدا دەکات، بەمەش دیاردەکانی شەڕ و خراپە لە کۆمەڵگەدا کۆنترۆڵ دەکرێت.

دەتوانرێت بوترێت گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە لە باوەڕبوونی لیبرالیزمی کلاسیکی بەم گریمانەیەوە کەوتوونەتەوە، بریتییە لە باوەڕبوونی بەوەی کە هەستی ئەخلاقییانەی تاک بە شێوەیەکی خودی پاڵی پێوە دەنێت بۆ پابەند بوون بە ئەرکەکانی لە بەرانبەر کۆمەڵگەکەی و هاوشانەکانی، هەر ئەمەش وای لێ کردووە کە پێی وا بێت پێویستە تاک لە هەموو کوتوبەندێک ئازاد بکرێت، جگە لەو کۆتوبەندانەی کە پێویستن، چونکە هەستە ئەخلاقییەکەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ پابەندبوون بەو ئەرکانەی کە بەرانبەر هاوشانەکانی هەیەتی و یاسا دیاریی نەکردوون[٢]، بە شێوەیەک کە بەشداری لە باشترکردنی خۆی و کۆمەڵگەکەشی بکات[٣].

ڕەنگدانەوەی گریمانەی ئەخلاقییبوونی مرۆڤ لەسەر هزری ڕاگەیاندن

شتێکی سروشتی بوو کە هزری ڕاگەیاندن، لە سایەی باوەڕبوون بەوەی مرۆڤ، نێرەر یان وەرگر بێت، لە هەمان کاتدا بوونەوەرێکی ئاوەزمەند و ئەخلاقییشە، بۆ فراوانکردنی ڕووبەری ئازادیی ڕاگەیاندن تا دوا سنووری گونجاو و نەهێشتنی ئەو کۆتوبەندانە سەر بکێشێت کە سنووردارییان دەکرد. بۆیە هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی بڕوای وا بوو کە ئازادیی سنووردارنەکراو ئەگەر ئاوەزی تاک و ویژدانە ئەخلاقییەکەی لە پاڵدا بێت، زامنی ڕاگەیاندنێک دەکات کە توانای تێرکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی هەبێت[٤]. هەروەها بڕوای وا بوو کە ئاوەزمەندیی تاک و ئەخلاقیبوونی پاڵی پێوە دەنێن بۆ ئەوەی بە حەزێکی ڕاستگۆیانەوە بەشوێن ڕاستیدا بگەڕێت و بە پێی ڕێنموومییەکانی کار بکات[٥]، بۆیە بەخشینی ئازادیی گوزارشتکردنی لە دیدی خۆی بۆ ڕاستی، بە پێویستی

(١) بڕوانە:
- کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.
- جون هرمان راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٩.

(٢) ولیام ل. ریفزر وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

(٣) سامیة محمد جابر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(٤) بڕوانە:
- F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm. op. cit., p. 99

(5) Ibid, p. 99.

هەژمار دەکرێت، بەتایبەت کە ئەخلاقیبوونەکەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ بەکارهێنانی ئەو ئازادییە بە بەرپرسیارێتییەوە، ئیدی پێویست ناکات گوێ بەو کەمینە بچووکە بدرێت کە ڕەنگە بەکارهێنانی ئەو ئازادییە بە درۆ و شێواندن ناشرین بکات. دواتریش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئاشکراکردنی ئەو جۆرە کەسانە سوودی دەبێت، ئیدی درۆ و زیادەڕەوییەکان لەسەر حەقیقەتی خۆیان دەردەکەون، مادام هەموو زانیارییەکان بۆ وردبوونەوەی ئاوەزیی بەهێز ملکەچن. لەسەر ئەم بنەمایەوە ئیدی پێویست ناکات لە بەرانبەر ئازادیدا بەرپرسیارێتی بسەپێنرێت، چونکە زۆرینەی خەڵکی بەبێ ئەوەی داوایان لێ بکرێت خۆیان لەئەستۆی دەگرن، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە ناتوانن زیانێکی زۆر بگەیەنن[1] بەو شێوەیەی کە وا بکات ئازادیی ڕادەربڕین سنووردار بکرێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە زۆرێک لە نووسەر و پەخشکارەکان ڕووبەڕووی نموونەی ئەو جۆرە کەسانە دەبنەوە و ڕووی درۆکانیان لەبەردەم جەماوەرەکەیاندن دادەماڵن[2].

گرنگترین ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی گریمانەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ کراون:

شتێکی سروشتی بوو کە ئەو گومانانەی لەمەڕ گریمانەی ئاوەزگەرایی مرۆڤ وروژێنران، جا لە بارەی توانای ئاوەز بێت لە گەیشتن بە حوکمی بابەتییانەی پاک و دروست، یاخود لە بارەی توانای ئاوەزەوە بێت بۆ پابەندکردنی کردەییانەی خاوەنەکەی بەو حوکمانەوە، ڕەنگدانەوەیان لەسەر گریمانەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ هەبێت.

بۆ نموونە گومانکردن لە توانای ئاوەز بۆ گەیشتن –هەمیشە– بە حوکمی بابەتی، سەری کێشا بۆ گومانکردن لە توانای ئاوەز لە گەیشتن بە بڕیاری دروست و ئەخلاقی، ئیدی وای لێ هات وا لە تاک دەڕوانرا کە زۆربەی کات لە حوکمە ئەخلاقییەکانیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندی و حەزەکانییەوە. هەروەها ئەزموونی ڕۆژانەی ژیان و زانستە نوێیەکانی ڕەفتاریش بەڵگەیان لەسەر ئەوە هەیە کە زۆر کات ئاوەز دەستەوەستان دەبێت لە پابەندکردنی خاوەنەکەی بۆ کردنی کارێکی ئەخلاقی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا نایەتەوە، بەڵکوو ئاوەز زۆر جار تەنها دەبێتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندییانە[3].

ب. لیبرالیزمی نوێ و ئەخلاقی مرۆڤ

---

(١) ولیام هـ. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(2) F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p. 99, 100.

(٣) بڕوانە: جلین تیندر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

لیبرالیزم له بەرگە نوێیەکەیدا بە هەمان ئەو وێنەیە لە گریمانەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤی نەدەڕوانی کە لیبرالیزمی کلاسیکی کێشابووی، ئەمەش لە بەرئەنجامی ئەوەی کە لە ڕووی تیۆری و کرداریشەوە ناوردێتی ئەو گریمانەیە سەلماندبوو و وای لێ هاتبوو کە بە شێوەیەک لێی دەڕوانرا کە توانایەکی باڵای بۆ تێکدان و خراپەی ئەخلاقی هەیە[1].

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەشدا شتێکی سروشتی بوو کە ئەم تیۆرە چاو بەو ئازادییە فراوانەدا بخشێنێتەوە کە بە تاک بەخشرابوو و –لە بەشێکیدا– پشتبەست بوو بەوەی کە متمانەیەکی زیاد لە سنووری خۆی بە پابەندبوونی خودی لە هەموو چالاکییەکانیدا هەبوو، بەوەی کە ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەوانی تر دەکات و لە پێناوی ژیانێکی خۆش بۆ تەواوی هاوڵاتییان لە کۆمەڵگەکەیدا هاریکاری دەکات، هەروەک چۆن ئەوە بۆ خودی خۆی ئەنجامی دەدات[2] و وای لێ هات بڕوای بە پێویستیی دانانی کۆمەڵێک دیسپلین هەبێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بۆ ڕێکخستنی ئەو ڕەفتارانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانیی ئەوانی ترەوە و مافی دانانی ئەو ڕێسایانەی بە دەسەڵاتی سیاسی دا کە ئەو جۆرە ڕەفتارانە ڕێک دەخەن[3].

هەروەها لیبرالیزمی نوێ بڕوای وا بوو کە هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی دەوڵەت دەستەوسان بوەستێت و یاساگەلێک بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاک دانەنێت، بەڵکوو داوای لە دەوڵەت کرد کار بۆ هێنانەکایەی بارودۆخیکی کۆمەڵایەتیی وا بکات کە شیاوی ئەوە بێت پەرەسەندنی ئەخلاقیی تێدا ڕوو بدات. هەروەها هەر چەندە بڕوای وا بوو دەوڵەت ناتوانێت وا لە خەڵکی بکات جۆرە ڕەفتارێکی تایبەتیان هەبێت، بڕوای وایە دەوڵەت دەتوانێت کاری زۆر بۆ دروستکردنی بارودۆخیکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ بکات کە بتوانن لە سایەیدا ڕەفتارێکی ئەخلاقیی بەرپرسیارانە، گەشە پێ بدەن[4].

---

(١) بڕوانە:

–F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p.87

(٢) بڕوانە: سامیة محمد جابر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

(٣) بڕوانە: محمد ممدوح العربی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦.

(٤) بڕوانە: جورج هـ سباین، سەرچاوەی پێشوو، کتێبی چوارەم، ل٩٦٥.

ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی لیبرالیزمی نوێ لەمەڕ ئەخلاقیبوونی مرۆڤ لەسەر هزری ڕاگەیاندن:

ئەو هزرە ڕاگەیاندنییە ئازادەی کە بە پشتبەستن بەوەی کە ئەخلاقیبوونی وای لێ دەکات کە ئەو ئازادییە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە بەکار بهێنێت، بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات ڕاشکاوانە داوای لێ بکرێت ئازادییەکی ڕاگەیاندنی فراوانی بە تاک دەبەخشی[1]، وای لێ هات وەک هزرێکی ڕاگەیاندنی قەبوولکراو لێی نەڕوانرێت، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە لە کەتواردا بەکردەیی بینرا کە هەندیک لەو ئازادییانە بە شێوەیەک بەکار هێنران کە بە ڕاشکاوانە دژ بوون لەگەڵ ئەو بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییەی کە گریمانە کرابوو کە بە شێوەیەکی خۆکردانە لەئەستۆی بگرن، چونکە ئەو ئازادییە لەلایەن زۆرێک لەوانەی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کاریان دەکرد، بە شێوەیەک بەکار هێنران کە خزمەتی بەرژەوەندیی خۆیان بکات و لەگەڵ ئەخلاقیاتی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی بە پلەی جیاواز، دژ بوەستێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا ئەو هزری ڕاگەیاندنەی کە لیبرالیزمی نوێ هێنای، کاری لەسەر چاوخشاندنەوە بە سروشتی ئەو ئازادییانەدا کرد، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی کۆمەڵە ڕێسایەک کە پێویستە هەڵسوڕێنەرانی ڕاگەیاندن بە بەرپرسیارانە پێیانەوە پابەند بن، ئەمەش پشتبەست بەوەی کە هەر مافێکی ئەخلاقی، کە کەسێک لە بەکارهێنانی ئازادییەکەیدا داوای دەکات، پێویستە لە بەرانبەریدا ئامادەییەکی بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە ئەخلاقییە هەبێت کە لە بەرانبەر ئەو ئازادییەدا لە پێناوی کۆمەڵگەکەیدا هەیە. خۆ ئەگەر ئامادەیی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی ئەو ئەرکەی تێدا نەبوو، ئیدی مافی داواکردنی ئەو ئازادییەی نییە کە لە بەرانبەر ئەو ئەرکەدا هەیە[2].

ئەو هزرەی ڕاگەیاندن کە لەژێر ناوی «فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی» تیۆریزە کرا، لە سنووری داواکردن بە پابەندبوونی میدیاکاران بە

---

(1) F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., P.99.

(٢) هەر ئەو پەیوەندییەش جەوهەری فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە، تەنانەت «دینی ئەلیوت» بڕوای وایە کە وشەی «بەرپرسیارێتی» تەنها زاراوەیەکە کە مەبەستی لێی پابەندبوونە.
بڕوانە:
-D. Elliott, (ed.), Responsibility Journalism (London, Sage Publications, 1986), p. 32-33.
هەروەها بڕوانە:
- W. Hocking, op. cit., p. 60-61.

بەرپرسیارێتییەکانیانەوە لە بەرانبەر کۆمەڵگەکەیان نەوەستا، بەڵکوو کاری بۆ دیاریکردنی گرنگترینی ئەو پابەنییانە کرد و داوای دانانی چەند میکانیزمێکی گونجاو بۆ بەدواداچوونی هەر ناڕێکییەک لە بارەی ئەو بەرپرسیارێتییانەوە کرد و داوای لێپێچینەوەی کاراشی کرد(١).

لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕێسا و ئەرکە ئەخلاقییانەی کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی خستنیە سەرشانی ئەوانەی کە لە بواری ڕاگەیاندنا کار دەکەن، بەشداریی لە ڕۆشنکردنەوەی زەینەکان و ڕێنوونییکردنیان بۆ ئەو ئەرکە ئەخلاقییانە کرد، بەڵام تا هەنووکەش ئەو ئەرکانە پابەندیی ڕاستەقینەیان بەخۆیانەوە نەبینیوە، چونکە ئەو میکانیزمانەی بۆ پابەندکردن دانراون، کارایی ڕاستەقینەیان نییە(٢)، ئەمە ئەوەیە کە کەمێک بەدرێژی لە بەشی داهاتوودا باسی دەکەین.

---

(١) بڕوانە:
- K. E. Anderson,Introduction to Communication: Theory and Practice (California: Cummings Publishing Co. 1972), p. 93 .

(٢) بڕوانە: روبرت شمول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

پاری دووەم:
سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەراییدا

داخوازی یەکەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستیدا

خستنەڕووی دیدی هزری سۆشیالیستیی مارکسی بۆ سروشتی مرۆیی کارێکی ئاسان نییە، چونکە مارکسیزم وا سەیری مرۆڤ ناکات کە بوونەوەرێکی خاوەن کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی جێگیرە و گۆڕانی بەسەردا نایەت، تا بتوانین پەنجەیان لەسەر دابنێین و دواتر دەست بکەین بە داڕشتنی وێنایەک بۆ شێوازی کۆمەڵگەی نموونەیی گونجاو لەگەڵ ئەو سروشتە –وەک ئەوەی کە هزری لیبرالی کاری لەسەر کرد–، بەڵکوو مارکسیزم بە شێوەیەک سەیری سروشتی مرۆیی دەکات کە سروشتێکە بە پەرەسەندنی مێژووی مرۆیی ئەویش پەرە دەسێنێت و لەو پەرەسەندنەشیدا هەنگاو بەرەو قۆناغێکی بالا دەنێت کە وێنەی نموونەیی بالای خۆی تێدا بەدی دەهێنێت و مرۆڤیش تێیدا بوونی تێر و تەواوی خۆی تێدا بەدی دەهێنێت.

ئەگەر تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی بە پێشەکیی بنچینەیی هزری لیبرالی هەژمار بکرێت، ئەوا ئاشنابوون بەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی لە هەموو بوارە سیاسی و ئابووری و ڕاگەیاندنی و لایەنەکانی تریدا دەیکاتە سەرەتای خۆی، نەک تەنها وا دەخوازێت کە لەسەر دیدی هزری مارکسیزم بۆ سروشتی مرۆیی بوەستین، بەڵکوو بە هەمان شێوە وا دەخوازێت کە ئاشنا بین بەو یاسایانەی کە لە دیدی مارکسیزمدا ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە هەنگاونانیان بەرەو لوتکە دیاری دەکەن، بۆ بەدیهێنانی بوونی تێروتەسەل لەلایەن مرۆڤەوە، کە وەک ئەو مەشخەڵە هەژمار دەکرێت کە هزری کۆمەڵایەتیی مارکسیزم ڕێی خۆی پێ ڕۆشن دەکات لە دیاریکردنی ڕێگاکانی بوونی فیردەوسیی ڕەگەزی مرۆیی لەم دنیایەدا.

لە میانەی ئەو چەند لاپەڕەیەی کە دێن، هەوڵ دەدەین تێڕوانینی مارکسیزم بۆ سروشتی مرۆیی و ئەو هۆکارانە کورت بکەینەوە کە پێی وایە لە دروستکردنی ئەو سروشتەدا و داڕشتنی دیدی بۆ قۆناغەکانی پەرەسەندنی ڕۆڵیان هەیە. هەروەک چۆن گرنگترین ئەو یاسانە دەخەینە ڕوو کە لە مێژووی مرۆییدا کارایان هەیە و مرۆڤ بەرەو کۆمەڵگەی فیردەوسی دەبەن، هەروەها ڕێگاکانی خێراهێنانەدیی ئەو کۆمەڵگەیە باس دەکەین، پاشان تێڕوانینی مارکسیزم بۆ مافی مرۆڤ و

ڕەنگدانەوەی هەمو ئەمانە لەسەر هزری ڕاگەیاندن دەخەینە ڕوو، قسەکەشمان لەسەر ئەم بابەتە بە خستنەڕووی گرنگترین ئەو ڕەخنانە کۆتایی پێ دەهێنین کە ئاڕاستەی ئەم تێزانە کراون.

سروشتی مرۆیی سروشتێکی پەرەسەندووە

مارکسیزم دانەپاڵی هەر سیفەتێکی جێگیر بۆ سروشتی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە، ئەو پێی وایە کە بۆ هەر ماوە (حقبة)یەکی مێژوویی سروشتێکی مرۆیی هەیە، کە لە سروشتی مرۆیی ماوە مێژووییەکانی تر جیاوازە، چونکە مرۆڤایەتی لە ناوەرۆکدا دیاردەیەکە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت، یان ڕاستییەکی ڕێژەییە کە شیاوی پەرەسەندن و بەرزبوونەوە و نەمانە[١].

هۆکاری ئەم تێڕوانینەش بۆ سروشتی مرۆیی وەک سروشتێکی گۆڕاو ئەوەیە کە مارکسیزم باوەڕی وایە کە سروشتی مرۆیی لە هەر سەردەمێکدا ڕەنگدانەوەی ئەو جیاکەرەوە تایبەتانەیە کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی باوی لەو سەردەمەدا پێ دەناسرێتەوە، ئەمەش دەرئەنجامی تێڕوانینی ئەو فەلسەفەیە بۆ مرۆڤ بەوەی کە ئەو گیانەوەرێکە لە کۆمەڵگەیەکدا نەبێت ناتوانێت بەرز ببێتەوە و پێش بکەوێت و ببێتە تاکێکی مرۆیی[٢]. هەروەها لە میانەی بوونی لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا و بیروباوەڕ و خوونەریت و بیروبۆچوونەکانی لە کۆی ئەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتییانەی کە دروستی دەکات، پێک دێن. بەکورتی دەتوانین بڵێین: سروشتی مرۆڤ بە پێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێک دێن[٣].

ئەمە واتای ئەوە نییە کە مارکسیزم بڕوای وایە کە بەڕەهایی هیچ سیفەتێکی هاوبەش لە مرۆڤایەتیدا نییە، بەڵکوو هەر لە بنچینەدا وا لێی دەڕوانێت کە «مرۆڤێکی کارکەرە»، ئەویش لە میانەی هەوڵدانی بۆ ڕامکردنی سروشت و زاڵبوون بەسەر جیهانی سروشتیی دەوروبەری. مرۆڤ لەو ساتەوە لە ئاژەڵ جیا دەبێتەوە کە دەست بە بونیادنانی پایەکانی ژیانی خۆی دەکات. ئەمە واتە چیەتیی مرۆڤ لەسەر بەرهەمەکانی وەستاوە، یان دروستتر بڵێین لە لایەکەوە بەستراوەتەوە بەوەی کە بەرهەمی دەهێنێت، لە لایەکی تریشەوە بە شێوازی بەرهەمهێنانەکەی[٤].

---

(١) زكريا إبراهيم، «الطبيعة الإنسانية فى فلسفة كارل ماركس» مجلة عالم الفكر، المجلد الثانى، العدد الأول (الكويت: مجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، أبريل، مايو، يونيو ١٩٧١)، ص٢٥٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٠.

(٣) بڕوانە: كارل ماركس، فريدريک انجلز، بيان الحزب الشيوعى، (موسكو: دار التقدم،١٩٦٨)، ص ٥٨.

(4) C.W Mills,The Marxists, (London: Dell Publishing Co. Inc, 1975), P. 82.

بەمەش دەتوانرێت بوترێت: «کار» خودی مرۆڤی دروست کردووە[١]، چونکە ئەوە کارە کە گرۆهی مرۆڤایەتی لەو مەیموونانە جیا دەکاتەوە کە بە درەختەکاندا هەڵدەزنێن[٢].

هەروەها مارکسیزم تەنها وەک میکانیزمی دروستکردنی ئەو کالاّ ماددییانە لە کار ناڕوانێت کە پێویستییە فسیۆلۆژییەکانی مرۆڤ تێر دەکەن، بەڵکوو وا لێی دەڕوانێت کە لە خودی خۆیدا بەهایە[٣]. مرۆڤ کاتێک کار دەکات، بوونی خۆی دەسەلمێنێت لە میانەی هەستکردنی بە زاڵبوونی بەسەر سروشتدا، هەروەها لە میانەی هەژموونی بەسەر بارودۆخی کارو خاوەندارێتیکردنی بۆ بەرئەنجامی کار لە هەمان کاتدا[٤].

هەروەها هەروەک چۆن کیانی تاک و چیەتییەکەی لەسەر کارکردنی وەستاوە، کیانی کۆمەڵگەش بە هەمان شێوە لەسەر شێوازی ئەو بەرهەمهێنانەی وەستاوە کە بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی گروتوویەتیە بەر. ئیدی کار یاخود «بەرهەمهێنان» ئەو هێزە سەرەکییەیە کە پەیوەندییەکان لەو کۆمەڵگەیەدا دروست دەکات و شوێنەوارەکانی لەسەر ئاوەزی تاکەکانی دەنەخشێنێت[٥]. ئیدی دەتوانرێت بوترێت لێکدانەوە بۆ ژیانی ڕۆحیی کۆمەڵگەیەک و ئەو هزرە سیاسی یان ئابووری یان ڕاگەیاندنییەی... کە تێیدایە، بە گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕی خەڵکی و تێڕ و فەلسەفەیان نابێت، بەڵکوو بە گەڕانەوە بۆ ئەو بارودۆخە ماددییەی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێت کە دەیگوزەرێنێت، کە بە بناغەی بونیادنانی ئەو تێڕ و بیروباوەڕانە هەژمار دەکرێت[٦].

بەکورتی بوونی خەڵکی هۆشیارییەکەیان دروست دەکات، نەک هۆشیارییەکەیان

---

(١) بڕوانە:

-E. Fromm, Marx's Concept of Man, 20th Printing (New York: Fridrick Ungar Publishing CO, 1974), P.26.

(٢) زكريا إبراهيم سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨.

(٣) بڕوانە:

- E. Fromm, op. cit., p. 41-42.

(٤) نصار عبد الله، فلسفة العدل الاجتماعی: نماذج عبر العصور، كتاب الهلال، عدد (٤٣٤)، (القاهرة: دار الهلال، جمادی الثانی ١٤٠٧، فبراير ١٩٨٧)، ص٩٦.

(٥) بڕوانە:

- R. C. Tucker, Phiolosophy and Myth in Karl Marks (Cambridge: The University of Cambridge Press, 1961),P. 123-135.

(٦) بڕوانە: أميرة حلمی مطر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

بوونیان دروست بکات[1]. کاریگەریی یەکلاییکەرەوەی کۆمەڵگەش لە دروستکردنی کەسایەتیی ئەو تاکەی ئینتیمای بۆ هەیە، لە کاریگەریی ئەو چینەدا دەردەکەوێت کە ئەو تاکە ئینتیمای بۆی هەیە، بە شێوەیەک دەتوانین بڵێین هەر تاکێک بەرئەنجامی سروشتیی چینەکەیەتی[2].

بەو شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هۆکاری یەکلاییکەرەوە لە دروستکردنی کۆمەڵگەدا بریتییە لە سیستمی بەرهەمهێنانی باو لەو کۆمەڵگەیەدا و پاشان هەر ئەویش دەبێتە هۆکاری بنچینەیی لە دروستکردنی تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵەی کە سیستمی بەرهەمهێنان لە دیاریکردنی پەیوەندییە باوەکانی بەرهەمهێناندا دەیگێڕێت، کە هەر ئەویش سروشتی چینەکانی ناو کۆمەڵگە دیاری دەکات، ئەو چینانەش ئەو تایبەتمەندییانە دروست دەکەن کە کە تاکەکانی خۆیانی پێ دەناسرێنەوە. هەروەک چۆن سروشتی پەیوەندیی نێوان ئەو چینانەش شێوەیەکی تایبەت بەو کۆمەڵگەیە دەبەخشن کە تێیدان.

واتای ڕاستەقینەی ئازادیی مرۆیی و ڕێگاکانی گەیشتن پێی

ئەگەر «ژان ژاک ڕۆسۆ» لە کتێبی «گرێبەستی کۆمەڵایەتی»دا دەڵێت مرۆڤ بەئازادی لەدایک بووە، ئەوا مارکسییەکان بە پێچەوانەی ئەوەوە دان بەوەدا دەنێن کە مرۆڤ بەکۆیلەیی و بە چەندین کۆتوبەندی بارودۆخی بەدەر لە ویستی خۆیەوە لەدایک بووە[3]. ئیدی –بە پێی مارکسیزم- ئەرکی مرۆڤ ئەرکێکی دیاریکراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئازاد ببێت، چونکە ئەو لە سەرەتادا و لە خۆیەوە ئازاد نییە، بەڵکوو پێویستە بوونی بابەتییانەی خۆی بەدەست بهێنێت و بەڕاستی ببێتە «مرۆڤ»، بە هەموو ئەو واتایانەوە کە ئەم وشەیە هەیەتی[4].

مارکسیزم بڕوای وایە ئازادی یەکێکە لە بەرهەمەکانی پەرەسەندنی مرۆیی[5] و لە هەمان کاتیشدا پڕۆسەیەکی بەردەوامە، مرۆڤ لە ڕێگەیەوە سەرکەوتنی خۆی بەسەر سروشتدا لە لایەک و بەسەر کۆیلایەتیی کۆمەڵایەتییشدا لە لایەکی ترەوە بەدەست دەهێنێت[6]. هەروەها مارکسیزم وای نابینێت کە ئازادیی مرۆڤ

---

(١) ف. ج افانا سییف: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨-٣٢١.

(٢) زکریا إبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١.

(٣) زکریا إبراهیم، مشکلة الحریة، سلسلة مشکلات فلسفیة، ط٣ (القاهرة: مکتبة مصر، ب ت)، ص٧٥-٧٦.

(٤) زکریا إبراهیم، الطبیعة البشریة فی فلسفة کارل مارکس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤.

(٥) ف. ج – افاناسییف، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

(٦) زکریا إبراهیم، مشکلة الحریة، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

پێچەوانەی حەتمیەت و زەروورەت دەوەستێتەوە، بەڵکوو پێی وایە کە ئەو ئازادییە وەک ئاشنایەتییە بەو یاسا حەتمی و زەروورییانە، جا یاساکانی سروشت بن، یان ئەو یاسایانەی کە ڕەوتی مێژووی پەرەسەننی کۆمەڵایەتی مرۆیی دیاری دەکەن، تەنها بە ئاشنابوونیش بەو زەروورەتە مرۆڤ دەتوانێت بە ئاڕاستەکردنێکی هۆشیارانە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاڕاستە بکات[١]، بە شێوەیەک کە تێیدا حساب بۆ هەریەک لە ڕەگەزەکانی زەروورەت و ڕێکەوت و ئەگەر بکات، بە شێوەیەک بتوانێت هەڵوێستەکان بە ئاڕاستەی مەبەستێکی دیاریکراو ئاڕاستە بکات[٢]، بە جۆرێک کە ئامانجەکانی بەدی بهێنێت. بۆیە مارکسییەکان ئازادی وا دەناسێنن کە بریتییە لە ناسینی زەروورەتی بابەتی و بەکارهێنانی لە بەرژەوەندیی مرۆڤ[٣].

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەدا مارکس هەوڵی دا پەردە لەسەر ئەو یاسایانە لا بدات کە ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی مرۆیی دیاری دەکەن، تا بتوانرێت ئەو ڕێگایانە بدۆزێتەوە کە لە میانەیانەیانەوە –لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایانەدا– ئەو کەتواڕە نامرۆییە تێبپەڕێنرێت کە زۆرینەی مرۆڤایەتی لە سایەی سەروەریی سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دەیگوزەراند، کە بەڕوونی لەو بەدبەختییەدا گەڵاڵە ببوو کە ڕۆڵەی چینی کرێکار لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا بەدەستیەوە دەینالاند[٤]، ئەمە وێڕای ئەو نامۆییەی کە نوێنەرانی ئەو چینانە لە بەرهەمی دەستی خۆیان دەیاننالاند، کە بۆ جۆرێک لە نامۆیی لەنێوان کرێکار خودی خۆیدا و لەنێوان خۆی و کەسانی تر لە هاوشێوەکانی خۆی سەری کێشا[٥].

بۆ تێگەیشتن لەو یاسایانەی کە ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی مرۆیی دیاری دەکەن، مارکس سەرەتای کارەکەی بە تێگەیشتن لەو یاسا بنچینەییانە بوو کە حوکمی کۆی جیهانی ماددی دەکەن –ئەمەش لە ئەنجامی باوەڕبوونی ڕەگداکوتاوی بە ماددەگەرایی–، لە دەرئەنجامدا گەیشتە ئەوەی کە سێ یاسا

---

(١) بڕوانە:

ف. ج – افاناسییف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

(٢) زكريا إبراهيم، الطبيعة البشرية فى فلسفة كارل ماركس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤-٢٦٦.

(٣) أميرة حلمى مطر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

(٤) بڕوانە:

– كارل ماركس، رأس المال، ترجمة: راشد البدوى، ط٣ (القاهرة: مكتبة النهضة المصرية، ١٩٧٠)، ص٤٦١-٤٧١.

(٥) بڕوانە:

– E. Fromm, op. cit., p 43. 37.

دیالێکتیکی پەرەسەندنی جیهانی ماددی بەڕێوە دەبەن، ئەوانیش بریتین لە یاسای یەکێتی و ململانێی دژەکان، یاسای وەرچەخانی گۆڕانی چەندێتی بۆ گۆڕانی چۆنێتی و یاسای نەفیکردنی نەفی (نفي النفي)[1]، هەروەها بڕوای وا بوو کە ئەو یاسایانە ڕەوتی پەرەسەندنی هەموو شتە زیندوو و نازیندووەکان دیاری دەکەن و ڕەوتی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییش دیاری دەکەن، بەو پێیەی ئەو یاسایانە ڕەنگدانەوەی کەتواری ماددین. لەم سۆنگەیەوە مارکس هەوڵی دۆزینەوەی کارایی ئەو یاسا ماددییانەی لە بزاڤی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا دا و گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو یاسا ماددییانە لە بواری ئابووریدا کاری خۆیان دەکەن، هەروەها ڕای وا بوو کە دوو یاسا هەن کە لەو بوارەدا کار دەکەن و تەحەکوم بە پەرەسەندنی مێژووی مرۆییەوە دەکەن، ئەوانیش بریتین لە یاسای یەکەم کە بە یاسای زیادبوونی بەدبەختی (Law of Increasing Misery)، واتە یاسای زیادبوونی بەدبەختی و هەژاری (البؤس)ی چینی چەوساوە[2]، لەمەشدا زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەریی بارودۆخی خراپی کرێکاران لە سەردەمی خۆیدا. هەر چی یاسای دووەمیشە، بریتییە لە یاسای کەڵەکەبوونی سەرمایە (Law of Capitalist Accumulation)، واتە زیادبوونی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان، کاتێکیش دۆخەکە دەگاتە لوتکە، بە زیادبوونی بەدبەختی و هەژاری و زیادبوونی سەرمایە، ئیدی شۆڕشی کرێکاری ڕوو دەدات[3]، مارکس و ئەنگلسیش لە «مانیفیستۆی پارتی شیوعی»دا بە ناڕاستەوخۆ گوزارشتیان لە کاریگەری ئەو دوو یاسایە لە بزاوتی مێژوودا کردووە، کە دەڵێن: «مێژووی هەر کۆمەڵگەیەک تا ئێستا لەسەر ململانێ و کوشتار و نەیارێتی (التناحر)ی نێوان چینەکان وەستاوە، ئەو ململانێ و کوشتار و نەیارێتییەش بە پێی سەردەمەکان چەندین شێوازی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لە هەموو شێوازەکانیدا هەمیشە شتێکی هاوبەش لەنێوان هەموو سەردەمەکانی پێشیندا هەیە، ئەویش بریتییە لە وەبەرهێنانی بەشێک لە کۆمەڵگە بۆ بەشەکەی تری،

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو یاسایانەوە، بڕوانە:
– محمد عبد الفضيل القوصى، إفلاس الفكر الماركسى: دراسة نقدية، بدون ناشر، ١٩٨٢، ص١٨٥–١٩٧.

(٢) بۆ زیاتر لە بارەی ئەو یاسایەوە، بڕوانە:
– برتراند راسل، سبل الحرية، ترجمة عبد الكريم أحمد، الألف كتاب (١٤٥)، (القاهرة: مكتبة الانجلو، ب ت)، ص٢٩–٣١.

(٣) بڕوانە: أحمد رشاد موسى، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧–٢٩.

ئەمەش ئەو کۆیلایەتییە کۆمەڵایەتییەیە کە مرۆڤ دووچاری دەبێتەوە، بۆیە شتێکی نامۆ نییە کە لە هەموو سەردەمەکاندا، لەگەڵ هەموو جیاوازی و هەموو هەمەچەشنییەکدا، پەیبردنی کۆمەڵایەتی هەبێت و لە چوارچێوەی شێوەگەلێکی هاوبەشدا پەرە بسێنێت، شێوەکانی پەیبردنیش هەرگیز بەتەواوی لا ناچن، مەگەر بە نەمانی یەکجاریی ململانێ و کوشتار و نەیاریتی لەنێوان چینەکاندا.»[1]

بە دروستبوونی کۆمەڵگەی ناچینی (شیوعی)، کە تێیدا چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ برا مرۆڤەکەی نامێنێت و مرۆڤ تێیدا لە هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوە و کۆیلایەتی ڕزگاری دەبێت و هەستکردن لە نامۆیی دەڕەوێتەوە و هەڵی ئازادیی پەرەسەندنی گشتگیر بۆ مرۆڤ دەڕەخسێت، کە تێیدا کاملّی جەستەیی و زەنگینی ڕۆحی و بێگەردی ئەخلاقی ئاوێتە دەبن[2]، لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا مرۆڤبوون ڕاستەقینەی خۆی بەدی دەهێنێت.

لەگەڵ ئەوەی مارکسیزم بڕوای وایە کە بێگومان ئەو کۆمەڵگە شیوعییە، بە حوکمی ئەو یاسایانەی کە ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوو دیاری دەکەن، «ماددەگەرایی مێژوویی» دێتە کایەوە[3]، بەڵام ئەو پێی وایە دەکرێت دەستوبرد و پەلە بکرێت لە بەرپاکردنی ئەو کۆمەڵگەیەدا، ئەویش لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی پڕۆلیتارییەکان لە چینێکی یەکگرتوودا و لەناوبردنی سەروەریی بۆرژوازی و دەستگرتنی چینی پڕۆلیتار بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا، وەک سەرەتایەکی پێویست بۆ نەهێشتنی خاوەندارێتیی تایبەت و زاڵبوونی چینی پڕۆلیتار بەسەر ئامرازەکانی

---

(١) کارل مارکس، فریدرک انجلز، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥، هەروەها: مصطفى كامل السيد وآخرون، محاضرات فى الاشتراكية، (القاهرة: دار النشر للجامعات المصرية، ١٩٩٠)، ص٢٠٥-٢٢٦.

(٢) بڕوانە:

- یوری بوبوف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

- مراد وهبة، مقالات فلسفية وسياسية، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ب ت)، ص٧٢-٧٥.

- D. C Abel,Theories of Human Nature: Classical and Contemporary Readings, (New York: McGraw – Hill, inc, 1992), p. 237.

(٣) زيدان عبد الباقى، أسس المجتمع الإسلامي والمجتمع الشيوعى: دراسة مقارنة، (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ص٩٢.

١. مەبەست لە ماددەگەرایی مێژوویی (المادية التاريخية) ئەو تیۆرە زانستییەیە کە مارکسیزم بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لەسەر شێوەی یاساگەلێکی ڕوون بۆ یاساکانی سروشتی داڕشت، خاڵی جیاکەرەوەی نێوان یاساکانی سروشت و یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە یەکەمیان ڕەنگدانەوەی کردەی هێزگەلێکی خۆڕسکی کوێرن (قوى عفوية عمياء)، لە کاتێکدا کە یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە شێوەی کردەی خەڵکدا دەردەکەون، کە وەک کۆمەڵە بوونەوەرێکی زیرەک دەردەکەون، کە کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراویان داناوە و کار بۆ بەدیهێنانیان دەکەن. بڕوانە: ف. ج. افانا سییف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١-١٧٢.

بەرهەمهێناندا و گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ ئەم کارە، هەر کاتێکیش جیاوازیی چینایەتی نەما و لە میانەی ڕەوتی پەرەسەندندا ئەو جیاوازییە لا چوو و هەموو بەرهەمهێنانێک کەوتەوە دەستی دەستەیەکی فراوان کە هەموو ئومەت بگرێتەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی گشتی شێوە سیاسییەکەی نەمێنێت[1] — ئەویش لە ڕێگەی نەمانی دەوڵەتەوە- بەم هەنگاوەی کۆتاییش ئەو کۆمەڵگە شیوعییە تەواو دەبێت،کە مرۆڤ تێیدا لە هەموو شێوازەکانی کۆیلایەتی ڕزگاری دەبێت و بوونی بەختەوەرانەی خۆی بە واتا تەواوکارەکەی بەدی دەهێنێت.

مافی مرۆڤ لە هزری مارکسیدا

مافەکانی مرۆڤ لە هزری مارکسیدا مافگەلێکی پێشهاتوون (حقوق عارضة)، مارکسیزم نکوولّی لە بوونی مافگەلێکی سروشتیی لکاو بە خودی مرۆەوە دەکات، ئەمەش دەرئەنجامێکی سروشتیی تێڕوانینێتی بۆ تاک، بەوەی کە تاک بوونیکی سەرخۆی لەو کۆمەڵگەیە نییە کە تێیدا دەژی و ئەو تەنها خانەیەکە لە کیانی ئەو چینەی کە ئینتیمای بۆی هەیە، خۆ ئەگەر مافگەلێکیشی هەبێت، ئەوا مافگەلێک نین بەو واتایەی کە پێی ئاشنایین، بەڵکوو جیاوکگەلێکی کاتی یان تواناگەلێکی پێشهاتوون، کە کۆمەڵ کاتێک بەپێویستی دەزانێت، بڕیاری لێ دەدات و هانی بۆ دەدات، چونکە بەرژەوەندیی کۆمەڵ لەسەرووی بەرژەوەندی و مافی تاکەوەیە.

بەو شێوەیە مافی تاک جێگیر و نییە کە دەستکاری نەکرێت، بەڵکوو لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵدا پێش دەکەوێت و هەر ئەویش ڕێکی دەخات و لە سۆنگەی ئامانج و بەها بااڵکانیشیەوە دیاری دەکرێت[2].

ئەگەر مەبەستی ئەو کۆمەڵگەیەی کە چووەتە قۆناغی ڕاگوزەرەوە –قۆناغی سۆشیالیزم- بریتی بێت لە گەیشتن بە کۆمەڵگەی شیوعی، کە بەهای بااڵیە بۆ سازان و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوا پێویستە مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی

---

(١) کارل مارکس، فردریک إنجلز، مرحلی سابق، ل٦٥-٦٧.

(٢) بڕوانە:

- ثروت بدوی، النظم السیاسیة، الجزء الأول: النظریة العامة للنظم السیاسیة، (القاهرة: مکتبة النهضة العربیة، ١٩٦٤)، ص٣٤١.

- هالة أبو بکر سعودی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

- محمد سلیمان الدجانی، منذر سلیمان الدجانی، السیاسة نظریات ومفاهیم، (عمان، أوستن: دار بالمینوبرس، ١٩٨٦)، ص٥٥.

واتایەکی پراوپڕی ئەو مەبەستەیان هەبێت[1]، ئەمەش لە میانەی بەخشینی ماف و ئازادی بە تاک، بە شێوەیەک کە ڕێگە بۆ بەیهاتنی خێرای ئەو مەبەستە بکات.

بێگومان هەر بانگەشەیک بۆ بوونی مافی سروشتی بۆ مرۆڤ، ناڕاستەوخۆ واتە تاک ڕووبەڕێکی لە ئازادی هەیە، کە چیی بوێت تێیدا ئەنجامی دەدات، تەنانەت ئەگەر ببێتە لەمپەریش لەبەردەم گەیشتنی کۆمەڵگەکەی بە بەرزترین مەبەستی، کە بریتییە لە بەرپاکردنی کۆمەڵگەی فیردەوسی، کە لە «کۆمەڵگەی شیوعی»دا بەرجەستە دەبێت. ئەمەش وا دەکات کە بڵێین بوونی مافی سروشتی بۆ تاک لەگەڵ بەرژەوەندی خودی تاکدا دژ دەوەستێت، کە بریتییە لە پەلەکردن لە بەرپاکردنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە جوانترینی خەون و ئاواتەکانی تێدا بەدی دەهێنێت.

ڕەنگدانەوەی دیدی مارکسیزم بۆ سروشتی مرۆڤ لەسەر هزری ڕاگەیاندن دەتوانین لەم چەند خاڵەدا بیانخەینە ڕوو:

- ئەوەی کە دەوترێت تاک سروشتی مرۆیی خۆی لە بوونیەوە لە کۆمەڵگەدا وەردەگرێت و بەدیهاتنی بوونی ڕاستەقینەی خۆشی وابەستەی ئەو پەرەسەندنانەیە کە کۆمەڵگەی نموونەیی بەرەو ئامانجە حەتمییەکەی پێیدا تێدەپەڕێت، کە گەیشتنە بە کۆمەڵگەی شیوعی، بە هەموو ئەو واتایەی کە لەخۆی دەگرێت، لە بزواندنی کۆی کۆمەڵگە بەرەو ئەو مەبەستە و پێداویستییەکانی ئەم کارە، وەک سەرکردایەتییەکی هۆشیار بەو یاساکانی «ماددەگەرایی میژوو»، هەموو ئەمانە وا دەکەن ئەو ڕۆڵە بنچینەییەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەشداریکردن لە بەدیهاتنی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دەیگێڕێت، سپاردە بێت لە دەستی ئەو تاکانەی کە لە پێگەی سەرکردایەتیدان[2].

- لەبەر ئەوەی ئەو شێوازەی کە کۆمەڵگە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بگات بە ئامانجەکەی، کە لە یاساگەلێکی حەتمیدا هەن، ئیدی ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بە هیچ شێوەیەک واتای نییە کە ئامرازیکی ڕاگەیاندن، لەژێر ناوی ئازادی ڕادەبڕین، شتێک بڵاو بکاتەوە کە لەگەڵ ئەو یاسا حەتمییانەدا دژ بوەستێتەوە، یان لەمپەر لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا دروست بکات[3]. هەر جوولەیەکیش

---

(١) بەراورد بکە لەگەڵ: محمد عصفور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

(٢) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm op. cit., P. 112 and p.117-118

هەروەها بڕوانە: عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

(٣) بڕوانە:

بەو ئاڕاستەیە بێت کە لەگەڵ مەبەستەکانی کۆمەڵگەی شیوعیدا دژ بوەستێتەوە، پێویستە ڕاستەوخۆ لەناو ببرێت[١].

- پلەبەندییەک یان ئەرکێک لەسەر دەوڵەت هەیە لەپێش تاکەکانی گەلەوە، بریتییە لە پێویستی دابینکردنی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە یارمەتیدەریان دەبێت بۆ دەسخستنی مەعریفە و زانیاریگەلێک کە بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی هزری مارکسی هاریکاریان دەبێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانن کارایانە بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەدا بکەن[٢]. هەروەک چۆن ئەو تاکانە مافی ڕەخنەگرتنیان لە کەموکورتی و کەمتەرخەمی لە ڕەوتی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا هەیە[٣].

هەڵسەنگاندنی دیدی مارکسی بۆ سروشتی مرۆیی

بەو پێیەی ڕەخنەیەکی زۆر لە دیدی مارکسی گیراوە و کەتواریش لە زۆر ڕووەوە کەموکورتییەکانی سەلماندووە، ئێمە تەنها بە چەند ئاماژەیەک تیشک دەخەینە سەر گرنگترینی ئەو ڕەخنانە:

ئ. گرنگترین کەموکوڕییەکانی دیدی مارکسی بۆ سروشتی مرۆیی

- زیادەڕەویکردن لەو ڕۆڵەی کە کۆمەڵگە لە دروستکردنی سیماکانی کەسایەتیی تاکدا دەیگێڕێت، لە ڕێی ئەو چینەوەی کە ئینتیمای بۆ هەیە، تەنانەت خەریک بوو تاکی لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا کورت دەکردەوە[٤]. لەگەڵ ئەوەی تاک بە بوونەوەرێکی مرۆیی هەژمار ناکرێت تا بونیادی کەسێتیی بونیاد نەنرێت، بە پێی میزاجی تایبەت و توانا جیاوازەکانی خۆی لەناو ژینگەیەکدا کە لە ڕووی مادەی و مەعنەوییەوە مەرجە پێویستەکانی بۆ دابین بکات[٥].

- مبدر الویس، فی الحریات العامة: الرقابة علی الصحافة فی النظامین الرأسمالی والاشتراکی، دراسة مقارنة الجزء الرابع، (دمشق، ب ن، ١٩٨٥)، ص١٦٠-١٦١.

(١) بڕوانە:

- D. McQuail, op. cit., p. 92-93.

(٢) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., P. 122-123

(٣) لە بارەی سنووری ئەو ڕەخنانەوە بڕوانە:

- W. L. Riversand W. Schramm, op. cit p. 42-43,

- کوتافین، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(٤) بڕوانە: محمد عبد الفضیل القوصی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.

(٥) محمد عبد العزیز الحبانی، من الحریات إلی التحرر، سلسة مکتبة الدارسات الفلسفیة عدد ٢٨، (القاهرة: دار المعارف، ب ن)، ص٤٧.

– ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت «کۆمەڵ پێشبەندی (أسبقية) بەسەر تاکدا هەیە» بێمانایە، چونکە کەتوار جەخت لە کارلێکی بەردەوام کەوتنەژێر کاریگەریی یەکتری لەنێوان تاک و کۆمەڵدا دەکاتەوە، بەبێ پێشبەندی هیچ کامێکیان بەسەر ئەوی دیدا، چونکە هیچ کۆمەڵێک بەبێ کۆمەڵێک تاکی هۆشیار بە خودی خۆیان بەرپا نابێت، هیچ تاکێکیش ناتوانێت بەبێ کۆمەڵێک بژی کە لەئامێزی بگرێت، کەواتە پەیوەندیی نێوان تاک و ئەوانی تر لە چوارچێوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا یەکێکە لە ڕەهەندە قووڵەکانی تاک[١].

زیادەڕەویکردن لە مەزەندەکردنی کاریگەریی بارودۆخی ئابووری و ئەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان کە بۆ کەسێتیی مرۆیی دروستی دەکەن، ورد نییە، لە کاتێکدا دەزانین کە لایەنی ئایینی و ئەخلاقی لە ڕووی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر لایەنی ئابووری هیچی لەو کەمتر نییە[٢]. بۆیە پێویستە بۆ بوونی ئازادیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئازادیی پیادەکردنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان بەتەواوی بۆ تاک فەراهەم بکرێت[٣]، کە ئازادیی ڕادەربڕین و ئۆپۆزسیۆنبوون بەشێکی سەرەکییان پێک دەهێنن.

ب. گرنگترین کەموکوڕییەکانی دیدی مارکسی بۆ ئەو یاسایانەی پەرەسەندنی مێژووی مرۆیی دیاری دەکەن (ماددەگەرایی مێژوویی)

– ئەگەر یاسا ئامارییەکان هەموویان یاسای نائەگەری بن و هەموشیان تەرجیحاتێک بن کە ناگەنە پلەی حەتمیەت، ئەگەریش تویژینەوە لە مێژوودا – ئەگەر وردەکارییەکانی هەر سەردەم و کۆمەڵگەیەک بە وردو درشتیەوە تەواو نەکات– ناتوانێت دەرئەنجامگەلێکی کۆتاییمان پێ نەدات کە قسە هەڵنەگرێت، ئەوا حەتمیەتی مێژوویی یان حەتمیەتی ململانێی چینایەتی بە زاراوەگەلێکی نازانستی هەژمار دەکرێن[٤].

– ماددەگەرایی مێژوویی ئەوە فەرامۆش دەکات کە بنچینەی ئابووریی کۆمەڵگە

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٤٧–٤٨.

(٢) محمد عبد الفضيل القوصى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤–٣٥.

(٣) بڕوانە:

– يحيى هويدى، مقدمة فى الفلسفة العامة، ط٩، (القاهرة: دار الثقافة للطباعة والنشر، ١٩٧٩)، ص١٨٢.

– حسن الحسن، الدولة الحديثة: إعلام واستعلام، (بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٨٦)، ص١٠١.

(٤) بڕوانە: سدنى هوک، التراث الغامض: ماركس والماركسية، ترجمة ودراسة: سيد كامل زهران، الألف كتاب الثانى، (٢٨)، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٦)، ص٥٦.

– رأفت غنيمى الشيخ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

لە سەردەمێکدا لەگەڵ پتر لە شێوازێکی سیاسی دەگونجێت، بۆ نموونە بوونی دیموکراسی یان نەبوونی لە هەر ولاتێکدا ڕەنگە لە ڕێگەی چەندین هۆکاری جیاوازەوە لێک بدرێتەوە، سەرباری شێوازی بەرهەمهێنانی باو لە کۆمەڵگەدا[١]، ئەمەش بێگومان گومان لەسەر ئەو بانگەشەیەی مارکسیزم دەکات کە هەر گۆڕانێک لە سەرخاندا دەرئەنجامی گۆڕانێکە کە لە ئەنجامی گۆڕانی ژێرخاندا ڕووی داوە.

- ئەو وتەیەی مارکسیزم کە دەڵێت «کۆمەڵگەی شیوعی کۆتا قۆناغی پەرەسەندنی مرۆییە» چۆن لەگەڵ یاساکانی ماددەگەرایی میژوویییدا دەگونجێت، چونکە بە پێی ئەو یاسایانە هەر سیستمێک لە ناواخنی خۆیدا تۆوی لەناوچوونی خۆی، یان تۆوی سیستمێکی دژ بە خۆی، هەڵگرتووە، هەروەها چۆن ئەمە لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیە دەگونجێت کە دەڵێت کۆمەڵگە لە پێشکەوتن و گۆڕان ناوەستێت[٢].

- ئەو بیروباوەڕەی کە دەڵێت «دەتوانرێت پێشبینیی ڕەوتی ڕووداوی میژوویی بکرێت، یان پێشبینی بە شێوەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە ئایندەدا بکرێت» بنچینەیەکی زانستیی نییە[٣].

- بەگشتی لە دیراسەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاسان نییە بیرۆکەی هۆکارگەرایی (السببية) بەو چەمکەی کە لە زانستە سروشتییەکاندا هەیەتی، وەربگیردرێت، لەبەر ئەوەی هەر کاتێک وردەکاریی دیاردەکان زیاد دەبن و لایەنەکانی فرەچەشن و تێکچڕژاو دەبن، ئیدی ئەوەی کە دەوترێت پەیوەندیی هۆکارگەرایی یان هۆکار و بەهۆکارکراو (علة ومعلول) دەبێتە بانگەشەیەکی بێبەڵگە. بە گوزارەیەکی دی ناتوانرێت بوترێت ڕێساگەلێک هەیە کە سیفەتی حەتمیەتیان هەیە و تەحەکوم بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکەن[٤].

- مارکسیزم تاکلاڕەهەندگەرایە (واحدية) لە لێکدانەوەی میژوویییدا، چونکە هۆکارە ڕۆحی و هزرییەکان دەکاتە پاشکۆی هۆکاری ئابووری، بەمەش سیفەتی کۆمەڵایەتیبوونی کەتواری میژوویی فەرامۆش دەکات[٥].

---

(١) سدنی هوک، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(٢) بڕوانە: - أحمد رشاد موسى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧،
- أحمد حسين، إفلاس الماركسية، (القاهرة: دار الوفاء للطباعة والنشر، ١٩٨٩)، ص٨٠.
- أحمد رشاد موسى، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٣) أحمد رشاد موسى، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٥) رأفت غينيمى الشيخ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

داخوازی دووەم: سروشتی مرۆڤ لە ولاتانی تازەگەشەسەندوودا[1]

تیۆریستانی هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەرا، لە بونیادنانی پلانی هزریی خۆیاندا، لە گەڕان بەشوێن تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی مرۆڤەوە دەستیان پێ نەکرد –وەک ئەوەی لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی و هزری سۆشیالیستیدا هەبوو–، چونکە ئەوان بڕوایان وا نەبوو کە مرۆڤی جیهانی تازەگەشەسەندوو چەند تایبەتمەندییەکی جەوهەریی جیاوازیان هەبێت لەو تایبەتمەندییانەی کە مرۆڤ لە جیهانی پێشکەوتوودا هەیەتی، بەڵکوو ئەوەی لەم بارەیەوە بە لایانەوە گرنگ بوو، بریتی بوو لە خوێندنەوەدۆزی (استقراء)ی ئەو تایبەتمەندییە پێشهاتووانە (السمات العرضية)ی مرۆڤی جیهانی تازەگەشەسەندوو، کە بە حوکمی ئینتیمای بۆ بارودۆخیکی مێژوویی و کۆمەڵگەیی وەریگرتبوون، کە جیاواز بوون لە بارودۆخی جیهانی ڕۆژئاوایی[2]، ئیدی ئەو بیرمەندانە، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەوەوە بۆیان ڕوون دەبووەوە و لە سۆنگەی تێگەیشتنیان بۆ ئەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵگەییەی کە ئەو کۆمەڵگانە دەیانگوزەراند، کاریان لەسەر دارشتنی تێڕوانینێک بۆ باشترین ڕێبازێک کرد کە سیستمی کۆمەڵایەتی لە ولاتی تازەگەشەسەندوودا لەبەر ڕۆشنایی کار بکات، کە وای لێ دەکات بتوانێت مەبەستەکانی لە بەدیهێنانی گەشەپێدان و پێشکەوتن و گەیشتن بە کاروانی ولاتانی پێشکەوتوو بەدی بهێنێت.

ئەگەر لە گرنگترینی ئەو تایبەتمەندییانەش ڕامێنین –لەوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بۆمان گرنگن–، کە لە زۆربەی ولاتانی تازەگەشەسەندوودا بڵاون و ڕەنگدانەوەیان لەسەر زۆرینەی ڕۆڵەی ئەو ولاتانە هەیە و کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و شێوازی ژیانیشیان هەیە و ڕۆڵێکی دیاریکراو بەسەر ڕاگەیاندن لەو ولاتانەدا دەسەپێنن، لەو بارەیەوە دوو تایبەتمەندیی بنچینەیی دەبینین، کە بریتین لە نەخوێندەواری، کە بە ڕێژەیەکی بااڵ لەو ولاتانەدا هەیە، هەروەها خێڵەکییوون (القبلية) و هۆزگەرێتی (العشائرية)، کە کاریگەرییەکانی بەڕوونی لەسەر تایبەتمەندییەکانی کەسێتیی مرۆڤەوە لەم ولاتانەدا دیارە، کە دواتر ڕەنگدانەوەشیان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان دەبێت.

---

(١) مەبەستی توێژەر لەم ناونیشانە ئەوەیە کە ئەو وتەزایانەی کە بیرمەندانی کۆمەڵناسی گەشەپێدانگەرایی پێشکەشیان کردووە، کۆمەڵە گریمانەیەکی تیۆری نین، بەڵکوو وتەزایەکن کە پێدراوگەلێکی کەتواری وێنا دەکەن، ئەمەش وای کرد توێژەر ئەم ناونیشانە هەڵبژێرێت، بەری ناونیشانی «سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەراییدا».

(٢) وحيد عبد المجيد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠-١٣١.

یەکەم: نەخوێندەواری و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتیی مرۆڤ لە جیهانی تازەگەشەسەندوودا

لێرەدا تۆێژەر مەبەستی لە نەخوێندەواری بەتەنها نەزانینی نووسین و خوێندنەوە نییە، بەڵکوو نەخوێندەواریی ڕۆشنبیری و مەعریفی بەگشتی، هەر چەندە ئەوەی دووەمیان گشتگیرترە، بەڵام ئەوەی یەکەمیان –لەگەڵ ئەوەشدا– ڕێژەیەکی باڵا لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو پێک دەهێنێت، هەر چەندە ڕێژەکە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە ئەفەریقا ئەم ڕێژەیە لەنێوان ٥٢,٧٪ و ٩٨٪ یاری دەکات و لە ئاسیاش لەنێوان ٢٤,٩٪ و ٩٤٪دایە و لە ئەمەریکای باشووریش لەنێوان ٨,٥٪ و ٤٤٪دایە[١].

بێگومان زۆریی نەخوێندەواری لەناو زۆرێک لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگانە بەشداری لە دروستکردنی چەند تایبەتمەندییەکدا دەکات کە زۆرینەی ئەو تاکانە تێیدا هاوبەشن، دیارترینی ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لە:

– بڵاوبوونەوەی چەندین جۆری ڕەفتاری نەرێنی، لە ئەنجامی ئەوەی کە بواری بیرکردنەوەی تاک نەخوێنەوار و ڕەفتاری سنووردارە لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵە بچووکەی کە ئینتیمای بۆی هەیە.

– ئاساننەبوونی پەیبردن بە پێویستییەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی ئەو کەسەی کە خوێندنەوە و نووسین نازانێت و بەو بیرۆکە تایبەتانەی خۆی دەژی کە بۆ خۆی دروستی کردوون، ناتوانێت لەو پێداویستییانە تێبگات[٢].

– بڵاوبوونەوەی دواکەوتوویی ڕۆشنبیری و کولتووری، کە بۆ ئەوە سەر دەکێشێت مرۆڤ بە ئاوەز و ئاسۆیەکی فراوانەوە بە ماف و ئەرکەکانی خۆی ئاشنا نەبێت[٣].

– ئاساننەبوونی ئینتیمای تاک بۆ ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسییەی کە ناوەند دیاریی دەکات و کاری لەسەر دەکات، چونکە ناتوانێت لە زۆرینەی تێزەکانی ئەو کولتووڕە و بەهاکانی ئەو کولتووڕە تێبگات، ئەمەش بۆ قووڵبوونەوەی کەنارگیریی

(١) صلاح الدين عبد الحميد، دور وسائل الإعلام فى التنمية «الصحيفة»، ب ن، ب ت، ص٧٠.

(٢) على لطفى، دراسات فى تنمية المجتمع، (القاهرة: مكتبة عين شمس، ١٩٧٨)، ص٦٥.

(٣) صلاح الدين عبد الحميد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

کولتووری ناوەند سەر دەکێشێت[١].

– نائامادەباشیی تاک بۆ قەبوولکردنی ئەو پەرەسەندنە نوێیانەی کە لە بوارەکانی زانست و ڕۆشنبیریدا ڕوو دەدەن، هەروەها نەتوانینی تەواوەتیی خۆخستنەشوێنی ویژدانییانە (التقمص الوجدانی)، کە بۆ خەیاڵی زانستی و داهێنان سەر دەکێشێت، کە لە پێویستییە گرنگەکانی پێشکەوتن هەژمار دەکرێن[٢].

ڕەنگدانەوەی نەخوێندەواری لەسەر هزری کۆمەڵایەتیی گەشەسەندگەرایی

زۆری نەخوێندەواری لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو و کاریگەریی ئەو زۆرییە لەسەر تاکی نەخوێندەوار بە یەکێک لەو هۆکارە گرنگانە دادەنرێت کە لەبەر ڕۆشناییدا ئەو ڕۆڵە دیاری دەکات کە لە سایەیدا فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی دەخاتە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەڵکوو لەو هۆکارە گرنگانەشە کە کۆی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی لەسەر بونیاد دەنرێت.

ئەگەر گرنگترین پرسی هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن بریتی بێت لە بەیاساییکردنی دیسپلینەکانی ئازادیی ڕاگەیاندن، ئەوا نەخوێندەواری، جا نەخوێندەواریی ڕۆشنبیری یان گشتگیر بێت، بە گرنگترین ڕۆڵ بەشداری لە وروژاندنی گرفتی بنچینەیی لەو پرسەدا دەکات کە بریتییە لەو پرسیارەی کە ئایا جەماوەری نەخوێندەوار شایستەی ئەو ئازادییەن یان نا؟

هەر ئەمەش وای لە هەندێک کەس کردووە کە نەخوێندەواری بە مەترسیدارترین لەمپەری ئازادیی ڕاگەیاندن وێنا بکەن[٣]، ئەوەی بەڵگەیە لەسەر دروستیی ئەم بانگەشەیە، ئەوەیە کە فەرمانڕەوایانی زۆرێک لەو وڵاتانە بۆ پاساوی سەپاندنی توندی دەسەڵات و قەڵەمڕەویی خۆیان پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتەکانیاندا دەبەستن، ئەمەش بە پشتبەستن بە چەند پاساوێک کە نەخوێندەواری لە سەرەوەیاندایە. شتێکی سروشتییش بوو کە ئەمە ئەوە لەسەر فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی بسەپێنێت کە کار لەسەر تیۆریزەکردنی ئەو ڕێگایانە بکات کە بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی بەشداری لە

---

(١) بڕوانە:

– D. Lerner and W. Schramm, op. cit., P. 92

سويم العزى، الديكتاتورية الاستبدادية والديموقراطية والعالم الثالث، (بيروت: المركز الثقافى العربى، ١٩٨٧)، ص١٥٠.

(٢) أسكندر الديک، محمد مصطفى الأسعد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

(٣) رجاء على العزبى، «حرية الإعلام فى القرن العشرين» رسالة دكتوراه غير منشورة (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٧٠)، ص١٧٤.

نەهێشتنی نەخوێندەواریی گەوران و پاڵپشتیکردنی خوێندنی گشتی لە لایەکەوە و[1] لە لایەکی تریشەوە تیۆریزە بۆ ڕێگاکانی بەشداریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ نەهێشتنی ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی نەخوێندەواری لەسەر کەسایەتیی تاکی نەخوێندەوار بکەن، کە بەڕوونی بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەر ڕۆڵێکی ئەرێنی سەر دەکێشێت کە دەتوانێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پاشان پێشخستنی کۆمەڵگەدا بیگێڕێت.

دووەم: خێڵەکیبوون یان هۆزگەرایەتی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتیی مرۆڤی جیهانی تازەگەشەسەندوو

زۆرینەی دەوڵەتانی جیهانی تازەگەشەسەندوو –بەتایبەت دەوڵەتە عەرەبی و ئەفەریقییەکان– بەدەست زاڵدەستیی پەیوەندییە خێڵەکی و هۆزگەری و خێزانی و تایەفییەکان بەسەر بونیادی کۆمەڵایەتییەوە دەنالێنن[2]، بێگومان هەڕەشەی ڕوودانی دابەشبوون و جەنگی ناوخۆیی دروست دەکات، هەروەک چۆن بۆ دروستبوونی ئەو هەمەچەشنییە کۆمەڵایەتییە سەر دەکێشێت کە لە هەناویدا نەگونجانی کولتووری و کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی یەک کۆمەڵگەدا هەڵدەگرێت[3].

دەکرێت گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی سەروەریی خێڵ لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی تازەگەشەسەندوو لە تایبەتمەندیی زۆرینەی تاکەکان لەو کۆمەڵگانەدا، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت هەڵبهێنین:

– پایەندبوون و دەمارگیریی تاک بە بەهاکانی گرووپ یان خێڵەکەی، ئەمەش وا دەکات دروستکردنی بەهاگەلێکی کولتووری هاوبەشی نوێ ئاسان نەبێت. ئەمەش وادەکات بڵاوبوونەوەی کولتووری ناوەند گران بێت[4].

– لاوازکردنی گیانی ئاوێتەبوون و تیکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری و

---

(١) بەراورد بکە لەگەڵ: أمانی محمد قندیل، «نظام الاتصال وعملیة التنمیة السیاسیة فی الدول النامیة»، رسالة ماجستیر غیر منشورة، (جامعة القاهرة: کلیة الاقتصاد والعلوم السیاسیة، ١٩٨٠)، ص٨٨.

(٢) بڕوانە: منیر ک. ناصر، «قیم الأخبار فی مقابل الأیدلوجیة: منظور من العالم الثالث»، فی ل جون مارتن، أنجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.
– سویم العزی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣–٧٤.

(٣) فرنسیس بال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠–٢١. هەروەها: حمدی عبد الرحمن حسن: التعددیة وأزمة بناء الدولة فی أفریقیا الإسلامیة: سلسلة أوراق أفریقیة (١)، (القاهرة: مرکز دراسات المستقبل الأفریقی، ١٩٩٦)، ص٢٧–٣٥.

(٤) بڕوانە، سویم العزی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

کولتووری لەنێوان دانیشتووانی ئەو کۆمەڵگانەدا[١].

- نەبوونی هەستی هاوڵاتیبوون لەناو تاکەکانی ئەو گرووپانەدا، لە ئەنجامی نەبوونی کەڵەکەبوونی ژیاریی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی یەک کۆمەڵگەدا[٢]، کە بۆ دروستبوونی کاریگەریی نەرێنی لەسەر یەکڕیزیی ئەو وڵاتانە سەر دەکێشێت[٣].

- دابەشبوونی هەر کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵێک خێڵ و هۆز، بۆ دروستبوونی فرەیی حیزبی و هزری لەو کۆمەڵگەیەدا لەسەر بنچینەی گیانی کۆمەڵگەرایی نەک گیانی تاکگەرایی سەر دەکێشێت، وەک ئەوەی لە جیهانی ڕۆژئاوا هەیە. واتە ئەگەر لە جیهانی ڕۆژئاوادا منی تاکگەرا لەپشت فرەییەوە بێت، ئەوا لەو کۆمەڵگانەی کە خێڵەکیبوون تێیدا باوە، ئێمەی کلاسیکی پاڵنەری سەرەکییە[٤].

ڕەنگدانەوەی کەتواری خێڵەکی لەسەر ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە ڕاگەیاندن بیگێڕێت

لە سایەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە سەروەربوونی خێڵەکیبوون و هۆزگەرێتی بەسەر مرۆی ئەو وڵاتانەیدا دەسەپێنێت، شتێکی ئاسایی بوو کە وا لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بڕوانرێت کە دەتوانن ڕۆڵێکی دیار لە بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئەرکە گرنگەکە بگێڕن، کە ئەرکی «نوێگەری»یە، ئەوەش لە میانەی هەستانی بە ئامادەکردنی جەماوەر بۆ وەرگرتنی بیری نوێ و ئامرازی نوێ، بەبێ دروستکردنی دڵەڕاوکێ و گرژیی پەیوەست بە ڕەچەڵەک یان هۆز یان کولتوور، یاخود دروستکردنی نائومێدیی دەروونی.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کاری سەرەکیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و زاڵبوونی خێڵایەتی بریتییە لە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی سیاسیی جێگیری دروست، کە لە میانەیەوە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی شیاو و هەماهەنگ دروست بکرێت، کە ئەویش بۆ فراوانبوون لە کەرتە نیشتمانییەکانی تردا سەر بکێشێت. هەروەها ڕاگەیاندن توانای جۆشدان

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ص٧٣.

(٣) بڕوانە:

- جيهان المكاوى، النظرية الإنسانية لحرية الصحافة، رسالة دكتوراه (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٧٩)، ص٥٩-٦٠.

- سويم العزى، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

و ئاڕاستەکردنی گرنگیدانە پەرشوبڵاوەکانی جەماوەری بەرەو تاکە ئامانجێکی نەتەوەیی هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕینی ڕەوت و ڕەفتاری هەندێک و هێنانەکایەی پەیوەندی لە ڕێگەی بڕینی ئەو سنوورانەی کە لەنێوان کولتوورەکاندا هەیە و جیاوازی لە نێوانیاندا دروست دەکەن[١]، هەروەها بەشداریکردن لە دروستکردنی ڕێککەوتن یان کۆدەنگییەک لەسەر بەها بنچینەییەکان، یاخود هاوکاریکردنیان بۆ تێگەیشتنی هاوبەش و تێپەڕاندنی خێڵەکیبوون و تایەفەگەری[٢].

(١) بڕوانە: امدی - مایکل هایت، دور الإعلام فی العالم الثالث، فیل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧-١٤٨.

(٢) أمانی محمد قندیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.
لە بارەی ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی هەستکردن بە تەنهاییەوە، بڕوانە:
- E. B. Parker and A.Mohammadi, "National Development Support Communication "in M. Teheranian and Others (eds.), Communication Policy For National Development: A Comparative Perspective, (London: Routtdge & Kegan Paul, 19), P. 170,
- C. Mytton, Mass Communication in Africa, Social Sciences in Africa Series (London: Kings College, 1983), P. 601.

پاری سێیەم: سروشتی مرۆڤ لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا

بێگومان جیاوازی پێشەکییە کۆزمۆلۆژییەکانی هرزی کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم لەو پێشەکییە کۆزمۆلۆژییانەی کە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامییان لەسەر وەستاوە، بۆ جیاوازیی وتەزا و تێزەکانی هەر یەکێکیان سەری کێشاوە. لە سەرەوەی ئەو وتەزایانە، ئەو وتەزایانەن کە هەر یەکێکیان لەمەڕ چیەتیی بوونەوەری مرۆیی و ئەو تایبەتمەندییانەی پێشکەشیان کردووە، کە کاریگەرییان لەسەر کارلێکی ئەو بوونەوەرە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا هەیە، کە بە گرنگترینی ئەو وتەزایانە هەژمار دەکرێن، کە تەواوی وتەزاکانی تری هەر تیۆرێکی کۆمەڵایەتییان لەسەر بونیاد دەنرێت.

لێرەدا گرنگترین تێزەکانی هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی لەمەڕ سروشتی مرۆیی، لەوەی کە بە سێ خاڵەوە پەیوەستە، دەخەینە ڕوو، ئەو سێ خاڵەش بریتین لە:

ئ. دیاریکردنی چیەتیی مرۆڤ.

ب. ئەرک و مافەکانی.

پ. ئەو تایبەتمەندییانەی کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەبێت.

ئەو خاڵانە بە گرنگترین ئەو پێشەکییانە هەژمار دەکرێن کە وتەزاکانی تری هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامییان لەسەر بونیاد دەکرێت –کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هزری ڕاگەیاندندا هەیە–، ئەمە لە لایەک، هەروەک چۆن لە لایەکی ترەوە بە خستنەڕوویەکی بەراوردکاری هەژمار دەکرێت لەنێوان گرنگترین ئەو وتەزایانەی کە هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم لەمەڕ سروشتی مرۆڤ پێشکەشی کردوون لەگەڵ ئەوەی کە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی پێشکەشی کردوون.

لێرەدا بەکورتی ئەو سێ خاڵە دەخەینە ڕوو:

ئ. چیەتیی مرۆڤ لە هزری ئیسلامیدا

ئەگەر هزری پۆزەتیڤیزم وا لە مرۆڤ دەڕوانێت کە گیانداریکە و سیفەتی قسەکردن یان هەردوو سیفەتی کۆمەڵایەتیبوون و ئەخلاقیبوون و سیفەتی تری لەو بابەتەی دەخاتە پاڵ، ئەوا ئیسلام وەک بوونەوەرێکی فەرمانپێکراو و موکەلەف لە مرۆڤ دەڕوانێت، چونکە ئەو لەناو هەموو ئەو ئەفرێنراوانەی تر کە لەسەر زەوی دەژین، ئەو تەکلیف و بەرپرسیارێتیی خراوەتە ئەستۆ، وەک قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ دەکات[1]. بێگومان پێناسەکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تەکلیفلێکراو بەڵگەیە لەسەر شتێکی دیاریکراو لەناو ئەفرێنراوەکاندا، بە هەموو

(١) بڕوانە: أبو اليزيد العجمي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

سنوورەکانی بیروباوەڕ یان زانست یان دانایی[١].

گوزارەی «المکلف» لە زمانی عەرەبیدا لە «ک ل ف ە أمرا»ەوە هاتووە، واتە فەرمانی خستە ئەستۆ[٢]، ئیدی ئەو دەبێتە ئەو بوونەوەرەی کە ئەفرێنەرەکەی ئەرک و بەرپرسیارێتیی پێ سپاردووە، کە لە کۆی گشتیدا بریتییە لە جێنشینی خوای گەورە لەسەر زەوییەکەی، ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾[٣]، واتە: «(ئەی محەمەد (دروودی خوای لەسەر) باسی ئەوە بکە لە دێرزەماندا پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێک دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری)»، ئەوەشی لە تاکی تەکلیفلێکراو داوا کراوە لە جێنشینی، ئەوەیە کە ببێتە جێگرەوەی ئەو کەسەی کە کردوویەتی بە جێنشینی خۆی و حوکم و مەبەستەکانی بەجێ بگەیەنێت.»[٤]

گومانیش لەوەدا نییە کە تەکلیفکردنی مرۆڤ بۆ جێنشینیی لە زەویدا و ئاوەدانکردنەوەی، لە هەناویدا خواستەکانی بەندایەتیی بۆ خودای بالا و بێگەرد لەخۆ گرتووە، کە خۆی لە شوێنکەوتنی بەرنامەکەی و پابەندبوون پێوەی دەبینێتەوە. ئەمەش بەڕوونی لە چیرۆکی ئادەمدا (سەلامی خوای لەسەر) دەردەکەوێت، کە دەبینین سەردەمی جێنشینی لە زەویدا دیاریکراو و ڕوونە، ئەویش شوێنکەوتنی ئەو ڕێنموونییەیە کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ خۆی و نەوەکانی دێت، هەروەها هۆشیاربیش لە ئەنجامی شوێننەکەوتنی، لە دنیا و دوارۆژدا، دراوە، ﴿قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَى وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنسَى وَكَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِآيَاتِ رَبِّهِ وَلَعَذَابُ الآخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَى﴾[٥]، واتە: «(ئەوسا خوای گەورە فەرمانیدا) وتی: ئیتر هەردووکتان لە بەهەشت دابەزن بەگشتی، هەندێکتان دەبنە دوژمنی هەندێکتان، جا ئەگەر هیدایەت و ڕێنموویی من بۆ ئێوە هات، ئەوەی شوێنی بەرنامەکەم بکەوێت، نە گومڕا دەبێت، نە ناخۆشی و ناڕەحەتی و ناسۆر دێتە ڕێی.

---

(١) عباس العقاد، الإنسان فی القرآن، القاهرة: دار نهضة مصر للطبع والنشر، ب ت)، ص١٧.

(٢) مجمع اللغة العربية، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٩.

(٣) (البقرة: ٣٠).

(٤) أبو أسحق الشاطبی، الموافقات فی أصول الشريعة، تحقيق: عبد الله دراز، الجزء الثانی، (القاهرة: المكتبة التجارية الكبرى، ب ت)، ص٣٣٢.

(٥) (طه: ١٢٣-١٢٧).

ئەوەیش ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێری حەشری دەکەین. ئەو جۆرە کەسە دەڵێت: ئەی پەروەردگار بۆ بەکوێری حەشرت کردم خۆ من کاتی خۆی چاوساغ و بینا بووم. (لە وەڵامدا خوا) دەفەرموێت: تۆ ئا بەو شێوەیە بوویت (کوێت بوویت لە ئاستی) ئایەت و بەڵگەکانی ئێمەدا کاتێک پێت ڕادەگەیەنرا، ئێمەش ئەمڕۆ ئاوا مامەڵەی کەسێکی لەبیرکراوت لەگەڵدا دەکەین (لە سزاو ئازاردا دەهێڵرێیتەوە). ئا بەو شێوەیە تۆڵە لەو کەسە دەکەینەوە کە لە سنوور دەترازێت و باوەڕ بە ئایەت و فەرمانەکانی پەروەردگاری ناهێنێت، بێگومان سزای قیامەت زۆر سەختتر و بەردەوامترە (لە سزای دنیا).»

لەو پەیمانەشدا –وەک دواتر دەیبینین– مەرجی «شوێنکەوتن» هەیە و لە بەرانبەریشدا «باوەڕنەبوون» هەیە، شوێنکەوتن خواستی بەندایەتییە، کە هۆکاری ئەفراندنی مرۆڤە لە بنچینەوە، ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلا لِيَعْبُدُونِ﴾[1]، واتە: «بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەرم بن.» ئەو شوێنکەوتنەش پێوەری ئەو بەندایەتییەیە، ئەوەشی شوێنکەوتە نەبێت، ئەوە بەندایەتیی ڕەت کردووەتەوە، ئیدی لە سیفەتی باوەڕ دادەماڵرێت، هەروەها ڕەتکردنەوەی شوێنکەوتن پێچەوانەی مەرجی جێنشینییە، هەروەک چۆن باوەڕ هەڵدەوەشێنێتەوە. ئیدی لەو بارەدا هەموو کارێک پووچە و ڕەوایەتیی نییە و خودا وەریناگرێت و دەبێت باوەڕداریش نە بیسەلمێنێت و نە دان بە ڕەوایەتییدا بنێت[2].

بەگشتی دەتوانین لێرەدا ئەو بەڵگانە بخەینە ڕوو کە لە میانەیانەوە ڕوانگەی هزری ئیسلامی، وەک بوونەوەرێکی موکەلەف، لە مرۆڤ دەڕوانێت:

– خوای گەورە مرۆڤی بەبێ هودە و هەوانتە دروست نەکردووە، بەڵکوو بۆ ئەوە دروستی کردووە کە ئەرکی جێنشینیی لە زەویدا بگرێتە ئەستۆ و بەندایەتیی تەواو و ڕەهای بۆ بکات، لە کاتێکدا کە ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆی لە میانەی جێبەجێکردنی ئەرکی جێنشینیدا جێبەجێ دەکات.

– بەزەیی خودای ئەفرێنەر و دانایی ئەو وای خواستووە کە ڕێنموویی جێنشینی خۆی بۆ باشترین ڕێبازێک بکات کە دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیارێتییانە

---

(١) (الذاريات: ٥٦).

(٢) سيد قطب، مقومات التصور الإسلامي، (القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٦)، ص١٣٥.

بیگرێتە بەر، بەو شێوازەی کە لە کتێبەکاندا دابەزیوە و پێغەمبەران هێناویانە.

– لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکانە لەبەر ڕۆشنایی ڕێنموویی خوداییدا، واتە سەرکەوتنی مرۆڤ لە بەجێگەیاندنی ئەو هۆکارەی کە لە پێناویدا ئەفرێنراوە، ئەمەش ڕەزامەندیی خودای ئەفرێنەر دەهێنێتە کایەوە، ئەو ڕەزامەندییەش واتە ژیانەوەی بە ژیانێکی خۆش و بێگەرد لە دنیادا و هێشتنەوەی هەتاهەتایی لە نازونیعمەتی تەواو لە ڕۆژی دواییدا. خۆدزینەوەش لەو بەرپرسیارێتییانە واتە ڕەفتار و چالاکییەکانی لەم ژیانی دنیایەدا لە دەرەوەی ئەو هۆکارەیە کە لە پێناویدا ئەفرێنراوە، ئەمەش لادانە لەو فیترەتە پاکەی کە خوا لەسەری دروستی کردووە، ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ﴾[1]، واتە: «(ئەی ئینسان، بە دڵێکی پاک و بێگەردەوە) ڕوو بکەرە بەرنامە و ئایینی خوا و ئەملاولا مەکە، خەڵکینە ئێوەش پابەندی ئەو نەخشەیە بن کە خوا ئێوەی لەسەر دروست کردووە (واتە قورئان کەتەڵۆک و نەخشەی ژیانی ئادەمیزادەکانە، لێی لا مەدەن)، هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە هیچ نەخشە و دروستکراوێکی خوادا نییە، ئا ئەوەیە دینی ڕاست و دروست.»

بێگومان لادان لەو فیترەتە و پشتهەڵکردن لەو ڕێبازە ڕێنموویی‌کارە سەر بۆ گومڕایی دەکێشێت، گومڕاییش سەر بۆ بەدبەختیی تاک و ترشی و تاڵی و ناخۆشیی ژیانی دەکێشێت، تەنانەت ئەگەر لە ڕووکەشدا لە نازونیعمەتیشدا بژی، هەروەک چۆن لە ڕۆژی دواییشدا دەیخاتە بەر سزای خودایی.

بونیادی هزری ڕاگەیاندن و لایەنەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی لەبەر ڕۆشنایی ڕوانین بۆ مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تەکلیفلێکراو

ئەگەر ڕامێنین لە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی ئیسلامی بۆ مرۆڤ بەوەی کە بوونەوەرێکی تەکلیفلێکراوە، لەسەر لایەنی ڕاگەیاندنی هزری کۆمەڵایەتی دەبینین ئەو ڕوانگەیە بەو بنچینەیە دادەنرێت کە هزری ڕاگەیاندن دەیکات بە سەرەتا بۆ تیۆریزەکردن بۆ کارەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا. هەروەک چۆن ئەو ڕێگایانەی کە خوای گەورە و بێگەرد بڕیاری لێ داوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە لەلایەن مرۆڤەوە، بریتییە لەو ڕێبازەی کە پێویستە ڕێنموویی لێ وەربگیرێت لە میانەی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەدا[2].

---

(١) (الروم: من الآية ٣٠).

(٢) لە دەروازەی دواتردا لە خستنەڕووی ئاستەکانی هزری ئیسلامیی ڕاگەیاندندا، باس لەو ئەرکانە دەکەین.

ب. مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا

ئیسلام بەتەنها دانی بەوەدا نەناوە کە مرۆڤ مافی هەیە، بەڵکوو تا ئاستێک گرنگیی بەو مافانە داوە کە بە پێداویستی لەقەڵەمی داون، پاشان خستوونیەتیە چوارچێوەی ئەرکەکان، بۆیە خواردن و پۆشاک و ئاسایش و ئازادی و چاودێری و لێپرسینەوە و ئۆپۆزسیۆنبوون و شۆڕش... هتد، تەنها ماف نین بۆ مرۆڤ کە بۆی هەیە داوایان بکات و هەوڵیان بۆ بدات و دەست بە دەستخستنیەوە بگرێت و ڕێگریکردن لە داواکردنیشیان حەرامە، بەڵکوو ئیسلام بە زەروورەتی پێویست (ضرورات واجبة)ی بۆ مرۆڤ لەقەڵەم داون، بەڵکوو لەسەری واجبیشن.

ئەوانە تەنها «ماف» نین کە تاک یان کۆمەڵ مافی سازشلێکردنیان لە هەموویان یان لە هەندێکیان هەبێت، بەڵکوو ئەوانە زەروورەتی مرۆڤین –تاک بێت یان کۆمەڵ– مرۆڤیش بەبێ ئەو مافانە ناتوانێت ژیانێکی شایستانە بژی، بۆیە پارێزگاریلێکردنیشیان تەنها «مافی مرۆڤ» نین، بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا لەسەری «ئەرک»ن و ئەگەر خەمساردییش بکات، خۆی تاوانبار دەبێت –تاک یان کۆمەڵ بێت–، ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەر کەس و لایەنێک کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەدیهاتنی ئەو «زەروورەتان»ەدا، تاوانبار دەبێت[1].

بەو شێوەیە هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە پایەکانی ژیانێکی شایستە و شکۆمەندانەوە لەم دنیایەدا، تەنها بە ماف دانانرێن، بەڵکوو زەروورەتی ئەو ژیانە شکۆمەندانەیەشن، هەر شتێکیش کە یارمەتیی مرۆڤ بۆ ڕاپەڕندنی ئەو ئەرکانە دەدات کە خوای گەورە وەک بوونەوەرێکی بەرپرسیار و تەکلیفلێکراو خستویەتیە ئەستۆی، تەنها بە مافی دانانرێن، بەڵکوو زەروورەتی جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەن کە ئەو لە پێناویدا ئەفرێنراوە، هەروەها پابەندبوون و دەستگرتن بەو مافانەشەوە ئەرک و واجبە، مرۆڤ ئازاد نییە لە وازلێهێنانیان، چونکە ئەگەر وا بکات، ئەوا واتە خۆی لەو ئەرکە دەدزێتەوە کە لە پێناویدا ئەفرێنراوە.

هەر تاک یان کۆمەڵێکیش پێویستە پابەند بێت بەو ماف و ئەرکانەوەی کە هەیەتی، سەرچاوەی ئەو واجبەش پابەندیی خوداییە و شەریعەتی خوداییە، کە بە

---

(١) محمد عمارة، الإسلام وحقوق الإنسان، ضرورات.. لا حقوق، سلسلة عالم المعرفة، عدد (٨٩)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، مايو ١٩٨٥)، ص١٤-١٥.

شێوەیەک ماف و ئەرکەکانی دیاری کردووە کەس ناتوانێت کەمیان بکاتەوە یان دەستکارییان بکات[1].

پ. تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی

ناتوانین لە تێڕوانینی هزری ئیسلامی بۆ تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ تێبگەین، تا ئەو پێشەکییە بنچینەییە بەهەند وەرنەگرین کە ئەم هزرە کردوویەتی بە سۆنگەی خۆی لە تێڕوانینی بۆ چیەتیی مرۆڤ، کە بریتییە لە لێڕوانینی وەک بوونەوەرێکی تەکلیفلێکراو، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا دەتوانین دیدی هزری ئیسلامی بۆ ئاوەزمەندبوون و ئەخلاقیبوونی مرۆڤ بخەینە ڕوو، بەو پێیەی کە ئەمانە لەو تایبەتمەندییانەن کە کاریگەرییان ڕەنگدانەوەی لەسەر بونیادی هزری ڕاگەیاندن بەتایبەتی و تەواوی ڕەگەزەکانی تری هزری کۆمەڵایەتی ئیسلامی بەگشتی دەبێت.

ئاوەزگەرایی مرۆڤ

لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی بیرمەندانی موسوڵمانان لەگەڵ ئەوە نین کە زیادەڕەوی لە مەزەندەکردنی تواناکانی ئاوەزدا بکرێت و سنووری پەیبردنی فراوان بکرێت، وەک ئەوەی کە موعتەزیلە و هەندێک لە فەیلەسووفەکان تێیکەوتوون، بەڵام هەموویان کۆڕان لەسەر گرنگیی ئاوەز و پێگەبۆدانانی وەک گرنگترین ڕەهەند و ڕەگەزەکانی سروشتی مرۆیی و وەک گرنگترین هۆکارێک کە مرۆڤ جیا دەکاتەوە و وەک گرنگترین وزەی ڕێنموونییکەر و ئاڕاستەکەری مرۆڤ لە کاروبارەکانی ژیانیدا[2]، بەڵام لەگەڵ داننان بە گەورەیی ئاوەز و گرنگییەکەی وەک سەرچاوەیەکی بنچینەیی مەعریفە، دەبینین ئەم دانپێدانانە ڕێگر نەبووە لەوەی زانا فەیلەسووفە موسوڵمانە میانگیرەکان لە هەڵسەنگاندنیاندا بۆ بەهای ئاوەز، ئاگایی لە کەموکورتی ئاوەز و سنووردارییی پەیبردنی بۆ کاروبارە پەنهان و ئایینی و مەسەلەکانی ئەفراندن بدەن، لێرەوە حیکمەتی دابەزاندنی ئایینەکان دەرکەوت[3].

---

(١) بڕوانە: حسین فوزی النجار، الإسلام والسیاسة: بحث فی أصول النظریة السیاسیة ونظام الحکم فی الإسلام، (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ص٨٥-٨٧.

- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی گرەنتییەکانی مافە سیاسییەکان لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بڕوانە:
- محمد أحمد المغنی، سامی صالح الوکیل، النظریة السیاسیة الإسلامیة فی حقوق الإنسان، کتاب الأمة عدد (٢٣)، (قطر: وزارة الأوقاف الإسلامیة، شوال ١٤١٠)، ص٨٦-٨٩.

(٢) عمر التومی الشیبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

(٣) بڕوانە: عمر التومی الشیبانی، مقدمة فی الفلسفة الإسلامیة، ط ٣، (طرابلس: الدار العربیة للکتاب، ١٩٨٢)، ص١٤١-١٤٨.

ئیدی پێویستە ئاوەز زانیارییەکانی لەسەر ئەو بابەتانە لە ئایینی دروست وەربگرێت، هەر چی کاروبارەکانی تری ژیان و جێنشینییە لەسەر زەوی، ئەوە بۆی هەیە لە تێگەیشتنیان و داڕشتنی باشترین ڕێبازی کارلێکلەگەڵکردنیان ئیجتیهاد بکات، بەڵام لێرەدا هیچ کەسێک لەو ڕاوبۆچوونانەی کە پێی دەگات، جا فەرمانڕەوا بێت یان فەرمانپێکراو بێت، لە هەڵە پارێزراو نییە، چونکە هەموو ئاوەزێک شیاوی ئەوەیە ڕاستی بپێکێت یان لێی دوور بکەوێتەوە، ئەوەی کە دروستیی ڕایەک بەسەر ڕایەکی تردا دەدات، ئەندازەی شارەزایی و زانستە[1]. ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ﴾[2]، واتە: «ئەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بڵێ ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەک ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نییە؟»

ڕەنگدانەوەی ئاوەزمەندیی مرۆڤ لەسەر هزری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن

ئ. ڕەنگدانەوەی لەسەر هزری کۆمەڵایەتی

هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی دان بەوەدا دەنێت کە چەند شتێکی جێگیر هەن، کە دەبنە بنچینە بۆ پلانڕێژیی سیما گشتییەکانی بواره جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئیدی ئاوەز ناتوانێت لێیان لا بدات، هەروەها کەسیش ناتوانێت پێچەوانەی ئەوانە بونیاد بنێت، جا ئەو کەسە فەرمانڕەوا بێت، یان کەسی ئاسایی بێت. هەر چی ئەو کاروبارانەی ژیانیشە کە بە گۆڕانی کات و شوێن دەگۆڕێن، ئەوا لەگەڵ ئەوەی دەبێت لەبەر ڕۆشنایی جێگیرەکاندا کار بکەن، بەڵام هزری کۆمەڵایەتی ڕووبەڕێک بە بزاوتی کیانی سیاسیی کۆمەڵگەی موسوڵمان –بەبێ ئەوەی لەمەدا لەسنووردەرچوون و لادان لەسەر بزاوتی تاک هەبێت– بەو شێوەیە دەدات کە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەو کیانە دەیخوازێت، هەروەک چۆن ڕووبەڕێکی فراوانیش بە بزاوتی تاک لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەدات، بەو مەرجەی ئەمە بۆ لەسنووردەرچوون و لادانی بەرژەوەندیی تاک بەسەر بەرژەوەندیی هاوشێوەکانی، یان بەرژەوەندیی ئەو کۆمەڵگەیەی لە سایەیدا دەژیت، سەر نەکێشێت[3].

---

(١) بڕوانە: محمود یوسف مصطفی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

(٢) (الزمر: ٩).

(٣) بڕوانە: مصطفی عبد الواحد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢–٨٨.

ب. ڕەنگدانەوەی لەسەر هزری ڕاگەیاندن

بەڕاستی ڕوانگەی ئیسلام، کە ڕێزو شکۆ بە ئاوەز دەبەخشێت، بە چاوی بایەخەوە لە بەهای ئازادیی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەڕوانێت و داوا دەکات هەر تاکێک ڕای خۆی لەمەڕ هەر پرسێک دەربببڕێت کە جێی بایەخی کۆمەڵگە و ئومەتەکەیەتی[1]، هەروەها ئەوە حەرام دەکات کە فەرمانڕەوا کۆتوبەندێک دابنێت کە ڕەنگە ڕێگر بێت لەوەی تاک ڕای خۆی ئازادانە دەربببڕێت. بۆیە هیچ ڕایەک پیرۆزیی نییە و هیچ کەسێکیش پاریزراو نییە، بە شێوەیەک وا بکات ڕاوبۆچوونەکانی تر کپ بکرێنەوە، یان ئەو ڕایە بە شکۆدار دابنرێت، مادام دەقێکی یەکلاییکەرەوە نەبێت کە ئەو خاوەن ڕایەی کە ڕایەکەی بە مەعسوم دەزانێت، پشتی پێ ببەستێت، کەواتە جگە لە شتە جێگیرەکانی ئایین، هیچ کۆتێک لەسەر ڕای تاک دانانرێت و پێویستە ڕادەربڕینیش بە پێی ڕێبازی خودایی بێت کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە، ﴿وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾[2]، واتە: «گوفتاری چاک و جوان ڕوو بە خەڵکی بڵێن»، هەروەها ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾[3]، واتە: «(ئەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەی ئیماندار) بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بە حیکمەت و دانایی (بۆ هەندێک) و ئامۆژگاری جوان و بەجێ، (بۆ هەندێکی تر) و گفتوگۆ و موجادەلە بە جوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا بە تایبەتی خاوەن کتێبەکان).»

ئەخلاقیبوونی مرۆڤ

هەستی ئەخلاقداری شتێکی فیتریيە، یاسای ئەخلاقییش هەر لە ساتی دروستبوونیەوە لە دەروونی مرۆییدا چەسپاوە[4]، ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا﴾[5]، واتە: «سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بەڕێکوپێکی بەدیی هێناوە، جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و خواناسیی تێدا دابین کردووە«، بەڵام ڕەنگە ئەو هەستی ئەخلاقداریيە دووچاری سڕینەوە و لادان و تێکدان ببێتەوە، لە ئەنجامی ئەوەی کە هەندێک جار لەگەڵ ئەو شتانەی کە هەوا و ئارەزووی دەروون

---

(١) بڕوانە: السيد محمد نوح، شخصية المسلم بين الفردية والجماعية، ط٤، (المنصورة: دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٣)، ص١٩-٢٢.

(٢) (البقرة: ٨٣).

(٣) (النحل: ١٢٥).

(٤) محمد عبد الله دراز، دستور الأخلاق فى القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

(٥) (الشمس: ٧، ٨).

فەرمانی پێ دەکەن، دژ دەوەستێتەوە، یاخود لە ئەنجامی هەندێک خوونەریتی باو لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژیت، بەڵکوو ڕەنگە هەندێک جار ئەو خوونەریتانە کردەوەگەلێک وا دەڕازێننەوە کە هیچ جۆرە ئەخلاقێکی تێدا نەبێت.

لە پێناوی ڕینموونییکردنی ئەو هەستە ئەخلاقییەی کە ویژدانی مرۆڤ بە پاسەوانی هەژمار دەکرێت، خوای پاک و بێگەرد پێغەمبەرانی بە پەیامەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کارانە ناردووە کە پێویستە مرۆڤ ئەنجامیان بدات و ئەوانەشی کە نابێت ئەنجامیان بدات[1].

پەیامی کۆتاییش –وەک ئەوەی خاوەنەکەی (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموویت– «تەنها بۆ ئەوە هات ئەخلاقە جوان و باشەکان تەواو بکات.»[2]

بەو کۆتا پەیامە مرۆڤ مەشخەڵێکی وای دەست کەوت کە لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا ببێتە ڕێنموونییکار و لە فێڵ و تەڵەکەی ئارەزوو دووری بخاتەوە، هەروەها لە ملکەچبوون بۆ خوونەریتە خراپەکانی کۆمەڵگەکەی بپارێزێت.

ڕەنگدانەوەی دیدی ئیسلام بۆ ئەخلاقیبوونی مرۆڤ لەسەر هزری کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندنی:

ئ. ڕەنگدانەوەی لەسەر هزری کۆمەڵایەتی

شتێکی سروشتی بوو –لەبەر ڕۆشنایی دیدی ئیسلام بۆ ئەخلاقیبوونی مرۆڤ– هزری کۆمەڵایەتی ئیسلامی بەو شێوەیە لێی نەڕوانێت کە لیبرالیزمی کلاسیکی بۆی دەڕوانی، کە بوونەوەرێکە خێرخوازە، بە شێوەیەکی خودی پەی بە خێر دەبات و هەستە ئەخلاقییەکەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی لەو کاروانەدا هەنگاو بنێت، ئەمەش وا دەکات تا ئەوپەڕی سنووری گونجاو کۆتوبەندەکان لەسەر ڕەفتارەکانی سووک بکرێت، چونکە ئەو هەستە ڕێگریی لێ دەکات لە ئەنجامدانی هەر کارێک کە زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت. هەروەک چۆن وەک هزری دەسەڵاتخوازی لێی نارِوانێت، کە گوایە بوونەوەرێکی شەڕخواز (شریر)ە، پێویستە چالاکییەکانی سنووردار بکرێن، تا ئاستێک کە ئەو ئازادییانەی لێ زەوت بکرێت، کە واتا بە بوونی دەبەخشن، بەڵکوو ئیسلام وا لە مرۆڤ دەروانێت کە بوونەوەرێکە ئەگەری ئەوەی هەیە فەسادی ئەخلاقی هەبێت، هەروەک

---

(١) بڕوانە: حسن محمد الشرقاوی، نحو منهج علمی إسلامی، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٨٨، ص٢٧٠-٢٧٦.

(٢) أخرجه أحمد بن حنبل فی المسند من حدیث أبی هریرة، بڕوانە: الإمام أحمد بن حنبل، المسند وبهامشه کنز العمال، الجزء الثانی، (القاهرة: دار الفکر العربی، ب ت)، ص٣٨١.

چۆن شیاوی ئەوەیە ئەخلاقی باشی هەبێت، چونکە ئەو لەگەڵ ئەوەی هەستێکی ئەخلاقیی هەیە کە گریمانە دەکرێت کە بۆ پابەندی ئەخلاقی پاڵی پێوە بنێت، بەڵام حەز و ئارەزوو و پاڵنەرە ناوخۆییەکانی و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەشی کە ڕەنگە خراپ بێت، ڕەنگە ئەو هەستە ئەخلاقییە بسڕنەوە. بۆیە ئەرکی هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی بریتییە لە تێۆریزەکردنی چۆنێتیی «بەرپاکردنی ژینگەی خێر، کە یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەدان بە کار و گوفتاری جوان و باش (الفضائل)، بۆ نەهێشتنی کار و وتەی خراپ و ناشرین (الرذائل) کار دەکات»[1]، هەروەها لە هەمان کاتدا گەشەپێدانێکی ئەخلاقیی دروستی بۆ زامن بکات. هەروەک چۆن پێویستە لەسەری میکانیزمگەلێکی کۆمەڵایەتیی گونجاو وێنا بکات، کە بتوانرێت لە ڕێگەیانەوە چاودێریی لادانی تاک لە ڕەفتاری ئەخلاقی بکرێت، هەروەها بۆ سەر ڕێگای دروست و سزادانی لەکاتی پێویستدا بگەڕێنرێتەوە.

ب. ڕەنگدانەوەی لەسەر هزری ڕاگەیاندن

شتێکی سروشتییە کە دیدی ئیسلامی بۆ ئەخلاقیبوونی مرۆڤ بەرپرسیارێتیی تێۆریزەکردنی چۆنێتیی بەشداریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە چەسپاندنی ئەخلاقیاتی ئیسلام و دژایەتیکردنی هەمو ئەو شتانە کە دژیان دەوەستنەوە، بخاتە ئەستۆی هزری ڕاگەیاندن، ئەمە لە لایەک، هەروەها لە لایەکی ترەوە پێویستە هزری ڕاگەیاندن کۆمەڵێک دیسپلین دابنێت کە پێویستن، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە ئەو لادانە ئەخلاقییانە نەهێڵرێت کە ئەگەری ڕوودانیان لە بواری کاری ڕاگەیاندندا هەیە، ئەمە وێڕای چارەسەرکردنی ئەو لادانانە بە ڕێگای گونجاو.

***

بەو شێوەیە لە میانەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی وتەزاکانی تێۆرە کۆمەڵایەتییەکانی پۆزەتیڤیزم لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە –جگە لە تێزەکانی هزری گەشەپێدانگەرایی کە خوێندنەوەدۆزییەکە بۆ کەتواریک کە هیچ بواریک بۆ نکوولێکردنی نییە- پاشان لە میانەی خستنەڕووی وتەزا هاوتاکانیان لە هزری کۆمەڵایەتی ئیسلامیدا، دەتوانین بگەینە ئەم چەند ئەنجامە:

- تێزەکانی تێۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکان لەمەڕ سروشتی مرۆیی، کەموکورتییەکی ڕوونی تێدایە، کە بە ئاشکرا لەوەدا دەردەکەوێت کە هزری لیبرالیی کلاسیکی زیادەڕەویی لە وێناکردنی ئاوەزمەندیی مرۆڤ و ئەخلاقیبوونی

(١) سيد قطب، مقومات التصور الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٨.

و تێڕوانینیشی بۆ مافەکانی کردووە. لەگەڵ ئەوەشی کە لیبرالیزم لە بەرگە نوێیەکەیدا، بە شێوەیەکی ڕوون پەی بە ناوردێتیی تێزەکانی لیبرالیزمی دایک بردووە لەمەڕ ئاوەزمەندبوونی مرۆڤ و ئەخلاقیبوونی، هەروەها پەی بەو هۆکارانە بردووە کە دژی ئەو تێزانەن، بەڵام نەیتوانی ڕێبازێکی باشتر پێشکەش بکات، کە بتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئەو خاڵە نەڕێنییانە لە کەتواردا چارەسەر بکات. ئەمەش بۆ سەرنەکەوتنی تێزە نوێیەکانی لە کەتواردا بە شێوەی خوازراو سەری کێشا، جا لەسەر ئاستی کەتواری کۆمەڵایەتی بەگشتی بێت، یاخود لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن بەتایبەتی بێت.

هەروەک چۆن لیبرالیزم لە پێشکەشکردنی وێنایەکی دروست بۆ سروشتی مرۆڤ شکستی هێنا، سۆشیالیزمیش شکستی هێناوە، شکستەکەشی بە شێوەیەکی بنچینەیی بۆ زیادەڕەویکردنی لە مەزەندەکردنی کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵگەیی لەسەر سروشتی مرۆیی دەگەڕێتەوە، تەنانەت خەریکە دەگاتە ئەوەی بڵێت بۆ هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی سروشتێکی مرۆیی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە ڕاستیدا کەموکورتیی ئەو تێورانە لە پەیبردن بە سروشتی مرۆیی بە شێوەیەکی دروست، ئەنجامێکی سروشتییە بۆ ئەو پێشەکییەی کە ئەو تێورانەی لەسەر بونیاد نراوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە نکوولێکردنیان بۆ حەقیقەتە بڵندە ڕەهاکان و پشتبەستنیان بەتەنها بە ئاوەز، بە توانا سنووردارەکانییەوە، لە دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا.

– شتێکی سروشتییشە، لە سایەی کەموکورتیی ئەو تێزانەدا، بە بەراورد بە تێزەکانی هزری کۆمەڵایەتی ئیسلامی، کە پشتبەستووە بە ڕاستییە بڵندە ڕەهاکان، هەروەها لە سایەی ئەو دەرئەنجامە نەڕێنییانەی کە لە کەتواردا بە هۆی وەرگرتنی ئەو تێزانە کەوتوونەتەوە، لەو کۆمەڵگانەی کە ئەو تێورانەیان تێدا جێبەجێ کراوە، وای لێ بێت کە وەرگرتن و پشتپێبەستنی وتەزاکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم هیچ پاساوێکی نەبێت، ئەو وتەزایانەی کە کەموکوڕن لە لایەک و جیاوازیشن لە تێزەکانی هزری ئیسلامی لە لایەکی تردوە.

بەشی دووەم
وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی لەمەڕ سروشتی ڕاستی (حەقیقەت)

سەرەتا

ئەو وتەزایانەی کە هەر تیۆرێک لە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان –هیی تەوەری توێژینەوەکەمان– لەمەڕ سروشتی ڕاستی و ڕێژەی توانای گەیشتن بە ڕاستی و ئەوەی کە ئایا ئەم توانایە هەموو مرۆڤێک هەیەتی، یاخود تەنها لە دەستەیەکی دیاریکراودا کورت هەڵدێت، ئەمانە بەو بنچینەیە هەژمار دەکرێن کە پرسی ئازادیی ڕادەبڕینیان لەسەر بونیاد دەنرێت، کە تەوەری هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنە.

بۆ نموونە هەر تیۆرێک بانگەشەی خاوەندرێتیی ڕاستیی ڕەها بکات، دەرئەنجامێکی سروشتیی بەدوادا دێت، کە بریتییە لەوەی کە ئازادیی ڕادەربڕین هەر چەندە فراوان بێت لەم تیۆرەدا، هیچ بواریێک بۆ بەزاندنی سنووری ئەو ڕاستییە نییە ئەو بانگەشەی خاوەندارێتیی دەکات، ئەگەر نا ئەوە دەبێتە جۆرێک لە لادان و داهێنانی نەخوازراو و پووچ (الهرطقة) نەک ئازادیی ڕادەربڕین.

بانگەشەکردنی ئەوەی کە تەنها دەستەیەکی دیاریکراو، کە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، توانای گەیشتن بە ڕاستییان هەیە، دەرئەنجامێکی خۆبەخۆی دەبێت، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەر شتێک لە دەرەوەی ئەو دەستەیە بێت، نابێت ئازادیی ڕادەربڕینی پێ ببەخشرێت، چونکە ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو بازنەیەن، هیچ شتێکیان نییە کە شیاوی دەربڕین بێت. هەروەها ئەوەی کە باسی دەکەن، ڕەنگە پێچەوانەی ڕاستی بێت و لە گومڕاییەوە نزیکتر بێت، ئیدی بۆیە هیچ پاساوێک بۆ ڕێگەپێدانی بە گوزارشتکردن لەو ڕایانە نییە کە لەوە دڵنیا بین کە لە ڕاستییەوە دوورن.

ئەم بەشە بۆ سێ پار دابەش دەکەین:

پاری یەکەم: سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا

پاری دووەم: سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەراییدا

پاری دووەم: سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا

پاری یەکەم: سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا

قسەکردن لەسەر ئەو تێزانەی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی لەمەڕ سروشتی ڕاستی هێناویەتی، وا دەخوازێت کە ئەم پارە بۆ دوو داخواز دابەش بکەین، یەکەمیان بۆ تاووتوێی تێزەکانی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی لەمەڕ سروشتی ڕاستی لە بەرگە کلاسیکییەکەیدا (لیبرالیزمی کلاسیکی)، دووەمیشیان بۆ تاووتوێی تێزەکانی هزری لیبرالی لە بەرگە نوێیەکەیدا (لیبرالیزمی نوێ) لەمەڕ سروشتی ڕاستی، کە بە پەرەسەندنی تێزەکانی هزری لیبرالیی کلاسیکی هەژمار دەکرێت.

داخوازی یەکەم: سروشتی ڕاستی لە هزری لیبرالیی کلاسیکیدا

دیدی لیبرالیزم بۆ سروشتی ڕاستی

لیبرالیزمی کلاسیکی بڕوای وایە ڕاستی سیستمێکی جێگیری هەیە، ئاوەز دەتوانێت لێی تێبگات، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بە پێی ئەو تێگەیشتنە ژیانی ڕێک بخات[1].

باوەڕی لیبرالیزمیش بە بوونی سیستمێکی جێگیر بۆ ڕاستی کە ئاوەز دەتوانێت بیدۆزێتەوە، لەو باوەڕەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە یاسایەکی سروشتی هەیە کە پەیوەندیی نێوان شتەکان ڕێک دەخات، هەر لە هەسارەکانی ئاسمانەوە تا پەیوەندیی تاک بە هاوشێوەکانی و تەنانەت بە بوونەوەرەکانی دەوروبەریشیەوە[2]. هەندێکیش زیادەڕەوییان لە باوەڕبوونیان بە بیرۆکەی یاسای سروشتی کرد، تەنانەت بڕوایان وا بوو کە ئەو یاسایە دەتوانێت تەواوی ئەو ڕێسا و بنەمایانە بە مرۆڤ ببەخشێت کە بە هۆیانەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی هەموو بارودۆخ و هەڵوێستەکان ببێتەوە[3].

---

(١) بڕوانە: کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦،
- جلین تندر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥-٢٨٧.

(٢) یاسای سروشتی سێ ئاستی هەیە:
ئ. ئەو یاسایانەی سروشت کە کۆکەرەوەی ئەو یاسا و ڕێسا (النوامیس)یانەیە کە ڕەوتی کۆی بوون دیاری دەکەن و هەموو دیاردە سروشتییە گەردوونییەکان کۆنترۆڵ دەکەن.
ب. یاسای سروشتی بە واتا گشتییەکەی –وەک ئەوەی زانایانی ڕۆمان ناساندوویانە- بوارەکەشی زیندەزانییە (علم الأحیاء)، بریتییە لەو یاسایەی کە سووڕی ژیان لەسەر زەوی ڕێک دەخات و چالاکیی بوونەوەرە زیندووەکان لە جووڵە و گەشەکردن و زیادبوونیان و حەزەکانیان و کارلێکیان لەگەڵ جگە لە خۆیان کۆنترۆڵ دەکات، هەر لەو ساتەوەی ژیان دەکرێت بە بەریاندا، تا پیر و لاواز دەبن و ئەو پیرییە بەرەو لەناوچوونیان دەبات.
پ. یاسای سروشتی بە واتا تایبەتەکەی، کە بریتییە لەو کۆمەڵە ڕێسایەی کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن و هیچ پەیوەندییەکیان بە خوونەریت و دەقەکانی یاساوە نییە، بەڵکوو سەرچاوەکەیان ئیلهامێکی فیتریی ساغ (سلیم) و پەیبردنێکی ئاوەزیی دروست (صائب)ە.
بڕوانە: عبد السمیع الهراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧-١٢.

(٣) بڕوانە: عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠.

هەروەها بیرۆکەی بوونی سیستمێکی جێگیر کە جوولّەی شتەکان ڕێک دەخات، یان بە واتایەکی تر سیستمێکی جێگیر بۆ ڕاستی کە ئاوەز دەتوانێت بیدۆزێتەوە، پاڵپشت بوو بە بەڵگە و دۆزینەوەکانی زانایانی سروشت –لە سەروشیانەوە نیوتن– بەوەی کە جیهان ئامێرێکی زەبەلاحی ڕێکوپێک و هەماهەنگە کە بەشەکانی بەیەکەوە بەستراون و بە پێی کۆمەڵە یاسایەکی جێگیر کار دەکات[١]. ئەو دۆزینەوانەش سەریان بۆ ڕۆچوونی هەندێک لە توانای ئاوەز کێشا، تا ئەوەی هەندێکیان بڕوایان وا بوو کە ئاوەز دەتوانێت هەموو نهێنییەکانی گەردوون و ڕاستییەکانی بوون بدۆزێتەوە[٢].

ڕێگاکانی گەیشتن بە ڕاستی

شتێکی سروشتی بوو کە لە سایەی ئەو سەرکەوتنانەی لەسەر دەستی نیوتن و زانایانی تردە لە دۆزینەوەی یاساکانی سروشتدا بەدی هاتن، وا لە ئاوەز بڕوانرێت کە تاکە ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان، جا ئەوانەیان بن کە پەیوەستن بە دیاردە سروشتییەکانەوە، یاخود ئەوانەی تایبەتەتن بە دیاردە مرۆییەکانەوە و[٣] مرۆڤ ئەگەر بە شێوازێکی دروست و دوور لە پەلەپەل و لایەندارییە سۆزدارانە و... هتد، ئاوەزی بەکار بهێنێت، دەتوانێت بگاتە ڕاستی[٤].

ئەمەش بێگومان واتە لیبرالیزم پرۆسەی گەیشتن بە ڕاستی لە چینێکی دیاریکراودا کورت هەڵنەهێنابوو، چینێک کە تایبەتمەندیی وای هەبێت کە لە پرۆسەی پەیبردن بە ڕاستیدا لە خەڵکی تری جیا بکاتەوە، بە شێوەیەک کە وای لێ بکات ببێتە خاوەن ماف بۆ سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگەی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن و بوارەکانی تریشەوە –وەک ئەوەی کە لە هزری دەسەڵاگەریدا باو بوو–، بەڵکوو پرۆسەی گەیشتن بە ڕاستیی وەک کتێبێکی کراوە دەبینی کە هەموو کەسێک دەتوانێت بیخوێنێتەوە، ئەگەر لەو لەمپەڕانە ڕزگاری

---

(١) بڕوانە:
- F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 41.

(٢) بڕوانە:
- عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠،
- W. L. Rivers and W. Schramm op. cit., P 36.

(٣) ولیم ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٤) بڕوانە:
- ملحم قربان، المنهجیة والسیاسة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٤-٣٢٥،
- کربن برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٢-٣٣٣.

ببێت که پێشتر باس کران و ئەگەر دەرفەتی گەیشتن بە مەعریفە و زانیاریی وای بۆ بڕەخسێت کە یارمەتیدەری بن بۆ تێگەیشتن لە لایەنە جیاوازەکانی ئەو پرسەی کە جێی گرنگیپێدانیەتی. ڕەنگدانەوەی دیدی لیبرالیزم بۆ سروشتی ڕاستی لەسەر هزری کۆمەڵایەتی شتێکی سروشتی بوو کە باوەڕبوون بەوەی ڕاستی پرسێکی ڕوونە بۆ هەمووان، بۆ ئازادی تاکەکسی لە بەرپرسیارێتی ئەدەبی تاکدا سەر بکێشێت، بۆیە ئەو بیروباوەڕە بە بنچینەی تاککەرایی و سەرچاوەی ئازادیی ئاوەزمەندی هەژمار دەکرێت[1].

سەرباری ئەوە بیرۆکەی بەرپرسیارێتی ئەدەبی تاک، بە بیرۆکەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ بەهێزبوو، کە بیرۆکەی لیبرالیزم بوو، چونکە ئەگەر ئاوەزمەندیی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ڕاستی یارمەتیدەری بێت، ئەوا ئەخلاقیبوونەکەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی کە بە پێی ئەو ڕاستییە کار بکات. بەو شێوەیە، مادام ئاوەزمەندیی مرۆڤ وای لێ دەکات بتوانێت پەی بە ڕاستییەکان لەو پرسانەدا ببات کە جێی بایەخی ئەون و مادام ئەخلاقیبوونیشی بە شێوەیەکی خۆبەخۆ وای لێ دەکات بە پێی ئەو ڕاستییانە کار بکات، ئیدی پێویستە ئازادیی تەواو بە تاک لە بەڕێوەبردنی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانیدا ببەخشرێت، هەروەها وا دەخوازێت کە مافی بەشداریکردنی لە بەڕێوەبردنی کۆی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی پێ ببەخشرێت، هەروەها وا دەخوازێت کە بازنەی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە ژیانیدا لە تەسکترین سنووردا کورت هەڵبهێنرێت و بە شێوەیەک بێت کە ڕێگریی لێ بکات زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت و لە هەمان کاتدا لە کەسانی تریش بپارێزێت[2]، ئەمە وێڕای پووچەڵکردنەوەی بانگەشەی هەر فەرمانڕەوایەک بەوەی کە بە پاساوی ئەوەی ئەو شارەزاترە، مافی ستەمکاری و مۆنۆپۆلکردنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە هەیە[3].

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەو گریمانانەی کە لیبرالیزم لە بارەی سروشتی ڕاستی و شێوازی بەدیهێنانی هەیەتی، بەو پێشەکییە گرنگانە هەژمار دەکرێن کە کۆی بونیادی هزری لیبراڵییان لەسەر هەڵچنراوە.

---

(١) ملحم قربان، القوة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧-٢٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٧-٢٨.

(٣) بەراورد بکە لەگەڵ إمام عبد الفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١-٢٢.
هەروەها بڕوانە:
- جون ستیوارت مل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤،
- کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٩.

ڕەنگدانەوەی دیدی لیبرالی بۆ سروشتی ڕاستی لەسەر هزری ڕاگەیاندن

ئەگەر گریمانەکانی لیبرالیزم لە بارەی سروشت و ڕاستی و شێوازی گەیشتن پێی بە پێشەکیی گرنگی بونیادی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بەگشتی دادەنرێن، ئەوا ئەو گریمانانە بە گرنگترین پێشەکیی بونیادنانی لایەنی ڕاگەیاندنی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی هەژمار دەکرێن، کە بە «فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی» ناوزەندی دەکەین. ئەم دەرئەنجامەش بە هۆی ئەوەوە دێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە گرنگترین دەروازە بۆ تاک هەژمار دەکرێن بۆ ئەوەی لە میانەیانەوە دەستی بگاتە ئەو مەعریفە و زانیاری و ڕاوبۆچوونانەی کە بۆ گەیشتن بە ڕاستی یارمەتیی دەدەن، هەروەک چۆن لە لایەکی ترەوە دەتوانێت لە میانەیانەوە ئەو دەرئەنجامانە بە خەڵک بگەیەنێت کە لە بارەی ئەو ڕاستییانەوە پێیان گەیشتووە.

لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی لیبرالیزم بۆ ڕاستی بەوەی کە کتێبێکی کراوەیە و خوێندنەوەی کورتهەڵهێنراو لەسەر کەس نییە، هەروەها لە سایەی نکوولێکردنی بۆ بوونی سەرچاوەیەکی باڵا کە دەکرێت بۆ وەرگرتنی ئەو ڕاستییە ڕەهایانە پەنای بۆ ببرێت، کە هیچ بواریێک بۆ تانەلێدانیان نییە، لە سایەی هەموو ئەمانەدا شتێکی سروشتی بوو کە بونیادی ئەو هزری ڕاگەیاندنەی کە بەرهەمی هێنا، بە شێوەیەک دروست ببێت کە ئازادیی پیادەکردنی ڕاگەیاندن و خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو کەسێک ببەخشێت و بەشداریکردن لە گەیشتن بە ڕاستییش ببێت بە گرنگترین ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەڕەهایی.

لەوەی پەیوەندیی بە ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە هەیە

شتێکی سروشتی بوو -لە سایەی توانینی گەیشتن بە ڕاستی لەلایەن هەموو کەسێکەوە- هزری ڕاگەیاندن بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە ئازادیی کاری ڕاگەیاندن بە تاک ببەخشێت، بە شێوەیەک وای لێ بکات بتوانێت دەستی بەو زانیاری و ڕایانەدا بگات کە لە دروستکردنی دیدی دروست لەمەڕ ڕاستیی ئەو شتانە یارمەتیدەری دەبن کە بۆی گرنگن. هەروەها لە سایەی نەبوونی ڕاستییەکی باڵای ڕەها کە هەموان باوەڕیان پێی بێت، شتێکی سروشتی بوو کە ئەو فەلسەفەیە بە شێوەیەک دروست ببێت کە لە میانەیەوە ڕێگە بە هەموو تاکێک بدرێت کە هەموو بیروبۆچونێکی خۆی لە بازاڕێکی کراوەی بیروباوەڕ و ڕاوبۆچوون و زانیارییەکاندا بخاتە ڕوو، ئەمەش بەهاکەی لەوەدایە کە باشترین هەڵبژاردنی ڕاستی فەراهەم دەکات[1]. هەروەها ئەو

(١) رودنی سموللا، حرية التعبير فی المجتمع المفتوح، ترجمة: كمال عبد الرؤوف، (القاهرة: الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، ١٩٩٥)، ص١٨.

فەلسەفەیە کار لەسەر ئەوە بکات کە ڕێگری لە دەستوەردانی دەوڵەت لەو بازاڕەدا بکات، بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی ڕاوبۆچوون و بیرۆکەکان، چونکە هیچ ڕاستییەکی باڵا نییە کە پێویست بێت دەوڵەت پیادەی بکات، یان بەرگریی لێ بکات و پاساو بێت بۆ سەرکوتکردنی ڕاوبۆچوون و بیرۆکەی جیاواز. هەروەها ڕێگەی پێ نەدرێت دەست وەربداتە ئازادیی کاری ڕاگەیاندن، مەگەر لە بەرتەسکترین سنووریدا، کە تێیدا ئەو ئازادییانە دەبنە مەترسییەک کە بەژرەوەندیی کۆمەڵگە، یان تاکەکان بخاتە مەترسییەوە.

لەوەشی کە پەیوەستە بە ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە

شتێکی سروشتی بوو –لە سایەی ئەوەی کە پرۆسەی گەیشتن بەڕاستی دەیخواست لە دروستکردنی بازاڕێکی ئازاد بۆ بیرۆکە و ڕاوبۆچوون و زانیارییەکان– کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی کار لەسەر ڕەخساندنی ئازادی بۆ تاک بۆ خاوەندارێتیی هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن بکات، کە پێی وایە بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و ڕایەکانی بە ئازادانە یارمەتیی دەدات و بۆ ڕێگریکردن لە دەوڵەت لە دەستتێوەردان بۆ سنووردارکردنی خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازانەش کار بکات، هەر چەندە ئەمە نابێتە ڕێگر لە دەستوەردانی لە پێناوی ڕێکخستندا، بەتایبەت لەوەی کە پەیوەستە بە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانەوە، هەروەها دژ بوەستێتەوە لە بەرانبەر خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەوڵەتەوە، چونکە ئەمە –بە هۆی ئەو توانا زۆرەی دەوڵەت لە بەرانبەر تاکدا هەیەتی– ڕەنگە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی ڕکابەری لە بازاڕی ئازادیی ڕاوبۆچوون و بیرۆکەکاندا هەبێت[1].

لەوەشی کە پەیوەندیی بە ئەرکە گشتییەکانەوە هەیە

ئەرکی بەشداریکردن لە گەیشتن بە ڕاستی بەو ئامانجە بنچینەییە هەژمار دەکرێت کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی کار بۆ تێۆریزەکردنی ئەوە دەکات کە چۆن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا بیکەن[2]، ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی هەموو ڕەنگەکانی بەڵگە و ڕاوبۆچوونەکان، وەک بنچینەی دەرکردنی هەموو ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی لیبرالییەوە[3]، لەسەر بنچینەیەکی بەهێز. بەو شێوەیە ڕەخنە تێۆرییەکان و خاڵە نەرێنییەکان لە کەتواردا پاڵیان بە هزری لیبرالییەوە بۆ بونیادنانی تێڕوانینێکی نوێ و نزیکتر لە لۆژیک سەبارەت بە پرسی ڕاستی نا.

---

(١) بڕوانە، محمد سيد محمد، اقتصاديات الإعلام، الكتاب الأول: المؤسسة الصحفية، (القاهرة: مكتبة الأنجلو، ب ت)، ص٨٩–٩٠.

(٢) وليام ل. ريفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(٣) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

داخوازی دووەم: سروشتی ڕاستی لە لیبرالیزمی نوێدا

ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی جیهانی ڕۆژئاوا لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا بینیی، سەریان بۆ دروستبوونی چەندین گۆڕانکاری گرنگ لەو گریمانانەدا کێشا کە هزری لیبرالی لە بارەی سروشتی ڕاستییەوە هەیبوو، کە هەندێکیان –لە لایەکەوە– دەرئەنجامی گۆڕانکاری بوون لەو گریمانانەی کە هزری لیبرالی لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە هەیبوو، بە شێوەیەک کە بۆ گۆڕانکاری گرنگ لە کۆی هزری لیبرالیدا سەری کێشا. ئەمەش بە شێوەیەکی خۆکرد سەری بۆ گۆڕانکاری لە هزری ڕاگەیاندنی لیبرالیدا کێشا، بە شێوەیەک کە ئەو گۆڕانکارییانە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەیەکی –تا ڕادەیەک– نوێی ڕاگەیاندنیان نەخشاند، کە بریتییە لە «فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی». لێرەدا گرنگترین ئەو پەرەسەندنانە دەخەینە ڕوو کە بوونەتە بەڵگە لەسەر زۆرێک لە لایەنەکانی کەموکووڕی لە دیدی لیبرالیزم بۆ سروشتی ڕاستی لە ڕووی هزر و جێبەجێکردنیشەوە و ئەو وێنە هەموارکراوەشی کە لیبرالیزم لە بەرگە نوێیەکەیدا، لە سایەی ئەو پەرەسەندنانەدا، بۆ سروشت هەیەتی.

سروشتی ڕاستی لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنە هزرییە نوێیەکاندا

گریمانەکانی لیبرالیزم لە بارەی بوونی سیستمێکی جێگیر بۆ ڕاستی کە ئاوەز دەتوانێت بیدۆزێتەوە و بە پێی ئەو کار بکات، ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بوونەوە، ئەویش بە هۆی ئەو دۆزینەوە زانستییانەی کە بانگەشەکارانی ڕێبازی پەرەسەندن باسیان دەکرد، کە بیرۆکەی جێگیریی شتەکانیان هەڵتەکاند، هەروەک چۆن لەلایەن تیۆری ڕێژەگەراییەوە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی تر بوونەوە، کە ئەو وتەیەی لێ کەوتەوە کە دەڵێت: «بینینی شتەکان بە جیاوازی ئەوانەی چاودێریی دەکەن لە جێگە و کاتی جیاوازدا دەگۆڕێت، ئەوەی بە ڕێژەیەکی ئەوتۆی خێرایی دەجوواڵێت، شتەکان بە شێوازێکی جیاواز لە مرۆڤێکی تر دەبینێت کە بە ڕێژەیەکی خێرایی جیاواز دەجوواڵێت.» واتە بەکورتی شتێک بە ناوی ڕاستیی ڕەهاوە نییە، بەڵکوو چەندین ڕاستیی ڕێژەیی هەن[1].

هەروەک چۆن بیرۆکەی بوونی بونیادێکی جێگیر بۆ بوون، کە بتوانرێت بناسرێت، لەلایەن چەند گەورە فەیلەسووفێکی وەک هیۆم و کانت و فەیلەسووفە بوونگەراکانەوە ڕووبەڕووی هێرش بووەوە. هەروەها بیرۆکەی ئەوەی ڕاستی لە بنچینەدا سیستمێکی سروشتیی جێگیرە، لە لایەکی ترەوە هنری برجسۆن (١٨٥٩–

(١) کرین برنتون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢.

١٩٤١) ڕووبەڕووی بووەوە، بە پێی برجسۆن گۆڕان نەک تەنها ڕاستییە، بەڵکوو خودی جەوهەری ڕاستییشە. واش دەردەکەوێت کە ئەمە، لەوەی کە پەیوەستە بە گیانەوەرەکان و ڕەگەزی مرۆییەوە، ڕوونتر بێت[١].

بەو شێوەیە ئیدی بواریک بۆ بانگەشەکردن بۆ بوونی سیستمێکی جێگیر بۆ ڕاستی نەما، کە ئاوەز بتوانێت پەی پێ ببات و کاروبارەکانی ژیانی بە پێی ئەو پەیپێبردنە ڕێک بخات، بەڵکوو وای لێ هات تێڕوانینی بابەتییانە بۆ ڕاستییەکان، دان بە ڕێژەیی ئەو بڕیارانەی ئاوەزدا بنێت کە پێیانەوە پەیوەستن.

ئاستی ئەگەری گەیشتنی ئاوەز بە ڕاستی

شتێکی سروشتی بوو کە تیۆری لیبرالیزم، لە سایەی ئەو ڕەخنەنەی کە ئاراستەی ئاوەزمەندبوونی مرۆڤ کران و لە سایەی ئەو ڕەخنانەی کە باسمان کردن، کار بۆ سنووردانان بۆ متمانەی زۆری بە توانای ئاوەز لە دۆزینەوەی ڕاستییەکان بە ئەبستراکتانە و بابەتییانە بکات. هەروەها وای لێ هات کە حساب بۆ زۆرێک لەو هۆکارانە بکات کە ڕەنگە ببنە لەمپەر لەبەردەم ئاوەزدا بۆ گەیشتن بە بڕیاری بابەتییانە لە زۆرێک لە پرسەکاندا، بەڵکوو ئەگەری ئەوەش دابنێت کە ڕەنگە ئاوەز ڕاستییەکان بۆ خزمەتی پێداویستیی خاوەنەکەی، یان ئارەزووەکانی، بشێوێنێت.

هەروەها ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی گریمانەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ کران، دەرئەنجامێکی سروشتییان لێ کەوتەوە، کە لەو وتەیەدا بەرجەستە دەبێت کە دەڵێت مرۆڤ تەنانەت ئەگەر هەر بۆ مشتومڕیش گریمانەی ئەوە بکەین کە لە پرسێکی دیاریکراودا بە ڕاستی گەیشتووە، هیچ گرنتییەکی تەواو بۆ ئەوە نییە کە خۆی بە ڕێنماییەکانییەوە پابەند دەکات. ئەمە واتە ئەوەی کە لیبرالیزمی کلاسیکی پێی وا بوو کە ڕێگری لە دیاریکردنی پابەندیگەلێکی دیاریکراو لەسەر تاک لە بەرانبەر هاوتاکانی و کۆمەڵگەکەی بکرێت، پشتبەست بەوەی ئاوەزمەندییەکەی وای لێ دەکات خۆبەخۆ بە پێی ئەو پابەندییانە هەڵسوکەوت بکات و هەستە ئەخلاقییەکەشی بۆ هەڵسوکەوتکردن بە پێی ئەوە پاڵی پێوە دەنێت[٢]، لە سایەی ئەو دەرئەنجامە پێچەوانانەی دژی ئەم لۆژیکە سەلمێنراون، هیچ پاساوێک بۆ ئەم بۆچوونە نەماوە.

---

(١) بڕوانە: جلین تندر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦-٢٨٧.

(٢) بەراورد بکە لەگەڵ: ولیام ر. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

ئەو هەموارانەی کە لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا لە سایەی تێڕوانینی نوێ بۆ سروشتی ڕاستی و توانای پێگەیشتنی کران

لیبرالیزم کاری لەسەر هەموارکردنی تێڕوانینی خۆی بۆ ئازادییەکانی تاک و پەیوەندیی بە دەوڵەتەوە کرد ، بە شێوەیەک کە ڕۆڵێکی زیاتر لەوەی بە دەوڵەت بەخشی کە لە شێوە کلاسیکییەکەیدا پێی بەخشیبوو، لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە، بە شێوەیەک کە پێی وا بوو ئەوە بەشێک لە دادگەریی کۆمەڵایەتی زامن دەکات و بەشداری لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا دەکات، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندیی گشتی بە باشترین شێوە بهێنێتە کایەوە، بە مەرجێک ئەو دەستتێوەردانانە لەلایەن دەوڵەتەوە زیانیان لە سووەکانیان زۆرتر نەبێت[1].

ڕەنگدانەوەی گریمانە نوێیەکان بۆ سروشتی ڕاستی لەسەر هزری ڕاگەیاندن

لە سایەی ئەو پەرەسەندنە هزرییانەی کە بەشداریان لە گۆڕینی دیدی هزری لیبرالی بۆ سروشتی ڕاستی و ڕێژەی ئەگەری گەیشتن پێی کرد و لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامە نەرێنییانەی کە لە پەیڕەوکردنی ئەو گریمانانە لەلایەن فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبراڵییەوە کەوتنەوە، تیۆریستانی ڕاگەیاندن کاریان لەسەر دانانی تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئەو چوارچێوەیەی کرد کە پێویستە لە سایەیدا کۆی پرۆسەی ڕاگەیاندن بەڕێوە بچن، جا لەو بابەتانەدا بێت کە بە ئازادیی کاری ڕاگەیاندن یان ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیوەستن، یاخود تەنانەت ئەو ئەرکانەی کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی بەدیهێنانیان لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا بدەن.

لەوەی کە بە ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە پەیوەستە، ئەو تیۆریستانە کاریان لەسەر دانانی کۆمەڵە دیسپلینێک بۆ ئەو شتانە کرد کە پێویستە تاک لە کاری ڕاگەیاندنیدا پێیانەوە پابەند بێت، بەو شێوەیەی وا بکات چالاکییە ڕاگەیاندنکارییەکەی خزمەت بە پرسی ڕاستی بکات، نەک بەرژەوەندییە کەسییەکانی تاک و ئارەزووەکانی[2] و هەروەها کاریان بۆ دانانی ئەو میکانیزمانە کرد کە بەشداری لە پابەندکردنی تاک بۆ نەبەزاندنی ئەو دیسپلین و ئاکارانە دەکەن.

لەوەشی کە بەخاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیوەستە، داوای دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەیان کرد کە دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە دیاردەی قۆخکاری بە

---

(١) جورج هـ. سباین، سەرچاوەی پێشوو، کتێبی چوارەم، ل٩٦٧.

(٢) بڕوانە:

- W. L. Rivers and W. Schramm, op. cit., p. 130-179.

شێوەیەک سنووردار بکرێت کە لەگەڵ ئازادیی پرۆژەی ڕاگەیاندندا دژ نەوەستێتەوە و بڕوایان وا بوو کە دەکرێت دەستتێوەردانی حکومەت بۆ خاوەندارێتیکردنی هەندێک ئامرازی ڕاگەیاندن هەبێت –بەتایبەت ئەلیکترۆنییەکان–، بەو شێوەیەی کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە دەرگا بە ڕووی هەموو ڕاوبۆچوونەکاندا بۆ گەیشتنیان بە جەماوەر و بەشداریکردنی کارا لە دۆزینەوەی ڕاستیدا والاّ بکرێت[1].

لەوەشی پەیوەندیی بەو ئەرکانەوە هەیە کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن، ،ئەو تیۆریستانە چەند ئەرکێکیان دیاری کرد، بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە گەیشتن بە ڕاستیدا بکەن.

لەگەڵ ئەوەی ئەم تێزە نوێیە لایەنی باشی هەیە، بەڵام جێبەجێکردنێکی ڕاستەقینەی لە کەتواردا بەخۆیەوە نەبینی.

---

(١) بڕوانە:

- The Commission on Freedom of the Press, op. cit., p. 114-115.

پاری دووەم:

سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەراییدا

داخوازی یەکەم: سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستیدا

پرسی سروشتی ڕاستی لە هزری سۆشیالیستیدا مۆرکێکی تایبەتی هەیە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بانگەشەکارانی بە شێوەیەک سەیری ئەو ڕاستییانە دەکەن کە هزری مارکسی-لینینی دایان هێناوە کە ڕاستیی بابەتین، چونکە ئەو ڕاستییانە پوختەی دۆزینکارییەک (استقراء)ی بابەتیانەی کەتوار بوون، شتێکی سروشتییش بوو کە بیرمەندە سۆشیالیستییەکان هەوڵی دانانی جۆرە پلانێک بۆ هزری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی بدەن کە لەگەڵ ئەو ڕاستییە ڕەهایانەدا بگونجێت.

بابەتیبوونی ڕاستیی مارکسی

بەو پێیەی ڕاستیی بابەتی تەنها ڕەنگدانەوەیەکی وردی کەتوارە[1] و لەبەر ئەوەشی کە بنەما بنچینەییەکانی هزری مارکسی کە بریتین لە یاساکانی ماددەگەرایی دیالێکتیکی و ڕەنگدانەوەکانی، کە خۆیان لە یاساکانی «ماددەگەرایی مێژوویی»دا دەبیننەوە، بە پێی بانگەشەی بیرمەندانی مارکسیزم دەرئەنجامی خوێندنکاری کەتواری بەرجەستەیە، جا لە شێوەی ئێستایدا یاخود لە دۆخە مێژووییەکەیدا بێت، ئیدی شتێکی ئاسایی بوو کە وەک ڕاستیی بابەتیی ڕەهای بێهەڵە لەو بنەمایانە بڕوانرێت، چونکە ئەو بنەمایانە –بە گورازەکەی لینین- خودی ڕاستین.»[2]

- بونیادی هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی ماددەگەرایی دیالێکتیکی

تێزەکانی مارکسیزم لە بارەی یاساکانی ئەو ماددەگەراییە مێژووییەی کە پەرەسەندنی بوونی کۆمەڵایەتی بەرەو لوتکە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی شیوعی ئاڕاستە دەکات، شیکردنەوەیەکیان بۆ ڕابردووی کۆمەڵگە مرۆییەکان و ئێستایان پێشکەش کردووە و ئەوەشیان دۆزیوەتەوە کە لە ئایندەدا چاوەڕوانی دەکەن، ئەمە وێڕای ئەو ڕێڕەوە حەتمییەی کە بەرەو بەدیهێنانی کۆمەڵگەی فیردەوسی

---

(١) فـ - ج - افانا سییف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

(٢) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Peterson, and W: Schramm op. cit., p. 119,

- فـ - ج - افانا سییف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣،

- محمد عصفور، أزمة الحريات فى المعسكرين الشرقى والغربى، بدون ناشر، ب ت، ص١٠.

(کۆمەڵگەی شیوعی) دەیگرنە بەر، جا زوو یان درەنگ بێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسای حەتمییانە زۆرکردن لە هەندێک –لە ڕوانگەی هزری سۆشیالیستیدا- بۆ هەنگاونان لە پێناوی گەیشتن بەو مەبەستە بە زۆرکردن هەژمار ناکرێت، چونکە ئەو جۆرە زۆرلێکردنە کۆمەڵگە ناچار ناکات کە پێچەوانەی سروشتی خۆی هەنگاو بنێت، یاخود بەرژەوەندیی خۆی زایە بکات، هەروەها بیرۆکەیەکی ڕەها بەدی ناهێنێت کە لە دەرەوەی مرۆڤ بێت، یان پێشی کەوتبێت، بەڵکوو بیرۆکەیەک بەدی دەهێنێت کە لە هزر و ویستی مرۆڤدا هەیە و زامنی ئەوپەڕی تێربوونی بەرژەوەندییەکانی دەکات و گرنتیی ئازادیی ڕاستەقینەی – نەک خەیاڵپڵاوی- دەکات، کە مەبەستی پەرەسەندنی گرۆی مرۆییە[1]، کە ئەویش ئەو مەبەستەیە کە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی تێۆریزەی بۆ دەکات.

بەو شێوەیە، هەروەک چۆن گەیشتنی کۆمەڵگە بە بەرزترین پلەی پەرەسەندن بە خێراترین کات ڕەنگە وا بخوازێت کە بە پێی ئەو یاسا حەتمییانە هەنگاو بنێین، ئازادیی ڕاستەقینەی تاکیش تێگەیشتن لەو یاسای حەتمییانە و کارپێکردنیان دەخوازێت، چونکە چالاکیی مرۆیی تەنها کاتێک مۆرکی ئازادی وەردەگرێت کە لەگەڵ زەروورەتی بابەتیدا بگونجێت، بۆیە ئازادییەکەی لە سەربەخۆیی وەهمییانەیەوە لە یاساکانی سروشت و کۆمەڵگە نابێت، بەڵکوو لە ناسینی ئەو یاسایانە و توانای تاکدایە لە بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی پێداویستییە مرۆییەکان[2].

بەو شێوەیە و لەبەر ڕۆشنایی باوەڕی بیرمەندانی سۆشیالیزم لە زەروورەتی هەنگاونانی کۆمەڵگەی مرۆیی بە دامەزراوە و تاکەکانیەوە بە ڕێنموویی ئەو یاسایانە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی، تێزەکانیان لە بارەی ئەوە دارێژراوە کە پێویستە لایەنە جیاوازەکانی ژیان (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری...) چۆن بێت.

- حیزبی شیوعی ئەمینداری ڕاستی مارکسیزمە

کارڵ مارکس لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا دەڵێت: «ئێمە لەبەردەم جیهاندا پەرە بە چەند پرەنسیپێکی نوێ دەدەین کە لە پرەنسیپەکانی جیهان خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئێمە تەنها ئەوە دەردەخەین کە خۆی بەئاشکرا و بەڕوونی لە خودی خۆیدا بەکردەوە دانی پێدا ناوە، هۆشیارییش شتێکە پێویستە جەماوەر

---

(١) محمد عصفور، الحرية فى الفكرين الاشتراكى والديمقراطى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

(٢) ف. ج – افانا سييف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

بەدەستی بهێنێت، تەنانەت ئەگەر حەزیشی لێی نەبێت»، «لویس هال»یش بەم وتانە قسە لەسەر ئەم وتەیە دەکات: «ئا لێرەدا ئەمە گوزارشتێکی تازەیە بۆ پرسە سەرەکییەکە، ئەویش ئەوەیە کە حیزبی شیوعی بە شێوەیەکی بێگەردانە و دوور لە هەڵە ئاشنایە بەوەی کە «گەل» دەیەوێت، تەنانەت کاتێکیش گەل ئەوە نازانێت، چونکە هۆشیارییەکەی بەتەواوی پێش نەکەوتووە. تەنها حیزبی شیوعی هەڵگری ئالای ئەو بیرۆکە تاکانەیە کە نوێنەرایەتیی ڕێساکانی ڕەفتاری مرۆیی دروست و گونجاو دەکات، ئەو یاسایانەی تا ئەو کاتەی مارکس دۆزینیەوە، نەزانراو بوون. کەواتە حیزبی شیوعی –بەو پێیەی کە ئامرازی پارێزەری ڕاستی مارکسی- لینینییە- تەنها ئەو دەزانێت «گەل» چیی دەوێت[1].

هەروەها حیزبی شیوعی –بە وتەی ئارسەر کۆستلەر- «لە ڕووی ئەخلاقی و لۆژیکییشەوە پارێزراو (معصوم)ە». لە ڕووی ئەخلاقییەوە پارێزراوە، لەبەر ئەوەی مەبەستەکانی مەبەستگەلێکی دروستن، چونکە لەگەڵ لێکدانەوەی دیالێکتییانەی میژوودا گونجاون، ئەو مەبەستانەش دەبنە پاساو بۆ هەر جۆرە ئامرازێک. لە ڕووی لۆژیکییشەوە پارێزراوە، لەبەر ئەوەی ئەو پارتە پێشەنگی چینی پڕۆلیتارە. پڕۆلیتاریش نوێنەری بکەری سەرەکییە لە بزاڤی میژووی مرۆڤایەتیدا.»[2]

ئەندامانی ئەو حیزبەش «بەوە لە پڕۆلیتارییەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە بەڕوونی پەی بە بارودۆخی بزاڤی پڕۆلیتاریا و هەنگاوەکانی و دەرئەنجامە گشتییەکانی دەبات.»[3]

بەو شێوەیە ڕەنگدانەوەی ڕاستی مارکسی لە سنووری دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەدا ناوەستێت کە پێویستە ڕێنمایی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە بزاڤی خۆی و بەدیهێنانی ئامانجە بااڵکانی بکات، بەڵکوو ئەوەش تێدەپەڕێنێت و سەرکردایەتیی بزاڤی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بە ئەندامانی حیزبی شیوعی دەدات، بەو پاساوەی ئەوان بۆ سەرکردایەتیکردن شیاو و شارەزاترن. هەروەها «مافی ڕەهای سەپاندنی ڕەفتار و بیروباوەڕیشیان پێ

---

(١) لویس هال، الناس والأمم: بحث فی أصول الفلسفة السیاسیة، ترجمة: محمد فتحی الشنقیقی، (القاهرة: مؤسسة سجل العرب، ب ت)، ص٦١-٦٢.

(٢) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 133.

(٣) کال مارکس، فردریک انجلز، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

دەبەخشێت.»[١] ڕێگەش بە دەنگێک نادرێت بەسەر دەنگی ئەواندا زوڵاڵتر بێت، چونکە ئەوە ڕێگەدانە بە هەڵە و ڕای خراپ و بیرێک کە شارەزای سوننەتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی نییە، بێت سەرلەنوێ سەردار بێت، ئەمەش بەتەواوی ڕەتکراوەیە[٢].

- ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی هزری سۆشیالیستی بۆ سروشتی ڕاستی لەسەر هزری ڕاگەیاندن

تێزەکانی هزری سۆشیالیستی لە بارەی سروشتی ڕاستییەوە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو تێزانە هەژمار دەکرێن کە فەلسەفە ڕاگەیاندنییەکەیان لە سایەیدا دروست بووە، چونکە ئەو تێزانە لە لایەکەوە ئەوەیان دیاری کردووە کە چی بوترێت، لە لایەکی ترەوە ئەوەشیان دیاری کردووە کە کێ بڵێت.

لەوەی کە پەیوەستە بەوەی کە «چی دەوترێت»، بە پێی ئەم تێزانە بوار بۆ هیچ پەیامێکی ڕاگەیاندنکاری نییە کە دژ بێت یان گومان دروست بکات لە هەر یەکێک لە پرەنسیپە مارکسییە چەسپاوەکان، چونکە دوودڵی و گومانلێکردن لەسەر ئەو پرەنسیپانە گومانلێکردنە لەسەر ڕاستییە ڕەهاکان، لەژێر ناوی ئازادی ڕاو پێشکەشکردنی ڕا و ڕای بەرانبەر، لەگەڵ ئەوەی کە ڕای بەرانبەر حەتمەن هەڵەیە و تەنها دەکرێت ئەوەندە ئازادیی ڕادەربڕینی پێ بدرێت کە لە سنووری ڕەخنەی خودی تێپەڕ نەکات[٣].

سەبارەت بەوەشی کە «کێ دەڵێت»، ئەوە تەنها ئەو دەستە هەڵبژێردراوەی کە بە ناوی حیزبی شیوعییەوە فەرمانڕەوایی دەکەن، دەتوانن گوزارشت لە ویست و خواستەکانی چینی گشتی بکەن و تەواوی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە و بانگەشە و باوەڕپێهێنانیش پێویستە بۆ داڕشتنی ئەو بیروبۆچوون و داخوازییانە تەرخان بکرێن بە پێی ویستی ئەو دەستە هەڵبژێردراوە، واتە کۆتا وتە لە هەموو کاروبارەکاندا بۆ ئەو دەستە هەڵبژێردراوە (الصفوة) دەبێت[٤].

ئەو دەستە هەڵبژێردراوەش لە ئەندامانی حیزبی شیوعی بۆیان هەیە بەتوندی و

---

(١) جورج هـ سباین، سەرچاوەی پێشوو، بەشی پێنجەم، ل١١٩٠.

(٢) بڕوانە: صبحی عبده سعید، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٨.

(٣) بڕوانە:

- D. McQuail, op. cit., p. 92-93,
- W. L. River and W. Schramm, op, cit. p. 42-43.

(٤) عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩، هەروەها بڕوانە:

- J. C. Merrill and R. L. Lowenstein, op. cit., p. 162.

ڕووبەڕووی ئەو دەنگە ئۆپۆزسیۆنانە ببنەوە کە دژایەتیی بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دەکەن.

خاوەندارێتیکردنی ڕاستییش بەرپرسیارێتیی هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی جەماوەری زەحمەتکێش لەو ڕاستییە بەسەر ئەندامانی حیزبی شیوعیدا دەسەپێنێت[1].

لەو ڕووەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئامرازێکی سەرەکیی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەن، چونکە ئەندامانی حیزب –بە گوزارەی خرۆشۆف- بەبێ چەکی ڕۆژنامەگەریی بەهێز و توند، ناتوانن سەرکەوتووانە ئەرکە ئایدۆلۆژییەکەی خۆیان ڕابپەڕێنن[2].

هەڵسەنگاندنی دیدی سۆشیالیزم بۆ سروشتی ڕاستی تێزەکانی هزری سۆشیالیستی لە بارەی سروشتی ڕاستییەوە لە دوو ڕووەوە کەموکووڕییان هەیە: یەکەمیان پەیوەستە بە ئاستی ڕاستیەتیی (مصداقية) ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێت: ئەو پرەنسیپە مارکسییانەی کە سۆشیالیزم پشتیان پێ دەبەستێت، ڕاستیی ڕەهان، دووەمیشیان بەو دەستەیەوە پەیوەستە کە بەتەنها مافی لێکدانەوەی ئەو ڕاستییانە و گوزارشتلێکردنیانی دراوەتە پاڵ.

ئەوەی یەکەمیان بانگەشەیەکە هیچ پاڵپشتێکی لۆژیکیی دروستی نییە، یەکەم: لەبەر ئەوەی ئەو پرەنسیپانە یان ئەو لێکدانەوە مارکسییانەی کە وەک یاسای حەتمی لێیان دەڕوانرێت، زیاتر لە گشتاندنی خودییەوە نزیکترن تا لێکدانەوە، یاخود یاساگەلێک کە ئەنجامی خوێندنەوەدۆزییەکی ورد و بابەتییانەی کەتوار بن، دووەم: لەبەر ئەوەی ئەو پرەنسیپانە تاکە جێبەجێکردنێکیشان نییە کە سەلامەتییان بسەلمێنێت. ئەوەندە بەسە کە زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستییان کرد –پاش ئەوەی کەتوار ناسەلامەتیی ئەو بیرەی سەلماند–، وازیان لێ هێنا و وەرچەرخان بۆ هزرە پێچەوانەکەی، کە هزری لیبراڵییە.

لەوەشی کە پەیوەستە بەوەی کە مافی خاوەندارێتیی ڕاستییە مارکسییەکان و مافی گوزارشتلێکردنیانی لە ئەندامانی حیزبی شیوعیدا کورت هەڵهێنا و پاشان مافی سەرکردایەتیی کۆمەڵگەی لە گشت بوارەکاندا پێ بەخشین و مافی زاڵدەستیی لە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕینی پێ بەخشین، ئەمە وێڕای مافی کپکرنی ڕای ئۆپۆزسیۆن، بۆیە ئەو دەسەڵاتە فراوان و ڕەهایانە بە ئەندامانی حیزب، بەتایبەت سەرکردەکانی، بە شێوەیەکی سروشتی وای لێ کردن کە لەخۆیان بایی

---

(١) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p. 123-125.

(٢) جيهان رشتى، النظم الإذاعية فى المجتمعات الاشتراكية، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٧٩)، ص٣١.

ببن و خراپ بەکاری بهێنن، بە شێوەیەک کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بکات، بەتایبەت کە ئەوان مافی کپکردنی هەر دەنگێکی ناڕازییان هەیە، چونکە ئەگەر دەسەڵات گەندەڵ و خراپ بوو، ئەوا —بە گوزارە بەناوبانگەکەی لۆرد ئەکتۆن– خراپە و گەندەڵی ڕەهایە.

خراپبەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە بە شێوەیەکی فراوان لەو دەوڵەتانەدا ڕووی دا کە سۆشیالیزمیان جێبەجێ کرد، هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەبریی خزمەتکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و بانگەشەکردن بۆ ئەو پرەنسیپانەی لەسەریان دامەزراوە، لە خزمەتی بەرژەوەندیی ئەو دەستە دەسەڵاتدارەدا و بانگەشەکردن بۆیان بەکار هات.

داخوازی دووەم: سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەراییدا

بۆ قسەکردن لەسەر سروشتی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەراییدا وا دەخوازێت قسە لەسەر ئەو سەرچاوەیە بکەین کە ئەم هزرە ئەو ڕاستییانەی لێوە وەردەگرێت کە تێزەکانی خۆی لەسەر بونیاد دەنێت، هەروەها وا دەخوازێت ئاشنا ببین بە تێزەکانی ئەم هزرە لە بارەی خاوەندارێتیی ڕاستی و تایبەتمەندییەکانی خاوەندارەکانیشی. لێرەدا بەکورتی تاووتوێی هەردووکیان دەکەین.

ئەزموونی ئەوروپی وەک سەرچاوەی هەڵهێنجانی و وەرگرتنی ڕاستییەکان

ئەگەر تێزەکانی مارکس بە سەرچاوەی بنچینەیی ئەو ڕاستییانە هەژمار بکرێن کە تیۆری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستییان لەسەر بونیاد نراوە، ئەوا ئەو ئەزموونە مێژوویییەی کە جیهانی ڕۆژئاوایی لە ماوەی ڕاگوزەریی خۆی لە چاخەکانی ناوەندەوە بۆ سەردەمی نوێ گوزەراندوویەتی و ئەو شارەزایی و پەرەسەندنانەی کە ئەو ئەزموونە لەخۆی گرتووە و مێژوو کارایییەتییەکەی سەلماندووە، بەو سەرچاوە سەرەکییە هەژمار دەکرێت کە نووسەرانی گەشەپێدان و نوێگەری بڕوایان وایە پێویستە وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئەو ڕاستییانەی کە پەیوەستن بە ڕێگاکانی پەرەسەندنیانەوە، لەو سەرچاوەیە وەربگرن.

لەو بارەیەوە نووسەرێک دەڵێت: «ئەو ڕۆڵە مێژوویییە ڕۆژئاواییەی کە لە چاخی ڕێنسانسەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی درێژ دەبێتەوە، تاکە سەرچاوەیە بۆ ئەو چەمکانەی کە لەبەر ڕۆشناییاندا سیاسەتە شۆڕشگێڕییەکان دادەڕێژرێن، ئەو سیاسەتانەی کە هەوڵی دەرهێنانی وڵاتە نائەوروپییەکان لە دۆخێکی ناهەمواری داواکەوتوو و فشەڵەوە بۆ دۆخێکی پیشەسازی نوێ دەدەن. ئەم گریمانەیە

بیرۆکەیەکی پێشوەختە نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی خوێندنەوەی ئەو مێژووەیە کە ڕووی داوە.»[١]

بەو شێوەیە هزری گەشەپێدانگەرایی وەک پێوەر و پیودانگێک لە ئەزموونی ئەوروپی دەڕوانێت، کە دەبێت ئەزموونەکانی تریش هاوشێوەی ئەو ئەزموونە کار بکەن، بەو پێیەی ئەو بەهایانەی کە بەرهەمی هێناون، بەهاگەلێکی پێوەرین و لوتکەی ئەو بەهایانە دەنوێنن کە مرۆڤایەتی پێیان گەیشتووە، بۆیە ئەو کۆمەڵگانەی دەیانەوێت پێش بکەون، پێویستە شوێنپێی ئەو ئەزموونە هەڵبگرن و ئەو ئەزموونە ئەوروپییە دووبارە بکەنەوە، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە ئەوە تاکە ڕێگەی بەدیهاتنی نوێگەری و پەرەسەندنی کۆمەڵگەیە[٢].

وڵاتانی جیهانی سێیەمیش هەر لەسەر ڕێنموویی ئەو ئەزموونانەوە دەتوانن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن و... هتد، لە بونیادی کلاسیکییەوە بۆ بونیادی نوێ جووڵە بکەن[٣].

دروستکردنی گۆڕانکاریی کولتوورییش -لە میانەی گواستنەوەوە لە کولتووری کلاسیکییەوە بۆ کولتووری ڕۆژئاوایی- بە یەکێک لە گرنگترین پێویستییەکانی دروستکردنی گەشەپێدانی خوازراو هەژمار دەکرێت، چونکە ئەمە وەک سەرەتایەکی پێویست بۆ گۆڕانکارییەکانی تر وایە[٤].

لێرەدا یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕۆڵانە دەردەکەوێت کە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەرایی دەیخاتە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە بریتییە لەو کارانەی کە دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە زاڵبوون بەسەر ڕشتە کولتوورییە کلاسییکەکاندا و هێنانەکایەی عەلمانییبوونی بونیادی کولتووری لەو وڵاتانەدا و گەڵاڵەکردنی هۆشیارییەکی چینایەتی بیانکات، وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری لەو وڵاتانەی کە لە گەشەپێدانیدا حەزیان بە شوێنکەوتنی هێڵی سۆشیالیستییە[٥].

---

(١) عبد الله العروی، مفهوم الأیدلوجیا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

(٢) نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١، ل٤١٦. هەروەها: رفیق بوشلاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢، و: راسم الجمال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

(٣) بڕوانە: محمد علی محمد، أصول الاجتماع السیاسی: السیاسة والمجتمع فی العالم الثالث، الجزء الأول: الأسس النظریة والمنهجیة. سلسلة علم الاجتماع المعاصر، الکتاب (٣١)، (الإسکندریة: دار المعرفة الجامعیة، ١٩٨٧)، ص٤٣٧.

(٤) نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٧.
هەروەها بڕوانە: بشیر البکری: «نحو نظام عالمی ثقافی جدید»، جریدة الأهرام، عدد ١٩٩٦/٨/٣، ص١١.

(٥) بڕوانە: نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٨-٣٣٧.

- هۆکارەکانی پشتبەستن بە ئەزموونی ئەورووپی وەک سەرچاوەی ڕاستی و دەرئەنجامەکانی

پشتبەستنی هزری گەشەپێدانگەرایی وەک سەرچاوەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە تێۆریزەکردن بۆ پرۆسەی گەشەپێدان لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکوو چەندین هۆکار هەیە کە پاڵیان بە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەراییەوە بۆ ئەوە ناوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

- زۆربەی ئەو نووسینانەی کە تێۆریزەیان بۆ پرۆسەی گەشەپێدان کردووە، لەلایەن ئەو نووسەرانەوە بوون کە هەر لە بنچینەدا ڕۆژئاواییین[1]. بۆیە شتێکی سروشتی بوو کە خاوەنی ئەو نووسینانە بڕوایان وا بێت کە ئەو بیرۆکە و جێبەجێکردنانەی کە وڵاتەکانیانی بەرەو پێشکەوتن بردووە، ببن بە مۆدێلێک کە پێویستە چاویان لێ بکرێت.

هەر چی نووسینەکانی تریشە کە تێۆریزەیان بۆ گەشەپێدان کردووە، هەر چەندە هیی چەند نووسەرێکن کە لە ڕووی جوگرافییەوە سەر بە جیهانی تازەگەشەسەندوون، بەڵام ئینتیمابوونی زۆربەیان بۆ جیهانی ڕۆژئاوایی لە ڕووی کولتوورییەوە، وای کردووە کە نووسینەکانیان زۆر جیاواز نەبێت لە نووسینی هاوتا ڕۆژئاواییەکانیان.

- سەروەریی ئەو بەڵگەنەویستەی کە دەڵێت: «مێژووی مرۆڤی لەسەر تاکە هێڵێک بەرەو لوتکە هەنگاو دەنێت.»[2]

بەو پێیەیشی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی لە لوتکەی پێشکەوتندان، ئیدی هەر یەکێک لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بیەوێت بچێتە ڕیزی پێشکەوتووانەوە، دەبێت شوێنپێی ڕێبازی ڕۆژئاوایی هەڵبگرێت.

- هزری گەشەپێدانگەرایی، جگە لە ڕێنموویی وەرگرتن لەو بیر و سیستمە کۆمەڵایەتییە -لیبرالی یان سۆشیالیستییەی- ئەزموونی ئەورووپی بەرهەمی هێنابوون، هیچ جێگرەوەیەکی نەبوو -لە سایەی ئەوەی کە تێۆریستەکانی بەڵگەنەویستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانییان کرد بە سەرەتا و هەوڵی تێۆریزەکردنی چۆنێتیی گەیشتن بە مەبەستەکانیان دا-، هەروەها جۆرێک لە کارایی لەو وڵاتانەدا سەلما.

---

(١) بڕوانە: عثمان بن محمد الأخضر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠-٨١.

(٢) سەبارەت بەم بەڵگەنەویستە، بڕوانە:
- نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠-٨١.

لە سایەی ئەو هۆکارانەدا شتێکی سروشتی بوو کە وەک تاکە ڕێگەی گونجاو بۆ چاولێکردن لەو ڕێگەی پێشکەوتنە بڕوانرێت کە دەوڵەتە ئەورووپییەکان گرووپانەتە بەر.

لە ڕاستیدا ئەم تێڕاونینە لایەنی کەموکورتیی زۆرە، گرنگترینیان بریتییە لە فەرامۆشکردنی ئەو تایبەتمەندییە ژیاری و کولتوورییانەی ئەو وڵاتانەیان پێ جیا دەکرێتەوە و لێڕوانینی وەک لەمپەرێک لەبەردەم پێشکەوتندا، لەبریی کارکردن بۆ سوودلێوەرگرتنی، هەروەها فەرامۆشکردنی یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە لە پێشکەوتنی جیهانی ڕۆژئاوایی بەشدار بووە، ئەویش داگیرکاری و لێکەوتەکانێتی لە دزین و بەتاڵانبردنی وزە و خێروبێری ئەو وڵاتانەی کە داگیر کرابوون و گەشەکردن لەسەر هەژماری ئەوان، ئەمانە وێڕای ئەوەی کە ئەو تێڕوانینە لە پێشکەوتنی ماددی، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە هەر ئەو دیدە پێوەری پێشکەوتنی مرۆییە، ئیدی شتێکی سروشتی بوو کە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەرایی –کە لەسەر ئەو تێڕوانینە کورتهەڵاتووە بونیاد نرابوو– بەرهەمی خوازراوی نەبێت وەک ئەوەی کە لە شوێنی لەدایکبوونی مێژوویی خۆیدا هەیبووە[1].

هەروەها ئەو وڵاتانە نەیانتوانی کەتواری خراپی خۆیان تێبپەڕێنن و بگەنە کاروانی جیهانی پێشکەوتوو، بەڵکوو جێبەجێکردنی ئەو هزرە پاشکۆیەتیی ئەو وڵاتانەی بۆ جیهانی ڕۆژئاوایی قوواڵ کردەوە و وای لێ کردن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە فەلەکی ئەواندا بسووڕێنەوە[2]، بەتایبەت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە.

– خاوەندارێتیی ڕاستی لە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەراییدا

هزری گەشەپێدانگەرایی گریمانەی ئەوە دەکات کە تەنها دەستەبژێر دەتوانن پەی بە ڕاستییەکانی پەیوەست بە گەشەپێدان و خواستەکانی ببەن، ئەمەش لە ئەنجامی بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواریی زۆربەی ئەو وڵاتانەدا –جا نەخوێندەواریی ڕۆشنبیری یان نەخوێندەواری بە شێوەی گشتی بێت– بە شێوەیەک کە دەبێتە ڕێگر بۆ پەیبردنی ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتانە بەو شتانە، بە جۆرێک کە شیاویان بکات بۆ بەشداریکردنی کارایانە لە پرۆسەی گەشەپێداندا[3].

بێگومان ئەم گریمانەیە ئەرکی سەرکردایەتیی کۆمەڵگە بەرەو بەدیهێنانی

(١) بڕوانە: منى أبو الفضل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

(٢) بڕوانە: جلال أمين، تنمية أم تبعية اقتصادية وثقافية، (القاهرة: مطبوعات القاهرة، ١٩٨٣)، ص٨٣–١٠٥.

(٣) بەراورد بکە لەگەڵ عزت قرنى، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧–١٨٨.

ئامانجە گەشەپێدانگەراییەکان و گێڕانی ڕۆڵی کاراتر لە پلاندانان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی گەشەپێدان لە بواری جیاوازەکاندا دەخاتە سەرشانی ئەو دەستەبژێرەی کە لە پێگەی سەرکردایەتیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریدایە و پێویستە شارەزای شێوازەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگەکانیان بن – جا لەسەر شێوەی ئەزموونی لیبرالی یان سۆشیالیستی، یاخود بە ئاوێتەکردنیان بێت–[1]، تەنانەت ئەگەر ئەو سەرکردانە مەیلیشیان بەلای جێبەجێکردنی مۆدێلی گەشەپێدانی سەرمایەداریدا بێت[2]، ئەمەش وەک دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵگەییەی کە ئەو وڵاتانەی پێدا تێدەپەڕن و ئەو تایبەتمەندییانەی کە زۆرینەی تاکەکانی ئەو وڵاتانەی پێ جیا دەکرێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر توانای بەشداریکردنی کارایان لە بەدیهێنانی گەشەپێداندا هەیە.

– بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن فەرمانڕەواوە وەک ئامرازی گەشەپێدان

– شتێکی سروشتییە کە هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی –لە سایەی هەستانی دەستەبژێری فەرمانڕەوا بە سەرکردایەتیی پرۆسەی گەشەپێدان– کار لەسەر بەخشینی مافی بەڕێوەبردنی کاروباری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەو سەرکردانە ببەخشێت، بە شێوەیەک کە بڕوایان وایە خزمەت بە ئامانجەکانی گەشەپێدان دەکات، بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئەو هزرە گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەو سەرکردانە، لە شێوازەکانی هەڵسوڕاندنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، شارەزاترن[3].

ڕاسپاردنی ئەو سەرکردانەش تەنها لەو سنوورەدا ناوەستێت کە ئەوان مافی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیان هەبێت، بەو شێوەیەی کە خزمەت بە خواستەکانی گەشەپێدان بکات، یاخود بڕیار لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی ڕاگەیاندن لەو بارەیەوە بدات، بەڵکوو ئەو ڕاسپاردنە درێژ دەبێتەوە بۆ بەخشینی مافی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مشتومڕ و گفتوگۆیەک کە ڕەنگە ڕوو بدات، یان

---

(١) بڕوانە: إمدی – مایکل هایت، «دور الإعلام فی العالم الثالث» فی ل جون مارتن، انجو جروفر شودری، (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.

(٢) بڕوانە:

– حمدی عبد الرحمن حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩–١٥٠.

– إبراهیم سعد الدین عبد الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٣) بڕوانە: لیلی عبد المجید، «السیاسات الاتصالیة والإعلامیة وأثرها فی الثقافة والتربیة»، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

هەر ڕەخنەیەک لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە ئەو سەرکردانە بڕوایان وا بێت کە لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵگە بەرەو گەشەپێدان دژ دەوەستێتەوە و ئەوپەڕی ئەوەی کە ڕێگەی پێ دەدرێت لەو بارەیەوە، لە گفتوگۆی وردەکارییەکان، نەک بابەتە سیاسییەکان، تێناپەڕێت[1].

کەتواری ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهانی سێ لە سایەی ئەو تێڕوانینەی کە لە بارەی سروشتی ڕاستییەوە هەیەتی

لەگەڵ ئەوەی تا ڕادەیەک ئەو ڕایە دروستە کە دەڵێت دەستەبژێری فەرمانڕەوا مافی دیاریکردنی خواستە ڕاگەیاندنییەکانی کۆمەڵگەکەی هەیە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەوەی کە دەکرێت پەخش بکرێت، ئەوەشی نابێت بڵاو بکرێتەوە، کە ئەمەش ڕەنگە لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵگەی گەشەپێدانگەرادا دژ بوەستێتەوە، بەو پێیەی ئەوان لەو بابەتەدا شارەزاترن[2]. هەروەها بە گریمانەی ئەوەی بەرپرسیارێتییان بەرانبەر کۆمەڵگەکانیان لە داهاتوودا پاڵیان پێوە دەنێت بۆ بەکارهێنانی هەموو ئەوانە، بە شێوەیەک کە خزمەتی ئامانجەکانی گەشەپێدان بە باشترین شێوە بکات، بەڵام لە زۆر باردا ئەوەی سەلماندووە کە دەستوالاکردنی دەستەبژێری فەرمانڕەوا لە بەڕێوەبردنی کاری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەکانیاندا بۆ لادان لە پەیامی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خراپبەکارهێنانیان سەری کێشاوە، بە شێوەیەک کە خزمەتی بەرژەوەندیی خۆیان بکات نەک خزمەتی گەشەپێدان، هەروەک چۆن بۆ زیادەڕەویکردنی ئەو فەرمانڕەوایانە لە سەرکوتکردنی ئەو ڕایانە سەری کێشاوە کە ئارامیی ئەوان، نەک ئارامیی کۆمەڵگە و ڕەوتی گەشەپێدانی، دەشێوێنێت.

---

(١) بڕوانە:

- جیهان أحمد رشتی، نظم الاتصال، الجزء الأول «الإعلام فی الدول النامیة»، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩-١٠٠،
- D. McQuail, op. cit., P. 96,
- R. Tatarian, “News Flow in the Third World: an Overview”, in P.C. Horton, (ed.),The Third World and Press Freedom, (New York: Preager Publishers, 1978), p. 45.

(٢) بڕوانە:

- H. NG’Weno, “An Freedom is at Stake” inP. C. Horton, op. cit., p. 133-134.

پاری سێیەم: سروشتی ڕاستی لە هزری ئیسلامیدا

سروشتی ڕاستی لە هزری ئیسلامیدا، بەڕوونی لە سروشتی ڕاستی لە هزری پۆزەتیڤیزم بە هەموو تیۆرەکانییەوە، جیاوازە، تەنانەت ئەگەر وایش دەربکەوێت کە لە ڕووکەشدا لێکچوونێک لەنێوان ئەو و لەنێوان هەندێک لەو تیۆرانەدا هەیە.

ئەو جیاوازییەش دەرئەنجامێکی سروشتی ئەو جیاوازییە گەورەیەیە کە لەنێوان یەکەم بەڵگەنەویستی لاوەکیی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی و –کە دان بە بوونی ڕاستییە بالا ڕەهاکاندا نانێت، بە شێوەیەک کە وا دەکات کۆی بونیادی تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکان لەسەر چەند ڕاستییەکی ڕێژەیی بەرپا ببن، هەر چەندە یەکێکیشیان بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەسەر ڕاستیگەلێکی ڕەها بونیاد نراوە– لەنێوان بەڵگەنەویستە هاوتاکەی لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا، کە وا دەکات وتەزاکانی هزری ئیسلامی بە شێوەیەکی بنچینەیی پشت بە ڕاستیگەلێکی بالای ڕەها ببەستێت، کە بە گۆڕانی کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردا نایەت، چونکە سەرچاوەکەیان ئەفرێنەری کات و شوێنیشە.

لێرەدا گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕاستی لە هزری ئیسلامیدا و شێوازی گەیشتن بەو ڕاستییانە دەخەینە ڕوو، ئەمە وێڕای ڕەنگدانەوەی ئەو تایبەتمەندییانە لەسەر هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی بەگشتی و هزری ڕاگەیاندن بەتایبەتی و ئاستی جیاوازییان لە ڕاستیی پۆزەتیڤیزم.

تایبەتمەندییەکانی ڕاستیی ئیسلامی

ڕەنگە ڕوونترین تایبەتمەندی میتۆدۆلۆژیای ئیسلامی بریتی بێت لە یەکتایی ڕاستی (وحدة الحقيقة). بە پێی ئەو بنەمایە ڕاستی بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەفرێنەری بەرز و بێگەرد هەژمار دەکرێت و ناتوانرێت لێی جیا بکرێتەوە و ڕاستییش تاکانەیە، هەروەک چۆن خوای گەورە تاک و تەنهایە، چونکە ڕاستی، نەک تەنها بوونی خۆی لە ئەفرێنەرەکەیەوە دادەتاشێت، کە هەر خۆی ئەفرێنەر و هۆکاری کۆتایی بوونیەتی، بەڵکوو واتا و بەهای خۆیشی لە ویستی ئەوەوە وەردەگرێت، کە هەر ئەو ویستەی ئەو مەبەست و ئامانجی کۆتاییشیەتی[1].

لەگەڵ ئەوەشی کە ڕاستی لە ئیسلامدا یەکانەیە و فرە نابێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو شتانەی دەتوانین بە شێوەی یەکلاییکەرەوە بڵێین ڕاستیی ڕەهان، لەو دەقانە تێناپەڕن کە «قطعي الدلالة»ن و بەڵگەی یەکلاییکەرەوەیان لە قورئان

(١) إسماعيل راجي الفاروقي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

و سوننەتدا لەسەر هەیە، ئەو دەقانەش کۆتاییان پێ هاتووە و یەکلاییکەرەوەن لە بەرانبەر کەتواری ناکۆتاهاتووی ژیاندا[١].

ئەمە واتە ئەو ڕاستییانەی کە دەقێکی یەکلاییکەرەوە لە لێکدانەوەیاندا نییە، لەو بارەدا ملکەچی ئیجتیهادی ئاوەزی موسوڵمان دەبن –بە مەرجی پابەندبوونی بە ڕێبازی ئیجتیهادەوە لە ئیسلامدا– لە تێگەیشتنیان و گەیشتنە حوکم لە بارەیانەوە[٢]. هەر چەندە ئەگەری شکستی ئاوەزی موسوڵمان لە گەیشتن بە ڕاستی لەو بارەیەوە –بەو شێوەیەی کە وای لێ بکات لەو بارەیەوە لەگەڵ ئاوەزی پۆزەتیڤیزم یەکسان بێت– شتێکی ڕێگەتێچووە، بەڵام پابەندبوونی بە لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانە و کارلێککردن لەگەڵیاندا بە پێی ئەو چوارچێوەیەی کە جێگیرەکانی ئایین بۆی داناوە، ئەحکامەکانی لەو جۆرە لادان و زیادەڕەوی و هەڵانە دەپارێزێت کە ڕەنگە هاوتا پۆزەتیڤیزمەکەی تێی بکەوێت، چونکە ئەو کۆمەڵێک جێگیریی دیاریکراوی نییە کە بەو شێوەیە بپارێزێت.

بەو شێوەیە کارلێکی ئاوەزی موسوڵمان لەگەڵ ڕاستییە گۆڕاوەکان هەڵگری گیانی ڕاستییە جێگیرەکان و بنچینە و میزاجی باوەڕگەیی و ژیارییەتی[٣]، بەمەش ئەو یەکێتییە ئیسلامییە تۆکمە و گشتگیرە کە هەموو بەشەکانی بە یەکەوە بەستراون، لە هەناویدا هەڵگری بزاڤەکەیەتی، ئەو بزاڤەی کە وا دەکات ئیسلام بتوانێت هاوچەرخ بێت و لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەنگاو بنێت و شوێن و بارودۆخ و تایبەتمەندییەکان ڕەچاو بکات[٤].

---

(١) بڕوانە: محمد عمارة، أزمة الفكر الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

(٢) بڕوانە:

– سیفالدین عبد الفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤–١٥.

– أحمد عبد الغفور عطار، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥–٩٦.

– أبو اليزيد العجمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

لە بارەی ڕێکار و دیسپلینەکانی ئیجتیهاد لە ئیسلامدا، بڕوانە:

– حسن عبد اللطيف الشافعی، «تجديد الفكر الإسلامي» فی لجنة الفكر الإسلامي (إعداد) الفكر الإسلامي وعطاؤه للحياة المعاصرة، سلسلة قضايا إسلامية معاصرة عدد (٩)، (القاهرة: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، ١٤١٦، ١٩٩٦)، ص ٤٣–٤٦.

– محمود يوسف مصطفى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣–١٢٤.

(٣) محمد عمارة، أزمة الفكر الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

(٤) منير شفيق، الإسلام فی معركة الحضارة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

ڕێگاکانی گەیشتن بە ڕاستی لە هزری ئیسلامیدا

لەوەی پەیوەندیی بە توانای گەیشتن بە ڕاستییەکانەوە هەیە، ڕوانگەی ئیسلامی بەگشتی ئاڕاستەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی پۆزەتیڤیزمی هەیە. ڕوانگەی ئیسلامی وای دەبینێت کە چەند شوێنێکی دیاریکراو هەیە کە ئاوەز توانای پەیبردنیکی ڕاست و دروستی ئەو ڕاستییانەی نییە کە پێیانەوە پەیوەستن، چونکە توانا پەیبردنی سنووردار و ڕێژەیی، گرنگترینی ئەو بابەتانەش بریتین لە شتە پەنهانەکان (الغیبیات)، پەرستشەکان، بنەما ئەخلاقییەکان و ئەو ڕێسا گشتییانەی کە پێویستە سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لەسەر بڕوات و... هتد، چونکە لەو بابەتانەدا ئاوەز توانای ئەوەی نییە، بەسەربەخۆیی و بەبێ کۆمەکیی شەرع و ڕێنماییەکانی، پەیان پێ ببات[1] و هەر چەندە ئەمە لە ئیجتیهادی ئاوەز لە تێگەیشتنیان و ڕاگەیاندنی حیکمەتەکەیان و بەڵگەهێنانەوە بۆ دروستییان و باوەڕپێهێنانیان ڕێگر نییە[2]، بەو مەرجەی ئەو کەسەی ئیجتیهاد لەو پرسانەدا دەکات مەرجەکانی ئیجتیهادکردنی تێدا بێت[3]، هیچ کەسێکیش ناتوانێت بانگەشەی بێهەڵەیی و عیسمەت بکات لەو دەرئەنجامەی کە لە ئیجتیهادکردنەکەیدا پێی دەگات، مادام ئەو دەرئەنجامانە بەرهەمی هەوڵێکی ئاوەزین[4].

ئەگەر ئەمە دیدی ئیسلامی بێت سەبارەت بەو پرسانەی پەیوەستن بە شێوازی گەیشتن بە ڕاستییەکان لە بابەتە ئایینییەکاندا، ئەوا لە پرسە گۆڕاوەکانی ژیاندا، تێڕوانینی ئیسلامی تا ڕادەیەک لێکچوونی لەگەڵ تیۆری لیبرالی هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی والاکردنی ئازادیی ئاوەز لە گەڕان بەشوێن ڕاستیدا لەو بابەتەدا کە بە گۆڕانی کات و شوێن دەگۆڕێن، وەک بابەتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و... هتد، بەو شێوەیەی کە هەر خاوەنڕایەک بواری پێ بدرێت ڕای خۆی دەربببڕێت، بەڵام تێڕوانینی ئیسلامی لەوەدا لەگەڵ ڕوانگەی لیبرالیدا ناکۆکە کە داوا لە خاوەنی ئەو ڕایە دەکات کە لە ڕایەکەیدا لە «ڕێنمایی سرووش و مەبەست و بەها و

---

(١) بڕوانە:
- عمر التومی الشیبانی، مفهوم الإنسان فی الفکر الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨-٩٠.
- راجح عبد الحمید الکردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩-٦٥٠.

(٢) بڕوانە: عمر التومی الشیبانی، مفهوم الإنسان فی الفکر الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

(٣) فهمی هویدی، «المؤسسات الدینیة والرقابة علی النشر»، مجلة المسلم المعاصر، عدد (٧٧)، محرم، صفر، ربیع الأول ١٤١٦، أغسطس، سبتمبر، أکتوبر، ٩٥، ص٨-٩.

(٤) بڕوانە: صفوت حامد مبارک، مقومات الفکر الإسلامي وخصائصه، فی لجنة الفکر الإسلامي، (إعداد)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

ڕێسا و بنەما گشتییەکانی دەرنەچێت، تا گومڕا نەبێت و ئاڕاستەکەی تووشی لادان نەبێت و بە ناوی ئازادیی ‹ڕا› و وشەی بریقەداری ناوبۆشی تر تووشی هەڵخلیسکان بەرەو هەوا و ئارەزوو و گومڕایی نەبێت.»[1]

ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی ئیسلامی بۆ سروشتی ڕاستی لەسەر بونیادی هزری کۆمەڵایەتی

ئەو ڕاستییانەی کە لە سروشدا هاتوون (قورئان و سوننەتی سەحیح)، ئەو سیما گشتییانە بە هزری کۆمەڵایەتی ئیسلامی دەبەخشن، ئەو سیمایانەی کە پێویستە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆییان لە هەموو بوارە ئابووری و سیاسی و ڕاگەیاندنکارییەکان و...هتد، لەسەر بڕوات، ئەمە وێڕای ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە مرۆڤ بەشداریی پێ بکات لە بەدیهێنانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی و ئەو ڕۆڵەشی کە پێویستە دەسەڵاتی فەرمانڕەواش لەو بارەیەوە بیگێڕێت و ئەو بنچینانەشی کە پێویستە لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەیدا لەسەریان بڕوات و هەموو ئەو سیما گشتییانەی تریش کە تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی موسوڵمان دەگرێتەوە[2].

بێگومان ئەو چوارچێوەیەی کە تێۆری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی لە هەڵگۆستنی تێزەکانی لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا پشتی پێ دەبەستێت، وای لێ دەکات –لە شێوە گشتییەکەیدا– تێۆرێکی دامەزراو و پایەجێگیر بێت، نەک وا بێت بەئاسانی دووچاری گۆڕان ببێت، وەک باری تێۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکان تا لەگەڵ ڕووداو و بارودۆخەکاندا خۆیان بگونجێنن و ئەو شکستانە پڕ بکەنەوە کە لە بواری جێبەجێکردندا دووچاری بوون، چونکە ئەوان چوارچێوەیەکی جێگیری ڕاستیی ڕەهایان نییە کە لە هەڵە و لادان و هەڵخلیسکان بەدووریان بگرێت[3].

ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی ئیسلامی بۆ سروشتی ڕاستی لەسەر هزری ڕاگەیاندن

ڕوانگەی هزری ئیسلامی بۆ سروشتی ڕاستی و شێوازی گەیشتن پێی، بە دیاریکەری بنچینەیی سیما جیاوازەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی هەژمار دەکرێت، لەوەی کە پەیوەستە بە ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە، یان ئازادیی خاوەندارێتی، یان تەنانەت لەو ئەرکانەشدا کە ئەم فەلسەفەیە تێۆریزەی شێوازی ڕاپەڕاندنیان دەکات.

– لەوەی کە بە ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە پەیوەستە، دەبینین ئەو ڕاستییە ڕەهایانەی کە سروشیان لە بارەوە هاتووە، بە بابەتگەلێک هەژمار دەکرێن کە

---

(١) بەراورد بکە لەگەڵ: عبد الحميد أبو سليمان، أزمة العقل المسلم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.

(٢) بڕوانە: زينب رضوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧–٢٧٤.

(٣) بڕوانە: نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١–٢٠٢.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بواری ئەوەیان نییە بابەتێک پەخش یان بڵاو بکەنەوە کە لەژێر ناوی ئازادیی ڕا یان شتێکی تردا پێچەوانەی ئەوانە بێت، بەڵام ئەو پرسانەی کە دەقی یەکلاییکەرەوەیان لە بارەوە نەهاتووە، ڕووبەڕێک لە جیاوازی لە بارەیانەوە ڕێگەپێدراوە، بە مەرجی پابەندبوون بە هێڵە گشتییەکانی ئایین و دەرنەچوون لە جێگیرییەکانی (ڕاستییە ڕەهاکان) و بە مەرجی بوونی مەرجی شایستەیی لەو کەسانەدا کە لەو بارەیەوە قسە دەکەن، ئەمە وێڕای ڕەچاوکردنی ئاکاری ئیسلامی لە دەربڕینیدا و ئەوەی کە نیەتی پاک و بێگەرد بێت بۆ خوای گەورە و دوور بێت لە ئارەزوو و بەپاکی هەوڵی گەیشتن بە ڕاستی بدات[1].

- هەر چی سەبارەت بە ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیشە، بێگومان ئەوەی کە ئیسلام چوارچێوەیەکی جێگیری ڕاستی هەیە، کە هیچ بواریک بۆ ناکۆکبوون لە بارەیانەوە نییە، یاخود بۆ ئەوەی یەکێک بڵێت تەنها من بە شێوە ڕاستەکەی لێیان تێدەگەم نەک ئەوانی تر، ئەمە لە لایەک، هەروەها نەبوونی پارێزراوی (عصمة) بۆ هیچ ڕایەک سەبارەت بەو پرسانەی کە دەقێکی یەکلاییکەرەیان لە بارەوە نەهاتووە، یان بابەتە گۆڕاوەکانی ژیان بە ڕای ئەوانەشەوە کە لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی دادەنیشن لە لایەکی ترەوە، وا دەکەن کە کورتهەڵهێنانی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دەوڵەتدا و پاشان لەوانەدا کە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە[2] -وەک ئەوەی کە لە هزری سۆشیالیستیدا باوە و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە هزری گەشەپێدانگەراییدا هەیە-، بابەتێک بێت کە هیچ پاساوێکی نەبێت. هەر چەندە ئەمە واتای ئەوە نییە دەوڵەت بۆی نەبێت بۆ ڕێکخستنی بەیاساکراو دەستتێوەردان بکات.

- سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی سروشتی ڕاستی لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە لەسەر ئەو ئەرکانەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی دیاریی کردوون، دەبینین ڕێبازی خودایی کە لە سروشدا هاتووە، بریتییە لە پێوەر و دیاریکەری بنچینەیی ئەو ئەرکانەی کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن و شێوازی ئەنجامدانەکەشی، بە جۆرێک کە لە ڕێگەیەوە بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستە دنیایی دواڕۆژییەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی بکەن.

***

(١) بڕوانە: سعيد بن ثابت، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦-١٥١.

(٢) راشد الغنوشي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٦.

لە میانەی خستنەڕووی تێزەکانی تیۆرە پۆزەتیڤیزمەکان لە بارەی سروشتی ڕاستی و کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی بەگشتی و هزری ڕاگەیاندن بەتایبەتی و خستنەڕووی هاوتاکانیان لە تێزەکانی هزری ئیسلامی، گەیشتینە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

- ئەوەی کە لیبرالیزم چوارچێوەیەکی جێگیری ڕاستیی نییە هۆکاری ناجێگیریی تێزە هزریەکانیەتی، هەر ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت -لەوەی کە پەیوەستە بە ڕاگەیاندنەوە- بۆ ڕەخساندنی ئازادیی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی نیمچەڕەها، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەوە تاکە ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە نزیکترین وێنەی ڕاستی. ئەمە لە کاتێکدا ڕوانگەی ئیسلامی لە بونیادی هزری خۆیدا پشت بە چوارچێوەیەکی جێگیری ڕاستی دەبەستێت، کە زامنی جێگیریی تیۆری لە سیما گشتییەکانیدا دەکات و ڕێنوێنیی ئاوەزی تویژەر بۆ چۆنێتیی کارلێککردن -لەبەر ڕۆشناییدا- لەگەڵ وردەکارییە گۆڕاوەکانی ژیان بۆ گەیشتن بە نزیکترین وێنەی ڕاستی لە بارەیانەوە دەکات.

ئەمەش واتە پەیکەری گشتیی تیۆری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی بەوە دەناسرێتەوە کە جێگیرە، هەروەها -لەوەی کە بە بواری ڕاگەیاندنەوە پەیوەستە- واتە ئازادیی ڕاگەیاندن بەو چوارچێوەیەوە بەستراوە و بواری بەزاندنی نییە.

- ئەو بانگەشەیەی سۆشیالیزم کە دەڵێت بونیادە تیۆرییەکەی پشت بە ڕاستیگەلێکی ڕەها دەبەستێت. بانگەشەیەکە هیچ بنچینەیەکی لۆژیکیی نییە، چونکە ئەو ئاوەزەی ئەو لە دۆزینەوەی ئەو ڕاستییانەدا بەتەنها پشتی پێ دەبەستێت، لەوە بێتواناترە کە بە توانا سنووردار و ڕێژەییەکەیەوە بتوانێت پەی بەو ڕاستییە ڕەهایانە ببات کە پەیوەستن بەو بوونە مرۆییەوەی کە بەوە دەناسرێتەوە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە و هیچ بواڕێک بۆ گەیشتن بە چەند ڕاستییەکی ڕەها نییە، مەگەر لە سەرچاوەیەکەوە کە توانای ڕەهای هەبێت، ئەویش خودای ئەفرێنەری بەرز و بێگەردە.

- دۆزینەوە و گەیشتن بەو ڕاستییانەی بە ڕێگاکانی گەشەپێدان لە ئەزموونی ئەوروپییەوە پەیوەستن، لەگەڵ ئەوەی پشت بە بەڵگەی سەرکەوتوویی ئەو ئەزموونانە لە لانکەی مێژوویی خۆیاندا دەبەستێت، بەڵام ئەوە پاساو نییە بۆ گواستنەوەی نیمچەتەواوی ئەو ئەزموونانە و لێڕوانینیان وەک ڕاستی و ئەوەی وا بزانرێت ئیدی هەر کەسێک بیەوێت گەشەپێدان بەدیبهێنێت، پێویستە بە ڕێگەی ئەواندا بڕوات، بەتایبەت کە ئەو کۆمەڵگانە -بەتایبەت ئیسلامییەکانیان-

ئەوەندەیان تایبەتمەندی هەیە کە ڕەنگە وا بکات دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونانە لە خاکەکەیاندا بەدڵنیاییەوە شکست بهێنێت. ئەمەش وا دەخوازێت کە ڕێگاکانی گەشەپێدانی ئەو کۆمەڵگانە لە کەلەپوور و میژووی خۆیانەوە وەربگیرێت، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە شارەزایی و ئەزموونی ڕۆژئاوایی، بە شێوەیەک کە لەگەڵ شوناس و تایبەتمەندییاندا دژ نەوەستێتەوە.

بەشی سێیەم
وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی لە بارەی سروشتی دەوڵەتەوە

سەرەتا

خستنەڕووی ئەو وتەزایانەی کە هەر یەکێک لە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە بارەی سروشتی دەوڵەتەوە هەیانبووە[1] و ئەو ڕۆڵەشی کە بە هۆی ئەو سروشتەوە شایستەی دەبێت، بە دەروازەیەکی گرنگ لە تێگەیشتن لەو بنچینەیە هەژمار دەکرێت کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن پشتی پێ دەبەستن لە پەنابردن بۆ دەوڵەت بۆ هەستان بە ڕۆڵی بنچینەیی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا، یان دوورخستنەوەی بە شێوەیەکی نیمچەتەواو لە گێڕانی هەر ڕۆڵێک لەو ڕووەوە.

بەو پێیەشی کە تێزەکانی ئەو تیۆرانە لە بنچینەدا لە لایەکەوە لەسەر تێزەکانی پێشوو بونیاد نراون، لە بارەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستی، کە ئەم توێژینەوە بە ڕەخنە و بەراوردکردن تاووتوێی کردن، لە لایەکی تریشەوە لەسەر بنچینەی خوێندنەوەی کەتوار بونیاد نراون، ئەمە توێژەر لە تاووتوێی ڕەخنەییانەی ئەو تێزانە دەبەخشێت و وای لێ دەکات تەنها ئاماژە بەو شوێنەوارە نەڕێنییانە بکات کە لە جێبەجێکردنی ئەو تێزانە، لە کەتواری کۆمەڵایەتیدا بەگشتی و ڕاگەیاندنیشدا بەتایبەتی، کەوتوونەتەوە.

ئەم بەشە بۆ سێ پار دابەش بووە:

پاری یەکەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا

پاری دووەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەراییدا

پاری سێیەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا

---

(١) زاراوەی دەوڵەت ئاماژە بۆ پتر لە واتایەک دەکات؛ هەندێک جار فراوانە و واتای ئەو «کۆمەڵە تاکەیە کە ناوچەیەکی دیاریکراودا بە شێوەیەکی هەمیشەیی و ڕەوایانە سەربەخۆ لە هەر دەسەڵاتێک دەژیین و حکومەتێکی ڕێکخراویان هەیە، کە دانانی یاسا و جێبەجێکردنی بەسەر هەموو تاکەکاندا لەئەستۆ دەگرێت». ڕایمۆند کارفیلد، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٦، جاری واش هەیە واتاکەی تەسکە و ئاماژەیە بۆ «ئەو دەستەیەی کە دەسەڵات بە ناوی کیانی کۆمەڵاتییەوە پیادە دەکات.» ئەویش «حکومەتە». بڕوانە: عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

– بەو پێیەشی ئەوەی بۆ توێژەر گرنگە تاووتوێ بکرێت لە باسکردنی دەوڵەتیدا، ڕۆڵی دەوڵەتە وەک دەسەڵاتێکی کاریگەریی ڕوون لە پرۆسەی ڕاگەیاندن لەو کۆمەڵگەیەی کە ئەم دەسەڵات بە ناوییەوە پیادە دەکات، ئەمە وا دەکات توێژەر ئەم زاراوەیە بە شێوەیەک بەکار بهێنێت کە لە واتا بەرتەسکەکەیەوە نزیک بێت، کە بریتییە لەو دەستەیەی کە دەسەڵات لە کیانی کۆمەڵایەتیدا پیادە دەکات؛ کە حکومەتە.

پاری یەکەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا

ئەو وتەزایانەی کە هزری لیبرالی لە بارەی سروشتی دەوڵەتەوە لە قۆناغی کلاسیکیدا پێشکەشی کردوون، بەڕوونی جیاوازن لەوانەی لە قۆناغی لیبرالیزمی نوێدا پێشکەسی کردوون، ئەو جیاوازییەش بۆ جیاوازیی ئەو پێداوە مێژوویی و کۆمەڵگەییانە دەگەڕێتەوە کە بەشداریان لە دروستکردنی هەر یەکێک لەو قۆناغانەدا کردووە، هەروەک چۆن بۆ جیاوازیی ئەو پێداوە هزرییانە دەگەڕێتەوە کە هزری لیبرالی لە هەردوو قۆناغەکەدا گریمانەکانیان لە بارەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستی سوودی لێ وەرگرتوون، بەو پێیەی کە ئەو گریمانانە لەو پێشەکییە گرنگانە هەژمار دەکرێن کە بەشداریان لە دروستکردنی تێڕوانینی هەر یەکێک لەو دوو قۆناغە بۆ سروشتی دەوڵەت و سروشتی ئەو ڕۆڵە کردووە، کە دەکرێت لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی مرۆڤدا لەم بوونەدا بیگێڕێت.

داخوازی یەکەم: سروشتی دەوڵەت لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا

هزری لیبرالی کلاسیکی تێزەکانی خۆی لە بارەی دەوڵەتەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو گریمانانە بەرپا کرد کە لە بارەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستییەوە هەیبوون، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێداوە مێژوییانەدا بەرپای کردن کە هەیبوو، لە بارەی ئەو ڕۆڵەی کە دەوڵەت لە مێژووی پێشووی خۆیدا گێڕابووی، کە تێیدا دەوڵەت لە زۆربەی کاتەکانیدا –بەتایبەت لە ماوەی فەرمانڕەوایی ڕەهای پێش دەرکەوتنی هزری لیبرالی- وەک ئامرازی زۆرداری و کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندن بەسەر زۆرینەی هاوڵاتییەکانیدا دەرکەوت. تەنانەت هزری لیبرالی وەک ئەوە دەرکەوت کە بەگشتی کاردانەوەیەک بووبێت بۆ ستەمکاریی سیاسی دەوڵەت لەو کاتەدا[1] و ئەو دەرئەنجامە خراپە زۆرانەشی کە لە ژیانی کۆمەڵگەو تاکەکاندا لێی کەوتبوونەوە.

لێرەدا گریمانە بنچینەییەکانی هزری لیبرالی لە بارەی سروشتی دەوڵەتەوە دەخەینە ڕوو

دەوڵەت قەوارەیەکی ئامرازیی میکانیکییە (کیان آلي): هزری لیبرالی وەک ئامێرێکی میکانیکی لە دەوڵەت دەڕوانێت، کە تەنها بە هۆی هێزی ماددییەوە

(١) فاروق شلبی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

پارچە پارچە لە شتێکدا پێکەوە گرێ دراون[١]، کە بە حکومەت ناو دەبرێت. ئەو حکومەتەش تەنها کۆمەڵە کەسێکە کە دەسەڵات و توانایان بۆ دەرکردنی بڕیاری پابەندکەر بۆ ئەو تاکانە هەیە کە لە چوارچێوەی هەرێمێکی دیاریکراودا دەژین، هەروەها ئەوان دەسەڵاتی بەکارهێنانی زەبریان بۆ ناچارکردنی تاکەکان لەسەر گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانیان هەیە و بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە بەکارهێنانی زەبریان لەسەر بنچینەی ڕەوایەتییە[٢].

دەوڵەت شەڕێکە هەر دەبێت هەبێت (شر لابد منه)[٣]: هزری لیبرالی، لە سایەی ئەو تێڕوانینەی بۆ مێژووی دەوڵەت، لە دەستدرێژیکردنە سەر مافی تاکەکان و بێبەشکردنیان، هەروەها لە سایەی تێڕوانینی بۆ مرۆڤ، کە بوونەوەرێکی ئاوەزمەند و ئەخلاقییە و پەی بە ڕاستی دەبات و پێوەی پابەند دەبێت، ئەو ڕاستییەی کە کتێبێکی کراوەیە بۆ هەمووان و لەسەر دەستەبژێر قۆرخ نییە، لە سایەی ئەمانەوە بڕوای وایە ئەو ئامێرە میکانیکییە (دەوڵەت) شەڕێکە هەر دەبێت هەبێت. شەڕە، لەبەر ئەوەی ڕابردووەکەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەستدرێژیکەرە، خراپەکار و گەندەڵە، ناکارایە، هەر چەندە پێویستیشە هەبێت بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و تاکەکانی بە شێوەیەکی سروشتی لە تاوانباران و قوتارکردنی لەو زیانمەندانەی کە بۆ تۆڵەکردنەوە لەبریی ئەوەی پەنا بۆ یاسا ببەن، خۆیان تۆڵە دەکەنەوە[٤].

بەو شێوەیە لیبرالیزم بڕوای وایە کە دەوڵەتی کلاسیکی کاتێک کەمتر فەرمانڕەوایی دەکات، لە باشترین باریدا دەبێت، هەروەها -بە وتەی «ئیدمۆند بێرک»- وا لە دەوڵەت دەڕوانێت کە ڕێگری لە شەڕ و خراپەی زیاتر دەکات و دەتوانێت کەمێک کاری باش بکات[٥].

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە پەڕگیرە بۆ سروشتی دەوڵەت، هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی کاری لەسەر تەسککردنەوەی سنووری ئەو ڕۆڵە کردووە کە دەکرێت

---

(١) بڕوانە: عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧-٥٥.

(٢) مصطفی کامل، دراسة فی النظرية السياسية، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨-٢٩٩.

(٣) لە بارەی ئەو گریمانەیەوە، بڕوانە:

-حورية مجاهد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣-١٥٤.

- إبراهيم درويش، الدولة: نظريتها وتنظيمها، دراسة فلسفية تحليلية، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦٩)، ص٢١١.

(٤)- مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.

-عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

مالک أبو شهيوة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٢.

دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا (ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن...) بیگێڕێت، کە دەکرێت لە میانەیەوە، لە ڕووی پاراستنەوە، ڕێگە بۆ بەدیهاتنی مەبەستی تاکەکان خۆش بکات.

ئەم گریمانانە –لەسەر بنچینەی ئەوان لیبرالیزمی کلاسیکی ڕۆڵی دەوڵەتی لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی لە لایەنە پارێزگارییەکەیدا کورت هەڵهێنا- چەندین خاڵی نەرێنیی لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی و لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنیش لێ کەوتەوە.

لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی، کورتهەڵهێنانی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە ڕووە پارێزگارییەکەیدا، بۆ خراپبەکارهێنانی بەشێکی بچووک لە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی کە لە چینی سەرمایەدارین، بۆ بەشی زۆینەی ڕۆڵەکانی کە لە چینی کرێکارن، سەری کێشا.

لە ڕووی ئابووریشەوە دەستگرتنی دەوڵەت لە دەستوەردان لە ژیانی ئابووریدا –گوایا بۆ ئەوەی ڕکابەریی ئازادانە نەکوژێت- بۆ ئەوە سەری کێشا کە خاوەن توانا ماددییە زەبەلاحەکان لە ڕۆڵەکانی چینی سەرمایەداری، لە ڕێگەی قۆرخکاری زەبەلاحەوە، ئەو کارە بکەن.

لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە، بە هەمان شێوە، گرتنی دەستی دەوڵەت لە دەستوەردان لە ئازادیی ڕاگەیاندندا، بۆ خراپبەکارهێنانی ئەو ئازادییە لەلایەن هەندێکەوە سەری کێشا، هەروەک چۆن دەستگرتنی ئەو لە ئازادیی خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕەخساندنی هەلی تەواو لەبەردەم سەرمایەدارییەکاندا بۆ بەرپاکردنی قۆخکاریی زەبەلاح لەو بوارەدا سەری کێشا، بە شێوەیەک کە خەریک بوو بازاڕی ئازاد بیروڕا و زانیارییەکان بکوژێت.

داخوازی دووەم: سروشتی دەوڵەت لە لیبرالیزمی نوێدا

ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەی کە جیهانی ڕۆژئاوایی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بەخۆیەوە بینیی، بەشداربوون لە هەموارکردنی تێڕوانینی هزری لیبرالی بۆ سروشتی دەوڵەت و ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە بیگێڕێت.

دەوڵەت بریکارێکی ئەرێنییە

لیبرالیزمی نوێ وای بۆ دەچێت کە دەوڵەت بریکارێکی ئەرێنییە، دەتوانێت بەشداری بکات لەوەی وا لە تاکەکانی بکات بە شێوەیەکی کارایانە چێژ لە ئازادییەکانیان وەربگرن[1]، نەک تەنها وەستان لە سنووری پابەندبوونی نەرێنییانە بە دەستوەرنەدانە ئەو ئازادییانە[2]. واتە ئیدی وەک ئامرازێکی پاسەوانیکردن لە دەوڵەتی نەڕوانی، بەڵکوو وەک ئامرازێک لێی دەڕوانی کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری لە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەی لیبرالیدا بکات[3].

لەو پێناوەشدا لیبرالیزمی نوێ مافی دەستتێوەردانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی بە دەوڵەت بەخشیوە، بە شێوەیەک کە پاڵپشتیی ئازادییە ئەرێنییەکان بکات و بەشداری لە بەدیهاتنی خۆشگوزەرانیی گشتیدا بکات. بە مەرجێک ئەو دەستتێوەردانەی خراپەگەلێکی وای لێ نەکەوێتەوە کە لەو شتانە خراپتر بن کە لایان دەبات[4].

لەگەڵ ئەوەی ئەم دیدە نوێیەی کە لیبرالیزمی نوێ لە بارەی سروشتی دەوڵەت وەک بریکارییەکی ئەرێنی تەبەنیی کرد، جۆرێک لە لۆژیکی تێدایە و ئەو ڕۆڵەشی کە خستوویەتیە ئەستۆی بۆ بەدیهاتنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەی لیبرالی مەعقوولە، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە خرایە ئەستۆی دەوڵەت، ئەو دەرئەنجامە خوازراوەی نەبوو

(١) جورج، هـ. سباین، سەرچاوەی پێشوو، کتێبی چوارەم، ل٩٦٧.
– سامیة محمد جابر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(٢) بڕوانە: محمد عصفور، الحریة فی الفکرین الدیموقراطی والاشتراکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.
– هەروەها بڕوانە: جورج هـ سباین، سەرچاوەی پێشوو، کتێبی چوارەم، ل٩٦٠.

(٣) بڕوانە: محمد ممدوح العربی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.
هەر لەو بارەیەوە گوزارەی دەوڵەتی پاسەوان (الدولة الحارسة) کە بەڵگە بوو لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا، بۆ گوزارەیەکی نوێ گۆڕا کە بریتی بوو لە دەوڵەتی ئامێزگە (الدولة الحاضنة)، وەک ئاماژە بۆ ڕۆڵەکەی لە لیبرالیزمی نوێدا.
– بڕوانە: موریس فلامان، اللیبرالیة المعاصرة، ترجمة تمام الساحلی، (بیروت: المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، ١٩٩٠)، ص٤٧–٤٨.

(٤) جورج هـ. سباین، سەرچاوەی پێشوو، کتێبی چوارەم، ل٩٦٧.

که چاوەڕێی دەکرا، ئەمەش بوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ڕەوتێکی هزریی نوێ[1]، کە ڕوانین بۆ دەوڵەت وەک بریکارێکی ئەرێنی ڕەت دەکاتەوە و هەموو ئەو قەیران و کێشانەی دەخاتە پاڵ کە وڵاتانی سەرمایەداری لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە بەخۆیانەوە بینیوە و داوا دەکات ڕۆڵەکەی لە بواری پاراستندا کورت هەڵبهێنرێت. ئەمە ئەو باسەیە کە کەمێک بەدرێژی لە بەشی داهاتوودا باسی دەکەین.

هەروەها سەبارەت بە ئاستی ڕاگەیاندن، کەتواریش دەستتێوەردانێکی کارای لەلایەن دەوڵەتەوە بەخۆوە نەبینی بۆ زاڵبوون بەسەر خاڵە لاوازەکانی ئەو ئازادییەی لە دیدی کلاسیکیدا زیادەڕەویی تێدا کرابوو، هەروەها قۆرخکاری ببوو بە هۆکارێک کە هەڕەشەی لە فرەیی و هەمەچەشنی و مافی تاک بۆ گوزاشتکردن لە ڕای خۆی دەکرد، بەڵکوو ئەو قۆرخکارییانە هەڵئاوسانێکی ڕوونیان بەخۆیانەوە بینی[2]، هەر چەندە ئەمە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە چەند وڵاتێکی لیبرالی هەبووە، کە دەوڵەت تێیاندا ڕۆڵێکی ڕوونی لە لێدان لەو قۆرخکارییانە و پاشان پاڕێزگاریکردن بە پێی توانا لە فرەیی و هەمەچەشنی هەبووە، فەرەنساش لەو ڕووەوە نموونەیەکی دیارە[3].

---

(١) سەبارەت بەم ڕەوتە هزرییە نوێیە، بڕوانە:
- رمزی زکی، الليبرالية المتوحشة، (القاهرة دار المستقبل العربی، ١٩٩٣)، ص٢٤-٢٧.

(٢) بڕوانە: محمد أحمد البادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢. هەروەها لە بارەی زیادبوون و هەڵاوسان و گەورەبوونیان لە ئینگلتەرا، بڕوانە: سليمان صالح، «الإعلام الدولی وسيطرة الشركات متعددة الجنسية»، مجلة الدراسات الإعلامية، عدد (٦٧)، (القاهرة: المركز العربی الاقليمی للدراسات الإعلامية، ابريل – يونيو ١٩٩٢)، ص١٤.

(٣) بڕوانە: عبد اللطيف حمزة، أزمة الضمير الصحفی، (القاهرة: دار الفكر العربی، ١٩٦٠)، ص١٢.

پاری دووەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەسەندنگەراییدا

داخوازی یەکەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستیدا

قسەکردن لە سروشتی دەوڵەت لە هزری سۆشیالیستیدا وا دەخوازێت ئەو تێڕوانینە گشتیە بخرێتە ڕوو کە مارکسیزم بۆ سروشتی دەوڵەت هەیەتی، پاشان ڕوونکردنەوەی دیدی مارکسیزم بۆ ئەو سیمایانەی دەوڵەتیان پێ جیا دەکرێتەوە و ئەو ڕۆڵەشی کە لەو سێ قۆناغە مێژوویییەدا دەیگێڕێت، کە پەرەسەندنی مێژووی مرۆییان پێدا تێدەپەڕێت، کە بریتین لە قۆناغەکانی چەوساندنەوە (الاستغلالیة)، کە ئەمانە دەگرێتەوە: کۆمەڵگەی کۆیلایەتی، کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، کۆمەڵگەی سەرمایەداری. هەروەها قۆناغی سۆشیالیستی و قۆناغی شیوعی و ڕەنگدانەوەی ئەو دیدە لەسەر کەتواری ڕاگەیاندن لە وڵاتانەدا کە هزری سۆشیالیستییان جێبەجێ کردووە.

یەکەم: سیما گشتییەکانی سروشتی دەوڵەت

مارکسیزم –لەمڕووەوە هەروەکوو لیبرالیزم- وەک کیانێکی میکانیکی (آلی) لە دەوڵەت دەڕوانێت. ئەو کیانەش لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگەی چینایەتییەوە دەرکەوتووە و هێزێکی ماددییە، یان بە واتایەکی تر ئامرازی زەبرە، چینی بالادەست لە ڕێگەیەوە ئابووریییانە هەژموونی خۆی بەسەر چینەکانی تردا پیادە دەکات[1].

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا مارکس دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت وەک دەسەڵاتێکی ڕێکخراوی چینێک، بۆ چەوساندنەوەی چینێکی تر، یان چینەکانی تر، وێنا دەکات[2]، چونکە ئەو دەسەڵاتە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی کۆی خەڵک ناکات، بەڵکوو نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی ئەو چینە دەکات کە لە ڕووی ئابووریییەوە بالادەستە. هەروەها ئەو دەسەڵاتە لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی ئەو چینەی کە نوێنەرایەتیی دەکات، دەست لە بەکارهێنانی هێز بۆ کپکردنی چینەکانی تر و ملکەچکردنیان ناپارێزێت. هەروەک چۆن بۆ هەمان مەبەست دەستە پەرلەمانی و دەزگا کارگێڕییەکان و دامەزراوەکانی تریش، کە پێکەوە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت پێک دەهێنن، بەکار دەهێنێت[3].

---

(١) بڕوانە:

- C. W. Mills, op. cit., p. 89.
- F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p 110,

عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(٢) کارل مارکس، فردریک أنجلز، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

(٣) ف. ج – افانا سییف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

دووەم: سیماکانی دەوڵەت لە قۆناغە مێژوویییە جیاوازەکاندا

ئـ. قۆناغی چەوساندنەوە (المرحلة الاستغلالية): مارکسیزم بڕوای وایە کە دەوڵەت لەم قۆناغەدا تەنها ئامرازێکە بۆ پاراستن و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی چینی فەرمانڕەوا، لە میانەی ئەو وەزیفە ناوخۆیی و دەرەکییانەی جێبەجێی دەکات، هەر چەندە وەزیفە ناوخۆییەکان بنچینەن و هەر ئەوانیش بڕیار لە هەموو کاروبارە دەرەکییەکانی دەوڵەت دەدەن[1].

دەکرێت وەزیفە ناوخۆییەکەی لەوەدا کورت بکەینەوە کە بریتییە لە کارکردن لەسەر ملکەچکردنی چینی چەوساوە بۆ کۆمەڵێک لە نوێنەرانی چینی دەسەڵاتدار[2]، لەسەر ئاستی دەرەکییش ئامرازێکی گرنگە بۆ دەستگرتن بەسەر خاکی دەوڵەتانی تر و ملکەچکردنیان بۆ خراپبەکارهێنانیان، هەروەها ئامرازێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی بۆ سەر خاکەکەی[3].

ب. قۆناغی ڕاگوزەر (سۆشیالیستی): ئەم ماوەیە دەکەوێتە نێوان سەرەتای وەرچەرخان لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە بۆ تەواوبوونی قۆناغی بونیادنانی کۆمەڵگەی شیوعی. ئەو ماوەیە پێی دەوترێت «قۆناغی سۆشیالیستی» و لە میانەیدا کۆمەڵێک وەرچەرخانی شۆڕشییانە ئەنجام دەدرێت، کە دەوڵەت تێیاندا تەنها ئامرازێک دەبێت بەدەست چینی باڵادەستەوە، کە «چینی پڕۆلیتار»ە، بە شێوەیەک کە بتوانێت لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگەی شیوعی بەخێرایی بەرپا بکات، هەر چەندە دەوڵەت لەم بارەدا لە هاوشێوەکانی خۆی لە قۆناغە مێژوویییەکانی پێشووی جیاوازە لەوەی کە پەیوەستە بە سروشتە چینایەتییەکەی، شێوازی ڕێکخستنەکەی و ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت.

ئەگەر دەوڵەت لە قۆناغی چەوساندنەوەدا ئامرازێک بووبێت بۆ ملکەچکردنی زۆرینە بۆ ویستی کەمینە، ئەوا دەوڵەتی دکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بریتییە لە سیستمی فەرمانڕەوایەتیی چینی کرێکار، کە بە هاوکاریی کرێکارانی بەشەکانی تری گەل، ئەو چەوەساندنەوەیە تێک دەشکێنێت کە کەمینە پیادەی دەکەن و کۆمەڵگەیەک

– هەروەها بڕوانە: کمال صلاح محمد رحيم، السلطة فی الفكرين الإسلامي والماركسی: دراسة مقارنة، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٨٧)، ص٢٠١– ٢٠٢.

(١) ف. ج. افانا سییف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩.

(٢) بڕوانە: –کوتافین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢،
– ف. ج. افانا سییف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٠.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٠.

بونیاد دەنێت کە چینی جیاوازی تێدا نابێت[١]، بەڵکوو هەر لەبنچینەدا چینی تێدا نابێت[٢]. هەروەها ڕەوڕەوەی مێژوو خێرا دەکات، کە بە شێوەیەکی حەتمی بەرەو قۆناغە باڵاکەی هەنگاو دەنێت –قۆناغی شیوعی- کە تێیدا هەموو ئەو شێوازانەی چەوساندنەوە و خراپبەکارهێنانە کۆتاییان دێت کە دەوڵەت پەنای بۆ دەبردن، دواتر ئەو ئازادییە ڕاستەقینەیەی تێدا دێتە دی کە ئاواتی هەموو مرۆڤێکە. ئەمەش وا دەکات هەر جۆرە زەبر یان توندوتیژییەک کە دەوڵەتی دکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا ئەنجامی بدات، پاساوی هەیە، مادام وەک پێویستییەکی کاتی ئەنجام دەدرێت و پرۆسەی پەلەکردن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی فیردەوسی دەیخوازێت[٣].

پ. قۆناغی شیوعی: ئەم قۆناغە وەک قۆناغی باڵای مێژووی مرۆیی لێی دەڕوانرێت، کە مرۆڤ لە میانەیدا ئازادیی ڕاستەقینەی خۆی بەدی دەهێنێت و تێیدا هەموو ئەو شێوازانەی چەوساندنەوە کۆتاییان دێت کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات.

کاتێکیش فەرمانڕەوایی چینایەتی کۆتایی پێ دەهێنرێت، –وەک ئەوەی ئەنگڵس دەڵێت– شتێک نامێنێت کە پێویستی بە فشار و ملکەچکردن بێت، کاتێک دەوڵەت، وەک هێزێکی ملکەچپێکەری تایبەت، بەڕەهایی دەبێتە شتێکی ناپێویست، ئیدی یەکەم کارێک کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات و بەو هۆیەوە خۆی دەکاتە نوێنەری ڕاستە قینەی کۆمەڵگە بەگشتی –واتە دەستگرتنی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بە ناوی کۆمەڵگەوە-، خودی ئەو کارە کۆتا کاری سەربەخۆیە کە دەوڵەت دەیکات. بۆیە ئیتر دەستتێوەردانی دەوڵەت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێتە شتێکی ڕووکەشی، لەدوای ئەوەش خۆبەخۆ نامێنێت، ئیدی بەڕێوەبردنی شتەکان لەلایەن کەسەکانەوە جێی دەگرێتەوە، واتە دەوڵەت لەناو نەبراوە، بەڵکوو خۆی خۆبەخۆ مردووە[٤].

لەگەڵ ئەوەی کە مارکس و ئەنگڵس بڕوایان وا بوو کە تەنها بە نەمانی جیاوازی و دژایەتیی چینایەتی دەوڵەت بەخێرایی نامێنێت، تڕۆتسکی و لینین

---

(١) بڕوانە: کوتافین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٢) چونکە خودی چینی پڕۆلیتار، دوای بەدیهاتنی سەرکەوتن، نامێنێت.
- R. C.Tucker (ed.),The Marx - Engels Reader, 2nd edition, (New York: W. W. Norton & Company1978), p. 134.

(٣) یوری بوبوف، دراسات فی الاقتصاد السیاسی، (موسکو: دار التقدم، ١٩٨٥)، ص١٣٥.

(٤) بڕوانە: ملحم قربان، القوة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١-٢٥٢.

بڕوایان وایە کە دەوڵەت پلەبەپلە خامۆش دەکرێت[١]، بەڵام ستالین باوەڕێکی نوێی بۆ دەوڵەت دارشت، کە پێی وا بوو هێزی دەوڵەت و سوپا و پۆلیسەکەشی، مادام یەکێتیی سۆڤیەت بە هێزە سەرمایەدارییەکان دەورە دراوە، پێویستیی بوونی هەر دەمێنێت[٢].

هەڵسەنگاندنی دیدی مارکسی بۆ سروشتی دەوڵەت

دیدی مارکسی بۆ سروشتی دەوڵەت ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنەی توند بووەوە، دەتوانین گرنگترینیان لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

– تێڕوانینی مارکسی بۆ دەوڵەت تا ڕادەیەکی مەترسیدار لە سادەییدا ڕۆچووە، چونکە دەوڵەت لە وڵاتانی دیموکراسیدا ئیدی ئەو ئامرازە یان لیژنە جێبەجێکارییە نەما بەدەستی چینی باڵادەستەوە، بەڵکوو ئامرازی هەر چین یان هاوپەیمانێتییەکە کە لە بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەراندا سەرکەوتوو بێت، چونکە جاری وا هەیە گەورە بازرگانەکان سەرکەوتوو دەبن، جاری واش هەیە جووتیاران یان کرێکاران یان هاوپەیمانێتیی نێوانیان[٣].

– ئەو دیدەی مارکسیزم کە پەیوەستە بە فراوانبوونی ئەو ململانێ چینایەتییەی کە بۆ قۆناغی سۆشیالیستی سەر دەکێشێت، نەهاتە دی، بەڵکوو پێچەوانەکەی هاتە دی. ئەوەها بۆرژوازی توانیی داهاتی نەتەوەیی لە بەرژەوەندیی کۆی هاوڵاتییان دووبارە دابەش بکاتەوە، بە چینی پرۆلیتاریشەوە، هەر چەندە خۆی بەشە گەورەکەی بۆ خۆی دانا، بەڵام بەم کارە توانیی بەسەر ململانێی چینایەتیدا زاڵ ببێت. ئەمەش تا ڕادەیەک ڕوانین لە دەوڵەت وەک ئامرازی زەبر و چەوساندنەوە بەدەستی چینی باڵادەست ڕەت دەکاتەوە[٤].

– لەوەی کە پەیوەستە بەو وتەیەی کە دەڵێت دەوڵەت «وەک ئامرازی زەبر» لە قۆناغی شیوعیدا نامێنێت، بەوە ڕەت دراوەتەوە کە لە هەموو ڕووداوەکاندا پێویستە لەناو کۆمەڵگەی ئاڵۆزدا هەندێک ئامرازی داپڵۆسین هەبێت، کە ڕێگە لەوە دەکرێت ململانێکان بگەنە خاڵی تەقینەوە، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە پاسەوانێکی

---

(١) فرانسوا تشاتل، أولیفردیهمل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٩.

(٢) کوتافین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

– هەروەها بڕوانە:

– F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., P. 114

(٣) سدنی هوک، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٤) بڕوانە: حامد عبد الماجد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

ئەمین بۆ بەرژەوەندیی گشتی، ئەو جۆرە ململانێیەش ئەگەری ڕووداتی زۆرە، چونکە پێویستییەکان بێسنووورن و سامانەکانیش سنووردار، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ هاتنەکایەی ئەو جۆرە ململانێیە[1].

- ئەگەر پێگەیشتنی پەرەسەندنی ئابووری -بە شێوەیەک کە ڕێگە بۆ تێربوونی تەواوی هەموو تاکەکان لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا خۆش بکات- بە شێوەیەکی بنچینەیی پشت بە دەوڵەت ببەستێت، ئەوا بەبێ بوونی پلان و هەماهەنگی گشتی و گشتگیر، بەردەوامبوونی ئەو گەشەکردنە لە قۆناغی شیوعیدا چاوەڕوانکراو نابێت، ئەمەش بەدڵنیاییەوە پێویستبوونی دەوڵەت دەسەپێنێت[2].

کەتواری دەوڵەتە سۆشیالیستییەکانیش تا ئەم ساتە -سەبارەت بەو دەوڵەتانەی تا هەنووکە دەستیان بە جێبەجێکردنی سۆشیالیزمەوە گرتووە- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نەمانی دەوڵەت تەنها گریمانەیەکی تیۆری بوو کە هیچ بنچینەیەکی کەتواریی نەبوو و تەنها بینینی خەونێکی جوان بوو بە نەمانی ئەو زەبر و توندوتیژی چەوساندنەوەیەوە کە مرۆڤایەتی لە زۆرێک لە قۆناغە مێژوویییەکانیدا لەسەر دەستی دەسەڵاتێک کە نوێنەری دەوڵەت بووە، بەدەستیانەوە نالاندوویەتی.

هەروەها کەتواری ڕاگەیاندنیش -وەک لە دەروازەی داهاتوودا بەدرێژی باسی دەکەین- بوو بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت لە قۆناغی سۆشیالیستیدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کرد بە ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی پاڵپشتیکردنی هێز و زاڵێتیی خۆی، تەنانەت دوای ئەوەشی کە بۆرژوازی لە کۆمەڵگەکانیدا شوێنەواریان نەما، بەڵکوو هەندێک لە سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە لە بەکارهێنانیان بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان درابوو، لایان دا و ئەو ئامرازانەیان بۆ خزمەتی کەسیی خۆیان بەکار هێنا و لەسەرووی هەموشیانەوە مانەوەیان لە پێگەی دەسەڵاتدا[3].

---

(١) سدنی هوک، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

(٢) طارق حجي، نقد الماركسية، ط٤ (القاهرة: مكتبة نهضة مصر، ١٩٨٩)، ص٤١.

(٣) بڕوانە: محمد سيد محمد، الإعلام والتنمية، ط٣، (القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٨٥)، ص١٥٣.

داخوازی دووەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەراییدا

تێگەیشتن لە سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەراییدا وا دەخوازێت کە لە کەتواری کۆمەڵگەکانی جیهانی تازەگەشەسەندوو و ئەو ئامانجانەش تێبگەین کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن. دەکرێت لەنێوان کەتواری ئەو کۆمەڵگانە و مەبەستەکانیاندا سروشتی ئەو دەوڵەتە بدۆزرێتەوە کە بە پێی هزری گەشەپێدانگەرایی بۆ ئەو کەتواڕە گونجاوە و دەتوانن بەرەو باشتر پەرەی پێ بدەن.

بەو پێیەشی کە تۆێژەر لە دەروازەی پێشوودا ئەو مەبەستانەی خستە ڕوو کە کۆمەڵگە تازەگەشەسەندووەکان هەوڵی بۆ دەدەن، کە دەکرێت لە گەیشتن بە کاروانی جیهانی پێشکەوتوودا کورتی بکەینەوە، بۆیە لێرەدا تەنها بەخێرایی گرنگترین سیماکانی کەتواری ئەو کۆمەڵگانە دەخەینە ڕوو، هەروەها ئەوەی کە پێویستە سروشتی دەوڵەت لەو کۆمەڵگانەدا لەسەری بێت، تا بتوانێت ئەو مەبەستانە بەدی بهێنێت.

کەتواری کۆمەڵگەکانی جیهانی تازەگەشەسەندوو

ئەو کەتوارەی کە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی تازەگەشەسەندوو تێیدا دەژین، بەوە جیا دەکرێتەوە کە بە جۆرێک لە کۆمەڵە بارودۆخێکدا هاوشێوەن کە بتوانین یەک جۆر وێنا بەسەر ئەو وڵاتانەدا دابڕێین. ئەوەتا زۆرینەی ئەو وڵاتانە تازەپێگەیوو و فشەڵن و زۆربەی گەلەکانیان نەخوێندەوارن و دامەزراوەی جێگیریان نییە[1].

هەروەها هەندێک جار ئینتیمای ڕۆڵەکانیان بۆ ڕەچەڵەک یان ئایین یان گرووپ یان خێڵ یان هۆز، لەسەروو ئینتیمایانە بۆ دەوڵەت[2]، ئەمەش -بە شێوەیەکی خۆبەخۆ- ڕەنگدانەوەی لەسەر نەبوونی هەستکردن بە هاوڵاتیبوون هەبووە، کە بنچینەی یەکگرتوویی هەر کۆمەڵگەیەکە، ئەمە وێڕای ڕەنگدانەوەی لەسەر نەبوونی کەڵەکەبوونی ژیاری لەنێوان تاکەکانی یەک کۆمەڵگەدا[3].

لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەو وڵاتانە: لاوازیی ئابووری و نەتوانینی ڕکابەری لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لەلایەن دامەزراوە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتانەوە،

---

(١) بڕوانە:

- R. Tatarian, op. cit., p. 43.

- لە بارەی ڕەنگدانەوەی ئەو فرەییە لەسەر یەکێتیی دەوڵەت بۆ نموونە لە ئەفەریقا، بڕوانە: حمدی عبد الرحمن حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧-٣٥.

(٢) بڕوانە، سویم العزی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

یان جێگرتنەوەی هەندێک پرۆژەی ئەو کۆمپانیایانە[1]، هەروەها نەبوونی هەندێک دامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بتوانێت بەرژەوەندیی تاکەکان بە شێوەی سەربەخۆ لە دەوڵەت بەدی بهێنێت. خۆ ئەگەر هەشبن، ئەوا زۆربەی کات بەدەست لاوازی و ناڕێکییەوە دەناڵێنن.

ئەم بارودۆخە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشتر باسمان کرد لە بارەی ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگانە تازە سەربەخۆن و لە زۆربەیاندا گیانی یەککگرتوویی و تەبایی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری نییە، ئەوە لە بەرئەنجامی بوونی ململانێی تایەفەگەری و ڕەچەڵەکی[2].

سروشتی ئەو دەوڵەتەی کە بۆ کەتواری کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم گونجاوە

هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەرایی لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی یان سۆشیالیستی جیاواز نییە لە ڕوانین بۆ دەوڵەت وەک «کیانێکی میکانیکی» یان «ئامرازێکی دەستکرد» کە ڕۆڵێکی دیاریکراوی لە بەدیهێنانی مەبەستە باڵاکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵکوو ئەم هزرە لە پێشکەشکردنی ئەو ڕۆڵەدا جیاوازە کە دەکرێت ئەو ئامرازە لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی تازەگەشەسەندوودا بگێڕێت. ئەم جیاوازییەش لە دەرئەنجامی چەند خاڵێکە، لەوانە: ئەو تایبەتمەندییانەی کە مرۆڤیان لەم کۆمەڵگانەدا پێ جیا دەکرێتەوە، بارودۆخی ژینگەیی و کۆمەڵگەیی ئەو وڵاتانە، ئەمە وێڕای تێگەیشتنی هزری گەشەپێدانگەرایی بۆ سروشتی ڕاستی و ئەوەی کە خاوەندارێتیی دەکات.

لە سایەی هەموو ئەمانەوە، شتێکی سروشتی بوو کە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەرایی وا تیۆریزەی ئەو ڕۆڵە بکات کە دەوڵەت، بە سەرکردایەتیی دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر و خاوەن شارەزایی تەواو لە ڕێبازەکانی گەشەپێداندا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگەی تازەگەشەسەندوو، دەیگێڕێت، کە ڕۆڵێکی سەرکردانەیە، چونکە هەر لە میانەی ئەوەوە کۆمەڵگە دەتوانێت تەواوکاریی خۆی بەدی بهێنێت و لە یەک کیاندا بتوێتەوە[3]، هەروەها لە میانەی دەزگا حکومییەکەیەوە سەرکردایەتیی پرۆسەی گەشەپێدان[4] لە هەموو بوارەکانیدا (سیاسی، ئابووری،

---

(١) مصطفى كامل، دراسة فى النظرية السياسية، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٧.

(٢) بڕوانە: سويم العزى، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(٣) بڕوانە: أحمد ابو زيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٤) عبد الوهاب إبراهيم، مقومات التنمية فى العالم الثالث: مع دراسة للحالة المصرية، رؤية من وجهة نظر علم الاجتماع، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٨٤)، ص١٠٣.

و ڕاگەیاندن...) دەکات، بەو شێوەیەی کە لە لایەکەوە ئارامی و جێگیریی کۆمەڵگە بهێنێتە کایەوە و لە لایەکی تریشەوە هەنگاو بەرەو پێشکەوتن بنێت.

ئەمە واتای ئەوە نییە کە ڕۆڵی دەوڵەت هەمیشە و هەتاهەتایە ئەو شێوە سەرکردایەتییە وەردەگرێت، بەڵکوو لە داهاتوودا وردەوردە جڵەوی دەستپێشخەری بۆ دەکەوێتە دەستی تاکەکان، بە شێوەیەک کە ڕاستەوانە لەگەڵ نزیبوونەوەی ئەو کۆمەڵگانە لە هاتنەکایەی پێشکەوتن بگونجێت.

لەگەڵ تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، بەڵام ئەو دەسەڵاتە فراوانەی کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان بە دەوڵەت بەخشرا، هێندەی لە بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتییە کەسییەکانی دەسەڵاتداراندا بەکار هاتن، ئەوەندە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێداندا نەخرانە گەڕ. بۆیە ئەو پێشکەوتنەی خوازراو بوو لەو ولاتانەدا بەدی نەهات، لە هەمان کاتدا گواستنەوەی جڵەوی دەسەڵات لە دەستی دەوڵەتەوە بۆ دەستی تاکەکانیش بەدی نەهات.

پاری سێیەم: سروشتی دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا

هزری ئیسلامی –لەمەدا هاوشێوەی تیۆرەکانی هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزمی جێبایەخی ئەم توێژینەوەیە– وا لە دەوڵەت دەڕوانێت کە ئامراز یان کیانێکی میکانیکییە، بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند کارێکی دیاریکراو دروست دەکرێت[1]، هەروەها وا لێی ناڕوانێت کە لە خودی خۆیدا مەبەستێک بێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەی وا دەردەکەوێت کە جۆرە هاوشێوەیی و ڕێککەوتنێک لەنێوان ئەو تێڕوانینەی هزری ئیسلامی بۆ دەوڵەت و تێڕوانینی قوتابخانەکانی هزری پۆزەتیڤیزمدا هەبێت، بەڵام لەوەی کە پەیوەستە بەو ئەرکانەی کە خراوەتە ئەستۆی ئەو ئامرازە دەستکردەوە (دەوڵەت)، جیاوازیی نێوانیان جیاوازییەکی ڕوونە.

ئەوەتا ئەو مەبەستانەی کە دەوڵەت، لە هەموو تیۆرە پۆزەتیڤیزمەکاندا، لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەوە، هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، مەبەستی کۆزمۆلۆژیای عەلمانین کە تەنها لە بواری دنیاییدا کورت هەڵدێن، لە کاتێکدا ئەو مەبەستانەی کە دەوڵەتی موسوڵمان هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن، مەبەستگەلێکن نەک هەر سنووری دنیا تێدەپەڕێنن بۆ ڕۆژی دوایی، بەڵکوو مەبەسە سەرەکییەکە ڕۆژی دواییە[2].

هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە دەوڵەت، بە پێی هەموو تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکان، لە میانەیانەوە بەشداری لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا دەکات، ڕێگاگەلێکن گۆڕانیان بەسەردا دێت و لە بازنەی ئەو بەرژەوەندییانەدا دەسوورێتەوە کە دەوڵەت پێی وایە ئامانجەکانی تێیاندا دێتە دی، تەنانەت ئەگەر لەمەدا سادەترین ڕێسا ئەخلاقییەکانیش پێشێل بکات[3]، هەر چی ئەو ڕێگایانەشە کە دەوڵەتی موسوڵمان لە ڕێگەیانەوە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەدات، لە سیمای گشتییاندا دیاریکراو و هەمیشەیین و بە گۆڕانی کات و شوێن ناگۆڕێن و ناشتوانن هێندەی سەرەدەرزییەک لەو ئەخلاقییاتانە دەربچن کە ئیسلام فەرمانی پێ کردوون. ئەگەر دەریشبچن، ئەوا لەو بارەدا لە سیفەتەکەی وەک دەوڵەتێکی

---

(١) بڕوانە:

– محمد ضياء الدين الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ط٦، (القاهرة مكتبة دار التراث، ١٩٧٦)، ص٣٠٣.

– محمد عمارة، الدولة الإسلامية بين العلمانية والسلطة الدينية، (القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٨)، ص٢١٠.

(٢) محمد ضياء الدين الريس، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤.

(٣) بەراورد بکە لەگەڵ: حامد عبد الماجد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧١–٣٧٢.

ئیسلامی دەدامالڕێت[1]، ئەمە لە هەموو کارلێکەکانی لەگەڵ هاوڵاتییەکانی، لەگەڵ دەوڵەتانی تر یان گەلانی تردا و لە هەموو لایەنە سیاسی و ئابووری و ڕاگەیاندنییەکانی... ژیانەوە.

دەوڵەتی ئیسلام دەوڵەتێکی بیروباوەڕمەند و ئەخلاقییە

دەتوانرێت بوترێت گرنگترین ئەو دوو تایبەتمەندییەی کە سروشتی دەوڵەتی موسوڵمان لە دەوڵەتانی عەلمانی جیا دەکەنەوە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر سروشتی ئەو ڕۆڵە دەبێت کە دەکرێت لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا بیگێڕێت، بریتین لە:

ئ. دەوڵەتێکی بیروباوەڕمەندە: کە کۆی کارەکانی بریتییە لەوەی تاکی موسوڵمان وا لێ بکات کە بتوانێت تاقیکردنەوەی دنیایی تێبپەڕێنێت و بە شێوەیەک بگاتە ڕۆژی لێپرسینەوە کە فەرزەکانی ئایینەکەی جێبەجێ کردبێت و دوور بووبێت لە ئەنجامدانی هەر کارێک کە خودا حەرامی کردووە[2]، ئەمەش لە ڕێگەی بەشداریکردن لە بونیادنانی تاکی موسوڵمان، تاکێک کە شارەزای کاروباری ئایینەکەی بێت و کاری پێ بکات، هەروەها لە ڕێگەی بەشداریکردن لە ڕەخساندنی کەشوهەوایەک کە تاک بتوانێت لە سایەیدا ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە باوەڕەکەی لەسەری فەرز دەکات، کە هەر لادانێک لە ڕەفتاری ئیمانیی چاوەڕوانکراو لەو تاکە ڕێک دەکاتەوە.

هەروەها ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی بیروباوەڕمەندی –کە چەقی وەزیفەی دەوڵەتی موسوڵمانە– لە سنووری ئەنجامدانی ئەو کارەدا ناوەستێت، بەڵکوو دریژ دەبێتەوە بۆ پێویستیی ئەنجامدانی ئەرکی بانگەواز بۆ ئەو بیروباوەڕە لە ژینگەی دەرەوە، چونکە ئەو دەوڵەتی ئومەتی گەواهیدەر (أمة الشهادة)ە، ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾[3]، واتە: «بەو شێوەیەش ئێوەمان بە گەلێکی میانڕەو گێڕاوە (لە هەموو ڕوویەکەوە، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستییەوە، لە ڕووی دنیا و قیامەتەوە، لە ڕووی داخوازییەکانی ڕۆح و نەفسەوە... هتد)، تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە (تا بزانن ئەم ئایین و بەرنامەیە هەمووی مایەی خێر و سەربەرزییە بۆ تاک و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و

---

(١) بڕوانە: سید قطب، فی ظلال القرآن، المجلد الأول، ط ١٦ (القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٣)، ص٥٣٣.

(٢) بڕوانە: نیفین عبد الخالق، «المعارضة فی الفکر السیاسی الإسلامي»، رسالة دکتوراه غیر منشورة، (جامعة القاهرة کلیة الاقتصاد والعلوم السیاسیة، ١٩٨٣)، ص٨.

(٣) (البقرة: ١٤٣).

لە هەموو بوارەکانی ژیاندا) و بۆ ئەوەی پێغەمبەریش (لە هەموو ئەو بوارانەدا مامۆستا و ڕابەری ئێوە بێت و لە ڕۆژی قیامەتدا) شایەتی بدات (بۆ دڵسۆزانی ئومەتی لەسەر ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ کردووە)»، ئەمە وێڕای پاراستنی ئەو بیروباوەڕە لە هەر تانە و شێواندنێک و وەڵامدانەوەی ئەو شتانەی کە بۆی هەڵدەبەسترێن، بە ڕێگای گونجاو.

ئەم تایبەتمەندییە بە دیاریکەری بنچینەیی سنووری دەستتێوەردانی دەوڵەت هەژمار دەکرێت لە دیاریکرنی چوارچێوەی پرۆسەی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا.

ب. دەوڵەتێکی ئەخلاقییە: دەوڵەتی ئیسلام لە ڕووی ئەو ئامرازانەوەی کە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا، لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا و تەنانەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشدا، دەیکات، دەوڵەتێکی ئەخلاقییە، واتە دەوڵەتێکە لە کاتی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بە ئەخلاقیاتی شەرعیی بێگەردەوە پابەند دەبێت. ئەمەش وا دەکات پەیوەندیی ئەو دەوڵەتە بە تاکەکانی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تەنانەت بە دەوڵەتانی دەوروبەریشیەوە، بەو ئەخلاقیاتانە مەحکوم بێت[1]، ئیدی هیچ بواریکی بۆ بەزاندنی ئەو ئەخلاقیاتانە نییە، بە بیانووی هاتنەدیی بەرژەوەندی، مەگەر لەو ڕیزپەڕانەدا بێت کە شەریعەت دیاریی کردوون. دەرچوونیشی لەو ڕێسا ئەخلاقییانە، دەرچوونە لە سیفەتەکەی وەک دەوڵەتی ئیسلامی.

ئەمە، لەوەی کە پەیوەستە بە بواری ڕاگەیاندنەوە، واتە ئەم تایبەتمەندییە پێویستە سنووری دەستتێوەردانی دەوڵەت، لە دیاریکردنی ڕێوشوێنی ئازادیی پیادەکردنی ڕاگەیاندن و ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، دیاری بکات. هەروەها پێویستە ببێتە چوارچێوە بۆ ئەو بابەتانەش کە ئەو ئامرازانە پەخشی دەکەن، ئەمە وێڕای ئەو ئامانجانەی کە لە ڕێگەی پەخشکردنیانەوە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، نەک هەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەڵکوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش.

بەگشتی دەکرێت گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی موسوڵمان، کە لە دەوڵەتانی تر جیای دەکەنەوە، لەم چەند خاڵەدا دیاریی بکەین:

---

(١) بڕوانە:

- زینب رضوان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣-١١٤.
- محمد ضیاء الدین الریس، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤.

- خوای بێگەرد و بااڵ لوتکەکەیەتی و قورئانیش تاکە دەستوریەتی.
- وتەکانی خودا تاکە یاساداڕێژەرە و تەنها دەبێت بە شەرعی خوا کۆمەڵ بەڕێوە ببرێت.
- وەزیفەی دەستووریی حکومەت و شێوازەکەی و حوکمەکانی هەمیشەیین و بە گۆڕانی کات و شوێن ناگۆڕدرێن.
- مەبەست لە حکومەت بەرپاکردنی ئایین و جێبەجێکردنی وتەکانی خودایە[1].

بەو شێوەیە ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە دەوڵەتی موسوڵمان لە هەموو بوارە سیاسی و ئابووری و ڕاگەیاندنییەکانی... ژیانەوە دەیگێڕێت. تەنها لە سنووری مەبەستە دنیاییە بەپەلەکاندا ناوەستێت، بەڵکوو لە بنچینەدا بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئایین دیاری دەکرێت، کە لە جەوهەردا بەرژەوەندیی دنیا و دواڕۆژیش لەخۆ دەگرێت.

دەوڵەتی موسوڵمان لە دیاریکردنی سنووری ئەو ڕۆڵە و ڕێگاکانی ئەنجامدانیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە ڕێسا و ئەخلاقیاتەکانی شەرعەوە بەستراوەتەوە و هەر لادانێکی لە سنووری شەرع بە دەرچوون لە سیفەتەکەی وەک دەوڵەتیکی موسوڵمان هەژمار دەکرێت و هەر ڕۆچوونێکیشی لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە دنیاییەکاندا لەسەر هەژماری بەرژەوەندییە دواڕۆژییەکان وای لێ دەکات لە دەوڵەتی عەلمانییەوە نزیکتر بێت تا دەوڵەتی موسوڵمان.

***

لە میانەی خستنەڕووی خێرای تێزەکانی تێرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، بە ئیسلامییشەوە، لە بارەی سروشتی دەوڵەت و ئەو ڕۆڵەی کە سروشتەکەی شایستەی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە دەیکات، لە بواری ڕاگەیاندن و تەواوی بوارەکانی تری ژیاندا، کە لە بەشی دووەمدا کەمێک بەدرێژی دەیخەینە ڕوو، دەتوانین بگەینە ئەم دەرئەنجامانە:

- کۆدەنگییەک لەنێوان تێرە کۆمەڵایەتییەکاندا -ئەوانەی کە جێبایەخی ئەم توێژینەوەیەن- بە تێڕی ئیسلامییشەوە هەیە لە دەوڵەت ئامرازە، نەک مەبەست.
- لەگەڵ کۆکبوون لە ڕوانین لە دەوڵەت وەک ئامراز، تێرە پۆزەتیڤیزمەکان، لە دیاریکردنی ئەو مەبەستانەی کە پێویستە ئەو ئامرازە بەشداری لە بەدیهێنانیاندا بکەن، لە تێڕی ئیسلامی جیاوازن. ئەمەش وا دەکات کە ئەو ڕۆڵی کە پێویستە لە

(١) بڕوانە: عبد الله محمد جمال الدين، نظام الدولة فى الإسلام، ب ن، ١٩٨٣، ص١٨٣.

بواری ڕاگەیاندن و تەواوی بوارەکانی تری ژیان بەشداریی پێ بکات، تا ڕادەیەکی زۆر لەو ڕۆڵە جیاواز بێت کە لە تیۆرە پۆزەتیڤیزمەکاندا دراوەتە پاڵ دەوڵەت.

– ڕێگاکانی جێبەجێکردنی ڕۆڵی دەوڵەت خۆی لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان، بە ڕێسا و ئەخلاقیاتی شەرع دیاری کراون و بوار نییە بۆ بەکارهێنانی ئامرازی ڕاگەیاندن، یان هەر ئامرازێکی تر بەپێچەوانەوە، تەنانەت ئەگەر واش دەربکەوێت کە بەرژەوەندیی وا دەخوازێت، ئەمەش بێگومان وا دەکات دەوڵەتی موسوڵمان بە شێوەیەکی جەوهەری جیاواز بێت لە دەوڵەتی عەلمانی لە هەموو ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمانەدا کە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەکات بە پێوەری بنچینەیی بۆ دیاریکردنی چۆنێتیی سوودوەرگرتنی لە توانا ڕاگەیاندنییەکانی و ئەو توانایانەی تریشی کە پێی وایە بەکارهێنانیان ئەو بەرژەوەندییانە بەدی دەهێنێت.

– سنووری دەستوەردانی دەوڵەتی موسوڵمان لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا بە مەبەست و ڕێسا و ئەخلاقیاتی ئیسلامەوە بەستراوە و شتگەلێکی جێگیرن و بە پێی کات و شوێن، یان بە پێی گۆشەنیگای بیرمەند یان فەیلەسووفێک، یاخود ئارەزووی دەسەڵاتدار یان فەرمانڕەوایەک ناگۆڕێن.

بەشی چوارەم
وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی لە بارەی سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت

پاری یەکەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا

تێزەکانی هزری لیبرالی –بە هەردوو قۆناغەیەوە- لە بارەی سروشتی ئەو پەیوەندییەی کە پێویستە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا هەبێت، بە پێی ئەو گریمانانە داڕێژراون کە لە بارەی سروشتی مرۆڤ و ڕاستی و دەوڵەتەوە دایڕشتوون.

لێرەدا بەکورتی سیما گشتییەکانی تێزەکانی هەر یەکێک لە دوو قۆناغەکەی لیبرالیزم لە بارەی ئەو پەیوەندییە و سیماکانی ئەو هزرەی ڕاگەیاندن کە ئەو پەیوەندییە بەرهەمی هێناون، هەروەها گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە دەخەینە ڕوو کە لێکەوتەی تەبەنیکردنی تێزەکانی هزری لیبرالین لەلایەن کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانەوە لەو ڕووەوە، جا لەسەر ئاستی کەتواری کۆمەڵایەتی بەگشتی، یان لەسەر ئاستی کەتواری ڕاگەیاندن بەتایبەتی بێت.

داخوازی یەکەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا

لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی لیبرالیزمی کلاسیکی بۆ سروشتی مرۆڤ بەوەی کە بوونەوەرێکی ئاوەزمەند و ئەخلاقییە و بەو پێیەی کە مرۆڤە، کۆمەڵە مافێکی سروشتیی پێوە لکاوە و هەر دەستدرێژیکردنێک بۆ سەر ئەو مافانە بە کەمکردنەوە لە سیفەتە مرۆییەکەی هەژمار دەکرێت. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ ڕاستی بەوەی کە کتێبێکی کراوەیە، هەموو مرۆڤێک، ئەگەر بە شێوەیەکی دروست ئاوەزی بەکار بهێنێت، دەتوانێت کۆدەکانی بکاتەوە و ئاوەزمەندبوون و ئەخلاقیبوونەکەشی پاڵی پێوە دەنێن کە ڕەفتاری خۆی لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بگونجێنێت. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ دەوڵەت «وەک نوێنەری حکومەت» کە شەرێکە هەر دەبێت هەبێت و کاتێکیش کە کەمتر فەرمانڕەوایی دەکات، لە باشترین جۆریدا دەبێت.

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا شتێکی سروشتی بوو کە لیبرالیزم، لە تەرازووی بەهاکاندا، تاک بخاتە سەرووی دەوڵەتەوە و وا لێی بڕوانێت کە ئەو باشترین داوەرە بۆ بڕیاردان لە بەرژەوەندییەکانی و هەر ئەویش ئامراز و مەبەستە لە هەمان

کاتدا، هەر بۆیە پێویستە ئازادانە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان کار بکات، بەبێ هەر دەستتێوەردانێک لەلایەن دەوڵەت یان کەسانی ترەوە لە کاروبارەکانیدا و کار بۆ ڕزگارکردنی ڕەفتارەکانی لە هەموو کۆت و بەندەکان بکات، جگە لەوانەیان کە پێویستن پشتبەست بەوەی کە هەستە ئەخلاقییەکەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ پابەندبوونی خودی بە ئەرکەکانیەوە لە بەرانبەر کۆمەڵگەکەی و هاوشێوەکانیشیەوە. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ڕوانینی لیبرالیزم بۆ سروشتی دەوڵەت، شتێکی سروشتی بوو کە تا دواسنووری گونجاو کار لەسەر بەرتەسککردنەوەی دەستوەردانی ئەو لە کاروبارەکانیدا بکات. بۆ ئەوەی کە لیبرالیزم دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری تاکەکاندا بە شێوەیەک وێنا بکات کە قەبووڵکراو بێت، پەنای بۆ بەکارهێنانی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی برد.

تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی و چوارچێوەدارکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت

لەبەر ڕۆشنایی ئەو وێنایەی کە لیبرالیزم لە بارەی سروشتی مرۆڤ دایڕشتووە، کە یەکەیەکی سەربەخۆیە و بوونی ئەو لەپێش بوونی کۆمەڵگەوە هەیە، -ئەمەش بە پشتبەستن بە تیۆری ئەتۆمی، کە دەڵێت: هەموو تایبەتمەندیی ماددەکان سروشتی ئەو گەردیلە سەربەخۆیانە دیاریان دەکەن کە لێیان پێک دێن[1]-، هەروەها چەندین ماف و ئازادیی سروشتیی هەیە کە لە مرۆڤبوونیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەر ئەوانەش مەبەستی هەموو کۆمەڵگەیەکی سیاسییە. ئەو مافانەش بریتین لە ئازادی، خاوەندارێتی، ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی زۆرەملێکاری[2]. هەروەها لە سایەی تێڕوانینی بۆ تەواوی تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی و سروشتی ڕاستی و سروشتی دەوڵەت، شتێکی ئاسایی بوو کە بڕوای وا بێت کە ئەو کیانە کۆمەڵایەتییەی کە بۆ ئەو بوونەوە گونجاوە، کیانێکە کە ئەو مافانەی بۆ دەپارێزێت و چێژلێوەرگرتنیانی لە ئاسایش و ئارامیدا بۆ فەراهەم دەکات.

تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەوەدا پوخت دەبێتەوە کە پەیوەندیی نێوان تاک یان کۆی تاکەکان و دەوڵەت بە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، لەبنچینەدا، لەسەر گرێبەستێک وەستاوە کە سازشکردنی تاکەکان لە هەندێک ئازادیی خۆیان دەسەپێنێت، لە پێناوی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی پارێزگاری لە ئازادییەکانی تر بکات و دۆخێکی ئاشتیی وا بڕەخسێنێت کە لە سایەیدا چێژ لەو ئازادییانە

---

(١) بڕوانە: مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤.

(٢) عبد السميع الهراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤-٤٥.

وەربگرن، لە ڕێگەی پاراستنی تاک لە دەستدرێژیی ئەوانی تر بۆ سەر ئەو مافانە و پاراستنی نیشتمان لە هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی. هەر کەمتەرخەمییەکیش لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەدا، یاخود هەر دەستتێوەردانێک لەلایەن دەوڵەتەوە لە مافی سروشتییەکانی تاکەکان، یان لەو یاسا سروشتییانەی کە ئەو مافانە ڕێک دەخەن، واتە پێشێلکردنی مەرجەکانی گرێبەستەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئیدی خەڵکەکە مافی گۆڕینی ئەو دەسەڵاتەیان دەبێت، تەنانەت ئەگەر بە شۆڕشیش بێت[١].

سیماکانی تایبەتمەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لەبەر ڕۆشنایی تیۆری گرێبەستدا

لیبرالیزم –لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا– بڕوای وایە هیچ پابەندییەکی ئەرێنییانە (دەستتێوەردەرانە) لەسەر دەوڵەت لە بەرانبەر تاکدا نییە، یاخود داوای لێ نەکراوە کە بەدیهێنانی خێری گشتی (چاکەی گشتی) بخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵکوو ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکان لە ڕێگەی ئەوەی ئازادیی تەواویان پێ ببەخشێت لە هەوڵدانیان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان، کە خۆیان لە دەوڵەت ئاشناترن پێیان، کە بە کۆی گشتییان بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە پێک دەهێنن[٢].

هەموو ئەوەی لێی داوا دەکرێت، بریتییە لە ڕەخساندنی ئەو دۆخەی کە تاک دەتوانێت ئازادانە چالاکیی خۆی ئەنجام بدات و[٣] هەموو ئەو شتانەشی کە ئەو دۆخە دەیخوازێت، هەر لە پاراستنی وڵات لە هێرشی دەرەکی و شەونخونیکردن بۆ پاراستنی ئاسایش و سیستمەوە لە ناوخۆ، تا بەرپاکردنی دادوەری لەنێوان خەڵکیدا. هەر چی بوارەکانی تری جگە لەمانەیە، بۆ دەوڵەت ڕێگەپێدراو نین، بۆیە بۆی نییە دەستوەردان لە ژیانی ئابووری یان کۆمەڵایەتیدا بکات[٤]، چونکە ئەو جۆرە دەستوەردانە متمانە لای تاکەکان دەکوژێت و وایان لێ دەکات نەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن[٥].

هەروەها دەوڵەت –لەوەی کە پەیوەندیی بە ئازادیی تاکەوە هەیە– بۆی نییە هیچ دەستوەردانێکی تێدا بکات، هەروەها بۆی نییە لە بارەیەوە پیادەی دەسەڵاتێکی نەرێنییانە بکات. هەموو ئەوەی لەو بارەیەوە ڕێگەی پێ دەدرێت ئەنجامی بدات،

---

(١) بڕوانە: أميرة حلمى مطر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦–١٠٠.

(٢) هالة أبو بكر سعودى، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

(٣) بڕوانە:

– F. S. Siebert, T. Pertersonand W. Schramm, op. cit., p 96.

(٤) بڕوانە: بطرس غالى، خيرى عيسى، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٢.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٣.

بریتییە لە ڕێکخستنی چۆنێتیی چێژوەرگرتن لەو ئازادییە و ڕێگاکانی پاراستنی و پارێزگاریلێکردنی.

ئەو ماف و ئازادییانەش کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی پاراستنیان و دەستدرێژینەکردنەسەریان بەسەر دەوڵەتدا دەسەپێنێت، بۆ چوار شێوە دابەش دەکرێن:

ئـ. ئازادییە کەسییەکان: کە ئازادیی هاتوچۆ، مافی ئاسایش و شکۆی شوێنی نیشتەجێبوون و... هتد، لەخۆ دەگرێت.

ب. ئازادییە هزرییەکان: کە ئازادیی بیروباوەڕ و ئایین، ئازادیی فێربوون، ئازادیی کاری کۆمەڵی و ئازادیی ڕا دەگرێتەوە.

پ. ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە: کە ئازادیی ئەنجامدانی کۆبوونەوە، ئازادیی دروستکردنی کۆمەڵە و دەستە و... هتد، دەگرێتەوە.

ت. ئازادیی ئابووری: کە ئازادیی خاوەندارێتی، مافی خاوەندارێتی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی و ئەو بابەتانە دەگرێتەوە[1].

ئازادیی خاوەندارێتییش بە یەکێک لە گرنگترین ئەو ئازادییانە هەژمار دەکرێت کە هزری لیبرالیزم جەختی لێ کردووەتەوە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی مافێکی سروشتیی تاکە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەوڵەت ناتوانێت دەست وەربداتە سیستمی ئابووری، چونکە کۆمەڵە یاسایەکی سروشتی ئەو سیستمە بەڕێوە دەبەن. ئەو یاسایانەش بە شێوەیەکی خۆبەخۆ (تلقائي) کار دەکات و دەستی مرۆڤیان تێدا نییە، هەر ئەو یاسایانەش بەرژەوەندیی گشتی بە باشترین شێوە بەدی دەهێنن. ئەمە لەبەر ئەوەی ئەگەر ئازادیی پیادەکردنی چالاکیی ئابووری بۆ مرۆڤ جێ بهێڵرێت، ئەوا ئەوان تەواوی هەوڵی خۆیان لە خزمەتکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکانیاندا دەخەنە گەڕ، ئیدی بەرژەوەندیی گشتییش بە جوانترین شێوە دێتە کایەوە، چونکە تاکەکان لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیاندا ڕکابەری دەکەن، خودی ئەم ڕکابەرییەش پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێت کە زۆرترین قازانج بەدەست بهێنن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیش باش دەکات.

لەگەڵ ئەوەی مەبەست لەو ڕکابەری و کێبڕکێیە مەبەستێکی تایبەتە، بەڵام دواجار ڕکابەری و کێبڕکێی ئازاد بۆ چاکەی گشتی و خۆشگوزەرانیی گشتی بۆ

(١) بڕوانە: ثروت بدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٢-٣٨١.

هەموو کۆمەڵگە سەر دەکێشێت[1]، هەر تێکچوونێکیش کە لە سیستمی ڕکابەریی تەواوکاردا ڕوو بدات، ئەوە دژە هێزێکی سروشتییە، ئادەم سمس بە دەستی شاراوە ناوی دەبات، زۆر ناخایەنێت ئەو ئامرازە کە بریتییە لە ئامرازی بازاڕ، کە لەسەر بنەمای ڕکابەریی تەواوکار بەرپا بووە و خۆی خۆی ڕێک دەخات، لە پرۆسەیەکدا کە پێی دەوترێت پرۆسەی خۆڕاستکردنەوە (عملية التصحيح الذاتي)، دۆخەکە دەهێنێتەوە شوێنی سروشتیی خۆی، بەبێ ئەوەی پێویستی بە دەستتێوەردانی حکومەت یان تاکەکان ببێت[2].

بەو شێوەیە لیبرالیزم بڕوای وایە کە ئەو جۆرە پەیوەندییە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا کە لە کۆمەڵگە دەگەڕێت خۆی بە شێوازێکی سروشتی لە میانەی کێبڕکێی ئازادانەی نێوان تاکەکان و هەوڵی هەر تاکێک بۆ بەرژەوەندیی خۆی بە تەواوی ئازادییەوە و بەبێ هیچ ڕێگرییەک لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە، بە دەوڵەتیشەوە، گەشە بکات، ئەو جۆرە پەیوەندییە دواجار زامنی هاتنەکایەی بەرژەوەندیی گشتی بۆ هەموو کۆمەڵگە دەکات و دەبێتە پاڵنەری بۆ بەرزبوونەوە و پێشکەوتن.

سیماکانی ئەو فەلسەفە ڕاگەیاندنییەی کە لەبەر ڕۆشنایی دیدی لیبرالیزمدا بۆ ئەو پەیوەندییە دروست بووە کە پێویستە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا هەبێت

تێزەکانی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی لە بارەی سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەتەوە، کە لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستی و سروشتی دەوڵەتەوە دروست بوون، بەو دیاریکەرە بنچینەییە هەژمار دەکرێن کە لە سایەی ڕێنماییەکانیدا لایەنی ڕاگەیاندنی ئەو هزرە لەمەڕ ئازادیی کاری ڕاگەیاندن و ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دارێژراوە، کە لە سایەیاندا لایەنی کارا –یان لانی کەم کاراتر– دیاری دەکرێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی کە کۆمەڵگە دەیخاتە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەمە وێڕای شێوازی ڕاپەڕاندنیان بەو شێوەیەی کە لە میانەیەوە بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەدا بکەن، هەر ئەمەش ئامانجی کۆتایی هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنە.

---

(١) هالة أبو بكر سعودى، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٢) بڕوانە: رمزى زكى، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-٤٣.

ڕەنگدانەوەی وتەزاکانی هزری لیبرالی لە بارەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لەسەر ئازادیی کاری ڕاگەیاندن

بەو پێیەی لیبرالیزم تاک دەخاتە سەرووی دەوڵەتەوە و دەوڵەت دەکاتە ئامرازێک بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە سروشتییەکانی، هەروەها بەو پێیەی ئازادیی ڕا –هەروەها ئەوەی دەیگرێتەوە لە ئازادیی گەیشتن بە زانیاری و ڕا و بیروبۆچوونەکان و ئازادیی بڵاوکردنەوەیان- بە یەکێک لە گرنگترینی ئەو ئازادییانە هەژمار دەکرێت، تەنانەت هەندێک بە «ئازادیی ئازاییەکان» ناوزەندی دەکەن[1]، هەروەها بەو پێیەی لیبرالیزم بڕوای وایە کە هەستە ئەخلاقییەکەی تاک پاڵ پێوە دەنێت بۆ ئەوەی ئەو ئازاییە بە شێوازێکی بەرپرسیارانە و بە شێوەیەکی خودی بەکار بهێنێت، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی کار لەسەر تێوریزەکردنی چۆنێتیی پیادەکردنی ئەو ئازادییە لەلایەن تاکەوە بکات بەبێ لەمپەر لەلایەن دەوڵەت یان هەر تێزێکی تردوە و ڕێگری لە دەستوەردانی دەوڵەت لە پیادەکردنی ئەو ئازادییانەدا بکات، مەگەر لە حاڵەتی ڕیزپەڕی دەگمەندا، کە بە ڕوونی تێیدا دەردەکەوێت کە سەر بۆ زیانگەیاندن بە کەسانی تر یان بە ئاسایشی کۆمەڵگە بەگشتی دەکێشێت. خۆ ئەگەر ئەو دەستتێوەردانەش ڕووی دا، پێویستە لە ڕێگەی دادگاوە بێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا، لیبرالیزم کاری لەسەر دانانی پلانێک کرد کە ئازادییە ڕاگەیاندنییەکانی تاکی تێدا دیاری کرد، هەروەها ئەو حاڵەتانەی دیاری کرد کە تێیاندا ڕێگە بە دەوڵەت دراوە کە دەستتێوەردان بۆ ڕێگریکردن لەو ئازادییانە بکات، ئەمەش وێڕای شێواز و ئامانجەکانی ئەو دەستتێوەردانانە. ئەم بابەتانە لە دەروازەی داهاتوودا کەمێک بەدرێژی دەخەینە ڕوو.

ڕەنگدانەوەی وتەزاکانی هزری لیبرالی لە بارەی پەیوەندیی مرۆڤ و دەوڵەتەوە لەسەر ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیزم بیرۆکەی وتەزاکانی خۆی لە بارەی خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو تێورە ئابوورییە لیبراللییەوە وەرگرتووە کە داوای دەستوەرنەدانی دەوڵەت لە خاوەندارێتی و بەرهەمهێناندا دەکات، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو دەستتێوەردانە ئاستەنگ بۆ کاری یاسا سروشتییەکان دروست دەکات، هەروەها داوای ڕکابەریکردنی بیرۆکەکانی لە

(١) بڕوانە: رجاء علی العزبی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

بازاڕێکی ئازاددا کردووە، هەروەها بڕوای وا بووە کە بازاڕی ڕا و بیرۆکەکان بەنزیکەیی هەروەکوو بازاڕی سەرمایەداری وایە، کە بە شێوەیەکی ئازادانە هەر ڕایەکی تێدا دەخرێتە ڕوو، هەروەک چۆن کالاّی بازرگانی لە بازاڕدا دەخرێتە ڕوو[١]، هەروەها هەروەک چۆن بازاڕی شمەک ئازادیی هەڵبژاردنی باشترین شمەک بە بەکاربەر فەراهەم دەکات، بازاڕی ڕا و بیرۆکەکانیش باشترین هەڵبژاردنی ڕاستی دەڕەخسێنن[٢]. بەو پێیەی مرۆڤ ئاوەزمەندە، دەتوانێت ڕاستی و ساختە لە یەک جیا بکاتەوە[٣].

بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو بازارە ئازادە بەرپا بکرێت، فەلسەفەی لیبرالیزم بەپێویستی زانی ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خاوەندارێتیی هەموو ئامرازە پێویستەکانی ڕاگەیاندن بۆ هەموان فەراهەم بێت[٤].

هەروەها هاوشێوەی یاساغکردنی دەستتێوەردانی حکومەت لە دروستکردنی پرۆژە ئابووریيەکاندا لەلایەن تیۆری ئابووریی لیبرالیزمەوە، فەلسەفەی ڕاگەیاندنیش ڕێگریی لە حکومەت کرد پرۆژەی ڕاگەیاندن بەرپا بکات، چونکە بڕوای وا بوو کە حکومەت ئەوەندە هێزی ڕکابەریی هەیە کە زامنی زاڵبوونی بەسەر ڕکابەرەکانیدا لە بازاڕی ئازادی ڕا و بیرۆکە و زانیاریيەکاندا بکات، ئەمەش لەگەڵ ئەو پرەنسیپی هاوسەنگییەدا کە بازاڕ دەیخوازێت، دژ دەوەستێتەوە[٥].

ڕەنگدانەوەی لەسەر وەزیفەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

بەو پێیەی لیبرالیزم لە هەمان کاتدا وەک مەبەست و ئامرازیش لە مرۆڤ دەڕوانێت، بڕوای وایە کە حکومەت تەنها ئامرازێکە بۆ ڕەخساندنی دۆخێک کە تاک بتوانێت مەبەستەکانی بە باشترین شێوە بەدی بهێنێت، شتێکی ئاسایی بوو کە ئەو ڕۆڵەی چاوەڕوان دەکرێت کە ئامرازی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی لیبرالیدا بیگێڕێت، ئەرکی تاکەکان نەک حکومەت بێت. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بڕوای وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەخلاقییە، وای دەبینێت

---

(١) محمد عصفور، أزمة الحريات فى الفكرين الشرقى والغربى، سەرچاوەی پێشوو، ل١١-١٣.

(٢) رودنى سموللا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(3) F. S. Siebert, T. Peterson, andW. Schramm, op. cit., p 77.

(٤) محمد أحمد البادى، «مشكلة الاحتكار الصحفى فى المجتمع الرأسمالى»، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٦٨)، ص١٨٦.

(٥) بڕوانە: محمد سيد محمد، المسئولية الإعلامية فى الإسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢.

که ئەو بە پابەندبوونێکی خودی و بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بەسەریدا بسەپێنرێت، خۆی بە ئەرکەکانیەوە بەرانبەر کۆمەڵگەکەی پابەند دەبێت. هەروەها بڕوای وایە کە ئازادیی بێکۆتوبەند، لەپاڵ بوونی ئاوەز و ویژدانی مرۆڤدا، زامنی ڕۆژنامەگەرییەک دەکات کە بتوانێت کە وەڵامی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بداتەوە[1].

هەڵسەنگاندنی دیدی هزری لیبرالی بۆ ئەو جۆرە پەیوەندییەی مرۆڤ کە پێویستە بە دەوڵەتەوە هەیبێت

شتێکی سروشتی بوو کە تیۆری ڕەخنە ئاڕاستەی ئەو بیرۆکە بنچینەییە بکرێت کە لیبرالیزم کردی بە چوارچێوەی گشتیی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت، کە بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش لە سایەی ئەو ڕەخنانەی کە مافی سروشتی و ئەو یاسا سروشتییە کران کە ئەو مافانە پشتیان پێ دەبەست.

ڕەنگە بەهێزترینی ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی کران، ئەو وتەیە بێت کە دەڵێت گرێبەستی کۆمەڵایەتی بیرۆکەیەکی خەیاڵییە و هیچ بنچینەیەکی لە کەتواردا نییە، چونکە تەنها بیرۆکەیەکی تیۆریی پەتییە، کە ئامانج لێی پاساودانە بە مافی گەلان لە یاخیبوون یان شۆڕش بەسەر فەرمانڕەوایاندا، بەڵام بیرۆکەیەکی ڕاستینە نییە لە شتێک کە لە کردەیی ڕووی دابێت[2].

هەروەک چۆن ئەو بیرۆکەی گرێبەستەی کە ئەم تیۆرە باسی دەکات، هیچ واتایەکی نییە، مەگەر کاتێک بێت کە یەکسانی لە موساوەمەدا هەبێت، چونکە هەروەک چۆن لە سەرەتاوە ڕوون بووەوە یەکسانی لەبەردەم یاسادا هیچ واتایەکی نییە، مەگەر هاوڵاتی سامانێکی هەبێت کە ئەو یەکساندییەی پێ بکرێت[3].

هەروەها شتێکی سروشتی بوو کە کورتهەڵهێنانی ڕۆڵی دەوڵەت –لەم گرێبەستەدا– لە دەستتێوەردانی نەرێنیدا، بەبێ ئەوەی مافی دەستتێوەردانی بە شێوەیەک پێ بدات کە هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییە دژیەکەکانی بەهێز و لاوازەکاندا بکات، یان بەبێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنیی لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی لیبرالیدا بخرێتە ئەستۆ، سروشتی بوو بۆ خراپبەکارهێنانی ئەو پەراوێزخستنەی ڕۆڵی دەوڵەت لەلایەن هەندێک تاکی خاوەن هێزی ئابووری بۆ تێرکردنی خواستە تایبەتەکانیان سەر بکێشێت، تەنانەت ئەگەر لەسەر هەژماری کەسانی تر یاخود کۆی کۆمەڵگەش بێت.

---

(١) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

(٢) بڕوانە: عبد الرحمن بدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

(٣) هارولد لاسکی، محنة الدیموقراطیة، سلسلة اخترنا لک (٦٥) ب ت، ص٧٨.

ئەمەش بە کردەیی ڕووی دا و بۆ قۆرخکردنی بازاڕ لەلایەن ئەو بەهێزانەوە سەری کێشا و ئەمەش ڕکابەریی ئازادی لەناو برد. ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە لایەکی ترەوە کاریان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسییش کرد، بە شێوەیەک کە وایان لێ بکات بتوانن حکومەت بکەنە نوێنەری خۆیان و گوزارشتکار لە بەرژەوەندییەکانیان و ملکەچی دیدی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کاروبارە سیاسی و ئابووریییەکاندا[١].

هەروەها شتێکی سروشتی بوو –کە لە سایەی ئەوەدا– کە کۆمەڵگەی لیبرالی لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا شکست بهێنێت کە هەوڵی بۆ دەدات و لە سایەی ئەوەدا خۆشگوزەرانی و پایەکانی بەختەوەریی ماددی تەنها بۆ ڕۆڵەکانی چینی سەرمایەداری بەدی بێت، ئەویش لەسەر هەژماری نەگبەتی و بەدبەختیی چینی کرێکار. هەر ئەمەش پاڵی بە «هارولد لاسکی»یەوە نا بڵێت بەرهەمی ئەو ڕێبازەی کە بانگەشەی دەستتێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروبارە ئابووریییەکانی تاکدا دەکات، ئەوەندە قێزەون بوو، تەنانەت خودی بانگەشەکارانی ئەو ڕێبازەش نەیانتوانی بەرگریی لێ بکەن[٢].

لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنیش، شتێکی سروشتی بوو کە ئابووری –لە سایەی زاڵێتیی بەسەر سیاسەتدا– بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا زاڵ ببێت و[٣] دەستتێوەرنەدانی حکومەت لە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دەرفەت لەبەردەم سەرمایەدارەکاندا بۆ قۆرخکردنی بازاڕی بیرۆکەکان والا بکات. هەروەها ئەو ئازادییە ڕاگەیاندنییە زیادەڕەویتیکراوەشی کە بە تاک بەخشرابوو، بە شێوەیەک خراپ بەکار هات کە وای کرد ڕۆژنامەگەری زۆر لە پەیامەکەی دوور بکەوێتەوە و لا بدات و لەبریی ئەوەی ببێتە پاڵنەر بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بوو بە لەمپەر لە بەردەمیدا.

---

(١) بڕوانە: منير شفيق، الإسلام ومواجهة الدولة الحديثة، (تونس: دار البرق، ١٩٨٨)، ص١٧.

(٢) هارولد لاسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(3) Ali A – Karni, “Toward a General Theory of Mass Communication, A Preliminary Discussion“ in Communication Research, issue N. (Cairo University, Faculty of Mass Communication, Jan, 1991), p. 92.

داخوازی دووەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە لیبرالیزمی نوێدا

لە سایەی ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەییانەدا کە بۆ هەموارکردنی کۆی هزری لیبرالی سەریان کێشا –کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردووە–، شتێکی سروشتی بوو کە تێزەکانی لیبرالیزمی نوێ لە بارەی سروشتی مرۆڤ، سروشتی ڕاستی و سروشتی دەوڵەتەوە بە شێوەیەک هەموار بکرێن کە لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەدا بگونجێت، گرنگترینی ئەو پەرەسەندنانەش، بەڵکوو ئەو پێشەکییە بنچینەییەی کە ئەو پەرەسەندنانەی لەسەر بونیاد نرابوو، بریتی بوو لە گۆڕانی تێڕوانینی لیبرالیزم بۆ سروشتی مرۆڤ، کە ئیدی وەکوو بوونەوەرێک لێی نەدەڕوانی کە بوونی پێش بوونی کۆمەڵە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سەربەخۆی هەیە و چەندین مافی سروشتیی وای هەیە کە نابێت دەستیان بۆ ببرێت و پاڵپشتی دەکرێت بۆ چێژوەرگرتن بەو مافانەوە، بەو پێیەی کە بوونەوەرێکی ئاوەزمەند و ئەخلاقییە لە هەڵسوکەوتنیدا، بەڵکوو ئیدی وا لێی ڕوانرا کە –بە پێی گوزارشتی «ت. هـ. جرین»– لە میانەی کۆمەڵگەدا نەبێت، ناتوانێت پەی بە خودی خۆی ببات و[1] لە بەرانبەر ئەو ماف و ئازادییانەشدا کە هەیەتی، پێویستە چەندین ئەرکی ئەخلاقی لە بەرانبەر هاوشێوەکانی و کۆمەڵگە لەئەستۆ بگرێت و مەرجیش نییە ئاوەزمەندییەکەی بەرەو دۆزینەوەی ڕاستی ئاڕاستەی بکات، لەبەر ئەوەی زۆربەی کات ڕاستی ڕێژەییە، تەنانەت ئەگەر توانیشی ڕاستی بدۆزێتەوە، ئەوا هەستە ئەخلاقییەکەی بە گرنتییەکی ڕاستەقینە بۆ پابەندکردنی پێیەوە هەژمار ناکرێت، چونکە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ڕێگە لا بدات و لەو ڕاستییانە دوور بکەوێتەوە کە پەی پێ بردوون، بەو شێوەیەی کە هەندێک جار ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی بەسەریدا دەسەپێنن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەرەسەندنانەدا کە بەسەر تێڕوانینی هزری لیبرالی بۆ سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستیدا هاتن، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو شکستەی دووچاری ئەو وێناکردنە بوو کە لەسەر شێوازی ڕوانین بۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت بونیاد نرابوو، کە ڕۆڵی دەوڵەتی تەنها لە پاراستندا کورت هەڵهێنابوو، لە ئەنجامی ئەوەی کە بە شەڕێک ناوی دەبرد کە پێویستە هەبێت... لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا هزری لیبرالی چاوی بە سروشتی دەوڵەت و ئەو ڕۆڵەدا خشاندەوە کە وای لێ دەکات بتوانێت لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەدا

---

(١) بڕوانە:

- R.Bellamy, Liberalism and Modern Society, (London: Polity Press 1992), P. 36.

بیانگێڕێت و ئەرکێکی گەورەی خستە ئەستۆی لە هێنانەکایەی ئەو کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانییەی کە کاری بۆ تێۆریزەکردنی دەکرد. هەروەها کاری کرد لەسەر هەموارکردنی تێزەکانی لە بارەی ئەو پەیوەندییەی کە پێویستە لەنێوان تاک و دەوڵەتدا لە هەموو بوارە سیاسی و ئابووری و ڕاگەیاندنی و بوارە جیاوازەکانی تردا هەبێت.

سیما گشتییەکانی پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە لە لیبرالیزمی نوێدا

بە هۆی ئەوەی تێزی لیبرالیزم لە بارەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت، کە ڕۆڵی دەوڵەتی تەنها لە لایەنی پاریزگاریدا کورت هەڵهێناوە، لە ڕووی کردارییەوە شکستی هێناوە و لە ڕووی تێۆرییشەوە کەموکورتیی هەبووە، لیبرالیزمی نوێ وێنایەکی نوێی پێشکەش کرد، کە چەند پابەندییەکی ئەرێنی لەلایەن تاکەوە دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت و بە هەمان شێوە چەند پابەندییەکی ئەرێنی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لە بەرانبەر هاوشێوەکانی و کۆمەڵگە دەخاتە ئەستۆی تاک –نەک بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، وەک ئەوەی لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا هەبوو–، چونکە ئیدی وا نەما کە لیبرالیزم وەک جیاوکی لکاو بە تاکەوە لە ماف و ئازادییەکانی تاک بڕوانێت، کە کەس نەتوانێت لە بەرانبەریاندا داوای هیچ پابەندییەکیان لێ بکات، بەڵکوو وای لێ هات مەیلی بەلای ئەوەدا بێت کە وا لەو ماف و ئازادییانە –بەتایبەت ئازادییە ئابووریەکان– بڕوانێت کە کۆمەڵە ئەرکێکی کۆمەڵایەتین کە ئامانج لێیان خزمەتکردنی چاکەی گشتیی کۆمەڵە، پتر لەوەی کۆمەڵە مافێکی تاکەکەسی بۆ خاوەنەکانیان بن[1].

بێگومان ئەمەش وای کرد لیبرالیزم داوا لە تاک بکات کە داخوازییەکانی بۆ ئازادی لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا دیاری بکات، وەک هەستکردنێک بە بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر چاکەی گشتی[2].

لەبەر ئەوەی ئەگەری لادانی تاک لە بەکارهێنانی ئەو ماف و ئازادییانەدا لە ئارادا هەیە و کەتوار بەکردەیی سەلماندوویەتی، ئەمە لە لایەک، هەروەها لە

---

(١) حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

– هەروەها بڕوانە: مجموعة باحثين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

– أحمد عباس عبد البديع، تدخل الدولة ومدى اتساع مجالات السلطة العامة، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧١)، ص٢٧٧.

– جورج هـ سباين، سەرچاوەی پێشوو، بەشی چوارەم، ل٩٦٣.

(٢) بڕوانە: مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

لایەکی تردەوە لەبەر ئەوەی نەڕەخسانی هەلی ڕاستەقینە بۆ سوودوەرگرتن و چێژوەرگرتنی تاک لەو مافانە و بەڵکوو بوونی هەڕەشەش لەسەریان لەلایەن لایەنی دەرەوەی دەوڵەتەوە (کۆمپانیای تایبەت، تاکەکان، دەستەکان) لە ئارادایە، لیبرالیزمی نوێ ڕۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی ئەو دۆخانەدا خستە ئەستۆی دەوڵەت، لە لایەکەوە ڕێگەی پێدا دەستتێوەردان لەو بارانەدا بکات کە ئازادییە کەسییەکان سنووری خۆیان دەبەزێنن و بەرژەوەندیی گشتی پێشێل دەکەن و ڕەنگە تاکیش بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی خۆی لە سوودبینین لەو ئازادییانە لەئەستۆ نەگرێت، هەروەها ڕێگەی دەستتێوەردانی لە بواری ئابووریدا پێ دا، بە شێوەیەک کە بتوانێت ئەو لەمپەرانە لا ببات کە دێنە سەر ڕێی ئازادیی ڕکابەری، کە بەڕوونی لەو قۆرخکارییە زەبەلاحانەدا دەردەکەون کە بەئاشکرا هەڕەشە لە بیرۆکەی بازاڕی ئازاد دەکەن.

لەو بارەیەوە تیۆری کینز[1] دەرکەوت، کە بڕوای وا بوو پرەنسیپی ئازادیی ئابووریی ڕەها و بیرۆکەی هاوسەنگیی خۆبەخۆ (التوازن التلقائی) جەدوایان نییە. هەروەها دەستتێوەردانی دەوڵەتی لە چالاکیی ئابووریدا بەباش دەزانی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو قۆرخکارییانە و چارەسەری ئەو کەموکووڕییە پەیکەرییانەی کە بە قەیرانە خولاوەکان و بێکاری و لاوازیی وەبەرهێنان و هەڵئاوسان تایبەتن[2].

هەروەها لە لایەکی تردەوە بەرپرسیارێتیی ڕەخساندنی هەلی لەبەردەم ئەوانەدا بەسەردا سەپاند کە ناتوانن سوود لەو ئازادی و مافانە وەربگرن کە بۆیان دەستەبەر کراوە، ئەمەش لە ڕێگەی سەپاندنی کۆمەڵە مافێکی کۆمەڵایەتی کە چەند ئەرکێکی ئەرێنیی لە بەرانبەر تاکەکاندا بەسەردا دەسەپێنێت، وەک دەستتێوەردان بۆ باشترکردنی بارودۆخی کرێکاران و بەشداریکردن لە ڕەخساندنی هەلی کار و چارەسەرکردنی بێکاری و دەستەبەرکردنی دڵنیایی و بژێوی و ئەو ڕێکارانەی تر کە یارمەتیدەری دەبن لە بەشداریکردن لە هێنانەکایەی خۆشگوزەرانی بۆ

---

(١) سەبارەت بە تیۆرەکەی کینز، بڕوانە:

- مصطفى كامل السيد، دراسة فى النظرية السياسية، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١-١٧٤.

(٢) بڕوانە:

- R. Bellamy, op. cit., p. 39.

- فؤاد مرسى، الرأسمالية تجدد نفسها، سلسلة عالم المعرفة، عدد ١٤٧، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون الآداب، شعبان ١٤١٠، مارس ١٩٩٠)، ص١٨١.

زۆرترین ڕێژەی هاوڵاتییانی و[1] یارمەتیدانیان بۆ پەرەدان بە خودی خۆیان لە ڕووی ئەخلاقییەوە تا دوا ئاستی گونجاو، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە دروستکردنی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی کە بۆیان یارمەتیدەر بێت[2].

ڕەنگدانەوەی تێزەکانی لیبرالیزمی نوێ لە بارەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەتەوە لەسەر هزری ڕاگەیاندن

دەکرێت گرنگترینیان لەم چەند خەڵەدا کورت بکەینەوە:

- چەمکی لیبرالیزمی نوێ بۆ ئازادیی تاک، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مافی تاک لە سوودبینین و چێژوەرگرتن لە ئازادییەکانی، ئەوەی لەسەر دەسەپێنێت کە بە بوونی چەند پابەندی و ئەرکێک لە بەرانبەر کۆمەڵگەکەی قایل بێت، ئەم چەمکە سەری کێشا بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکی گرنگ لە چەمکی ئازادیی ڕاگەیاندن لەلای. ئیدی ئەو هزرە ڕاگەیاندنییەی کە بەرهەمی هێنابوو وەک مافێکی ڕەها سەیری مافی تاکی لە دەربڕین نەدەکرد، کە نابێت هیچ کۆت و پابەندییەکی لەسەر دابنرێت، تەنها ئەوانە نەبێت کە ئەوانی تر لە زیانپێگەیاندنیان بپارێزێت، بەڵکوو بڕوای وا بوو کە پێویستە لە بەرانبەر خواستی تاک بۆ بوون و سوودوەرگرتن لەو مافانە، ئامادەییەکی ئاشکرای لا هەبێت بۆ گرتنەئەستۆی ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە لە بەرانبەر هزری خۆی و ویژدانی و مافی ئەوانی تر و کۆمەڵگەکەشی دەکەونە ئەستۆ[3].

لێرەدا شیاوی ئاماژەپێکردنە کە ئەو ئەرکانەی کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەیخاتە ئەستۆی تاک، ئەرکگەلێکی ئەخلاقین و پابەندنەبوون پێیانەوە واتای نەمانی مافە یاساییەکەی لە گوزارشتکرن لە ڕای خۆی نییە، هەر چەندە ئەو کارە مافی ئەخلاقیی ئەو لە داواکردنی لێ دەسێنێتەوە[4].

---

(١) بڕوانە:

- سویم العزی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠-١٠١.
- حورية مجاهد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣-١٥٥.

(٢) بڕوانە: جورج. هـ. سباین، سەرچاوەی پێشوو، کتێبی چوارەم، ل٩٦١-٩٦٥.

(٣) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Petersonand W. Schramm, op. cit., p. 96-99,
- The Commission on Freedom of The Press, op. cit., p. 8-1,
- W. E. Hoking, op. cit., p. 60-61.

(٤) بڕوانە:

- The Commission on Freedom of The Press, op. cit., p. 80.

بەو شێوەیە، لە کاتێکدا چەمکی ئازادی لە تیۆری کلاسیکیدا واتە ئازادیی لەلایەن (Freedom From)، تیۆری نوێ لەسەر چەمکێکی ئەرێنی بۆ ئازادی بەرپا بوو، کە بریتییە لە ئازادیی لە پێناو (Freedom For)[١].

ئیدی بۆ زامنکردنی مافی گوزارشتکردن و گەیشتنی ڕای تاکەکان بە خەڵکی لە لایەک و زامنکردنی لانەدانی هەندێک لە بەکارهێنانی ئەو مافە لە لایەکی تردەوە، تیۆرە نوێیەکە کاری لەسەر ئەم چەند خاڵە کرد:

– داخوازیکردن لە دەوڵەت بە هێشتنەوەی پەیوەندیی کراوە لەگەڵ جەماوەردا، لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ دروستکردنی کەناڵی یەکەی پەیوەندی، لە سایەی ئەو تێچووە زەبەلاحانەی کە بۆ بەرپاکردنی ئەو یەکانە هەیە[٢]، یان لە ڕێگەی خاوەندارێتیکردنی ئامرازی ڕاگەیاندن بە شێوەی ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی خاوەندارێتیی گشتییەوە –ئەمەش لە ئامرازە ڕاگەیاندنییە ئەلیکترۆنییەکاندا دەردەکەوێت–، ئەمەش بە ئامانجی ڕەخساندنی هەل بۆ گەیشتنی زۆرترین ڕێژەی ڕای جەماوەر لە ڕێگەی ئەو کەناڵانەوە[٣].

– بەخشینی ماف بە دەوڵەت لە خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنییانەی کە یارمەتیدەری دەبن لە گەیاندنی سیاسەتەکانی بە جەماوەرەکەی، ئەمەش کاتێک کە ئامرازە تایبەتەکانی ڕاگەیاندن ئامادە نەبن ئەو کارە بکەن. ئا ئەمە ئەوەیە کە سروشتی ئەو ڕۆڵە گەورەیە دەیخوازێت کە حکومەتە نوێیەکان لە هەموو بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و..هتد، دەیگێڕن[٤].

– بەخشینی مافی دەستتێوەردان بە دەوڵەت، بۆ نەهێشتنی هەر لادانێک لە بەکارهێنانی ئازادیی ڕاگەیاندنا، ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی مافی ئەوەی لە هەر قۆرخکارییەک بدات کە کاریگەریی لەسەر ڕکابەریی ڕاگەیاندنکاری دەبێت، هەروەها پێدانی مافی دارشتنی ئەو یاسایانەی کە ئەو سنوورشکێنییانە یاساغ دەکەن کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ئەنجام دەدرێن و سەرچاوەکانی ڕای گشتی ژەهراوی دەکەن[٥].

---

(١) بڕوانە:

– F. S. Siebert, P. Petersonand W. Schramm, op. cit., p. 93.

(٢) Ibid, p. 93.

(3) J. C. Merril, R. L. Lowenstein, OP. C it, P. 164.

(4) Z. Chafee, Government and Mass Communication, Volume 1, A Report from the Commission on Freedom of the Press (Chicago: The University of Chicago Press, 1947), p. 13.

(5) F. S. Siebert, P. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 96.

کەتواری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن لە سایەی تێزەکانی لیبرالیزمی نوێ لە بارەی پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە:

لە کەتواردا تێزەکانی لیبرالیزمی نوێ لە بارەی ئەو جۆرە پەیوەندییەی کە پێویستە پەیوەندیی مرۆڤ و دەوڵەتی لەسەر بڕوات، ئەو بەرهەمەی نەدا بەدەستەوە کە لێی چاوەڕێ دەکرا، جا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەگشتی، یاخود لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن بەتایبەتی بێت.

ئەوەتا لەسەر ئاستی کەتواری کۆمەڵایەتی بەگشتی، ئەو کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانییەی کە لیبرالیزمی نوێ، لە میانەی ڕێگەدان بە زیاتر دەستتێوەردانی دەوڵەت لە بواره جیاوازەکانی ژیان، بەتایبەت بواری ئابووری، هەوڵی بۆ دەدا، نەهاتە دی، چونکە جێبەجێکردنی ئەو هزرە نوێیە چەندین قەیرانی تووندی، ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی، لێ کەوتەوە، وەک: کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان، کورتهێنانی بودجە... هتد[1]، ئەمانەش گومانیان لە ئاستی دروستیی ئەو هزرە دروست کرد.

وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەمە ڕەوتێکی هزریی نوێ دەرکەوت، بە ڕەوتی لیبرالی کلاسیکی نوێ ناو نرا، ئەم ناوەش لە گەڕانەوەی ئەم ڕەوتە بۆ هزری لیبرالی کلاسیکی سەرچاوەی گرت کە ڕەوتێکە بڕوایەکی ڕەهای بە میکانیزمەکانی بازاڕ و ڕکابەری و دەستپێشخەریی تاکەکەسی هەیە و دژایەتیی دەستتێوەردانی حکومی لە بواری ئابووری و دادگەریی کۆمەڵایەتی دەکات و تاک –کە بەگشتی خاوەنی سەرمایەیە– دەخاتە چەقی بایەخ و گرنگیپێدانەوە[2]، ئەم ڕەوتە بە سەرکەوتنی ماگریت تاچەر (Margaret Thatcher) لە ساڵی ١٩٧٩ و ڕۆناڵد ڕیگان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم سەر کەوت، وەک دەرئەنجامێک بۆ قووڵیی ئەو قەیرانەی کە سیستمی سەرمایەداری پێیدا تێپەڕی، کە بۆ لاوازیی هێزە چەپەکان یارمەتیدەر بوو، کە ئەو قەیرانە بە دارمانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و یەکێتیی سۆڤیەت گەیشتە لوتکە[3].

لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنیش هزرە نوێیەکە ئەو بەرهەمەی نەبوو کە لێی چاوەڕوان دەکرا، لە نەهێشتنی خەڵە نەرێنییەکانی هزری ڕاگەیاندنی کلاسیکی، چونکە پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن کەوتە ژێر هەڕەشەی قۆرخکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەروەها ئەو میکانیزمانەی کە ئەم هزرە بۆ پابەندکردنی

(١) بڕوانە: رمزی زکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦–٢٧.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

هەڵسوڕێنەرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی بەرپرسانە دانابوون، وەک بەڵێننامەکانی شەرەف (مواثيق الشرف) و ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەگەری، -لەگەڵ ئەوەی هەندێک چاکسازییان لە شێوەی کاری هەندێک ئامرازی ڕاگەیاندندا کرد- کارایییەکەیان بەسنووردارى مایەوە[1].

هەروەها زۆربەی ئەو وێنە و بیروبۆچوون و ئاڕاستانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەرهەمی دەهێنان، وایان لێ هات هەوڵی ئامانجگەلێکی هاوشێوە بدەن کە زۆر بەسادەیی بریتی بوو لە بەدەستهێنانی قازانج و ڕەگداکوتین و بەهێزکردنی پایەکانی کۆمەڵگەی خاوەندارێتیی تایبەتی بەکاربەر[2].

بەو شێوەیە، لەگەڵ ئەوەی کە هزری لیبرالی بەگشتی و لایەنە ڕاگەیاندنییەکەی بەتایبەتی زۆر بیرۆکەی باش لەخۆی دەگرێت، دەبینین ئەو شکستەی کە ڕووبەڕووی زۆرێکی بووەوە لە هێنانەکایەی بەرهەمی خوازراو لەسەر زەمینی کەتوار، بەشێکی زۆری بۆ فەرامۆشکردنی ئەو ڕەگەزانە دەگەڕێتەوە کە لە سروشتی مرۆدا لەلایەن ئەم هزرەوە جێگیرن، کە دەبووایە وەک پێشەکیی گرنگ لەپاڵ ئەو پێشەکییانە ڕەچاو بکرانایە کە هزری لیبرالی هزری باڵای خۆی لەسەر بونیاد نان، تا بتوانێت وێناکردنەکەی لەسەر چەند بنچینەیەکی ساغ و دروست دابڕێژێت. گرنگترینی ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە فیترەت و ئارەزوو و حەز (الغرائز والأهواء) و ئەو مەیل و خواست و ئاڕاستانەشی لێیان دەکەوێتەوە[3]، بەو شێوەیەی کە ڕەنگە پاڵ بە خاوەنەکیانیانەوە بۆ بەزاندنی ئەو ڕێسایانە بنێت کە هزر یان کۆمەڵگە بۆ جموجۆڵەکەیان دیارییان کردووە.

بەو پێیەشی مەبەستەکانی مرۆڤ لەو کۆمەڵگە عەلمانییانەدا تەنها لە بواری دنیادا کورت هەڵدێت، شتێکی سروشتییە ئەو ڕەگەزانەی -زۆر کات- پاڵ بە خاوەنەکانیانەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئەو شتانە بنێن کە بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستە دنیاییەکانی دەکەن، تەنانەت ئەگەر لەو هەوڵدانەیدا بۆ بەدیهێنانیان، لەگەڵ مەبەسی هاوشانەکانی، بەڵکوو هەندێک جار مەبەستەکانی خودی کۆمەڵگەش،

---

(1) S. L. Becker, Discovering Mass Communication, 2nd edition (Iloinis: Scott, Foresman and Company, 1987), p. 401.

- هەروەها بڕوانە:

J. Curran and J. Seaton,Power Without Responsibility, The Press and Broadcasting, in Britain(London: Methuen, 1985), P. 296, 297.

(٢) هربرت شيلر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠-٣١.

(٣) بڕوانە: منير شفيق، الإسلام ومواجهة الدولة الحديثة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

پێکدادان و دژیەکی دروست ببێت.

بوشنان و قوتابخانەکەی لە «هەڵبژاردنی گشتی»دا پەیان بەمە برد و ئەم قوتابخانەیە ئەوەی ڕوون کردەوە کە تا چ ئاستێک ڕەفتاری تاکەکان لە هەوڵدانیان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانیان جیاوازە، بەتایبەت کاتێک کە لە لوتکەی دەسەڵاتدان، یان نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان دەکەن. بۆیە زۆر جار قسەکردن لە «بەرژەوەندیی گشتی» وەهمێک بووە کە وەک ئامرازێک بەدیهێنانی کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تایبەت یان بەرژەوەندیی دەستەیەک بەکار هاتووە[1]. هەر ئەمەش وای لە ڕاسل کرد بڵێت: «ئێمە زیاتر لە سنووری خۆی گەشبینین ئەگەر وا لە حکومەتەکان چاوەڕێ بکەین کە –تەنانەت ئەگەر دیموکراسییش بن– هەمیشە باشترین کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی ئەنجام دەدەن.»[2]

هەروەک چۆن ئەمە –تا ڕادەیەکی زۆر– شکستی هزری لیبرالیمان لە بەدیهێنانی مەبەستە باڵاکانی بۆ شرۆچە دەکات، کە بریتییە لە بەرپاکردنی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی، لە هەمان کاتدا شکستی تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵاتی و بەڵکوو تەواوی تیۆرەکانی ڕاگەیاندنمان بۆ شی دەکاتەوە، لەوەی کە توانیبێتیان پاڵ بەوانەوە بنێن کە پەیوەندیکردن لەئەستۆ دەگرن کە بەتەواوی و جددی ئەو بەرپرسیارێتییانە لە ئەستۆ بگرن کە کۆمەڵگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دەیخاتە ئەستۆیان.

---

(١) حازم الببلاوی، «الليبرالية بين الحيوية والعجز»، مجلة العربی، عدد ٤٠٥، أغسطس، ١٩٩٢، ص٤١.

(٢) برتراند راسل، السلطة والفرد، ترجمة: لطيفة عاشور، الألف كتاب الثانی (١٤٤)، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٤)، ص٩٤.

پاری دووەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەرایی

داخوازی یەکەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستیدا

سیما گشتییەکانی پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە

مارکسیزم لە بەرانبەر تاکدا زاڵێتیی بە دەوڵەت –کە لە حیزبی شیوعیدا بەرجەستە دەبوو– دەبەخشی و سەرکردایەتیی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی، بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە دەوڵەت دەبەخشی، بە شێوەیەک کە وا بکات زوو کۆمەڵەی شیوعی بهێنێتە کایەوە.

لەو پێناوەدا مافی دانانی سنووری کار و چالاکیی تاکی و سزادانیشی لە کاتی بەزاندنیدا بە دەوڵەت بەخشی، ئەو دەوڵەتەی کە خۆی لە پارتی فەرمانڕەوادا دەبینییەوە، کە لە چینی پڕۆلیتاریادا بەرجەستە دەبوو. خۆ ئەگەر هزری مارکسی مافی پیادەکردنی داپڵۆسین و زەبری دژی هەر تاکێک پێ بەخشیبوو کە سەر بە چینە چەوسێنەرەکان بێت، لە هەمان کاتدا بڕوای وا بوو کە ئەو داپڵۆسین و زەبرە پاش نەمانی چینە چەوسێنەرەکان، تەنها لە پیادەکردنی زۆرلێکردن لە دژی ئەوانەدا کورت هەڵدێت کە یاسا و سیستمی سۆشیالیستی دەبەزێنن[1].

لە لایەکی ترەوە هزری سۆشیالیستی پرۆسەی بونیادنانی تاکی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بەسەر دەوڵەتدا دەسەپێنێت، لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ڕەخنەیی سۆشیالیستی لە لای تاک و زاڵبوونی بەسەر ئەو بیرۆکانەی کە قۆناغی پێشوو لە ئاوەزیدا جێی هێشتوون، ئەو بیرۆکانەی کە لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا جێیان نابێتەوە[2]. هەر ئەمەش ڕەخساندنی ڕێگاکانی ڕۆشنبیربوون و ئاشنابوون بە هزری سۆشیالیستی بۆ هەر یەکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەی بەسەردا دەسەپێنێت[3]، هەروەک چۆن دژایەتیکردنی ئەو تێکدانە ئایدۆلۆژییەی بەسەردا دەسەپێنێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی دوژمنان دەیکەن[4].

---

(١) بڕوانە: ف. ج. – افانا سییف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٤.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٢٨٨.

(٣) بڕوانە: صبحی عبدة سعید، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٠–٤١١.

(٤) فاروق أبو زید، انهیار النظام الإعلامی الدولی، ص١٥٨.

لەوەشی کە بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستە، هزری مارکسی مافی تێکشکاندنی هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە بۆرژوازییەکان بە دەوڵەت دەبەخشێت، لە ڕێگەی هەر ئامرازێکی زەبر و سەپاندنەوە کە بۆی گونجاوبێت، ئەمە لە قۆناغی شۆڕشدا، بەڵام دوای کودەتاکردن بەسەر ئەو دامەزراوانەدا و تێکشکاندنیان، حیزب، بەو پێیەی نوێنەری چینی کرێکارە، بە بەکارهێنانی ئاشنایەتیی خۆی بە یاسا بابەتییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و بە کۆکردنەوە و پوختکردنەوە و ئەنجامگیریکردنی ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی گەلان بۆ پەرەسەندن، ئەرکی ئاڕاستەکردنی شێوازەکانی چالاکیی ئابووری و سیاسی و ڕاگەیاندنکاری و کولتووریی دەوڵەتی پڕۆلیتاریای دەکەوێتە ئەستۆ. پێویستە ئەو تاکە هێڵێکی سیاسی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان لە وڵاتدا بنەخشێنێت و لە پێناوی زامنکردنی جێبەجێکردنیشیدا کاری ڕێکخستنی بۆ ئەنجام بدات[1].

بەگشتی دەتوانرێت بوترێت هزری سۆشیالیستیی حیزب –بەو پێیەی ئەمینداری ڕاستی مارکسیزمە- بەرپرسیارێتیی لابردنی هەموو شوێنەوارەکانی هزر و کەتواری بۆرژوازی و بەرپاکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لەسەر پەردووی ئەو، تەنانەت ئەگەر لەمەدا زۆرلێکردن (الإکراه)یشی بۆ هەندێک تێدا بێت، لەئەستۆ دەگرێت، چونکە ئەو زۆرلێکردنە ئەوە بەسەر کۆمەڵگەدا ناسەپێنێت کە بەپێچەوانەی سروشتی پەرەسەندنیەوە هەنگاو بنێت، بەڵکوو لە پێناوی پەرەسەننی سروشتی خۆیدا پاڵی پێوە دەنێت. هەروەک چۆن ئەو زۆرلێکردنە شتێک بەسەر مرۆدا ناسەپێنێت کە دژی سروشتەکەی بێت، یاخود بەرژەوەندیی بەزایە بدات، هەروەها بیرۆکەیەکی ڕەهای وا بەدی ناهێنێت کە لە دەرەوەی مرۆڤ بێت یان پێشی بکەوێت، بەڵکوو تەنها بیرۆکەیەک جێبەجێ دەکات کە لە هزر و ویستی مرۆڤ خۆیدا هەیە و دەستەبەری ئەوپەڕی تێرکردنی بەرژەوەندییەکان دەدات و زامنی ئازادیی ڕاستەقینەی –نەک خەیاڵپڵاوی- دەکات، کە مەبەستی باڵای پەرەسەندنی گرۆی مرۆڤایەتییە[2].

هەروەها پەنابردنی حیزب بۆ زۆرلێکردن بە جۆرێک لە دیکتاتۆریەت بە واتا گشتییەکەی هەژمار ناکرێت، چونکە ئامانج لەو زۆرلێکردنە بەدیهاتنی بەرژەوەندیی گشتییە و ئەو دیکتاتۆرییەتە لە ڕاستیدا لە دیموکراسیەتی بۆرژوازی دیموکراسیترە.

---

(١) بڕوانە: ف. ج – افانا سییف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢-٢٩٣.

(٢) محمد عصفور، الحرية فی الفكرين الديمقراطی والاشتراكی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

لە لایەکی تردەوە ئەو دیکتاتۆریەتە ڕێکارێکی کاتییە، هەر بە بەرپابوونی تەواوەتیی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی کۆتایی دێت، کاتێکیش کۆمەڵگەی شیوعی بەرپا دەبێت و پێویستییەک بۆ زەبر و زۆرلێکردن... نامێنێت، ئیدی پێویستییەک بۆ دەوڵەت نامێنێت.

ڕەنگدانەوەی تێزەکانی سۆشیالیستی لە بارەی پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە لەسەر هزری ڕاگەیاندن

لە سایەی باوەڕبوونی مارکسیزم بە بوونی تاکە ڕاستییەکی ڕەها و لە سایەی تێڕوانینی بۆ ئازادیی تاک بەوەی کە بریتییە لە ئاشنابوون بە زەروورەت نەک کارکردن لە دژی، هەروەها لە سایەی تێڕوانین بۆ نوێنەرانی حیزبی شیوعی بەوەی کە ئەوان لەو یاسای بابەتییانە شارەزاترن کە ڕەوتی کۆمەڵگە بەرەو بەدیهێنانی مەبەستەکان ئاڕاستە دەکەن، لە سایەی هەموو ئەمانەدا شتێکی سروشتی بوو کە تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی مارکسی لە بارەی سنووری کاری ڕاگەیاندن و خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەرکەکانی ئەو ئامرازانە لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت.

ئ. سنووری کاری ڕاگەیاندن

وتەی کۆتایی لە یاریکردنی ئەو سنوورەدا بۆ حیزبی شیوعی دەگەڕێتەوە، چونکە هەر ئەو دەتوانێت ئەوە دیاری بکات کە چی لەگەڵ لێکدانەوە مارکسییەکاندا دەگونجێت و چی ناگونجێت و کاریگەریی وێرانکەری لەسەر کۆمەڵگە دەبێت.

هەر ئەویش ئەوانە دیاری دەکات کە مافی گوزارشتکردنی لە ڕای جەماوەر هەیە و مافی قسەکردنی لەبریی ئەوان دەبێت. کە هەمیشە ئەو مافە دەداتە ئەندام و نوێنەرانی خۆی، لەبەر ئەوەی ئەوان بە ڕاستییە مارکسییەکان شارەزاترن[1].

ب. ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

بۆ ئەوەی حیزبی شیوعی هێز و زاڵیتیی خۆی بپارێزێت، هەر خۆیشی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی هزریش کۆنترۆڵ بکات، پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ملکەچی زاڵیتیی حیزب بن؛ کە بریکاری چینی کرێکارە[2]. بێگومان لەمەدا جۆرێک لە گرنتی بۆ خراپەکارنەهێنانی ئەو ئامرازانە لەلایەن قۆرخکارە بۆرژوازییەکانەوە هەیە[3] و گرنتییەکیشە بۆ بەکارنەهێنانی ئەو ئامرازانە بە شێوەیەک کە زیان بە بەرژەوەندیی

---

(١) بڕوانە: ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(٢) بڕوانە: حمدی حسن، الوظیفة الإخباریة لوسائل الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

(٣) فایر فرانز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بگەیەنن. حیزبیش لە ڕێگەی خاوەندارێتیکردنی بۆ ئەو ئامرازانە هەل بۆ ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە بەبێ هیچ بەربەستێک دەڕەخسێنێت، وەک ئەوەی کە لە باری خاوەندارێتیی تایبەتدا ڕوو دەدات.

پ. وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

حیزبی شیوعی تاکە لایەنە کە مافی دیاریکردنی ئەو ئەرکانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی هەیە کە پێویستە ئەنجامیان بدات، ئەمە وێڕای دیاریکردنی ئەو کارانەی کە پێویستە خۆی لێیان بەدوور بگرێت. ئەمە وێڕای هەڵبژاردنی ئەو ئەندامانەی کە توانا و لێوەشاوەیی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەیان بە باشترین شێوە هەیە.

هەڵسەنگاندنی تێزەکانی سۆشیالیزم لە بارەی سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەتەوە

شتێکی سروشتییە کە ئەو پێشەکییە کەموکورتانە سەر بۆ کۆمەڵێک دەرئەنجامی کەموکورت بکێشن، ئەمەش لە ئەنجامی زۆر فراوانکردنی ئەو ڕۆڵەی هزری مارکسی بە دەوڵەتی بەخشی، کە ئەویش خۆی لە حیزبدا دەنواند، ئەم ناهاوسەنگییە سەری بۆ دارمانی زۆربەی حاڵەتە جێبەجێکارییەکانی سۆشیالیستی لە جیهاندا کێشا، کە خۆی لەم چەند خاڵەدا نواند.

- لادانی فەرمانڕەوایانی نوێنەری دەسەڵاتی دەوڵەت لە سایەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریدا، ئەویش بە پەنابردنیان بۆ بەکارهێنانی جۆرێک لە هێز و تووندوتیژی بە یاساگەلێک کە خودی خۆیان دایانڕشتووە، ئەمەش بە پاساوی پاراستنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە یاخیبوونی ئەوانەی کە هێشتا بە بنەماکانی سۆشیالیزم گۆش نەکراون[1].

- فەرامۆشکردنی ئازادییە سیاسییەکانی تاک، چونکە لە سایەی گریمانەی بوونی تاکە دەنگێک کە گوزارشت لە ڕاستیی ڕەها دەکات، کە دەنگی حیزبە و لە بەرانبەر گرنگیدانی بە ئازادییە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، کە پێی وا بوو ئەوانە ئازادیگەلێکن کە بۆ گرنگیپێدان شیاوترن، هیچ بواریک بۆ ئازادی نەبوو، ئیدی ئەمە دوو دەرئەنجامی لێ کەوتەوە.

ئ. بێبەشبوونی تاک لە چێژبینین لە یەکێک لە ئازادییە سروشتییەکانی،

ب. بێبەشبوونی خودی جێبەجێکردنی سۆشیالیستی لە فرەیی ڕا و گۆشەنیگا، کە دەبێتە ئامرازی ئاگادارکردنەوەی لە خاڵە نەرێنییەکانی و تێپەڕاندنیان[2].

---

(١) بڕوانە: سدنی هوک، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

(٢) بڕوانە: هالة أبو بکر سعودی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

– هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تاکەکەسی یان تایبەت، خاوەندارێتیی نەخستە دەستی چینی کرێکار –وەک ئەوەی شیوعیەت بانگەشەی بۆ دەکرد–، بەڵکوو خستیە دەستی حکومەتەوە، بەمەش تەنها ئەو مامەڵەی پێوە دەکرد. بەمەش حکومەت بوو بە گەورەترین و دەوڵەمەندترین سەرمایەدارێک کە مێژوو بەدرێژایی قۆناغەکانی خۆی ناسوێتی[1]. هەروەها لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنیش بوو بە بەهێزترین قۆرخکاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خاوەنی تاکە دەنگێک کە ڕێگەی گەیاندنی ڕای خۆی لەو ئامرازانەوە پێ درابێت.

– لە سایەی نەبوونی ئازادیی سیاسی و دەستوالاکردنی حیزبی شیوعی لە هەڵسوڕاندنی هەموو کاروبارەکاندا ویستی حیزب لە ویستی سەرکردەکانی یاخود تاکە سەرکردەکەیەوە وەردەگیرا، هەروەها هیچ بوارێک نەبوو کە کەس ڕەخنە لە پرەنسیپەکانی حیزب یان ڕەوتەکەی بگرێت. زیاتر ئەوەی کە لەو بارەیەوە ڕێی پێ دەدرا، بریتی بوو لەو ڕەخنە خودییانەی کە پیاوانی حیزب و حکومەت خۆیان ئاڕاستەیان دەکرد[2]، بە مەرجێک ئەو ڕەخنانە تەنها لە چوارچێوەی جێبەجێکارییەکاندا بن و نەچنە سنووری پرەنسیپەکانەوە.

بەو شێوەیە و لە میانەی ئەو کەموکوڕییانەی کە لە تێزەکانی سۆشیالیستیدا لە بارەی ئەوە هەبوون کە دەبێت پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت چۆن بێت، شتێکی سروشتی بوو کە ئەو جۆرە پەیوەندییە بەرهەمی تاڵ بەدەستەوە بدات، گرنگترینیشیان نەمانی ئازادیی مرۆڤ و هەستکردنی بوو بە خودی خۆی و ئەوەی کە مرۆڤی کردە نێچیری نامۆبوون (الاغتراب)، ئەو نامۆبوونەی کە ماركس دەیویست مرۆڤی لێ ڕزگار بکات، ئەمانەش سەریان بۆ شۆڕشی مرۆڤ لە زۆرێک لەو کۆمەڵگانە کێشا کە ئەو هزرەیان تێدا جێبەجێ کرا، شۆڕش بەسەر ئەو هزرەدا و بەسەر ئەو کەتوارەشدا کە بەرهەمی هێنابوو، هەروەها لەو کۆمەڵگانەشدا کە هێشتا بە ئاڕاستەی سۆشیالیزم کار دەکەن، سەری بۆ ئەوە کێشا دەسەڵاتداران هەندێک لەو شوێنەوارانە کەم بکەنەوە، ئەویش یان لە ڕێگەی ڕێگەدان بە ئەندازەیەک لە ئازادی، کە لە ڕێگەیەوە بتوانرێت دەروازەیەک بۆ هەناسەدان بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵگە لە تەقینەوە بکرێتەوە، یاخود لە ڕێگەی دەمکوتکردنی زیاترەوە.

– حس الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١–١٠٢.

(١) عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٥٢.

داخوازی دووەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی گەشەپێدانگەراییدا

لە تێزی هزری گەشەپێدانگەرایی تایبەت بە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت، گەورەترین ڕۆڵ لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگە بەرەو گەشەپێدان و پێشکەوتن خراوەتە ئەستۆی دەوڵەت یان حکومەت، کە خۆی لە دەستەبژێردا دەبینێتەوە.

سیما گشتییەکانی پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە هزری گەشەپێدانگەرایی دەسەڵاتێکی فراوانی بە دەوڵەت لە سەرکردایەتیکردنی بزاڤی کۆمەڵگە بە هەموو دامەزراوەکانییەوە بەخشی، بە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان. هەروەها لە لایەکی ترەوە و لەبەر ڕۆشنایی تیۆرانینی بۆ کەتواری ئەو کۆمەڵگانە و گرفتارییان بە پەرتەوازەیی و دواکەوتوویییەوە، مافی بەرپەرچدانەوەی هەر دەنگێکی بە دەوڵەت داوە کە پێی وایە دەبێتە بەربەست لەبەردەم بزاڤی حکومەت و ڕێڕەوە پیرۆزەکەی لە پێناوی گەشەپێداندا، جا ئەو ئۆپۆزسیۆنبوونە لە شێوەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا بێت لە بەرگی پارتدا، یاخود تەنها ئۆپۆزسیۆنبوون بێت لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.

ڕۆڵی دەوڵەت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان

هزری گەشەپێدانگەرایی ئەرکی ڕاپەڕاندنی هەموو ئەو ئەرکانە دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان یارمەتیدەری دەبن، وەک: دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان، ئەنجامدانی ئەرکەکانی فێرکردن، سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی ئابووری، دروستکردن و پەرەدان بە ژێرخانی ئابووری بۆ ئاسانکردنی پرۆژە تایبەتەکان لە ڕێگەی سەپاندنی پاراستنی گومرگی لەسەر هاوردەکردن بە ئامانجی پاراستنی ئەو پرۆژانە[1].

بەکورتی دەتوانرێت بوترێت دەوڵەت لە جیهانی سێیەمدا مافی کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو توانا پەرەسەندنزەدە ماددی و مرۆیی و داراییانەی هەیە کە لە کۆمەڵگەدا هەن، ئیدی ئەو مۆدێلی گەشەپێدانەکەی کە پەیڕەوی دەکەن، هەر چییەک بێت، سەرمایەداری یان سۆشیالیستی[2]، بەو شێوەیەی کە بڕوایان وایە بۆ هێنانەکایەی ئامانجە خوازراوەکانی گەشەپێدان یارمەتییان دەدات.

---

(١) بڕوانە:

- أحمد عباس عبد البديع، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١-١٧٩،
- إبراهيم سعد الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠،
- امدی مایکل هابت، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦.

(٢) عبد الوهاب إبراهيم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

گرنگترین بەڵگەکانی دەستتێوەردانی دەوڵەت بۆ ڕێگریکردن لە ڕای ئۆپۆزسیۆنی ڕەوتەکەی

هزری گەشەپێدانگەرایی جۆرێک لە ماف بە دەوڵەت دەبەخشێت، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی کە لە کاروانی گەشەپێدانیدا دژی دەوەستنەوە و دەبنە ئۆپۆزسیۆن، جا ئەو ئۆپۆزسیۆنبوونە شێوەی پارتی ڕێکخراو وەربگرێت، یاخود تەنها لە بواری ڕاگەیاندندا کورت هەڵبێت. ئەمەشی پشتبەست بە چەند بەڵگەیەک کردووە، کە گرنگترینیان ئەمانەن.

– لە سایەی ئەو ناجێگیرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە زۆرینەی ئەو کۆمەڵگانە پێوەی دەنالێنن، بوونی ئۆپۆزسیۆن نازهەڵگرتن قۆناغێکی چاوەڕواننەکراوە[١].

– فرەیی ڕەوت و ئاراستە سیاسییەکان وا دەخوازێت ئاستێکی باش لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەدی هاتبێت، کە ئەمەش لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بەدی نەهاتووە[٢].

– ئەگەری دروستبوونی پارتگەلێک، بە ئینتیمای خێڵەکی یان ئایینی یان دەستەگەری، هەیە، ئەمەش هەڕەشە لە یەکێتیی ئەو وڵاتانە دروست دەکات و دووچاری مەترسییان دەکات[٣].

– پێویستیی یەکخستنی هەموو هێزەکان لە پێناوی هێنانەکایەی ئامانجەکانی گەشەپێدان و ڕووبەڕووبوونەوەی فشارە دەرەکییەکان[٤].

– پێویستیی گەیشتنی تاکەکان بە ئاستێک لە پێگەیشتوویی، کە وایان لێ بکات ئەو ئازادییانە، بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێنن[٥]، چونکە کاتێک کە تاک ئامادەباش نەبێت بۆ مومارەسەکردنی ئازادی، ئەو ئازادییە مەترسیی گەورە دروست دەکات[٦].

– پەلەکردن لە پرۆسەی پەرەسەندندا، وا دەخوازێت دەوڵەت بەرزترین پێگەی

---

(١) بڕوانە: ليلى عبد المجيد، سياسات الاتصال فى العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.
– نصر مهنا، النظرية السياسية والعالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

(٢) وحيد عبد المجيد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٣٢.

(٤)، صبحى عبدة سعيد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(٥) عزت قرنى، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧–٨٨.

(٦) نصر مهنا، النظرية السياسية والعالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

لەسەرو هەموو دامەزراوەکانی تردوە هەبێت[1].

بەو شێوەیە و بە پێی ئەو بەڵگانە ئازادیی سیاسی بەو شێوەیەی کە لە دیموکراسی ڕۆژئاواییدا هەیە، بەدڵنیاییەوە شکست دەهێنێت، چونکە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەرگیز بەو قۆناغانەدا تێنەپەڕیون کە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی پێش سەرکەوتنی خۆی پێیاندا تێپەڕیوە، هەر هەوڵێکیش بۆ سەپاندنی شێوەکانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی نوێدا، هەوڵێکی گەمژانەیە و سەرکەوتوو نابێت.

ئەمە واتە ئامانجەکانی دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو، یەکەم ئابووریں، پاشان کۆمەڵایەتین و دواجار، کە مەرجیش نییە، ڕەنگە سیاسی بن، چونکە ئەو دەوڵەتانە پێداگری لە باشکردنی ئاستی گوزەران دەکەنەوە، هەروەها دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو بەرگەی ئەو دیموکراسیەتە حیزبییە ناگرێت کە ناوەندەکانی هێز تێیدا ڕکابەری دەکەن، چونکە سیاسییە حیزبییەکان لە ڕکابەرییان بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی پێویست بۆ هەڵبژاردن، هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ ڕازیکردنی گەل تەرخان دەکەن و داوای قوربانی یان دواخستنی خواستەکان لە جەماوەر دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە قوربانیدان شتێکی پێویستە بۆ دەوڵەتێک کە هەوڵی گەشەسەندن بدات[2].

ئەمە واتای ئەوە نییە کە قوربانیدان بەو ئازادییانە هەمیشەییە، بەڵکوو قۆناغێکە و دەوڵەت دوای ئەوە بۆ بەخشینی ئەو ئازادییانە و جێبەجێکردنی دیموکراسی لەسەر شێوە ڕۆژئاواییەکەی بە شێوەیەکی تەواو دەگوازرێتەوە.

ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لەسەر هزری ڕاگەیاندن:

لێرەدا سیما گشتییەکانی ئەو ڕەنگدانەوەیە لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو و دواتر لە دەروازەی دواتردا بەدرێژی باسیان دەکەین.

ئ. سنووری پیادەکردنی ڕاگەیاندن

هزری ڕاگەیاندن مافی دەستتێوەردانی لە پرۆسەی ڕاگەیاندنی بە شێوەیەک بە دەوڵەت بەخشی کە ڕێگەی پێ بدات بە جۆرێک ئەو پرۆسەیە ئاڕاستە بکات کە خزمەت بە ئامانجەکانی گەشەپێدان بکات، «بەو پێیەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێکن لەو هەوڵە نیشتمانییەی کە لە چوارچێوەی ئەرکێکی گشتگیری تایبەت بە

(١) سويم العزى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

(٢) صبحى عبدة سعيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١.

نوێگەری خەرج دەکرێت»[1]، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بەو پێیەی حکومەت مافی دانانی هێڵە گشتییەکان و سەرکردایەتیکردنی ڕەوتی گەشەپێدانی لە هەموو بوارەکاندا هەیە، ئیدی ئەو مافی دیاریکردنی سنووری ئازادیی ڕاگەیاندنی هەیە، بەو شێوەیەی کە پێی وایە ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی گەشەپێدان دروست ناکات.

ب. ئازادیی خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

بە پێی ئەم هزرە خاوەدارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەوڵەتەوە کارێکی زۆر پێویستە، چونکە ئەو خاوەندارێتییە بۆ گەیاندنی سیاسەتەکانی دەوڵەت بە جەماوەر و بەکارهێنانیان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان پیویستە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە دەوڵەت توانای دامەزراندنی ئەو ئامرازانەی هەیە[2].

لەو بارانەشدا کە دەوڵەت ڕێگە بە خاوەندارێتیی تایبەت بۆ هەندێک لەو ئامرازانە دەدات، ئەوا نابێت لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەربچن. ئەویش لە میانەی دەسەڵاتی یاسایی ئەو لە بەخشین و ڕێگریکردن، یان لە ڕێگەی ئاڕاستەکرن یاخود پاڵپشتی دارایی و چاودێریکردنەوە[3].

پ. وەزیفەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

لەبەر ڕۆشنایی بەخشینی ڕۆڵە گەورەکە بە دەوڵەت لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی گەشەپێداندا، ئەرکی دیاریکردنی ئەو ڕۆڵەی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەسپێردرێت، لە پرۆسەی گەشەپێداندا و شێوازی ئەنجامدانی ئەو ڕۆڵە، زۆربەی کات ئەرکێکی حکومییە. تەنانەت ئامرازە ڕاگەیاندنییە تایبەتەکانیش، ئەگەر بە ڕاستەوخۆش ڕۆڵێکی دیاریکراویان لە پرۆسەی گەشەپێداندا پێ نەسپێردرێت، ئەوا ئەوەیان بەسەردا دەسەپێندرێت کە کارێک نەکەن کە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی گەشەپێدان دروست بکەن.

هەڵسەنگاندنی تێزەکانی هزری گەشەپێدانگەرایی لە بارەی پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە

لەگەڵ پەسەندن و بەجێیی هەندێک لە تێزەکانی هزری گەشەپێدانگەرایی لە

(١) ألبرت ل هستير، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(٢) بڕوانە:

- شون ماكبراید، أصوات متعددة وعالم واحد، تقرير اللجنة الدولية لدراسة مشكلات الاتصال، (الجزائر، الشركة الوطنية للنشر والتوزيع، ١٩٨١)، ص٢٦٢-٢٦٣.

- R. Tatarian, op. cit., p. 4.

(٣) ليلى عبد المجيد، «السياسات الاتصالية والإعلامية وأثرها فى الثقافة والتربية»، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢-٦٣.

بارەی ئەو جۆرە پەیوەندییەی کە پێویستە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا لە بوارە جیاوازەکاندا هەبێت، بەڵام زیادەڕەویکردن لە فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی گەشەپێداندا و بەخشینی مافی بەرپەرچدانەوەی ڕا و ئاڕاستە ئۆپۆزسیۆنەکانی سیاسەتەکانی دەوڵەت بە پاساوی ئەوەی هەڕەشە بۆ ڕەوتی گەشەپێدان دروست دەکەن، بە شێوەیەک کە پاساوی تەواوی بۆ زاڵبوون بەسەر پرۆسەی ڕاگەیاندندا پێ بەخشی، تەنانەت ئەگەر ئەمە بە ڕێکارێکی کاتییش بێت، شتێکی قەبوولکراو نییە بە پتر لە بەڵگەیەک.

– ئەوەی کە بوترێت ویستی کۆمەڵگە لە بارودۆخی نەزانی و کورتبینی یان لایەندارییدا و ناکامە و ئیدی پێویستە سەرکردایەتیکردنی بۆ دەستەبژێرێک لە سیاسییە شارەزاو دووربین و قاڵبووەکان لە کاردا جێ بهێڵرێت، شتێکی ڕەتکراوەویە لە ڕوانگەی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و مێژوویییە باوەکانەوە، چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێبینی کراوە کە کەم جار خەڵکی بەگشتی لەمەڕ ئەو کەیسانەی کە بە سەروەری و بەرژەوەندییەکانییانەوە لەسەر ئاستی دوورمەودا پەیوەستن، هەڵە بکەن. هەروەک چۆن لە ڕووی مێژوویییەوە سەلماوە کە جێهێشتنی سەرکردایەتیکرن بۆ ئەو دەستەبژێرە هەمیشە لەناوچوون و کۆستی زۆری بۆ گەلان هێناوە[1].

– قوربانیدان بە ئازادی و دیموکراسی لە مێژووی گەلاندا نرخێکی قورس وگرانی هەیە، هاوشێوەی قوربانیدانە بە گەشەپێدان لە پێناوی دیموکراسیدا. بانگەشەکردنی ئەوەی کە لەکارخستنی دیموکراسی تەنها شتێکی کاتییە و بۆ هەمیشە نابێت، بێسوودە و هەر بە هەڵهاتنی مانگی گەشەپێدان، کاتێک گەواهیدەران گەواهیی بینینی لە ئاسمانی دیکتاتۆریەتدا بەڕوونی دەدەن، ئیدی دیموکراسی کاری خۆی دەست پێ دەکات. هەموو ئەمەش بەستراوەتەوە بە بڕیاری فەرمانڕەوایان، نەک گەلانەوە، چونکە هەر ئەوان ئەوەمان بۆ دیاری دەکەن و بێگومان هەر ئەوانیش دەتوانن نکوولّیی ڕووداتی بکەن، مادام نەبوونی دیموکراسییان پێخۆشە و چێژ لە دەسەڵاتگەرێتی و دیکتاتۆریەت وەردەگرن[2].

– هەر دەسەڵاتێک فراوان ببێت، لە هەناویدا ئەو هۆکارانە خۆیان مەڵاس دەدەن کە دەبنە پاڵنەر بۆ لادان و دەرچوون لەو بوارەی هەر لە ڕێی دەسەڵاتەکەوە بۆی

(١) عبد الفتاح العدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٢) عبد المجيد فراج، أكذوبة الحكومات الوطنية بعد جلاء الاستعمار: كى لا تكون التنمية فى واد الديموقراطية فى واد آخر، جريدة الشعب، عدد ١٩٩٦/٧/٥، ص٩.

دیاری کراوە. ئا لێرەوە مەترسی لەسەر ماف و ئازادیی تاکەکان دروست دەبێت، بۆیە پێویستە تاکەکان گرنتیکرنی وەڵامدانەوەی هەر دەستدرێژییەکیان بۆ سەر ماف و ئازادییەکانیان، یان لییێچینەوە لە دەستدرێژیکارانیان هەبێت[١].

– بانگەشەی ئەوەی کە پێویستە گەل شایستەی ئازادی بێت، تا ڕێگەی بەکارهێنانی ئازادییەکەی بۆ فەراهەم بکرێت –بە گوزارشتی تۆماس بابنجتۆن ماکاولی[٢]–، ئەو چیرۆکە کۆنەمان بیر دەخاتەوە کە باسی ئەو مریشکە دەکات کە بڕیاری داوە تاوەکوو فێری مەلەکردن نەبێت، نەچێتە ناو ئاوەوە.

– ئازادی لەو شتانە نییە کە بە پێی بارودۆخی مرۆڤ ببەخشرێت، یان ڕێگریی لێ بکرێت، چونکە ئازادی «چیەتیی ڕۆح»ە، وەک هیگڵ بەڕاستی دەڵێت: «هەروەک چۆن چیەتیی مادده قورساییە، دەتوانین لە لایەکی تردەوە پێداگری لەوە بکەین کە چیەتیی ڕۆح ئازادییە. خەڵکیش هەموویان دان بەوەدا دەنێن کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆح ئازادییە. فەلسەفەش ئەوەمان فێر دەکات کە بوونی هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕۆح بە ئازادییەوە بەستراوەتەوە.» لێرەوە سازشی مرۆڤ لە ئازادییەکەی بۆ فەرمانڕەوا یان بۆ هەر کەسێکی تر واتای سازشکردنیەتی لە مرۆڤبوونی خۆی. واتە ئەو سازش لە ماف و ئەرکەکانی دەکات، وەک ڕۆسۆ ئاماژەی پێ دەدات[٣].

خۆ ئەگەر مەبەستەکە پیادەکردنی ئازادییە، نەک خودی ئازادی، ئەوا ئەم قسەیە بەوە وەڵام دراوەتەوە کە ئەنجامدانی ئەو پیادەکردنە بە شێوازێکی دروست، پێویستی بە شارەزایی و لێزانین و هەوڵ و کات هەیە. ڕاستە زۆر جار مرۆڤ ئازادیی خۆی بە هۆی نەزانی، یاخود بە هۆی زاڵبوونی غەریزە، یان مەیلی، یان ئارەزووەکانییەوە... خراپ بەکار دەهێنێت، بەڵام پێویستی بە ڕاستکردنەوەی خۆی و فێربوون و پەندوەرگرتنی لە هەڵەکانی خۆی هەیە. بۆیە وتراوە ئەو دیموکراسییەی کە جێبەجێکردنی کردارەکی ئازادییە، ئەوە بە پلەی یەکەم پیادەکردنە[٤].

---

(١) أحمد جلال حماد، حرية الرأى فى الميدان السياسى فى ظل مبدأ المشروعية: بحث مقارن فى الديموقراطية الغربية والإسلام، (القاهرة: دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٨٧)، ص١٦.

(٢) صون. ل. بادوفر، معنى الديموقراطية، ترجمة: جورج عزيز، سلسلة المكتبة السياسية (٢٦)، (القاهرة: دار الكرنك للطباعة والنشر، ١٩٦٧)، ص١٥٨.

(٣) بڕوانە: إمام عبد الفتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

(٤) بڕوانە: منى أبو الفضل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

لەپاڵ ئەو بەڵگە تیۆرییانەی کە دژایەتیی تێزی هزری گەشەپێدانگەرایی لە بارەی ئەو جۆرە پەیوەندییە دەکەن کە وای داناوە پێویستە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا لە هەموو بوارەکاندا هەبێت، کەتواری کرداریش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر کەموکورتیی ئەم تێزە و نادروستییەکەی، چونکە کەم جار ئەم هزرە بەهێزی و کارایی بە دەوڵەتێک بەخشیوە، بەڵکوو جێبەجێکردنەکەی دوو دیاردەی بەدوای خۆیدا هێناوە:

لە مەیدانی دەرەوەدا بووەتە هۆی قووڵکردنەوەی وەگەڕخستن و پاڵپشتیکردنی سیاسەتی تەوقدان (الاحتواء).

لە مەیدانی ناوەکییشدا بووەتە ئامرازێک بۆ زیادبوونی ئاستی سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا.

بەو شێوەیە ڕووبەری زاڵیتیی دەوڵەتی نوێ لەو کۆمەڵگانەدا زیادی کرد و کەناڵەکانی ئازادی تێیاندا بە شێوەیەک کەم بوونەوە کە ئەو ئومەتانە هەرگیز لە میژووی خۆیاندا بەو ئاستە نەیانبینیبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی کە پرۆژەکانی گەشەپێدانیش بەرهەمی خوازراویان لێ نەبینرا و بۆ گەشەی ئابووری و سیاسی بەو شێوەیە سەریان نەکێشا کە ئومێدی لەسەر هەڵچنرابوو[1].

- لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنیش دەزگای ڕاگەیاندن لە خزمەتی مەبەستەکانی گەشەپێداندا بەکار نەهات، بەڵکوو زیاتر بە ئاڕاستەی زیادکردنی دڵسۆزی و وەلائی جەماوەر بۆ دەزگای دەوڵەت و ڕازیکردنی نوێنەرانی دەستەبژێری فەرمانڕەوا کاری دەکرد[2]، هەروەها حکومەت پەنای بۆ چەکی دەمکوتکردن نەبرد، ئەو چەکەی کە بۆ بەرگریکردن لە کاروانی گەشەپێدان پێی درابوو، بەڵکوو بۆ ڕێگریکردن لە ئاشکرابوونی کەموکورتی و شکستەکانی بەکاری هێنا و ئازادییەکانی بە ناوی پاراستنی ڕژێمەوە کپ کرد و سەرکردەکان بە پاساوی ترس لەسەر بەرژەوەندیی نیشتمانی بواری ڕەخنەگرتنیشیان نەهێشتبوو[3].

---

(1) R. L. Stevenson, Communication, Development and The Third World, (New York: Longman, 1988), p. 168.

(٢) بڕوانە: حماد إبراهيم سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.
- حمدی حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥-١٢٦.

(٣) سويم العزی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

پاری سێیەم: پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا

تێزەکانی هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی لە بارەی ئەو جۆرە پەیوەندییە خوازراوەی کە پێویستە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا هەبێت، بەڕوونی جیاوازن لە تێزەکانی ئەو تیۆرە پۆزەتیڤیزمانەی پێشتر باس کران، ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازیی ئەو بەڵگەنەویستانەوە دێت کە دەیکاتە سەرەتا و جیاوازیی ئەو ئامانجانەشی کە هەوڵی هاتنکایەیان دەدات، هەروەها لە ئەنجامی جیاوازیی دیدی بۆ سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستی و سروشتی دەوڵەت لە دیدە هاوتاکانی لە هزری پۆزەتیڤیزمدا. لێرەدا سیما گشتییەکانی تێزەکانی هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی لە بارەی ئەو پەیوەندییە دەخەینە ڕوو، پاشان سیما گشتییەکانی ئەو هزرە ڕاگەیاندنییە دەخەینە ڕوو کە لەگەڵ ئەو جۆرە پەیوەندییەدا دەگونجێت و ئاستی کۆکبوون و ناکۆکبوونی لەو سیما گشتییانەی کە قوتابخانەکانی هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزمیان پێ جیا دەکرێتەوە.

سیما گشتییەکانی پەیوەندیی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە

تێزەکانی هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی لە بارەی ئەو جۆرە پەیوەندییەی کە پێویستە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا هەبێت، لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ سروشتی مرۆڤ بەوەی کە بوونەوەرێکی داوالێکراو (مکلف) و بەرپرسیارە، داڕێژراون، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ دەوڵەت وەک ئامرازێکی دەستکرد کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان (کۆمەڵگەی جێنشینی)دا هەیە، داڕێژراون، ئەویش بە پشتبەستن بە ڕاستییە بەرز و بڵندە سروشپێکراوەکان.

ئیدی هزری ئیسلامی لە تێزەکەیدا لە بارەی ئەو پێوەندییەی کە پێویستە مرۆڤ و دەوڵەت بە یەکەوە ببەستێتەوە، ماف و ئەرکی هەر لایەکیانی بەرانبەر ئەوی دی دیاری کردووە، هەروەک چۆن ئەو ئەرکانەی دیاری کردەوە کە بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی دەکەوێتە ئەستۆیان، بەبێ ئەوەی بەتەنها دەستپێشخەری بدات بە تاک لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا –وەک ئەوەی کە لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا ڕووی دا–، هەروەها بەبێ ئەوەی ئەرکی هەوڵدان بۆ هێنانەدیی ئەو مەبەستانە بەتەنها بخاتە ئەستۆی دەوڵەت –وەک ئەوەی کە لە سۆشیالیزمیدا هەبوو، هەروەها ئەگەر بە ئاستێکی کەمتریش بێت، لە گەشەپێدانگەراییدا هەبوو– ئەو ڕێسا بنچینەییەی کە ڕۆڵی هەر یەک لە تاک

و دەوڵەتی لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا دیاری دەکات، بریتییە لەوەی کە ئەو شتانەی کە تاک یان تاکەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن، نابێت دەستی دەوڵەتی بۆ دروژ بکرێت و لەو بارەدا ڕۆڵی دەوڵەت پێویستە لە سنووری ئاراستەکردن و ڕێنموویێکردن و چاودێریکردن تێنەپەڕێت –بە شێوەیەک کە چالاکیی تاک تێیدا لە سنووری شەریعەت دەرنەچێت–، ئەمە وێڕای چارەسەری کێشەکان و لابردنی ئاستەنگەکان[1]. هەر چی ئەو ئەرکانەشە کە تاکەکان ناتوانن ئەنجام بدەن، ئەوا بە دەوڵەت سپێردراوە و ئەو لێیان بەرپرسیارە.

گرێبەست وەک چوارچێوەیەک بۆ پەیوەندیی نێوان تاکەکان و فەرمانڕەوا

پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت (کە لە فەرمانڕەوای سەر کورسی دەسەڵاتدا بەرجەستە دەبێت) شێوەی گرێبەست (بەیعەت) وەردەگرێت، کە تێیدا پابەندییەکانی هەر لایەک بەرانبەر ئەوی دی دیاری دەکرێت و هەر کاتێک مەرجەکانی ئەو گرێبەستە پێشێل کرا، ئەوا بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت.

خۆ ئەگەر ئەرکی تاکەکان لەو گرێبەستەدا بەرانبەر فەرمانڕەوا تەنها لە مافی گوێڕایەڵیکردن و مافی سەرخستندا کورت هەڵهات –سەرخستن ئامۆژگاری و فەرمانکردن بە چاکەو نەهیکردن لە خراپەش دەگرێتەوە–، ئەوا ئەو ئەرکانەی کە گرێبەستەکە دەیخاتە ئەستۆی فەرمانڕەوا (نوێنەری دەسەڵاتی دەوڵەت)، کە شەریعەت دیاریی کردووە، لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەی دەوڵەت کە لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان بۆی دیاری کراوە، زۆرن، دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە:

ئ. ئەرکەکان لە بەرانبەر تاکەکاندا (مافی تاکەکان لەسەر دەوڵەت)

دەکرێت بۆ چوار جۆر ماف دابەشیان بکەین.

١. ماف و ئازادییە کەسییەکان: کە بریتین لە پاراستنی نەفس و ماڵ و شەرەف –مەگەر بۆ پاساوی ڕەوا نەبێت–، هەروەها پارێزگاریکردن لە ئازادیی کەسیی تاک، واتە زیندانی ناکرێت، مەگەر بسەلمێنرێت کە تاوانێکی ئەنجام داوە، ئەمە پاش ئەوەی کە مافی بەرگریکردنی لە دادگاییەکی دادگەرانەدا پێ دەدرێت.

٢. ماف یان ئازادییە هزرییەکان: کە خۆیان لە دەستەبەرکردنی ئازادیی

---

(١) بڕوانە:

- منیر شفیق، الإسلام ومواجهة الدولة الحديثة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٣٨،
- خالد إسحق، «الرؤية الإسلامية للنشاط الاقتصادى»، مجلة المسلم المعاصر، عدد (٢٣) رمضان - شوال - ذو القعدة، ١٤٠٠، يولية - أغسطس - سبتمبر، ١٩٨٠، ص٨٣-٨٤.

بیروباوەڕ و پاراستنی و دەستەبەرکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی نێربوون و ئازادییە هزرییەکانی تردا دەبیننەوە.

٣. مافە ئابووریییەکان: کە مافی خاوەندارێتیکردن و ئازادیی مامەڵەکردن و کار و کاسبی، لە چوارچێوەی ئەو بەها و بنەمایانەی کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردوون، دەگرێتەوە[١].

«ئیدی دەوڵەت بۆی نییە هیچ یەکێک لەو ماف و ئازادییانە لە تاک بسەنێتەوە، یان زەوتیان بکات، بەبێ بوونی پاساوێکی ڕێگەپێدراو، کە وا لە کەسی تەکلیفلێکراو بکات نەتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و خودی خۆی بسەلمێنێت لە ڕێی ئەو ئامرازە زانستییانەوەی کە خوا پێی بەخشیوە، واتە نەتوانێت ئەو تەکلیفە جێبەجێ بکات کە ڕەگەزێکی جەوهەریی چەمکی ئازادییە، بەمەش لایەنی تەکلیفکردن و تاقیکردنەوە (التکلیف والابتلاء)، کە ئەو سوننەتەیە کە کۆی ژیانی لەسەر بونیاد نراوە، هەڵدەوەشێتەوە.»[٢]

٤. مافە کۆمەڵایەتییەکان: کە بریتین لە لەئەستۆگرتنی پێویستییە زەروورەکانی هەر تاکێک، کە شکۆمەندییە مرۆییەکەی بۆ دەپارێزێت، تا کەمترین ئاستی گونجاو لە پۆشاک و خۆراک و چارەسەر و جێی حەوانەوە.

بەگشتی دەتوانرێت بوترێت: هەموو ئەو مافانەی کە لە بەرانبەر تاکدا لەسەر دەوڵەت سەپێنراون، بریتین لە مافگەلێکی مەبەستگەرایی (حقوق غائیة)، نەک خۆیان مەبەست بن، بەو واتایەی کە هەر یەکێکیان وەک ئامرازی مەبەستێکی دیاریکراو و دارێژراو دانراوە، ئەویش بریتییە لەو لەو بەرژەوەندییەی کە یاسادارێژەر ویستوویەتی لە خودی دارشتنی مافەکەدا بەدیی بهێنێت، بۆیە پێویستە کەسی تەکلیفلێکراو لە کاتی هەڵسوکەوتکردنی بەو مافانەوەی کە یاسادانەر پێی داوە، مەبەستی خودی ئەو مەبەستە بێت کە یاسادانەر بۆی دارشتووە و پشتی تێ نەکات و لێی لا نەدات، تا مەبەستی تەکلیفلێکراوەکە لە کارەکەی هەماهەنگ و ساز بێت لەگەڵ مەبەستی یاسادارێژەر لە یاساداناندا[٣].

---

(١) سەبارەت بە سنوورە ئابووریییەکانی تاک لە ئیسلامدا، بڕوانە:
– محمود محمد بابللی، الحریة الاقتصادیة فی الإسلام، سلسلة دعوة الحق عدد (٩٨) السنة التاسعة (مکة المکرمة: رابطة العالم الإسلامي، ١٤١٠، ١٩٩٠)، ص٩٥–٩٩.

(٢) فتحی الدرینی، دراسات وبحوث فی الفکر الإسلامي المعاصر، المجلد الأول، (دمشق: دار قتیبة للطباعة والنشر والتوزیع، ١٩٨٨)، ص١٠١–١٠٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١١٥.

ب. ئەرکەکان لە بەرانبەر کۆمەڵگە

بریتین لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی کۆمەڵگەی موسوڵمان و بەرگریکردن لێی لە دژی دوژمنی دەرەکی و جیهادکردن لە دژیان و جێبەجێکردنی ئەو سزا و سنوورانەی بۆ پاراستنی سنوورەکانی خودا لە پێشێلکردن و پاراستنی مافی بەندەکانی لە لەناوچوون و بەزایەچوون، هەروەها بەهێزکردنی سنوورەکان بە ئامادەباشییەک کە لە هەر هێرشێکی دەرەکی ڕێگر بێت، هەروەها بە هێزێکی تۆکمە، تا دوژمن نەتوانێت زاڵ ببێت، یان سنووریک ببەزێنێت، یان خوێنی موسوڵمانان، یان موعاهیدێک (ئەوانەی پەیمان لەگەڵیاندا هەیە) بڕێژێت، ئەمە وێڕای وەرگرتن و کۆکردنەوەی (الفیء) (ئەوەیە کە موسوڵمانان بەبێ کوشتار لە بێباوەڕی شەڕکەری بەدەست دەهێنن) و خێر و خێرات و دیاریکردنی بەخششەکان و ئەو شتانەی کە شایستەی بەخشینن لە بەیتولمالەوە بەبێ زێدەڕەویکردن یان گرتنەوە و دانی لە کاتی خۆیدا، بەبێ پێشخستن و دواخستن و[1] ئەو کارانەی تریش کە کیانی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتی موسوڵمانی دەخوازێت ڕایانبپەڕێنێت، بۆ ئەوەی کاروبارەکان بەباشی و ڕێکوپێکی بەڕێوە بچن.

پ. ئەرکەکان لە بەرانبەر شەریعەتدا

بریتین لە پاسەوانیکردن شەریعەت و پاراستنی بە هێنانەکایەی ئەو شتە ڕاچڵەکێنەرانەی کە ئەو کەس و لایەنانە دەترسێنێت کە لە سنووری خودا و ڕێسا و بنەماکانی ئایینەکەی دەردەچن[2]، جا ئەو پاراستنە فەرمانکردن بە چاکە بخوازێت، یاخود ڕێگریکردن لە خراپە، لە ڕێگەی دەزگای لێپرسینەوە (الحسبة)وە[3]، یاخود ئەوانەش تێبپەڕێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی کە بۆ بەزاندنی سنوورەکانی خودا دیاریکراون (إقامة الحدود). هەروەها بریتییە لە هەڵگرتنی پەیامی ئیسلام هەمان

---

(١) بڕوانە: عبد الله محمد جمال الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

(٢) بڕوانە: يوسف حامد العالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

(٣) حيسبە (الحسبة): وەزیفەیەکی گرنگە، ئیسلام دایهێناوە، لەبریی دەوڵەت فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات. هەروەها حیسبە وا ناسێنراوە کە «فەرمانکردنە بە چاکە لە کاتێک وازلێهێنانی بوو بە باو و نەهیکردنە لە خراپە لە کاتی ئەنجامدانیدا».

بڕوانە: أبی يعلى محمد بن الحسين الفراء، الأحكام السلطانية، تحقيق محمد حامد الفقی، (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣)، ص٢٨٤.

- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕۆڵی دەوڵەتی موسوڵمان لە پاراستنی بیروباوەڕ، بڕوانە:

- محمد فتحی عثمان، دولة الفكرة التی أقامها رسول الإسلام عقب الهجرة: تجربة مبكرة للدولة الأيدلوجية فی التاريخ، (القاهرة: مكتبة وهبة، ب ت)، ص١٨-١٩.

بۆ نەتەوەکانی تر و بانگەوازبۆکردنی بەو ڕێگانەی کە لە بەردەستدان، هەروەها پاراستنی و وەڵامدانەوەی هەر گومان و شێواندنێک کە دوژمن بیەوێت بە کیانی موسوڵمانانەوە بیلکێنێت، جا لە ناوەوەی ئەو دەوڵەتەدا یان لە دەرەوەی بێت.

ڕێگاکانی پابەندکردنی فەرمانڕەوا بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە

هزری ئیسلامی، لە پێشکەشکردنی بیرۆکەی گرێبەستدا، تەنها بە دیاریکردنی ئەرکە بڕیارلێدراوەکانی سەر فەرمانڕەوا لە بەرانبەر ئومەتدا نەوەستا، بەڵکوو بۆ دیاریکردنی ڕێگاکانی پابەندکردنیشی بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەوە تێپەڕاند.

ئەم جۆرە پابەندییە ڕووکارێکی دووسەرەی وەرگرت.

- چونکە ئەو پابەند و بەرپرسیارە لە بەرانبەر خوای بەرز و بێهاوتا، کە ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات و هەر لادانێکیش لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەدا دووچاری سزای خوای دەکاتەوە[1].

- دووەم: لەبەردەم ئومەتیشدا پابەند و لێپرسراوە، چونکە فەرمانڕەوا دەسەڵاتەکەی لە ئومەتەوە بەو گرێبەستە وەرگرتووە کە لەگەڵیدا بەستوویەتی، چونکە ئەو مافی فەرماڕەوایەتیی پێ بەخشیوە و دەسەڵاتی پێ داوە، ئیدی ئەو تەنها بریکاریەتی لەو دەسەڵاتەدا، بۆیە بۆی هەیە پرسیاری لێ بکات لەو کارەی کە ئەنجامی دەدات، ئەو لایەنەشی کە مافی دامەزراندنی گرێبەستی هەیە، هەر خۆی مافی هەڵوەشاندنەوەی هەیە، ئەگەر هۆکاری هەبێت. پاشان ئومەت بەردەوام لەو شتانەدا چاودێرە بەسەریەوە کە پێویستە دەسەڵات پێوەی پابەند بێت لە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە و مافی خۆی لە ڕاوێژ (الشوری) و ئەوەی کە فەرمانی پێ کراوە لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری، ئەمە وێڕای ئەو مافانەی کە وەکوو لایەنی یەکەمی گرێبەستەکە هەیەتی. خۆ ئەگەر لە ڕێگەی ڕاست لای دا و سپاردەکەی نەپاراست و ئەو ئەرکەی خۆی جێبەجێ نەکرد کە لەلایەن ئومەتەوە خراوەتە ئەستۆی و ئەگەر ستەمی کرد و ڕێڕەوی خۆی گۆڕی، یان ئەو سزایانەی جێبەجێ نەکرد کە بۆ سنووورەکانی خودا دیاری کراون، یان لە هەر ڕوویەکەوە سەرپێچیی شەرعی کرد، ئەوا ئومەت دەسەڵاتی بەسەریدا و مافی ڕاستکردنەوەی هەیە، یان مافی کەنارخستن (عزل)ی هەیە[2].

---

(١) بڕوانە:

- محمد إبراهيم الشافعي، المسئولية والجزاء فى القرآن، رسالة دكتوراه غير منشورة، (جامعة الأزهر: كلية أصول الدين بالقاهرة)، ص٥-٧.

(٢) بڕوانە: محمد ضياء الدين الريس، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٨-٣٣٩.

سنووری سوودوەرگرتنی تاک لە مافەکانی و ڕێگاکانی پابەندکردنی بە نەبەزاندنیان

ئەگەر دەسەڵاتی دەوڵەت –کە کاربەدەستان پیادەی دەکەن– بە کۆمەڵە یاسایەکی ڕوون دیاریکراو بن، کە بوار بۆ بەزاندنیان نییە، هەر کەسێکیش بیانبەزێنێت لێپێچینەوەی لێ دەکرێت، جا لەلایەن ئومەتەوە بێت، یان لەلایەن خوای گەورەوە لە ڕۆژی دواییدا، ئەوا ئەو ماف و ئازادییانەشی کە ئیسلام بە تاکی بەخشیون، بە هەمان شێوە بە ڕێساکانی شەریعەت دیاری کراون و هەر کەسێک سەرپێچییان بکات و بیانبەزێنێت، لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە دەبنە ئەرکگەلێک کە پێویستە تاک ڕایانبەپەڕێنێت[1]، بەڵکوو زۆرێک لەو مافانە بۆ پلەی واجب بەرز دەبنەوە، کە پێویستە ئەنجامیان بدات، ئەگەر بیەوێت ئەو سپاردەی تەکلیفە لەسەر شێوە دروستەکەی ئەستۆ بگرێت کە لە پێناویدا ئەفرێنراوە، یەکەم ماف لەو مافانەی کە بۆ پلەی واجب بەرز دەبنەوە، بریتییە لە مافەکانی تاک و ئازادییە هزرییەکانی، چونکە مافی وتە و ڕا وەک ماف لێیان ناڕوانرێت، بەڵکوو وەکوو واجبێک سەیر دەکرێن کە هەر کەسێک خراپەیەکی ڕوونی بینی، پێویستە نەهیی لێ بکات ئەگەر توانیی، چونکە ئەو ئازاد نییە لەوەی کە بێدەنگ بێت یان قسە بکات، لەبەر ئەوەی هەر کەسێک لە بەرانبەر حەق بێدەنگ بێت، وەک ئەوە وایە قسەی ناڕاستی کردبێت، هەروەها کەسێک لە بەرانبەر ڕاستیدا بێدەنگ بێت، شەیتانێکی لاڵە. هەروەها ئەگەر کارێکی چاکە ئەنجام نادرێت و زایە دەکرێت، پێویستە فەرمانی پێ بکات، واتە ئیدی مافی بژاردەی نییە لەنێوان کردنی و وازلێهێنانیدا، چونکە ئەوە دەچێتە دەروازەی فەریزەی فەرمانکردن بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە، هەروەها دەچێتە خانەی ئامۆژگارییەوە، ئامۆژگارییش هەموو ئایینە، وەک لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە، هەروەها دەچێتە خانەی ئامۆژگاریکردن بە حەق و ئامۆژگاریکردن بە

هەروەها: محمد عمارة، معالم المنهج الإسلامي، سلسلة المنهجية الإسلامية (٣)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامي)، ص١٣٩.

(١) بڕوانە:

– حسين فوزى النجار، الإسلام والسياسة، (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ص٨٥–٨٧.

– السيد احمد المخزنجى، دعامات إسلامية لحقوق الإنسان، مجلة الأزهر، الجزء الثامن، السنة السبعون، شعبان ١٤١٨ هـ ديسمبر ١٩٩٧، ص١٢٦٦.

– محمد الصادق عفيفى، المجتمع الإسلامي وحقوق الإنسان، سلسلة دعوة الحق (٦٢) السنة السادسة، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامي، ١٩٨٧)، ص٤٩.

ئارامگرتن، ئەمەش مەرجی ڕزگاربوون لە دۆڕاندنی دنیا و دواڕۆژە[1].

هەروەها بیرکردنەوە (التفکیر) فەریزەیەکی ئیسلامییە، هەروەک چۆن وەرگرتنی زانست لەسەر هەموو موسوڵمانیکی نێر و مێ فەرزە[2]، ئەگەر زانست و هزر بە فەرز هەژمار بکرێن، لەوە گەورەترە مافێک بێت کە ڕەچاو بکرێت، یاخود ئازادییەک بێت بپارێزرێت، چونکە ئەوە ئەرکێکی پابەندکەر و مەرزکراوە، پێویستە موسوڵمان لەسەری پشتیوانی بکرێت و ئەگەر کەمتەرخەمیشی تێدا نواند، لۆمە بکرێت، یان سزا بدرێت.

بێگومان پابەندبوونی هەردوو لایەنەکە –مرۆڤ و دەوڵەت– هەر یەکەیان بە ئەرکی خۆی و پیادەکردنی مافەکانی بە شێوەیەک کە لەگەڵ دیسپلینە شەرعییەکاندا گونجاو بێت، تاکە ڕێگەیە بۆ هاتنەکایەی مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی.

ئەو هزر و ڕاگەیاندنییەی کە لەگەڵ وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتیی ئیلامی لە بارەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەتەوە گونجاوە:

لێرەدا بەکورتی باس لە گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی ئەو پەیوەندییە لەسەر ئەو سێ ڕووە دەکەین کە بونیادی هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن پێک دەهێنن، کە بریتین لە ئازادیی پیادەکردنی کاری ڕاگەیاندن، ئازادیی خاوەندارێتی و وەزیفەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. لە دەروازەی داهاتووشدا بەدرێژی لەسەریان دەدوێین.

ئـ. ئازادیی پیادەکردنی کاری ڕاگەیاندن

دەوڵەت لە سنووریکدا دەتوانێت دەستتێوەردان لە کاری ڕاگەیاندنی تاک و ئازادییەکانی لەو بارەیەوە بکات کە شەرع دیاریکردووە، ئیدی مافی تاک لە وەرگرتنی هەوڵ و زانیاری و بڵاوکردنەوەیان و مافی لە بڵاوکردنەوەی هەر بۆچوونێک کە بیەوێت، مافگەلێکن کە شەرع دانی پێدا ناون و دەوڵەت ناتوانێت لەو مافانە بێبەشی بکات، مەگەر لەو بارەدا نەبێت کە ئەو سنووڕە ببەزێنێت کە شەرع دیاری کردووە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بڕیاری بێبەشکردنی لەو مافانە، یاخود بڕیاری سزادانی لە پای هەر سنووربەزاندنێک کە لەو بارەیەوە ئەنجامی دەدات، نابێت وردەکاری و یەکلاییکردنەوەی لە دەستی فەرمانڕەوادا بێت، بەڵکوو پێویستە بڕیاری

---

(١) یوسف القرضاوی، الدولة التی یبنیها الإسلام: الحلقة الثانیة، «دولة شوریة لا کسرویة»، جریدة الشعب، عدد ٩٥/٥/٥، ص١١.

– هەروەها یوسف القرضاوی، الدولة التی یبنیها الإسلام: الحلقة الرابعة، دولة الحقوق والحریات، جریدة الشعب، عدد ٩٥/٥/٢٦، ص١١.

(٢) بڕوانە: محمد عمارة، الإسلام وحقوق الإنسان، ضرورات... لا حقوق، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩–٨١.

یەکلاییکەرەوە لە بارەیانەوە لەلایەن دادوەرەوە بێت و بە شێوەیەکی دادگەرانە بێت، چونکە ئەگەری سنووربەزاندن لەلایەن فەرمانڕەواوە لەو بارانەدا هەیە، بەتایبەتی ئەگەر خزمەت بە بەرژەوەندییەکی بکات، بەتایبەت ئەگەر بابەتەکە بە مانەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵاتەوە پەیوەست بێت، یان بە باسکردن و وێنای ئەو لەبەردەم ڕای گشتیدا بەو شێوەیە پەیوەست بێت کە دەیەوێت. ئەم هۆکارە وا دەکات دانانی سانسۆری پێشوەختە لەسەر بابەتەکانی ڕاگەیاندنەوە لەلایەن دەوڵەتەوە قەبووڵکراو نەبێت لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا. هەر چەندە ئەمە ڕێگری لە بوونی دەستەیەکی گشتی ناکات کە مافی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی کاری ڕاگەیاندنی هەبێت، چاودێریی هەر لادانێک بکات و ئاگاییان لە بارەوە بدات و سەرچاوەکەی بە دووبارەنەکردنەوە پابەند بکات و ئەگەر پێویستیشی کرد، لێپێچینەوە بکرێت، هاوشێوەی ئەو ئەنجومەنی ڕۆژنامەگەرییانەی کە تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دایهێناون.

ب. ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

بەو پێیەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هزری ئیسلامیدا ئەوە دەسەپێنێت کە دەستتێوەردان لە ئازادیی ڕاگەیاندندا نەبێت، هەروەک چۆن دەستتێوەرنەدان لە ئازادیی ئابووریشدا دەسەپێنێت، مەگەر لە باری لاداندا لە چوارچێوە شەرعییەکان نەبێت، ئەمە ئەوە لەسەر دەوڵەت دەسەپێنێت کە ڕێگر نەبێت لە خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازی ڕاگەیاندنەی کە هەر کەس و لایەنێک پێی وایە یارمەتیدەری دەبێت بۆ گواستنەوەی دیدی خۆی بە جەماوەری کۆمەڵگەی موسوڵمان. هەر چەندە ئەمە ڕێگری لە دەوڵەت لە دەستتێوەردان بۆ ڕێکخستنی کاری خاوەندارێتییەکە ناکات، بەتایبەت ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی ڕاگەیاندن و دانانی ئەو یاسایانەی کە ئەو بارانە دیاری دەکەن کە تێیاندا ڕێگە بە دەوڵەت دەدرێت کە دەستتێوەردان بۆ بێبەشکردنی تاکێک لەو مافە بکات.

دەوڵەتیش مافی خاوەندارێتیکردنی ئامرازی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر چەندە خاوەندارێتیی گشتی بە باشتر لەقەڵەم دراوە، بەتایبەت ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان، بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەر لادانێک لە بەکارهێنانی لەلایەن تاکەکان یان دەوڵەتەوە. هەروەک چۆن دەوڵەتی مافی خاوەندارێتیکردنی ئامرازگەلێکی ڕاگەیاندن هەیە کە ئاڕاستەی دەرەوە دەکرێن، بۆ خزمەتکردنی پرسە ئایینی و نیشتمانییەکان، بەو پێیەی توانای ماددیی هەیە و شارەزایی زۆری لە بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی نیشتماندا هەیە. هەر چەندە ئەمە لە خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازانە لەلایەن تاک و دەستە گشتییەکانەوە ڕێگر نابێت.

پ. وەزیفەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا ئەوە دەخاتە ئەستۆی تاک کە ئەو کۆمەڵە ئەرکەی ڕاگەیاندن بە پێی ئەو جۆرە پەیوەندییە جێبەجێ بکات، تاک زیاتر توانای بەسەریاندا هەیە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەن. گرنگترینی ئەو ئەرکانەش ئەرک و وەزیفەی ڕەخنەگرتنە (فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە)، بەتایبەت لەلایەن ئەوانەوەی کە کاروباری دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، لە گەورەترین بەرپرسەوە تا بچووکترینیان.

بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەرکی گەورەی ئەو ئەرکە ڕاگەیاندنییەی کە کۆمەڵگەی موسوڵمان دەیخوازێت، دەکەوێتە ئەستۆی ڕاگەیاندنی تاکەکەسی و ڕاگەیاندنی گشتییەوە، هیچ ڕێگرییەکیش لە بەشداریکردنی ڕاگەیاندنی حکومی نییە.

هەر چی ئەو وەزیفە ڕاگەیاندنکارییە دەرەکییانەشە کە بە خزمەتکردنی پرسەکانی بیروباوەڕ و بەرژەوەندیی نیشتمانەوە پەیوەستن، ئەرکی گەورە تێیاندا دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت و بەشی بچووکی ئەرکەکە دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکان و دەستە گشتییەکان.

پوختــه

لە کۆی گشتیی ئەم پارە گەیشتینە ئەوەی کە هیچ پاساوێک بۆ گواستنەوەی هیچ تێزێک لەو تێزانەی هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم نییە کە ئەو وتەزایانە بەرهەمیان هێناون، چونکە ئەو وتەزایانە لە لایەکەوە ناکامن و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ وتەکانی ئەو زەمینە هزرییەدا ناگونجێن کە دەویستریێت بۆی بگوێزرێنەوە.

لایەنەکانی کەموکورتیی ئەو وتەزایانە و پێچەوانەبوون و نەگونجانیان لەگەڵ وتەزا ئیسلامییە هاوتاکانیان لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە دەبن:

- پشتبەستنیان –لە هەڵهێنجانی ئەو ڕاستییانەی کە تەواوی بونیادی خۆیان لەسەر بەرپا کردووە– بە شێوەیەکی ڕەها بە ئاوەزێک کە توانای پەیبردنی ڕێژەیی هەیە، ئەمەش وای کردووە تێزەکانیان بەوە جیا بکرێنەوە کە ڕێژەیین، تەنانەت ئەگەر بانگەشەی ئەوەش بکەن کە ڕەهان، بۆیە ئەوەی کە بۆ کات و شوێنێک گونجاوە، ئەگەر کات و شوێنەکە گۆڕانیان بەسەردا هات، هەرگیز گونجاو نامێنێت.

بەڕوونییش دەرکەوت کە توانا ئاوەزییەکان بۆ پەیبردن کەموکورتیان هەیە، لەوە کە بە تێگەیشتنیان لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی پەیوەستە، کە بە پێشەکیی ڕەسەنی هەموو ئەو تێزانە دادەنرێت، لە پێشکەشکردنی وێنای خۆیان بۆ شێوازی گونجاو بۆ ئەو کۆمەڵگەیە. ئەوەتا ئاوەزی پۆزەتیڤیزم –بەڕوونی– گرنگیی ڕاستەقینەی ڕەگەزە جێگیرەکانی دەروونی مرۆیی فەرامۆش کردووە، کە بریتین لە ئارەزووەکان و حەز و مەیلەکان و نەزعەکان... هتد و گرنگیی بەو ڕەگەزانەی داوە کە دەگۆڕێن و بونیادی تیۆریی خۆیان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بونیاد ناوە.

لە زەمینەی کەتواردا فەرامۆشکردنی قورسایی ڕاستەقینەی ئەو ڕەگەزانە بە هۆکاری ڕاستەوخۆی پشت شکستی تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکان لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانە دادەنرێت هەوڵی بۆ دەدەن.

تیۆری لیبرالیزم، هەر چەندە ئاگای لە مەترسی ئەو ڕەگەزە جێگیرانە هەبوو لە پاڵنان بە خاوەنەکانیانەوە بۆ لادان لەو ڕێسایانەی ڕەفتاری مرۆڤ ڕێک دەخەن، بەو شێوەیەی کە ئەو بڕوای وایە مەبەستە خودییەکانی بەدی دەهێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە لەسەر هەژماری کەسانی تر یان کۆی کۆمەڵگەش بێت، بەڵام ئەو ئەگەری لادانەی –بە شێوەیەکی بنچینەیی– لە کۆمەڵە تاکێکدا کورت هەڵهێنا،

ئەوانیش ئەوانەن کە جڵەوی دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوەیە، بەڵام ئەوەی لەبیر خۆی بردووەتەوە کە تاکەکانی تری کۆمەڵگەی هەر هەمان دەروونی سروشتییان هەیە و ئەگەری لادان شتێکە لە ناخی هەر کەسێکدا هەیە. هەروەها هەڵگرتنی کۆتوبەند لەسەر ڕێگەیان بە شێوەیەکی نیمچەڕەها دەستەبەری ئەوە دەکات کە ڕێگە بۆ هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی خۆی ئاسان بکات، تەنانەت ئەگەر لەسەر هەژماری کەسانی تر یان کۆی کۆمەڵگەش بێت.

ئەمەش بەکردەیی لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا ڕووی داوە، ئەوەتا دەستەیەکی کەم لە ڕۆڵەکانی دەستیان بەسەر زۆربەی توانا ئابووریییەکاندا گرتووە، پاشان بۆ زامنکردنی زیاتری دەسەڵاتی ئابووریی خۆیان، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ڕاگەیاندنیشیان دا، کە دەستی باڵای لە هێنانەکایەی هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکاندا هەیە.

هەر چی تیۆری سۆشیالیستییشە، سنووری مەترسیی ناو ئەو ڕەگەزانەی لەو دەستە و چینەدا کورت هەڵهێنا کە دەسەڵاتی ئابووریان هەبوو –ئەمەش ڕەننگدانەوەی ئەو کەتواره بوو کە بیرمەندانی سۆشیالیزم دەیانبینی- بۆ ئەوەشی بتوانێت ئەو مەترسییە بەتەواوی بڕەوێنێتەوە، کاری بۆ لێسەندنەوەی ئەو دەسەڵاتە بەتەواوەتی کرد. هەروەها کاری بۆ بەخشینی مافی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بەو حیزبە کرد کە نوێنەری جەماوەری گەلی ڕەنجدەرە، بەڵام ئەوەی لەبیر چوو کە ئەندامانی ئەو حیزبە، یان بە واتایەکی وردتر سەرکردەکانی، کە مافی بەڕێوەبردنی کاروباری دەسەڵاتی سیاسی و بگرە هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵگەیان پێ بەخشراوە، ئەوانیش هەر مرۆڤن و لە ناخیاندا –هەروەکوو بۆرژوازییەکان- حەزو ئارەزوو و بەرژەوەندیگەلێک هەیە کە ڕەنگە بۆ لادان لەو ڕێگەیە پاڵیان پێوە بنێت بۆیان دانراوە و بۆ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە بە شێوەیەک کە خزمەتی بەرژەوەندیی خۆیان بکات –بەتایبەت لە سایەی ئەو دەسەڵاتە ڕەها فریودەرەی کە پێیان بەخشرابوو- نەک بەرژەوەندیی جەماوەری گەلی ڕەنجدەر، بەتایبەت لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی بەرپەرچدانەوە و کپکردنی هەر دەنگێکی ئۆپۆزسیۆنیان هەیە، ئیدی چەندیش پاساو بۆ ئەو کارە هەیە.

ئەوەشی بەکردەیی بینرا، هەر ئەوە بوو، بەرژەوەندی و چاوچنۆکیی کەسی سەری پرەنسیپەکانی شیوعیەتیان خوارد و ئامرازی ڕاگەیاندیش بۆ قوولکردنەوەی پەرستنی یان لانی کەم شکۆمەندکردن و تاکگەراکردنی تاکی سەرکردە بەکار هێنرا، پتر لە بەکارهێنانی بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی هزری شیوعی. هەروەها

بۆ کپکردنی دەنگی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆن بەکار هات، بە پاساوی ئەوەی کە دژی پەرەنسیپەکانی سۆشیالیزمە و لانی کەم لەبەردەم ڕێڕەوی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا دەبێتە کۆسپ.

هەمان شتیش –بەنزیکەیی– لەگەڵ هزری گەشەپێدانگەراییدا دووبارە دەبێتەوە، کە دەسەڵاتێکی فراوانی بەوانە داوە کە بە پاساوی پێویستیی گەشەپێدان دەستیان بەسەر دەسەڵاتی وڵاتدا گرتووە، ئیدی زۆربەیان لایان داوە و وایان لێ هاتووە کە زۆر زیاتر گرنگی بە سامان و دەسەڵاتی خۆیان بدەن –بۆ ئەو مەبەستەش بە باشترین شێوە سوودیان لە ئامرازەکان ڕاگەیاندن وەرگرتووە– لە گرنگیدانیان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەکانیان.

لە بەرانبەردا دەبینین هزری ئیسلامی، کە پشت بە چوارچێوەیەکی جێگیر لە ڕاستیگەلێک دەبەستێت کە سەرچاوەکەی خودی ئەفرێنەری ڕاستییە، ئەو ڕەگەزە جێگیرانەی فەرامۆش نەکردووە کە دەروونی مرۆڤی لەسەر ئەفرێنراوە و گۆش کراوە، هەروەها کۆمەڵە دیسپلینێکی بۆ ڕەفتاری تاک بەگشتی و لە هەر پێگەیەکدا داناوە، کە –ئەگەر پێیانەوە پابەند بێت– زامنی سەرکەوتنی بەسەر ئەو ڕەگەزانەدا دەکات. ئەمە وێڕای دانانی ئەو میکانیزمانەی کە تاک بەو دیسپلینانەوە پابەند دەکات لە حاڵەتی هەوڵدانی بەزاندنیدا، لەسەروو هەمووشیانەوە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، ئەو شێوەیەی کە –بە پێی توانا– زامنی پابەندبوونی تاک –جا فەرمانڕەوا یان هاوڵاتی بێت– بە ڕێسا و ئەخلاقیات و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمانەوە بکات.

–تەنانەت ئەگەر بۆ مشتومڕ گریمانەی ئەوە بکەین کە تیۆرە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤیزمەکان بە شێوەیەکی دروست لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆییە جێگیر و گۆڕاوەکان تێگەیشتوون و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا تێڕوانینێکی ساغ و دروستیان بۆ ئەو جۆرە پەیوەندییە داناوە کە پێویستە لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەدا هەبێت، ئەوا ئەو تیۆرانە –بەبێ ڕێزپەڕ– هەر توانای ئەوەیان نییە کە بەتەواوی تاک بەو ڕێسایانەوە پابەند بکەن کە بە پێی ئەو تێڕوانینە دەبێت مرۆڤ پێیانەوە پابەند بێت، ئیدی هەر چەندە ئەو ڕێسایانە وردیش بن. هۆکاری ئەمەش بۆ سروشتی ئەو مەبەستانە دەگەڕێتەوە کە هەر تاکێکی هەوڵی بەدیهێنانیان لە ڕێگەی پابەندبوونی تەواوەوە بەو ڕێسایانەوە دەدات کە تەنها لە بواری ئەم دنیایەدا کورت هەڵهاتوون. ئەمەش واتە، جگە لەم دنیایە، هیچ بواریکی تر نییە کە مرۆڤ بیەوێت هەوڵی بۆ بدات و چاوەڕێی چێژ و خۆشییەکانی بکات.

بەو پێیەشی تواناکانی هەر کۆمەڵگەیەک، هەر چەندە زۆر بێت، حەز و ویستەکانی هەموو ئەندامەکانی پڕ ناکاتەوە، ئەمە بێگومان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، جۆرێک لە ململانێ دروست دەکات، کە ڕەنگە تاک لە میانەیدا هەموو جۆرە ڕێگەیەک –ڕەوا و ناڕەوا– بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بگرێتە بەر، بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئەو دڵنیایە لەوەی کە ئەگەر ئەو توانیی لە کاتی بەکارهێنانی ڕێگە و میکانیزمی ناڕەوادا، خۆی لە سەرزەنشتی کۆمەڵگە قوتار بکات، ئەوا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە.

ئا ئەمە لایەنێکی گرنگی شکستی جێبەجێکردنی هەندێک لەو بیرۆکانەمان لەسەر زەمینی کەتوار بۆ شی دەکاتەوە کە لە ڕووی تیۆرییەوە دروستن.

لەو بەرەوە دەبینین مرۆڤی موسوڵمان، کە مەبەستەکانی لە سنووری دنیا و چێژە کاتی و بەسەرچووەکانیدا ناوەستن، ئەگەر بیەوێت بەرژەوەندییە ڕاستقینەکانی خۆی بەدی بهێنێت، جگە لە پابەنبوون بە ڕێساکانی ئایین و ئەو ئەخلاقیاتانەی کە پەیوەندیی ئەو بە کەسانی ترەوە و بە کۆمەڵگەکەیەوە... هیچ ڕێگەیەکی تری لە بەردەمدا نییە، هەر لادانێکیش لەو ڕێسایانە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە دنیاییە کاتییەکان –سەرباری ئەوەی کە لە باری پابەندبوونی تاکی کۆمەڵگەی موسوڵمان بە جێبەجێکردنی ئەرکی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، ئاسان نییە ئەو کارە بکات–، ئەوە لە ڕاستیدا بە زیانمەندییەک دادەنرێت کە لە ژیانی دواڕۆژدا لە بەرژەوەندییە باڵاکانی دەدات.

– تەنانەت ئەگەر هەر بۆ مشتومڕ گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو تیۆرانە توانیویانە باشترین وێنا بۆ بوونی مرۆیی پێشکەش بکەن و توانیویانە ڕێگاکانی پابەندکردنی تاک –لە هەر پێگەیەکدا بێت– بە ڕێساکانی ئەم تێڕوانینەوە فەراهەم بکەن، بە شێوەیەک کە وای لێ بکات بتوانێت مەبەستە دنیاییەکانی ئەم کۆزمۆلۆژیایە بەدی بهێنێت، کە هەر ئەو مەبەستانەش ئامانجی کۆتایی ئەون، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمە بەسە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ وەرگرتن و جێبەجێکردنی تێزەکانی لەلایەن کۆمەڵگەی موسوڵمانەوە، جا لەسەر ئاستی گشتی یاخود لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن بێت، چونکە کۆمەڵگەی موسوڵمان هەوڵی بەدیهێنانی مەبەستگەلێکی جیاواز لەو مەبەستانە دەکات کە تێزەکانی عەلمانیەتیان بەتایبەت بۆ بەدیهێنانیان دارێژراون. هەر چەندە ئەمە پاڵپشتیی ئەوە دەکرێت کە دەکرێت سوود لە هەندێک لەو تێزانە وەربگیرێت کە بەو ڕێگایانەوە پەیوەستن کە لە بەدیهێنانی مەبەستە دنیاییەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان سوودبەخشن، بەڵام بە مەرجێک لەگەڵ ئەو چوارچێوە

هزرییەدا دژ نەبێت کە هەیەتی.

لە کۆتاییدا دەکرێت بوترێت بەگشتی ناتوانرێت هیچ یەکێک لە تێزەکانی ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو وتەزایانەدا دروست بوون، بگوازرێتەوە، چونکە لەسەر وتەزایەک وەستاون کە لە لایەکەوە ناکامن، لە لایەکی تریشەوە پێچەوانەی وتەزا (پێشەکی)یەکانی ئەو زەمینەیەشن کە دەویسترێت ئەو تێزانەیان بۆ بگواسترێتەوە. هەر چەندە ئەمە واتای ناکامی تەواوەتیی ئەو وتەزایانە یان پێچەوانەبوونی ڕەهایان بۆ وتەزا ئیسلامییەکان نییە، بەڵکوو – بێگومان– هەندێک وتەزای دروست هەیە کە لەگەڵ ئەو وتەزایانەدا پێچەوانە نین کە هزری ئیسلامی لە هزری ئیسلامیدا هاوتایانن.

ئەمەش واتە جۆرێک لە هاوشێوەیی –هەر چەندە کەمیش بێت– هەیە، کە دەکرێت ڕێگە بە سوودوەرگرتن –نەک گواستنەوە– لە هەندێک تێزی ئەو هزرە ڕاگەیاندنییە بدات لە سایەیاندا بەرپا بووە.

لێرەدا دەپرسین ئەو تێزانە کامانەن کە دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو ئامانجە سەرەکییەیە کە تۆێژەر لە دەروازەی دواتردا هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، هەر ئەمەش ئامانجی سەرەکیی کۆی ئەم تۆێژینەوەیەیە.

دەروازەی سێیەم

وتەزاکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و وتەزا هاوتاکانیان لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا

ڕێخۆشکردن

تێزەکانی هەریەک لە فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکان لە بارەی باشترین شێوازی جێبەجێکردنی پرۆسەی ڕاگەیاندنەوە –جا لە بارەی ئازادیی تاکەوە لە وەرگرتنی هەواڵ و ڕاوبۆچوون و زانیاری و بڵاوکردنەوەیانەوە بێت، یان بە ڕادەی ئازادیی تاک لە خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیوەست بن، ئازادییەک کە وای لێ بکات بتوانێت ئەوەی دەیەوێت بۆ جەماوەرەکەی بڵاو بکاتەوە– لە لایەکەوە بە پێی تێزەکانی ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانە داڕێژراون کە بەرهەمیان هێناون، لە بارەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستی و سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت، ئەمە لە ڕوویەکەوە، لە ڕوویەکی تریشەوە بە پێی وێناکردنی هەر یەکێک لەو فەلسەفانە بۆ ئەو ئەرکانەی کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییە جێبەجێیی بکەن بەرهەمی هێناون، داڕێژراون.

بەو پێیەشی ئەو وتەزایانەی کە لەبەر ڕۆشناییاندا تێزە جیاوازەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن داڕێژراون، جا وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانین بن، یان وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی، بە زمانی لۆژیک، بە پێشەکی هەژمار دەکرێن، پێشەکییەک کە بێگومان فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن بۆی دەبنە دەرئەنجام.

بەو پێیەشی تۆێژەر لایەنی کەموکووڕیی ئەم پێشەکییانەی ڕوون کردەوە، هەروەها لایەنی ناکۆکی و سازانی نێوان ئەو پێشەکییانە و پێشەکییە ئیسلامییە هاوتاکانیانی خستە ڕوو، ئەمە وا دەکات تۆێژەر هەوڵی ڕەخنەگرتن لە وتەکانی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن نەدات، چونکە ئەوانە دەرئەنجامن، دەرئەنجامیش ڕەخنە لە خودی خۆی ناگیرێت، بەڵکوو ئەمە وا دەکات تۆێژەر هەوڵی دۆزینەوەی لایەنی کەموکووڕیی ئەو وتەزایانە بدات وەک دەرئەنجامێکی سروشتی، چونکە ئەو وتەزایانە لەسەر پێشەکیگەلێکی ناکام هەڵچنراون، هەروەها هەوڵ دەدات بۆ ئاشنابوون بە خاڵی ناکۆکی و سازان و کۆکیی نێوان ئەو وتەزایانە و وتەزا هاوتاکانیان لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا و ئەندازەی توانینی سوودلێوەرگرتنیان.

لەم دەروازەیەدا تۆێژەر، بەڕەخنە و بەراوردکاری، تاووتوێی ئەو چوارچێوەیە

دەکات کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن دایانڕشتووە بۆ شێوازی ڕاپەڕاندنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەو ئەرکەی کە جێبەجێی دەکەن، لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە سایەیدا کار دەکەن، هەروەها ئەو ئەرکانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەشداریکردن لە مەبەستەکانی کۆمەڵگەدا بە باشترین شێوە بیکەن، ئەمەش لە سێ بەشدا، کە بریتین لە:

بەشی یەکەم: کە تاووتوێی ئەو چوارچێوەیە دەکات کە ئەو فەلسەفانە بۆ ئازادیی کاری ڕاگەیاندن دایانڕشتووە.

بەشی دووەم: کە تاووتوێی ئەو چوارچێوەیە دەکات کە بۆ ئازادی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دایانڕشتووە.

بەشی سێیەم: کە تاووتوێی وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفە جیاوازەکاندا دەکات.

بەشی یەکەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن

ڕێخۆشکردن:

تۆێژەر مەبەستی لە ئازادیی کاری ڕاگەیاندن، ئازادیی گەڕان و دۆزینەوە (استقاء)ی هەواڵ و بۆچوون و زانیاری و بڵاوکردنەوەیانە. ئەم پارە تاووتوێی تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە بارەی ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە دەکات، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە میانەی سێ پاردا:

پاری یەکەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاددا
پاری دووەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو (الموجه)دا
پاری سێیەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا

پاری یەکەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاددا

داخوازی یەکەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیدا

خستنەڕووی تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی لە بارەی ئازادیی ڕاگەیاندنی کاری ڕاگەیاندنەوە، وا دەخوازێت چەند شتێک دیاری بکرێن، کە ئەمانەن:

سیماکانی ئەو تێگەیشتنەی کە ئەو فەلسەفەیە بۆ ئازادیی ڕاگەیاندنکاری هەیەتی و ئەو پابەندییانەی کە لە بەرانبەر ئەو ئازادییەدا دیاریی کردووە و ئەو دیسپلین یان سنوورانەی کە لەسەر پیادەکردنی ئەو ئازادییە دایناون، هەروەها ئەو میکانیزمانەی کە بۆ زامنکردنی ڕاپەڕاندنی ئەو بەرپرسیارێتییانە لە لایەک و بۆ نەبەزاندنیان لە لایەکی ترەوە پەنایان بۆ دەبات[1].

یەکەم: تێگەیشتنی لیبرالیزم بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن

لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی لیبرالی بۆ مرۆڤ کە ئەو بوونەوەرێکە لە بوونیدا پێش کۆمەڵگە کەوتووە و مافگەلێکی سروشتیی لکاو بە خودییەوە هەیە کە بە هیچ جۆرێک نابێت لێی دابڕنرێن، لە ناویشیاندا مافی ئەو لە گوزارشتکردن لەوەی کە بە خەیاڵیدا دێت. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ ئەو کە هەر لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی ئاوەزگەرایە، دەتوانێت ڕاستی بدۆزێتەوە –ئەو ڕاستییەی کە هەر لە بنچینەدا کتێبێکی کراوەیە–، هەروەها بوونەوەرێکی ئەخلاقییە، هەستە ئەخلاقییەکەی وای لێ دەکات کە ڕێنموویی لەو ڕاستییانە وەربگرێت کە پێیان دەگات و بەپاکی و بێگەردانە کار بۆ بڵاوکردنەوەیان بکات، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ دەوڵەت کە ئەو شەڕێکە هەر دەبێت ببێت و یەکەم دوژمنی ئازادیی تاکە و هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەی کە بۆ جۆری پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت دایڕشتووە، کە تێیدا پلەی مرۆڤی بەرز کردووەتەوە و لە یەک کاتدا کردوویەتی بە مەبەست و ئامرازیش و ڕۆڵی دەوڵەتی تەنها لە بواری پاڕێزگاریکردندا کورت هەڵهێناوە[2].

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا شتێکی سروشتی بوو کە هزری ڕاگەیاندنی

---

(١) تۆڕەر لەم بەشەدا تەنها بەکورتی تاووتوێی ئەو پابەندییانە دەکات کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی دایناون، ئەمە وێڕای ئەو میکانیزمانەی کە بۆ زامنکردنی ڕاپەڕاندنی ئەو پابەندییانە دانراون، چونکە ئەو دوو خاڵە لە چوارچێوەی ئەم دەروازەیەدا جێی بایەخی بەشی سێیەم دەبن.

(٢) بگەڕێرەوە بۆ ئەو وردەکارییانەی کە لە بارەی ئەم تێزانەوە لە دەروازەی پێشوودا خستمانە ڕوو.

لیبرالی وا لە ئازادیی تاک لە ڕاگەیاندندا بڕوانێت کە مافێکی سروشتییە و هیچ بواڕێک بۆ بێبەشکردنی لێی یان دانانی کۆتوبەند بۆ سنووردارکردنی ئەو مافەی نییە، مەگەر لە باری پێویستدا[1]، هەروەها سروشتی بوو کە وا لەو مافە بڕوانێت کە ئامرازێکە لە ئامرازەکانی تاک بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی خودیی خۆی[2].

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی ئەو ڕۆڵەی فەرامۆش کردووە کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتیدا بیگێڕن، بەڵکوو بڕوای وایە کە تاک لە میانەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەوە، بەو شێوەیەی کە خزمەتی بەرژەوەندی خودیی خۆی دەکات، دواجار خزمەتی بەرژەوەندیی گشتییش دەکات، چونکە هەوڵدانی تاک بۆ بڕەودان بەو ئامرازەی کە بەکاری دەهێنێت، یاخود خاوەندارێتی دەکات، کە ئەوە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیەتی، بۆ خزمەتکردنی گەورەترین ژمارە لە تاکەکانی جەماوەر لەو ڕێگەیەوە پاڵی پێوە دەنێت، بۆ ئەوەی زامنی بەردەوامی پەیوەندییان بکات و بەمەش بە ئاستێکی دیاریکراو بەشداری لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا دەکات[3].

ئەو بەرپرسیاریێتییانەی کە پێویستە لە بەرانبەر سوودوەرگرتن لە ئازادیی ڕاگەیاندندا لەئەستۆ بگیرێن

لەگەڵ ئەوەی هزری لیبرالیزم، لە بەرانبەر ئەو ئازادییەی کە تاک هەیەتی، ڕاشکاوانە هیچ بەرپرسیارێتی یان پابەندییەکی بەسەر تاکدا نەسەپاندووە و لیستیشی بۆ ئاستە پیشەییانەی دیاری نەکردووە، کە –ئەگەر تاک پێیانەوە پابەند بێت– یارمەتیی دەدەن بۆ ئەوەی ئەو بەرپرسیارێتییانە بە جوانترین شێوە ڕابپەڕێنێت، وەک: ڕاستگۆیی، وردبوون، بابەتیبوون، هاوسەنگی و... هتد، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی پێی وایە ئیدی هیچ بەرپرسیارێتییەک ناکەوێتە ئەستۆی تاکێک کە کاری ڕاگەیاندن دەکات، بۆ بەشداریکردنی لە هێنانەکایەی ئامانجەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی، هێندە هەیە کە

---

(١) لەو بارەیەوە بڕوانە:

R. Barbrook, Media Freedom: the Contradiction of Communication in the Age of Modernity, (London: Pluto press, 1995), p. 18.

– لیبرالیزم پەرەی بە تێڕوانینی خۆی بۆ ئەو بنچینەیە دا کە پاڵپشتیی ئەو ئازادییە بوو، ئیدی وای لێ هات لەسەر بنەمای ئەوە پاساوی بۆ نەدەهێنایەوە کە مافێکی سروشتییە، بەڵکوو لەسەر بنچینەی ئەو سوودەی لە مومارەسەکردنی دەکەوێتەوە، ئەمەش لەسەر دەستی «ستیوارت مل» ئەنجام درا.

(٢) بڕوانە: ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١–١٢٢.

(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٩٨–٩٩.

ئەم هزرە ئەو بەرپرسیارێتییانەی، پشتبەست بە ئاوەزگەرایی تاک، بەڕاشکاوانە دیاریی نەکردووە، چونکە بڕوای وایە ئەو خۆی لە ڕێی ئازادییەوە بە شێوەیەکی خودی دەتوانێت بیاندۆزێتەوە.

بەکورتی دەکرێت بوترێت ئەو بەرپرسیارێتییە بنچینەییەی بە کۆکەرەوەی هەموو بەرپرسیارێتییەکان هەژمار دەکرێت، کە هزری لیبرالی وای گریمانە کردووە کە ئەو تاکانەی کە کاروباری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەڕێوە دەبەن، خۆیان بە شێوەیەکی خودی دەیدۆزنەوە، بریتییە لە بەشداریکردن لە بەرژەوەندیی گشتیدا[1]، ئەویش لە میانەی هەوڵدانیان بۆ بەجێهێنانی چەند ئەرکێک کە کۆمەڵگە لەو ئامرازانەی دەخوازێت، گرنگترینی ئەو ئەرکانەش ئەمانەن:

ئـ. ڕۆشنکاری گشتی (التنویر العام): کە گرنگترین ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، کە لە میانەی ئەو ڕۆڵەوە کە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و ڕۆشنکردنەوەی زەینەکان دەیگێڕن.

ب. خزمەتکردنی سیستمی ئابووری: ئەوەش بە ڕاکێشانی فرۆشیار و کڕیار بۆ کاڵاکان و خزمەتکردنیان لە ڕێگەی ڕیکلامەوە.

پ. پاراستنی مافی تاکەکان لە میانەی بینینی ڕۆڵی پاسەوان لە دژی حکومەت.

ت. خزمەتکردنی سیستمی سیاسی.

ج. سەرگەرمی و کاتبەسەربردن.

هەروەها وەک چۆن هزری ڕاگەیاندنی لیبرالیزم لە دۆزینەوەی ئەو ئەرکانەدا پشتی بە ئاوەزمەندیی مرۆڤ بەستووە، بە هەمان شێوە، لە پابەندکردنیشی بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرک، یان بەرپرسیارێتییانەدا، بە شێوەیەکی خودی و بەبێ ئەوەی پێویست بکات بەسەریدا بسەپێنرێت، پشتی بە هەستە ئەخلاقییەکەی بەستووە، خۆ ئەگەر وا ڕووی دا کە هەندێک لایان دا و ئەو ئازادییەیان خراپ بەکارهێنا کە پێیان بەخشراوە، ئەوا هزری لیبرالی وای دەبینێت کە لێرەدا پێویست ناکات ئەوانە ناچار بکرێن بۆ بەکارهێنانی ئەو ئازادییە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە، لەبەر ئەوەی میکانیزمی چاککردنەوەی خودی (التصحیح الذاتی)، کە فرەیی ڕا و

---

(١) هەندێک بڕوایان وایە کە بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامە بریتییە لە گرنگیدان بە چاکەی گشتی، هەندێکی تریش دەڵێن گرنگیدانە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و کارکردن بۆ بەختەوەرکردنی.

-D. Hess, “An Inquiry into the Meaning of Social Responcbility“ in Journalism quarterly, summer 1966, p. 325

وەرگیراوە لە سامی عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

بیروبۆچوون و زانیارییە کێبڕکێکارەکان لە بازاڕی ئازادا لەخۆی دەگرێت، بە شێوەیەکی خۆبەخۆ ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات[1].

خۆ ئەگەر تاکیش سنووری بەزاند و بە شێوەیەک ئەو ئازادییەی خراپ بەکار هێنا کە بووە هۆی زیان بۆ تاکەکانی تر یان کۆمەڵگە، ئەوا هزری لیبرالی ئەمە بە دەرچوون لە سنووری ڕێگەپێدراو لە ئازادیی ڕاگەیاندن لەقەڵەم دەدات و ڕێوشوێنی ڕاچڵەکێنەری سزادان دادەنێت. ئا ئەمە ئەوەیە کە لە میانەی قسەرکردنمان لە سنووری ئازادیی کاری ڕاگەیاندن، کەمێک بەدرێژی، دەیخەینە ڕوو.

دووەم: سنووری ئازادیی کاری ڕاگەیاندن

هەر کەسێک لە تێزەکانی فەلسەفە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ڕابمێنێت، لە بارەی ئەو سنوورەی کە پێویستە لە پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندندا نەیبەزێنێت، دەبینێت ئەو تێزانە لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی ئەو فەلسەفانە دارێژراون، تێڕوانینیان بۆ سروشتی مرۆڤ، سروشتی ڕاستی و سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت و ئەو مەبەستانەشی کە وا گریمانە دەکرێت کە بەدیهاتنیان بە باشترین شێوە دەبێت لە سایەی ئەو پەیوەندییەدا... لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا ئەم فەلسەفانە چەند هێڵێکی سوورییان دیاری کرد، کە پێیان وایە بەزاندنیان لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا پێچەوانەیە کە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستانە هەیەتی.

هەروەها لەگەڵ ڕوونیی ئەو بنچینانەی کە هەر یەکێک لەو فەلسەفانە، تێڕوانینی خۆیان لەسەریان بونیادیان ناوە، لە بارەی ئەو سنوورەی کە لە پیادەکردنی ئەو ئازادییە ڕاگەیاندنکارییەدا نابێت ببەزێنرێت، بەڵام دیاریکردنی ئەو سنوورە بەوردی یەکێکە لە ئاڵۆزترینی ئەو کێشانەی کە، لە ڕابردوودا تا هەنووکەش، ڕووبەڕووی هزری ڕاگەیاندن بەگشتی و هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی بەتایبەتی دەبێتەوە، چونکە هەر هەڵەیەک لە دیاریکردنیدا یان مەترسی لەسەر تاکەکان، بەڵکوو کۆمەڵگەش بەگشتی دروست دەکات –ئەمە لەباری سووککردنی دیپسلینەکانی ئەو ئازادییە بەزیادەڕەوییە– یاخود مەترسی لەسەر خودی ئەو ئازادیی ڕاگەیاندنە دروست دەکات کە بە وێنای تۆماس جیفرسۆن لە یەکێک لە وتارەکانیدا: «ئەو ئازادییەیە کە پاسەوانیی هەموو ئازادییەکانی تر دەکات»[2]، شتێکی سروشتییش بوو کە

---

(١) بڕوانە: ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

(٢) بڕوانە:

- C. G. Christians, etal., Media Ethics: Cases and Reasoning, 2ndedition (New York: Longman, 1987), p. 25.

چوارچێوەی ڕێگەپێدراو بۆ پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیدا، کەمترین کۆتوبەندی داناوە و زۆرترین ڕێگەپێدانی بۆ پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن تا دوا سنووری گونجاو تێدایە، ئەویش بەم شێوەیە:

– لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی ئەم فەلسەفەیە بۆ سروشتی مرۆیی وەک سروشتێکی ئاوەزمەند و ئەخلاقی، بڕوای وا بوو کە تاک بە شێوەیەک سنووردانی ئازادیی ڕاگەیاندن نابەزێنێت کە زیان بەوانی تر بگەیەنێت، خۆ ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، ئەوا ئاوەزمەندبوونی تاکە وەرگرەکان بۆ دۆزینەوەی ساختە و جیاکردنەوەی لە ڕاستی یارمەتییان دەدات، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکیش ساختەکە وەک قەناعەتپێکەر دەربکەوێت، بەتایبەت لە سایەی ئەو پرۆسەی چاککردنەوە خودییەی کە بازاڕی ئازادی ڕا و بیروبۆچوون و زانیارییەکان دەیڕخسێنێت، ئیدی هیچ پێویست ناکات لەلایەن حکومەتەوە دەستتێوەردان بۆ نەهێشتنی ئەو لادانانە بکرێت[1].

– لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەشی بۆ تاکەکان، کە ئەگەر دەرفەتی نزیکبوونەوەیان لە ڕاو زانیارییەکان و دەرفەتی گفتوگۆکردن لە بارەیانەوە بۆ بڕەخسێت، دەتوانن بگەن بە بڕیارگەلێکی سوودبەخشتر، بڕوای وایە کە سنووردارکردنی ئازادیی وتە واتە سنووردانان لەسەر توانای خەڵکی لە گەیشتنیان بە بڕیاری ڕاست و دروست، جا لە بارەی بەرژەوەندییە خودییەکانیان یاخود بەرژەوەندیی گشتییەوە بێت[2].

– هەروەها لەبەر ڕۆشنایی داننەنانی بە بوونی ڕاستیگەلێکی ڕەها کە وا بخوازن لەلایەن دەوڵەت یان کۆمەڵگەی لیبرالییەوە لە پێناوی گومان لەسەر دروستکردنیان بپارێزرێن، شتێکی سروشتی بوو کە ئەم فەلسەفەیە هیچ جۆرە کۆتوبەندێک لەسەر ئازادیی گوزارشت و ڕادەربڕین دانەنێت[3]، تەنانەت ئەو ڕایانەشی کە وا لەلایەن زۆرینەوە وەک ڕاستیی جێگیر لێیان دەڕوانرێت، بە پێویستی نەزانیوە کە لە بارەیانەوە ئازادیی ڕا کۆتدار بکات، لەبەر ئەوەی بڕوای وا بووە کە هەر ڕایەک کە وا وەربگیرێت کە گوایە هەموو ڕاستیی لەخۆ گرتووە، خەڵکی لەسەر بنچینەگەلێکی

---

(١) بگەڕێرەوە بۆ ئەوەی لە بارەی گریمانەی ئاوەزگەرابوونی مرۆڤ لە لیبرالیزمی کلاسیکیدا باسمان کرد.

(٢) بڕوانە:

– K. E. Anderson, op. cit., P. 292.

(٣) دانپێدانەنانی هزری لیبرالی بە هیچ ڕاستییەکی ڕەها، هۆکاری بنچینەیی پشت بەخشینێتی بۆ ئازادیی ڕا، تا ئەوپەڕی سنوور.

ئاوەزی وەریناگرن –وەک میل دەڵێت–[1]، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕا باو و بڵاوەکان زیندوویی و کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕەفتار و ئەخلاق لەدەست دەدەن.

–لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینیشیی بۆ پرسی گەیشتن بە ڕاستی، کە وا دەخوازێت دەرفەرت بۆ هەموو بیروڕا و زانیارییەک بۆ ڕکابەریکردن لە بازاڕی ئازاددا بڕەخسێنرێت، بە ڕا هەڵەکانیشەوە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە –بەو هەڵەییەشییەوە– هەڵگری بەشێک لە ڕاستی بێت، دواجار خزمەتێکی ڕوون بۆ گەیشتن بە ڕاستیی تەواو پێشکەش دەکات[2]، لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە، لیبرالیزم بڕوای وایە کە هەر سنووردارکردنێکی ئازادیی ڕا و زانیاری واتە بێبەشکردنی کۆمەڵگە لە گەیشتن بە ڕاستی و سوودلێبینینی، ئەمەش ئەو ئەرکە بنچینەییەیە کە کۆمەڵگەی لیبرالی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی چاوەڕێ دەکات، دەیکات.

– لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ سروشتی دەوڵەت وەک خراپێکی ناچاری، واتە شەڕێک کە دەبێت هەبێت و وەک یەکەم دوژمنی ئازادی بڕوای وا بووە کە ئەو ڕووبەرەی کە حکومەت دەتوانێت لە میانەیەوە بۆ سنووردارکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن دەستتێوەردان بکات، پێویستە لە بەرتەسکترین چوارچێوەی گونجاودا بێت، چونکە فراوانبوونی ئەو ڕووبەرە دەرفەت بۆ دەوڵەت دەڕەخسێنێت کە ئەو ئازادییە سنووردار بکات و ئەو ڕایانە کپ بکات کە ڕەخنەی لێ دەگرن، یان لەگەڵ ئارەزووی سەرکردەکانیدا ناگونجێن[3].

لەگەڵ ئەوەشی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی تا دواسنوور ئازادیی ڕاگەیاندن دەبەخشێت، بەڵام وا لەو ئازادییە ناڕوانێت کە لە هەموو کۆتێک ڕەهایە[4]، بەڵکوو وەکوو هەموو فەلسەفەکانی تری ڕاگەیاندن ڕێگەی بە داڕشتنی هەندێک یاسا بۆ مەرجدارکردنی ئەو ئازادییە لە هەندێک باری پێویستدا داوە.

ئەو بارانەش بۆ دوو بەشی گەورە دابەش دەبن

بەشی یەکەم: کە ئامانجی ڕێگریکردنە لە لەکەدارکردن و لێدان لە ماف و پێگەی تاکەکان، لەوەی کە لە بازنەی وەزیفەی گشتی یان داواکاری گشتی یان ڕاژەی گشتی یان هەر شتێکی ژیانی تایبەتیان کە کاریگەریی لەسەر ئەو کارانە دروست بکات کە کاروبارێکن یاسای تاوان ڕەچاویان دەکات و دەستدرێژیبۆکردنیان بە

---

(١) بڕوانە: جون ستیوارت مل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤–١٣٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٣٥.

(٣) بڕوانە: ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(4) Z. Chafee, op. cit., p. 5, 6.

تاوان دادەنێت و بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکی دیاریکراوی داناوە، کە بریتین لەو تاوانانەی لە شەرەف و پێگە دەدەن، وەک تاوانی تۆمەتی شەرەفبۆهەڵبەستن (القذف)و[1] جنێو و سوکایەتی و هاندان. کە ئەمانە لە هەموو سیستم و کۆمەڵگەکاندا ناکۆکییان لەسەر نییە[2].

هەر چەندە ئەمە ڕێگری لە بوونی ئەندازەیەک لە جیاوازی لەنێوان ئەو یاسایانە ناکات کە لەو بارانەدا بڵاوکردنەوە بە تاوان دادەنێن، لەوەی کە پەیوەستە بە چۆنێتیی سەلماندنی تاوانەکە لەلایەن داواکار (المدعی)یەوە و سەلماندنی بێتاوانی (البراءة) لەلایەن داوالەسەرکراو (المدعی علیه) یەوە، لەو سزایانەی کە بۆ هەر یەکێک لەو تاوانانە دیاری کراون.

هەروەها کۆمەڵە یاسایەک هەن –بەتایبەت لە سیستمە سۆشیالیستی و گەشەپێدانگەراکاندا– کە ڕەنگە تایبەت بن بە هەندێک پۆستی گشتییەوە، کە جۆرێک لە پارێزراوییان لە ڕەخنەگرتن بە هەموو پلەکانیەوە هەیە، هەر چەندە ئەوە بەوە پاساوی بۆ دەهێنرایەوە کە بۆ پاراستنی جێگیری و ئارامیی سیستمەکە پێویستە، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی بەشی دووەمی ئەو کۆتوبەندانەی کە لەسەر پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن دادەنرێن.

هەر چی هزری لیبراڵییشە، بەگشتی بەڵای ئەوەدایە کە پارێزگارییەکی زۆر کەمتر بە کەسایەتییە گشتییەکان ببەخشێت لەچاو تاکە ئاساییەکاندا بەوەی کە پەیوەستە بە تاوانەکانی تایبەت بە ڕا و ڕادەربڕینەوە، تا بەمە ڕووبەرێکی فراوانتر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئاشکراکردن و ئابڕووبردنی هەر لادانێک لەلایەن ئەو کەسایەتییانەوە بدات[3] –بەبێ ترس لە سزادان–، مادام بەڵگەیان بۆ پشتیوانیکردنی ئەوەی کە دەیڵێن هەبێت، یاخود مادام ئەو کەسەی کە بەڵگەکانی لە بارەوە خراونەتە ڕوو، نەتوانێت نادروستیی ئەو بەڵگانە و مەبەستی خراپی

---

(١) مەبەست لە «القذف» واتە «هەر گوزارشتێک کە پەیوەست بێت بە کەسێکەوە، دووچاری ڕقلێبوونەوە، یان سووکسەیرکردن، یان گاڵتەپێکردن، یان شێواندنی ناوبانگی بکات لەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیت، ئەمەش کە وای لێ دەکات ئەوانی تر لێی دوور بکەونەوە».

– P. M. Sandman, etal., Media: An Introductory Analysis of American MassCommunication, 2nd edition (New Jersey: Prentice – Hall, Inc. 1976), p. 176.

(٢) أحمد جلال حماد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

(٣) بڕوانە:

F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p. 54–55.

پشت بڵاوکردنەوەی بسەلمێنێت[1].

بەشی دووەم: کە ئامانجی پاراستنی سیستمی گشتیی کۆمەڵگەیە، مەبەستیش لە سیستمی گشتی «ئەو ڕێسایانەیە کە ئەو بنچینە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانە لەخۆ دەگرن کە کیانی دەوڵەت پشتیان پێ دەبەستێت و بونیادی کۆمەڵگە و سەلامەتییەکەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەسەریان وەستاوە»[2]. ئەو ڕێسایانەش ڕەنگدانەوەی ئەو وێناکردنەن کە ئەو کۆمەڵگەیە بۆ جۆری پەیوەندیی خوازراوی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت لە هەموو بوارەکاندا هەیەتی. بەو پێیەشی پێوەری بەدیهاتنی ئەو مەبەستانەی کە ئەو کۆمەڵگەیە هەوڵی هاتنەکایەیان دەدات -کە مەبەستگەلێکن خۆیان لە بەرژەوەندیی هاوبەشی کۆی تاکەکانیدا دەبیننەوە- ئەو بنچینەیەیە کە لە سایەیدا ئەو پەیوەندییانە دیاری دەکرێن، ئیدی شتێکی سروشتییە کە ئەو پێوەرە ببێتە بنچینەی دیاریکردنی ئەو ڕێسایانەی کە سیماکانی سیستمی گشتی لەو کۆمەڵگەیەدا پێک دەهێنن.

پاراستنی سیستمی گشتییش دوو شێوە وەردەگرێت:

١. پاراستنی خودی کۆمەڵگە

ئ. پاراستنی لە پشێویی ناوخۆیی یاخود دووچاربوون بە داگیرکاریی دەرەکی: ئەو پاراستنەش پێویستییەکە کە هیچ کەس لەسەری ناکۆک نییە[3]، مەگەر ناکۆکی لەسەر مەزەندەکردنی ئاستی مەترسیی ئازادیی ڕادەربڕین لەسەر ئەو بابەتانە بێت. دواتر، لە کاتی قسەکردنمان لەسەر پاراستنی دەسەڵات، باسی دیدی هزری لیبرالی بۆ ئەو مەترسییانە دەکەین.

ب. پاراستنی ئاکار و ڕەوشتەکانی: لەگەڵ ئەوەی کۆدەنگی لەنێوان کۆی سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندا لەسەر پێویستبوونی پاراستنی ئاکار و ڕەوشتەکانی کۆمەڵگە هەیە، دەبینین تێگەیشتنی کۆمەڵگە عەلمانییەکان بۆ ئەو ئاکار و ڕەوشتانە جیاوازە، ئەمەش بۆ نەبوونی یەک مەرجەعیەتی هزری دەگەڕێتەوە کە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم بتوانێت پێوەرە ئەخلاقییەکانی خۆی لێ وەربگرێت. هەر ئەمەش وای

---

(١) بڕوانە: ساندرا کولیفر، «دراسة تحليلية مقارنة لقوانين الصحافة فى الديمقراطيات الأوربية وغير الأوربية»، ترجمة: سهام عبد السلام فى بهى الدين حسن (محرر)، حرية الصحافة من منظور حقوق الإنسان، (القاهرة: مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، ١٩٩٥)، ص١١٨-١٢٤.

(٢) يوسف محمد قاسم، ضوابط الإعلام فى الشريعة الإسلامية وأنظمة المملكة العربية السعودية، (الرياض: عماده شئون المكتبات بجامعة الرياض، ١٩٧٩)، ص٤٤.

(٣) بڕوانە: أحمد جلال حماد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٤.

کردووە کە ئەو یاسانەی بۆ پاراستنی ئاکار و ڕەوشت دادەڕێژرێن، لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دی و بەڵکوو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر لە هەمان وڵاتدا جیاواز بن[1].

وێڕای نەبوونی یەک مەرجەعیەتی هزری بۆ بەها ئەخلاقییەکان، جیاوازیی وێناکردنی هزری پۆزەتیڤیزمیش بەگشتی بۆ ئەو ئەخلاقیاتانە لەو وێناکردنەی کە ئایینەکان –بەتایبەت ئایینی ئیسلامی- بۆ ئەو ئەخلاقیاتانە هەیانە، سەربار دەکرێت، ئەوەش بەو پێیەی کە ئەو وێناکردنە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو مەبەستە دنیاییە پەتییانەوە، کە ئەو کۆمەڵگانە هەوڵی ڕەخساندنی ڕێگاکانی بەدیهاتنی بۆ تاکەکانیان دەدەن، کە وا دەخوازێت دەرفەت بە تاک بدرێت کە، تا دواسنووری گونجاو، چێژ لە خۆشییەکانی دنیا وەربگرێت، لە سنووری یاسای باوی ئەو کۆمەڵگانەدا –بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەک لە ژیانی ڕۆژی وایی-، ئەمەش ئاستی ئەو ڕێگەپێدانەمان پێ دەڵێت کە ئەو کۆمەڵگانە، لە پێناوی هێنانەکایەی خۆشبەختی دنیای، ڕێگەی پێ دەدەن لە ڕەفتاری تاکەکاندا، ئەو ڕەفتارانەی کە ئایینەکان بە تاوانی ئەخلاقی هەژماریان دەکەن.

ئەگەر ئەمە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر کۆمەڵگە عەلمانییەکاندا جێبەجێ ببێت، ئەوا بەتایبەت بەسەر وڵاتە لیبراڵییەکانیاندا دەچەسپێت.

ئەگەر سەرێکی یاسای ئەمەریکی بکەین، وەک نموونەیەک بۆ ئەو سنووردی کە هزری لیبراڵی لە بارەی ئەخلاقیات و ئاکارەکانەوە، بەسەر ئازادیی ڕاگەیاندندا دەیسەپێنێت، دەبینین یەکێک لەو گرفتە گەورانەی کە ڕووبەڕووی دادگای دەستووریی باڵا دەبێتەوە، بریتییە لە گرفتی دیاریکردنی ئەو بابەتانەی ڕاگەیاندن کە خراپ و بێکەڵک و قێزەون و سنووربەزێن (فاحش)ن، جیاکردنەوەیانە لەوانەی کە وا نین[2]، ئەو دادگایەش لە پێناسەیدا بۆ ئەو بابەتانەی کە قێزەون و سنووربەزێنن، هەڵوێستی لە تونددەوە بۆ ئاسانکاری گۆڕاوە و[3] تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٣دا لە یەکێک لە کەیسەکاندا ئەوەی ڕوون کردەوە کە بابەتە سێکسییەکان، ئەگەر گوزارشت لە ئاکارێکی جددی بکەن کە بەهایەکی هونەری یان سیاسی یان

---

(١) ئەمەش وای کردووە کە نووسەرانی کتێبی چوار تیۆر بۆ ڕۆژنامەگەری (نظريات أربع للصحافة) بڵێن خودی پێناسەی ئەخلاق شتێکی ئاسان نییە. بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm. op. cit., P. 55.

(٢) حسن عماد مكاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣.

(٣) بڕوانە:

- P. M. Sandman, et al, op. cit., P. 174-175.

زانستی لەخۆ بگرن، ئەوا بە قێزەون و بێکەڵک و سنووربەزێن هەژمار ناکرێن، ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەو بابەتە سێکسییانەی کە بەهایەک لەخۆ دەگرن، نابێت یاساغ بکرێن، چونکە بە شتی خراپ و بێکەڵک و قێزەون و سنووربەزێن دانانرێن، بەڵام ئەو بابەتانەی کە تەواو لە سێکسدا ڕۆچوون، ئەوا بە قێزەون و سنووربەزێن هەژمار دەکرێن. ڕوونیشە کە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەو دوو جۆرەدا نییە، چونکە دادگاکە مەزەندەکردنی ئەوەی بۆ دادوەر جێ هێشتووە. لە دەرئەنجامی ئەمە، هەندێک ماددەی سێکسی لە هەندێک وێلایەتدا بە قێزەون و سنووربەزێن لێی دەڕوانرێت، لە کاتێکدا لە هەندێک وێلایەتی تر، بە پێی ئەو پێوەرانەی کە لەوێ باوە، بە ئاسایی سەیری هەمان کار دەکرێت[١]، ئیدی بەگشتی دۆخەکە لە کۆمەڵگە لیبرالی و عەلمانییەکاندا بەو شێوازەیە.

لە سایەی ئەو جۆرە تێگەیشتنەی کە هزری لیبرالی بۆ ئاکار و ئەخلاقیاتەکان هەیبوو، شتێکی ئاسایی بوو کە ئازادییەکی فراوان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بڕەخسێنرێت، بۆ پەخشکردنی بابەت و ماددە ڕووت و وروژێنەرەکان بەبێ هەستکردنێک بە هیچ تاوانێکی ئەخلاقی.

٢. پاراستنی دەسەڵات

فەلسەفە و سیستمەکان لە بارەی پاراستنی دەسەڵاتەوە زۆر جیاوازن، هۆکارەکەشی بۆ سروشتی خودی دەسەڵات دەگەڕێتەوە، کە بە هێزێکی کەڕی بێلایەن هەژمار ناکرێت، بەڵکوو ئەو گوزارشتکەرە لە فەلسەفەی کۆی سیستمەکە و پارێزەری بەها بنچینەییەکانی و ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە کە فەرمانڕەواکان بەرزیان دەکەنەوە تا ئاستی ئەو بەها سیاسییانە[٢].

بەگشتی دەتوانرێت بوترێت ئەو کۆتوبەندانەی لەسەر گوزارشت لە ڕا دادەنرێن، تا ڕادەیەکی زۆر، بە پێی ئەو ڕۆڵەی بەو ڕۆڵەی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێی دەدرێت، دادەڕێژرێن. ئەگەر ڕۆڵەکەی تەنها لە لایەنی پارێزگاریدا کورت هەڵبێت –وەک ئەوەی لە کۆمەڵگە لیبراڵییە کلاسیکییەکاندا هەیە–، ئەوا باشتر وایە ئازادیی ڕاگەیاندن کۆتوبەند نەکرێت لە بارێکدا کە ئەو لایەنی سەرەکیی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی هاوبەشە، کە هەر ئەوەش هۆکاری پشت کارکردنە لەسەر جێگیریی سیستم و پاراستنی.

---

(١) بڕوانە:

- R. L. Holsinger, Media Law, (New York: Random House, 1987), p. 330.

(٢) أحمد جلال حماد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٤.

هەروەها هەژمارکردنی دەوڵەت بە مەرجەعیەتی هزری لە چۆنێتیی هێنانەکایەی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشە، ڕێژەی ئەو کۆتوبەندانە زیاد دەکات کە لەو بارەدا خۆی پێ دەپارێزێت.

بەگشتی ئەو پێوەرە هاوبەشەی کە هەموو فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن لە پاساوهێنانەوە بۆ سنووردارکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن، تاکە پێوەرێک بێت کە بریتییە لە مەترسیی ڕوونی ڕاستەوخۆ (The Clear and Present Danger).

شتێکی سروشتییشە کە فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن لە شیکردنەوەیان بۆ ئەو شتانەی کە بە مەترسیی ڕاستەوخۆ دادەنرێن یان دانانرێن، جیاواز بن[1]، جا ئەو شتانە بە ئاسایش و سەلامەتیی کۆمەڵگە و پاراستنی لەو بیروباوەڕە ڕوخێنەرانەوە پەیوەست بن کە ئەو سیستمەن کە لەسەری جێگیر بوون، یاخود بە ئاسایش و سەلامەتیی دەسەڵات و پاراستنی بوونیەوە پەیوەست بێت.

پێوەری «مەترسی ڕوونی ڕاستەوخۆ» فراوانترین سنوور بۆ ئازادی لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیدا دیاری دەکات و –تەوەری باسەکەمان– ڕێگە بە حکومەت نادات خۆی بپارێزێت، مەگەر لە باری لەناکاودا، کە مەترسییەکە تێیدا کتوپڕە و ئەگەری زیانێکی ڕاستەوخۆی هەبێت کە لێی بکەوێتەوە. بۆیە هێندە بەس نییە کە ئەو وتانەی کۆتوبەندەکە دیاری دەکەن، تەنها تیۆری بن، یان هاندانی کردەیی، بەڵکوو ئەو بارودۆخە سەنگی مەحەکە کە تێیدا بڵاو دەکرێتەوە، یان وتەکانی تێدا دەوترێت، چونکە ئەوەی لە بارودۆخێکی دیاریکراودا ڕێگە بە وتنی دەوترێت، ڕەنگە لە بارودۆخێکی تردا ڕێگەی پێ نەدرێت.

بەو شێوەیە گرفتەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئایا ئەو وتانەی کە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بەکار هاتوون، بۆ دروستکردنی مەترسییەکی ڕوون و گرفتئامێز سەر دەکێشن، کە زیانی توند بە بە کۆمەڵگە یان دەسەڵات بگەیەنن یان نا[2].

دادوەر ئۆلیەر وندل هۆڵمز ئەو پێوەرەی داناوە، ئەو پێوەرەی کە دادگاکان، لە سنووردارکردنی ئازادی وتەدا بۆ ماوەیەکی زۆر، پشتی پێ دەبەستن[3].

لیبرالێکی تر، کە «ئیرسکین»ە، پێی وایە کە پێویستە مافی ئەوە بە تاک بدرێت کە هەر ڕا و زانیارییەک کە بیەوێت، بڵاوی بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو بڵاوکردنەوەیە

(١) بەراورد بکە لەگەڵ: جيهان أحمد رشتي، نظم الاتصال، الجزء الأول، مرجع سابق، ص٩٥-٩٦.

(٢) بڕوانە: ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(٣) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

کاریگەریی نەرێنیی جددیشی لەسەر گرنگیپێدانەکانی دەوڵەت هەبێت، ئەوا نابێت لە پای ئەو بڵاوکردنەوەیە سزا هەبێت، مادام خاوەنی ئەو بابەتە بڵاوکراوەیە لە مەبەست و نیازەکانیدا ئەمین و دڵسۆز بێت[1].

بەگشتی دەتوانرێت بوترێت ئەو کۆتوبەندانەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی ڕێگە بە سەپاندنی بەسەر ئازادیی ڕاگەیاندنەوە بۆ پاراستنی سیستمی کۆمەڵایەتی دەدات، نزمترین ئاستی ئەو کۆتوبەندانەیە کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن دەیسەپێنن.

میکانیزمەکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە نەبەزاندنی سنووری کاری ڕاگەیاندن

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی لە پابەندکردنی تاک بە نەبەزاندنی ئەو سنوورانەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی، پشت بەو هەستە ئەخلاقییەی تاک دەبەستێت کە جۆرێک لە سانسۆری خودیی لەسەر دادەنێت، کە پابەندی دەکات بە ئەنجامنەدانی هەر شتێک کە زیان بە تاکەکانی تر یان کۆمەڵگە بگەیەنێت. خۆ ئەگەر لادانێکیش لەو بارەیەوە لەلایەن تاکەوە ڕووی دا، ئەوا فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی و فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییش -کە هەر لەوەوە پەرەیسەندووە- ڕێگە بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی سانسۆر لەسەر ئازادیی ڕاگەیاندن نادەن، مەگەر سانسۆری دادوەری[2]، کە هەندێک پێی دەڵێن سانسۆری خۆپارێزی، یان سانسۆری دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتە ڕاگەیاندنکارییەی کە دادگا، بۆ پاراستی کۆمەڵگە، حوکمی لە بارەوە دەدات[3].

فەلسەفەی لیبرالی لەبەر چەند هۆکارێک سانسۆری پێش بڵاوکردنەوە ڕەت دەکاتەوە، کە بریتین لە:

- چونکە ئەو سانسۆرە مافی سروشتیی مرۆڤ لە ئازادی وتە پێشێل دەکات.
- هەروەها وا لە ستەمکار و لادەرەکان دەکات لە دەسەڵات بەردەوام بن و لەبریی ئەوەی دەوڵەت بکاتە پارێزەری ئازادی، دەیکات بە دوژمنی ئازادی.
- ڕەنگە -ئەگەر بە شێوەیەکی کاتییش بێت- لەمپەر بۆ پرۆسەی گەڕان

---

(1)[] F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p. 49-50.

(٢) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

- F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., P 53.

(٣) إبراهيم الداقوقى، قانون الإعلام: نظرية جديدة فى الدراسات الإعلامية بحديثة، (بغداد: وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، ١٩٨٦)، ص١٠٧.

بەدوای ڕاستیدا دروست بکات، لە ڕێگەی تێکدانی هاوسەنگی لەو پرۆسە وردەدا کە دواجار لە ڕێگەی ئەوەوە ڕاستی دەردەکەوێت. خۆ ئەگەر مرۆڤ بۆی هەیە ڕاستی بدۆزێتەوە، ئەوا پێویستە هەموو زانیاری و بیرۆکەکانی لەلا بێت، نەک تەنها ئەو زانیارییانەی کە چەواشەکارییان پێ دەکرێت[١].

– مێژوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو ڕۆژنامەگەرییەی ملکەچی سانسۆر دەبێت، کەمترین توانای لە بڵاوکردنەوەی ڕاستی... بە پێچەوانەی ڕۆژنامەگەریی ئازادەوە هەیە، کە لە بازارێکی ئازاددا کار دەکات. خوێنەریش بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت و پشتیوانیی ئەو ڕۆژنامانە دەکات کە دەتوانێت پێوەی پابەند ببن[٢].

– سانسۆر لەسەر کپکردن و شاردنەوە ڕاوەستاوە، زۆربەی کاتیش زیانە زۆرەکەی بەسەر ئەو لایەنەدا دەشکێتەوە کە بەکاری دەهێنێت، پتر لەو لایەنەی تر کە سانسۆری بەسەرەوە دەکرێت[٣].

هەروەک چۆنیش لیبرالیزم دەسەڵاتی دادوەری دەکات بە تاکە سانسۆر بەسەر سنووربەزاندنەکانی بواری ئازادیی کاری ڕاگەیاندن، لە لایەکی تریشەوە دەیکات بە چاودێر بەسەر سنووربەزاندنی دەسەڵات بۆ سەر ئازادیی ڕاگەیاندن، هەروەها دەیکات بە یەکلاییکەرەوە لە سەلامەتیی ئەو یاسا و ڕێکارانەی کە هەوڵی سنووردانان بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە ڕێگەیانەوە دەدرێت[٤].

بەو شێوەیە دەسەڵاتی دادوەری تاکە میکانیزمی پابەندکردنە کە فەلسەفەی لیبرالیزم ڕێگە بە بەکارهێنانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیادەکردنی زیانمەندانەی ڕاگەیاندن دەدات، ئیدی هەر جۆرە سانسۆرێکی پێشوەختە، یان هەر شێوازێک لە شێوازەکانی زاڵدەستی بەسەر ئازادیی ڕاگەیاندندا، لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە، ڕەت دەکاتەوە. کاتێکیش سانسۆر هەموو شێوازەکانی زاڵدەستی و کۆنترۆڵکردنی پێشوەختە بەسەر بڵاوکردنەوە و پەخشکردندا ڕەت دەکاتەوە، بەتەواوەتی ماف بەوە.

---

(١) فؤاد توفيق العانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦.

(٢) مبدرا لويس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

(٣) سامی عزيز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

(٤) سەبارەت بە مۆدێلەکانی بەکارهێنانی دادگای دەستووری وەک پارێزەری ئازادیی ڕادەربڕین، بڕوانە: ساندرا کولیفر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠–١٠١.

سێیەم: هەڵسەنگاندنی دیدی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی کاری ڕاگەیاندن

بێگومان خەباتی هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ڕزگارکردنی کاری ڕاگەیاندن لە چنگ و لغاوی دەسەڵات، بە یەکێک لە گرنگترین بەشداریپێکانی هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم لە گێڕانەوەی شکۆی زایەکراوی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافانەی دادەنرێت، کە لە زۆربەی کات، بەدرێژایی مێژووی مرۆیی، لەسەر دەستی فەرمانڕەواکان، بەهەدەر دراون، بەڵام زیادەڕەویکردنی هزری لیبرالی لە ڕزگارکردنی کاری ڕاگەیاندن تا دوا سنووری ڕێگەپێدراو، لە میانەی چەند کۆتوبەندێکی کەم و زیادەڕەویکردن لە ترسان لە مەترسی دەستوەردانی حکومەت لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا، مەگەر لە باری پێویستدا، بە پشتبەستن بەو پاساوانەی پێشتر باس کران، بۆ دروستبوونی چەند کەموکوڕییەک بەڕوونی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو تێگەیشتنە لە بواری ئازادیی ڕاگەیاندن لە کەتواردا سەریان کێشا[1]:

- لەلایەن زۆرێک لە ڕاگەیاندنکارانەوە، پابەندی ڕاستەقینە بەو بەرپرسیارێتییانەوە نەبینرا، کە فەلسەفەی ڕاگەیاندن گرینمانەی ئەوەی کردبوو کە ئەوان بە شێوەیەکی خودی لەئەستۆی دەگرن. ئەمەش وای کرد کە زۆرێک لەو ئەرکانەی کە کۆمەڵگە چاوەڕێ بوو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن و لە ڕێگەیانەوە بەشداری لە هێنانەکایەی بەرژەوەندیی گشتی بکەن، بە شێوەی چاوەڕوانکراو ئەنجام نەدرێن. هەر چی ئەو ئەرکانەشە کە زۆرێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە باشترین شێوە دەیانکرد، ئەو ئەرکانە بوون کە خزمەتی بەرژەوەندیی خودیی خاوەنی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندنیان دەکرد.

- گرتنەوەی دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە دەستوەردان بە شێوەیەکی نیمچەڕەها لە بواری ڕاگەیاندندا بەگشتی، بۆ وازهێنان لە گۆڕەپانەکە بەبەتاڵی بۆ دەسەڵاتی ئابووری سەری کێشا، جا لە خاوەنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، یاخود لە ڕێکلامکار و ڕاگەیاندنکارە گەورەکان و خاوەن سەرمایەکاندا بەرجەستە بووبێت، ئەمەش وای کردووە کە دەسەڵاتی ئابووری بەکردەیی کاری ئازادیی ڕاگەیاندن هەڵبسوڕێنێت، بە شێوەیەک وای لێ هات کە خەریک بوو قۆرخکارییەکان ڕکابەریی ڕاگەیاندن لەناو ببەن –پاشان ئەمەش بۆ خاڵیکردنەوەی کارایی میکانیزمی چاککردن و ڕاستکردنەوەی خودی سەری کێشا–، هەروەها خەریک بوو هەوڵدان بۆ قازانجی زیاتر ئەو ڕۆڵە بنچینەییە لەناو ببات کە کۆمەڵگە لە پێناویدا ئەو ئازادییانەی بەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن بەخشیوە.

---

(١) لە بارەی سیما گشتییەکانی ئەو کەموکوڕییانەوە، بڕوانە:
- F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., P. 78-79.

بەو شێوەیە دەتوانرێت بوترێت کەتواری ڕاگەیاندن دیکتاتۆریەتێکی ئابووریی بەخۆیەوە بینی، کە بوو بە جێگرەوەی ئەو دیکتاتۆریەتە سیاسییەی کە هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی لێی تۆقیبوو.

- گۆڕەپانی کاری ڕاگەیاندن -لەئەنجامی سووککردنی کۆتوبەندەکان بە زێدەڕەوییەوە- چەند سنووربەزاندنێکی ڕوونی بەخۆیەوە بینی، جا ئەوانەی پەیوست بوون بە مافی تاکەکانەوە، یان ئەوانەی پەیوەست بوون بە سیستمی گشتی لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا، کە خۆیان لە ڕۆچوون لە بڵاوکردنەوەی ماددەی سێکسی و وروژاندن و تاوان و تۆندوتیژی و چوونەناو ژیانی تایبەتیی کەسایەتییە گشتییەکان و پڕوپاگەندە و درۆ لە بارەی گەندەڵیی بەرپرسە حکومییەکان و دۆزینەوەی نهێنییەکانی حکومەت و -هەندێک جاریش- لێدان لە ئاسایشی نەتەوەیی دەبینیەوە[1]. تەنانەت جارێک سەرۆکی ئەمەریکی، جۆن کەنەدی داوای لە ڕۆژنامەنووس و پەخشکارەکان کرد کە ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی و ئاسایشی دەوڵەت بکەن، کە بەشێکە لە بەرژەوەندیی گشتی و خۆیان سانسۆرێکی خۆبەخۆی خودی بەسەر خۆیاندا بسەپێنن و لە ڕێگەیەوە هەمیشە لە خۆیان بپرسن ئایا فلان هەواڵ و فیسار هەواڵ دژی بەرژەوەندیی گشتی و ئاسایشی دەوڵەت دەوەستێتەوە، پێش ئەوەی لە خۆیان بپرسن کە ئەو هەواڵە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر گونجاوە؟ پاشان سەرۆکە ئەمەریکییەکە نموونەیەکی لەسەر ئەوە هێنایەوە، کە هەندێک ڕۆژنامەی نەتەوەیی چەند نهێنییەکی جەنگی و سیاسییان بڵاو کردووەتەوە، کە نە دوژمنانی ئەمەریکا و نە بەکرێگیراوانی بیانی خۆیان دەیانتوانی بەدەستیان بهێنن، تەنانەت ئەگەر لە ڕێی دزین، یان بەرتیل، یان هەواڵگری، یان سیخوڕی و ڕێگەکانی تریشەوە بووایە[2].

بەو شێوەیە شتێکی سروشتی بوو کە جێبەجێکرنی تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی لە بارەی ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە چەندین کاری نابەرپرسانەی لێ بکەوێتەوە، چونکە تێزگەلێک بوون کە لەسەر چەند پێشەکییەکی بونیاد نرابوون کە بەڕوونی کەموکورتییان تێدا بوو، ئەو کارە نابەرپرسیارانەش لە ئازادیی ڕاگەیاندندا هۆکارێکی گرنگ بوون لە پاڵنان بە هزری ڕاگەیاندنی لیبراڵییەوە بۆ داڕشتنی فەلسەفەیەکی نوێی ڕاگەیاندن، کە کار لەسەر تێپەڕاندنی ئەو کەموکوورپییانە بکات و لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە هزری و کۆمەڵگەیی و تەکنەلۆژییانەدا بگونجێت کە بە کۆتاییهاتنی سەدەی پێشوو جیهانی ڕۆژئاوا بەخۆیەوە بینینی.

---

(١) حسن عماد مكاوى، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٢) عبد اللطيف حمزة، أزمة الضمير الصحفى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧-١٤٨.

داخوازی دووەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا

ئەم وێنا نوێیەی کە هاتە کایەوە، بەرهەمی ئەو پەرەسەندنانە بوو کە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان بەخۆیانەوە بینییان، لە ڕووی کۆمەڵگەیی و هزری و تەکنەلۆژی و بواری تردە، کە وایان کرد واتای ئازادییە کلاسیکییەکان بگۆڕێت و بکەوێتە قەیرانێکی تونددە، چونکە دیار بوو کە قۆرخکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دەستی دەستەیەکی کەمی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ئەو دەستەیە دەکاتە هێزێکی گەورە و ڕێگاکانی زاڵبوونی بەسەر فەرمانڕەوایەتی و ستەمکردنی لە مافی تاکەکان و ملپێکەچکردنیانی بۆ ویست و ئارەزووەکانی خۆی بۆ ئاسان دەکات[1].

یەکەم: چەمکی ئازادیی ڕاگەیاندن

ئەو هۆکارانە پێکەوە بیرمەندە لیبراڵییەکانیان ناچار کرد چاو بەو تێگەیشتنەدا بخشێننەوە کە فەلسەفەی لیبرالی کلاسیکی بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن دایڕشتبوو، هەروەها چاو بگێڕنەوە بەو سروشتی ڕاستییەی کە تاک لە سوودوەرگرتنی لەو ئازادییەدا پشتی پێ بەستبووە.

– لەوەی کە بە تێگەیشتنی هزری ڕاگەیاندنی لیبرالیی نوێوە بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن پەیوەستە، دەبینین چیتر وەک ئازادبوون لە (freedom from) لێی ناڕوانێت، کە ئەمە واتای ڕزگاربوون بوو لە هەموو جۆرێکی کۆنترۆڵکردن و فشارکردنێک، جا لەلای دەوڵەتەوە یان لە هەر لایەکی ترەوە بووبێت. بەڵکوو وای لێ هات کە وەک ئازادبوون لە زەبر و خۆسەپاندن لێی بڕوانرێت، نەک لە هەموو جۆرە فشارێک. واتە هزرە نوێیەکە ڕێگەی بە پیادەکردنی هەندێک فشاری کۆمەڵایەتی لەسەر پیادەکردنی ئەو ئازادییە دا، ئەمە لەلایەک، هەروەها بەوەی کە ئەوە ئازادیی لە پێناو (for freedom)، ئەمەش واتە مەبەست لە ئازادبوونەکە بریتییە لە بەخشینی ئەو ئازادییە لە پێناوی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی کە کۆمەڵگە هەوڵی بۆ دەدات، ئیدی وەک یەکە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی خۆبەخۆ، یاخود لە ڕێگەی خۆێندنەوەیان بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگەوە، پەیان بەو ئامانجانە بردبێت[2].

مەبەستیش لەو ئازادبوونە بەدیهاتنی بەرژەوەندیی خودیی تاک نییە –وەک ئەوەی هزری کلاسیکی دەڵێت–، هەر چەندە ئەمە ڕێ لە تاک ناگرێت هەوڵی

---

(١) بڕوانە: رجاء علی العزبی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧–٤٨.

(2) Commission on freedom of the Press, o p.cit, p. 128-29. and: F. S.Siebert, T. Peterson., And W. Schramm, op. cit., p. 94.

بەدیهێنانی بەرژەوەندییە خودییەکانی بدات، بە مەرجێک ئەوە لەسەر هەژماری ئەوە نەبێت کە کۆمەڵگە لێی دەخوازێت.

هزرە ڕاگەیاندنییە نوێیەکە بڕوای وا بوو کە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە (بەکارهێنانی ئازادی بۆ خزمەتی مەبەستەکانی کۆمەڵگە) وا دەخوازێت پێداویستییە تەکنەلۆژییەکان و توانا مادییەکان دابین بکرێن و ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە زانیاری بکرێت و... هتد، ئەمە لەبەر ئەوەی مافی تاک لە گوزارشتکردن، یان بە واتایەکی تر، مافی ئەو لە پەیوەندیکردن[1]، دەبێتە شتێکی بێواتا، ئەگەر توانای نزیکبوونەوەی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو ڕا و زانیارییانەی نەبێت کە لایەتی.

ئەمەش وای لە «لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری» کرد کە نیگەرانیی خۆی لە بارەی ئەوانەوە دەربببڕێت کە تەنها ئازادییەکی نەرێنییان هەیە، کە دەرفەتی ئەوەیان پێ نادات بە شێوەیەکی ڕاستەقینە سوود لەو ئازادیی ڕادەبڕینە وەربگرن کە بە تیۆری پێیان بەخشراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە تەنها ئەو کەمینەیە بە شێوەیەکی ئەرێنی سوود لەو ئازادییە وەردەگرن کە خاوەنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنن، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان توانای گەیشتنیان بەو ئامرازانە هەیە[2].

– لەوەشی کە بە تێڕوانینی هزری لیبرالیی نوێوە بۆ سروشتی ماف پەیوەستە، کە تاک لە سوودوەرگرتنی لەو ئازادییەدا پشتی پێ دەبەستێت، دەبینین ئەو هزرە ڕەتی دەکاتەوە کە وەک مافێکی سروشتی، یان مافێک کە لەسەر بنچینەیەکی سوودگەرایی بەرپا کرابێت –وەک ئەوەی هزری کلاسیک لێی دەڕوانیت– لەو مافە بڕوانێت، چونکە ئەم تێڕوانینە واتە ناتوانرێت لە بەرانبەر سوودوەرگرتنی تاک لەو مافە، هیچ پابەندییەک بەسەر تاکدا بسەپێنرێت. بەڵکوو وەک مافێکی ئەخلاقی (moral right) لێی ڕوانی، چونکە ئەم جۆرەیان لە بەرانبەر سوودبینین لەو مافە ئەرکێک لەخۆ دەگرێت[3]، کاتێکیش ئەو تاکەی سوود لەو مافە وەردەگرێت، نایەوێت دڵسۆز بێت لە لەئەستۆگرتنی ئەو ئەرک یان پابەندییانەی لە بەرانبەر ئەو

---

(١) مەبەست لە مافی پەیوەندیکردن (الحق فی الاتصال) بریتییە لە «مافی ئازادیی ڕا و گوزارشتکردن و فراوان دەبێت تا ئازادیی هەواڵدان بە کەسانی تر و ئازادیی مەعریفە و توانای گفتوگۆ و دیالۆگ و ئاسانیی بەشداریکرن لە پەیوەندیدا دەگرێتەوە، هەر چەندە لە هەمان کاتدا هەندێک پابەندی و بەرپرسیارێتییش دەگرێتەوە».

– لیلی عبد المجید، سیاسات الاتصال فی العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

(2) The Commission on Freedom of the press, o p.cit, p. 129.

(3) The Commission on Freedom of the press op. cit., p. 100-101.

مافەدا دەکەونە سەرشانی، ئەوا پاساوی داواکردنی ئەو مافەی پێ لەدەست دەدات، چونکە –بە گوزارشتی لیژنەکە–[1] «هەر کاتێک ئەرکە ئەخلاقییەکان لەئەستۆ نەگیرێن، ئیدی مافە ئەخلاقییەکانیش نامێنن»، هەر چەندە مافی ئەخلاقییانەی تاک لە گوزارشتکردن لە کاتی خۆدزینەوەی لەو بەرپرسیارێتییانەی کە لەبەرانبەر وەرگرتنی ئو مافە پێی دراوە، نامێنن، بەڵام ئەو تاکە مافی یاسایی خۆی بۆ سوودبینین لەو مافە هەر دەمێنێت.

ئەو مافە ئەخلاقییە ئەوە بەسەر تاکدا دەسەپێنێت کە گوزارشت لەو بیروباوەڕانەی بکات کە هەیەتی، نەک تەنها بە حەزی گوزارشتلێکردنیەوە بوەستێت. بەو پێیەشی کە ئەمە وا دەخوازێت ئەو ڕێگانە فەراهەم بکرێن کە تاک دەتوانێت لە میانەیانەوە گوزاشت لە بۆچوونەکانی بکات، ئەمە وا دەخوازێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پابەندبن بە خستنەڕووی هەموو ڕا و ئاڕاستە جیاوازەکان، خۆ ئەگەر ئەو کارە نەکات، ئەوا ناپاکیی لە متمانەی خەڵکی بەوە کردووە لەو بارەیەوە و وای لێ هاتووە کە خزمەتی دەستەیەکی کەم بکات[2].

بەو پێیەشی ئەو بارودۆخەی کە پەیوەستە بە ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە –کە پێشتر هانی هەمەچەشنی و ئاڵۆگۆڕی ڕای دەدا– لە سایەی شۆڕشی گەیاندندا گۆڕاوە، هەروەها بەو پێیەی کە ڕوانین لە حکومەت وەک دوژمنی یەکەمی ئازادییش گۆڕاوە، ئەوا تیۆری نوێ بڕوای وایە کە دەستتێوەردانی حکومەت لە هەندێک باردا، بە پێویست دادەنرێت بۆ پڕۆسەی ڕەخساندنی دۆخێک کە یارمەتیدەری تاک بێت بۆ پیادەکردنی مافی خۆی لە گوزارشتکردن بە شێوەی کرداری[3].

بەو پێیەشی کە فەلسەفە نوێیەکە ئیدی بە هەمان شێوەی فەلسەفەی کلاسیکی لە پڕۆسەی ڕاستکردنەوەی خودی و سروشتی مرۆیی نەدەڕوانی، ئەو فەلسەفەیە هەوڵی دیاریکردنی ئەو بەرپرسیارێتییانەی دا کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەڕاشکاوانە پێیانەوە پابەند بن –نەک بە ناڕاستەوخۆ، وەک ئەوەی فەلسەفەی کلاسیکی بۆی چووبوو– تا بتوانرێت ڕێنموویی لێ وەربگیرێت لە ڕاپەڕاندنی ئەو

---

(1) Commission on Freedom of the press, op. cit., p. 10.

(2) Ibid.

(٣) بڕوانە:

- F.S. Siebert, T. Peterson and, W. Schramm, op. cit., p. 96.
- Commission on freedom of the press, op. cit., p.15-17.
- Z. Chafee, op. cit., p. 14-15.

ڕۆڵەی کە کۆمەڵگە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی چاوەڕێ دەکات.

لە کۆتاییدا دەکرێت وێنای فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە: «بوونی ئازادی، لەئەستۆگرتنی ئەو پابەندییانە دەخوازێت کە لە بەرانبەریدا هەن.»[١]

ئەو پابەندییانەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێن لە بەرانبەر سوودوەرگرتن لە ئازادیی ڕاگەیاندن

ئەو پابەندییانەی کە پێشتر فەلسەفەی کلاسیکیی ڕاگەیاندن بە ناڕاستوخۆ بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیدا دەسەپاندن، لەسەر دەستی فەلسەفە نوێیەکەدا بوون بە پابەندی ڕاشکاوانە[٢]، چونکە ئەو فەلسەفەیە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو بەرپرسیارێتییانەی دا کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە لەئەستۆیان بگرن کە کۆمەڵگە لێیان چاوەڕێ دەکات، لە بەرانبەر ئەو ئازادییەی کە کۆمەڵگە پێیان دەبەخشێت[٣].

ئەو کەسەی لەو ئەرکانە (وەزیفە) ڕابمێنێت کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەیخاتە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، دەبینێت لەو وەزیفانە جیاواز نییە کە فەلسەفەی کلاسیکی تیۆریزەی بۆ کردوون، تەنها هێندە نەبێت کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئەو لێکدانەوانەی قەبووڵ نییە کە هەندێک لە گەورەخاوەندارانی ئەو ئامرازانە بۆ ئەو وەزیفانە پێشکەشی دەکەن، هەروەک چۆن ئەو ڕێگایانە قەبووڵ ناکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەیانەوە هەوڵی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە دەدەن[٤].

ئیدی لە پێناوی ڕوونکردنەوەی ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکە ئەخلاقییانەی کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران لەئەستۆیان بگرن، چەندین بەڵێننامەی شەرەف و دەستوری ئەخلاقی دەرکەوتن، کە کاریان لەسەر

---

(1) F.S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p .74.

(٢) بڕوانە: ولیام ل ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١-١١٤.

(٣) ئەم وێنا نوێیە بۆ چەمکی ئازادی ڕەنگدانەوەی ئەو پێناسە نوێیەیە کە لیژنەی شاهانەی بەریتانی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەری پێشکەشی کرد، کە «بریتییە ڕزگاربوون لەو کۆتوبەندانەی بە شێوەیەکی بنچینەیی دەستی خاوەنەکانی ڕۆژنامەکان و سەرنووسەر و بەڕێوەبەرانی نووسین دەگرێت، لە تاووتوێکردنی کاروباری گشتیدا و بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاستی و ڕاوبۆچوونانەی کە بەبێ ئەوان جەماوەر ناتوانێت بە حوکمی دروست بگات»، ئەمە لە کاتێکدا کە پێشتر بە «ئازادیی بڵاوکەرەوە لەوەی کە دەیەوێت» پێناسەی کردبوو.

- J. Carran and J. Seation, op. cit., p. 296-297.

(4) F. S. Siebert, T. Peterson and, W. Schramm, op. cit., p 74.

ڕوونکردنەوەی ئەو ئەرکانە کرد، کە پێویستە لە کاری ڕاگەیاندندا ڕەچاو بکرێن، ئەمە وێڕای گرتنەخۆی ئەو ئەخلاقییاتانەی کە پێویست بوو بکرێن بە کالای ئەرکەکانی بواری ڕاگەیاندن.

میکانیزمەکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەو بەرپرسیارێتییانەی کە لە پای ئازادیی کاری ڕاگەیاندن دەسەپێنرێن

ئەگەر تیۆری کلاسیکی بۆ پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران بەو بەرپرسیارێتییانەی کە لە بەرانبەر کۆمەڵگە لە ئەستۆیانە، بە شێوەیەکی نیمچەتەواو پشتی بەو هەستە ئەخلاقییە بەستبوو کە پاڵ بە خاوەنەکەیەوە بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی بە شێوەیەکی خۆبەخش دەنێت، ئەوا تیۆرە نوێیەکە بڕوای وا بوو کە گرێبەستێکی ناڕاستەوخۆ هەیە، کە لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییانە لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دەسەپێنێت، لە بەرانبەر پێدانی مافی پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن لەبریی ئەو[1].

لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی لە پابەندبوون بەو بەرپرسیارێتییانەدا پشت بە پابەندیی خودی دەبەستێت، لە هەمان کاتدا بڕوای وایە کە پێویستە لەسەر هەر لادانێک لەو بەرپرسیارێتییانەدا، لێپێچینەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە هەبێت، ئیدی سەرچاوەی ئەو لێپێچینەوەیە جەماوەر بێت بەگشتی، یان گرووپەکانی فشار بن، یاخود ئەو دەستەیە بێت کە پێویستە بەتایبەت بۆ ئەو مەبەستە دابمەزرێندرێت، کە ئەنجومەنی ڕۆژنامەگەریی، یان ڕەخنەگری ناوخۆیین لەناو ئەو ئامرازانەدا، یاخود حکومەتە بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی.

ئەگەر ڕێگاکانی پابەندکردن –کە باس کران– بە شێوەیەکی سەرەکی بەسەر ڕۆژنامەکاندا جێبەجێ دەبن، ئەوا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکی جیاواز لە پێناوی پابەندکردنی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی ڕاگەیاندن بەو بەرپرسیارێتییانەوە دەگرێتە بەر کە کۆمەڵگە لێیان دەخوازێت، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی سروشتی تایبەتی ئەو ئامرازانە لە لایەک و بەرفراوانی کاریگەرییەکانیان لە لایەکی ترەوە. هەر بۆیە ئەم فەلسەفەیە کاری لەسەر زامنکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بەسەر ئەو ئامرازانەوە کردووە، جا لە ڕێگەی بەخشینی مافی خاوەندارێتی ئەو ئامرازانە بە دەوڵەت و دواتر بەڕێوەبردنیان بەو شێوەیەی کە خزمەتی ئامانجەکانی کۆمەڵگە بکەن، یاخود لە ڕێگەی بەخشینی خاوەندارێتییان بە دەستەیەکی گشتیی سەربەخۆ

(١) لە بارەی سروشتی ئەو گرێبەستەوە، بڕوانە:

– L. W. Hodges, op. cit., p. 19.

لە دەوڵەت، یاخود بە بەخشینی خاوەندارێتییان بە تاکەکان، بە پابەندکردنیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو بەرپرسیارێتییانەوە، لە بەرانبەر بەخشینی جیاوک (ئیمتیاز)ی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەدا[١].

دووەم: سنووری پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕێگەی بە دەوڵەت داوە کە ئەندازەیەک دەستتێوەردان لە پرۆسەی ڕاگەیاندنا بکات، بەڵام ئەو دەستتێوەردانە بە مەبەستی سنووردانان نەبووە بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن، بەڵکوو پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، ئەگەر چەمکی ئازادیی ڕاگەیاندن لە تیۆری کلاسیکیدا وەک کۆتێک وا بوو لەسەر دەستتێوەردانی دەوڵەت، ئەوا دەستتێوەردانی دەوڵەت لە چەمکی نوێی ئەو ئازادییەدا، کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی هەیەتی، بوون بە پێویستییەک کە ئەو ئازادییە و ڕەخساندنی دۆخی گونجاوی پیادەکردنی دەیسەپێنن[٢].

کەسێکیش لەو سنووڕە ڕابمێنێت کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی وەک چوارچێوەیەک دایڕشتووە کە نابێت بۆ پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن ببەزێنرێت، دەبینێت کە زۆر جیاواز نییە لەو وێنایەی کە تیۆری کلاسیکی دایڕشتبوو، تەنها لە چەند خاڵێکدا نەبێت. ئەوەتا هێشتا فەلسەفە نوێیەکە وەک یەکێک لە کۆڵەکە بنچینەییەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی لە ئازادیی تاک دەڕوانێت و هیچ بواریک بۆ سنووردارکردنی نییە، تەنها بەو ئەندازەیە نەبێت کە ئاڕاستەی ڕاست بۆ ئەو ئازادییە ڕوون دەکاتەوە، بە شێوەیەک کە بتوانێت لە ڕێگەیەوە بەرژەوەندیی گشتی بکات. هەر چەندە ئەو دەستتێوەردانە لێرەدا شێوەی فشاری کۆمەڵایەتی وەربگرێت و بە ئەندازەیەکیش بێت کە زامنی ئەوە بکات زیان بە تاک و کۆمەڵگە نایەنێت.

لێرەدا گرنگترین سیماکانی جیاوازیی نێوان تێزەکانی تیۆرە نوێیەکە و تیۆری کلاسیکی دەخەینە ڕوو، لە بارەی ئەو سنووڕەی کە نابێت لە کاتی پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندنا ببەزێنرێت، جا ئەو سنوورانەیان بێت کە بە پاراستنی تاکەوە پەیوەستن، یان ئەوانەیان بن کە بە پاراستنی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئادابەکانیەوە تایبەتن.

ئ. ئەو سنوورانەی کە بە پاراستنی تاکەوە پەیوەستن

فەلسەفە نوێیەکەی ڕاگەیاندن لەپاڵ پێویستیی پاراستنی تاکەکان لە

---

(١) بڕوانە:

- W. Rivers, W. Schramm, op. cit., p.54,
- P. Sandman, etal., p. 190.

(٢) لە بارەی ئەم چەمکە نوێیەوە، بڕوانە: إبراهيم الداقوقي، قانون الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

تۆمەتبۆهەڵبەستن (القذف) و جنێو بەو شێوەیەی کە پێشتر باسمان کرد، پێویستیی دانانی یاسایەکیشی بۆ تۆمەتبۆهەڵبەستن سەربار کرد، کە مافی وەڵامدانەوە و مافی ڕاستکردنەوەی کەتوارەکە بەو کەسە ببەخشێت کە زیانی بەر کەوتووە. بۆیە لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری ئەو پێشنیارەی وەک جێگرەوەی ئەو یاسایانە پێشکەش کرد کە پێشتر تاووتوێی پرسی تۆمەتبۆهەڵبەستنیان دەکرد و مافی بەرزکردنەوەی داوای شارستانییان بۆ قەرەبووکردنەوە بە زیانبەرکەوتووەکە دانا، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی کە بەری کەوتووە و هەموو ئەو خەرجییە گرانانەی کە ئەمە دەیخواست –ئەمەش بە ڕوونی لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا دیار بوو–، ئەمەش پاڵی بە زۆرێک لەو زیانمەندانەوە دەنا کە دوودڵ بن لە بەرزکردنەوەی داوای تایبەت بە تۆمەتبۆهەڵبەستن، ئیتر لە ترسیان لە هەڕەشەکردن بە ئاشکراکردنی زانیاریی تایبەت بەو کەسانە (الابتزاز)، کە لە ئەنجامی بەرزکردنەوەی ئەو داوایە دەکەوێتەوە، هەر باس مەکە[1].

هەروەها تیۆرە نوێیەکە، لە لایەکی ترەوە، پرەنسیپی پاراستنی تایبەتمەندیی تاکی سەربار کرد. هەر چەندە بانگەشە بۆ پاراستنی تایبەتمەندی بۆ ساڵی ١٨٩٠ دەگەڕێتەوە، کاتێک ساموێل وۆرن ولویس د. براندیس وتارێکی بەناوبانگیان بە ناونیشانی «The right of privacy» بڵاو کردەوە، کە تێیدا مافی پاراستنی تایبەتمەندیی وێنەی یاسایی خۆی وەرگرت[2]، بەڵام ئەم پرەنسیپە لە ڕووی هزرییەوە بۆ هەوڵەکانی سەرەتای فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا لە شێوەی کاردانەوەگەلێکی تونددا بەرجەستە بوو، کاردانەوە بۆ سەر ڕێچکەی هەڵەی زۆرێک لەو ڕۆژنامانەی کە بە هزری فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی پەردەپۆش کردبوو، لەسەرووی هەموشیانەوە ئەو ڕۆژنامە زەردانەی کە کاریان بۆ چوونەناو ژیانی تایبەتیی کەسە بەناوبانگ و دەوڵەمەندەکانەوە و هەڕەشەلێکردنیان بە پەخشکردنی تایبەتمەندی و ئابڕووچوونە ئەخلاقییەکانیان[3].

هەروەها ئەو پرەنسیپە نوێیەی کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

---

(1) Commission freedom of the press, op. cit., p. 86-87.

(2) C. G. Christians, etal., op. cit., p. 100.

- هەروەها بڕوانە:

- P. M. Sandman etal., p. 179-80,

- ولیام ل ریفرز، وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧-١٧٨.

(٣) لە بارەی سنووربەزاندنە ڕۆژنامەگەرییەکانەوە، بڕوانە:

- عبد اللطيف حمزة، أزمة الضمير الصحفي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥-١٢١.

بڕیاری لێ دا، پێداگریی لە مافی تاکەکان لە پاراستنی تایبەتمەندییەکانیان و لە مافیان لەوە کرد کە ئەگەر بینییان هەندێک نووسین دەچنە ناو ژیانی تایبەتیانەوە و دەبنە هۆی زیانگەلێک کە هیچ پێویست نییە، کە بتوانن داوەریی ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنییە بکەن کە ئەو زیانەی بۆ دروست کردوون[1].

ب. ئەو سنوورانەی کە بە سیستمی گشتییەوە پەیوەستن

سەرباری ڕوون، لەوەی کە پەیوەستە بە پاراستنی سیستمی گشتی، کە دەرئەنجامی پێشنیاری لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری بوو، بریتی بوو لە داواکردنی لابردن و هەڵوەشاندنەوەی هەر یاسایەک کە ئەو ڕێگایانەی گوزارشتکردن بە تاوان لەقەڵەم بدات کە بانگەشەی گۆڕانی ڕێشەیی لە دامەزراوە بەرپاکراوەکاندا دەکەن، مادام مەترسییەکی ڕوون و لەناکاو لەگۆڕێ نەبێت، بە جۆرێک کە وا بکات ئەو گوزارشتانە توندوتیژییان لێ بکەوێتەوە[2].

– بەڵام لەوەی کە بە تێزەکانی فەلسەفە نوێیەکە لە بارەی ئەو کۆتوبەندانە پەیوەستە کە ئامانج لێیان پاراستنی ئادابی گشتیی کۆمەڵگەیە، وا دیارە ئەو کەتوارە کۆمەڵایەتییەی ئاسانکاریی زیاتر لەو بارەیەوە بەخۆوە دەبینێت، وای کردووە ئەو هزرە یاساییەی کە لەژێر چەتری ئەو تیۆریایەدا لەدایک دەبێت، مەیلی بەلای ئەوەدا بێت کە ئەو مەرجانە سووکتر بکات لەوەی کە لە ماوەی جێبەجێکردنی تیۆرە کلاسیکییەکەدا هەبوو.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەدوین ئەمری باسی کرد و کە «بێئابڕوویی لە کتێب و گۆڤار و فیلمەکاندا بووە بە بازرگانییەکی گەورە بۆ گۆڕینی عادەتە سێکسییەکان و شلگیری لە بەرانبەر ڕەفتاری تاکدا.»

میکانیزمەکانی پابەندکردن بۆ نەبەزاندنی ئەو سنوورانە

سنووربەزاندنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ چوارچێوەی ئازادیی ڕاگەیاندن دوو شێوە وەردەگرێت:

یەکەمیان: ئەو سنووربەزاندنانەی ناگەنە ئاستی تاوان (جریمة) بەرانبەر بە مافی تاک، یان مافی سیستمی گشتی، کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ژمارەیەک میکانیزمی داناوە کە دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە لێپێچینەوە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بارەیانەوە بکرێت، یان سەرزەنشت بکرێن، یان لایەنی کەم ئاگاییان

---

(١) حسن عماد مكاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

(2) Commission on Freedom of the Press, op. cit., p. 88.

پێ بدات بۆ ئەوەی خۆیانی لێ بەدوور بگرن، ئەو میکانیزمانەش بریتین لە ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەگەری، یەکێتییەکانی ڕاگەیاندکاران، ئەو ڕەخنەگرە ناوخۆییانەی کە دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دایانبمەزرێنێت بۆ ئەوەی لە هەر هەڵەیەکی پیادەکردنی پیشەکەیاندا ئاگاییان پێ بدەن، ڕەخنەگرە دەرەکییەکان، گرووپەکانی فشار، جەماوەری گشتی، ئەویش لە ڕێگەی گلەیی و گازەندە، یان لە ڕێگەی پەیامی خوێنەران و هاوشێوەی ئەمانەوە...[1].

دووەمیان: ئەو سنووربەزاندنانەی کە دەگەنە ئاستێک کە یاسا بە تاوان هەژماریان دەکات، جا تایبەت بن بە تاکەوە (وەک: جنێو، تۆمەتبۆهەڵبەستن، بەزاندنی سنووری تایبەتمەندێتی کەسێتی)، یاخود بەو شتانەوە پەیوەست بن کە هەڕەشە لە سیستمی گشتی دەکەن.

میکانیزمی سەرەکیی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە نەبەزاندنی ئەو سنوورانە بریتییە لە سانسۆری دادوەری، ئیدی هەر لادانێک سزای خۆی هەیە، لەو بارەیەوە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە فەلسەفەکانی تری ڕاگەیاندن جیاواز نییە.

سەرباری ئەمە، -لەوەی کە پەیوەستە بەو ئێستگانەی کە خاوەندارێتییانە تایبەتە- میکانیزمەکە بریتییە لە هەڕەشەکردن بە کێشانەوەی ئەو ڕێگەپێدانەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێی بەخشراوە، یان لانی کەم نوێ نەکردنەوە[2].

هەر چی سەبارەت بە سینەماشە، ئەوا دەستەکانی چاودێری، جا فەرمییەکان بن یان خودییەکان -وەک ئەوەی کە گەورە بەهەمهێنەرە سینەماییەکان لە ئەمەریکا و هەندێک وڵاتی ئەورووپی بەرپایان کرد- ئەو کارە دەکەن[3].

سێیەم: هەڵسەنگاندنی تێزەکانی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە بارەی ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە

تێزەکانی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە بارەی ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە لەو هەموو ئەو تێزانەی کە هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم پێشکەشی

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو میکانیزمانەوە، بڕوانە:

- S. L. Becker, etal., op. cit., p. 393-401,
- P. M. Sandman, etal., p. 79-82.

- حسن عماد مکاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١-١٥٨.

(٢) ولیام ل ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢-١٩٣.

(٣) بڕوانە: حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦-٢٠٧.

کردوون، نزیکتره له پێشکەشکردنی چارەسەرێک بۆ گرفتی ئازادیی هەڵسوکەوت و باشترین شێوازی پیادەکردنی بەبێ دەستدرێژیکردنە سەر ئەو ئازادییە و بەبێ ئەوەشی کە ئەو ئازادییە ببێتە دەستدرێژی بۆ سەر کۆمەڵگە و تاکەکانی. ئەوەتا ئەو تێزانە کاریان لەسەر پاراستنی ئەو ئازادییە لەو فشارە سیاسی و ئابووریانە کردووە کە ڕەنگە ببنە لەمپەر لەبەردەم کارەکانیدا، هەروەها لە لایەکی ترەوە ئەو تێزانە کاریان لەسەر سەپاندنی چەند بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی لە بەرانبەر ئەو ئازادییەدا کردووە. هەروەها کاریان لەسەر چەند شتێک کردووە، لەوانە: داهێنانی ئامرازی نوێ و پشتگیریکردنی ئەو ئامرازانەی کە بۆ پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەڵسوڕاوانی بەو بەرپرسیارێتییانەوە و سنوورنەبەزاندن لە پیادەکردنی ئەو ئازادییەدا هەن. ئەمە بەبێ ئەوەی حکومەت بکاتە لایەنێک کە دەست وەربداتە ئازادیی کاری ڕاگەیاندنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، تەنها لە ڕێگەی دادوەرییەوە، یاخود لە باری نائاساییدا نەبێت.

لەگەڵ ئەوەی ئەم تێزانە بەشداریان لە بەئاگاهێنانەوەی زەینیی ئەوانەدا کرد کە پەخش دەکەن و خاوەنی کەناڵی پەخشاندنن و ئەوانەشی کە لەو کەناڵانەدا کار دەکەن، کە پێویستە چەند بەرپرسیارێتییەک بەرانبەر کۆمەڵگە لە ئەستۆ بگرن لە بەرانبەر سوودوەرگرتن لەو ئازادییە، هەروەها هۆشداریان پێ دان لە بارەی ئەو ئەخلاقیاتانەی کە پێویستە لە کاتی پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندندا ڕەچاو بکرێن.

لەگەڵ کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەو هەوڵە تێوریزەییە لەسەر کاری ڕاگەیاندنی هەندێک ئامرازی ڕاگەیاندن ڕاگەیاندنکار، دەبینین وەڵامی نەرێنی و بەرهەمەکەی بەگشتی لاواز بووە. ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەمەش لە لاوازی ئەو میکانیزمانەی پابەندکردنی خودیدا خۆی ببینێتەوە کە ئەم فەلسەفە نوێیە –تا ڕادەیەکی زۆر– پشتی پێ بەستوون[1] بە شێوەیەک کە وای لێ نەکردووە بتوانێت لەبەردەم بەرژەوەندیی زۆری خاوەنانی ئەم ئامرازانەدا خۆی بگرێت، کە ئامانجیان بەدیهێنانی دەستڕۆیشتوویی و قازانج و ئەو شتانەیە کە ئەمە لە هەوڵدان بۆ زیادکردنی ژمارەی دابەشکردن دەیخوازێت، وەک پێویستیی ڕاکێشانی ڕیکلام وەک سەرچاوەی سەرەکیی قازانج، ئەمەش بۆ خۆنەپاراستن لە بڵاوکردنەوەی

---

(١) لەو بارەیەوە بڕوانە:

- روبرت شمول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧-٢١،

- S. L. Becker, op. cit., p. 401,

- J. Carran and J. Seation, op. cit., p. 296-297.

هەر شتێک پاڵنەرە کە ئەگەری ڕاکێشانی خوێنەری زیاتری هەبێت و وا لەو دەزگایە بکات کە هەمیشە لە ڕکابەرییە تونده‌کەیدا لەگەڵ دەزگا هاوشێوەکانی، هەمیشە لەپێشەوە بێت. مەگەر ئەو ماددەیەی بڵاو دەکرێتەوە، بە یاسا بەتاوان کرابێت.

لە کەتواردا تاکە سەرچاوە، کە پێشتر -لە ئایندەشدا- دەتوانێت هەڵسوڕاوانی هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن بەو بەرپرسیارێتییانەوە پابەند بکات کە دەیەوێت، خاوەنی خودی ئامرازەکەیە، کە دەتوانێت کۆمەڵێک ڕێوشوێنی ڕاچڵەکێنەر بگرێتەبەر، تا دەگاتە ڕادەی دەرکردن، بەرانبەر هەر ڕاگەیاندنکارێک کە سەرپێچیی ڕێنمایی، یان فەرمانەکانی دەکات، ئیدی وەک یەکە ئەو ڕێنمایی و فەرمانانە بچنە خانەی بەرژەوەندیی گشتییەوە، یاخود لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بن[1].

لە کەتواردا خاوەنی ئامرازی ڕاگەیاندن هەرگیز خۆی ناپارێزێت -وەک هەڵسوڕاوانی ناو دەزگاکەی- لە ئەنجامدانی هەر کارێک کە بەشداری لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بکات، ئەو بەرژەوەندییانەی کە ئەو ئامرازە لە پێناویدا دامەزراوە، تەنانەت ئەگەر ئەو کارانە هەندێک جار لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتییشدا پێچەوانە بوەستنەوە، مادام ئەو کارە نایخاتە بەر سزای یاسا.

ئەمە واتە پەنابردن بۆ خاوەنی ئامرازەکە بۆ پابەندکردنی کارمەندانی خۆی بە بەرپرسیارێتییەکانیان بەرانبەر کۆمەڵگە، وا دەخوازێت کە خۆی باوەڕی بە پێویستیی ڕاپەڕاندنی ئەو بەرپرسیارێتییانە هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیشیدا پێچەوانە بوەستێت.

لە ڕاستیدا ئەمە لە سایەی کورتهەڵهاتنی مەبەستەکانی ئەم کەسە لە بواری دنیادا، شتێکی ئاسان نییە، هەروەها لە سایەی نەبوونی میکانیزمێک بۆ بە بەرژەوەندیی گشتییە و جگە لەو یاسایەی کە دەستدرێژیی ڕاستەوخۆ و ڕوون بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتی بە تاوان دەناسێنێت، ئەو یاسایەش ڕەنگە کەسێک بتوانێت فێڵ و چاوبەستی لێ بکات.

---

(١) بڕوانە:

- P. M. Sandman, etal., op. cit., p. 79.

پاری دووەم:
ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراودا

داخوازی یەکەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستیدا

خستنەڕووی تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی (شیوعی) لە بارەی ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە وا دەخوازێت سیماکانی ئەو تێگەیشتنە بخەینە ڕوو کە ئەو فەلسەفەیە بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن هەیەتی، هەروەها ئەو پابەندییانەی کە لە بەرانبەر بوونی ئەو ئازادییەدا دایدەنێت، ئەمە وێڕای ئەو دیسپلین یان سنووورانەی کە لەسەر پیادەکردنی ئەو ئازادییەی دادەنێت و ئەو میکانیزمانەش کە دایاندەنێت، لە لایەکەوە بۆ زامنکردنی ئاگابوون لەو بەرپرسیارێتییانە و لە لایەکی تریشەوە بۆ نەبەزاندنی ئەو سنووورانە.

لێرەدا ئەو خاڵانە کەمێک بەدرێژی دەخەینە ڕوو.

یەکەم: چەمکی ئازادیی ڕاگەیاندن

تێگەیشتنی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن لەبەر ڕۆشنایی ئەو وتانەدا دارێژراوە کە هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستییان لەسەر بونیاد نراوە لە بارەی سروشتی مرۆڤ و ڕاستی و دەوڵەت و وێنای پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت –کە پێشتر باسمان کرد– کە پێی وایە –ئەو هزرە– جێبەجێکردنیان زامنی گەیشتن بە قۆناغی کۆمەڵگەی شیوعی دەکات.

لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی ئەم هزرە بۆ ڕاگەیاندن، کە بەشێکە لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئامرازی گوزارشتکردنە لە ناوەڕۆکی ئەو پێکهاتەیە و بناغەکەی بە وتە و وێنە[1]، هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی وەک مافێکی دەستەجەمعی، نەک مافێکی تاکەکەسی، لە ئازادیی ڕاگەیاندنی ڕوانیوە[2]، بۆیە پێویستە بە شێوەیەک پیادە بکرێت کە خزمەت بە مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بکات، بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجەش، حیزب، کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، ئەو ئەندامانەی خۆی بۆ بەشداریکردن لە هێنانەکایەی ئەو ئامانجانە لە پیادەکردنی ئەو ئازادییەدا ڕادەسپێرێت کە پێی وایە توانای ئەو کارەیان هەیە، هەروەها پێویستە حیزب داخوازی و داخوازییە داراییە ماددییە

---

(١) حمید جاعد محسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

(٢) ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

پێویستەکانی پیادەکردنی ئەو ئازادییە فەراهەم بکات، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە پێویستە ئەو چوارچێوەیە دیاری بکات کە پێویستە لەبەر ڕۆشناییدا ئەو ئازادییە بە جۆرێک پیادە بکرێت کە بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا بکات، هەروەها بەشداری لە پاراستنی ڕەوتی کۆمەڵگە لە هەر لەمپەرێک بکات، کە ڕەنگە بە هۆی هەر جۆرە کارێکی هەڵەی پیادەکردنی ئەو ئازادییەوە لەلایەن هەندێک کەسەوە بێتە کایەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەدا، کە هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن دایڕشتووە، ئم هزرە کاری لەسەر تیۆریزەکردنی باشترین ڕێگە کردووە کە بتوانرێت لە میانەیەوە ئەو ئازادییە بە شێوەیەک پیادە بکرێت کە خزمەت بە مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بکات و لە بەردەمیاندا نەبێتە ڕێگر. ئەمەش لە میانەی ئەو پابەندییانەی کە لە بەرانبەر پیادەکردنی ئەو ئازادییەدا دایناوە و لە میانەی ئەو سنوورانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دایڕشتوون و نابێت لە کاتی پیادەکردنی ئەو ئازادییەدا ببەزێنرێن.

پابەندییەکان لە بەرانبەر بوون و پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندندا

شتێکی سروشتییە کە پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی سۆشیالیستی بۆی، زۆرێک لە بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا لەخۆ دەگرێت[1]، کە ئەو تێگەیشتنە هیوای بەدیهاتنی زۆرێک لە ئامانجەکانی خۆی پێدا هەڵواسیوە. هەر بۆیە دەخوازرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی پێشەنگانە و پەرەسەندووانە بگێڕن لە پرۆسەی گۆڕان و پەرەسەندنی ڕێشەیی لەناو کۆمەڵگەدا، هەروا دەخوازرێت کە ئامرازێکی چالاک بێت لە ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی هزری شۆڕش و بەنامەکانی[2].

بێگومان وا دەخوازێت کە ئەم ئامرازانە هەموو تواناکانیان بە شێوەیەک بخەنە گەڕ کە وەک یەک یەکە ئەو بەرپرسیارێتییە گرنگانە ڕابپەڕێنن.

میکانیزمەکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەو بەرپرسیارێتییانەوە

لە پێناوی زامنکردنی ڕاپەڕاندن ئەو ئەرکانە لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە و لە پێناوی زامنکردنی بوونی یەکدەنگی لە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا،

---

(١) بەو شێوەیە، لە هزری سۆشیالیستیدا، بەرپرسیارێتی لە سەرەتاوەیە و پێش ئازادی دێت. بڕوانە: جیهان أحمد رشتی، النظم الإذاعیة فی المجتمعات الاشتراکیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

- F. S Siebrt, T. Peterson, and, W. Schramm, op. cit., p. 129.

(٢) بڕوانە: حمید جاعد محسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣-٣٤.

شتێکی سروشتی بوو که هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی حیزب بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستی بۆ ئەو کارە ڕابسپێرێت، ئەمەش لە میانەی:

– خاوەندارێکردنی هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆکردنەوەیان لەژێر دەستی حیزبدا، وەک پێویستییەک کە ئازادکردنی ئەو ئامرازانە لە خراپسوودلێوەرگرتنی (استغلال) بۆرژوازییەکان دەیخوازێت، لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە وەک پێویستییەک بۆ ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم هەموو ڕۆڵەکانی گەلدا، بۆ پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی کردەیی.

– هەڵبژاردنی ورد بۆ ئەو ڕاگەیاندنکارانەی کە لەو ئامرازانەی ڕاگەیاندندا دادەمەزرێنرێن، پاش ڕاهێنانیان و شیاندنیان لە ڕووی «ئایدۆلۆژی و ڕاگەیاندنەوە، بە شێوەیەک کە وایان لێ بکت هەر یەکێکیان ئاشنا بێت بە ڕۆڵی خۆی لە جێبەجێکردنی پلانە دەستەجەمعییە دیراسەکراوەکان، بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی تردا کار بکات»[1]، بە شێوەیەک کە وای لێ بکات بتوانێت بە شێوەیەکی تەواو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بەکار بهێنێت و شتێک بڵاو نەکاتەوە کە پێچەوانەی بنچینەکانی هزری مارکسی بێت و سانسۆریش لە ڕۆژنامەگەرییەوە بۆ ڕۆژنامەنووس و بۆ خوێندکاری ڕۆژنامەگەرییش درێژ ببێتەوە[2].

– دروستکردنی دەستەیەکی تایبەت بۆ ڕێکلام و جووڵاندن، کە ئەرکەکەی دارشتنی ئەو سیاسەتانە بێت کە دەبێت هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێیانەوە پابەند بن، هەروەها بەدواداچوون بۆ ئاستی جێبەجێکردنیان[3].

دووەم: سنووری پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن

لە سایەی تێڕوانینی هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن، کە مافێکی دەستەجەمعییە، نەک مافێکی تاکەکەسی، هەروەها لە سایەی تێڕوانین بۆ ڕاستییە مارکسییەکان وەک ڕاستیی ڕەها و ڕوانین لە ئەندامانی حیزبی سۆشیالیستی وەک ئەمیندار بەسەر ئەو ڕاستییانەوە، شتێکی سروشتی بوو

---

(١) جيهان المكاوى، حرية الفرد وحرية الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

(٢) بڕوانە:

– ميدر الويس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩–١٦١.

– أيمن النبوى غبور، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢،

– جيهان المكاوى، حرية الفرد وحرية الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

– F. S Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p. 132.

(٣) بڕوانە: جيهان أحمد رشتى، النظم الإذاعية فى المجتمعات الاشتراكية، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

که هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بڕوای وا بێت که «کەس مافی ئەوەی نییە کە لەبریی جەماوەر قسە بکات، جگە لە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان و نوێنەرە دیاریکراوەکانیان (المعینین) (واتە ئەندامانی حیزبی شیوعی)، ئەمەش لەلای دەوڵەتە سۆشیالیستییەکان ئەو ئازادییە دیموکراسییە ڕاستەقینەیە کە لە فەرمانڕەوایەتیی چینی دەوڵەمەند لە لایەک و لە پشێوی و پاشاگەردانیش لە لایەکی ترەوە، دوور دەکەوێتەوە.»[١]

سەرباری ئەو کۆتە لەسەر ئازادیی کاری ڕاگەیاندن، هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی کاری لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو سنوورانە کردووە کە نابێت لە کاتی پیادەکردنی ئەو ئازادییەدا ببەزێنرێن، ئەو سنوورانەش بە پاراستنی تاک و پاراستنی سیستمی گشتییەوە پەیوەستن.

لەوەی کە بە پاراستنی تاکەوە پەیوەستە، جیاوازییەک لەنێوان هزری سۆشیالیستی و قوتابخانەکانی تری هزری ڕاگەیاندن نابینرێت لە بارەی پێویستیی پاراستنی لە تۆمەتبۆهەڵبەستن و جنێوو ناوزڕاندن و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی و... هتد.

ئەوەی کە ناکۆکیی ڕوونە و هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی لەو ڕووەوە پێ جیا دەکرێتەوە، بەو تێگەیشتنەوە پەیوەستە کە ئەم هزرە بۆ سیستمی گشتی پێشکەشی کردووە، کە بە پێی ئەو تێگەیشتنە پاراستنی سیستمی گشتی تەنها لە سنووری پاراستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزە ماددییەکانیدا کورت هەڵنایەت، بەڵکوو بۆ پاراستنی ئەو بیروباوەڕ و سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە درێژ دەبێتەوە کە دەوڵەت هەیەتی[٢].

ئیدی بۆ پاراستنی سیستمی گشتی -بەو تێگەیشتنە- هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بڵاوکردنەوەی هەر شتێک بە تاوان هەژمار دەکات کە خراپ بێت بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی، یاخود برەو بە بیرۆکە بۆرژوازییەکان بدات، یان ڕەخنە لە مارکسیزم بگرێت[٣]، یان بانگەشەی تێدا بێت لە دژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا یان دژی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا[٤]. ئەمە وێڕای قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی هەر

---

(١) ل جون مارتن، امجو جروفر شودری، «محرران» سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(٢) حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

(٣) بڕوانە: مبدرا لویس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

(٤) بڕوانە: محمد عصفور، أزمة الحریات فی المعسکرین الشرقی و الغربی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤،
F. S Sieber, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., P. 117.

شتێک که بۆ هەڵتەکاندنی بنچینەکانی دەوڵەت سەر بکێشێت، یان بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی و ئەو شتانەشی که بۆ وروژاندنی دەمارگیریی ئایینی یان ڕەگەزی سەر دەکێشن. هەروەک چۆن هەموو جۆرە غەش و بێئابڕوویەکی قەدەغە کرد و[1] بڵاوکردنەوەی ماددە سێکسییە وروژێنەرەکان و هەواڵی تاوانیشی قەدەغە کرد، مەگەر هەواڵەکە ئامۆژگارییەکی دیاریکراوی لەخۆ گرتبێت[2]، تەنانەت ڕەخنەگرتن لە دوژمنانیش، بە پێی هزری سۆشیالیستی، پێویست بوو ئەندازەیەک لە هەماهەنگیی لە پشتەوە بێت[3].

بەگشتی ئەوپەڕی ڕێگەپێدان بە ڕەخنە لە ئامرازە سۆشیالیستییەکانی ڕاگەیاندنا سنووری ڕەخنەی خودیی تێنەدەپەڕاند، ئەو ڕەخنەیەی قسە لەسەر ئەو شکستانە دەکات کە کەتواری جێبەجێکردن بەخۆیەوە دەیبینێت، یان ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی هەندێک لە ئەندامە بچووکەکانی حیزب دەکرێن، هەر چەندە ئەو ڕەخنەیەش دەبوو هەڵقوڵاوی خودی حیزبەکە بووایە و ئەو ڕەخنانە ئاراستەی کەسایەتییە گەورەکانی حیزب نەکرێن، یاخود باسی ژیانی تایبەتییان بکات، مەگەر مەبەست لێی پیاهەڵدان بێت. سەرکردەکانیش مافی ڕێگریکردنیان لەو ڕەخنانەش هەیە، ئەگەر ئەو ڕێگریکردنەیان بەپێویست زانی، لە ترسی خراپبەکارهێنانی ئەو ڕەخنانە لەلایەن چینی بۆرژوازییەوە لە وروژاندنی کرێکاران و جوتیاران لە یەکە هاوبەشەکاندا[4].

ڕێگەکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە نەبەزاندنی ئەو سنوورانە

لە کەتواردا ئەو ڕێگانەی باس کران، تەنها زامنی ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ناکات، بەڵکوو زامنی نەبەزاندنی سنوورە بڕیارلێدراوەکانیش دەکات. سەرباری ئەوە دەبینین هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی –وەک باقی فەلسەفەکانی تری ڕاگەیاندن– پەنا بۆ سانسۆری دادوەری دەبات و بڕیار لە دانانی ژمارەیەک یاسا بۆ سزادانی هەر لادەرێک دەدات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا، دەبینین یاسای سزادانی سۆڤیەتی لە ماددەی پەنجا و دووپدا بڕیاری زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسێک بە ماوەیەک دەدات کە لە شەش مانگ

---

(١) بڕوانە: مبدرا لویس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

(٢) بڕوانە: لجون مارتن، انجو جروفر شودری، أهداف نظم الإعلام و أدوارها.

(٣) فی ل ز جون مارتن، انجو جروفر شودری، (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.
– محمد عصفور، أزمة الحریات فی المعسکرین الشرقی و الغربی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧–١٨.

(٤) جیهان أحمد رشتی، النظم الإذاعیة فی المجتمعات الاشتراکیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

کەمتر نەبێت، ئەگەر سەرپێچیی سادە (بسیط)ی ئەنجام دابێت، خۆ هەر کەسێک تاوانێک (جریمة) ئەنجام بدات، ئەوا بۆ ئەوە سەر دەکێشێت کە سەرپێچیکارەکە بیست و پێنج ساڵ لە سەربازگەیەک بۆ کارکردن، یان بۆ دووبارە شیاندنەوە، بەسەر ببات[1].

بەو شێوەیە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی سیماکانی ئازادیی کاری ڕاگەیاندنی بە شێوەیەکی ورد و جیاواز لە فەلسەفەکانی تری ڕاگەیاندن دیاری کردووە. ئەمەش بۆ ئەو سروشتە دۆگماییە دەگەڕێتەوە کە هزری پشت ئەو فەلسەفەیە هەڵیگرتووە.

سێیەم: هەڵسەنگاندنی تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی لە بارەی ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە

لەگەڵ ئەو سازانە لۆژیکییەی کە لەنێوان تێزی هزری سۆشیالیستی بۆ چەمکی ئازادیی ڕاگەیاندن و ئەو پێشەکییە هزرییانەدا هەیە کە کردوونی بە سەرەتا، هەروەها لەگەڵ بوونی پاساوی بەهێز بۆ دانانی ڕێژەیەکی زۆر بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئامانجانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشداری لە بەدیهێنانیدا بکەن، بەڵام زیادەڕەویکردن لە ڕاسپاردنی حیزبی سۆشیالیستی –پاشان ڕاسپاردنی سەرکردەکانی– بۆ دیاریکردنی ئەو شتانەی کە دەبێت پەخش بکرێن و ئەوانەشی کە نابێت لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەوە پەخش بکرێن، هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئەوە بەو ڕێگانەی کە بە گونجاویان دەزانن، بە پشتبەستن بەو پاساوانەی کە پێشتر خستمانە ڕوو، هەروەها فەرامۆشکردنی ئەگەری لادانی ئەو سەرکردانە لە بەکارهێنانی ئەو ڕاسپاردنە ڕەهایە لە ئەنجامی ئەوەی کە سروشتی مرۆیی قابیلی گەندەڵییە، بەتایبەت کاتێک چەکێکی مەترسیداری بەدەستەوە بێت کە چەکی دەسەڵاتی ڕەهایە، بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە پێشتر لە پتر لە شوێنێک ئاماژەمان پێ کردووە، شتێکی سروشتییە کە سەر بکێشێت بۆ:

– قۆرخکردنی دەسەڵاتی حیزب و دەوڵەت لەلایەن لیژنەیەکی بیرۆکراسییەوە لە حیزبدا، کە خۆیان پرۆسەی دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسی بەڕێوە دەبەن[2]، هەروەها نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە، بەڵکوو سزادانی

---

(١) بڕوانە: جيهان المكاوى، حرية لفرد وحرية الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٢) بڕوانە: فاروق أبوزيد، انهيار النظام الإعلامى الدولى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

ئۆپۆزسیۆنەکان و پاکتاوکردنیان. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئازادیی ڕاگەیاندن هەبووە و وای لێ هاتووە لەسەر بنەمای وەلائی تەواو و هەمیشەیی بۆ سیستم بێت، هەروەها ڕەنگدانەوەی لەسەر تۆمارکردنی کەتوار هەبووە بەو شێوەیەی کە دەسەلات ڕازی بکات[1].

- بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەندێک کاتدا وەک ئامرازێک بۆ بەمەزنکردنی سەرکردە، وەک ئەوەی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ستالیندا هەبوو.

– ئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە سایەی ئەو کۆنترۆڵکردنە تووندوتۆڵەدا، نەتوانن ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕن کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیانە، کە بریتییە لە دۆزینەوەی کەموکووڕی و کەمتەرخەمییەکان و ئاشکراکردنی لادەران و ئابڕووبردنیان لەبەردەم ڕای گشتیدا –بەتایبەت کاتێک کە یەکێک لە گەورەکان لەپشت ئەو لادانەوە بن–، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر ڕەوتی زۆرێک لە کۆمەڵگە سۆشیالیستییەکان هەبووە و تا کاتی داڕمانی تەواوەتی ئاشکرا نەبووە.

- بێبەشبوونی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە فرەیی لەو ڕا و گۆشەنیگایانەی کە دەکرا چارەسەری جێگرەوە بۆ زۆرێک لە گرفتەکان پێشکەش بکەن، بە شێوەیەک کە ڕەنگە زۆر لەو چارەسەرانە باشتر بووایە کە بڕیاربەدەستان لەو کۆمەڵگانەدا گرتبوویانە بەر[2].

ئەمە وێڕای لێکەوتەکانی بەکارهێنانی توندی و زەبروزەنگ لە کپکردنەوەی ئازادییەکان لەلایەن زۆرێک لە فەرمانڕەوایان لە دەوڵەتە سۆشیالیستییەکاندا، وەک بێبەشبوونی تاک لە چێژبینین لە یەکێک لە ئازادییە سروشتییەکانی کە ئازادیی گوزارشتکردنە[3]، کە بە یەکێک لە پایەکانی هەستکردنی تاک بە سەربەخۆیی خودی خۆی هەژمار دەکرێت.

---

(١) بڕوانە: محمد سيد محمد، الإعلام و التنمية، ط٣، (القاهرة دار الفكر العربى، ١٩٨٥)، ص١٥٣.

(٢) هالة أبو بكر سعودى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

(٣) بڕوانە: حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٠٢.

داخوازی دووەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەراییدا

لێرەدا سیماکانی ئەم تێگەیشتنە دەخەینە ڕوو کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن و چۆنێتیی پیادەکردنی پێشکەشی کردووە.

یەکەم: چەمکی ئازادیی ڕاگەیاندن

هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی هاوشێوەی هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی لە ئازادیی ڕاگەیاندنی وەک مافێکی تاکەکەسی نەڕوانی، بەڵکوو وەک مافێکی دەستەجەمعی لێی ڕوانی و دەوڵەتی بۆ دیاریکردنی سیماکانی پیادەکردنی ئەو ئازادییە ڕاسپارد، بەو شێوەیەی کە پێی وایە خزمەت بە مەبەستە گەشەپێدانییەکانی کۆمەڵگە دەکەن[1].

هەروەها هزری ڕاگەیاندن لە سپاردنی ئازادیی ڕاگەیاندن بە دەوڵەت، پشتی بەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵگەییە بەستووە کە زۆرینەی کۆمەڵگەکان جیهانی سێیەم دەیگوزەرێنن و هەموو ئەو تاڵاوەی کە ئەو کۆمەڵگانە لە سایەی ئەو بارودۆخەدا دەیچێژن، لە دواکەوتنی ڕیشەدار لە بواره کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ژیان، هەروەها ئەو دابەشبوونە تیرەگەرایەتی و ڕەگەزگەرایەتییەی کە پێیەوە نالاندوویانە، ئەمە وێڕای گرفتی نەبوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو نەبوونی ئازادیی ڕاگەیاندنەی کە مەترسییەکە لەسەر کیانی ئەو کۆمەڵگانە و دەبنە لەمپەر لەبەردەم ڕەوتی گەشەپێداندا[2]، بەڵام هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی دەوڵەت بە کۆنترۆڵکردنی ئازادییەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەی ڕەها ڕاناسپێرێت –وەک ئەوەی لە هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالستیدا هەیە–، ڕێگە لە بوونی هەندێک پرۆژەی تایبەتی ڕاگەیاندن ناگرێت، لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕایبپەڕێنن لەژێر سەرپەرشتی دەوڵەت کە دەتوانێت ئەو توانا ماددی و مرۆییانەی کە پێویستیەتی، هەر چەندە پێویستە پابەندبوونێکی ئەدەبی بە بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەپێداندا لەلایەن ئەو پرۆژە تایبەتانەوە هەبێت.

---

(١) بڕوانە: ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

(٢) بڕوانە:

- رفیق سکری، مدخل فی الرأی العام والإعلام والدعایة، (بیروت: منشورات جروس- برس ١٩٨٤)، ص١٠٨،
- سانوو نام، «حریة الصحافة فی العالم الثالث» فی ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣١-٤٣٢،
- جیهان أحمد رشتی، نظم الاتصال، الجزء الأول، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧-٩٨.

ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەئەستۆی بگرن

هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدان –تا ڕادەیەک- هاوشێوەیە لەگەڵ هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی لە زاڵکردنی (إعلاء) بەرپرسیارێتی بەسەر ئازادیدا. ئەمە وەک پێویستییەک کە ڕاپەڕاندنی ئەو ڕۆڵە دەیخوازێت کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هێنانەکایەی گەشەپێداندا بیگێڕن. ئەو ڕۆڵەش هەموو ئەو بەرپرسیارێتییانە لەخۆ دەگرێت کە لە ئەستۆی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران.

ئەو ڕۆڵبینینەش ڕاپەڕاندنی چەندین ئەرک لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە:

- بەشداریکردن لە لابردنی ئەو کەتوارەی کە لەبەردەم گەشەپێداندا ڕێگرە، ئەمەش بە بەشداریکردن لە نەهێشتنی ئەو بیروباوەڕ و خوونەریتانەی کە پێچەوانەی گەشەپێدانن، هەروەها بەشداریکردن لە ڕەواندنەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵگەییەی کە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم گەشەپێداندا.

- پاڵپشتیکردنی پرۆسەکانی گەشەپێدان، لە ڕێگەی ئامادەکردنی زەینی خەڵکی بۆ قەبوولکردنی گۆڕانکاری، هەروەها فێرکردنی ئەو کارامەییانەی کە تاکەکان بۆ ئەنجامدانی گەشەپێدان پێویستن، ئەمە وێڕای پاڵپشتیکردنی هەوڵە نەتەوەییەکان بۆ هێنانەکایەی گەشەپێدان لە هەموو بوارەکاندا و چەندین ئەرکی تر کە کەمێک بەدرێژی لە بەشی کۆتایی ئەم دەروازەیەدا باسیان دەکەین.

ڕێگاکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییانە

ڕێگەی سەرەکی بۆ زامنکردنی لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییانە لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، بریتییە لە بەخشینی مافی سەرپەرشتیکردن بە دەوڵەت بەسەر ئەو ئامرازانەوە و دانانی پلانی پێویست بۆ ئەو ئەرکانە لەلایەن ئەو ئامرازانەوە و دامەزراندنی ڕاگەیاندنکاری شیاو بۆیان و ڕەخساندنی توانای ماددی و مرۆیی پێویست بۆ دامەزراندنی ئەو ئامرازانە، بەتایبەت ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان[1]، لەو بارەدا پابەندکردنی کارمەندەکان لەو دەزگایانەدا بە لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییانە دەبێت لەسەر بنەمای پسپۆڕی بێت، هەر کەسێکیش ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ نەکات، خۆی دووچاری سزای بەرپرسانی ئەو دەزگایە دەکاتەوە.

ئەوەشی بە ئامرازە تایبەتەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیوەستە، ئەوا پابەندی ئەو

---

(١) بڕوانە:

-M. Ochs, The African Press (Cairo: The American University of Cairo Press, 1985), p.8.

ئامرازانە و کارمەندەکانیان بەو بەرپرسیارێتییانەوە لە بنچینەدا پابەندییەکی خودییە، لەگەڵ ئەوەشی کە حکومەت دەتوانێت هەندێک ڕێگە بەکار بهێنێت، کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە پێی خۆش بێت ئەو دەزگایانە لە پرۆسەی گەشەپێداندا پاڵپشتی بن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیەوە لە بەخشین و ڕێگریکردن[1]، بەڵام ئەم ڕێگانە زۆربەی کات لە پابەندکردنی ئەو ئامرازانەدا بە بڵاونەکردنەوەی بابەتی نەخوازراو بەکار دێت.

دووەم: سنووری پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی، لە ڕووی دانانی ئەو سنوورانەی کە بۆ پاراستنی تاکەکان یان پاراستنی سیستمی گشتی لە هەر زیانێک بەپێویستی دەزانێت، لە فەلسەفەکانی تر جیاواز نییە.

خۆ ئەگەر هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی کار بۆ پاراستنی تاکەکان لە تۆمەتبۆهەڵبەستن و جنێو و بەزاندنی سنووری تایبەتمەندیی کەسێتی و ئەو زیانانەی تر بکات، کە ڕەنگە بە هۆی پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن لەلایەن هەندێک ئامرازی ڕاگەیاندنەوە تاکەکان بگرێتەوە، بە شێوەیەک کە لە فەلسەفەکانی تر جیاواز نەبێت، ئەوا فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی لەو سنووردا لەگەڵ فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی تر جیاوازە کە بۆ پاراستنی سیستمی گشتی داینناوە.

سنووری ئازادیی ڕاگەیاندن لەمەڕ سیستمی گشتی

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی لە دیاریکردنی سنووری پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندندا، لەوەی کە پەیوەستە بە سیستمی گشتیی کۆمەڵگەوە، هەمان ئەو بنەمایەی کردووە بە سەرەتا کە فەلسەفەکانی تر کردوویانە، ئەویش بریتییە لە بنەمای «مەترسیی ڕوونی ڕاستەوخۆ»، بەڵام وێناکردنی بۆ ئەو شتانەی کە دەبنە مەترسیی ڕوونی ڕاستەوخۆ لە وێناکردنی فەلسەفەکانی تر جیاوازە، ئەویش بە پێی ئەو وێناکردنەی کە ئەم فەلسەفەیە هەیەتی بۆ ئەوەی کە بە سیستمی گشتی دادەنرێت و ئەوەشی کە بە هەڕەشەی ڕوون و ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەو سیستمە هەژماری دەکات.

بەگشتی دەکرێت بوترێت فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی بەلای ئەوەدایە کە مافی کۆتدارکردنی ئەو ئازادییانەی ڕاگەیاندن بە دەوڵەت ببەخشێت

(١) ليلى عبد المجيد، سياسات الاتصال فى العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧-٥٨.

که پەیوەستن بە پاراستنی کیانی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئەو دەسەڵاتەی کە سەرکردایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە لە ڕەوتی گەشەپێداندا دەکات، هەروەها پاراستنی ئەو هزری گەشەپێدانەی کە ئەو دەسەڵاتە هەیەتی، ئەویش بەم شێوەیەی کە دێت.

لەوەی کە پەیوەستە بە پاراستنی کۆمەڵگەوە

هزری گەشەپێدانگەرایی ڕێگەی داوە بە سنووردارکردنی هەر کارێکی ڕاگەیاندن کە دژی ئەخلاقیاتەکانی بوەستێتەوە، یان کاریگەری لەسەر یەکڕیزی و سەلامەتیی ناوماڵی کۆمەڵگە بکات، بەتایبەت لە کاتێکدا کە زۆرینەی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بە دووبەرەکی و پاشماوەی خێڵگەرێتییەوە دەناڵێنن و هەندێکیشیان لەژێر هەڕەشەی جەنگی ناوخۆییدان[١]. هەموو ئەمانەش وا دەکەن کە قۆناغی گەیشتن بە مەترسیی ڕوونی ڕاستەوخۆ لە کاری ڕاگەیاندندا زۆر نزیک بێت، ئەمەش وا دەخوازێت دەستێوەردان بۆ سنووردارکردنی هەبێت[٢].

هەر چی سەبارەت لە پاراستنی دەسەڵات (حکومەت)ەوە هەیە، ئەوا هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی ڕێگە بە سنووردارکردنی ئەو سنووربەزاندنانە دەدات کە ڕەنگە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامی بدەن، ئەوانەی کە ڕەنگە ئارامیی حکومەت یان چینی فەرمانڕەوا بخەنە مەترسییەوە. ئەمە لەبەر ئەوەی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان لەو دەوڵەتانەدا باکگراوندێکی تێروتەسەلیان لە مەعریفە و ئەزموون و بڕیاردان لەسەر شتەکان نییە، بە شێوەیەک کە ڕێگرییان لێ بکات لە ڕەخنەی ڕوخێنەر و وێرانکەر و بڵێسەدار، کە ڕەنگە، کاتێک ئەو ڕەخنانە لەنێو دانیشتوانێکی تێنەگیشتوو لە هونەری ئارامیی سیاسی بڵاو بکرێنەوە، سەر بۆ پشێوییەکی مەترسیدار و بەڵکوو بۆ چالاکیی شۆڕشگێڕانە بکێشێت[٣].

لەوەشی کە بەو هزری گەشەپێدانەوە پەیوەستە کە دەسەڵات پەیڕەوی دەکات و لەسەری دەڕوات، هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی مەیلی بەلای سنووردارکردنی ئەو گفتوگۆیانەدایە کە باسی پرسە بنچینەییەکانی دەکەن، وەک یەکێک لە پێویستییەکانی پاڵپشتیکردنی سیستمەکە، بۆیە ئەوپەڕی ئەوەی کە ڕێی پێ دەدرێت گفتوگۆ بکرێت، بریتییە لە گفتوگۆکردنی هەندێک وردەکاری[٤].

---

(١) بڕوانە: سویم العزی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣-٧٤.

(٢) هەروەها بڕوانە: منیر ک. ناصر «قیم الأخبار فی مقابل الأیدلوجیة: منظور من العالم الثالث» فی ل.جون مارتن، انجو جروفر شودری (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

(٣) بڕوانە: سانوونام، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣١-٤٣٣.

(٤) بڕوانە: جیهان أحمد رشتی، نظم الاتصال، الجزء الأول، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

هەروەها هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی بڕوای وایە کە ئەو سنووورانە پلەبەپلە و بە شێوەیەکی ڕاستەوانە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و زیادبوونی هۆشیاریی جەماوەردا کەم دەبنەوە، هۆشیارییەک کە وای لێ بکات بتوانێت ڕەخنە سەر دەسەڵات و هزر و بۆچوونەکانی وەرگرێت، بەبێ ئەوەی وا بکات دەسەڵات جوولەیەکی وا بکات کە مەترسییەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ لەسەر ئارامیی وڵات دروست بکات[1].

ڕێگاکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە نەبەزاندنی ئەو سنووورانەوە

– ڕێگەی بنچینەییەکە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی لە زامنکردنی نەبەزاندنی ئەو سنووورانە لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پشتی پێ دەبەستێت و لە زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەو ئامرازانەش پشتی پێ بەستووە، بریتییە لە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن حکومەتەوە یان سەرپەرشتیکردنیان، واتە هەر لە دیاریکردنی کارمەندەکانیان و دیاریکردنی ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە بیگێڕن و ئاشناکردنیان بەو سنووورانەی کە پێویستە پێیانەوە پابەند بن و نەیبەزێنن و سزادانی ئەوانەیان کە هەر سنووورێک دەبەزێنن، بە دابڕینی لە کارەکەی یاخود بە سزای پڕبەپێستی سنووربەزاندنەکەی.

– ڕێگەی دووەم بریتییە لە دانانی ئەو یاسایانەی کە بەڕوونی ئەو سنووورانە دیاری دەکەن کە نابێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بیبەزێنن، هەروەها ئەو سزایانەشی کە لە بەرانبەر هەر لادانێکدا هەیە. ئەو یاسانەش لە بنچینەدا بۆ سنووردارکردنی ئەو سنووربەزاندنە نەخوازراوانەیە کە ئەگەری هەیە ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن ئەنجامی بدەن کە لە سەرپەرشتیی حکومییەوە دوورن.

– ڕێگەی سێیەم بەکارهێنانی سانسۆری پێش بڵاوکردنەوە لەو بارانەی کە ڕەنگە سنووربەزاندنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببێتە هۆی هەڕەشەیەکی ڕوونی ڕاستەوخۆ بۆ ئارامیی کۆمەڵایەتی[2].

ئەمە وێڕای بەکارهێنانی دەوڵەت بۆ دەسەڵاتەکانی لە بەخشین و گرتنەوە، وەک ئامرازێک بۆ ڕێگریرکردن لەو سنووربەزاندنە نەخوازراوانەی کە ئامرازە تایبەتەکانی هەڵبژاردن ئەنجامی دەدەن و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی گەشەپێدان دەبێت.

---

(١) بڕوانە: عثمان بن محمد الأخضر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.
هەروەها بڕوانە: جيهان أحمد رشتي، نظم الاتصال، الجزء الأول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨-١٦٩.
(٢) حسن عماد مكاوي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧-١٣٢.
- M. Ochs, op. cit., p. 19, 20.

سێیەم: هەڵسەنگاندنی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی بۆ ئازادیی کاری ڕاگەیاندن

کەسێک لە سیماکانی ئەو وێنایە ڕابمێنێت کە هزری ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی بۆ ئازادیی کاری ڕاگەیاندن پێشکەشی کردووە، دەبێت کە –تا ڕادەیەکی زۆر– هزرێکە کە ئەو بارودۆخە مێژوویییە کۆمەڵگەییە دروستی کردووە کە ئەو وڵاتانە پێدا تێپەڕیون، ئەمە وێڕای ئەو مەبەستانەی کە هەوڵی بەدیهێنانیان داوە، کە پێویستی بە جووڵەی خێرا هەبووە لەژێر سەرکردایەتیەکی هۆشیار بۆ بەدیهێنانیان، ئەمە وێڕای بەخشینی دەسەڵاتی پێویست بۆ هێنانەدیی ئەو مەبەستانە.

لەگەڵ ئەو سازان و گونجانە لۆژیکییەی کە لەنێوان پێشەکی و دەرئەنجامەکانی ئەم وێناکردنەدا هەیە، دەبینین زیادەڕەویکردن لە بەخشینی دەسەڵات بەو سەرکردانە، شتێکی سروشتی بوو کە بۆ ڕووداتی چەندین دەرئەنجامی نەرێنی لە کەتواری جێبەجێکاری و لە هەموو ئاستەکاندا سەر بکێشێت.

لەوەشی کە بە لایەنی ڕاگەیاندنەوە ئەو دەسەڵاتانەوە پەیوەستە –هاوشێوەی ئەوەی کە لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستیدا ڕووی دا–، لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە خودییەکانی ئەو سەرکردانەدا بەکار هاتن، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە زۆر جار بۆ کپکردنی دەنگە ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنەکان بەکار هاتوون، بەم شێوەیە:

– لەوەی کە بە بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی سەرکردەکان پەیوەستە: زۆربەی دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی نیمچەڕەها لە داڕشتنی سیاسەتەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنداً کاریان کردووە، بە جۆرێک کە ئاراستە ئایدۆلۆژی و ئامانجە سیاسییەکانیان بەدی بهێنێت و خزمەتی بەرژەوەندییە ئابووریییەکانیان بکات، ئەمەش لە میانەی کۆنترۆڵکردنی فەرماییانەی سەرچاوەکانی گەیاندن و زانیاری و یاساکان، ئەمە وێڕای دەستتێوەردانی ئاشکرا یان شاراوە لە ناوەرۆکی مادەکانی ڕاگەیاندنەوە[1].

بەو شێوەیە لە زۆربەی ئەو وڵاتە تازەگەشەسەندووانەی کە بانگەشەی پێویستیی ئاڕاستەکردنی ڕۆژنامەگەرییان بۆ خزمەتی گەشەپێدان دەکرد، کارەکە، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ پاڵپشتیکردنی سیستمی سیاسیی فەرمانڕەوا

---

(١) عواطف عبد الرحمن، «الحق فی الاتصال بین الجمهور و القائمین بالاتصال» مجلة عالم الفکر، المجلد الثالث و العشرین، العددان الأول و الثانی (الکویت: المجلس الوطنی للثقافة و الفنون و الأدب، یولیو، سبتمبر، أکتوبر، دیسمبر ١٩٩٤)، ل٣٢.

و بره‌ودان به بیروڕاکانی و به‌رگریکردن له سیاسه‌ته‌کانیان، ته‌واو بوو[١].

– له‌وه‌شی که پەیوەسته به به‌کارهێنانی ده‌سه‌ڵاته‌کانی له کپکردنی ده‌نگه ئۆپۆزسیۆنه‌کان: هه‌موو ئه‌و ڕێگایانه‌ی به‌کار هێناوه که له بێده‌نگکردنی ده‌نگه ناڕازییه‌کان یان به‌ده‌ستهێنانی وه‌لائیان یارمه‌تیی ده‌دات، له هه‌موو باره‌کانیشدا ئه‌مه به بیانووی مه‌ترسیی ئه‌و ده‌نگه ناڕازییانه له‌سه‌ر یه‌کێتیی وڵات یان مه‌ترسی له‌سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندییه نیشتمانییه‌کان و ئه‌م بابه‌تانه ئه‌نجام ده‌درا.

له‌و ئامرازانه‌ی که له‌م باره‌یه‌وه پەنای بۆ بردووه: سانسۆری فه‌رمی، جا پێش بڵاوکردنه‌وه یان دوای بڵاوکردنه‌وه بێت، یاخود سانسۆری ناڕاسته‌وخۆ له ڕێگه‌ی ده‌رکردنی چه‌ندین بڕیار و فه‌رمان له باره‌ی هه‌ندێک خاڵه‌وه که نابێت شت له باره‌یانه‌وه بڵاو بکرێته‌وه، که زۆر کات ده‌وترێت به‌رژه‌وه‌ندیی نیشتمانی وا ده‌خوازێت[٢]، هه‌روه‌ها به‌کارهێنانی فشاری یاسایی و داڕشتنی ئه‌و یاسایانه‌ی که ئازادیی ڕاده‌ربڕین له‌قاڵب ده‌دات و سنووردێکی به‌رته‌سکی بۆ داده‌نێت، به‌کارهێنانی فشاری سیاسی و ئابووری، وه‌ک: به‌رتیل و کۆمه‌ک و جیاوکی تایبه‌ت، کۆنترۆڵکردنی لایه‌نه‌ی ڕۆژنامه‌کان، فشار له ڕێگه‌ی ڕاگه‌یاندنه حکومییه‌کانه‌وه، به‌کارهێنانی فشاری ڕاسته‌وخۆی، کێشانه‌وه‌ی چاپکراوه‌کان له بازاڕدا بۆ ئه‌وه‌ی وانه‌ی ملکه‌چی بۆ حکومه‌ت به خاوه‌نه‌کانیان بده‌ن، له‌کاردابڕینی ڕۆژنامه‌وانی ئازاوه‌چی، گرتن و سزادان، پرۆسه‌ی یه‌کپێگرتن و داخستنی ناچارییانه‌ی یه‌که‌کانی ڕاگه‌یاندن، فڕاندن، یان کوشتنی ڕۆژنامه‌نووسان له ڕێگه‌ی که‌سانی به‌کرێگیراو و مورته‌زه‌قه(مرتزقة)وه به هاندانی حکومه‌ت[٣].

---

(١) به‌راورد بکه له‌گەڵ فاروق أبو زيد، التحديات الإعلامية العربية. مقارنة بين عقدى الخمسينات والثمانينات، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٧٥.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر له باره‌ی شێوازه‌کانی سانسۆره‌وه، بڕوانه:
– ليلى عبد المجيد، الصحافة فى الوطن العربى، (القاهرة: العربى للنشر و التوزيع، ١٩٩٠، ص٩٨–٩٩.
– M. Arafa, Press in Developing Countries: An Absent Social Force or A Silent Watchdog? A Conceptual Framework in Communication Research Issue No. 5 (Cairo University: Faculty of Mass Communication, July 1991), p. 37–38.

(٣) بڕوانه: سانوو نام، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٤٣–٤٦.

پاری سێیەم: ئازادیی کاری ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ئیسلامیدا

تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە بارەی ئازادیی ڕاگەیاندن و ئەو پابەندییانەی کە پێویستە لەئەستۆ بگیرێن لە بەرانبەر بوونی ئەو ئازادییە و سنووری ئەو ئازادییەش، بە پێی ئەو وتەزایانە دادەڕێژرێت کە هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی پێشکەشی کردوون لە بارەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستی و سروشتی دەوڵەت و ئەو وێناکردنەی کە لەو سایەیەدا هەیەتی بۆ ئەو پەیوەندییەی کە پێویستە لەنێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا هەبێت، کە بڕوای وا بووە کە زامنی بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان، کۆمەڵگەی جێنشینی، دەکات.

یەکەم: چەمکی ئازادیی ڕاگەیاندن

هزری ئیسلامی تێگەیشتنێک بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن پێشکەش دەکات کە جیاوازە لەو تێگەیشتنەی کە کۆی قوتابخانەکانی هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم پێشکەشیان کردووە.

هزری ئیسلامی وەک مافی تاک لە ئازادیی ڕاگەیاندن ناڕوانێت، جا ئەو مافە مافێکی سروشتی یان ئەخلاقی بێت، وەک ئەوەی هەردوو فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئازادی لێیان دەڕوانی، هەروەک چۆن وەک مافی کۆمەڵگە لێی ناڕوانێت، وەک ئەوەی هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو لێیان دەڕوانی، بەڵکوو وەک شتێکی گەورەتر لە مافی تاکەکەسی لێی ڕوانی. ئازادیی ڕاگەیاندن مافێکی گرنگە و لە ئیسلامدا هێندە بەرز لێی دەڕوانرێت کە لەو پێویستییانەیە کە دەبێت بۆ ئەوەی تاک ئاشنا بێت بەو ڕۆڵەی کە وەک بوونەوەرێکی ڕاسپێردراو و موکەلەف پێی سپێردراوە، هەیبێت.

ئەمە واتە پیادەکردنی ئەو مافە دەبێت بە ئەرک (واجب)ێک کە بینینی ڕۆڵی سپێردراو بە بوونەوەری موکەلەف دەیخوازێت، بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگەی جێنشینی[1]، بەڵگەی ئەمەش ئەو ئایەتە پیرۆزەیە بە شێوە «فەرمانی واجبکردن» دەفەرموویت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ﴾[2]، واتە: «پێویستە لە ئێوە ئومەتێک پێک بێت، یاخود با هەموتان ئومەتێک بن، کە بانگەواز بۆ خێر و چاکە بکەن، فەرمان بدەن بە هەموو کارێکی باو و دروست،

---

(١) ئیدی ئەوە لەو جۆرە مافانە نییە کە خاوەنەکەی بتوانێت بەکاری بهێنێت، یان وازی لێ بهێنێت، چونکە خاوەنەکەی بۆی نییە بەکارهێنانی بوەستێنێت, یان لەکاری بخات، چونکە لەکارخستنی لێدانە لە بەرژەوەندیی گشتیی موسوڵمانان. بڕوانە: محمود یوسف مصطفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(٢) (آل عمران: ١٠٤).

قەدەغەی هەموو نادروستییەک بکەن.»

لە لایەکی تردوە تێگەیشتنی ئیسلامی بۆ ئازادیی کاری ڕاگەیاندن ئەرکێکی لەخۆ گرتووە کە بریتییە لە کارکردن بۆ ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی ئارام و ئاسایش بۆ ئازادی و دابینکردنی توانای ماددیی پێویست بۆ مومارەسەکردنی ئەو ئازادییە. هەروەک چۆن پێویستە بە هیچ جۆرێک ڕێگری لە تاک نەکات کە چێژ لەو ئازادییە وەربگرێت، مەگەر پاساوێکی ڕەوا بۆ ئەو کارە هەبێت.

ئەو ئەرکانەی کە پێویستە لە میانەی مومارەسەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندندا ئەنجام بدرێن

هزری ڕاگەیاندنی ئیسلامی، لە سنووری داخوازیکردن ناوەستێت لە تاک، بە لەئەستۆگرتنی کۆمەڵێک پابەندی لە ئاست کۆمەڵگەکەیدا لە بەرانبەر پێدانی مافی چێژوەرگرتن لەو ئازادییە –وەک ئەوەی لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی تری ڕاگەیاندندا هەبوو–، بەڵکوو بڕوای وایە کە مومارەسەکردنی ئەو ئازادییە لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە ئەرکێک کە سروشتی ئەو ڕۆڵە دەیخوازێت، کە تاکی پێ تەکلیف کراوە کە بۆ بەشداریکردن لە بەرپاکردنی کۆمەڵگەی موسوڵمان (کۆمەڵگەی جێنشینی) بیکات، کە هەر ئەوەش شارێگەی بەدیهاتنی مەبەستی باڵای تاکە لەم بوونەدا، لەسەرووی هەموشیەوە ڕەزامەندیی ئەفرێنەری باڵا.

ئەو ئەرکانەشی کە لە مرۆڤ خوازراوە –کە بە پێی توانای خۆی– هەوڵی بۆ بدات و ڕاپبپەڕێنێت، بۆ ئەوەی ئازادی هەبێت، کورت دەبێتەوە لە بەشداریکردن لە:

- چەسپاندنی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی لە کۆمەڵگەی جێنشینیدا،
- پاڵپشتیکردنی ئەرکی ئاوەدانکاری بۆ کۆمەڵگەی جێنشینی،
- بەرزکردنەوەی وشەی خودا لەسەر زەمینەکەی (بڵاوکردنەوەی پەیامی کۆمەڵگەی جێنشینی).

بێگومان بەشداریکردن لەو کارانەدا وا دەخوازێت کە قوربانیی گەورەی لە کات و هەوڵ و کۆشش و دارایی بۆ بدرێت، هەروەها وا دەخوازێت کە بەرگەی هەر ئازار و ناڕەحەتییەک لەو پێناوەدا بگیرێت، لەگەڵ دڵسۆزی و ئیخلاس لەو کارانەدا بۆ خودای ئەفرێنەر و بەرز و باڵا و بێگەرد.

ڕێگاکانی پابەندکردنی ئەوانەی کاری گەیاندن (الاتصال) بەو ئەرکانەوە دەکەن سەرچاوەی سەرەکیی زامنکردنی هەستانی ئەوانەی کاری گەیاندن لە

ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بەو ئەرکانە دەکەن، بریتییە لە پابەندبوونی خودی لەلایەن خۆیانەوە بە لەئەستۆگرتنیان[1]، پابەندییەک کە لە زانیاریی هەر کەسێکیانەوە هەڵقوڵابێت کە کردنی ئەرکانە پێویستییەکە کە هۆکاری ئەفراندنی ئەو لە بووندا وەک بوونەوەرێکی موکەلەف دەیخوازێت. هەروەها هەر ئەوە تاکە ڕێگەی بەدیهاتنی مەبەستە باڵاکەیەتی، کە بریتییە لە ڕەزامەندیی خوای مەزن و دلۆڤان.

خۆ ئەگەر سەرپێچیی کرد و ئەو ئەرکانەی جێبەجێ نەکرد و ئەرکەکانی خۆی لەئەستۆ نەگرت، ئەوا کۆمەڵگەکەی ئەوەی لێ خوازراوە کە لەسەر نەهێشتنی ئەو لادان و کەموکوورییە هانی بدات، ئیدی ئەوە لە ڕێگەی دەستپێشخەریی تاکەکەسیی ئەوانەوە بێت کە لە دەوروبەریدان، یاخود کارەکە فراوانتر بێت و وا بخوازێت کە لەلایەن هەندێک لە دەستە و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگەوە دەستتێوەردان بکرێت[2].

خۆ ئەگەر تاک کاری ڕاگەیاندنکاریی خۆی، وەک کارمەندێک لە ئامرازێکی دەوڵەت یان دەستەیەکی گشتیدا، ئەنجام بدات، ئەوا پێویستە لەسەری ئەو ئەرکانە بە حوکمی وەزیفەکەی ڕابپەڕێنێت. ئیدی هەر خەمساردی و کەموکوورییەک لەلایەن ئەوەوە دووچاری بەرپرسیارێتیی یاسایی دەکات و ڕەنگە لەلایەن بەرپرسانی ئەو دەزگایەشەوە دووچاری سزاشی بکاتەوە، چونکە لێرەدا بەرپرسیارێتییەکەی بە پێی پۆلێنەکەی «هود جز» لەسەر پسپۆڕی وەستاوە.

هەروەها دەتوانرێت لەو ڕووەوە سوود لەو ئامرازانە وەربگیرێت کە تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دایهێناون بۆ پابەندکردنی هەڵسوڕاوانی ڕاگەیاندن بە ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتییەکانیان لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا، وەک: ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەگەری، یەکێتییە ڕاگەیاندنکارییەکان، دامەزراندنی ڕەخنەگری ناوخۆیی، دانانی پێڕەوی تایبەت بە دیاریکردنی ئەو بەرپرسیارێتییانە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، کە پرۆسەی لێپێچینەوە لە هەر کەموکوورِی و خەمساردییەک لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەدا ئاسان بکات.

---

(١) بڕوانە: - محمد منير حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤-٣٦،
- إبراهيم إمام، أصول الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣-٤٤.

(٢) ئەمەش وەک کارکردن بە ڕێسای فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، کە لە تاک و بەڵکوو لە کۆی کۆمەڵگەش لە هەندێک بابەتی دیاریکراودا داوا کراوە. بڕوانە: محمد منير حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨-٨٩.
- إبراهيم إمام، أصول الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

دووەم: سنوور و دیسپلینەکانی مومارەسەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن

پێش خستنەڕووی تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە بارەی سنووری مومارەسەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن، جێی خۆیەتی ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین، کە وا دەکەن ئەو تێزانە لە هەموو تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکان جیاواز بن، ئەو خاڵانەش ئەمانەن:

١. داڕێژەران و یاسادانەرانی سنووری ئازادیی ڕاگەیاندن –یان هەر ئازادییەکی تر– وابەستەی چەند دەقێکی ئایینیی جێگیرن و ناتوانن هیچ تێکستێکیان فەرامۆش بکەن، یان کۆتوبەندێک دابنێن کە لە هیچ کامێک لەو دەقانەدا دانی پێدا نەنرابێت[١].

٢. هەر لێکدانەوە (تأویل)ێک بۆ هەر یەکێک لەو دەقانە بۆ خزمەتی ئارەزووی فەرمانڕەوا، یان دەستەیەک و کێکردنی ئازادییەکان لەژێر ئەو چەترەدا، خاوەنی لێکدانەوەکە لە لایەک و ئەو کەسەشی کە بەرژەوەندیی لەو لێکدانەوەیەدا هەیە لە لایەکی ترەوە، دەخاتە بەر سزای خوای گەورە و بالا.

٣. هەر ڕاگەیاندنکار یان خاوەنڕایەک، ئەگەر لە پێناوی بەرزکردنەوەی وتەی ڕاستی و بڵاوکردنەوەیدا دووچاری ئازاردان ببێتەوە، ئەوەی لێ داواکراوە کە دامەزراو و جێگیر و ئارامگر بێت، چونکە خوای گەورە ژیانی دڵنیا کردووەتەوە لە هەر دەستدرێژییەک لەلایەن هەر ستەمکارێکی لادەر و زیادەڕەویکارەوە، ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلا﴾[٢]، واتە: «هیچ کەسێکیش نامرێت مەگەر بە ویستی خوا نەبێت، لە کاتی دیاریکراودا»، ئەمەش خۆی هاندەرێکە بۆ ئیماندار کە لە مەرگ نەترسێت. ﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ﴾[٣]، واتە: «بەڕاستی هەر ئێمە ژیان دەبەخشین و دەشیانمرێنین، گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئێمەیە.»

هەروەها دڵنیایی لە ڕۆزییەکەشی داوە، ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ قُلِ اللَّهُ﴾[٤]، واتە: «(ئەی پێغەمبەر، بە هاوەڵپەرستان) بڵێ: کێ ڕسق و ڕۆزیتان لە ئاسمانەکان و زەویدا پێ دەبەخشێت، (ئەگەر بە هۆی سپڵەییانەوە وەڵامیان نەدایتەوە، تۆ) بڵێ: مەگەر هەر زاتی ئەڵڵا نییە ڕۆزیبەخش.» هەروەها دڵنیایی

---

(١) بڕوانە:
- عمر التومی الشیبانی، مفهوم الإنسان فی القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨،
- معروف الدوالیبی، الدولة والسلطة فی الإسلام، (القاهرة: دار الصحوة، ب ت)، ل٤٨.

(٢) (آل عمران: ١٤٥).

(٣) (ق: ٤٣).

(٤) (سبأ: ٢٤).

لە پێگەکەشی داوە، هەر چەندە ڕەنگە بگاتە ئاستی ترسان لە مردن و ئازاردان، یان یان ترسان لە هەژاری و گرفتاری، بەڵام ئیسلام پێداگریی لە ڕزگاربوونی مرۆڤ لەو ترسەش دەکات، چونکە هیچ دروستکراوێک لەم دنیایەدا هیچ شتێکی دروستکراوێکی تری بەدەست نییە، ئەگەر ویستی خودای لەسەر نەبێت.(١) ﴿إِنْ يَنْصُرْكُمُ اللَّهُ فَلا غَالِبَ لَكُمْ وَإِنْ يَخْذُلْكُمْ فَمَنْ ذَا الَّذِي يَنْصُرُكُمْ مِنْ بَعْدِهِ﴾(٢)، واتە: «ئەگەر خوا سەرکەوتنتان پێ ببەخشێت، ئەوە هیچ کەس ناتوانێت بەسەرتاندا سەر بکەوێت، خۆ ئەگەر پشتتان بەر بدات، ئەوە کێ هەیە دوای ئەو کۆمەکتان بکات و سەرتان بخات.»

مادام کارەکە بەو شێوەیەیە، ژیان بەدەستی ئەفرێنەرە و ڕۆزییش لە گەنجینەکانی ئەوەوەیە، هەموو کاروبار و شتەکانیش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، ئیدی هەرگیز بواریک بۆ ترس نامێنێتەوە، بەمەش تاک لەو دڵنیاییە خوداییەوە تووشوویەک وەردەگرێت کە وای لێ دەکات ژیانی خۆی بەلایەوە گرنگ نەبێت و ڕای خۆی بەئاشکرا بخاتە گۆڕەپانەکەوە و گوێ بە کاردانەوەکانیشی نەدات کە چاوەڕێیان دەکات، تەنانەت ئەگەر تیاچوونی خۆیشی بێت(٣).

خۆ ئەگەر ئازار و ژانێکیش لە پێناوی ئاشکراکردنی ڕاستیدا تووشی هات، ئەوا پاداشتەکەی لە دواڕۆژدا لای خوای گەورە و مەزنە، بەڵام هەر کەسێک لەبەردەم ئەو ناڕەحەتییانەدا خۆی نەگرێت، ئەوا سزاکەی لای خوای گەورە سەختە.

٤. سەرباری ئەو سنوورانەی کە بە پاراستنی تاک و سیستمی گشتیی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ئازار و ناڕەحەتییەوە پەیوەستن، فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی کۆمەڵێک دیسپلینی داناوە، کە پێویستە هەڵسوڕاوانی بواری ڕاگەیاندن یان خاوەنڕاکان پێیانەوە پابەند بن. ئەو دیسپلینانەش ئەوانەن کە بەو جۆرە تاوانە نائەخلاقییانەوە پەیوەستن کە ناتوانرێت بە شێوەی ماددی بسەلمێنرێن، ئەو تاوانانەش، لەگەڵ ئەوەی ناتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن سەرکۆنەی ناکەن، دەبینین ئەوەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی پێ جیا دەکرێتەوە، ئەوەیە کە هەڕەشە لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە بە سزای خودایی لە ڕۆژی دواییدا دەکات، بەڵکوو ڕەنگە سزاکە لە دونیاشدا بێت، هەروەها فەرزی دەکات بەسەر ئەو کەسانەی لەدەوری ئەنجامدەری

(١) عبد القادر حاتم، الإعلام فی القرآن الكريم، بدون ناشر، ١٩٨٥، ص٣١٤.

(٢) (آل عمران: ١٦٠).

(٣) محمود يوسف مصطفى، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

تاوانێکەوەن کە بە ڕێگە شەرعییەکان ئاگاداری بکەنەوە، «ئەو تاوانانەشی کە ناتوانرێت بسەلمێنرێن بریتین لە دووڕوویی، خۆپیشاندان بەپێچەوانەی ئەوەی کە ناخدایە (المداهنة)، ڕووپامایی، شێواندنی ڕاستی (التدليس) و... هتد.»[١]

– فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی چەند دیسپلینێکی داناوە کە پێویستە ڕاگەیاندنکار و ئەو کەسەی کاری گەیاندن لە کارەکەیدا دەکات، پێیانەوە پابەند بێت، هەروەها سزای دواڕۆژیشی بۆ ئەوانە دیاری کردووە کە سنووورەکانی دەبەزێنن، لەو دیسپلینانە: دوورکەوتنەوە لە وشە و گوزارەی نەشیاوی وەک جنێو و سوکایەتی و گوزارشتی بریندارکەر و زبری، بە جۆرێک خەڵکی بتۆرێنێت و دڵیان بیەشێنێت، خستنەڕووی سووک و پڕوپووچ و بێمانا بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان، پڕوپاگەندەی مەبەستدار و بانگەشەی درۆ و دروستکردنی شتی پووچ و بەتاڵ و برەودانی ساختە، تانە و ڕەخنە لە نەیار بە شتێک کە تێیدا نییە[٢]، هەروەها پیاهەڵدان بەسەر کەسانی ناشاییستەدا، ئەگەر هەشبێت بۆ کەسانی شیاو بێت و بە وشەی گونجاو بێت، تا نەبێت بە دووڕوویی و ساختەبازی[٣] هەروەها دوورکەوتنەوە لە گاڵتەکردن، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ﴾[٤]، واتە: «ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! هیچ کەس و هیچ هۆزێک گاڵتە بە کەس و هۆزێکی تر نەکات و زەلیلی نەکات»، هەروەها دورکەوتنەوە لە جنێودان لە مردووان و باسکردنی خراپەیان، ئەوەتا پێغەمبەر (درووەدی خوای لەسەر) دەفەرموێت: «لا تسبوا الأموات فإنهم أفضوا إلى ما قدموا»[٥]، واتە: «جنێو بە مردووان مەدەن، چونکە ئەوان گەیشتوون بە کردەوانەی کە پێش خۆیان خستووە.»

هەروەها هزری ئیسلامی، لە بارەی چۆنێتیی دەستخستنی هەواڵ و زانیاری لە هەر بواریکدا، فەرمان بە ڕاگەیاندنکار دەکات کە بە چەند ڕێسایەکەوە

---

(١) محسن فؤاد فراج، جرائم الفكر و الرأى و النشر، القاهرة: دار الغد العربى، ١٩٨٧)، ص٦٢.

(٢) عمر التلمسانى، من فقه الإعلام الإسلامي، سلسلة نحو النور (١)، (القاهرة: دار التوزيع و النشر الإسلامية، ب ت)، ص١٥.

(٣) محمود يوسف مصطفى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

(٤) (الحجرات: ١١).

(٥) بوخاری لە «الصحيح»دا تەخریجی کردووە، لە «كتاب الجنائز/باب ما ينهى عن سب الأموات»، فەرموودەی ١٣٢٩ و «كتاب الرقاق/باب سكرات الموت»، فەرموودەی ٦١٥١، بڕوانە: محمد بن إسماعيل البخارى، صحيح البخارى، (بيروت: دار إحياء التراث العربى، ب ت). هەروەها نەسائی تەخریجی کردووە لە «السنن»دا، «كتاب الجنائز/باب النهى عن سب الأموات» لە فەرموودەی عائیشەوە. بڕوانە: أحمد بن شعيب النسائي، سنن النسائي، تحقيق مصطفى محمد، (القاهرة: دار الفكر، ١٩٣٠) جـ٤، ص٥٣.

پابەند بێت، وەک:

ئـ. دەستنەخستنی هەواڵ و زانیاری لە ڕێگەی گوێگرتنی ڕێگەپێنەدراو (التصنت)یان سیخوڕیکردنەوە، ﴿وَلَا تَجَسَّسُوا﴾[1]، واتە: «بەشوێن کەموکووڕی و عەیبوعاری یەکتردا مەگەڕێن و سیخوڕی مەکەن.»

ب. بەنهێنی و بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان دەستی نەخات، یان بە سەیرکردنی بەڵگەنامە و دۆسییەکان بەبێ ئیزن وەرگرتن لە خاوەنەکەی یان لەوانەی کە بەسەریەوە وەستاون.

پ. بە هیچ یەکێک لە ئامرازە ناڕەواکان دەستی نەخات، وەک بەرتیل لە شێوەی دیاریدا[2]، یان هەر ڕێگایانەی تر کە ئەخلاقیاتی ئیسلامی دانیان پێدا نانێت.

ئا ئەمانە چەند سیمایەکی جیاکەرەوەی تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بوون لە بارەی سنووری ئازادیی ڕاگەیاندن. لێرەدا سنووری ئەو ئازادییە دەخەینە ڕوو لە بارەی پاراستنی سیستمی گشتیی کۆمەڵگەی موسوڵمان، کە هەر کەسێک بیانبەزێنێت، دووچاری سزای یاسایی دەبێتەوە.

ئـ. سنووری ئازادیی پەیوەست بە پاراستنی تاک

ئیسلام هەر دەستدرێژیکردنێک بۆ سەر تاک، بە تۆمەتبۆهەڵبەستن یان جنێو یان ناوزڕاندن، حەرام دەکات، هەروەک چۆن پەلاماردانی کەسایەتیی تاکی حەرام کردووە، ﴿وَلَا تَجَسَّسُوا﴾[3]، واتە: «بەشوێن کەموکووڕی و عەیبوعاری یەکتردا مەگەڕێن و سیخوڕی مەکەن»، هەروەها فیقهی ئیسلامی یاسابەندییەکی ڕوونی بۆ ئەو تاوانانە و سزاکانی بەرانبەریشیان داناوە، جگە لە سزای هەڵبەستنی تۆمەتی زینا (القذف بالزنا)، کە ئایەتی قورئان دیاریی کردووە: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾[4]، واتە: «ئەوانەی کە بوختان بۆ ئافرەتانی داوێنپاک و خاوەن مێرد دەکەن، پاشان ناتوانن چوار کەسیش بە شایەت بهێنن، ئەوانە هەشتا قامچییان لێ بدەن و هەرگیز شایەتییان لێ وەرمەگرن، ئەوانە لە ڕیزی تاوانبار و لەسنووردەرچوو و یاخییەکاندان.»

هەر چی ئەو سزایانەی تریشە کە پەیوەستن بە تاوانەکانی ترەوە، ئەوا

---

(١) (الحجرات: ١٢).

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو دیسپلینانەوە، بڕوانە:
– كرم شلبي، الخبر الصحفي وضوابطه الإسلامية، (القاهرة، ب ن، ١٩٨٤)، ص١٢١.

(٣) (الحجرات: من الآية ١٢).

(٤) (النور: ٤).

به تەعزیر (التعزیر) (کە سزایەکی ڕێگەپێدراوە کە شەرع ئەندازەکەی دیاری نەکردووە) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بە شێوەیەک کە بۆ هەر تاوانێک سزایەکی گونجاو دادەنرێت، ئەویش بۆ فێرکردنی ئەدەب و ڕاچڵەکاندن و گێڕانەوەی تاوانکار لە تاوانەکەی. ئەگەر شەریعەت ئەنجامدانی ئەو کارانە لە هەمبەر مافی تاکی ئاسایی بە تاوان لەقەڵەم دەدات، ئەوا هەڵوێستی لە پەیوەست بە کارەکانیان بە ئاڕاستەکردنی ڕەخنە یان تۆمەتبۆهەڵبەستن –جگە لە هەڵبەستنی تۆمەتی زینا– یان تانەدان لە بەرپرسە گشتییەکان سەبارەت بەو کارانەی کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەیە، هەڵوێستێکی تەواو جیاوازە.

ئیسلام لێرەدا ڕێگە بەو کارە دەدات، بەڵکوو لە هەندێک باردا دەیکات بە واجب[1]، چونکە دەچێتە دەروازەی نەهیکردن لە خراپە، کە ئەمە و فەرمانکردن بە چاکە دوو پایەن لە پایەکانی ئەم ئایینە، تەنانەت فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە و باوەڕبوون بە خوا هۆکاری باشترینبوون (خیریة)ی ئەم ئومەتەن، ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾[2]، واتە: «بەڕاستی ئێوە چاکترین ئومەتێکن کە بۆ سوودی خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا دەهێنن.»

مەرجیشە ئەو کەسەی کە ڕەخنەگرە، یان (القاذف)ە، ڕەخنەکەی لەسەر کەتواڕێکی دروست بونیاد نابێت، یان لانی کەم باوەڕی بە دروستییەکەی هەبێت و نیەتی باش بێت و ڕەخنەکەی بەو گوزارشتانەی کە لە جنێو و سووکایەتی و... هتد، دەیگرێتەوە، لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە لەگەڵ ئەو کەتوارەی کە کەسەکە ئەنجامی داوە، گونجاو بێت[3].

ب. سنووری ئازادیی پەیوەست بە سیستمی گشتی

پاراستنی سیستمی گشتی ئەمانە دەگرێتەوە:

١. پاراستنی ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵگە لە پشێوی ناوخۆیی، یان هەڕەشەی دەرەکی و پاراستنی ماددیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا تێیدا.

ئەگەر ماددەی ڕاگەیاندنی بڵاوکراوە لەو بارەیەوە بۆ پشێوی یان ئاژاوەیەک

---

(١) أحمد جلال حماد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

(٢) (آل عمران: ١١٠).

(٣) لە بارەی وردەکاریی ئەو مەرجانەوە، بڕوانە:
- أحمد جلال حماد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٤-٤٣٣.

سەر نەکێشێت، ئەوا فەرمانڕەوا هیچ پاساوێکی بۆ پێشێلکردنی ئەو ئازادییە و لەکەدارکردنی نییە، بەڵگەی ئەمەش ئەو ڕووداوە بەناوبانگەیە کە کاتێک «خەواریجەکان» لە ئیمامی عەلیی کوڕی ئەبوتالیب (خوا لێی ڕازی بێت) دەرچوون، بۆ لایان ناردی و وتی: «چۆنتان دەوێت ئاوا بن، با ئەوەمان لە نێواندا بێت کە بە حەرام خوێنێک نەڕێژن و ڕێگەیەک نەگرن و ستەم لە کەس نەکەن، ئەگەر ئەمانە بکەن، ئەوا لە بەرانبەرتان واز لە جەنگ دەهێنم.»[1]

٢. پاراستنی بیروباوەڕی کۆمەڵگە: ئەمەش ئەو شتانەی ئایین دەگرێتەوە کە بەڕوونی زانراون و پێویستن، کە بریتین لە شایەتومان، ئەنجامدانی نوێژ، زەکاتدان، ڕۆژووی ڕەمەزان، حەجی ماڵی خودا بۆ ئەوەی کە بیتوانێت، حەرامکرنی کوشتن و دزی و زینا و تۆمەتهەڵبەستن و مەیخواردنەوە و درۆ و هەموو خراپەکارییەکی تر[2].

لێرەدا بە هیچ شێوەیەک کەس بواری ئەوەی نییە کە ڕەخنە لەو جێگیر (الثوابت)انە بگرێت، یان بانگەشەی فەرامۆشکردنیان، یان دەرچوون لێیان، یاخود بەکەمسەیرکردنیان بکات، لەژێر بەهانەی ئازادیی ڕا و بیرکردنەوە، چونکە تانەدان و ڕەخنەگرتن لەو شتە جێگیرانە بەو بیانووەوە، زۆر بەڕوونی پێچەوانەی سروشتی باوەڕی ئەو ڕەخنەگرەیە بە بەڵگەنەویستە ڕەسەن و بنچینەیەکانی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی، کە بریتین لەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە سیماکانی ئەو بیروباوەڕەیان لەسەر بونیاد نراوە، بێگومانیش باوەڕبوونی ئەو تاکە بەو پێشەکییانە و لە هەمان کاتیشدا نکوولێکردن لەو دەرئەنجامانەی لێیان کەوتووەتەوە، یەکێکە لە جۆرەکانی تێکچوونی ئاوەز.

٣. پاراستنی ئەخلاقیاتی کۆمەڵگە و ڕەوشتەکانی: واتە ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووت و ئابڕووبەر، یان ڕووداوی وروژێنەر و بێئابڕووانە و چیرۆکی سێکس و... هتد، جا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و پەتی بێت، یاخود بە بە ئاماژەکردن بێت بە چاو و سەر و لێو لەگەڵ قسەرکردنەکە لەژێر لێوەوە (اللمز)، یان بە چاو و برۆهەڵتەکاندن (الغمز)[3]، ئەمە پشتبەست بە وتەی خوای گەورە:

---

(١) بڕوانە: محمد شوقی الجرف، الحرية الشخصية و حرمة الحياة الخاصة: دراسة مقارنة بين النظم الوضعية و الشريعة الإسلامية (القاهرة: دار الغد العربی، ١٩٩٣)، ص٢٠٠.

(٢) يوسف محمد قاسم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(٣) بڕوانە: محمد سيد محمد، المسئولية الإعلامية فی الإسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾[1]، واتە: «پێیان بڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم هەر چی گوناهـ و خراپەیە حەرامی کردووە، چ ئەوانەی ئاشکران، چ ئەوانەی پەنهانن، هەروەها هەموو گوناهـ و داخوازی و دەستدرێژییەکی بەناحەقی حەرام کردووە.»

خۆ ئەگەر ئەو بابەتانەی، کە لەدەوری ئەو بابەتانەدا دەسووڕێنەوە، ڕووبەرێکی فراوانی گرنگیدانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دەوڵەتانی عەلمانی – بەتایبەت لیبراڵییەکانیان- داگیر دەکات، ئەوا لەم شێوازە لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا هیچ پاساوێکی نییە، چونکە مەبەستی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە زۆر جیاوازە لەو مەبەستانەی کە ئەو ئامرازانە هەوڵی بەشداریکردن لە بەدیهێنانیاندا دەکەن، ئیدی بۆ خاوەنی ئەو ئامرازانە بێت، یان بۆ وەرگرانی بێت لەو دەوڵەتانەدا.

ڕێگاکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە نەبەزاندنی ئەو سنوورانە

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لەگەڵ هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاددا لەوەدا لە یەک دەچن کە پێویستە دەستتێوەردانی دەوڵەت تەنها لەوەدا کورت هەڵبێت کە پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ نەبەزاندنی ئەو سنوورانە لە ڕێگەی دادگاوە بێت و[2] ڕێگەی پێ نەدرێت کە هیچ شێوەسانسۆرێکی تر بکات و[3] ئەو دەستتێوەردانەش بە پێی ڕێسا فیقهییە دانپێدانراوەکان بێت، تا خراپەکارهێنان و سنووربەزاندن لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازە پابەندکەرانە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕوو نەدات، بە شێوەیەک کە هەڕەشە لە مافی تاکەکان لە گوزارشتکردن لە ڕای خۆیان بەئازادی بکات.

سەرباری پەنابردن بۆ دادگا وەک میکانیزمێکی پابەندکردنی سەرەکی، فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی ڕێگر نییە لە سوودوەرگرتن لە هەندێک میکانیزمی پابەندی خودی، کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دایهێناون، وەک: ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەگەری، یەکێتیی ڕاگەیاندنکاران، دامەزراندنی ڕەخنەگری ناوخۆیی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنا بوونی ڕەخنەگری دەرەکی کە ئەرکی ڕەخنەگرتن لە کارە لادەرەکانی ڕاگەیاندن لەئەستۆ دەگرن، بەڵام فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی –سەرباری ئەوەی باس کرا- چەندین میکانیزمی پابەندکردنی تایبەتی هەیە، کە تەنها میکانیزمی خۆیین لەناو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی تری

(١) (الأعراف: ٣٣).

(٢) بڕوانە: إبراهيم إمام، أصول الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(٣) بڕوانە: محمد منير حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

ڕاگەیاندنا پێی جیا دەکرێنەوە. ئەو میکانیزمانەش لە سروشتی ئەو وێناکردنە گەردوونییەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەو فەلسەفەیە هەیەتی، ئەمە لەبەر ئەوەی کانگای ئەو میکانیزمانە دەچێتەوە سەر بەڵگەنەویستی سەرەکیی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی و سەرئەنجامەکەشی بە شێوەیەکی توند بەستراونەتەوە بە هێنانەدیی ئەو مەبەستانەی کە مژدەیان پێ دەدات.

ئەوەی لەو بەڵگەنەویستە ڕابمێنێت، کە بریتییە لە بەڵگەنەویستی بوونی خودایەکی کارا (وجود إله فاعل)، دەبینێت کە یەکێک لە گرنگترین سیماکانی کارایی ئەفرێنەری گەردوون بریتییە لە زانستی ڕەهای بە هەموو ئەو شتانەی کە لەو گەردوونەدا پێشتر ڕوویان داوە و ئێستا یان لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، ئیدی بچووک بێت یان گەورە، ﴿وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا مِنْهُ مِنْ قُرْآنٍ وَلا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ وَمَا يَعْزُبُ عَنْ رَبِّكَ مِنْ مِثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي السَّمَاءِ وَلا أَصْغَرَ مِنْ ذَلِكَ وَلا أَكْبَرَ إِلا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾[1]، واتە: «ئەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، تۆ هیچ کارێک ناکەیت، هیچ بەشێک لە قورئان ناخوێنیتەوە (کە ئێمە ئاگادار نەبین، ئێوەش ئەی خەڵکینە،) هیچ هەڵسوکەوتێک ناکەن کە ئێمە شایەت نەبین بەسەریەوە لە کاتێکدا ئەنجامی دەدەن و تیایدا ڕۆدەچن، هیچ شتێکیش لە پەروەردگاری تۆ ون نابێت، لە پارچە ئەتۆمێکەوە بگرە لە زەوی یان لە ئاسماندا، بچووکتر بێت یان گەورەتر، کە لە دۆسیەیەکی تایبەتی ئاشکرادا لای ئێمە تۆمار نەکرابێت.»

بەو پێیەشی کە خودای ئەفرێنەر –وەک ئایەتەکە ئاماژەی پێ دەکات– هەموو گەورە و گچکەیەک دەزانێت لە ڕەفتاری بەندەکانی و لەسەر بچووکترین لادانێکیان لەو ڕێبازە کە بۆیان دیاری کراوە، لەسەری بڕۆن سزایان دەدات، ﴿وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ﴾[2]، واتە: «ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەک شەڕ و خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە«، هەروەک چۆن لەسەر پابەندبوونیان پێیەوە، ئیدی پایەندییەکی بچووک بیان گەورە بێت، پاداشتایان دەداتەوە، ﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ﴾[3]، واتە: «جا ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەک خێر و چاکەی ئەنجام دابێت، دەیبینێتەوە«، ئەوا بێگومان واتە مرۆڤی باوەڕدار –جا خاوەنی ئامرازێکی ڕاگەیاندن بێت، یان کارمەندێک بێت تێیدا، یان بەڕێوەبەری بێت– دەزانێت کە

(١) (يونس: ٦١).

(٢) (الزلزلة: ٨).

(٣) (الزلزلة: ٧).

ئەفرێنەرەکەی ئاگای لە هەموو وشە و جوولّە و وەستانێکیشیەتی و بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەشی کە لەم دنیایەدا هەولّی بۆ دەدات، هەروەها ئومێدی ئەو بە گەیشتن بە نازونیعمەتەکانی بەهەشت، بەستراونەتەوە بە پابەندبوون بە ڕێبازی کردگارەکەییەوە لە ڕەفتاریدا، خۆ ئەگەر باوەڕەکەی دروست بێت، وای لێ دەکات کە سوور بێت لەسەر پابەندبوون بە ڕێبازەوە و لێی لا نەدات، بەڵکوو هەولّ و تێکۆشانی لە کارەکەیدا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا بێت.

لەمەدا باشترین گرنتی بۆ پابەندبوون بەو سنوورانەوە هەیە کە یاسادانەر بۆ پیادەکردنی کاری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا داینـاوە[1].

خۆ ئەگەر هەستی ئایینیی هەڵسوڕاوانی بواری ڕاگەیاندن لاواز بوو، یان لەوەی کە بڵاویان دەکردەوە لادانیان هەبوو، یان لەو ڕێگانەی کە لە میانەیانەوە بابەتەکانی ڕاگەیاندن دەست دەخەن سنووریان بەزاند، ئەوا پتر لە ڕێگەیەک، بۆ پابەندکردنیان بەو سنوورانەوە، هەیە:

١. ئەو تاکانەی کە لە دەوروبەریدان: ئەوانیش هەموو ئەوانەن کە زانیارییان بەو سنووربەزاندنە هەیە و توانای ڕێگریکردنیان لێی هەیە –ئەمە بۆ ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بەسەر سەرپێچیکەرەکەدا هەیە–، یان توانای هەڵنانیان لەسەر وازهێنان لە ئەنجامدانی ئەو کارە هەیە، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە دەفەرموویت: «من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، و ذلك أضعف الإيمان.»[2]، واتە: «هەر کەسێک لە ئێوە خراپەیەکی بینی، با بە دەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بە زمانی بیگۆڕێت، خۆ ئەگەر هەر نەیتوانی با بە دڵی بیگۆڕێت، کە ئەمەیان لاوازترینی باوەڕە.» بەو شێوەیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) داوا لە هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی موسوڵمان دەکات کە «وەک ئەو پاسەوانە بێت کە

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محمد منير حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤-٣٦.

(٢) لە فەرموودەی ئەبوسەعیدی خودرییەوە، نەسائی لە «السنن»، کتاب وشرائعه: باب تفاضل أهل الإيمان) تەخریجی کردووە. بڕوانە: أحمد بن شعيب النسائي، سەرچاوەی پێشوو، جـ٨، ل١١١-١١٢. هەروەها ئەبوداود لە «السنن»، کتاب الصلاة: باب صلاة العيدين، فەرموودەی ١٠٤٠، وکتاب الملاحم: باب الأمر والنهي، فەرموودەی ٤٣٤٠ تەخریجی کردووە. بڕوانە: سليمان بن الأشعث أبو داود، سەرچاوەی پێشوو. موسیلیمیش لە سەحیحەکەیدا، کتاب الأمام: باب كون النهي عن المنكر من الإيمان، تەخریجی کردووە. بڕوانە: مسلم بن الحجاج، صحيح مسلم، تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي، (القاهرة: دار إحياء الكتب العربية، ب ت)، ل٨٦. هەروەها ئەحمەدی کوڕی خەنبەل لە «المسند»دا تەخریجی کردووە. سەرچاوەی پێشوو، جـ٢، ل٤٩.

هەمیشە چەکەکەی بۆ پاڕێزگاریکردنی ئەوە ئامادە کردووە کە پێی سپێردراوە بپپارێزێت، ئیدی ئەو هەر خراپەیەک ببینێت هەوڵی گۆڕینی دەدات، ئەمەش وەک جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە بە ئاشکراکردن و وتنی وتەی ڕاست، بەبێ ئەوەی لەمەدا جگە لە خودای گەورە لە کەس بترسێت.»[1]

بێگومان بینینی ئەم ڕۆڵە لەلایەن هەموو تاکێکەوە دەبێتە قەڵغانێکی بەهێز بۆ ئەوەی –بە پێی توانا– ڕێگری لەوە بکات کەسانی تر ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە شەرع پێی ڕازی نییە. ئەم ڕۆڵەش واتای ئەوە نییە کە تاک وەکوو سیخوڕی سانسۆر لەسەر کەسانی تر دابنێت بۆ دۆزینەوەی کەموکووڕیی، بەڵکوو سانسۆری برایەتی و خۆشەویستی و سۆز و بەزەییە، کە دەبێتە هۆی ڕێنموواییکردنی لە کاتی لادان یان گومڕابوونیدا و ئەگەر سەرشۆڕی ڕووی تێکرد، دەستی دەگرێت و هەڵیدەستێنێتەوە و لە کاتی بێزاریدا بێدار و چالاکی دەکاتەوە و لەو شتانە دووری دەخاتەوە کە ئازاری دەدەن.»[2]

ئەمە سەرباری سوودوەرگرتن لە بیرۆکەی دامەزراندنی ڕەخنەگری ناوخۆیی لەناو دامەزراوەی ڕاگەیاندندا، بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی هەر ماددە و بابەتێک کە ئەو ڕاگەیاندنکارە بە شێوەیەک پێشکەشی دەکات کە لە چوارچێوەی شەرعیی ڕێگەپێدراو دەربچێت.

٢. جەماوەری کۆمەڵگەی موسوڵمان ئەگەر میکانیزمەکانی پێشوو سەرکەوتوو نەبوون لە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو ماددانەی ڕاگەیاندن کە سنوورە شەرعییە ڕێگەپێدراوەکان دەبەزێنن، ئەوە واتای ئەوە نییە کە ئەو کەسەی پەیوەندییەکەی ئەنجام داوە، سەرکەوتوو بووە لە بەدیهێنانەکەی ئامانجەکەی بە بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامە، «چونکە ئیسلام مافی ئەوەی بە جەماوەری وەرگر داوە کە سانسۆر بکات و فشاری کۆمەڵایەتی لەسەر ئەوانە بکات کە پەیوەندی ئەنجام دەدەن و لەو ئامانجە بنچینەییە ئاشکرایانە لا دەدەن کە ئیسلام دیاریی کردوون[3].

ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نموونەیەکی زۆر جوانی هێناوەتەوە، کە پێویستبوونی ئەو سانسۆرە بەسەر هەموو ئەوانەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە

---

(١) محمد الدسوقی، دعائم العقیدة فی الإسلام، (طرابلس: منشورات جمعیة الدعوة الإسلامیة العالمیة، ١٩٩٠)، ص٢١٣-٢١٤.

(٢) محمد منیر حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

یەکێک لە ڕێساکانی شەرع لا دەدەن، کاتێک دەفەرموێت: «مثل القائم على حدود الله والواقع فيها، كمثل قوم استهموا على سفينة فأصاب بعضهم أعلاها وبعضهم أسفلها. فكأن الذين فى أسفلها إذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم فقالوا : لو أنا خرقنا فى نصيبنا خرقا ولم نؤذ من فوقنا. فإن يتركوهم وما أرادوا هلكوا جميعا وإن يأخذوا على أيديهم نجوا ونجواجميعا.»[١]

من بە ڕای خۆم و تۆ بە ڕای خۆت و ئەوانی تر بە ڕای خۆیان، دەبێت هەموان ڕووبەڕووی هەڵە و کەموکورتی و لادان ببینەوە و تەنها تەماشاکەری ئەوانە نەبین کە ڕایەکی شاز و خراپیان هەیە، چونکە ئەگەر وازیان لێ بهێنرێت، زیان بە هەموو کۆمەڵگە دەگات، بۆیە پێویستە کۆمەڵ ڕێکی بکاتەوە و ئەگەر پێویستیشی کرد، لەو دەستانە بدات کە دەیانەوێت خراپەکاری بڵاو بکەنەوە[٢].

ئەرکی کەسە پیاوماقوڵ و خاوەنڕاکانی کۆمەڵگەشە، هەروەک ئەرکی دامەزراوە مەدەنییە (ناحکومییە) پەیوەندیدارەکانیشە بەشداری لە بونیادنانی کۆمەڵگەی چاکدا بکەن، هەروەها بەشداری لە بەرپەرچدانەوەی هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن یان هەر کارمەندێکی بکەن کە سنوور دەبەزێنێت. ئەمە سەرباری ئەو ڕۆڵەی کە ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەگەری و یەکێتییەکانی ڕاگەیاندن و ڕەخنەگرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە ڕاستکردنەوەی کاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا دەیگێڕن.

شیاوی ئاماژەپێکردنیشە هەر خەمساردییەک لەلایەن هەر تاکێک یان هەر لایەنێک لەو لایەنانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، لەوانەی کە بەرپرسیارێتیی چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی هەر لادانێکیان پێ سپێردراوە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کارمەندەکانیان ئەنجامی دەدەن، ئەوا لای خوای باڵادەست و کارزان لەسەریان تۆمار دەکرێت، ئەو خودایەی کە هیچ شتێک لە زەوی و ئاسماندا ناتوانێت لە زانیاریی ئەو بەدەر بێت، پاشان ئەو کەس و لایەنەی خەمساردییەکەشی نواندووە، بەر تووڕەیی و سزای دەکەوێت.

***

(١) بوخاری لە سەحیحدا لە فەرموودەی نوعمانی کوڕی بەشیر: كتاب الشركة، باب هل يقرع فى القسمة والإستهام، فەرموودەی ٢٣٦١ تەخریجی کردووە. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. بڕوانە: محمد بن إسماعيل البخارى، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) محمود يوسف مصطفى، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

لە میانەی خستنەڕووی سیما گشتییەکانی تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە بارەی ئازادیی ڕاگەیاندن و گرنگترین ئەو کەموکوورپییانەی کە هەیانبوو، هەروەها خستنەبەرباسی تێزە هاوتاکانیان لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا لە لاپەڕەکانی ئەم بەشەدا، گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک، بریتین لە:

- پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا لەو سنوورەدا ناوەستێت کە تەنها مافێکی تاکە –وەک ئەوەی هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی لێی دەڕوانێت–، بەڵکوو زۆر جار بەرز دەبێتەوە تا دەبێتە ئەرک (واجب)ێک کە سروشتی ئەو ڕۆڵە دەیخوازێت کە وەک بوونەوەرێکی تەکلیفلێکراو بە مرۆڤەوە لکێنراوە، لەم ژیانەدا.

- هەر کەموکوورِی و خەمساردییەک کە تاک لە میانەی کاری ڕاگەیاندندا لەو ئەرکانەیدا بینوێنێت کە پێی سپێردراون، تەنها بە پێشێلکردنی مافی کۆمەڵگە هەژمار ناکرێت –وەک ئەوەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمەکان لێی دەڕوانن–، بەڵکوو درێژ دەبێتەوە تا بە سنوورشکێنی دادەنرێت لە بەرانبەر خودادا و دووچاری تووڕەیی ئەو زاتەی دەکات. ئیدی وای لێ دەکات لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە باڵایەدا شکست بهێنێت کە پێویست بوو، ئەگەر تەنانەت بە نەفسی خۆیشی بووایە، قوربانیی بۆ بدایە، کە بریتییە لە ڕەزامەندیی خوای گەورە.

لە لایەکی ترەوە سوود و قازانجی ڕاپەڕاندنی ئەو بۆ ئەرکەکانی بەوەوە ناوەستێت کە تەنها سەرکەوتوو دەبێت لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لەم ژیانەدا هەوڵی بۆ دەدات، بەڵکوو ئەوەش تێدەپەڕێنێت –ئەگەر نیەتی پاک بێت بۆ خوای گەورە– بۆ سەرفرازبوون بە ڕەزامەندیی خوای گەورە و مانەوەی هەمیشەیی لە بەهەشتەکانیدا.

- ئەو تێگەیشتنەی کە هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم هەیەتی –بەتایبەت لیبراللییەکە–، کە بریتییە لە ڕوانین بۆ ئازادیی ڕا و گوزارشتکردن وەک مافێک کە نابێت هیچ سنووردێک ڕێی لێ بگرێت، هیچ شتێکی جێگیر نەبێتە لەمپەر لە بەردەمیدا – لە بەرتەسکترین سنووردا نەبێت–، ڕەنگدانەوەیەکی سروشتیی ئەو بەڵگەنەویستەیە کە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم لە هەموو چالاکییەکانیدا کردوویەتی بە سەرەتا و سۆنگە بۆ خۆی، ئەویش بریتییە لە بەڵگەنەویستی «نەبوونی حەقیقەتێکی باڵای ڕەها». خۆ ئەگەر ئەو بەڵگەنەویستە ئەوە بەسەر هزری پۆزەتیڤیزمدا بسەپێنێت کە بەو شێوەیە لە ئازادیی ڕاگەیاندن تێبگات، ئەوا لە بەرانبەر ئەو بەڵگەنەویستەدا، لە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامیدا بەڵگەنەویستێک هەیە کە ئەوە بەسەر ئاوەزی موسوڵماندا دەسەپێنێت کە ئەو ڕاستییە باڵایانە بکاتە مەشخەڵی ڕێی لە هەر پرسێکدا کە بیەوێت لە بارەیەوە

ڕای خۆی دەربڕێت، کە خۆی لە سروشدا دەبینێتەوە.

– هەروەها هیچ بواریک بۆ دەوڵەت نییە کە بە دەسەڵاتی خۆی دەستتێوەردان بکات –وەک ئەوەی لە هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزمدا هەیە– بۆ لابردنی سنووریک لە سنوور شەرعییەکانی پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن، یان دانانی کۆتوبەندێک کە شەریعەت دانی پێدا نانێت. هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی لەو جۆرەش ئەوە لەسەر کۆمەڵگەی موسوڵمان دەسەپێنێت کە بە ڕێگا ڕەواکان ڕێگریی لێ بکەن، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە بەرپرسانی ئەو کارە دەخاتە بەر خەشم و سزای خودا.

– زنجیرە ئەڵقەیەکی تەواوکار میکانیزمی پابەندکردنی تاک هەیە لە باری بەزاندنی سنووری ڕێگەپێدراوەکان لە پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندندا، چاودێریی خوای گەورە لە لوتکەی ئەو میکانیزمانەدایە کە تەنها بە چاودێریکردنی هەر لادان و کەموکورتییەکەوە ناوەستێت کە هەڵسوڕێنەرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامی دەدەن، بەڵکوو بۆ چاودێریکردنی هەر لادان و خەمساردی و کەموکوڕییەکی ئەوانەیشی درێژ دەبێتەوە کە ڕۆڵێکیان هەیە –جا بچووک یان گەورە بێت– لە پابەندکردنی ئەو ئامرازانە بەو سنوورانەوە، ئەمەش شتێکە کە ئەستەمە لە هیچ فەلسەفەیەکی تردا لەو فەلسەفانە هەبێت کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بەرهەمی هێناون، یان بەرهەمیان دەهێنێت.

– دەتوانرێت سوود لەو میکانیزمانەی پابەندیی خودی ببینن کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرهەمی هێناون، بۆ پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئیسلامی، بە شێوەی گشتی، بە ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتیی سەرشانیان لە لایەک و پابەندکردنیان بە نەبەزاندنی سنووری ڕێگەپێدراوەکان لە لایەکی ترەوە.

هەروەها دەتوانرێت سوود لەو میکانیزمە وەربگیرێت کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی دایهێناوە، لە دارشتنی ئەو سیاسەتانەدا کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کارەکانیاندا ڕێنمایی و بەرچاوڕوونیی لێ وەربگرن، ئەویش لە دروستکردنی میکانیزمێکی هاوشێوە، کە بریتییە «دەستەی بانگەواز»، کە ئەرکەکەی دارشتنی ئەو سیاسەتانەیە کە ڕۆژنامە حکومی یان تایبەتەکانی بانگەوازی ئیسلامی ڕێنمایی و بەرچاوڕوونییان لێ وەردەگرن، دەشکرێت هەندێک دەسەڵاتی پابەندکردنی ئەو ئامرازانەیان پێ بدرێت بۆ گرتنەئەستۆی ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە چاوەڕوان دەکرێت جێبەجێی بکەن، بە مەرجێک ئەمە نەبێتە دەروازەیەک بۆ دەستتێوەردانی حکومی لە کاروباری تایبەتیی ڕۆژنامەکاندا.

بەشی دووەم:
ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

ڕێخۆشکردن

پرۆسەی پێشکەشکردنی باشترین وێنا بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە یەکێک لە گرنگترین ئەو گرفتانە هەژمار دەکرێت کە ڕووبەڕووی هزری ڕاگەیاندن بە قوتابخانە جیاوازییەکانیەوە بووەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەری بەکارهێنانی ئەو مافی خاوەندارێتییەی کە هزری ڕاگەیاندن بە لایەنێکی دەبەخشێت -جا ئەو لایەنە تاک بێت یان حکومەت-، بە شێوەیەک کە خزمەتی بەرژەوەندیی خۆی بکات و ڕەنگە لەسەر هەژماری بەرژەوەندیی ئەو جەماوەرەشدا بێت کە پێویستە ئەو ئامرازانە خزمەتی بکەن، ئەگەرێکە زۆر ڕێی تێدەچێت ڕوو بدات و دانانی دیسپلینی تۆندوتۆڵیش بۆ ڕوونەدانی ئەوە ئاسان نییە، بەڵام ئەمە ڕێگریی لەوە نەکردووە کە هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن باشترین وێنای خۆی بۆ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەش بکات.

لەم بەشەدا تاووتوێی تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لەمەڕ ئەو گرفتەدا، بە شێوازێکی ڕەخنەیی و بەراوردکارانە، لەگەڵ تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی، دەکەین، لە میانەی ئەم سێ پارەدا:

پاری یەکەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاددا

پاری دووەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراودا

پاری سێیەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا

پاری یەکەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازاددا

داخوازی یەکەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیدا

یەکەم: تایبەتمەندییەکانی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەو هۆکارانەی لە دروستکردنیاندا بەشدارن

ئ. تایبەتمەندییەکانی وێنای ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

بەکورتی دەتوانرێت بوترێت ئەو وێنایەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەیەتی، مافی خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازانە لە تاکدا کورت هەڵدەهێنێت و خاوەندارێتیی حکومیی ئەو ئامرازانە –بەتایبەت ڕۆژنامەگەری– حەرام دەکات و هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی حکومەت لە ئازادیی خاوەندارێتیی ئەو ئامرازانەدا ڕەت دەکاتەوە. ئەمە لە شێوەی بەخشینی مۆڵەتی خاوەندارێتیدا یاخود پێشکەشکردنی کۆمەک بۆ خاوەنەکانی، یان ئەو ڕێگانەی تر بێت کە ڕەنگە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە سەربەخۆیی ئەو ئامرازانە کەم بکاتەوە.

ب. ئەو هۆکارانەی کە بەشدار بوون لە دروستکردنی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی خاوەندارێتی

١. وێنای گشتیی هزری کۆمەڵایەتی لیبرالی بۆ ئازادیی خاوەندارێتی

ئەو وێنا گشتییەی کە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بۆ مافی خاوەندارێتی هەیەتی، لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی ئەو هزرە بۆ سروشتی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە پێش کۆمەڵگە هەبووە و مافێکی سروشتیی هەیە کە نابێت لێی زەوت بکرێت، بونیاد نراوە. یەکێکیش لە گرنگترینی ئەو مافانە، مافی خاوەندارێتییەتی.

بەو پێیەشی ئەو بوونەوەرە لە هەمان کاتدا دروستکراوێکی ئاوەزمەند و ئەخلاقییشە، ئەمە –زۆربەی کات– وای لێ دەکات کە هەموو ئەو شتانەی هەیەتی، بە باشترین شێوە بۆ دەستخستنی سوود و قازانج بەکار بهێنێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بەبێ زیانگەیاندن بەوانی تر و بە شێوەیەک کە دواجار برژێتە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتییەوە.

هەروەها لەبەر ڕۆشنایی تیۆرانینی لیبرالیزم بۆ دەوڵەت وەک شەڕێک کە دەبێت هەبێت و هەر دەستتێوەردانێکیش لەلایەن ئەوەوە ڕەنگە کاری سروشت تێکبدات، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە پرۆسەی ڕکابەریی ئازاد کۆنترۆڵ دەکەن، بۆیە ویستی ڕێگری لە دەوڵەت بکات کە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکات، تەنها لە پرۆژە قازانجنەویستە پێویستەکانی کۆمەڵگەدا نەبێت. بڕواشی وا بوو کە باشترین ئامراز بۆ هاتنەکایەی پێشکەوتنی خوازراو –کە هەر ئەمەش مەبەستی لیبرالیزمە– بریتییە لە خاوەندارێتیی تاکەکەسی. ئەم وێناکردنەی بۆ خاوەندارێتیی تایبەت پاڵپشتیی تیۆرانینی ئەوەی بۆ ئەو خاوەندارێتییە وەک یەکێک لە مەرجە گرنگەکانی ئازادی کرد، چونکە داننان بە بوارێکی تایبەتدا، کە تاک تێیدا سەربەخۆ و دوور بێت لە دەستتێوەردان، وا دەخوازێت کە خاوەندارێتی دابەش ببێت و لە یەک دەستدا کۆ نەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر دەستی دەوڵەتیش بێت. ئیدی بۆیە هەمەڕەنگیی خاوەندارێتی یەکێکە لە مەرجەکانی ئازادی[1].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو وێنا گشتییە بۆ خاوەندارێتی، هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی وای بۆ چوو کە هەر تاکێک –ئیتر هاوڵاتی یاخود کەسێکی بیانی بێت– ویستی خاوەندارێتیی هەر یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی هەبوو، پێویستە بەتەواوی دەرفەتی لە بەردەمدا بۆ بڕەخسێنرێت، مادام دارایی تەواوی بۆ ئەو خاوەندارێتییە هەبێت. ئیدی سەرکەوتن و شکستی ئەو لەسەر توانای ئەو بۆ دەستخستنی قازانج وەستاوە، کە ئەویش لەسەر ڕازیکردنی جەماوەر دەوەستێت[2]، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە هزری لیبرالی هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی لە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن –بەتایبەت ڕۆژنامە– لەلایەن حکومەتەوە ڕەت کردەوە، چونکە بڕوای وا بوو کە هەر دەستتێوەردانی ئەو بە هەر شێوازێک بێت، ڕەنگە بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەریی لەسەر ئازادیی ڕاگەیاندن هەبێت، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ئاواتەکانی ئەودا دەگونجێت. هەروەک چۆن بەخشینی مافی خاوەندارێتیی ئەو ئامرازانە بە دەوڵەت بەسە بۆ ئەوەی گیانی ڕکابەری بکوژێت، بەتایبەت کە ئامرازەکانی ئەو پێویستیان بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی قازانج نییە، ئەمەش لەبەر ئەو توانا زەبەلاحەی کە دەتوانێت بۆ ئەو ئامرازانەی فەراهەم بکات[3].

---

(١) بڕوانە: حازم الببلاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

(٢) بڕوانە:

- F.S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 52.

(٣) لە بارەی هەڵوێستی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی لە بارەی خاوەندارێتیی حکومیی ئامرازەکانی

٢. ئەو تێگەیشتنەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن هەیەتی

بەو پێیەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی وەک مافێکی سروشتیی تاک لە ئازادیی ڕاگەیاندن دەڕوانێت، کە هیچ بواریک بۆ بێبەشکردنی لێی نییە، هەروەها بەو پێیەی کە توانای چێژوەرگرتنی تاک بە هەموو جۆرەکانی ئەو مافە وا دەخوازێت کە هیچ جۆرە فشارێکی دەرەکیی نەبێت، بەو پێیەشی کە بەخشینی هەر یەکێک لە ئامرازەکانی زاڵێتی بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بە دەوڵەت، واتە بەخشینی ئامرازێکی گرنگ بەو، کە دەتوانێت لە میانەیەوە ڕێگری لەوە بکات تاک بتوانێت سوود لەو مافە سروشتییەی وەربگرێت و ئەوەی بە خەیاڵیدا دێت گوزارشتی لێ بکات، شتێکی سروشتی بوو کە هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی کار لەسەر ئەوە بکات کە مافی خاوەندارێتی بە تاک ببەخشێت بۆ خاوەندارێتیکردنی هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن کە بیەوێت، بەو شێوەیەی کە وای لێ بکات بتوانێت مومارەسەی ئەو مافەی خۆی بکات و ڕێگری لە دەستتێوەردانی دەوڵەت بۆ هەر جۆرە بێبەشکردنێکی لەو مافە بکات.

٣. ئەو ئەرکانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕایبپەڕێنن

ئەو ئەرک (وەزیفە)انەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەشداریکردن لە هێنانەکایەی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕایبپەڕێنن، لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەن کە لە سایەیاندا ئەو وێناکردنە دادەڕێژراوە کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی خاوەندارێتی هەیەتی.

– ئەوەتا ئەو ئەرکە گرنگەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئەو ئامرازانە جێبەجێی بکەن، کە بریتییە لە ئەرکی یارمەتیانی دۆزینەوەی ڕاستی و ڕۆشنکردنەوەی زەینەکان لە سایەی ئەو ڕاستییەدا، وا دەخوازێت لە هەر تاکێک کە ڕا یان زانیارییەکی لایە، کە دەکرێت لە دۆزینەوەی ڕاستیدا بەشداریی پێ بکات، کە لە ڕێگەی ئەو ئامرازەوە پەخشی بکات کە بۆی گونجاوە. بێگومان ئەمە فرەیی و هەمەڕەنگیی ئامرازەکان دەخوازێت، بە شێوەیەک کە ئاسانکاری بۆ پەخشکردنی هەموو ڕا و بیرۆکەکان بکات، کە بنچینەی گەیشتنە بە ڕاستیی تەواو[١].

ڕاگەیاندنەوە، بڕوانە:

– Ibid, p. 52.

– میلتون هولیستاین، اقتصادیات وسائل الإعلام فی اوربا الغربیة، فی ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٨.

(١) لە بارەی گرنگیی فرەیی لە گەیشتن بە ڕاستیدا، بڕوانە:

– ڕۆڵی چاوەڕوانکراو لە ڕۆژنامەوانی لە خزمەتکردنی سیستمی سیاسی دیموکراسی، فرەیی کەناڵە ڕاگەیاندنکارەکان دەخوازێت، بە شێوەیەک کە وا بکات هەموو لایەن و دەستە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە هزرییەکان بتوانن گوزارشت لە بیر و بەرنامەی خۆیان بە ئازادیی تەواوەوە بکەن، بەبێ ملکەچبوون بۆ فشار و زۆریی حکومەت، لە باری خاوەندارێتیی حکومەتدا و ئەگەری ڕێگەنەدانی بە دەرکەوتنی هەر بیر، یان ڕاڕاستە، یان ڕەخنەیەکی دژ بە حکومەت[1].

– ڕۆڵی چاوەڕوانکراو لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە بریتییە لە پارێزگاریکردن لە ئازادییە مەدەنییەکان و ئەوەی ئەو کارە دەیخوازێت لە بینینی ڕۆڵی سەگی پاسەوانی (Watchdog) کە هەر کاتێک ئازادییەکانی جەماوەر کەوتنە مەترسییەوە، ئاگاداریان دەکاتەوە، ئەمە وا دەخوازێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ملکەچی هیچ جۆرە فشارێکی حکومەت نەبن. هەروەها وا دەخوازێت کە ئازادییەکی تەواو لە خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازانەدا هەبێت، تەنانەت ئەگەر وا ڕووی دا کە یەکێکیان قسەکردنی لە لادانێکی ئەوتۆ پشتگوێ خست، ئەوانی تر بیخەنە بەرباس و تاووتوێی بکەن، نەک تەنها لەو شتانەی کە بە سنووربەزاندنە حکومییەکانەوە پەیوەستن، بەڵکوو پەیوەست بە هەر سنوورشکێنییەک کە سەرچاوەکەی هەر لایەک بێت، کە ئەگەری ئەوەی هەبێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئازادیی جەماوەر و بەرژەوەندییەکانی دروست بکات.

– پەرەدان بەو خزمەتگوزارییانەی کە دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەش بە جەماوەری بکەن، لە هەموو ئەو کارانەی کە لێی داوا کراوە بیکات، فرەیی ئەو ئامرازانە دەخوازێت، بە شێوەیەک کە گیانی ڕکابەری بخوڵقێنێت، کە بە هۆکاری بنچینەیی لە بواری پەرەدان بەو خزمەتگوزارییانە هەژمار دەکرێت کە ڕاگەیاندن پێشکەشی جەماوەریان دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشترین شێوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە پێویستە بیگێڕێت.

بەو شێوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم هۆکارانەدا شتێکی سروشتی بوو کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی وێنایەک دابڕێژێت کە خاوەندارێتیی تاکەکەسی بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پیرۆز دابنێت و ڕێگرییش لە هەر دەستتێوەردانێکی حکومەتیش لەو بارەیەوە بکات.

– P. M. Sandman, etal., op. cit., P. 168,

– J.C Merrill, Global Journalism: Survey of the World 's Mass Media, op. cit., P. 25,

– Ibid, P.25.

(1) Ibid, P. 25.

٣. دووەم: هەڵسەنگاندنی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی خاوەندارێتی

لە کەتواردا ئەو وێنایەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن داینـاوە، وێنایەکە گرنگی و وەجاهەتی خۆی هەیە، چونکە بێگومان ئەو وەزیفانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن، بەتایبەت هەردوو وەزیفەی گەڕان بەدوای ڕاستی و پاراستنی مافە مەدەنییەکان لە پێشێلکارییەکانی حکومەت، هەروەها ئەوەی ئەم وەزیفانە دەیخوازن لە گێڕانی ڕۆڵی چاودێر بەسەر ڕەفتارەکانی حکومەتەوە و ئاشکراکردنی لادانەکانی، ئەمانە وا دەخوازن کە فرەیی لەو ئامرازانەدا هەبێت، هەروەها وا دەخوازێت کە دەرفەت بە حکومەت نەدرێت کە خاوەندارێتیی تاکەکان بۆ ئەو ئامرازانە بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام زیادەڕەویکردن لە ترسان لە حکومەت، تا ئاستی بێبەشکردنی بە هەموو جۆرە دەستتێوەردانێک لە کاروباری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تەنانەت ئەگەر دەستتێوەردانی ڕێکخستن بێت، بە پشتبەستن بەو تێزە ناکامانەی کە هزری کۆمەڵایەتی لیبرالی لە بارەی سروشتی دەوڵەت و سروشتی مرۆڤەوە داینـاوە، شتێکی سروشتی بوو کە لە بواری جێبەجێکردندا سەر بکێشێت چەندین دەرهاویشتەی نەرێنی –لەگەڵ ئەو لایەنە ئەرێنییانەی کە هەیەتی– بە شێوەیەک کە لەمپەری لەبەردەم ڕاپەڕاندنی ئەو ڕۆڵەدا دروست کرد کە لە هێنانەکایەی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی لیبرالیدا پێی سپێردراوە، بەڵکوو بە شێوەیەک کە زۆرێک لەو ئامرازانە بوون بە ڕێگر لەبەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مەترسی لەسەر ئەخلاقی گشتی[١].

شکستەکانی جێبەجێکردنی ئەم وێنایە لە ئەرزی واقیعدا تەنها بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە لەسەر پێشەکیگەلێکی ناکام هەڵچنراوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بنچینەیی، بۆ سروشتی ئەو مەبەستانە دەگەڕێتەوە کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بۆ باوەڕدارانی خۆی لەم دنیایەدا مژدەی پێ دابوون، هەروەها ئەو وێنایەی کە هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بۆ شێوازی هێنانەکایەیان و ئەوە دابنابوو کە ئەم وێنایە بڕوای وا بوو خاوەندارێتیی کەسی بە یەکێک لە پایەکانی هێنانەکایەی ئەو مەبەستانە دادەنرێت، بە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیشەوە، چونکە ئەو بڕوای وایە کە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، دواجار خزمەت

---

(١) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Deterson and W. Schramm, op. cit., P. 78.

به بەرژەوەندیی گشتی دەکات، ئەمەش بەسەر هەموو شێوەکانی خاوەندارێتیدا لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا دەچەسپێت[1].

هێندە نەبێت کە -لە سایەی کورتهەڵهێنانی مەبەستەکانی تاک لە بواری ئەم دنیایەدا- بەکارهێنانی خۆپەرستانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دواجار بۆ هاتنەدیی بەرژەوەندیی گشتی سەری نەکێشا، وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، بەڵکوو ئەو ئامرازانە لە هێنانەکایەی ئامانجی خاوەنەکانیاندا بە شێوەیەک بەکار هێنران کە زۆربەی کات لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی دژ دوەستاوەتەوە و دژ دەوەستێتەوە.

ئەوەتا ئەو ئامرازانە لەلایەن هەندێکەوە وەک ئامرازی بەدەستهێنانی دەسەڵات و قەڵەمڕەو بەکار هێنراوە، هەروەک چۆن لەلایەن هەندێکی ترەوە وەک ئامرازی قازانج کۆکردنەوە بەکار هێنراوە. لێرەدا ئەو بەکارهێنانانە کەمێک بەدرێژی دەخەینە ڕوو:

ئـ. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک ئامرازی بەدەستهێنانی دەستڕۆیشتوویی (النفوذ)

لەو بارەیەوە، هەندێک لە خاوەدارانی ئەو ئامرازانە، ئامرازەکانیان وەک میکانیزمێک بۆ بڵاوکردنەوەی گۆشەنیگای خۆیان بەکار هێناوە، لەسەر هەژماری گۆشەنیگا ئۆپۆزسیۆنەکان، هەروەک چۆن وەک میکانیزمی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسیی حکومەت بەکار هێناون[2]، بەتایبەت لەو پرسانەدا کە بەرژەوەندیی خاوەندارانی ئەو ئامرازانە یان ئەو سەرمایەدارانەیان تێدا بوو، کە خاوەندارێتیی بەشێکی زۆری ئەو ئامرازانە دەکەن، یاخود لانی کەم سەرچاوەی سەرەکیی فەندکردنیانن لە ڕێگەی ڕیکلامەوە، ئەوانەی کە بڕوایان وا بوو کە ئەو ئامرازانە دەتوانن ببنە لەمپەر لەبەردەم بەهێزی و زاڵێتییان لە جیهانی ئابووریدا. ئەمەش وای کرد کە بوونی یەک ڕۆژنامە بە یەکێک لەو ئامرازە گرنگانە هەژمار بکرێت کە وا دەکەن ئەو بڕیارانە بە ئاڕاستەی خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بێت[3]، هەروەک چۆن، لە لایەکی ترەوە، بە ئامرازێکی گرنگ بۆ ئاراستەکردنی ڕای گشتی بەو شێوەیە دادەنرێت کە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانەدا بگونجێت[4].

لەو پێناوەدا هەندێک ڕۆژنامە دەستیان لە کارکردن لەسەر ڕێگریکردن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کارکردن لەسەر بەردەوامیی ئەو بارودۆخە نەپاراستووە کە هەیە، کە لە بەرژەوەندیی خاوەن و پاڵپشتکارە داراییەکانیاندایە لە سەرمایەداران.

---

(١) بڕوانە: ولیام ل ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨-٩٩.

(٢) بڕوانە: أیمن النبوی غبور، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

(٣) سلیمان صالح، «الإعلام الدولی و سیطرة شرکات متعددة الجنسیات»، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(٤) عبد اللطیف حمزة، أزمة الضمیر الصحفی، ل١٢.

ب. بەدەستهێنانی قازانج

لەگەڵ ئەوەی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی قازانج یەکێکە لەو وەزیفانەی چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن، وەک تاکە ڕێگەیەک بۆ بەردەوامیی ڕکابەریی نێوانیان، بە شێوەیەک کە زامنی باشکردنی ئەو خزمەتگوزارییە ڕاگەیاندنکارییانە بکات کە پێشکەش بە جەماوەرەکەیانی دەکەن، بەڵام لای زۆرێک لەوانەی خاوەنی ئەو ئامرازانەن، قازانج، ئامرازی بەردەوامیدانی پرۆژەکانیان لە خزمەتی خوێنەرەکانیانەوە، گۆڕا و قازانجەکە خۆی بوو بە خودی مەبەستەکە[١].

زاڵبوونی ئەم مەبەستەش بۆ چەندین دەرئەنجامی نەرێنی سەری کێشا، بۆ نموونە:

ئ. بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە زۆرترین جەماوەر ڕادەکێشن: ئەو ڕۆژنامانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج دەدەن، بێگومان کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە دەکەن کە جەماوەر دەیانەوێت، بۆ ڕاکێشانی زۆرترین ڕێژەی جەماوەر و ئەمەش واتە زیادبوونی دابەشکردن و ڕیکلام و دواتر قازانج. لەو پێناوەشدا ئەو جۆرە ئامرازانە کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی کردووە کە کاردانەوەی خێرایان دەبێت، وەک هەواڵی تاوان و توندوتیژی و[٢] گەندەڵی و کارەسات و هەواڵێ سێکس و ئابڕووچوون، بەتایبەت ئابڕووچوونی کەسە بەناوبانگەکان[٣]، تەنانەت هەندێک ڕۆژنامە تایبەت کراون بە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە و دەست لە بڵاوکردنەوەی هەر شتێک ناپارێزن کە جەماوەریان بۆ زیاد بکات، ئەمانە ئەو ڕۆژنامانەن کە بە ڕۆژنامە زەردەکان (الصحف الصفراء) ناو براون[٤].

---

(١) محمد الرميحى، نمور شرسة من الورق تبدأ حرب الفضاء: صناعة الصحافة بين وهم الديموقراطية واحتكار السلطة، مجلة العربى، عدد ٤١٩, أكتوبر ١٩٩٣، ل١٢.

(٢) بڕوانە:

M. L. Defleur and S. B. Rokeach,Theories of Mass Communication, 4 the Edition (New York: Longman, 1982), p. 178.

لە بارەی بەکارهێنانی تاوان و توندوتیژی لە ئامرازە ڕۆژئاواییەکانی ڕاگەیاندنەوە و کاریگەرییان لەسەر ئەو ئامرازانە و جەماوەرەوە، بڕوانە:

- R. E Hiebert and C. Reuss, op. cit., p.123-158.

(٣) سەبارەت بە بەکارهێنانی تاوان و توندوتیژی و بابەتی وروژاندن، بڕوانە:

- Ibid, p. 161-170.

(٤) سەبارەت بەو ڕێگایانەی کە ئەو ڕۆژنامانە لە ڕاکێشانی جەماوەردا بەکاریان دەهێنا، بڕوانە:

ب. زاڵبوونی ڕیکلام: شتێکی سروشتی بوو لە سایەی هەوڵی بێوچانی زۆرێک لە ڕۆژنامەکان بۆ قازانجی زیاتر، کە قازانجکەرە سەرەکییەکان، کە ڕیکلامکارەکانن –بەتایبەت گەورەکانیان–، کار بۆ سەپاندنی مەرجی خۆیان بەسەر ئەو جۆرە ڕۆژنامانەدا بکەن، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەواندا دەگونجێت و فەرامۆشکردنی ئەو بابەتانەشی کە پێچەوانەی ئەو بەرژەوەندییانەن[١].

پ. قۆرخکردن: ڕێگەی سێیەم و مەترسیدارتر، کە خاوەنی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە بەدوای قازانج و دەسترۆیشتوویی زیاتردا دەگەڕێن، بریتی بوو لە دروستکردنی قۆخکاریی ڕاگەیاندن. ئەو پەرەسەندنە تەکنەلۆژییانەی کە پیشەسازیی ڕۆژنامەگەری بەخۆیەوە بینیی، هەروەها زیادبوونی تێچووی کاری ڕاگەیاندن و زیادبوونی ڕکابەری لەنێوان ڕۆژنامەکاندا بۆ ڕاکێشانی خوێنەری زیاتر و دواتر، داهاتی پتری ڕاگەیاندن، بۆ هەنگاونان بەرەو دروستکردنی کوتلەی ڕۆژنامەوانی سەریان کێشا، کە بەشداری لە کەمکردنەوەی تێچووی ڕۆژنامەکان لە لایەک و باشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندن دەکات، بەو شێوەیەی کە توانایەکی بەهێز بەو کوتلانە بدات[٢].

شتێکی سروشتییش بوو کە ئاڕاستەی قۆرخکاری بۆ پێداگریکردن لەسەر خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی بەردەوام سەر بکێشێت، سامۆیل بیکەر[٣]یش تێبینیی ئەوەی کرد ئەو پێداگرییە بە شێوەیەکی جێگیر لە سەدەی بیستەمدا هەڵکشاوە، وەک هەموو پیشەسازییەکانی تر، بەبێ بوونی ئاماژەی پاشەکشە.

ئیدی ئەو ڕۆژنامانەی کە لاوازن و لە سایەی بوونی قۆرخکارییە زەبەلاحەکاندا

- عبد اللطيف حمزة، أزمة الضمير الصحفي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦-١٢٠.

هەروەها بڕوانە:

- وليام ل ريفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٩.

(١) بڕوانە:

- F. S. Siebert, T. Petereson, and W. Schramm, op. cit., P. 79.

(٢) سەبارەت بەو هۆکارانەی کە پاڵنەر بوون بۆ دەرکەوتنی «قۆرخکارییە ڕۆژنامەگەرییەکان» و ئەو شتانەی لێیان کەوتنەوە، بڕوانە:

- Commission on Freedom of the press, op. cit., p. 48,

- S. L. Becker, op. cit., p. 335,

- محمد البادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١-١١٦.

(٣) بڕوانە:

-S. l. Becker, op. cit., P 330.

ناتوانن ڕکابەری بکەن، سەرئەنجامیان کەوتن یان ئاوێتەبوونە لە کوتلەیەکی ڕاگەیاندنکاریی تردا[١].

هەروەها شتێکی سروشتی بوو کە ڕووکردنە دروستکردنی قۆرخکاری – لەگەڵ ئەوەی کە وا لەو ڕۆژنامانە دەکات کە دەچنە ژێر باڵیەوە کە بتوانن بەبەردەوامی پەرە بەخۆیان بدەن- دەرئەنجامێکی حەتمیی لێ بکەوێتەوە کە بریتییە لە دارمانی فرەیی، پاشان هەڕەشە بۆ سەر مافی جیاوازی و هەمەڕەنگی لە بۆچوونداو ڕکابەریکردن لە بازاڕێکی ئازادا[٢]، کە ئەمانە پایەی بنچینەیی جێبەجێکردنی گرنگترین ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنن لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا، کە بریتییە لە بەشداریکردن لە دۆزینەوەی ڕاستیدا.

لە سایەی ئەو قۆرخکارییەشدا پرۆسەی چوونەناو بازاڕی ڕاگەیاندن و سەرکەوتن تێیدا بوو بە شتێکی نیمچەئەستەم و خودی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییش وای لێ هات کە نەتوانرێت تەنها لە ڕێگەی ڕزگارکردنی لە زاڵدەستیی سیاسی زامن بکرێت –کە ئەمە ئامانجی بنەڕەتیی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بوو-، بەڵکوو هەروەها لە ڕێگەی ڕزگارکردنیشی لە زاڵێتیی دەسەڵاتی ئابووریییەوە زامن بکرێت[٣]، ئەمە ئەوە بوو کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی پەی پێ برد، لەگەڵ ئەوەی کە لە پەیبردن بە مەترسیی زاڵێتیی سیاسی بەسەر ئازادیی ڕۆژنامەگەری شکستی هێنابوو.

ئەمانە گرنگترینی ئەو دەرئەنجامە نەرێنییانە بوون کە لە گرتنەبەری وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کەوتنەوە، کە بوون بە پاڵنەری گرنگ و بەشداریان لە دەرکەوتنی هزرێکی نوێی ڕاگەیاندن کرد، کە هەوڵی دا هەندێک هەموار لەو وێنایەدا بکات، بە شێوەیەک کە بتوانێت ئەو خاڵە لاوازانە، یان لانی کەم هەندێکیان، نەهێڵێت.

---

(١) بڕوانە:

- Commission on Freedom of the press, op. cit., p. 49.

- محمد الرميحى، نمور شرسة من الورق تبدأ حرب الفضاء، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(٢) بڕوانە:

- عبد اللطيف حمزة، أزمة الضمير الصحفى، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١-٩٢,

- B. M. Compaine, Who Ownes the Media? Concentration of Ownership in the Mass: Communication Industry (New York: Harmony Books, 1979), p. 34.

(٣) بڕوانە:

- H. Hardt, Social Theories of the Press, (London:.Sage Publication, 1979), p. 70.

داخوازی دووەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا

گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی گۆڕانگارییەکان لەسەر وێنای فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەمانەن:

١. گۆڕانی تێڕوانینی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالی بۆ سروشتی خاوەندارێتی

ئەو هەموارانەی کە لەسەر دەستی لیبراڵییە نوێگەرەکان لە تێزەکانی هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا لە بارەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستی و سروشتی دەوڵەتەوە ئەنجام دران، بۆ داڕشتنی وێنایەکی نوێ بۆ سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت سەریان کێشا، بەتایبەت لە بواری ئابووریدا. بۆیە ئیدی، لە سایەی ئەم وێنایەدا، ئازادیی خاوەندارێتی وەک مافێکی سروشتی لێی نەدەڕوانرا، بەڵکوو وای لێ هات وەک وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانرا، کە پێویستە -وەک هەموو مافەکانی تر- ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵ بێت، پتر لەوەی مافێکی تاکەکەسی بۆ خاوەنەکەی بێت[١]، کە وای لێ بکات توانای خراپبەکارهێنان و هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی، بەو شێوەیەی پێی خۆشبێت، هەبێت.

ئەمەش وای لە هزری لیبرالیی نوێ کرد کە داوا لە تاک بکات سنوورێک بۆ چاوەڕوانییەکانی لە ئازادی دابنێت، جا بۆ ئازادیی خاوەندارێتی یان هیی تر بێت، ئەویش لە سایەی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەک هەستکردنی بە بەرپرسیارێتیی بەرانبەر بەرژەوەندیی گشتی[٢].

هەروەها هزری لیبرالیی نوێ -لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی بۆ سروشتی دەوڵەت- ڕێگەی پێدا دەستتێوەردان لە ئازادیی ئابووریی تاکەکاندا بکات، بەو ئەندازەیەی کە یارمەتیدەری دەبێت لە نەهێشتنی خاڵە نەرێنییەکانی وێنای کلاسیکی بۆ ئازادیی خاوەندارێتی، کە دیارترینیان دەرکەوتنی قۆرخکاریی کوشتنی پرەنسیپی ڕکابەری بوو.

ئەمەش وای کردووە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی تەنها ئازادیی نەرێنی لە خاوەندارێتی بچننەوە، ئەمەش بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا جێبەجێ دەبێت، هەروەک چۆن بەسەر هەر ئامرازێکی بەرهەمهێنی ناو کۆمەڵگەی لیبراڵییشدا جێبەجێ دەبێت.

شتێکی سروشتییش بوو کە تێڕوانینی هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ ئازادیی

---

(١) بڕوانە: حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

- هەروەها بڕوانە: مجموعة باحثين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

(٢) بڕوانە: مالک أبو شهيوة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە سایەی ئەو گۆڕانەی کە بەگشتی بەسەر هزری کۆمەڵایەتیی لیبرالیدا هات، بگۆڕێت. ئیدی وای لێ هات ئەو هزرە، وەک ئامرازی ئیرادە و بەرژەوەندیی گشتی –نەک تاکەکەسی– لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی دەڕوانی و ئەو ئامرازانە پێویستە کار بۆ ئەو جەماوەرە بکەن کە مافی ئازادیی پێ بەخشیون، نەک ببنە بریکاری ئەوانەی خاوەندارێتییان دەکەن و بەڕێوەیان دەبەن[١].

لە پێناوی هاتنەدیی ئەو ئامانجەشدا ئەو هزرە نوێیە مافی دەستتێوەردانی بە دەوڵەت بۆ ناچارکردنی ئەو ئامرازانە بە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانیان لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا بەخشی، بە مەرجێک ئەو ئامرازانە بە شێوەیەکی خودی و بۆ بەرژەوەندیی کەسی ئەو بەرپرسیارێتییانە لەئەستۆ نەگرن[٢].

٢. ئەو پەرەسەندنە تەکنەلۆژییەی کە بواری ڕۆژنامەگەریی گرتەوە

پیشە و بواری ڕۆژنامەگەری، لە سایەی ئەو پەرەسەندنە تەکنەلۆژییانەی کە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینیی، بوو بە بواریکی فراوان و پیشەیەکی زەبەلاح، ئەمەش وای کرد ڕۆژنامەی خێراتر و گەورەتر بە کوالیتیی باشترەوە بەرهەم بهێنرێت، هەروەک چۆن بۆ دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەلێک یارمەتیدەر بوو کە خاوەنی توانایەکی گەورەی دابەشکردن بن، بەتایبەت لە سایەی بڵاوبوونەوەی شارستانی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی فێربوون و خوێندەواری[٣]، کە بۆ خزمەتکردنی جەماوەرێکی فراوان یارمەتیدەرن. ئەمەش بۆ زیادبوونی تێچووی ڕۆژنامە سەری کێشا، کە وای کرد ئەوانەی دێنە ناو جیهانی ڕۆژنامەگەرییەوە، دووچاری نارەحەتییەکی زۆر ببن لە هاتنەناو ئەم جیهانەدا و دۆزینەوەی پێگەیەکی دیار تێیدا، بەڵکوو ئەمە بەشداریی لە شکستی هەندێک ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە لە کۆڵنەدان و بەردەوامی کرد.

ئەمەش وای کرد ئەو بیروباوەڕەی کە دەڵێت هەر تاکێک ئازادە لەوەی ڕۆژنامەیەکی نوێ دروست بکات –بە وتەی جیمس کران– ببێتە خەیاڵ[٤]، لە سەرەتای سەردەمی پیشەسازیی ڕۆژنامەگەرییەوە.

ئەمەش بەشداریی لە کۆبوونەوەی خاوەندارێتیی ڕۆژنامەکان لە چەند دەستێکی کەمدا و کەمبوونەوەی ژمارەی ڕۆژنامەکان بەڕوونی کرد. هەروەها ئەو پەرەسەندنە

---

(١) ولیام ل. ریفرز وآخرون سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١–٢٢٢.
هەروەها بڕوانە: أیمن النبوی غبور، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

(2) F. S. Siepert T. Peterson and W. Schramm, op. cit p., 95.

(٣) بڕوانە: ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

(4) J. Curran and J. Seation, op. cit., p 287.

تەکنەلۆژییە بەشداریی لە پەرەسەندنی پیشەسازییەکان و دواتر پەرەسەندنی ڕۆژنامەی ڕیکلام و کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کرد.

لە سایەی ئەو پەرسەندنانەدا، کە بەشداریان لە دەرکەوتنی قۆرخکاریدا کرد و بوون بە هەڕەشە لەسەر مافی تاک لە گوزارشتکردن لە ڕای خۆی، لە لایەک و لە لایەکی ترەوە بەڕوونی کاریگەریی لەسەر فرەیی و هەمەچەشنی جێهێشت، هزری نوێی ڕاگەیاندن هانای بۆ حکومەت برد بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی و زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتەدا، جا لە ڕێی داواڵێکردنی بێت بۆ دەستتێوەردان بە ئامانجی لێدان لە قۆرخکاری، یاخود داواڵێکردنی بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەی زیاتر، یان تەنانەت ڕێگەپێدانیان بە خاوەندارێتیکردنی ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان بێت[1].

٣. دەرکەوتنی ئامرازی ئەلیکترۆنیی ڕاگەیاندن

نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەرکەوتنی دوو ئامرازی گرنگی پەیوەندیکردنی بەخۆوە بینی، کە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بوون، کە دوو ئامرازی خاوەن کاریگەری بوون و کاریگەری و توانای بڵاوبوونەوەیان لەسەروو کاریگەری و توانای بڵاوبوونەوەی ئامرازە چاپکراوەکانی ڕاگەیاندنەوە بوو.

ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیش بەوە جیا دەکرانەوە کە کەناڵەکانیان دەگمەن بوون، ئەویش لەبەر ئەوەی زیادبوونی ئەو کەناڵانە لە سنووریکی دیاریکراو بۆ تێکەڵبوونی لەرە و فریکوێنسەکانیان سەر دەکێشێت، ئەمەش هەڕەشەی لەسەر باشکارکردنی هەموو کەناڵەکان دروست دەکرد. بەو پێیەشی ئەو کەناڵانە لە سەرچاوەکانی سروشتن و هیچ تاک یان کۆمەڵێک هەوڵیان بۆ فەراهەمکردنی نەداوە، بەو پێیەشی سنووردارببوونیان واتە بوار لەبەردەم هەموو کۆمەڵگەدا بۆ بەکارهێنانیان نەڕەخساوە، وەک ئەوەی لە بواری ئامرازە چاپکراوەکانی ڕاگەیاندندا هەیە، ئیدی شتێکی سروشتی بوو کە کاری ئێستگە بەبێ دەستتێوەردانی دەوڵەت تێنەپەڕێت، ئیتر یان بە خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازانە، یاخود لایەنی کەم بە ڕێکخستنی فریکوێنسەکانیان و تایبەتمەندکردنیان و دابەشکردنیان[2]، بەو شێوەیەی کە پێی وایە بەرژەوەندیی گشتی دەکات، هەر ئەمەش ئەو ئامانجە بنچینەییە پێک دەهێنێت کە هەر فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندن تیۆریزە دەکات بەدیهێنانی.

---

(1) Commission on Freedomof the Press, op. cit., p. 80-90.

(٢) جيهان أحمد رشتي، النظم الإذاعية فى المجتمعات الغربية، ل٢٥.

وێنای خاوەندارێتی لە سایەی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارانەی باس کران، فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کاری لەسەر داڕشتنی ئەم وێنایە کردووە:

سەبارەت بە ڕۆژنامە: ئەم فەلسەفەیە ڕێگەی بە دەستتێوەردانی دەوڵەت بۆ لێدان لە قۆرخکاری داوە، ئەگەر ئەم کارە بۆ پرۆسەی پارێزگاریکردن لە فرەیی و هەمەچەشنی پێویست بێت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی یاسا گشتییەکانی قۆرخکارییەوە،ئەمە بە پێی ئەوەی کە لیژنەی ئازادی ڕۆژنامەگەریی «لیژنەی هیچنز» پێی گەیشتووە[1]، لیژنەی شاهانەی بەریتانی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەرییش، لەگەڵ ئەوەی لە کۆبوونەوەی یەکەمیدا (١٩٤٧، ١٩٤٩) هەمان هەڵوێستی لیژنەی هیچنزی هەبوو و بڕوای وا بوو ئەو یاسای قۆرخکارییەی کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە و باس لە قۆرخکاری لە پیشەسازی و بازرگانیدا دەکات و باسی ڕۆژنامەگەری ناکات، بەسە کە وەک میکانیزمی گەڕان بەدوای هەر بارودۆخیکی قۆرخکاریی بواری ڕۆژنامەگەرییش بەکار بێت، بەو پێیەی ڕۆژنامەکانیش بەرهەمن، بەڵام لیژنەی شاهانەی ١٩٦٢، لەو ڕاپۆرتەیدا کە لە ساڵی ١٩٦٣ دەریکرد، پێشنیاری دروستکردنی لیژنەیەکی کرد کە تایبەت بێت بە بینینی ئاوێتەبوون (اندماج) و کڕین و فرۆشتنی ڕۆژنامەکان و مافی ڕەزامەندیدان و ڕەتکردنەوەی هەبێت –هەر چۆنێک بوو ڕوون بووەوە–، لەسەر هەر پرۆسەیەکی فرۆشتن یان ئاوێتەبوون، بەو شێوەیەی کە پێی وایە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکات[2]، بەڵام ئەم پێشنیارە پشتگوێ خرا و تەنها پرۆژەیاسایەک پێشکەش کرا کە مامەڵە لەگەڵ ئاوێتەکردن و قۆرخکاریدا دەکات، کە لە ساڵی ١٩٦٥ بڕیاری لێ درا، ئەو یاسایەش- لەبریی دروستکردنی لیژنە، لەسەر ڕاسپاردەکەی لیژنە شاهانەکە- تەنها باسی لە ڕەوانەکردن (إحالة)ی داواکاری ئاوێتەکرن، یان کڕین، یان فرۆشتنی ڕۆژنامە بۆ «لیژنەی قۆرخکارییەکان» کرد، کە هەر خۆی بە پێی یاسای ساڵی ١٩٤٨ هەبووە، لەگەڵ زیادکردنی هەندێک دەقی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری.

ئەم هزرە ڕاگەیاندنییە نوێیە ڕێگەی بە دەوڵەت دا مافی خاوەندارێتیی ئامرازی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەبێت، تا لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە سیاسەتەکانی بکات، یان لە میانەیەوە هەوڵی ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم فرەییدا بدات،

---

(1) Commissionon Freedom of the Press, op. cit., P. 83.

(٢) بڕوانە: سلیمان صالح، أزمة الصحافة فی النظم الرأسمالیة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤-١٣٨.

فرەییەک کە لە سایەی زاڵێتیی قۆرخکارییە زەبەلاحەکانەوە زەوت کرابوو. هەروەک چۆن داوای لێ کرد ئاسانکاریی پێویست بۆ هاندانی دروستکردنی زیاتری یەکەم ڕاگەیاندنی نوێ پێشکەش بکات[1].

لە لایەکی ترەوە ئەم هزرە نوێیە داوای لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کرد خۆیان بە شێوەیەکی خودی ڕێک بخەن، تاوەکوو دووچاری دەستتێوەردانی حکومەت نەبن، کە ڕەنگە ئازادییەکانیان سنووردار بکات، هەروەها داوای لێ کردن کە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی خۆیان بەرانبەر بە جەماوەر لەئەستۆ بگرن و هەل بۆ ئەو جەماوەرە بۆ گوزارشتکردن لە ڕا هەمەچەشنەکانیان بڕەخسێنن.

سەبارە بە خاوەندارێتیی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندنیش هزرە نوێیەکەی ڕاگەیاندن مافی دەستتێوەردانی بە دەوڵەت بۆ دیاریکردنی ڕێگەی نموونەیی داوە کە لە میانەیەوە ئێزگە بە شێوەیەک بەکار بهێنرێت کە وەڵامی خواستەکانی بەرژەوەندیی گشتی بداتەوە.

لەو بارەیەوە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی چەندین ڕێبازی جیاوازیان لە بارەی خاوەندارێتیی ئەو دوو ئامرازەوە گرتووەتە بەر، بۆ نموونە ئەمەریکا، لەگەڵ ئەوەی دانی بە خاوەندارێتیی تایبەتدا بۆ تاک ناوە، بەڵام ئەو خاوەندارێتییەی ملکەچی سانسۆر و ڕێنمایی دەوڵەت کردووە، هەروەها مافی ئەوەی بە دەوڵەت داوە کە پەخشکردنی هەندێک بەرنامەی پەیوەست بە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، ئەمەش لە میانەی دەستەیەکی گشتییەوە کە لە حەوت ئەندام پێک هاتووە، کە ئەنجومەنی پیران بەربژێریان دەکات و سەرۆکی دەوڵەت بڕیار لە دامەزراندنیان دەدات. هەر چی فەرەنساشە، لە شوباتی ١٩٥٩دا بڕیاری دا دامەزراوەی ئێزگە بکاتە دامەزراوەیەکی گشتی[2]. بەریتانیاش ئێزگەی خستە ژێر سەرپەرشتیی دەستەیەکی گشتییەوە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەبەردەم حکومەتدا بەرپرسیارە. کەنەداش سیستمێکی دووجەمسەریی پەیڕەو کرد، کە تێکەڵەیەک بوو لە مۆدێلی ئەو دەستە گشتییەی کە ئێزگە نیشتمانییەکان لە سایەیدا کار دەکەن، لەگەڵ پرۆژە تایبەتەکان و ئێزگەی لۆکاڵییشی هەیە[3].

دەکرێت بوترێت زۆرینەی دەوڵەتە ئەوروپییەکان بەلای ئەوەدایە کە لەبریی

---

(1) Commission on Freedom of the Press, op. cit., p. 84.

(٢) بڕوانە: أبو اليزيد على المتبت، النظم السياسية و الحريات العامة، بدون ناشر، بدون تاريخ ب ت، ل٢٣١.

(٣) بڕوانە: حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

مۆدێلە بازرگانییە ئەمەریکییەکە، پەیڕەوی بوونی ئێزگەیەکی مۆدێلی گشتی بکات[١].

هەر چی ئەوەشی بە سینەماوە پەیوەستە، لە سەرەتای سەردەمی سینەمادا، لەلایەن حکومەتەکانەوە، لە ئەمەریکا و چەند دەوڵەتێکی ئەورووپی، بە شێوەیەکی فەرمی، سانسۆری بەسەردا سەپێنرا، دواتر لە ئەمەریکا ئامرازێک بۆ سانسۆری خودی دروست کرا، هەروەها لە ئینگلتەرا و هەندێک وڵاتی ئەورووپیی تردا هەمان هەنگاو نرا، هەمووشیان کۆک بوون لەسەر کۆمەڵە پرەنسیپێکی ئەخلاقی کە نابێت پێشێل بکرێن[٢]، هەر چەندە کەتوار پابەندییەکی ڕاستەقینەی بەخۆیەوە نەبینی.

هەڵسەنگاندنی وێنای فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی –تا ڕادەیەک– لە ڕووی تیۆرییەوە سەرکەوتوو بوو لە پێشکەشکردنی وێنایەک کە زۆرێک لەو لایەنە نەرێنییانەی تێپەڕاند کە وێنای پێش خۆی لە بارەی ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە هەڵیگرتبوون، بەڵام ترسانی لە دەستتێوەردانی حکومی وەک میکانیزمێکی بەدیهێنانی ئەو وێنایە لە کەتواردا و کە ڕەنگە زێدەڕەویشی تێدا بکرێت، هەروەها پشتبەستنی زۆری ئەو فەلسەفەیە بە داواکردنی لە ڕۆژنامەکان بەوەی کە پابەندیی خودییان هەبێت بە ڕێکخستنی خۆیان، هەروەها زاڵێتی و ڕەگداکوتینی ئەو دۆخە قۆرخکارییەی کە وێنای پێشوو لە کەتواردا بەرهەمی هێنابوو، ئەمانە هەمووی بۆ کەمکردنەوەی کارایی ئەو جوانکارییە سەریان کێشا

---

(١) بڕوانە: حمدی حسن، الوظیفة الإخباریة لوسائل الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.
بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی دۆخی ئیزگە لە وڵاتە لیبراڵییەکاندا بەگشتی، بڕوانە:
- F. S. Siebert, T. Peterson, andW. Schramm, op. cit., p. 64-67,
- جیهان أحمد رشتی، النظم الإذاعیة فی المجتمعات الغربیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١-٤٨.

(٢) بڕوانە: حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦-٢٠٧. لەو پرەنسیپانە: پاراستنی ڕێزی سیستمی هاوسەرگیری و ناومان؛ پێویستە فیلمەکان تاووتوێی بابەتی زینا و پرسە سێکسییە حەرامکراوەکان نەکەن، لە ڕێگەی باسکردن، یان پاساوبۆهێنانەوەیان، یاخود خستنەڕوویان بە شێوازی سەرنجڕاکێش. هەروەها پێویستە ئەو گرتانەی کە ئارەزوو و هەستی زاڵ دەجوولێنن، سنووردار بکرێن، هەروەک چۆن پێویستە هەوڵەکانی فێڵکردن (التغریر: فێڵکردن بە قسە یان کردار بۆ هەڵخەڵەتاندن و چاوبەست لە کەسێک بۆ ڕازیبوون بە گرێبەستێک، یان ڕازیبوون بە شتێک) و تووندوتیژی، هەرگیز بە پتر لە ئاماژە پیشان نەدرێن. هەروەها یەکێکی تر لەو شتانەی کە یاساغ و قەدەغەیە، هەر جۆرە ئاماژەیەکە یان پیشاندانێکە بۆ هەر جۆرێکی لادانی سێکسی (الشذوذ الجنسی) و بەکۆیلەکردنی سێکسی (الرقیق الأبیض) یان تێکەڵاوی قەدەغەکراو. هەروەها ڕەزیلەت (الرذیلة) و کوفر یاساغن، هەروەها چەند وشەیەک هەن کە پێویستە بەکار نەهێنرێن، وەک نەفرەت (اللعنة) و... هتد.
- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧-٢٠٨.

که ئەم وێنا نوێیە ئەنجامی دا.

سەبارەت بە ڕۆژنامەکانیش، کەتواری ڕاگەیاندن لە قۆرخکاری قوتاری نەبوو، ئەمەش دەرئەنجامێکی سروشتیی سنووردارکردنی دەستوەردانی حکومەت بوو لە لێدانی لەو قۆرخکارییانە بە یاسا گشتییەکانی قۆرخکاری.

ئەمە بەڕوونی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ڕووی دا[١]، بە جۆرێک کە وای کرد ئاڕاستەی قۆرخکاری هەر بەردەوام بێت لە گەشەکردن و بەردەوامی بەرەو پێداگریی توندوتیژتر[٢]. یاسای بەریتانیی تایبەت بە قۆرخکارییش، کە لە ساڵی ١٩٦٢ دەرچوو، کەموکورتی و بۆشایی زۆری تێدا بوو و نەیتوانی سنوور بۆ قۆرخکاری و کۆبوونەوەی خاوەندارێتی لە دەستی کەمینەیەکدا دابنێت[٣]، ئەمەش کارایییەکەی نەهێشت.

تەنها یاسای فەرەنسی نەبێت، کە دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی دەرچوو و چەند دەقێکی لەخۆ گرتبوو کە بەوردی مامەڵەیان لەگەڵ چۆنێتیی لێدان لە قۆرخکاری کردبوو.

– سەبارەت بە داواکردنیش لە خاوەنەکانی ڕۆژنامەکان بۆ لەئەستۆگرتنی چەند بەرپرسیارێتییەکی دیاریکراو بەرانبەر جەماوەرەکەیان، وەک: بەخشینی مافی گەیشتنی هەموو ڕا و ئاڕاستەیەک بە جەماوەر لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەوە، بینرا کە ئەوانیش بە شێوەیەکی ڕاستەقینە وەڵامی ئەو داوایەیان نەدایەوە[٤]. هەروەها حەزی خاوەنی ئەو ئامرازانە بۆ بەدەستهێنانی قازانج هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات، بەڵکوو هەروەکوو حەزی زاڵ مایەوە، زۆربەی کاتیش بەرژەوەندیی گشتی قوربانیی بەدیهاتنی ئەو حەزە بووە.

سەبارەت بە ئامرازە نوێیەکانیش (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن) ئەو ئاڕاستەیەی کە ڕێگەی بە خاوەندارێتیی تایبەت دا، بۆ ئەوە سەری کێشا ئەو ئامرازانە ببن ئامرازگەلێکی گرنگ بۆ ڕاکێشانی قازانج، بەتایبەت کە ئەو ئامرازانە بە پرۆژەی قازانجی باڵا هەژمار دەکرێن. بۆ نموونە تەلەڤزیۆن، وەک «شیلەر» دەڵێت: «لەناو

---

(١) بڕوانە:

– W. E. Francios, Mass Media Law and Regulation3rd (Columbus, Grid Publishing), p. 651, 674.

(٢) بڕوانە: محمد أحمد البادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

(٣) سلیمان صالح، أزمة حریة الصحافة فی البلدان الرأسمالیة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦.

(٤) بڕوانە: سلیمان صالح، ظاهرة التحیز فی وسائل الإعلام الغربیة: دراسة تطبیقیة علی الصحافة البریطانیة، مجلد الدراسات الإعلامیة، عدد ٧٥، أبریل، یونیه ١٩٩٤، ل٩٠–٩١.

هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنداو، بە جیاوازیی ئاستی قازانجیان، بە میکانیزمێکی مەزنی کۆکردنەوەی سامان هەژمار دەکرێت.»[١]

لە پێناوی بەدیهاتنی ئەو ئامانجەشدا، تەلەڤزیۆنی بازرگانی –هەر ئەوەش گوزارشتی گونجاوە بۆی– ڕێک دەخرێت، بۆ کۆکردنەوەی جەماوەرێکی بێشومار لە بینەری ڕیکلامکەر، بەرنامەکانیش ئەوانەن کە «بۆشاییان پێ پڕ دەکرێتەوە» لەنێوان پەیامە ڕیکلامییەکانی ڕیکلامکارەکاندا. کەواتە لێرەدا تەماشاکەر تەنها بەکاربەری تەلەڤزیۆنەکەیە[٢].

ئیدی شتێکی سروشتی بوو کە تەلەڤزیۆنی بازرگانی ببێتە مەترسییەک لەسەر ئاستی کولتووری و ئەدەبی و هونەری، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوی یونسکۆ دەیسەلمێنێت، کە ٨٤ دەوڵەتی گرتووەتەوە و لەیەکێک لە دەرئەنجامەکانیدا دەڵێت قەرەبالّغیی بازرگانیی بێسنوور بێگومان بۆ دابەزینی ئاستی بەرنامەکان و دواتر فەرامۆشکردنی لایەنە ئەخلاقی و ڕۆشنبیری و کولتووری و تەنانەت هونەرییەکانیش سەر دەکێشێت[٣].

هەر چی مۆدێلی جێگرەوەشە بۆ مۆدێلە بازرگانییەکە، کە مۆدێلی ئێزگەی گشتییە، کە پێشبینیی زۆر بۆ ئەو ڕۆڵە هەبوو کە دەکرا لە باشکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی دیموکراسیدا بیگێڕێت، بەڵام کەتواری ئەوەی پیادە کرا، بە هۆی ئاڕاستەی هەندێک لە ئیزگەکان و وەڵامدانەوەیان بۆ فشارە سیاسی و ئابوورییەکان و ئیعتیباراتە پیشەییەکانەوە، حاڵەتێکی لە هیوابڕاوی و بێئومێدی دروست کرد[٤].

سەبارەت بە سینەماش، کەتوار ئەوەی سەلماند کە ئەو ڕێکخستنانەی کە سانسۆری خودی بۆ فیلمەکان لە ئەمەریکا و هەندێک وڵاتی ئەورووپی هێنایان، لەلایەن بەرهەمهێنەرانی ئەو فیلمانەوە سنوورەکانیان پێشێل کران و بوون بە مرەکەبی سەر کاغەز و سانسۆری خودییش بوو بە ناوێکی بێناوەڕۆک[٥].

بۆ دانان بە ڕاستیدا، لە کۆتایی قسەکردنمان لە گرنگترین شکستەکانی تێزەکانی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە بارەی ئازادیی خاوەندارێتیی

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٠٦–١٠٧.

(٣) حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.

(٤) حمدی حسن، الوظیفة الإخباریة لوسائل الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(٥) حسن الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، لەوەی کە چەندین جوانکاریی ڕاستەقینەی لە کەتواری خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی لە کۆمەڵگە لیبراللییەکاندا کردووە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە داواکردنی ئەم فەلسەفەیە بۆ دەستتێوەردانی حکومی لە پێناوی کۆمەکیکردنی ڕۆژنامە بچووکەکان بە شێوەیەک کە بتوانن بە ڕووی ڕکابەرییە قۆرخکارییەکاندا بەردەوام بن، بێگومان بەشداریی لە پاراستنی زۆرێک لەو ڕۆژنامانە لە داڕمان شکست لەبەردەم ئەو ڕکابەرییە توند و زبرەدا کردووە. ڕەنگە نموونەی دیاری ئەوە بریتی بێت لەوەی کە لە سوید و فنلەندا و نەرویجدا دەیبینین، کە کۆمەکی و ئاسانکارییان پێشکەش دەکرێت[١].

بەو شێوەیە و لە سایەی ئەو باشکارییە بچووکانەی کە فەلسەفە نوێیەکە توانیی لە بواری خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنا لە کەتواردا ئەنجامی بدات، هەروەها شکستی لە پێشکەشکردنی وێنایەک کە کەموکوڕییەکانی ئەوەی پێش خۆی تێبینەڕێنێت، وای کرد هزرێکی نوێی ڕاگەیاندن دروست ببێت، کە بریتییە لە تیۆری بەشداریی دیموکراسی (نظرية المشاركة الديموقراطية) –هەر چەندە بوونێکی ڕاستەقینەی لە کەتواری ڕاگەیاندنا نییە–[٢]، کە بۆ دانانی وێنایەک بۆ شێوازە نوێیەکانی ڕێکخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کار دەکات، بە جۆرێک کە شێوە بازرگانی و قۆرخکارییەکەی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن تێبینەڕێنێت کە خاوەندارێتی تایبەتیان هەیە، هەروەها ناوەندێتی و بیرۆکراسییەت لە دامەزراوەکانی ئێزگە گشتییەکاندا چارەسەر بکات. هەروەها ئامانجی ئەوەیە وا بکات کە کەمینەکان بتوانن ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان هەبێت و مافیان پارێزراو بێت لە بەکارهێنانی ئێزگە بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە ڕا و گرنگیپێدانەکانیان و هەروەها هەوڵ دەدات هانی دەرکردنی ئامرازی ڕاگەیاندنی بچووکی لۆکاڵی و هەرێمی بدات، کە دەتوانن گرنگییەکی زیاتر بە کۆژان و بابەتی جێبایەخی خەڵکی دەوروبەریان بدەن و ڕووبەڕێکی فراوانتر بە گواستنەوەی کێشە و گرفتەکانیان و گوزارشتکردن لێیان دەدەن[٣].

---

(١) میلتون هولیستاین، اقتصادیات وسائل الإعلام فی اوربا الغربیة» فی ل. جروفر شودری، محرران، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٨–٣٥٢.

(2) D. McQuil, op. cit., p. 96–98.

(٣) بڕوانە: أیمن النبوی غبور، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

پاری دووەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن
لە هەردوو فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراودا

داخوازی یەکەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستیدا

تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی لە بارەی ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی پتر لە هۆکارێک داڕێژراون. لێرەدا ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو، پاشان قسە لەسەر سیماکانی ئەو وێنایە دەکەین کە لەبەر ڕۆشناییاندا دروست بووە، دواتر گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە دەخەینە ڕوو کە لە پەیڕەوکردنی ئەو وێنایە لە زەمینەی کەتواردا کەوتوونەتەوە.

یەکەم: ئەو هۆکارانەی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستییان بۆ ئازادیی خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێک هێناوە

١. وێنای سۆشیالیستی بۆ سروشتی خاوەندارێتی بە شێوەیەکی گشتی

هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی بڕوای وایە کە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گوزارشت لە پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دەکات لە ڕووی ئەوەی کە بەهاوبەشی خاوەندارێتی لە مەرجە مادییەکانی بەرهەمی کۆمەڵایەتی دەکەن. هەروەها بڕوای وایە کە خاوەندارێتیی کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ڕیشەیی -لە ڕووی ناوەرۆکەوە- لە هەموو شێوەکانی پێشووی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جیا دەکرێتەوە. بۆ نموونە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ئابووریە ململانێگەراکاندا، تەنها بەشێکی کۆمەڵگە، کە بریتین لە چینێک یان چەند چینێکی چەوسێنەر و کۆمەڵە کەسانێک یان چەند تاکێک، خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکەن، هەر چی بەشە زۆرینەکەشە لە تاکەکانی کۆمەڵگە -واتە ڕەنجدەران-، لە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بێبەشن، بەڵام لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا زەحمەتکێشان هەموویان خاوەنداری دەستەجەمعیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن و بە شێوەیەک بەکاری دەهێنن کە بەرژەوەندیی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی تێدا بێت[1].

لە سایەی سۆشیالیستیدا خاوەندارێتیی گەل بەگشتی بۆ ئامرازەکانی

---

(١) یوری بوبوف، دراسات فی الاقتصاد السیاسی، (موسکو: دار التقدم، ١٩٨٥)، ص٢٩-٣٠.

بەرهەمهێنان لە شێوەی خاوەندارێتی دەوڵەتدا گەڵاڵە دەبێت. شوێنی ئەو جۆرە خاوەندارێتییەش بریتییە لە زەوی و سامانەکانی ناوی و دامەزراوە کولتووری و زانستییەکان و... هتد[1].

بنەما لەسەر ئەوە، ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە گرنگییەکی تایبەتیان لە دروستکردنی هۆشیاریی جەماوەریدا هەیە، پێویستە مولکی دەوڵەت بن نەک مولکی دەستەیەکی کەم لە خەڵکی، کە وایان لێ بکات بتوانن هۆشیاریی جەماوەری بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان دابڕێژن، تەنانەت ئەگەر ئەمە لەسەر هەژماری بەرژەوەندیی خودی جەماوەرە ڕەنجدەرەکەش بێت[2].

٢. چەمکی ئازادیی ڕۆژنامەگەری

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بڕوای وایە کە ئازادیی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری تەنها کاتێک دەبێت کە دەرفەتی گوزارشتکردن لە بۆچوون بۆ هەموان ڕەخسابێت، چونکە ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە سیستمێکدا نابێت کە تەنها ڕێگە بە چینی دەوڵەمەند بدات کە دەستیان بە ئامرازەکانی پەیوەندی بگات، خۆ ئەگەر تاک بۆ گەیاندنی پەیامێک بە جەماوەر پێویستی بەوە بێت کە دەوڵەمەند بێت، مەگەر هەر باسی ئازادیی ڕۆژنامەگەری نەکات. ئەمەش یەکسانە لەگەڵ بژاردەکەی «هۆبسن»، کە دەڵێت: تاکە بژاردەی بەردەست بریتییە لەوەی لە دەوڵەمەندەکان بگەڕێیت، بۆ ئەوەی لە پێناوی تۆدا قسە بکەن[3].

هەر چی ئازادی و یەکسانیی ڕاستەقینەشە، لەو ڕژێمەدا زامن دەکرێن کە شیوعییەکان بونیادی دەنێن، «کە هەلی کۆکردنەوەی سامانی بۆ کەس لەسەر هەژماری ئەوانی تر تێدا نییە، هەرگیزیش هەلی بابەتی تێدا نابێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەری بخرێتە ژێر دەسەڵاتی دەستڕۆشتوویی ئاشکرا و بێپەردە یان شاراوە، هەروەها هیچ بەربەستێک نابێت لە ڕێگەی هەر کرێکار، یان کۆمەڵە کرێکارێکدا، ژمارەیان هەر چەندێک بێت، بۆ ئەوەی مافی یەکسانی خۆیان پیادە بکەن، لە بەکارهێنانی چاپخانەکان، یان گەنجینە گشتییەکانی کاغەزدا.»[4]

بەو شێوەیە، ئازادیی ڕۆژنامەگەری تەنها بە ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی سەرمایەداری دێتە دی، یان بە واتایەکی تر تەنها لە کۆمەڵگەیەکی ناچینگەرا (لا

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢-٣٣.

(٢) بڕوانە: فابر فرانز، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

(٣) ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١-٥٢.

(٤) لینین، حول الصحافة، ترجمة: فخری کریم، (بیروت، دار الفارابی، ب ت)، ص١٩٤-١٩٥.

طبقي)دا دێته‌دی، که چینی کرێکار تێیدا توانای ماددیی پێویستیان بۆ پەیوەندیی جەماوەری هەبێت، ئیدی لەگەڵیدا زاڵێتیی کەسە بۆرژوازییەکان بەسەر ئامرازەکانی گەیاندندا کۆتایی دێت[1].

٣. ئەو ڕۆڵەی که له ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چاوەڕوان دەکرێت بیگێڕن

دوو ئەرکی بنچینەیی هەیە که به پێی هزری کۆمەڵایەتیی سۆشیالیستی له ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی دەخوازێت:

١. نەهێشتنی پاشماوەی کولتووری بۆرژوازی و بڵاوکردنەوەی هزری سۆشیالیستی.

٢. بەشداریکردن له بەرپاکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و پاڵپشتیکردنی.

بەدیهێنانی ئەرکی یەکەم، وەک لینین دەڵێت: «وا دەخوازێت ڕۆژنامەگەریی ئازاد بەرپا بکرێت، ئازاد به واتای ڕووکەشیی ئازاد نا، بەڵکوو ئازاد واته ڕزگاربوو له زاڵێتی و دەسەڵاتی سەرمایه و ڕزگاربوو لەو مۆرکه تاکگەراییەی که بۆرژوازیەتی پێ دەناسرێتەوه. بەمەش ئەو ڕۆژنامەگەرییه دەتوانێت له بەئەنجامگەیاندنی ئەرکێکی سەرەکی بەشدار بێت، که بریتییه له ئازادکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی له کولتووری بۆرژوازیدا.»[2]

هەروەک چۆن بەجێهێنانی ئەرکی یەکەم وا دەخوازێت ڕۆژنامەگەری له زاڵێتیی بۆرژوازی بپارێزرێت، بەدیهێنانی ئەرکی دووەمیش وا دەخوازێت هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بدرێنه دەستی حیزبی شیوعی، که ئەرکی سەرکردایەتیکردنی بەرپاکردنی کۆمەڵگەی شیوعی و سەرکردایەتیکردنی ڕەوتەکەی لەئەستۆ گرتووه، ئەمەش له پێناوی زامنکردنی بێگەردیی ئایدۆلۆژی (النقاء الأيدلوجی)[3]، له لایەک و له لایەکی تریشەوه بۆ بەکارهێنایشی وەک ئامرازی حیزب له هۆشیارکردنەوه و هاندان و ڕێکخستنی جەماوەری شۆڕشگێڕ، لەپێش هەموشیانەوه کرێکاران و جووتیاران[4].

---

(1) F. S. Siebert, T. Perterson and W. Schramm, op. cit., p. 111.

(٢) بڕوانه: عواطف عبد الرحمن، المدرسة الاشتراكية فی الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

(٣) جون ج. كارش، «الأخبار و استخداماتها فی العالم الشيوعی» فی ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، (محرران) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

(٤) بڕوانه: عواطف عبد الرحمن، المدرسة الاشتراكية فی الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

دووەم: سیماکانی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

لە سایەی ئەو هۆکارانەی کە باس کران، شتێکی سروشتی بوو کە هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی کار لەسەر دانانی وێنایەک بۆ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بکات، کە ئەو ئامرازانە بکات بە مولکی هەموو گەل، حیزب سەرپەرشتیی بکات، کە نوێنەری چینی گشتییە و ئەمیندارە لەسەر حەقیقەتی مارکسیزم، ئەوەش لە میانەی:

– ڕێگەنەدان بە هیچ تاک، یان ڕێکخراوێکی دانپێدانەنراو لەلایەن حیزبەوە، بەوەی کە خاوەندارێتیی هەر جۆرە ئامرازێکی ڕاگەیاندن بکات، هەروەها ڕێگەنەدان بە دەرکەوتنی هەر ئامرازێک کە ئەگەری هەبێت برەو بە هزرێکی جیاواز، یان دژ بە هزری سۆشیالیستی بدات، کە هەڕەشە لە بێگەردیی ئایدۆلۆژی دەکات و یەکڕەنگیی هزریی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ناهێڵێت.

– کۆنترۆڵکردنی ئامێرو کەلوپەلەکان (چاپەمەنی، کاغەز، مرەکەب، ئامێری ناردن و وەرگرتن و... هتد)، ئەمەش وەک هاوئاهەنگی لەگەڵ پرەنسیپی خاوەندارێتیی گشتی لە لایەک و زامنکردنی بەکارنەهێنانی ئەو ئامێرانە لەلایەن هەر ڕێکخستنێکی دەرەوەی حیزب بە شێوازی نەخوازراو لە لایەکی ترەوە[1].

– دابینکردنی دارایی پێویست بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی بنچینەیی لە بودجەی دەوڵەت، بۆ ئەوەی پێویستیان بە ڕێکلام نەبێت، کە کلیلی زاڵیتیی بۆرژوازییە بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەمە سەرباری ئەو داهاتەی کە دەکرێت لە میانەی دابەشکردن یان ڕەسمی مۆڵەتی ئامێرەکانی وەرگرتن بەدەست بێن[2].

– دیاریکردنی سەرنووسەر و سەرپەرشتیاری هەموو ئەو ئامرازانە، ئەوەش لە پێناوی زامنکردنی پابەندبوونیان بەو پلان و بەرنامە و هێڵە گشتییەی کە دانراوە و وا بکرێت کە سەرکردەکانی ئەو ئامرازانە ببن بە ئەندامی حیزبی شیوعی[3].

– خاوەندارێتیکردنی ئاژانسەکانی هەواڵ و کۆنترۆڵکرنی وردی سەرچاوەکانی زانیاری[4].

---

(١) بڕوانە:

– F. S. Siebert, T. Perterson, and W. Schramm, op. cit., p. 128.

(٢) بڕوانە: مارک هوبیکنز، اقتصادیات وسائل الإعلام فی العالم الشیوعی، فی ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، محرران، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٤.

(٣) بڕوانە:

– F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Schramm, op. cit., p. 132.

(٤) ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

هەر کەسێک کە لە سیستمی ڕاگەیاندنی سۆڤیەتی ڕابمێنێت –کە لەسەر ئەو هزرە دامەزرابوو–، دەبێنێت دەستووری فیدراڵی لە ماددەی ١٢٥یدا هاتووە: «هاوئاهەنگ لەگەڵ جێبایەخەکانی چینی کرێکار و بۆ بەهێزکردنی سیستمی سۆشیالیستی، یاسا ئەمانە بۆ هاوڵاتییانی یەکێتیی سۆڤیەتی زامن دەکات:

- ئازادیی گوتاردان،
- ئازادیی ڕۆژنامەگەری،
- ئازادیی کۆبوونەوە، بە کۆبوونەوە جەماوەرییەکانیشەوە،
- ئازادیی خۆپیشاندان.

بۆ زامنکردنی ئەو مافانەش چاپەمەنیی ڕۆژنامەگەری، ماددەی خامی کاغەز، باڵەخانە گشتییەکان، شەقامەکان، گەیاندنەکان (الاتصالات) و هەموو ئاسانکارییەکی پێویست بۆ پیادەکردنی ئەو مافانە، دەخرێنە ژێر دەستی چینی کرێکار و ڕێکخستنەکانیانەوە.»[١]

حیزبی شیوعییش هەر لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵاتەوە لە ڕووسیا لەدوای شۆڕشی بەلشەفی، هەوڵی خۆمالێکردنی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندنی دا کە لەسەردەمی قەیسەریدا هەبوون، هەروەها هەوڵی دامەزراندنی ئامرازی ڕاگەیاندنی نوێی دا، هەندێکیان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەندێکیشیان لەسەر ئاستی هەرێمی، هەندێکی تریش لەسەر ئاستی لۆکاڵی. هەروەک چۆن کاری لەسەر دروستکردنی ڕۆژنامەی تایبەتمەند بۆ ئاڕاستەکردنی پەیامی تایبەت بە چینێکی دیاریکراو لە جەماوەر، وەک پیشەوەران، یان جووتیاران و... هتد، کرد[٢]، بە شێوەیەک کە وا بکات حیزب بتوانێت بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی سوود لەو ئامرازانە وەربگرێت.

لەگەڵ ئەوەشی کە ئەو ئامرازانە بە شێوەیەکی بنچینەیی پشتیان بە بودجەی دەوڵەت و داهاتەکەی لە دابەشکردنەوە بەستبوو و لەبەر ئەو هۆکارەی پێشتر باس کرا، پەنایان بۆ ڕیکلام نەدەبرد، بەڵام لەگەڵ زۆریی بەرهەم و دەرکەوتنی پێویستیی کۆمەڵگەی سۆڤیەتی بۆ بەبازاڕکردنی ناوخۆیی بۆ ئەو بەرهەمانە، ڕیکلامیش لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دەرکەوت و وای لێ هات –ئەگەر بە

---

(1) Ibid, p. 125.

(٢) بڕوانە: سلوى أبو سعدة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.
- إجلال خليفة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.
- F. S. Siebert, T. Petersonand W. Schramm, op. cit., p. 130-131.

شێوەیەکی لاوازیش بێت- بوو بە بەشێک لە داهاتەکەیان[1].

بەگشتی دەتوانرێت بوترێت هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی و ئەو جێبەجێکردنانەی کە لە ئەرزی کەتواردا بەخۆیەوە بینینی، مافی زاڵبوونی تەواویان بە دەوڵەت بەسەر ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن دا کە تێیدان، وەک پێویستییەک کە بەشداریکردنی ئەو ئامرازانە بەکارایی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا دەیخوازێت.

دەرئەنجامی پەیڕەوکردنی تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی لە بارەی ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کەتواردا

بێگومان ئەوەی کە هزری سۆشیالیستی بۆی چوو، لە بەخشینی دەسەڵاتی تەواو بە حیزبی شیوعی –بە نوێنەرایەتی و سەرکردایەتی چینی زەحمەتکێش- بۆ زاڵبوونی تەواو بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، زەروورەتێک بوو کە سروشتی ئەو ئامانجانە دەیخواست کە ئەم هزرە هەوڵی دەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانیاندا بەشدار بن. بێگومان جێبەجێکردنی ئەم هزرەش سەرکەوتنێکی ڕوونی لە زامنکردنی بێگەردیی ئایدۆلۆژی و ڕێگرتن لە هەر دەنگێکی دژو ئۆپۆزسیۆن بەدی هێنا، ئیدی دژ بوونێت بەرانبەر خودی هزری سۆشیالیستی، یاخود ئۆپۆزسیۆن بوونێت لە بەرانبەر ڕێباز و جێبەجێکردنەکانی ئەو هزرە، بە جۆرێک کە ڕەنگە بۆ پەکخستی ڕەوت و کاروانی کاری سۆشیالیستی سەر بکێشێت، بەڵام پاساوهێنانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی توندی ئەو ئامرازانە لەلایەن بانگەشەکارانی هزری سۆشیالیستییەوە و کورتکردنەوەی ڕێگەدان بە ڕەخنە لە شێوازەکانی ڕەخنەی خودی لە بەرتەسکترین سنووردا و کورتهەڵهێنانی تەنها لە بواری وردەکارییەکاندا بۆ نەمانی ڕەخنەی بوێرانە سەری کێشا، کە دەکرا هەر جۆرە لادان یان هەڵەیەک لە جێبەجێکردنەکانی هزری سۆشیالیستیدا بدۆزێتەوە.

ئەمەش وای کرد کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی سۆشیالیستیدا –زۆربەی کات- کار بۆ خستنەڕووی کەتوارەکە بە جۆرێک بکەن کە ئەوانە ڕازی بکات کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و ئەو ئامرازانەیان کۆنترۆڵ کردووە.

هەروەها لە لایەکی ترەوە بۆ لەخۆگۆڕانی هەندێک سەرکردە بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە سەری کێشاوە، بە شێوەیەک کە خزمەت بە ئامانجەکانی خودی خۆیان بکات و پاساو بۆ کارەکانیان بهێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر دواجار ئەو کارانە لەگەڵ ئەلفبێی هزری سۆشیالیستیشدا نەیەنەوە[2].

---

(١) بڕوانە: ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-٤٣.

(٢) بڕوانە: محمد سید محمد، اقتصادیات الإعلام، الکتاب الاو ل، المؤسسة الصحفیة، (القاهرة: مکتبة الخانجی، ب ت)، ص٩٩-١٠٠.

داخوازی دووەم: ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەسەندنگەراییدا

یەکەم: ئەو هۆکارانەی بەشداریان لە دروستکردنی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەسەندنگەرایی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کردووە

١. بارودۆخی گوزەرانی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێ

بەو پێیەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی تازەگەشەسەندوو –تەنانەت ئەوانەشیان کە ئەندازەیەک لە دیموکراسییان تێدایە– بەدەست چەندین قەیرانی سیاسییەوە دەنااڵێنن، کە بریتین دابەشبوونی تایەفی و خێڵایەتی، بێگومان ئەگەر دەوڵەت دەستتێوەردان لە پرۆسەی ڕاگەیاندن لەوەدا نەکات کە پەیوەستە بە خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یان سانسۆرکردن لەسەری، ئەوا بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە بۆ بەرژەوەندیی تایەفی و خێڵایەتی، لەسەر هەژماری یەکێتی و یەکڕیزیی کۆمەڵگە، ئاسان دەبێت، لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە بارودۆخە، لە الیەکی تردوە، ئەوە دەسەپێنێت کە دەوڵەت دەستتێوەردان بکات، بە شێوەیەک کە وا بکات ئەو ئامرازانە لە تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخە بەشدار بن و ئەو ئامرازانە ببن بە یەکێک لە ئامرازەکانی بەدیهێنانی گەشەپێدان[١].

٢. ئەرکی سەرشانی دەوڵەت لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی تازەگەشەسەندوو

بەو پێیەی دەوڵەت لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا کاراترین ڕۆڵ لە پلانڕێژی و جێبەجێکردنی بەرنامەی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەاڵیەتیدا لەئەستۆ دەگرێت، بەبێ بەشداریەکی ڕووبی جەماوەر[٢]، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەستەبژێری فەرمانڕەوا تێیاندا لە ڕێگاکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگەکەیان شارەزاترن و دەوڵەتیش الیەنی بەتوانایە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان، هەروەها بەو پێیەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی بەدیهاتنی ئامانجەکانی گەشەپێدان هەژمار دەکرێن، شتێکی سروشتییە کە دەوڵەت مافی کۆنترۆڵکردنی ئەو ئامرازانەی هەبێت، بەو شێوەیەی کە وا بکات کە بەکارهێنانی لە خزمەتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێداندا بێت.

---

(١) جيهان أحمد رشتي، نظم الاتصال، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥، ١٦٦.

(٢) أمدی – مایکل هابت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥، ١٤٦.

٣. ئەو رۆڵەی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چاوەڕوان دەکرێت بیگێڕێت

بێگومان ئامانجەکانی وڵاتی تازەگەشەسەندوو بەبێ پاڵپشتی ئامرازە جەماوەرییە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بەدی نایەن[١]، چونکە ئەو ئامرازانە بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی دروستکردنی گۆڕانی پێویست بۆ ئەنجامدانی گەشەپێدان هەژمار دەکرێت[٢]، بە شێوەیەک کە لە میانەیانەوە دۆخێکی شیاو و گونجاو بۆ دروستکردنی ئەو گۆڕانکارییە دروست دەکات. هەروەک چۆن بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی تەواوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانی و[٣] هاتنەکایەی یەکڕیزی دادەنرێن.

سروشتییشە کە ئەو ڕۆڵە ئەوە بسەپێنێت کە هەموو هەوڵەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەک ئاڕاستە بکرێن کە بۆ بەدیهاتنی کارە پێویستەکان بۆ ئەنجامدانی گەشەپێدان یارمەتیدەر بن، ئەمەش لە میانەی بەکارهێنانی پلانڕێژیی پتەو لە بواری ڕاگەیاندنا و دەستتێوەردانی دەوڵەت بۆ ئەو کارە و جێبەجێکردنی.

٤. سروشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

سروشتی تایبەتی هەریەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن –سەرباری توانای بۆ بەدیهێنانی فرەیی– لە زۆرێک لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا ڕەهەندێکی تایبەتیان هەیە، کە بریتییە لە پێداویستی و خواستە ماددییەکانی دروستکردنی یەکێک لە ئامرازەکان لەناو ئەوانی تردا. لەگەڵ ئەوەشی کە تێچووی دامەزراندنی ڕۆژنامەیەک لە زۆرێک لە وڵاتاندا زۆر قورس نییە، بەڵام چەندین دەوڵەت بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەیەک تێیاندا، پێویست دەکات دەوڵەت دەستتێوەردان بکات.

سەبارەت بە دامەزراندنی ئێزگەکان، کە تێچووی دامەزراندنیان بەڕوونی لە تێچووی دامەزراندنی ڕۆژنامە زیاترە، ئەم کارە وا دەکات، کە جگە لە دەستتێوەردانی دەوڵەت بۆ دروستکردنی ئێزگە، لە زۆرێک لەو وڵاتانەدا کە ئابووورییەکی لاوازیان هەیە، هیچ چارەسەکی تر نەبێت[٤].

---

(١) صلاح الدين عبد الحميد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

(٢) أحمد النكلاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

(٣) ألبرت ال هيستير، الصحافة الثورية وصحافة التنمية، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠-٨١.

(٤) جيهان أحمد رشتی، النظم الإذاعية فی المجتمعات الغربية، دراسة فی الإعلام الدولی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

دووەم: وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەسەندنگەرایی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

لە سایەی ئەو هۆکارانەی باس کران، شتێکی سروشتی بوو کە بیرمەندانی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی –تەنانەت ئەگەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆش بێت– پشتگیریی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە دیاریکردنی باشترین چوارچێوەی گونجاو بۆ وڵاتەکەیان لە بارەی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بکەن. ئیدی ئەمە بە هەر جۆرێک لەمانە بێت:

– ڕێگەدان بەوەی دەوڵەت خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بکات، وەک پێویستییەکی دوورکەوتنەوە لە هەر شوێنەوارێک کە لە خاوەندارێتیی تایبەتی ئەو ئامرازانە بکەوێتەوە –بەتایبەت ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان–، هەروەها وەک پێویستییەک کە ڕۆڵی چاوەڕوانکراو لەو ئامرازانە دەیخوازێت، بەتایبەت کە ئەو ئەرکانەی کە قورسە ئەو ئامرازە تایبەتانەی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن، چونکە خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیی خاوەنەکانیان دادەمەزرێنرێن، ئیدی ئەو ئامانجانە بریتی بن لە بەرەودان بە بیروبۆچوونی خۆیان یان پاڵپشتیکردنی دەسترۆیشتووییان، یاخود بریتی بێت لە بەدەستهێنانی قازانجی ماددی. ئەمەش وای کردووە کە زۆربەی ئەو بابەتانەی کە لە ڕێگەیانەوە پەخش دەکرێن، بڕژێنە خزمەتی ئەو ئامانجانەوە و ئیدی گرنگی بە خزمەتی ئامانجە گەشەپێدانییەکانی کۆمەڵگە نادەن[1]، هەر چەندە پێویستە «بەرژەوەندیی نیشتمانی بخەنە سەرووی ئامانج و مەرامەکانی خۆیانەوە.»

– لە باری ڕێگەدانی دەوڵەت بە بوونی ئامرازی ڕاگەیاندنی تایبەتیشدا، هزری ڕاگەیاندن مافی دەستتێوەردان لە کاروباری ئەو ئامرازانەدا بە دەوڵەت دەدات، بە شێوەیەک کە لایەنی کەم زامنی دوورکەوتنەوە لە هەر جۆرە کاریگەرییەکی نەرێنیی بکات کە ئەگەری ڕوودانیان لە بەکارهێنانی نەخوازراوانەی ئەو ئامرازانە هەیە و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی گەشەپێدانی کۆمەڵگە دەبێت[2].

کەتواری خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوودا زۆرێک لەو دەوڵەتانە، کە پێشتر کۆڵۆنیای ئەورووپی بوون لە ئەفەریقا و

---

(١) بڕوانە: شون ماکبراید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨.

(٢) ئەمەش لە میانەی دەستتێوەردانی سانسۆرانە، یان لە ڕێگەی میکانیزمی تردوە. بڕوانە: رفیق سکری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

ئاسیا و ئەمەریکای لاتین، هەوڵیان دا سیستمێکی ڕاگەیاندن بەرپا بکەن کە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و قەناعەتی سیاسییاندا گونجاو بێت، ئەمەش لە ڕێگەی:

ئ. جێبەجێکردنەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەناو ڕێنماییەکاندا لەگەڵ ئامانجە نیشتمانییەکاندا، لە ڕێگەی ئیدارەدان و خاوەندارێتیی حکومیی ڕاستەوخۆوە.

ب. هەر کاتێک ڕێکارەکان پەکیان کەوت –لە باری بوونی ئامرازی ڕاگەیاندنی تایبەتدا لە سەردەمی پێشوو–، حکومەت کار بۆ سەپاندنی زنجیرەیەک کۆتوبەند دەکات کە بە لای کەمەوە ئاڕاستە ئۆپۆزسیۆنەکان لەو ئامرازانەدا لە حکومەت دوور دەخاتەوە[1].

شێوازی یەکەم بوو بە ئامانجێکی بنچینەیی لە زۆربەی دەوڵەتە ئەفەریقییەکاندا، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرێک لە دەوڵەتە ئاسیاییەکان و دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین شێوازی دووەمیان پەیڕەو کرد[2].

حکومەت –لە باری شێوازی دووەمدا– پەنا بۆ چەندین ڕێگە بۆ زامنکردنی زاڵبوونی بەسەر ئەو ئامرازانەدا دەبات، وەک بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی لە بەخشین و ڕێگریکردن و گرتنەوە، یان لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنەوە[3]، لە میانەی پەنابردن بۆ فشاری ئابووریی وەک بەرتیل و کۆمەک و جیاوکی تایبەت و زاڵدەستی بەسەر کاغەزی ڕۆژنامەکاندا و بەکارهێنانی ڕیکلامی حکومی وەک ئامرازی فشار و چاودێریکردنی قەرزی بانکی، ئەمە وێڕای پەنابردنە بەر چەندین ڕێگەی تر بۆ ناچارکردنی ڕۆژنامەکان بە ملکەچبوون بۆ خواستی حکومەت[4].

بەو شێوەیە و بەو پێچەوانەی کە ئەو دۆخەی کە هەیە، زاڵدەستیی ئابووری بە هۆی تاک، یان هەر دەستەیەکی سەربەخۆوە، هیچ گرنتییەک بۆ دەستوەرنەدان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و لە ڕای سەرنووسەرەکان و ڕۆژنامەنووسان و بەکارهێنانی ئازادانەی ئەو ئامرازانە لەخۆ ناگرێت[5].

---

(١) أمدی – مایکل هایت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٥٣–١٥٤.

(٣) لیلی عبد المجید، سیاسات الاتصال فی العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧–٥٨.

(٤) سانو و نام، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٣–٤٤٧.

(٥) ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی بۆ ئازادیی خاوەندارێتی لە کەتواردا

لەگەڵ دروستی زۆرێک لەو پاساوانەی کە بۆ ڕاسپاردنی دەوڵەت (حکومەت) لە پەیڕەوکردنی ئەو وێنایە پێشکەش کراون کە بە گونجاوی دەزانێت بۆ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بارودۆخیدا دەگونجێت و ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت، بەڵام کەتوار –لەگەڵ بوونی ئەندازەیەک لە سەرکەوتن لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی گەشەپێدان– لە زۆرێک لەو وڵاتانەدا چەندین لادانی ڕوونی لەلایەن حکومەتەوە بەخۆوە بینی، ئیدی سەبارەت بەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن بێت کە ئەو حکومەتانە خاوەندارێتییان کردوون، یان بەڕێوەیان بردوون، یان سەبارەت بەو ئامرازانەی کە خاوەندارێتیی تایبەتیان هەبووە.

– سەبارەت بەو ئامرازانەی کە دەوڵەت خاوەندارێتییان دەکات، یان بەڕێوەیان دەبات، حکومەتەکان ئەو ئامرازانەیان –زۆر کات– وەک ئامرازی بانگەشەکردن بۆ دەستکەوت و کارە وەهمی و ڕاستەقینەکانی خۆیان بەکار هێناوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی شکۆی کەسێتیی سەرکردەکانی ئەو حکومەتانە بەکار هێنراون[1]، هەروەک چۆن وەک ئامرازی بێڕێز و سووککردنی نەیارە سیاسییەکانیان و بەگێلناساندنی ڕاوبۆچوونەکانیان.

– سەبارەت بە پەیوەندیشیان بە ئامرازە ڕاگەیاندنییە تایبەتەکانیشەوە، ئەو حکومەتانە بە چەندین شێوە پەنایان بۆ دەستتێوەردان بردووە، بە بەکارهێنانی فشاری سیاسی و ئابووری و یاسایی و کارگێڕی و... هتد، نەک بۆ ڕێگریکردن لە دەنگی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆن، کە هەڕەشە لە ڕەوتی گەشەپێدان دەکەن، بەڵکوو ئەو فشارانە –زۆربەی کات– بۆ ڕێگریکردن لە دەنگانە بەکار هاتوون کە پەردە لەسەر هەڵسوکەوتی ئەو حکومەتانە لا دەبەن و کەموکووڕی و ناشرینییەکانیان دەردەخەن، ئەمەش بە چەندین پاساوی جیا، وەک: هەڕەشە بۆ سەر ڕەوتی گەشەپێدان و ترس لەسەر بەرژەوەندیی نیشتمانی و شتی لەو بابەتە.

---

(١) بەراورد بکە لەگەڵ: عواطف عبد الرحمن، دراسات فی الصحافة العربیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢، ٣٣.

پاری سێیەم: خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا

چەندین هۆکار بەشداری لە دروستکردنی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەن. لێرەدا کەمێک بەدرێژی ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو، پاشان باس لە سیما گشتییەکانی ئەو وێنایە دەکەین.

یەکەم: ئەو هۆکارانەی کە وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بۆ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دروست دەکەن

١. سروشتی خاوەندارێتی لە هزری ئیسلامیدا

ئەو تێزەی هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامی بۆ سروشتی خاوەندارێتی پێشکەشی دەکات، بەوەوە ناوەستێت کە تێزێکە دەرهاویشتەی ئەو تێزانەیە کە ئەو هزرە لە بارەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی ڕاستی و سروشتی پەیوەندیی مرۆڤ و دەوڵەتەوە تەبەنیی کردوون، بەڵکوو بۆ دوورتر لەوە درێژ دەبێتەوە، تا ئەو ئاستەی کە ئەو وێنایە دەبێت بە دەرهاویشتەی بەڵگەنەویستەکانی خودی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی.

ئەگەر کەسێک لە بەڵگەنەویستی سەرەکیی ئەو کۆزمۆلۆژیایە ڕابمێنێت، کە بریتییە لە بەڵگەنەویستی «بوونی خودایەکی کارا»، دەبێنێت یەکێک لە ناوە جوانەکانی ئەو خودا کارایە، کە خۆی پێ ناو ناوە، ناوی «خاوەنی سامانەکان»ە، ﴿قُلْ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ﴾[١]، واتە: «(ئەی پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر-، ئەی ئیماندار) بڵێ: خوایە تۆ خاوەنی هەموو شتێکیت، دەسەڵات بە هەر کەسێک دەبەخشیت بتەوێت»، پاشان هەموو شتێک لەم بوونەدا مۆڵکی خۆیەتی، ﴿لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ﴾[٢]، واتە: «هەر چی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەر ئەو خاوەنیانە»، هەروەها کەس ناتوانێت بەبێ ئیزن و ویستی ئەو هەڵسوکەوت بە هیچ شتێک لە سامانەکەیەوە بکات، وەک ئەوەی لە کتێبەکانیدا و لەسەر زاری پێغەمبەرانیەوە ڕوونی کردووەتەوە، خۆ ئەگەر مرۆڤ کە بە جێنشینی خوا لە زەوییەکەیدا ڕاسپێردراوە، سەرپێچیی ویستی خودای گەورە بکات، ئەوا خۆی دووچاری سزاکەی دەکات، ئیدی ئەو مرۆڤە فەرمانڕەوا بێت (دەسەڵاتی دەوڵەت)، یاخود هاوڵاتی. هەروەک چۆن باشبەڕێوەبردنی مرۆڤ بۆ جێنشینایەتیکردنی

---

(١) (آل عمران: من ٢٦).

(٢) (الحديد: من الآية ٢).

خاوەنی ڕەسەن –کە خوای گەورەیە– وای لێ دەکات شایستەی پاداشتی ئەو بێت.

بەو شێوەیە، خەڵکی خاوەنداری ڕاستەقینە نین بۆ هیچ شتێک لە دنیادا، بەڵکوو بریکاری بەرپرسیارین لەو بریکارییە لەبەردەم خاوەنی مووڵک، هەروەها ئەوان لەو بارەیەوە تاقی دەکرێنەوە، تا بزانرێت چی دەکەن[1].

بەو پێیەشی ئەو خاوەندارێتییە لایەنێکی گرنگە لەو لایەنانەی کە خوای گەورە دەیەوێت مرۆڤی پێ تاقی بکاتەوە، ﴿وَهُوَ الَّذِی جَعَلَکُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَکُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِیَبْلُوَکُمْ فِی مَا آتَاکُمْ﴾[2]، واتە: «خوا هەر ئەو زاتەیە کە ئێوەی کردووە بە جێنشینی گەلانی ڕابردوو لەم زەوییەدا، چەندەها پلەوپایەی هەندێکتانی بەسەر هەندێکی ترتاندا بەرز کردووەتەوە (لە ڕووی زانستی یان سامان یان هیز... هتد)، بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە بەوەی کە پێی بەخشیون.»

ئەمە واتای ئەوەیە کە هیچ بواریک بۆ ئەوە نەبێت دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی بۆ بێبەشکردنی تاک بەکار بهێنێت لەوەی خاوەنداریێتیی ئەوەی کە دەتوانێت هەیبێت و ئیدارەی بکات، مەگەر لە باریکدا کە لە بەکارهێنانی ئەو شتە لا بدات کە هەیەتی، بە شێوەیەک کە لە ویستی خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆی لا بدات و بۆ زیانگەیاندن بە کۆمەڵ سەر بکێشێت، یان مەگەر لە باری پێویستدا کە زاڵکردنی بەرژەوەندیی کۆمەڵ بەسەر ئەو بەرژەوەندییەی تاکدا دەیخوازێت کە بە هۆی ئەو سامانەوە دەستی دەکەوێت[3].

---

(١) لە بارەی چەمکی خاوەنداریێتی لە ئیسلامدا، بڕوانە:

– خالد إبراهیم عربی، نظرات فی الاقتصاد الإسلامي (طرابلس: منشورات جمعیة الدعوة الإسلامیة العالمیة، ١٩٩١)، ص٢٧، ٢٩.

– عبد إلهادی النجار، الإسلام والاقتصاد: دراسة فی المنظور الإسلامي لأبرز القضایا الاقتصادیة والاجتماعیة المعاصرة، سلسلة عالم المعرفة عدد ٦٣ (الکویت: المجلس الوطنی للثقافة والفنون والآداب، مارس، ١٩٨٣)، ص٥٩.

– فاروق دسوقی، حریة الإنسان فی الفکر الإسلامي: بحث فی القضاء والقدر و الجبر والاختیار، (الإسکندریة: دار الدعوة للطبع والنشر، ب ت)، ص٤١٦.

– محمد عماره «الخصوصیة الإسلامیة للاستخلاف فی الثروات والأموال» مجلة إلهلال، عدد ینایر ١٩٩٦، ص٣٤.

(٢) (الأنعام: ١٦٥).

(٣) لە بارەی مەرجەکانی دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە لە خاوەندایێتیی تاکدا، بڕوانە:

– محمد محمود بابلیو، الحریة الاقتصادیة فی الإسلام، سلسلة دعوة الحق، السنة التاسعة، عدد ٩٨ (مکة المکرمة): رابطة العالم الإسلامي، ١٩٩٠)، ص١٣٨، ١٦٣.

– إبراهیم دسوقی أباظه، الاقتصاد الإسلامي: مقوماته ومناهجه، بدون ناشر، وبدون تاریخ، ص٥٠.

٢. تێگەیشتنی ئیسلامی بۆ مافی تاک لە گوزارشتکردن لە ڕای خۆی

بەو پێیەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی وا لە مافی تاک بۆ گوزارشتکردن لە ڕای خۆی دەڕوانێت کە مافێکە بەرز دەبێتەوە تا لە زۆر شوێندا دەگاتە ئاستی ئەرک (واجب) و یەکێک لە پێویستییە یارمەتیدەرەکانی تاک بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە لەم دنیایەدا لێی خوازراوە[١]، ئەمە ئەرکێک بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت کە بریتییە لە پێویستیی ڕەخساندنی هەموو ڕێگانەی کە زامنی ئەوە دەکەن کە تاک بتوانێت گوزارشت لە ڕای خۆی بکات و دواتر وای لێ بکات بتوانێت بەشداریی کارا لە پرسەکانی کۆمەڵگەکەیدا بکات، ئەویش لە میانەی پێدانی مافی خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنییەی کە ئەو پێی وایە ئەو ئامانجانەی بۆ بەدی دەهێنێت، هەروەها لە میانەی بەخشینی مافی پەخشکردنی بۆچوونەکانی –ئەگەر نەیتوانی خاوەندارێتیی ئامرازێکی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی بکات– لەو ئامرازە ڕاگەیاندنییەی کە بۆی گونجاوە. هەروەها ئەم کارە پێویستە پابەندییەکی ئایینی و ئەدەبی بێت لەسەر ئەوانەی کە ئامرازی ڕاگەیاندنی تایبەتیان هەیە، هەروەها پابەندییەکی بەهێزتر لەسەر ئەوانەی کە سەرپەرشتیاری ئامرازە ڕاگەیاندنییە گشتییەکانن[٢].

بێگومان هەر خەمساردی و کەموکورتییەک لەلایەن دەوڵەتی موسوڵمانەوە لە ڕەخساندنی بوار لەبەردەم تاکدا بۆ دەربڕینی ڕای خۆی –لەچوارچێوەی شەریعەتدا– یان هەر دەستتێوەردانێکی تر لەلایەن دەوڵەتەوە بە هەر ئامرازێک بۆ بێبەشکردنی تاک لەو مافە بێت، بەبێ پاساوێکی ڕەوا، بەرپرسانی ئەو دەوڵەتە دووچاری توڕەیی و سزای خودا دەکاتەوە.

٣. ئەو ئەرکانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا جێبەجێی بکەن

سێ ئەرک (وەزیفە) هەیە کە چاوەڕوان دەکرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا جێبەجێی بکەن، کە بەڕوونی کاریگەرییان لەسەر ئەو وێنایە هەیە کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بۆ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی

---

(١) بڕوانە: يوسف القرصاوي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.
هەروەها بگەڕێرەوە بۆ ئەوەی کە باسمان کرد لە بارەی تێگەیشتنی ئیسلامی بۆ مافی تاک لە ڕادەربڕین.

(٢) بڕوانە: إبراهيم إسماعيل، الإعلام الإسلامي ووسائل الاتصال الحديث، سلسلة دعوة الحق، عدد ١٣٣، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامي، محرم ١٤١٤)، ص٢٨.

ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

بانگەواز: لە ئەرکە گرنگ و بەرجەستەکانە، کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییش بەشداری لە ڕاپەڕاندنیدا بکەن. بەو پێیەشی تەکلیفکردن لە بانگەواز تاک و گرووپ و دەوڵەتیش دەگرێتەوە[1]، ئەمە واتای ئەوەیە کە نابێت ئەو کەسانە بێبەش بکرێن کە دەیانەوێت خاوەندارێتیی ئامرازێکی ڕاگەیاندن بکەن، کە لە میانەیەوە چالاکیی بانگەوازی پیادە بکەن، هەروەک چۆن نابێت دەوڵەت بێبەش بکرێت لەوەی خاوەندارێتیی هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن بکات کە لە بانگەوازدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەکاری بهێنێت.

چاودێریکردنی ڕەوتی کۆمەڵگەی موسوڵمان: کە ئەمانە دەگرێتەوە: چاودێریکردنی هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان لە کۆمەڵگەی موسوڵمان و ئاشکراکردنی هەر لادانێک لەلایەن بەرپرسانەوە لە هەر یەکێک لەو بوارانەی ژیاندا و داوای ڕاستکردنەوەیان، ئەمەش بێگومان بوونی چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ئازاد دەخوازێت، کە وا بکەن هەر تاکێک بتوانێت لەو ڕۆڵەدا بەشدار بێت، بەبێ هیچ جۆرە فشارێک لەلایەن فەرمانڕەوانیانەوە.

بێگومان پایەی سەرەکیی ئازادیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن- بەتایبەتی ڕۆژنامە- بریتییە لە ئازادیی خاوەندارێکردنی، چونکە نەمانی ئازادیی تاک بۆ خاوەندارێتیکردنی ئەو ئامرازانە و کورتهێنانی خاوەندارێتیکردنیان لە دەوڵەتدا –پاشان کورتهێنانی بەڕێوەبردنیان و کۆنترۆڵکردنیان لە دەسەڵاتداراندا- وا دەکات ڕێگریکردن لە هەر ڕێچکەیەک کە ئەوان گرتوویانەتە بەر، یان فەرمان بە چاکەیەک لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەوە کە ئەوان وازیان لێ هێناوە، زۆربەی کات ئاسان نەبێت، ئیدی ئەمە واتە پەکخستنی یەکێک لە فەرزە بنچینەییەکانی ئایین، کە بریتییە لە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە لە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ژیاندا، کە لایەنی سیاسییە، هەروەک چۆن ئەمە وا دەکات کە ئەگەر بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەبێت، بە شێوەیەک کە پاڵپشتیی پێگەیان بکات و مەرامە تایبەتەکانی خۆیان بەدی بهێنێت، تەنانەت ئەگەر لەسەر هەژماری کۆمەڵگەی موسوڵمانیش بێت.

گەڕان بەشوێن ڕاستیدا: لە بابەتە گۆڕاوەکانی ژیاندا، کە کە دەقی یەکلاکەرەوەیان لە بارەوە نەهاتووە و ڕا و ئاراستەکان لە بارەیانەوە کۆک نین، بێگومان فرەیی

(١) بڕوانە: إبراهيم إمام، الإعلام الإسلامي: المرحلة الشفهية، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٨٠)، ص١٩-٢٢.

دیدەکان و هەمەچەشنیی بۆچوونەکان –کە بە تاکە ڕێگەی خوێندنەوە و ڕامان لە هەر شتێک لە هەموو ڕووەکانیەوە و گەیشتن بە نزیکترین وێنا بۆ ڕاستی، هەژمار دەکرێت– فەراهەم نابێت کاتێک تەنها دەنگێک هەبێت کە بریتییە لە دەنگی دەوڵەت و هەر ئەویش تاکە خاوەندارێتی ئەو ئامرازانە بێت –هەر چەندە زۆریش بن–، چونکە هەر بۆچوونێک کە لەو ئامرازانەوە بڵاو دەکرێنەوە، لەوە بەدەر نین کە گوزارشتن لەو گۆشەنیگایەی کە دەوڵەت (حکومەت) هەیەتی، کە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەموو ئامرازەکانیەوە پێداگریی لێ بکات، وەک بڵێیت ئەوە خودی ڕاستییە، لە کاتێکدا ڕەنگە چەندین کەموکورتیی تێدا بێت، کە ناتوانرێت بدۆزرێنەوە، مەگەر لە بازارێکی ئازادی هزر و ڕا و زانیاریدا نەبێت، کە دەکرێت لەوێدا ڕاستی دەربکەوێت، پایەی ئەو بازارەش بریتییە لە فرەیی دەنگەکان، پایەی ئەو فرەییەش بریتییە لە فرەیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەمەچەشنیی خاوەندارێتیکردنیان.

٤. سروشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

پێشتر، لە پتر لە شوێنێکدا، ئاماژەمان بەوە کرد کە سروشتی ئامرازە ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی ڕوونی لە دیاریکردنی باشترین شێوەی خاوەندارێتیکردنی هەیە، بۆ نموونە ڕۆژنامە بواری فرەیی بە شێوەیەکی زۆر فراوان دەڕەخسێنێت، بەپێچەوانەی ئێزگەوە، کە تەنها سنووردارێکی دیایکراو لە فرەیی فەراهەم دەکات، ئەمەش وا دەکات خاوەندارێتیی ڕۆژنامە لەبەردەم هەر تاکێکدا فەراهەم بێت کە توانای دەرکردنی ڕۆژنامەی هەبێت، هەروەها وا دەکات دەستتێوەردان بۆ هەڵبژاردنی باشترین شێوەکانی خاوەندارێتی بۆ ئێزگە، بەو شێوەیەی کە زامنی فرەیی و هەمەچەشنی بکات، بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت و لایەنە نەرێنییەکانی خاوەندارێتیی حکومەت لە لایەک و لایەنە نەرێنییەکانی خاوەندارێتیی تایبەت لە لایەکی ترەوە نەهێڵێت، کارێکی پێویستە بۆ دانانی باشترین وێنا بۆ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا.

دووەم: سیما گشتییەکانی وێنای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییانەی باس کران، کە بە دیاریکەری بنچینەیی ئەو وێنایە هەژمار دەکرێن کە فەلسەفە بنچینەییەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پەیڕەویان کردووە، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو جێبەجێکردنانەی کە کەتوار بەخۆیەوە بینیون لە تێزەکانی فەلسەفە

پۆژەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە بارەی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە و ئەو لایەنە نەرێنی و ئەرێنییانەی لێیان کەوتوونەتەوە، دەکرێت تۆڕێڕەر ئەم وێنەیەی کە دێت، بۆ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا پێشکەش بکات[1]، لەوەی کە بە خاوەندارێتیی ڕۆژنامە و خاوەندارێتیی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیوەستە[2].

ئ. خاوەندارێتیی ڕۆژنامە

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییانەی باس کران، دەتوانرێت بوترێت ڕەخساندنی خاوەندارێتیی تاکەکەسی بۆ ڕۆژنامە کارێکی بنچینەییە، کە بینیی ئەو ڕۆڵە دەیخوازێت کە چاوەڕوان دەکرێت ئەو ئامرازە بە باشترین شێوە لە کۆمەڵگەدا بیگێڕێت. بۆ دوورکەوتنەوەش لە لادانی تاکەکان لە بەکارهێنانیاندا بۆ ئەو ئامرازە گرنگە –وەک ئەوەی لە کۆمەڵگە لیبراڵییەکاندا بینیمان– پێویستە چەندین لائیحەی یاسایی بۆ ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی قۆرخکاری و دانانی دیسپلینی چاودێری لەسەر سەرچاوەی دارایی ئەو ڕۆژنامانە، بۆ ڕێگریکردن لە فەندی دارایی دەرەکی دابنرێت. ئەمە وێڕای گرتنەبەری چەندین ڕێگەی تر بۆ زامنکردنی نەهێشتنی سەرپێچی لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازەدا.

---

(١) چەند نووسینێکی عەرەبی هەیە کە وێنایەکی خێرایان لە بارەی ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا پێشکەش کردووە، ئەو وێنایانە لەگەڵ ئەو وێنایەدا سازاو و تەبان کە ئەم تۆێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییانەی خستوونیەتە ڕوو، پێشکەشی کردووە.

– بۆ نموونە: ئیبراهیم ئیمام پێی وایە «ئازادیی خاوەندارێتیکردنی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن مافیکی پارێزراوە لە ئیسلامدا و ناکرێت خۆمالّی بکرێت، یان موسادەرە بکرێت، یاخود خاوەندارێتییەکەی قۆرخ بکرێت، چونکە ئەوە جۆرێک لە گیانی زۆرلێکردن لەخۆ دەگرێت، کە پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سوننەتە، هەروەک چۆن مەبەستی کەسیی ناپاک لەخۆ دەگرێت بۆ بەدیهێنانی مەبەست و مەرامی کەسی، یان حیزبی، یان بیروباوەڕی». أصول الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

– سەعیدی کوڕی سابیتیش لە کتێبەکەیدا (الحرية الإعلامية فی ضوء الإسلام) پشتیوانیی ئەو ڕایەی کردووە، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

محەمەد سەید محەمەدیش وای بۆ چووە کە «هیچ سنوور و بەربەستێک ڕێگر نییە لە بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندن و بەبازارکردنی و فرۆشتنی، مادام بەرهەمهێنەکە و ڕێساکانی بەرهەمهێنانەکە لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی و یاساکانیدا بن». – المسؤولية الإعلامية فی الإسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

(٢) ئەوەی لێرەدا جێی بایەخە بۆ تۆێژەر کە قسەی لەسەر بکات، بریتییە لە ئامرازە جەماوەرییەکانی پەیوەندی نەک دەستەجەمعی (الجمعي)، هەروەها تۆێژەر باسی سینەما ناکات وەک یەکێک لە ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری، چونکە ناتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە حکومەتێک هەیە ڕێگرە لەبەردەم تاکدا کە هەر فیلمێکی سینەمایی دەربهێنێت کە خۆی دەیەوێت، مادام ئەو فیلمە لەگەڵ ئاڕاستەکانی ئەو حکومەتەدا دڕ نەبێت، یاخود ئەو سنوورە نەبەزێنێت کە بۆ ئازادیی ڕادەربڕین لە کۆمەڵگەکەیدا دایدەنێت.

لە لایەکی تردوە پێویستە دەوڵەت ئاسانکاریی پێویست بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە پێشکەش بکات، بە شێوەیەک کە هانی دەرکردنی ڕۆژنامەی زیاتر بدات، ئەمە لە لایەک، هەروەها هانی دەرکردنی ڕۆژنامە بچووکەکان بدات کە خۆیان ڕادەگرن لەبەردەم ڕکابەریی ڕۆژنامە گەورەکان، بە مەرجێک ئاسانکارییەکان بە یاسا ڕێک بخرێن. هەروەها ئەو ڕۆژنامانە ملکەچی ڕەزامەندی، یان تووڕەیی حکومەت لێیان نەبن. واتە دەوڵەت نەتوانێت وەک ئامرازی فشاری دەستی خۆی بەکاریان بهێنێت، ئۆپۆزسیۆنی پێ بترسێنێت و پاداشتی پاڵپشتیکارانی خۆی پێ بکات.

سەبارەت بە خاوەندارێتی حکومەت بۆ ڕۆژنامەکان، هەر کەسێک ڕابمێنێت لەوەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی لە پاساوهێنانەوەی بۆ بێبەشکردنی دەوڵەت لە خاوەندارێتیکردنی ڕۆژنامە بۆی چوو، بەوەی کە ترس هەیە لەو توانا زۆر و زەبەندەی کە دەتوانێت بۆی تەرخان بکات، بە جۆرێک کە ڕکابەریی نێوان ئەو و نێوان ڕۆژنامە تایبەتەکان ڕکابەرییەکی نابەرانبەر بێت، ئەو کەسە دەبینێت کە ئەم پاساوە ئەندازەیەکی زۆر لە ڕاستی هەڵدەگرێت، -پاشان- تا بتوانرێت ئەو مەترسییە تێبپەڕێنرێت، پێویستە ڕێگە بەوە نەدرێت کە حکومەت خاوەندارێتیی ڕۆژنامە بکات، مەگەر لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بێت، کە بریتییە لە:

- بەخشینی مافی خاوەندارێتیی ڕۆژنامەی تایبەت بە بانگەوازی ئیسلامی بە دەوڵەت، ئیدی لەسەر ئاستی لۆکاڵی یان نێودەوڵەتی بێت.

- ئەو دەوڵەتانەشی کە پەنا بۆ بەکارهێنانیان بۆ شیکردنەوەی سیاسەت و گۆشەنیگای خۆی و بەرگریکردن لە دیدی خۆی دەبات، بە شێوەیەک خزمەت بە مانەوەی ئەندامەکانی لەسەر کورسیی دەسەڵات بکات، ئەوا دەکرێت ڕێگەی پێ بدرێت، بە مەرجێک دیسپلینی پێویستی بۆ زامنکردنی لایەنی دارایی ئەو ڕۆژنامانە بۆ خۆیان لەلایەن خۆیانەوە، لە میانەی دابەشکردن و داهاتی ڕیکلامەوە بۆ دابنرێت. ئەمەش لە ڕێگەی چاودێریکردنی داهاتی ئەو ڕۆژنامانە و خەرجییەکانیان، ناشبێت حکومەت دیناریک لە سامانی گەل بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی خەرج بکات، کە دەکرێت هەندێک جار دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو گەلەش بێت. هەروەها لە ڕێگەی دانانی دیسپلینی ورد بۆ ئەوە، دەکرێت -تا ڕادەیەک- بەسەر مەترسی هاتنەناوەوەی حکومەت بۆ ژیانی ڕۆژنامەگەری بە هەموو توانا زۆرەکانیەوە زاڵ ببین، ئەو توانا زۆرەی کە دەکرێت پرۆسەی ڕکابەریی نێوان ڕۆژنامەکانیش تێک بدات.

ب. خاوەندارێتیی ئیزگە (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن)

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییانەی باس کران –بەتایبەت ئەوانەی کە تایبەت بوون بە سروشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە–، دەتوانرێت بوترێت بەخشینی مافی خاوەندارێتیی کەناڵی ئەلیکترۆنیی ڕاگەیاندن بە تاک، ئەندازەیەک لە مەترسی لەخۆی دەگرێت، کە بریتییە لە:

– ئەگەری بەکارهێنانی ئەو کەناڵانە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، بەو شێوەیەی کە گەورەترین قازانج بهێنێت. هەروەها ئەگەری تێوەگلان لە بڵاوکردنەوەی ماددەی ئاستنزمی بواری ڕاگەیاندن، بە ئامانجی ڕاکێشانی جەماوەری زۆر، تەنانەت ئەگەر ئەو ماددانە لەگەڵ بەها و ئەخلاقیاتی ئیسلامیشدا یەک نەگرنەوە.

– ئەگەری ڕێگەنەدانی ئەو کەناڵانە بە پەخشکردنی هەر بیروبۆچوون و ڕا و زانیارییەک کە لەگەڵ ئاڕاستەی ئەواندا نەیەتەوە، لەو کەناڵانەوە کە هەر خۆیان بە سروشتی خۆیان سنووردارن، هەروەها ئەو سنووردارکردنەی هەمەچەشنی و فرەییەی کە لەمە دەکەوێتەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی لە بەشداریی کارا بۆ گەیشتن بە ڕاستی ڕێگر دەبێت.

– بەو پێیەی ڕۆڵی گەورەی چاوەڕوانکراو لەو کەناڵانە ڕۆڵێکی ڕێنموکاری و ڕۆشنبیرکردن و فێرکردنە و بەو پێیەشی ئەو جۆرە بەرنامانە سەرنجی بەشی زۆرینەی جەماوەریان لەسەر نییە –زۆربەی کات–، لەگەڵ هەموو ئەوەی ئەمە لە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو قازانجەی دەیگەیەنێت کە دەکرێت ئەو کەناڵانە لە ڕێکلام بەدەستی بهێنن، ئەمە وا دەکات خاوەنی ئەم کەناڵانە کەمتر کار لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە بەرنامانە بکەن، ئیدی ئەمە هەڕەشە لەو وەزیفەیە دەکات کە چاوەڕوان دەکرێت ئەو کەناڵانە لە بونیادنانی کۆمەڵگەی موسوڵماندا جێبەجێی بکەن. هەروەها وا دەکات زۆرترین گرنگیپێدانی خاوەنی ئەو کەناڵانە لە بواری بەرهەمهێنان و پەخشکردنی بەرنامەی سەرگەرمی و کاتبەسەربردندا چڕ ببێتەوە. ئەوەی لە کەناڵە ئەلیکترۆنییەکانی تایبەتەکانی ڕاگەیاندنەوە لە جیهانی ڕۆژئاواییدا ڕوو دەدات، بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەو بارە.

لە لایەکی ترەوە دەتوانرێت بوترێت کورتهەڵهێنانی مافی خاوەندارێتیی ئیزگە لە دەوڵەتدا ئەندازەیەک لە مەترسییش لەخۆ دەگرێت، چونکە لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت پێویستی بە چڕکردنەوەی ئەو بابەتە سەرنجڕاکێشانەی سەرگەرمی و کاتبەسەربردن نییە کە قازانجی ڕێکلامی فەراهەم دێنن، هەروەها لەگەڵ ئەوەی توانای هەیە بەرهەمهێنان و پەخشکردنی بەرنامە ڕۆشنبیری و ڕێنماییکاری و

فێرکارییەکان فراوان بکات، بەڵام ئەگەری بەکارهێنانی ئێزگە لەلایەن حکومەتەوە لە دەوڵەتی موسوڵماندا بە شێوەی ڕیکلام و بانگەواز بۆ سیاسەت و دەستکەوتە ڕاستەقینە و وەهمییەکانی و بەکارهێنانیان وەک ئامرازی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و بەڵکوو هەندێک جار ڕەنگە بۆ بەلاڕێدابردینشی، ئەگەرێکی کراوەیە و مەترسییەکی ڕوونە لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە دەتوانرێت بوترێت گونجاوترین جۆرەکانی خاوەندارێتی، کە بتوانێت –بە پێی توانا– خاڵە نەرێنییەکانی هەریەک لە خاوەندارێتیی تاکەکەسی یان حکومی بۆ کەناڵی ئێزگەکان، بریتییە لە خاوەندارێتیی گشتی و بەڕێوەبردنی ئەو کەناڵانە لەلایەن دەستەیەکی تەواو سەربەخۆ لە حکومەتەوە، لە ڕووی دارایی و فەندکردن و لە ڕووی هەڵبژاردنی ئەوانەشی کە کاری تێدا دەکەن، هەروەها لە ڕووی داڕشتنی سیاسەتەکانیشیانەوە. هەر چی سەبارەت بە فەندکردنیانەوەیە، ئەوا بە شێوەیەکی بنچینەیی لەلایەن بودجەی گشتیی دەوڵەتەوە بە بڕێک یان ڕێژەیەکی دیاریکراوی پێشوەختەوە فەند دەکرێن، ئیدی حکومەت مافی کەمکردنەوە یان زیادکردنی ئەو بڕەی نییە، مەگەر بە هۆکاری لۆژیکی و ڕاگەیەنراو بۆ ڕای گشتی بێت.

سەرچاوەی دووەمی فەندکردنی ئەو دەستەیە بریتییە لەو قازانجەی کە لە فرۆشتنی ئەو بەرنامانەوە دەست دەکەوێت کە بەرهەمیان دەهێنێت، ئەمە سەرباری داهاتەکەی لەو ڕیکلامانەوەی کە پەخشی دەکات. دەبێت ئەو دەستەیە کارنامەیەکی ڕوونیشی هەبێت، کە ئەرکەکانی دیاری بکات و ڕێگای پێگەیشتنی هەموو گۆشەنیگا و ڕا جیاوەزەکانیش بەو دەستەیە و ئامرازەکانی ڕێک بخات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی دادگەری لەو کاتەی بە هەر لایەک دەبەخشرێت، بە شێوەیەک زامنی ئەوە بکات کە گۆشەنیگای حکومەت پشکی شێری لە کاتی ئەو کەناڵانە بەر نەکەوێت.

لە میانەی خستنەڕوومان بۆ سیما گشتییەکانی تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە بارەی ئازادیی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە و گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە لە جێبەجێکردنیان کەوتوونەتەوە، هەروەها خستنەڕووی تێزە هاوتا ئیسلامییەکانیان، دەگەینە چەند دەرئەنجامێک، گرنگترینیان:

– فەلسەفەی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هزری ئیسلامیدا جیاوازە لە فەلسەفەی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە قوتابخانەکانی هزری پۆزەتیڤیزمدا بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، چونکە خاوەندارێتیی ئەو ئامرازانە بە خاوەندارێتیی ڕاستەقینە هەژمار ناکرێت، بەڵکوو خاوەندارێتیی جێنشینییە. بۆیە خاوەنی هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن، ئیتر تاک بێت یان دەستەیەکی گشتی، یاخود حکومەت، تەنها بۆی هەیە ئەو

ئامرازە لەو چوارچێوەیەدا دابنێت کە خاوەنە ڕەسەنە باڵاکەی بۆی دیاری کردووە، هەر بەکارهێنانێکی تر لە دەرەوەی ئەو بازنەیە خاوەنەکەی دووچاری تووڕەیی و سزای ئەو دەکات، هەروەک چۆن پابەندبوون پێیەوە شایستەی پاداشتی دەکات.

- فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی، لە دیاریکردنی سنووری خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، خاوەندارێتیی دەوڵەت بۆ ئەو ئامرازانە قەدەغە (حەرام) ناکات -وەک ئەوەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی کردی-، هەروەک چۆن خاوەندارێتیی تاکەکەسییش قەدەغە ناکات -وەک ئەوەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی کردی-، بەڵکوو مافی خاوەندارێتیی ئەو ئامرازانە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بە هەردوو لایان دەدات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت لەو ڕێگەیەوە خۆی لەو دەرئەنجامە نەرێنییانە بپارێزێت کە ڕەنگە لە دەستوالاکردنی لایەکیان و سنووردارکردنی لاکەی تریان لە خاوەندارێتیی ئەو ئامرازانەدا بکەونەوە، هەروەک چۆن ڕێگریش نییە لە سوودوەرگرتن لەو شێوەیەی کە هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم بۆ خاوەندارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دایهێناوە، ئەویش بریتییە لە شێوەی دەستەی گشتی و سەربەخۆ لە فشاری حکومی لە لایەک و لە ویستی بەدەستهێنانی قازانج یان دەسترۆشتوویی لە لایەکی ترەوە.

- لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پاڵنەرو فریودەرە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خودیی ئەوانەی بەڕێوەی دەبەن، تاک یان حکومەت بن، تەنانەت ئەگەر لەسەر هەژماری بەرژەوەندیی گشتییش بێت، کە هۆکارێکی بنچینەیی پشت شکستی ئەو وێنایانەیە کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی داینارون، کە ئەمە لە کۆمەڵگەی موسوڵمانیشدا ئەگەری ڕووداندی هەیە، بەڵام فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن باڵاترە، لەوەدا کە میکانیزمێکی چاودێریی بەسەر ئەوانەوە هەیە کە کاروباری ئەو ئامرازانە بەڕێوە دەبەن، کە دەکرێت وایان لێ بکات کە لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەدا سەرەدەرزییەک لەو چوارچێوەیە لانەدەن کە لە خزمەتی ئیسلام و کۆمەڵگەی موسوڵماندا بۆیان دارێژراوە، ئەو میکانیزمەش میکانیزمێکی خودایییە، هەر چەندە ئەمە ڕەنگە وا بکات فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی شلگیری لە داواکردنی وەرگرتنی خۆپارێزیی (الاحتیاطات) گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر لادانێک لەلایەن دەسترۆیشتووانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا بکات، بە جۆرێک کە ئەو ئامرازانە نەتوانن ئەرکی خۆیان لە بەرپاکردنی کۆمەڵگەی جێنشینیدا جێبەجێ بکەن.

بەشی سێیەم:
ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

پاری یەکەم: ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئازادا

داخوازی یەکەم: ئەرکەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیدا

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی لە بارەی ئەو ڕۆڵەی کە دەکرێت ڕاگەیاندن لە میانەیەوە بەشداری لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی لیبرالیدا بکات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو وێنایە داڕێژراوە کە هزری کۆمەڵایەتیی بۆ جۆری ئەو پەیوەندییە دایڕشتووە، کە پێی وا بووە کە ئەوە باشترین ڕێگەیە بۆ بەدیهاتنی ئەو مەبەستانە.

هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو وێنایەشدا، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییانەی کە لەسەری هەڵچنراون، فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی کاری لەسەر دیاریکردنی ئەو وەزیفانە کردووە کە بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕۆڵە پێویستە بیگێڕن، هەروەها کاری لەسەر دیاریکردنی ڕێگاکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێیانەوە کردووە.

لێرەدا ئەو وەزیفانە و ڕێگاکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێیانەوە دەخەینە ڕوو، هەروەها ئەوەشی کە لە زەمینەی کەتواردا لێی هاتووەتە دی، لەبەر ڕۆشنایی ئەو چوارچێوەیەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ شێوازی کاری ئەو دەزگایانە دایڕشتووە، کە لە دوو بەشی پێشتردا خستمانە ڕوو.

یەکەم: وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا

فەلسەفەی لیبرالی دان بە سێ وەزیفەدا بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەنێت، کە بریتین لە ڕۆشنگەریی گشتی (التنویر العام)، خزمەتکردنی سیستمی سیاسی، خزمەتکردنی سیستمی ئابووری، پاڕێزگاریکردن لە مافە مەدەنییەکان، دەستخستنی قازانج و سەرگەرمی (الترفیه)[1].

---

(١) بڕوانە:

- F.S.Siebert, T. Peterson, and W. Schramn, op. cit., p 51,
- P.Parney, and D. Nelson, "the Worlds Regionsand Journalism: in North American, J. C.Merrill, op. cit., p. 337.

١. ڕۆشنگەریی گشتی

بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕۆشنگەریی گشتی لە وەزیفە هەرە گەورەکانی ڕۆژنامەگەرییە. هەر لەسەردەمی ملتۆنەوە لیبرالیزمەکان ڕۆژنامە بە هاوبەشێکی گرنگی گەڕان بەشوێن ڕاستیدا دەبینن[١]، ئەمەش لە میانەی توانای بۆ خستنەڕووی ڕا و زانیارییە جیاوازەکان لە بازاڕێکی ئازاد و کراوە لەبەردەم هەموواندا، ئیدی لە میانەی ئەو بازاڕەوە، دواجار، ڕای دروست و پەسەند بەسەر ڕای هەڵەدا سەر دەکەوێت[٢]. لەبەرانبەر ئەو ئەرکەی سەرشانی ڕۆژنامەدا لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی، شتێکی سروشتی بوو کە هزری ڕاگەیاندنی لیبرالی ئازادییەکی فراوان بە تاکەکان ببەخشێت، بۆ گوزارشتکردن لە ڕای خۆیان بەبێ هیچ کۆت و سانسۆرێک

٢. خزمەتکردنی سیستمی سیاسی

هزری لیبرالی بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەخاتە ئەستۆی هەریەک لە تاک و ڕۆژنامە لە بەرپاکردنی فەرمانڕەوایەتی دیموکراسیدا. بۆ ئەوەشی تاک لە سایەی فەرمانڕەوایەتییەکی دیموکراسیی دروستدا بحەوێتەوە، پێویستە بەو کێشە و گرفتانە هۆشیار بێت کە ڕووبەڕووی ئەو دەوڵەتە دەبنەوە کە تێیدا دەژیت[٣]، هەروەها بە چارەسەر و ئەگەری دەرئەنجام و لێکەوتەکانیشی ئاشنا بێت. بۆیە پێویستە ڕۆژنامە لەم بوارەدا ڕۆڵی کارای خۆی بگێڕێت.

٣. پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکان

ئەم وەزیفەیە بە شێوەیەکی خۆکرد لە وەزیفەی دووەمەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی سەربەخۆیی خودیی تاک دەکەوێتە چەقی تیۆری لیبراڵییەوە، بەڵام ئازادیی تاک لەلایەن دوژمنە سەرەکی و کلاسیکییەکەی ئازادییەوە، کە حکومەتە، لەژێر هەڕەشەدایە، تەنانەت لە کۆمەڵگە لیبراڵییەکانیشدا خاوەن پۆستەکان دەتوانن دەسەڵاتەکەیان بە شێوازێکی مەترسیدار و بەرزونزم بەکار بهێنن، بۆیە لیبرالیزمەکان ئەرکی چاودێریکردنی بەردەوامی حکومەت بە ڕۆژنامە دەسپێردن و داوای لێ دەکەن ڕۆڵی ئەو چاودێر و پارێزەرە بگێڕێت کە هەر کاتێک ئازادییە کەسییەکانی جەماوەر دووچاری مەترسی بوونەوە، ئاگاداریان بکاتەوە[٤].

---

(١) ولیام ل ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

(٢) عبد اللطیف حمزة، الإعلام له تاریخه ومذهبه، ص١٢٠.

(3) B. schwartz, Constitutional Issues: Freedom ofthe Press(New York: Facts On file, p. 30.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦،

٤. خزمەتکردنی سیستمی ئابووری

ئەوەش لە میانەی:

- بڵاوکرنەوەی هەواڵی ئەو ڕووداوانەی کە لە جیهانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵیدا ڕوو دەدەن، چەندین ڕۆژنامەی تایبەتمەندیش لەو بوارانەدا هەیە، کە بیرۆکە و هەواڵ و پەرەسەندنە نوێیەکانی جیهانی ئابووری بە خوێنەرانیان دەدەن، هەریەکەیان لەو پسپۆڕییەدا کە گرنگیی پێ دەدەن[١].

-ڕیکلام کە بە یەکێک لەو وەزیفە بنچینەییانەی ڕۆژنامە دادەنرێت، کە لەسەر ئازادی پرۆژەکە وەستاون، چونکە ڕیکلام خزمەتێکی باش پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت شتێکی ئەوتۆ بکڕن، یان بفرۆشن، یاخود بەشوێن وەزیفەیەکدا دەگەڕێن. بەکورتی ڕیکلام ئامرازێکی گرنگە بۆ قەناعەتهێنان بە تاکەکان بۆ کڕینی شمەک یان خزمەتگوزارییەک[٢].

کاتێکیش ڕۆژنامە ئەم کارە جێبەجێ دەکات، ئەوا بەشداریی لە بەدیهێنانی ئاستێکی باڵا لە بەکاربردن کردووە و هانی بەرهەمهێنانی هەمەچەشن و ڕکابەریی ئابووری دەدات. هەروەک چۆن لە هێنانەکایەی نرخی گونجاو لە بەرژەوەندیی بەکاربەردا یارمەتیدەر دەبێت[٣].

٥. سەرگەرمی (التسلية)

فەلسەفەی لیبرالی ئاوڕێکی کەمی لە وەزیفەی سەرگەرمیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن داوەتەوە. لە ڕاستیدا سەرگەرمی یەکێکە لەو شەش وەزیفە کۆمەڵایەتییەی کە دەدرێنە پاڵ ڕۆژنامەگەری، بەڵام هۆکاربەندییەکی هزریی وای بۆ پێشکەش نەکراوە هاوشێوەی ئەوەی کە بۆ «خزمەتکردنی سیستمی سیاسی یان ئابووری» کراوە. وا دیارە سەرگەرمی تەنها لەبەر ئەوە لە بازنەی وەزیفەکاندا دانراوە کە پێشتر ڕۆژنامەگەری بەردەوام لەسەر سەرگەرمی وەستابوو[٤]، چونکە ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕابمێنێت، دەبێنێت کە بابەتەکانی سەرگەرمی دیارترین چالاکیی ئامرازە ڕاگەیاندنییە جەماوەرییەکان بووە، ئەگەر لە ڕووی

هەروەها بڕوانە:

- J. Whale, Journalism and Government (London: Macmillan, 1972), p. 28.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

(2) p. P. Arney and, D. Nelson, op. cit., P. 310.

(٣) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣.

ماوەی ئەو کاتەشەوە بێت کە خەڵکی بۆ خوێندنەوە و بینین و بیستن تەرخانی دەکەن[1].

وەزیفەی سەرگەرمیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەم فەلسەفەیەدا –لە تەواوی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنیشدا- مۆرکێکی جیاوازی لەو مۆرکە هەیە کە لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا هەیە، جا لە ڕووی ئەو ڕۆڵەوە بێت کە ئەو وەزیفەیە لەو فەلسەفانەدا دەیگێڕێت، کە ئەوان زۆر گەورە و گرنگ لێی دەڕوانن، چونکە بەشداری لە بەدیهێنانی لایەنێکی گرنگی ئەو مەبەستانەدا دەکات کە ڕۆڵەی کۆمەڵگە عەلمانییەکان هەوڵی بۆ دەدەن، کە تەنها لە بەدیهێنانی بەختەوەری لەم دنیایەدا کورت هەڵدێن، یاخود لە ڕووی سروشتی ئەو ماددانەوە بێت کە لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، لەژێر چەتری ئەو وەزیفەیەدا، پێشکەش دەکرێن، کە لەو ڕێگەیەوە هیچ دەست لە پێشکەشکردنی بابەتی سێکسی و ئابڕووبەرانە و وروژێنەر و هەر بابەتێکی تر ناپارێزن کە لەو بارەیەوە ڕۆڵێک دەگێڕن، مادام ئەو سنووورانە نەبەزێنن کە لە کۆمەڵگە عەلمانییەکاندا بۆیان دانراوە، کە پێشتر سیماکانیمان خستە ڕوو.

ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆڵی ئەو وەزیفەیە لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا تەنها لە سنووری خۆشی و چێژبەخشین بە دەروونی باوەڕدارەوە ناوەستێت، بەڵکوو دەستیشی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئیمانییەکانی دەگرێت و لەوبارەیەشەوە هیچ سنووریکی ئەخلاقیاتی شەریعەتی ئیسلامی نابەزێنێت.

٦. قازانج

بیرۆکە ئابووریییەکان لە بارەی ئابووریییەوە پاساوی بەهێز بەم وەزیفەیە دەبەخشن. بە پێی تیۆری لیبرالی تەنها ڕۆژنامەی ئازاد، کە لە سایەی پرۆژە تایبەتەکاندا کار دەکات، وەک ئەوەی لیبراڵییە کلاسیکییەکان وێنای دەکەن، دەتوانێت ڕۆشنبیریی جەماوەری بڵاو بکاتەوە و خزمەتی سیستمی سیاسی و سیستمی ئابووری بکات و پارێزگاری لە مافە مەدەنییەکان بکات، چونکە تەنها ڕۆژنامەی ئازاد، کە لە حکومەت یان هەر گرووپێکی تری کۆمەڵگە بێمنەتە، دەتوانێت خزمەت بە پرسی ڕاستی بکات و دواجار بە مافی مرۆڤ و بەرژەوەندیی گشتییش. بۆ

(١) دونالد ر. براون، «وسائل الإعلام الترفيهيه فى العالم الغربى»، فى ل. جون مارتن، اجوجرفر شودر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥.

ئەوەشی ڕۆژنامەگەری لە پێشکەشکردنی ڕا و زانیاریدا بەبێ هیچ ترسێک ئازاد بێت، پێویستە پرۆژەیەکی بازرگانیی تایبەت و سەربەخۆ بێت[1].

ڕێگاکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە

ڕێگەی سەرەکیی زامنکردنی هەستانی ئەو ئامرازانە بەو ئەرکانە، ئەو چوارچێوەیەیە کە ئەو فەلسەفەیە بۆ شێوازی پیادەکردنی ئازادی دایڕشتووە، کە لە دوو بەشی پێشوودا خستمانە ڕوو.

لەگەڵ ئەوەی ئەو چوارچێوەیە ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە دەڕەخسێنێت، لە ڕێگەی لابردنی ئەو لەمپەرە دەرەکییانەی کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەدا، بەڵام کاری لەسەر دانانی کۆمەڵێک میکانیزم نەکردووە کە ئەو ئامرازانە بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە پابەند بکات، لە حاڵەتی نواندنی خەمساردی لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە یان هەندێکیان و فەلسەفەی لیبرالی لەو بارەیەوە، تەنها پشتی بە میکانیزمی پابەندکردنی خودی بەستووە، کە پێی وایە بەتەواوی زامنی ئەوە دەکات کە ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، هەروەها ڕێگەی بە هیچ لایەنێکی دەرەکی نەداوە کە دەستتێوەردان بۆ پابەندکردنی ئەو ئامرازانە بە هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییانە بکات، بەتایبەت حوکومەت، کە دوژمنی یەکەمی ئازادییەکانە، ئەو میکانیزمانەش بریتین لە:

ئ. خواستی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی قازانج،
ب. ئەخلاقگەرایی و ئاوەزمەندیی مرۆڤ،
پ. پرۆسەی خودڕاستکردنەوە (التصحيح الذاتي).

هەڵسەنگاندنی ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا

لە ڕاستیدا نکووڵیی ئەو ڕۆڵە گرنگە ناکرێت کە ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا لە هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی لەمەڕ زۆرێک لە پرسەکان و بەشداریکردن لە پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکانی تاک گێڕاویەتی، هەروەها دەرفەتڕەخساندن لەبەردەم تاکەکان بۆ سوودبینین لە ئازادییە سیاسییەکان. هەروەها نکووڵی لەو ڕۆڵە ناکرێت کە لە خزمەتکردنی هەردوو سیستمی سیاسی و ئابووریدا گێڕاویەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین کەموکووڕی لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە هەیە کە پێیان سپێردراوە.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٠٧.

«تیۆدر بترسۆن»[1] دیارترین لایەنەکانی کەموکوورتیی ئەو ئەدایەی کە ئەو ئامرازانە لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا لە سایەی زاڵدەستیی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی کلاسیکیدا ئەنجامیان داوە، لە چەند خاڵێکدا کورت کردووەتەوە:

- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن –لە سایەی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالیدا- هێزی زەبەلاحی خۆی لە خزمەتکردنی ئامانجە تایبەتەکانیدا بەکار دەهێنا، ئیدی خاوەنەکانیان بڕەویان بە ڕای خۆیان دەدا –بەتایبەت لە بارەی کاروبارە سیاسی و ئابووریییەکانەوە- لەسەر هەژماری ڕای ئۆپۆزسیۆن.
- ئەو ئامرازانە خۆیان خستووەتە خزمەتی ئامانجە سەرمایەداریی گەورەکانەوە و زۆر جاریش ڕێگەیان بە ڕیکلامکارەکان داوە کە دەست وەربدەنە سیاسەتی نووسین و ئەو بابەتانەی تێیاندا نووسراوە.
- بەرگریی گۆڕانی کۆمەڵایەتییان کردووە.
- زۆر جار لەو ئامرازانەدا، لە کاتی ڕووماڵی ڕووداوەکاندا، گرنگییەکی زۆر بە کاروبارە بێکەڵک و ورووژێنەرەکان دراوە، زۆربەی دەروازەکانی سەرگەرمییش تێیاندا شتی ئامانجداریان تێدا پێشکەش ناکرێت.
- ئەخلاقی گشتییان خستووەتە مەترسییەوە.
- تایبەتمەندیی تاکەکانیان، بەبێ هۆکارێکی قەناعەتپێکەر، بەزاندووە.
- تاکە چینێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە هەڵیاندەسووڕێنن و کۆنترۆڵیان دەکەن، ئەویش چینی خاوەنکارە قۆرخکارییەکانن، بۆیە چوونەناو جیهانی ڕۆژنامەگەری بووە بە کارێکی سەخت، ئەمەش بازاڕی ئازادی بیر و زانیارییەکانی دووچاری مەترسی کرد.

سەرباری ئەو ڕەخنانە، چەندین ڕەخنەی تر ئاراستەی شێوازی ئەداکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ کارەکانیان کراوە، گرنگترینیان

- لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە بۆ چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت پێی سپێردرابوو، کەوتنە چەندین لادان و سنووربەزاندنەوە و تەنها گرنگییان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵە نەرێنییەکان دەدا و ڕۆڵی نێوەندیشان لەنێوان هوتافکێشانی سەرکردەکان و نەیارەکانیاندا نەگێڕا[2].
- ئەو ئامرازانە بۆ زیادکردنی خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندیی خاوەنەکانیان

(1) F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Shramm, op. cit., p. 78–79.

(٢) حسن عماد مکاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠.

بەکار هات، پتر لە بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی، ئەمەش متمانەی خەڵکی بەو شتانە لاواز کرد کە بڵاویان دەکردنەوە[1].

- توانای ئەو کەناڵانە بۆ ڕەخساندنی فرەیی و هەمەچەشنی لە هەواڵ و ڕا و زانیارییەکاندا، لە سایەی ئەو دۆخە قۆرکارییەدا، سنووردار بوو[2].
- وای لێ هات ئامانج لە ڕکابەری لەنێوان ڕۆژنامەکاندا خزمەتی خوێنەر نەبوو، بەڵکوو بۆ کڕینی ڕۆژنامەکان بوو، بۆ فریودانی خوێنەر ڕێگەی وا بەکار هێنرا کە نە ئاوەز پێی ڕازی دەبێت و نە شکۆمەندی قەبوواڵی دەکات، ئەوەشی لەو کارەدا هاوکار بوو، حەزی جەماوەر بۆ بینینی بابەتە وروژێنەر و چێژبەخشەکان بوو.

لە سایەی ئەو ڕەخنانەدا، شتێکی ئاسایی بوو کە هزری ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی هەوڵی پێشکەشکردنی جێگرەوەیەکی هزری بدات کە هەوڵ بدات ئەو ڕەخنانە تێبپەڕێنێت، ئەمە ئەو هزرە بوو کە لە تێزەکانی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە هاتە بوون.

---

(١) محمد أحمد البادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(2) Commission on Freedom of the Press,op.cit, p. 17.

داخوازی دووەم: وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا

تێڕوانینی فەلسەفە نوێیەکە بۆ وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی داوای وەزیفەگەلێکی جیاواز لەو وەزیفانە نەکردووە کە فەلسەفەی کلاسیکی دیاریی کردبوون، بەڵام بەو شیکردنەوەیە قایل نەبوو کە خاوەنەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران بۆ ئەو وەزیفانەیان دەکرد. هەروەک چۆن بەو ڕێگەیە ڕازی نەبوو کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە میانەیەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکرد[1]، بۆیە ئەم فەلسەفە نوێیە ڕۆڵی ڕۆژنامەی لە خزمەتی سیستمی سیاسی و لە ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر و لە پاسەوانیکردنی ئازادییە مەدەنییەکان قەبوڵ بوو، بەڵام بڕوای وا بوو کە ئەداکردنی ڕۆژنامە بۆ ئەو وەزیفانە ناکام و لاواز بووە. هەروەها ڕۆڵی ڕۆژنامەی لە خزمەتکردنی سیستمی ئابووریشدا قەبوڵ بوو، بەڵام یەکەمایەتیی بەو وەزیفەیە لە بەرانبەر وەزیفەکانی تری وەک پاڵپشتیکردنی پرۆسەی دیموکراسی و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر نەدا. هەروەک چۆن ڕۆڵی ڕۆژنامەی لە پێشکەشکردنی بابەتی سەرگەرمی و کاتبەسەربردن بۆ جەماوەر قەبوڵ بوو، بەڵام بە مەرجێک سوودمەند بن، هەروەها پاڵپشتیی ئەوەی کرد کە ڕۆژنامەکان وەک دامەزراوە، پێویستیان بە فەندکردنی خودی (التمويل الذاتي) هەیە، بەڵام بەو ڕێگەیە قایل نەبوو کە هەندێک ڕۆژنامە بۆ بەدیهێنانی ئەوە پەیڕەویان دەکرد[2].

بۆ تێپەڕاندنی ئەو خاڵە نەرێنییانەی کە کەتواری ڕاگەیاندن بەخۆیەوە بینیی، هەروەها لە پێناوی باشکردنی شێوازی کاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەک کە بتوانن بە باشترین شێوە ئەرکەکانیان ڕابپەڕێنن، ئەم فەلسەفە نوێیە ڕاشکاوانە داوای لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەڵسوڕاوەکانی کرد کە چەند بەرپرسیارێتی (پابەندی)یەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو وەزیفانە بە باشترین شێوە لەئەستۆ بگرن. ئەم فەلسەفەیە لە دیاریکردنی ئەو بەرپرسیارێتییانەدا و لە شێوازی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیشدا لەژێر کاریگەریی چەند هۆکارێکدا بوو:

- ئەو گۆڕانگارییانەی کە بەسەر تێڕوانینی لیبرالی بۆ سروشتی مرۆڤ و ڕاست و دەوڵەت و پەیوەندیی خوازراوی نێوان مرۆڤ و دەوڵەتدا هات.

---

(١) ولیام ل. ریفرز، وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

(2) F. S. Siebert, T. Peterson, and W. Shramm, op. cit., p.14.

– ئەو پەرەسەندنە زۆرەی کە پیشەسازی ڕاگەیاندن بەخۆیەوە بینیی و دەرکەوتنی ئەو ئامرازە نوێیانەی ڕاگەیاندن کە توانایەکی کاریگەریی بالّایان هەیە.

– ئەو خاڵە نەرێنییانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەو چوارچێوەیە کەوتنەوە کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی بۆ شێوازی کاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن داینابوو.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە فەلسەفە نوێیەکە داوای کردبوو کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەئەستۆیان بگرن، ئاڕاستە و ئەو ڕاگەیاندنکارانەش کرابوو کە لەو ئامرازانەدا کار دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا داوای لەو ڕاگەیاندنکارانەش کردبوو، کە لە کاتی ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا، بە چەند ئاکارێکەوە پابەند بن.

لێرەدا ئەو بەرپرسیارێتییانە دەخەینە ڕوو، پاشان دیارترینی ئەو ئاکارانەش باس دەکەین.

ئ. ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەئەستۆیان بگرن

لێژنەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری –کە تیۆریزەی بۆ فەلسەفە نوێیەکە کرد– داوای لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کرد، کە چەند بەرپرسیارێتییەک، وەک پێداویستیی بەشداریکردن لە هێنانەدیی ئامانجەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی، لەئەستۆ بگرن:

١. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی گشتگیر و ڕاستگۆیانە بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژ لە میانەیەکدا کە واتایان پێ ببەخشێت.
٢. کارکردن وەک بڵندگۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمێنت و پێشنیار و ڕەخنە.
٣. دەرخستنی وێنەیەکی گوزارشتکەری کردەیی لە گرووپە ڕەواکانی ناو کۆمەڵگە.
٤. خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگە.
٥. پێشکەشکردنی زانیاریی تەواو و تێروتەسەل.

ب. ئەو ئەرکە ئەخلاقییانەی کە پێویستە ڕاگەیاندنکاران پێیانەوە پابەند بن

هزری ڕاگەیاندنی نوێ بە ڕاشکاوی داوای لە ڕاگەیاندنکاران کرد کە لە میانەی کارەکەیاندا، ڕەچاوی کۆمەڵێک ڕێسای ئەخلاقی بکەن، بۆیە ئەو بەڵێننامانەی شەرەف کە یەکێتیی ڕاگەیاندنکاران دایانڕشت، هەروەها دەستوورە ئەخلاقییەکانی ئێزگە و تەلەڤزیۆن[١]، ئەرکی دیاریکردنی گرنگترینی ئەو ڕێسایانەیان لەئەستۆ

(١) سەبارەت بە چەند مۆدێلێک لەو ڕێسایانە، بڕوانە:
– جون ل. هاتلنج، أخلاقيات الصحافة: مناقشة علمية للقواعد الأخلاقية للصحافة كما دونتها جمعية رؤساء تحرير الصحف الأمريكية، ترجمة: كمال عبد الرؤوف، (القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع، ب ت)، ل١١١، ل١٤٠،
– W .L. Rivers, The Mass Media, 2 nd edition (New York: Harper and Row, Publishers, 1981), p.600–605.

گرت و داوایان لە ڕاگەیاندنکاران کرد کە بیانکەن بە پێوەرێک بۆ پێوانەی کاری ڕاگەیاندنی خۆیان. دیارترینی ئەو ئەرکە ئەخلاقییانە:

١. بابەتیبوون: لە میانەی هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی تاووتوێی بێلایەنانە و ناسۆزدارانە بۆ پرسە مشتومڕئامێزەکان و خستنەڕووی هەموو دید و بۆچوونەکان.

٢. ئەمانەتداری: کە وا دەخوازێت کە پابەندی گەیاندنی ڕاستی بەبێ پابەندبوون بە بەرژەوەندیی هیچ لایەکەوە بیت، جگە لە جەماوەر.

٣. ڕاستگۆیی و وردی: لە میانەی گەڕانی دەستخستنی داتا و زانیاری، یان ڕای ڕاستگۆیانە لە سەرچاوە سەرەکییەکانیانەوە و پێشکەشکردنی زانیارییەکان بەتەواوی.

هەروەها وردی وا دەخوازێت زانیاریی بەڵگەدار لە سەرچاوە سەرەکییەکەیەوە دەست بخرێت، هەروەک چۆن وا دەخوازێت دان بە هەڵەدا بنرێت و بەخێرایی لە شوێنێکی دیاری ڕۆژنامەکەدا، هەروەها هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدرێت[١].

٤. ویژدان (ئینساف): پێویستە ڕاگەیاندنکاران هەمیشە ڕێزی شاییستە بە شکۆی مرۆڤ لەوانە بگرن کە دەیانبینن، هەروەها ڕێزی تایبەتمەندی و ماف و خۆشگوزەرانییشیان بگرن، ئەمە لە کاتی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و بڵاوکردنەوەیاندا، ئەمەش لە ڕێگەی:

– بڵاونەکردنەوەی هەر تۆمەتێکی نافەرمی کە کار لە ناوبانگ و شکۆی هەر کەسێک بکات،

– هەوڵنەدان بۆ پێشێلکردنی مافی تاک لە پاڕێزگاریکردن و پابەندبوونی بە ژیانی تایبەتی خۆی، دوور لە هەواڵ،

– بڵاونەکردنەوەی وردەکاریی ناشاییستە لە بابەتەکانی لەشفرۆشی و تاواندا[٢].

میکانیزمەکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە بەرپرسیارێتییەکانیان لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، بۆ ناچارکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانیان، پەنابردنی بۆ

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

هەروەها بڕوانە: حسن عماد مکاوی، نظرية المسؤولية الاجتماعية وممارسة العمل الإخبارى، مجلة بحوث الاتصال، عدد ٩ (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، يوليو ١٩٩٣)، ص٢٣٦–٢٣٨.

(٢) جون ل. هاتلنج، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤–١٣٥.

حکومەت بەباش نەزانیوە، مەگەر لە باری زۆر پێویستدا، هەروەها ڕەزامەند نەبووە لەسەر دەستتێوەردانی حکومەت لە کاروبارەکانیدا، تەنها لەوەدا نەبێت کە پەیوەست بووە بە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەویش بە دیسپلینی دیاکراو، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بڕوای وا بووە کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەک ئەو بەرپرسیارێتییانە لەئەستۆ بگرن کە لەسەر بنەمای گرێبەستی نێوان خۆیان و کۆمەڵگەدا بێت، کە کۆمەڵگە لە میانەیەوە ئازادیی ڕاگەیاندنی پێ داوە لە بەرانبەر پڕکردنەوەی پێویستیی بە مەعریفە و بۆچوون، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئەم فەلسەفە نوێیە هەوڵی دۆزینەوەی هەندێک میکانیزمی نەداوە کە بتوانرێت لە ڕێگەیانەوە ئەو ئامرازانە بە بەرپرسیارێتییەکانیان پابەند بکرێن، ئەگەر لێیان لا دا. هەندێک لەو میکانیزمانە هەر لەگەڵ سەرەتاکانی ئەم فەلسەفەیەدا دەرکەوتن، هەندێکیشیان ئەو لێژنەی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە داوای کردن، کە بونیادی ئەو فەلسەفەیە لەسەر دەستی ئەو تەواو بوو.

ئەو میکانیزمانە بەکورتی بریتین لە:

١. کارنامە (دەستوورەکانی کار): کە ئامانجیان هاندانی کاری بەرپرسیارانەی ڕاگەیاندن بوو، لەسەر دەستی هەندێک ڕێکخراوی تایبەتی بواری ڕاگەیاندنی وەک «کۆمەڵگەی ئەمەریکی بۆ سەرنووسەرانی ڕۆژنامە و کۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامە ئەمەریکییەکان.»[١]

هەروەها ئامانجی ئەو دەستوورانەی کە چەند یەکێتییەکی ئێزگەکان دایاننا، بریتی بوو لە ڕوونکردنەوەی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی پێویست بۆ کاروباری ئێزگەیی.

٢. ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەگەری: کە چەند ڕێکخراوێکی خۆبەخشانە بوون، هەوڵی باشکردنی ئەدای ڕۆژنامە و ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندنیان دەدا. وێڕای دیراسەکردنی ئەو گلەیی و گازاندە و داواکارییانەی کە بە کاری ڕاگەیاندنەوە پەیوەستن. هەروەها ڕێگە بە خەڵکی دەدات کە ڕەخنە لە ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بگرن، بەبێ هیچ هەڕەشەیەکی فەرمی، یان یاسایی ئەو ئامرازانە[٢]، هەروەک چۆن ئەو ئەنجومەنانە ئەرکێکی تریان هەیە، بریتییە لە پاراستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو کاریگەرییە زیانبەخشەی کە لە کۆمەڵگە یان دەسەڵاتی

---

(١) بڕوانە: حسن عماد مکاوی، أخلاقیات العمل الإعلامی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

(2) E. E. Dennis and J.G. Merrill, Basic Issuesin Mass Communication: A Debate (New York: Mac-Millan Publishing Company, 1984), p. 161-163.

فەرمانڕەواوە دەکەوێتەوە. هەروەها چارەسەری ناکۆکیی نێوان ڕۆژنامەنووسان و خاوەن ڕۆژنامەکان دەکات[١].

٣. ڕەخنەی ناوخۆیی: جۆرێکە لە ڕەخنە، کۆمەڵێک وردبین یان نووسەر دەیگرن کە ڕۆژنامە خۆی بۆ ئەو مەبەستە دیارییان دەکات، بۆ وەرگرتنی ڕەخنە و گازاندەی خوێنەران و وەڵامدانەوەیان لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە بۆ دۆزینەوەی ئاستی وردی و هاوسەنگیی چیرۆکە هەواڵییەکان و چارەسەرکردنی خاڵی لاوازیان. مەبەستی بنچینەییش لە پرۆسەی ڕەخنەی ناوخۆیی، بریتییە لەوەی کە خێزانی هەواڵەکان لە ڕووی ئەخلاقییەوە هەستیارتر بن بۆ ئەو گرفتانەی لە چەند پرسێکی وەک وردی و ویژدان و هاوسەنگیدا هەن[٢].

٤. ڕەخنەی دەرەکی: لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی ڕەخنەی دەرەکی لە ناوەرۆکی ڕۆژنامە هەر لەگەڵ دروستبوونی ڕۆژنامەوە هەیە، بەڵام ئەو ڕەخنەیە پێشتر لە بارەی خودی چەند حاڵەت و کێشەیەکەوە بووە و سیفەتی بەردەوامیی نەبووە و زۆربەی کاتیش قوواڵ نەبووە، بەڵام ئەم جۆرەیان لە ڕەخنە –هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیدا– لای هەندێک سیفەتی پیشەیی وەرگرت و وای لێ هات سینەما ڕەخنەگری خۆی هەبوو، ئێزگە ڕەخنەگری خۆی هەبوو...، بەو شێوەیە. هەروەک چۆن گۆڤاری تایبەتمەند لەو بارەیەوە دەرکەوت.

٥. گرووپەکانی فشار: کە وەک گرووپی بزنسمان و سەندیکای کرێکاران و پیاوانی ئایینی و کۆمەڵە پیشەوەرەکان و... هتد، هەبوون و هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەیان دەدا، لە میانەی دروستکردنی فشار لەسەر ئامرازەکانی پەیوەندیی وەک ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن...[٣].

٦. پەروەردەی ئەخلاقی: کۆلێژەکانی ڕاگەیاندن گرنگیی زیاتریان بە وانەکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری دا و چەندین کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوەیان گێڕا، بە مەبەستی گفتوگۆکردنی بەرپرسیارێتیی ڕاگەیاندن. ئەمە هۆشیاریی بەرپرسیارێتی و کاری باشتر دەڕەخسێنێت[٤].

---

(١) بڕوانە:

- E. E. Dennis and J.G. Merrill, op. cit., p. 170-171.

(٢) روبرت شمول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨، ١٩.

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥-١٥٦، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

- W. Rivers, W Schramm, op. cit., p. 125-129.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

سەرباری هەموو ئەمانە، لەوەی کە بە ئێزگەوە (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن) پەیوەستە، میکانیزمێکی تر بۆ پابەندکردنی ئەم ئامرازە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی لەو بابەتانە هەیە کە پێشکەشیان دەکات –لە کاتێکدا کە خاوەندارێتییەکەی تایبەت بێت–، ئەو میکانیزمەش هەڕەشەی حکومییە بە کێشانەوەی ئەو مۆڵەتەی پێی بەخشراوە، یان لانی کەم نوێنەکردنەوەی[١].

هەڵسەنگاندنی ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا:

بێگومان فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی چەند باشسازییەکی ڕوونی لە ئەرک و ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی لیبراڵیدا کردووە، هەر لەسەر دەستی ئەم فەلسەفەیە بیرۆکەی مافی جەماوەر لە دەستکەوتنی زانیاری بوو بە بیروباوەڕێکی سەرەکیی نووسەران و هەڵسوڕاوانی ئێزگەکان[٢]، هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕووی پرەنسیپ و جێبەجێکردنیشەوە، لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ڕۆڵێکیان لە گواستنەوەی گشتیی هەواڵ و بۆچوونەکان هەیە، ئەمەش –بێگومان– یارمەتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بۆ گەیشتن بە زۆرترین ڕێژەی جەماوەر داوە، هەروەها لە هەمان کاتدا بۆ تاووتوێکردنی چەندین بیرو بۆچوون یارمەتیدەر بووە کە بەبێ ئەوان بە جەماوەر نەدەگەیشتن[٣].

ئەمە وێڕای بەرپرسیارێتیی ئەو ئامرازانە لە پاڵپشتیکردنی ڕاشکاوانەی ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگەو ڕوونکردنەوەیان[٤].

سەرباری ئەمانە، نکوولّی لە ئاڕاستەی ڕوونی ڕۆژنامەکانی دەستەبژێر بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی لیژنەی هچنز لەمەڕ ئەو بەرپرسیارێتییانە ناکرێت کە پێویستە ڕۆژنامە لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا لەئەستۆیان بگرێت، لە پێشکەشکردنی وەسفی ڕاستگۆیانە و گشتگیر و کارامانە لە بارەی ڕووداوەکانی ڕۆژەوە لە میانەیەکدا کە واتایەکیان پێ ببەخشێت[٥].

لەگەڵ هەموو ئەو باشسازییانەی کە هزری نوێی ڕاگەیاندن لە ئەدای

---

(١) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢-١٩٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٢١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١١٣.

(٤) ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

(٥) هنری ف. شولت، وسائل الإعلام كأدوات للتعليم والإقناع وتشكيل الرأی فی العالم الغربی، فی ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢-٢٠٣.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ هەندێک لە ئەرکەکانیان کردی، هەروەها لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی میکانیزمەکانی پابەندکردنی خودی گێڕای و فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دایهێنا و نکوولّی لەو ڕۆڵەی ناکرێت کە لە بەدیهاتنی ئەو باشسازییانەدا گێڕای، بەڵام هەنگاوی گەورە لە باشسازی لە ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا لەسەر فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کارێکی ئاسان نەبوو کە بتوانێت هەنگاوی گەورە لە سایەی ڕەگداکوتانی ئەو دۆخە جێگیرە چەقبەستووەدا بنێت و وای لێ هات کەتواری ڕاگەیاندن بەدەست زۆرێک لەو لایەنە خراپانەوە دەینالاند کە فەلسەفە نوێیەکە ئومێدی وا بوو نەیانهێلێت، بۆ نموونە:

– کەتواری قۆرخکاری بەبێ گۆڕانێکی ڕاستەقینە هەر مایەوە، لە سایەی لاوازیی ئەو یاسایانەی کە بۆ سنووردارکردنی بەکار هاتن، بەڵکوو چەندین حاڵەت هەن کە لەسەر زیادبوونی بەڵگەن، بەتایبەت لە ئینگلتەراو ئەمەریکا[1]، ئیدی ئەم دۆخە بوو بە کۆتێک لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین لە ئەنجامی دەستوەردانی کۆمپانیا گەورەکان لە کاروباری ڕۆژنامەگەریدا، کە بووبوو بە جێگرەوەی دەستتێوەردانی حکومی، هەروەک چۆن وای لێ هات بوو بە هەڕەشەیەکی دیار لەسەر فرەیی و هەمەچەشنی[2]، کە بەردی بناغەی بەرپاکردنی بازاڕی ئازادی بیرۆکە و زانیارییەکانە، تەنانەت ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت خاوەندارێتیی تایبەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن مافی ڕادەربڕین زامن دەکات، ئێستا لە ڕۆژئاوا وەک بیرۆکەیەکی نالۆژیکی لێی دەڕوانرێت[3].

– ئامانجی قازانجویستی، کە بە شێوەیەکی ئۆرگانی بە خاوەندارێتیی تایبەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بەستراوەتەوە، کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دانی پێدا ناوە، بەسەر ئەو ئامرازانەدا زاڵ بوو و کۆنترۆڵی زۆربەی ئەو شتانەشی کرد کە بڵاویان دەکەنەوە، هەر چەندە ئەو کۆنترۆڵکردنە، لەو ئامرازانەی ڕاگەیاندندا کە قازانجیان کردبووە مەبەست، گەیشتە ئەوپەڕی، لەبریی ئەوەی ئامرازێک بۆ مانەوە و ڕکابەری بن.

هەروەها گۆڕانی ڕاستەقینە لەو ڕێگانەدا ڕووی نەدا کە ئامرازە بازرگانییەکانی

---

(١) بڕوانە: حمدی حسن، الوظیفة الإخباریة لوسائل الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.
هەروەها بڕوانە:

– J. C. Curran and J. Seation, op. cit., p. 340–344.

(٢) بڕوانە:
– هربرت شیلر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧–٢٨.
– محمد الرمیحی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(٣) حمدی حسن، الوظیفة الإخباریة لوسائل الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پەیڕەویان دەکردن، ئیدی بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی کە زۆرترین جەماوەر ڕادەکێشن، بوو بە ڕێسای بنچینەیی، ئیدی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن –لەو پێناوەدا- دەستیان لە ڕکابەری لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئاستنزم و وروژێنەر نەدەپاراست، تەنانەت وای لێ هات زاراوەی سێکس دەفرۆشێت (Sex Sells)، لە کۆمەڵگەی نوێی ئەمەریکیدا، بوو بە شتێکی بەڵگەنەویست، چونکە سێکس و وروژاندن لەو ڕەگەزە سەرەکییانەن کە بۆ پرۆژە بازرگانییە ڕاگەیاندنییەکان قازانجێنە[1]، لە لایەکی ترەوە پێویستیی ئامرازە بازرگانییەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی قازانج بوو بە دەروازەیەکی فراوان کە خاوەن بەرژەوەندییە سەرمایەدارییەکان دەیانکردە دەروازەیەک بۆ فشارکردن لەو ئامرازانە و بەکارهێنانیان وەک ئامرازی گرنگ بۆ بڕەودان بە بیروبۆچوونەکانیان و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان، لەبەر ئەوەی ئەوان سەرچاوەی سەرەکیی ڕیکلامەکان بوون، کە پایەی سەرەکیی داهاتی ئامرازە بازرگانییەکانی ڕاگەیاندنن[2].

- داواکردنی بەرپرسیارێتیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ پابەندبوون بە بابەتیبوونەوە لە تاووتوێکردنی ئەو پرسانەی تاووتوێی دەکەن، پابەندییەکی ڕاستەقینەی بەدی نەهێنا، ئەوەتا چەندین توێژینەوە سەلماندوویەتی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژئاوا لایەنگری لایەک یان چەند لایەکی دیاریکراو دەکەن لە ململانێ ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا و وێنەی ئاراستەگەلێکی سیاسی یان هزری، یان دەوڵەتێک، یان بزاڤگەلێکی هاندان، یان کەمینەی ڕەچەڵەکی، یان ئایینی، دەشێوێنن، کە ئەمەش واتای نەبوونی دادپەروەرییە لە ڕووماڵکردنی ڕووداوە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا لەلایەن ئەو ئامرازانەوە[3].

- توێژینەوەکانی سالانی وای ڕاپۆرتی لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری، ئاماژە بە چەند دەرئەنجامێکی سەرەتایی دەکەن، کە هەڕەشە لەو گریمانەیە دەکەن کە تەنها

---

(1) R. E. Hiebert and C. Reuss, op.cit. p. 161.

- سەبارەت بە بەکارهێنانی سێکس لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنا، بڕوانە:

- J. D. Brown, “Sex in the Media” in ibid, p. 167-170.

(٢) بڕوانە:

- ولیام ل. ریفرز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

- هربرت شیلر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٣) بۆ چەند نموونەیەک لەو بارەیەوە، بڕوانە:

- سلیمان صالح، «ظاهرة التحیز فی وسائل الإعلام الغربیة: دراسة تطبیقیة علی الصحافة البریطانیة»، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١-٩٠.

پشت به سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووس دەبەستێت، کە تەنها لەبەردەم خوێنەرانی و ویژدانی خۆیدا بەرپرسیار بێت، چونکە هەموو دەزگایەکی هەواڵسازی یان ڕاگەیاندن –ڕۆژنامە، کەناڵی تەلەڤزیۆن، یان ئینژگە– هەوڵ دەدات دڵنیا بێت کە ئەندامەکانی لەسەر ئەو ڕێسایانە بڕۆن کە لەلایەن خۆیەوە دانراون[1]، کە پێی وایە هەر ئەوە ئەو مەبەستە دەهێنێتە دی کە لە پێناویدا دروست بووە.

– لە دەیەی هەشتاکاندا، شتێک ڕووی دا کە بە بۆشایی متمانە (بفجوة المصداقية - Credibility Gap) ناو نرا، چونکە ئامرازە ڕاگەیاندنییە ئەمەریکییەکان ڕووبەڕووی چەندین تۆمەت بوونەوە، لەوانە: ئەوان ڕاستییەکان دەشێوێنن و مەبەستیان وروژاندنە و دەچنە ناو ژیانی تایبەتی تاکەکانەوە[2]، لەو بارەیەشەوە ئەخلاقی کاری ڕاگەیاندن، لە سااڵنی دوای دەرکەوتنی ڕاپۆرتی لیژنەی ئازادی ڕۆژنامەگەری، بەرەو خراپتر گۆڕا.

لە ڕاستیدا شکستی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەاڵیەتی لە باشکردنی ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەو شێوەیەی کە خوازراو بوو –وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا–، دەگەڕێتەوە بۆ:

– ڕەگداکوتینی زۆرێک لەو لایەنە نەرێنییانەی کە دەرهاویشتەی فەلسەفە کلاسیکییەکە لە بواری ڕاگەیاندنا بوون و کۆی کەتواری کۆمەڵگە لیبراڵییەکانیش پاڵپشتیی ئەو لایەنە نەرێنییانەی دەکرد. ئەمەش وای کرد هەر چاکسازییەک لە کەتواری ڕاگەیاندنا دوور لە چاکسازی لە کەتواری کۆمەاڵیەتی بەگشتی کارێکی بێبەرهەم بێت.

– لاوازیی ئەو تێزانەی کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەاڵیەتی بۆ نەهێشتنی ئەو لایەنە نەرێنییانە و باشکردنی ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەرکەکانیان پێشکەشی کردبوو، ئەمەش بەرئەنجامێکی سروشتیی ئەوە بوو کە ئەو تێزانە لەسەر پێشەکیگەلێک بونیاد نرابوون کە زۆر لەو پێشەکییانە جیاواز نەبوون کە فەلسەفە کلاسیکییەکە تێزەکانی خۆی لەسەر هەڵچنیبوو. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەو فەلسەفەیە هەمان بەڵگەنەویستە کۆزمۆلۆژییەکانی فەلسەفە کلاسیکییەکەی کرد بە سەرەتا و شێوازی کاری بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکان، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو کە توانای فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەاڵیەتی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە کەتواری ڕاگەیاندنا سنووردار بێت، هەروەها ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن –بەتایبەت لە

---

(١) کلاوس شوینباخ، «الأخبار فی العالم الغربی»، فی ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری (محرران)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(٢) حسن عماد مکاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

سایەی ئەو ئازادییە فراوانەی کە لەلایەن ئەو فەلسەفەیەوە بە کاری ڕاگەیاندن بەخشرابوو لە لایەک و لە سایەی شێوازی خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و لە سایەی لاوازیی میکانیزمەکانی ئەو پابەندیی خودییەی کە بۆ زامنکردنی دروستیی کاری ڕاگەیاندن پشتی پێ بەستبوو لە لایەکی تردوە-، تا ڕادەیەکی زۆر بە ویستی خاوەنی ئەو ئامرازانە و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیانەوە بەستراوەتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو بەرژەوەندییانەش لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا دژ بوەستنەوە.

بەو شێوەیە هۆکاری بنچینەیی پشت شکستی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ئەو وەزیفانەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی لیبرالی تیۆریزەی بۆ کرد، بە هەمان شێوە لە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدایە. لە کەتواریشدا ئەو هۆکارە لە هەر هزرێکدا دەمێنێت کە هەموو خەم و هەوڵێکی تەنها بۆ بەدیهێنانی مەبەستە دنیاییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بێت.

لە سایەی شکستی تێزەکانی فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە هێنانەکایەی چاکسازیی خوازراو لە ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنداا، هزرێکی نوێی ڕاگەیاندن لەژێر ناوی تیۆری «بەشداریی دیموکراسی» هاتە کایەوە، کە بانگەشەی دژایەتیکردنی هۆکارەکانی پشت شکستی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە، کرد، کە مەترسیدارترینیان لەوەی پەیوەست بوو بە ئامرازە تایبەتەکانەوە دیاردەی قۆرخکارییە و لەوەشی پەیوەستە بە ئامرازە گشتییەکانی ڕاگەیاندنەوە، زاڵبوونی بیرۆکراسییتە. هەروەها داوای ئەوەی کرد کە مافی گەیشتن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەنانەت بەکارهێنانیشیان بە هاوڵاتییان ببەخشرێت، هەروەها داوای لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کرد کە ئەو پێداویستییانەیان کە خۆیان (هاوڵاتیان) دیاریی دەکەن، خزمەتیان بکەن. هەروەها ئەم هزرە دامەزراندنی ئامرازی ڕاگەیاندنی قەبارە بچووکی بەلاوە پەسەندە، چونکە ئەوە هەلی باشتر بۆ کارلێک و بەشداری لەو ئامرازە زەبەلاحانە دەڕەخسێنێت کە ناوەرۆکیان بە یەک ئاڕاستەدایە[1]. هەروەها چەندین تێزی تر کە ئەم هزرە نوێیەی ڕاگەیاندن داوای پەیڕەوکردنی لە کەتواردا دەکات، وەک پێویستیی ڕەواندنەوەی خاڵە نەرێنییەکانی کەتواری ڕاگەیاندن، بەڵام ئەم هزرە لە کەتواری جێبەجێکردندا بوونێکی ڕاستەقینەی نییە[2].

---

(١) سەبارەت بە سیماکانی ئەم هزرە نوێیەی ڕاگەیاندن، بڕوانە:
- D. McQuail, op. cit., p. 96-98.

(٢) بڕوانە: حمدی حسن، الوظیفة الإخباریة لوسائل الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

پاری دووەم: وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو فەلسەفەکەی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراودا

داخوازی یەکەم: وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستیدا

یەکەم: ڕێخۆشکردن بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی

ئەم ڕۆڵە سێ ئەرکی لاوەکی لەخۆ دەگرێت:

- دژایەتیکردنی هزر و کەتواری بۆرژوازی،
- بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی پێشکەوتنخوازی (سۆشیالیستی)،
- ڕێکخستن و پاڵپشتیکردنی کاری شۆڕشگێڕی: ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند ڕۆڵێک:
- بەشداریکردن لە دروستکردنی دەستەبژێرێکی سۆشیالیستیی دیموکراسی کە ببنە بەردی بناغە بۆ حیزبێکی ڕاستەقینە کە سەرکردایەتیی کاری شۆڕشگێڕی بکات[1]،
- کارکردن وەک ڕێکخەرێکی دەستەجەمعی، بە هاوکاری و لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە، بۆ بەدواداچوونی ڕووداوە سیاسییەکان بە هۆشیارییەوە، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئامانج و کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆی چینەکانی دانیشتووان[2]،
- بەشداریکردن لە زیادکردنی کارایی حیزب لە میانەی بەستنەوەی جەماوەر بە حیزبەوە و جۆشدانیان بۆ هەنگاونان بە پێی پلان و بەرنامەی حیزب و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە شۆڕشگێڕییەکان.

بەو شێوەیە چەندین ئەرگی گرنگ و بەرجەستە لە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندایە بۆ ڕەخساندنی دۆخی بەرپابوونی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، هەر کاتێکیش حیزبی سۆشیالیستی دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و چینایەتی لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا نەما و دەست کرا بە بەرپاکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، کە بە ڕێڕەوی گەیشتن بە کۆمەڵگەی شیوعی هەژمار دەکرێت، ئەوا بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو مەبەستە، چەندین وەزیفە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن خوازراوە.

---

(١) عواطف عبد الرحمن، المدرسة الاشتراكية فى الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

(٢) ریلادین میلز، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥-٢٣٦.

دووەم: بەشداریکردن لە هێنانەکایەی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی

پرۆسەی بەشداریکردن لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە وا دەخوازێت سێ وەزیفە ڕاپەڕێنرێت، کە بریتین لە:

- پاڵپشتیکردنی ڕەوتی کاری سۆشیالیستی، ئەوەش لە ڕێگەی کارکردن لەسەر:
- بەدیهێنانی یەکێتی لەنێوان ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا[١]،
- بەستنەوەی جەماوەر بە حیزبەوە و جۆشدانی هەموو دانیشتووان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە حیزب بۆ کۆی کۆمەڵگە داینـاوە[٢]،
- پاڵپشتیکردنی ئەو یاسایانەی کە یارمەتیی جێگیرکردنی پایەکانی سیستمە نوێیەکە و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی و ڕیشەدارکردنی ڕێساکانی و پەرەپێدانیان دەکەن[٣]،
- هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە گیانی ئەو ئەرکە نوێیانەی کە لە مەیدانی ئابووریدا پێشکەش کراون، ئەمەش دوای ئەوەی کە جێگیری لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا بەدی دێت، لەو بارەیەوە لینین دەڵێت: «پێویستە ڕۆژنامە لە ئامرازێکەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ هاندانی سیاسی تەرخانکراوە، بۆ ئامرازێکی کارا بۆ پەروەردەکردنی جەماوەر لە بواری ئابووریدا بگۆڕێت.»[٤]

هەروەها لینین داوای کرد سیاسەت چواریەکی ڕووبەری گشتیی ڕۆژنامە بگرێت و یەکەمایەتی بدرێت بە بڵاوکردنەوەی پلانی ئابووریی یەکگرتوو و ڕێکلامی بواری بەرهەمهێنان ڕاهێنانی کرێکاران و جووتیاران لەسەر کاری ئیداری و لێکۆڵینەوە و لەوەی کە ئایا ئەو یاسا و ڕێکارانەی کە دامەزراوەکان بڕیاری لێ دەدەن، بەرهەم بەدەستەوە دەدەن، ئەمە وێڕای ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ خوێنەران[٥]، لەپاڵ ئەمەشدا، پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر هاندانی جەماوەر بکات بۆ ئیشکردن و هەوڵبدات بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ورد لەسەر هەموو ئەمانە و پێزانینی بۆ کاری باش هەبێت و پیاهەڵدانی بۆی هەبێت[٦].

- دۆزینەوەی کەموکوڕییەکانی ڕەوتی کاری سۆشیالیستی

---

(1) F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., P. 123.

(٢) جيهان أحمد رشتى، النظم الإذاعية فى المجتمعات الاشتراكية، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

(٣) حميد جاد محسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣-٣٤.

(٤) عواطف عبد الرحمن، المدرسة الاشتراكية فى الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٣١.

- هەروەها بڕوانە: ريلادين ميلز، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩.

(٦) عبد اللطيف حمزة، الإعلام له تاريخه ومذاهبه، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠-١٨١.

کاتێک لینین وەزیفەکانی ڕۆژنامەگەریی دیاری کرد، وتی: «ڕۆژنامە ئامرازی سەرەکیی دۆزینەوەی کەموکووڕییەکانە لە پێشکەوتنی ئابووری و سیاسیی ئومەتدا»[١]، بۆیە ڕۆژنامە وای لێ چاوەڕوان دەکرێت کە وەک هێزێکی بنچینەیی لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و وەک پاسەوانێکی گشتی و چاودێری حیزب لێی دەڕوانرێت، کە لادانی فەرمانبەران و دامەزراوەکان بدۆزێتەوە و هەڵەکان لە کاری حیزب و ڕێکخراوە سۆشیالیستییەکاندا دەربخات. هەروەها پێویستە سڵ لە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەوانە نەکاتەوە کە هەڵە دەکەن و بەزەیی بەو تاوانبارانەدا نەیەتەوە کە سامانی گشتی بە ناڕەوا خەرج دەکەن، هەروەها ئەوانەشی کە خەمسارد و بێباکن لە کار و بەرپرسیارێتییاندا[٢]، بەڵام نابێت وا لەم جۆرە ڕەخنەیە تێبگەین کە هاوشێوەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگە لیبراڵییەکاندا دەکرێت، بەڵکوو ڕەخنەیەکە پێویستە بابەتەکانی لەلایەن ئەو دەسەڵاتە سۆشیالیستییەوە دیاری بکرێن، کە وا هەژمار دەکرێت کە ئەوان باشتر لە بەرژەوەندیی گشتی تێگەیشتوون[٣].

بۆ ڕەخنەگرتنیش لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا چەند ئەرکێکی دیاریکراو هەیە، بریتین لە:

- سەرپەرشتیکردنی بیرۆکراسیەت.
- ئاسانکاری بۆ هەوڵەکانی کۆمەڵگە و حیزب لە هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.
- بەشداریکردن لە ڕاهێنانی جەماوەر بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی فەرمانڕەوایەتی و بەشداریکردن تێیدا.
- وا بکرێت ڕۆژنامە وەک ئامرازی پەیوەندیی نێوان حیزب و جەماوەر کار بکات[٤].

لە هەموو بارێکیشدا ئەوە بە مەرج گیراوە کە ڕەخنەکە بونیاتنەر بێت و کاریگەری نەخوازراو لەسەر جەماوەر دروست نەکات و هۆکارێک نەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لەبەردەم کۆمەڵگە بۆرژوازییەکاندا لاواز دەربکەوێت[٥].

---

(١) جیهان أحمد رشتی، النظم الاذاعیة فی المجتمعات الاشتراکیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٦٠.

- ریلادین میلز، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.

(٣) جیهان أحمد رشتی، النظم الاذاعیة فی المجتمعات الاشتراکیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٧٢-٧٦.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٧٦-٧٨.

بڕەودان بە هزری سۆشیالیستی لە سەر ئاستی دەرەوە و وەڵامدانەوەی ئەو پڕوپاگەندانی کە لە دژی دەکرێن:

لێرەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر شیکردنەوە و سادەکردنەوەی تێزەکانی هزری سۆشیالیستی و پەیڕەوکردنی باشترین ڕێگە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تێز و بنەمایانە دەکەن لەسەری وەستاون و ئەو مەبەستانەش کە مژدەیان پێ دەدەن و هەوڵی بۆ دەدەن، کە بریتین لە نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و بەرپاکردنی ئەو کۆمەڵگە سۆشیالیستییەی کە ئەو جۆرە دیاردانەی چەوساندنەوەیە ناهێڵێت، بەتایبەت چەوساندنەوەی ئابووری. پاشان هەنگاونان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەی شیوعی. ئەو فیردەوسە زەمینییەی کە هەموو مرۆڤێک تێیدا بە ئاواتەکانیان دەگەن.

بۆ ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بتوانن بە باشترین شێوە ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنن، پێویستە بەرپەرچی ئەو بیر و پڕوپاگەندانە بدەنەوە کە دژی هزری سۆشیالیستین و وەڵامی دەمکوتکەریان بدەنەوە و پووچی و لاوازییان بسەلمێنن و پەردە لەسەر ئەو ئامانجە ڕاستەقینانە هەڵماڵن کە لە پشتیانەوەیە، کە ئامانجەکەیان پاراستنی بارودۆخ و جیاوکی بۆرژوازییەکانە لەسەر هەژماری چینە ڕەنجدەر و زەحمەتکێشەکان.

ڕێگاکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەو وەزیفانەوە

هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی پەنای بۆ چەندین ڕێگە بۆ پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەو وەزیفانەوە بردووە، ڕەنگە گرنگترینیان بەڕەهایی بریتی بێت لە کورتهەڵهێنانی مافی خاوەندارێتیی ئەو ئامرازانە و دامەزراندنی هەڵسوڕاوەکانیشی لەسەر دەوڵەت، کە لە بەشی پێشوودا بەدرێژی باسمان کرد، بەڵام هزری سۆشیالیستی بڕوای وا بوو کە ئەم میکانیزمە بەس نییە بۆ پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەڵسوڕاوانیشی بەو شێوەیەی کە خوازراوە، بۆ پەنای بۆ چەندین ڕێگەی تر بردووە، گرنگترینیان:

- ئامادەکردنی ئایدۆلۆژییانەی ئەوانەی لەو ئامرازانەدا کار دەکەن[1]، هەروەها ئاشناکردنی هەر یەکێکیان بە ڕۆڵی لە جێبەجێکردنی پلانە دەستەجەمعییە دیراسەکراوەکان، بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی تردا کار بکات، بە شێوەیەک کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە یارمەتیدەر بێت کە پێی سپێردراوە بە باشترین شێوە.

(1). F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 132.

- دروستکردنی کارگێڕییەکی تایبەت بە بانگەشە و بزواندن: کە ئەرکەکەی داڕشتنی سیاسەتێکی ڕاگەیاندن بێت کە پێویستە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر هەموو ئاستەکان (نیشتمانی، هەرێمی، لۆکاڵی) پێیەوە پابەند بن. ئەو کارگێڕییە چەندین کارگێڕیی تێدایە کە بەرپرسن لە کۆنترۆڵکردنی ڕۆژنامە ناوەندییەکان، هەندێکی تریشیان لە کۆنترۆڵکردنی ڕۆژنامە هەرێمییەکان بەرپرسن، هەندێکی تریشیان لە ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان بەرپرسن.

بۆ ڕۆژنامەکان، هەموو ئەو ڕۆژنامانە ناخوێندرێنەوە، بەڵکوو پێویستە لە هەر کەرتێک ماوە ماوە ڕۆژنامەیەک یان سەمپڵێک لەو ڕۆژنامانەی کە لەژێر کۆنترۆڵیدان، پشکنینی وردیان بۆ بکرێت. ئەو پشکنینە دەبێتە بنچینەی ڕەخنەگرتن لە ڕۆژنامە سەرپێچیکارەکان، یان ڕەخنەی هەندێک لە ڕۆژنامە، هەروەک چۆن دەبێتە بنچینەی دەرکردنی چەند ڕێنماییەکی دیاریکراو یان گشتی، کاتێکیش کارەکە لەوە گەورەتر دەبێت، چەند بڕیارێک لە لیژنەی ناوەندییەوە دەردەچێت، بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتەکە بە ئاراستەی خوازراوەوە[1].

- بەشداریی ڕۆژنامە لە ڕەخنەگرتن و سەرپەرشتیکردندا: لە ڕێگەی دروستکردنی ڕۆژنامەی تایبەت بەو مەبەستە، کە ئەرکی خستنەڕووی ڕەخنەگرانە بۆ ئەدای ڕۆڵی ڕۆژنامەکان بێت، لە میانەی هەستانی ڕۆژنامە ناوەندییەکان بە خستنەڕووی ئەو ڕۆژنامانەی کە دەکەونە بازنەی ئەوانەوە و لە بواری پسپۆڕییاندان، ئیدی ئەم جۆرە سەرپەرشتیکردنە دووبارە دەبێتەوە تا نزمترین ئاستی ڕۆژنامە، هەر ڕۆژنامەیەک سەرپەرشتیی چالاکییەکانی ڕۆژنامەکانی خوار خۆی لە بونیادی هەرێمیی چینایەتیدا دەکات، تا دەگاتە ڕۆژنامەی دیوار و کۆمێنتیان لەسەر دەدەن و ڕەخنەیان لێ دەگرن[2].

-چاودێریکردن: بۆ زامنکردنی پابەندیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە ئەرکەکانیانەوە، نابێت کاری چاودێریکردن تەنها بریتی بێت لە چاودێریکردنی دەرچوون لەو سنوورەی بۆیان کێشراوە، بەڵکوو پێویستە لە هەمان کاتدا ئامانجی جەختکردنەوە بێت لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی ئەو ئامرازانە کە ئەو ئەرکانە بەدی دێنن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت[3].

---

(١) بڕوانە: جيهان أحمد رشتى، النظم الاذاعية فى المجتمعات الاشتراكية، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-٥٠.
- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
- F. S. Siebert, T. Peterson and W. Schramm, op. cit., p. 132.

(٢) بڕوانە: جيهان أحمد رشتى، النظم الاذاعية فى المجتمعات الاشتراكية، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٣٩،

دەرئەنجامەکانی پەیڕەوکردنی ئەو ئەرکانە لە کەتواردا

بێگومان ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی ڕۆڵێکی گرنگی لە پاڵپشتیکردنی چالاکییە شۆڕشگێڕییەکان و بڵاوکردنەوەی هزرە سۆشیالیستییەکەی لەنێوان جەماوەری چینی کرێکاردا و دژایەتیکردنی هزری بۆرژوازیی دژدا بینی، هەروەها گومان لەوەدا نییە کە ڕۆڵێکی کارای لە جێگیرکردنی پایەکانی جێبەجێکردنی سۆشیالیستی لە زۆرێک لە وڵاتاندا بینی، بەڵام سەرکەوتنی ئەو ئامرازانە لە ڕاپەڕاندنی ئەو وەزیفانەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی تێۆریزەی کردبوون، بەو شێوەیەی کە خوازراو بوو، بەتایبەت ئەو وەزیفانەی کە پەیوەست بوون بە پاڵپشتیکردنی ڕەوتی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، کارێکی ئاسان نەبوو، لە سایەی ئەو ناڕێکییەی کە لەو چوارچێوە هزرییەی کە تێۆریزەی چۆنێتیی ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بۆ ئەو وەزیفانە دەکرد، کە بێگومان ڕەنگدانەوەیەکی سروشتیی ئەو ناڕێکییە بوو کە لەو وتەزا کۆزمۆلۆژی و کۆمەڵایەتییانەدا بوو کە لەسەریان بونیاد نرابوون.

ڕەنگە کاریگەرترین لایەنی کەموکووڕی –کە ڕەنگدانەوەی توندی لەسەر ئەدای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەبووە- بریتی بێت لە پێدانی دەسەڵاتی ڕەها بە حیزبی سۆشیالیستی لە دیاریکردنی سیماکانی ئازادیی کاری ڕاگەیاندن و دانانی باشترین وێنا بۆ خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنیان، بەو شێوەیەی کە زامنی بێگەردیی ئەو ئامرازانە بکات لە هەر ماددەیەکی ڕاگەیاندنی دژ بە هزری سۆشیالیستیی پشتبەستوو بە ڕاستیی ڕەها.

ئیدی شتێکی سروشتی بوو کە پێدانی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە ببێتە هۆکاری فریودانی هەندێک و لادانیان بەوەی ئەو ئامرازانە بخەنە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە. ئیدی ڕۆژنامەنووسان، تەنها بوون بە ئامێرێکی باش بۆ وەرگرتن و ناردن، هەر ڕۆژنامەنووسێکیش ملکەچی داواکارییەکان نەبێت، دووچاری تووندترین سزا دەبووەوە[1].

لە لایەکی ترەوە سەرکردەکان ئەو دەسەڵاتەیان لە سزادانی ڕای جیاواز و دژ بەکار دەهێنا و خاوەنەکانیان ڕاپێچی زیندان و گرتووخانەکان دەکرد و بۆ سەربازگەی کارکردن دەیاننارد[2]، ئەو سزادانەش تەنها بەشی نەیارانی هزری سۆشیالیستی نەبوو، بەڵکوو بۆ هەموو ئۆپۆزسیۆنییەک درێژ بووبووەوە کە بۆ

- أيمن النبوى غبور، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(١) بڕوانە: جيهان المكاوى، حرية الفرد وحرية الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

(٢) أيمن النبوى غبور، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

ئەوە سەر بکێشێت ببێت بە هەڕەشە بۆ پۆستی ئەو سەرکردانە، یان تەنانەت وێنەیان لای جەماوەر لەکەدار بکات.

ئیدی، لە سایەی ئەو دۆخە سەرکوتکاریەی کە لەسەر بانگەشەکردن بۆ سەرکردە یان تاکە سەرکردەی کاریزمی و کێکردنەوەی دەنگی ناڕازیدا، شتێکی سروشتی بوو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن متمانەی خۆیان لەدەست بدەن و[1]، جەماوەر کەمتر بینەریان بێت، بەمەش زۆربەی خەڵک ڕوویکردە ماددەکانی سەرگەرمی و وازیان لە بابەتە ڕۆشنبیریەکان هێنا[2].

لە لایەکی ترەوە، لە سایەی ئەو کەتوارەدا، شتێکی سروشتی بوو کە ئامرازە سۆشیالیستییەکانی ڕاگەیاندن، تا ڕادەیەکی زۆر، لە ڕاپەڕاندنی مەترسیدارترین ئەرک شکست بهێنن، کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا جێبەجێی بکەن، ئەویش بریتییە لە ئەرکی چاودێریکردنی هەر لادان یان چەوساندنەوە، یان خراپبەکارهێنانێک و ئاشکراکردنی و داوای ڕاستکردنەوەی و تۆڵەسەندنەوە لە ئەنجامدەرانی، چونکە لە سایەی ئەو کەتوارەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نەیانتوانی پەردە لەسەر خراپییەکانی سیستمی سۆشیالیستی و خراپبەکارهێنانی چینی فەرمانڕەوایان بۆ دەستڕۆشتوویان هەڵماڵن، چونکە ئەو چینە هەر هەوڵێکی ڕەخنەگرتنی، تەنانەت بە ئاماژەش بووبێت، بە پێداچوونەوەیەکی تاوانبارانە و گەڕانەوە بۆ سەرمایەداری لەقەڵەم دەدا، بە جۆرێک کە ئەنجامدەرانی شایستەی تووندترین سزا دەکرد[3]، ئەمەش وای کرد گەندەڵی و خراپەکاری بە جەستەی زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا بەشاراوەیی بلاو ببێتەوە، بە شێوەیەک کە دواجار لە داڕمانی زۆرێک لەو کۆمەڵگانە بەشدار بوو.

---

(١) أحمد كامل، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

(2) E. P. Mickiewicz, Media and the Russian Public, (New York: Praeger Publishers, 1981), p. 126.

(٣) لطفى الخولى، اجتهادات، جريدة الأهرام، عدد ١٩٩٧/١٠/٢٣، ص١٠.

داخوازی دووەم: وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەراییدا

یەکەم: وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی تازەگەشەسەندوودا

دەتوانین وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە هزری گەشەپێدانگەرایی تیۆریزەی بۆ کردووە، بۆ بەشداریکردنیان لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی تازەگەشەسەندوو لە سێ وەزیفەی سەرەکیدا کورت هەڵبهێنین:

١. بەشداریکردن لە ڕەواندنەوەی ئەو کەتوارەی کە ڕێگرە لەبەردەم گەشەسەندندا

ئەمەش لە میانەی ئەنجامدانی دوو ئەرک:

ئ. بەشداریکردن لە ڕەواندنەوەی ئەو بیر و خوونەریتانەی کە دژ بە بیری گەشەسەندنن: وەک ئەو بیرۆکە هەڵانەی کە لە بارەی قەزا و قەدەر و نەتوانایی مرۆڤ لە گرتنەبەری دەستپێشخەری لە پەیوەندیی لەگەڵ سروشتدا هەن، هەروەها باوەڕبوون بەوەی کە کارە سەختەکان لە ڕێزی مرۆڤ دادەبەزێنن، هەروەها ئەو بیرۆکانەی کە بە حەرامکردنی کوشتنی هەندێک ئاژەڵی زیانبەخش بە مرۆڤ و ڕووەکەوە پەیوەستن[1]، ئەوە وێڕای ئەو خووانەی کە بە خەرجکردن و پاشەکەوتکردنەوە پەیوەستن، هەروەها ئەو نەریتە خێزانییە توند و وشک و بێکەڵکانەی کە وا دەکەن هەستکردن بە گیانی دەستەجەمعی هەستیکی لاواز و کەم بێت و جۆرێک لە تێڕوانینی خێزانی بەرتەسک دەهێنن کایەوە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆپەرستی[2]، ئەمە وێڕای هەموو ئەو بیرۆکە و خوونەریتە خراپانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێداندا.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو لەمپەرانەدا، وا پێویست بوو ئەو بنچینە هزرییانە هەڵبتەکێنرێن کە ببوون بە پاڵپشت بۆیان، بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ گۆڕینی ئەو کردەوانە

---

(1) W. Schramm, op. cit., p. 119.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو لەمپەرانەوە کە ئەو خوونەریتانەی بۆ کاری گەشەپێدانی دروست دەکەن، بڕوانە:

- محمد سید محمد، الإعلام والتنمية، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠-١٠٣.

هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی بەربەستەکانی گەشەپێدانەوە بەگشتی، بڕوانە:

- شاهیناز طلعت، وسائل الإعلام والتنمية الاجتماعية، ط٣، بدون ناشر، ١٩٩٥، ل١٧٣-١٧٥،

- محمود أحمد عبد الغنی، «دور الاتصال الشخصی فی التنمية الاجتماعية فی المجتمع المحلی: دراسة علی إحدی قری محافظة سوهاج»، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة أسيوط: كلية الآداب بسوهاج، ١٩٨٥)، ص٨١-٩٤.

خۆش ببێت پشتیان بەو بیرۆکانە بەستبوو[1].

ب. بەشداریکردن لە ڕەواندنەوەی بارودۆخی ڕێگر لەبەردەم گەشەپێداندا: ڕەنگە دیارترین لەمپەریش لەبەردەم گەشەسەندندا بریتی بێت لە بەرزیی ڕێژەی نەخوێندەواری لەو وڵاتانەدا و هەموو ئەو ڕەنگدانەوە نەرێنییە زۆرانەی کە ئەم فاکتەرە لەسەر مرۆڤی ئەم کۆمەڵگانە هەیەتی.

لەمپەرێکی تر بریتییە لە زاڵێتیی تیرەگەرێتی و هۆزگەرایەتی، کە هەڕەشە لە یەکڕیزی و تەبایی کۆمەڵگە دەکات و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەسەندن ئەستەم دەکات[2].

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بۆ زاڵبوون بەسەر نەخوێندەواریدا، دەتوانن چەندین ئەرک ڕابپەڕێنن، بۆ نموونە[3]:

- ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی هەماهەنگ، بۆ ئاشنابوون بە گرفتەکەو ڕەهەندەکانی و مەترسیی لەسەر گەشەسەندن،
- هاندانی ڕۆشنبیران بۆ بەشداریکردنی کاری خۆبەخشی لە کارە نیشتمانییەکاندا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، وەک مامۆستا، یان کارگێڕی و... هتد،
- هەڵنانی نەخوێندەواران بۆ پەیوەندیکردن بە بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە،
- ئامادەکرنی بەرنامەی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە خودی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنداا،
- بەدواداچوون بۆ هەوڵەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و هاندانی نموونە ئەرێنییەکان و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بەردەوام.

لە لایەکی ترەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بەشداری لە یەکخستنی کۆمەڵگە و نەهێشتنی دەمارگیریی تیرە و هۆزگەرایەتیدا بکەن، لە ڕێگەی:

- ڕوونکردنەوەی مەترسییەکانی دەمارگیریی تیرەو هزرگەرایی لەسەر یەکڕیزیی کیانی کۆمەڵایەتی،

---

(1) G. C. Whiting, “How does Communication interface with change” in E. M. Rogers (ed.), Communication and Development, Critical Perspectives, (London: Sage Publication, 1976), p. 111.

(٢) لە بارەی ڕەنگدانەوەی نەبوونی یەکڕیزی لەسەر ژیانی کۆمەڵگەی تازەپێشکەوتوو، بڕوانە:
- جاک لول، «القیم الاخباریة فی العوالم الثلاثة» فی ال هسنیر (محرر) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٥٩.

(٣) محمد سید محمد، الإعلام والتنمیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨-٢٩٩.

- هاندانی هاوشێوەیی و ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵگە گەورەکە[١]،
- بەرەودان بە هەستی وەلائی نەتەوەیی، سەربازی وەلائی لۆکاڵی و ڕوونکردنەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و سوودەکانی کارکردن بە گیانی هاوکاری لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێداندا[٢]،
- بەدیهێنانی تەواوکاریی سیاسی و ئایدۆلۆژی و کولتووری و ئایینی[٣].

بێئومێدکردنی ئەو دەنگانەی هەوڵی پەرتەوازەیی و ناکۆکی دەدەن، هەروەها کەمکردنەوە و بێبایەخکردنی خاڵەکانی جێناکۆک لەنێوان لایەنە ناکۆک و جیاوازەکاندا[٤].

٢. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدان

پاڵپشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدان وا دەخوازێت کار لەسەر زەین و بیری تاکەکان بۆ وەرگرتن و قەبوولکردنی گۆڕانکاری و بەشداریکردن لە بونیادنانی کەسایەتییەکی ئامادەکراو لە ڕووی دەروونی و پیشەییەوە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەپێداندا و کارکردن بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵە نەتەوەییەکان بۆ هێنانەکایەی گەشەپێدان لە هەموو بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی... ژیاندا بکرێت.

ئـ. ئامادەکردنی هۆش و زەینی تاکەکان بۆ قەبوولکردنی گۆڕانکاری لە ڕێگەی:
- پێشکەشکردنی زانیاری،
- خستنەڕووی بیری نوێ و نوێکراوە (المستحدثة)،
- پێشکەشکردنی دیدی گشتگیر بۆ شتەکان و کەتوار،
- یاخیبوون لەو کەتوارە،
- هەوڵدان و چاوخستنەسەر کەتواریێکی باشتر،
- بوونی مۆدێلی پێشەنگ (ژیانی کەسانی تر)،
- قەناعەتپێکردن لە گۆڕان،

---

(١) جیهان أحمد رشتی، نظم الاتصال، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

(٢) جاک لول، «القیم الإخباریة فی العوالم الثلاثة» فی البرت ل هسنیر (محرر) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٥٩.

(٣) فرانسیسکو ج. فاسکیز «اقتصادیات وسائل الإعلام فی العالم الثالث» فی ل. جون مارتن، انجوجروفر شور، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٧.

(٤) بڕوانە:

-E. B. Parker and A. Mohamadi, o.p. cit, p. 170, 171.

- دروستکردنی وەرچەرخان[١].

ئامانجی کۆتاییش، کە وەرچەرخان و قەبوولکردنی گۆڕانە، بە سێ قۆناغ دەبێت، کە بریتین لە پەیبردن بە پێویستیی گۆڕانکاری، پاشان قەناعەتبوون بەوەی کە پێویستە ئامرازێکی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی گۆڕانگاری پەیڕەو بکرێت. دواجار قۆناغی وەرچەرخانی مرۆڤ لە تەنها قەناعەتبوونەوە بۆ قۆناغی ڕەفتار دێت، کە بریتییە لە بەشداریی کرداری لە پرۆسەی گۆڕین بەرەو باشتر، یان لە پرۆسەی گەشەپێداندا[٢].

ب. بەشداریکردن لە فێرکردنی کارامەیی پێویست بۆ تاکەکان بۆ هێنانەکایەی گەشەپێدان

سەرباری ڕۆڵی نەهێشتنی نەخوێندەواریی نووسینەکی و کولتووری، پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن شێوازی کشتوکاڵ و پیشەسازیی پێشکەوتوو بڵاو بکەنەوە و[٣] ڕاهێنان بە ئەندازیار و پزیشکەکان بکەن و کارامەیی هونەری بە کرێکاران بۆ وەڵامدانەوەی پێوسیتییەکانی کۆمەڵگە و پێشکەشکردنی زانیاریی تەندروستی و بەهێزی... بۆ خەڵکی بەگشتی ببەخشن[٤].

پ. پاڵپشتیکردنی هەوڵە نەتەوەییەکان بۆ هێنانەکایەی گەشەپێدان لە هەموو بوارەکاندا

ئەویش لە ڕێگەی:

- ڕێنموونییکردن و فەراهەمکردنی هەموو پێداویستی و توانا و وزە و ئامرازەکان بۆ بەهێزکردنی ڕەوڕەوەی گەشە، بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو لە ماوەیەکی کورتدا بە کاروانی وڵاتانی پێشکەوتوو بگەن[٥].

- پاڵپشتیکردن و شیکردنەوەی پلانەکانی گەشەپێدان لەسەر هەموو ئاستەکان و[٦] گواستنەوەی ئامانج و بڕیارە نەتەوەییەکان بۆ هەموو ئومەت و گواستنەوەی

(١) عبد المجيد شكرى، الاتصال الإعلامى والتنمية: آفاق المستقبل وتحديات قرن جديد، (القاهرة: العربى للنشر والتوزيع، ١٩٩٥)، ل٧٧-٧٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

(٣) جيهان أحمد رشتى، نظم الاتصال، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

(٤) محمد منير حجاب، الإعلام والتنمية الشاملة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

(٥) صلاح الدين عبد الحميد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(6) Ithiel de Sola Pool, “The Governance of Mass Communication” in M. Tehranian, etal., (eds.), op. cit., p. 138.

ڕاپۆرتی تایبەت بەو گەشەسەندنەی کە هەر بواریک بەخۆیەوە دەبینێت، خێرایی لە گواستنەوەی زانیارییەکانیشدا گرنگە[١].

- هاندانی جەماوەر بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان و گواستنەوەی دەنگەکەی بە سەرکردایەتیی سیاسی[٢].

- پاڵپشتیکردنی دەوڵەت و پلانەکانی لە بواری گەشەپێداندا[٣].

- دەرخستن و زەقکردنەوەی لایەنە ئەرێنییەکان و کەمکردنەوەی ڕەخنە بۆ نزمترین ئاست[٤].

٣. چاودێریکردنی ڕەوتی کاری گەشەپێدان

لە لایەکی ترەوە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕووی گەشی کار و بەرهەم و دەستکەوتەکان دەربخات و داوای چاولێکردنیان بکات.

ڕێگاکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە:

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی پشت بە دوو ڕێگە بۆ پابەندکردنی ئەو ئامرازانە بە ئەرکەکانیانەوە دەبەستێت:

- پابەندییەک کە لەسەر پسپۆڕی وەستاوە، واتە پابەندبوونی هەڵسوڕاوانی ڕاگەیاندن بە ڕێنماییەکانی ئەو دەزگا گشتی و حکومییەی کە کاری تێدا دەکەن و لادانیشیان دووچاری لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتییان دەکات.

- پابەندیی خۆبەخشانە (خودی)، کە بریتییە لە پابەندیی ئامرازە تایبەتەکانی ڕاگەیاندن، کە لە هەر جۆرە کۆنترۆڵێک، بە بەشداریکردن لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی گەشەپێدان دوورن.

جاری واش هەیە دەستتێوەردان لەلایەن حکومەتەوە لە کاروباری ئەوانە دەکرێت کە کاریان تێدا دەکەن، بەڵام زۆربەی جار ئامانج لەو دەستتێوەردانە ناچارکردنی ئەو ئامرازانە، یان ئەوانەی کە کاریان تێدا دەکەن، بە نەبەزاندنی ئەو سنوورەی کە حکومەت بۆ ئازادیی ڕادەربڕین دیاریی کردووە.

ئەمەش وای کردووە بانگخوازانی تیۆری گەشەپێدانگەرایی لە ڕاگەیاندنا بڕوایان وا بێت کە ئاسان نییە لە هێنانەدیی ئەرکە نەتەوەییەکاندا پشت بەو ڕۆژنامانە ببەستریت کە خاوەندارێتییان تایبەتە، بەڵکوو ئەو ڕۆژنامە و ئامرازانەی

---

(١) جیهان أحمد رشتی، نظم الاتصال، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣-١٨٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.

(٣) ل. جون مارتن، انجو جروفر شودری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(٤) ألبرت لهستیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

ڕاگەیاندن کە ملکەچی سەرپەرشتیی حکومەتن، تاکە میکانیزمێکن کە لە ڕێگەیانەوە، لە ڕووی فێرکاری و ڕۆشنبیرییەوە، پەرە بە جەماوەر دەدرێت[1].

کەتواری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگە تازەگەشەسەندووەکاندا

لە ڕاستیدا لە زۆربەی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نەیانتوانیوە ئەرکەکانیان، بەو شێوەیەی خوزراوە، بەجێ بەگەیەنن، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، گرنگترینیان:

١. ناکامیی ئەو وێنایەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی بۆ ئەو ئەرکانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە لەوڵاتانی تازەگەشەسەندوودا پێشکەشی کردووە. ڕەنگە مەترسیدارترین لایەنی ئەو کەموکورتییە لەو دەسەڵاتە فراوانەدا خۆی ببینێتەوە کە لەو وڵاتانەدا بە حکومەت دراوە، بۆ دانانی سیماکانی ئازادیی ڕاگەیاندن و شێوازی خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، چونکە ئەمە بۆ خراپبەکارهێنانی ئەو ئامرازانە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان سەری کێشا، بەوەی کە کردبوویانن بە ئامرازی پڕوپاگەندە و بانگەشە و پێداگریی زۆریشیان لە لایەنە سیاسی و پڕوپاگەندەییەکان بووە و ڕووناکیی زۆریان خستووەتە سەر چالاکیی ئەو سەرکردانە و وتار و سەردانەکانیان، ئەمەش بێگومان لەسەر هەژماری ئەو ئەرکە بنچینەییانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئەو ئامرازانە جێبەجێی بکەن[2].

هەروەها ئەو دەسەڵاتانە، لە لایەکی ترەوە، ئەو ئامرازنەیان وەک میکانیزمێکی گرنگی کپکردنی ڕا و ڕەوتی جیاواز و ئۆپۆزسیۆن بەکار هێناوە، ئیدی لە ڕێی پەنابردنەوە بۆ دەقە یاساییەکان[3]، یاخود ئامرازی تر بووبێت، بە شێوەیەک کە لە پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن لەلایەن تاکەکانەوە ڕێگر بێت، ئەمە لە ڕوویەکەوە، هەروەها بە شێوەیەک کە کۆمەڵگەی لەو ڕۆڵە چاودێرییە گرنگە بێبەش دەکرد کە دەکرا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێی بکەن و لە میانەیەوە هۆشداری لە کەموکووڕی و ناڕێکییەکان دەدرا و داوای چاکسازی دەکرا، لە ڕوویەکی ترەوە.

بەو شێوەیە ئەو ئامرازانە بوون بە خزمەتکاری دەسەڵات. ئەمەش دەرئەنجامێکی خۆبەخۆی لێکەوتەوە، کە کەمبوونەوەی متمانەی جەماوەر بوو بە ڕاستگۆیی

---

(١) بڕوانە: عواطف عبد الرحمن، دراسات فی الصحافة العربية، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٣٢-٣٣.

(٣) ليلى عبد المجيد، سياسات الاتصال فی العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.
- عواطف عبد الرحمن، الحق فی الاتصال بين الجمهور والقائمين بالاتصال، ص٤٢.

زۆرینەی ئەو شتانەی کە ئەو ئامرازانە بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش وای کرد کە توانای ئەو ئامرازانە لاواز ببێت لە دروستکردن گۆڕینی ئاڕاستەکانی جەماوەر بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بیرۆکە نوێیەکانی گەشەپێداندا گونجاوە[1].

٣. جیاوازی و نەگونجانی زۆرێک لەو بیرۆکانەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی تیۆریزەی پێ دەکرد، لەگەڵ کولتووری زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەتایبەت وڵاتە ئیسلامییەکانیان، کە بەفەرمی باوەڕیان بە کۆزمۆلۆژیایەکی تەواو جیاواز لەو کۆزمۆلۆژیایە هەیە کە ئەو فەلسەفەیە بڕەوی بە بیرۆکەکانی لەمەڕ بەڵگەنەویست و مەبەستەکانی دەدا. ئەمەش سەری بۆ هەژموونی کولتووری عەلمانی بەسەر زۆرێک لەو بابەتانە کێشابوو کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەدا پەخشی دەکەن و لە چوارچێوەدان و سنووردارکردنی کولتووری ڕەسەن لەو وڵاتانە لە بەرتەسکترین سنووردا.

پتر لە هۆکارێک بەشداریان لە زیادکردنی هەژموونی ئەو کولتوورەدا کرد، کە بریتی بوون لە:

ئ. وەلائی زۆرینەی چینی دەستەبژێری فەرمانڕەوا و ڕۆشنبیر لەو وڵاتانەدا بۆ ئەو کولتوورە عەلمانییەی کە لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی ڕۆژئاواوە فێری بوون، یاخود لەسەر دەستی شوێنکەوتووانی ئەو قوتابخانانە لە وڵاتەکانیان وەریانگرتووە. ئیدی شتێکی سروشتییە کە ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن لەلایەن ئەوانەوە وەک ئامرازی بڵاوکردنەوەی ئەو کولتوورە بەکار بێت، کولتوورێک کە ئەوان بڕوایان وایە کە شوێنپێهەڵگرتنی باشترین ڕێگەیە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانیان و گەیشتنیان بە کاروانی شارستانی.

ب. پاشکۆیەتی ڕاگەیاندن بۆ جیهانی ڕۆژئاوایی، ئەو پاشکۆیەتییەش لە ڕوویەکییەوە ئەنجامی کاری دەستی ڕۆڵەکانی وڵاتانی تازەپێشکەوتووە، ئەویش لە میانەی هەوڵدانی بەردەوامیان بۆ دەستخستنی ئەو بابەتە ڕاگەیاندنییانەی کە ئاژانسە ڕۆژئاواییەکان بەرهەمی دەهێنن، بەتایبەت بابەتەکانی دراما.

پ. پەرەسەندنی تەکنەلۆژی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، کە چەند پاشکۆیەتییەک دروست دەکات: پاشکۆیەتیی تەکنەلۆژی بۆ ئەو دەوڵەتە و کۆمەڵایەتی-کولتووری بۆ کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لە ڕێگەی ڕیکلامەوە و پاشکۆیەتیی گەیاندنییانە بۆ ئاژانسە ڕۆژئاواییەکانی هەواڵ و پاشان پاشکۆیەتیی

(١) بڕوانە: أحمد بدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

ئەکادیمی بۆ پەیمانگا و کۆلێژە ڕۆژئاواییەکانی بواری گەیاندن[1].

٣. لاوازیی توانا ئابووورییەکانی زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە بووەتە ڕێگر لەبەردەم بەرپاکردنی بونیادێکی گەیاندنی نوێ و تەواوکار، کە یارمەتیدەری بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی لێی چاوەڕوان کراوە، بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەپێداندا بەو شێوەیەی خوازراوە[2].

لە پێناوی ڕەواندنەوەی ئەو لایەنە نەرێنییانەی پێشوو، چەند بیرۆکەیەکی نوێ دەرکەوتن، بانگەشەی مافی وڵاتانی تازەپێشکەوتوویان لە مافی بوونی فەرمانڕەوایەتییەکی دیموکراسیدا دەکرد و دەیانوت ئەو وڵاتانەش پێویستییان بۆ دیموکراسی هیچی لە هیی وڵاتانی پێشکەوتوو کەمتر نییە و بڕوایان وا بوو کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێداندا نابێتە پاساو بۆ دەسەڵاتگەرایی و ئازادیی ڕاگەیاندن و گەشەپێدان دوو بەهای دژیەک نین و ناکرێت دەستخستنی یەکێکیان تەنها بە قوربانیدان بێت بەوەی تریان... ئەمە لە کاتێکدا کە کەتوار و لۆژیک دەڵێت دەتوانرێت هەردووکیان پێکەوە بەدەست بهێنرێن، هەروەک چۆن ئەزموونی دەوڵەتانی پیشەسازییش ئەوەی سەلماندووە[3]، ئەمە سەرباری ئەو بیرۆکانەی کە قوتابخانەی پاشکۆیەتی پێشکەشی کردوون، کە نیشانەکانی پاشکۆیەتیی میدیایی و کولتووری بۆ جیهانی ڕۆژئاوا دیاریی دەکەن و هەوڵی دیاریکردنی ڕێگاکانی نەهێشتنیان یان کەمکردنەوەیانی دەدەن. سەرباری ئەو مۆدێلانەی کە وێنایەکی نوێیان بۆ ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و چۆنێتیی جێبەجێکردنیان لە کۆمەڵگەی تازەگەشەسەندوودا پێشکەش کردووە، لەوانە: مۆدێلی گەیاندنی گەشەپێدانگەرایی هاوبەش (نموذج الاتصال التنموی المشارک) و مۆدێلی بڵاوبوونەوە (نموذج الانتشار).

لەگەڵ ئەو جێگرەوانەی کە ئەو بیرۆکانە پێشکەشیان کردبوو، بۆ ڕەواندنەوەی خاڵە نەرێنییەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی، کە پشتی بە مۆدێلی نوێگەری (التحدیث) بەستبوو، بەڵام کەتواری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هێشتا زۆر بەڕوونی بەدەست ئەو خاڵە نەرێنییانەوە دەنالێنێت.

---

(١) عواطف عبد الرحمن، قضایا التبعیة الإعلامیة والثقافیة فی العالم الثالث، سەرچاوەی پێشوو.
- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕوانگەکانی پاشکۆیەتی، بڕوانە:
- فاروق أبو زید، انهیار النظام الإعلامی الدولی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧-١٧٦،
- السید بخیت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤-١٣٥.

(٢) بڕوانە: جیهان أحمد رشتی، الإعلام الدولی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣-٣٣٣.

(٣) بڕوانە: محمد بن عثمان الأخضر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢-١٠٠.

پاری سێیەم

وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا

ئەو مەبەستانەی کە کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی پێشکەشی کردوون، بە دیاریکەری بنچینەیی ئەو ڕۆڵە دادەنرێت کە پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا بیگێڕن. بەو پێیەشی مەبەستی بنچینەیی کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی بریتییە لە بەرپاکردنی ئەو کۆمەڵگەی جێنشینییەی کە تێیدا بەندایەتیی ڕەها بۆ خوای بااڵدەست بەدی بێت و بەختەوەریی دنیایی بۆ تاکەکانی بەدی بهێنێت و نازونیعمەتی هەمیشەییان لە ڕۆژی دواییدا بۆ زامن بکات و هەوڵی باڵوکردنەوەی ئایینی ڕاستی و بەرزکردنەوەی وتەی خودا لەسەر زەوییەکەی دەدات، ئەمە واتای ئەوەیە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەوەیان لێ خوازراوە کە چەندین ئەرک بۆ بەشداریکردن لەوانەدا جێبەجێ بکەن، ئەو وەزیفانە بریتین لە:

- پتەوکردنی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی لە کۆمەڵگەی جێنشینیدا.

ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە وا دەخوازێت دوو کاری گرنگ ئەنجام بدرێت:

بەرەنگاربوونەوەی ئەو بیر و خوونەریتانەی کە دژی بیروباوەڕی یەکتاپەرستین: ئیدی ئەو بیرۆکانە دەرئەنجامی دابڕانی کەتواری کۆمەڵایەتی لە مۆدێلی ئیسلامی بن، یاخود دەرهاویشتەی بیروباوەڕێکی پێچەوانە و دژایەتیکەری بیروباوەڕی ئیسلامی بن، هاوشێوەی ئەوەی کە داگیرکەر لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا دروستی کرد، قادیانیەت و بابیەت و بەهائیەت[1]، یاخود ئەو بیرۆکانە بێت کە داگیرکەر بۆ لەناوبردنی شوناسی وڵاتانی ئیسلامی و خولانەوەی ئەو کۆمەڵگانە لە فەلەکی خۆیدا هێناونی، ئەویش بریتییە لەو بیرۆکە عەلمانییانەی پەیڕەو دەکرێن و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا (سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و..هتد) بڕەویان پێ دەدرێت[2].

باڵوکردنەوە و جێگیرکردنی ڕێنماییەکانی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی لە دەروونی تاکەکاندا: لە میانەی هۆشیارکردنەوەی موسوڵمانان، بە جیاوازیی تەمەن و کولتووریانەوە، بە ڕێنماییەکانی ئایینەکەیان وەک ئەوەی کە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاکی پێغەمبەر و ئەوەی کە زانایان ناسیویانە، هاتووە، هەروەها بە

---

(١) بڕوانە: إبراهيم امام، أصول الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(٢) سەبارەت بە ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بیرۆکانە، بڕوانە:
- عبد الوهاب كحيل، الأسس العلمية والتطبيقية للإعلام الإسلامي، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٨٥)، ص٨٥-٨٧.

گەشەدان بە کولتووری ئایینییان.

لێرەدا هۆشیارکردنەوە واتە چاندنی ڕێنماییەکانی ئایینی پاک و بێگەرد و گەشەپێدانیش واتە بەردەوام ئاودێریکردنی ئەو چاندنە و ڕەخساندنی کەشێکی تەندروست بۆی، بۆ ئەوەی گەشە بکات و زیاد بکات، بۆ ئەوەی بەروبومی هزرداری و کرداریی هەبێت[1].

لەو ڕێگەیەوە دەکرێت بەشداری لە بونیادنانی مرۆڤی شیاو و ئامادەکراودا بکرێت، بۆ بەرپاکردنی ئەو کۆمەڵگەی جێنشینییەی کە مەبەستی باڵای لە بووندا بریتی بێت لە ڕەزامەندیی ئەفرێنەرە بەرز و بێگەردەکەی و لە هەموو وەستان و جووڵەیەکیشیدا هەوڵی بەدیهێنانی ئەو مەبەستە بدات.

پاڵپشتیکردنی وەزیفەی ئاوەدانکاریی کۆمەڵگەی جێنشینی

ئەو ڕۆڵەی لە بەرپاکردنی کۆمەڵگەی جێنشیندا بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سپێردراوە، تەنها لە سنووری هۆشیارکردنەوەی تاکی موسوڵمان بە کاروباری ئایینەکەی و پەیامەکەی لە کۆمەڵگەی جێنشینیدا نەوەستاوە، بەڵکوو بۆ بەشداریکردن بە هۆشیارکردنەوەی بە باشترین ڕێگە بۆ بەشداریکردنی ئەرێنییانە لە وەزیفەی ئاوەدانکاریی کۆمەڵگەی جێنشیندا درێژ دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی:

- ئامادەکردن و شیاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان بۆ ڕەخساندنی دۆخی بەرپاکردنی سیستمی ئیسلامی لە بواری گەشەپێداندا و هاندانی کار و جێبەجێکاریی داهێنەرانە لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و فەندکردن و کاری بانکی، هەروەها گەشەپێدان لە بوارەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی و فێرکردن و تەندروستی و بوارەکانی تر[2]،

- بەرزکردنەوەی ئاستی هزری و ژیاریی تاکەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو بابەتانەی جێبایەخیانن و نەهێشتنی نەخوێندەواریی هزری و پیشەیی[3]،

- ڕەخساندنی دۆخێکی ژیاریی گونجاو بۆ پێشکەوتن و هەستانەوە و ڕابوون و بڵاوکردنەوەی زانست و هونەری دروستی ئامانجدار و ئاشناکرنی تاکەکان بە تەواوی ئامانجەکانی کۆمەڵگە و ڕێگاکانی بەشداریکردن لە بەدیهێنانیاندا[4]،

- بانگەوازکردن بۆ بەرزکردنەوەی هیمەت و هەڵنان لەسەر فەزڵ و گەورەیی

---

(١) سعيد محمود عرفة، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

(٢) إبراهيم إمام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.

(٣) سعيد بن ثابت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

(٤) مصطفى الدميرى، الصحافة فى ضوء الإسلام، (مكة المكرمة: مكتبة الطالب الجامعى، ١٩٨٧)، ص٨٣.

هەوڵ و تێکۆشان و هاریکاری و هێنانەکایەی گیانی برایەتی و دەستبارگیریی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو ڕێگانەی تر کە یارمەتیی پێگەیاندنی مرۆڤی چاکی لەخواترس دەدات، ئەو مرۆڤەی کە زەوی ئاوەدان دەکاتەوە و چاکسازی دەکات و بەرهەم زیاد دەکات[١].

وێڕای ئەم پاڵپشتیکردنەی ڕەوتی ئاوەدانخوازیی کۆمەڵگەی موسوڵمان بەگشتی، ئەویش لە میانەی پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی کۆمەڵگە لە هەموو ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکان (کشتوکاڵی، پیشەسازی، بازرگانی و زانستی و... هتد) و لە میانەی بەهێزکردنی ڕایەڵەی نێوان هەرێمەکانی و یەکڕیزیی نێوان کولتوورە لاوەکییە هەمەچەشنەکانی[٢]، هەروەها لە میانەی دروستکرنی ڕای گشتیی باوەڕدار و هۆشیار، کە ڕێزی ڕاستیی بوون و بەرپرسیارێتییەکانی دەزانێت، لە هەموو ئەو شتانەی کە داوای لێ دەکرێت، بەتایبەت لەو کارانەی کە بەرژەوەندیی گشتییان تێدایە[٣]، هەروەها لە میانەی پاڵپشتیکردنی ئەو کۆمەڵگەیە لەناو کۆمەڵگەکانی دنیادا و بەرگریلێکردنی لە دژی هەر هێرشێکی ئامانجدار و هەموو ئەو ئەرکانەی تریش کە کاراکردنی وەزیفەی ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگەی جێنشینی دەیخوازێت، کۆمەڵگەی ئومەتی گەواهیدان، باشترین ئومەتێک کە بۆ مرۆڤایەتی دەرچووە.

دۆزینەوەی هەر ناڕێکی و کەموکوڕییەک لە ڕەوتی کۆمەڵگەی جێنشینیدا

ئەم وەزیفەیە بە یەکێک لە وەزیفە گرنگەکانی سەرشانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا هەژمار دەکرێت، تەنانەت فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی وای نابێنێت کە پیادەکردنی ئەو وەزیفەیە تەنها مافێک نییە کە هەڵسوڕاوانی ئەو ئامرازانە بتوانن جێبەجێی بکەن، یان وەلای بنێن، بەڵکوو وەک ئەرکێک لێی دەڕوانێت کە پێویستە ڕابپەڕێنرێت، ئیدی ئەو ناڕێکی یان کەموکوورتییە بە کاروبارێکی ئایینی، یان یاخود کاروبارێکی دنیاییەوە پەیوەست بێت، ئیدی هەر کەسێک ئەنجامی دابێت، یان لێی دەرچووبێت، تەنانەت ئەگەر خودی فەرمانڕەواش بێت، یان کۆمەڵ بێت[٤]، کە کارێک بووبێت لە ڕێگریکردن لە ڕاپەڕاندنی چاکەیەکی

---

(١) يحيى بسيونى مصطفى، عادل الصيرفى، التليفزيون الإسلامي ودوره فى التنمية، (الرياض: عالم الكتب، ١٩٨٥)، ص٤٧-٤٨.

(٢) مصطفى الدميرى، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(٣) محمد منير حجاب، نظريات الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(٤) بڕوانە: منير حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩-٩٠.

فەرمانپێکراو، یاخود ئەنجامدانی خراپەیەکی نەهیلێکراو بووبێت.

هەشت ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئاماژە بە واجببوونی فەرمانکردن بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە دەکەن و ستاییشی ئەنجامدەرانیان و سەرزەنشتی وازلێهێنەرانیان دەکەن[1].

هەروەها ژمارەیەکی زۆر فەرموودە هەیە، کە بەڵگەن لەسەر واجببونی فەرمانکردن بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە و، مژدە بە ئەنجامدەرانی دەدەن و هەڕەشە لە وازلێهێنەرانی دەکەن، ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) –وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد– دەفەرموویێت: «من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فان لم يستطع فبلسانه، فان لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان»، واتە: «هەر کەسێک لە ئێوە خراپەیەکی بینی، ئەوا با بە دەستی بیگۆڕێت، خۆ ئەگەر نەیتوانی ئەوا بە زمانی و ئەگەر نەیتوانی ئەوا بە دڵی، ئەوەش لاوازترینی باوەڕە.» هەروەها دەفەرموویێت: «الآمر بالمعروف والناهى عن المنكر شهيد»[2]، واتە: «فەرمانکەر بە چاکە و نەهیکەر لە خراپە گەواهیدەرە.» هەروەها ئەوەی کە دەفەرموویێت: «ما من نبى بعثه الله إلا كان له من أمته حواريون وأصحاب يأخذون بسنته، ويقتدون بأمره. ثم أنها تخلف من بعدهم خلوف يقولون ما لا يفعلون. ويفعلون ما لا يأمرون، فمن جاهدهم بيده فهو مؤمن، ومن جاهدهم بلسانه فهو مؤمن، وليس وراء ذلك من الإيمان حبة خردل»[3]، واتە: «هەر پێغەمبەرێک کە نێردراوە، پشتیوان و هاوەڵی هەبووە کە دەستیان بە سوننەتەکانیەوە گرتووە و شوێن فەرمانەکانی کەوتوون، پاشان دوای ئەوان کەسانێکی تر هاتوون کە شتانێکیان وتووە کە خۆیان ئەنجامی

---

(١) ئەوانیش ئایەتەکانی ١٠٤، ١١٠، ١١٤ی «آل عمران»، ئایەتی ١٥٧ی «الأعراف» و هەردوو ئایەتی ٧١، ١١٢ی «التوبة»، ئایەتی ٤١ی «الحج» و ئایەتی ١٧ی «لقمان».

– لە ئاکارەکانی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە: ١. زانیاری و دڵنیابوون لەوەی کە ئەوە کارێکی خراپە یان چاکەیە. ٢. کەسەکە لەخواترس بێت (ورعا)؛ خۆی ئەو کارە نەکات کە نەهیی لێ دەکات. ٣. کەسەکە خاوەنی ئاکاری جوان و نەرمی بێت و بە شێوازی نەم و جوان فەرمان بە چاکە بکات. ٤. بە هۆی سیخوڕیکردنەوە بە خراپەکە نەزانێت. ٥. فەرمان بە چاکە بکات و ڕێگرییش لە خراپە بکات.

– أبو بكر جابر الجزائرى، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(٢) سیوتی لە «الجامع الصغير»دا باسی کردووە و ئاماژەی بە سەحیحی داوە، سەرچاوەی پێشوو، بەشی چوارەم، ٤١٠. هەروەها «المتقي الهندي»ش لە «كنز العمال»، فەرموودەی ١١١٧٢ و داویەتیە پاڵ «ابن عساكر» لە عەلییەوە. بڕوانە: علي المتقي الهندي، كنز العمال، تحقيق: بكر صبانى، وصفوة السقا، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٩).

(٣) موسلیم لە سەحیحەکەیدا تەخریجی کردووە، لە فەرموودەی «ابن مسعود»ەوە لە (كتاب الإيمان، باب كون النهى عن المنكر من الإيمان)، فەرموودەی ٨٠ (٥٠). بڕوانە: مسلم بن الحجاج، سەرچاوەی پێشوو.

نادەن و کۆمەڵە کارێک دەکەن کە فەرمانیان پێ نەکراوە، ئەوەی بە دەستی جیهادیان لەگەڵ بکات، ئەوە باوەڕداڕە، هەر کەسێکیش بە زوبانی جیهادیان لەگەڵ بکات، ئەویش باوەڕداڕە، ئیدی لەدوای هێندەی دەنکە خەردەلێک باوەڕ نییە.»

بەو پێیە، موسوڵمانیش وای لێ خوازراوە کە چاودێری ئایینەکەی لە کۆمەڵگەکەیدا بێت، هەروەک چۆن چاودێریەتی بەسەر دەروونی خۆیەوە، ئیسلامیش تووشووی ئەخلاقێکی لە ڕاشکاوی و ئازایەتی پێ بەخشیوە و ئەوەی لەسەر واجب کردووە کە کاری چاکە بکات و بانگەوازی بۆ بکات و ڕێگری لە خراپە بکات و هەوڵی گۆڕینیشی بدات. ئەمانەش شتی بێکەڵک و زیادە نین، بەڵکوو لە کرۆکی ئایینن و[1] لە خامەبەدەستان و زوبانپاراوەکان و داوا کراوە کە بچنە ناو خەباتی بەرەنگاربوونەوەی هەر ناڕێکی و کەموکورتییەک لە هەر پنتێکی ژیانی کۆمەڵگەی موسوڵماندا بێت، چونکە هەر جووڵە و چالاکییەک لەو بوارەدا بە خەبات و تێکۆشان هەژمار دەکرێت، خۆ ئەگەر کارەکە بشگاتە سنووری قوربانیدان[2]، ئەوا گەورەی شەهیدان حەمزەیە و کەسێکە کە بۆ پێشەوایەکی ستەمکار هەڵدەستێت و فەرمانی بە چاکە و نەهیی لە خراپە لێ دەکات، ئەویش دەکوژرێت[3].

کاتێکیش ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەو وەزیفەیە جێبەجێ دەکەن، پێویستە لە ڕەخنەگرتنیاندا دوور بن لە هەر ئیعتیبارێکی کەسی و جگە لە ڕەزامەندیی خودای پاک و بێگەرد[4]، پاشان بەشداریکردن لە هەستانەوەی ئومەت هیچ مەبەستێکی تریان نەبێت، هەروەها پێویستە ڕەخنەکە بونیادنەر بێت نەک ڕوخێنەر و بەدانایانە پێشکەش بکرێت و دوور لە جنێو و زبری و بریندارکردن وشەی ناشرین بە بیانووی دژایەتیکردنی ناهەقەوە بێت، چونکە شتی خراپ بە شێوازی خراپ لا نابرێت[5].

---

(١) محمد الغزإلى، الاستبداد السياسى، ط٣، (القاهرة: دار الكتب الإسلامية، ١٩٨٤)، ص١٤٦.

(٢) أحمد جلال حماد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

(٣) لە فەرموودەی جابرەوە، «المناوي» لە «فيض القدير»دا، بە فەرموودەی «٣٧٥٧» داویەتیە پاڵ «الشيرازي» لە «الألقاب». سەرچاوەی پێشوو.

(٤) لە بارەی پێویستیی دڵسۆزیی ڕاگەیاندنکاری موسوڵمان لە کارەکەیدا بۆ خودای گەورە، بڕوانە: محمد منير حجاب، «ضوابط الممارسة الإعلامية للقائم بالاتصال فى الإعلام الإسلامي»، فى ندوة الإعلام الإسلامي بين تحديات الواقع وطموحات المستقبل، (القاهرة: مركز صالح عبد الله كامل بجامعة الأزهر، فى الفترة من ٣ إلى ٥ مايو ١٩٩٢، ل٩٦-٩٧.

(٥) عبد الكريم الخطيب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

بەرزکردنەوەی وتەی خودا لەسەر زەوییەکەی (بڵاوکردنەوەی پەیامی کۆمەڵگەی جێنشینی)

ئەم وەزیفەیە وا دەخوازیت دوو ئەرک ئەنجام بدرێت:

یەکەم: ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڵمەتە ڕاگەیاندنییانەی دژی ئیسلامن و ئامانجیان شێواندنی یان بەدواکەوتوو و ناهاوچەرخ نیشاندانیەتی[1]. هەروەها پووچەڵکردنەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی کە پشتیان پێ دەبەستن و دەرخستنی ڕق و کینەیان بەرانبەر ئیسلام و پووچەڵیی ئەو بەڵگانەی کە لە بانگەشەکانیاندا پشتیان پێ دەبەستن.

دووەم: هەوڵدان بە هەموو ڕێگایەک بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام (پەیامی کۆمەڵگەی جێنشینی) و بۆ بەرزکردنەوەی وتەی خودا لە زەویدا و جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەی بە ئومەتی موسوڵمان (ئومەتی گەواهیدان) لە بڵاوکردنەوەی ڕێنموویی و فەرمانکردن بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە سپێردراوە، ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾[2]، واتە: «(بەڕاستی) ئێوە چاکترین ئومەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا دەهێنن»، بۆ ئەمە پێویستە چەند کارێک بکرێت:

- ئامادەکردن و شیاندنی کادر لە سەرکردەی موسوڵمان لە دەرەوە و ڕاسپاردنیان بە بانگەوازکردن لەناو ناموسوڵمانانداء
- ڕوونکردنەوەی دیدی ئیسلامی بۆ دۆزە هاوچەرخەکان بۆ ڕای گشتیی جیهانی.
- ئاشناکردنی جیهان بە هەڵوێستی ئیسلام لەمەڕ بیروباوەڕ و ئایین و ئایینزاکانی تر.
- دروستکردنی پردی هاریکاری لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕیکلام و پەروەردە و فێرکردن و سەرکردەکانی هزر لە وڵاتانی جیهانی پێشکەوتوو[3].

ئەمە وێڕای ڕۆڵە سەرەکییەکەی ئامرازە ڕاگەیاندنی موسوڵمانان، کە بریتییە لە ڕاگەیاندنی ئیسلام و سادەکردنەوەی تێزەکانی و قەناعەتپێهێنانی لە ڕێگەی دانایی و ئامۆژگاریی جوان و مشتومڕ بە جوانترین شێوە[4].

---

(١) إبراهيم مدكور، الإعلام الإسلامي الطباعى فى الدول غير الإسلامية (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ل٣٠-٩٦.

(٢) (سورة آل عمران: ١١٠).

(٣) بڕوانە: محيى الدين عبد الحليم، الإعلام الإسلامي: الأصول، الأهداف فى ندوة الإعلام الإسلامي بين تحديات الواقع وطموحات المستقبل، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١-٦٢.

- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محيى الدين عبد الحليم، الدعوة الإسلامية والإعلام الدولى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١-١٨٣.

(٤) سەبارەت بە ڕۆڵی ئامرازە ئیسلامییەکانی ڕاگەیاندن لەو بارەیەوە، بڕوانە:

میکانیزمی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن بە وەزیفەکانیانەوە

لە ڕاستیدا میکانیزمەکانی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەوانەی کە کاریان تێدا دەکەن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە، زۆر لە میکانیزمەکانی پابەندکردنیان بە نەبەزاندنی سنوورە ڕێگەپێدراوەکان لە ئامرازەکانیدا جیاواز نییە، تەنها لەوەدا نەبێت کە ئەم دەستتێوەردانی حکومی لە ڕێگەی دادگاوە لەخۆ ناگرێت و گرەو لەسەر پابەندبوونی خودی لەلایەن ئەوانەوە دەکات کە ئەو ئامرازانە بەڕێوە دەبەن، لە لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییانە بە شێوەیەکی گەورەتر، ئەوەش بەم شێوەیەی کە باسی دەکەین:

پابەندی خودی: ڕەنگە بڵێین پابەندیی خودی هەڵسوڕاوانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی کە کۆمەڵگەی موسوڵمان لێیان چاوەڕوانە، زامنی بنچینەیی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەیە[1]، خۆ ئەگەر ئەمە بەگشتی بەسەر ئەوانەدا بچەسپێت کە لە هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندندا کار دەکەن، ئەوا بە شێوەیەکی تایبەت بەسەر ئەوانەدا دەچەسپێت کە لەو ئامرازانەی ڕاگەیاندندا کار دەکەن کە خاوەندارێتییان تایبەتە.

پاڵنەری سەرەکیی پابەندیی خودییش بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییانە لەوەدایە کە ئەو پابەندییە ڕەزامەندیی خوای ئەفرێنەری بەدی دەهێنێت، ئەمەش باڵاترین ئامانجە کە مرۆڤ لەم بوونەدا هەوڵی بۆ بدات، ئیدی ئامانجەکانی تر لەبەردەمیدا، هەرچەند مەزنیش بن، بچووک دەبنەوە، هەروەها ئەو قوربانییەشی کە ئەو پابەندییە دەیخوازێت لە بەردەمیدا بچووک و ئاسان دەبن –ئەمە سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە گرنگەکە، کە ئەرکی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەیە–، ئیدی دەرئەنجامەکەیان هەر چەندە گەورە بێت، چونکە مرۆی موسوڵمان لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای ئەفرێنەریدا، پێویستە لە ستەم بێدەنگ نەبێت و لە باتڵ و ناهەق بێئاگاش نەبێت، چونکە دەزانێت کە خوای گەورە لەسەر دەستی ستەملێکراوان کۆتایی بە ستەمکاران دەهێنێت، هەروەها لەسەر خۆی پێویست کردووە کە سەرخەری ئەوانە بێت کە سەرخەری ئەو و یاساکەین. ئیدی ئەو لە خەباتی بەردەوامدایە، بەڵام خەباتێکی جیاوازە، لە ڕووی گیانی خەباتبازی

– إبراهيم إسماعيل، الإعلام الإسلامي ووسائل الاتصال الحديثة، سلسلة دعوة الحق، عدد (١٣٣)، (مكة: رابطة العالم الإسلامي محرم ١٤١٤)، ص٧٤–٧٨.

(١) بڕوانە: محمد منير حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

و پاڵنەرەکانیەوە، لە خەباتی ئەو کەسە کەنارگیرەی کە جگە لە خودی خۆی باوەڕی بە هیچی تر نییە و حسابێک بۆ خودا ناکات، واتە ئەو کەسانەی باوەڕیان بە کۆزمۆلۆژیای عەلمانییە بەگشتی، لە کاتێکدا باوەڕدار دەروونێکی ئارام و جێگیر و دامەزراوی هەیە و تەنها ئەوەندەی بەسە کە کار بکات و دەرئەنجامەکەی دەداتە دەستی خوای گەورە و بەش و مەبەستی خۆی لە باسەکە دەردەکات و دەروونی خۆی وا ڕام دەکات کە خۆشی و ناخۆشی و دەستکەوت و سزا و ناڕەحەتیی قەبوواڵ بێت، بە دڵێکی پڕ لەباوەڕی واوە کە خوای گەورە دانایەکی لەو شتانەدا هەیە کە ڕەنگە ئێمە پەی بە واتا و شاراوەکانی نەبەین، بۆیە ئیدی دووددڵی و ڕاڕایی و گومان و خەفەت و تەماع و مەبەستی لە دەروونی خۆیدا دەرکردووە و بووەتە پارچەیەکی پاک و بێگەرد و بڵێسەدار بۆ سەرخستنی ڕاستی، بەبێ هیچ ترس و دووددڵی و تەماعێک. ئەمە لە کاتێکدا ئەو کەسەی کە تەنها باوەڕی بە خۆی هەیە، خەم و خەفەتی دەروونی و دووددڵی و چاوچنۆکی و ترسەکانی بۆ جەنگەکە هەڵگرتووە، خۆ ئەگەر بەزی، ئەوا هیچ هیوایەک نامێنێت بۆ ئەوەی لە پێناویدا بژیت، چونکە ئەو لە جیهاندا هیچ دانایی و واتا و مەبەستێک نابێنێت، جگە لەوەی کە بۆ خودی خۆی بەدەستی دەهێنێت، هەر کاتێک هیوابڕاو بوو، ئیتر لەگەڵیدا هەموو شتێک دەمرێت و کۆتایی دێت[1].

میکانیزمەکانی تری پابەندکردن: ئەگەر ڕووی دا ئەو کەسەی پەیوەندی دەکات (القائم بالاتصال)، یاخود خاوەنی ئامرازەکە، کە موسوڵمانە، بە شێوازێکی خودی بە بەرپرسیاریتییەکانیەوە پابەند نەبوو و هەوڵی دا کارەکەی یان ئامرازەکەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خودی خۆی بەکار بهێنێت، ئیدی ئەو ئامانجانە بریتی بن لە بەدەستهێنانی قازانج، یان دەستڕۆشتوویی یاخود شتی تر، ئەوا ئەو کەسە لەلایەن تاکەکانی دەوروبەریەوە، بەڵکوو لەلایەن کۆی کۆمەڵگەوە –کە لە سەرکردەکانی ڕاو دامەزراوەکانیدا بەرجەستە دەبێت– ئەگەر کەموکوڕییەکە ئاشکرا بوو، لە سۆنگەی واجبی فەرمانکردن بە چاکە[2] لە کەموکوڕییەکانی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانی ڕانەپەڕاند، هەروەها لەسەر لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانی بەباشی هان دەدرێت.

---

(١) مصطفى محمود، الله، ط٨ (القاهرة: دار المعارف، ب ت)، ل٣٤-٣٥.

(٢) چاکە (المعروف) ئەوەیە «کە خەڵکی بەباشی بزانن بۆ شەقام، ئیدی فەرز بێت (مفروض) یان سوننەت (مسنون)، یاخود موستەحەب (مستحب)».

– محمد مصطفى عمير، المؤمنون كما وصفهم القرآن، (القاهرة: دار التوزيع والنشر الإسلامية، ب ت، ص٩٠).

سەرباری ئەوە، دەکرێت سوود لەو ئامرازانە ببینرێت کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانیان دایهێناون، وەک ڕێکخراوەکانی یەکێتیی ڕاگەیاندنکاران و ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەگەری، ئەوەش لە میانەی پێدانی دەسەڵاتی پێویست پێیان بۆ پابەندکردنی ئەو ئامرازانە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان، بەو مەرجەی ئەم میکانیزمانە نەبنە دەرچەیەک بۆ دەستتێوەردانی حکومی... .

هەروەها دەتوانرێت سوود لە بیرۆکەی دامەزراندنی ڕەخنەگری ناوخۆیی لە هەر ئامرازێکدا ببینرێت، کە کاری چاودێریکردن و بەدواداچوونی کەموکوڕییەکان بێت لەو بابەتانەی کە پێشکەش دەکرێن، هەروەها کار لەسەر نەهێشتنی ئەو کەموکوڕییانە بە ڕێگەی گونجاو بکەن.

هەروەها دەتوانرێت سوود لە بیرۆکەی ڕەخنەگری دەرەکی ببینرێت، ئەوانەی کە تاووتوێی ئەو بابەتانە دەکەن کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پەخشی دەکەن، لە ڕێگەی دیراسەکردنیان و ڕەخنەلێگرتنیان و بڵاوکردنەوەی ڕای خۆیان و دیاریکردنی خاڵی بەهێزیان و خاڵی لاوازیشیان، بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت.

هەروەک چۆن دەکرێت سوود لە بیرۆکەی دروستکردنی ئیدارەیەکی تایبەت بە ڕێکلام و جوولاندن ببینرێت، کە هزری ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی دایهێناوە، هەروەها دروستکردنی ئیدارەیەک بۆ بانگەواز لە هاوشێوەی ئەو، پلانێکی یەکگرتوو بۆ شێوازی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەو ڕۆژنامانە دابنێت کە تایبەتن بە بانگەواز و بەدواداچوونیش بۆ شێوازی جێبەجێکردنی ئەو پلانە بکات و لێپێچینەوە لە هەر خەمساردی و کەموکوڕییەک بکات.

سەرباری هەموو ئەمانە، هەڵسوڕاوانی ناو ئامرازە گشتی و تایبەتەکانی ڕاگەیاندن، پابەندن بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە، بە پێی پسپۆڕیی کارەکەیان، هەر کەموکوڕی و خەمساردییەکیش دووچاری لێپرسینەوەیان دەکات و ڕەنگە دووچاری سزاشیان لەلایەن بەرپرسانی ئەو ئامرازانەوە بکات.

بەو شێوەیە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی خاوەنی شوورایەکی بەهێزە لە میکانیزمی پابەندکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بۆ نەبەزاندنی ئەو سنوورانەی کە دیاری کراون، لە هەمان کاتدا خاوەنی دیواریکی تۆندوتۆڵی کە –تا ڕادەیەکی زۆر– زامنی ئەوە دەکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە باشترین شێوە ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن.

***

لە میانەی خستنەڕووی گرنگترین تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لە بارەی وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تێزە هاوتاکانیان لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا، دەگەینە چەند دەرئەنجامێک، گرنگترینیان:

- جیاوازیی نێوان فەلسەفە پۆزەتیڤیزەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا، تەنها لە سنووری ئەو چوارچێوەیەدا ناوەستێت کە لە میانەیەوە ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە بۆی دیاری کراوە، بەڵکوو بۆ ناکۆکی لە بارەی سروشتی خودی وەزیفەکانەوە درێژ دەبێتەوە. ئەمەش ئەنجامێکی سروشتیی جیاوازیی ئەو مەبەستانەیە کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بۆ چۆنێتیی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەیان دیارییان کردووە -کە بەگشتی لە مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی دەرناچن-، لەو مەبەستانەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی هەوڵی تێۆریزەکردنی شێوازی بەشداریپێکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانیاندا دەکات.

- ناکامیی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە سایەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندندا، دەرئەنجامێکی سروشتیی ناکامیی زۆرێک لە تێزەکانی ئەو فەلسەفانەیە کە تێۆریزەی چۆنێتیی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە دەکەن، ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا نییە.

- سروشتی مەبەستە عەلمانییەکان -کە تەنها لە بواری دنیادا کورت هەڵدێن- و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سایەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندندا هەوڵی بەشداریکردن لە بەدیهێنانیاندا دەدەن، لە ناوەرۆکەکەیدا یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی شکستی ئەو ئامرازانەی هەڵگرتووە، لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانە بەو شێوەیەی کە خوازراوە. ئەمەش لە میانەی ڕەنگدانەوەی ئەو مەبەستانە لەسەر هەڵسوڕاوان و خاوەنەکانی ئەو ئامرازانە و ئەوانەشی کە کاوبارەکانیان بەڕێوە دەبەن، چونکە هەندێک جار دژیەکی لەنێوان دڵسۆزییان بۆ ئەو بەرژەوەندییە تایبەتییانەیان دروست دەبێت کە بۆ کارکردن لەو ئامرازانەدا، یان بۆ خاوەندارێتیکردنیان پاڵیان پێوە دەنێت، کە بڕوایان وایە ئەوە دەچێتە خانەی بەدیهاتنی مەبەستەکەیان لەم بوونەدا، هەروەها لەنێوان ئەو بەرژەوەندییانەی کۆمەڵگە کە وا گریمانە دەکرێت کە ئەوان، لە میانەی کارکردنیان لەو ئامرازانەدا، یاخود خاوەندارێتیکردنیانەوە، بەشداری لە بەدیهێنانیاندا دەکەن، بەڵام لە کەتواردا ئەو بارەی کە زیاتر ئەگەری ڕوودانی هەیە، زاڵکردنی بەرژەوەندیی کەسییە بەسەر بەرژەوەندیی گشتیدا.

هەر چی مەبەستە ئیسلامییەکانە -بەپێچەوانەی ئەوەوە-، لە دووتوێی خۆیدا

ڕەگەزی بنچینەیی سەرکەوتنی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیی هەڵگرتووە، چونکە ئەوانەی کە هەوڵی بەجێهێنانی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن دەدەن، بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان، بەدڵنیاییەوە دەزانن کە بەدیهێنانی بەرزترین ڕادەی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان لەوەدایە کە ئەوپەڕی پابەندییان جوانترین شێوە، بە ئەرکەکانیانەوە هەبێت.

– جیاوازی لەنێوان وەزیفەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و ئەو چوارچێوەیەی کە بۆ شێوازی بەدیهاتنیان دایڕشتووە و لەنێوان هاوتاکەی لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا، واتای ئەوە نییە کە ناتوانرێت سوود لەو میکانیزمانە وەربگیرێت کە ئەو فەلسەفانە بۆ باشترکردنی ئەدائی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تێیاندا دایانهێناوە، لەلایەن فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامییەوە، چونکە هیچ دژیەکییەک لەنێوان ئەو میکانیزمانە و لەنێوان تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا نییە.

پوختـه

لە میانەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لەم دەروازەیەدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییانەی کە بەرهەمی هێناون، ئەو دەرئەنجامانەش کە بە هۆی پەیڕەوکردنیان لە کەتواردا کەوتوونەتەوە، هەروەها لە میانەی بەراوردکردنی ئەو تێزانە بە تێزە هاوتاکانیان لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا، دەتوانرێت بوترێت ناتوانرێت هیچ یەکێک لەو وێناکردنانەی کە ئەو فەلسەفانە لە بارەی ئازادیی مومارەسەی ڕاگەیاندن یان ئازادیی خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، یان لە بارەی وەزیفەکانیانەوە پێشکەشیان کردووە، بەتەواوەتی بۆ زەمینەی ئیسلامی بگوێزرێتەوە، بە شێوەیەک کە ببێت بە بەشێک لەو فەلسەفەی ڕاگەیاندنەی کە پێویستە کۆمەڵگەی موسوڵمان هەیبێت، بەڵکوو ئەوپەڕی ئەوەی کە دەکرێت ڕێگەی پێ بدرێت کە لەو تێزانە سوودی لێ وەربگیرێت، لە هەندێک ڕێگە و میکانیزم تێناپەڕێت کە ئەو فەلسەفانە بۆ باشترکردنی ئەدائی ڕاگەیاندن تێوڕیزەیان بۆ کردووە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

ئـ. ناکامیی تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، ئەمەش وەک دەرئەنجامێکی سروشتیی بەرپابوونیان لەسەر کۆمەڵێک پێشەکیی ناکام، ئەو ناکامییەش بەڕوونی لە جێبەجێکردنی ئەو فەلسەفانەدا دەرکەوت، بە شێوەیەک کە شکستی ئەو فەلسەفانەی لە بەدیهێنانی زۆرێک لەو دەرئەنجامانەی سەلماند کە دەخوازرا لە زەمینەی هزری و کۆمەڵگەیی ئەو کەتوارەی تێیدا لەدایکببوون، بێنە دی، بێگومان ئەمە پێمان دەڵێت کە دووچارهاتنی بە شکست لە زەمینەی هزری و کۆمەڵگەیی جیاواز لەو زەمینەیەی کە خولّقاندوویەتی، شتێکی بڕاوە و بەڵگەنەویست بێت.

ب. تەنانەت ئەگەر بۆ مشتومڕیش گریمانەی سەلامەتیی تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن بکەین و ئەوەی کە ئامانجی خوازراوی خۆیان لە جێبەجێکردندا بەدی هێناوە، ئەوا جیاوازیی زەمینەی مەعریفیی ئەو شوێنەی کە دەویستریّت ئەو فەلسەفانەی بۆ بگوێزرێتەوە، کە بریتییە لە زەمینەی مەعریفی ئیسلامی، بە جیاوازیی هزری ڕاگەیاندنیشیەوە، وا دەکات کە گواستنەوەی هەر یەکێک لە تێزەکانی ئەو فەلسەفانە لەگەڵ ئەو زەمینەیەدا دژ بێت و لە کەتواری

ڕاگەیاندنا جگە لە بەروبوومی تاڵ هیچی تر بەرهەم نەهێنێت.

لەبەر ڕۆشنایی بەراوردکردنیشمان لەنێوان تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن و تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا، دەکرێت بڵێین ئەگەر بتوانرێت لەلایەن فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامییەوە سوود لە تێزەکانی ئەو فەلسەفانە وەربگیردرێت، ئەوپەڕی لەوە تێناپەڕێت کە سوود لە هەندێک لەو ڕێگەو میکانیزمانە وەربگیردرێت کە ئەو فەلسەفانە بۆ باشترکردنی ئەدائی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەو شێوەیەی خوازراوە، دایانهێناوە، لەو ڕێگانە:

– ئەو شێوازە نوێیەی خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دایهێنا، کە شێوازی خاوەندارێتی گشتیی ناحکومییە، بەتایبەت لەوەی تایبەتە بە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی ڕاگەیاندنەوە.

– ئەو میکانیزمانەی پابەندکرن کە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دایهێنا، وەک: ئەنجومەنی ڕۆژنامەگەری، یەکێتییەکانی ڕاگەیاندنکاران، دەستوور و پەیڕەوی کار، ڕەخنەگری ناوخۆیی و ڕەخنەگری دەرەکی.

– ئەو میکانیزمی پابەندکردنەی کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سۆشیالیستی دایهێنا، کە بریتییە لە «بەڕێوەبەرایەتیی بانگەشە و جووڵاندن»، ئەمەش لە میانەی دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکی هاوشێوەی ئەوەی بۆ گرنگیدان بەو ئامرازە پسپۆڕییانەی کە تایبەتن بە بانگەوازی ئیسلامی، ئیدی حکومی یان ناحکومی بێت، ناوخۆیی یان دەرەکی بێت.

– هەندێک ڕێگەی تر کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی گەشەپێدانگەرایی دایهێنا، کە کارایی خۆی لە بڵاوکردنەوەی بیری نوێ و دژایەتیکردنی بیرۆکە سواو و بەسەرچووەکاندا سەلماند، هەروەها ئەو ڕێگە نموونەییانەی کە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی گەشەپێدان و بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەپێداندا دایهێنان. ئەمە سەرباری توانای سوودوەرگرتن لەو لایەنانەی سەرکەوتن کە ئەو فەلسەفانە بە کەتواردا بەدییان هێناون و ئاشنابوون بە لایەنی شکستی ئەو فەلسەفانە و هەوڵدان بۆ دووبارەوتنەوە لە هۆکارەکانیان.

لە میانەی تاووتوێکردنی ڕەخنەییانەی تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییانەی کە بەرهەمی هێناون، هەروەها لە میانەی بەراوردکردنی ئەو تێزانە بە تێزە هاوتاکانیان لە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیدا، دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوەیە گەیشتە دەرئەنجامێکی سەرەکی، کە بریتییە لەوەی ناتوانرێت هیچ یەکێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، یان بەشی تەواو لێیان لەو زەمینە مەعریفییەوەی کە بەرهەمی هێناون، بۆ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامی بگوێزرێنەوە، هەروەها ئەوپەڕی ئەوەی کە دەکرێت ڕێگەی پێ بدرێت کە لەو فەلسەفانە سوودی لێ وەربگیرێت، لە هەندێک شێواز و ڕێگە و میکانیزم تێناپەڕێت کە ئەو فەلسەفانە بۆ زیادکردنی کارایی ئەدائی ڕاگەیاندن دایانهێناوە و کارایی خۆیان لە کەتواردا سەلماندووە و لەگەڵ هیچ تێزێک لە تێزەکانی زەمینەی مەعریفیی ئیسلامیدا دژ ناوەستنەوە.

ئەم دەرئەنجامە بە ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە هەژمار دەکرێت، کە هەوڵی چڕوپڕی بۆ ئەوە دا کە پێی بگات، لە پێناوی وەڵامدانەوەی ئەو گرفتەی کە توێژینەوەکەی لە بارەوە ئەنجام درا، کە بریتی بوو لە نەبوونی بڕیارێکی پاڵپشت بە بنچینەی لۆژیکیی بەهێز لە بارەی توانینی گواستنەوەی هەر یەکێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، یان بەشێکیان، لەو زەمینە مەعریفییەی کە بۆ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامی بەرهەمی هێناون.

ئەو دەرئەنجامە گشتییەش لەسەر چەند ئەنجامێکی لاوەکی بونیاد نراوە، کە هەندێکیان بە سروشتی ئەو فەلسەفانەوە پەیوەستن و هەندێکی تریان بە سروشتی ئەو زەمینە مەعریفییە ئیسلامییەوە پەیوەندیدارن دەویستڕێت بڕیار لە بارەی ئەوەوە بدرێت کە ئایا دەکرێت بۆی بگوێزرێنەوە یاخود نا.

لێرەدا ئەو دەرئەنجامانە دەخەینە ڕوو، بە دوایدا گرنگترینی ئەو ڕووە جیاکەرەوانە دەخەینە ڕوو –کە توێژینەوەکە سەلماندوونی– کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن جیا دەکەنەوە، ئەمەش بەکورتی، بۆ ئەوەی توێژەر ئەو شتانە دووبارە نەکاتەوە کە لە لاپەڕەکانی توێژینەوەکەدا نووسیونی.

یەکەم: ئەو دەرئەنجامانەی کە بە سروشتی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیوەستن

کۆی ئەو دەرئەنجامانە لە دەرئەنجامێکی گشتیدا بەرجەستە دەبێت، کە بریتییە لە ناکامیی زۆرێک لە تێزەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن، ئەوەش لە ئەنجامی ناکامیی ئەو پێشەکییانەی کە لە سایەیدا دروست بوون، ئیدی ئەو پێشەکییە بنچینەییانە بن کە سیمای گشتیی هەموو ئەو فەلسەفانەیان داڕشتووە، کە بریتین لە وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی، یاخود ئەو پێشەکییە ڕاستەوخۆیانە بن کە سیمای وردەکاریی ئەو فەلسەفانەیان داڕشتووە، کە بریتین لە وتەزاکانی هزری کۆمەڵایەتی.

سیما گشتییەکانی ناکامی ئەو پێشەکییانەش لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە دەبێت

ئ. سیماکانی ناکامیی پێشەکییە بنچینەییەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن

ئەوەی لەو پێشەکییانە ڕابمێنێت، کە بریتین لە وتەزاکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی (بەڵگەنەویست و مەبەستەکانی)، دەبینێت کە ئەم پێشەکییانە:

- لەوەی کە بە بەڵگەنەویستەکانەوە پەیوەستە، لەسەر بەڵگەنەویستێکی گەورە ڕواوە، کە بریتییە لە «نەبوونی خودایەکی کارا»، ئەو بەڵگەنەویستەش —لە لایەکیەوە- تەنها کاردانەوەیەکی سروشتیی دووچارهاتنی ئاوەزی ڕۆژئاوایی بوو بە چەوساندنەوە و سەرکوتکردن و کپکردن لەسەر دەستی کڵێسایەک کە خۆی بە ئەمینداری ئایینی مەسیحی دەبینی، ئەمەش پاڵی پێوە نا، نەک تەنها بۆ دەرچوونی لە کڵێسا، بەڵکوو دەرچوونی لە کۆی ئایینی مەسیحی و بەڵکوو هەموو ئایینەکان، بە ئایینی ئیسلامیشەوە، کە هیچ تێگیران و دژایەتییەکی لەگەڵ ئاوەزدا نییە و وەڵامی هەموو ئەو پرسیارە ئاوەزییانە دەداتەوە کە کڵێسا لەبەریان دەلەرزی، بەڵام زۆربەی سیماکانی ئایینی ئیسلامی بەشێوێندراوی پێی گەیشتبوو. ئیدی شتێکی سروشتی بوو کە ئەو ئایینە، لەگەڵ تەواوی ئایینەکانی تر، لە یەک سەبەتەدا دابنێت.

هەروەک چۆن ئەم بەڵگەنەویستە —لە لایەکی ترەوە- لەسەر لۆژیکێکی ناکام ڕواوە، کە نکوولّیی هەر شتێک دەکات کە نەتوانرێت بسەلمێنرێت، شتێکی سروشتییش بوو کە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم نەتوانێت خوایەکی نامادی بەو شێوازە تویژینەوەییەی خۆی بدۆزێتەوە، کە تەنها باوەڕی بە شتە مادی و هەستپێکراوەکان هەیە. ئیدی —پشتبەست بەو لۆژیکە- تەنها ئەوەی لە بەردەمدا

بوو که هەر لە بنەڕەتەوە نکوولّیی بوونی خودایەک بکات.

لە باشترین باریشدا، گریمانەی ئەوەی کرد کە ئەگەر بوونیشی هەبێت، ئەوا بالّایە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە دروستکراوەکانیەوە نییە کە جێی باس بێت.

ئاوەزی پۆزەتیڤیزم نکوولّیکردنی بوونی خودایەکی بە هەندێک گریمانەی زانستی سروشتی پالّپشتیکرد، لە بارەی ئەزەلیبوونی گەردوون و ئەزەلیبوونی مادده و جوولّەی گەردوون بە یاساگەلێکی جێگیر و پێویستنەبوونی بە بزوێنەر و... هتد، ئەو گریمانانەی تریش کە هەر لەسەر دەستی زانستی سروشتی خۆی لە سەدەی بیستەمدا پووچەڵ کرانەوە.

شتێکی سروشتییش بوو، کە باوەڕبوون بە گریمانەیەکی لەو شێوەیە، بۆ داڕنینی بوونی مرۆیی لە هەر جۆرە حیکمەت یان هۆکارێکی بوون سەر بکێشێت و هەموو ژیان دەکات بە جۆرێک لە پووچی و گالّتەوگەپ.

ئەم بەڵگەنەویستەش دوو دەرئەنجامی سروشتییان لەسەر بونیاد نرا، کە بریتین لە «نەبوونی ڕاستییەکی بالّای ڕەها»، «نەبوونی ژیانی دوایی»، لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو دەرئەنجام، یان بەڵگەنەویستە لاوەکییەشەوە مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی داڕێژران و تێزەکانیان لە بارەی شێوازی گەیشتن بەو مەبەستانە داڕێژران کە لەو تێورە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرانەدا بەرجەستە بوون کە دایانهێنان، کە بوون بە پێشەکیی ڕاستەوخۆی داڕێژەری سیمای فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن.

– هەر چی سەبارەت بەو مەبەستانەشە کە ئەو کۆزمۆلۆژیایەی پێشکەشی کردوون، پاش ئەوەی، لە سایەی ئەو بەڵگەنەویستانەی کە هەیبوون، ژیانی ڕۆژی دوایی لە حسابی خۆی دەرهێنا، شتێک لەبەردەم ئاوەزدا نەما بە ناوی گەڕان بەشوێن مەبەستێکی بالّای جێگرەوە، ئیدی هەموو هۆکاری بوونی مرۆیی لە دنیادا کورت هەڵهێنا، بەڵام لە کەتواردا ئاوەز نەیتوانی ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە، چونکە دوورخستنەوەی بوونی ژیانێکی تری هەمیشەیی –کە ئایین دەیبەخشێت– کۆی میژووی مرۆیی لە هەموو واتایەک دادەماڵێت، هەروەک چۆن بیرۆکەی بوونی مەبەستێکی بالّا بۆ ژیانی مرۆڤ لەم بوونەدا، تەنها لە ڕێگەی ئایینەوە وەڵام دەدرێتەوە»، وەک سیگمۆند فرۆید دەڵێت[1].

لەبەردەم ئەم تەنگوچەڵەمەیەدا تاکە ڕێگەیەک کە ئاوەزی پۆزەتیڤیزم پەنای بۆ

(١) سیجموند فروید، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤–٤٥.

برد، بریتی بوو له گەورەکردن و فووکردنە ئەو ئامرازانەی کە پێی وا بوو زامنی ژیانێکی دنیایی بەختەوەرانە بۆ مرۆڤ دەکات، ئیدی کردنی بە مەبەستی بااڵی ئەو کۆزمۆلۆژیایەی کە دایهێنا و بڕوای وا بوو کە کۆمەڵگەی مرۆیی دەتوانێت –لە میانەی هێنانەکایەی پێشکەوتنی بەردەوام، کە پێی وا بوو ئەوە ئەو مەبەستەیە کە پێویستە کۆمەڵگەی مرۆیی هەوڵی بۆ بدات- لەم دنیایەدا و لەسەر ئەم زەوییە، پایەکانی ژیانێکی بەختەوەر بۆ تاکەکانی فەراهەم بکات.

ب. سیماکانی ناکامیی پێشەکییە ڕاستەوخۆکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن

بەو پێیەی وتەکانی هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم –کە بریتین لە پێشەکیی ڕاستەوخۆی فەلسەفەکانی ڕاگەیاندن- دەرئەنجامی سروشتیی ئەو پێشەکییە ڕاستەوخۆیانەن کە خۆیان لە بەڵگەنەویست و مەبەستەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا دەبینرێن، شتێکی سروشتی بوو کە کەموکووڕییەکانی ئەو پێشەکییانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر وتەزاکانی ئەو هزرە هەبێت و کەموکووڕیی هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمانەی ڕاگەیاندن هەبێت کە بەرهەمیان هێناون.

ڕەنگدانەوەی وتەکانی کۆزمۆلۆژیای عەلمانی لەسەر هزری کۆمەڵایەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم هزرە هەموو خەمێکی خۆی لە تیۆریزەکردندا لە مەبەستەکانی ئەم دنیایەدا کورت هەڵهێناوە، لە سایەی نکوولێکردنی ڕۆژی دواییدا لە لایەک و پشتبەستنی بە تەنها بە ئاوەز لە ڕاپەڕاندنی ئەو هەوڵەی تیۆریزەکردن، لە سایەی باوەڕنەبوون بە ڕاستی سرووشپێکراو. بەو پێیەشی ئاوەز بە سروشتی خۆی ناکامە و بەو پێیەشی کە لە هەڵگۆستنی زانیاریدا –لە سایەی ئەو کۆزمۆلۆژیایەدا- ڕێبازێک پیادە دەکات کە هیچ سەنگێک بۆ لایەنە ڕۆحییەکان دانانێت، کە کاریگەرییان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، هەروەک چۆن سەنگ بۆ ئەو هێزە نادیارانە دانانێت کە لە ڕێڕەوی مێژووی مرۆییدا کاریگەرییان هەیە، بەو پێیەشی کە دیاردە سروشتییەکان –تەنانەت ئەگەر لایەنە ڕۆحی و نادیارەکەشی لێ دوور بخەینەوە- دیاردەگەلێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاون و بە گۆڕانی کات و شوێن دووچاری گۆڕان و وەرچەرخان دەبن. ئیدی شتێکی سروشتییە کە تێزەکانی لە بارەی سروشتی مرۆیی و لە بارەی چۆنێتیی بەرپاکردنی کیانێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا مەبەستە دنیایەکانی تێدا بهێنێتە دی، ناکامییەکی حەتمییان تێدا بێت.

کەموکورتیی تێزەکانی ئاوەزی پۆزەتیڤیزم لەو بارەیەوە نە تەنها لە سنووری کەموکورتیی ئەو مەبەستانەدا دەوەستێت کە هەوڵی بونیادنانی تیۆری کۆمەڵایەتیی

بۆ گەیشتن پێیان داوە، نە لە کەموکورتیی ئەو تێزانەشیدا دەوەستێت کە بەو تێۆرانەوە پەیوەستن، بەڵکوو درێژ بووەوە بۆ کەموکورتی لە ئەو میکانیزمانەی پابەندکردن کە بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی تێزەکانی داینارن، چونکە ئەو تێۆرانە ئەو میکانیزمانەی پابەندکردنیان نییە کە ئایین دەیڕەخسێنێت، کە وا لە مرۆڤی باوەڕدار دەکات کە –لە هەر پێگەیەکدا بێت– خۆی بە ڕاپەڕاندنی ئەو ڕۆڵە پابەند بکات کە لەئەستۆیەتی، بە باشترین شێوە، تەنانەت ئەگەر بواری لادانیشی بۆ بڕەخسێت و بشتوانێت خۆی لە هەر ئیدانەکردنێک لە دنیادا قوتار بکات.

ئەمە شکستی زۆرێک لەو تێزانەمان لە کەتواری کرداریدا بۆ دەسەلمێنێت، کە لە ڕووی تێۆرییەوە دروستن.

پ. ڕەنگدانەوەی کەموکورتی پێشەکییەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بونیادی ئەو فەلسەفانە

شتێکی سروشتی بوو کە پێشەکیی ناکام فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ناکام بەرهەم بهێنێت، ئەو کەموکورتییەش لە پتر لە ئاستێکدا دەرکەوت:

١. ئەو ئەرکانەی کە ئەو فەلسەفانە بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دیارییان کرد، نەیانتوانی بەتەواوی بەشداری لە وەڵامدانەوەی خواستەکانی بوونی مرۆییدا بکەن، ئەمەش دەرئەنجامێکی سروشتیی کەموکورتیی ئەو مەبەستانەیە کە ئەو فەلسەفانە هەوڵیان دەدا کە تێۆریزە بۆ چۆنێتیی بەشداریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانیاندا بکەن.

٢. تەنانەت ئەگەر بۆ مشتومڕیش گریمانەی سەلامەتیی ئەو مەبەستانە بکەین کە ئەو فەلسەفانە هەوڵی دیاریکردنی ئەو ئەرکانەیان دەدا، کە دەکرێت بەشداری لە بەدیهێنانیاندا بکەن، ئەوا کەموکورتیی ئەو پێشەکییانەی کە ئەو فەلسەفانە لەبەر ڕۆشناییاندا تێزی خۆیان بۆ چۆنێتیی ڕاپەڕاندنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەرکەکانیان دارشتووە، وای کردووە کە زۆرێک لەو تێزانە کەموکورتیی حەتمییان تێدا بێت، جا ئەوانەیان بن کە بە ئازادیی کاری ڕاگەیاندنەوە پەیوەستن، یاخود ئەوانەی کە پەیوەندییان بە خاوەندارێتیی ئامرازەکانەوە هەیە، ئەمەش وای کردووە و وا دەکات کە بەشداریکردنی ئەو فەلسەفانە لە بەدیهێنانی مەبەستە عەلمانییەکان، وەک ئەوەی خوازراوە، کارێکی قورس بێت.

٣. هەروەها ئەگەر بۆ مشتومڕیش گریمانەی سەلامەتیی ئەو مەبەستانە بکەین کە ئەو فەلسەفانە هەوڵی تێۆرزەکردنیان بۆ شێوازی بەشداریکردن تێیاندا داوە،

هەروەها سەلامەتیی تێزەکانیان لە بارەی چۆنێتیی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکان، ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی بڕیار بدەین کە ئەم فەلسەفانە دروست و سەلیمن، چونکە لە لایەکی گرنگەوە هەر کەموکورتییان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕشتەیەکی تەواوکاریان لە میکانیزمی پابەندکردن نییە، کە لە میانەیەوە بتوانن تێزەکانیان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە وەک ئەوەی خوازراوە.

ئەو میکانیزمەشی کە ئەو ڕشتەیە نییەتی –کە بەڕەهایی گرنگترین میکانیزمە– بریتییە لە میکانیزمی ئایینی، کە وا لە هەموو هەڵسوڕاوانی بواری ڕاگەیاندن –بە گەورەو بچووکەوە– دەکات کە خودی خۆیان بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیانە بە باشترین شێوە پابەند بکەن، تەنانەت لە باڕێکیشدا کە دڵنیا بن پابەندنەبوونیان لە دنیادا هیچ لەسەریان ناکەوێت و دەشتوانن خۆیان لە لێپێچینەوە قوتار بکەن، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی کە دەزانن کە ڕەنگە ئەو پابەندنەبوونەیان لە ڕۆژی دواییدا زۆر لەسەریان بکەوێت. ئەمەش ئەو خاڵە گرنگەیە کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی هیچ ئاوڕێکی لێ نەداوەتەوە.

دووەم: ئەو دەرئەنجامانەی کە بە سروشتی ئەو زەمینە مەعریفییەوە پەیوەستن کە دەمانەوێت بزانین تا چەند گونجاوە ئەو فەلسەفانەی بۆ بگوێزرێتەوە

حوکمدان بە نەتوانینی گواستنەوەی هەر کامێکی لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن لەو زەمینەی مەعریفییەوەی کە بۆ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامی بەرهەمی هێناوە، بەوەوە ناوەسێت کە ئەم فەلسەفانە ناکامن و ناتوانن ئەو ئەرکانە بەجێ بگەیەنن کە لەسەریانە وەک ئەوەی خوازراوە، بەڵکوو بۆ هۆکارێکی تر درێژ دەبێتەوە، کە بریتییە لە سروشتی ئەو زەمینە مەعریفییە ئیسلامییەی کە دەویستریێت بزانرێت ئایا گواستنەوەی ئەو فەلسەفانە، یان بەشێک لەوان، بۆ گونجاوە، کە زۆر لەو زەمینە مەعریفییە جیاوازە کە ئەو فەلسەفانەی بەرهەم هێناوە.

– بەڵگەنەویستەکانی ئەو بەتەواوەتی لەو بەڵگەنەویستانە جیاوازن کە کردوونیان بە سەرەتا، چونکە ئەو بڕوایەکی ڕەهای بە بوونی خودایەکی کارا هەیە، کە دەستی لە هەموو گچکە و گەورەیەکی کاروباری ئەم بوونەوەردا هەیە، هەروەها باوەڕی بەوە هەیە کە چەندین پێغەمبەری بە بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە ناردووە، کە ئەو ڕاستییە گشتییانەیان تێدایە کە پێویستە مرۆڤایەتی لە ڕێڕەوی ژیانی دنیادا ڕێنموویی لێ وەربگرن، هەروەها باوەڕی بە بەڵگەنەویستێکی تر هەیە، کە بریتییە لەوەی کە خودای گەردوون –پاکی و بێگەردی بۆ ئەو– ژیانێکی

تر بەرپا دەکات، کە تێیدا بە بەهەشتی نەبڕاوە پاداشتی ئەوانە دەکات کە بە بەرنامەکەیەوە پابەند بوون و سزای پشتلێهەڵکەرانیشی بە دۆزەخی هەمیشەیی.

ئەمەش وا دەکات مەبەستەکانی لە سنووری بەدیهێنانی بەختەوەریی دنیایی بۆ تاکەکانی تەنها لەم دنیایەدا کورت هەڵنەیات –وەک ئەوەی لە کۆزمۆلۆژیای عەلمانیدا هەیە–، بەڵکوو بۆ ئەوە درێژ دەبێتەوە کە ئەوەی مەبەستی بالای بریتی بێت لە بەدەستهێنانی بەختەوەریی هەمیشەیی لە مەنزڵی دواڕۆژدا.

شتێکی سروشتییشە کە خەمی ئاوەزی موسوڵمان لەوەدا کورت هەڵبێت کە تیۆریزەکردنی چۆنیتیی گەیشتنی کۆمەڵگەی موسوڵمان و تاکەکانی بەو مەبەستە بالایە، بە پشتبەستن بەو هێڵە گشتییانەی کە سرووش هێناونی و لە لادان و هەڵخلیسکان و کەموکورتی دەیپارێزن.

بەو شێوەیە ناکۆکیی نێوان کۆزمۆلۆژیای ئیسلامی و عەلمانی لە سنووری ئەو بەڵگەنەویستانەی کە هەردووکیان لەسەریان بەرپا کراون و ئەو مەبەستانەشدا ناوەستێت کە هەردووکیان هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵکوو بۆ ناکۆکییان لە بارەی ئەو شێوازە درێژ دەبێتەوە هەریەکێکیان بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان دایدەڕێژن.

بێگومان ئەمەش وا دەکات گواستنەوەی هەر کامێک لەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندن کە کە کۆزمۆلۆژیای عەلمانی بەرهەمی هێناون، یان بەشێکیان، بۆ ئەو زەمینە ئیسلامییەی کە زۆر لەوان جیاوازە –تەنانەت ئەگەر لە زەمینەکەی خۆیشیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت–، کارێکە کە بێگومان شکست دەهێنێت، هەر چەندە ئەمە ناکاتە ئەوەی نەتوانرێت سوود –نەک گواستنەوە– لەو تێزانە وەربگیرێت کە لە کەتواری کرداریدا سەلامەتییان سەلمێنراوە، ئیدی لە هەر کام لەو فەلسافانەوە بێت، بە مەرجێک کە پێچەوانەی هیچ یەکێک لە ڕێساکانی ئایینی ئیسلام نەبێت.

جیاکەرەوەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن

سەرباری ئەو دەرئەنجامە سەرەکییەی کە تۆێژینەوەکە پێی گەیشت، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ناتوانرێت و گونجاو و دروست نییە هیچ کامێک لە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکان، یان بەشێکیان، لە زەمینەی مەعریفیی عەلمانییەوە بۆ زەمینەی مەعریفیی ئیسلامی بگوێزرێتەوە، چەند دەرئەنجامێکیش هەیە کە تۆێژینەوەکە پێیان گەیشتووە، ئەوە دەسەلمێنن کە فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە هەموو فەلسەفەکانی تری ڕاگەیاندن جیاوازە، ئەو دەرئەنجامانەش ئەمانەن:

ئ. فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە هەڵگۆزینی تێزەکانیدا پشت بە ڕێبازێک دەبەستێت کە حساب بۆ هەموو گۆشەکانی بوونی مرۆیی دەکات (پەنهان و

ئاشکرا - غیب وشهادة، ڕۆح و ماددە، دنیا و ڕۆژی دوایی)، بەپێچەوانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن، کە تێزەکانی لە ڕێبازێکەوە هەڵدەگۆزن، کە تەنها دان بە یەک گۆشەی بوونی مرۆییدا دەنێت، ئەویش ئەوەیە کە هەست دەتوانێت پەی پێ ببات.

ب. فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی، لە هەموو تێزەکانیدا، ڕێنموویی لەو هێڵە گشتییانە وەردەگرێت کە ئەفرێنەری هەموو بوون بە سرووش ناردوویەتی، ئەمەش پرۆسەی تێۆریزەکردن لەو ناڕێکی و کەموکورتییانە دوور دەخاتەوە کە دووچاری هەر جۆرە تێۆریزەکردنێک دەبن کە تەنها پشت بە ئاوەز ببەستێت، بە پێچەوانەی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندنەوە –بەڵکوو بەپێچەوانەی کۆی هزری کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزمەوە- کە لەو بارەیەوە تەنها ئاوەز شک دەبات، بە توانا ڕێژەییە دیاریکراوەکانییەوە.

پ. خەمی فەلسەفەی ڕاگەیاندن لە ئیسلامدا لە سنووری تێۆریزەکردنی چۆنێتیی بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەدا ناوەستێت کە لەدەوری لایەنی ماددی ژیانی مرۆیی لە دنیادا دەسوورێنەوە –وەک ئەوەی کە فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی بۆ دەدەن-، بەڵکوو بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی مەبەستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ لەم بوونەدا درێژ دەبێتەوە، ئەو مەبەستانەی کە نە تەنها لە سنووری بەختەوەریی ماددیدا دەوەستن و نە لە ژیانی دونیاشدا، بەڵکوو بۆ تێرکردن و بەختەوەریی ڕۆحی و ژیانی دوایی، ژیانی هەمیشەیی، درێژ دەبنەوە.

ت. فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی ڕشتەیەکی تەواوکاری لە میکانیزمی پابەندکردن هەیە، کە لە هەموو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکان جیای دەکاتەوە و وا دەکات کە پابەندبوون بە تێزەکانیەوە لە زەمینەی کەتواردا کارێکی ئاسان بێت.

ج. ئەگەر ئاستی پابەندیی ئەوانەی ئامانجەکانی فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندن جێبەجێ دەکەن، لە بنەڕەتەوە لە ئاستی ئەو بەرژەوەندییە دنیاییانەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بە هۆی دڵسۆزییان لە کارەکەیان و جێبەجێکردنیدا وەردەگرن، ئەمە بەو واتایەشییەوە کە هەڵیدەگرێت، کە بریتییە لە ئەگەر و توانای لادان لەو ئامانجانە لە حاڵەتی ئەوەی کە ئەو لادانە سوودی دنیایی زیاتری بۆ بەدەست بهێنێت، ئەوا پابەندیی ئەوانەی کە ئامانجەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی جێبەجێ دەکەن، تەنها بە بەدیهاتنی بەرژەوەندیی دنیاییانەوە ناوەستێت، بەڵکوو درێژ دەبێتەوە تا دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگی بەدیهاتنی بەرژەوەندییە باڵاکانیان لە دواڕۆژدا، هەر لادان و خەمساردی و کەموکووڕییەکیش لە کارەکانیدا –تەنانەت ئەگەر بشتوانێت لە دنیادا خۆی لە سزا قوتار بکات و ئەو بەرژەوەندییە

دنیاییە خێرایەشی کە مافی خۆیەتی پێی بدرێت هەر چەندێک بێت- هەرگیز دەرئەنجامەکانی بەو زیانە بەراورد ناکرێن کە دەکرێت لەمەڕ بەرژەوەندییە باڵاکانی لە ڕۆژی دواییدا دووچاری ببێت، ئەمەش وا دەکات کە هەر کەسێک کە پەیوەندییەکی بە پرۆسەی ڕاگەیاندنەوە هەبێت و ئەندازەیەک ئاوەز و ئیمانی هەبێت، بەرپرسیارێتیی تەواو بۆ بەدیهێنانی مەبەستە باڵاکەی لە ڕۆژی دواییدا لەئەستۆ بگرێت، پێش ئەوەی هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە دنیاییەکانی بدات.

ئەو خاڵانەی کە پێویستە بۆ بونیادنانی فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنی ئیسلامیی تەواوکار ڕەچاو بکرێن

بۆ ئەوەی نووسینەکانی بواری ڕاگەیاندنی ئیسلامی بتوانن بونیادێکی تەواوکار بۆ فەلسەفەیەکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بەرپا بکەن کە بەسەر فەلسەفە پۆزەتیڤیزمەکانی ڕاگەیاندندا سەر بکەوێت، پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەن:

- تێگەیشتن و زانیاریی تەواو بەو پێشەکییە بنچینەییانەی کە سیمای فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی دیاری دەکەن، ئیدی پێشەکییە کۆزمۆلۆژییەکان بن، کە بریتین لەو بەڵگەنەویستانەی کە پێویستە سەرچاوەیان لێ وەبگرن، یاخود ئەو مەبەستانەی کە پێویستە هەوڵ بدرێت شێوازی بەشداریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەدیهێنانیاندا تیۆریزەی بۆ بکرێت.

- شارەزایی و تێگەیشتن لەو پێشەکییە ڕاستەوخۆیانەی کە خۆیان لە وتەکانی هزری کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا دەبیننەوە، ئەوانەی پێویستە تێزەکانی ئەو فەلسەفەیە لەبەر ڕۆشناییاندا دابڕێژرێن.

- گرنگیدان بە دانانی میکانیزمی پابەندکردن، کە پابەندکردنی هەموو لایەنەکانی پرۆسەی ڕاگەیاندن بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیانەوە، بەبێ خەمساردی و کەموکورتی و بەبێ دەستدرێژیکردنە سەر لایەنەکانی تر، زامن بکات، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە مرۆڤی موسوڵمان لا بدات و بەو شتانەوە پابەند نەبێت کە ئایینەکەی و بەرژەوەندییە باڵاکانی بەسەریدا دەسەپێنن.

- دیراسەکردنی هۆشیارانەی هزری ڕاگەیاندنی پۆزەتیڤیزم و تێگەیشتن لێی لە چوارچێوەی ئەو پێشەکییانەی کە سیماکانی پێک هێناوە، ئەمەش لە پێناوی ئاشنابوون بە ڕاستیی ئەو هزرە و سەرسامنەبوون بە تێزەکانی و سوودوەرگرتن لەو بیرۆکە دروستانەی کە تێزەکانیان لەخۆیان گرتووە، لە سنووریکدا کە لەگەڵ هیچ یەکێک لە تێزەکانی هزری ئیسلامیدا دژ نەوەستنەوە.

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە عەرەبییەکان

قورئانی پیرۆز

یەکەم: کتێبی عەرەبی و بەعەرەبیکراوەکان

- إبراهيم إسماعيل: الإعلام الإسلامى ووسائل الاتصال الحديثة: سلسلة دعوة الحق، (١٣٣)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامى ١٤١٤، ١٩٩٤).
- إبراهيم الداقوقى، قانون الإعلام: نظرية جدية فى الدرسات الإعلامية الحديثة، (بغداد: وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، ١٩٨٦).
- إبراهيم أحمد عمر، فلسفة التنمية: رؤية إسلامية، سلسلة أبحاث علمية (٤) قضايا الفكر الإسلامي، (فيرجينيا: المعهد العالي للفكر الإسلامى، ١٩٩٢).
- إبراهيم إمام، أصول الإعلام الإسلامى، (القاهرة: دار الفكر العربى ١٩٨٥).
- الإعلام والاتصال بالجماهير، (القاهرة: مكتبة الآنجلو المصرية، ١٩٦٩).
- الإعلام الإسلامى: المرحلة الشفهية، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٨٠).
- إبراهيم درويش، الدولة .. نظريتها، ونظمها: دراسة فلسفية تحليلية، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦٩).
- إبراهيم مدكور، الإعلام الإسلامى الطباعى فى الدول غير الإسلامية، (القاهرة: دار المعارف، ب ت).
- أبو إسحق الشاطبى، الموافقات فى أصول الشريعة، تحقيق عبد الله دراز، الجزء الثانى (القاهرة: المكتبة التجارية الكبرى، ب ت).
- أبو الأعلى المودودى، الإسلام والمدنية الحديثة، (القاهرة: المختار الإسلامى،ب ت).
- أبو بكر جابر الجزائرى، منهاج المسلم، ط٨، (حلب: دار الوعى،١٩٩١).
- أبو حامد الغزإلى، تهافت الفلاسفة، تحقيق: سليمان دنيا، ط٧ (القاهرة دار المعارف، ب ت).
- أبو الحسن على محمد الجرجانى، التعريفات، (بغداد: دار الشئون الثقافية، ١٩٨٦).
- أبو الفداء إسماعيل بن كثير، تفسير القرآن العظيم، (الإسكندرية مكتبة الحرية، ب ت).
- أبو عبد الله محمد الأنصارى القرطبى، تفسير القرطبى الجامع لأحكام القرآن، (القاهرة: دار الشعب، ب ت).

- أبو اليزيد العجمى، حقيقة الإنسان بين المسئولية و التكريم، سلسلة إسلاميات (٣٥)، (القاهرة: المؤسسة العربية الحديثة للطبع و النشر و التوزيع، ١٩٩٢).
- أبو اليزيد على المتيت، النظم السياسية والحريات العامة، بدون ناشر، ١٩٨٤.
- أبويعلى محمد بن الحسين الفراء، الأحكام السلطانية، تحقيق: محمد حامد الفقى، (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣).
- إجلال خليفة، الوسائل الصحفية و تحديات المجتمع المعاصر، (القاهرة: مكتبة الآنجلو المصرية، ١٩٨٠).
- أحمد أبو زيد، الدولة فى العالم الثالث: الرؤية السسيولوجية، (القاهرة: دار الثقافة للنشر والتوزيع، ١٩٨٥).
- أحمد بدر، الاتصال بالجماهير بين الإعلام والدعاية والتنمية، (الكويت: وكالة المطبوعات، ١٩٨٢).
- أحمدبن تيمية، السياسة الشرعية في إصلاح الراعى والرعية، تحقيق: محمد إبراهيم البنا، محمد أحمد عاشور، (القاهرة: دار الشعب، ١٩٧٠).
- أحمد بن حنبل، المسند و بهامشه كنز العمال، (القاهرة: دار الفكر العربى، ب ت).
- أحمد بن شعيب النسائى، سنن النسائى، تحقيق: مصطفى محمد، ط١، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٣٠). .
- أحمد جلال حماد، حرية الرأى فى الميدان السياسى فى ظل مبدأ المشروعية: بحث مقارن فى الديمقراطية الغربية والإسلام، (القاهرة: دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٨٧).
- أحمد حسان (إعداد وترجمة). مدخل إلى ما بعد الحداثة، سلسلة كتابات نقدية (٢٦)، (القاهرة: الهيئة العامة لقصور الثقافة، مارس ١٩٩٤).
- أحمد حسين، إفلاس الماركسية، (القاهرة: دار الوفاء للطباعة والنشر، ١٩٨٩).
- أحمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، (بيروت: مكتبة لبنان، ١٩٨٢).
- أحمد سليم سعيدان، مقدمة لتاريخ الفكر العلمي فى الإسلام، سلسلة عالم المعرفة (١٣١)، (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، نوفمبر ١٩٨٨).
- أحمد عباس عبد البديع، تدخل الدولة ومدي اتساع مجالات السلطة العامة، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧١).
- أحمد عبد الرحيم السايح، فى الغزو الفكري، كتاب الامة (٣٨)، (قطر: وزارة الاوقاف والشئون الإسلامية، شعبان ١٤١٤، يناير ١٩٩٤).
- أحمد عبد الغفور عطار، أصلح الاديان للانسانية، عقيدة وشريعة، سلسلة دعوة الحق

(٦٦)، (مكة:رابطة العالم الإسلامى، رمضان ١٤٠٧، مايو ١٩٨٧).
- أحمد فؤاد رسلان، نظرية الصراع الدولى: دراسة فى تطور الاسرة الدولية المعاصرة (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥).
- أحمد القديدى، الإسلام وصراع الحضارات، كتاب الأمة (٤٤)، (قطر: وزارة الاوقاف والشئون الإسلامية، ذى الحجة ١٤١٥، مايو ١٩٩٥).
- أحمد كامل، نظريات الإعلام وقضية فلسطين، السلسلة الإعلامية (١٠)، (بغداد: مدرية الإعلام بوزارة الثقافة والإعلام، ١٩٧٠).
- أحمد محمود صبحى، الفلسفة الأخلاقية فى الفكر الإسلامى، ط٢، (القاهرة، دار المعارف، ب ت).
- أحمد النكلاوى، المدخل السسيولوجى للإعلام، سلسلة علم اجتماع العالم الثالث، (القاهرة: مكتبة نهضة الشرق، ١٩٧٤).
- ارنست كاسيرر، الدولة والأسطورة، ترجمة: أحمد حمدى محمود، (القاهرة: الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٧٥).
- إسكندر الديك، مصطفى الأسعد، دور وسائل الاتصال والإعلام فى التنمية الشاملة، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٣).
- أسماء حسين حافظ، قانون حرية الصحافة، بين أصول النظرية ومنهج التطبيق، بدون ناشر، ١٩٩٠.
- إسماعيل راجى الفاروقى، صياغة العلوم الاجتماعية صياغة إسلامية، سلسلة رسائل إسلامية المعرفة (٥) (فرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٨٩).
- إسماعيل حسين عبد البارى، أبعاد التنمية، ط٢، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٨٢).
- السيد محمد نوح، شخصية المسلم بين الفردية والجماعية، ط٤، (القاهرة: دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٣).
- اكرم ضياء العمرى، قيم المجتمع الإسلامى من منظور تاريخى، سلسلة كتاب الأمة (٣٩)، (قطر: وزارة الاوقاف والشئون الإسلامية، رمضان ١٤١٤، مارس ١٩٩٤).
- البرت ل هستير، وان لان ج . تو، (محرران). دليل الصحفى فى العالم الثالث، ترجمة كمال عبد الرؤوف، (القاهرة: الدار الدولية للنشر والتوزيع، ١٩٨٨).
- ام . بوشنسكى، الفلسفة المعاصرة فى اوربا، ترجمة عزت قرنى، سلسلة عالم المعرفة (١٦٥)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، سبتمبر، ١٩٩٢).
- أميرة حلمى مطر، الفلسفة السياسية: من أفلاطون إلى ماركس، ط ٣، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٨٦).

- أمين ساعاتى، السياسة الإعلامية فى المملكة العربية السعودية، (الرياض: المركز السعودى للدراسات الاستراتيجية، ١٩٩٢).
- أمينة الصاوى، عبد العزيز شرف، نظرية الإعلام فى الدعوة الإسلامية، (القاهرة: مكتبة مصر، ب ث).
- اندرو وبستر، مدخل لسوسيولوجية التنمية، ترجمة: حمدى حميد يوسف، (بغداد: دار الشئون الثقافية العامه، ١٩٨٦).
- بوتراند راسل، حكمة الغرب، ترجمة: فؤاد زكريا لسلسلة عالم المعرفة (٧٢)، (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، ديسمبر ١٩٨٣).
- ـ السلطة والفرد، ترجمة: لطيفة عاشور، الالف كتاب الثاني (١١٤)، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٤).
- ـ سبل الحرية، ترجمة: عبد الكريم أحمد، الالف كتاب (١٤٥)، (القاهرة: مكتبة الآنجلو،ب ت).
- برهان غليون، اغتيال العقل العربي: محنة الثقافة العربية بين السلطة والتبعية، ط٢، (بيروت دار التنوير للطباعة والنشر، ١٩٨٧).
- بسيونى حمادة، دور وسائل الإتصال فى صنع القرارات فى الوطن العربى، سلسلة إطروحات الدكتوراه (٢١)، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٣).
- بطرس عبد الملك، جون ألكسان طمسن، إبراهيم مطر (محررون) قاموس الكتاب المقدس، ط٩، (القاهرة دار الثقافة، ١٩٩٤).
- بطرس غإلى (محرر)، دراسات مقارنة فى الإشتراكية و الديمقراطية، (القاهرة: مركز الدراسات السياسية و الإستراتيجية بالأهرام، ١٩٨٠).
- بطرس غإلى، محمود خيرى عيسى، المدخل إلى علم السياسة، ط٤، (القاهرة: مكتبة الآنجلو المصرية، ١٩٧٤).
- بهى الدين حسن (محرر)، حرية الصرافة من منظور حقوق الإنسان، (القاهرة: مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، ١٩٩٥).
- تشارلز فرانكل، أزمة الإنسان الحديث، ترجمة نقولا زيادة، (بيروت: دار مكتبة الحياة، ١٩٥٩).
- توفيق الطويل، فلسفة الأخلاق: نشأتها و تطورها، ط٣، (القاهرة دار: النهضة العربية، ١٩٧٦).
- ـ أسس الفلسفة، ط٧، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧٩).
- توماس كون، بنية الثورات العلمية، ترجمة: شوقى جلال، سلسلة عالم المعرفة، (١٦٨)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، ديسمبر ١٩٩٢).
- تونى شواتز، وسائل الإعلام .. الرب الثانى، سلسلة كتب مترجمة (٧٨٣)، (القاهرة: الهيئة

العامة للاستعلامات، ب ت).

- ثروت بدوى، النظم السياسية، الجزء الاول: النظرية العامة للنظم السياسية، (القاهرة: مكتبة النهضة العربية، ١٩٦٤).
- جابر طه العلوانى، التعددية: أصول ومراجعات بين الاستتباع والابتداع، سلسلة أبحاث علمية (١١)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩٦).
- جاكلين لاغريه، الدين الطبيعى، ترجمة منصور القاضى، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٣).
- جان جاك شافيلية، تاريخ الفكر السياسى: من المدينة الدولة إلى الدولة القومية، ترجمة: محمد عزب صاصيلا، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ١٩٨٥).
- جفرى براون، المدنية الاوربية فى القرن التاسع عشر، ترجمة: أحمد على، الالف كتاب، (٦٠٢)، (القاهرة: دار نهضة مصر، ١٩٦٦).
- جلال أمين، تنمية أم تبعية أقتصادية وثقافية، (القاهرة: مطبوعات القاهرة).
- جلين تيندر، الفكر السياسى الأسئلة الأبدية، ترجمة: محمد مصطفى غنيم، (القاهرة: الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافية العالمية، ١٩٩٣).
- جمال العطيفى، آراء فى الشرعية والحرية، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٠).
- جمال الفندى، الإسلام والحضارة الحديثة، سلسلة دراسات إسلامية (١٠)، (القاهرة: المجلس الاعلى للشئون الإسلامية، جمادى الاولى ١٤١٧، سبتمبر ١٩٩٦).
- جورج هـ . سياين، تطور الفكر السياسى، ترجمة: إبراهيم السيد، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٧١).
- جوزيف شومبيتر، الراسمالية والاشتراكية والديمقراطية، ترجمة: خيرى حماد، سلسلة اخترنالك عدد (٨) ج٢، (القاهرة: الدار القومية للطباعة والنشر، ب ت).
- جون باول، الفكر السياسى الغربى، ترجمة: محمد رشاد خميس، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥).
- جون .ر . بيترز، الاتصال الجماهيرى: مدخل، ترجمة: عمر الخطيب، (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٧).
- جون ستيوارت مل، فى الحرية، ترجمة: طه السباعى، ط١، (القاهرة: مطبعة الأدب، ١٩٩٢).
- جون ل . هاتلنج، أخلاقيات الصحافة، ترجمة: كمال عبد الرؤوف، (القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع، ب ت).

- جون هرمان رندال، تكوين العقل الحديث، ترجمة: جورج طعمة، (بيروت: دار الثقافة، ب ت).
- جيمس كون، عندما تغير العالم، ترجمة: ليلى الجبإلى، سلسلة عالم المعرفة (١٨٥)، (الكويت المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، مايو ١٩٩٥).
- جيهان أحمد شتى، الأسس العلمية لنظريات الإعلام، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٧٨).
- النظم الإذاعية فى المجتمعات الاشتراكية، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٧٩).
- الإعلام الدولى، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٨٦).
- ، نظم الاتصال، الجزء الاول، الإعلام فى الدول النامية، (القاهرة: دار الفكر العربى، ب ت).
- النظم الإذاعية فى المجتمعات الغربية: دراسة فى الإعلام الدولى، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٧٨).
- جيهان المكاوى، حرية الفرد وحرية الصحافة، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١).
- حازم النعيمى، حرية الصحافة فى لبنان، (القاهرة: العربى لنشر والتوزيع، ١٩٨٩).
- حامد العالم، المقاصد العامة للشريعة الإسلامية، سلسلة الرسائل الجامعية (٥) ط٢، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩٤).
- حامد عبد الواحد، الإعلام فى المجتمع الإسلامى، سلسلة دعوة الحق (٣٣)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامى، ذو الحجة ١٤٠٤، سبتمبر ١٩٨٤).
- حسن الحسن، الدولة الحديثة، إعلام واستعلام، (بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٨٦).
- حسن على العنيبسبى، الدوائر المعادية للإسلام بين عهدين، سلسلة إسلاميات (١٥)، (القاهرة: المؤسسة العربية الحديثة للطبع والنشر والتوزيع، ١٩٨٨).
- حسن عماد مكاوى، أخلاقيات العمل الإعلامى، دراسة مقارنة، (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٤).
- حسن محمود الشرقاوى، نحو منهج علمى إسلامى، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٨٨).
- حسين عبد القادر، الرأى العام والدعاية وحرية الصحافة، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦٢).
- حسين فوزى النجار، الإسلام والسياسة: بحث فى أصول النظرية السياسية وأصول الحكم فى الإسلام، (القاهرة: دار المعارف، ب ت).
- حمدى حسن، الوظيفة الاخبارية لوسائل الإعلام، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٨٩).
- حمدى عبد الرحمن حسن، التعددية وازمة بناء الدولة فى أفريقيا الإسلامية، سلسلة اوراق أفريقية (١)، (القاهرة: مركز دراسات المستقبل الأفريقى، ١٩٩٦).

- حميد جاعد محسن، التنمية والتخطيط الإعلامى فى العراق، سلسلة دراسات (١٧٩)، (بغداد: دار الرشيد للنشر، ١٩٧٩).
- حورية مجاهد، محاضرات فى تطور الفكر السياسى الإسلامى والغربى، الجزء الثانى، من ميكافللى إلى محمد عبده، مذكرات لطلبة الفرقة الثانية قسم العلوم السياسية، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية جامعة القاهرة، ١٩٨٢.
- خالد إبراهيم عربى، نظرات فى الاقتصاد الإسلامى، (طرابلس: جمعية الدعوة الإسلامية العالمية، ١٩٩١).
- خالد محمد خالد، الدولة فى الإسلام، ط٣، (القاهرة دار ثابت، ١٩٨٩).
- خلدون النقيب، الدولة التسلطية فى المشرق العربى، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩١ ٩.
- دافيد و. مارسيل، فلسفة التقدم، ترجمة: هالة المنصورى، (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، ب ت).
- دى توكفيل، الديمقراطية فى أمريكا، ترجمة: أمين مرسى قنديل، ط٢، (القاهرة: دار كتابى، ١٩٨٤).
- راجح عبد الحميد الكردى، نظرية المعرفة بين القران والفلسفة، سلسلة الرسائل الجامعية (٨)، (فيرجينيا: المعهد العإلى للفكر الإسلامى، ١٩٩٢).
- راسم الجمال، الاتصال والإعلام فى الوطن العربى، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩١).
- راشد البراوى، مفاهيم جديدة فى الاشتراكية، (القاهرة: مكتبة الانجلو العربية، ١٩٦٣).
- راشد الغنوشى، الحريات العامة فى الدولة الإسلامية، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٣).
- رأفت الشيخ، فلسفة التاريخ، (القاهرة: دار الثقافة للنشر والتوزيع، ١٩٩١).
- رايموند كارفيلد، العلوم السياسية، ترجمة: فاضل ذكى، (بغداد: مكتبة النهضة، ١٩٦٠).
- رفعت المحجوب، الاشتراكية، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦٨).
- رفيق سكرى، مدخل فى الرأى العام والأعلام والدعاية، (بيروت: منشورات جروس – بيرس، ١٩٨٤
- رمزى ذكى، اللبرالية المتوحشة، (القاهرة: دار المستقبل العربى، ١٩٩٣).
- روبرت أ . دال، مقدمه إلى الطريقة الاقتصادية، ترجمة: محمد مصطفى غنيم، (القاهرة: الدار الدولية لنشر والتوزيع، ١٩٩٢).

- روبرت شمول (محرر). مسؤوليات الصحافة، ترجمة: ألفرد عصفور، (عمان: مركز الكتب الأردنى، ١٩٩٠).
- روبرت م . اغروس، جورج ن . ستانسيو، العلم فى منظوره الجديد، ترجمة كمال خلايلى، سلسلة عالم المعرفة (١٣٤)، (الكويت: المجلس الوطنى لثقافة والفنون والآداب، فبراير ١٩٨٩).
- روجية جارودى، حفارو القبور: نداء جديد إلى الاحياء، تعريب رانيا الهاشم، (بيروت، باريس: منشورات عويدات، ١٩٩٣).
- رودنى سموللا، حرية التعبير فى المجتمع المفتوح، ترجمة: كمال عبد الرؤوف، (القاهرة: الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، ١٩٩٥ ٩.
- رونالد ستروميرج، تاريخ الفكر الاوربى الحديث (١٦٠١ ـ ١٩٧٧)، ترجمة: أحمد الشيبانى، (جدة: مؤسسة عكاظ للصحافة والنشر، ١٩٨٥).
- ز . برجنسكى، الانفلات: فوضى عالمية فى مطلع القرن الواحد والعشرين، إعداد خالد محمد بهاء، سلسلة قراءات حضارية فى أفكار عالمية، (القاهرة: مركز الدراسات الحضارية، ١٩٩٤).
- زكريا إبراهيم، مشكلة الحرية، سلسلة مشكلات فلسفية، (القاهرة: مكتبة مصر، ب ت).
- هيجل او المثالية المطلقة، سلسلة عبقريات فلسفية، (القاهرة: مكتبة مصر، ؟).
- زكى نجيب محمود، المنطق الوضعى، الجزء الاول، ط٥، (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٣).
- زولتان تار، النظرية الاجتماعية ونقد المجتمع، ترجمة: على ليله، بدون ناشر، ١٩٩٢.
- زيدان عبد الباقى، اسس المجتمع الإسلامى والمجتمع الشيوعى، دراسة مقارنة، (القاهرة: دار المعارف، ب ت).
- زينب رضوان، النظرية الاجتماعية فى الفكر الإسلامى، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٨٠).
- سامى زبيان، الصحافة اليومية والإعلام، ط٢، (بيروت، دار المسيرة، ١٩٨٧).
- سامى عزيز، الصحافة مسئولية وسلطة، سلسلة المكتبة الصحفية (١)، (القاهرة دار التعاون، ب ت).
- سامية جابر، النظريات السياسية (اسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ١٩٩١ ٩.
- سامية مصطفى الخشاب، علم الاجتماع الإسلامى، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٨١ ٩.
- سدنى هوك، التراث الغامض: ماركس والماركسية، ترجمة ودراسة: سيد كامل زهران، الالف كتاب، الثانى (٢٨)، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٦).
- سعد الدين صالح، العقيدة الإسلامية فى ضوء العلم الحديث، الجزء الأول، ط٢، (القاهرة:

دار الصفا للطباعة والنشر،١٩٩١).
- سعيد بن ثابت، الحرية الإعلامية فى ضوء الإسلام، ط٢ (الرياض: عالم الكتب، ١٩٩٣).
- سلوى أبو سعده، الصحافة فى الاتحاد السوفيتى، (القاهرة: دار الموقف العربى، ١٩٨٨).
- سليمان بن الأشعث أبو داود، سنن أبى داود، تحقيق: عزت عبيد الدعاس، (حلب: دار الحديث، ١٩٦٩) .
- سليمان جازع الشمرى (محرر). الصحافة والقانون فى الوطن العربى، (القاهرة: الدار الدولية للنشر والتوزيع، ١٩٩٣).
- سليمان درويش عامر، نظرات فى الإعلام، الجزء الأول، مبادئ ونظريات الإعلام العام، بدون ناشر، ١٩٨٨.
- سليمان صالح، ازمة حرية الصحافة فى المجتمعات الرأسمالية، (القاهرة: دار النشر للجامعات المصرية، ١٩٩٥)
- سمير أمين (وآخرون)، التبعية فى عالم متغير، سلسلة جدل (٣)، (قبرص: مؤسسة عببال للدراسات والنشر، ١٩٩٢).
- سيجموند فرويد، الحب والحرب والحضارة والموت، ترجمة: عبد المنعم الحفنى، (القاهرة: دار الرشاد، ١٩٩٢).
- سيد قطب، فى ظلال القران، المجلد الاول ط١٦، (القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٩).
- مقومات التصور الإسلامى، (القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٩).
- سيد محمد ساداتى الشنقيطى، مدخل إلى الإعلام، سلسلة دراسات فى الإعلام والراى العام، (الرياض: عالم الكتب، ١٩٩١).
- أصول الإعلام الإسلامى واسسه: دراسة تحليلية لنصوص الاخبار فى سورة الانعام، الجزء الاول، سلسلة دراسات فى الإعلام الإسلامى والراى العام، (الرياض: عالم الكتب، ١٩٨٦).
- الإعلام الإسلامى: الأهداف والوظائف، سلسلة دراسات فى الإعلام والراى العام، (الرياض: عالم الكتب، ١٩٩١).
- مفاهيم إعلامية من القران الكريم: سلسلة دراسات فى الإعلام الإسلامى والراى العام، (الرياض: دار عالم الكتب، ١٩٨٦).
- سويم العزى، الديكتاتورية الاستبدادية والديمقراطية والعالم الثالث، (بيروت: المركز الثقافى العربى، ١٩٨٧).
- سيمون سيرفانى (محرر) وسائل الإعلام والسياسة الخارجية، ترجمة: محمد مصطفى

نعيم، (القاهرة: الجمعية المصرية لنشر المعرفة و الثقافة العالمية، ١٩٩٥).
- شاكر إبراهيم، الإعلام و وسائلة ودورة فى التنمية الاقتصادية والاجتماعية، (مالطه: مؤسسة ادمر للنشر والتوزيع، ب ت).
- شمس الدين اق بلوت، دارون ونظرية التطور، ترجمة: اورخان محمد على، (القاهرة: دار الصحوة، ١٩٨٦).
- شون ماكبرايد، أصوات متعددة وعالم واحد، تقرير اللجنة الدولية لدراسة مشكلات الاتصال، (الجزائر: الشركة الوطنية للنشر والتوزيع، ١٩٨١).
- شاهيناز طلعت، وسائل الإعلام والتنمية الاجتماعية، ط٣، بدون ناشر، ١٩٩٥.
- صبحى عبده سعيد، السلطة فى المجتمع الإسلامى، (القاهرة: وكالة الاهرام، ١٩٩١).
- ـــ السلطة فى المجتمع الاشتراكى، بدون ناشر، ب ت.
- صلاح الدين عبد الحميد، دور وسائل الإعلام فى التنمية (الصحيفة)، بدون ناشر، ب ت.
- صون . ل . بادوفر، معنى الديمقراطية، ترجمة: جورج عزيز، سلسلة المكتبة السياسية (٢٦)، (القاهرة: دار الكرنك للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٦٧).
- طارق حجى، نقد الماركسية، ط٤، (القاهرة: مكتبة نهضة مصر، ١٩٨٩).
- طه جابر العلوانى، الأزمة الفكرية المعاصرة: تشخيص ومقترحات علاج، سلسلة المحاضرات (١)، ط٢، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩٢).
- عايد الشعراوى، التلوث الفكرى والإعلامى فى العالم الإسلامى، ط٢، (بيروت: دار النهضة الإسلامية، ١٩٩٢).
- عباس العقاد، الانسان فى القران، (القاهرة: دار النهضة مصر للطبع والنشر، ب ت).
- ـــ الإسلام فى القرن العشرين، كتاب الهلال، عدد ١٠٨.
- عبد الحميد ابو سليمان، قضية المنهجية فى الفكر الإسلامى، سلسلة رسائل إسلامية المعرفة (٤)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٨٩).
- ـــ أزمة العقل المسلم، سلسلة رسائل إسلامية المعرفة (٩)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩١).
- عبد الرحمن بدوى، كانت: فلسفة القانون والسياسة، (الكويت: وكالة المطبوعات، ١٩٧٩).
- عبد الرحمن بن أبى بكر السيوطى، الجامع الصغير، (بيروت: دار المعرفة، ب ت).
- عبد الرحمن ابن خلدون، المقدمة، المجلد الاول ط٣، (بيروت: مكتبة المدرسة ودار الكتاب اللبنانى للطبع والنشر،١٩٦٧).

- عبد الرحمن ابن زيد الذبيدى، مصادر المعرفة فى الفكر الدينى والفلسفى، سلسلة الرسائل الجامعية. فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩٢.
- عبد الرحمن البيضانى، لهذا نرفض الماركسية، بدون ناشر، ب ت.
- عبد السلام محمد بنعيد العالى، محمد سبيلا (إعداد وترجمة). الحقيقة، سلسلة نصوص فلسفية مختارة (٤)، (الدار البيضاء: دار توبقال للنشر، ١٩٩٣).
- عبد السميع الهراوى، القانون الطبيعى وقواعد العدالة، سلسلة كتابك (١٠٩)، (القاهرة: دار المعارف، ب ت).
- عبد العليم عبد الرحمن خضر، الإنسان والكون فى القران والعلم، (جدة: عالم المعرفة للنشر والتوزيع، ١٩٨٣).
- عبد الفتاح العدوى، الديمقراطية وفكرة الدولة، الالف كتاب (٥٣٢)، (القاهرة: مؤسسة سجل العرب، ١٩٦٤).
- عبد القادر حاتم، الإعلام فى القرآن الكريم، بدون ناشر، ١٩٨٥.
- عبد الكريم الخطيب الخلافة والإمامة : ديانة وسياسة، (القاهرة:دار الفكر العربى، ١٩٦٣).
- عبد الله العروى، مفهوم الأيدلوجيا، ط٥، (بيروت المركز الثقافى العربى، ١٩٩٣).
- عبد العروى، مفهوم الدولة، (بيروت: المركز الثقافى العربى، ١٩٩٣).
- عبد الله محمد جمال الدين، نظام الدولة فى الإسلام، بدون ناشر، ١٩٨٣.
- عبد الله ناصح علوان، حكم الإسلام فى وسائل الإعلام، سلسلة بحوث إسلامية هامة (٦) ط٢، (الرياض: دار السلام للطباعة والنشر، ١٩٨٣).
- عبد اللطيف حمزة، الإعلام له تاريخه ومذاهبه، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٦٥).
- أزمة الضمير الصحفى، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٦٠).
- عبد المجيد شكرى، الاتصال الإعلامى والتنمية: افاق المستقبل وتحديات قرن جديد، (القاهرة: العربى للنشر والتوزيع، ١٩٩٥).
- عبد المجيد النجار، خلافة الانسان بين الوحى والعقل، بحث فى جدلية النص والعقل والواقع، سلسلة المنهجية الإسلامية (٥)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩٣).
- عبد المنعم الحفنى، المعجم الفلسفى، (القاهرة: الدار الشرقية، ١٩٩٠).
- عبد المنعم محمد خلاف، المادية الإسلامية وأبعادها، ط٢، (القاهرة: دار المعارف، ب ت).
- عبد الهادى محمد وإلى، التنمية الاجتماعية، مدخل لدراسة المفهومات الأساسية، (الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ب ت).

- عبد الهادى النجار، الإسلام والاقتصاد، دراسة فى المنظور الإسلامى لأبرز القضايا الاقتصادية والاجتماعية المعاصرة، سلسلة عالم المعرفة (٦٣)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، مارس ١٩٨٣).
- عبد الوهاب إبراهيم، مقومات التنمية فى العالم الثالث مع دراسة للحالة المصرية، رؤية من وجهة نظر علم الاجتماع، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٨٤).
- عبد الوهاب كحيل، الرأى العام والسياسات الإعلامية، ط٢، (القاهرة: مكتبة المدينة،١٩٨٧).
- الجريمة والجنس: الآداب القرآنية لنشر قصص الجريمة فى الصحافة المصرية، (القاهرة: مكتبة التراث الإسلامى، ١٩٩١).
- الأسس العلمية والتطبيقية للإعلام الإسلامى، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٨٥).
- عثمان ابن محمد الأخضر، النظريات الإعلامية المعيارية، ماذا بعد نظريات الإعلام الأربع؟ حوليات كلية الاداب، الحولية السادسة عشر، الرسالة الثانية عشر بعد المائة، (الكويت مجلس النشر العلمى بالكويت، ١٤١٦ ـ ١٤١٧، ١٩٩٥ ـ ١٩٩٦).
- عزالدين فوده، خلاصة الفكر الاشتراكى، (القاهرة دار الفكر العربى، ١٩٦٩).
- عزمى اسلام، جون لوك، سلسلة إعلام الفلسفة (١٩)، (القاهرة: دار الثقافة للطباعة والنشر، ب ت).
- عصمت سيف الدولة، الاستبداد الديمقراطى، (بيروت: دار المستقبل العربى، ١٩٨٣).
- عطية صقر، دراسات إسلامية لأهم القضايا المعاصرة، (الكويت: مؤسسة الصباح، ١٩٨٠).
- الإسلام فى مواجهة التحديات، سلسلة دراسات إسلامية، عدد (١٦)، (القاهرة المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، جماد الاخر ١٤١٧، أكتوبر ١٩٩٦).
- على أحمد عبد القادر، دراسات فى المذاهب السياسية، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦٤).
- على جريشة، نحو إعلام إسلامى، إعلامنا إلى اين ؟ (القاهرة مكتبة وهبة، ١٩٨٩).
- على الدين هلال، وآخرون، الديموقراطية وحقوق الإنسان فى الوطن العربى، سلسلة كتب المستقبل العربى، ط٣، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٨٦).
- على شريعتى، العودة إلى الذات، ترجمة إبراهيم الدسوقى شتا، ط٢، (القاهرة: الزهراء للإعلام العربى، ١٩٩٣).
- على لطفى، دراسات فى تنمية المجتمع، (القاهرة: مكتبة عين شمس، ١٩٧٨).
- على المتقى الهندى، كنز العمال، تحقيق: بكر صبانى، وصفوة السقا، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٩).

- عمارة نجيب، الإعلام فى ضوء الإسلام، (الرياض: مكتبة المعارف، ١٩٨٠).
- عمر التلمسانى، من فقة الإعلام الإسلامى، سلسلة نحو النور (١٠)، (القاهرة: دار التوزيع والنشر الإسلامية، ب ت).
- عمر التومى الشيبانى، مقدمة فى الفلسفة الإسلامية، ط٣، (طرابلس: الدار العربية للكتاب، ١٩٨٢).
- مفهوم الانسان فى الفكر الإسلامى (١٩)، (طرابلس: الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان، يوليو ١٩٨٧).
- عواطف عبد الرحمن، دراسات فى الصحافة العربية المعاصرة، (بيروت: دار الفارابى، ١٩٨٩).
- قضايا التبعية الإعلامية والثقافية فى العالم الثالث، سلسلة عالم المعرفة (٧٨)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، يونيو ١٩٨٤).
- المدرسة الاشتراكية فى الصحافة، الحقبة اللينينية، ١٨٩٦:١٩٢٣، ط٢، (القاهرة: مركز البحوث العلمية، ١٩٨٨).
- فاروق أبو زيد، انهيار النظام الإعلامى الدولى، (القاهرة: مؤسسة أخبار اليوم، ١٩٩١).
- النظم الصحفية فى الوطن العربى، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٨٦).
- مدخل إلى علم الصحافة، ط٣، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٩٥).
- فاروق دسوقى، حرية الانسان فى الفكر الإسلامى، (الإسكندرية: دار الدعوة للطباعة والنشر، ب ت).
- فاروق محمد شلبى، مبادئ العلوم السياسية، بدون ناشر، ١٩٩١.
- فاروق يوسف، مبادئ علم السياسة: دراسة للظاهرة السياسية فى حالة الاستقرار والتغير، (القاهرة: مكتبة عين شمس، ١٩٨٦).
- فاطمة إسماعيل محمد، القران والنظر العقلى سلسلة الرسائل الجامعية، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩٣).
- فانس بيكارد، انهم يصنعون البشر، ترجمة: زينات الصباغ، ج١، الالف كتاب الثانى (١٤٥)، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٤).
- فايزه حسن شمس، النمو الاشتراكى والاشتراكية العربية، بدون ناشر، ١٩٦٤.
- فتحى الدرينى، دراسات وبحوث فى الفكر الإسلامى المعاصر، المجلد الأول، (دمشق: معهد الإعداد الإعلامى، ١٩٧١).
- فابر فرانز، الصحافة الاشتراكية، (دمشق: معهد الإعداد الإعلامى، ١٩٧١).

- فرانسوا تشاتل، اوليفر د يهمل، تاريخ الافكار السياسية، ترجمة: أحمد خليل، سلسلة الدراسات التاريخية والايدلوجية (٢)، (بيروت: معهد الاتحاد العربى، ١٩٨٤).
- فرانكلين . ل . باومر، الفكر الأوربى الحديث: القرن التاسع عشر، ترجمة: أحمد حمدى محمود، الالف كتاب الثانى، (٤٨) (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٧).
- فرنسيس بال، وسائل الإعلام والدول النامية، ترجمة: حسين العويدات، (تونس: المنظمة العربية للتربية والعلوم والثقافة، ١٩٨٢).
- فؤاد توفيق العانى، الصحافة الإسلامية ودورها فى الدعوة، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٩٣)
- فؤاد زكريا، نظرية المعرفة، (القاهرة: مكتبة مصر،ب ت).
- فؤاد عبد السلام الفاسى، الإعلام والتحديات المعاصر، الكتاب العربى السعودى (١٢٢)، (تهامة كتهامة للنشر، ١٩٩٤).
- فؤاد مرسى، الرأسمالية تجدد نفسها، سلسلة عالم المعرفة (١٤٧)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، مارس ١٩٩٠).
- كارل بيكر، المدينة الفاضلة عند فلاسفة القرن الثامن عشر، ترجمة: محمد شفيق غربال، ط٢، (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٥٨).
- كارل ماركس، راس المال، ترجمة: راشد البراوى، ط٣، (القاهرة: مكتبة النهضة العربية، ١٩٩٧).
- كارل ماركس، فردريک انجلز، بيان الحزب الشيوعى، (موسكو: دار التقدم، ١٩٦٨).
- كارل يسبرز، نهج الفلسفة، ترجمة: عادل العوا، (القاهرة: دار الفكر العربى، ب ت).
- كافين رايلي، الغرب والعالم، تاريخ الحضارة من خلال موضوعات، ترجمة: عبد الوهاب المسيرى، هدى عبد السميع حجازى، سلسلة عالم المعرفة (٩٧)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، يناير ١٩٨٦).
- كرم شلبى، معجم المصطلحات الإعلامية، (القاهرة: دار الشروق،١٩٨٥).
- الخبر الصحفى وضوابطه الإسلامية، بدون ناشر، ١٩٨٤.
- كرين برنتون، تشكيل العقل الحديث، ترجمة: شوقى جلال، سلسلة عالم المعرفة (٨٢)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، اكتوبر ١٩٨٤).
- كمال صلاح محمد رحيم، السلطة فى الفكرين الإسلامى وماركسى، دراسة مقارنة، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٨٧).
- كوتافين، معلومات أساسية عن الدولة والقانون السوفيتى، (موسكو: دار التقدم، ١٩٨٨).
- اللجنة العامة لدراسة قضايا الإعلام والاتصال فى الوطن العربى، نحو نظام عربى جديد

للإعلام والاتصال، مشروع التقرير النهائى، (تونس: المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، ١٩٨٥).

- لجنة الفكر الإسلامى بالمجلس الأعلى للشئون الإسلامية، الفكر الإسلامى وعطائه للحياة المعاصرة، سلسلة قضايا إسلامية (٩)، (القاهرة: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، ١٤١٦ . ١٩٩٦).
- ل . جون مارتن، انجو جروفرشودرى، نظم الإعلام المقارنة، ترجمة: على درويش، (القاهرة: الدار الدولية للنشر والتوزيع، ١٩٩١).
- لويس هال، الناس والأمم، بحث فى أصول الفلسفة السياسية، ترجمة: محمد فتحى الشنقيطى، (القاهرة : مؤسسة سجل العرب، ب ت).
- لينين، حول الصحافة، ترجمة فخرى كريم، (بيروت: دار الفارابى، ب ت).
- المختارات، (موسكو: دار التقدم، ١٩٦٨).
- ليلى عبد المجيد، الصحافة فى الوطن العربى، (القاهرة: العربى للنشر والتوزيع، ب ت).
- سياسات الاتصال فى العالم الثالث، سلسلة سياسات الاتصال وتشريعاته (١)، (القاهرة: الطباعى العربى للطبع والنشر والتوزيع، ١٩٨٦).
- مالك ابو شهيوة وآخرون الأيدلوجيا والسياسة: دراسات فى الأيدلوجيات المعاصرة، (مصراتة: الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع، ١٩٩٣).
- مايكل ارجايل، سيكولوجية السعادة، ترجمة فيصل عبد القادر، سلسلة عالم المعرفة (١٧٥)، (الكويت المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، يوليو ١٩٩٣).
- مبدرا لويس، فى الحريات العامة، الرقابة على الصحافة فى النظامين الرأسمالى والاشتراكى: دراسة مقارنة، الجزء الرابع، دمشق، بدون ناشر، ١٩٨٥
- مجمع اللغة العربية، المعجم الوجيز، (القاهرة: وزارة التربية والتعليم، ١٤١٣، ١٩٩٢).
- مجموعة باحثين، تطور الفكر السياسى، (طرابلس: المركز العالمى لدراسات وأبحاث الكتاب الأخضر،١٩٩٠).
- محسن عبد الحميد، الإسلام والتنمية الاجتماعية، (جدة: دار المنار للنشر والتوزيع، ب ت).
- ـــ المذهبية الإسلامية والتغيير الحضارى، كتاب الآمة (٦) (قطر: وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، ١٤٠٤، ١٩٨٤).
- محسن فؤاد فراج، جرائم الفكر والرأى والنشر، (القاهرة: دار الغد العربى، ١٩٨٧).
- محفوظ على عزام، نظرية التطور عند مفكرى الإسلام: دراسة مقارنة، (القاهرة: دار الهداية، ١٩٨٦).

- محمد أبو حمدان، طرق الفكر، ب، الاستنباط، سلسلة من الأبحاث (٣)، (بيروت: القاهرة: دار الكتاب اللبنانى، دار الكتاب العربى، ١٩٧٨).
- محمد أحمد المفتى، سامى صالح الوكيل، النظرية السياسية الإسلامية فى حقوق الإنسان، كتاب ألامة، (٢٣)، (قطر: وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، شوال ١٤١٠).
- محمد بن إسماعيل البخارى، صحيح البخارى، (بيروت: دار إحياء التراث العربى، ب ت).
- محمد بن سعود البشر، المسئولية الاجتماعية فى الإعلام النظرية وواقع التطبيق، (الرياض: عالم الكتب، ١٩٩٦).
- محمد توفيق الغلاييني، وسائل الإعلام واثرها فى وحدة الامة، (جدة: دار المنار، ١٩٨٥).
- محمد جلال شرف، مذكرات فى الفلسفة المسيحية، ومشكلة التوفيق بين العقل والنقل، (الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٤).
- محمد خير رمضان يوسف، من خصائص الإعلام الإسلامى،سلسلة دعوة الحق، عدد (٩٧)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامى،١٩٩٠،١٤١٠).
- محمد الدسوقى، دعائم العقيدة فى الإسلام، (طرابلس: منشورات جمعية الدعوة الإسلامية العالمية، ١٩٩٠).
- محمد الرخيلى، وظيفة الدين فى الحياة وحاجة الناس إليه، (طرابلس: منشورات جمعية الدعوة الإسلامية العالمية،١٩٩١).
- محمد سليمان الدجانى، منذر سليمان الدجانى، السياسة: نظريات ومفاهيم، (عمان، اوستن: دار بالمينوبرس، ١٩٨٦).
- محمد سيد محمد، الغزو الثقافى والمجتمع العربى المعاصر، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٩٤).
- المسئولية الإعلامية فى الإسلام، (القاهرة: مكتبة الخانجى، ١٩٨٣).
- اقتصاديات الإعلام، الكتاب الأول، المؤسسة الصحفية، (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٩٠).
- الإعلام والتنمية، ط٣، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٨٥).
- محمد شلبى، مبادئ العلوم السياسية، بدون ناشر، ١٩٩٠.
- محمد شوقى الجرف، الحرية الشخصية وحرمة الحياة الخاصة: دراسة مقارنة بين النظم الوضعية والشريعة الإسلامية، (القاهرة: دار الغد العربى، ١٩٩٣).
- محمد شوقى الفنجرى، جدلية الإسلام، دراسة مقارنة للكشف عن المنهج المعرفى الإسلامى وطبيعة التوازن بين المتناقضات والتغير المستمر (الرياض: دار ثقيف للنشر والتاليف، ١٩٨٩).

- محمد الصادق عفيفى، المجتمع الإسلامى وحقوق الإنسان، سلسلة دعوة الحق (٦٢)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامى، ١٤٠٧، ١٩٨٧).
- الإسلام والعلاقات الدولية، سلسلة دعوة الحق (٣٦)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامى، ١٤٠٥، ١٩٨٤).
- محمد ضياء الدين الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ط٦، (القاهرة: مكتبة دار التراث، ١٩٧٦).
- محمد عبد الله دراز، دستور الاخلاق فى القران، (بيروت، مؤسسة الرسالة، ١٩٧٣).
- الدين: بحوث ممهدة لدراسة تاريخ الأديان، بدون ناشر، ١٩٦٩.
- محمد عبده، الأعمال الكاملة، دراسة وتحقيق، محمد عمارة، ج٢، (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧٢).
- محمد عبد الرؤوف المناوى، فيض القدير، (بيروت: دار المعرفة، ب ت).
- محمد عبد العزيز الحبانى، من الحريات إلى التحرر، سلسلة مكتبة الدراسات الفلسفية، (٢٨)، (القاهرة: دار المعارف ب ت).
- محمد عبد الفضيل القوصى، إفلاس الفكر الماركسى، دراسة نقدية، بدون ناشر، ١٩٨٢).
- محمد عبد القادر أحمد، دور الإعلام فى التنمية، سلسلة دراسات، (بغداد: منشورات وزارة الثقافة والفنون، ١٩٨٢).
- محمد عصفور، أزمة الحريات فى المعسكرين الشرقى والغربى، بدون ناشر، ب ت.
- الحرية فى الفكرين الديمقراطى والاشتراكى، بدون ناشر، ١٩٦١.
- محمد على عزب السماحى، الضمير والإلزام الخلقى بين المذاهب الفكرية والإسلامية، دراسة مقارنة، بدون ناشر، ١٩٨٥.
- محمد على العوينى، الإعلام الخليجى، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٨٤.
- الإعلام الإسلامى الدولى بين النظرية والتطبيق، ط٢، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٨٧).
- محمد على محمد، أصول الاجتماع السياسى، السياسة والمجتمع فى العالم الثالث، الجزء الأول: أسس النظرية والمنهجية، سلسلة علم الاجتماع المعاصر، الكتاب (٣)، (الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ١٩٨٧).
- محمد عمارة، الإسلام وحقوق الإنسان ..ضرورات لا حقوق، سلسلة عالم المعرفة (٨٩)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، مايو ١٩٨٥).
- معالم المنهج الإسلامى، سلسلة المنهجية الإسلامية (٣)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى).

- أزمة الفكر الإسلامى، سلسلة الإسلام دين الحياة، الكتاب الخامس، (القاهرة: دار الشرق الأوسط، ١٩٩٠).
- الدولة الإسلامية بين العلمانية والسلطة الدينية، (القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٨).
- محمد الغزإلى، الإسلام والاستبداد السياسى، ط٣، (القاهرة: دار الكتب الإسلامية، ١٩٨٤).
- محمد فتحى عثمان، دولة الفكرة التى أقامها رسول الله عقب الهجرة: تجربة مبكرة للدولة الايدلوجية فى التاريخ (القاهرة: مكتبة وهبه، ب ت).
- محمد كمال الدين امام، النظرة الإسلامية للإعلام، محاولة منهجية ط٢، (الكويت: دار البحوث العلمية، ١٩٨٣).
- الإنسان والدولة، بدون ناشر، ١٩٨٧.
- محمد المبارك، نظام الإسلام العقائدى فى العصر الحديث، سلسلة رسائل إسلامية المعرفية (٢)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٨٩).
- محمد محمد امزيان، مناهج البحث بين الوضعية والمعيارية سلسلة الرسائل الجامعية، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩٢).
- محمد محمود سفر، الإعلام موقف، الكتاب العربى السعودى (٦٣)، جدة، ١٩٨٢.
- محمد مصالحة، السياسة الإعلامية الإتصالية فى الوطن العربى، (بيروت: دار الشروق ١٩٨٦).
- محمد مصطفى عمير، المؤمنون كما وصفهم القران، (القاهرة: دار التوزيع والنشر الإسلامية، ب ت).
- محمد ممدوح العربى، الأخلاق والسياسة فى الفكر الإسلامى والليبرإلى والماركسى، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٢).
- محمد منير حجاب، مبادئ الإعلام الإسلامى، بدون ناشر، ١٩٨٢.
- نظريات الإعلام الإسلامى، (الإسكندرية: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٢)
- الإعلام والتنمية الشاملة، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ١٩٩٨).
- محمد ياسين عريبى، تأملات فى بناء المجتمع المسلم ط٢، (طرابلس: منشورات جمعية الدعوة الإسلامية العالمية، ١٩٩٠).
- محمد يحي فراج، الفلسفة الحديثة من عصر النهضة إلى عصر التنوير، بدون ناشر، ١٩٩٣.
- محمود زيدان، مناهج البحث الفلسفى، بدون ناشر، بدون تاريخ.
- محمود شلتوت، منهج القران الكريم فى بناء المجتمع، سلسلة دراسات إسلامية (٩)، (القاهرة: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، ربيع الآخر ١٤١٧، سبتمبر ١٩٩٢).

- محمود كرم سليمان، التخطيط الإعلامى فى ضوء الإسلام، (المنصورة: دار الوفاء للطباعة والنشر، ١٩٨٨).
- محمود محمد بابللى، الحرية الاقتصادية فى الإسلام، سلسلة دعوة الحق، (٩٨)، (مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامى، ١٤١٠، ١٩٩٠).
- محمود يوسف مصطفى، حرية الرآى فى الإسلام، (القاهرة: مكتبة غريب، ب ت).
- محى الدين عبد الحليم، الدعوة الإسلامية والإعلام الدولى، (القاهرة: دار الفكر العربى، ب ت).
- مختار التهامى، الصحافة والسلام العالمى، ط٢، (القاهرة: دار المعارف، ب ت).
- الإعلام والتحول الاشتراكى، سلسلة المكتبة الإعلامية، (القاهرة: دار المعارف، ١٩٦٩).
- مراد وهبه، المعجم الفلسفى، ط٣، (القاهرة، دار الثقافة الجديدة، ١٩٧٩).
- مقالات فلسفية وسياسية، (القاهرة: مكتبة النجلو المصرية، ب ت).
- مسلم بن الحجاج، صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقى، ط٢، (القاهرة: دار إحياء الكتب العربية، ب ت).
- مصطفى الخشاب، تاريخ الفلسفة والنظريات السياسية، (القاهرة: لجنة البيان العربى، ١٩٩٣).
- مصطفى الدميرى، الصحافة فى ضوء الإسلام، (مكة المكرمة: مكتبة الطالب الجامعى، ١٩٨٧).
- مصطفى عبد الواحد، المجتمع الإسلامى سلسلة إسلاميات (٩٢)، (القاهرة: المؤسسة العربية الحديثة للطبع والنشر والتوزيع، ب ت).
- مصطفى كامل السيد وآخرون محاضرات فى الاشتراكية، (القاهرة: دار النشر للجامعات المصرية).
- مصطفى كامل السيد، دراسة فى النظرية السياسية، مذكرات لطلبة الفرقة الرابعة بكلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة، ١٩٩٤
- مصطفى محمود، الله، ط٨، (القاهرة: دار المعارف، ب ت).
- مصطفى المصمودى، النظام الإعلامى الجديد، سلسلة عالم المعرفة (٩٤)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، اكتوبر ١٩٨٥).
- معروف الدواليبى، الدولة والسلطة فى الإسلام، (القاهرة: دار الصحو، ب ت).
- ملحم قربان، الحقوق الطبيعية، سلسلة قضايا الفكر السياسى، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٣).
- القانون الطبيعى، سلسلة قضايا الفكر السياسى، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٢).

- القوة، سلسلة قضايا الفكر السياسى، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٣).
- المنهجية والسياسة، سلسلة قضايا الفكر السياسى، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٦).
- موريس فلامان، الليبرالية المعاصرة، ترجمة: تمام الساحلى، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٠).
- مناع القطان، تاريخ التشريع الإسلامى، (القاهرة: مكتبة وهبه، ب ت).
- منير شفيق، الإسلام فى معركة الحضارة، (الكويت: دار العلم، ١٩٨٩).
- الإسلام ومواجهة الدولة الحديثة، (تونس: دار البرق، ١٩٨٨).
- ميخائيل ضوامط، توما الاكوينى، سلسلة قادة الفكر (١) ط٣، (بيروت: دار المشرق ش م م، ١٩٩٢).
- نبيل عارف الجردى، المدخل لعلم الاتصال، ط٣، (العين: مكتبة الإمارات، ١٩٨٤).
- نصار عبد الله، فلسفة العدل الاجتماعى: نماذج عبر العصور، كتاب الهلال (٤٣٤) فبراير ١٩٨٧).
- نصر محمد عارف، نظريات التنمية السياسية، دراسات نقدية مقارنة فى ضوء المنظور الحضارى الإسلامى، سلسلة الرسائل الجامعية (٦)، (فيرجينيا: المعهد العالمى للفكر الإسلامى، ١٩٩٣).
- نصر مهنا، النظرية السياسية والعالم الثالث، (الإسكندرية: المكتب الجامعى الحديث، ١٩٨٧).
- نعيم عطية، فى النظرية العامة للحريات الفردية، (القاهرة: الدار القومية للطباعة والنشر، ١٩٦٥).
- نيقولا ميكافيللى، الامير، ترجمة: خيرى حماد، ط٣، (بيروت: منشورات المكتب التجارى للطباعة والنشر، ١٩٧٠).
- هارولد لاسكى، محنة الديمقراطية، الجزء الأول، سلسلة اخترنا لك (٦٥) بدون تاريخ،
- هربرت شيلر، المتلاعبون بالعقول، ترجمة: عبد السلام رضوان، سلسلة عالم المعرفة (١٠٦)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، ١٩٨٦).
- هـ . ر جريفر، أسس النظرية السياسية، ترجمة عبد الكريم أحمد، الآلف كتاب(٣٦١)، (القاهرة: دار الفكر العربى، ١٩٦١).
- هنتر ميد، الفلسفة: أنواعها ومشكلاتها، ترجمة: فؤاد زكريا، (القاهرة: دار نهضة مصر للطباعة والنشر، ١٩٦٩).
- هنرى ايكن، عصر الايدلوجيا، ترجمة: محى الدين صبحى، (دمشق: منشورات وزارة

الثقافة، ١٩٧١).

- وائل غالى، نهاية الشيوعية –حالية الماركسية، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٤)
- والتر رودنى، أوربا والتخلف فى أفريقيا، ترجمة: أحمد القصير، سلسلة عالم المعرفة (١٣٢)، (الكويت: المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، ديسمبر ٨٨).
- وارن ک. اجى، وآخرون، وسائل الإعلام: صحافة، إذاعة، تليفزيون، ترجمة: ميشيل تكلا، (القاهرة: مكتبة الوعى العربى، ب ت).
- ول. ديورانت، قصة الحضارة، ترجمة: محمد بدران، الجزء الثالث من المجلد الرابع، عصر الايمان (القاهرة: لجنة التاليف والترجمة بجامعة الدول العربية، ١٩٧٥).
- وليام . ل ريفرز واخرون، وسائل الإعلام والمجتمع الحديث، ترجمة: إبراهيم إمام، (القاهرة: دار المعرفة، ١٩٧٥).
- يحي بسيونى مصطفى، عادل الصيرفى، التليفزيون الإسلامى ودورة فى التنمية، (الرياض: عالم الكتب، ١٩٨٥).
- يحي هويدى، مقدمة فى الفلسفة العامة، ط٩، (القاهرة: دار الثقافة للطباعة والنشر، ١٩٧٩).
- يورى بوبوف، دراسات فى الاقتصاد السياسى، (موسكو: دار التقدم، ١٩٨٥).
- يوسف محمد قاسم، ضوابط الإعلام فى الشريعة الإسلامية وأنظمة المملكة العربية السعودية، (الرياض: عمارة شئون المكتبات بجامعة الرياض، ١٩٧٩).
- يوسف مرزوق، مدخل فى علم الاتصال، ط٣، (القاهرة: عالم الكتب، ١٩٩٥).

- دووەم: نامە ئەکادیمییەکان

- السيد بخيت، قيم الأخبار فى الصحافة المصرية فى إطار السياسات التنموية: دراسة تطبقيه فى الصحافة القومية والحزبية خلال الفترة كمن ١٩٨٧ إلى ١٩٩٠، رسالة دكتوراه، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٩٦).
- أمانى محمد قنديل، نظام الاتصال وعملية التنمية السياسية فى الدول النامية، رسالة ماجستير، (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٨٠).
- إنصاف اكرم مندورة، أزمة الثقافة فى المجتمع الإسلامى المعاصر ودور التربية فى حلها، رسالة ماجستير، (مكة المكرمة: كلية التربية بجامعة أم القرى، ١٤٠٦).
- ايمن النبوى غبور، النظريات الوضعية لعلوم الاتصال الجماهيرى والمجتمع الإسلامى المعاصر: دراسة وتطبيق على كل من مصر والسعودية من الفترة ١٩٧٥ إلى ١٩٩٢، رسالة دكتوراه، (جامعة الزقازيق: كلية الآداب، ١٩٩٦).

- جيهان المكاوى، النظرية الإنسانية لحرية الصحافة، رسالة دكتوراه، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٧٩).
- حامد عبد الماجد، الوظيفة العقيديه للدولة الإسلامية، رسالة ماجستير، (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٨٩).
- حسام الدين محمد ابو العلا، المسئولية الاجتماعية للصحافة المصرية، دراسة مقارنة للمضمون والقائم بالاتصال فى الصحيفة القومية والحزبية فى الفترة من ١٩٩١ إلى ١٩٩٤، رسالة ماجستير، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٩٦).
- حماد إبراهيم، الصحافة والسلطة السياسية فى الوطن العربى: دراسة حاله لمشكلة العلاقة بين الصحافة والسلطة السياسية وتأثيراتها على السياسة التحريرية فى الصحافة المصرية من ١٩٦٠ إلى ١٩٨١، رسالة دكتوراه، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٩٤).
- حمدى عبد الرحمن حسن، الأيدلوجيا والتنمية فى أفريقيا: دراسة مقارنة لتجربتى كينيا وتنزانيا، رسالة ماجستير، (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية،).
- رجاء على العزبى، حرية الإعلام فى القرن العشرين، رسالة دكتوراه، (جامعة القاهرة: كلية الاداب، ١٩٧٠).
- سعيد عبده نجيده، حرية الصحافة فى مصر بين النظرية والتطبيق منذ ظهور دستور ١٩٢٣ حتى مارس ١٩٥٤، رسالة دكتوراه، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، ١٩٩١).
- سيد محمد يوسف منصور، العقل ومكانة فى القران الكريم، رسالة ماجستير، (جامعة الأزهر: كلية أصول الدين بالقاهرة، ١٤٠٥ – ١٩٨٤).
- سيف الدين عبد الفتاح، التجديد السياسى والخبرة الإسلامية: نظرة فى الواقع العربى المعاصر، رسالة دكتوراه، (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٨٧).
- عبد الفتاح محمد عبد الكريم عزب، منهج القران الكريم فى تحرير العقل والفكر الإنسانى، رسالة ماجستير، (جامعة الازهر: كلية أصول الدين بالقاهرة، ١٩٧٨).
- عزة عبد العزيز، المسئولية الاجتماعية للصحافة المصرية: دراسة تحليلية لوظائف الصحافة مع التطبيق على صحيفتى الاهرام والأهالى خلال الفترة من ١٩٧٨ إلى ١٩٨٧، رسالة ماجستير، (جامعة اسيوط: كلية الاداب بسوهاج، ١٩٩٢).
- محمد إبراهيم الشافعى، المسئولية والجزاء فى القران الكريم، رسالة دكتوراه، (جامعة الأزهر: كلية أصول الدين بالقاهرة).
- محمد أحمد البادى، مشكلة الاحتكار الصحفى فى المجتمع الراسمإلى، رسالة ماجستير، (جامعة القاهرة: كلية الآداب، ١٩٦٨).

- محمد بن عبد العزيز السديس، اثر العلمانية فى التربية والتعليم فى العالم الإسلامى رسالة ماجستير، (مكة المكرمة: كلية التربية بجامعة ام القرى، ١٤٠٠- ١٩٨٠).
- محمود أحمد عبد الغنى، دور الاتصال الشخصى فى التنمية الاجتماعية فى المجتمع المحلى، دراسة ميدانية على إحدى قرى محافظة سوهاج، رسالة ماجستير، (جامعة أسيوط: كلية الآداب بسوهاج، ١٩٨٥).
- دور الصحافة المصرية فى تنمية المجتمع: دراسة تحليلية للصحف اليومية المصرية فى الفترة من ١٩٨٢/١/١ إلى ١٩٨٨/١٢/٣١، مع دراسة ميدانية على عينه من شباب سوهاج، رسالة دكتوراه، (جامعة أسيوط: كلية الآداب بسوهاج، ١٩٩٠).
- ناهد عمروس، المؤسسية فى النظام السياسى الإسلامى، رسالة ماجستير، (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، ١٩٩٣).
- نيفين عبد الخالق، المعارضة فى الفكر السياسى الإسلامى، رسالة دكتوراه، (جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية،١٩٨٣).

- سيّيهم: خولاو

- إبراهيم بسيونى حمادة، العلاقة بين الإعلاميين و السياسيين فى الوطن العربى، مجلة عالم الفكر، العدادان الأول والثانى، يوليو، سبتمبر، ديسمبر، اكتوبر ١٩٩٤.
- إبراهيم الداقومى، الإعلام والتنمية الحضارية فى الوطن العربى، مجلة التوثيق الإعلامى، السنة الخامسة العدد (١) ١٩٨٦.
- إبراهيم سعد الدين عبد الله، دور الدولة فى النشاط الاقتصادى فى الوطن العربى: قضايا عامة ونظر مستقبلية، مجلة المستقبل العربى، عدد (٩) (بيروت: مركز دراسات الوحدة، ١٩٨٩).
- أحمد رشاد موسى، الأسس النظرية للفلسفة الماركسية: دراسة نقدية، مجلة القانون الاقتصادى، العدد الرابع، السنه الثالثة والأربعون، ١٩٧٣).
- أسامة أمين الخولى، نحو نظام عالمى جديد، مجلة العربى، العدد (٣٠٧) يونيو ١٩٨٤.
- إسماعيل صبرى عبد الله، العالم وخيارات المستقبل، مجلة العربى، العدد (٤٠٥) أغسطس ١٩٩٢.
- السيد أحمد المخزنجى، دعامات إسلامية لحقوق الانسان، مجلة الأزهر، الجزء الثامن، السنة السبعون، شعبان ١٤١٨، ديسمبر ١٩٩٧.
- امام عبد الفتاح، مسيرة الديمقراطية، رؤية فلسفية، مجلة عالم الفكر، المجلد الثانى والعشرون، العدد الثانى اكتوبر، نوفمبر، ديسمبر، ١٩٩٣.

- بشير البكرى، نحو نظام عالمى ثقافى جديد، جريدة الاهرام، عدد ١٩٩٦/٨/٣.
- جعفر شيخ إدريس، الأسس الفلسفية للمذهب المادى، مجلة المسلم المعاصر، عدد (٨) شوال، ذو القعدة، ذو الحجة ١٣٩٦ أكتوبر، نوفمبر، ديسمبر ١٩٧٦.
- جعفر العلوى، الإعلام فى العالم الإسلامى والبحث عن الذات والهوية المهدرة، جريدة المسلمون، عدد ٤٢٥،٤ شوال ١٤١٣، ٢٦ مارس ١٩٩٣.
- حازم الببلاوى، الليبرالية بين الحيوية والعجز، مجلة العربى، العدد ٤٠٥ اغسطس ١٩٩٢
- حسن على محمد، الإعلام الإسلامى، هدية، مجلة الأزهر، عدد شعبان ١٤١٨.
- حسن عماد مكاوى، نظرية المسئولية الاجتماعية وممارسة العمل الإخبارى، مجلة بحوث الإتصال، العدد التاسع، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام، يوليو ١٩٩٣).
- خالد اسحق، الرؤية الإسلامية للنشاط الاقتصادى، مجلة المسلم المعاصر، عدد (٢٣). رمضان، شوال، ذو القعدة ١٤٠٠، يوليو، أغسطس، سبتمبر ١٩٨٠.
- ذكى نجيب محمود، عين فتحة ...عا، جريدة الاهرام عدد ١٩٨٤/١٢/١٧.
- رفيق بوشلاكة، مازق الحداثة: الخطاب الفلسفى لما بعد الحداثة، مجلة إسلامية العرفة، السنة الثانية، العدد السادس، ربيع الاخر ١٤١٧، سبتمبر ١٩٩٦.
- زكريا إبراهيم، الطبيعة الإنسانية فى فلسفة كارل ماركس، مجلة عالم الفكر، المجلد الثانى،، العدد الاول، ابريل، مايو، يونيو، ١٩٧١.
- سجاد الغازى، حرية الراى والصحافة فى الوطن العربى، مجلة الدراسات الإعلامية، عدد(٨٥) يناير، مارس ١٩٩٠.
- سعيد محمود عرفة، الإعلام الإسلامى فى ضوء نظرية النظم، مجلة المسلم المعاصر، العدد العاشر، ربيع ثانى، جماد الاول، جماد الثانى، ١٣٩٧ ابريل، مايو، يونيو، ١٩٧٧.
- سليمان صالح، الإعلام الدولى وسيطرة الشركات متعددة الجنسية، مجلة الدراسات الإعلامية عدد (٦٧) ابريل، يونيو ١٩٩٢.
- ظاهرة التحيز فى وسائل الإعلام الغربية، دراسة تطبقية على الصحافة البريطانية، مجلة الدراسات الإعلامية العدد (٧٥) ابريل يونيو ١٩٩٤.
- طه جابر العلوانى، العقل وموقعة فى المنهجية الإسلامية، مجلة إسلامية المعرفة، السنة الثانية العدد (٦) ربيع الاخر ١٤١٧، سبتمبر ١٩٩٦.
- عاطف أحمد، سوسيولوجيا المعرفة: الماهية والمنهج مجلة العلوم الاجتماعية، عدد (٤) السنة الرابعة، (الكويت: جامعة الكويت، ١٩٧٧).
- عبد الحميد أبو سليمان، معارف الوحى، المنهجية والأداء، مجلة إسلامية المعرفة، السنة

الأولى العدد الثالث رمضان ١٤١٦، يناير ١٩٩٦.
- عبد العزيز شرف، وسائل الإعلام والغزو الفكرى، مجلة الحضارة عدد (١٦) اغسطس ١٩٨٤.
- عبد العزيز عزت، الاستعمار والتبشير والاستشراق، مجلة الحضارة، نفس العدد السابق.
- عبد المجيد فراج، أكذوبة الحكومات الوطنية بعد جلاء الاستعمار : كى لا تكون التنمية فى واد والديمقراطية فى واد آخر، جريدة الشعب، عدد ١٩٨٤/٧/٥.
- عبد الوهاب المسيرى، المادية وموت الانسان، مجلة المسلم المعاصر، عدد (٧٩) السنة العشرون، رجب، شعبان، رمضان ١٤١٦، فبراير، مارس، ابريل ١٩٩٦.
- الإبادة والتفكيك كإمكانية فى الحضارة الحديثة، جريدة الشعب، عدد ١٩٩٧/٢/١٤.
- تحول الإمكانية الأبدية إلى حقيقة تاريخية، جريدة الشعب، عدد ١٩٩٧/٤/٤.
- العلمانية الجزئية والعلمانية الشاملة، جريدة الشعب، عدد ١٩٩٦/٦/٢٦.
- عثمان يسن الرواف، مدرستا التنمية والتبعية، أوجه التباين بين الطرح النظرى والواقع التطبيقى، مجلة العلوم الاجتماعية، المجلد ١٧ العدد الثانى (الكويت: جامعة الكويت، صيف ١٩٨٩).
- عزت قرنى، إشكالية الحرية، مجلة عالم الفكر، المجلد الثانى والعشرون، العدد الثانى، اكتوبر، نوفمبر، ديسمبر، ١٩٩٣.
- عواطف عبد الرحمن، الحق فى الاتصال بين الجمهور والقائمين بالاتصال، مجلة عالم الفكر، العددان الاول والثانى، يوليو، أغسطس، سبتمبر، أكتوبر، ديسمبر، ١٩٩٤.
- فاروق ابو زيد، التحديات الإعلامية العربية، مقارنة بين عقدين الخمسينات والثمانينات، مجلة المستقبل العربى، العدد (١٢٨)، ١٩٨٩.
- فهمى هويدى، العنف ليس إسلاميا، جريدة الاهرام ١٩٨٧/٥/٢٦.
- المؤسسات الدينية والرقابة على النشر، مجلة المسلم المعاصر، العدد (٧٧) محرم، صفر، ربيع أول، ١٤١٦، أغسطس، سبتمبر، أكتوبر ١٩٩٥.
- لطفى الخولى، اجتهادات، الأهرام عدد ١٩٩٧/١٠/٢٣.
- ليلى عبد المجيد، السياسات الاتصالية والإعلامية واثرها فى الثقافة والتربية، مجلة عالم الفكر، المجلد الثالث والعشرون العددان الاول والثانى، يوليو، سبتمبر، اكتوبر، ديسمبر ١٩٩٤.
- محمد إبراهيم الفيومى، الإسلام وإشكالية الفكر الحضارى، مجلة العربى عدد ٣٥٧، اغسطس ١٩٨٨.
- رفض العلمانية ليس معناه رفض العلم، جريدة الاخبار، عدد ٩٥/٣/١٧.

- محمد الادريس، الإعلام الذى نريده، مفهوما وفلسفة ودورا ومعاييرا، مجلة الإعلام العربى، العدد (٢)السنة الثالثة، ديسمبر ١٩٨٣.
- محمد الأسعد، سقوط المورثات، مجلة العربى، العدد (٤٢٩) اغسطس ١٩٩٤.
- محمد جابر الأنصارى، قرننا المرتحل بين البداية والنهاية، نظرة طائر على قضايا الفكر، مجلة العربى، عدد (٤٤٦) يناير ١٩٩٦.
- محمد الرميحى، نمور شرسة من الورق تبدأ حرب الفضاء: صناعة الصحافة بين وهم الديمقراطية واحتكار السلطة، مجلة العربى، عدد (٤١٩) أكتوبر ١٩٩٣.
- محمد سيد محمد، ليست التبعية هى النظرية الإعلامية للوطن العربى، مجلة شئون عربية، عدد٣٨، يونيو ١٩٨٤.
- محمد عمارة، إسلامية المعرفة، البديل الفكرى للمعرفة المادية، مجلة المسلم المعاصر، عدد (٦٣)، السنة السادسة عشر، رجب، شعبان، رمضان، ١٤١٢، فبراير، مارس، أبريل، ١٩٩٢
- الخصوصية الإسلامية الاستخلاف فى الثروات والأموال، مجلة الهلال، عدد يناير ١٩٩٦.
- محمد الغزإلى، الحق المر، جريدة المسلمون، عدد ٤٤٧، ١٠ ربيع الاول ١٤١٤، ١٧ اغسطس ١٩٩٣.
- محمد مصالحة، تنمية الإعلام كشرط للتنمية الشاملة، مجلة شئون عربية، عدد(٣٨) يونيو ١٩٨٤.
- محمد منير حجاب، الإنسان بين نظريات الإعلام المعاصر و النظرية الإسلامية فى الإعلام، مجلة كلية اللغة العربية بجامعة الامام محمد بن سعود إلإسلامية، العددان ١٤٠٤،١٤٠٣،١٤،١٣.
- نجيب الصرايرة، الهيمنة الاتصاليه: المفهوم والمظاهر، مجلة العلوم الاجتماعية، العدد (٢١). (الكويت جامعة الكويت، صيف ١٩٩٠.
- يوسف القرضاوى، الدولة التى يبنيها الإسلام، الحلقة الثانية: دولة شورية الاكروية، جريدة الشعب، عدد ١٩٩٥/٥/٥.
- الدولة التى يبنيها الإسلام، الحلقة الرابعة، دولة الحقوق والحريات، جريدة الشعب، عدد ١٩٩٥/٥/٢٦.

- چوارەم: کۆربەند و کۆنفرانسەکان

- حمدى حسن، نظريات الاتصال واستراتيجيات البحث فى الدراسة الإعلامية، ورقة مقدمة، للحلقة النقاشية الثانية لمشكلات المنهج التى عقدت بكلية الإعلام، جامعة القاهرة،فى الفترة من ١٣ إلى ١٦ مايو ١٩٩٦.
- عادل حسين، النظريات الاجتماعية قاصرة ومعادية، فى ندوة إشكالية العلوم الاجتماعية فى الوطن العربى، المركز القومى للبحوث الاجتماعية، ١٩٨٤.
- على أحمد مدكور، مفهوم المنهاج التربوى فى التصور الإسلامى، ورقة مقدمة إلى، مؤتمر نحو بناء نظرية تربوية إسلامية، المنعقد فى عمان، الأردن، فى الفترة من٢ إلى ٥ محرم ١٤١١ هـ.
- عواطف عبد الرحمن، الصحافة المصرية المعاصرة، أداة تغير أم آلية استقرار فى اطار النظام السياسى لثورة يوليو، ورقة مقدمة إلى، المؤتمر الاول للبحوث السياسية فى مصر، الذى نظمه مركز البحوث والدراسات السياسية بكلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة، فى الفترة من ٥ إلى ٩ ديسمبر ١٩٨٧.
- بحوث الصحافة والإعلام بين العالمية والخصوصية: رؤية نقدية، ورقة بحث قدمت إلى، الحلقة النقاشية لمشكلات المنهج فى بحوث الصحافة والإعلام المنعقدة فى كلية الإعلام جامعة القاهرة، مايو ١٩٩٦.
- محمد محمد امزيان، تلازم الموضوعية والمعيارية فى الميثودولوجيا الإسلامية، فى ندوة، الإسلام و مناهج العلوم التى عقدها المعهد العالمى لفكر الإسلامى بالاشتراك مع جامعة قسطنطينية بالجزائر من ١٦ إلى ٨ سبتمبر ١٩٨٩.
- محمد منير حجاب، ضوابط الممارسة الإعلامية للقائم بالاتصال فى الإعلام الإسلامى، فى ندوة الإعلام الإسلامى بين تحديات الواقع وطموحات المستقبل الذى عقدت بمركز صالح عبد الله كامل بجامعة الأزهر فى الفترة من ٣ إلى ٥ مايو ١٩٩٢.
- محى الدين عبد العليم، الإعلام الإسلامى: الأصول، القواعد، الأهداف، فى نفس الندوة السابقة.
- مجدى محمد إبراهيم شفيق، مصادر المعرفة عند المسلمين: الأصل، الذات، الواقع، فى ندوة العالم الإسلامى والتحدى الحضارى بجامعة عين شمس فى الفترة من ١٥ إلى ١٧ جمادى الاولى ١٤١٧، ٢٨ إلى ٣٠ سبتمبر ١٩٩٦.
- مصطفى هدارة، المجتمعات الإسلامية فى مواجهة التغريب، فى نفس الندوة السابقة.

سەرچاوە بیانییەکان

یەکەم: کتێب

- Abel. D.C, Theories of Human Nature: Classical and Contemporary (New York: McGraw – Hill, Inc, 1992).
- Agee: W.K, P.H Ault and E Emery, Introduction to Mass Communication 6th edition (New Delhi, Oxford &1 B H Publishing Co. 1979).
- Altschull .J .H, Agents of Power in Human Affairs, (New York: London: Longman, 1984).
- Anderson .K .E, Introduction to Communication: Theory and Practice, (California: Cummings Publishing Co., 1972).
- Barbrook. R, Media Freedom: The Contradiction of communication in the Age of Modernity, (London: Pluto Press, 1995).
- Beker. S. L, Discovering Mass Communication. 2nd Edition, (London: Scott foreman and Company, 1987).
- Bellamy. R, Liberalism and Modern Society, (London: Polity Press, 1992).
- Bowle. J, Western Political thought 5th Edition, (London: Jonathan Gape Thirty Bed Ford Square, 1988).
- Chafee. Z. Government and Mass Communication, A Report From the Commission on Freedom of the Press Vol.1, (Chicago: The University of Chicago Press, 1947).
- Christian. C.G etal. (eds.). Media Ethics: Cases and Reasoning 2nd Edition (New York: Longman, 1987).
- Commission on freedom of the press, A free and responsible Press (Chicago: University of Chicago 1947).
- Compaine. B. M, Who Owens the Media? The Concentration of Ownership in Mass Communication Industry, (New York: Harmony Books, 1979).
- Curran. J and J. Seation. (eds.), Power With Out Responsibility: The press and Broadcasting in Britain, (London: Methuen, 1985)
- Curran .J, etal., (eds.) Mass Communication and Society, (New York: Edward Arnold 1977).
- Defleur. M .L and S.B. Rokeach Theories of Mass Communication 4th edition (New York: Longman, 1982).

- Dennis. E. E and J.G. Merill, Basic Issues in Mass Communication: A Debate, (New York: Macmillan Publishing Co., 1984).
- Elliot. D (ed.) Responsibility Journalism (London: Sage Publisher, 1986).
- Elliot. W. E and, N.A. McDonald Western Political Heritage (Englewood: Cliffis, N.J Prentice-Hall,Inc, 1963).
- Fisher. H. D and J.C Merrill (eds.) International Intercultural Communication (New York: Hasting House, 1978).
- Forcey. C. The Crossroad of Liberalism, (New York: Oxford University, Press, 1961).
- Francios. W. E, Mass Media Law and Regulation, 3rd edition, (Columbus, Ohaio: Grid Publishing, inc., 1982).
- Fromm, E., Marx's Concept of Man, 20th Printing (New York: Fredrick Ungar Publishing Co., 1974).
- Gastil. R. D., Freedom in The World Political and Civil Liberties, 1988-1989 (New York: Freedom House, 1989).
- Galston. W., Liberal Purpose (London: Cambridge University, Press, 1991).
- Hachten. W., The World News Prism, (Ames: Lowa State University Press, 1981).
- Harmon .M. J., Political Thought: from plato to the present (New York: Mc Geaw & Hill Book Co., 1964).
- Hardt. H., Social Theories of the Press (Beverly Hills: Sage Publications, 1979).
- Hiebert. R. E and C. Reuss, Impact of Mass Media (New York: Longman, Inc., 1988).
- Hobbes. T., Leviathan (New York: E. P. Dutton and Co. 1950).
- Hocking. W. E., Freedom of the Press: A Frame work of Principle (Chicago: University of Chicago Press, 1947).
- Holsinger. R. L., Media Law (New York: Random-Hall, Inc. 1976).
- Jwale. J., Journalism and Government (London: Macmillan, 1972).
- Lerner. D., the Passing of the Traditional Society: Modernizing the Middle East (New York: The Free Press, 1958).
- Lenner. D., and W. Schramm Communication and Developing Countries 3rd edition (Honolulu: University of Hawaii Press, 1972).
- Marritain. J., Scholasticism and Politics, Translated and edited by: M.J. Adler (London: Geoffrey Bols 1940).

- Mattelart. A., Multinational Corporations and Control of Culture (New Jersey: Humanities Press, 1979).
- McQuail. D., Mass Communication Theory (London: Sage Publication, 1983).
- Merill. J. C., Global Journalism: Survey of the World's Mass Media (New York: Longman, 1983).
- Merril. J and R. L Lowenslein, Media, Messages and Men (New York: Longman, 1979).
- Mickiewicz, E. P., Media and the Russian Public (New York: Praeger Publishers, 1981).
- Mills. C. W., The Marxists (London: Dell Publishing Co. Inc.).
- Milton. J., Areopagitica, Edited by: George. H. Sbine (New York Applenton-Century Crofts, 1951).
- Mytton. C., Mass Communication in Africa, Social Sciences Series (London: Kings College 1983).
- Ocas. M., The African Press (Cairo: The American University, in Cairo Press, 1986).
- Picard. R. G, The Press and Decline of Democracy (Westport, Conn. Green Press, 1985).
- Pye. L Communication and Political Development (Princeton N. J: Princeton University, Press, 1963).
- Rao Y. U., Communication and Development: A Study of two Indians Villages (Minneopolis: University, of Minnesota Press, 1966).
- Rivers. W. L. The Mass Media, 2nd edition (New York: Harper & Row Publishers, 1981).
- Rivers. W. L and W. Schramm, Responsibility in Mass Communication (New York: Harper & Row Publishers, 1976).
- Rogerss. E. M and W. Schramm Communication and Innovation (New York: Macmillan, 1969).
- Sandman. P. M., etal, (eds.), Media: An Introductory Analysis of American Mass Communication 3rd edition, (New Jersey: Prentice Hall, Inc., 1982).
- Schramm. W., Mass Media And National Development, (Stanford:
- Shiller. H. I, Mass Communication and American Empire, (New York: Kely, 1969).

- Communication and Culture Domination, (New York: M.E Sharpe, 1969).
- Siebert. F. S, T. Peterson and W. Schramm, For Theories of The Press, (Urbana: University, of Illinois Press, 1956).
- Stevenson. R. L., Communication Development and the Third World: The Global Politics of Information, (New York: Longman, 1988).
- Teheranian M., etal, (eds.,) Communication Policy for National Development: A Comparative Perspective, (London: Routtledge & Kegan Paul,19
- Tucker R. C., Philosophy and Myth in Karl Marks, (London: The University, of Cambridge Press, 1961).
- (ed.) The Marx-Engls Reader 2nd edition, (New York: W. W. Norlon & Company 1978).

دووەم: خولاو

- Arafa. M., "Press in Developing Countries An absent Social Force or Silent Wathchdog?: An Conceptual Framework", in Communication Research, Issue No. 5, (Cairo University: Faculty of Mass Communication 1991).
- Jensen. J. W "Toward a Solution of The Problem of Freedom of The Press" Journalism quarterly 27, (fall: 1950).
- Karni. A. A "Toward a General Theory of Mass Communication: A Preliminary Discussion" Communication Research, Issue No. 4 (Cairo University: Faculty of Mass Communication, Jan.1991).
- Nordensteng. N and T. Vavis, "Television Traffic: A one way streets", A Reports and papers on Mass Communication No. 20 (Paris: UNESCO Press, 1974).
- Reporters San Frontiers, Report Freedom of Press throughout the World (London, Paris: Jon Libby, 1994).

سێیەم: فەرهەنگ

- Edwin. R. A, Seliman (ed.) Encyclopedia of Social Sciences (New York: Macmillan, 1935).
- The New Encyclopedia Britannica Volume 6 (London: William Benton, Publishers 1973).

نووسەر لە چەند دێڕێکدا

مەحمود یوسف محەمەد ئەلسەماسیری

- ناوی «مەحمود یوسف محەمەد ئەلسەماسیری»یە.
- لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩یە، لە پارێزگای قەننا لە کۆماری میسڕی عەرەبی.
- مامۆستای ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سوهاج لە میسڕ.
- بە خواستن لە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی یەرموک لە ئوردن کار دەکات.
- بڕوانامەی لیسانسی ڕۆژنامەگەریی لە ساڵی ١٩٩١ لە کۆلێژی ئاداب لە سوهاج – زانکۆی ئەسیوت- بە پلەی زۆر باشە بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی ماستەری لە ڕاگەیاندن لە ساڵی ١٩٩٩ لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئاداب لە سوهاج بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی دکتۆرای لە ڕاگەیاندندا لە ساڵی ٢٠٠٦ لە میسڕ بەدەست هێناوە.
- پلەی پڕۆفیسۆری یاریدەدەری لە ساڵی ٢٠٠٩ لە زانکۆی یەرموک/کۆلێژی ڕاگەیاندن بەدەست هێناوە.
- سەرۆکی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕیکلام بووە لە ساڵانی (٢٠١٥-٢٠١٦).
- ئەمینداری گشتیی «المجمع الدولي لإعادة بناء الفكر الإسلامي» بووە لە قاهیرە.
- جێگری سەرۆکی «الهيئة الاستشارية للمنظمة العربية للعلاقات العامة والدبلوماسية الشعبية» بووە.
- ڕاهێنەری باوەڕپێکراو بووە لە وەزارەتی خوێندنی باڵای میسڕ لە پرۆژەی پێگەیاندنی تواناکانی دەستەی وانەوتنەوە.
- خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەی ئەکادیمی و وتارە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە میسڕی و عەرەبییەکاندا.
- سەرپەرشتیی پتر لە ٢٠ نامەی ماستەری لە میسڕ و ئوردن کردووە.

وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا

دانا عەلی سالّح عەلی بەرزنجی

- لەدایکبووی ناحیەی «بەرزنجە»ی پارێزگای سلێمانییە، سالّی ١٩٨٠.
- تا پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی لە پارێزگای سلێمانی تەواو کردووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە ڕامیارییەکان لە «زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی یاسا و ڕامیاری» لە سالّی (٢٠٠١-٢٠٠٢)، بە پلەی یەکەم، بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی ماستەری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە «زانکۆی ئەننەهرەین/کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان» لە بەغداد لە سالّی ٢٠٠٦، بە پلەی یەکەم، بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە ڕامیارییەکان لە «زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی یاسا و ڕامیاری» لە سالّی ٢٠١١ بەدەست هێناوە.
- لە سالّی ٢٠١٥ پلەی زانستیی «پڕۆفیسۆری یاریدەدەر»ی لە «زانکۆی سلێمانی» لە زانستە ڕامیارییەکاندا وەرگرتووە.
- لە سالّی ٢٠٢١ پلەی زانستیی «پڕۆفیسۆر»ی لە «زانکۆی سلێمانی» لە زانستە ڕامیارییەکاندا وەرگرتووە.
- ڕاهێنەری پسپۆڕی باوەڕپێکراوە (PCT) لە سەنتەری جی‌هانی کەنەدی.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری «سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری»یە.
- چەندین خولی ڕاهێنانی لە بوارەکانی پەرەپێدانی مرۆییدا لە زانکۆی سلێمانی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێشکەش کردووە، لەوانە: خولی پلانی ستراتیژیی دامەزراوە، خولی پلانی ستراتیژیی تاکەکەسی، خولی ناسینی جۆرەکانی کەسێتی و خولی زمانی جەستە.
- بەشداریی دەیان کۆنگرە و کۆنفرانس و دیداری ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی کردووە.
- خاوەنی چەند کتێبێکە (نووسین و وەرگێڕان)، هەروەها چەندین توێژینەوەی زانستیی لە گۆڤارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و چەندین وتار و بابەتی ئەکادیمیی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان بڵاو کردووەتەوە.

پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ك.١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کاربۆئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

. فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەڕێناو تەئسیڵکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕووبەڕووبونەوەیان، هەروەها لەڕێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الکلیات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

. گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

. چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێك دەگرێتەبەرلەوانەش:

. بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

. هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

. ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەڕێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە. هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان ووڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کاروچالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەك زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

سەنتەری ژەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە تۆژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بواری جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

بوارەکانی کارکردن:

-نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.

-وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.

- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینارلە لایەن خاوەن بیروئەکادیمیانەوە.

-خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆیەوە.

-هاوکاریکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.

ئەمڕۆ ڕاگەیاندن پانتاییەکی گەورەی لە ژیانی تاك و کۆمەڵگەکاندا داگیر کردووە؛ هەر چەندە پێویستە ڕاگەیاندن دیدی ڕوون و فەلسەفەی تایبەت بە خۆی هەبێت و مەبەستی باڵا و ستراتیژیی تۆکمە لەپشت هەنگاوەکانیەوە بن، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و پێداچوونەوە و مشتومڕە، ئەوەیە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هێندەی خزمەتکاری ئەجێندای تایبەتن و هەوڵی تێرکردنی خواست و سەرگەرمی و حەزە چێژگەرا و کاتییەکان دەدەن، هێندە کار لەسەر پلانێك ناکەن کە خزمەت بە مرۆڤ و ژینگەکەی و خواست و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و پەروەردەییەکانی... بکات، ئەمەش یان دەرئەنجامی وردنەبوونەوەیە لە فەلسەفە و پەیام و ئەرك و گرنگیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، یاخود مەبەستێکی تایبەتیی پووچ و بێئەرزشی لە پشتەوەیە، کە دواجار ناتوانێت خزمەت بە بەها باڵا مرۆییەکان بکات. لە هەردوو بارەکەشدا ئەو ئامرازانە ناتوانن هەوڵەکانیان بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ چڕ بکەنەوە، بەڵکو دەبنە بڵندگۆی دروستکردنی پووچێتی و هیچگەرایی و هەڵپەکردنی مرۆڤ بۆ چێژ و حەزە کاتییەکانی و فەرامۆشکردنی بەها باڵاکان و کرۆکی ئەرکی مرۆڤبوون، دواجار هەموو ئەمانەش دەڕژێنەوە خزمەتی چینێکی باڵای کۆمەڵگە و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ڕاگەیاندن و ئابووری و ئەجێندای سیاسییە هەلپەرست و کورسیخواز و پۆپۆلیستەکان.

نووسەر لەم کتێبەدا بە شێوازێکی ورد و بابەتییانە شیکاری فەلسەفە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن دەکات و بە دیدێکی ڕەخنەییانە بە هەوڵەکانی بیرمەند و فەیلەسووف و پسپۆڕان لەو بارەیەوە ئاشنامان دەکات و بە تێزەکانی فەلسەفەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بەراوردیان دەکات و لەو ڕووەوە هەوڵی داڕشتنی بناغەیەکی باش دەدات.